الْوَجِيزُ

فِي فِقْهِ السُّنَّةِ وَالْكِتَابِ الْعَزِيزِ

بـەزمـانـی کـوردی

پوختەی فیقهی شەریعەت

نووسینی
د. عبدالعظیم بن بدوی

وەرگێڕانی
ملا محموودی گەلاڵەیی

١٤٣٤ك

٢٠١٣ز

بسم الله الرحمن الرحيم

****

- ناوی کتێب: الْوَجيزُ فِي فِقْهِ السُّنَّةِ وَالكِتَابِ الْعَزِيزِ
- نووسینی: محمود أحمد محمد
- چاپی: یەکەم
- تیراژ: ٢٠٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٢٥٠)ی ساڵی (٢٠١٣ز)ی پێدراوە.
- کۆمپیوتەرو دیزاین: (نیان حسین)

- لەسەر ئەرکی کتێبخانەی ئارام لەسلێمانی چاپکراوە، مافی چاپکردنەوەی بۆ کتێبخانەی ناوبراوە.

الرموز المستخدمة في التخريج

صحيح البخارى (فتح الباري)......خ	مصف ابن أبي شيبة...... ش
صحيح الإمام مسلم...... م	مسند البزار...... بز
سنن الترمذي...... ت	الطبراني في الأوسط...... طس
سنن النسائي...... ن	الطبراني في الصغير...... طص
سنن ابن ماجه...... جه	مختصر صحيح البخاري...... مختصر خ
سنن أبي داود (عون المعبود)...... د	مختصر صحيح مسلم...... مختصر م
موطأ الإمام مالك...... ط	صحيح سنن الترمذي...... ص.ت
الشافعي (الأم)...... فع	صحيح سنن النسائي...... ص.ن
أحمد (الفتح الرباني)...... حم	صحيح سنن ابن ماجه...... ص.جه
البيهقي...... هق	صحيح سنن أبي داود...... ص.د
الدارقطني...... قط	صحيح الجامع الصغير...... ص.ج
صحيح ابن حبان...... حب	إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل.............................. الإرواء
صحيح ابن خزيمة...... خز	أحكام الجنائز...... الجنائز
مستدرك الحاكم...... ك	آداب الزفاف...... الزفاف
سنن الدارمي...... مي	صفة صلاة النبي ﷺ...... صفة الصلاة
الطبراني في الكبير...... طب	تمام المنة في التعليق على فقه السنة.... تمام المنة

* * *

بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

شتێكی ئاشكراو بەڵگە نەویستە: كە شەرحكردنو روونكردنەوەی فەرموودەكانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) كارێكی پیرۆزو سودبەخشە بۆ دونیاو بۆ قیامەت، خودا بمانكاتە هاوكارو رێرەوی ئەو كاروانە پیرۆزەو توفیقمان بدا بۆ لەگەڵدا ژیانو خەریكبوونو هاوبەشیكردن لەو مەشروعەداو بۆمان بكاتە توێشوی قیامەتو ئەركو ماندوبوونمان بەطاعەتو خوداپەرستی بۆ حسێب بكا.

هەڵبەتە وەرگێرانو بەكوردی كردنی فەرموودەكانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بۆ ئێمەی كورد زوبان – ئەگەر بەشێوەیەكی راستو دروست بێ – خزمەتی دینو دونیایە، روونكردنەوەی پایەیەكی گرنگی شەریعەتی ئیسلامە، ئاشنا كردنی نەتەوەی كوردی موسوڵمانە بە فەرمایشتە بەنرخەكانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) كە دووەم سەرچاوەی شەریعەتن لەدوا قورئان روونكەرەوەی ئایەتەكانی ئەو كەلامە پیرۆزو سەرئاسایەن: كە ئەركی سەرشانی موسوڵمانە پەیرەوی ناوەرۆكیان بكەنو بیانكەنە پەیرەوو پرۆگرامی ژیانیان لەهەموو بوارەكاندا. هەڵبەتە كەسێكیش پەیرەوییان بكا قەت سەری لێ ناشێوێو هەمیشە بەرچاو روونو هیدایەتدراوە، پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێ) داوای لە موسوڵمانان كردووەو فەرمانی پێ كردوون: كە هەموو كات ئەو دوو سەرچاوە پیرۆزە بكەنە چرای رۆشنكەرەوەی رێبازی ژیانیانو موژدەی ئەوەشی پێداون كە هەتا ئەوان شوێن ئەو دوو چرا پرشنگدارە بكەون هەرگیز گومرا نابنو رێرەوی ژیانیان لێ تێك ناچێو بەختەوەری دونیاو قیامەت دەبن. هەر لەم روانگەیەوە كە دەفەرموێ: «ترکت فِيكُمْ شَيْئَيْنِ لَنْ تَضِلُّوا بَعْدَهُمَا كِتَابَ اللّهِ

وَسُنَّتِي وَلَنْ يَتَفَرَّقَا حَتَّى يَرِدَا عَلَيَّ الْحَوْضَ»: من لەدوای خۆم دوو سەرچاوەم بۆ ئێوە بەجێ هێشتووە هەتا پابەندیان بن سەرتان لێ ناشێوێ‌و گومڕا نابن. ئەو دوو سەرچاوەیەش قورئان‌و حەدیثەکانمن ئەم دوو سەرچاوە پشتگیری یەکتر دەکەن‌و لێك جیا نابنەوە هەتا ڕۆژی پەسڵان.

زانیاری فیقهی خۆی لەخۆیدا لەزانستە پیرۆزو بەنرخەکانە، چونکە لەڕێگەی زانینی ئەوەوە دەتوانین عیبادەت‌و خودای گەورە داپەرستییەکتانمان وا ئەنجام بدەین کە جێگای ڕەزامەندی پەروەردگاربن‌و هیوامان پێیان بێ کەلێمان قبوڵ دەکرێن. هەڵبەتە گەورەیی‌و ڕێزو نرخی ئەم زانستە زۆرو زەبەندەن‌و وەصفی تەواو نابێ، چونکە بریتیە لەچەند حوکمێك لەگەڵ ژیانی موسوڵماندایە لەهەموو قۆناغەکانی ژیانداو لەگشت بوارەکانی ژیاندا چ لەنێوان خۆی‌و خودادا یان لەنێوان خۆی بەندەکانی خودادا، بەهۆی زانینی فیقهەوە دەزانین چۆن خوداپەرستی دەکەین‌و چۆن پەیوەندی خۆمان بەخوداوە قایم‌و پتەو دەکەین، چۆن روکنەکانی ئیسلام بەجێ دێنین هەر لە دەستنوێژو نوێژەوە تا دەگاتە ڕۆژوو زەکات‌و حەج‌و عەمرەو باقی عیبادەتەکانی تر.

هەر بەهۆی زانینی فیقهەوە شارەزای ئەحکامی جیهادو غەزاو عەهدو پەیمان‌و شەڕو ئاشتی دەبین، هەر بەهۆی زانینی فیقهەوە دەتوانین ڕێگای بەدەستهێنانی ڕزق‌و ڕۆزی حەڵاڵ بدۆزینەوەو خۆمان بپارێزین لە تاوان‌و ڕێبازە چەوتەکانی پەیداکردنی سامان‌و دارایی. ئەویش لەڕوانگەی فیقهی مامەڵەکردنەوە چ کڕین‌و فرۆشتن بێ یان گۆڕینەوەی پارە بێ، یان مامەڵەی ڕیبائامێز بێ..... یان وەقفکردن‌و وەصیەتکردن‌و بەخشین بێ.....

هەر بەهۆی ئەم زانستە پیرۆزەوە دەزانین چۆن میرات دابەش بکەین بە ئەوپەڕی عەداڵەت‌و جوانترین یاسا. چۆن ژیانی هاوسەری‌و خێزانداری

منـداڵ بـەخێوکردنو بەشـێوەیەکی راسـتو دروسـت پـەیڕەو دەکـەینو بەختەوەری بۆ خۆمانو خێزان دابین دەکەین، چۆن تۆڵەی تـاوان لـەتاوانبار وەردەگرین چۆن پارێزگاری لەماڵو عەقڵو ناموسو خوێنو نیشتمان دەکین، چۆن ئاژەڵ سـەردەبڕینو گۆشـتی چ سـەربڕاوێك حەڵاڵەو کامـەیان حەرامـە، نەزرو سوێندو پەیمانو بـەڵێنمان چۆن بـێو چۆن کێشەو نیزاعمـان یـەکاڵا بکەینو هەر کەسە بەمافی خۆی بگاو ستەمی لێ نەکرێ.

لەسەر ئەم بنەمایە، بەنـدە بەخزمـەت کتێبـی (الـوجیز فـی فقـه الـسنة والکتاب العزیز) گەیشتم بڕیارمدا وەریگێڕم بۆسـەر زمـانی کـوردی، ماوەیـەك خـەریکی بـووم زیـاد لـەنیوەیم تـەواو کـرد، بیـستم برادەرێـك کردویـەتی بەکوردی، وازم لێ نەهێنا، بەڵام کە وەرگێڕانەکەی چاپ بوو بینیم ئیـشی مـن لــەهی ئــەو جــوداوازەو بەرهەمەکــەی کاریگــەری ســەلبی ناخاتــە ســەر وەرگێڕانەکەی من بۆیە هاتمەوە سەر کارەکـەمو تـەواوم کـردو لەچاپمدا، جا ئێستا خوێنـەر خـۆی کارەکـەی مـنو ئـەو بـرادەرەش هەڵدەسـەنگێنێو بڕیـار دەدا!

هیوادارم ئەم بەرهەمە وەکوو ئەصڵەکەی خودا بەرەکـەتی تـێ بهـاوێو ڕەواجـی پـێ بـداو بیکاتـە مایـەی قورسـی کـردەوەی چاکەمو سـودی دونیـاو قیامەتمی تێدا بێو بەعەمەلی صاڵح بۆم حساب بکا آمین.

ملا محمودی گەلاڵەیی

٢٠١٢/٨/٢٠

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان
كتاب الطهارة
نامەی پاكو خاوێنی

وشـەی (الطّهـارة) لـە زمانەوانیـدا پـاكو خـاوێنیو خۆپاراسـتنە لـەبێ دەستنوێژیو لەشپیسیو پیسایی.

لـەزاراوەی شـەرعدا بریتیـە لـەلابردنی بـێ دەسـتنوێژی یـان لابردنـی پیسایی لەسەر جەستەو پۆشاكو كاڵای تر.[1]

١- باسی ئاوو حوكمەكانی

هەرئاوێك لەئاسمانەوە ببارێ یـان لـەزەوی بێتـەدەر پاكـەو پاكەوەكـەرە. ئاماژە بە فـەرموودەی پـەروەردگار كـە دەفـەرموێ: {وَأَنزَلْنَـا مِـنَ الـسَّمَاء مَـاء طَهُـورًا – الفرقـان/٤٨} ئێمـە لەئاسمانـەوە ئـاوێكی پـاكو پاكـەرەوەمان باراندووە.

هەروا ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسـەر بـێ) كە دەربارەی دەریا فەرموویـەتی: (هو الطهور ماؤه، الْحِـلّ ميتتـه): دەریـا ئاوەكـەی پاكو پاكەوەكەرە، مردارەوەبووشی حەڵاڵە. مردارەوەبـووی ئـاوی تـا نەگـەنێ خواردنی دروستە.

هـەروا ئامـاژە بـە فـەرموودەی پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) دەربارەی ئاوی بیر كە فـەرمووی: (ان الماءَ طهور لايُنَجِـسّهُ شِيء). بێگومـان ئـاو پاكەو پاكەوەكەریشە، بەهیچ پیس نابێ.

ئەم پاكیو پاكەوەكەریەی بەردەوامە، تەنانەت ئەگەر شتی پـاكی تێكەڵ ببێ بەمەرجێ ئاوەكە وای لێ نەیە نەتواندرێ ناوی ئـاویەتـی (ئـاوی رووت)ی

---

[1] المجموع شرح المهذب (ج١/٧٩).

پێ بگوترێ. ئەمەیش بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کەئاراستەی ئەو ئافرەتانەی کرد کەخەریکی شۆردنی کچەکەی بوون. ئەوە بوو پێی فەرموون « اغْسِلْنَهَا ثَلاثًا أَوْ خَمْسًا أَوْ أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ إِنْ رَأَيْتُنَّ ذَلِكَ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ ، وَاجْعَلْنَ فِي الآخِرَةِ كَافُورًا أَوْ شَيْئًا مِنْ كَافُورٍ»:

جەنازەکەی سێ جار بشۆرن، یان پێنج جار، یان ئەگەر ویستتان زیاتر، با شتنەکەتان بەئاوو سیدر بێ، جاری کۆتاییش بەئاوو کافور یان بەکەمێك کافور بێ.

ئەگەر شتێکی پیس تێکەڵ بە ئاو بوو، ئاوەکە بەپیس دانانرێ مەگەر بەهۆی تێکەڵ بوونی ئەو پیسییە ئاوەکە بگۆڕێ. بەڵگەی ئەمەیش ئەو فەرموودەیە: کە ئەبو سەعیدی خودری ریوایەتی کردووە دەڵێ: گوترا: ئەی پێغەمبەری خودا! ئایا ئێمە دروستە بەئاوی بیری (بوضاعە) دەستنوێژ بگرین؟ کەبیرێکە پەڕۆی بێنوێژی ژنان و گۆشتی بەرماوەی سەگ و شتی تری پیس و بۆگەنی فڕێ دەدرێتە ناوی. لەوڵامدا فەرمووی: «الْمَاءُ طَهُورٌ لاَ يُنَجِّسُهُ شَيْءٌ». ئەو ئاوە پاکەو پاکەوەکەریشە، چونکە گەیشتۆتە قولەتێن و بەهیچ شتێ پیس نابێ، مەگەر بەشتێك کە تامی یان رەنگی، یان بۆنی بگۆڕێ.

٢- باسی پیسییەکان (باب النجاسات)

ألنجاسات: کۆی وشەی (نجاسه)، ئەمیش بریتییە لەهەر شتێك خاوەنی زەوقی سەلیم بێزی لێ بکاتەوەو خۆی لێ بپارێزێ، هەرکاتێك مرۆڤ جەستەو پۆشاکی شتێکی لەو جۆرەی پێکەوت بیشواو خۆی لێ پاك بکاتەوە، وەکوو پیسایی و میزو ریخ و خوێن و شتی وا[1].

---

[1] الروضة الندية (ج١/١٢).

ئەصڵو بنەما لەهەموو شتێكدا پاكیو حەڵاڵیەتی، كەسێك پێی وابوو شتێك پیسە، دەبێ بەڵگەی هەبێ، جائەگەر بەڵگەی پەسەندی هەبوو ئەوە گوێی لێ دەگیرێ، ئەگەر نەیتوانی بەڵگە بخاتە ڕوو، یان بەڵگەیەكی هێنا كەپەسەند نەبوو حوكمی پێ نەدەچەسپا، ئەوە پێویستە ئێمە كار بەو ئەصڵو بنەمایە بكەین: كەهەموو شتێك لەبنەڕەتدا پاكەو تابەڵگە لەسەر پیسیەكەی نەچەسپێ، بەپاكی بزانین[1].

چونكە بڕیاردان بەپیسی شتێك حوكمێكی تەكلیفیو ئەركێكە دەكەوێتە ئەستۆی ئادەمیزاد بەگشتی، ئەمەیش بەبێ هەبوونی بەڵگەی پەسەندو بەهێز ڕەوا نییە[2].

هەندێ لەو شتانەی بەڵگە هەیە دەربارەی پیسییان

ا - ٢: میزو گوی ئادەمیزاد:

دەلیلی ئەوە: كە گوی ئادەمیزاد پیسە، ئەو فەرموودەیە كە ئەبوهورەیرە لە پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێ) گێڕاویەتەوە: كە فەرموویەتی: «إِذَا وَطِئَ أَحَدُكُمْ بِنَعْلَيْهِ الأَذَى فَإِنَّ التُّرَابَ لَهُ طَهُورٌ»[3].

وشەی (الأَذَى) بریتییە لەهەرشتێك ئەزیەتت پێ بگەیەنێ: لەپیسایيو بەردو چقڵو شتی وا. لە فەرموودەكەدا مەبەست لێی پیسییە.

بەڵگە لەسەرئەوە میز پیسە ئەو فەرموودەیە كە ئەنەس دەیگێڕێتەوەو دەڵێ: عەرەبێكی دەشتەكی هاتە ناو مزگەوتی مەدینە بە بەرچاوی پێغەمبەرو هاوەڵانیەوە لەسوچێكی مزگەوتەكەدا میزی كرد،

---

[1] السيل الجرار ج١/٣١.

[2] صحيح {ص. د - ٨٣٤} والروضة الندية ج١/١٥.

[3] صحيح {ص. د - ٨٣٤} د ج٢/٤٧ و ٣٨١.

هەندێ کەس بۆی چوون و دەنگیان دا، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «دَعُوهُ وَلاَ تُزْرِمُوهُ». لێی گەڕێن میز کردنەکەی لێ تێک مەدەن، دەڵێ: کە لێ بۆوە، داوای دۆلکە ئاوێکی کردو بەشوێنی میزەکەیدا کرد[١].

٣ – ٤: مەذی و وەدیی:

مەذیی: ئاوێکی سپی روونی لینجە، لەکاتی وروژاندنی شەهوەت دێتە دەر، نە لەززەتی لێ پەیدا دەبێ نە بەفیچقە دەردەچێ، دوای هاتنە دەرەوەیشی کپ بوونەوەو ماندوویی بەدوا نایە، وادەبێ هەست بەهاتنە دەرەوەیشی ناکرێ. ئەم حاڵەتە بۆ پیاوو ئافرەت دێتە دی.[٢] ئەم مادەیە پیسە، بۆیە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی کردووە بەشتنی ذەکەر لەئاکامی هاتنە دەرەوەی ئەو مادەیە لێی.

لە ئیمامی عەلییەوە ریوایەت کراوە، دەڵێ: من پیاوێکی وابووم بەزۆری مادەی (مەذی)م دەهاتە دەر، شەرمیشم دەکرد لەم بارەوە پرسیار لە پێغەمبەر بکەم (دروودی خودای لەسەر بێ) چونکە فاطیمەی کچی خێزانم بوو، بۆیە داوام لە (ألمقداد)ی کوڕی (الأسود) کرد ئەو بۆم پرسیار بکا، کەپرسیاری عەرز کردبوو فەرمووبوی «يَغْسِلُ ذَكَرَهُ وَيَتَوَضَّأُ».[٣] هەرکاتێ ئەو جۆرە حاڵەتەی بینی با ذەکەری خۆی بشواو دەستنوێژ بگرێ.

وەدیی: ئاوێکی سپی خەستەو دوای میزکردن دێتەدەر[٤] ئەم مادەیە پیسە.

---

[١] متفق عليه {م – ٢٣٦/١ و ٢٨٤ واللفظ له {خ – ١٣٢/٢٣٢/١}.

[٢] شەرحی مسلم ج٣/٢١٣.

[٣] متفق عليه. {م ٣٠٣/٢٤٧/١} واللفظ له. خ/٦٠٢٧/٤٤٩/١٠.

[٤] فقة السنة/١/٢٤.

لەئیبنو عەباسەوە ریوایەتکراوە: کە دەربارەی (مەنیو وەدیو مەذی) وتوویەتی: هاتنە دەرەوەی مەنی دەبێتە هۆی پێویستبوونی غوسڵ. وەدیو مەذی هەرکاتێك لێت هاتنەدەر زەکەرت بشۆرەو دەستنوێژ بگرە وەکوو دەستنوێژگرتنت بۆ نوێژ.[1]

٥- زبڵو پیسایی هەر ئاژەڵێک: کە گۆشتی نەخورێ:

لە عەبدوڵلاوە ریوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ویستی سەرئاو بکا، فەرمووی: (سێ بەردم بۆ پەیدا بکە) منیش دوو بەردو تەرسەقولێکم دەست کەوت، کە دامنە دەستی دوو بەردەکەی هەڵگرتو تەرسەقولەکەی فڕێداو فەرمووی: {هی رجس}. ئەوە واتە: تەرسەقول پیسە.

٦- خوێنی بێنوێژی ئافرەت (دم الحیض):

لە ئەسمائی کچی ئەبوبەکرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: ئافرەتێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عەرزی کرد: یەکێك لەئێمە خوێنی بێنوێژی بە پۆشاکی خۆیەوە دەبینێ چی بکات باشە؟؟

لە وەڵامدا فەرمووی: «تَحُتُّهُ، ثُمَّ تَقْرُصُهُ بِالْمَاءِ، وَتَنْضَحُهُ وَتُصَلِّي فِيهِ». ئەو بەشە پۆشاکەی خوێنەکەی تێوە چووە بیوڵەو ئەمجار بیکرێنەو پاشان ئاوی پێدا بکەو بیگوشە پاشان نوێژ بەو پۆشاکەوە بکە.[2]

٧- لیکی سەگ:

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «طُهُورُ إِنَاءِ أَحَدِكُمْ إِذَا وَلَغَ فِيهِ الْكَلْبُ أَنْ يَغْسِلَهُ سَبْعَ مَرَّاتٍ أُولاَهُنَّ بِالتُّرَابِ». شێوەی پاککردنەوەی قاپو قاچاغی یەکێك لەئێوە

---

[1] صحيح: {ص. د - ١٩٠} هق/١/١١٥.

[2] متفق عليه: {م/٢٩١/٢٤٠/١ واللفظ له. خ/٣٠٧/٤١٠/١}.

ئەگەر سەگ دەمی تێخست، ئەوە بە حەوت جار ئاوی تێڕا دڕێ، جارێکیان بەقوڕاو گڵاوی لێ دەربکرێ.

٨- مردارەوە بوو:

ئاژەڵو پەلەوەرێکە بەبێ سەربڕینی شەرعی گیانی دەرچووبێ، ئاماژە بەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «إِذَا دُبِغَ الإِهَابُ فَقَدْ طَهُرَ».[1] پێستی مردارەوە بوو: کە دەباغ کرا پاك دەبێتەوە. واتە: مردارەوە بوو هەمووی پیسە بەڵام پێستەکەی بەهۆی دەباغەوە پاك دەبێتەوە. چەند جۆرێك لەو شتە پیسانە چەرت دەکرێ.

١- ماسیو کوللەی گیاندەرچوو خواردنیان حەڵاڵەو پیس نین. ئەمەش بەپێی ئەو فەرموودەیەی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ریوایەتی کردووە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أُحِلَّتْ لَنَا مَيْتَتَانِ وَدَمَانِ فَأَمَّا الْمَيْتَتَانِ فَالْحُوتُ وَالْجَرَادُ وَأَمَّا الدَّمَانِ فَالْكَبِدُ وَالطِّحَالُ».[2] واتە: بۆ ئێمە دووجۆر مردارەوە بوو دوو خوێن حەڵاڵ کراوە، دوو مردارەوەبووەکان ماسیو کوللەیە، دوو خوێنەکانیش جەرگو سپڵە.

٢- گیاندارێك خوێنی رەوانی نەبێ بەمردوویی پاکە، وەکوو مێشو مێرولەو هەنگو ئەو جۆرە شتانە.

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِذَا وَقَعَ الذُّبَابُ فِي شَرَابِ أَحَدِكُمْ فَلْيَغْمِسْهُ ، فَإِنَّ فِي إِحْدَى جَنَاحَيْهِ دَاءً وَفِي الأُخْرَى شِفَاءً»[3] هەرکاتێك مێش کەوتە ناو قاپو

---

[1] صحيح {ص. ج ٥١١} م (٢٧٩ – ٩١ – ١/٢٣١).

[2] صحيح {ص. ج٢١٠} صم (١/٢٥٥/٩٦) هق (١/٢٥٤).

[3] صحيح {ص. ج ٨٣٧}، خ (٥٧٨٢)، جه (٢/١١٥٩/٣٥٠٥).

قاچاغی ئێوەوەو شلەمەنییان تێدابوو، با بەتەواوی مێشەکە لەشلەمەنی ناو قاپەکەدا نقوم بکاو پاشان دەری بێنیٚ و فرێی بدا، چونکە لەباڵێکیدا دەرد هەیەو لەباڵەکەی تریدا شیفا هەیە.

٣- ئێسقانی مردارەوە بوو، شاخەکانی، نینۆکی مووکوڵکیو پەڕوپۆلی، هەموو ئەمانە پاکن، ئەمەیش بەپیٚ داگرتن لەسەر ئەوە بنەمایە کە ئەصڵ تێیاندا پاکیەئاماژە بەو فەرموودەیەی بوخاری بەشێوەی تەعلیق ریوایەتی کردووە، دەڵیٚ: ئیمامی زوهری دەربارەی حوکمی ئێسقانی مردارەوەبوو نمونەی ئێسقانی فیلو شتی وا، فەرموویەتی: کەسانێکم لەعولەمای سەلەف دیوە، ئەو جۆرە ئێسقانانەیان بەکار هێناوە بۆ بەشانەکردنی قژی سەرو ریشو رۆن تێدا هەلگرتنیو هیچ خراپەیەکیان تێدا نەبینیوە. حەمماد فەرموویەتی: پەڕوپولی باڵندە هیچ پیسیەکی تێدا نابینم.

چۆنیەتی پاککردنەوەی شتی پیس بوو

پێویستە بزانین: کەدانەری شەرع (شارع) بەئێمەی زاناندووە ئەم شتە خودی خۆی پیسە، یان بۆخۆی پاکەو پیس بووە، ئەمجار فێری کردووین چۆن شتی پاکی پیس بوو پاك بکەینەوە، ئەرکی سەرشانی ئێمەیە بەپێی ئەو دەستوورو فەرمانانە، خۆمان لەشتە پیسەکان دووربخەینەوەو شتە پیس بووەکان بەو شێوەی بۆمان دیاری کراوە پاکیان بکەینەوە. ئەوەی فەرمانی پیٚ کردووین بەشتن بیشۆین تا رەنگی یان بۆنی یان تامی پیسیەکەی دەڕوا ئەوە پاکبوونەوەیەتی. ئەوەی پێمان دەڵیٚ: ئاوی پێدا بکەن یان ئاوی لیٚ بڕشێنن یان بیوڵنو بیکرێنن یان مەسحکردنی بەزەوی یان رۆیشتنی بەناو زەوی پاکدا ئەوە پاکبوونەوەیەتی پابەندی بینو بڕوامان پێی هەبیٚ.

بزانە ئاو هۆکارێکو بنەمایەکی سەرەکییە بۆ پاککردنەوەی شتە پیسبووەکان، چونکە شاریع وەصفی ئاوی بەوە کردووە کە پاکژکەرەوەیە،

دەفەرموێ: « خَلَقَ اللهُ الْمَاءَ طَهُوراً»[1] لەم ئەصلو بنەمایە لانادەین بۆ شتێکی تر مەگەر لەلایەن شارعەوە شتێکی تر دیاری بکرێ، ئەگینا نا. چونکە ئەگەر وا رەفتار نەکەین ئێمە لاماندەوە لەشتێکەوە کە پاکژکردنەوە پێی ئاشکراو روونە – بۆ شتێك کەنازاندرێ ئاخۆ پاکژکردنەوەیە یان نا، ئەمەش لادانە لەو رەفتارو ئاکارانەی رێبازە شەرعیییەکان داخوازنی.[2]

جا کەتۆ ئەمەت زانی، ئەمجار با ئەو رێبازو رەفتارانەت پێ بڵێم: کەشەرع دایناوە بۆ چۆنیەتی پاککردنەوەی شتی پیس بوو یاخود پیس. (نجس العین).

١- پاککردنەوەی پێستی مردارەوە بوو بە دەباغ کردن بێ:

لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: لە پێغەمبەرم (دروودی خودای لەسەر بێ) ژنەوت دەیفەرموو: « أَيُّمَا إِهَابٍ دُبِغَ فَقَدْ طَهُرَ».[3] هەر پێستی مردارەوەبوێك دەباغ کرا پاك دەبێتەوە.

٢- پاککردنەوەی قاپو قاچاغ کە سەگ دەمی تێخست:

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەت کراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «طُهُورُ إِنَاءِ أَحَدِكُمْ إِذَا وَلَغَ فِيهِ الْكَلْبُ أَنْ يَغْسِلَهُ سَبْعَ مَرَّاتٍ أُولاَهُنَّ بِالتُّرَابِ».[4] شێوەی پاککردنەوەی قاپو قاچاغی یەکێك لەئێوە

---

[1] - [2] السبل الجرار/٤٢، ١/٤٨ بەدەست لێدانەوە، پێویستە ئەوەش بزاندرێ کە رستەی (خلق الله الماء طهوراً)، الحافظ لە کتێبی (التلخیص ١/١٤)دا دەفەرموێ: بەو شێوازە دەستم نەکەوتووە، لەو فەرمودەیەی ئەبو سەعید ریوایەتی کردووەو لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد دەقەکە ئاوایە: (ان الماءَ طهور لاَيُنَجِسُهُ شيٌ).

[3] صحيح {ص. جه ٢٩٠٧} حم ١/٢٣٠/٤٩، ت ٣/١٣٥/١٧٨٣، جه ٢٢/١١٩٣/٣٦٠٩ ن ٧/١٧٣.

[4] صحيح: لەوە پێش تەخريج کرا.

كە سەگ دەمی تێخست ئەوەیە: كە حەوت جار بیشوا، یەكەمجاریان بەقوڕاو بێ.

٣- پاككردنەوەی پۆشاك ئەگەر خوێنی بێنوێژی وێكەوت:

لەئەسمائی كچی ئەبوبەكرەوە ریوایەتكراوە دەڵێ: ئافرەتێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عەرزی كرد قوربان! یەكێك لەئێمە پۆشاكەكەی خوێنی بێنوێژی رێدەكەوێ، چۆنی پاك بكاتەوە؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەوەڵامدا فەرمووی: «تَحُتُّهُ ، ثُمَّ تَقْرُصُهُ بِالْمَاءِ ، وَتَنْضَحُهُ وَتُصَلِّي فِيهِ».[1] بیپروێنە پاشان تەڕی بكەو بیكرێنە ئەمجار بەئاو بیشۆ، پاشان نوێژی پێوە بكە، ئەگەر دوای ئەم پرواندن‌و كراندن‌و لەئاو هەڵكێشانە تارمایی‌و ئەثەرێكی پێوە ما قەیناكا.

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەت كراوە دەڵێ: خەولەی كچی یەسار عەرزی پێغەمبەری كرد، وتی: قوربان من تەنها یەك كراسم هەیە، بەو كراسەوە دەكەومە بێنوێژییەوە، هەڵبەتە هەندێ لەكراسەكەم خوێناوی دەبێ. چی بكەم باشە؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «فَإِذَا طَهُرْتِ فَاغْسِلِي مَوْضِعَ الدَّمِ ثُمَّ صَلِّي فِيهِ »: ئەگەر لەبێنوێژی پاكبویتەوە، ئەو شوێنەی لە پۆشاكەكە خوێنی بێنوێژییەكەیەتی پێوەیە بیشۆرە، پاشان دەتوانی نوێژ لەو پۆشاكەدا بكەی. خەولە وتی ئەی پێغەمبەری خودا! ئەگەر بەو شێوە پاككردنەوە ئەثەری خوێنەكە لانەچوو؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « يَكْفِيكِ الْمَاءُ وَلاَ يَضُرُّكِ أَثَرُهُ ».[2] ئەو شێوە شتنە ئەنجام بدەو لەئاوی هەڵكێشە، مانەوەی ئەسەرەكەی زیانت پێ ناگەیەنێ.

---

[1] صحيح {ص. جه ٢٩٠٧} حم/٤٩/٢٣٠/١، ت/١٧٨٢/١٣٥/٣ جه (٣٦٠٩/١١٩٣/٢، ن١٧٣/٧).

[2] {ص. د ٣٥١} و {٣٦١/٢٦/٢} هق (٤٠٨/٢).

٤- پاككردنەوەی داوێنی پۆشاكی ئافرەت:

لە ئوممو وەلەدی ئیبراهیمی كوڕی عەبدوڕەحمانی كوڕی عەوف ریوایەتكراوە: كەپرسیاری لەئوممو سەلەمە (خێزانی پێغەمبەر) كردووە وتوویەتی: من ئافرەتێكم داوێنی كراسەكەم درێژ دەكەم، بەشوێنی پیس و پۆخەڵدا تێدەپەڕم، داوێنی كراسەكەم لەشتی پیس دەكەوێ و پیس دەبێ چی بكەم؟ ئوممو سەلەمە فەرمووی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « يُطَهِّرُهُ مَا بَعْدَهُ ».[1] كەدوایی بەشوێنی پاكدا دەڕۆی و داوێنت لەزەوی پاك دەخشێ ئەوە پاكی دەكاتەوە.

٥- پاككردنەوەی پۆشاك لەمیزی منداڵی شیرەخۆرە:

لە ئەبو سەمحەوە (خزمەتچی؛ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ریوایەتكراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « يُغْسَلُ مِنْ بَوْلِ الْجَارِيَةِ وَيُرَشُّ مِنْ بَوْلِ الْغُلَامِ ».[2] پۆشاكێك بەمیزی كچۆڵەی ساوا پیس ببێ دەبێ بشۆرێ، ئەگەر بەمیزی منداڵی ساوای نێرینە پیس بوو بەئاو لێ پرژاندن پاك دەبێتەوە.

٦- پاككردنەوەی پۆشاك لە (مەذی):

لەسەهلی كوڕی حونەیفەوە ریوایەتكراوە دەڵێ: من زۆر بەدەست (مەذی)یەوە ناڕەحەت بووم (مەذی هاتنەوەم زۆر بوو) لە ئاكامی ئەو مەذی هاتنەوەم زوو زوو غوسڵم لەخۆم دەردەكرد، ئەم حاڵەی خۆم بۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) باس كرد، فەرمووی: « إِنَّمَا يُجْزِيكَ مِنْ ذَلِكَ الْوُضُوءُ ». بە مەذی هاتنەوە غوسڵ واجب نابێ، بەڵكوو دەستنوێژ بەتاڵ دەبێتەوە، هەر دەستنوێژ بگرەوە بەستە. سەهل دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری

---

[1] صحيح {ص. جه/٤٣٠} ط (٢٧/٤٤)، ت (١٤٣/ ١/٩٥) جه ١/١٧٧/٥٣١.

[2] صحيح {ص. ن ٢٩٣}، د (٢/٣٦/٣٧٢) ن (١/١٥٨).

خـودا! ئـەی چۆن‌و بەچـی ئـەو بەشـەی (مـەذی)یەکـەی وێکـەوتووە پـاکی بکەمەوە؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فـەرمووی: «يَكْفِيكَ أَنْ تَأْخُذَ كَفًّا مِنْ مَاءٍ فَتَنْضَحَ بِهِ ثَوْبَكَ حَيْثُ تَرَى أَنَّهُ أَصَابَ مِنْهُ». [1] هەر ئەوەندەت بەسـە لوێـچێك ئـاو هـەڵبگری‌و نـافۆکی خـۆتی پـێ بڕشـێنی، ئـەو شـوێنەی گومانـت لێیەتی (مەذی)یەکەتی وێکەوتووە ئاوی لێ بڕشێنی.

٧- پاککردنەوەی بنکی نەعل‌و پێڵاو:

لە ئەبو سـەعیدەوە (ڕەزای خـودای لێ بـێ) ڕیوایـەتکراوە: کـە پێغەمبـەر فەرمووی: «إِذَا جَاءَ أَحَدُكُمْ إِلَى الْمَسْجِدِ فَلْيَنْظُرْ فَإِنْ رَأَى فِي نَعْلَيْـهِ قَـذَرًا أَوْ أَذًى فَلْيَمْسَحْهُ وَلْيُصَلِّ فِيهِمَا». [2] هەرکاتێك یەکێك لەئێوە هات بـۆ مزگـەوت ڕوانـی بە نەعل‌و پێڵاوەکانی‌یەوە پیسایی‌یەك هەیـە بـا لەشـتێکی بخشـێنێ (لـەزەوی بخشێنێ) ئەمجار نوێژەکەی پێیانەوە بکا.

٨- پاککردنەوەی زەوی پیس بوو:

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: عـەرەبێکی دەشـتەکی هاتـە نـاو مزگەوتـەوەو چـوو لـە سوچـێکەوە میـزی کـرد، هـاوەڵان بـۆی ڕاپـسکوتن‌و دەنگیاندا، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بـێ) فـەرمووی: (دەعـوە) وازی لێ بێنن میزکردنەکەی لێ تێك مەدەن «دَعُوهُ وَهَرِيقُوا عَلَى بَوْلِهِ سَجْلاً مِـنْ مَـاءٍ ، أَوْ ذَنُوبًا مِنْ مَاءٍ ، فَإِنَّمَـا بُعِثْـتُمْ مُيَـسِّرِينَ ، وَلَـمْ تُبْعَثُـوا مُعَـسِّرِينَ». [3] کـە کـابرای عەرەب لەمیزکردنەکەی بووەوە پێغەمبەر بەهاوەڵانی فەرموو: دۆڵکـەیێ ئـاو

---

[1] حسن {ص. جه ٤٠٩}، دەفەرموێ: (١/٣٨٥/٢٠٧)، ت (١/٧٦/١١٥)، جة(١/١٦٩/٥٠٦).

[2] صحيح: {ص. د ٦٠٥}، د (٢/٣٥٣/٦٣٦).

[3] متفق عليـه (الإرواء/١٧١) خ (١/٣٢٣/٢٢٠)، ن(٤٨ – ١/٤٩) ورواه مطولاً: د(٢/٣٩/٣٧٦)، ت (١/٩٩/١٤٧/٠).

مەسینەیەك ئاو بەسەر میزەكەیدا بكەن، ئێوە پێویستە ئاسانكاری رەچاو بكەن، داوای ئەوەتان لێ نەكراوە شت قورس بكەن پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بۆیە فەرمانی بەهاوەڵانی كرد ئاو بەسەر میزەكەدا بكەن تا بەزوترین كات شوێنەكە پاك ببێتەوە. ئەگینا ئەگەر وازیان لێ بهێنایە تا شوێنەكە وشك دەبوەوە ئەثەری پیسییەكەی نەدەما شوێنەكە پاك دەبوەوە، ئەمەش بەپێی حەدیثەكەی ئیبنو عومەر (رەزای خودای لێ بێ) كە دەفەرموێ: (كَانَتِ الْكِلاَبُ تَبُولُ فِي الْمَسْجِدِ وَتُقْبِلُ وَتُدْبِرُ زَمَانَ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) فَلَمْ يَكُونُوا يَرُشُّونَ شَيْئًا)[١] لەسەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) سەگەل لەناو مزگەوتا میزیان دەكردو هاوەڵان ئاویان بەشوێنی میزكردنەكەدا نەدەكردو ئاوڕشێنی شوێنەكەیان نەدەكرد. ئاشكراشە ئەگەر پیسییەكە لەو جێگە بمایەتەوە ئاوپێداكردنی واجب دەبوو.

هەركاتێ زبڵو زیخو مردارەوەبوو سوتێندراو بوو بەخۆڵەمێشو گڵ ئەوە پاكەو پیسی پێوە نامێنێ، بەڵگەی ئەوە دەڵێن: حوكمەكان بەگوێرەی ئەو بڕیارەیە كە خودا دەربارەیان چەسپاندویەتیو ناوی بۆ داناونو بەشێوەی خیطاب بەئێمەی گەیاندوە. هەركاتێ ئەو ناوەی لێ داڕندراو ناوێكی تری بۆ پەیدا بوو، حوكمەكەی پێشووی نامێنێ، جودایە لەو شتەی خودا حوكمی تێدا بڕیارداوە، زبڵو زاڵ جوداوازە لەگڵ، مردارەوەبوو جوداوازە لەگڵ.[٢] كەوابوو لەگەڵ گۆڕانی ناوەكەیان حوكمەكەشیان دەگۆڕێ، ئەمە ڕای پەسەندكراوە بەلای ئیبنو تەیمییەو وتوویەتی: ئەمە ڕێبازو مەزهەبی ئەبو حەنیفەیەو رایەكی ئیمامی مالیكو ریوایەتێكە لەئیمام ئەحمەد.[٣]

---

[١] صحيح {ص. د ٣٦٨} خ تعليقا (١/٢٧٨/١٧٤)، د (٢/٤٢/٣٧٨).

[٢] المحلى لابن حزم ١/١٢٨/١٢.

[٣] مجموع الفتاوى ج ٢١/٧٠ و ٤٧٨ و ٤٨٢.

سونەنی فیترەت

لـە ئـەبو هـورەیرەوە ریوایـەتکراوە دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) فـەرمووی: «خَمْسٌ مِنَ الْفِطْرَةِ: الِاسْتِحْدَادُ وَالْخِتَـانُ وَقَـصُّ الـشَّارِبِ وَنَتْفُ الإِبْطِ وَتَقْلِـيمُ الأَظْفَـارِ».[1] پێـنج ئاكـارو رەفتـار لەسروشـتو فـیترەتن‌و كـاری باشـن، لابردنـی مـووی خـوار نـاوك، خەتەنـە، سمـێڵ كورتكردنـەوە، هەڵكەندنی مووی بن هەنگڵ، نینۆك كردن.

لەزەكـەریای كـوڕی ئـەبو زائیـدە ئـەویش لەموصعەبی كـوڕی شـەیبەوە ئـەویش لـەطـەلقی كـوڕی حەبیبـەوە، ئـەویش لـەئیبنو زوبەیـدەوە لـەخاتو عائیشەوە ریوایەتكراوە فەرموویەتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسـەر بـێ) فـەرمووی: «عَشْرٌ مِنَ الْفِطْرَةِ: قَصُّ الشَّارِبِ وَإِعْفَاءُ اللِّحْيَةِ وَالسِّوَاكُ وَالِاسْتِنْـشَاقُ بِالْمَاءِ وَقَصُّ الأَظْفَارِ وَغَسْلُ الْبَرَاجِمِ وَنَتْفُ الإِبِطِ وَحَلْـقُ الْعَانَـةِ وَانْتِقَـاصُ الْمَـاءِ». يَعْنِي الِاسْتِنْجَاءَ بِالْمَاءِ.[2] زەكەریا دەڵێ: موصعەب وتی دەیەمم لـەبیر نـەماوە، مەگەر ئاو لەدەم وەردان بێ.

خەتەنەكردن

خەتەنـە واجبـە بـۆ كـوڕو بـۆ كـچ، چـونكە شـەعیرەو دابو نـەریتێكی ئیسلامە، ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) كە بـە كابرایەكی تازە موسوڵمانبووی فەرموو: «أَلْـقِ عَنْـكَ شَـعْرَ الْكُفْـرِ وَاخْتَـتِنْ».[3] كوڵك‌و توكی كوفر لەخۆت بكەرەوەو خۆت خەتەنە بكە.

---

[1] متفـــق عليـــه خ(١٠/٣٣٤/٥٨٨٩) م(١/٢٢١/٢٥٧) د(١١/٢٥٢/٤١٨٠) ت(٢٩٠٥/٤/١٨٤) ن(١/١٤)، جة(١/١٠٧/٢٩٢).

[2] حسن{مختصر م ١٨٢}، م(١/٢٢٣/٢٦١)و(١/٧٩/٥٢)ت(٤/١٨٤/٢٩٠٦) ن(١٣٦/٨).

[3] حسن: {ص. ج ١٢٥١}، د (٢/٢٠/٣٥٢)، هق (١/١٧٢).

خەتەنە دەستوورو داب‌و نەریتی ئایینی حەزرەتی ئیبراهیمە، لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «اخْتَتَنَ إِبْرَاهِيمُ خَلِيلُ الرَّحْمَنِ بَعْدَ مَا أَتَتْ عَلَيْهِ ثَمَانُونَ سَنَةً وَاخْتَتَنَ بِالْقَدُومِ». [1] حەزرەتی ئیبراهیم کە نازناوی (خلیل الرحمن)ە دوای تەمەنی هەشتا ساڵ خۆی خەتەنە کرد. بێگومان پەروەردگار بە پێغەمبەری خۆی دەفەرموێ: {ثُمَّ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ أَنِ اتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا – النحل/١٢٣}. ئەمجار نیگامان بۆ تۆ کرد ئەی پێغەمبەر کەشوێن ئایینی ئیبراهیم بکەوە ئاینێکی پاک‌و بێ خەوشە.

واباشە خەتەنە لەڕۆژی حەوتەمی لەدایکبووندا ئەنجام بدرێ، ئاماژە بەحەدیثی جابیر کە دەفەرموێ: پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) بۆ حەسەن‌و حوسەین ڕۆژی حەوتەمی لەدایکبوونیان حەوتووی بۆ کردن‌و خەتەنەشی کردن[2].

لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەتکراوە: کە فەرموویەتی: حەوت شت لەسوننەتی پێغەمبەرە (درووودی خودای لەسەر بێ) دەربارەی منداڵ لەڕۆژی حەوتەمی لەدایکبوونیدا، ناوی لێ بنرێ، خەتەنە بکرێ.[3]... هتد.

ئەو دوو حەدیثە، هەرچەندە هەردووکیان لاوازییان تێدایە، بەڵام هەریەکەیان ئەویتر بەهێز دەکا، چونکە مەخرەج‌و زنجیرەی سەنەدەکەیان جوداوازە، لەهیچ کام لەزنجیرەی سەنەدەکانیاندا راوی تۆمەتباریان تێدا نیە.[4]

---

[1] متفق علیه: خ (٦٢٩٨/٨٨/١١)، م (٢٣٧٠).

[2] طص (٨٩١/١٣٢/٢) {تمام المنة ٦٨}.

[3] طس: (٥٦٢/٣٣٤/١) (تمام المنة/٦٨).

[4] تمام المنة/٦٨.

ریش هێشتنەوە

ریش هێشتنەوە واجبە، تاشینی حەرامە، چونکە گۆڕینی دروستکراوی پەروەردگارە. ئەوە کارێکی شەیتانەو جێبەجێ کردنی ویستی ئەوە، کە دەڵێ: {وَلآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللّهِ – النساء/١١٩}. لەلایەکی ترەوە تاشینی ریش خۆ شوبهاندنە بەئافرەت. لەکاتێکدا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەفرینی لەو پیاوانە کردووە کەخۆیان وا لێ دەکەن لەئافرەت بچن.[1]

لەهەمان کاتدا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی کردووە بەریش هێشتنەوە، ئاشکراشە فەرمان بۆ وجوبەو پێویستی دەگەیەنێ.

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «جُزُّوا الشَّوَارِبَ، وَأَرْخُوا اللِّحَى، خَالِفُوا الْمَجُوسَ».[2] سمێڵ کورت بکەنەوە، ریش بهێڵنەوە، پێچەوانەی ئاگرپەرستەکان هەڵسوکەوت بکەن.

لەئیبنو عومەرەوە ریوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «خَالِفُوا الْمُشْرِكِينَ ، وَفِّرُوا اللِّحَى ، وَأَحْفُوا الشَّوَارِبَ».[3] پێچەوانەی بتپەرستەکان هەڵسوکەوت بکەن، ریش بهێڵنەوە سمێڵ کورت بکەنەوە.

سیواك

سیواك هەموو کاتێك سوننەتە، لەهەندێ کاتدا پتر سوننەتە.

ا- لەکاتی دەستنوێژ شتندا:

---

[1] صحيح: {ص. ج ٥١٠٠}، خ ٥٨٨٥/٣٣٢/١٠)، ت ٢٩٣٥/١٩٤/٤).

[2] صحيح: {مختصر م ١٨١}، م (٢٦٠/٢٢٢/١).

[3] متفق عليه (٥٨٩٢/٣٤٩/١٠)، م (٢٥٩ – ٥٤ – ١/٢٢٢).

لـه ئـەبو هـورەیرەوە ریوایـەتکراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لَوْلاَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ مَعَ الْوُضُوءِ».[1] ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە ئـەرك‌و زەحمـەتی زۆر دەکەوتـە سـەر ئومەتەکـەم فەرمانم پێ دەکردن بەوە کە لەگەڵ هەموو دەستنوێژێکدا سیواك بکەن.

٢- لەکاتی هەڵسان بۆ نوێژکردن:

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە کە پێغەمبـەر (درروودی خـودای لەسـەر بێ) فـەرمووی: «لَوْلاَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ عِنْـدَ كُـلِّ صَـلاَةٍ».[2] ئەگـەر لەبـەر ئـەوە نەبوایـە دەبـووە بـارگرانی‌و ئـەرکی زۆر بەسـەر ئومەتەکەمـەوە، فـەرمانم پـێ دەکـردن کـە لەگـەڵ هـەموو نوێژێکـدا سـیواك بکەن.

٣- لەکاتی دەستکردن بەخوێندنی قورئان:

لەئیمامی عەلیەوە ریوایەتکراوە دەفەرموێ: پێغەمبەر (درروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی پێ کردین بەسیواك کردن‌و فەرمووی: «إِنَّ الْعَبْـدَ إِذَا قَـامَ يُصَلِّي أَتَاهُ الْمَلَكُ فَقَامَ خَلْفَهُ يَسْتَمِعُ الْقُرْآنَ وَيَدْنُو، فَلاَ يَـزَالُ يَـسْتَمِعُ وَيَـدْنُو حَتَّـى يَضَعَ فَاهُ عَلَى فِيهِ، فَلاَ يَقْرَأُ آيَةً إِلاَّ كَانَتْ فِي جَوْفِ الْمَلَكِ».[3] هەرکاتێ بەنـدەی موسـوڵمان هەڵـسا بـۆ نوێـژکردن‌و نوێـژی دابەسـت، فریـشتەیەك دێتـەلای‌و لەدواوەی ڕادەوەستێ، گوێ لەقورئان خوێندنی دەگرێ‌و لێی نزیـك دەبێتـەوە، بەردەوام گوێی لێ دەرگرێ‌و لێی نزیك دەبێتەوە، هەتا وای لێ دێ دەم دەخاتـە

---

[1] صحيح: {ص ج ٥٣١٦}، حم (١/٢٩٤/١٧١).

[2] متفـق عليـه: م (١/٢٢٠/٢٥٢)، خ ٢/٣٧٤/٨٨٧) ، ت (١/١٨/٢٢). وەڵ دەقـی بوخـاری لەجیاتی {عند كل صلاة}، {مع كل صلاة}.

[3] صحيح لغيره: {الصحيحة ١٢١٣} هق (١/٣٨).

سەر دەمی قورئانخوێنەکە، ئیتر وای لێ دێ هەر ئایەتێك بخوێنێ لەناو دەمی فریشتەکەدا دەیخوێنێ.

٤- لەکاتی چوونەوە بۆ ماڵو چوونە ژوورەوە:

لەمیقدامی کوڕی شورەیح ئەویش لەباوکیەوە ریوایەت دەکا کە دەڵێ: پرسیارم لەخاتوو عائیشە کرد وتم: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەگەڕایەوە بۆ ماڵو دەهاتە ژوورەوە بەچی دەستی پێ دەکرد؟ لە وەڵامدا فەرمووی: بەسیواك کردن.[1]

٥- لەکاتی هەڵسان لەخەو:

لەحوذەیفەوە ریوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە هەڵدەستا بۆ شەونوێژ سیواکی دەکرد (دەمی خۆی بەسیواك پاك دەکردەوە).[2]

هەڵکێشانی مووی سپی مەکرووهە

لەعەمری کوڕی شوعەیبەوە لەباوکیەوە، لەباپیریەوە ریوایەت دەکا دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ تَنْتِفُوا الشَّيْبَ مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَشِيبُ شَيْبَةً فِي الإِسْلاَمِ، إِلاَّ كَانَتْ لَهُ نُورًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ».[3] مووی سپی لەسەرو ریشی خۆتان هەڵمەکێشن، چونکە هەر موسوڵمانێك بەئیمانداری مووی سپی ببن ئەو سەرو ریش سپی بوونەی بۆ دەبێتە نوورو ڕوناکی ڕۆژی قیامەت.

---

(١) صحيح (ص. جه ٢٣٥)، م (١/٢٢٠/٢٥٣)، د (١/٨٦)، جه (١/١٠٦/٢٩٠).

(٢) متفق عليه م (١/٢٢٠/٢٥٥) وهذا لفظه، خ (١/٣٥٦/٢٤٥)، جه (١/١٠٦/٢٩٠)، ن (١/٨) ولفظ الثلاثة {إذا قام من الليل}.

(٣) صحيح: (ص. ج ٧٤٦٣)، (١١/٢٥٦/٤١٨٤)، ن (٨/١٣٦).

گۆڕینی نیشانەی پیریو سپی بوونی مووی سەرو ڕیش بەخەنەو وسمەو شتی وا، نادروستی گۆڕینیشی بەڕەنگی ڕەش

لە ئەبو زەڕەوە ریوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنَّ أَحْسَنَ مَا غَيَّرتُمْ بِهِ الشَّيْبَ الْحِنَّاءُ وَالْكَتَمُ».[1] بێگومان باشترین شتێك کەئێوە مووی سپی سەرو ڕیشتانی پێ بگۆڕن خەنەو فلفلی قەرودە.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنَّ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى لاَ يَصْبُغُونَ ، فَخَالِفُوهُمْ».[2] جولەکەو گاور سەروریشیان بەخەنەو وسمە ڕەنگ ناکەن ئێوە پێچەوانەی ئەوان هەڵسوکەوت بکەن.

لە جابیرەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: ڕۆژی ڕزگارکردنی مەککە ئەبو قوحافە هێنرایە خزمەت پێغەمبەر سەروڕیشی وەکوو گوڵە ثوغامە سپی بوو، پێغەمبەر فەرمووی: «غَيِّرُوا هَذَا بِشَيْءٍ وَاجْتَنِبُوا السَّوَادَ». بەشتێك ڕەنگی سەرو قژی بگۆڕن، بەڵام با ڕەنگی ڕەش نەبێ.

لەئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «يَكُونُ قَوْمٌ يَخْضِبُونَ فِي آخِرِ الزَّمَانِ بِالسَّوَادِ كَحَوَاصِلِ الْحَمَامِ لاَ يَرِيحُونَ رَائِحَةَ الْجَنَّةِ»[3]: کەسانێك پەیدادەبن لە ئاخر زەمانا مووی سپی سەرو ریشیان بۆیە دەکەن بە دەرمانی ڕەش وەکوو پەڕی سەر سنگی

---

[1] صحيح (ص. ج١٥٤٦)، (د. ١١/٢٥٩/٤١٨٧)، (ت. ٣/١٤٥/١٨٠٦) جه (٢/١١٩٦/٣٦٢٢)... الكتم: ڕوەکێکە لە کێوەکانی ئەفەریقاو وڵاتە موعتەدیلەکان دەڕوێ، بەرێکی هەیە پێی دەگوترێ: (فلفل القرود) لەگەڵ خەنەو وسمەدا بۆ خەنەبەندان بەکاردەهێندرێن.

[2] صحيح: (ص. ج٤١٧٠)، م (٢١٠٢ – ٩٦ – ٣/١٦٦٣)، و (١١/٢٥٨/٤١٨٦).

[3] صحيح: (ص. ج٨١٥٣)، (١١/٢٦٦/٤١٩٤)، ن (٨/١٣٨).

کۆتر کە بەزۆری پەڕی سەرسنگیان ڕەش دەنوێنێ ئەوانە بۆنی بەهەشت ناکەن.

دابو نەریتی چوونە سەرئاو

١- سوننەتە بۆ کەسێك دەیەوێ دەست بەئاو بگەیەنێ، بڵێ: «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْخُبُثِ وَالْخَبَائِثِ». بەناوی خودا، خودایە من پەنادەگرم بەتۆ لەپیسیو دژوێنی. ئەمەیش بەگوێرەی حەدیثەکەی ئیمامی عەلی خودای لێ ڕازی بێ. کە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «سَتْرُ مَا بَيْنَ أَعْيُنِ الْجِنِّ وَعَوْرَاتِ بَنِي آدَمَ إِذَا دَخَلَ أَحَدُهُمُ الْخَلَاءَ أَنْ يَقُولَ بِسْمِ اللَّهِ».[1] پەردەو ساتری نێوان چاوی جندۆکەو شەرمگای ئادەمیزاد کە یەکێکیان چوو دەست بەئاو بگەیەنێ، ئەوەیە {بسم الله} بکاو ویردی چوونە سەرئاو بخوێنێ.

هەروا بەپێی ئەو فەرموودەی کە ئەنەس ڕیوایەتی دەکا دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەچوو دەست بەئاو بگەیەنێ دەیگوت «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْخُبُثِ وَالْخَبَائِثِ».[2]

٢- سوننەتە کە لەتەوالێت هاتە دەرەوە بڵێ: {غفرانك} خودایە داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەم، ئەمەیش بەگوێرەی حەدیثەکەی خاتو عائیشە کە دەڵێ: پێغەمبەری خودا کە لەئاودەستخانە دەهاتە دەرەوە دەیفەرموو: {غفرانك}[3] خودایە لێخۆشبوونی تۆم دەوێ.

---

[1] صحيح: (ص. ج٣٦١١)، ت (٢/٥٩/٦٠٣) وهذا لفظه، جه (١/١٠٩/٢٩٧) وعنده (إذا دخل الكنيف) بدلاً من (إذا دخل الخلاء).

[2] متفق عليه: خ (١/٢٤٢/١٤٢)، م (١/٢٨٣/٣٧٥) جه (١/١٠٩/٢٩٨) ت(١/٧/٦)، ن (١/٢٠).

[3] صحيح: (ص. ج/٤٧١٤)، د (١/٥٢/٣٠)، ت (١/٧/٧)، جه (١/١١٠/٣٠٠).

٣- سوننەتە کە دەچێتە سەر تەوالێت قاچی چەپی پێش بخا، کەدێتە دەر قاچی ڕاستی پێش بخا، چونکە هەمیشە لای ڕاست بۆ شتی بەڕێز بەکاردەهێندرێ، لای چەپ بۆ شتی بێ ڕێز. لەم بارەیەوە بەشێوەیەکی گشتی ئاثارو فەرمووده ڕیوایەتکراون.[١]

٤- ئەگەر دەست بەئاو گەیاندنەکەی لەساراو بەتاڵاییدا بوو، ئەوە واباشە ئەوەندە دووربکەوێتەوە نەبیندرێ.

لەجابیرەوە ڕیوایەتکراوە دەفەرموێ: لەخزمەتی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) لەسەفەرێکدا چووینە دەر، دەمبینی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کەئیشی سەرئاوی ببوایەو شوێنەکە دەشتو چۆڵەوانی بوایە، ئەوەندە دوور دەکەوتەوە نەبیندرێ.[٢]

٥- سوننەتە بەپێوە عەورەتی خۆی هەڵنەماڵێ، تا لەزەوی نزیك نەبێتەوە خۆی هەڵنەماڵێ.

لەئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە بیویستایە دەست بەئاو بگەیەنێ، تا لەزەوی نزیك نەبوایەوە کراسەکەی هەڵنەدەماڵی.[٣]

٦- دروست نییە لەکاتی دەست بەئاو گەیاندندا ڕوبکرێتە ڕۆگە یان پشتی تی بکرێ. لەساراو بیابان بێ یان لەناو بینادا بێ.

لە ئەبو ئەیوبی ئەنصارییەوە ڕیوایەتکراوە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِذَا أَتَيْتُمُ الْغَائِطَ فَلاَ تَسْتَقْبِلُوا الْقِبْلَةَ وَلاَ

---

[١] السبل الجرار ١/٦٤.

[٢] صحيح: (ص. ج ٤٦٥٢)، (١/٣١/١٤)، من حديث أنس.

[٣] صحيح (ص. ج ٤٦٥٢)، د (١/٣١/١٤)، ت (١/١١/١٤) من حديث أنس.

تَسْتَدْبِرُوهَا، وَلَكِنْ شَرِّقُوا أَوْ غَرِّبُوا ».[1] کەچوونە شوێنی دەست بەئاو گەیاندن نە رووبکەنە قیبلە نە پشتی تێ بکەن، بەڵکوو رووبکەنە خۆرهەڵات یان خۆرئاوا. ئەبو ئەییوبی ئەنصاری دەڵێ: ئێمە چووینە وڵاتی شام بینیمان ئاودەستیان بنیات نابوون روویان لەکەعبە بوو، ئێمە کە چووینە سەریان بۆ دەست بەئاو گەیاندن، خۆمان وەردەچەرخاند بەلای خۆرهەڵات یان خۆرئاوا بۆ ئەوەی لەوکاتەدا روومان لە کەعبە نەبێ‌و ئەستەغفیروڵلامان دەکرد.

٧- هەروەها خۆ خاڵی کردن‌و پیسایی کردن لەسەر رێگای خەڵك‌و ژێر سێبەریاندا حەرامە.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: (اتَّقُوا اللاعنين) خۆتان بپارێزن لەدوو شت کە دەبنە هۆی نەفرین لێ کردنتان، هاوەڵان عەرزیان کرد ئەی پێغەمبەری خودا! ئەو دوو شتە چین کە دەبنە هۆی نەفرین کردنی خەڵك لێمان؟

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: (ألذي يتخلّى في طريق الناس أو في ظِلِّهم)[2] ئەوکەسەی لەسەرە ڕێگا دەست بەئاو دەگەیەنێ یان لەژێر سێبەرو شوێنی حەسانەوەیان.

٨- مەکروهەو ناپەسەندە میزکردن لە حەمام‌و شوێنی خۆشتن.

لە حومەیدی ئەلحیمیەرییەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: توشی پیاوێك بووم هاوەڵی پێغەمبەری کردبوو، وەکوو چۆن ئەبو هورەیرە هاوەڵی پێغەمبەری

صحيح: (مختصر م (١٠٩)، (ص. د/٧٠).

صحيح: (ص. ج ١١٠)، د (١/٤٧/٢٥)، م (١/٢٢٦/٢٦٩) ولفظه: (اللعانين) قالوا وماللعانان)؟

كردووه. دەڵێ پێغەمبەری خودا نەی لەوە كردووە كەیەكێك لەئێمە هەمووی ڕۆژێ مووی سەرو ریشی بەشانە بكا، یان لەشوێنی خۆشتنیدا میز بكا.[1]

٩- میزكردنە ناو ئاوی ڕاوەستاوەوە حەرامە.

لە جابیرەوە ڕیوایەتكراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی كرد لەوەی میز بكرێتە ناو ئاوی ڕاوەستاوەوە.[2]

١٠- میزكردن بەپێوە دروستەو بەدانیشتنەوە باشترە.

لە حوذەیفەوە ڕیوایەتكراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) گەیشتە سەرانگوێلكی هۆبەو خێڵێكو بەڕاوەستانەوە میزی كرد، منیش دووركەوتمەوە، فەرمووی: نزیك بەرەوە، نزیك بوومەوە هەتا وام لێ هات كەوتمە دوا پاژنە پێیەوە ڕاوەستام، پاشان دەستنوێژی گرتو لەسەر خوفەكانی مەسحی كرد.[3]

بۆیە گوتمان دەست بەئاو گەیاندن بەدانیشتنەوە باشترە، چونكە ئەوە دابو نەریتی زۆربەو نیمچە هەمیشەیی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بووە، تەنانەت خاتو عائیشە فەرموویەتی (هەركەس بۆی گێڕانەوە كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەپێوە میزی كردووە، بڕوای پێ مەكەن. پێغەمبەر هەر بەشێوەی دانیشتنەوە میزی كردووە.[4]

قسەكەی خاتو عائیشە نەفی ئەو مانایە ناكا، كەحەدیثەكەی حوذەیفە دەیگەیەنێ، چونكە خاتو عائیشە هەواڵی لەشتێك داوە كە بینیویەتی.

---

[1] صحيح: (ص. ن ٢٣٢)، ن (١/١٣٠)، د (١/٥٠/٢٨).

[2] صحيح: (ص. ج ٦٨١٤)، م (١/٢٣٥/٢٨١)، ن (١/٣٤).

[3] متفق عليه: م (١/٢٢٨/٢٧٣)، ت (١/١١/١٣)، خ (١/٣٢٩/٢٢٥)، ن (١/١٩)، د (١/٤٤/٢٣)، جه (١/١١١/٣٠٥).

[4] متفق عليه: خ (١/٣١٧/٢١٦)، م (١/٢٤٠/٢٩٢)، ت (١/٤٧/٧٠).

حوذەیفەیش هەواڵی لەوە داوە کە دیویەتی. ئاشکراشە قسەی چەسپێنەر پێش دەخرێ بەسەر قسەی نەفی کاردا، چونکە چەسپێنەر زێدە زانیاری هەیە. (ان المثبت مقدم على النا في لان معه زيادة علم).

١١- خۆ پاککردنەوە لەمیز پێویستە.

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەلای دوو گۆڕدا تێپەڕی، فەرمووی: « إِنَّهُمَا لَيُعَذَّبَانِ وَمَا يُعَذَّبَانِ فِي كَبِيرٍ أَمَّا أَحَدُهُمَا فَكَانَ لاَ يَسْتَنْزِهُ مِنْ بَوْلِهِ وَأَمَّا الآخَرُ فَكَانَ يَمْشِي بين الناس بِالنَّمِيمَةِ».[1] ئەم دوو گۆڕە سزا دەدرێن، سزادانەکەشیان بەهۆی تاوانی گەورەوە نییە، یەکێکیان لەسەر ئەوە سزا دەدرێ: کەخۆی لەمیز پاك نەکردۆتەوە، ئەویتریان لەسەر ئەوە سزا دەدرێ: کەفیتنەیی لەنێوانی خەڵکدا کردووە.

١٢- نابێ لەکاتی میزکردندا بەدەستی ڕاستی ذەکەری خۆی بگرێ، هەروا نابێ بەدەستی ڕاستی خۆی پاك بکاتەوە.

لە ئەبو قەتادەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « إِذَا بَالَ أَحَدُكُمْ فَلاَ يَمَسَّ ذَكَرَهُ بِيَمِينِهِ وَلاَ يَسْتَنْجِ بِيَمِينِهِ».[2] ئەگەر یەکێك لەئێوە میزی کرد، با بەدەستی ڕاستی ذەکەری خۆی نەگرێ هەروا بەدەستی راستی خۆی پاك نەکاتەوە.

١٣- دروستە خۆپاککردنەوە بەئاو یان بە بەردو هەرشتێکی لەو جۆرە. بەڵام بەئاو چاکترە.

---

[1] متفق عليه: خ (١/٣١٧/٢١٦)، م (١/٢٤٠/٢٩٢)، ت (١/٤٧/٧٠)، د (١/٤٠/٢٠).

[2] صحيح: (ص. جـه. ٢٥٠)، جـه (١/١١٣/٣١٠) هـذا لفظـه ورواه: خ (١/٢٥٤/١٥٤)، م (٢٦٧/١/٢٢٥)، د (١/٥٣/٣١)، ت (١/١٢/١٥) مطولاً مختصراً.

له ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) دەچووە سەرئاو، ئەمنو کوڕێکی تر لەتەمەنی مندا دۆڵچە ئاوو گۆچانەکەمان بۆ هەڵدەگرت، دەمدی بەئاو خۆی پاك دەکردەوە.[1]

هەروا له خاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « إِذَا ذَهَبَ أَحَدُكُمْ إِلَى الْغَائِطِ فَلْيَذْهَبْ مَعَهُ بِثَلاَثَةِ أَحْجَارٍ يَسْتَطِيبُ بِهِنَّ فَإِنَّهَا تُجْزِئُ عَنْهُ».[2] ئەگەر یەکێك لەئێوە چوو دەست بەئاو بگەیەنێ، با لەگەڵ خۆی سێ بەرد بەرێ خۆیان پێ پاك بکاتەوە، ئەوە کیفایەتیەتی.

١٤- نابێ بە کەمتر لەسێ بەرد خۆ پاك بکاتەوە.

له سەلمانی فارسیـیەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) هاتووە: کە لێی پرسیار کراو پێی گوترا: ئێوە پێغەمبەرەکەتان هەموو شتێکی فێر کردوون تەنانەت چۆنیەتی میزو پیسایی کردنو دەست بەئاو گەیاندن! وتی بەڵێ: بێگومان پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) نەهی لێ کردووین کە لەکاتی میز کردنو پیسایی کردندا ڕوو بکەینە قیبلە یان پشتی تێ بکەین. هەروا نەهی لێ کردووین کە بەدەستی ڕاست خۆمان پاك بکەینەوە، یان بەکەمتر لەسێ بەرد خۆمان پاك بکەینەوە، یان بەتەپاڵەو تەرسەقولو شتی وا خۆمان پاك بکەینەوە. یان بەئێسقان.[3]

١٥- دروست نییە بەئێسقانو تەپاڵەو قشپلو شتی وا خۆپاك بکەینەوە.

---

[1] متفق علیه: خ (١٥٢/٢٥٢/١)، م (٢٢٧/٢٧١/١)، ن (٤٢/١) ولیس عند ذکر العنزة.

[2] صحیح: (ص.ن ٤٣) ن(٤٢/١)، د (٤٠/٦١/١).

[3] صحیح: (ص. جه ٢٥٥)، م (٢٦٢/٢٢٣/١)، ت (١٦/١٣/١)، د (٧/٢٤/١)، جه (٣١٦/١١٥/١)، ن (٣٨/١).

لەجابیرەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی کردووە لەوەی بۆ خۆپاك کردنەوە لەمیزو پیسایی ئێسقانو قشپڵو تەپاڵەو شتی وا بەکاربهێندرێو مەسحی شوێنی لێ هاتنە دەرەوەی پیساییەکەی پێ بکرێ.[1]

١٦- سوننەتە دوای دەست بەئاو گەیاندنو خۆپاککردنەوە ئاو لە نافۆکی بڕشێنێ. بەم جۆرە کەمێك ئاو بە لوێچی لەنافۆکی بڕشێنێ بۆ ئەوەی وەسوەسەو خوتەخوت لەخۆی دوور بخاتەوە.[2]

لە سوفیانی کوڕی ئەلحەکەم ڕیوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەچوو سەرئاو میزی دەکرد، دوایی دەستنوێژی دەگرتو ئاوی لەنافۆکی خۆی دەرشاند[3]. لەسەعیدی کوڕی جوبەیرەوە ڕیوایەتکراوە کەپیاوێك هاتە لای ئیبنو عەبباس وتی: من کە هەڵدەستم بۆ نوێژ هەست بەتەڕایەك دەکەم، ئیبنو عەبباس پێی گوت: بە پیاڵە ئاوێك نافۆکی خۆت بڕشێنە، دوایی کە هەستت بەتەڕایی کرد دڵی خۆت ببەرە سەر ئەوە کە تەڕاییەکە لەوەوەیە. پیاوەکە ڕۆیی‌و ماوەیەکی پێ چوو دوایی هاتەوە بۆلای ئیبنو عەبباس پێی وابوو ئەو وەسوەسەو ختوکەیەی نەماوە.[4]

---

[1] صحيح: (ص. ج ٦٨٢٧)، م (١/٢٢٤/٢٦٣)، د (١/١٠/٣٨).

[2] فتح الباری (١١/٣٣٨).

[3] صحيح: (ص. د ١٥٢)، د (١/٢٨٥/١٦٥)، ن (١/٨٦) جه (١/١٥٧/٤٦١)، هق (١/١٦١).

[4] هق (١/١٦٢).

باسی قاپو قاچاغی ناو ماڵ
(باب الآنية)

بەکارهێنانی قاپو قاچاغی ناوماڵ لەهەر مادەیەك بێ دروستە جگە لە قاپو قاچاغی لەزێڕو زیو دروستکراو، ئەوەی لەو دوو مادەیە دروست کرا بێ خواردنو خواردنەوەیان تێدا حەرامە، بەڵام بەکارهێنانیان بۆ مەبەستی تر حەرام نییە.

لە حوذەیفەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « لاَ تَشْرَبُوا فِى آنِيَةِ الْفِضَّةِ وَالذَّهَبِ ، وَلاَ تَلْبَسُوا الدِّيبَاجَ وَالْحَرِيرَ ، فَإِنَّهُ لَهُمْ فِى الدُّنْيَا وَلَكُمْ فِى الآخِرَةِ».[1] لەقاپو پیاڵەی زێڕو زیودا شت مەخۆنەوە، ئاوریشمو دێباج مەپۆشن، ئەوە لەدونیادا بۆ ئەوانی ناموسوڵمانەو لەقیامەت بۆ ئێوەیە.

لە ئوممو سەلەمەوە ڕیوایەتکراوە دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « الَّذِى يَشْرَبُ فِى إِنَاءِ الْفِضَّةِ إِنَّمَا يُجَرْجِرُ فِى بَطْنِهِ نَارَ جَهَنَّمَ». رواه البخاری ومسلم، ولمسلم: « أَنَّ الَّذِى يَأْكُلُ أَوْ يَشْرَبُ فِى آنِيَةِ الْفِضَّةِ وَالذَّهَبِ ». ئەو کەسەی لەقاپو پیاڵەی زیودا شت بخواتەوە، ئەوە ئاگری دۆزەخ هەڵدەقوڕێنێتە ورگی خۆیەوە، دەقی ئیمامی موسلیم بەم شێوەیە (ئەوکەسەی شت دەخوا یان دەخواتەوە لەقاپو پیاڵەی زیوو زێڕدا.......).

ئیمامی موسلیم دەفەرموێ: لەدەقی حەدیثی هیچ کامێ لەوانەی ئەو فەرموودەیان ڕیوایەت کردووە باسی {الأكل}و {الذهب}ی تێدا نیە جگە لەحەدیثی (ئیبنو مسهر).

---

[1] متفق علیه: خ (١٠/٩٦/٥٦٣٣)، م (٣/١٦٣٧/٢٠٦٧)، ت (٣/١٩٩/١٩٣٩)، د (١٠/١٨٩/٣٧٠٥)، جه (٢/١١٣٠/٣٤١٤) بدون النهی عن الحرية والديباج، ن (٨/١٩٨).

شێخی ئەلبانی دەڵێ: ئەم زێدەیە شازو دەگمەنە لەڕوی ڕیوایەتەوە هەرچەندە لەڕوی دیرایەتەوە ماناکەی صەحیحە. چونکە ئاشکرایە {ألأكل}و {الذهب} کاریگەریان زیاترە لە (خواردنەوە) و لە (زیو).[1]

خۆپاککردنەوەو دەستنوێژگرتن بۆ نوێژ
(الطهارة للصلاة)

لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: بەگوێی خۆم لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو: (لاَ تُقْبَلُ صَلاَةٌ بِغَيْرِ طُهُورٍ).[2] بەبێ دەستنوێژگرتنو خۆپاککردنەوە نوێژ دروست نیەو لای خودا قبوڵ نابێ.

خۆ پاککردنەوەو دەستنوێژگرتن دوو جۆرە: (خۆپاککردنەوە بەئاو، خۆپاککردنەوە بەخاک).

یەکەم: خۆ پاککردنەوە بەئاو: دەستنوێژگرتن، غوسڵ کردن.

دەستنوێژو چۆنیەتی بەئەنجامدانی

لە حومرانەوە – کە مەولای عوسمان بووە – ڕیوایەتکراوە دەڵێ: عوسمانی کوڕی عەففان (ڕەزای خودای لێ بێ) داوای ئاوی کرد بۆ دەستنوێژ گرتن، ئاویان بۆ هێنا هەردوو دەستی تا مەچەکی سێ جار شت. پاشان ئاوی لەدەمی وەرداو ئاوی لە لوتی رادا، ئەمجار سێ جار دەموچاوی خۆی شتن، پاشان سێ جار دەستی ڕاستی خۆی لەگەڵ ئەنیشکیدا شتن، ئەمجار دەستی چەپیشی بەوجۆرە شت، پاشان دەستی تەڕی بەسەر سەری خۆیدا هێنا، ئەمجار قاچی ڕاستی تا قولەپێی سێ جار شتن، پاشان قاچی چەپیشی

---

[1] الإرواء: ١/٩٦.

[2] متفق عليه: م (١/٢٠٤/٢٢٦) وهذا لفظه، خ (١/٢٦٦/١٦٤)، د (١/١٨٠/١٠٦)، ن (١/٦٤).

بەوجۆرە شت، ئەمجار فەرمووی: پێغەمبەرم دیوە بەم دەستنوێژ گرتنەی من دەستنوێژی دەگرت. پاشان فەرمووی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « مَنْ تَوَضَّأَ نَحْوَ وُضُوئِي هَذَا ثُمَّ قَامَ فَرَكَعَ رَكْعَتَيْنِ لاَ يُحَدِّثُ فِيهِمَا نَفْسَهُ غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ». [1] کەسێك دەستنوێژ بگرێ بەم شێوە دەستنوێژ گرتنەی من، پاشان دوو ڕکات نوێژ بکا تێیاندا خەیاڵی نەڕوا بەملاو ئەولادا ئیللا لەتاوانی لەوەپێشی لێخۆشبوونی بۆ دەستەبەر دەبێ.

ئیبنو شیهاب دەڵێ: زانایانی ئیسلام فەرموویانە: ئەم دەستنوێژ گرتنە تەواوترین دەستنوێژ گرتنە کە یەکێك پەیڕەوی بکاو ئاوا دەستنوێژ بگرێ.

مەرجەکانی صیحەتی دەستنوێژ

١- نیەتهێنان، چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ». [2] کردەوە بەگوێرەی نیەتە، هەموو کردارێك بەگوێرەی نیاز پاداش‌و سزای لەسەر وەردەگیرێتەوە. نیەت بەدڵەو پێویست ناکا بەزوبان بیڵێ، چونکە لە پێغەمبەرەوە نەچەسپاوە.

٢- بیسمیلا کردن لەسەرەتای دەستنوێژ گرتندا. ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «لاَ صَلاَةَ لِمَنْ لاَ وُضُوءَ لَهُ وَلاَ وُضُوءَ لِمَنْ لَمْ يَذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ تَعَالَى عَلَيْهِ». [3] نوێژ بەبێ دەستنوێژ دروست نیە، دەستنوێژگرتنیش بەبێ بیسمیلا کردن لەسەرەتای دەستپێکردنیدا، نایەتەدی.

---

[1] متفق عليه: م (١/٢٠٤/٢٢٦) وهذا لفظه. خ (١/٢٦٦/١٦٤)، د (١/١٨٠/١٠٦).

[2] متفق عليه: خ (١/٩/١)، م (٣/١٥١٥/١٩٠٧)، د (٦/٢٨٤/٢١٨٦)، ت (١٦٩٨/٣/١٠٠).

[3] حسن: (ص. جه ٣٢٠)، د (١/١٧٤/١٠١)، جه (١/١٤٠/٣٩٩).

عەللامـەی دەهلـەوی لـەکتێبی (حجـة الله البالغـة ١/١٧٥)دا دەفـەرموێ: ئەمە دەقێکی صەریحە لەسەر ئەوە کە: (بیسمیلا کـردن) روکنـی دەسـتنوێژە، یـان مـەرجی سـەرەکیەتی، دەشـگونجێ مانـای فەرموودەکـە ئـەوەبێ: دەسـتنوێژگرتن بـەبێ (بیـسمیلا کـردن) تـەواو نابـێ، بـەڵام مـن ئـەم مانـاو تەئویلە ناچێ بەدڵداو پێم وایـە مانایەکی دوورەو ئـەو وشـەو ڕستەیە ئـەو مانایە لەخۆ ناگرێ.

٣- مـوالات لـەنێوان شـتنو مەسـحکردنی ئەنـدامی دەسـتنوێژدا. واتـە: بەشوێن یەکتردا ئەندامەکانی جەستەی بەبێ وەغراندن بـشۆرێ یـان مەسـحی بکـا. ئەمـەیش بـەپێی ئـەو حـەدیثـەی خالیـدی کـوڕی مەعـدان ریوایـەتی کـردووەو دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) پیـاوێکی بینـی دەستنوێژی شتبوو نوێژی دەکرد، بە ئەندازەی درەمێك لەپشتە پێی ئاوی ڕێ نەکەوتبوو، ئەوەبوو پێغەمبەر فەرمانی پێ کـرد سـەرلەنوێ دەسـتنوێژەکەی بشواتەوەو نوێژەکەشی دووبارە بکاتەوە.[1]

ئەگـەر مـوالاتو بەشـوێن یەکدا شـتن واجـب نەبوایـە، تـەنها شـتنی ئـەو پارچـەیەی ئـاوی نـەرێ کـەوتبوو کیفایـەت بـوو، لەلایـەکی تـرەوە دەسـتنوێژ عیبـادەتو خوداپەرسـتیە، نەشـتنی بەشـێك لـەو شـوێنانەی شـتنیان واجبـە دەستنوێژەکە پوچەڵ دەکاتەوە. لەبەرئەوە مـوالات لەشـتنی ئەندامەکانـدا بـە مەرج دانراوە، لەلایەکی تـرەوە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) هـەر بەشـێوەی مـوالات دەسـتنوێژی گرتـووەو فەرمانیـشی بـەو کەسـە کـردوە کـە پەیرەوی موالاتی نەکردبوو کە دەستنوێژەکەی دووبارە بکاتەوە.[2]

---

[1] صحيح: (ص. د ١٦١)، د (١/١٩٦/١٧٣).

[2] المغني لابن قدامة (١٣٨ ء ١/١٣٩).

فەرزەکانی دەستنوێژ

١ ، ٢- شتنی دەم‌و چاو وێڕای ئاو لەدەم رادان‌و ئاو لەلوت رادان.

٣- شتنی هەردوو دەست تا ئەنیشك دەبێ ئەنیشکیش بشۆرێ.

٤ ، ٥- مەسحکردنی سەر هەمووی: هەردوو گوێچکەش دەچنە چوارچێوەی مەسحەکەوە.

٦- شتنی هەردوو قاچ هەتا قولەپێ.

پەروەردگار دەفەرموێ: (إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاَةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ).[1] ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە بە تاك‌و تەنهایی خوداو پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد هەرکاتێك ویستتان نوێژبکەن دەستنوێژ بگرن بەم جۆرە: روخسارتان بشۆرن، ئەمجار هەردوو دەستتان لەگەڵ هەردوو ئانیشکتاندا بشۆرن، بە ئاوێکی تازە دەستی تەڕ بهێنن بەسەر سەرتانداو سەرتان تەڕبکەن، ئەوجا قاچەکانتان لەگەڵ قولەپێتان بشۆرن.

ئەوە کەگوترا: ئاو لەدەم رادان‌و ئاو لە لوت وەردان دەچنە چوارچێوەی شتنی دەم‌و چاو لەم رووەوەیە: کە پەروەردگار لە قورئاندا فەرمانی کردووە بەشتنی دەم‌و چاو، ئەوەش چەسپاوە: کە پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) بەردەوام لەگەڵ شتنی دەم‌و چاوی ئاو لەدەم رادان‌و ئاو لەلوت وەردانی ئەنجام داوە، هەموو ئەوانەی شێوەی دەستنوێژ هەڵگرتنی پێغەمبەریان ریوایەتکردووە چۆنیەتی شتنی ئەندامەکانی دەستنوێژی ئەویان رونکردۆتەوە، ئاو لەدەم رادان‌و ئاو لەلوت وەردانیان باس کردوە. ئەمە ئەوە

[1] المائدة/٦.

دەگەیەنێ: کە فەرمان کردن بەشتنی دەم‌و چاو لە قورئاندا ئاو لەدەم وەردان‌و ئاو لەلوت وەردانیش دەگرێتەوە.[١]

لەلایەکی ترەوە لە فەرمودەیەکدا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی بەئاو لەدەم رادان‌و ئاو لەلوت وەردان کردوە لەگەڵ شتنی دەم‌و چاودا. دەفەرموێ: «وَإِذَا تَوَضَّأَ أَحَدُكُمْ فَلْيَجْعَلْ فِي أَنْفِهِ مَاءً ثُمَّ لِيَنْتَثِرْ». [٢] ئەگەر یەکێك لەئێوە دەستنوێژی گرت با ئاو لەلوتی راداو پاشان فم بکا. هەروا لەفەرمودەیەکی تریدا دەفەرموێ: « بَالِغْ فِي الاِسْتِنْشَاقِ إِلاَّ أَنْ تَكُونَ صَائِمًا». [٣] زێدەرەوی بکە لەئاو لەلوت وەرداندا مەگەر بەرۆژوبێ. هەروا ئاماژە بە فەرموودەیەکی تر: کە دەفەرموێ: « إِذَا تَوَضَّأْتَ فَمَضْمِضْ»[٤]: کە دەستنوێژت گرت ئاو لەدەم رادە (واتە: لەگەڵ شتنی روخسار ئاو لەدەمت رادە).

پێویستی مەسحکردنی هەموو سەر لەبەر ئەوەیە فەرمان بە مەسحکردنی سەر لە قورئاندا موجمەلە پێویستە رون بکرێتەوە بە حەدیث، لە صەحیحەین‌و شوێنی تریش ئەوە چەسپاوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) مەسحی هەموو سەری کردووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە لە دەستنوێژ گرتندا پێویستە هەموو سەر مەسح بکرێ.

لە عەمری کوڕی یەحیای مازنی‌یەوە ئەویش لە باوکییەوە ڕیوایەت دەکا دەڵێ: پیاوێك بە عەبدوڵڵای کوڕی زەیدی گوت - کە باپیری عەمری

---

[١] السيل الجرار/١/٨١

[٢] صحيح: (ص.ج٤٤٣)، د(١/٢٣٤/١٤٠)، ن(١/٦٦).

[٣] صحيح (ص. د ١٢٩، ١٣١)، د(١/١٤٤/١٤٢).

[٤] صحيح (ص. د ١٢٩، ١٣١)، د(١/١٤٤/١٤٢).

کوڕی یەحیایە – ئەریٚ دەتوانی پێم بڵێی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) چۆن دەستنوێژی هەڵدەگرت؟

عەبدوڵڵای کوڕی زەید وتی: بەڵێ. ئەوەبوو پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) داوای کرد ئاویان بۆهێنا، هەردوو دەستی تا مەچەکی دووجارشتن، پاشان ئاوی لەدەم راداو ئاوی لە لوت وەردا سێ جار. ئەمجار سێ جار روخساری خۆی شت. پاشان دووجار دەستی بە ئانیشکیەوە شتن. ئەمجار دەستی تەڕی بەسەر سەری خۆیدا هێنا بۆ دواوەو بۆ پێشەوە، لەپێشە سەرییەوە دەستی تەڕی دەبرد بۆ پاشە سەری‌و پشتە ملی، ئەمجار دەیهێنایەوە پێشە سەری. پاشان هەردوو قاچی بە قولە پێکانیشیەوە شت.[1]

ئەگەر بگوترێ: لەو حەدیثەدا کە موغەیرە ڕیوایەتی کردوە، ئەوە دەگەیەنێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ناوچەوان‌و پێشە سەری مەسح کردوە، لەسەر میزەرەکەیەوە مەسحی کردوە؛

وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە دەڵێین: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کە بیندراوە تەنها پێشە سەری مەسح کردوە، ئەوە باقی سەری لەسەر میزەرەوە مەسح کردوە، ئێمەیش ئەوە دەڵێین: حەدیثەکەی موغەیرە ئەوە ناگەیەنێ: کە تەنها پێشە سەری مەسح کردبێ یان بەشێکی مەسح کردبێ، بەبێ ئەوەی باقی سەری لەسەر مێزەرەوە مەسح نەکردبێ.[2]

---

[1] متفق علیه: خ(١/٢٨٩/١٨٥)، م(٢٣٥/٢١٠، ٢١١/١)، د(١/٢٠٨/٢٠٥/١١٨)، ت(١/٢٥/٣٢)، ن(١/٧٢/٧١) جة(٤٣٤/١٤٩ و ١/١٥٠).

[2] تەفسیری ئیبنو کەثیر (٢/٢٤).

بەكورتی مەسح كردنی سەر هەمووی واجبە[1] ئەمجار مەسحكەر بەویستی خۆی دەتوانێ سەری مەسح بكا، دەتوانێ لەسەر مێزەرەوە مەسحی بكا، دەتوانێ هەندێكی سەری مەسح بكاو باقی ماندەی لەسەر مێزەرەوە مەسح بكا، هەموو شێوەكان صەحیحو راستو دروستن.

باسی ئەوە كە دوو گوێچكە داخلی سەرنو دەبێ مەسح بكرێن، فەرموودەی پێغەمبەرە كە دەفەرموێ: «الأُذُنَـانِ مِـنَ الـرَّأسِ». دوو گوێچكە بەشێكن لەسەرو مەسح كردنیان واجبە.

لەم حەدیثەی دوایی دێ چۆنیەتی مەسح كردنی گوێچكەمان بۆ رون دەكاتەوە.

لە عەبدوڵلای كوڕی عەمری كوڕی (ألعاص) ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عەرزی كرد: ئەی پێغەمبەری خودا! دەستنوێژ گرتنو خۆ پاككردنەوە لەبێ دەستنوێژی چۆنە؟ تەشریفی داوای ئاوی كرد لەمەسینەیەكدا بۆیان هێنا، سەرەتا سێجار دەستو مەچەكی شتن، پاشان سێجار دەمو چاوی شتن، ئەمجار سێجار مەچەكو باسكی خۆی شتن، پاشان مەسحی سەری كرد، هەردوو پەنجەی شایەتومانی خستە ناو گوێچكەیەوەو بەهەردوو قامكە گەورەی مەسحی دیوی دەرەوەی گوێچكەكانی كرد، پاشان هەردوو قاچی بەقولە پێیەوە سێجار سێجار شتن. ئەمجار فەرمووی: « هَكَذَا الْوُضُوءُ فَمَنْ زَادَ عَلَى هَذَا أَوْ نَقَصَ فَقَدْ

---

[1] بەلای مەزهەبی شافیعییەوە بەشێكی سەر - با كەمیش بێ - مەسح بكرێ كیفایەتە.

أَسَاءَ وَظَلَمَ أَوْ ظَلَمَ وَأَسَاءَ». دەستنوێژگرتن ئاوایە کەسێك لێی زیاد بکا، یان لێی کەم بکاتەوە ستەمی کردوە.[١]

٧- بەدەستی تەڕ هاژنینەوەی ریش (واتە پەنجە خستنە ناو ریش). ئەمەش بەپێی حەدیثی ئەنەسی کوڕی مالیك: کە دەڵێ: پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەستنوێژی دەگرت لوێچێکی ئاو هەڵدەگواستو دەستی تەڕی دەخستە ژێر مووی ریشیەوەو هەولی دەدا بنکی مووەکان باش تەڕببنو دەیفەرموو: «هَكَـذَا أَمَرَنِـي رَبِّـي عَـزَّ وَجَـلَّ».[٢] پەروەردگارم ئاوا فەرمانی پێ کردم.

٨- ئاژنینەوەی نێوان پەنجەکانی دەستو قاچ. ئەمەش بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ): کە فەرموویەتی: «أَسْبِغِ الْوُضُوءَ وَخَلِّلْ بَيْنَ الأَصَابِعِ وَبَالِغْ فِي الاِسْتِنْشَاقِ إِلاَّ أَنْ تَكُونَ صَائِمًا».[٣] بەباشیو بەتەواوی دەستنوێژ بشۆرەوە، نێوانی پەنجەکانی دەستو قاچت بئاژنەوە، زێدەڕەوی بکە لەئاو لەدەم وەرداندا مەگەر بەڕۆژوبێ.

لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعودەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: {لتنهكُنّ الأصابع بالطهور، أو لتَنهكَنّها النار}[٤] بەئاو باشباش نێوان پەنجەکان دەهاژننەوە، یان رۆژی قیامەت ئاگر دەچێتە ناویانەوەو بەئاگر دەئاژێندرێنەوە.

---

[١] حسن صحيح دون قوله (أو نقص) فأنه شاذ (ص.د/١٢٣، د ١/٢٤٥/١٣٥). (جة ١/١٤٦/٤٢٢).

[٢] صحيح: (الإرواء/٩٢)، د(١/٢٤٣/١٤٥)، هق(١/٥٤).

[٣] صحيح: لەباسی فەرزی دەستنوێژدا ئامازەی پێ کرا.

[٤] حسن صحيح (ص. تغ: ٢١٨)، طس (٣/١٩١/٢٦٩٥).

چۆن پەنجەی قاچەکانی دەهاژێنێتەوە؟

لـە (ألمستورد)ی کـوڕی شـەددادەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەرم (دروودی خودای لەسەر بێ) بینی ناو پەنجەکانی قاچی بـە پەنجە بـچکۆلەی دەهاژنیەوە.[1]

سوننەتەکانی دەستنوێژ

١- سـیواك کـردن: لـە ئـەبو هـورەیرەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسـەر بـێ) فـەرمووی: « لَـوْلاَ أَنْ أَشُـقَّ عَلَـى أُمَّتِـي لأَمَـرْتُهُمْ بِالـسِّوَاكِ مَـعَ كُـلِّ وضُـوءٍ».[2] ئەگـەر لەبەرئـەوە نەبوایـە دەبـوە ئـەرکی زۆر بەسەر ئوممەتمەوە فەرمانم پێ دەکردن لەگـەڵ هـەموو دەسـتنوێژ گرتنێکـدا سیواك بکەن.

٢- شتنی هەردوو دەستو مەچەك سێجار لەسەرەتای دەسـتنوێژگرتندا چونکە چەسپاوە لە عوسمـانی کـوڕی عەففانـەوە: کـە باسـی دەسـتنوێژگرتنی پێغەمبەری گێڕایەوە، دەڵێ: پێغەمبەر سێجار دەستو مەچەکی شتن.[3]

٣- کۆکردنەوە لەنێوان ئاو لەدەم رادانو ئاو لەلوت وەردان بەیـەك لـوێچ ئاو سێجار. ئاماژە بە حەدیثی عەبـدوڵڵای کـوڕی زەیـد دەربـارەی فێرکردنـی چۆنیەتی دەسـتنوێژ گرتنی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ): کە دەڵـێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسـەر بێ) بە لوێـچێك ئـاو ئـاو لـەدەم رادانو ئـاو لە لوت وەردانی ئەنجامدا سێجار.[4]

---

[1] صحيح (ص.جة: ٣٦٠)، جة(١/١٥٢/٤٤٦)، د(١/٢٥٢/١٤٨).

[2] صحيح: لەباسی سیواکدا تێپەڕی.

[3] صحيح: لەوەپێش لەباسی چۆنیەتی دەستنوێژدا باس کرا.

[4] صحيح: (مختصر.م/ ١٢٥)، (١/٢١٠/٢٣٥).

٤- زێدەڕەوی کردن لەناو لەدەم رادانو ئاو لەلوت وەردان بۆ کەسێك بەرۆژو نەبێ. بەگوێرەی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: (وَبَالِغْ فِي الاِسْتِنْشَاقِ إِلاَّ أَنْ تَكُونَ صَائِمًا).[١]

٥- پێش خستنی لای راست بەسەر لای چەپدا. ئاماژە بە حەدیثی خاتو عائیشە: کە دەفەرموێ: پێغەمبەری خودا، راست پێشخستنی پێ خۆش بوو لەهەموو شتێکدا؛ لە پێلاو لەپێ کردندا لە بەشانەکردندا، لەشتنی ئەندامەکانی جەستەی دا، لەهەموو کاروبارێکی دا.[٢]

هەروەها بەگوێرەی حەدیثی عوسمان کە لەمیانەی گێڕانەوەی چۆنیەتی دەستنوێژ هەڵگرتنی پێغەمبەردا (درودی خودای لەسەر بێ) دەڵێ: تەشریفی لای راستی شت، ئەمجار لای چەپی شت.

٦- دەست پێداهێنانی ئەو ئەندامانەی جەستە: کە لە دەستنوێژدا دەشۆردرێن. ئەمەش بەپێی حەدیثی عەبدوڵلای کوڕی زەید: کە بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێ سێیەکەمودێك ئاو هێنرایە خزمەت پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەستنوێژی پێ شت، لەکاتی دەستنوێژ گرتنەکەیدا دەستی بە ئەندامەکانی جەستەیدا دەهێنا دەستەکانی رێی باسکی دەخستن.[٣]

٧- شتنەکانی ئەندامی دەستنوێژ سێ جار، لەبەر حەدیثی عوسمان کە دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەستنوێژی هەڵگرت سێ جار سێ جار ئەندامەکانی جەستەی شتن، ئەوەش چەسپاوە: کە تەشریفی

---

[١] صحيح: (لەباسی فەرزەکانی دەستنوێژدا تێپەڕی).

[٢] متفق عليه: (١٦٨/١/٢٦٩)، م(٢٦٨/١/٢٢٦)، (٤١٢٢/١١/١٩٩)، ن(١/٧٨).

[٣] اسناده صحيح: (ص.خز: ١١٨/١/٦٢).

دەستنوێژی گرتووە یەکجار یەکجار ئەندامەکانی شتووە، وایش بووە دووجار دووجار شتونی.[1]

سوننەت وایە مەسحکردنی سەر دووبارەو سێ بارە بکرێتەوە، چونکە لە عوسمانـەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) دەستنوێژی گرت سێ جار مەسحی سـەری کـرد. وتـی پێغەمبـەرم بینـی ئـاوا دەستنوێژی هەڵگرت.[2]

٨- تەرتیبو یەك بەدوای یەکدی شتنی ئەندامەکانی دەسـتنوێژ. چـونکە زۆربەی دەستنوێژگرتنی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) تەرتیبی تێـدا بووە، هەموو ئەوانەی شێوەی دەسـتنوێژهەڵگرتنی پێغەمبـەریان گێڕاوەتـەوە ئەومیان چەسپاندووە. بەڵام لەهەمان کاتدا ئەوەش چەسپاوەو لـە (المقدام)ی کـوڕی مەعدیکەریبـەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: بـڕێ ئـاوم هێنایـە خزمـەتی پێغەمبـەر (درووی خـودای لەسـەر بـێ) تەشـریفی دەسـتنوێژی هـەڵگرت. سـەرەتا دەسـتو مەچـەکی سـێ جار شـتن. ڕوخساری سـێ جـار شـت، پاشـان هەردوو باسكو قۆڵی سێ جار شتن، پاشان ئاوی لەدەمی ڕاداو ئـاوی لـە لـوتی وەردا سـێ جـار، پاشـان مەسـحی سـەریو دوو گوێـچکەی کـرد.... تـا کۆتـایی حەدیثەکە.[3]

٩- نـزاو پاڕانـەوەی پـاش دەسـتنوێژگرتن. بـەگوێرەی فـەرموودەی پێغەمبەر (درووی خودای لەسـەر بـێ) کـە دەفـەرموێ: «مَـا مِـنْكُمْ مِـنْ أَحَـدٍ يَتَوَضَّأُ فَيُسْبِغُ الْوُضُوءَ ثُمَّ يَقُولُ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّـهُ وَحْـدَهُ لاَ شَـرِيكَ لَـهُ وَأَنَّ

---

[1] حسن صحيح: (ص. د ١٢٤)، خ (١/٢٥٨/١٥٨) من حـديث عبـدالله بـن زيـد، د (١٣٨/١/٢٣٠) ت (١/٣١/٤٣) من حديث ابی هريرة.

[2] حسن صحيح: (ص. د ١٠١)، د (١/١٨٨/١١٠).

[3] صحيح: (ص. د ١١٢)، د (١/٢١١/١٢١).

مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ إِلاَّ فُتِحَتْ لَهُ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ الثَّمَانِيَةُ يَدْخُلُ مِنْ أَيِّهَا شَاءَ».[(١)] تیرمزی ئەمەشی لێ زیاد کردووە «اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي مِنَ التَّوَّابِينَ وَاجْعَلْنِي مِنَ الْمُتَطَهِّرِينَ» واتە: هەر یەکێك لەئێوە دەستنوێژ بگرێ بەتەواوی دەستنوێژەکەی تەواو بکا، پاشان بڵێ: شایەتی دەدەم هیچ خودا نین جگە لە (الله) تاكو تەنیاو بێ هاوەڵو بێ شەریکە. هەروا شایەتی دەدەم حەزرەتی موحەممەد بەندەو پێغەمبەری خودایەئەوە بێگومان هەر هەشت دەرگای بەهەشتی بۆ والا دەکرێن لەکامەیانەوە بچێتە ژوورەوە بچێتە ژوور.

لە ئەبو سەعیدەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « مَنْ تَوَضَّأَ فقال: سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ ». هەرکەسێ دەستنوێژ بگرێ پاشان بڵێ: خودایە پاكو بێ عەیبی هەر بۆ تۆیەو من سوپاسو ستایشی تۆ دەکەم، شایەتی دەدەم هیچ خودا نین جگە لەزاتی پاکت، داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەم، تۆبە دەکەمو بەزاتی پاکت پەنا دەگرم، ئیتر ئەم دۆعاو پاڕانەوەی دەخرێتە صەحیفەیەکی سپییەوە تا ڕۆژی قیامەت ناشکێندرێو هەڵناپچڕێ.[(٢)]

١٠- کردنی دوو ڕکات دوای دەستنوێژ: ئەمەیش بەپێی قسەکەی عوسمان: کە دوای ئەوەی چۆنیەتی دەستنوێژگرتنی پێغەمبەری فێرکردن، وتی: من بینیم پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەم شێوە دەستنوێژگرتنەی من دەستنوێژی گرت، ئەمجار پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ تَوَضَّأَ نَحْوَ وُضُوئِي هَذَا ثُمَّ قَامَ فَرَكَعَ رَكْعَتَيْنِ لاَ يُحَدِّثُ فِيهِمَا نَفْسَهُ غُفِرَ لَهُ مَا

---

(١) صحيح: (مختصر م/١٤٣)، م (١/٢٠٩/٢٣٤).

(٢) (صحيح الترغيب ٢٢٠)، ك (١/٥٦٤)، طس (٢/١٣٢/١٤٧٨) هيچ جۆرە دوعايەك لەميانەی دەستنوێژگرتندا نەچەسپاوە.

تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ». [1] كەسێك بەم شێوە دەستنوێژەی من دەستنوێژ بگرێ، پاشان دوو ڕكات سوننەتی دەستنوێژ بكا، لەمیانەی ئەنجامدانی دوو ڕكاتە نوێژەكەدا دڵی پەیوەست بی بەخوداوە، لێخۆشبوون لەتاوانی رابوردووی بۆ دەستەبەر دەبێ.

له ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەكاتی نوێژی بەیانیدا بە بیلالی فەرموو: «يَا بِلَالُ أخبرنـي بِـأَرْجَى عَمَلٍ عَمِلْتَهُ فِي الإِسْلاَمِ ، فَإِنِّي سَمِعْتُ دَفَّ نَعْلَيْـكَ بَـيْنَ يَـدَيَّ فِـي الْجَنَّـةِ»: ئەی بیلال پێم بڵێ: باشترین كردەوەو جێگای هیوا چیە، كە لەپێناو ئایینی ئیسلامدا ئەنجامت داوە، چونكە من گوێم لەخشەی نەعلەكانت بوو لەبەردەمم لەبەهەشتدا، بیلال لەوەڵامدا وتی: من كردەوەیەكی وام نەكردووە جێگای ئومێدم بێو زۆر دڵم پێی خۆش بێ، ئەوەنەبێ من هەر دەستنوێژێكم گرتبێ لە شەودا بووبێ یان لەڕۆژدا بووبێ، ئیللا بەو دەستنوێژە چەندێكم پێ كرابێ نوێژم كردووە. [2]

پێویستە ئیقتصاد بكرێ لە بەكارهێنانی ئاو بۆ دەستنوێژ زێدەڕەوی كردن تێیدا حەرامە

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دابو نەریتی وابوو بە ڕبەئاوێك تا پێنج مود خۆی دەشتو بەیەك مودیش دەستنوێژی دەگرت [3] پەروەردگاریش دەفەرموێ: {وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ

---

[1] صحيح: لەباسی دەستنوێژدا تێپەڕی.

[2] متفق عليه: خ (١١٤٩/٣٤/٣)، م (٢٤٥٨/١٩١٠/٤).

[3] متفق عليه: خ (٢٠١/٣٠٤/١)، م (٥١/٣٢٥ – ١/٢٥٨).

الْمُسْرِفِينَ – الأنعام/١٤١}. زێدەڕەوی مەکەن، بێگومان خودا موسریفو دەست بڵاوی خۆش ناوێن.

لە ئەبو نەعامەوە ڕیوایەتکراوە: کە عەبدوڵڵای کوڕی موغەفەل گوێی لێ بوو کوڕەکەی دەیگوت (اللَّهُمَّ إِنِّى أَسْأَلُكَ الْقَصْرَ الأَبْيَضَ عَنْ يَمِينِ الْجَنَّةِ إِذَا دَخَلْتُهَا). خودایە داوات لێ دەکەم کە چوومە ناو بەهەشتەوە باڵەخانەیەکی سپیم پێ ببەخشی لەلای ڕاستی بەهەشت. وتی: کوڕەکەم! داوا لەخودا بکە بەهەشتت بداتێ، پەنا بگرە بەخودا لەدۆزەخ، من بۆخۆم لە پێغەمبەرم بیستووە دەیفەرموو: « إِنَّهُ سَيَكُونُ فِى هَذِهِ الأُمَّةِ قَوْمٌ يَعْتَدُونَ فِى الطُّهُورِ وَالدُّعَاءِ».[1] لەوەدوا لەم ئوممەتەدا کەسانێك پەیدا دەبن زێدەڕۆی دەکەن لە دەستنوێژگرتنو دوعاکردنو پاڕانەوەدا. دانەری کتێبی (عون المعبود) ١/١٧٠ دەڵێ: زانایانی شەرعزان کۆڕایان هەیە لەسەر نەیکردن لەدەستبڵاویو ئیسراف کردن لە بەکارهێنانی ئاو بۆ دەستنوێژو غوسڵ کردنو شتنەوەو لابردنی پیسی، تەنانەت ئەگەر لەسەر کەناری دەریاش بێ.

ئەو شتانەی دەستنوێژ بەتاڵ دەکەنەوە

١- هەر شتێك لەپاشو پێش بێتەدەر لەمیزو پیسایی، یان تڕو تسو هەرشتێکی تر، دەستنوێژ بەتاڵ دەبێتەوە سەربەڵگەیش بۆ ئەم مەسەلەیە فەرمایشتی قورئانە کە دەفەرموێ: {أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ – النساء/٤٣}. یاخود یەکێك لەئێوە لەسەر ئاو هاتەوەو بێ دەستنوێژ بوو وشەی {الْغَآئِطِ} لەبنەڕەتدا ئەو جێگەیە: کە دەستی تێدا بەئاو دەگەیەنرێ، دەردراوەکە بەهۆی هاوسێیەتیەوە بەو ناوە ناونراوە، بەپێی ئایەتەکە میزو

---

[1] صحيح (ص. د ٨٧)، د (٩٦/١٦٩و ١/١٧٠).

پیسایی بەردەکەون، کەوابوو غائیط کینایەیە لەسەرئاو کردنو دەست بەئاو گەیاندن.

هەروەها ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: « لاَ يَقْبَلُ اللّٰهُ صَلاَةَ أَحَدِكُمْ إِذَا أَحْدَثَ حَتَّى يَتَوَضَّأَ ». پەروەردگار نوێژی یەکێك لەئێوە قبوڵ ناکا ئەگەر بێ دەستنوێژ بوو هەتا دەستنوێژ هەڵنەگرێ. پیاوێکی ئامادە بوو، کە خەڵکی حەضرەموت بوو بە ئەبو هورەیرەی گوت: کەراوی حەدیثەیە ئایا، مەبەست بێ دەستنوێژی بوون چیە ئەی ئەبو هورەیرە؟ لەلامدا وتی: «فُسَاءٌ أَوْ ضُرَاطٌ».[1] تس یان تڕ.

هەروەها هاتنە دەرەوەی (مەنیو مەذی وەدی)ش دەستنوێژ بەتاڵ دەکەنەوە، ئاماژە بەو فەرموودەیەی لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، کە ئەم سێ شتە دەستنوێژ شکێنەی باس کردو فەرمووی: (ألمني والودي والمذي) پاشان فەرمووی: (مەنی) دەبێتە هۆی واجب بوونی غوسڵ، (وەدیو مەذی) کە هاتنە دەرەوە شەرمگای خۆتیان لێ بشۆرەوەو دەستنوێژ بگرە وەکوو دەستنوێژ گرتنت بۆ نوێژ.[2]

٢- خەوی تەواو کە بەجۆرێك بێ بەتەواوی بێ ئاگایی بەدی بێنێ جا فەرقی نیە کابرا کۆمی لەزەوی قایم کردبێو دانیشتبێ یان ڕاکشابێ. سەر بەلگە ئەمە حەدیثی صەفوانی کوڕی عەسالە، کە دەڵێ: ئەگەر ئێمە لەسەفەردا بوینایە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی پێ دەکردین: کەسێ شەو سێ ڕۆژ خوفەکانمان دانەکەنین – مەگەر تووشی لەشگرانی بوینایە – واتە: بۆ غوسڵ کردن دامان دەکەندن، بەڵام شکانی

---

[1] متفق عليه: خ (١/٢٣٤/١٣٥)، هق (١/١١٧)، حم (٢/٧٥/٣٥٢) واصل الحديث عند غيرهم بدون الزيادة. م (١/٢٠٤/٢٢٥)، د (١/٨٧/٦٠)، ت (١/١٥٠/٧٦).

[2] صحيح: لەباسی شتە پیسەکاندا تێپەڕی.

دەستنوێژ بەهۆی (گوو میزو نوستنەوە) خوفەکانمان دانەدەکەندن هەر مەسحمان لەسەر دەکردن.[1] پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەربارەی ئەو شتانەی دەستنوێژ دەشکێنن (نوستنو گوو کردنو میزکردن) وەکوو دانان.

هەروەها لە ئیمام عەلییەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الْعَيْنُ وِكَاءُ السَّهِ فَمَنْ نَامَ فَلْيَتَوَضَّأْ».[2] چاو دەمبێنی کۆمە، هەرکاتێ چاو چووە خەو دەمبێنەکە خاو دەبێتەوە. ئەگەر کەسێك خەوی لێ کەوت، کاتێ هەڵدەستێ با دەستنوێژ بگرێتەوە، (واتە بەئاگایی‌و بەخەبەری پارێزگاری کۆمە، هەرچی لێ دەرچێ هەستی پێ دەکا).

٣- نەمانی عەقڵ بەهۆی سەرخۆشی‌و یان نەخۆشی. چونکە نەمانی عەقڵ بەم هۆیانەوە زۆر لەنوستن کاریگەرترە.

٤- دەستدان لەشەرمگا بەبێ پەردە ئەگەر بەشەهوەتەوە بوو، ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «مَنْ مَسَّ ذَكَرَهُ فَلْيَتَوَضَّأْ».[3] کەسێك دەستی لەهینی خۆی دا دەستنوێژی دەشکێ دەبێ دەستنوێژ بگرێتەوە، ئەو فەرموودەی کە ڕستەی «وَهَلْ هُوَ إِلاَّ بَضْعَةٌ أَوْ مُضْغَةٌ مِنْكَ».[4]ی تێدا هاتووە تەئویل دەکرێ بەوە کە دەست لێدانەکە بەشەهوەتەوە نەبێ، چونکە ئەگەر بەشەهوەتەوە نەبێ دەست لێدانی حوکمی

---

[1] حسن: (ص. ن ١٢٧)، ت (١/٦٥/٩٦)، ن (١/٨٤).

[2] نيل الأطار ج١/٢٤٢.

[3] صحيح: (ص. جه ٣٨٨)، د (١/٣٠٧/١٧٩)، جه (١/١٦١/٤٧٩)، ن (١/١٠٠)، ت (١١٨٢/٥٥) بزيادة فلا يصل.

[4] صحيح: (ص. جه ٣٩٢)، د (١/٣١٢/١٨٠)، جه (١/١٦٣/٤٨٣)، ن (١/١٠١)، ن (١/٥٦/٨٥).

دەست لێدانی ئەندامەکانی تری جەستەی هەیە. ئەمما ئەگەر بەشەهوەتەوە بوو ئەوکاتە دەست لێدانەکەی ناشوبهێتە دەست لێدانی ئەندامی تر، ئەمەش شتێکە ئاشکراو روونە.[1]

٥- خواردنی گۆشتی حوشتر. خواردنی گۆشتی حوشتر دەستنوێژ دەشکێنێ. ئاماژە بەو حەدیثەی (البراء)ی کوڕی عازیب ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێمانی فەرمووو: «تَوَضَّئُوا مِنْ لُحُومِ الإِبِلِ وَلاَ تَوَضَّئُوا مِنْ لُحُومِ الْغَنَمِ».[2] لەدوای خواردنی گۆشتی حوشتر دەستنوێژ بشۆنەوە بەڵام لەدوای خواردنی گۆشتی مەڕو بزن دەستنوێژ هەڵگرتنەوە پێویست نیە.

لەجابیری کوڕی سەمورەوە ڕیوایەتکراوە: کە پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کرد، وتی: ئایا بەهۆی خواردنی گۆشتی مەڕو بزنەوە دەستنوێژ بگرمەوە؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « إِنْ شِئْتَ فَتَوَضَّأْ وَإِنْ شِئْتَ فَلاَ تَوَضَّأْ ». بەئارەزووی خۆت بکە، ویستت دەستنوێژ بگرەوە ویستت دەستنوێژ مەگرەوە. دوای کابرا وتی: (ئایا لەخواردنی گۆشتی حوشتر دەستنوێژ بگرمەوە؟) فەرمووی: « نَعَمْ فَتَوَضَّأْ مِنْ لُحُومِ الإِبِلِ ».[3]

ئەوشتانەی بێ دەستنوێژ نابێ ئەنجام بدرێن
(ئەو شتانەی حەرامن لەسەر بێ‌دەستنوێژ)

---

[1] تمام المنة/١٠٣.

[2] صحيح: (ص. جه ٤٠١)، د (١/٣١٥/١٨٢)، ت (١/٥٤/٨١)، جه (١/١٦٦/٤٩٤).

[3] صحيح (مختصر م ١٤٦)، م (١/٢٧٥/٣٦٠).

١- نوێژ: ئاماژه به فەرموودەی پەروەردگار كه دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّـذِينَ آمَنُـواْ إِذَا قُمْـتُمْ إِلَـى الـصَّلاةِ فاغْـسِلُواْ وُجُـوهَكُمْ........ – المائـدة/٦}. (ئـەی بڕواداران‌و ئەوانەی ئیمانتان هێناوه هەركاتێ هەڵسان بـۆ نوێـژ دەموچاوتان بـشۆرن......) هـەروەها ئامـاژه بـه فـەرموودەی پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) « لاَ يَقْبَلُ اللَّهُ صَلاَةً بِغَيْرِ طُهُورٍ».[1] پەروەردگار هیچ نوێژێك قبـوڵ ناكا بەبێ دەستنوێژ گرتن.

٢- تـەوافی كـەعبـە: ئەمـەش بـەبێ دەسـتنوێژ ئـەنجام نـادرێ، چـونكه پێغەمبەر فەرموويـەتی: « الطَّوَافُ بِالْبَيْتِ صَلاَةٌ إِلاَّ أَنَّ اللَّهَ أَحَلَّ فِيهِ الكلام».[2] تەوافكردنی كەعبه وەكوو نوێـژ وايـه، وەڵێ ئەومنـده هەيـه خـودا قسەكردنی تێدا حەڵاڵ كردووه.

ئەو شتانەی دەستنوێژ گرتنیان بۆ سوننەته

١- ذیكر كردنی پەروەردگار بەگوێرەی ئـەو حـەدیثـەی (ألمهاجر)ی كوڕی (قنفذ) ڕیوايەتكراوه، دەڵێ: سڵاوم له پێغەمبەر (دروودی خودای لەسـەر بـێ) كرد، لەوكاتەدا تەشریفی خـەریكی دەسـتنوێژ بـوو، تـا لەدەسـتنوێژ گرتنەكه نەبووەوه وەڵامی سڵاوەكەی نەدايەوه، جا: كه وەڵامی دايەوەو فەرمووی: «إِنَّهُ لَمْ يَمْنَعْنِي أَنْ أَرُدَّ عَلَيْكَ إِلاَّ أَنِّي كَرِهْتُ أَنْ أَذْكُرَ اللَّـهَ إِلاَّ عَلَـى طَهَـارَةٍ ».[3] هـیچ شتێك نەبوو كه نـەهێڵێ وەڵامـی سـڵاوەكەت بدەمـەوه جگـه لـەوەی مـن پـێم ناخۆش بوو يادی خودا بكەم بەبێ دەستنوێژ.

---

[1] صحيح: لەباسی دەستنوێژ گرتندا تێپەڕی.

[2] صحيح: (ص. ج ٣٩٥٤)، ت (٢/٢١٧/٩٦٧).

[3] صحيح: (ص. جه ٢٨٠)، د (١/٣٤/١٧)، جه (١/١٢٦/٣٥٠)، ن (١/٣٧).

٢- پێش نوستن: ئاماژە بەو حەدیثەی (البراء)ی کوڕی عازیب ڕیوایەتی کردووەو دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: (هەرکاتێ چویتە شوێنی نوستن، دەستنوێژ بگرە وەکوو دەستنوێژ گرتنت بۆ نوێژ، پاشان لەسەر لای ڕاست ڕابکشێ، پاشان بڵێ: «اللَّهُمَّ أَسْلَمْتُ وَجْهِي إِلَيْكَ ، وَفَوَّضْتُ أَمْرِي إِلَيْكَ ، وَأَلْجَأْتُ ظَهْرِي إِلَيْكَ ، رَغْبَةً وَرَهْبَةً إِلَيْكَ ، لاَ مَلْجَأَ وَلاَ مَنْجَا مِنْكَ إِلاَّ إِلَيْكَ ، اللَّهُمَّ آمَنْتُ بِكِتَابِكَ الَّذِي أَنْزَلْتَ ، وَبِنَبِيِّكَ الَّذِي أَرْسَلْتَ». خودایە من خۆم بەتۆ ئەسپارد، ڕوم کردە قاپی تۆ، کاروباری خۆم دایە دەست تۆ، بەویستی خۆم و بەناچاری پشت بەتۆ دەبەستم، هیچ پەناو مەکۆیەك نیە جگە لەپەناو مەلجەئی تۆ، هەر دەبێ روو لەقاپی تۆ بکەم، خودایە ئیمانم بەقورئانی تۆ هێناوە، ئیمانم بەو پێغەمبەرە هێناوە کە ڕەوانەت کردووە «فَإِنْ مُتَّ مِنْ لَيْلَتِكَ فَأَنْتَ عَلَى الْفِطْرَةِ ، وَاجْعَلْهُنَّ آخِرَ مَا تَتَكَلَّمُ بِهِ».[1] ئەگەر تۆ ئەو شەوە بمری ئەوە لەسەر ئایینی پەسەندی ئیسلام دەمری، هەموو شەوێ ئەم وشانەی ناو ئەم پاڕانەوەیە بخەرە کۆتایی قسەکانت.

٣- لەشپیس: ئەگەر ویستی شت بخوا یان بخواتەوە، یان بنوێ یان بیەوێ جوتبوون دووبارە بکاتەوە سوننەتە دەستنوێژ بگرێ.

خاتو عائیشە ریوایەت دەکا دەفەرموێ: (پێغەمبەر کە لەشی گران بوایەو بیویستایە شتێك بخوا، یان بنوێ دەستنوێژی دەگرت وەکوو دەستنوێژ گرتنی بۆ نوێژ).[2]

لە عەمماری کوڕی یاسرەوە ریوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕێگەی داوە بە لەشپیس کە ویستبێتی شتێك بخوا، یان بخواتەوە،

(1) متفق علیه، خ (١١/١٠٩/٦٣١١)، م (٤/٢٠٨١/٢٧١٠).

(2) صحیح: (مختصر م ١٦٢)، م (٣٠٥ – ٢٢ – ١/٢٤٨)، ن (١/١٣٨).

يان بنوێ ڕێگەی پێداوە، کە دەستنوێژ بگرێ وەکوو دەستنوێژ گرتنی بۆ نوێژ.[٢]

لە ئەبو سەعیدەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) لە پێغەمبەرەوە ڕیوایەتدەکا، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « إِذَا أَتَى أَحَدُكُمْ أَهْلَهُ ثُمَّ أَرَادَ أَنْ يَعُودَ فَلْيَتَوَضَّأْ ».[١] ئەگەر یەکێ لەئێوە لەگەڵ خێزانی جوتبوو، دوایی ویستی دووبارەی بکاتەوە با دەستنوێژ بگرێ.

٤- پێش غوسڵ کردن سوننەتە دەستنوێژ بگری، جا غوسڵ کردنەکە سوننەت بێ یان واجب بێ. لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە غوسڵی لەشپیسی لەخۆی دەردەکرد، سەرەتا دەستی دەشتن دوایی بەدەستی ڕاستی ئاوی دەکردە دەستی چەپی‌و شەرمگای خۆی پێ دەشۆرد، پاشان دەستنوێژی دەگرت وەکوو دەستنوێژگرتن بۆ نوێژ.[٢]

٥- خواردنی هەرشتێك بەئاگر بکوڵێ‌و ببرژێ. ئەمەش بەپێی ئەو حەدیثەی ئەبو هورەیرە ڕیوایەتی کردوە، دەڵێ: لە پێغەمبەرم ژنەوت دەیفەرموو: « تَوَضَّئُوا مِمَّا مَسَّتِ النَّارُ ».[٣] هەرشتێکتان خوارد یان خواردەوە: کە بەئاگر کوڵابوو یان برژابوو دەستنوێژی لێ بگرنەوە.

ئەمە حەمل دەکرێ بۆ حاڵەتی باشە واتە (استحباب). ئەمەش بەپێی حەدیثی عەمری کوڕی ئومەییەی (الضمری): کە دەڵێ: پێغەمبەرم بینی

---

[٢] صحيح: د (١/٣٧٥/٢٢٢).

[١] صحيح: (ص. ج ٢٦٣)، م (١/٢٤٩/٣٠٨)، د (١/٣٧١/٢١٧)، ت (١/٩٤/١٤١)، ن (١/١٤٢)، جه (١/١٩٣/٥٨٧).

[٢] صحيح: (مختصر م/١٥٥)، م(١/٢٥٣/٣١٦).

[٣] صحيح: (مختصر م/١٤٧)، م(١/٢٧٢/٣٥٢)، ن(١/١٠٥).

(دروودی خودای لەسەر بێ) کوتە گۆشتی لەلاشانی لاکە مەڕێك دەبڕیو دەیبرژاندو دەیخوارد، پاشان بانگی نوێژدرا، ئیتر هەڵساو کێردەکەی داناو نوێژی کرد، دەستنوێژی هەڵنەگرتەوە.[1]

٦- دەستنوێژ تازەکردنەوە بۆ هەموو نوێژێك. ئاماژە بە حەدیثی (بورەیدە): کە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بۆ هەموو نوێژێك دەستنوێژی تازە دەکردەوە. کە ڕۆژی ڕزگارکردنی مەککە هات دەستنوێژی گرتو مەسحی خوففەکانی کرد، چەند نوێژی بەیەك دەستنوێژ کرد، عومەری کوڕی خەتتاب عەرزی کرد وتی ئەی پێغەمبەری خودا! ئەتۆ ئەمڕۆ شتێکت کرد لەوەپێش نەتکردوە، فەرمووی: « عَمْدًا فَعَلْتُهُ يَا عُمَرُ ».[2] بەئەنقەست وام کرد.

٧- لەکاتی هەموو دەستنوێژ شکانێکدا دەستنوێژ بگرێتەوە ئەمەش ئاماژە بەو حەدیثی بورەیدە: کە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) شەوێك ڕۆژی لێ بۆوەو بانگی بیلالی کرد، پێی فەرموو: ئەی بیلال! ئەتۆ بەچی پێشم کەوتی بۆ بەهەشت؟ ئەمن دوێنێ چوومە ناو بەهەشتەوە خشپە خشپی تۆم گوێ لێ بوو لەپێشمەوە، بیلال وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! هەرکاتێك بانگم دابێ دوورکات نوێژم کردوە، هەرکاتێ دەستنوێژم شکابێ خێرا دەستنوێژم گرتۆتەوە، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «هٰذا».[3] لەبەر ئەو هۆکارەبوو!

٨- دوای ڕشانەوە. هەرکەسێك توشی ڕشانەوە بوو واباشە دەستنوێژ تازەبکاتەوە، ئەمەش بەگوێرەی حەدیثەکەی مەعدانی کوڕی ئەبو طەلحە کە

---

[1] صحيح: (مختصر م/١٤٨)، م(٣٥٥ — ٩٣ — ١/٢٧٤) وهذا لفظه خ(٢٠٨/٣١١/١).

[2] صحيح: (مختصر م/١٤٢)، م(٢٧٧/٢٣٢/١)، د(١٧١/٢٩٢/١)، ت(٦١/٤٢/١)، ن(١/٨٦).

[3] صحيح: (ص.ج/٧٨٩٤)، ت(٣٧٧٣/٢٨٢/٥).

لەئەبو (الدرداء) ریوایەتی کردوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) رشایەوە رۆژوەکەی شکاندو دەستنوێژی گرتەوە... لەمزگەوتی دیمەشق توشی (ئەوبان) بووم‌و ئەوەم بۆ باسکرد، وتی راستە من خۆم ئاوی دەستنوێژم بەدەستی دا کرد.[1]

٩- دوای هەڵگرتنی جەنازە، هەرکەسێ جەنازەی هەڵگرت واباشە دەستنوێژ تازەبکاتەوە. بەگوێرەی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: (مَنْ غَسَّلَ مَيِّتًا فَلْيَغْتَسِلْ). کەسێك مردوی شت بادوایی غوسڵ بکا « وَمَنْ حَمَلَهُ فَلْيَتَوَضَّأْ ». کەسێك جەنازەی هەڵگرت با دەستنوێژ بشواتەوە.[2]

مەسحکردن لەسەر خوفف

ئیمامی نەوەوی لەشەرحی موسلیم (ج٣/١٦٤)دا، دەفەرموێ: ئەو زانا موسوڵمانانەی راوبۆچونیان بەهەند وەردەگیرێ کۆڕایان هەیە لەسەر ئەوە مەسح لەسەر خوفف دروستە، لەسەفەردا بێ یان لەماڵەوە بێ، ئایا بۆ پێویستی بێ یان بەبێ پێویستی. تەنانەت دروستە بۆ ئافرەتێك هەر لەماڵەوە بێ، یان کەسێك شەلەل لێی دابێ‌و نەتوانێ لەماڵ دەرچێ بۆی رەوایە مەسح لەسەر خوففەکانی بکا. تەنها شیعەو خەواریج ئینکاری مەسح لەسەر خوف دەکەن راجیایی‌و ئینکاریکردنیان چ گرنگیەکی نیە.

---

[1] صحيح الاسناد، (تمام المنة ص/١١١)، ت(١/٥٨/٨٧)، د(٧/٨/٢٣٦٤) وليس فيه (توضا).

[2] صحيح: (الجنائز/٥٣)، حم(٢/١٤٥/٤٨٦)، حب(١٩١/٧٥١)، هق(١/٣٠٠)، ت(٢/٩٩٨/٢٣١) بەرواڵەت خیطابەکە ئەمرە، ئەمریش وجوب دەگەیەنێ بەڵام ناتوانین بڵێین: ئەمرەکە بۆ وجوبە لەبەرئەو حەدیثەی ئیبنو عباس کە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لَيْسَ عَلَيْكُمْ فِي غَسْلِ مَيِّتِكُمْ غُسْلٌ إِذَا غَسَّلْتُمُوهُ ، إِنَّهُ مُسْلِمٌ مُؤْمِنٌ طَاهِرٌ ، وَإِنَّ الْمُسْلِمَ لَيْسَ بِنَجِسٍ ، فَحَسْبُكُمْ أَنْ تَغْسِلُوا أَيْدِيَكُمْ ». رواه ك(١/٣٨٦).

حەسەنی بەصری دەفەرموێ: حەفتا کەس لە هاوەڵانی پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) بۆیان باسکردوم: کە پێغەمبەر مەسحی لەسەر خوففەکانی دەکرد.

باشترین شتێك کە بەڵگەبێ لەسەر ئەوەی: کە مەسحکردن لەسەر خوفف دروستە ئەو حەدیثەیە: کەئیمامی موسلیم لە ئەعمەشەوە لە ئیبراهیمەوە، لە هەممامەوە ڕیوایەتی کردوە، دەڵێ: جەریر میزی کرد، پاشان دەستنوێژی گرتو مەسحی لەسەر خوففەکانی کرد، پێی گوترا: ئەوە وادەکەی؟ وتی: بەڵێ، من بۆ خۆم پێغەمبەرم بینیوە میزی کرد پاشان دەستنوێژی گرتو مەسحی لەسەر خوففەکانی کرد. ئەلئەعمەش دەڵێ: ئیبراهیم وتی: هاوەڵان ئەم حەدیثەیان بەلاوە سەرنج ڕاکێش بوو، چونکە موسوڵمانبونی جەریر دوای نازڵبوونی سورەتی (المائدة) بووە.[1]

ئیمامی نەوەوی دەڵێ مەعنای ئەم قسەیە ئەوەیە: پەروەردگار لەسورەتی (المائدة)دا دەفەرموێ: {فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ – المائدة/٦}. ئەگەر موسوڵمانبوونی جەریر پێش نازڵبوونی سورەتی (المائدة) بوایە دەگونجا بگوترێ: مەسحکردن لەسەر خوفف بە ئایەتەکە سڕاوەتەوە، بەڵام چونکە ئیسلامبوونی جەریر لەدوا نازڵبوونی سورەتی (المائدة)یە، دڵنیاین لەوەی کە حەدیثەکەی جەریر دەربارەی مەسح کاری پێ دەکرێو ئەوە دەگەیەنێ کە مەبەست بە ئایەتی (المائدة) کەسێکە: کە خوففی لەپێدا نەبێ، کەوابوو حەدیثەکە دەبێتە (مخصص) بۆ ئایەتەکە. (والله اعلم).[2]

---

(١) صحيح: (مختصر م/١٣٦)، م(١/٢٢٧/٢٧٢)، ت(١/٦٣/٩٣).

(٢) شرح مسلم ج/٣/١٦٤.

مەرجەکانی مەسحکردن لەسەر خوفف

بۆئەوەی مەسحکردن لەسەر خوفف دروست بێ، دەبێ پێش ئەوەی خوفەکان لەپێ دەکا دەستنوێژی هەبێ، واتە: دەبێ پێش لەپێ کردنیان دەستی بە دەستنوێژ بێ.

لە (المغیرە)ی کوڕی شوعبەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: لە سەفەرێکدا لەخزمەت پێغەمبەردا بووم، لە مەسینەیەکدا ئاوم بەدەستیدا کرد بۆ دەستنوێژ شتن، ڕوخساری شت، قۆڵو باسکی خۆی شتن، مەسحی سەری کرد، پاشان من داهاتمەوە خوفەکانی لەپێ دابکەنم، فەرمووی: « دَعْهُمَا ، فَإِنِّي أَدْخَلْتُهُمَا طَاهِرَتَيْنِ ».[1] وازیان لێ بێنە، من کاتێ لەپێم کردون دەستنوێژم هەبوو، بەدەستی بە دەستنوێژەوە لەپێم کردون.

ماوەی مەسح لەسەر خوف

لەعەلی کوڕی ئەبو تالیبەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ماوەی مەسحکردنی بۆ مەسافیر سێ شەو سێ ڕۆژو بۆ نیشتەنی شەو ڕۆژێکی داناوە.[2]

شوێنی مەسحو چۆنیەتیەکەی

ئەوەی مەشروعو ڕەوایە مەسح بکرێ ئەو بەشەی خوففە کە دەکەوێتە پشتەپێو بەشی سەرەوەیەتی. ئاماژە بەوتەی ئیمام عەلی: کە فەرموویەتی: ئەگەر ئایین بەرەئیی بوایە لای ژێرەوەی خوف شیاوتر بوو بەمەسح لەلای

---

[1] متفق علیه: م(٢٧٤-٧٩-١/٢٣٠). خ(١/٣٠٩/٢٠٦) مختصراً.

[2] صحیح (مختصر م ١٣٩)، م (١/٢٣٢/٢٧٦)، ن (١/٨٤).

سەرەوەی. بێگومان من پێغەمبەرم بینیوە مەسحی لای سەروی خوفەکانی دەکرد[1] ئەوەی پێویستو واجبە لە مەسحدا ئەوەیە پێی بگوترێ مەسح.

مەسحکردن لەسەر گۆرەوێو نەعل

وەکوو چۆن دروستە مەسحکردن لەسەر خوف، هەرئاوایش دروستە مەسح لەسەر گۆرەوێو نەعل بەپێی حەدیثەکەی (ألمغیرة)ی کوڕی شوعبە: کە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەستنوێژی گرت لەسەر گۆرەوێو نەعل مەسحی کرد.[2]

لە عوبەیدی کوڕی جورەیجەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: بە ئیبنو عومەر گوترا: بینیمانی شتێکت دەکرد جگە لەتۆ کەسی ترمان نەبینیوە ئەوکارە بکا!؟ وتی: کام کارە؟ وتیان بینیمانی ئەم نەعلی (سەبتییانە) لەپێ دەکەی، وتی: من بۆ خۆم پێغەمبەرم بینی لەم جۆرە نەعلەی لەپێ دەکردو دەستنوێژی پێوە دەگرتنو مەسحی لەسەر دەکردن.[3]

ئەوەی مەسح بەتاڵ دەکاتەوە

مەسحکردن لەسەر خوف بەسێ شت بەتاڵ دەبێتەوە:

١- تەواوبوونی ماوەکە. چونکە مەسح بۆ کاتێکی دیاریکراوە کە کاتەکەی تەواو بوو، ئیتر دروست نیە ماوەکە درێژ بکەینەوە بۆ زیاتر.

٢- لەشگرانبوون، ئامازە بە حەدیثی صەفوان: کە بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی پێ دەکردین – ئەگەر

---

[1] صحیح: (الإرواء/١٠٣)، د(١/١٦٢/٢٧٨).

[2] صحیح: (الإرواء/١٠١)، د(١٥٩/٢٦٩/١)، ت(٩٩/٦٧/١)، جة(٥٥٩/١٨٥/١).

[3] اسناده صحیح (ص.خز/١٩٩)، هق(١/٢٨٧).

لەسەفەردا بوینایە – کە سێ شەوو سێ ڕۆژ خوفەکانمان دانەکەنین مەگەر توشی حاڵەتی لەشگرانی بوینایە، ئەگینا بۆ مێزو گوو نوستن دامان نەدەکەندن تەنها مەسحمان لەسەر دەکردن.[1]

٣- داکەندنی خوفەکان لەقاچەکانی. چونکە ئەگەر دایکەندن‌و دوایی لەپێی کردنەوە، لەپێ کردنەوەی خوفەکان لەسەر دەست بە دەستنوێژی نابێ ئەوکاتەی لەپێیان دەکاتەوە دەستنوێژی نیە.

فائیدەیەک: بەسەرچوونی ماوەی مەسحکردن یان داکەندنی خوفەکان لەقاچ، حوکمی مەسحەکە بەتاڵ دەکاتەوە، دروست نیە مەسح بکا هەتا سەرلەنوێ دەستنوێژ دەگرێتەوەو قاچەکانی دەشوا، پاشان خوفەکانی لەپێ بکاتەوە. بەڵام ئەگەر لەکاتی داکەندنی خوفەکانی‌دا دەستنوێژی مابوو، یان ماوەکە بەسەرچوو دەستنوێژی نەشکابوو، ئەوە دەستنوێژەکەی باقییەو دەتوانێ چەندێکی بوێ نوێژبکا تا دەستنوێژی دەشکێ..

فائیدەیەک: کەسێك جوتێکی گۆرەوی لەسەر پاکی‌و دەست بە دەستنوێژەوە لەپێ کرد، دوایی مەسحی لەسەر کردن، دوای مەسح لای ژوروی خوفەکانی لادا بۆی ڕەوایە بە مەسح کردن لەسەر لای خواروی خوفەکان ماوەی مەسح کردن درێژە پێ بدا تاماوەی شەرعی تەواو دەبێ مەسحی لای خواروی خوففەکانی بکا، چونکە ئەوە دەتواندرێ پێی بگوترێ: قاچی بە پاکی‌و بە دەستنوێژەوە خستوونە ناو خوففەوە. بەڵام ئەگەرگۆرەوییەکی لەپێ کردو مەسحی لەسەر کرد، پاشان گۆرەوییەکی تری لەقاچەکەی تری کردو مەسحی لەسەر نەکرد، ئەو حاڵەتە ناگونجێ پێی بگوترێ: کە بە دەستنوێژەوە گۆرەوی لەپێ کردوە.[2]

---

[1] حسن (الإرواء/١٠٤)، ت(٩٦/٦٥/١)، ن(١/٨٤).

[2] ئەمە پوختەی ڕای ئەلبانییە.

غوسڵ كردن
ئەوشتانەی غوسڵ پێویست دەكەن

١- هاتنەدەرەوەی (مەنی) چ بەئاگابێ یان نوستوو بێ. چونكە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: (إِنَّمَا الْمَاءُ مِنَ الْمَاءِ).[1] واتە خۆشۆردنو غوسڵ كردن بەهۆی هاتنەوەی (تۆماوە)وە دەبێ.

لە ئوممو سەلەمەوە ڕیوایەتكراوە، دەفەرموێ: ئوممو سولەیم گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! شەرع شەرمی پێ ناوێ (خودا شەرم لەحەق ناكا). ئایا ئافرەت ئەگەر ئیحتیلامی بوو ئاوی هاتەوە، خۆشۆردنی لەسەر پێویست دەبێ؟ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: بەڵێ: ئەگەر ئاوی بینی (واتە: ئەگەر ئاوی هاتەوە).[2]

ئەگەر ئاو هاتنەوەكە لەحاڵەتی بەخەبەریدا بوو مەرجە دەبێ بەشەهوەتو لەزەتەوەبێ، بەڵام ئەگەر نوستوبوو ئەوە مەرج نیە. ئەمەش بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) كە دەفەرموێ: «إِذَا خَذَفْتَ فَاغْتَسِلْ مِنَ الْجَنَابَةِ وَإِذَا لَمْ تَكُنْ خَاذِفاً فَلاَ تَغْتَسِلْ ».[3] ئەگەر ئاو هاتنەوەكەت بە فیچقە بوو ئەوە غوسڵی لەشپیسی لەخۆت دەربكە بەڵام ئەگەر ئاو هاتنەوەكەت بە فیچقە نەبوو غوسڵ مەكە. (واتە: غوسلت لەسەر واجب نابێ).

ئیمامی شەوكانی دەفەرموێ: وشەی (ألحذف) لێرەدا بەمانا ئاو فڕێدانە، ئەمەش بە شەهوەتەوە نەبێ نایەتەدی. بۆیە (ألصنف) دەفەرموێ: ئەمە

---

[1] صحيح: (مختصر م/١٥٢)، م(١/٢٧١/٣٤٨).

[2] متفق عليه: خ(١/٢٢٨/١٣٠)، م(١/٢٥١/٣١٣)، ت(١/١٨٠/١٢٢).

[3] اسناده حسن صحيح (الإرواء/١/١٦٢)، حم(١/٢٤٧/٨٢).

ئاگاداركردنەوەی ئەوەی تێدایە كە ئاو هاتنەوەی بۆ شەهوەتو بۆ فیچقە بەهۆی نەخۆشی یان سەرما نابێتە هۆی غوسڵ واجب بوون.

كەسێك ئیحتیلامی بوو واتە: لەخەودا وایزانی ئاوی هاتۆتەوە، بەڵام كە بەخەبەر هات هیچ تەڕاییەكی بەخۆیەوە هەست پێ نەكرد ئەوە غوسڵی لەسەر پێویست نابێ. كەسێك تەڕایی بەخۆیەوە بینی بەڵام لەیادی نەمابوو كە ئیحتیلامی بووە ئەوە لەسەری واجبە غوسڵ بكا.

لەخاتو عائیشە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پرسیاركرا دەربارەی پیاو كە لەخەو هەڵسێو تەڕایی بەخۆیەوە ببینێو هیچ ئیحتیلام بوونی لەیاد نەمابێ. فەرمووی: دەبێ غوسڵ بكا. هەروا پرسیاری لێ كرا لەپیاوێك ئیحتیلامی ببێ بەڵام هیچ تەڕایی بەخۆیەوە نەبینێ، فەرمووی: غوسڵی لەسەر نیە.[1]

٢- جیماع با ئاویشی نەیەتەوە. لە ئەبو هورەیرە ڕیوایەتكراوە، كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إذَا جَلَسَ بَيْنَ شُعَبِهَا الأَرْبَعِ ثُمَّ جَهَدَهَا ، فَقَدْ وَجَبَ الْغَسْلُ وإن لم ينزل».[2] هەركاتێ پیاو لەناو لنگی ئافرەت دانیشتو پاڵی بە سونەتگای خۆیەوە نا بۆناو هینی ئافرەتەكە ئەوە غوسڵ واجب دەبێ لەسەر هەردوكیان جا ئاویان بێتەوە یان نا.

٣- كافر موسوڵمان بێ دەبێ غوسڵ بكا. لە (قەیسی كوڕی عاصیم)ەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: موسوڵمان بووم پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی پێكردم كە غوسڵ بكەم خۆم بە ئاوو سیدڕ بشۆم.[3]

---

[1] صحيح: (ص.د/٢١٦)، ت(١/٧٤/١١٣)، د(١/٣٩٩/٢٣٣).

[2] صحيح (مختصر م/١٥٢)، م(١/٢٧١/٣٤٨).

[3] صحيح: (الإرواء/١٢٨)، ن(١/١٠٩)، ت(٢/٥٨/٦٠٢)، د(٢/١٩/٣٥١).

٤- وەستانی خوێنی حەیزو خوێنی پاش منداڵ دەبنە هۆکاری واجیبوونی غوسڵ. ئەمەش بەگوێرەی حەدیثی عائیشە کە دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بە (فاطیمەی کچی ئەبو حوبەیش)ی فەرموو: «فَإِذَا أَقْبَلَتِ الْحَيْضَةُ فَدَعِي الصَّلاَةَ ، وَإِذَا أَدْبَرَتْ فَاغْتَسِلِي وَصَلِّي ».[1] ئەگەر عادەی مانگانەت بۆ هاتەوەو بێ نوێژ بووی واز لەنوێژکردن بێنە، کە لەبێ نوێژی وەستایەوەو عادەی مانگانەت تەواوبوو غوسڵ لەخۆت دەربکەو نوێژ بکە. خوێنی پاش منداڵبوون وەکوو خوێنی عادەی مانگانە وەهایە، بەکۆڕای زانایانی شەرع.

٥- خۆشۆردنی رۆژی هەینی. لەئەبو سەعیدی (الخدری)یەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الْغُسْلُ يَوْمَ الْجُمُعَةِ وَاجِبٌ عَلَى كُلِّ مُحْتَلِمٍ».[2] غوسڵ کردن لەرۆژی جومعەدا لەسەر هەموو مرۆڤێکی رەسیدە پێویستە.

ئەرکانو پلەکانی غوسڵ دوو شتن

١- نیەتهێنان، ئاماژە بە حەدیثی (إِنَّمَا الأعمال بالنيات)[3] کردەوە بەگوێرە نیازە.

٢- دەبێ ئاو بەسەر هەموو جەستەیدا بڕوا.

---

[1] متفق عليه: خ(٣٢٠/٤٢٠/١)، م(٣٣٣/٢٦٢/١)، د(٢٧٩/٤٦٦/١)، ت(١٢٥/٨٢/١)، ن(١٨٦/١) والفاظهم غير البخاری (فاغتسلی عنك الدم).

[2] متفق عليه: خ(٨٧٩/٢/٣٥٧، م(٨٤٦/٥٨٠/٢، د(٣٣٧/٤، ٥/٢)، ن(٩٣/٣)، جة(١٠٨٩/٣٤٦/١).

[3] متفق عليه: لەباسی مەرجەکانی صیحەتی نوێژدا رابورد.

شێوەی پەسەند بۆ چۆنیەتی غوسڵ کردن

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەری خودا کە غوسڵی لەشگرانی لەخۆی دەردەکرد، سەرەتا هەردوو دەستی دەشۆردن، پاشان بەدەستی راستی ئاوی دەکردە دەستی چەپی و شەرمگای خۆی دەشۆرد، پاشان دەستنوێژی دەگرت وەکوو دەستنوێژ گرتنی بۆ نوێژ، پاشان ئاوی هەڵدەگرت و بەهۆی پەنجەکانیەوە هەولی دەدا بنکی مووی جەستەی تەڕ ببێ، هەتا دەگەیشتە ئەو قەناعەتە: کە بنکی مووەکان تەڕبووە، ئەمجار سێ مست ئاوی بەسەری خۆیدا دەکرد، پاشان ئاوی بەسەر هەموو جەستەی خۆیدا دەکرد، پاشان هەردوو قاچی دەشۆردن.[1]

دەستنوێژ گرتن پێش غوسڵ سوننەتێکی گەورەیە. جا کەسێک پێش غوسڵ دەستنوێژ بگرێ ئەوە دەق سوننەتی پێغەمبەری پەیڕەوکردوە. کەسێکیش دەستنوێژی نەگرت ئەوە گوناحی ناگاتێ، بێگومان پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) وابووە دەستنوێژ گرتنی پێش غوسڵی تەرك کردوە.

لە موحەممەدی (ألباقر)ەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: جابیر پێی گوتم: کوڕی مامت هاتە لام – مەبەستی حەسەنی کوڕی موحەممەدی کوڕی (ألحنفیە) بوو – پێی گوتم: ئەرێ غوسڵ کردنی لەشگرانی چۆنە؟! وتم: پێغەمبەری خودا کە غوسڵی دەکرد سێ مست ئاوی هەڵدەگرت بەسەر سەری خۆیدا دەکرد، پاشان ئاوی بەسەر هەموو جەستەی خۆیدا دەکرد.[2]

---

[1] متفق علیه: خ(٢٤٨)، م(٣١٦).

[2] متفق علیه: خ(١/٣٦٨/٢٥٦)، م(١/٢٥٩/٣٢٩).

کەسێك غوسڵی کرد، دەستنوێژی پێش غوسڵ بگری یان نەیگریٚ، بۆی هەیە دوای غوسڵ کردنەکە چەندێك بیەویٚ نوێژ بکا، هەر بە غوسڵکردنەکە دەبێتە خاوەن دەستنوێژو پێویست ناکا دەستنوێژ بگریٚ.

لە خاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرمویٚ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بیٚ) دوای غوسڵ کردنی لە لەشگرانی دەستنوێژی نەدەگرتەوە.[١]

لەفظی ئەبو داوود بەم شێوەیە (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- يَغْتَسِلُ وَيُصَلِّي الرَّكْعَتَيْنِ وَصَلاَةَ الْغَدَاةِ وَلاَ أُرَاهُ يُحْدِثُ وُضُوءًا بَعْدَ الْغُسْلِ).[٢]

فائیدەیەك: پێویست نیە لەسەر ئافرەتی لەشگران لەکاتی غوسڵ کردندا کەپرچی هۆنراوەی خۆی شل بکاتەوە، بەلاٚم ئەگەر عوسڵ کردنەکەی بۆ پاکبوونەوە لەبیٚ نوێژیو خوێنی پاش منداڵ بوون بوو ئەوە دەبی پرچە هۆنراوەکانی بکاتەوە.

لە ئوممو سەلەمەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵیٚ: عەرزی پێغەمبەری خودام کرد، وتم: من ئافرەتێکم پرچی خۆم دەهۆنمەوە، ئایا بۆ غوسڵی لەشگرانی پرچەکانم لێك بکەمەوە؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بیٚ) فەرمووی: «لاَ إِنَّمَا يَكْفِيكِ أَنْ تَحْثِي عَلَى رَأْسِكِ ثَلاَثَ حَثَيَاتٍ ثُمَّ تُفِيضِينَ عَلَيْكِ الْمَاءَ

---

[١] رواه أصحاب السنن، واللفظ لإبن ماجه.

[٢] صحيح: (ص. جـه: ٤٧٠)، جـه (١/١٩١/٥٧٩)، د (١/٤٢٥/٢٤٧)، ن (١/١٣٧)، ت (١/٧٢/١٠٧)، دەڵیٚ: (وهذا قول غير واحد من أهل العلم أصحاب النبى (ص) والتابعين ان لايتوضأ بعد الغسل).

فَتطْهُـرِينَ ».[1] نـا، ئەوەنـدەت بەسـە: كەسـێ مـست ئـاو بەسـەر سـەری خۆتـدا بكەی، پاشان ئاو بە باقی جەستەی خۆتدا بكەی‌و پاك دەبێتەوە.

لە خاتو عائیشەوە ریوایەت كراوە دەفەرموێ: خاتو ئەسماء پرسـیاری لـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) كـرد، دەربـارەی غوسـڵ كـردن لـەبێ نوێژی، پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) فـەرمووی: « تَأْخُـذُ إِحْـدَاكُنَّ مَاءَهَا وَسِدْرَتَهَا فَتَطَهَّرُ فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ ثُمَّ تَصُبُّ عَلَى رَأْسِهَا فَتَدْلُكُـهُ دَلْكًـا شَـدِيدًا حَتَّى تَبْلُغَ شُئُونَ رَأْسِهَا ثُمَّ تَصُبُّ عَلَيْهَـا الْمَـاءَ. ثُـمَّ تَأْخُـذُ فِرْصَـةً مُمَـسَّكَةً فَتَطَهَّـرُ بِهَا ».[2] یەكێك لەئێوە ئاوو سیدری خۆی ئامادە دەكا، خۆی دەشواو خۆی پاك دەكاتەوە، پاشان ئاو بەسەر سـەری خۆیـدا دەكا، بەتونـدی دەست بـەناو قـژی خۆیدا دێنێ‌و بە پەنجـەكانی هەوڵبـدا بنكـی مووەكـانی تـەڕ بـێ، ئـەمجار ئـاو بەسەری خۆیدا بكا، پاشان پارچە قوماشێك لۆلۆ بكـاو بیكاتـە تۆپەوانـەو نـاو لەشـی خـۆی پـێ پـاك بكاتـەوە) ئـەسماء وتـی: چـۆن پاكردنـەوە بـەو پارچـە قومـاش‌و لۆكەیـە بكـا؟ پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) فـەرمووی: «سُبْحَانَ اللَّهِ تَطَهَّرِينَ بِهَا ». سوبحانەڵلا، خۆی پی پاك بكاتـەوە، خـاتو عائیـشە دەفەرموێ: ئـەسماء دەیویـست ئـەو باسـە تـۆزی بـەنهێنی لـەژێر پـەردەدا رون بكاتەوە، واتە بەدواداچوون بكا بۆ شوێنەواری خوێنەكە.

هـەروا پرسـیارم لێ كـرد دەربـارەی غوسـڵی لەشـگرانی پێـی فـەرمووم: «تَأْخُذُ مَاءً فَتَطَهَّرُ فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ أَوْ تُبْلِغُ الطُّهُورَ ثُمَّ تَـصُبُّ عَلَـى رَأْسِـهَا فَتَدْلُكُـهُ

---

[1] صحيح: (ص.جـة: ٤٧٠)، جـة(١/١٩١/٥٧٩)، د(١/٤٢٥/٢٤٧)، ن(١/١٣٧)، ت(١/٧٢/١٠٧)، دةلَيَ: (وهذا قول غير واحد من أهل العلم اصحاب النبي (ص) والتابعين ان لا إلـهَ إلاّ اللهَ يتوضـأ بعد الغسل).

[2] صـحيح: (الإرواء ١٣٦)، م (١/٢٥٩/٣٣٠)، د (١/٤٣٦/٢٤٨)، ن (١/١٣١)، ت (١/٧١/١٠٥)، جــه (١/١٩٨/٦٠٣).

حَتَّى تَبْلُغَ شُئُونَ رَأْسِهَا ثُمَّ تُفِيضُ عَلَيْهَا الْمَاءَ». [(١)] ئاو هەڵدەگرێ: خۆ دەشۆرێ، یان جوان خۆی دەشۆرێ، پاشان ئاو بەسەری خۆیدا دەکاو دەست دەخاتە ناو قژەکانیەوەو دەیانهێنێ و دەیانبا بەناویاندا بۆ ئەوەی بنکی قژەکانی تەڕ ببن، ئەمجار باش ئاو دەکا بەسەر قژەکانیدا.

ئەم فەرموودەیە بەئاشکرا ئەوە دەگەیەنێ کە جوداوازی هەیە لەنێوان غوسڵی ئافرەت بۆ لەشگرانیو غوسڵی بۆ پاکبوونەوە لەخوێنی عادەی مانگانەو خوێنی پاش منداڵ بوون، ئەوەتا حەدیثەکە ئەوە دووپات دەکاتەوە کەپێویستە ئافرەتی پاکبۆوە لەخوێنی عادەی مانگانە کەزێدەڕەوی بکا لەدەست پێداهێنانو پەنجە خستنە ناو قژەکانیەوەو خۆ شۆردنی تەواوو خۆ پاککردنەوە لەچڵکو پیسی مادیو مەعنەوی بەجۆرێك کە بۆ خۆشۆردنی لەشگرانی ئەو جەختەی نەکردۆتەوە. هەروەکوو چۆن حەدیثەکەی ئوممو سەلەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کەپێویست نیە لەغوسڵی لەشگرانیدا پرچی هۆنراوەی خۆی بکاتەوە. [(٢)]

ئەصڵو بنەما وایە ئافرەت بۆ غوسڵ پرچەکانی بکاتەوە، بۆ ئەوەی دڵنیا بێ، کە بنکی مووەکان تەڕ بووەو ئاویان پێکەوتووە، وەڵێ لەغوسڵی لەشگرانیدا عەفوی لێدراوە، لەبەر زۆر دووبارە بوونەوەیو ئەرکێکی زۆرە هەموو جارێ بۆ خۆشۆردنی لەشپیسی پرچی هۆنراوەی بکاتەوە، بەپێچەوانەی غوسڵ کردنی بەهۆی عادەی مانگانەوە، ئەمەیان مانگی جارێك ڕوو دەدا. [(٣)]

[(١)] صحیح: (مختصر م ١٧٢)، م (٣٣٢ – ٦١/١/٢٦١).

[(٢)] تهذیب سنن ابی داود لإبن القیم (١/١٦٧/١٦٦) بەدەست لێدانەوە.

[(٣)] تهذیب سنن ابی داود والإبن القیم (١/١٦٧/١٦٦) بەدەست لێدانەوە.

فائیدەیەک: دروستە بۆ ژنو مێرد کە لەیەك شوێندا غوسڵ بکەنو شەرمگای یەکتریش ببینن، ئامازە بەقسەی خاتو عائیشە کە دەڵێ: منو پێغەمبەری خودا لەیەك تەشت ئاوی خۆشۆردنمان هەڵدەهێنجاو هەردوکیشمان لەشگران بووین.[1]

غوسلە سوننەتەکان

١- غوسڵ کردن لەدوا هەموو جوتبوونێك؛ ئەمەیش بەگوێرەی حەدیثی ئەبو رافیع: کە دەڵێ: شەوێك پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەسەر خێزانەکانیدا گەڕاو لەگەڵیان جوتبوو دوای هەموو جوتبوونێك غوسڵی کردا دەڵێ گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! بۆ یەك غوسڵ بۆ هەموویان ناکەی؟ فەرمووی: «هَذَا أَزْكَى وَأَطْيَبُ وَأَطْهَرُ».[2] ئەم شێوازە پاکترو پەسەندترە.

٢- خۆشۆردنی ئافرەتی هەمیشە خوێن (موستەحاضە) بۆ هەموو نوێژێك یان بۆ نوێژی نیوەڕۆو عەصر غوسلێكو بۆ نوێژی شێوانو خەوتنان خۆشۆردنێكو بۆ نوێژی بەیانیش خۆشۆردنێك، ئەمەیش بەگوێرەی حەدیثی خاتو عائیشە: کە دەفەرموێ: ئوممو حەبیبە لەسەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) توشی حاڵەتی هەمیشە خوێنی بوو، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی پێ کرد کە بۆ هەموو نوێژێك غوسڵ بکا............[3]

لەریوایەتێکی تردا هەر لەخاتو عائیشەوە دەفەرموێ: لەسەردەمی پێغەمبەردا ئافرەتێك کەوتە حاڵەتی هەمیشە خوێنییەوە، ئیتر فەرمانی پێ

---

[1] متفق علیه م (١/٢٥٦/٣٢١)، خ (١/٣٧٤/٢٦٣)، ن (١/١٢٩).

[2] حسن (ص. جه ٤٨٠)، د (١/٣٧٠/٢١٦)، جه (١/١٩٤/٥٩٠).

[3] صحیح: (ص. د ٢٦٩)، د (١/٤٨٣/٢٨٩).

كرا كە بۆ نوێژی عەصر عەجەلە بكاو بۆ نوێژی نیوەڕۆ خۆی دوابخا، واتە: نوێژی نیوەڕۆ لەدوا كاتیداو نوێژی عەصر لەسەرەتای كاتیدا بكاو بۆ هەردوو نوێژەكە یەكجار غوسڵ بكا، نوێژی شێوان دوابخاو نوێژی خەوتنان لەسەرەتای كاتەكەیدا بكاو بۆ هەردووكیان یەكجار خۆی بشوا، بۆ نوێژی بەیانیش یەك غوسڵ بكا.[1]

٣- غوسڵ كردن دوای بێهۆشبوون، كەبە ئاگا هاتەوە سوننەتە غوسڵ بكا، بەپێی حەدیثەكەی خاتو عائیشە كە دەفەرموێ: پێغەمبەری خودا لە نەخۆشییەكەیدا قورساییەكی بەسەردا هات، كە بەئاگا هاتەوە فەرمووی: {أصلى الناس؟} ئەرێ موسوڵمانان نوێژیان كرد؟ وتمان نەخەیر ئەوان چاوەڕوانی جەنابتن ئەی پێغەمبەری خودا! فەرمووی: ئاوم بۆ بكەنە تەشتەوە، عائیشە دەفەرموێ: ئێمەیش داواكەیمان بەجێ هێنا، تەشریفی خۆی شت، پاشان بەناڕەحەتیو داهێزان هەڵسا بچێ نوێژ بكا، بێهۆشی بەسەردا هات، پاشان بەهۆش خۆی هاتەوە، فەرمووی: ئەرێ خەڵكەكە نوێژیان كرد؟ عەرزمان كرد نەخەیر، ئەوان چاوەڕوانی جەنابتن ئەی پێغەمبەری خودا! فەرمووی: ئاوم بۆ بكەنە تەشتەوە خۆم دەشۆرم، ئێمەیش بۆمان جێبەجێ كرد، خۆی شۆرد، پاشان هەڵسا بەناڕەحەتی بچێ نوێژەكەی بكا، دووبارە بێ هۆش بۆوە، پاشان بەئاگا هاتەوە، فەرمووی: {أصلى الناس؟} ئەرێ خەڵكەكە نوێژیان كرد؟ وتمان نەخەیر، ئەوان چاوەڕوانی جەنابتن ئەی پێغەمبەری خودا! ئەمجار خاتو عائیشە باسی ئەوە دەكا كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ناردی بۆلای حەزرەتی ئەبو بەكر كە پێشنوێژی بۆ موسوڵمانان بكا، هەروا خاتو عائیشە تەواوی فەرموودەكەی گێڕاوەتەوە[2]

---

[1] صحيح: (ص. د ٢٧٣)، د (١/٤٨٧/٢٩١)، ن (١/١٨٤).

[2] متفق عليه: م (١/٣١١/٤١٨)، خ (١/١٧٢/٦٨٧).

٤- خۆشۆردن بەهۆی ناشتنی ناموسوڵمانەوە، بەپێی ئەو فەرموودەی حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبو تالیب ریوایەتی کردووە، کە گوایە هاتۆتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وتویەتی: ئەبو طالیب مرد، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرمووە: برۆ بیشارەوە (بینێژە) جا عەلی دەڵێ کە ژێر خاکم کرد، هاتمەوە بۆ خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرمووم غوسڵ بکە.[1]

٥- غوسڵی دوو جەژن (جەژنی ڕەمەزانو جەژنی قوربان) غوسڵی ڕۆژی عەرەفە. لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە ئیمامی بەیهەقی ریوایەتی کردووە لەڕێگەی شافیعیەوە لە زازانەوە، دەڵێ پیاوێك پرسیاری لە ئیمامی عەلی کرد دەربارەی غوسڵ، ئەویش لەوەڵامدا وتی: ئەگەر حەزت لێیە هەموو ڕۆژێك غوسڵ بکە، وتی: نا من مەبەستم ئەو غوسڵەیە کەپێی دەگوترێ. غوسڵ. فەرمووی: غوسڵی ڕۆژی جومعە، ڕۆژی عەرەفە، ڕۆژی جەژنی قوربانو ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان.

٦- غوسڵ کردن لەدوای شتنی مردو لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە فەرموویەتی: « مَنْ غَسَّلَ مَيِّتًا فَلْيَغْتَسِلْ ». کەسێك مردووی شۆرد با دوایی بۆ خۆی غوسڵ بکا.[2]

٧- غوسڵ کردن بۆ ئیحرام بەستن بەعومرە یان بەحەج، ئەمەیش بەپێی حەدیثی زەیدی کوڕی ثابیت، کە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: پێغەمبەرم بینی پۆشاکی خۆی داماڵی بۆ پۆشینی لیباسی ئیحرامو غوسڵی کرد.[3]

---

[1] صحيح الإسناد: (الجنائز/١٣٤)، ن (١/١١٠)، د (٩/٣١/٣١٩٨).

[2] صحيح: (ص. جه ١١٩٥)، جه (١/٤٧٠/١٤٦٣).

[3] حسن: (الإرواء: ١٤٩)، ن (١/١٦٣/٨٣١).

٨- غوسڵ کردن بۆ چوونە ناو مەککە، لەئیبنو عومەرەوە ریوایەتکراوە کە هەرکاتێ ویستبیەتی بچێتە ناو مەککەوە شەو لە (ذی طوی) ماوەتەوە تا بەیانی، غوسڵی کردووە ئەمجار بەرۆژ چۆتە ناو مەککەوە. واشی لەیادە: کە پێغەمبەریش وای کردووە.[1]

لابردنی بێ دەستنوێژیو لەشگرانی بە گڵو خۆڵی پاك مەشروعیەتی تەیەموم

پەروەردگار دەفەرموێ: {وَإِن كُنتُم مَّرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاء أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ أَوْ لاَمَسْتُمُ النِّسَاء فَلَمْ تَجِدُواْ مَاء فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم – المائدة/٦}: ئەگەر وارێکەوت ئێوە نەخۆش بوون یان لەسەفەردا بوون، یان یەکێ لەئێوە لە ئاودەستخانەوە دەگەڕایەوە خۆی خاڵی کردبوەوە، یان دەستان لەئافرەت دابوو ئاوتان دەست نەکەوت دەستنوێژ بگرن یان غوسڵ بکەن، ئەوە پەنا بەرنە بەر گڵو خۆڵێکی پاك ڕوخسارو دەستو بازوی خۆتانی پێ مەسح بکەن پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێ) دەفەرموێ: «إِنَّ الصَّعِيدَ الطَّيِّبَ طَهُورُ الْمُسْلِمِ وَإِنْ لَمْ يَجِدِ الْمَاءَ عَشْرَ سِنِينَ».[2] بێگومان گڵو خۆڵی پاك لابەری بێ دەستنوێژیو لەشگرانی موسوڵمانە، تەنانەت ئەگەر دەساڵیش ئاوی دەست نەکەوێ.

---

[1] متفق عليه: م (١٢٥٩ – ٢٢٧ – ٢/٩١٩) وهذا لفظه. خ (٣/٤٣٥/١٥٧٣)، د (١٨٤٨/٥/٣١٨)، ت (٢/١٧٢/٨٥٤).

[2] صحيح: (ص. د ٣٢٢)، ت (١/٨١/١٢٤)، د (١/٥٢٨/٣٢٩)، ن (١/١٧١) بالفاظه متقارين.

ئەو هۆكارانەی دەبنە مایەی ڕەوابوونی تەیەموم

تەیەموم كردنو بەكارهێنانی گڵو خۆڵی پاك دروستە كاتێك نەتواندرێ ئاو بەكاربهێندرێ، جا یان لەبەر نەبوونی ئاو، یان ترسی هەبوونی زیان لە بەكارهێنانی لەبەر هەبوونی نەخۆشی بەجەستەوە یان سەرمای زۆر.

لەعیمرانی كوڕی حوصەینەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەردا بووین (دروودی خودای لەسەر بێ) لەسەفەرێكدا، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نوێژی بەخەڵكەكە كرد، ڕوانی پیاوێك كەنارگیر بووە، پێی فەرموو: ئەوە بۆ نوێژت لەگەڵ ئێمە نەكرد؟ وتی قوربان لەشم گرانەو ئاویش نیە غوسڵ بكەم، پێی فەرموو: «عَلَيْكَ بِالصَّعِيدِ ، فَإِنَّهُ يَكْفِيكَ».[1] بچۆ بەگڵی پاك تەیەموم بكە، ئەوە كیفایەتە بۆ تۆ.

لەجابیرەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) دەڵێ لەسەفەرێكدا بووین، یەكێك لەئێمە بەردێك بەر سەری كەوتو بریندار بوو، پاشان ئیحتیلامی بوو، پرسیاری لەهاوەڵان كرد ئاخۆ ڕوخصەتی تەیەموم كردنی هەیە؟ هاوەڵان وتیان ناوەڵڵا هیچ ڕوخصەتێك نابینین بۆت لەحاڵێكدا تۆ دەتوانی ئاو بەكار بهێنی ئەوە بوو غوسڵی كردو مرد، جا گەڕاینەوە چوینە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕوداوەكەی بۆ گێڕدرایەوە، فەرمووی: «قَتَلُوهُ قَتَلَهُمُ اللَّهُ أَلاَّ سَأَلُوا إِذْ لَمْ يَعْلَمُوا فَإِنَّمَا شِفَاءُ الْعِيِّ السُّؤَالُ إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيهِ أَنْ يَتَيَمَّمَ».[2] كوشتویانە، خودا بیانكوژێ، ئەگەر بۆخۆیان شارەزا نەبوون بۆ پرسیاریان لە زانایان نەكرد، خۆ دەرمانی نەزانی پرسیار كردنە، ئەو كابرایە غوسڵ كردنی بەئاو لەسەر نەبوو هەر ئەوەندەی بەس بوو تەیەموم بكا.

---

[1] متفق عليه: خ (١/٤٧٧/٣٤٤)، م (١/٤٧٤/٦٨٢)، ن (١/١٧١).

[2] متفق عليه: خ (١/٤٧٧/٣٤٤)، م (١/٤٧٤/٦٨٢)، ن (١/١٧١).

له عەمری كوڕی (ألعاص)ەوە ریوایەت كراوە: كە كاتێك نێردراوە بۆ غەزای (ذات السلاسل) دەڵێ: لەشەوێكی زۆر ساردو سەرمادا ئیحتیلامم بوو، ترسام ئەگەر بەئاو غوسڵ بكەم بەهیلاك بچم، تەیەمومم كردو پاشان پێشنوێژی نوێژی بەیانیم بۆ هاوەڵان كرد، كە گەڕاینەوە مەدینە ئەو حاڵەی منیان بۆ پێغەمبەر باس كرد. پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « يَا عَمْرُو صَلَّيْتَ بِأَصْحَابِكَ وَأَنْتَ جُنُبٌ». ئەی عەمر ئەوە بە لەشگرانی نوێژت بەهاوەڵانت كردووە؟ عەمر دەڵێ: عەرزم كرد: من یادی فەرمایشتی پەروەردگارم كردەوە كە دەفەرموێ: (وَلاَ تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا). بۆیە تەیەمومم كردو پاشان نوێژم كرد، ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێكەنیو هیچی نەفەرموو.[1]

* مانای {الصعید} كە لە ئایەتەكەدا هاتووە چیە؟

لەكتێبی (لسان العرب)دا[2] دەڵێ: (الصعید) بە مانا زەویە. گوتراویشە بە مانا زەوی پاكە. هەروا گوتراوە بەمانا هەموو گڵو خۆڵێكی خاوێنە. لە قورئاندا هاتووە «فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا». ئەبو ئیسحاق وتویەتی: (الصعید) بەمانا روی زەویە، هەر ئەوەندە پێویستە مرۆڤ دەستی بەزەویدا ماڵی، گوێ نەداتە ئەوەی ئاخۆ شوێنەكە گڵو خۆڵی لێیە یان نا، چونكە (صعید) بەمانا گڵو خۆڵ نیە، بەڵكوو مەبەست روی زەویە، جا گڵو خۆڵ بێ یان شتی تر بێ تەنانەت وتویەتی: ئەگەر زەویەك هەمووی بەردو شاخ بێو گڵی لەسەر نەبێ، تەیەمومكەر دوو دەستی بەو بەردو شاخەدا بماڵێو ڕوخسارو دەستو بازوی خۆی پێ مەسح بكا ئەوە بۆی دەبێتە پاكەوەكەر (طەهور).

---

[1] صحیح: (ص. د ٣٢٣)، د (١/٥٣٠/٣٣٠)، حم (٢/١٩١/١٦)، ك (١/١٧٧).

[2] ج ٣/٢٥٤.

چۆنیەتی تەیەموم

لەعـەمماری کوڕی یاسرەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵێ: ئیحتـیلامم بـوو، ئـاوم دەست نەکەوت، خۆم لەگڵو خۆڵدا گەوزانـدو پاشـان نوێـژم کـرد دوایـی ئـەو ڕەفتـارەی خـۆم بـۆ پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) بـاس کـرد، فەرمووی: ئەوەندەت بەس بوو ئاوات بکردایە، لەپێش چاوی خـۆم پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هەردوو دەستی بەزەویدا ماڵینو فوی لێ کـردنو ڕوخسارو دوو دەستی خۆی پی مەسح کردن.[١]

فائیدەیەک: قاعیدەو بنەما لە تەیەمومدا ئەوەیە تەیەمموم لە شوێنی دەستنوێژە، ئەوەی بە دەستنوێژ حەڵاڵ دەبێ، بەتەیـەمومیش حـەڵاڵ دەبێ، پێش هاتنی کات تەیەموم کردن دروستە وەکوو چۆن دەستنوێژگرتن دروستە، دەتوانـێ بەیـەك تەیـەموم چـەندێکی بـوێ نوێـژ بکـا، وەکـوو چـۆن بەیـەك دەستنوێژ دەتوانێ چەندێك بتوانێ نوێژ بکا.

ئەو شتانەی تەیەموم پوچ دەکەنەوە

هەر شتێك دەستنوێژ بەتاڵ بکاتەوە تەیەمومیش پوچ دەکاتەوە، هـەروا دەستەبەربوونی ئاو بۆ کەسێك لەبەر بێ ئاوی تەیەمومی کردبێ، یان توانـای بـەکارهێنانی ئـاو بـۆ کەسـێك لەبـەر نـەتوانینو زیـان پـێ گەیـشتن، ئـاوی بەکارنـەهێنابێو تەیـەمومی کردبـێ، ئەمانـەیش تەیـەموم بـەتاڵ دەکەنـەوە، ئەگـەر کەسـێك لـەناو نوێـژدا بووئـەم عوزرانـەی نـەمان، ئـەوە بـا درێـژە بەنوێژەکەی بداو نوێژەکەی صەحیحەو پێویست بەگێڕانەوە ناکا.

لـە ئـەبو سـەعیدی (الخـدری)یـەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: دوو پیـاو بەسەفەرێك لەماڵ دەرچوون، کاتی نوێژیان لێ هاتو ئاویـان دەسـت نەکـەوت،

---

[١] متفق علیه: خ (١/٤٥٥/٣٤٧)، م (١/٢٨٠/٣٦٨)، د (١/٥١٤/٣١٧)، ن (١/١٦٦).

بەزەوییەکی پاك تەیەمومیان کردو نوێژیان کرد. پاشان هێشتا کاتی نوێژەکە تێنەپەڕی بوو ئاویان دەست کەوت، یەکێکیان دەستنوێژی گرتو نوێژەکەی ئیعادە کردەوە ئەوەی تریان نە دەستنوێژی گرتەوەو نە نوێژەکەی گێڕایەوە، پاشان کە گەڕانەوە هاتنە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئەوەیان بۆ باس کرد، بە ئەوەیانی فەرموو کە نوێژەکەی ئیعادە نەکردبووەوە « أَصَبْتَ السُّنَّةَ وَأَجْزَأَتْكَ صَلاَتُكَ ». ئەتۆ کارەکەت موافیقی سوننەتی منەو نوێژەکەت دروست بووە، کارەکەت موافیقی شەریعەتە. بەوەشیانی فەرموو: کە دەستنوێژی گرتبووەوە نوێژەکەی گێڕابووەوە « لَكَ الأَجْرُ مَرَّتَيْنِ ». ئەتۆ دوو پاداشتت هەیە.

فائیدەیەک: کەسێك برینێکی پێوە بوو پێچابووی، یان شوێنێکی شکا بوو هەڵی بەستبووەوە، ئەوە شتنی ئەو شوێنەی لەسەر نیە، پێویست ناکا نە مەسحی لەسەر بکا، نە تەیەمومی بۆ بکا.

سەربەڵگەی ئەم حوکمە فەرمایشتی پەروەردگارە: کە دەفەرموێ: {لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا – البقرة/٢٨٦}. هەروا فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ). «وَإِذَا أَمَرْتُكُمْ بِأَمْرٍ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ».[1] هەرکاتێ فەرمانم پێ کردن بەکارێك بەپێی توانای خۆتان بیکەن، چەندێك دەتوانن ئەوەندەی لێ جێبەجێ بکەن، ئەوەتا بەگوێرەی قورئانو سوننەت هەرشتێك لەتوانادا نەبێ لابراوەو حوکمەکەی لاچووە. بەگوێرەی شەرع دەبێ تەعویضی بکاتەوە، شەرعیش بەقورئانو سوننەت نەبێ شت پێویست ناکا، ئاشکراشە نە لەقورئانداو نە لەسوننەتدا ئاماژەیەك نیە بۆ تەعویضو

---

[1] صحيح: (مختصر م ٦٣٩)، م (٢/٩٧٥/١٣٣٧)، ن (٥/١١٠).

بارتەقای مەسح لەسەر شكاوی‌و برینێك كە نەتوانداریێ بشۆرێ، كەوابوو قسەی ئەوە كە مەسح لەسەر برین‌و شكاوی دەبێ بكرێ رەتدەكرێتەوە.[1]

دروستە تەیەمموم بەدیوار بكرێ[2]

لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەتكراوە دەفەرموێ: من‌و عەبدوڵڵای كوڕی یەسار؛ (مەولای مەیمونەی خێزانی پێغەمبەر، دروودی خودای لەسەر بێ) چوینە لای ئەبو جوهەیمی كوڕی (الحارث)ی كوڕی (الصمة)ی ئەنصاری، ئەبو جوهەیم وتی: پێغەمبەر لەلای (بیئری جەمەلەوە)[3] دەهاتەوە. پیاوێك توشی بوو سڵاوی لێ كرد، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وەڵامی سڵاوەكەی نەدایەوە، هەتا روی كردە دیوارێك مەسحی دەم‌و چاوو دەست‌و باسكی خۆی پێ كرد، پاشان وەڵامی سڵاوی كابرای دایەوە.[4]

حوكمەكانی خوێنی عادەی مانگانەو خوێنی پاش منداڵبوون

خوێنی عادەی مانگانە (حیض): خوێنێكە لای ئافرەتان ناسراوو ئاشكرایە، لە شەرعدا ئەندازەیەك نیە بۆ زۆری‌و كەمی بەڵكوو ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ عادەت.

خوێنی پاش منداڵبوون (النفاس) ئەو خوێنەیە بەهۆی منداڵبوونەوە دێتە دەرەوە. زۆریەكەی چل رۆژە.

لە ئەممو سەلەمەوە (رەزای خودای لێ بێ) ریوایەتكراوە، دەڵێ: ئافرەتە زەیستانەكان لەرۆژگاری پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) چل رۆژ

---

(1) المحلى لإبن حزم ج٧٤/٢.

(2) دیوارەكە گڵ بێ یان بەرد بێ، بۆیە كرابێ یان نا.

(3) شوێنێكە نزیك مەدینە.

(4) متفق علیه: خ (١/٤٤١/٣٣٧)، م (١/٢٨١/٣٦٩) معلقا، د (١/٥٢١/٣٢٥)، ن (١/١٦٥).

دادەنیشتن واتە: نە نوێژو نە ڕۆژو نە سەرجێی ژنو مێردییان ئەنجام نەدەدا.[١]

هەرکاتێك ئافرەتە زەیستانەکە بینی پاکبۆتەوە پێش تەواوبوونی چل ڕۆژەکە، ئەوە غوسڵ دەکاو پاك دەبێتەوە، ئەگەر دوای غوسڵ کردنەکەو دوای تێپەڕبوونی چل ڕۆژەکە خوێنی بینی ئەوە بەتەواوبوونی چل ڕۆژەکە غوسڵ دەکاو پاك دەبێتەوە. ئەو خوێنەی دەیبینی بەخوێنی زەیستان (نفاس) ناژمێردرێ.

ئەوەی لەسەر ئافرەتی حائیضو زەیستان حەرامە

هەرکارێك بۆ بێ دەستنوێژ دروست نەبێ بۆ حائیضو زەیستانیش حەرامە، زیاد لەو شتانەیش ئەمانەشی لەسەر حەرامن.

١- ڕۆژوو گرتنی لێ حەرامە، کاتێك پاکبۆوە ڕۆژوەکانی دەگرێتەوە.

موعاذە: دەگێڕێتەوە دەڵێ: پرسیارم لەخاتو عائیشە کرد وتم: ئەوە بۆ ئافرەت کە دەکەوێتە عادەی مانگانەوە نوێژ ناکاو ڕۆژوو ناگرێ: کە پاکبۆوە دەبێ ڕۆژوەکانی بگرێتەوە، کەچی نوێژەکانی ناگێڕێتەوە؟ لەوەڵامدا فەرمووی: یەکێك لەئێمەی ئافرەت لەگەڵ پێغەمبەردا دەبوینو دەکەوتینە عادەی مانگانەوە، فەرمانمان پێ دەکرا ڕۆژو بگرینەوە، بەڵام فەرمانمان پێ نەدەکرا بەگێڕانەوەی نوێژەکانمان.[٢]

٢- جوتبوون سەرجێی کردن، ئاماژە بە فەرمایشتی پەروەردگار کە دەفەرموێ: {وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ

---

[١] حسن صحيح: (ص. جه ٥٣٠)، د (١/٥٠١/٣٠٧)، ت (١/٩٢/١٣٩)، جه (١/٢١٣/٦٤٨).

[٢] متفق عليه: م (١/٢٦٥/٣٣٥) وهذا لفظه، خ (١/٤٢١/٣٢١)، ت (١/٨٧/١٣٠)، د (٢٥٩/١/٤٤٤)، جه (١/٢٠٧/٦٣١).

وَلاَ تَقْرَبُـوهُنَّ حَتَّـىَ يَطْهُـرْنَ فَـإِذَا تَطَهَّـرْنَ فَـأْتُوهُنَّ مِـنْ حَيْـثُ أَمَـرَكُمُ اللّـهُ – البقرة/٢٢٢}. پرسيارت لێ دەكەن ئەی پێغەمبەر! دەربارەی خوێنی عادەی مانگانەی ئافرەت، بڵێ: ئەوە خوێنێكی سورشتییەو ئەزیەتو نەخۆشییەكە توشی ئافرەت دەبێ، لەماوەی هەبوونی ئەو حاڵەتەدا خۆتان لەئافرەت كەنارگیر بكەنو لێیان نزیك مەبنەوە، كە لەو خوێنە پاك بوونەوە، دەتوانن بچنە لایانو سەرجێیان لەگەڵدا بكەن بەو شێوەی خودا فەرمانی پێ كردوون. هەروەها ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) كە دەفەرموێ: « اصْنَعُوا كُلَّ شَيْءٍ إِلاَّ النِّكَاحَ ».[1] ئەوكاتەی ئافرەت لەعادەی مانگانەی دایە بۆ مێردەكەی ڕەوایە هەموو شتێكی لەگەڵدا بكا جگە لەجوتبوون. واتە: لەكاتی بێنوێژی ئافرەتدا هەموو شتێكیان لەگەڵ بكەن جگە لەجوتبوون.

حوكمی كەسێك چووەلای ئافرەتی بێنوێژو تێكەوتوو لەعادەی مانگانە

ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ: ئەگەر موسوڵمانێك پێی وابوو جوتبوون لەگەڵ ژنی لەعادەی مانگانەكەوتوو (حائض) لەپێشەوەرا حەڵاڵە بەكافرو لەئاین هەڵگەڕاوە حسێب دەكرێ. ئەگەر پیاوێك لەكاتی عادەی مانگانەدا چووە لای خێزانەكەی پێی وانەبوو حەڵاڵە، جا یان لەبیری چوبوەوە، یان نەیدەزانی خێزانەكەی لەوحاڵەدایە، یان نەیدەزانی حەرامە، یان زۆریان لێ كرد ئەو كارە بكاو ناچاریان كرد، ئەوە گوناهی ناگاتێو كەفارەتو فەرمبووشی لەسەر نیە، ئەگەر بە ئەنقەست لەگەڵ ژنەكەی جوتبوو، دەیزانی ژنەكە لەعادەی مانگانەدایەو حەرامیشە، كەسیش زۆری لێ نەكردبوو

---

[1] صحيح: (ص. جه ٥٣٧)، م (١/٢٤٦/٣٠٢)، د (١/٤٣٩/٢٥٥)، ت (٤/٢٨٢/٤٠٦٠)، جه (٦٤٤/١/٢١١)، ن (١/١٥٢).

بەویستو ئیختیاری خۆی ئەوکارەی کرد، ئەوە بێگومان تاوانی گەورەی ئەنجام داوە.

ئیمامی شافیعی فەرموویەتی ئەو کارە گوناهی کەبیرەیەو واجبە لەسەری تۆبە بکا، ئەمجار ئاخۆ کەفارەتی لەسەر یان نا؟

ئەوەوی دەڵێ: من دەڵێم رای پەسەند ئەوەیە کەفارەتی لەسەرە کە کەفارەت بدا[1] ئەمەیش بەپێی ئەو حەدیثەی ئیبنو عەبباس لە پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێ) ریوایەتی کردووە کە دەربارەی کەسێك بچێتە لای خێزانی لەعادەی مانگانەدا فەرموویەتی: « يَتَصَدَّقُ بِدِينَارٍ أَوْ نِصْفِ دِينَارٍ».[2] لەپای ئەو تاوانە دینارێك یان نیو دینار دەکا بەخێر.

ئەو تەخیرییەی لەحەدیثەکەدا چەسپاوە دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی نێوان چوونە لای لەسەرەتای هاتنی خوێنەکەو کۆتای عادەکە لەبەر ئەو فەرموودەیەی ئیبنو عەبباس بە مەوقوفی ریوایەتی کردووە: کە دەڵێ: (ان أصابها في فور الدم تصدق بدينار وإن كان في آخره فنصف دينار)[3].

حاڵەتی هەمیشە خوێنی (الإستحاضة)

ئیستیحاضە: جۆرە خوێنێکە کە غەیری کاتی هاتنە دەرەوەی خوێنی عادەی مانگانەو خوێنی دوا منداڵبوون دێتە دەر، یان یەکسەر دوای ئەوان دێتە دەر، جا ئەگەر حاڵەتی یەکەم بوو ئەوە ئاشکراو دیارەو لێك جیادەکرێنەوە. ئەگەر حاڵەتی دووەم بوو، ئەوە تێدەفکرین. ئەگەر

---

[1] شرح النووي على مسلم ج٣/٢٠٤.

[2] صحيح (ص. جه ٥٢٧)، م (١/٢٤٦/٣٠٢)، د (١/٤٣٩/٢٥٥)، ت (٤/٢٨٢/٤٠٦٠)، جه (٦٤٤/١/٢١١)، ن (١/١٥٢).

[3] صحيح موقوف (ص. د ٢٣٨)، د (١/٢٤٩/٢٦٢).

ئافرەتەکە (معتادة) بوو واتە: عادەی مانگانەی ڕێكو پێكو زاندراو بوو، ئەوە چی لە عادەی مانگانەی زیادبێ، بەخوێنی ئیستیحاضە (هەمیشە خوێن) دادەندرێ. ئاماژە بە فەرمایشتی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ): کە بە ئوممو حەبیبەی فەرموو: « امْكُثِي قَدْرَ مَا كَانَتْ تَحْبِسُكِ حَيْضَتُكِ ثُمَّ اغْتَسِلِي وَصَلِّي».[1] بەئەندازەی ماوەی عادەی مانگانەی خۆت خۆت بگرەو، پاشان غوسڵ بکەو نوێژ بەجێ بێنە.

ئەگەر ئافرەتە خوێن بەربووەکە جوداوازی نێوان دوو خوێنەکەی بۆدەکرا، ئەوە خوێنی حەیزەکە، خوێنێکی گەشو ڕەشو ناسراوە، ئافرەت بۆخۆیان باش دەیناسن. ئەگەر وانەبوو ئەو خوێنی ئیستیحاضەو هەمیشە خوێنە. ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ): کە ئاڕاستەی فاطیمەی کچی ئەبو حوبەیشی کرد فەرمووی: (اذا كان دم الحيض فأنه أسود معروف فأمسكي عن الصلاة، فإذا كان الآخر فتوضئ فإنما هو عرق).[2] ئەگەر خوێنەکە خوێنی حەیز بوو ئەوە خوێنێکی گەشو ڕەشو ناسراوە، لەو ماوەدا واز لەنوێژ کردن بێنە، ئەگەر خوێنەکە ڕەنگی بەو جۆرە نەبوو، ئەوە دەستنوێژ بگرەو نوێژ بکە چونکە ئەو خوێنی حەیز نیە.

ئەگەر ئافرەتەکە بە حاڵەتی هەمیشە خوێنیو خوێن بەربوویی ڕەسیدە بوو، نەیدەتوانی جوداوازی بخاتە نێوان خوێنەکانو بۆی لێك نەدەکرانەوە ئەوە بەگوێرەی ئافرەتی خزمو هاو نیشتمانی خۆی حیسابی بۆ دەکرێ.

---

[1] صحيح: (الإرواء/٢٠٢)، م(٣٣٤-٦٥-١/٢٦٤).

[2] صحيح: (الإرواء/٢٠٤)، ن(١/١٨٥)، د(٢٨٣/١/٤٧٠).

ئاماژه به فەرموودەی پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ): کە بە حەمنەی کچی جەحشی فەرموو: « إِنَّمَا هَذِهِ رَكْضَةٌ مِنْ رَكَضَاتِ الشَّيْطَانِ فَتَحَيَّضِي سِتَّةَ أَيَّامٍ أَوْ سَبْعَةَ أَيَّامٍ فِي عِلْمِ اللَّهِ ثُمَّ اغْتَسِلِي حَتَّى إِذَا رَأَيْتِ أَنَّكِ قَدْ طَهُرْتِ وَاسْتَنْقَأْتِ فَصَلِّي ثَلَاثًا وَعِشْرِينَ لَيْلَةً أَوْ أَرْبَعًا وَعِشْرِينَ لَيْلَةً وَأَيَّامَهَا وَصُومِي فَإِنَّ ذَلِكَ يُجْزِئُكِ وَكَذَلِكَ فَافْعَلِي فِي كُلِّ شَهْرٍ كَمَا تَحِيضُ النِّسَاءُ وَكَمَا يَطْهُرْنَ مِيقَاتَ حَيْضِهِنَّ وَطُهْرِهِنَّ».[1] ئەوە سەر لێ شێواندنێکی شەیتانە، وای لێ دەکا نەزانێ کامە خوێنی حەیزەو کامە خوێنی (ئیستیحاضە)یە، بە حەمنەی فەرموو: شەش رۆژ یان حەوت رۆژ خۆت بەبێ نوێژ دابنێ، باش ورد بەرەوە لەحاڵی ئافرەتی بێ نوێژ لەخزم‌و کەس‌و کارو هاوتەمەنی خۆت، بۆئەوەی پەی بەری بە ماوەی بێنوێژی راستەقینەی خۆت بەقیاس بۆسەر عادەی مانگانەی ئەوان، دەق وەکوو ئەو ماوەیەی لەزانستی خودادا هەیە. پاشان خۆت پاك بشۆرەو بیست‌و سێ شەو بەرۆژەکانیەوە یان بیست‌و چوار شەو بەرۆژەکانیەوە نوێژی خۆت بکەو رۆژوی خۆت بگرە.

ئیتر ئەمەت بەسە، هەموو مانگێك بەم شێوە عادەی مانگانەت بڕیاربدە، ماوەی بێنوێژی خۆت بەرامبەر بکە بەماوەی بێ نوێژی ژنانی تر لە خزم‌و هاوتەمەنانت، ماوەی پاکی‌و بێ نوێژی خۆت بە (قیاس) بۆسەر حاڵی ئەوان دیاری بکە.

ئەو حوکمانەی تایبەتن بە ئافرەتی هەمیشە بێنوێژ (مستحاضة)

هیچ شتێ لەوانەی لەسەر ئافرەتی حەیزدار حەرام دەبێ، لەسەر ئافرەتی هەمیشە بێ نوێژ حەرام نابێ، وەلێ ئەوەندە هەیە پێویستە ئافرەتی موستەحاضە بۆ هەموو نوێژێك دەستنوێژ بگرێ. بە پێی فەرموودەی

---

[1] حسن: (الإرواء/٢٠٥)، د(٢٨٤/٤٧٥/١)، ت(١٢٨).

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ)؛ کە ئاراستەی فاطیمەی کچی ئەبو حوبەیشی کرد؛ پێی فەرموو: « ثُمَّ تَوَضَّئِي لِكُلِّ صَلاَةٍ».[١] واتە: ئەمجار دەستنوێژ بگرە بۆ هەموو نوێژێك. سوننەتە بۆ ئافرەتی هەمیشە بێنوێژ بۆ هەموو نوێژێك غوسڵ بکا، وەکوو لەوەپێش لەباسی غوسڵە سوننەتەکاندا تێپەڕی.

كتاب الصلاة

باسی نوێژ

وشەی (صلاة) لە زماندا بەمانا نزاو پاڕانەوەیە بەخێر قورئان دەفەرموێ: (وَصَلِّ عَلَيْهِمْ). واتە: دوعای خێریان بۆبکە. لە زاراوەی شەرعدا (صلاة) بریتییە لە کۆمەڵێك گوفتارو رەفتار: کە بەگوتنی (الله أكبر) دەست پێدەکرێن و بەسەلامدانەوە کۆتاییان دێ، وێڕای لەبەرچاو گرتنی چەند مەرجێکی تایبەتی.[٢]

نوێژی فەرز پێنج نوێژن. نوێژی نیوەڕۆ، نوێژی عەصر، نوێژی شێوان، نوێژی خەوتنان، نوێژی بەیانی.

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: لەو شەوەدا کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) شەوڕەوی پێ کرا پەنجا نوێژ لەسەر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرزکرا، پاشان لێیان کەم کرایەوە تابوونە پێنج نوێژ. ئەمجار بانگ لە پێغەمبەر کرا (دروودی خودای لەسەر بێ) ئەی موحەممەد! ئەوە بزانە بڕیاری من گۆڕانکاری بەسەردا نایە، ئەتۆ بەکردنی ئەم پێنج نوێژە پاداشی پەنجا نوێژت هەیە.[٣]

---

[١] صحيح: (ص.جة/٥٠٧)، د(١٩٥/٤٩٠/١)، جة(٦٢٤/٢٠٤/١).

[٢] مغنى المحتاج (ج ١/١٢٠).

[٣] متفق عليه: ت(٢١٣/١٣٧/١) هكذا مختصراً واخرجه مطولاً خ(٣٨٨٧/٢٠١/٧).

له طه‌لحه‌ی كوڕی عوبه‌یدیلاوه ڕیوایه‌تكراوه، ده‌ڵێ: كابرایه‌كی عه‌ره‌بی ده‌شته‌كی هاته خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ر (دروودی خودای له‌سه‌ر بێ)، قژ ژاكاو، وتی: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خودا! پێم بڵێ: خودا ڕۆژی چه‌ند نوێژی له‌سه‌ر فه‌رزكردوم، پێغه‌مبه‌ر (دروودی خودای له‌سه‌ر بێ) فه‌رمووی: « الصَّلَوَاتِ الْخَمْسَ ، إِلاَّ أَنْ تَطَّوَّعَ شَيْئًا». له شه‌وو ڕۆژێكدا پێنج نوێژت له‌سه‌ر فه‌رزكراوه، جگه له‌نوێژی سوننه‌ت كه بۆ خۆت به ویستی خۆت بته‌وێ نوێژی سوننه‌ت بكه‌ی.

پله‌و پایه‌ی نوێژ له ئاییندا

له عه‌بدوڵلای كوڕی عومه‌ره‌وه ڕیوایه‌تكراوه، ده‌ڵێ: پێغه‌مبه‌ر (دروودی خودای له‌سه‌ر بێ) فه‌رمووی: « بُنِيَ الإِسْلاَمُ عَلَى خَمْسٍ شَهَادَةِ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ وَإِقَامِ الصَّلاَةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ وَحَجِّ الْبَيْتِ وَصَوْمِ رَمَضَانَ».[1]

ئایینی ئیسلام له‌سه‌ر پێنج پایه بنیات نراوه:

یه‌كه‌م: شایه‌تیدان به‌وه‌ی هیچ خودایه‌ك نیه شیاوی په‌رستش‌و به‌ندایه‌تی بۆ كردن بێ جگه له (الله)، هه‌روه‌ها شایه‌تی ده‌ده‌م: كه حه‌زره‌تی موحه‌ممه‌د ره‌وانه‌كراوی په‌روه‌ردگاره.

دووه‌م: به‌جێهێنانی نوێژ.

سێیه‌م: ده‌ركردنی زه‌كات له ماڵ‌و سامان.

چواره‌م: حه‌جكردنی ماڵی خودا.

پێنجه‌م: ڕۆژوو گرتنی مانگی ره‌مه‌زان.

---

[1] متفق عليه: م(١٦-٢٠-١/٤٥) وهذا لفظه، خ(١/٤٩/٨)، ت(٤/١١٩/٢٧٣٦)، ن(٨/١٠٧).

حوكمی نوێژ نەكەر

موسوڵمانان كۆڕایان هەیە لەسەر ئەوە كەسێك ئینكاری فەرزبوونی نوێژ بكا كافر دەبێ‌و لە چوارچێوەی ئایینی ئیسلام دەردەچێ، بەڵام ڕاجیاییان تێكەوتووە دەربارەی كەسێك نوێژ نەكاو بڕواشی وابێ واجبە، هەندێك دەڵێن: كافر دەبێ، هەندێك دەڵێن: تاوانبار دەبێ‌و لە ئایین دەرناچێ. هۆكاری ئەم ڕاجیاییە، چەند حەدیسێكن لە پێغەمبەرەوە ڕیوایەتكراون: بەزەقی‌و ئاشكرا ئەوە جوداوازییە دەخەنە نێوان نوێژ نەكەری تەمبەڵ‌و لاسار لەگەڵ نوێژ نەكەری بێ بڕواو مونكیر.

لە جابیرەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنَّ بَيْنَ الرَّجُلِ وَبَيْنَ الشِّرْكِ وَالْكُفْرِ تَرْكَ الصَّلاَةِ»[1]: بێگومان نێوانی مرۆڤو كوفرو هاوبەشپەیداكردن وازهێنانە لەنوێژ.

نوێژ نەكردن

لە بورەیدەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: لە پێغەمبەرم زنەوت دەیفەرموو: «الْعَهْدُ الَّذِى بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمُ الصَّلاَةُ فَمَنْ تَرَكَهَا فَقَدْ كَفَرَ».[2] ئەو عەهدو پەیمانەی لەنێوان ئێمەی موسوڵمان‌و ئەوانی كافردا هەیە بریتییە لەنوێژ، نوێژ نیشانەی جیاكردنەوەی ئێمەیە لە ئەوان. جا كەسێك بە ئەنقەست نوێژ نەكا ئەوە بێگومان كافرە. وەڵێ ڕای پەسەند لای زانایانی ئیسلام ئەوەیە: كە مەبەست بە كوفر لێرەدا كوفری بچوكە: كە نابێتە هۆكاری دەرچوونی مرۆڤ

---

[1] صحيح: (ص.ج/٢٨٤٨)، م(٨٨/٨٢/١) وهذا لفظه. د(٤٦٥٣/٤٣٦/١٢). ت(١٢٧/٤/٢٧٥)، جة(١٠٧٨/٣٤٢/١).

[2] صحيح: (ص.ج/٨٨٤)، جة(١٠٧٩/٣٤٢/١)، ن(٢٣١/١)، ت(٢٧٥٦/١٢٥/١).

لەئايين، بە لەبەرچاو گرتنی ئەم رایە دەتوانین جەمع بکەین لەنێوان ئەم فەرمودانەو فەرمودەی تر کە هەندێکیان ئەمانەن:

لە عوبادەی کوڕی صامیتەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: لە پێغەمبەرم ژنەوت دەیفەرموو: «خَمْسُ صَلَوَاتٍ كَتَبَهُنَّ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى عَلَى الْعِبَادِ مَنْ أَتَى بِهِنَّ لَمْ يُضَيِّعْ مِنْهُنَّ شَيْئاً اسْتِخْفَافاً بِحَقِّهِنَّ كَانَ لَهُ عِنْدَ اللَّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى عَهْدٌ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ وَمَنْ لَمْ يَأْتِ بِهِنَّ فَلَيْسَ لَهُ عِنْدَ اللَّهِ عَهْدٌ إِنْ شَاءَ عَذَّبَهُ وَإِنْ شَاءَ غَفَرَ لَهُ».[1]: پێنج فەرزی نوێژ لە شەوو ڕۆژێکدا خودا پێویستی کردوون لەسەر بەندەکان، کەسێك بەرێكو پێکی بەجێیان بێنێ هیچ نوێژێك نەفەوتێنێ بەهۆی کەمتەرخەمییەوە یان بەهەند نەگرتنیان، ئەوە خودا وادەی داوە بیخاتە بەهەشتەوە، کەسێك بەجێیان نەهێنێ، ئەوە هیچ عەهدو پەیمانێکی لای خودا نیە، مەیلی لێ بێ سزای دەدا مەیلی لێ بێ لێی خۆش دەبێ.

کە دەبینین پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کاری ئەو کەسەی بەرێكو پێکی نوێژەکانی بەجێ ناهێنێ، دەخاتە مەشیئەتی پەروەردگارەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە نوێژ نەکردن ناچێتە پلەی کوفرو شیرکەوە، ئاماژە بەدەقی ئایەتی {إِنَّ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاء وَمَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا – النساء/٤٨}. پەروەردگار هەرگیز لەوە خۆشنابێ هاوەڵی بۆ دابندرێ، ئەوە تاوانێکە خودا بڕیاری داوە لێی خۆش نەبێ، بەڵام تاوانی تر بە مەشیئەتی خۆی یان سزای دەدا، یان لێی دەبورێ.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو: « إِنَّ أَوَّلَ مَا يُحَاسَبُ بِهِ الْعَبْدُ الْمُسْلِمُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ الصَّلاَةُ الْمَكْتُوبَةُ فَإِنْ أَتَمَّهَا وَإِلاَّ قِيلَ انْظُرُوا هَلْ لَهُ مِنْ تَطَوُّعٍ فَإِنْ كَانَ لَهُ تَطَوُّعٌ أُكْمِلَتِ الْفَرِيضَةُ مِنْ

---

[1] صحيح: (ص.جة/١١٥٠)، ط(٩٠/٣٦٦)، حم(٢/٢٣٤/٨٢)، د(٢/٩٣/٤٢١)، جة(١٤٠١/١/٤٤٩)، ن(١/٢٣٠).

تَطَوُّعِهِ ثُمَّ يُفْعَلُ بِسَائِرِ الأَعْمَالِ الْمَفْرُوضَةِ مِثْلُ ذَلِكَ».[1] یەکەم شتێك کە ڕۆژی قیامەت لێپرسینەوەی لەسەر دەکرێ لەگەڵ مرۆڤی موسوڵمان نوێژە فەرزەکانن، جا ئەگەر لەو لێکۆڵینەوە بەسەرفرازی ڕزگاری بوو ئەوە باشە، خۆ ئەگەر لەنوێژە فەرزەکاندا کەمو کورتی هەبوو، دەگوترێ بڕوانن: ئاخۆ نوێژی سوننەتی هەن؟ ئەگەر هەیبوو، کەمو کورتی فەرزەکانی پێ تەواو دەکرێ، پاشان بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ کارە فەرزەکانی تری دەکرێ.

لە حوزەیفەی کوڕی (ألیمان)ەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: (ئایینی ئیسلام کاڵ دەبێتەوە تینو کاریگەری نامێنێ وەکوو چۆن قوماش ڕەنگو گوڵی کاڵ دەبنەوە، هەتا وای لێ دێ نازاندرێ ڕۆژوو چیەو نوێژ چیە، تاعەتو حەجو خێرو صەدەقە چیە، وای لێ دێ قورئان دەسڕدرێتەوە لە شەوێکدا ئایەتێکی لێ نامێنێتەوە، چەند کۆمەڵێك لە خەڵکان دەمێننەوە پیرەمێردو پیرەژن دەڵێن: ئێمە باوکو باپیری خۆمانمان دیوەو لێمان بیستوون دەیانگوت: (لا الـه الا الله) ئێمەیش لاسایی ئەوان دەکەینەوە قسەکەی ئەوان دەڵێینەوە) صیلە بە حوزەیفەی گوت: جا کە ئەوان نوێژو ڕۆژو حەجو خێرو خێرات نەزانن، گوتنی (لا اله الا الله) چ سودێکیان پێ دەگەیەنێ؟! حوزەیفە ڕوی لێ وەرگێڕا، صیلە دوبارە هەمان پرسیارو دەستەواژەی ئاراستە کردەوە تاسێجارو هەموو جارێ حوزەیفە ڕوی لێ وەردەگێڕا، دوایی حوزەیفە ڕوی کردە صیلەو وتی: گوتنی (لا اله الا الله) ڕزگاریان دەکا لەئاگر سێجار ئەو قسەی دووبارە کردەوە.[2]

---

[1] صحيح: (ص.جة/١١٧٢)، جة(١٤٢٥/١/٤٥٨) وهذا لفظه، ت(٤١١/١/٢٥٨)، ن(١/٢٣٢).

[2] صحيح: (ص.ج/٣٢٧٣)، جة(٤٠٤٩/٢/١٣٤٤).

نوێژ لەسەر کێ واجبە؟

نوێژ واجبە لەسەر هەموو موسوڵمانێکی رەسیدەو عاقڵ. ئیمامی عەلی دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلاَثَةٍ عَنِ النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ وَعَنِ الصَّبِيِّ حَتَّى يَحْتَلِمَ وَعَنِ الْمَجْنُونِ حَتَّى يَعْقِلَ».[1] ئەرك‌و بەرپرسیاریەتی لەسەر سێ جۆر مرۆڤ هەڵگیراوە نوستوو تا بەخەبەر دێ، منداڵ تا رەسیدە دەبێ، شێت هەتا عاقڵ دەبێ.

پێویستە سەرپەرشتیاری منداڵ فەرمان بە منداڵەکە بکا: بەنوێژ کردن – هەرچەندە نوێژی لەسەر واجب نیە – بۆئەوەی لەسەر نوێژکردن رابێ‌و باری پێوە بگرێ.

لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە، لەباوکییەوە لە باپیریەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « مُرُوا أَوْلاَدَكُمْ بِالصَّلاَةِ وَهُمْ أَبْنَاءُ سَبْعِ سِنِينَ وَاضْرِبُوهُمْ عَلَيْهَا وَهُمْ أَبْنَاءُ عَشْرِ سِنِينَ وَفَرِّقُوا بَيْنَهُمْ فِي الْمَضَاجِعِ».[2] ئامۆژگاری منداڵەکانتان بکەن بە نوێژکردن کاتێ دەگەنە تەمەنی حەوت ساڵی. هەڵیان بنێن بۆ ئەنجامدانی نوێژ لە تەمەنی دە ساڵیدا، جێگای نوستنیشیان لێك جیابکەنەوە.

کاتەکانی نوێژ

لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: حەزرەتی جوبرائیل هاتە لای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرموو هەڵسە نوێژ بکە، لەکاتێکدا خۆر لە ناوقەدی ئاسمان لایدابوو نوێژی نیوەڕۆی کرد، پاشان لەکاتی عەصردا هاتەوە لای پێی فەرموو: هەڵسە نوێژی عەصر بکە، نوێژی

---

[1] صحيح: (ص.ج/٣٥١٣)، د(٤٣٨٠/٧٨/١).

[2] حسن (ص. ج/٥٨٦٨)، د(٤٩١/١٦٢/٢) وهذا لفظه حم(٨٤/٢٢٨/٢)، ك(١٩٧/١).

عەصری بەجێ هێنا کاتێك سێبەری هەموو شتێك بە ئەندازەی شتەکە خۆی بوو، پاشان لەکاتی خۆرئاوابوون هاتەوە لای و فەرمووی: هەڵسە نوێژی مەغریب بکە، نوێژی مەغریبی ئەنجامدا کاتێك خۆر ئاوابوبوو، پاشان کاتی خەوتنان هاتەوە لای فەرمووی: هەڵسە نوێژی خەوتنان بکە، ئەویش هەڵسا نوێژی خەوتنانی ئەنجامدا، کاتێك سورایی کەناری ئاسمان نەمابوو، پاشان بەیانی هاتەوە لای پێی فەرموو: هەڵسە نوێژی بەیانی ئەنجام بدە، نوێژی بەیانی کرد کاتێك روناکایی بەیانی دیاری دا، یان کاتێك کە روناکایی فەجر لە کەناری ئاسمان پرتەو بەخش بوو. بۆ رۆژی دوایی حەزرەتی جوبرائیل هاتەوە لای بۆ دیاریکردنی کاتی نوێژی نیوەڕۆ پێی فەرموو: هەڵسە نوێژی نیوەڕۆ بکە، نوێژی نیوەڕۆی ئەنجامدا کاتێك سێبەری هەموو شتێك بە ئەندازەی خۆی لێ هاتبوو. پاشان بۆ نوێژی عەصر هاتەوە لای فەرمووی: نوێژی عەصر بەجێ بێنە، ئەویش نوێژی کرد لەکاتێکدا سێبەری هەموو شتێك دوو چەندانەی خۆی لێ هاتبوو، پاشان کاتی نوێژی شێوان هاتەوە لەهەمان کاتی دیاریکراوی رۆژی یەکەمدا نوێژی شێوانی کرد، پاشان کاتی نوێژی خەوتنان هاتەوە نیوەی شەو رۆیشتبوو، یان سێیەکی شەو رۆیشتبوو نوێژی عیشای کرد، پاشان بۆ نوێژی بەیانی، کاتێك کە بەتەواوی دونیا روناك بوبووەوە، فەرمووی: هەڵسە نوێژی بەیانی بکە، ئەمجار فەرمووی: نێوان ئەم دوو کاتانە بۆ هەموو نوێژەکان کاتی نوێژە[1].

ئیمامی تیرمیذی: فەرموویەتی: موحەممەدی کوڕی ئیسماعیلی بوخاری فەرموویەتی: راسترین حەدیث دەربارەی کاتەکانی نوێژ حەدیثی جابیرە.

١- نوێژی نیوەڕۆ کاتەکەی لەلادانی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان دەست پێ دەکا تاوای لێ دێ سێبەری هەموو شتێك بە ئەندازەی خۆوی لێ دێ.

---

[1] صحیح: (الإرواو/٢٥٠)، حم(٩٠/٢/٢٤١)، ن(١/٢٦٣).

٢- نوێژی عەصر: کاتەکەی لەوساتەوەختەوە دەست پێ دەکا کەسێبەری هەموو شتێك بە ئەندازەی خۆی لێ بێ، تا خۆرئاوابوون.

٣- نوێژی شێوان: کاتەکەی لەخۆرئاوابوونەوەیە تا ئاوابوونی سورایی کەناری ئاسمان (الشفق الأحمر)، ئەمەیش بەگوێرەی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «وَقْتُ صَلاَةِ الْمَغْرِبِ مَا لَمْ يَغِبِ الشَّفَقُ». [1] کاتی نوێژی شێوان لە خۆرئاوابوونەوەیە هەتا سورایی فەراخی ئاسمان دیاربێ.

٤- نوێژی خەوتنان: کاتەکەی لە ئاوابوونی سورایی ئاسمانەوەیە تا نیوەی شەو، ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «وَقْتُ صَلاَةِ الْعِشَاءِ إِلَى نِصْفِ اللَّيْلِ الأَوْسَطِ».

٥- نوێژی بەیانی: کاتەکەی لە روناکبوونەوەی ئاسۆی ئاسمانە تا خۆر دەردەکەوێ. بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ): کە دەفەرموێ: (وَوَقْتُ صَلاَةِ الصُّبْحِ مِنْ طُلُوعِ الْفَجْرِ مَا لَمْ تَطْلُعِ الشَّمْسُ) [2] کاتی نوێژی بەیانی لە دەرکەوتنی فەجری صادقەوە دەست پێ دەکا تا خۆر دەردەکەوێ.

مەبەست بە (صلاة الوسطى) چیە؟

قورئان دەفەرموێ: {حَافِظُواْ عَلَى الصَّلَوَاتِ والصَّلاَةِ الْوُسْطَى وَقُومُواْ لِلّهِ قَانِتِينَ – البقرة/٢٣٨} ئاگاداری نوێژەکان بکەن و بە رێك و پێکی و لەکاتی خۆیاندا، بەتایبەتی نوێژی ناوەڕاست واتە نوێژی عەصر. بەملکەچی و لێبڕانەوە بەندایەتی خودا بکەن.

---

[1] حسن: (الإرواء١/٢٦٨)، م(٦١٢-١٧٣-١/٤٢٧) وهذا لفظه، د(٢/٦٧/٣٩٢)، ن(١/٢٦٠)، ت(١/١٠١/١٥٠).

[2] حسن (الإرواء ١/٢٦٨) المصادر السابقة.

له ئیمامی عەلییەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: ڕۆژی ئەحزاب پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «شَغَلُونَا عَنِ الصَّلاَةِ الْوُسْطَى صَلاَةِ الْعَصْرِ مَلأَ اللَّهُ بُيُوتَهُمْ وَقُبُورَهُمْ نَارًا».[1] کەلەکۆمەکیکارە کافرەکان وایان لێ کردین نوێژی عەصرمان لەیادبچێو لەکاتی خۆیدا بۆمان نەکرێ، خودا ماڵەکانیان پڕبکا لەئاگر.

واباشە نوێژی نیوەڕۆ جگە لەکاتی گەرمای زۆر لەسەرەتای کاتدا بکرێ

جابیری کوڕی سەمورە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عادەتی وابوو هەر لەگەڵ خۆر لەنیوەی ئاسمان کلا دەبوو نوێژی نیوەڕۆی بەجێ دێنا.[2]

واباشە لەکاتی گەرمادا نوێژی نیوەڕۆ دوابخرێ

ئەبو هورەیرە (ڕەزای خودای لێ بێ) دەفەرموێ: پێغەمبەری خودا فەرمووی: « إِذَا اشْتَدَّ الْحَرُّ فَأَبْرِدُوا بِالصَّلاَةِ». ئەگەر گەرما بەهێزبوو نوێژی نیوەڕۆ دوابخەن تا کەمێك تینی گەرما دەڕواو سێبەر دادەکەون. چونکە گڕەی گەرمای نیوەڕۆ لە هالاوی دۆزەخە.[3]

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر بێ) عادەتی وابوو نوێژی عەصری دەکرد هێشتا خۆر بەرزبوو شۆڕ

---

[1] صحيح: مختصر م(٢١٧)، م(٦٢٧ – ٢٠٥ – ١/٤٣٧).

[2] صحيح: (الإرواء/٢٥٤)، م(٦١٨/١/٤٣٢).

[3] متفق عليه: م(٦١٥/١/٤٣٠) وهذا لفظه خ(٥٣٣/٢/١٥)، د(٣٩٨/٢/٧٥)، ت(١/١٠٥/١٥٧)، ن(١/٢٤٨)، جة(٦٧٧/١/٢٢٢).

نەبووبوەوە، کابرا نوێژی عەصری لەگەڵ پێغەمبەردا دەکرد دوایی دەڕۆیی بۆ (الموالی)[1] و دەهاتەوە ناو مەدینە هێشتا خۆر بەرزبوو.[2]

تاوانی فەوتاندنی نوێژی عەصر

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: «الَّذِي تَفُوتُهُ صَلاَةُ الْعَصْرِ كَأَنَّمَا وُتِرَ أَهْلَهُ وَمَالَهُ».[3] کەسێك نوێژی عەصری فەوتا، دەبێ وابزانێ: کە ماڵو خێزانی کەم بۆتەوە، واتە: چەندی پێ ناخۆشە ماڵو خێزانی بفەوتێو کەم بکا، دەبێ ئەوەندەشی پێ ناخۆش بێ نوێژی عەصری بفەوتێ.

لە بورەیدەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ تَرَكَ صَلاَةَ الْعَصْرِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ».[4] کەسێك نوێژی عەصر نەکا، کردەوە چاکەکانی پوچ دەبنەوە.

تاوانی کەسێك نوێژی عەصر دوابخا تاکاتی زەردەپەڕ

لەئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: بیستم پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو: « تِلْكَ صَلاَةُ الْمُنَافِقِ يَجْلِسُ يَرْقُبُ الشَّمْسَ حَتَّى إِذَا كَانَتْ بَيْنَ قَرْنَيِ الشَّيْطَانِ قَامَ فَنَقَرَهَا أَرْبَعًا لاَ يَذْكُرُ اللَّهَ فِيهَا إِلاَّ قَلِيلاً».[5] دواخستنی نوێژی عەصر بۆ کاتی زەردەپەڕ ئەوە شێوە نوێژکردنی دووڕووە، رادەوەستێ چاودێری خۆر دەکا تا دەگاتە (نێوان دوو شاخی شەیتان)ئەوکاتە

---

[1] الموالی: شوێنێکە لە دەوروبەری مەدینە.

[2] متفق علیه: خ(٢/٢٨/٥٥٠)، م(٦٢١/١/٤٣٣).

[3] متفق علیه: م(٦٢٦/١/٤٣٥)، خ(٥٥٢/٢/٣٠)، د(٤١٠/٢/٨٤)، ت(١٧٥/١/١١٣)، ن(١/٢٣٨).

[4] صحیح: (ص.ن/٤٩٧)، خ(٥٥٣/٢/٣١)، ن(١/٢٣٦).

[5] صحیح(ص.د/٣٩٩)، م(٦٢٢/٤٣٤/٢١) وهذا لفظه (٤٠٩/٢/٨٣)، ت(١٦٠/١/١٠٧)، ن(١/٢٥٤).

هەڵدەستێ وەکوو مریشك چەند جارێك دەندوك بەزەویدا دەدا گوایە نوێژ دەکاو سوژدە دەبا، کەم کەم نەبێ یادی خودا ناکا.

واباشە نوێژی شێوان زوو ئەنجام بدرێو دوانەخرێ

لە عوقبەی کوڕی عامیرەوە (رەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « لاَ تَزَالُ أُمَّتِي بِخَيْرٍ أَوْ عَلَى الْفِطْرَةِ مَا لَمْ يُؤَخِّرُوا الْمَغْرِبَ حَتَّى تَشْتَبِكَ النُّجُومُ». ئوممەتی من لەناو خێرو چاکەدا دەبن یان لەسەر فیترەتو ئایین بەردەوامن، بەمەرجێ نوێژی شێوان دوانەخەن بۆ کاتێك شەو تاریك دەبێو ئەستێرەکان تێك دەچەرژێن.[1]

لە سەلەمەی کوڕی (الأکوع)ەوە (رەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەری خودا عادەتی وابوو: کەخۆر ئاوادەبوو خۆی لەپەردەدا دەشاردەوە نوێژی شێوانی ئەنجام دەدا.

واباشە نوێژی عیشا دوابخرێ تا نەگاتە ناستی مەشەقەت

لەخاتو عائیشەوە (رەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: شەوێك پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نوێژی خەوتنانی دواخست تاشەو زۆری لێ ڕۆیی، وە هەتا ئەهلی مزگەوت خەویان لێ کەوت، پاشان تەشریفی هاتە دەرو نوێژی کردو فەرمووی: «إِنه لوقتها لَوْلاَ أَنْ يَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي».[2] ئەم کاتە کاتی هەڵبژێراوەو کاتی باشترە بۆ ئەنجامدانی نوێژی

---

[1] حسن صحيح: (ص.د/٤٠٣)، د(٤١٤/٨٧/٢).

[2] صحيح: (مختصر. م/٢٢٣)، م(٦٣٨-٢١٩-٤٤٢/١).

خەوتنان، ئەگەر نەبوایە بە ئەركی قورس لەسەر ئوممەتەكەم بەجێهێنانی نوێژی عیشامان دەخستە ئەمكاتە.

نووستن پێش نوێژی خەوتنانو قسەكردنی بێ سوود دوا ئەنجامدانی مەكروهن

لەئەبو بەرزەوە (رەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: كە پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر بێ) نووستنی پێش نوێژی عیشای بەلاوە باش نەبوو، هەروا قسەكردنی بێ سودیشی دوا ئەنجامدانی نوێژی خەوتنانی بەلاوە پەسەند نەبوو.[1]

لە ئەنەسەوە (رەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: شەوێك چاوەڕوانی پێغەمبەرمان كرد (درودی خودای لەسەر بێ) تا خەریكبوو بگەینە نیوە شەو، ئەوجار تەشریفی هات پێش نوێژی بۆ كردین، پاشان وتاری بۆ خوێندینەوە فەرمووی: «أَلاَ إِنَّ النَّاسَ قَدْ صَلَّوْا ثُمَّ رَقَدُوا ، وَإِنَّكُمْ لَمْ تَزَالُوا فِي صَلاَةٍ مَا انْتَظَرْتُمُ الصَّلاَةَ».[2] بزانن خەڵك نوێژیان كردو پاشان نووستن، ئێوە ئەو چاوەڕوانییەتان وابۆ حیساب دەكرێ وەكوو لەنوێژدابن وایە.

واباشە نوێژی بەیانی زووبكرێ (لە تاریكو رونی بەیانیدا)

لەخاتو عائیشەوە (رەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتكراوە، دەفەرموێ: ئافرەتانی موسوڵمان لەگەڵ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئامادەی نوێژی بەیانی دەبوون بە لەچكەو چارۆكەكەیان خۆیان دادەپۆشیو هیچ

---

[1] متفق علیه: ح(٥٦٨/٤٩/٢)، م(٦٤٧-٢٣٧-١/٤٤٧)، د(٣٩٤/٦٩/٢)، ن(١/٢٤٦).

[2] متفق علیه: خ(٦٠٠/٧٣/٢) هذا لفظه، م(٦٤٠/٤٤٣/١)، ن(١/٢٦٨).

شوێنێکی جەستەیان نەدەبینـدرا، پاشـان دەگەڕانـەوە بـۆ ماڵـەکانیان لـەدوای بەجێهێنانی نوێژ، لەبەر تاریکی کەس نەیدەناسین.[١]

کەی نوێژکەر واحیساب دەکرێ نوێژی لەکاتدا کردوە؟

لـە ئـەبو هـورەیرەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) دەفەرموێ: « مَنْ أَدْرَكَ مِنَ الصُّبْحِ رَكْعَةً قَبْلَ أَنْ تَطْلُعَ الشَّمْسُ فَقَدْ أَدْرَكَ الصُّبْحَ ، وَمَنْ أَدْرَكَ رَكْعَةً مِنَ الْعَصْرِ قَبْلَ أَنْ تَغْرُبَ الشَّمْسُ فَقَدْ أَدْرَكَ الْعَصْرَ»[٢]: کەسێك پێ ڕاگەیی پێش خۆرهەڵات رکاتێك لەنوێـژی بـەیانی بکا ئـەوە وادادەنـدرێ نوێـژی بـەیانی لـەکاتی خۆیـدا کـردوە، کەسـێك پێڕاگـەیی رکاتێـك لەنوێـژی عەصـر پـێش خۆرئـاوابوون ئـەنجام بـدا، ئـەوە مانـای وایـە نوێژی عەصری لەکاتی خۆیدا ئەنجام داوە.

ئەم حوکمە تایبەت نیە بەنوێژی بەیانیو عەصر، بەڵکوو ئـەوە گشتییە بۆ هەموو نوێژێك.

لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فـەرمووی: « مَنْ أَدْرَكَ رَكْعَةً مِنَ الصَّلاَةِ فَقَدْ أَدْرَكَ الـصَّلاَةَ».[٣] کەسـێك فریابکـەوێ رکاتێـك لەنوێـژ لـەکاتی خـۆی دا بکـا ئـەوە فریاکەوتووە هەموو نوێژەکە لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدا.

---

[١] متفـــق عليـــه: خ(١/٥٤/٥٧٨)، م(١/٤٤٥/٦٤٥)، د(٥/٩١/٤١٩)، ن(١/٢٧١)، ت(١/١٠٣/١٥٣)، جة(١/٢٢٠/٦٦٩)؟

[٢] خ(١/٥٦/٥٧٩)، م(١/٤٢٤/٦٠٨)، ن(١/٢٧٣) نحوه.

[٣] متفق عليه: خ(١/٥٧/٥٨٠)، م(١/٤٢٣/٦٠٧)، د(٣/٤٧١/١١٠٨)، ت(٢/١٩/٥٢٣)، ن(١/٢٧٤).

گێڕانەوەی نوێژی فەوتاو

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « مَنْ نَسِيَ صَلاَةً أَوْ نَامَ عَنْهَا فَكَفَّارَتُهَا أَنْ يُصَلِّيَهَا إِذَا ذَكَرَهَا ».[1] کەسێك نوێژێکی لەیادچوو لەکاتی خۆیدا بیکا، یان خەوی لێ کەوت تا کاتەکەی تێپەڕی ئەو کەفارەتەکەی ئەوەیە کە هەرکاتێ بیری کەوتەوە نوێژەکە بکا.

ئایا کەسێك بەئەنقەست نوێژی نەکرد تا کاتەکەی تێپەڕی بۆی هەیە بیگێڕێتەوە؟

ئیبنو حەزم [2] دەڵێ: پەروەردگار بۆ هەموو نوێژێکی فەرز کاتی سەرەتاو کۆتایی داناوە، کاتێکی مەحدود کاتی نوێژەکە دێو کاتێکی مەحدودیش کاتەکە کۆتایی دێ. کەوابێ هیچ جوداوازیی نیە لەنێوان کەسێك نوێژەکە پێش هاتنی کات بکا، یان دوای کات بیکا، هەردوکیان نوێژەکەیان لە غەیری کاتی خۆیدا ئەنجام داوە.

وێڕای ئەوەش نوێژ گێڕانەوە دەبێ شەرع بیچەسپێنێ، شەرع دانانیش بۆ غەیری خودا دروست نیە، دەبێ پەروەردگار لەسەر زوبانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئەوە دیاریی بکا، جا ئەگەر گێڕانەوەی نوێژ واجب بوایە لەسەر کەسێك کە بەئەنقەست نەیکا تا کاتەکەی تێدەپەڕێ، ئەوە هەرگیز نە پەروەردگارو نە پێغەمبەرەکەی ئەو باسەیان پاشگوێ نەدەخستو لەیادیان نەدەچوو، ئێمەیان بە ئەنقەست توشی ئەو ناخۆشیو ناڕەحەتیە نەدەکرد کە لەئاکامی ڕون نەکردنەوەی ئەو باسە پەیدا دەبێ

---

[1] صحيح: (مختصر. م/٢٢٩)، م(٦٨٤ – ١/٤٧٧/٣١٥).

[2] المحلى لابن حزم ج ٢/٢٣٥.

{وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا – مريم/٦٤}. هەر شەریعەتو یاسایەك قورئانو سوننەت رونی نەكاتەوەو ئاماژەی پێ نەكا ئەوە بەتاڵەو پوچە.

ئەوكاتانەی نەی كراوە نوێژیان تێدا بكرێ

لە عوقبەی كوڕی عامیرەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: سێ كات هەن پێغەمبەری خودا نەی لێ دەكردین نوێژیان تێدا بكەین، یان مردوی تێدا بخەینە گۆڕەوە، كاتێك خۆرهەڵدێ تا بەرز دەبێتەوە، كاتێك خۆر دەچێتە ناوەڕاستی ئاسمانەوە تا لادەدا، كاتێك خۆر بەرەو ئاوابوون دەڕوا تا چاك گوم دەبێ.[1]

پێغەمبەری مەزن (دروودی خودای لەسەر بێ) عیللەتو بایسی بۆ نەیكردن لەنوێژ لەو كاتانەدا هێناوەتەوە لەو فەرمایشتەدا: كە ئاڕاستەی عەمری كوڕی عەبسەی كرد فەرمووی: «صَلِّ صَلاَةَ الصُّبْحِ ثُمَّ أَقْصِرْ عَنِ الصَّلاَةِ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ حَتَّى تَرْتَفِعَ فَإِنَّهَا تَطْلُعُ حِينَ تَطْلُعُ بَيْنَ قَرْنَىْ شَيْطَانٍ وَحِينَئِذٍ يَسْجُدُ لَهَا الْكُفَّارُ ثُمَّ صَلِّ فَإِنَّ الصَّلاَةَ مَشْهُودَةٌ مَحْضُورَةٌ حَتَّى يَسْتَقِلَّ الظِّلُّ بِالرُّمْحِ ثُمَّ أَقْصِرْ عَنِ الصَّلاَةِ فَإِنَّه حِينَئِذٍ تُسْجَرُ جَهَنَّمُ فَإِذَا أَقْبَلَ الْفَيْءُ فَصَلِّ فَإِنَّ الصَّلاَةَ مَشْهُودَةٌ مَحْضُورَةٌ حَتَّى تُصَلِّيَ الْعَصْرَ ثُمَّ أَقْصِرْ عَنِ الصَّلاَةِ حَتَّى تَغْرُبَ الشَّمْسُ فَإِنَّهَا تَغْرُبُ بَيْنَ قَرْنَىْ شَيْطَانٍ وَحِينَئِذٍ يَسْجُدُ لَهَا الْكُفَّارُ».[2] عەمری كوڕی عەبسە (ڕەزای خودای لێ بێ) دەڵێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! چ كاتێكی شەو دوعاو پەرستشی باشتر تێدا گیرادەبێ؟ فەرمووی: نیوەی دووەمی شەو بكە بەسێ بەشەوە بەشی ناوەڕاستی....... ئەمجار فەرمووی: (نوێژی بەیانی بكە،

---

[1] صحيح: (ص.جة/١٢٣٣)، م(٨٣١/١/٥٦٨)، د(٣١٧٦/٨/٤٨١)، ت(١٠٣٥/٢/٢٤٧)، ن(١/٢٧٥)، جة(١٥١٩/١/٤٨٦).

[2] صحيح المشكاة (١٠٢٤)، م(٨٣٢/١/٥٧٠).

پاشـان واز لەنوێـژکردن بێنـە تـا خۆردەکـەوێ‌و بـە ئەنـدازەی رمبێـك بەرزدەبێتـەوە. چـونکە خـۆر کـە هەڵـدێ لـەنێوان دوو شـاخەی شـەیتانەوە هەڵـدێ‌و لەوکاتـەدا بـێ بڕواکـان کوڕنوشـی بـۆ دەبـەن، پاشـان چـەندێك حەزدەکەی نوێژبکە، چونکە نوێژ لەوکاتەدا فریشتە دێنە دیاری‌و پاداشەکەی دەنووسن، ئیتر هەر نوێژبکە تا سێبەری رمب بەقەد خۆی لێ دێ‌و لەهیچ لایەکەوە سێبەری نامێنێ، لەوکاتەدا واز لەنوێژکردن بێنە، چونکە لەودەمەدا دۆزەخ وەك تەنـدور دادەخـرێ‌و جـۆش دەسـتێنێ، بـەڵام لەگـەڵ خـۆر لەناوەڕاستی ئاسمان لایدا ئیتر چەندێ دەتوانی نوێژ بکە، چونکە نوێـژکردنی ئەوکاتـە فریـشتە دێنـە دیـاری‌و سـەیری دەکـەن، لەوکاتـە بـەدواوە چـەنێ حەزدەکەی نوێژ بکە تا نوێژی عەصر دەکەی، ئەوجا واز لەنوێـژکردن بێنـە تاخۆر ئاوادەبێ، چونکە خۆر کەئاوا دەبێ لەنێوانی دوو شاخەی شەیتانەوە ئاوادەبێ‌و کافرەکان لەوکاتەدا کڕنووشی بۆ دەبەن).

چەند کات‌و شوێنێك لەم نەیکردنە چەرت دەکرێ

١- نوێژکردن لەرۆژی جومعەدا لەکاتێکدا خۆر لەناوەڕاستی ئاسمانە لەو نەیکردنـەی لـە حـەدیثی عـەمری کوڕی عەبەسـەدا هـاتووە چـەرت دەکـرێ. چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « لاَ يَغْتَسِلُ رَجُلٌ يَوْمَ الْجُمُعَةِ ، وَيَتَطَهَّرُ مَا اسْتَطَاعَ مِنْ طُهْرٍ ، وَيَدَّهِنُ مِنْ دُهْنِهِ ، أَوْ يَمَسُّ مِنْ طِيبِ بَيْتِهِ ثُمَّ يَخْرُجُ ، فَلاَ يُفَرِّقُ بَيْنَ اثْنَيْنِ ، ثُمَّ يُصَلِّي مَا كُتِبَ لَهُ ، ثُمَّ يُنْصِتُ إِذَا تَكَلَّمَ الإِمَامُ ، إِلاَّ غُفِرَ لَهُ مَا بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْجُمُعَةِ الأُخْرَى».[١] هەرکەسـێ رۆژی جومعـە غوسڵ بکاو خۆ پاك بکاتەوە، چەندێك بتوانـێ خـۆی خـاوێن رابگـرێ‌و سـەرو قژی خۆی چەوربکا، یان بۆنی خۆش لەخۆی بداو ئەمجار لەماڵ دەربچێ‌و

---

[١] صحيح: (الترغيب: ٦٨٩)، خ(٨٨٣/٣٧٠/١).

هەنگاو بەسەر كەسدا هەڵنەهێنێتەوە، ئەمجار چەندی حەز لێ بێ نوێژبكا، پاشان كە پێشنوێژ كەوتە وتارخوێندنەوە واز لەنوێژكردن بێنێ، كەسێك ئاوا رەفتار بكا لێخۆشبون لەتاوانی نێوان ئەم رۆژی هەینیو رۆژی هەینی تری بۆ دەستەبەر دەبێ.

وەكوو دەبینین پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بابای موسوڵمانی هەڵناوە بۆئەوەی چەندێكی پێ بكرێ نوێژبكا، نەی نوێژكردنی لێ نەكردوە تا ئەوكاتەی ئیمام دێتە سەر دوانگە، جا لەم روانگەوە زیاد لەیەكێك لە سەلەفی صالح لەوانە حەزرەتی عومەری كوڕی خەتتاب (رەزای خودای لێ بێ) هەروا ئیمام ئەحمەدی كوڕی حەنبەل، فەرموویانە چونی ئیمام بۆسەر رۆگە دەبێتە مانیعی نوێژكردن. دەستكردنیشی بە وتار خوێندنەوە دەبێتە مانیعی قسەكردن، بەم پێیە سەلەفی صالح دەرچوونی ئیمام بۆسەر رۆگەیان كردوە بە مانیعی نوێژكردن، نەك بوونی خۆر لەناوەڕاستی ئاسماندا. ئەمە لەڕوی كاتەوە.

٢- لەڕوی شوێنیشەوە (مەككەی پیرۆز) خودا رێزو قەدری پتری بداتێ، ئەوە هیچ كاتێ نوێژكردنی تێدا یاساغ نیە. لەهەر كاتێكی شەوو رۆژدا بۆت رێكەوت مەكروە نیە نوێژی تێدابكەی. چونكە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: (يَا بَنِي عَبْدِ مَنَافٍ، لَا تَمْنَعُوا أَحَدًا طَافَ بِهَذَا الْبَيْتِ وَصَلَّى أَيَّةَ سَاعَةٍ شَاءَ مِنْ لَيْلٍ أَوْ نَهَارٍ)[1]: ئەی بەرەی عەبدی مەناف كەس مەنع مەكەن لە تەوافكردنی كەعبەو نوێژكردن لە مەككەدا، هەركەسێك ویستی لە مەككەدا لەهەركاتێكی شەوو رۆژدا نوێژبكا با بیكا.

ئەو نوێژانەی لەم كاتانەدا نەهییان لێ كراوە نوێژی سوننەتی رەهایە، ئەو نوێژە سوننەتانەن كە سەبەبێك بۆ كردنیان نیە. ئەگینا دروستە

---

[1] صحیح: (ص.جة/١٠٣٦)، جة(١/٣٩٨/١٢٥٤)، ت(٢/١٧٨/٨٦٩)، ن(٢/٢٢٣).

لەوکاتانەدا نوێژی فەوتاو بگێڕیەوە، جا نوێژەکە نوێژی فەرزبێ یان نوێژی (نەفل) بێ چونکە پێغەمبەر فەرمووی: « مَنْ نَسِيَ صَلاَةً فَلْيُصَلِّ إِذَا ذَكَرَهَا ، لاَ كَفَّارَةَ لَهَا إِلاَّ ذَلِكَ»: کەسێك نوێژێکی لەبیرچوو لەکاتی خۆیدا ئەنجامی نەدا، با هەرکاتێ بیری کەوتەوە بەجێی بێنێ جگە لەگێڕانەوەکەی هیچ فەرمبووی تری لەسەر نیە.[1]

هەروا لەدوا دەستنوێژ شتن لەهەر ساتە وەختێکدابێ دروستە نوێژبکا، ئەمەش بەپێی حەدیثی ئەبو هورەیرە، کە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەکاتی نوێژی بەیانیدا بە بیلالی فەرموو: «يَا بِلاَلُ حَدِّثْنِي بِأَرْجَى عَمَلٍ عَمِلْتَهُ فِي الإِسْلاَمِ ، فَإِنِّي سَمِعْتُ دَفَّ نَعْلَيْكَ بَيْنَ يَدَيَّ فِي الْجَنَّةِ».[2] لە وەڵامدا بیلال وتی: مـن کردەوەیەکی وام نەکردوە بەلامەوە پتر جێگای هومێدبێ ئەوەنەبێ: کەمن هەرکاتێ دەستنوێژم گرتبێ شەو بووبێ یان ڕۆژبووبێ ئیللا بەو دەستنوێژە چەندێکم بۆ کرابێ نوێژم کردوە.

هەروا دروستە هەرکاتێ چویە ناو مزگەوتەوە دوورکات نوێژی سوننەت بکەی. چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمُ الْمَسْجِدَ فَلاَ يَجْلِسْ حَتَّى يُصَلِّيَ رَكْعَتَيْنِ»[3]: هەرکامێکتان چووە ناو مزگەوتەوە با دانەنیشێ تا دوو ڕکات سوننەتی (تحية المسجد) دەکا.

---

[1] متفق عليه: خ(٢/٧٠/٥٩٧)، م(١/٤٧٧/٦٨٤)، د(٢/١١٣/٤٣٨) ورواه بدون جملة: (لا كفارة لها الا ذلك).

[2] صەحیحەو لەوەپێش لەباسی سوننەتی دەستنوێژدا ڕابورد.

[3] متفـــق عليـــه: خ(٣/٤٨/١١٦٣)، م(١/٤٩٥/٧١٤)، د(٢/١٣٣/٤٦٣)، ت(١/١٩٨/٣١٥)، جة(١/٣٢٤/١٠١٣)، ن(٢/٥٣).

نەهی لەکردنی نوێژی سوننەت دوای هەڵاتنی فەجرو پێش ئەنجامدانی نوێژی بەیانی

لە یەسار (کە مەولای ئیبنو عومەرە) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: ئیبنو عومەر (ڕەزای خودای لێ بێ) منی بینی دوای دەرکەوتنی فەجر نوێژی سوننەتم دەکرد، فەرمووی: ئەی یەسار! دڵنیابە پێغەمبەری خودا لەماڵ هاتەدەر بۆ ناومان ئێمە ئەم جۆرە نوێژەمان دەکرد، فەرمووی: «لِيُبَلِّغْ شَاهِدُكُمْ غَائِبَكُمْ لاَ تُصَلُّوا بَعْدَ الْفَجْرِ إِلاَّ سَجْدَتَيْنِ».[1] با ئەوانەی ئامادەو لێرەن بە ئەوانە رابگەیەنن کە لێرەنین، پێیان بڵێن: دوای هەڵهاتنی فەجر جگە لەدوو ركات سوننەتی فەجر نوێژی سوننەت نەکەن.

نەهی کردن لەئەنجامدانی نوێژی سوننەت: کە نوێژی فەرز دابەسترا

لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: (إِذَا أُقِيمَتِ الصَّلاَةُ فَلاَ صَلاَةَ إِلاَّ الْمَكْتُوبَةَ).[2] کە قامەت کرا بۆ نوێژی فەرز جگە لەنوێژە فەرزەکە هیچ نوێژێکی تر نابێ.

ئەو شوێنانەی نەهی لێ کراوە نوێژیان تێدا بکرێ

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « فُضِّلْتُ عَلَى الأَنْبِيَاءِ بِسِتٍّ أُعْطِيتُ جَوَامِعَ الْكَلِمِ وَنُصِرْتُ

---

[1] صحيح: (ص.ج/٥٣٥٣)، د(١٢٦٤/١٥٨/٤) ورواه الترمذي مختصراً بلفظ (لا صلاة بعد الفجر الا سجدتين).

[2] صحيح: (ص.ج/٩٤٥)، م(٧١٠/٤٩٣/١)، ت(٤١٩/٢٦٤/١)، د(١٢٥٢/١٤٢/٤)، ن(١١٦/٢)، جة(١١٥١/٣٦٤/١) ئەگەر کابرا نوێژی سوننەتی دابەستبوو پاشان قامەت بۆ نوێژی فەرزکرا دەبێ نوێژە سوننەتەکەی ببڕێ‌و بچێتە ناو نوێژە فەرزەکە.

بِالرُّعْبِ وَأُحِلَّتْ لِيَ الْغَنَائِمُ وَجُعِلَتْ لِيَ الأَرْضُ طَهُورًا وَمَسْجِدًا وَأُرْسِلْتُ إِلَى الْخَلْقِ كَافَّةً وَخُتِمَ بِيَ النَّبِيُّونَ».[1] من زیاد له پێغهمبهران بهشهش شت زێدهرێزم دراوهتێ: بههرهی ئهوهم پێ بهخشراوه قسهی كورتو پرمانا بكهم، مانگه رێیهك دوژمن لێم دهترسێ، دهستكهوتی جهنگم بۆ حهلاڵ كراوه، ههموو روی زهویم بۆ كراوه به پاكهوهكهرو مزگهوت، بۆسهر ههموو خهڵك رهوانهكراومو پهیامهكهم گشتییه، زنجیرهی پێغهمبهران بهمن تهواو كراوهو لهدوا من پێغهمبهر رهوانه ناكرێن.

زهوی ههمووی مزگهوتهو دروسته نوێژی تێدابكرێ جگه لهو چهند شوێنانهی لهم چهند حهدیثهی دواییدا چهرت كراون

له جوندوبی كوڕی عهبدوڵلای (ألبجلی)یهوه ڕیوایهتكراوه، دهڵێ: گوێم لێ بوو پێغهمبهر (دروودی خودای لهسهر بێ) پێش ئهوهی وهفات بكا بهپێنج (ساڵ) لێم ژنهوت دهیفهرموو: «أَلاَ وَإِنَّ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ كَانُوا يَتَّخِذُونَ قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ وَصَالِحِيهِمْ مَسَاجِدَ أَلاَ فَلاَ تَتَّخِذُوا الْقُبُورَ مَسَاجِدَ إِنِّي أَنْهَاكُمْ عَنْ ذَلِكَ».[2] ئاگاداربن ئهو گهلو نهتهوانهی پێش ئێوه دابو نهرێتیان وابوو ئارامگای پێغهمبهرانو پیاو چاكانی خۆیان دهكرده مزگهوتو شوێنی نوێژكردن، ئاگاداربن ئێوه ئهوكاره مهكهن، گۆڕهكان مهكهنه مزگهوت. ئهمن نههیتان لێ دهكهم لهوكاره.

له ئهبو سهعیدی (ألخدرییهوه) ڕیوایهتكراوه، دهڵێ: پێغهمبهری خودا (دروودی خودای لهسهر بێ) فهرمووی: « الأَرْضُ كُلُّهَا مَسْجِدٌ إِلاَّ الْمَقْبُرَةَ

[1] صحيح: (مختصر م/٢٥٧)، م(١/٣٧١/٥٢٣).

[2] صحيح: (الإرواء/٢٨٦)، م(١/٣٧٧/٥٣٢).

وَالْحَمَّـامَ». [1] زەوی هـەمووی شـوێنی نوێـژ لەسـەرکردنە جگـە لەگۆڕسـتانو گەرماو.

لە (البراء)ی کوڕی عازیبەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پرسـیار لـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) کـرا دەربـارەی نوێـژکردن لەشـوێنی پیخـدانی حوشتردا لە وەڵامدا فەرمووی: «لاَ تُصَلُّوا فِي مَبَارِكِ الإِبِلِ فَإِنَّهَا مِنَ الـشَّيَاطِينِ ». لەشـوێنی پیخـدانی حوشـتردا نوێـژ مەکـەن، ئـەوە لـەکردەوەی شـەیتانەکانە، هـەروەها پرسـیاری لێ کـرا دەربـارەی نوێـژکردن لـەناو پەچـەو گـەوەی بـزنو مەڕدا، لە وەڵامدا فەرمووی: «صَلُّوا فِيهَا فَإِنَّهَا بَرَكَةٌ». [2]

بانگ

بانگ: ڕاگەیاندنە بـە خـەڵكو ئاگادارکردنیانـە بـەوەی کـاتی نوێـژ هـات، ئـەم ڕاگەیاندنـە بەچـەند وشـەو ڕسـتەی تایبـەتی ئـەنجام دەدرێ، بانگـدان پێویستو واجبە.

لە مالیکی کـوڕی (الحويرث)ەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەری خـودا فـەرمووی: «إِذَا حَضَرَتِ الـصَّلاَةُ فَلْيُـؤَذِّنْ لَكُـمْ أَحَـدُكُمْ وَلْيَـؤُمَّكُمْ أَكْبَـرُكُمْ». [3] ئەگەر کاتی نوێژهات با یەکێکتان بانگتان بۆبدا، باکێتان بە تەمەن گەورەترە پێش نوێژیتان بکا. لە فەرموودەکەدا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسـەر بـێ) فەرمانی کردوە بەبانگدان، فەرمانیش وەکوو ئاشکرایە وجوب دەگەیەنێ.

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەیبردین بۆ غەزای قەومێك، شەو دەورمـان دەگـرتن، تـا بـەیانی فـەرمانی

---

[1] صحيح: (ص.جة/٦٠٦)، د(٤٨٨/١٥٨/٢)، جة(٧٤٥/٢٤٦/١)، ت(٣١٦/١٩٩/١).

[2] صحيح: (ص.ج/٧٣٥١)، د(٤٨٩/١٥٩/٢).

[3] متفق عليه: خ(٦٣١/١١١/٢)، م(٦٧٤/٤٦٥/١).

پێ نەدەکردین بە غەزاکردنیان، بەڵکوو چاوەڕوانی دەکرد تا بەیانی جا ئەگەر گوێی لێ بوایە لەناویان بانگ بدرێ وازی لێ دێنان، ئەگەر گوێی لەبانگ نەبوایە تاریكو رونی بەیانی هێرشی دەبردنە سەر.[1]

گەورەیی بانگ

لە موعاوییەوە (رەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِنَّ الْمُؤَذِّنُونَ أَطْوَلُ النَّاسِ أَعْنَاقًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ».[2] بێگومان بانگبێژان لەهەموو کەس زیاتر گەردن بڵندترن لەڕۆژی قیامەتدا لە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی (عبدالرحمن)ی کوڕی ئەبو صەعصەعەی ئەنصارییەوە ڕیوایەتکراوە، پاشان (المازنی) لە باوکییەوە، ریوایەتی کردوە: کە باوکی هەواڵی ئەوەی داوەتێ: کە ئەبو سەعیدی خودری پێی گوتووە: (من تۆ دەبینم مەڕو بزنو لادێت پێ خۆشە، جا کەتۆ لەناو مەڕو ماڵاتی خۆتدا بووی یان لەناو زەویو زارو دەشت مەزرای لادێی خۆتدا بووی، بانگت دا دەنگت بەرزبکەرەوە. «فَإِنَّهُ لاَ يَسْمَعُ مَدَى صَوْتِ الْمُؤَذِّنِ جِنٌّ وَلاَ إِنْسٌ وَلاَ شَيْءٌ إِلاَّ شَهِدَ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ».[3]: چونکە هەرشتێك لەجنۆکەو مرۆڤو هەرشتێکی تر دەنگی بانگدەرەکەی گوێ لێ بێ ئیللا رۆژی قیامەت شایەتی بۆ دەدا.

شێوەی بانگو چۆنیەتی

لە عەبدوڵڵای کوڕی زەیدی کوڕی (عبد ربه) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کاتێك پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بڕیاری دا زەنگ بەکاربێنێ بۆ

---

[1] متفق عليه: خ(٦١٠/٢/٨٩) وهذا لفظه، م(٣٨٢/١/٢٨٨) بمعناه.

[2] صحيح: (ص. ج/٦٦٤٥)، م(٣٨٧/١/٢٩٠).

[3] صحيح: (ص.ن/٦٢٥) ، خ(٦٠٩/٢/٨٧)، ن(٢/١٢).

دیاریکردنی کاتی نوێژو پێشی ناخۆش بوو، چونکه لاسایی کردنەوەی گاورەکان بوو، لەخەوما پیاوێکم بینی دوو کراسی سەوزی لەبەردابوو، زەنگۆڵەیەکی بەدەستەوە بوو، پێم گوت: ئەی بەندەی خودا!! ئایا ئەم زەنگۆڵە دەفرۆشی؟ وتی: بۆچیتە؟ چی پێ دەکەی؟ وتم: بانگەوازی پێ دەکەین بۆ کۆبوونەوە بۆ نوێژ، گوتی: ئەدی بۆ شتێکت پێ نەڵێم زۆر لەوە باشتربێ. گوتم: ئادەی بفەرموو، وتی: بڵێ:
«اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّـهُ أَشْـهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّـدًا رَسُـولُ اللَّـهِ، حَـيَّ عَلَـى الصَّلاَةِ حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ، اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّـهُ أَكْبَـرُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ».

دوایی کابرا هەندێ وەستا، کەمێ دوورکەوتەوە، ئەوجا وتی: بۆ قامەتی نوێژیش بڵێ: « اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّـهُ، أَشْـهَدُ أَنَّ مُحَمَّـدًا رَسُولُ اللَّهِ، حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ، حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ، اللَّـهُ أَكْبَـرُ اللَّـهُ أَكْبَـرُ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّهُ».

جا عەبدوڵلا دەڵێ: کە رۆژم لێ بوەوە چوومە خزمەت حەزرەتو ئەم خەونەم بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووده خودا حەزبکا ئەم خەونە خەونێکی راستو دروستە، ئەمجار فەرمانی کرد بانگ بدرێ، بەمجۆرە عەبدوڵلا ئەوەی لەخەونەکەیدا پێی گوتراوە بە بیلالی رەوان بکاو بەو شێوە بیلال بەدەنگە زوڵاڵەکەی بانگ بدا[1].

---

[1] حسن صحيح: (ص.د/٤٦٩)، حـم(٢٤٤/١٤/٣)، د(٤٩٥/١٦٩/٢)، ت(١٨٩/١٢٢/١) مختصراً. جة (٧٠٦/٢٣٢/١).

واباشه بانگدەر هەردوو «الله أكبر» بخاته ناو یەك هەناسەوە

لــە عومــەری كــوڕی خەتتابــەوە ڕیوایــەتكراوە، دەفــەرموێ: پێغەمبــەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِذَا قَالَ الْمُؤَذِّنُ مِنْ قَلْبِهِ دَخَلَ الْجَنَّةَ». كاتێ بانگدەر وتی: (اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ) یەكێكیش لەئێوە بڵێ: (اللَّهُ أَكْبَـرُ اللَّـهُ أَكْبَرُ) كاتێ گوتی: (أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّـهُ) ئـەویش بڵێ: (أَشْـهَدُ أَنْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّهُ)، وەكاتێ ئەو گوتی: (أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ) ئـەویش بڵێ: (أَشْـهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ). كاتێ ئەو گوتی: (حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ) ئـەویش بڵێ: (لاَ حَـوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللَّهِ). كاتێ ئەو گوتی: (حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ) ئەویش بڵێ: (لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللَّهِ). كاتێ ئەو گوتی (اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ) ئەویش بڵێ (اللَّهُ أَكْبَـرُ اللَّـهُ أَكْبَرُ). كاتێ گوتی: (لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّـهُ) ئـەویش بڵێ (لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّـهُ) ئـەم گـوتنی وەڵامانەی لەبـەر ڕەزامەنـدی خودابێ ئـەو كەسـە دەچێتە بەهەشـتەوە. ئـەم فەرموودەیە ئاماژەیەكی ئاشكرای تێدایە بۆئەوەی بانگدەر هەموو وشـەیێ لـە وشەكانی بانگ بەسەر یەكەوە بەیەك هەناسە دەڵێ.[1]

* **تەرجیع واتە: بە تەسپایی گوتنی شایەتومانەكانو دوایی گەڕانەوە بۆیان بەدەنگی بەرز كارێكی باشە**

لــە (أبــي محــذورة)وە (ڕەزای خــودای لێ بــێ) ڕیوایــەتكراوە، دەڵــێ: پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر بێ) فێری ئەم بانگدانەی كردووە: «اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ أَشْـهَدُ أَنَّ مُحَمَّـدًا رَسُـولُ اللَّـهِ أَشْـهَدُ أَنَّ مُحَمَّـدًا رَسُـولُ اللَّـهِ». پاشـان بـەدەنگی بـەرز بگەڕێتەوە سەریانو بڵـێ: «أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ أَشْـهَدُ

---

[1] شرح النووي على مسلم (٣/٧٩).

أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللّٰهِ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللّٰهِ حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ (مَرَّتَيْنِ) حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ (مَرَّتَيْنِ) اللّٰهُ أَكْبَرُ اللّٰهُ أَكْبَرُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ».[1]

تەثویب كردن لەبانگی بەیانیدا

هەر لە (أبی محذورة)وە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فێری بانگی كردم ئەم ڕستەو دەستەواژەیەی تێدابوو «حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ، الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ». ئەمەش لەبانگدانی یەكەمی بەیانیدا «اللّٰهُ أَكْبَرُ اللّٰهُ أَكْبَرُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ».[2]

ئەمیری صەنعانی لە (سبل السلام)دا[3] دەڵێ: ئیبنو ڕسلان وتویەتی: گوتنی «الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ» لە بانگدانی یەكەمی بەیانیدا مەشروعە چونكە بە مەبەستی ڕاستكردنەوەی نوستوانە بۆئەوەی بەئاگا بێنەوەو خۆیان ئامادەبكەن وەڵێ لەبانگدانی دووەمجاری بەیانیدا نامەشروعە چونكە ئەمیان بۆ پێڕاگەیاندنی موسوڵمانانە بەچوونە ناو كاتی نوێژەوەو بانگ كردنیانە بۆ نوێژ.

واباشە بانگ لەسەرەتای كاتی نوێژەوە بدرێ، بۆ نوێژی بەیانیش پێش هاتنی كاتەكەی

لە جابیری كوڕی سەموورەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: بیلال لەگەڵ خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان لایدەدا بانگی هەڵدەداو هیچی لەوشەكانی بانگ تەرك نەدەكرد، پاشان تا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهاتایەتە دەرەوە

---

[1] صحيح: (مختصر.م/١٩١)، م(١/٢٨٧/٣٧٩).

[2] صحيح: (ص.ن/٦٢٨) ، ن(٢/٧).

[3] ج١/١٢٠.

بۆ مزگەوت قامەتی نەدەکرد، کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) تەشریفی دەهاتە ناو مزگەوتەوەو بیلال دەیدی، قامەتی دەکرد.[1]

لەئیبنو عومەرەوە (رەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنَّ بِلاَلاً يُؤَذِّنُ بِلَيْلٍ ، فَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يُنَادِيَ ابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ».[2] بێگومان بیلال کەبانگ دەدا هێشتا شەوە، ئێوە بخۆنو بخۆنەوە تا عەبدوڵڵای کوڕی ئوممی مەکتوم بانگ دەدا، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لە فەرموودەیەکی تردا ئەوەی روون کردۆتەوە کە حیکمەت لەپێشخستنی بانگی بەیانی لەسەر کاتەکەی بۆ ئەوەیە موسوڵمانان لەخۆ کەونو ئامادەسازی بۆ بکەن، ئەوەتا دەفەرموێ: « لاَ يَمْنَعَنَّ أَحَدَكُمْ أَذَانُ بِلاَلٍ مِنْ سَحُورِهِ فَإِنَّهُ يُؤَذِّنُ - أَوْ قَالَ يُنَادِي - لِيَرْجِعَ قَائِمُكُمْ وَيَنْتَبِهَ نَائِمُكُمْ».[3] کەستان بە بانگدانی بیلال واز لەخواردنی پارشێو نەهێنێ، چونکە ئەو کە بانگ دەدا هێشتا شەوە، ڕۆژ نەبۆتەوە بانگدانی ئەو بۆ ئەوەیە ئەوەی بەخەبەرە بگەڕێتەوە بۆ مزگەوتو ئەوەی نوستووە بەخەبەر بێو خۆ ئامادە بکا بۆ نوێژ.

ئەو ذیکرو دوعایانەی لەکاتی بیستنی بانگو قامەتدا دەگوترێن

سوننەتە بۆ کەسێك گوێی لەبانگ یان قامەتە هەمان ئەو وشەو ڕستانە بڵێتەوە کەبانگدەرو قامەتکەرەکە دەیڵێن.

---

[1] صحيح: (ص. د ٥٠٣)، حـم (٣/٣٥/٢٨٣) وهـذا لفظـه. م (١/٤٢٣/٦٠٦)، د (٢/٢٤١/٥٣٣) بنحوه.

[2] متفق عليه: خ (٢/١٠٤/٦٢٢)، م (١٠٩٢ – ٣٨ – ٢/٧٦٨).

[3] متفق عليه خ (٢/١٠٣/٦٢١)، م (٢/٧٦٨/١٠٩٣)، د (١/٤٧٢/٢٣٣٠).

لە ئەبو سەعیدی (الخدری)یەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی « إِذَا سَمِعْتُمُ النِّدَاءَ فَقُولُوا مِثْلَ مَا يَقُولُ الْمُؤَذِّنُ».[1] هەرکاتێ گوێتان لەبانگ بوو، ئێوەیش وەکوو بانگدەرەکە وشەو ڕستەکانی بڵێنەوە.

لە عومەری کوڕی خەطابەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی:

« إِذَا قَالَ الْمُؤَذِّنُ: اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ. فَقَالَ أَحَدُكُمُ اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ. ثُمَّ قَالَ: أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ. قَالَ: أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ ثُمَّ قَالَ: أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ. قَالَ: أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ. ثُمَّ قَالَ: حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ. قَالَ: لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللَّهِ. ثُمَّ قَالَ: حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ. قَالَ: لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللَّهِ. ثُمَّ قَالَ: اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ. قَالَ: اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ. ثُمَّ قَالَ: لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ. قَالَ: لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ. مِنْ قَلْبِهِ دَخَلَ الْجَنَّةَ».

{ئەگەر بانگدەر وتی: (اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ) یەکێك لەئێوە گوێی لێ بوو وتی (اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ) پاشان بانگدەر وتی: (أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) بیسەریش وتی: (أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) پاشان بانگدەر وتی: (أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ) ئەویش وتی: (أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ) پاشان بانگدەر وتی: (حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ) ئەویش وتی: (لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللَّهِ) ئەمجار بانگدەر وتی: (حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ) ئەویش وتی (لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللَّهِ) پاشان بانگدەر وتی: (اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ) ئەویش وتی: (اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ) پاشان بانگدەر

---

[1] متفق عليه: خ (٢/٩٠/٦١١)، م (١/٢٨٨/٣٨٣)، د (٢/٢٢٤/٥١٨)، ت (١/١٣٤/٢٠٨)، جه (١/٢٣٨/٧٢٠)، ن (٢/٢٣).

وتـی: (لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّـهُ) ئـەویش بـەدڵ وتـی: (لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّـهُ) ئـەوە دەچـێتە بەهەشتەوە.

بەڵێ کەسێك گوێی لەبانگ بوو وەکوو بانگدەر وشەو ڕستەکانی دووبارە کردنەوە، یان لەکاتی دوو (حَيَّ عَلَى)ەکاندا وتـی (لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللَّهِ) یـان (حَـيَّ عَلَـى)ەکانیـشی گوتنـەوەو (لاحـول ولا قـوة إلا بـالله)یـشی گـوت، ئـەوە پەیڕەوی سوننەتی پێغەمبەری کردووە.

کەبانگـدەر لەبانگـدان بـۆوە، یـان قامـەتی تـەواو کـردو بیـسەر وەڵامـی دایـەوە، ئـەمجار واباشـە ئـەو دوعـاو نزایـە بخوێنـێ: کـە لـەم دوو حـەدیثـەی دواییدا هاتووە: کە یەکەمیان لە عەبدوڵلای کوڕی عەمرەوە ڕیوایەتکراوە کە لەدەمی پێغەمبەری بیستووە. فەرموویەتی: «إِذَا سَمِعْتُمُ الْمُؤَذِّنَ فَقُولُوا مِثْلَ مَـا يَقُولُ ثُمَّ صَلُّوا عَلَيَّ فَإِنَّهُ مَنْ صَلَّى عَلَيَّ صَلاَةً صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ بِهَـا عَـشْرًا ثُـمَّ سَـلُوا اللَّهَ لِيَ الْوَسِيلَةَ فَإِنَّهَا مَنْزِلَةٌ فِي الْجَنَّةِ لاَ تَنْبَغِـي إِلاَّ لِعَبْـدٍ مِـنْ عِبَـادِ اللَّـهِ وَأَرْجُـو أَنْ أَكُونَ أَنَا هُوَ فَمَنْ سَـأَلَ لِـيَ الْوَسِـيلَةَ حَلَّـتْ لَـهُ الـشَّفَاعَةُ». [1] هـەرکاتێ گوێتـان لەبانگـدەر بـوو بـانگی دەدا، وەکـوو ئـەو بانگەکـە بڵێنـەوە، پاشـان صـەلەوات لەسەر من بدەن، چونکە هەرکەسێ صەلەوات لەسەر من لێ بدا پەروەردگار دە جـار ڕەحمـەتو لێخۆشـبوونی خـۆی دەڕژێنـێ بەسـەریدا، پاشـان داوا لـەخودا بکـەن پلـەو پایـەی وەسـیلەم پـێ ببەخـشێ، بێگومـان وەسـیلە پلەوپایەکـە لەبەهەشـتدا تـەنها بەخـەڵات دەدرێ بـە بەندەیـەك لـە بەنـدەکانی خـودا، هیـوادارم ئـەو بەندەیـە مـن بم، کەسێك داوای پێـدانی وەسـیلە بکـا، بـۆ مـن شەفاعەتی منی بۆ دەستەبەر دەبێ.

---

[1] صحيح: (مختصر م ١٩٨)، م (١/٢٨٨/٣٨٤)، د (٢/٢٢٥/٥١٩)، ت (٥/٢٤٧/٣٦٩٤).

لەجابیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ وَالصَّلاَةِ الْقَائِمَةِ آتِ مُحَمَّدًا الْوَسِيلَةَ وَالْفَضِيلَةَ وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِى وَعَدْتَهُ ، حَلَّتْ لَهُ شَفَاعَتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ».[1] هەرکەسێك ئەودەمەی گوێی لەبانگ دەبێو دوایی دەڵێ: «مَنْ قَالَ حِينَ يَسْمَعُ النِّدَاءَ اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ وَالصَّلاَةِ الْقَائِمَةِ آتِ مُحَمَّدًا الْوَسِيلَةَ وَالْفَضِيلَةَ وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِى وَعَدْتَهُ ، حَلَّتْ لَهُ شَفَاعَتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ» ڕۆژی قیامەت شەفاعەتی منی بۆ دەستەبەر دەبێ.

فائیدەیەک: سوننەتە بۆ موسوڵمان لەکاتی نێوان بانگو قامەتدا زۆر نزاو پاڕانەوە بکا، چونکە دوعای ئەوکاتە وەرگیراوو قبوڵە.

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: (ألدُّعاء لايُرَدُّ بين الأذان والاقامة)[2] نزاو پاڕانەوە لەنێوان بانگو قامەتدا ڕەت ناکرێتەوە.

ئەوەی بۆ بانگبێژ سوننەتە

سوننەتە بۆ بانگبێژ ئەو ڕەوشتانە لەخۆیدا بەرجەستە بکا:

١- دەبێ نیازی لەبانگدان ڕەزامەندی خودا بێو کرێ لەسەر ئەو کارە وەرنەگرێ، لە عوثمانی کوڕی ئەبولعاصەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خودا! بمکەرە پێشنوێژی قەومەکەم، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أَنْتَ إِمَامُهُمْ وَاقْتَدِ بِأَضْعَفِهِمْ وَاتَّخِذْ مُؤَذِّنًا لاَ يَأْخُذُ عَلَى أَذَانِهِ أَجْرًا».[3] باشە تۆ پێشنوێژی ئەتەوەکەتیو موراعاتی لاوازو پیرو

---

[1] صحيح: (الإرواء ٢٤٣)، خ (٦١٤/٩٤/٢)، د (٥٢٥/٢٣١/٢)، ت (٢١١/١٣٦/١)، ن (٢/٢٧)، جه (٧٢٢/٢٣٩/١).

[2] صحيح: (ص. د ٤٨٩)، ت (٢١٢/١٣٧/١)، د (١٥٧/٢٢٤/٢).

[3] صحيح: (ص. د ٤٩٧)، د (٥٣٧/٢٣٤/٢)، ن (٢/٢٣)، جه (٧١٤/٢٣٦) الجملة الآخيرة منه.

پەککەوتـــەکانیان بکـــەو نوێـــژو تەســـبیحاتەکانت زۆر درێـــژ مەکـــەرەوە، بانگبێژێك دیاری بکە با لەپای بانگدانەکەیدا کرێ وەرنەگرێ.

٢- با لەشپیس و بێ دەستنوێژ نەبێ، وەکوو لەمەوپێش تێپەڕی لەباسی ئەو شتانەدا، کە سوننەتە بە دەستنوێژەوە ئەنجام بدرێن.

٣- سوننەتە بانگبێژ بەپاوەستانەوەو ڕووو لەقیبلە بانگ بدا.

ئیبنـو لـونزیر دەڵـێ: کـۆڕای زانایـانی ئیـسلام لەسـەر ئـەوە چەسـپاوە کەپاوەسـتان لـەکاتی بانگدانـدا سـوننەتە، چـونکە باشـتر دەتوانـێ دەنگەکـە بەگوێـچکەی خـەڵك بگەیـەنێ، هـەروا سـوننەتە ڕو بکاتـە قیبلـە، چـونکە بانگبێـژەکانی سـەردەمی پێغەمبـەر (درووودی خـودای لەسـەر بـێ) لـەکاتی بانگداندا رویان لە قیبلە کردووە.

٤- واباشـــەو وا ســـوننەتە لـــەکاتی بانگدانـــدا بـــەملاولای خـــۆیدا ڕووو وەرگێڕێ، بـەم جـۆرە لـەکاتی گـوتنی (حَـيَّ عَلَـى الـصَّلاَةِ)دا ڕو بـەلای ڕاسـتدا وەرگێڕێو لەکاتی گوتنی (حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ)دا ڕو بەلای چەپدا وەرگێڕێ.

لە ئەبو جوحەیفەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: مـن بـیلالم بینـی بـانگی دەدا، ئەمنیش لاسـایی ئـەوم دەکـردەوە، شـوێن دەمـی ئـەو دەکـەوتم بـۆ ئـەوێو بـۆ ئەوێ.[1]

٥- واباشە سەری پەنجەی بخاتە هەردوو گوێچکەیەوە، ئامازە بە قسەکەی ئەبو جوحەیفە کە دەڵێ: بیلالم بینـی بـانگی دەداو ڕوخـساری خـۆی بـەملاو بەولادا دەسوڕاندو هەردوو سەرەپەنجەی خستبوونە نا گوێچکەکانی.[2]

---

[1] متفـق علیـه: خ (٢/١١٤/٦٣٤)، م (١/٣٦/٥٠٣)، د (٢/٢١٩/٥١٦)، ت (١٣٦/١٩٧)، ن (١٢/٢) وەلێ وەرگێرانی سنگ لە سوننەتدا نەهاتووە.

[2] صحیح: (ص. ت ١٦٤)، ت (١/١٣٦/١٩٧) فەرموویەتی ئەم حەدیثە حەسـەنو صەحیحە، لای ئەهلی عیلم پەسەندە.

٦- سوننەتە بانگبێژ دەنگی خۆی بەرز بکاتەوە، چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «فَإِنَّهُ لاَ يَسْمَعُ مَدَى صَوْتِ الْمُؤَذِّنِ جِنٌّ وَلاَ إِنْسٌ وَلاَ شَيْءٌ إِلاَّ شَهِدَ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ».[1] هەر جندۆکەو مرۆڤێکو هەرشتێکی تر گوێی لەدەنگی بانگەکەی بێ ڕۆژی قیامەت شایەتی بۆ دەدا.

ماوەی نێوان بانگو قامەت

پێویستە ئەوەندە ماوە بکەوێتە نێوان بانگو قامەتەوە بەشی ئەوەبکا نوێژکەر تێیدا خۆی ئامادە بکا بۆ نوێژو ئامادەبوونی لەگەڵ موسوڵمانان بۆ جەماعەت، چونکە بانگ بۆیە دانراوە تا موسوڵمان بزانێ کاتی نوێژ هاتووەو خۆی ئامادە بکا، ئەگەر ماوەی نێوانیان بەو جۆرە نەبێ فائیدە لەبانگ دەفەوتێ.

ئیبنو بەطال[2] دەڵێ: سنوری دیاری کراو بۆ ئەوماوەیە بەس دەبێ بەشی ئەوە بکا موسوڵمانان بزانن کاتی بانگ هاتووەو کۆببنەوە بۆ جەماعەتکردن.

نەهی کردن لەوەی دوای بانگدان لەمزگەوت دەربچی

لەئەبو شەعثائەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: ئێمە لەگەڵ ئەبو هورەیرە لەمزگەوت دانیشتبووین، بانگبێژ بانگیدا، پیاوێك لەناو مزگەوت بوو، هەڵسا بڕوا، ئەبو هورەیرە سەرەنجی دایە تا لەمزگەوت چووە دەر، ئەمجار

---

[1] صحيح: (ص. ن ٦٢٥)، خ (٦٠٩/٨٧/٢)، ن (١٢/٢).

[2] ئیبنو حەجەر لەفەتحولباریدا ج٢/١٠٦ لێوەی نەقڵ کردووە.

فەرمووی: ئەو کابرایە سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری کرد (دروودی خودای لەسەر بێ).[١]

بانگ‌و قامەت بۆ نوێژی فەوتاو

کەسێك خەوی لێکەوت‌و کاتی نوێژ بە ئاگا نەهاتەوە، یان لەیادی چوو نوێژ بکا، کەنوێژەکە دەگێڕێتەوە بۆی دروستە بانگی بۆ بداو قامەتی بۆ بکا، ئاماژە بەوەی ئەبو داوود ریوایەتی کردووە لەچیرۆکی خەولێکەوتنی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ)و هاوەڵانی کە لەسەفەرێکدا بۆ کاتی نوێژی بەیانی بە ئاگا نەهاتن‌و هەتاو کەوت کە بەخەبەر هاتن پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی کرد بیلال بانگی داو قامەتی کرد[٢].

ئەگەر نوێژە فەوتاوەکان زۆر بوون بۆ هەموو نوێژەکان یەك بانگ بدا، بەڵام بۆ هەریەکەیان دەبێ قامەت بکا، ئاماژە بە حەدیثی ئیبنو مەسعود (رەزای خودای لێ بێ) دەڵێ: (موشریکەکان لەرۆژی غەزای خەندەکدا پێغەمبەریان سەرقاڵ کرد لەچوار نوێژ، تا بەشێکی زۆر لەشەو رۆیی، کە تەشریفی سەرخۆ کەوتەوە، فەرمانی بە بیلال کرد بانگی دا، پاشان قامەتی کرد نوێژی نیوەڕۆی بەجێ هێنا، ئەمجار قامەتی کردو نوێژی عەصری کرد، پاشان قامەتی کرد نوێژی شێوانی ئەنجامدا، پاشان قامەتی کردو نوێژی خەوتنانی کرد.

---

[١] صـحیح: (مختـصر م ٢٤٩)، م (١/٤٥٣/٦٥٥)، ن (٢/٢٩)، د (٢/٢٤٠/٥٣٢)، ت (٢٠٤/١/١٣١) لەهەندێ ریوایەتەکاندا هاتووە کە بانگەکە بانگی عەصر بووە.

[٢] صحیح: (ص. د ٢٤٠)، (٢/١٠٦/٤٣٢).

مەرجەكانی صیحەتی نوێژ

بۆئەوەی نوێژەكە صەحیح بێ دەبێ ئەم مەرجانە بێنە دی:

١- بزاندرێ كەكاتی نوێژ هاتووە. ئاماژە بە فەرمایشتی پەروەردگار {إِنَّ الصَّلاَةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا النساء/١٠٣}. بێگومان نوێژ لەسەر موسوڵمانان پێویست كراوەو نووسراوە، كاتی هەموو نوێژێك دیاری كراوە. نوێژ لەپێش هاتنی كاتەكەیدا دروست نیە، هەروەها دوای تێپەڕبوونی كاتەكەشی بەبێ عوزر دروست نیە.

٢- پاكی لە لەشگرانیو بێ دەستنوێژی، ئاماژە بە فەرمایشتی پەروەردگار كە دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَينِ وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُواْ – المائدة/٦}. هەروەها ئاماژە بە حەدیثی ئیبنو عومەر، كە دەڵێ: پێغەمبەر فەرمووی: «لاَ يَقْبَلُ اللَّهُ صَلاَةً بِغَيْرِ طُهُورٍ».[1]

٣- پاكو خاوێنی پۆشاكو ئەو جێگەی نوێژی تێدا دەكرێ. پاكی پۆشاك ئەوە بەپێی فەرمایشتی پەروەردگار: كە دەفەرموێ: {وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ – المدثر/٤}. هەروا بە پێی مانای حەدیثی پێغەمبەر: كە دەفەرموێ: «إِذَا جَاءَ أَحَدُكُمْ إِلَى الْمَسْجِدِ فَلْيَنْظُرْ فَإِنْ رَأَى فِي نَعْلَيْهِ قَذَرًا أَوْ أَذًى فَلْيَمْسَحْهُ بِالأَرْضِ وَلْيُصَلِّ فِيهِمَا».[2] ئەگەر یەكێك لەئێوە هات بۆ مزگەوت با باش سەیری پێڵاوو گۆرەوییەكانی بكا ئەگەر پیسییەكی پێوە دیتن با لەزەوی خشێنێو پاكی بكاتەوەو نوێژیان پێوەبكا.

---

[1] لەباسی دەستنوێژ گرتندا تێپەڕی.

[2] لەوەپێش لەباسی چۆنیەتی پاككردنەوەی شتی پیس بوودا رابورد.

پاكو خاوێنی جەستەش بەپێی ئەو فەرموودەی پێغەمبەرە (درودی خودای لەسەر بێ) كە ئاراستەی عەلی كوڕی ئەبو طالیبی كرد لە وەڵامی پرسیارەكەی عەلیدا دەربارەی (مەذی). پێی فەرموو: « تَوَضَّأْ وَاغْسِلْ ذَكَرَكَ». دەستنوێژ بگرەو هینەكەشت بشوو.[1]

هەروەها بە ئافرەتە هەمیشە خوێن بەربووەكەی فەرموو «فَاغْسِلِي عَنْكِ الدَّمَ وَصَلِّي». خوێنەكەت بشورەوەو نوێژبكە. پاكو خاوێنی شوێنی نوێژكردن پێویستە، ئاماژە بە فەرمانی پێغەمبەر بە هاوەڵانی، كە كابرای عەرەبی دەشتەكی لەناو مزگەوتدا میزی كرد، پێی فەرموون: «أَرِيقُوا عَلَى بَوْلِهِ سَجْلاً مِنْ مَاءٍ».[2] سەتڵێك ئاو بەسەر شوێنی میزەكەدا بكەن.

فائیدەیەك: كەسێك نوێژی كرد پیسییەك بە جلەكانیەوە بوو پێی نەزانی بوو، ئەوە نوێژەكەی دروستەو پێویست ناكا نوێژەكە ئیعادە بكاتەوە. ئەگەر لەناو نوێژەكەدا بە پیسییەكەی زانی، ئەگەر بۆی كرا لایبەرێ بەمجۆرە پیسییەكە بەنەعلەكانیەوە بوو، یان بە پۆشاكێكی زیادەیەوە بوو ئەگەر لایبەرێ شەرمگای دەرناكەوێ ئەوە با نەعلەكانی دابكەنێ، یان پۆشاكە زیادەكە لابەرێو نوێژەكەی تەواوبكا. ئەگەر نەیتوانی لایبەرێ با نوێژەكە درێژە پێ بداو تەواوی بكاو گەڕانەوەی لەسەر نیە، ئەمەش بەپێی ئەو فەرموودەی ئەبو سەعید ریوایەتی كردوە، دەڵێ: پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر بێ) نوێژی كرد لەناوەڕاستی نوێژكردنەكەیدا نەعلەكانی داكەندن، خەڵكەكەش هەموو نەعلەكانیان داكەندن، كە لەنوێژ بوونەوە فەرمووی: ئەوە بۆ نەعلەكانتان داكەندن؟ وتیان: دیتمان تەشریفت داتكەندن

---

[1] لەباسی پاككردنەوەی پیسییەكاندا تێپەڕی.

[2] صحيح: لەوەپێش لەباسی چۆنیەتی پاككردنەوەی پیساییدا تێپەڕی.

ئێمەیش دامانکەندن. فەرمووی: «إِنَّ جِبْرِيلَ أَتَانِي فَأَخْبَرَنِي أَنَّ بِهِمَا خَبَثاً فَإِذَا جَاءَ أَحَدُكُمُ الْمَسْجِدَ فَلْيَقْلِبْ نَعْلَيْهِ فَلْيَنْظُرْ فِيهِمَا فَإِنْ رَأَى فِيهَا خَبَثاً فَلْيَمْسَحْهُ بِالأَرْضِ ثُمَّ لِيُصَلِّ فِيهِمَا». [1]

ئەوە جوبرائیل بوو هاتەلام و هەواڵی پێدام: کە نەعلەکانم پیسیان پێوەیە، جا کەیەکێك لەئێوە هاتە مزگەوت، با بڕوانێ، ئەگەر بەنەعلەکانیەوە پیسی و پۆخەڵی هەبوو با لەزەوی خشێنێ و مەسحی بکاو نوێژیان پێوەبکا.

٤- داپۆشینی شەرمگا، ئەمەش بە پێی فەرموودەی پەروەردگار کە دەفەرموێ: {يَا بَنِي آدَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ – الأعراف/٣١}. ئەی ئادەمیزادینە شەرمگای خۆتان داپۆشن لەکاتی ئەنجامدانی هەموو خودا پەرستییەك دا؛ نوێژ بێ یان تەواف بێ لەوکاتانەدا پۆشاکی باش و پاکی خۆتان بپۆشن، کەمترین پۆشاك پوشین ئەوەیە شەرمگا داپۆشێ.

هەروا ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «لاَ يَقْبَلُ اللَّهُ صَلاَةَ حَائِضٍ إِلاَّ بِخِمَارٍ». [2] پەروەردگار نوێژی ئافرەت قبوڵ ناکا ئەگەر خۆی دانەپۆشێ...

شەرمگای پیاو نێوان ناوك و ئەژنۆیەتی، وەکوو لەو حەدیثەدا هاتووە: کە عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکییەوە لە باپیریەوە بە (مەرفوعی) ڕیوایەتکراوە دەفەرموێ: «مَا بَيْنَ السُّرَّةِ وَالرُّكْبَةِ عَوْرَةٌ». [3]

هەروەها لە جەرهەدی (الأسلمی)یەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) رابورد، من بوردەیەکم لە بەردابوو ڕانم

---

[1] د (٦٣٦/٣٥٣/٢).

[2] صحيح: (ص.جة/٥٣٤) ، د(٦٢٧/٣٤٥/١)، ت(٣٧٥/٢٣٤/١)، جة(٦٥٥/٢١٥/١).

[3] حسن: (الإرواء/٢٧١) رواه الدار قطني واحمد وابو داود.

بەدەرەوە بوو، فەرمووی: «غَطِّ فَخِذَكَ فَإِنَّ الفَخِذَ عَوْرَتِهِ». [١] رانت داپۆشە بێگومان ران داخڵی شەرمگایە.

ئەگەر پیاوێك بە ئیزارێك (دەرپێیەك) نوێژی كرد نێوانی ناوكو ئەژنۆی داپوشرابوو نوێژەكەی راستە، وەلێ ئەوەندە هەیە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی « لاَ يُصَلِّيَنَّ أَحَدُكُمْ فِي الثَّوْبِ الْوَاحِدِ لَيْسَ عَلَى عَاتِقِهِ مِنْهُ شَيْءٌ». [٢] بایەكێ لە ئێوە بە پۆشاكێكەوە نوێژ نەكا: كە لكێكی ئەو پۆشاكە بەسەر شانیدا شۆڕ نەبووبێتەوە، مەبەست ئەوەیە نابێ پۆشاكەكە لەقەدی خۆی شەتەك بداو شانەكانی بەروتی بنو نوێژ بكا، بەڵكوو دەبێ لكێكی قوماشەكە بەسەر شانیدا بێنێتەوە خوارێ، وای لێ بێ قوماشەكە هەم ئیزاربێ هەم (ریداء) بێ. ئەمە ئەگەر قوماشەكە زۆربوو، بەلام ئەگەر قوماشەكە كەم بوو ئەوە لەسێبەندەی بهاڵێنێو بیكاتە ئیزار. ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ): كە دەربارەی نوێژكردن لە یەكپارچە قوماشدا بەجابیری فەرموو: «فَإِنْ كَانَ وَاسِعًا فَالْتَحِفْ بِهِ، وَإِنْ كَانَ ضَيِّقًا فَاتَّزِرْ بِهِ». [٣] ئەگەر قوماشەكە فراوان بوو وەكوو لیفە لەخۆتیەوە بهاڵێنە. ئەگەر كەم بوو بیكە بە ئیزار.

ئافرەت هەموو جەستەی شەرمگایە دەبێ لەنوێژدا دایپۆشێ جگە لە روخسارو دوو دەستی تامەچەكی. ئەمەش بە بەڵگەی فەرموودەی پێغەمبەر

---

[١] صحيح لغيره: (الإرواء/٢٦٩)، ت(٢٩٤٨/١٩٧/٤)، د(٣٩٩٥/٥٢/١١).

[٢] متفق عليه: خ(٣٥٩/٤٧١/١)، م(٥١٦/٣٦٨/١)، د(٦١٢/٣٣٢ و ٢/٣٣٣)، ن(٧١/٢).

[٣] د(٣٦١/٤٧٢/١). هەروا بڕوانە (شرح السنة ج٢/٤٢٣).

(دروودی خودای لەسەر بێ) « الْمَرْأَةُ عَوْرَةٌ».[١] هەروا فەرموودەی «لاَ يَقْبَلُ اللَّهُ صَلاَةَ حَائِضٍ إِلاَّ بِخِمَارٍ».[٢]

٥- روكردنە قیبلە، ئەمەش بەپێی فەرموودەی پەروەردگار {فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ – البقرة/١٥٠}. لەکاتی نوێژکردندا روبکەرە لای مەسجیدولحەرام لەهەرشوێنێك نوێژتان کرد روبکەنە لای ئەو ماڵە پیرۆزە.

هەروەها ئاماژە بە فەرموودەکەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە ئاراستەی ئەو کابرایەی کرد: کە بە کەمو کورتیو نارێكو پێکی نوێژەکەی ئەنجامدا، ئەوەبوو پێی فەرموو: «إِذَا قُمْتَ إِلَى الصَّلاَةِ فَأَسْبِغِ الْوُضُوءَ ، ثُمَّ اسْتَقْبِلِ الْقِبْلَةَ فَكَبِّرْ ، ثُمَّ اقْرَأْ بِمَا تَيَسَّرَ مَعَكَ مِنَ الْقُرْآنِ ، ثُمَّ ارْكَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ رَاكِعًا ، ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَسْتَوِيَ قَائِمًا ، ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِدًا ، ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ جَالِسًا ، ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِدًا ، ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ جَالِسًا ، ثُمَّ افْعَلْ ذَلِكَ فِي صَلاَتِكَ كُلِّهَا». ئەگەر ویستت نوێژبکەی بەباشی دەستنوێژ بگرە، ئەمجار روبکەرە قیبلە........هتد.[٣]

لەکاتی هەبوونی ترسی زۆردا یان لەسەفەردا لەنوێژی سوننەتدا لەسەر راحیلەو شتیوا دروستە رونەکەیە قیبلە. قورئان دەفەرموێ: {فَإنْ خِفْتُمْ فَرِجَالاً أَوْ رُكْبَانًا – البقرة/٢٣٩} ئیبنو عومەر دەفەرموێ: مانای ئایەتەکە ئەوەیە (روتان لە قیبلەبێ یان روتان لێی نەبێ). ئیمامی نافیع دەڵێ: ئیبنو

---

[١] صحيح: (ص.ج/٦٦٩٠) ، ت(١١٨٣/٣١٩/٢).

[٢] صحيح: (ص.جة/٥٣٤) ، د(٦٢٧/٣٤٥/٢)، ت(٣٧٥/٢٣٤/١)، جة(٦٥٥/٢١٥/١).

[٣] متفق عليه: خ(٦٢٥١/٣٦/١١)، م(٣٩٧/٢٩٨/١).

عومەر کە ئەم مانایەی بۆ ئایەتەکە کردوە، دەبێ حەتمەن لە پێغەمبەری بیستبێ[(١)]

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەسەر راحیلەوە تەسبیحاتی دەکرد، جا راحیلەکەی روی لەهەر شوێنێك بوایە، سوننەتی ویتریشی لەسەر راحیلەدەکرد بەڵام نوێژی فەرزی لەسەر نەدەکرد[(٢)].

فائیدەیەك: کەسێك لەشوێنێك بوو نەیدەزانی کامە قیبلەیە، لەلایەن خۆیەوە هەوڵی دا قیبلە بدۆزێتەوە، بەمەزندەی خۆی قیبلەی دیاریی کردو بەرەو ئەوێ نوێژی کرد، دوایی بۆی دەرکەوت هەڵەی کردوە، ئەوە نوێژەکەی صەحیحەو گێرانەوەی نوێژەکەی لەسەر نیە.

لەعامیری کوڕی رەبیعەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: ئێمە لەشەوێکی تاریکدا لە سەفەرێکدا لەخزمەت پێغەمبەردا بووین، نەمانزانی قیبلە لەچ لایەك دایە، هەریەك لەئێمە بە مەزندەی خۆی قیبلەی دیاریی کرد، کە رۆژمان لێ بۆوە، ئەو حاڵەمان بۆ پێغەمبەر گێڕایەوە، ئیتر ئایەتی {فَأَيْنَمَا تُوَلُّواْ فَثَمَّ وَجْهُ اللّهِ – البقرة/١١٥}[(٣)]. خوێندەوە، واتە: روبکەنە هەر لایەك وەجهی خودا لەوێیە.

٦- نیەت: واتە: نیەتی ئەو نوێژە بێنێ کە ئەنجامی دەداو بەدڵ دیاریی بکا واتە لەدڵی خۆیدا نیازی ئەوەی هەبێ کە فەرزی نیوەڕۆ یان عەصر یان سوننەتی فلان دەکا، گوتنی نیەتە بەدەم مەشروع نیە. چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) تەلەفوظی بەنیەت نەکردوە. بەڵکوو کە هەڵساوە

---

(١) صحیح: ط(١١/١٢٦/٤٤٢)، م(١/٢٩٨/٣٩٦).

(٢) متفق علیه: م(٧٠٠-٣٩-٤٨٧)، خ تعلیقا (٢/٥٧٥/١٠٩٨).

(٣) حسن: (ص.جه/٨٣٥)، ت(١/٢١٦/٣٤٣)، جه(١/٣٢٦/١٠٢٠) بنحوه هق (٢/١١).

بۆ نوێژ فەرموویەتی (الله أكبر) پێش ئەوە هیچی نەگوتووە، نیەتەکەی بەزمان نەگوتووە. هەرگیز نەبیستراوە فەرمووبیەتی: (أصلي لله صلاة كذا، مستقبل القبلة، أربع ركعات اماماً أو مأموماً أو لا قال أداءً، ولا قال قضاءً، ولا فرض الوقت...) ئەمە دەشتی بیدعەو داهێندراون، هیچ کەسێك ئەمانەی لە پێغەمبەرەوە نەقڵ نەکردوە بە رشتەو سەنەدی صەحیح یان ضەعیف، نە بەشێوەی (مسند) نە بەشێوەی (مرسل) تەنانەت تاقە وشەو رستەیەکیش لەوانە نەقڵ نەکراوە نە لەخودی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) خۆی نە لەیەکێ لە هاوەڵانی، نە کەسیش لەچینی دوا هاوەڵان بەجوانی زانیوە، نە یەکێك لەچوار ئیمامەکان، شتی وایان ریوایەت کردوە[١].

شێوەی چۆنیەتی کردنی نوێژ

پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەیەویست نوێژبکا بەراوەستانەوە روی دەکردە کەعبە، لەنزیك دارێکی چەقاو، یان دیوارێك یان شتێکی دانراو لەپێش دەمیەوە، ئەوەشی دەفەرموو جەختی لەسەر دەکردەوە کە دەیفەرموو: «إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى». کردار بەگوێرەی نیازە، مرۆڤ لەکردەوەیدا چ نیازێکی هەبێ بەگوێرەی ئەو نیازە سزاو پاداش وەردەگرێتەوە.

پاشان تەشریفی نوێژی دادەبەست بەوتەی (الله أكبر)، لەگەڵ وتنی (الله أكبر) دەستی بەرزدەکردەوە، ئەمجار دەستی راستی دەخستە سەردەستی چەپیو لەسەر سنگی دایدەنان، ئەمجار چاوەکانی ئاراستەی زەوی دەکرد، پاشان دەستی دەکرد بەخوێندنی نزاو پارانەوەی جۆراو جۆر، سوپاس و ستایشی خودای دەکرد، ئەمجار (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم)ی دەگوت، پاشان

---

[١] زاد المعاد ج١/٥١.

بــه ئەســپایی (بـــسم الله الـــرحمن الـــرحیم)ی دەخوێنــدو دەنگــی تێــدا بەرزنەدەکردەوە ئەمجار سورەتی فاتیحەی ئایەت ئایەت دەخوێند، کە تەواوی دەکرد بەدەنگی بەرزو شێوە درێژکردنەوە دەیگوت: (آمین) ئەمجار دوای ئـەوە ســورەتێکی تــری دەخوێنــد، جـاری واهــەبوو ســورەتی درێــژی دەخوێنــدو خوێندنەکـەی زۆر درێـژ دەکـردەوە وایـش دەبـوو سـورەتی کـورتی دەخوێنـد، کەمی دەخوێند.

لەنوێژی بـەیانـیداو لـەدوو رکـاتی نوێـژی شـێوانو خەوتنانـدا بـەدەنگی بەرز فاتیحەو سورەتەکەی تری دەخوێند، لەنوێژی نیـوەڕۆو نوێـژی عەصـرو رکاتی سێیەمی شێوانو دوو رکاتی دووەمی خەوتنان بـە ئەسپایی دەیخوێنـد. هەروەها لەنوێژی هەینیو نوێژی هەردوو جەژنەکانو نوێژە بارانـەو نوێـژی مانگگیرانی بەدەنگی بەرز دەخوێند. هەمیشە دوو رکـاتی دووەمـی نوێـژەکانی لەدوو رکاتی یەکەمی کورتر دەکردەوە بە ئەندازەی نیوەی رکاتەکانی یەکـەم، ئەوەندەی کورت دەکردەوە بە ئەندازەی پانزە ئایەت، جاری وایش هەبوو هەر سوورەتی فاتیحەی دەخوێندو بەس.

ئەمجار کە لەخوێندنی سورەتی فاتیحەو سورەتی تـری قورئـان دەبـووەوە، ماوەیەك بێ دەنگ دەبوو، پاشان هەردوو دەستی بـەرزدەکردەوەو (الله أکبر)ی دەکـردو دەچـوە روکـوع، لـەپی هـەردوو دەسـتی دەخـستە سـەر دوو ئـەژنۆیو پەنجـەکانی بەسـەر کـڵاوە ئـەژنۆیدا بـڵاو دەکردنـەوەو تونـد پەنجـەکانی لـە ئـەژنۆی قـایم دەکـردن وەکـوو ئـەوە بەچـنگی کـڵاوە ئـەژنۆی تونـد بگـرێ. هــەردوو ئەنیــشکی لەلاکەلەکــەی دوور دەخــستنەوە، پــشتی راســت دەکــرد بـەجۆرێك ئەگـەر ئـاو بکرێتـە سەرپـشتی رابوەسـتێ بـەهیچ لایەکـدا نـەڕوا. لەچوونە روکوعدا ئارامی دەگرتو سێجار دەیفەرموو: «سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيمِ».

لەناو ئەم روکنەی نوێژدا جارجارە دوعاو نزای جۆراو جۆری دەخوێندن، بەڵام نەهی دەکرد لەخوێندنی قورئان لە روکوعو سوژدەدا.

ئەمجار لە روکوع هەڵدەسایەوەو پشتی راست دەکردەوەو دەیفەرموو: «سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ». لەکاتی راستبوونەوە لە روکوع هەردوو دەستی بەرزدەکردنەوەو دەیفەرموو: (رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ)، وایش دەبوو لەم نزاو پاڕانەوانەی زیاد دەکرد. ئەمجار (الله اکبر)ی دەکردو دەچووە سوژدەو هەردوو دەستی دەخستە سەر زەوی لەپێش ئەژنۆوەی دایدەنان‌و قورسایی جەستەی دەخستە سەر دەستەکانی‌و پەنجەکانی دەستی بە بڵاوی‌و بەتەنیشت یەکەوە بەرەو قیبلە دادەنان، وادەبوو دەستەکانی لەئاستی شانەکانی دادەنان‌و وایش دەبوو لەئاستی گوێچکەکانی دا بەزەوییەوە مەلاسی دەکردن، سەری لوتی‌و ناوچەوانی لەزەوی توند دەکرد.

دەیفەرموو: فەرمانم پێکراوە کە لەسەر حەوت ئێسقان سوژدە بەرم. ناوچەوان – بەدەستی ئاماژەی بۆ لوتیشی دەکرد – هەردوو لەپی دەستی، هەردوو ئەژنۆی، هەردوو چاوە قامکی قاچی. دەشی فەرموو: «لاَ صَلاَةَ لِمَنْ لاَ يُصِيبُ أَنْفَهُ مِنَ الأَرْضِ مَا يُصِيبُ الْجَبِينَ». نوێژ قبوڵ نیە بۆ کەسێك لوتی وەکوو ناوچەوانی لەزەوی توند نەکا. لەکاتی سوژدەبردندا ئارامی دەگرت‌و سێجار دەیفەرموو: «سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى»، وایش دەبوو بڕی ئەزکارو نزای دەخوێندن، جاری وایش دەبوو فەرمانی دەکرد بەکۆشش‌و زۆر دوعاکردن لەم روکنەدا. ئەمجار تەشریفی سەری لەسوژدە بەرزدەکردەوەو (الله أكبر)ی دەکردو ئەمجار قاچی چەپی رادەخست لەسەری دادەنیشت‌و ئارامی دەگرت‌و لەهەمان کاتدا قاچی راستی لەزەوی توند دەکرد پەنجەی ئەو قاچەی بەرەو قیبلە ئاڕاستە دەکردو دەیفەرموو: (أللهم اغفرلي وارحمني واجبرني وارفعني واهدني، وعافني، وارزقني)، ئەمجار {الله أكبر}ی دەکردو دەچووە سوژدەی

دووەم دەق وەكوو سوژدەی یەكەم. پاشان سەری بەرز دەكردەوەو {الله أكبر}ی دەكردو لەجێی خۆی لەسەر قاچی چەپی دادەنیشت بەموعتەدیلی بەجۆرێك هەموو ئێسقانەكانی جەستەی دەچوونەوە شوێنی خۆیان، پاشن هەردوو دەستی لەزەوی گیر دەكردن، واتە: بۆ هەڵسانەوەكە هێزو قورسایی خۆی دەخستە سەردەستیو راست دەبۆوە بۆ ڕكاتی دووەم، لەم ڕكاتەشدا وەكوو ڕكاتی یەكەمی دەكرد، تەنها ئەوەندە هەبوو كورتری دەكردەوە لەهی یەكەم. پاشان كەلەڕكاتی دووەم تەواو دەبوو دادەنیشت بۆ خوێندنی تەحیات. جا ئەگەر نوێژەكە دوو ڕكاتی بوایە ئەوە دانیشتنەكەی بەشێوەی ئیفتیراش دەبوو وەكوو دانیشتی نێوان سوژدەكان هەروا بۆ تەحیاتی یەكەمی نوێژی سێ ڕكاتیو چوار ڕكاتیش.

تەشریفی كە بۆ تەحیات خوێندن دادەنیشت، دەستی ڕاستی دەخستە سەر ڕانی ڕاستیو دەستی چەپی لەسەر ڕانی چەپی دادەنا، دەستی چەپی بڵاو دەكردەوەو دەستی ڕاستی دەنوقاند، قامكە شادەی بەتەنها رادەداشتو ئامـاژەی پـی دەكـردو بەچاو سەیری دەكـرد، جاكە قـامكی بەرز دەكـردەوە دەیجوڵاند. دەشی فەرموو: « لَهِيَ أَشَدُّ عَلَى الشَّيْطَانِ مِنَ الْحَدِيدِ». كاریگەری ئەم قامكە لەسەر شەیتان لەئاسن كوشندەترە. مەبەستی قامكە شادە بوو.

پاشان تەشریفی لەدوا هەردوو ڕكات نوێژێك، تەحیاتی دەخوێند لەتەحیات خوێندنەكەیدا صەلاواتی لەسەر خۆی دەدا، جا تەحیاتی یەكەم بووبێ یان دووەم، فەرمانیشی بەئومەتەكەی كردووە كە صەلاواتی لەسەر بدەن، عادەتی وابوو لەنوێژدا دوعاو نزای جۆراوجۆری دەخوێند.

ئەمجار بەلای ڕاستدا سڵاوی دەدایەوەو دەیفەرموو: {السلام عليكم ورحمةالله} بەلای چەپیشدا بەهەمان شێوە، وایش دەبوو لە سڵاودانەوەی یەكەمیدا وشەی {وبركاته}ی زیاد دەكرد.

پایەو كۆڵەكەكانی نوێژ (أركان الصلاة)

نوێژ لەچەند پایەو ڕوكنێك پێك دێ و بەهەموویان حەقیقەتی نوێژ پێك دەهێنن و پێیان دەگوترێ فەرز یان واجب. ئەگەر فەرزێك لەوانە ئەنجام نەدرا نوێژەكە قبوڵ نیەو لەشەرعا بەنوێژی تەواو دانانـدرێ. ئەم ئەركان و پایانەیش ئەمانەن:-

١- (الله أكبر) كردنی نوێژ دابەستن، لە عەلی كوڕی ئەبو تالیبەوە ڕیوایەتكراوە: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مِفْتَاحُ الصَّلَاةِ الطُّهُورُ وَتَحْرِيمُهَا التَّكْبِيرُ وَتَحْلِيلُهَا التَّسْلِيمُ».[1] كلیلی نوێژ دەستنوێژە، چونە ناوی و ئیحرام بەستنی (الله أكبر)ە چونە دەرەوە لێی سەلامدانەوەیە.

لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتكراوە: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەو كابرایەی گوت: كە بەخراپی و بەهەڵەشەیی نوێژی كرد، «إِذَا قُمْتَ فِي صَلَاتِكَ فَكَبِّرْ».[2] ئەگەر هەڵسای بۆ نوێژ (الله أكبر) بكە.

٢- ڕاوەستان لەنوێژی فەرزدا بۆ كەسێك بتوانێ ڕابوەستێ. قورئان دەفەرموێ: (وَقُومُوا لِلَّهِ قَانِتِينَ).

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەڕاوەستانەوە نوێژی دەكرد، فەرمانیشی بە عیمرانی كوڕی حوصەین كرد كە بەپێوە نوێژبكا، ئەوەبوو پێی فەرموو: « صَلِّ قَائِمًا ، فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَقَاعِدًا ، فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَعَلَى

---

[1] حسن صحيح: (ص.جة/٢٢٢) ، ت(١/٥/٣)، د(١/١٨/٦١)، جة(١/١٠١/٢٧٥).

[2] متفق عليه: لەوەپێش ڕابورد.

جَنْـبٍ».[1] بەڕاوەستانەوە نوێـژ بکـە، ئەگـەر نـەتتوانی بەدانیـشتنەوە بیکـە، ئەگەر ئەوەشت بۆ نەگونجا بەراکشانەوە لەسەر تەنیشت نوێژەکە بکە.

٣- خوێنـدنی سـورەتی (ألفاتحـة) لەهـەموو رکاتێکـدا. لـە عوبـادەی کـوڕی صـامیتەوە ڕیوایـەتکراوە: کـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) فەرموویـەتی: (لا صلاة لمن لم يقرأ بسورة الفاتحة)[2] کەسێك نوێـژبکاو سـورەتی فاتیحـەی تێـدا نـەخوێنێ نوێژەکـەی بەتاڵـە، بێگومـان پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی بەو کابرایە کرد: کە بەنارێك‌و پێکی نوێژی کـرد – فاتیحە بخوێنێ، پاشان پێی فەرموو: « ثُمَّ افْعَـلْ ذَلِـكَ فِـي صَـلاَتِكَ كُلِّهَـا». ئەمجار ئەم فاتیحە خوێندنە لەهەموو رکاتێکی نوێژەکەتدا بخوێنە.

٤ ، ٥- روکوع بردن‌و ئارامگرتن تێیدا. قورئان دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَـا الَّـذِينَ آمَنُوا ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا – الحج/٧٧}. هەروا چونکە بـەکابرای نوێـژ بەهەڵشە کردوی فەرموو: «ثُمَّ ارْكَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ رَاكِعًا».[3] پاشـان بـچۆرە روکـوع‌و ئـارام بگرە تێیدا.

٦ ، ٧- هەسـتانەوە لـە روکـوع‌و ئـارامگرتن تێیـدا. لەئـەبو مەسـعوودی ئەلئەنصارییەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) فەرمووی: « لاَ تُجْزِئُ صَلاَةٌ لاَ يُقِيمُ الرَّجُلُ فِيهَا صُلْبَهُ فِي الرُّكُوعِ وَالـسُّجُودِ».[4] نوێژی وا دروست نیە مرۆڤ لە روکوع‌و سجوددا پشتی تەواو رێك نەکاتەوە.

---

[1] صحيح: (ص.ج/٣٧٧٨) ، خ(٢/٥٨٧/١١١٧)، د(٣/٣٣٣/٩٣٩)، ت(١/٢٣١/٣٦٩).

[2] متفق عليـه: خ(٢/٢٣٦/٧٥٦)، م(١/٢٩٥/٣٩٤)، ت(١/١٥٦/٢٤٧)، ن(٢/١٣٧)، جـة(٨٣٧/١/٢٧٣)، د(٣/٨٠٧) بزيادة (فصاعداً).

[3] متفق عليه: لەوەپێش تەخریج کراوە.

[4] صحيح: (ص.)جة/٧١٠ ، ن(٢/١٨٣)، ت(١/١٦٥/٢٦٤)، د(٣/٩٣/٨٤٠)، جة(١/٢٨٢/٨٧٠).

هەروا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەوکابرایەی فەرمووی: کە نوێژی بەهەڵەشەو ناڕێکوپێك ئەنجام دا. «ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَعْتَدِلَ قَائِمًا»[1] پاشان لە روکوع راست بەرەوە تا بەباشی بەڕاوەستانەوە پشتت راست دەبێتەوە.

٨ ، ٩- سوژدەبردنو ئارامگرتن تێیدا. ئامارەژە بە ئایەتی {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا – الحج/٧٧}.

هەروا ئاماژە بە فەرمایشتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە ئاڕاستەی ئەو کابرایەی کرد: کە نوێژی بەهەڵەشەو ناڕێك کرد «ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِدًا ، ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ جَالِسًا ، ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِدًا»[2]: پاشان بچۆرە سوژدە تا ئارام دەگریو جەستەت لە جمو جوڵ دەکەوێ، پاشان سەرت بەرزبکەرەوەو دابنیشەو ئارام بگرە، پاشان بچۆرەوە سوژدەو ئارام بگرە تێیدا. مانەوەو ئارام گرتن (طمأنينة) ئەوەیە ئەندامەکانی جەستەی نوێژکەر دەچنەوە جێگای خۆیان.

ئەو ئەندامانەی جەستە کە پێویستە لەکاتی سوژدە بردندا لەزەوی بدرێن حەوتن. لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « أُمِرْتُ أَنْ أَسْجُدَ عَلَى سَبْعَةِ أَعْظُمٍ عَلَى الْجَبْهَةِ، وَأَشَارَ بِيَدِهِ عَلَى أَنْفِهِ، وَالْيَدَيْنِ ، وَالرُّكْبَتَيْنِ وَأَطْرَافِ الْقَدَمَيْنِ»[3]: فەرمانم پێ کراوە لەسەر حەوت ئەندام سوژدە بەرم لەکاتی سوژدە بردنمدا حەوت ئەندامی جەستەم لەزەوی بکەون: ناوچاوان – ئاماژەی بۆ لوتی کرد – واتە

---

[1] متفق عليه: لەوەپێش تەخریج کرا.

[2] متفق عليه: لەوەپێش تەخریج کرا.

[3] متفق عليه: خ(٢/٢٩٧/٨١٢)، م(٤٩٠-٢٣٠-١/٣٥٤)، ن(٢/٢٠٩).

لەگەڵ ناوچەوانی لوتیشی لەزەوی بدا، هەردوو لەپی دەست، هەردوو ئەژنۆ، هەردو سنگەپێ.

دووباره لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودی لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ صَلاَةَ لِمَنْ لاَ يُصِيبُ أَنْفُهُ مِنَ الأَرْضِ مَا يُصِيبُ الجَبِينَ»[1]: کەسێك لەکاتی سوژدە بردندا لوتی وەکوو ناوچەوانی لەزەوی نەدا نوێژی دروست نیە.

١٠ ، ١١- دانیشتنی نێوان سوژدەکانو ئارامگرتن تێیدا. ئەمەش بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «لاَ تُجْزِئُ صَلاَةٌ لاَ يُقِيمُ الرَّجُلُ فِيهَا صُلْبَهُ فِي الرُّكُوعِ وَالسُّجُودِ».[2] نوێژێك دروست نییە پیاو تێیدا لە روکوعو سوژدەیدا پشتی ڕێك نەکاتەوە.

هەروا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەو کابرایەی فەرموو کە بە هەڵەشە نوێژی کرد: کە لەسوژدە سەرت بەرزکردەوە دابنیشەو ئارام بگرە.

١٢- تەحیاتی کۆتایی نوێژ. لە ئیبنو مەسعودەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: ئێمە پێش ئەوەی (تەحیات)مان لەسەر فەرزبێ، دەمانگوت: (السلام على الله، السلام على جبريل ومكائيل، سڵاو لەخودا، سڵاو لە جوبرائیلو لە میکائیل). پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ تَقُولُوا هكذا، وَلَكِنْ قُولُوا التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ ، وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ ، السَّلاَمُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ ، السَّلاَمُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ. أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ».[3] (تا کۆتایی تەحیات).

---

[1] صحيح: قط (١/٣٤٨/٣) صفة صلاة النبي ص/١٢٣.

[2] صحيح: (٨٥٥)، ت(٢٦٥)، ن(١٨٣/٢).

[3] صحيح: (الإرواء/٣١٩)، ن(٤٠/٣)، قط(٣٥٠/٤/١)، هق(١٣٨/٢).

فائیدەیەك: راستترین شێوەی تەحیات ئەومیە: کە لەئیبنو مەسعوودەوە (رەزای خودای لێ بێ) ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) تەحیاتی فێرکردم، دەستم لەناو دەستی موبارەکیدا بوو، وەکوو چۆن فێری سورەتێکی قورئانی دەکردم ئاوا تەحیاتی فێرکردم «التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ ، وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ ، السَّلاَمُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ ، السَّلاَمُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ. أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ».[1] هەرچی وشەو رستەی رێزو شکۆمەندیو تەعظیم دەگەیەنن شایستەی پەروەردگارە، هەروەها کام وشەو رستەی جوانو شیرین هەیە بوترێ شایستەی خودایە؛ سلاو رەحمەتو بەرەکاتی خودات لەسەربێ ئەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) سلاو لەسەر خۆمانو لەسەر هەموو بەندە صالحەکانی پەروەردگار، شایەتی دەدەم: کە هیچ خودایەك نیە شیاوی پەرستش بۆ کردن بێ جگە لەزاتی (الله) ، هەروا شایەتی دەدەم: کە موحەممەد بەندەو رەوانەکراوی خودایە.

فائیدەیەکی تر: دەربارەی رستەی (السَّلاَمُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ) ئیبنو حەجەری عەسقەلانی لە فەتحول باریدا[2] دەفەرموێ: لەهەندێ رێگای هاتنی ئەم حەدیثەی ئیبنو مەسعوددا جوداوازییەك هەست پێ دەکرێ لەنێوان صەلاوەتدان لەسەر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەناوی تەحیاتدا لەسەردەمی خۆیدا لەگەڵ سەردەمی دوا خۆی.. لەسەردەمی خۆیدا رستەکە بەشێوەی (خیطاب) گوتراوە، واتە گوتوویانە (السَّلاَمُ عَلَيْكَ)، بەلام لەدوا وەفاتی بەشێوەی (غائب) بە (السَّلاَمُ عَلَى النَّبِيِّ) گوتراوە. ئەوەتا

---

[1] متفق عليه: خ(١١/٥٦/٦٢٦٥)، م(١/٣٠١/٤٠٢).

[2] ج ٢/٥٧٠.

له صەحیحی بوخاریدا لەبابی (الإستئذان)دا لەڕێگەی ئەبو موعەممەرەوە لەئیبنو مەسعودەوە دوای ئەوەی حەدیثەکەی لەمەڕ (تشهد) ەوە هێناوە دەڵێ: (ئەوکاتە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەناوماندا بوو). کە تەشریفی وەفاتی کرد ئەمجار گوتمان: (السَّلاَمُ یعني عَلَی النَّبِیِّ) بەوشێوە لەبوخاریدا هاتووە، ئەو عەوانە لە صەحیحەکەیداو (ألسِّراجُ) و (ألجوزقی)و ئەبو نەعیمی ئەصبەهانیو بەیهەقی لەچەند ڕێگایەکی جیاجیاوە گەیاندویانەتەوە بەئەبو نوعەیم کە شێخی بوخارییە، لەوێدا بە لەفظی (فَلَمَّا قُبِضَ قُلْنَا السَّلاَمُ عَلَی النَّبِیِّ) واتە بەلابردنی لەفظی (یعنی). هەروا ئەبوبەکری کوڕی ئەبو شەیبە لە نوعەیمەوە ریوایەتی کردوە.

شێخی سوبوکی لە شەرحی (ألمنهاج)دا – دوای ئەوەی ئەم ریوایەتەی تەنها لەئەبو عەوانەوە هێناوە – دەڵێ: ئەگەر راست بێ ئەوە لە هاوەڵانەوە ریوایەتکراوە، بێگومان دەلالەت دەکا لەسەر ئەوە کە سەلام کردن لە پێغەمبەر بەشێوازی خیطاب واجب نیە، واتە: دەگوترێ (السَّلاَمُ عَلَی النَّبِیِّ). ئەمجار ئیبنو حەجەر دەڵێ: بێگومان ئەوە لە هاوەڵانەوە چەسپاوەو پشتگیرییەکی بەهێزم بۆ ئەوە دەست کەوتووە.

عەبدو رەزاق دەڵێ: ئیبنو جورەیج هەواڵی پێداوم، دەڵێ عەطاء خەبەری دامێ: کە هاوەڵان لەسەردەمی پێغەمبەردا دەیانگوت (ألسلام علیك أیها النبیّ). کە وەفاتی کرد، دەیانگوت (السَّلاَمُ عَلَی النَّبِیِّ) ئەمە ئیسنادو ریوایەتێکی صەحیحە.

شێخی ئەلبانی لەکتێبی (صفة الصلاة)دا لاپەڕە (١٢٦)دا دەڵێ: دەبێ ئەوە بە تەوقیفی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) خۆی بوبێ، ئەوەی پشتگیریی ئەم رایە دەکا ئەوەیە: کە خاتو عائیشە (خودای لێ رازی بێ)

هاوەڵانی فێری تەحیات خوێندن دەكردو پێی دەگوتن بڵێن: (السَّلاَمُ عَلَى النَّبِيِّ)[1].

١٣- صەڵەواتدان لەسەر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دوای تەحیات خوێندنی کۆتایی. ئەمەش بەپێی حەدیثی فەضالەی کوڕی عوبەیدی ئەلئەنصاری: کە دەڵێ: پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر بێ) پیاوێکی بینی نوێژی دەکرد، بەڵام لەنوێژەکەیدا نە تەحمیدو تەجمیدی کرد نە صەڵەواتی لەسەر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دا، نوێژەکەی بەکاڵو کرچی بەجێهێناو رۆیی. پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: (عجِلَ هذا) ئەم پیاوە پەلەی کرد، بانگی کردو بەوو بەوانەی لەوێ ئامادەبوون فەرمووی: «إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ فَلْيَبْدَأْ بِتَحْمِيدِ اللَّهِ وَالثَّنَاءِ عَلَيْهِ ثُمَّ لِيُصَلِّ عَلَى النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) ثُمَّ لِيَدْعُ بَعْدُ بِمَا شَاءَ».[2]

ئەگەر یەکێك لەئێوە نوێژی کرد با سەرەتا تەمجیدی خودا بکاو حەمدو سەنای بکا، پاشان صەڵەوات لەسەرمن لێ بدا، ئەمجار چەندێکی حەز لێ بوو با دوعاو پاڕانەوە بکا.

لەئیبنو مەسعودەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پیاوێك هاتو لەپێش دەمی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕۆنیشتو ئێمەیش لەخزمەتیدا بووین. وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! سەلامکردنمان لەسەر جەنابت زانیو فێری بووین، ئەدی چۆن صەڵاواتت لەسەر لێ بدەین ئەگەر ئێمە لەنوێژەکانماندا صەڵەواتت لەسەر لێ بدەین صەڵەواتی خوات لێ بێ. ئیبنو مەسعود دەڵێ: ئیتر پێغەمبەر بێدەنگ بوو تا کار بەوە گەیشت ئاواتە خوازبووین کابرا ئەو پرسیارەی نەکردایە. پاشان پێغەمبەر (دروودی

---

[1] رواه السراج في مسنده ج/٩/١-٢ والملخص في الفوائد ج/١١/٥٤/١ بسندين صحيحين عنها.
[2] صحيح الاسناد (صفة الصلاة) ١٨٢ ط المعارف، ت(٣٥٤٦/١٨٠/٥)، د(١٤٦٨/٣٥٤/٤).

خوداى لەسەر بێ) فەرمووى: « إِذَا أَنْتُمْ صَلَّيْتُمْ عَلَيَّ فَقُولُوا اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَآلِ إِبْرَاهِيمَ وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ».[1] كە ويستتان صەڵەوات لەسەرمن لێ بدەن بەمجۆرە صەڵەواتم لەسەر لێ بدەن بڵێن: «اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَآلِ إِبْرَاهِيمَ وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ». تا كۆتايى حەديثەكە.

فائيدەيەك: گەورەترين و پەسەندترين شێوازى صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (درودى خوداى لەسەر بێ) ئەو شێوازەيە: كە كەعبى كوڕى عوجرە ڕيوايەتى كردوە دەڵێ: عەرزى پێغەمبەرمان كرد وتمان ئەى پێغەمبەرى خودا! (درودى خوداى لەسەر بێ) ئێمە زانيمان يان فێربووين چۆن سلاوت لێ بكەين، ئەدى چۆن صەڵەواتت لێ بدەين؟! پێغەمبەر (درودى خوداى لەسەر بێ) فەرمووى: بڵێن: «اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ، اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ».[2].

١٤- سلاودانەوە لەنوێژ ئامازە بە فەرموودەى پێغەمبەر: كە فەرمووى: «مِفْتَاحُ الصَّلاَةِ الطُّهُورُ وَتَحْرِيمُهَا التَّكْبِيرُ وَتَحْلِيلُهَا التَّسْلِيمُ».[3]

---

[1] اسنادە حسن خز(٧١١/٣٥١ و ١/٣٥٢).

[2] متفق عليه: خ(٦٣٥٧/١٥٢/١١)، م(٤٠٦/٣٠٥/١)، د(٩٦٣/٢٦٤/٣)، ت(٤٨٢/٣٠١/١).

[3] حسن صحيح: لەوەپێش ماناو تەخريجى تێپەڕى.

واجبەكانی نوێژ

١- (الله أكبر) كردنی گواستنەوە لەنێوان روكنەكانی نوێژدا لە راوەستانەوە بۆ روكوع‌و لە روكوعەوە بۆ هەڵسانەوە... هتد. گوتنی رستەی «سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ».

لە ئەبو هورەیرەوە (رەزای خودای لێ بێ) دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ): كەدەستی دەكرد بەنوێژ (الله أكبر)ی دەكرد بۆ چونە ناو نوێژو راوەستان، پاشان: كە دەیەویست بچێتە روكوع (الله أكبر)ی دەكرد. ئەمجار كە راست دەبوەوە لە روكوع دەیفەرموو «سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ» ئەمجار هەر بەراوەستانەوە دەیگوت «رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ». ئەمجار (الله أكبر)ی دەكردو دەچوە سوژدە، پاشان كەسەری لەسوژدە هەڵدەبڕی (الله أكبر)ی دەكرد پاشان كە دەچوە سوژدەی دووەم (الله أكبر)ی دەكرد ئەمجار كە هەڵدەستایەوە لەسوژدە هەمدیسان (الله أكبر)دەكرد، بەم جۆرە ركاتەكانی نوێژی بەجێ دەهێناو ئاوای دەكرد تا كۆتایی نوێژ، كە لەتەحیات خوێندنی یەكەمیش هەڵدەستایەوە (الله أكبر)ی دەكرد[١]. دەشی فەرموو: «صَلُّوا كَمَا رَأَيْتُمُونِي أُصَلِّي»[٢] من چۆن نوێژ دەكەم چۆن دەمبینن نوێژدەكەم ئێوەش ئاوا نوێژ بكەن.

بەو كەسەشی فەرموو: كە بەهەڵەشەو بە نارێك‌و پێكی نوێژی كرد: «إِنَّهُ لاَ تَتِمُّ صَلاَةٌ لأَحَدٍ مِنَ النَّاسِ حَتَّى يَتَوَضَّأَ فَيَضَعَ الْوُضُوءَ ». يَعْنِي مَوَاضِعَهُ « ثُمَّ يُكَبِّرُ وَيَحْمَدُ اللَّهَ جَلَّ وَعَزَّ وَيُثْنِي عَلَيْهِ وَيَقْرَأُ بِمَا تَيَسَّرَ مِنَ الْقُرْآنِ ثُمَّ يَقُولُ اللَّهُ أَكْبَرُ ثُمَّ يَرْكَعُ حَتَّى تَطْمَئِنَّ مَفَاصِلُهُ ثُمَّ يَقُولُ سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ حَتَّى يَسْتَوِيَ

---

[١] متفق عليه: خ(٢/٢٧٢/٧/٨٩)، م(٣٩٢ – ١/٢٩٣/٢٨)، ن(٢/٢٣٣).

[٢] صحيح: (الإرواء/٢٦٢)، خ(٢/١١١/٦٣١).

قَائِمًا ثُمَّ يَقُولُ اللَّهُ أَكْبَرُ ثُمَّ يَسْجُدُ حَتَّى تَطْمَئِنَّ مَفَاصِلُهُ ثُمَّ يَقُولُ اللَّهُ أَكْبَرُ وَيَرْفَعُ رَأْسَهُ حَتَّى يَسْتَوِيَ قَاعِدًا ثُمَّ يَقُولُ اللَّهُ أَكْبَرُ ثُمَّ يَسْجُدُ حَتَّى تَطْمَئِنَّ مَفَاصِلُهُ ثُمَّ يَرْفَعُ رَأْسَهُ فَيُكَبِّرُ فَإِذَا فَعَلَ ذَلِكَ فَقَدْ تَمَّتْ صَلاَتُهُ»[1]؛ بێگومان نوێژی هیچ کامێك لەئێوە تەواو نابێ هەتا دەستنوێژ نەگرێو بە رێكو پێکی ئەندامەکانی دەستنوێژی نەشوا. پاشان (الله أکبر) بکاو سوپاسی پەروەردگار بکا سەنا خوانی بێ. چەندێکی حەز لێ بێ قورئان بخوێنێ، پاشان (الله أکبر) بکاو بچێتە روکوعو بمێنێتەوە تا جموژگەکانی ئارام دەگرن، پاشان بڵێ: «سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ» راست بێتەوەو ئارام بگرێ بەراوەستانەوە، ئەمجار (الله أکبر) بکاو بچێتە سوژدەو ئارام بگرێ هەتا جموژگەکانی لە جمو جوڵ دەکەون، پاشان (الله أکبر) بکا سەر بەرزبکاتەوەو بەدانیشتنەوە قیت بوەستێ، ئەمجار (الله أکبر) بکاو بچێتەوە سوژدەو ئارام بگرێ، پاشان سەر بەرزبکاتەوەو (الله أکبر) بکا، ئەگەر ئاوای کردو هەموو رکاتی نوێژەکەی بەو شێوە ئەنجامدا ئەوە نوێژەکەی بەتەواوی کردوە.

٢- تەحیات خوێندنی یەکەم: لەئیبنو مەسعودەوە ریوایەتکراوە، (رەزای خودای لێ بێ) گوتی: بێگومان حەزرەتی موحەممەد فەرمووی: « إِذَا قَعَدْتُمْ فِي كُلِّ رَكْعَتَيْنِ فَقُولُوا». هەرکاتێ دانیشتن بۆ تەحیات خوێندن دوای ئەنجامدانی دوورکات بڵێن: «التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ السَّلاَمُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ السَّلاَمُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ وَلْيَتَخَيَّرْ أَحَدُكُمْ مِنَ الدُّعَاءِ أَعْجَبَهُ إِلَيْهِ

[1] صحيح: (ص.د/٧٦٣) ، د(٨٤٢/٩٩، ٣/١٠٠).

فَلْيَدْعُ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ».[١] پاشان به ئیختیاری خۆی چەندێ ئارەزۆ بکا دوعاو نزاو پارانەوە ئەنجام بدا، یا بەوجۆرە دوعایانە لەخودای خۆی بپاڕێتەوە.

بێگومان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی بەو کابرایە کرد کە بە هەڵەشەیی نوێژی کردو پێی فەرموو: « فَإِذَا جَلَسْتَ فِي وَسَطِ الصَّلاَةِ فَاطْمَئِنَّ وَافْتَرِشْ فَخِذَكَ الْيُسْرَى ثُمَّ تَشَهَّدْ».[٢] ئەگەر لەناوەڕاستی نوێژدا دانیشتی بۆ تەحیات خوێندن، ئەوە جوان ئارام بگرەو رانی راستت لەسەر زەوی دابنێو ئەمجار دەست بکە بەتەحیات خوێندن.

٣- پێویستە کەسێك: کە دەیەوێ نوێژ بکا شتێك لەپێش خۆیەوە دابنێ، بچەقێنێ ببێتە نیشانەی ئەوەی: کە ڕۆیشتن بە بەردەمیدا یاساغە، وابێ ببێتە پەردەو نەهێڵێ ئەو دیوی ببیندرێ.

لە سەهلی کوڕی ئەبو حەثمە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ إِلَى سُتْرَةٍ فَلْيَدْنُ مِنْهَا لاَ يَقْطَعُ الشَّيْطَانُ عَلَيْهِ صَلاَتَهُ»[٣]: هەرکاتێك یەکێك لەئێوە ویستی نوێژ بکا، با پەردەیەك، لەمپەرێك لەپێش دەمی خۆی دابنێو لەنوێژەکەدا ڕوی تێ بکا، با لەوپەردەو لەمپەرە خۆ نزیك بکاتەوە بۆئەوەی شەیتان نوێژەکەی لێ نەبڕێ.

لەئیبنو عومەرەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ تُصَلُّوا إِلاَّ إِلَى سُتْرَةٍ ، وَلاَ تَدَعْ أَحَدًا

---

[١] صحيح: (الإرواء/٣٣٦)، ن(٢/٢٣٨).

[٢] صحيح: (ص.د/٧٤٦) ، د(٨٤٥/١٠٢/٣).

[٣] صحيح: (ص.ن/٧٢٢) ، ك(١/٢٥١) وهذا الفظه ورواه: د(٦٨١/٢٨٨/٢)، ن(٢/٦٢) بلفظ (اذا صلى احدكم الى سترة...الخ).

يَمُرُّ بَيْنَ يَدَيْكَ ، فَإِنْ أَبَى فَقَاتِلْهُ ، فَإِنَّ مَعَهُ الْقَرِينَ»[1]: نوێژ دامەبەستن مەگەر (سُترة) شتێکتان لەبەردەم خۆتان کردبێ بە پەردەو لەمپەڕ، مەهێڵە کەس بە بەردەمتدا تێپەڕێ‌و بکەوێتە نێوان تۆی نوێژکەرو ئەو شتەی کردوتە بە پەردە، ئەگەر هەر دەیویست بەزۆرە ملێ بەبەردەمتدا تێپەڕێ مەیهێڵە پاڵی پێوە بنێ، شەڕی لەگەڵ بکە، چونکە ئەوە شەیتانی لەگەڵ دایەو هانی دەدا بۆئەوەی نوێژەکەت پێ ببڕێ.

دانانی لەمپەڕ بەوە دێتەجێ روبکەیە دیوار یان کۆڵەکە، یان عەصایەك لەبەردەمتدا بچەقێنی، یان راحیلەیەك لەبەردەمت دابنێی‌و لەنوێژکردنەکەتدا روی تێ بکەی کەمترین شتێك بیکەیە لەمپەڕو (سُترة) ئەو پارچە دارەیە کە لەکاتی سواربوونی راحیلەدا پشتی پێوە دەدرێ. ئەمەش بەپێی ئەو فەرموودەی موسای کوڕی طەلحە لە باوکیەوە ڕیوایەتی کردوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِذَا وَضَعَ أَحَدُكُمْ بَيْنَ يَدَيْهِ مِثْلَ مُؤْخِرَةِ الرَّحْلِ فَلْيُصَلِّ وَلاَ يُبَالِ مَنْ مَرَّ وَرَاءَ ذَلِكَ».[2] ئەگەر یەکێك لەئێوە لەپێش دەمی خۆی شتێکی وەکوو (مۆخرە)ی راحیلەی دانا باروی تێ بکاو نوێژەکەی بکا، ئەمجار هەرشتێك بەئەودیو لەمپەڕەکەدا بڕوا قەیناکا.

نزیکی نوێژکەر لە لەمپەڕو (سُترة)

لە بیلالەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نوێژی کرد لەنێوان ئەوو ئەو دیوارەی روی تێ کردبوو سێ زیراعێك بەتاڵایی

---

[1] صحيح: (صفة الصلاة/٦٢)، خز(٨٠٠/٩/٢).

[2] صحيح: (مختصر م/٣٣٩)، م(٤٩٩/٣٥٨/١)، ت(٣٣٤/٢١٠/١)، د(٦٧١/٣٨٠/٢) بنحوه.

هەبوو[1] ئەمە لەحاڵی راوەستانیدا، ئەگینا لە حاڵەتی روکوع‌و سوژدەدا چی وانەماوەتەوە.

لە سەهلی کوڕی سەعدەوە ڕیوایەتکراوە، گوتویەتی: لەنێوان شوێنی نوێژکردنی پێغەمبەرو ئەو دیوارەی بەردەمی بۆشایی راڕەوە مەڕێك هەبوو[2] ئەوە لەحاڵەتی سوژدە بردندا بووە.

★ ئەگەر نوێژکەر لەپێش خۆیەوە (سوترە)ی دانا، نابێ رێگە بدا هیچ شتێك لەنێوان ئەوو لەمپەڕەکەدا بڕوا

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نوێژی دەکرد (سُترَة)ی دانابوو مەڕێك بە بەردەمیدا تێپەڕی، ئەوەندە لە قیبلە نزیك بووە ورگی خۆی بە قیبلەوە نوساند.[3]

لە ئەبو سەعیدی (ألخدری)یەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِذَا كَانَ أَحَدُكُمْ يُصَلِّي فَلاَ يَدَعْ أَحَدًا يَمُرُّ بَيْنَ يَدَيْهِ وَلْيَدْرَأْهُ مَا اسْتَطَاعَ فَإِنْ أَبَى فَلْيُقَاتِلْهُ فَإِنَّمَا هُوَ شَيْطَانٌ».[4] ئەگەر یەکێك لەئێوە لەنوێژدابوو، با نەهێڵێ کەس بەبەردەمیا تێپەڕێ، با تا لەتوانایدایە کابرا مەنع بکا لەوکارە، ئەگەر هەر سوور بوو لەسەرئەوە بە بەردەمیدا بڕوا با شەڕی لەگەڵ بکا، چونکە ئەوکارە لەکاری شەیتان دەچێ یان ئەو کابرایە بەو کردەوە دەچێتە پێڕی شەیتانەکانەوە.

ئەگەر نوێژکەر سوترەو لەمپەڕی دانەنا ئەوە ئەگەر بە بەردەمیا گوێدرێژ یان ئافرەت یان سەگی رەش تێپەڕی نوێژەکەی دەبڕێ.

---

[1] صحيح: (صفة الصلاة/٦٢)، خ(٥٠٦/١/٥٧٩).

[2] متفق عليه: (٤٩٦/١/٥٧٤)، م(٥٠٨/١/٣٦٤)، د(٦٨٢/٢/٣٨٩) بنحوه.

[3] صحيح: (صفة الصلاة/٦٤) ، خز(٨٢٧/٢/٢٠).

[4] صحيح: (مختصر م/٣٣٨)، م(٥٠٥/١/٣٦٢).

لە عەبدوڵلای کوڕی (الصامت) لە ئەبو زەڕەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِذَا قَامَ أَحَدُكُمْ يُصَلِّي فَإِنَّهُ يَسْتُرُهُ إِذَا كَانَ بَيْنَ يَدَيْهِ مِثْلُ آخِرَةِ الرَّحْلِ فَإِذَا لَمْ يَكُنْ بَيْنَ يَدَيْهِ مِثْلُ آخِرَةِ الرَّحْلِ فَإِنَّهُ يَقْطَعُ صَلَاتَهُ الْحِمَارُ وَالْمَرْأَةُ وَالْكَلْبُ الأَسْوَدُ». هەرکاتێ یەکێ لەئێوە هەڵسا بۆ نوێژ، ئەوە سوترەو لەمپەڕێك لەبەردەم خۆی دابنێ ئەگەر تەنانەت پارچە دارێکی وەکوو پاش ڕەحلەی لەبەردەستدا بوو، ئەگەر سوترەو لەمپەڕێکی وای دانەنا، ئەوە ئەگەر بەبەردەمیا گوێ درێژ یان ئافرەت، یان سەگی ڕەش تێپەڕی نوێژەکەی دەبڕێ.

عەبدوڵلا دەڵێ: وتم: ئەی ئەبو زەڕ فەرقی سەگی ڕەش لەگەڵ سەگی سورو وەرد چیە؟ لە وەڵامدا وتی: ئەی برازاکەم منیش هەمان پرسیارم ئاراستەی پێغەمبەر کردو وەکوو پرسیار لەمن دەکەی منیش ئاوا پرسیارم لە پێغەمبەر کرد لە وەڵامدا فەرمووی: «الْكَلْبُ الأَسْوَدُ شَيْطَانٌ».[1] سەگی ڕەش شەیتانە.

هەرامە بەبەردەم نوێژکەردا تێپەڕی

لەئەبو جوهەیمەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لَوْ يَعْلَمُ الْمَارُّ بَيْنَ يَدَيِ الْمُصَلِّي مَاذَا عَلَيْهِ لَكَانَ أَنْ يَقِفَ أَرْبَعِينَ خَيْرًا لَهُ مِنْ أَنْ يَمُرَّ بَيْنَ يَدَيْهِ».[2]: ئەگەر ئەوکەسەی بەبەردەم نوێژکەردا تێدەپەڕێ بیزانیایە چەندی تاوان دەگاتێ بۆی باشتر بوو چل ساڵ ڕاوەستێ نەك بە بەردەمی دا تێپەڕێ.

---

[1] متفـق عليـه: خ(١/٥٨٤/٥١٠)، م(١/٣٦٣/٥٠٧)، د(١/٣٩٣/٦٨٧)، ت(١/٢١٠/٢٣٥)، ن(١٦/٢)، جة(١/٣٠٤/٩٤٥).

[2] متفـق عليـه: خ(١/٥٨٤/٥١٠)، م(١/٣٦٣/٥٠٧)، د(٢/٣٩٣/٦٨٧)، ت(١/٢١٠/٢٣٥)، ن(٦١/٢)، جة(١/٣٠٤/٩٤٥).

سوترەو کۆڵەکەی پێش نوێژ (ئیمام) بۆ مەئمومیش حلێبە

لەئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: بەسواری دێڵە کەرێك هاتم بۆ دەشتی مینا، ئەوکاتە من ڕسیدە بوو بووم، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەمینا نوێژی بۆ خەڵکەکە دەکرد، من بەپێش ڕیزی نوێژکەراندا تێپەڕیم، ئەمجار دابەزیم، دێڵە کەرەکەم بەرەڵا کرد بلەوەڕێ‌و بۆ خۆم چوومە ڕیزی نوێژکەرەکانەوە، کەس ڕەخنەی لێ نەگرتم.[1]

سوننەتەکانی نوێژ

سوننەتەکانی نوێژ دوو جۆرن گوفتاری‌و کرداری.

سوننەتە گوفتارییەکان (قولی)یەکان. ئەمانەن:

١- دوعای نوێژ دەست پێکردنی نوێژ، گەورەترین جۆری ئەو دوعایە ئەوەیە کە ئەبو هورەیرە ڕیوایەتی کردووەو دەڵێ: پێغەمبەری خودا؛ کە (الله أکبر)ی دەکردو نوێژی دادەبەست، پێش خوێندنی سورەتی فاتیحە ماوەیەك بێدەنگ دەبوو، عەرزم کرد ئەی پێغەمبەری خودا! (دروودی خودای لەسەر بێ) بە دایك‌و باوکمەوە بەفیدات بم، پێم نالێی لەنێوان (الله أکبر)و فاتیحە خوێندندا ماوەیێك بێدەنگ دەبێ چی دەڵێی؟ فەرمووی: دەڵێم: «اللّٰهُمَّ بَاعِدْ بَيْنِي وَبَيْنَ خَطَايَايَ كَمَا بَاعَدْتَ بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ اللّٰهُمَّ نَقِّنِي مِنْ خَطَايَايَ كَمَا يُنَقَّى الثَّوْبُ الأَبْيَضُ مِنَ الدَّنَسِ اللّٰهُمَّ اغْسِلْنِي مِنْ خَطَايَايَ بِالثَّلْجِ وَالْمَاءِ وَالْبَرَدِ».[2] خودایە بە ئەندازەی دووریی نێوان خۆرهەڵات‌و خۆرئاوا لە تاوان

---

[1] متفق علیه: م(٥٠٤/٣٦١/١)، د(٧٠١/٤٠٢/٢)، خ(٤٩٣/٥٧١/١) بە زێدەیی ڕستەی (بمنی الی غیر جدار).

[2] متفق علیه: خ(٧٤٤/٢٢٧/٢)، م(٥٩٨/٤١٩/١)، جة (٨٠٥/٢٦٤/١)، د(٧٦٦/٤٨٥/٢).

دورم بخەرەوە، خودایە لە تاوانم پاکم بکەرەوە وەکوو چۆن قوماشی سپی لە چڵك پاك دەکرێتەوە، خودایە لە تاوانەکانم بم شۆرە بە بەفرو ئاوو تەرزە.

٢- خوێندنی رستەی «أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ». بە بەڵگەی ئایەتی {فَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ – النحل/٩٨} کەویستت قورئان بخوێنی لەپێشەوە «أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ» بخوێنە.

لە ئەبو سەعیدی (الخدری)یەوە (رەزای خودای لێ بێ) ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەستی دەکرد بەنوێژو نوێژی دادەبەست پاشان دەیفەرموو: «أَعُوذُ بِاللَّهِ السَّمِيعِ الْعَلِيمِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ مِنْ هَمْزِهِ وَنَفْخِهِ وَنَفْثِهِ».[1] پەنا دەگرم بە پەروەردگاری شنەواو زانا، لەشەیتانی نەفرەت لێکراو، لەفیتنە جۆیی‌و فرووفیشاڵی‌و هەڵنانی بەخراپەکاری.

٣- ئامین گوتن لەدوای خوێندنی (فاتیحە) لەوائیلی کوڕی حوجرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر بێ) کە {ولا الضالين}ی دەخوێند، دەیفەرموو: {آمین}و دەنگی بەرزو درێژ دەکردەوە

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِذَا أَمَّنَ الإِمَامُ فَأَمِّنُوا فَإِنَّهُ مَنْ وَافَقَ تَأْمِينُهُ تَأْمِينَ الْمَلَائِكَةِ غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ».[2] ئەگەر ئیمام فاتیحەی خوێندو وتی: (آمین) ئێوەش لەتەکیا (آمین) بکەن چونکە کەسێك (آمین) کردنی هاوکات بێ لەگەڵ (آمین) کردنی فریشتە لێخۆشبوون لەتاوانی لەوەپێشی بۆ دەستەبەر دەبێ.

---

[1] صحيح: (الإرواء/٣٤٢)، د (٧٦٠/٤٧٦/٢)، ت (٢٤٢/١٥٣/١).

[2] صحيح: (صفة الصلاة/٨٢)، د (٩٢٠/٢٠٧/٣)، ت (٢٤٨/١٥٧/١).

٤- خوێندنی چەند ئایەتێك لە قورئان. لەئەبو قەتادەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەدوو ڕكاتی یەكەمی نوێژی نیوەڕۆدا سورەتی فاتیحەی دەخوێند دوو سورەتی تری قورئانی دەخوێند لەڕكاتی یەكەمدا قورئان خوێندنەكەی درێژ دەكردو لەڕكاتی دووەمدا كورتی دەكردەوە، جاری وادەبوو ئایەتێكی بەگوێماندا دەدا، لەنوێژی عەصریشدا لەدوو ڕكاتی یەكەمدا سورەتی فاتیحەو دوو سورەتی دەخوێند، عادەتی وابوو ڕكاتی یەكەمی دەرێژ دەكردەوە لەنوێژی بەیانیدا، ڕكاتی دووەمی كورت دەكردەوە.[1]

هەر لە ئەبو قەتادەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر بێ) لەدوو ڕكاتی نوێژی نیوەڕۆو عەصردا سورەتی فاتیحەو سورەتێكی تری دەخوێند، جاری وادەبوو دەنگی بەرز دەكردەوە گوێمان لەئایەتێك بێ، لەدوو ڕكاتی كۆتاییدا تەنها سورەتی فاتیحەی دەخوێند.[2]

وادەبێ خوێندنی قورئان لەدوو ڕكاتی كۆتایشدا سوننەتە ئەمەیش بەگوێرەی ئەو حەدیثەی ئەبو سەعید: كە دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەنوێژی نیوەڕۆدا، لەدوو ڕكاتی یەكەمدا لە هەر یەكێكیاندا ئەندازەی سی ئایەتی دەخوێند لەدوو ڕكاتی دووەمدا ئەندازەی پانزە ئایەتی دەخوێند، یان وتی نیوەی ئەوەی لەڕكاتی یەكەمدا دەیخوێند. لەنوێژی عەصریشدا لەدوو ڕكاتی یەكەمدا لەهەر كاتێكدا ئەندازەی پانزە ئایەتی دەخوێند، لەدوو ڕكاتی دووەم نیوەی ئەوەی دەخوێند.[3]

---

[1] صحيح: (صحيح: (ص.)، ن ٩٣٢)، خ (٢/٢٤٣/٧٥٩).

[2] متفق عليه: م (١/٣٠٧/٤١٠)، خ (٢/٢٦٢/٧٨٠)، ن (٢/١٤٤)، (٣/٢١١/٩٢٤)، ت (٢٥٠/١/١٥٨)، جه (١/٢٧٧/٨٥١).

[3] صحيح: (مختصر م/٢٨٧)، م (١/٣٣٤/١٥٧/٤٥٢).

وا سوننەتە لەنوێژی بەیانیدا بەدەنگی بەرز قورئان بخوێندرێ هەروا لەدوو ڕکاتی یەکەمی نوێژی شێوانو خەوتناندا. لەنوێژی نیوەڕۆو عەصرو ڕکاتی کۆتایی شێوانو دوو ڕکاتی کۆتایی خەوتنان وا سوننەتە بەدەنگی نزم بخوێندرێ بەجۆرێك بێ نوێژکەرەکە گوێی لەدەنگی خۆی بێ.

٥- تەسبیحاتی روکوعو سوژدە.

لە حوذەیفەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: لەگەڵ پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) نوێژم کرد، لە روکوعدا دەیگوت «سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيمِ». لەسوژدەدا دەیگوت: «سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى».[1]

لە عوقبەی کوڕی عامیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە لەنوێژدا دەچووە روکوع سێ جار دەیگوت: «سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيمِ وَبِحَمْدِهِ» کە دەچووە سوژدەوە سێ جار دەیگوت: «سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى وَبِحَمْدِهِ».

٦- زیادکردنی تەسبیحی هەستانەوە لەروکوع بەم جۆرە زیاد لەڕستەی «رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ». یەکێ لەو تەسبیحاتە زێدانە بخوێندرێ.

«مِلْءَ السَّمَوَاتِ وَمِلْءَ الأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَمِلْءَ مَا شِئْتَ مِنْ شَيْءٍ بَعْدُ».

ئەگەر حەزی لێ بوو هەر ئەوە بخوێنێ، ئەگەر حەزی لێ بوو بەم ڕستانە تەواوی بکا «أَهْلَ الثَّنَاءِ وَالْمَجْدِ أَحَقُّ مَا قَالَ الْعَبْدُ وَكُلُّنَا لَكَ عَبْدٌ اللَّهُمَّ لاَ مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ وَلاَ مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ وَلاَ يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ».[2] یان ئاوا بڵێ: «رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ حَمْدًا كَثِيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فِيهِ مُبَارَكًا عَلَيْهِ كَمَا يُحِبُّ رَبُّنَا وَيَرْضَى».[3]

---

[1] صحيح: (ص. ن ١٠٠١)، ن (٢/١٩٠)، د (٣/١٢٣/٨٥٧)، ت (١/١٦٤/٢٦١).

[2] صحيح: (مختصر م/٢٩٦)، م (١/٣٤٧/٤٧٨،٤٧٧)، د (٣/٨٢/٨٣٢)، ن (٢/١٩٩).

[3] صحيح: (صفة الصلاة/١٩٩).

٧- دوعای دانیشتنی نێوان دوو سوژدەکان.

له حوذەیفەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەنێوان دوو سوژدەکاندا (رب اغفرلی، رب اغفرلی) دەخوێند.

له ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەنێوان سوژدەکاندا (اللـهم اغفـرلی وارحمنی، واجبرنی، واهدنی، وارزقنی)ی دەخوێند.

٨- صەڵەواتدان لەسەر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەکۆتای تەحیات خوێندنی یەکەمدا، چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بۆخۆی ئەوەی ئەنجامداوە.

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە دەفەرموێ: (ئێمە سیواكو ئاوو شتی وامان بۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئامادە دەکرد، ئیتر پەروەردگار شەو لەخەو ڕاستی دەکردەوە ئەویش سیواکی دەکردو دەستنوێژی دەشۆرد، پاشان نۆ ڕکات نوێژی دەکرد، لەنێوان ڕکاتەکاندا دانەدەنیشت مەگەر لەڕکاتی هەشتەمدا، لەخودا دەپاڕایەوە صەڵاواتی لەسەر پێغەمبەری خودا لێ دەدا، پاشان ڕاست دەبووەوەو سڵاوی نەدەدایەوە، پاشان ڕکاتی نۆیەمی دەکرد ئەمجار دادەنیشت، پاشان سوپاسی پەروەردگاری دەکردو پاشان سڵاوی دەدایەوە).[1]

٩- دوعاو پاڕانەوە لەدوا تەحیاتی یەکەمو دووەم وەك یەکە.

لەدوا تەحیاتی یەکەم، وەکوو ئیبنو مەسعوود ڕیوایەتی کردووە گوتوویەتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: ««إِذَا قَعَدْتُمْ فِي كُلِّ رَكْعَتَيْنِ فَقُولُوا: التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ

---

[1] أخرجه أبو عوانه في صحيحه (٢/٣٢٤) وهذا لفظه، م (١/٥١٢/٧٤٦) بدون جملة (ويصلي على نبيه).

وَرَحْمَةُ اللّٰهِ وَبَرَكَاتُهُ السَّلاَمُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللّٰهِ الصَّالِحِينَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ وَلْيَتَخَيَّرْ أَحَدُكُمْ مِنَ الدُّعَاءِ أَعْجَبَهُ إِلَيْهِ فَلْيَدْعُ اللّٰـهَ عَزَّ وَجَلَّ».[١]

لەدوای تەحیاتی دووەم، وەکوو لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « إِذَا فَرَغَ أَحَدُكُمْ مِنَ التَّشَهُّدِ الآخِرِ فَلْيَتَعَوَّذْ بِاللّٰهِ مِنْ أَرْبَعٍ مِنْ عَذَابِ جَهَنَّمَ وَمِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ وَمِنْ شَرِّ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ».[٢] واتە: یەکێك لەئێوە کە لەتەحیات خوێندنی کۆتایی بووەوە با پەنابگرێ بەخودا لەچوار شت: لەسزای دۆزەخ. لەعەزابی گۆڕ. لەفیتنەو ئاشوبی زیندو مردو. لەشەڕو نەگبەتی دەجال.

١٠- سڵاودانەوەی دووەم، چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) سڵاوی بەلای ڕاستو بەلای چەپدا دەدایەوە، وەکوو لەئیبنو مەسعوودەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) سڵاوی بەلای ڕاستو بەلای چەپدا دەدایەوەو دەیفەرموو: «السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللّٰهِ»، «السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللّٰهِ». هەتا لەڕیزی دواوەی ڕا سپیایی کوڵمی دەبینرا.[٣]

---

[١] صحيح: سبق فى واجبات الصلاة.

[٢] صحيح: (مختصر م/٣٠٦)، (ص. جه ٧٤١)، م (١/٤١٢/٥٨٨)، د (٣/٢٧٣/٩٦٨)، جه (٩٠٩/١/٢٩٤).

[٣] صحيح: (ص. د/٨٧٨)، د (٣/٢٨٨/٩٨٣)، ن (٣/٦٢)، جه (١/٢٩٦/٩١٤)، ت (٢٩٤/١/١٨١) بدون الجملة الاخيرة.

وایش بووه هەر سڵاوی بەلای ڕاستدا داوەتەوە، وەکوو لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەکۆتایی نوێژدا یەك سڵاوی دەدایەوە، کەمێك بەلای ڕاستدا ڕوخساری وەردەگێڕا.[1]

سوننەتە کرداریەکان (السنن الفعلیه)

١- **دەست بەرز کردنەوە:** لەکاتی (الله أکبر) کردنی نوێژ دابەستن، لەکاتی چوونە ڕوکوعو هەڵسانەوە لێی. لەکاتی هەڵسانەوە لەتەحیاتی یەکەم. لەئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کاتێ دەستی بەرز دەکردەوە تابەرامبەر شانەکانی، هەروا کە دەچووە ڕوکوعو کە لە ڕوکوعیش هەڵدەستایەوە بەوجۆرە دەستەکانی بەرز دەکردەوە.[2]

لەنافیعەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: ئیبنو عومەر (ڕەزای خودای لێ بێ) کە دەچووە ناو نوێژەوە (الله أکبر)ی دەکردو دەستی بەرز دەکردنەوە کەدەچووە ڕوکوع هەمدیسان دەستی بەرز دەکردنەوە، کە لەڕوکوع هەڵدەسایەوە دەستی بەرز دەکردنەوەو دەیگوت: (سمع الله لمن حمده) هەروا کە لەدوا خوێندنی تەحیاتی یەکەم هەڵدەسایەوە دەستی بەرز دەکردنەوە. (نافیع ڕشتەی ئەم فەرموودەیەی بردۆتەوە سەر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ).[3]

لەهەندێ ڕیوایەتدا هاتووە کە دەست بەرزکردنەوە سوننەتە لەکاتی هەموو نزمبوونەوەو هەڵسانەوەدا. ئەمەیش بەگوێرەی حەدیثی (مالك بن الحویرث): کە دەڵێ: پێغەمبەرم بینی (دروودی خودای لەسەر بێ) لەنوێژدا

---

[1] صحیح: (ص. ت/٢٤٢)، ت (١/١٨٢/٢٩٥).

[2] متفق علیه: خ (٢/٢١٨/٧٣٥)، م (٣٩٠- ٢٢/٢٩٢/١)، ت (١/١٦١/٢٥٥)، ت (٢/١٢٢).

[3] صحیح: (ص/٦٦٣)، خ (٢/٢٢٢/٧٣٩)، د (٢/٤٣٩/٧٢٧).

کە دەچووە روکوع دەستی بەرز دەکردەوە، کە لە روکوع سەری بەرز دەکردەوە کە دەچووە سوژدەوەو کە سەری لەسوژدە بەرز دەکردەوە، لەهەموو دانەوینەو سەر بەرزکردنەوەیەکدا دەستەکانی تا ئاستی نەرمەی گوێچکەی بەرز دەکردەوە.[1]

٢- دانانی دەستی ڕاست لەسەر دەستی چەپ لەسەر سنگ:

لەسەهلی کوڕی سەعدەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: (موسوڵمانان فەرمانیان پێ دەکرا: کەپیاو دەستی ڕاستی بخاتە سەر باسکی چەپی لەنوێژدا) ئەبو حازم دەڵێ: ئەم فەرمانە هەردەبێ لەلایەن پێغەمبەرەوە بووبێ (درودی خودای لەسەر بێ)[2]

لە وائیلی کوڕی حوجرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: لەدوای پێغەمبەرەوە نوێژم کرد (درودی خودای لەسەر بێ) دەستی ڕاستی خستبووە سەر دەستی چەپی لەسەر سینگی[3]

٣- ڕوانین بۆ شوێنی سوژدە:

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) چووە ناو کەعبەوە چاوی بڕییە شوێنی سوژدەبردنیو چاوی لێ کلا نەکرد هەتا لەنوێژەکەی بووەوە.

٤- لە ڕوکوعدا هەندێ هەینات هەن ڕەچاویان بکا، وەکوو لەم فەرموودەیەدا ئاماژەیان پی دەکرێ: لەخاتو عائیشەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتکراوە دەفەرموێ: پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر بێ) کە

---

[1] صحيح: (ص. ن/١٠٤)، ن (٢/٢٠٦)، حم (٤٩٣/١٦٧/٣).

[2] صحيح: (مختصر خ/٤٠٢)، خ (٧٤٠/٢٢٤/١)، ط (١١١/٣٧٦).

[3] صحيح: (صفة الصلاة/٦٩)، ك (٤٧٩/١).

دەچووە روکوع سەری بەرز ڕانەدەگرتو زۆریش نەوی نەدەکرد، بەڵکوو لەنێوان ئەو دوو حاڵەدا سەری خۆی ڕادەگرت.[١]

لە ئەبو حومەیدەوە دەربارەی وەصفی نوێژی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەچووە روکوع هەردوو دەستی لەهەردووك لاوە لەئەژنۆی گیردەکردن، پاشان پشتی ڕاست ڕادەگرت[٢]

لە وائیلی کوڕی حوجرەوە ریوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەچووە روکوع پەنجەکانی بەملاو ئەولای ئەژنۆیدا بڵاو دەکردەوە.[٣]

لە ئەبو حومەیدەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) چووە روکوعو دەستەکانی خستە سەر ئەژنۆکانیو توندگرتنی قۆڵو باسکی کەوانەیی کردنو لەتەنیشتی خۆی دوورخستنەوە.[٤]

٥- پێشخستنی دوو دەست لە ئەژنۆ لەکاتی سوژدە بردندا بۆسەر زەوی:

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِذَا سَجَدَ أَحَدُكُمْ فَلاَ يَبْرُكْ كَمَا يَبْرُكُ الْبَعِيرُ وَلْيَضَعْ يَدَيْهِ قَبْلَ رُكْبَتَيْهِ».[٥] هەرکاتێ ئێوە دەچنە سوژدە، باخۆی ییخ نەدا وەکوو چۆن حوشتر خۆی ییخ دەدا، واتە: با سەرەتا ئەژنۆکانی نەخاتە سەرزەوی بەڵکوو با لەپێشدا دوو دەستی بخاتە سەر زەوی ئەمجار ئەژنۆکانی.

---

[١] صحيح: (صفة الصلاة/١١١)، م (١/٣٥٧/٤٩٨)، د (٢/٤٨٩/٧٦٨).

[٢] صحيح: (صفة الصلاة/١١٠)، خ (٢/٣٠٥/٨٢٨)، د (٢/٤٣٧/٧١٧).

[٣] صحيح: (صفة الصلاة/١١٠)، خ (١/٣٠١/٥٩٤).

[٤] صحيح: (ص. ت/٢١٤)، د (٢/٤٢٩/٧٢٠)، ت (١/١٦٣/٢٥٩).

[٥] صحيح: (ص.د/٧٤٦) ، د(٣/٧٠/٨٢٥)، ن(٢/٢٠٧)، حم(٣/٢٧٦/٦٥٦).

٦- له سوژدەدا رەچاوی ئەو ناكارانە بكا: كە ئەم فەرموودانەی دوایی لەخۆیان گرتون

لـه ئـەبو حەمیـدەوە دەربـارەی وەصـفی نوێـژی پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسـەر بـێ) ڕیوایـەتكراوە، دەڵـێ: (پێغەمبـەر كـە تەشـریفی دەچووە سوژدە دەستی ڕانەدەخستن واتە: لەگەڵ دەستەكانیدا باسكی لـەزەوی نـەدەدا، هەروا دەستیشی نەدەقوچاندن، چاوە قامكەكانی ڕووەو قیبلە دەكردن).[1]

لـه (ألبَـراء)ەوە ڕیوایـەتكراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێ) فەرمووی: «إِذَا سَجَدْتَ فَضَعْ كَفَّيْكَ وَارْفَعْ مِرْفَقَيْكَ».[2] كە چوویە سـوژدە هەردوو دەستت لەسەر زەوی دابنێو هەردوو ئەنیشكت لەزەوی بەرزبكەرەوە.

لـه عەبـدوڵلای كـوڕی مـالیكی كـوڕی بوحەینـەوە ڕیوایـەتكراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) كـە نوێـژی دەكـردو دەچووە سـوژدە هـەردوو باسـكی لەلاتەنیـشتی خـۆی دوور دەخـستەوە بـەجۆرێك سـپیایی بنهەنگڵی دەبیندرا.[3] لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتكراوە، دەفەرموێ: (پێغەمبەر لەلای من بوو بۆ نوستن، كاتێك بـە خەبـەر هـاتم لەپـەنام نـەمابوو، ویـستم بزانم چی لێ هاتووە: كە دیم چوبوە سوژدە، چاوە قامكی قاچەكانی كردبوونە قیبلەو پاژنەی ڕاست ڕاگرتبون.[4]

لە وائیلـی كـوڕی حـوجرەوە ڕیوایـەتكراوە، دەڵـێ: (هاتمـە شـاری مەدینـە وتم: دەبێ بڕوانم، بزانم پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) چۆن نوێـژ دەكا. بڕێكی حەدیثەكەی گێڕایەوەو وتی: (ثُمَّ هوى، فسجد، فـصار رأسـه بـين

---

[1] صحيح: (ص.د/٦٧٢) ، خ(٢/٣٠٥/٨٢٨)، د(٢/٤٣٧/٧١٨).

[2] صحيح: (صفة الصلاة/١٣٦)، م(١/٣٥٦/٤٩٤).

[3] متفق عليه: خ(٢/٢٩٤/٨٠٧)، م(١/٣٥٦/٤٩٥)، ن(٢/٢١٢).

[4] صحيح: (صفة الصلاة/١٣٦) ، خز(١/٣٢٨/٦٥٤)، هق(٢/١١٦).

كفيه)[1] پاشان خۆی نزم كردەوە بۆ سەرزەویو سوژدەی برد، سەری خستبوە نێوان دوو دەستیەوە.

لە وائیلی كوڕی حوجرەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) كە دەچوە سوژدە پەنجەكانی بەیەكەوە دەنوساندن.[2]

لە (ألبراء)ەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: (پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ): كە دەچوە سوژدە دەستی دەخستە سەرزەوی، پەنجەی دەستیو قاچی وادادەنان كە ڕویان لە قیبلە بێ.[3]

٧- دەبێ شێوەی دانیشتنی نێوان سوژدەكانی لەسەر ئەو شێوەو هەینەتەی ئەم حەدیپانەی دوایی لەخۆیان گرتووە:

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتكراوە، دەفەرموێ: «وَكَانَ يَفْرِشُ رِجْلَهُ الْيُسْرَى، وَيَنْصِبُ رِجْلَهُ الْيُمْنَى».[4] (پێغەمبەری خودا: كەبۆ تەحیات خوێندن دادەنیشت قاچی چەپی ڕادەخستو قاچی ڕاستی هەڵدەنا).

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتكراوە، فەرموویەتی: (لە سوننەتی نوێژە كە لەتەحیات خوێندندا وابكا قاچی ڕاستی هەڵنێو پەنجەكانی ڕوبكاتە قیبلەو لەسەر قاچی چەپی دانیشی.[5]

هەروا لە (طاوس)ەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: دەربارەی (الإقعاء) كە بریتییە لە دانیشتن لەسەر هەردوو پاژنەپێو هەردوو قاچ هەڵنندرێن سەرە پەنجەكان ڕویان لە قیبلە بێ، پرسیاركرا لە ئیبنو عەبباس لە وەڵامدا

[1] صحيح الأسناد: خز(٦٤١/٣٢٣/١).

[2] صحيح: (صفة الصلاة/١٢٣)، خز(٦٤٢/٣٢٤/١)، هق(١١٢/٢).

[3] صحيح الأسناد: (صفة الصلاة/١٢٣)، هق(١١٣/٢).

[4] صحيح: (مختصر م/٣٠٢)، م(٤٩٨/٣٥٧/١)، د(٧٦٨/٤٨٩/٢).

[5] صحيح: (ص.ن/١١٠٩٦) ، ن(٢٣٦/٢).

فەرمووی: ئەوە سوننەتی پێغەمبەرە، پێمان گوت: ئێمە ئەو جۆرە دانیشتنە بەزەحمەت دەزانین بۆ مرۆڤ ئیبنو عەبباس وتی بەڵکوو ئەوە سوننەتی پێغەمبەرە (دروودی خودای لەسەر بێ)[1]

٨- یەکسەر لە سوژدەوە ڕاست نەبێتەوە بەڵکوو کەمێک دانیشێ ئەمجار هەڵسێتە حەوا:

لە ئەبو قیلابەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: مالیکی کوڕی (الحویرث اللیثی) هەواڵی پێدااین: کە بینیویەتی پێغەمبەر نوێژی دەکرد، جا: کە لەرکاتە تاکەکاندا لەسوژدە هەڵدەستایەوە، ڕاستەوخۆ ڕاست نەدەبووەوە بەڵکوو جارێ کەمێك دادەنیشت ئەمجار ڕاست دەبووەوە.

٩- کە لەسوژدەی دووەم هەڵسایەوە بۆ ڕاوەستان و فاتیحە دەبێ هەردوو دەستی دادا، واتە دەبێ بۆ هەڵسانەوە قورسایی بخاتە سەر دوو دەستی:

لە ئەییوبەوە لە ئەبو قیلابەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: مالیکی کوڕی (الحویرث) هاتە لامان، لەمزگەوتی خۆماندا نوێژی بۆ کردین، وتی: من نوێژتان بۆ دەکەم مەبەستم ئەوەیە ئێوە بزانن نوێژکردن چۆنەو فێری ببن مەبەستم ئەوە نیە من نوێژی فەرز ئەدابکەم. بەڵکوو من دەمەوێ نیشانتان بدەم چۆنم پێغەمبەر بینیوە نوێژی کردوە، منیش بە ئەبو قیلابەم گوت: دەی باشە پێمان بڵێ: نوێژکردنی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) چۆن بوو؟ وتی: نوێژکردنی وەکوو شێوە نوێژکردنی ئەم شێخە نورانییە بوو – مەبەستی بەو شێخە عەمری کوڕی سەلەمە بوو – ئەییوب دەفەرموێ: ئەو شێخە (الله أكبر)ی دەکرد، کە لەسوژدەی دووەم سەری بەرزدەکردەوە،

---

[1] صحيح: (مختصر م/٣٠٣)، م(١/٥٣٦)، د(١/٧٩/٨٣٠)، ت(١/١٧٥/٢٨٢).

دانیشتنێکی دەکرد، ئەمجار قورسایی خۆی دەخستە سەر هەردوو دەستیو پاشان هەڵدەستایە سەرپێ.[1]

١٠- واباشە دانیشتن بۆ هەردوو تەحیات خوێندنەکە بەو شێوە بێ کە ئەم فەرموودانەی دوایی ئاماژەیان پێ دەکەن:

لە ئەبو حومەیدەوە ڕیوایەتکراوە: کە دەربارەی شێوەی نوێژکردنی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وتوویەتی: (کە لەدوا دوو ڕکات نوێژ دادەنیشت بۆ تەحیات خوێندن، لەسەر قاچی چەپی دادەنیشتو قاچی ڕاستی هەڵدەناو سەری پەنجەکانی ڕووەو قیبلە دەکردن. ئەگەر لەدوا ڕکاتی کۆتایی نوێژ بۆ تەحیات خوێندن دابنیشتایە قاچی چەپی لەژێر گوزنگی قاچی ڕاستییەوە دەردێناو سنگە پێی قاچی ڕاستی لەزەوی گیردەکردن چاوە قامکی ئەو قاچەی بەرەو قیبلە دەکردن مەقعەدی دەخستە سەر زەوی.[2]

لە ئیبنو عومەرەوە (خودای لێ ڕازی بێ) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ): کەبۆ تەحیات خوێندن دادەنیشت دەستی ڕاستی دەخستە سەر ڕانی ڕاستیو پەنجەکانی کۆ دەکردنەوە، جگە لە قامکە شادە، بەو ئاماژەی دەکرد. دەستی چەپیشی دەخستە سەر ڕانی چەپی.[3]

لە نافیعەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (ڕەزای خودایان لێ بێ) کە لەنوێژدا دادەنیشت بۆ تەحیات خوێندن، هەردوو دەستی دەخستە سەر دوو ئەژنۆی. بە قامکە شادەی دەستی ڕاستی ئاماژەی دەکردو چاوی ئاراستەی قامکە شادەی دەکرد. پاشان وتی: پێغەمبەر (دروودی خودای

---

[1] صحيح: (مختصر خ/٤٣٧)، خ(٨٢٤/٣٠٣،٢/٢)، هق(٢/١٢٣)، فع(١/١١٦).

[2] صحيح: (مختصر خ/٤٤٨) ، خ(٨٢٨/٣٠٥/٢).

[3] صحيح: (ص.د/٨٥١) ، م(٥٨٠-١١٦/٤٠٨/١)، د(٩٧٢/٢٧٧/٣).

لەسەر بێ) فەرمووی: « لَهِيَ أَشَدُّ عَلَى الشَّيْطَانِ مِنَ الْحَدِيدِ». [١] بێگومان قامکە شادە کاریگەری لەسەر شەیتان لە ئاسن پترە.

ئەو ذیکرو دوعایانەی لەدوا نوێژ مەشروعن

١- لە ثەوبانەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە لەنوێژ دەبوەوە سێجار (أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ)ی دەکرد، ئەمجار دەیفەرموو: « اللَّهُمَّ أَنْتَ السَّلاَمُ وَمِنْكَ السَّلاَمُ تَبَارَكْتَ يَاذَا الْجَلاَلِ وَالإِكْرَامِ». خودایە تۆ بۆخۆت سەلامی، سەلامی حەقیقی لەتۆوەیە، بەرزو پیرۆزی ئەی ئەو کەسەی خاوەنی جەلالو عەظەمەتو ڕێزی...

(الوليد) دەڵێ: بە ئیمامی ئەوزاعیم گوت: (أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ) کردنە چۆن دەگوترێ؛ وتی: دەڵێی: (أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ، أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ) [٢]

٢- لەئەبو (الزبير)ەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: ئیبنو (الزبير) لەدوا هەموو نوێژێکەوە کە سڵاوی دەدایەوە دەیگوت «لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللَّهِ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَلاَ نَعْبُدُ إِلاَّ إِيَّاهُ لَهُ النِّعْمَةُ وَلَهُ الْفَضْلُ وَلَهُ الثَّنَاءُ الْحَسَنُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ». هیچ خودا نین جگە لەزاتی (الله) تاکو تەنیاو بێ هاوەڵە، دەسەڵاتی حەقیقی هی ئەوە، حەمدو سەنا شیاوی ئەوە، بەسەر هەموو شتێکدا دەسەڵاتدارە، هیچ هێزو توانایەك وجودی نیە ئەگەر بەهۆی زاتی (الله)وە نەبێ. ئێمە بەندایەتی هەر بۆ ئەو دەکەینو بەس. نیعمەتو شکۆمەندی هی ئەوەو بەدەست ئەوە، سەناو سوپاسی جوانو بێ خەوش

---

[١] حسن (صفة الصلاة/١٤٠)، حم(٤/١٥/٧٢١).

[٢] (صفة الصلاة/١٤٠)، حم(٤/١٥/٧٢١).

شیاوی ئەوە، هیچ خودا نین جگە لەئەو، ئێمە بە ئیخلاصەوە پەرستشی ئەو دەکەین و هەر ئەو دەپەرستین، جا بابێ بڕوایان شەق بەرن.

ئیبنو الزبیر وتی: پێغەمبەری خودا لەدوا هەموو نوێژێکەوە ئەم دوعایەی دەخوێند.(١)

٣- لە (وراد) کە مەولاو ئازادکراوی (ألمغیرة)ی کوڕی (شعبة)یە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: (ألمغیرة)ی کوڕی (شعبة) نامەی نووسی بۆلای (معاویة) وتی: پێغەمبەری خودا کە لەنوێژ دەبووەوەو سڵاوی دەدایەوە، دەیگوت: «لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ ، وَلَهُ الْحَمْدُ ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ، اللَّهُمَّ لاَ مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ ، وَلاَ مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ ، وَلاَ يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ».(٢)

٤- لە کەعبی کوڕی (عُجْرَة)وە لە پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕیوایەت دەکا. کە فەرموویەتی: «مُعَقِّبَاتٌ لاَ يَخِيبُ قَائِلُهُنَّ – أَوْ فَاعِلُهُنَّ – ثَلاَثٌ وَثَلاَثُونَ تَسْبِيحَةً وَثَلاَثٌ وَثَلاَثُونَ تَحْمِيدَةً وَأَرْبَعٌ وَثَلاَثُونَ تَكْبِيرَةً فِي دُبُرِ كُلِّ صَلاَةٍ».(٣) چەند زیکرو دوعایەك هەن لەدوا نوێژ، بێژەرەکەیان نائومێد نابێ، سی‌وسێ جار (سبحان الله)، سی‌وسێ جار (الحمدلله)، سی‌و چوارجار (ألله أكبر) کردن لەدوا هەموو نوێژێك.

لە ئەبو هورەیرەوە لە پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕیوایەتکراوە، فەرموویەتی: «مَنْ سَبَّحَ اللَّهَ فِي دُبُرِ كُلِّ صَلاَةٍ ثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ وَحَمِدَ اللَّهَ ثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ وَكَبَّرَ اللَّهَ ثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ فَتِلْكَ تِسْعَةٌ وَتِسْعُونَ وَقَالَ تَمَامَ الْمِائَةِ لاَ

---

(١) صحيح: (ص.ن/٢٢٧) ، م(١/٤١٥/٥٩٤)، د(٤/٣٧٢/١٤٩٣)، ن(٣/٧٠).

(٢) متفق عليه: خ(٢/٣٢٥/٨٤٤)، م(١/٤١٤/٥٩٣)، د(٤/٣٧١/١٤٩١).

(٣) صحيح: (ص.ن/١٢٧٨) ، م(١/٤١٨/٥٩٦)، ت(٥/١٤٤/٣٤٧٣)، ن(٣/٧٥).

إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ غُفِرَتْ خَطَايَاهُ وَإِنْ كَانَتْ مِثْلَ زَبَدِ الْبَحْرِ»[1]: كەسێك دوای هەموو نوێژێك سیو سێجار (سبحان الله)بكا سیو سێجار (الحمدلله) بكا سیو سێجار (الله أكبر) بكا كە دەكاتە نەوەدو نۆو بۆ كردنی ئەو ژمارە بەسەد، بڵێ: «لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ ، وَلَهُ الْحَمْدُ ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ». چاوپۆشی لەتاوانەكانی دەكرێ، تەنانەت ئەگەر بە ئەندازەی كەفی دەریا زۆربن.

٥- لە موعازی كوڕی جەبەلەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: ڕۆژێك پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەستی گرتمو پێی فەرمووم: ئەی موعاذ! سوێندم بەخودا من تۆم خۆش دەوێ. منیش گوتم بەدایكو باوكمەوە بەقوربانت بم سوێندم بەخودا منیش خۆشم دەوێی. فەرمووی: ئەی موعاز! وەصیەتت بۆدەكەم، لەدوای هیچ نوێژێك ئەم دوعایە لەبیر نەكەیو كە لەنوێژ بویەوە بڵێ: «اللَّهُمَّ أَعِنِّى عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ». خودایە! یارمەتیم بدە لەسەر بەجێهێنانی یادكردنتو سوپاس كردنتو پەرستش بۆكردنت بەشێوەیەكی ڕێكو پێكو پەسەند.[2]

٦- لە ئەبو ئومامەوە ڕیوایەتكراوە: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: {من قرأ آية الكرسيّ دُبُر كل صلاة مكتوبة لم يمنعه من

---

[1] دەربارەی ژمارەی زیكرەكان ریوایەت هەیە (دەدە) ریوایەت هەیە پانزە پانزە، ریوایەت هەیە بیستو پێنج بیستو پێنج، بۆیە واباشە موسوڵمان هەندێ جار ئەو ژمارەو هەندێ جار ژمارەیەكی تر ڕەچاو بكا.....هتد. خ(٦٣٢٩/١٣٢/١١)، م(٥٩٥/١٤٣/٤١٧/١)، ن(٧٦/٣)، ص.ن (١٣٧٩)، صحيح (مختصر/٣١٤)، م(٥٩٧/٤١٨/١).

[2] صحيح: (ص.ج/٧٩٦٩) ، د(١٥٠٨/٣٨٤/٤).

دخول الجنة الا أن يموت}[١]: کەسێك لەدوا هەموو نوێژێکی فەڕز (ايةالكرسي) بخوێنێ، هیچ شتێك نابێتە لەمپەڕ لەچوونی بۆ ناو بەهەشت جگە لەمردن. هەڵبەتە لەو دونیا مردن نیە. موحەممەدی کوڕی ئیبراهیم لە حەدیثەکە، ئەمەشی زیادکردوە. {وقل هو الله أحد}.

٧- لە عوقبەی کوڕی عامیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی پێ کردم: کە لەدوا هەموو نوێژێك (قل أعوذ)ەوەکان بخوێنم[٢].

٨- لە ئوممو سەلەمەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە نوێژی بەیانی دەکردو سڵاوی دەدایەوە، دەیفەرموو: « اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ عِلْمًا نَافِعًا وَرِزْقًا طَيِّبًا وَعَمَلاً مُتَقَبَّلاً». [٣]: خودایە! من داوات لێ دەکەمو لێت دەپاڕێمەوە زانیاری بەسودم فێربکەی، رزقی حەڵاڵو پاکم بدەری، وام بۆ بڕەخسێنە کردەوەیەك بکەم لای تو قبوڵ بێ.

ئەو کردەوانەی لەناو نوێژدا مەکروهو ناباشە

١- یاریکردن بە پۆشاك یان بە ئەندامێکی جەستەی بەبێ هۆ:

لە موعەیقیبەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەربارەی پیاوێك: کە جێگای سوژدەی خۆی ڕێك بکا، فەرمووی: «إِنْ كُنْتَ فَاعِلاً فَوَاحِدَةً». [٤] ئەگەر پێویست بوو شوێنی سوژدەکەت مەسح بکەیو ڕێکی بخەی یەکجار دەستی پێدا بێنە.

---

[١] صحيح: (ص.ج/٦٤٦٤) ، طب(٨/١٣٤/٧٥٣٢).

[٢] صحيح: (ص.ن/١٢٦٨) ، د(٤/٢٨٥/١٥٠٩)، ن(٣/٦٨).

[٣] صحيح: (ص.جة/٧٥٣) ، جة(١/٢٩٨/٩٢٥)، حم(٤/٥٥/٧٧٦).

[٤] متفق عليه: خ(٣/٧٩/١٢٠٧)، م(٥٤٦- ٤٩- ١/٣٨٨)، ت(٣٧٧/١/٢٣٥)، جة(١/٣٢/١٠٢٦)، ن(٣/٧).

٢- دەست خستنە سەر کەلەکە لەنوێژدا:

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: (نەیکردوە لەوەی مرۆڤ وانوێژ بکا دەستی لەسەر کەلەکەبێ لەکاتی راوەستان بۆ فاتیحە خوێندن.[1]

٣- چاو هەڵبڕین بەرەو ئاسمان:

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر فەرمووی: «لَيَنْتَهِيَنَّ أَقْوَامٌ عَنْ رَفْعِهِمْ أَبْصَارَهُمْ عِنْدَ الدُّعَاءِ فِي الصَّلاَةِ إِلَى السَّمَاءِ أَوْ لَتُخْطَفَنَّ أَبْصَارُهُمْ».[2] دەبێ وازبێنن ئەو خەڵکانە لەچاو بەرزکردنەوە بەرەو ئاسمان لەکاتی دوعاکردنیان لەناو نوێژدا، ئەگەر وازبێنن لەوکارەیان باشە، ئەگینا دوور نیە رۆشنایی چاویان لێ بسەندرێتەوە.

٤- ئاوڕدانەوە بەبێ ئەوەی پێویست بێ:

لەخاتو عائیشەوە (رەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کرد دەربارەی ئاوڕدانەوە لە نوێژدا لە وەڵامدا فەرمووی: «هُوَ اخْتِلاَسٌ يَخْتَلِسُهُ الشَّيْطَانُ مِنْ صَلاَةِ الْعَبْدِ».[3] ئەوە لێ دزینەوەیە کە شەیتان لەنوێژی بەندە دەیفڕێنێ.

٥- تەماشاکردنی شتێک ئادەمیزاد مەشغوڵ بکا:

لەخاتو عائیشەوە (رەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نوێژی دەکرد کراسێکی گوڵداری لەبەردابوو، پاشان فەرمووی: «شَغَلَتْنِي أَعْلاَمُ هَذِهِ ، اذْهَبُوا بِهَا إِلَى أَبِي جَهْمٍ وَأْتُونِي

---

(1) متفق عليه: خ(١٢٢٠/٨٨/٣)، م(٥٤٥/٣٨٧/١)، د(٩٤/٢٢٣/٣)، ت(٣٨١/٢٣٧/١)، ن(١٢٧/٢).

(2) صحيح: (مختصر م/٣٤٣)، م(٤٢٩/٣٢١/١)، ن(٣٩/٣).

(3) صحيح: (ص.ج/٧٠٤٧) ، خ(٧٥١/٢٣٤/٢)، د(٨٩٧/١٧٨/٣)، ن(٨/٣).

بِأَنْبِجَانِيَّةٍ». [(١)] گوڵو نەخشی ئەم كراسە مەشغوڵیان كردمو نەیانهێشت باش دڵ بدەمە نوێژەكەم، ئەمە بەرنەوە بۆ ئەبو جەهم – (عامیری كوڕی حوزەیفە). كراسە ئەنبیجانیە سادەكەیم بۆ بێنن. (ئەنبیجانیە): كراسێكی ئەستورو كوڵكنە خەتو گوڵی تێدا نین).

٦- سەدلو بەردەماخكردن (ألسدل وتغگیه الفم):

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی كرد لەوەی پۆشاك بەشێوەی سەدل بپۆشی بۆ نوێژكردن، هەروا نەهی كرد لەوەی مرۆڤ لەناو نوێژدا بەردەماخ بكا، واتە: دەمی خۆی بەلكی مێزەری یان پارچە قوماشێك هەڵپێچێ هەڵبەستێ. [(٢)]

ألسّدل: چەند مانایەكی هەیە:

أ- خاوەنی (عون المعبود ج ٣٤٧/٢) دەڵێ: (ألخطابی) وتویەتی (ألسدل) بریتیە لەوە كابرا پۆشاكەكەی بەخۆیدا بەربداتەوە تا لەزەوی دەخشێ.

ب- لەكتێبی (ألنبیل)دا دەڵێ: ئەبو عوبەیدە لە (غریب)ەكەیدا وتویەتی (ألسدل) ئەوەیە كابرا قوماشێك بەخۆیدا بدا بەبێ ئەوەی ئەملاو ئەولای بێنێتەوە پێشەوەی خۆیو پشتێنی لەسەر ببەستێ. ئەگەر ئەملاو ئەولای قوماشەكەی لەپێشەوەی خۆی خستە سەریەك بەشتێك بەستی ئەوە پێی ناگوترێ (سدل).

ج- خاوەنی (النهایة في غریب الحدیث) دەڵێ (سدل) ئەوەیە كابرا قوماشەكە لەخۆیەوە پێچێو هەردوو دەستی بكەونە ژێر قوماشەكەوەو بەو

[(١)] صحیح: (جـة/٢٠٦٦)، خ(٢/٢٣٤/٧٥٢) ، م(١/٣٩١/٥٥٦)، د(٣/١٨٢/٩٠١)، ن(٢/٧٢)، جة(٢/١١٧٦/٣٥٥٠).

[(٢)] حسن (ص. جـة/٩٦٦)، د(٢/٣٤٧/٦٢٩)، ت(١/٢٣٤/٣٧٦) رستەی یەكەم، جـە(٩٦٦/١/٣١٠) رستەی دووەم.

شێوە بچێتە روکوعو سوژدە. دەشڵێ: گوتراوە: (السدل) ئەوەیە ناوەڕاستی قوماشەکە بخاتە سەر سەریو بەڕاستو چەپی خۆیدا بەری بداتەوە بەبێ ئەوەی لکەکانی بخاتە سەر شانی.

د- جەوهەری دەڵێ: مانای (سَدَل ثوبَهُ يسدُلُهُ) واتە: کراسەکەی دادایەوە.

جا هیچ مانیعێك نیە لەوەی وشەی (السدل) لە فەرموودەکەدا بۆ هەموو ئەو مانایانە بێ. لەفزێکی موشتەرەك بێو حەمل بکرێ بۆسەر هەموو ماناکانی.

٧- باوێشک دان (التپاوٌب):

لە ئەبو هورەیرە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درוودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «التَّثَاؤُبُ مِنَ الشَّيْطَانِ فَإِذَا تَثَاءَبَ أَحَدُكُمْ فَلْيَكْظِمْ مَا اسْتَطَاعَ».[1] باوێشك هاتن لەنوێژدا لە شەیتانەوەیە، جا ئەگەر یەکێك لەئێوە باوێشکی دا با تادەتوانێ بیگێڕێتە دواوە، دەم بنوقێنێو بەپشتی دەستی چەپی بەری دەمی خۆی بگرێ.

٨- تف هەڵدان بۆ پێشەوە بەرەو قیبلە یان بۆلای راست:

لە جابیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درוودی خودای لەسەر بێ) دەفەرموێ: «فَإِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا قَامَ يُصَلِّي فَإِنَّ اللَّهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى قِبَلَ وَجْهِهِ فَلاَ يَبْصُقَنَّ قِبَلَ وَجْهِهِ وَلاَ عَنْ يَمِينِهِ وَلْيَبْصُقْ عَنْ يَسَارِهِ تَحْتَ رِجْلِهِ الْيُسْرَى فَإِنْ عَجِلَتْ بِهِ بَادِرَةٌ فَلْيَقُلْ بِثَوْبِهِ هَكَذَا». بێگومان یەکێك لەئێوە: کە هەڵدەستێ بۆ ئەنجامدانی نوێژو دەست دەکا بەنوێژ، ئەوە پەروەردگار لەپێش دەمیەتی ئەو رووبەڕوی پەروەردگاری خۆی وەستاوەو رازو نهێنی لەگەڵ ئەودا دەکاو خودا روی رەحمەتی لێیەتی. کەوابێ تفو بەڵغەم بۆ بەردەمی خۆیو لای راستی

---

[1] صحیح: (ص.ج/٣٠١٣) ، ت(٣٦٨/١/٢٣٠)، خز(٢/٦١/٩٢٠).

فرێ نەدا، با بۆلای چەپی یان بۆ ژێر قاچی چەپی فرێی بدا ئەگەر لەسەر خۆڵ وەستابوو، ئەگەر تینی بۆهات با تفەکەی بکاتە لۆیەکی پۆشاکەکەیەوە بیپێچێتەوە، یان بیکاتە دەستەسرێکەوە. دوایی لێی بکاتەوە بیسرێتەوە. پاشان راوی شێوەی لولکردن‌و پێچانەوەی پۆشاکەکەی نیشاندا بەم جۆرە کە هەندێ لە قوماشەکەی خستە سەر هەندێك.[1]

٩- پەنجە تێكنان‌و چەمبەرە بەستن:

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: (إذا توضأ أحدكم في بيته، ثُمَّ أتى المسجدَ فلا يقل هكذا)[2] ئەگەر یەكێك لەئێوە لەماڵەوە دەستنوێژی گرت، دوایی هاتە مزگەوت، تا دەگەڕێتەوە ماڵەوە هەموو ئەو ماوەیەی بۆ بەنوێژ حلێب دەكرێ، كەوابێ با پەنجەی تێك نەپەڕێنێ، چونكە بە ئیعتیبار ئەو لەناو نوێژدایە.

١٠- كۆكردنەوەی قژو پۆشاك:

لە ئیبنو عەبباسەوە (رەزای خودای لێ بێ) لە پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕیوایەت دەكا دەڵێ: فەرمووی: «أُمِرْتُ أَنْ أَسْجُدَ عَلَى سَبْعَةٍ، لاَ أَكُفُّ شَعَرًا وَلاَ ثَوْبًا».[3] واتە: فەرمانم پێ كراوە كە لەسەر حەوت ئێسقان سوژدە بەرم هیچ پۆشاك‌و قژو شتی وا كۆنەكەمەوە. واتە: ئەگەر لە سوژدە بردندا ئەگەر قژو لكی پۆشاكم كەوتنە سەر زەوی قەیناكا.

١١- پێشخستنی ئەژنۆكان لەخستنە سەرزەوی دەستەكان:

---

[1] صحيح: م(٢٠٠٨/٢٣٠٢/٤)، د(٤٧٧/١٤٤/٢).

[2] صحيح: (ص.ج/٤٤٥) ، ك(١/٢٠٦).

[3] صحيح: لەباسی ئەركەكانی نوێژدا تێپەڕی.

لـه ئـەبو هـورەیرەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِذَا سَجَدَ أَحَدُكُمْ فَلاَ يَبْرُكْ كَمَا يَبْرُكُ الْبَعِيرُ وَلْيَـضَعْ يَدَيْـهِ قَبْلَ رُكْبَتَيْهِ». [١] ئەگەر یەکێك لەئێوە ویستی بـچێتە سـوژدە بـا وەکوو حوشـتر خۆ ییخ نەدا، با لەپێشدا دوو دەستی بخاتە سەرزەوی ئەمجار ئەژنۆکانی بخاتـە سەر زەوی.

١٢- ڕاخستنی دوو دەست لەسوژدەدا:

له ئەنەسەوە ریوایەتکراوە لە پێغەمبەرەوە (درووودی خودای لەسەر بـێ) کە فەرموویـەتی: «اعْتَـدِلُوا فِـي الـسُّجُودِ، وَلاَ يَبْـسُطْ أَحَـدُكُمْ ذِرَاعَيْـهِ انْبِـسَاطَ الْكَلْـبِ». [٢] لەسـوژدە بردنـدا میانـەڕەوی ڕەچاو بکـەن، بـا هـیچ کـام لـەئێوە کەچووە سوژدە باسکەکانی لەسەر زەوی ڕانەخا، وەکوو باسك ڕاخستنی سەگ.

١٣- نوێـــژکـردن لـــەکـاتی ئامـــادەبوونی خـــواردن، یـــان لـــەکـاتی تەنگەتاویدا:

لـەخاتو عائیـشەوە ریوایـەتکراوە دەفـەرموێ: لـە پێغەمبـەرم زنـەوت فەرمووی: «لاَ صَلاَةَ بِحَضْرَةِ الطَّعَامِ وَلاَ وَهُوَ يُدَافِعُهُ الأَخْبَثَانِ». [٣] کەسـفرەو نـان دانـرا نوێـژکردن بـاش نیـە، هـەروا کـە تەنگـەتاو بـوون بـۆ سـەراوکردن نوێـژ مەکەن، تا سەراودەکەنو سەرلەنوێ دەستنوێژ دەگرنەوە.

١٤- پێشکەوتن لەئیمام:

لـه ئـەبو هـورەیرەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبـەر (درووودی خـودای لەسەر بێ) فەرمووی: « أَمَا يَخْشَى أَحَدُكُمْ إِذَا رَفَعَ رَأْسَـهُ قَبْـلَ الإِمَـامِ أَنْ يَجْعَـلَ

---

[١] صحيح: (لەباسی سوننەتە کردەوەییەکانی نوێژدا تێپەڕی).

[٢] متفـق عليـه: خ (٢/٣٠١/٨٢٢)، م (١/٣٥٥/٤٩٣)، ت (١/١٧٢/٢٧٥)، د (٣/١٦٦/٨٨٣)، جـه (١/٢٨٨/٨٩٢)، ن (٢/٢١٢) بنحوه.

[٣] صحيح: (ص. ج/٧٥٠٩)، م (١/٣٩٣/٥٦٠)، د (١/١٦٠/٨٩).

اللَّهُ رَأْسَهُ رَأْسَ حِمَارٍ أَوْ يَجْعَلَ اللَّهُ صُورَتَهُ صُورَةَ حِمَارٍ».[١] ئایا یەكێك لەئێوە ناترسێ ئەگەر پێش ئیمام سەری بەرز كردەوە كە خودا سەری بكا بەسەری گوێدرێژ یان خودا شێوەو ڕوخساری بكاتە شێوەی گوێدرێژ.

ئەوەی كردنی ڕەوایە لەناو نوێژدا

١- ڕۆیشتن لەنوێژدا بۆ كاری پێویست ڕەوایە:

لە خاتو عائیشەوە ڕیوایەتكراوە دەفەرموێ: پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر بێ) لەماڵەوە نوێژی دەكردو دەرگای ژورەكەی لەسەر داخرابوو، منیش هاتمەوە لە دەرگام داو داوای كردنەوەم كرد، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەنوێژەكەیدا چەند هەنگاوێك ڕۆیشت بۆلای دەرگاكەو كردیەوە، ئەمجار پاشەو پاش گەڕایەوە شوێنی خۆی، ئەمجار خاتو عائیشە وەصفی دەرگاكەی كردو فەرمووی: دەرگاكە لەڕوی قیبلەوە بوو[٢] جا ئەگەر دەرگاكە لەلای ڕاست بوو یان لەلای چەپ بوو یان لەدواوەوەی بوو هەر دروستە بڕۆی بۆلای بەمەرجێ لەڕۆیشتنەكەیدا پشت نەكاتە قیبلە.

٢- لە كۆڵكردنی منداڵ لەنوێژدا:

لە ئەبو قەتادەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەری (دروودی خودای لەسەر بێ) نوێژی دەكرد لەوكاتەدا ئومامەی كچی زەینەبی كچی كەخێزانی (ئەبولعاص)ی كوڕی (الربیع) بوو لەكۆڵ كردبوو، كە هەڵدەستا بۆ فاتیحە خوێندن ئومامەی لەكۆڵ دەكردو كە دەچووە سوژدە دایدەنا.[٣]

---

[١] متفق علیه: خ (٢/١٨٣/٦٩١) وهذا لفظه م (١/٣٢٠/٤٢٧)، د (١/٣٣٠/٦٠٩)، ن (٦٩/٢)، جه (١/٣٠٨/٩٦١).

[٢] حسن (ص. ن/١١٥١)، ت (٢/٥٦/٥٩٨)، د (٣/١٩٠/٩١٠)، ن (٣/١١).

[٣] متفق علیه: خ (١/٥٩٠/٥١٦)، م (١/٣٨٥/٥٤٣)، د (٣/١٨٥/٩٠٤)، ن (٢/٤٥).

٣- كوشتنى دوپشك و مار:

له ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی كرد بەكوشتنی دوپشك‌و مار لەنوێژدا[1] واتە: ئەگەر كابرا لەنوێژدا بوو دوپشك یان ماری بینی‌و دەیتوانی بیانكوژێ با دەست بەكار بێ. ئەو جم‌و جوڵەی دەیكا بۆ لەناو بردنیان زیان بەنوێژەكەی ناگەیەنێ.

٤- ئاوڕدانەوەو ئاماژەكردنی مەبەست كەیەنەر:

له جابیرەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) تەندروستی باش نەبوو، لەدواوەی نوێژمان دابەست ئێمە بەپێوەو ئەو دانیشتبوو ئاوڕی دایەوە بۆ لامان ئامازەی بۆ كردین كەدانیشین، ئێمەیش دانیشتین.[2]

٥- تف‌و بەڵغەمكردنە لكی پۆشاكەوە، یان دەرهێنانی دەستەسڕ لەباخەڵ ڕەوایە، ئامازە بەو فەرموودەی جابیر كە لەوەپێش ئامازەی پێ كرا دەربارەی نەهی كردن لەتفكردن بەرەو ڕوی قیبلە.[3]

٦- ئیشارەت كردن بە پەتكردنەوەی سڵاو لەكەسێك سڵاوت لێ بكا:

له عەبدوڵڵای كوڕی عومەرەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) تەشریفی چوو بۆ مزگەوتی قەباء نوێژی تێدا بكا، گروپی یاریدەدەران هاتن سڵاویان لێ كرد ئەویش لەنوێژدا بوو، جا عەبدوڵڵا دەڵێ: بە (بیلال)م گوت: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) چۆن وەڵامی سڵاوەكەیانی دایەوەو لەنوێژیشدا بوو؟ وتی: ئاوا بەو جۆرە دەستی خۆی پان

---

[1] صحیح: (ص. ج/١١٤٧)، خ (٢/٤١/٨٦٩).

[2] صحیح: (ص. ن/١١٤٥)، م (١/٣٠٩/٤١٣)، ن (٣/٩)، د (١/٣١٣/٥٨٨).

[3] صحیح: لەوەپێش له (باسی كرداره ناباشەكانی ناو نوێژدا) تێپەڕی.

کردەوە جەعفەری کوڕی عەونیش دەستی پان کردەوە، بەری دەستی بۆلای زەوی‌و پشتی دەستی بۆلای ئاسمان.[١]

٧- ئەگەر لەنوێژدا شتێک رووی‌دا پیاو (سبحان الله) دەکا ئافرەت چەپڵە:

لەسەهلی کوڕی سەعدەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أَيُّهَا النَّاسُ مَا لَكُمْ إِذَا نَابَكُمْ شَيْءٌ فِي الصَّلاَةِ أَخَذْتُمْ فِي التَّصْفِيقِ؟ إِنَّمَا التَّصْفِيقُ لِلنِّسَاءِ ، مَنْ نَابَهُ شَيْءٌ فِي صَلاَتِهِ فَلْيَقُلْ سُبْحَانَ اللَّهِ ، فَإِنَّهُ لاَ يَسْمَعُهُ أَحَدٌ حِينَ يَقُولُ سُبْحَانَ اللَّهِ إِلاَّ الْتَفَتَ».[٢] ئەی خەڵکینە! ئەوە چیتانە کە لەنوێژدا شتێکتان دێتەرێ دەست دەکەن بەچەپڵە لێدان، چەپڵە لێدان لەنوێژدا هەر بۆ ئافرەت دروستە. جا هەرپیاوێك لەنوێژدا توشی شتێك هات با بڵێ: (سبحان الله) چونکە هەرکەسێك گوێی لێ بێ کە دەڵێ: (سبحان الله) ئیللا ئاوڕ دەداتەوە.

٨- ڕاستکردنەوەی هەڵە بۆ ئیمام (الفتح على الإمام).

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نوێژێکی کرد، قورئانی تێدا خوێند، لێ تێکچونێکی توش هات، کەتەواو بوو بە ئوبەی فەرموو: ئەوە تۆ نوێژت لەگەڵ ئێمە کرد؟ ئوبەی وتی: بەڵێ: فەرمووی: ئەی چی مەنعی کردی لەوەی بۆم ڕەد بکەیەوە.[٣]

٩- تێوەژنین لەقاچی نوستوو:

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە دەفەرموێ: (وابووە من لەپێش دەمی پێغەمبەر ڕادەکشام‌و تەشریفی نوێژی دەکرد، من قاچم درێژ دەکرد بۆ پێش

---

[١] حسن صحيح: (ص. د/٨٢)، د (٩٢٧/١٧٠/١).

[٢] متفق عليه: خ (١٢٣٤/١٠٧/٣)، د (٩٢٨/٢١٦/٣).

[٣] صحيح: (ص. د/٨٠٣)، د (٨٩٤/١٧٥/٣).

شوێنی سوژدەکەی، کەتەشریفی دەچووە سوژدە لەقاچی‌یەوە دەژمنیم‌و لام دەبرد، کە هەڵدەستایەوە قاچم دەهێنایەوە شوێنی پێشووی)[1]

١٠- شەڕکردن لەگەڵ ئەو کەسەی بیەوێ بە بەردەم نوێژکەردا تێپەڕێ.

لە ئەبو سەعیدەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: لە پێغەمبەرم بیست (دروودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو: «إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ إِلَى شَيْءٍ يَسْتُرُهُ مِنَ النَّاسِ فَأَرَادَ أَحَدٌ أَنْ يَجْتَازَ بَيْنَ يَدَيْهِ فَلْيَدْفَعْ فِي نَحْرِهِ فَإِنْ أَبَى فَلْيُقَاتِلْهُ فَإِنَّمَا هُوَ شَيْطَانٌ».[2] هەرکاتێ یەکێك لەئێوە نوێژی کردو ڕووی کردە سوترەو لەمپەرێك لەنێوان خۆی‌و خەڵکدا، یەکێك ویستی بە بەردەمیدا تێپەڕێ، با دەست بخاتە پێش گەردنی‌و بیگێڕێتەوە. ئەگەر هەر پێکیشی کرد با شەڕی لەگەڵ بکا، ئەوە کارەکەی لەکاری شەیتان دەچێ‌و دەبێ بەهەرشێوەیك بێ ڕێی لێ بگیرێ.

١١- گریان لەنوێژدا.

لە ئیمامی عەلی‌یەوە ڕیوایەتکراوە دەفەرموێ: (ڕۆژی غەزای بەدر کەسمان نەبوو ئەسپ سواری بکا جگە لە (المقداد) ئێمەشت دەدی شەو هەمووومان وەنەوزو خەوەنوچکە دایگرتبووین جگە لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئەو تەشریفی لەژێر درەختێکدا سەرگەرمی نوێژکردن‌و گریان بوو لەنوێژەکەیدا تا ڕۆژ بۆوە.[3]

---

[1] متفق عليه: خ (١٢٠٩/٨٠/٣)، وهذا لفظه، م (٥١٢ – ٢٧٢ – ١/٣٦٧) بنحوه.

[2] صحيح: (ص. ج/٦٣٨)، م (٥٠٥ – ٢٥٩ – ١/٣٦٢).

[3] إسناده صحيح: خم (٢١/٣٦/٢٢٥)، خ (٢/٥٢/٨٩٩).

ئەو شتانەی نوێژ بەتاڵ دەکەنەوە

١- دڵنیابوون لە دەستنوێژ شکان.

لە عەببادی کوڕی تەمیمەوە لەمامیەوە ریوایەتکراوە: کەچووەتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) شکوای ئەوەی کرد: کەمرۆڤ جاری وا هەیە واهەستدەکا لەنوێژدا شتێکی لێ دەرچووبێ‌و دەکەوێتە گومانەوە، پێغەمبەر فەرمووی: با نوێژەکەی نەبڕێ‌و واز لەنوێژەکەی نەهێنێ. مەگەر گوێی لەدەنگێك بێ یان بۆنێك بێ.[(١)]

٢- نەکردنی ڕوکنێك لەڕوکنەکانی نوێژ یان پاشگوێ خستنی مەرجێك لەمەرجەکانی بە ئەنقەست‌و بەبێ بیانو.

ئەمەش بەپێی ئەو فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئاڕاستەی ئەو کابرایەی کرد کە بەهەڵەشەیی‌و ناڕێکی نوێژی کرد «ارْجِعْ فَصَلِّ ، فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ».[(٢)] بگەڕێوە نوێژەکەت بکەرەوە چونکە تۆ لەڕاستیدا نوێژت نەکرد. هەروا بەپێی فەرمانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەوکەسەی کە بەپشتە پێیەوە پەڵەیەکی بینی ئاوی وێ نەکەوتبوو فەرمووی: بڕۆ دەستنوێژ بگرەوەو نوێژەکەشت دوبارە بکەرەوە.[(٣)]

٣- خواردن‌و خواردنەوە بە ئەنقەست

(إبن المنذر) دەڵێ: زانایانی ئیسلام کۆکن لەسەرئەوە ئەگەر کەسێك لەنوێژی فەرزدا بە ئەنقەست شتی خوارد یان خواردییەوە پێویستە لەسەری

---

(١) متفق عليه: خ (١/٢٣٧/١٣٧)، م (١/٢٧٦/٣٦١)، د (١/٢٩٩/١٧٤)، جه (١/١٧١/٥١٣)، ن (١/٩٩).

(٢) متفق عليه: خ(٢٧٦/٧٩٣ و ٢/٢٧٧)، م(١/٢٩٨/٣٩٧)، د(٩٣/٨٤١ – ٣/٩٦)، ت(١٨٥/٣٠١ – ١/١٨٦).

(٣) صحيح: لەباسی مەرجەکانی دروستی دەستنوێژ تێپەڕی.

نوێژەکەی بگێڕێتەوە[1] هەروا ئەم حوکمە بۆ نوێژی سوننەتیش وایە بەلای جەماوەری زانایانەوە، چونکە هەرشتێك نوێژی فەرز بەتاڵ بکاتەوە نوێژی سوننەتیش پوچ دەکاتەوە.

٤- قسەکردنی بەئەنقەست کە بۆ بەرژەوەندی نوێژەکە نەبێ

لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: ئێمە لەنوێژدا قسەمان دەکرد هیچ پەیوەندی بە نوێژەکەوە نەبوو، هەمان بوو کابرا لەگەڵ هاوەڵی تەنیشتی قسەی دەکرد، هەتا ئایەتی {وَقُومُواْ لِلّهِ قَانِتِينَ – البقرة/٢٣٨} ئیتر فەرمانمان پێ کرا بە بێدەنگیو نەهیمان لێ کرا لە قسەکردنێك کە پەیوەندی بەنوێژەوە نەبێ.[2]

٥- پێکەنین:

(ابن المنذر) دەڵێ: کۆڕا هەیە لەسەرئەوە کە نوێژ بە پێکەنین پوچ دەبێتەوە.[3]

٦- تێپەڕبوونی ئافرەتی ڕەسیدە یان گوێ درێژ، یان سەگی ڕەش بە بەردەم نوێژکەردا ئەگەر نزیکی کەمتر لەشوێنی سوژدەبوو نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە.... چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِذَا قَامَ أَحَدُكُمْ يُصَلِّي فَإِنَّهُ يَسْتُرُهُ إِذَا كَانَ بَيْنَ يَدَيْهِ مِثْلُ آخِرَةِ الرَّحْلِ فَإِذَا لَمْ يَكُنْ بَيْنَ يَدَيْهِ مِثْلُ آخِرَةِ الرَّحْلِ فَإِنَّهُ يَقْطَعُ صَلاَتَهُ الْحِمَارُ وَالْمَرْأَةُ وَالْكَلْبُ الأَسْوَدُ».

ئەگەر یەکێ لەئێوە ویستی نوێژبکا با شتێك بکا بە سوترەو پەردە لەبەردەمیا، جا ئەگەر شتێ بە ئەندازەی قوتکەی دواوەی کوپانە حوشتری

---

[1] الاجماع/٤٠.

[2] متفق عليه: م(١/٣٨٣/٥٣٩)، ت(١/٢٥٢/٤٠٠٣)، د(٣/٢٢٧/٩٣٦)، خ(٣/٧٢/١٢٠٠)، ن(٣/١٨) وليس عند الأخيرين (ونهينا عن الكلام).

[3] الأجماع/٤٠.

هەبوو ئـەوە دەبێتـە لەمپـەڕو محەججـەرە بـۆی. وەڵێ ئەگـەر بەربەسـتێکی وا لەبەردەم نوێژەکەتانا نەبوو، ئەوە لەم حاڵەدا ئەگەر گوێدرێژ، ئافرەت، سەگی رەش بەبەردەم نوێژەکەتاندا تێپەڕی نوێژەکەتان دەبڕن‌و پوچی دەکەنەوە.

نوێژی سوننەت.
گەورەیی‌و فەڕی ئەم جۆرە نوێژە

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خـودای لەسـەر بێ) فەرموویەتی: «إِنَّ أَوَّلَ مَا يُحَاسَبُ بِهِ الْعَبْدُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ عَمَلِهِ صَـلاَتُهُ فَـإِنْ صَلُحَتْ فَقَدْ أَفْلَحَ وَأَنْجَحَ وَإِنْ فَسَدَتْ فَقَدْ خَابَ وَخَسِرَ فَإِنِ انْـتَقَصَ مِـنْ فَرِيـضَتِهِ شَيْءٌ قَالَ الرَّبُّ عَزَّ وَجَلَّ انْظُرُوا هَلْ لِعَبْدِى مِنْ تَطَوُّعٍ فَيُكَمَّلَ بِهَـا مَـا انْـتَقَصَ مِـنَ الْفَرِيضَةِ ثُمَّ يَكُونُ سَائِرُ عَمَلِهِ عَلَى ذَلِكَ».[1]؛

لـەڕۆژی قیامەتـدا یەکـەم کردەوەیـێ: کـە بەنـدەی لەسـەر موحاسـەبە دەکرێ نوێژەکەیەتی، جا ئەگەر نوێژەکەی بەتـەواوی‌و ڕێـك‌و پێکی کردبـوو ئەوە سـەرفرازو ڕزگـاربووە. خـۆ ئەگـەر نوێـژەکانی بەتـەواوی نـەکردو کـەم‌و کوڕیـان تێـدابوو ئـەوە ڕەنـج بەخەسـارو ماڵوێرانـە، جـا ئەگـەر لەنوێـژە فـەڕزەکانی کـەم‌و کـوڕی هـەبوو پـەروەردگار دەفـەرموێ: بـڕوانن ئـاخۆ ئـەم بەندەیەم نوێژی سوننەتی هەیە؛ ئەگەر هەیبوو ئەوە کەم‌و کوڕی فەڕزەکانی لە سوننەتەکان بۆ تەواو دەکرێ، پاشان باقی فەڕزەکانی بـەو شـێوە تـەعامولی لەگەڵ دەکرێ. کردەوەکانی بەم پێیە لێ وەردەگیرێ.

---

[1] صحيح: (ص.ن/٤٥١، ٤٥٢) ، ت(٤١١/٢٥٨/١)، ن(٢٣٢/١).

واباشه نوێژی سوننەت لەماڵەوە بکرێ

له جابیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِذَا قَضَى أَحَدُكُمْ صَلاَتَهُ فَلْيَجْعَلْ لِبَيْتِهِ مِنْهَا نَصِيبًا فَإِنَّ اللَّهَ جَاعِلٌ فِي بَيْتِهِ مِنْ صَلاَتِهِ خَيْرًا»[1] ئەگەر یەکێ لەئێوە نوێژی فەرزی لەمزگەوتدا کرد با بەشێك لەنوێژەکانی بهێڵێتەوە بۆ ماڵەوەی چونکە پەروەردگار خێرو فەڕو نوری داناوە بۆ ئەو نوێژەی لەماڵەوە دەیکا.

هەروا له زەیدی کوڕی (ثابت)ەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «عَلَيْكُمْ بِالصَّلاَةِ فِي بُيُوتِكُمْ فَإِنَّ خَيْرَ صَلاَةِ الْمَرْءِ فِي بَيْتِهِ إِلاَّ الصَّلاَةَ الْمَكْتُوبَةَ».[2] هەندێ لەنوێژەکانتان لەماڵەوە بکەن، چونکە باشترین نوێژی مرۆڤ ئەو نوێژەیە لەماڵەوە بکرێ جگە لەنوێژی فەڕزەکان.

جۆرەکانی نوێژی سوننەت

نوێژی سوننەت (تطوع) دوو جۆرن: سوننەتی ڕەهاو بێ قەید، سوننەتی کاتو شوێن دیاریکراو (السنن الرواتب). واتە: ئەو نوێژانەی لەبەرودوای نوێژە فەرزەکانەوە ئەنجام دەدرێن. پێیان دەگوترێ: (سنن مقيدة).

نوێژە سوننەتە موقەیەدەکان کە بە (السنن الرواتب) ناسراون لەپێش نوێژە فەڕزەکانو لەدوا نوێژە فەرزەکان بەجێ دەهێندرێن. ئەمانەش دوو بەشن. هەیانە (مؤكد)و جەخت لەسەر کراوەن، هەیانە جەختیان لەسەر نەکراوەتەوە.

نوێژە جەخت لەسەرکراوەکان دوانزە ڕکاتن.

---

[1] صحيح: (مختصر م/٣٧٥)، م(١/٢٣٩/٧٧٨).

[2] متفق عليه: خ(١٠/٥١٧/٦١١٣)، م(١/٥٣٩/٧٨١)، د(٤/٣٢١/١٤٣٤)، ن(٣/١٩٨).

له عەبدوڵڵای کوڕی شەقیقەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پرسیارم لەخاتو عائیشە کرد دەربارەی چۆنیەتی نوێژکردنی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بۆ نوێژە سوننەتەکانی ئاخۆ چۆنی ئەنجام دەدان؟ لە وەڵامدا فەرمووی: لەماڵی من پێش نوێژی نیوەڕۆ چوار ڕکاتی دەکردن، دوایی لەماڵ دەردەچوو پێش نوێژی بۆ خەڵکەکە دەکرد، پاشان دەهاتەوە ماڵەوە دووڕکاتی تری بەجێ دێنان. تەشریفی دەچوو پێش نوێژی شێوانی بۆ خەڵکەکە دەکردو پاشان دەهاتەوە ماڵەوە دووڕکاتی نوێژ دەکرد. دەچوو نوێژی خەوتنانی بە خەڵکەکە دەکردو پاشان دەهاتەوە لە ماڵەوە دووڕکاتی دەکردن. ئەمجار بەشەو نۆڕکاتی دەکردن یەکیان تاك ڕکات بوو، وادەبوو شەو بەڕاوەستانەوە زۆری نوێژ دەکرد، وادەبوو شەو بەدانیشتنەوە زۆری نوێژ دەکرد، جا کەلەخوێندنی قورئانی ناو نوێژ دەبوەوە دەچووە ڕوکوعو سوژدە واتە: لە حاڵەتی ڕاوەستانەوە دەچووە حاڵەتی ڕوکوعو سوژدە. خۆ ئەگەر بە دانیشتنەوە نوێژی بکردایە دوای خوێندنی فاتیحەو قورئان دەچووە حاڵەتی ڕوکوعو سوژدە.

ئەمجار کە فەجری دەدا دووڕکاتی سوننەتی فەجری دەکرد[1]. لە ئوممو حەبیبەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: بیستم لە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو: «مَنْ صَلَّى اثْنَتَيْ عَشْرَةَ رَكْعَةً فِي يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ بُنِيَ لَهُ بِهِنَّ بَيْتٌ فِي الْجَنَّةِ»[2]: کەسێك لە شەوو ڕۆژێکدا دوانزە ڕکات نوێژی سوننەت بکا، خانوێکی لەبەهەشت دا بۆ دروست دەکرێ.

---

[1] م(٧٣٠/١/٥٠٤)، د(١٢٣٨/١٣٢،١٣٣/٤-)، ت(٤٣٤/ ٢٧٢ و ١/٢٧٣)) مختصراً.

[2] م(٧٢٨/ ٥٠٢ و ١/٥٠٣)، د(١٢٣٧/ ١٣٢/ ٤)، ت(٤١٣/ ١/٢٥٩)، ن(٣/٢٦٢)، جه(١١٤١/ ١/٣٦١).

سوننەتی جەخت لەسەر نەکراو (غیر مؤکد)

دوورکات پێش نوێژی عەصرو شێوان‌و خەوتنان.

لە (عەبدوڵلای کوڕی موغەففەل)ەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «بَيْنَ كُلِّ أَذَانَيْنِ صَلاَةٌ، بَيْنَ كُلِّ أَذَانَيْنِ صَلاَةٌ». لەنێوان هەردوو بانگێکدا نوێژێك هەیە. لەنێوان هەردوو بانگێکدا دوو نوێژ هەیە، پاشان لەجاری سێیەمدا فەرمووی: (لِمَنْ شَاءَ)[1] بۆ کەسێك بیەوێ نوێژی سوننەت بکا.

سوننەت‌و باشە کە هەمیشە پێش نوێژی عەصر چوار ركات نوێژی سوننەت بکەی

لە ئیمامی عەلی‌یەوە (خودای لێ رازی بێ) ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: هەمیشە پێغەمبەری خودا پێش عەصر چوار رکات نوێژی سوننەتی بەجێ دێنا، لەنێوانیاندا بە سڵاودانەوە لەسەر فریشتە نزیکەکانی بارەگای ئەقدەس ئەوانەی شوێن ئەوان کەوتوون لەخودا پەرستیدا لە موسوڵمانان‌و باوەڕداران.[2]

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «رَحِمَ اللَّهُ امْرَأً صَلَّى قَبْلَ الْعَصْرِ أَرْبَعًا».[3] خودا رەحم بەو کەسە بکا: کە لەپێش نوێژی عەصردا چوار رکات نوێژی سوننەت بەجێ دێنێ.

---

[1] متفق علیه: خ(٦٢٧/١١٠/٢)، م(٨٣٨/٥٧٣/١)، د(١٢٦٩/١٦٢/٤)، ت(١٨٥/١٢٠/١)، ن(٢/٢٨)، جة(١١٦٣/٣٦٨/١).

[2] حسن: (ص.ت/٣٥٣)، ت(٤٢٧/٢٦٩/١).

[3] صحيح: (ص.ت/٣٧٨١) ، ت(٣٨٧٠/٣٢٦/٥).

واباشه لەنێوان نوێژی شێوانو خەوتناندا نوێژی سوننەت بكرێ

لە حوزەیفەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: هاتمە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نوێژی شێوانم لەخزمەتدا كرد، دوایی ئەو تەشریفی تا نوێژی خەوتنان هەر نوێژی سوننەتی كردن.

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتكراوە، دەربارەی ئایەتی «تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا». دەڵێ: ئاماژەیە بەو حاڵەی موسوڵمانان كەوایان بار پێوە گرتبوو نێوان نوێژی شێوانو خەوتنان بەئاگابنو سەرگەرمی نوێژكردنی سوننەت بن.[1]

ئەو سورەتانەی پێغەمبەری خودا لەبرێ لەم نوێژانەدا دەیخوێند

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتكراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو: {نِعْمَ السُّورَتَانِ يُقْرَأُ بِهِمَا فِي رَكْعَتَيِ الْفَجْرِ - (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) وَ (قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ)}.[2] چەند پڕفەڕو بەنرخن دوو سورەت بخوێندرێن لەدوو ركاتی پێش نوێژی بەیانی زوو. ئەو دوو سورەتەش سورەتی (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ)و سورەتی (قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ)ن.

لە ئەبو هورەیرە ڕیوایەتكراوە: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عادەتی وابوو لەدووڕكاتی سوننەتی فەجردا سورەتی (قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ)و سورەتی (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ)ی دەخوێند.[3]

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتكراوە: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەدوو ركاتی سوننەتی فەجردا لەركاتی یەكەمدا ئایەتی {قُولُوا آمَنَّا بِاللَّهِ

---

[1] صحيح: (ص.د/١١٧٣) ، د(١٣٠٧/٢٠٣/٤).

[2] صحيح: (ص.جة/ ٩٤٤) ، خز(١١١٤/١٦٣/٢)، حم(٩٨٧/٢٢٥/٤)، جة(١١٥٠/٣٦٣/١).

[3] صحيح: (مختصر م/٣٦٠)، م(٧٢٦/٥٠٢/١)، د(١٢٤٣/١٣٥/٤)، ن(١٥٦/٢) جة(١١٤٨/٣٦٣/١).

وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَـا} ئـەوەی لـە سـورەتی (البقـرة)دايـەو لـەركاتی دووەمـدا ئايـەتی {آمَنَّا بِاللّهِ وَاشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ}ی دەخوێند.[١]

لـە ئيبنـو مەسـعوودەوە گێڕدراوەتـەوە، گوتويـەتی: (نـاژمێردرێن ئـەو هـەموو جـارەی گوێم لـە پێغەمبـەر بـووە (دروودی خـودای لەسـەر بـێ): كـە لەدوو ركاتی دوا نوێژی شێوانو دوو ركاتی پێش نوێژی بەيانی سورەتی (قُـلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ)و (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ)ی دەخوێند.[٢]

نوێژی ويتر (نوێژی يەك ركات)
حوكمی نوێژی ويترو فەضلو گەورەيی

نوێـژی ويـتر سـوننەتێكی موئەكـەدو جـەخت لەسـەركراوە، پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) هـانی موسـوڵمانانی داوە بـۆ بـەجێهێنانیو پارێزگاری كردن لەسەری.

لـە ئـەبو هـورەيرەوە ڕيوايـەتكراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنَّ اللَّهَ وِتْرٌ يُحِبُّ الْوِتْرَ »: خـودا تاقـەو تـاقی خـۆش لێ دێ.[٣]

له ئيمامی عەلييەوە ڕيوايەتكراوە، دەفـەرموێ: نوێـژی ويـتر واجـب نيـە، وەكوو نوێژە فـەرزەكانتان نيـە، وەلێ پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) نوێژی ويتری بەجێ هێناوە، پاشان فەرمووی: « يَا أَهْلَ الْقُرْآنِ أَوْتِرُوا فَإِنَّ اللَّـهَ

---

[١] صحيح: (ص.ن/٩٠٥) ، م(٧٢٧/٥٠٢/١)، ن(١٥٥/٢)، د(١٢٤٦/١٣٧/٤).

[٢] حسن صحيح: (ص.ت/٣٥٥) ، ت(٤٢٩/٢٧٠/١).

[٣] متفق عليه: خ(٦٤١٠/٢١٤/١١)، م(٢٦٧٧/٢٠٦٢/٤).

وِتْرٌ يُحِبُّ الْوِتْرَ». [1] ئـەی ئـەهلی قورئـان، نوێـژی ویـتر بـەجێ بێـنن، بێگومـان خودا بۆ خۆی تاكو تەنهایە، تاكی خۆش دەوێ.

كاتی نوێژی ویتر

نوێــژی ویــتر لــەدوا نوێــژی خەوتنانــەوە دروســتە تــا كۆتــایی شــەوو دەركەوتنی فەجری راست. ئەنجامدانی لەسێیەكی كۆتایی شەودا خێری زۆرە. لـەخاتو عائیـشەوە ڕیوایـەتكراوە، فـەرمووی: (پێغەمبـەری خـودا لەهـەموو كـاتێكی شـەودا نوێـژی ویـتری كـردوە، لەسـەرەتای شـەودا، لەناوەڕاسـتیدا، لەكۆتایدا، كاتی ئەنجامدانی نوێژی ویتری پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) كاتێكی بەرفراوان بوو بە كۆتایی هاتنی شەو كۆتایی هاتووە. [2]

واباشە پەلەكردن لە بەجێهێنانی نوێژی ویتردا بكرێو لەسەرەتای شەودا ئـەنجام بـدرێ بـۆ كەسـێك ترسـی ئـەوەی هـەبوو كۆتـایی شـەو بەئاگانایـە، لەهـەمان كاتـدا واباشــە بـۆ كەسـێك گومـانی هـەبوو كـە لـەكۆتایی شـەودا بەئاگادێ. نوێژی ویترەكەی دوابخا بۆ ئەوكاتە.

لە ئەبو قەتادەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بە ئەبوبـەكری فـەرموو: (متـی تـوتر؟): كـەی نوێـژی ویـتر بـەجێ دێنـێ. حەزرەتی ئەبوبەكر فەرمووی: پێش ئـەوەی بنـوم. بـە حـەزرەتی عومـەریـشی فـەرموو: (متی تـوتر؟) كـەی نوێـژی ویـتر دەكـەی؟ فـەرمووی: دەخـەوم دوایـی هەڵدەستم نوێژی ویتر دەكەم. ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بە

---

[1] صحيح: (ص.جة/٩٥٩) ، جة(١١٦٩/٣٧٠/١)، ت(٤٥٢/٢٨٢/١)، ن(٢٢٨ و ٢٢٩/٣) في حديثين، د(١٤٠٣/٢٩١/٤).

[2] متفق عليه: (٧٤٥/٥١٢/١) وهذا لفظه. خ(٩٩٦/٤٨٦/٢) مختصراً، ن(٢٣٠/٣).

حەزرەتی ئەبوبەکری فەرموو: «أَخَذْتَ بِالْحَزْمِ أَوْ بِالْوَثِيقَةِ». بە حەزرەتی عومەریشی فەرموو: «أَخَذْتَ بِالْقُوَّةِ ».[١]

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، فەرمووی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) شەو نوێژی دەکردو منیش لەسەر جێگاخەوی ئەو پاڵ کەوتبووم، جا کەدەیەویست نوێژی ویتر بەجێ بێنێ، بەخەبەری دەکردمەوە منیش نوێژی ویترم دەکرد.[٢]

ژمارەی ڕکاتی نوێژی ویترو شێوازو صیفەتی

کەمترین نوێژی ویتر ڕکاتێکە، لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «صَلاَةُ اللَّيْلِ مَثْنَى مَثْنَى ، فَإِذَا خَشِيَ أَحَدُكُمُ الصُّبْحَ صَلَّى رَكْعَةً وَاحِدَةً ، تُوتِرُ لَهُ مَا قَدْ صَلَّى».[٣] شەو نوێژی سوننەت دوو ڕکات دوو ڕکاتە، ئەگەر یەکێ لەئێوە ترسی ئەوەی هەبوو نوێژە ویترەکەی بکەوێتە بەر کاتی بەیانی، با یەك ڕکات بکا.

دروستە نوێژی ویتر بەسێ ڕکات بکا، یان پێنج ڕکات، یان حەوت ڕکات، یان نۆ ڕکات: لەخاتو عائیشەوە گێڕدراوەتەوە فەرموویەتی: (هەرگیز پێغەمبەری خودا لە ڕەمەزانو غەیری ڕەمەزاندا زیاد لە یانزە ڕکات نوێژی سوننەتی بەجێ نەهێناوە، چوار ڕکاتی دەکردن مەپرسە چەند بەجوانیو بەدرێژی ئەنجامی دەدان، پاشان چوار ڕکاتی تری دەکردن. پرسیار لەجوانیو ڕێكو پێکیان مەکە، ئەمجار سێ ڕکاتی بەجێ دێنان.[٤]

---

[١] حسن صحيح: (ص.جة/٩٨٨) ، خز(١٠٨٤/١٤٥/٢)، د(١٤٢١/٣١١/٤) ج(١٢٠٢/٣٧٩/١).

[٢] متفق عليه: خ(٩٩٧/٤٨٧/٢)، م(٧٤٤/٥١١/١).

[٣] متفق عليه: خ(٩٩٠/٤٧٧/٢)، م(٧٤٩/٥١٦/١)، ن(٢٢٧/٣)، ت(٤٣٥/٢٧٣/١).

[٤] متفق عليه: خ(١١٤٧/٣٣/٣)، م(٧٣٨/٥٠٩/١)، د(١٣٢٧/٢١٨/٤)، ت(٤٣٧/٢٧٤/١).

هەر لەخاتو عائیشەوە هاتووە دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەشزەودا سیانزە رکاتی شەو نوێژ دەکرد، نوێژە ویترەکەی دوایی دەکردە پێنج رکات لەهیچ رکاتی ویتردا دانەدەنیشت مەگەر لەرکاتی کۆتاییدا.[1]

هەر لەخاتو عائیشەوە هاتووە فەرموویەتی: ئێمەی خێزانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) شەوانە سیواكو ئاوی دەستنوێژمان بۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئامادە دەکرد، ئیتر پەروەردگار بەخەبەری دەهێناین بەشەو وەندەی حەزی لێ بوو بەخەبەری بێنێ، جا تەشریفی سیواکی دەکردو دەستنوێژی دەگرت، نۆ رکات شەونوێژی دەکرد لەدوا رکاتی هەشتەم نەبوایە دانەدەنیشت، زیکرو حەمدی خودای دەکردو لێی دەپاڕایەوە، پاشان هەڵدەستایەوەو سەلامی نەدەدایەوە پاشان بە پێوە رکاتی نۆیەمیشی بەجێ دێنا، پاشان بۆ تەحیات خوێندن زیکرو حەمدو سەنای خودای تێدا دەکردو پاڕانەوەو دوعای تێدا دەخوێندن، ئەمجار سەلامی دەدایەوە بەجۆرێك ئێمە گوێمان لە سڵاودانەوەکەی بوایە. پاشان دوا سڵاودانەوە دوورکات نوێژی بەدانیشتنەوە بەجێ دێنا. بەوە، شەونوێژەکەی دەبوە یانزە رکات ئەی کوڕەکەم. پاشان کە پێغەمبەر کەوتە ساڵەوەو پیربوو نوێژی ویتری بە حەوت رکات بەجێ دێناو دوو رکاتەکەی دوا ویتریشی وەکوو پێشوو بەجێ دەهێنان ئەوە دەق دەیکردە نۆ رکات، ئەی کوڕەکەم.[2]

ئەگەر هەرسێ رکاتی نوێژی ویترت کرد لەناویاندا ئەو سورەتانە بخوێنی کە لەم حەدیثەی دواییدا ئاماژەیان پێ کراوە.

---

[1] صحيح: (مختصر م/٣٨٢)، م(١/٥٠٨/٧٣٧)، د(٤/٢١٦/١٣٢٤)، ت(١/٢٨٥/٤٥٧).

[2] صحيح: (ص.ن/١٥١٠) ، م(١/٥١٢/٧٤٦)، د(٤/٢١٩/١٣٢٨)، ن(٣/١٩٩).

له ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەنوێژی ویتردا {سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى} و {قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ} و {قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ}ی دەخوێندن. واتە: لەهەر ڕکاتێکی ویتردا، یەکێ لەم سورەتانەی دەخوێند.[1]

خوێندنی قنوت لەنوێژی ویتردا

له حەسەنی کوڕی عەلییەوە (ڕەزای خودایان لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر بێ) چەند وشەیەکی فێرکردم، لەنوێژی ویتردا دەیانخوێنم «اللَّهُمَّ اهْدِنِي فِيمَنْ هَدَيْتَ وَعَافِنِي فِيمَنْ عَافَيْتَ وَتَوَلَّنِي فِيمَنْ تَوَلَّيْتَ وَبَارِكْ لِي فِيمَا أَعْطَيْتَ وَقِنِي شَرَّ مَا قَضَيْتَ إِنَّكَ تَقْضِي وَلاَ يُقْضَى عَلَيْكَ وَإِنَّهُ لاَ يَذِلُّ مَنْ وَالَيْتَ وَلاَ يَعِزُّ مَنْ عَادَيْتَ تَبَارَكْتَ رَبَّنَا وَتَعَالَيْتَ».[2]

سوننەت وایە لەم قنوتەدا پێش چوونە ڕوکوع بکەوێ، ئەمەش بەپێی حەدیثی ئوبەی کوڕی کەعب، کە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەنوێژی ویتردا قنوتی پێش چوونە ڕوکوع خوێند.[3]

قنوت خوێندن لەنوێژی فەرزدا ڕێ پێدراو نیەو نامەشروعە. مەگەر لەکاتی بەڵاو کارەساتدا، پەیدابوونی ترس و بیم لە ڕوداوی ناخۆش. ئالەم حاڵانەدا قنوت خوێندن تایبەت نیە بەنوێژێك و بەنوێژێکی ترەوەنا، ئەم جۆرە قنوتە واباشە بخرێتە دوای چوونە ڕوکوع.

---

[1] صحيح: (ص.ن/١٦٠٧) ، ت(١/٢٢٨/٤٦١)، ن(٣/٢٣٦).

[2] صحيح: (ص.ن/١٦٤٧) ، د(٤/٣٠٠/١٤١٢)، ت(١/٢٨٩/٤٦٣)، جة(١/٣٧٢/١١٧٨).

[3] صحيح: (ص.د/١٢٦٦) ، د(٤/٣٥٨/١٤١٤).

لـه ئـەبو هـورەیرەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) عادەتی وابوو کە دەیەویست دوعا لەیەکێ بکا یان دوعـای بـۆ بکـا دوای روکوع قنوتی دەخوێند.

بەڵام قنوت خوێندنی نوێژی فەجر بەهەمیشەیی ئەوە بیدعەیە، وەکـوو هاوەڵانی پێغەمبەر دانیان پێداناوە. لەئەبو مـالیکی (ألأشجعی – کـە سـەعدی کـوڕی طـاریقـە) ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: بـە بـاوکمم گـوت: ئـەی بـاوکی خۆشەویـستم؛ ئـەتو لـەدوا پێغەمبـەرەوە، لـەدوا ئەبوبـەکرو عومـەرو عوسمانەوە، لەدوا ئیمامی عەلیـەوە لـەم شوێنە لەکوفـە نزیکـەی پێـنج ساڵ نوێژت کردوە. ئایـا لەنوێـژی بـەیانیدا قنوتیـان دەخوێنـد؟ لـە وەڵامـدا وتـی: ئەی کوڕی خۆشەویستم هەموو ئەو قنوت خوێندنانـە بیدعـەو داهێنـراون چ بنەمایەکی شەرعی نیە.[1]

خۆ مەحاڵەو عـەقڵ قبـوڵی ناکا پێغەمبـەری خودا، لەهـەموو نوێـژێکی بەیانیدا دوای هەڵسانەوەی لە روکوع بڵـێ: «اللَّهُمَّ اهْدِنِي فِيمَنْ هَـدَيْتَ وَعَـافِنِي فِيمَنْ عَافَيْتَ وَتَوَلَّنِي فِيمَنْ تَوَلَّيْتَ وَبَارِكْ لِي فِيمَا أَعْطَيْتَ وَقِنِي شَرَّ مَا قَـضَيْتَ إِنَّـكَ تَقْضِي وَلاَ يُقْضَى عَلَيْكَ وَإِنَّهُ لاَ يَذِلُّ مَنْ وَالَيْتَ وَلاَ يَعِزُّ مَنْ عَادَيْـتَ تَبَارَكْـتَ رَبَّنَـا وَتَعَالَيْتَ». بەخوێندنی ئـەم دوعایـە دەنـگ بەرزبکاتـەوەو هـاوەڵان لەدوایـەوە (ئـامین) بکـەنو بـەم شێوە بـەردەوام بـێ تـا لـەدونیا دەردەچـێ، پاشـان ئـەم واقیعو حاڵە لای ئوممەت دیار نەبێو زوربـەی ئوممـەتو زۆرینـەی هـاوەڵانی باسی نەکەنو پەیڕەوی نەکەن، بەڵکوو هـەموویان لـەیادیان بـچێو کـاری پـێ نەکەن، تەنانەت هاوەڵی وا هەبێ بڵێ: ئەوە (موحدەث)و تازە قەڵلایە، وەکـوو بینیمان (طارق الأشجعی) بەڕاشکاوانە وای گوت!![2]

---

[1] صحيح: (الإرواء/٤٣٥)، حم(٣/٤٧٢ و ٦/٣٩٤)، جة(١٢٤١/١/٣٩٣).

[2] زاد المعاد: (١/٢٧١).

شەونوێژ (قيام الليل)

شـــەونوێژ ســـوننەتێکی گەورەیـــە، یەکێکـــە لـــە گـــرنگترین دیـــاردەو تایبەتمەندییەکانی تەقواکاران، وەکوو قورئان ئامازەی پێکردووەو دەفەرموێ: {إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ، آخِـذِينَ مَـا آتَـاهُمْ رَبُّهُـمْ إِنَّهُـمْ كَـانُوا قَبْـلَ ذَلِـكَ مُحْسِنِينَ، كَانُوا قَلِيلًا مِّنَ اللَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ، وَبِالْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ، وَفِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِّلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ – الذاريات/١٥-١٩} بێگومان تـەقواكاران لـەناو بـاخ و سەرچاوەی سازگاری بەهەشتدا رادەبوێرن، پاداشـی لـەبن نـەهاتووی خـودای خۆیان وەردەگرن، ئەوان لەوەپێش لەژیانی دونیایاندا چاکەکارو لەخودا ترس بـوون، لەشـەودا کـەمێك دەنوسـتن لەبەشـی زۆریدا خـەریکی خـودا پـەرستی بـوون. لەبەرەبەیانـداو لـەکاتی روناکبوونـەوەی ئاسـودا لـەخودا دەپاڕانـەوەو داوای لێخۆشبوونیان لێ دەکرد.

له ئەبو مالیکی (الأشعری)یـەوە ڕیوایـەتکراوە، ئـەویش لـە پێغەمبـەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویـەتی: «إِنَّ فِي الْجَنَّةِ لَغُرَفاً يُرَى بُطُونُهَا مِـنْ ظُهُورِهَا وَظُهُورُهَا مِنْ بُطُونِهَا أعد اللّهِ تعالى لِمَنْ أَطَابَ الْكَلَامَ وَأَطْعَمَ الطَّعَامَ وَصَلَّى لِلَّهِ بِاللَّيْلِ وَالنَّـاسُ نِيَـامٌ»[1]: بێگومـان لـە بەهەشـتدا ژورو غورفـەی وای تێدایـە لـەناوەرا دەرەوەیـان دیـارەو لـەدەرەوەڕا ناوەوەیـان دەبینـدرێ، پـەروەردگار ئامادەی کردوون بۆ کەسانێك خواردنیان دابێ بە برسـیو لێقـەوماوان، قسەو گفتوگۆیان لەگەڵ خەڵکدا نەرمو نیان بووبێ، زۆر بـەڕۆژو بـووبنو بـەردەوام بووبن بەشەو نوێژیان کردبێ لەکاتێکدا خەڵك نوستبن.

---

[1] حسن (ص.ج/٢١٢٣).

شەونوێژ لە ڕەمەزاندا زیاتر جەختی لەسەر کراوەتەوە

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) خەڵکی هەڵدەنا بۆ شەونوێژو خوداپەرستی لەشەوانی ڕەمەزاندا بەبێ ئەوەی فەرمان بکا بەوەی کەواجبەو عەزیمەتە. دەیفەرموو: «مَنْ قَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ».[1] کەسێك بەبڕوای تەواو هیوای پاداشەوە لە ڕەمەزاندا شەونوێژ بکا پەروەردگار لەتاوانی رابوردووی خۆش دەبێ.

ژمارەی ڕکاتەکانی شەونوێژ

کەمترین نوێژی شەونوێژ ڕکاتێکە، زۆریەکەیشی یانزە ڕکاتە. ئەمەیش بەپێی ئەو فەرموودەیەی خاتو عائیشە ریوایەتی کردووە لەوەپێش ئاماژەمان پێ کرد. کە دەفەرموێ: (پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هەرگیز لەیانزە ڕکات نوێژ زیاتری نەکردووە، نە لەڕەمەزانو نە لەغەیری ڕەمەزاندا).[2]

ڕەوایی ئەنجامدانی شەونوێژی ڕەمەزان بەجەماعەت

لەخاتو عائیشەوە ریوایەتکراوە فەرمووی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) شەوێك نوێژی تەراویحی لەمزگەوتدا بە جەماعەت بۆ موسوڵمانان کرد پاشان شەوی دووەم خەڵك زۆر کۆبوونەوە، ئەمجار شەوی سێیەم یان چوارەم سەرلەنوێ لەمزگەوت گردبوونەوە، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهات پێشنوێژییان بۆ بکا، کە ڕۆژبۆوە فەرمووی: «قَدْ رَأَيْتُ الَّذِي صَنَعْتُمْ وَلَمْ يَمْنَعْنِي مِنَ الْخُرُوجِ إِلَيْكُمْ إِلاَّ أَنِّي خَشِيتُ أَنْ تُفْرَضَ

---

[1] متفق علیه: م (٧٥٩ – ١٧٤ – ١/٥٢٣)، خ (٢٠٠٩/٢٥٠/٤)، د (١٣٥٨/٢٤٥/٤).

[2] متفق علیه: (لەوەپێش ئاماژەی پێ کرا).

عَلَيْكُمْ». بێگومان من ئاگام له كۆبوونهوهو چاوهڕوانیتان بوو هیچ شتێكیش نهبوو بێته لهمپهڕ لهوهی بێم بۆناوتان، وهڵێ ترسام لهسهرتان فهرزبكرێ.) ئهمه لهمانگی ڕهمهزان بوو.[1]

له عهبدوڕهحمانی كوڕی عهبدی (ألقاری) ڕیوایهتكراوه، دهڵێ: لهخزمهت عومهری كوڕی خهتابدا شهوێكی ڕهمهزان چووم بۆ مزگهوت، بینیم خهڵكهكه كۆمهڵ كۆمهڵ بوون ههركهسه بۆ خۆی نوێژی دهكرد ههبوو بهتهنیاو ههشبوو نوێژی دهكردو كۆمهڵێك لهگهڵیدا نوێژیان دهكرد، عومهر فهرمووی: من پێم وایه ئهم نوێژكهرانه لهدوا قورئان خوێنێكهوه كۆبكهینهوهو بهیهك كۆمهڵ نوێژبكهن باشتره، لهپاشان بڕیاری دا ههموویان لهدوای ئوبهی كوڕی كهعبهوه نوێژ بكهن. پاشان شهوێ لهخزمهتیا چوومهوه مزگهوت دیتمان خهڵكهكه لهدوا یهك پێش نوێژهوه نوێژدهكهن، عومهر فهرمووی: بهڕاستی ئهمه – كۆكردنهوهی ئهو خهڵكهیه لهدوا یهك ئیمامهوه – بیدعهیهكی باشه، ئهو بهشهی تێیدا دهخهون خێری زۆرتره لهو بهشهی نوێژی تێدا دهكهن. مهبهستی كۆتایی شهوبوو، واته: ئهنجامدانی نوێژی شهونوێژ لهكۆتایی شهودا باشتره، ئهوكاته خهڵكهكه لهسهرهتای شهودا نوێژیان دهكرد.[2]

واباشه لهغهیری ڕهمهزانیشا پیاو ماڵو منداڵی بهشهو بهخهبهر بێنێ بۆ شهونوێژ

لهئهبو سهعیدهوه ڕیوایهتكراوه، دهڵێ: پێغهمبهر (دروودی خودای لهسهر بێ) فهرمووی: «إِذَا أَيْقَظَ الرَّجُلُ أَهْلَهُ مِنَ اللَّيْلِ فَصَلَّيَا أَوْ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ

---

[1] متفق عليه: م(٧٦١/٥٢٤/١)، خ(١١٢٩/١٠/٣)، د(١٣٦٠/٢٤٧/٤).

[2] صحيح: (مختصر خ/٩٨٦)، ط(٨٥/٢٤٧)، خ(٢٠١٠/٢٥٠/٤).

جَمِيعًا كُتِبَا فِي الـذَّاكِرِينَ وَالـذَّاكِرَاتِ».[1] ئەگەر پیاو بەشەو خێزانی خۆی بەخەبەر هێناو دەستنوێژیان گرتو شەونوێژیان کرد – یان بەیەکەوە دووركات نوێژیان کرد – ئەوە ناویان لەڕیزی ئەوانە دەنووسرێ کەزۆر زیکرو یادی خودا دەکەن.

گێڕانەوەی نوێژی شەونوێژ (ئەگەر فەوتابوو)

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، فەرموویەتی: (پێغەمبەری خودا ئەگەر شەونوێژی بفەوتایە بەهۆی ئازارێك یان بیانوێکی تر، بەڕۆژ دوانزە رکاتی دەکردنەوە).[2]

لە عومەری کوڕی خەتابەوە (رەزای خودای لێ بێ) دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ نَامَ عَنْ حِزْبِهِ مِنَ اللَّيْلِ أَوْ عَنْ شَيْءٍ مِنْهُ فَقَرَأَهُ فِيمَا بَيْنَ صَلاَةِ الْفَجْرِ وَصَلاَةِ الظُّهْرِ كُتِبَ لَهُ كَأَنَّمَا قَرَأَهُ مِنَ اللَّيْلِ».[3]: کەسێك لەو ئەندازە قورئانەی باری پێوە گرتبوو بەشەو دەیخوێند، بۆی نەخوێندراو خەوی لێ کەوت یان شتێك لەو بەشەی مایەوەو بۆی نەخوێندرابوو، ویستی لەنێوان نوێژی بەیانیو نوێژی نیوەڕۆ بیخوێنێو خوێندی، ئەوە دەق وەکوو ئەوە وایە بەشەو خوێندبیەتیو ئەو پاداشەی بۆ دەنووسرێ.

---

(1) صحيح: (ص.جة/١٠٩٨) ، د(١٢٩٥/١٩٤/٤)، جة(١٣٣٥/٤٢٣/١).

(2) صحيح: (ص.ج/٤٧٥٦) ، م(٧٤٦ – ١٤٠/٥١٥/١).

(3) صحيح: (ص.جه/١١٠٤) ، م(٧٤٧/٥١٥/١)، ت(٥٧٨/٤٧/٢)، د(١٢٩٩/١٩٧/٤)، ن(٢٥٩/٣)، جه(١٣٤٣/٤٢٦/١).

کەسێك بەوە راهات شەونوێژ بکاو دوایی وازی لێ بهێنێ کارێکی خراپە

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی (ألعاص)ەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرمووم: ئەی عەبدوڵڵا! وەکوو فلانکەس مەبە، لەوەپێش بەوە راهاتبوو شەونوێژ بکا، کەچی دوایی وازی لێ هێنا.(١)

نوێژی چێشتەنگاو (نوێژی تۆبەکاران)
ڕەوایی نوێژی چێشتەنگاو

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەری خۆشەویستم بەسێ شت ئامۆژگاری کردم: بەوەی لەهەموو مانگێکدا سێ ڕۆژ بەڕۆژوبم، دوو رکات نوێژی چێشتەنگاو بەجێ بێنم، هەموو شەوێك پێش خەوتن نوێژی ویتر بەجێ بێنم.(٢)

گەورەیی نوێژی چێشتەنگاو

لە ئەبو زەڕڕەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «يُصْبِحُ عَلَى كُلِّ سُلاَمَى مِنْ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ فَكُلُّ تَسْبِيحَةٍ صَدَقَةٌ وَكُلُّ تَحْمِيدَةٍ صَدَقَةٌ وَكُلُّ تَهْلِيلَةٍ صَدَقَةٌ وَكُلُّ تَكْبِيرَةٍ صَدَقَةٌ وَأَمْرٌ بِالْمَعْرُوفِ صَدَقَةٌ وَنَهْيٌ عَنِ الْمُنْكَرِ صَدَقَةٌ وَيُجْزِئُ مِنْ ذَلِكَ رَكْعَتَانِ يَرْكَعُهُمَا مِنَ الضُّحَى».(٣) ڕۆژ دەبێتەوەو لەسەر هەموو جموژگەیەکی یەکێك لەئێوە خێرو صەدەقە هەیە هەموو (سبحان الله) گوتنێك صەدەقەیە، هەموو (ألحمد لله) گوتنێك صەدەقەیە، وتنی: (لا اله الا الله)، (ألله أكبر) کردن صەدەقەیە، فەرمان بەچاکە

---

(١) متفق عليه: خ(١١٥٢/٣٧/٣)، م(١١٥٩ – ١٨٥/٨١٤/٢).

(٢) صحيح: (مختصر م/٣٦٧)، م(٧٢١/٤٩٩/١)، د(١٤١٩/٣١٠/٤).

(٣) صحيح: (مختصر م/٣٦٤)، م(٧٢٠/٤٩٩/١)، د(١٢٧١/١٦٤/٤).

صـەدەقەيە، نـەهى كـردن لەخراپـە صـەدەقەيە. لـەجياتى ئـەو زيكـرو پەرستشانە مرۆڤ دەتوانىٚ دووركات نوێژى سونەتى چێشتەنگاو بكا.

ژمارەى ركانى سونەتى چێشتەنگاو

کـەمترين ركـاتى ئـەو نوێـژە دوو ركاتـە، ئەمـەش بـەگوێرەى ئـەو حەديثانەى لەوەپێش ئامازەيان پىٚ كرا. زۆرترين ركاتيشى هەشتە.

لە (ئوممو هانىء)ەوە ڕيوايەتكراوە، دەڵىٚ: پێغەمبەر (دروودى خـوداى لەسەر بىٚ) ڕۆژى رزگاركردنى مەككە لەماڵەوە غوسڵى كـردو هەشـت ركـات نوێژى سونەتى چێشتەنگاوى كرد.[1]

باشترين كات بۆ بەجێهێنانى نوێژى سونەتى چێشتەنگاو

لـە زەيـدى كـوڕى ئەرقەمـەوە ڕيوايـەتكراوە: گوتويـەتى: پێغەمبـەر (دروودى خـوداى لەسـەر بـىٚ) چـووە لاى ئـەهلى قوبـاء، لەوكاتـەدا خەڵكەكـە نوێژى سونەتى چێشتەنگاويان دەكرد، فـەرمووى: « صَلاَةُ الأَوَّابِينَ إِذَا رَمِضَتِ الْفِصَالُ مِنَ الضُّحَى»: كاتى بـاش‌و پەسـەند بـۆ ئەنجامـدانى نوێـژى سـونەتى چێشتەنگاو (نوێژى فەرمانبـەرداران‌و تۆبـەكاران) ئـەو دەمەيـە خـۆر گـەرمى بەهێز دەبىٚ‌و فاچى بێچوە حوشتر بەگەرمبوونى لم تينى پىٚ دەگا.[2]

---

[1] متفـــق عليـــه: خ(١١٧٦/٥١/٢)، م(٣٣٦/٧١ – ٢٢٦/١)، د(١٢٧٧/١٧٠/٤)، ت(٢٩٥/١/٤٧٢)، ن(١٢٦/١).

[2] صحيح: (مختصر م/٣٦٨/٧٤٨ – ١٤٤/٥١٦/١).

سوننەتی دوا دەستنوێژ شتن (سنة الوضوء)

له ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەکاتی نوێژی بەیانیدا بە بیلالی فەرموو: « يَا بِلاَلُ حَدِّثْنِي بِأَرْجَى عَمَلٍ عَمِلْتَهُ فِي الإِسْلاَمِ ، فَإِنِّي سَمِعْتُ دَفَّ نَعْلَيْكَ بَيْنَ يَدَيَّ فِي الْجَنَّةِ».!

ئەی بیلال پێم بڵێ: بەباشترین کردەوەیەك لەچوار چێوەی ئیسلامدا ئەنجامت دابێ، چونکە من تەپە تەپی نەعلەکانتم بیست لەپێش خۆمەوە لە بەهەشت.؟! لە وەڵامدا بیلال وتی: لەڕاستیدا من کردەوەیەکم ئەنجام نەداوە زیاتر جێگای هومێدبێ لەناو کردەوەکانمدا، ئەوەندە هەیە من هیچ کاتێ نەبووە دەستنوێژم گرتبێ بەشەو بووبێ یان بەڕۆژ بووبێ، ئیللا بەو دەستنوێژە ئەوەندێکی توانیبێتم نوێژی سوننەتی دوا دەستنوێژ گرتنم بەجێ هێناوە.[1]

نوێژی ئیستیخارە

سوننەتە بۆ کەسێك کارێکی گرنگی دێتە پێش کە داوا لە پەروەردگار بکا چی چاكو باشە ئەوەی بێنێتەڕێو دڵی بخاتە سەر ئەو لایەنەی خێری ئەوی تێدایە. وەکوو لە حەدیث دا هاتووەو لە جابیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەری خودا فێری نوێژی ئیستیخارەی دەکردین وەکوو چۆن سورەتێکی لە قورئان فێر دەکردینو فەرمووی: « إِذَا هَمَّ أَحَدُكُمْ بِالأَمْرِ فَلْيَرْكَعْ رَكْعَتَيْنِ مِنْ غَيْرِ الْفَرِيضَةِ ثُمَّ لِيَقُلِ اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْتَخِيرُكَ بِعِلْمِكَ وَأَسْتَقْدِرُكَ بِقُدْرَتِكَ ، وَأَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ الْعَظِيمِ ، فَإِنَّكَ تَقْدِرُ وَلاَ أَقْدِرُ وَتَعْلَمُ وَلاَ أَعْلَمُ وَأَنْتَ عَلاَّمُ الْغُيُوبِ ، اللَّهُمَّ إِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الأَمْرَ خَيْرٌ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي – أَوْ قَالَ عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ – فَاقْدُرْهُ لِي وَيَسِّرْهُ لِي ثُمَّ بَارِكْ لِي فِيهِ ، وَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الأَمْرَ شَرٌّ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي – أَوْ قَالَ فِي عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ

[1] لەوەپێش لەباسی ئەو شتانەدا کە دەستنوێژی بۆ دەشۆردرێ باس کرا.

- فَاصْرِفْهُ عَنِّي وَاصْرِفْنِي عَنْهُ ، وَاقْدُرْ لِي الْخَيْرَ حَيْثُ كَانَ ثُمَّ أَرْضِنِي - قَالَ - وَيُسَمِّي حَاجَتَهُ». [1]

خودایە من لێت دەپاڕێمەوەو داواکارم بە زانیاریو دەسەڵاتی خۆت ڕێگای خێرم نیشان بدەی، داوای هێزو توانات لێ دەکەم بە دەسەڵاتی خۆت یارمەتیم بدەی، داواکارم لە فەضلو شکۆمەندی هەرە بەرزو گەورەییت، ئەتۆ خاوەن دەسەڵاتیو من بێ توانا، تۆ زاناو عالم بەهەموو شتێك من نەزانو هیچ نەبین، ئەتۆ زاناو ئاگادار بەسەر هەموو غەیبیاتو نهێنییەکاندا. خودایە تۆ دەزانی کام ڕێگایە خێری بۆ من تێدایە بۆ دینو دونیاو قیامەتم - یان بۆ ئیشی ئێستاو داهاتووم - جا کەوابێ ئەو ڕێگایەی خێری بۆمن تێدایە ئەوەم نیشان بدەو بمخەرە سەر ئەو ڕێگایە. دەشزانی کام ڕێگایە شەڕو خراپە بۆمن، جا ئەو ڕێگایەی شەڕو خراپە بۆ دینو دونیاو قیامەتم - یان بۆ ئیشی ئێستاو داهاتووم - ئەوە ئەو شەڕو نەگبەتیەم لێ لادەو منیش لەو ڕێگایە دوور خەرەوە. لەهەر شوێنێك خێر هەیە بۆم دەستەبەر بکەو دڵم پێی ڕازی بکە، ئەمجار ناوی کارەکەی دێنێ.

نوێژی خۆرگیران

ئەگەر مانگ گیرا یان خۆرگیرا سوننەتە جاڕبدرێو بگوترێ (الصلاة جامعة).

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: لەسەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) خۆرگیرا، بەناو خەڵکدا جاڕدرا بەم

---

[1] صحيح: (ص.جه/١١٣٦) ، خ(٦٣٨٢/١١/١٨٣)، د(١٥٢٤/٣٩٦/٤)، ت(٤٧٨/٢٩٨/١)، جه(١٣٨٣/٤٤٠/١)، ن(٦/٨٠).

شێوەیە: (إنَّ الـصَّلاة جامعـة)[١]. جـا کەخـەڵك بـەدەم بانگەوازەکـەوە هـاتن‌و لەمزگەوت کۆبوونەوە ئیمام دوو رکات پێشنوێژییان بۆدەکا. بەم شێوەیەی لەم حەدیثەی دواییدا هاتووە.

لەخاتو عائیشەوە ریوایەتکراوە، فەرموویەتی: لەسەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) خۆرگیرا، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) چوو بۆ مزگەوت‌و خەڵکەکەی لەدوا خۆیەوە ریزکرد (الله أکبر)ی نوێژ دابەستنی فەرموو. ئەمجار بەدوورودرێژی قورئانی خوێند، پاشان (الله أکبر)ی کردو چووە روکوع‌و زۆر لە روکوعدا مایەوە، پاشان هەڵسایەوەو وتی: «سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ». ئەمجار وەستاو نەچووە سوژدە، دەستی کردەوە بە خوێندنی قورئان بەشێوەیەکی درێژ بەڵام لە قورئانخوێندنی رکاتی یەکەم کورتتر بوو، ئەمجار (الله أکبر)ی کردو چووە روکوع‌و زۆرمایەوە، بەڵام لە روکوعی رکاتی یەکەم کورتربوو، ئەمجار سەری بەرزکردەوەو فەرمووی: «سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ» پاشان چووە سوژدە، پاشان لەرکاتی کۆتاییدا وەکوو رکاتی یەکەم رەفتاری کرد، چوار رکات نوێژی بەچوار سوژدە ئەنجامداو پێش ئەوەی لەمزگەوت بگەرێتەوە خۆر دەرکەوتەوە[٢]

وتارخوێندنەوە دوای نوێژی خۆرگیران

سوننەتە پێش نوێژ خوێن کە سڵاوی دایەوە هەڵسێ وتارێك بۆ خەڵکەکە بخوێنێتەوە، تێیدا ئامۆژگاری خەڵکەکە بکاو هەڵیان نێ بۆ کردارو گوفتاری باش‌و بەئاگایان بێنێتەوە.

---

[١] متفق علیه: خ(٢/٥٣٣/١٠٤٥)، م(٢/٦٢٧/٩١٠)، ن(٣/١٣٦).

[٢] متفق علیه: خ(٢/٥٣٣/١٠٤٦)، م(٢/٦١٩/٣-٩٠١)، د(٤/٤٦/١١٦٨)، جة(١/٤٤٠/١٣٨٣)، ن(٦/٨٠).

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕۆژی خۆرگیران نوێژی خۆرگیرانی ئەنجامدا، ئەمجار خاتو عائیشە باسی شێوەی نوێژکردنەکەی پێغەمبەری کرد، فەرمووی پاشان سڵاوی دایەوە لەوکاتەدا خۆر دەرکەوتبووەوە. وتاری بۆ خەڵکەکەداو فەرمووی: خۆرگیران‌و مانگگیران دوو نیشانەن لەنیشانەکانی پەروەردگار، ئەم دوو مەخلوقە نە بەهۆی مردنی کەسێك یان ژیانی ناگیرێن‌و، هەرکاتێ دیتان مانگگیرا یان خۆرگیرا پەنابەرنە بەر نوێژکردن[1]

لەخاتو ئەسمائەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەکاتی خۆرگیراندا فەرمانی کرد بەکۆیلە ئازادکردن.[2]

لە ئەبو موساوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: لەسەردەمی ژیانی پێغەمبەردا خۆرگیرا، پێغەمبەری خودا ڕابوو، ترسا کە ئەوە سەرەتای ڕابوونی قیامەت بێ، هات بۆ مزگەوت‌و بەدرێژترین شێوە وەستان‌و ڕوکوع‌و سوژدەبردن نوێژەکەی ئەنجامدا، من لەوەپێش وام نەدیبوو بەو شێوە نوێژی ئاوا بەجێ بێنێ، ئەمجار فەرمووی: «هَذِهِ الآيَاتُ الَّتِي يُرْسِلُ اللَّهُ لاَ تَكُونُ لِمَوْتِ أَحَدٍ وَلاَ لِحَيَاتِهِ ، وَلَكِنْ يُخَوِّفُ اللَّهُ بِهِ عِبَادَهُ ، فَإِذَا رَأَيْتُمْ شَيْئًا مِنْ ذَلِكَ فَافْزَعُوا إِلَى ذِكْرِهِ وَدُعَائِهِ وَاسْتِغْفَارِهِ» ئەم ڕوداوانە نیشانەی گەورەیی خودان‌و دەیان هێنێتە دی، هۆکاری هاتنە دییەکەیان مردنی کەسێك یان ژیانی نیە، بەڵکوو دیاردەو ڕوداوێکن پەروەردگار بەندەکانی خۆی پێ دەترسێنێ، جا کەئێوە ڕوداوی ئاواتان دیتن پەنا بەرنە بەر یادو زیکری پەروەردگارو دەست بکەن بەدوعاو پاڕانەوە لێی.

---

[1] متفق عليه: خ(١٠٤٦/٥٣٣/٢)، م(٩٠١ – ٦١٩/٢/٢)، د(١١٦٨/٤٦/٤)، ن(١٣٠/٣).

[2] صحيح: (مختصر خ/١١٨)، خ(١٠٤٥/٥٤٣/٢).

ظـاهيری فەرمودەكـەی پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) كـە دەفەرموێ: {فافزعوا.........} وجوب دەگەیـەنێ، كەوابوو نوێـژی خـۆرگیران دەچـێتە چوارچـێوەی فـەرزی كیفایـەوە، ئـەبو عوانـە لـە صـەحیحەكەیدا (ج٢/٣٩٨) ئاماژەی بەوە كردووەو نوسـیویەتی: (باب وجوب صـلاة الكـسوف) پاشـان بـڕێ فـەرموودەی صـەحیحو راسـتی دەربـارەی فـەرمانكردن بـە ئەنجامدانی نوێژی خۆرگیران رانوانـدون. ئیبنـو خوزەیمـەش هـەمان رەفتـاری ئەبو عەوانەی رەچاو كردوەو لە (صەحیحە)كەیدا (ج٢/٣٨) وتوویـەتی (بـاب الأمر بالصلاة عند كسوف الشمس والقمر) پاشان هەنـدێ فـەرموودەی هێنـاون دەربارەی فەرمانكردن بە ئەنجامدانی نوێژی خۆرگیران.

ئیبنـو حەجـەری عەسـقەلانی لـە (فـەتحولباریدا ج٢/٥٢٧) دەفـەرموێ: جـەماوەری فوقـەها پێیـان وایـە نوێـژی خـۆرگیران سـوننەتێكی جـەخت لەسەركراوەیە ئەبو عەوانە لە صەحیحەكەیدا دانی ناوە بەوەدا كە ئەو نوێژە واجبە، وەڵێ من كەسی ترم نەدیوە ئەو رایەیان هەبێ. جگەلەوەی كە لـەئیمام مالیكـەوە واگێڕدراوەتـەوە كـە وتویـەتی حوكمەكـەی وەكـوو حـوكمی جومعـە هەیـە. (ألـزین)ی كوڕی (المنیر) لـە ئـەبو حەنیفـەوە نـەقڵ دەكا: كـە نوێـژی خـۆرگیران واجبـە، هـەروا بـڕێ لـەو زانـا حەنەفیانـەی فیقهـی حەنـەفییان نووسیوە پێیان وایە ئەو نوێژە واجبە.

نوێژ بارانە

ئەگـەر بـاران نـەباریو وشـكە سـاڵی بـوو، قـاتو قـڕی چـاوەڕوان دەكـرا، سوننەتە خەڵكەكە لەشارو گوند بڕۆنە دەرەوە بۆ ئەنجامدانی نوێژ بارانە لـە چۆڵو سارایەكی لەباردا ئیمام دووركـات نوێـژیان پـێ بكـا، دوعـاو پاڕانـەوەی

زۆر بکەن، ئەمجار پۆشاکی سەرشانیان هەڵگێڕنەوە، لای راستی بخەنە سەر شانی چەپیان‌و لای چەپیان بخەنە سەرشانی راست...

لە عەببادی کوڕی تەمیمەوە لەمامیەوە عەبدوڵڵای کوڕی زەید ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەری خودا لەگەڵ موسوڵمانان لەشار چووە دەر بۆ شوێنێك نوێژە بارانەی لێ بکا، ڕوی کردە قیبلەو دوورکات نوێژی نوێژەبارانەی کرد، ئەمجار ریدای سەرشانی هەڵەوگێڕکرد، سوفیان دەڵێ: (المسعودی) لە ئەبوبەکرەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ لای راستی ریدایەکەی خستە سەرشانی چەپی.[1]

هەر لە عەببادەوە ڕیوایەتکراوە، وتی: پێغەمبەرم بینی کاتێك کە تەشریفی چووە دەر بۆ نوێژەبارانە، دەڵێ بینیم پشتی لە خەڵکەکە کردو روی کردە قیبلەو دەستی کرد بە دوعاو پاڕانەوە، پاشان ریداکەی سەرشانی هەڵەوگێڕ کرد، پاشان دوورکات نوێژی بۆکردین، بەدەنگی بەرز قورئانی خوێند.[2]

سوجدەی قورئان خوێندن

ئیبنو حەزم لەکتێبی (المحلی ج٥/١٠٥-١٠٦)دا دەفەرموێ: لەقورئانی پیرۆزدا چواردە سوژدە هەن، یەکەمیان لە سورەتی (الأعراف) پاشان لە (الرعد)، ئەمجار لە (النحل)و پاشان لە (سبحان)داو ئەمجار لە (کهعص)و پاشان (الحج)و ئەمجار لە (الفرقان)و ئەمجار لە (النمل)و پاشان لە (الم التنزیل) پاشان لە (ص)و ئەمجار لە (حم فصلت) پاشان لە (والنجم)

---

[1] متفق علیه: خ(١٠٢٧/٥١٥/٢) وهذا لفظه م (٨٩٤-٢/٦١١/٢)، د(١١٤٩/٢٤/٤)، ت(٥٥٣/٣٤/٢)، ن(١٥٥/٣) بنحوه.

[2] صحیح: (ص.د/١٠٢٩)، خ(١٠٢٥/٥١٤/٢) وهذا الفظه م(٤/٨٩٤ — ٦١١/٢) ولیس عنده الجهد د(١١٥٠/٢٦/٤).

لەكۆتايیداو ئەمجار لە (اذا السماء انشقت) لەدوا (لا يسجدو) پاشان لە (اقرأ باسم ربك) لە كۆتاييەكەيدا.

حوكمی سوژدە

ئیبنو حەزم دەڵێ سوژدەی تیلاوەت فەرزنیە، بەڵكوو فەضڵو خێرێكی گەورەیە، سوژدەی تیلاوەت هەمووكاتێ دەبردرێ. لەنوێژی فەرزو سوننەتو لەغەیری نوێژیشدا ئەنجام دەدرێ. هەموو كاتێك دەبێ، لەكاتی خۆرهەڵاتنو ئاوابوونیدا لەوكاتەدا كەخۆر لەنێوەڕاستی ئاسماندا دەبێ روت لە قیبلە بێ یان روت لە غەیری قیبلە بێ، دەستنوێژت هەبێ یان نا.

بۆیە دەگوترێ: سوژدەی تیلاوەت فەرزنیەو فەضڵو خێرە، چونكە پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) سورەتی (والنجم)ی خوێندو سوژدەی برد[1]

زەیدی كوڕی ثابیت هەمان سورەتی بەسەردا خوێندەوە كەچی سوژدەی نەبرد[2] ئەمەش {وەكوو (ألحافظ) لە فەتحولباریدا ج٢/٥٥٥}دا دەڵێ: نیشانەی ئەوەیە واجب نیە.

ئیبنو حەزم [3] دەڵێ: سوژدەی تیلاوەت بۆیە بەبێ روكردنە قیبلەو دەستنوێژیش دروستە چونكە لە واقیعدا بەنوێژ ناژمێردرێ، ئەمەش بەپێی حەدیثی پێغەمبەر كە فەرموویەتی: «صَلاَةُ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ مَثْنَى مَثْنَى». نوێژی شەونوێژ دووركات دووركاتە. جا هەرنوێژێك لەدووركات كەمتربوو ئەوە بەنوێژ ناژمێردرێ مەگەر دەقێك هەبێ بەنوێژی حسێب بكا، وەكوو ركاتی

---

[1] متفق عليه: خ(١٠٧٠/٥٥٣/٢)، م(٥٧٦/٤٠٥/١)، د(١٣٩٣/٢٨٢/٤)، ن(١٦٠/٢).

[2] متفق عليه: خ(١٠٧٣/٥٥٤/٢)، م(٥٧٧/٤٠٦/١)، ن(١٦٠/٢)، د(١٣٩١/٢٨٠/٤)، ت(٥٧٣/٤٤).

[3] المحلى ج٥/١١١.

نوێـژی تـرس‌و نوێـژی جـەنازە. دەی هـیـچ دەقێـك نیـە سـوژدەی تیلاوەتـی بەنوێژ حسێب کردبێ.

گەورەیی سوژدەی تیلاوەت

لـە ئـەبو هـورەیرەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِذَا قَرَأَ ابْنُ آدَمَ السَّجْدَةَ فَسَجَدَ اعْتَزَلَ الشَّيْطَانُ يَبْكِي يَقُولُ يَا وَيْلَهُ – وَفِي رِوَايَةِ أَبِي كُرَيْبٍ يَا وَيْلِي – أُمِرَ ابْنُ آدَمَ بِالسُّجُودِ فَسَجَدَ فَلَهُ الْجَنَّةُ وَأُمِرْتُ بِالسُّجُودِ فَأَبَيْتُ فَلِيَ النَّارُ» [1]: کـە ئـادەمیزاد ئایـەتێکی سوژدەبردنی خوێندو سوژدەی برد، شەیتان کەنارگیر دەبێ‌و دەست دەکا بـە گریان‌و دەڵێ: ئەی هاوار بۆ خـۆم، ئـەو کابرایـە فـەرمانی پـێ کـرا بـە سـوژدە بردن‌و سوژدەی بردو بەهەشتی بۆ خۆی مسۆگەر کرد. ئەمن فەرمانم پێ کرا بە سوژدەو یاخی بووم، دۆزەخم بۆ خۆم مسۆگەر کرد.

چی لە سوژدەی تیلاوەتدا دەگوترێ

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، دەفـەرموێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) لـە سـوژدەی تـیلاوەتدا بەشـەو چـەند جارێـك ئـەم دوعایـەی دەخوێنـد « سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِي خَلَقَهُ وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ بِحَوْلِهِ وَقُوَّتِهِ». [2] ڕوخسارم سوژدەی بـرد بـۆ خودایـەك دروسـتی کـردوە، بـەهێزو توانـای خـۆی ئامێری بیستن‌و دیتن: کە گوێچکەو چاوە بۆی فەراهەم هێناوە.

لـە ئیمـامی عەلییـەوە ڕیوایـەتکراوە، دەفـەرموێ: پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەچوە سوژدە دەیفـەرموو: «اللَّهُمَّ لَكَ سَجَدْتُ وَبِكَ

---

[1] صحيح (مختصر م/٣٦٩)، م(١/٨٧/٨١).

[2] صحيح: (ص.د/١٢٥٥) ، د(٤/٢٨٩/١٤٠١)، ت(٥/٤٧/٥٧٧)، ن(٢/٢٢٢).

آمَنْتُ وَلَكَ أَسْلَمْتُ وَأَنْتَ رَبِّى سَجَدَ وَجْهِـى لِلَّـذِى خَلَقَـهُ وَصَـوَّرَهُ وَشَـقَّ سَـمْعَهُ وَبَصَرَهُ تَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ». [1]

خودایه من بۆتـۆ سـوژدەم بـرد، ئیمـانم بـەتۆ هێنـاوە، بـۆ تـۆ گەردنكـەچ بـووم، ئـەتۆ پـەروەردگاری منـی، روخـسارم چـووە سـوژدە بـۆ ئـەو خودایـەی گوێـچكەو چـاوی بـۆ بـەدی هێنـاوم، پـاكو مونـەزەهی بـۆ خودایـەك كـە بەدیهێنەرێكی بێ وێنەو كار دروستو بێ خەوشە.

لـە ئیبنـو عەباسـەوە ڕیوایـەتكراوە، دەفـەرموێ: لەخزمـەت پێغەمبـەردا بووم، پیاوێك هاتە خزمەتی، وتی: من دوێنێ شەو لەخەودا وام خۆم بینی كە نوێژ دەكەم روم كردۆتە قەدە درەختێك، سورەتی (ألسجدة)م خوێندو چوومە سوژدەو درەختەكەش وەكوو من سوژدەی برد، گوێم لێ بوو، دەیگوت: خودایە! لەپاداشی ئەم سوژدەیەمدا گوناهم لێ هەڵوەرێنە، خێرم بۆ بنووسە، لای خۆت بۆم بكە بە بارمتە.

ئیبنو عەباس دەفەرموێ: پێغەمبەرم بینی سورەتی (ألسجده)ی خوێنـدو چووە سوژدە، گوێم لێ بوو لە سوژدەكەیدا هەمان ئەو دوعایەی دەخوێند: كە پیاوەكە لەبارەی درەختەكەوە بۆ پێغەمبەری گێڕایەوە. [2]

سوژدەی شوكر

وا سـوننەتە بـۆ كەسـێك خـودا نیعمـەتێكی پـێدا یـان بەلایـەكی لەسـەر لابرد، یان مزگێنی پێدرا بەشتێك كەیف خۆش بێ، بكەوێتە سوژدەو ئیقتیدا بە پێغەمبەر بكا.

---

[1] صـــــحيح: (ص.جـــــة/٨٦٦) ، م(١/٥٣٤/٧٧١)، جـــــة(١/٣٣٥/١٠٥٤)، د(٢/٤٦٣/٧٤٦)، ت(٥/١٤٩/٣٤٨١).

[2] صحيح: (ص.جة/٨٦٥) ، ت(٢/٤٦/٥٧٦)، جة(١/٣٣٤/١٠٥٣).

لـە ئەبوبـەکرەوە ریوایـەت کـراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەری خـودا (دروودی خودای لەسەر بێ): کە شتێکی دەهاتـە پـێش کەیفخۆشـی بکردایـە، یـان پێـی کەیفخۆش بوایە خێرا سوژدەی شوکری بـۆ خـودا دەبـرد.[1] حـوکمی سـوژدەی شوکر وەکوو حوکمی سوژدەی تیلاوەت وایە.

سوژدەی سەهو

ئـەوە چەسـپاوە کـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) لەنوێـژ سەهوی لێ رودراوە، ئەوەش راسـتو سـەلمێندراوە کـە تەشـریفی فەرموویـەتی: «إِنَّمَـا أَنَـا بَـشَرٌ أَنْـسَى كَمَـا تَنْـسَوْنَ فَـإِذَا نَـسِيتُ فَـذَكِّرُونِي».[2] منـیش تـەنها ئـادەمیزادێکم وەکـوو ئێـوە، شـتم لەبیردەچـێ وەکـوو چـۆن ئێـوە شـتتان لەبیردەچێ، جا کەزانیتان شتێکم لەبیرچووە بیرم بخەنەوە.

بێگومـان پێغەمبـەر چـەند حـوکمو یاسـایەکی بـۆ ئومەتەکـەی رونکردۆتەوە، ئێستا بەکورتی ئاماژەی پێ دەکەین:

١- ئەگەر لەرکاتی دووەم هەڵسایەوە تەحیاتی تەرك کرد.

لە عەبدوڵڵای کوڕی بوحەینەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دوو ڕکات نوێژی بەجەماعـەت لەیـەکێ لەنوێژەکانـدا بـۆ کردین، لەدوای دوو ڕکاتەکان دانەنیشت بـۆ تـەحیات خوێنـدن، خەڵکەکـەیش لەگـەڵی هەڵـسانەوە، جـا کەنوێژەکـەی تـەواو کـرد چاوەڕێمان دەکـرد سـڵاو بداتـەوە بـەڵام سـڵاوی نەدایـەوە {الله أكـبر}ی کـردو چـووە سـوژدەوە، دوو سوژدەی بەدانیشتنەوە بردو پاشان سڵاوی دایەوە.[3]

---

[1] حسن (ص. جة/١١٤٣)، جة(١/٤٤٦/١٣٩٤) وهذا الفظه، د(٧/٤٦٢/٢٧٥٧)، ت(٣/٦٩/١٦٢٦).

[2] صحيح: (ص.ج/٢٣٣٩) ، (الإرواء/٣٣٩).

[3] متفـــــق عليــــــه: خ (٣/٩٢/١٢٢٤)، م (١/٣٩٩/٥٧٠)، ن (٣/١٩)، د (٣/٣٤٧/١٠٢١)، ت (٢٤٢/١/٣٨٩).

موغەیرەی کوڕی شوعبە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِذَا قَامَ أَحَدُكُمْ مِنَ الرَّكْعَتَيْنِ فَلَمْ يَسْتَتِمَّ قَائِمًا فَلْيَجْلِسْ فَإِذَا اسْتَتَمَّ قَائِمًا فَلاَ يَجْلِسْ وَيَسْجُدْ سَجْدَتَيِ السَّهْوِ».[1] ئەگەر یەکێ لەئێوە لەدوای دوو ڕکات دانەنیشت بۆ تەحیات خوێندن بەڵکوو هەڵسایەوە سەرپێ، ئەگەر بەتەواوی راست نەبووەوە ئەوە با دانیشێو تەحیات بخوێنێ، ئەگەر بەتەواوی راست بووەوە، با دانەنیشێ، بەڵکوو نوێژەکە تەواوبکا دوای سڵاو دانەوەکە دوو سوژدەی سەهو بەرێ.

٢- ئەگەر لەجیاتی چوار ڕکات پێنج ڕکاتی کرد. لە عەبدوڵلاوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نوێژی نیوەڕی بە پێنج ڕکات کرد، کەسڵاوی دایەوە عەرزیان کرد ئەوە نوێژ لێی زیادکراوە؟ فەرمووی: (ئەوە چیەو چی بووە؟) عەرزیان کرد پێنج ڕکات نوێژت کرد، ئیتر دوو سەجدەی سەهوی بردن، دوای سڵاودانەوە.

٣- ئەگەر لەنوێژی چوار ڕکاتیدا دوای دوو ڕکات یان سی ڕکات سڵاوی دایەوە.

لە ئەبو هورەیرە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دوو ڕکات نوێژی تەواو کردو سڵاوی دایەوەو تەشریفی ڕۆیشت (ذوالیدین) عەرزی کرد، ئەرێ نوێژ کورت بۆتەوە یان جەنابت لەبیرت چوو؟ ئەی پێغەمبەری خودا! پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: ئایا (ذوالیدین) راست دەکا؟ خەڵکەکە عەرزیان کرد بەڵێ: ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دوو ڕکاتی تری کردو پاشان سڵاوی دایەوە،

---

[1] صحيح: (الإرواء: ٢/١٠٩/١١٠).

پاشان (الله أكبر)ی كردو چووه سوژده وهكوو سوژدهبردنی لهوهپێشی یان ههندێ لهو درێژتر، پاشان سهری بهرز كردهوه.[١]

له عیمرانی كوڕی حوصهینهوه ریوایهتكراوه: كه پێغهمبهر (دروودی خودای لهسهر بێ) نوێژی عهصری كرد، سێ ڕكاتی كردو سلاوی دایهوه، دوایی چۆوه بۆ ماڵی خۆی، پیاوێك كهپێیان دهگوت: (الخرباق) درێژییهك بهدهستهكانیهوه دهبیندرا، چووه خزمهتی وتی: ئهی پێغهمبهری خودا! ئهمجار چۆنیهتی نوێژهكهی بۆ باس كرد، پێغهمبهر (دروودی خودای لهسهر بێ) بهپهله لهماڵ دهرچووریدائهكهی بهدو خۆیدا كێش دهكرد ههتا هاته ناو خهڵكهكه، فهرمووی: ئهمه ڕاست دهكا، عهرزیان كرد بهڵێ ڕاست دهكا سێ ركات نوێژ كرا، ئیتر ڕكاتێكی تری ئهنجام دا، پاشان سلاوی دایهوه، ئهمجار دوو سوژدهی بردنو پاشان سلاوی دایهوه.[٢]

٤- ئهگهر كهوته گومانهوه ئاخۆ چهند ڕكات نوێژی كردوون. له ئیبراهیمهوه له عهلقهمهوه دهڵێ: عهبدوڵلا وتی: پێغهمبهر (دروودی خودای لهسهر بێ) نوێژی كرد – ئیبراهیم دهڵێ: زیادی كرد یان كهم – كهسلاوی دایهوه، عهرزی كرا ئهی پێغهمبهری خودا! ئایا گۆڕانكاری بهسهر نوێژدا هاتووه؟ فهرمووی: چی بووه؟ عهرزیان كرد ئهتۆ ئهمڕۆ ئاواو ئاوا نوێژت ئهنجامدا، ئیتر قاچهكانی نوشتاندنهوهو رووی كرده قیبلهو دوو سوژدهی بردن، پاشان سلاوی دایهوه، ئهمجار رووی تێكردینو فهرمووی: « إِنَّهُ لَوْ حَدَثَ فِي الصَّلاَةِ شَيْءٌ أَنْبَأْتُكُمْ بِهِ وَلَكِنْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ أَنْسَى كَمَا تَنْسَوْنَ فَإِذَا نَسِيتُ فَذَكِّرُونِي وَإِذَا شَكَّ أَحَدُكُمْ فِي صَلاَتِهِ فَلْيَتَحَرَّ الصَّوَابَ فَلْيُتِمَّ عَلَيْهِ ثُمَّ لِيَسْجُدْ

---

[١] متفق عليه: خ (١٢٢٨/٩٨/٣)، م (٢٧٣/٤٠٣/١)، د (٩٩٥/٣١/٣)، ت (٣٩٧/٢٤٧/١)، ن (٣٠/٣)، جه (١٢١٤/٣٨٣/١).

[٢] صحيح: (ص. جه/١٠٠١)، م (٥٧٤/٤٠٤/١)، د (١٠٠٥/٣٢٣/٣)، ن (٢٦/٣)، جه (١٢١٤/٣٨٣/١).

سَجْدَتَيْنِ».[١] ئەگەر گۆڕانكارییەك لەنوێژدا ڕوی بدایە من یەكسەر هەواڵم پێ دەدان، وەڵێ منیش ئادەمیزادێكم وەكوو ئێوە شتم لەیاد دەچێ وەكوو ئێوە، جا ئەگەر زانیتان شتێكم لەیاد چووە بیرم بخەنەوە، ئەگەر یەكێك لەئێوە لەنوێژەكەیدا كەوتە گومانەوە ئاخۆ چەند ڕكاتی كردووە، ڕوكنەكانی نوێژی بەتەواوی ئەنجام داوە، با هەوڵبدا لەسەر یەقین نوێژەكەی تەواو بكا، واتە: وای دابنێ كەمی كردووەو تەواوی بكا، دوایی دوو سوژدەی سەهو بەرێ، تەحەریو لێكۆڵینەوە بەوە دەبێ، كەبیر بكاتەوە لەنوێژەكەیدا چی خوێندووە، بیر بكاتەوە كەئاخۆ دوو سورەتی خوێندووە لەدوو ڕكاتدا تا بزانێ دوو ڕكاتی كردووە نەك ڕكاتێك، وایش دەبێ دێتەوە یادی، كە دانیشتووە تەحیاتی خوێندووە، ئەوكاتە دەزانێ كە دوو ڕكاتی كردووە نەك ڕكاتێك، سێ ڕكاتی كردووە نەك دوو، وادەبێ بیری دەكەوێتەوە فاتیحەی لەڕكاتێكدا خوێندووەو پاشان لەڕكاتێكی تردا خوێندویەتی، ئەوكاتە بۆی مەعلوم دەبێ چوار ڕكاتی كردووە نەك سێ..... هەروا بەو جۆرە، كە لێكۆڵینەوەكەی گەیشتە ئاستێك نزیك بێ لەواقیعو صەواب ئەوە شكەكەی لادەبا، چ جوداوازی نیە لەوەدا نوێژكەرەكە پێشنوێژ بێ یان بەتەنیا نوێژ بكا[٢] ئەگەر لێكۆڵینەوەی ئەنجامدا تەرجیحی لەلا دروست نەبوو، ئەوە لەسەر یەقینەوە نوێژەكەی تەواو دەكا، وەكوو لەحەدیثدا لەئەبو سەعیدی (الخدری)یەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « إِذَا شَكَّ أَحَدُكُمْ فِي صَلاَتِهِ فَلَمْ يَدْرِ كَمْ صَلَّى ثَلاَثًا أَمْ أَرْبَعًا فَلْيَطْرَحِ

---

[١] متفق عليه: خ (١/٥٠٣/٤٠١)، م (١/٤٠٠/٥٧٢)، د (٣/٣٢٦/١٠١٧)، جه (١/٣٨٢/١٢١١).

[٢] مجموع الفتاوى لإبن تيمية ٢٣/١٣.

الشَّكُّ وَلْيَبْنِ عَلَى مَا اسْتَيْقَنَ ثُمَّ يَسْجُدُ سَجْدَتَيْنِ قَبْلَ أَنْ يُسَلِّمَ فَإِنْ كَانَ صَلَّى خَمْسًا شَفَعْنَ لَهُ صَلاَتَهُ وَإِنْ كَانَ صَلَّى إِتْمَامًا لأَرْبَعٍ كَانَتَا تَرْغِيمًا لِلشَّيْطَانِ».[1]

ئەگەر یەكێك كەوتە گومانەوە لەنوێژەكەیدا، نەیدەزانی ئاخۆ چەند ڕكاتی كردوون، سێ ڕكاتی كردوون یان چوار ڕكات، با گومانەكەی وەلانێ‌و لەسەر ئەوەی كەدڵنیایە كردوویەتی نوێژەكەی تەواو بكا، پاشان دوو سوژدەی سەهو بەرێ پێش ئەوەی سلاو بداتەوە، جا ئەگەر پێنج ڕكاتی كردن ئەوە شەفاعەتی نوێژەكەی بۆ دەكەن، خۆ ئەگەر بەئەوەیشەوە: كە كردی دەبوونە چوار ڕكات ئەوە دەبنە هۆی دڵناخۆش كردنی شەیتان‌و سەرپێ شۆڕكردنی.

حوكمی سوژدەی سەهو

سوژدەی سەهو واجبە، ئەمەیش بەپێی فەرمانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وەكوو لەدووتوێی ئەو حەدیثانەی لەوەپێش ئاماژەیان پێ كرا، هەروا لەبەر ئەوەی پێغەمبەر لەحاڵی ژیانیدا هەركاتێ شتێكی لەیاد چووبێ سوژدەی سەهوی بردووە، بۆ تاقەجارێك ئەم كارەی تەرك نەكردووە.

كەی‌و بۆچی سوژدەی سەهو دەبردرێ؟

بەرچاوترین راو قەولی زانایانی شەرع ئەوەیە دەبێ جوداوازی بكرێ لەنێوان زێدەو كەمی روكن‌و كردارەكانی نوێژ، هەروا لەنێوان گومان لەگەڵ تەحەرِی‌و لێكۆڵینەوەو گومان لەگەڵ تەواوكردنی نوێژ لەسەر یەقین.... چونكە ئەمە وێڕای ڕەچاوكردنی كاركردن بەهەموو دەقەكان جوداوازییەكی مەعقول هەیە لەنێوان حاڵەتەكاندا.

---

[1] صحيح: (ص. ج/٦٣٢)، م (٥٧١/٤٠٠/١)، د (١٠١١/٣٣٠/٣)، ن (٣/٢٧).

لەم ڕووەوە ئەگەر سوژدەکە لەبری کەمی کارێك بوو، وەکوو تەحیات نەخوێندنی یەکەم، لەم حاڵەدا نوێژەکە پێویستی بە جەبرکردنەوەو پڕکردنەوە هەیە، دەبێ پێش سڵاودانەوە سوژدەکە ببرێ، بۆ ئەوەی نوێژەکەی پێ تەواو بکرێو کەموکوڕییەکە نەمێنێ، سڵاودانەوەش دەرچوونە لەنوێژو ڕەهابوونە لێی.

خۆ ئەگەر سوژدە بردنەکە بەهۆی زیادکردنی ڕکاتێکەوە بوو ئەوە دەبێ دوای سڵاو دانەوە سوژدە ببرێ، چونکە کردنی دوو زیادە لەنوێژدا نابێ، سڵاو دەدەیەوە ئەمجار (الله أكبر) دەکەیەوەو دەچیە سوژدە، ئەمەیش دەبێتە هۆی ملکەچ کردنی شەیتان، ئەو دوو سوژدەیە وەکوو نوێژێکی سەربەخۆ حسێب دەکرێنو کەموکوڕی نوێژەکەیان پێ پڕدەکرێتەوە، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئەنجامدانی دوو سوژدەی بەڕکاتێك حسێب فەرمووە.

هەروا ئەگەر کەوتە گومانەوەو لێکۆڵینەوەی کرد، ئەوە نوێژەکەی تەواوە، ئەو سوژدە بۆیە دەبا بۆ ملکەچکردنی شەیتانەو دڵ ناخۆش کردنیەتی. کەوابوو ئەم سوژدە بردنەش دوای سڵاودانەوەیە.

هەروا کەسڵاوی دایەوەو بڕێ ئەرکی نوێژەکەی لەسەر مابوو، دوایی تەواوی کرد، ئەمیش نوێژەکەی تەواوە سڵاودانەوەکەی زیادەیە دەبێ سوژدەی سەهوی دوای سڵاودانەوەکە بێ چونکە سەرشۆڕکردنی شەیتانی لەخۆگرتووە.

بەڵام کە کەوتە گومانەوەو گومانەکەی بەلایەکدا نەڕوییەوە، ئالێرەدا حاڵ خالی نیە یان چوار ڕکاتی کردووە یان پێنج، ئەگەر پێنج ڕکاتی کردبوو، ئەوە دوو سوژدەکە نوێژەکەی بۆ دەکەنە جوت، وەکوو ئەوە شەش ڕکاتی کردبن نەك پێنج، ئەم دوو سوژدەیەش دەبێ لەپێش سڵاودانەوە بن.

ئەم ڕایەی ئێمە بەپەسەندمان زانیو پشتگیریمان کردووە، ڕاوبۆچوونێکە هەموو فەرموودەکانی تێدا بەرجەستە دەبنو کارا دەکرێنو فەرموودەیەکیان

پاشگوێ ناخرێ، وێڕای کاراکردنی قیاسی صەحیح لەشتێك فەرموودەی دەربارە نەهاتبێ، لکاندنی شتێك مەنصوص نەبێ بەشتێك لە مەنصوص بچێ.[١]

سوژدەی سەهو بەقەرەبوو کردنەوەی نەکردنی سونەتێك

کەسێك سونەتێکی ناو نوێژی لەبیر چوو دەبێ سوژدەی سەهو بەرێ. چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لِكُلِّ سَهْوٍ سَجْدَتَانِ».[٢] بۆ هەموو سەهوو لەبیرچوونەوەیەك دوو سوژدە هەیە. ئەم جۆرە سوژدەبردنە سونەتە واجب نیە. بۆ ئەوەی فەرع لەسەر ئەصڵ زیاد نەبێ.[٣]

نوێژی بەکۆمەڵ (الصلاة الجماعة)
حوکمی نوێژی بەکۆمەڵ

نوێژی بەکۆمەڵ فەرزی عەینە لەسەر پیاوان مەگەر عوزری هەبێ بۆ ئامادە نەبوون.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ آمُرَ بِحَطَبٍ فَيُحْطَبَ ، ثُمَّ آمُرَ بِالصَّلاَةِ فَيُؤَذَّنَ لَهَا ، ثُمَّ آمُرَ رَجُلاً فَيَؤُمَّ النَّاسَ ، ثُمَّ أُخَالِفَ إِلَى رِجَالٍ

---

[١] مجموع الفتاوى لإبن تيمية. ٢٣/٢٤.

[٢] حسن: (ص. د/٩١٧)، د (١٠٢٥/٣٥٧/٣)، جه (١٢١٩/٣٨٥/١).

[٣] السبل الجرار (٣٧٥/١).

فَأُحَرِّقَ عَلَيْهِمْ بُيُوتَهُمْ ، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ يَعْلَمُ أَحَدُهُمْ أَنَّهُ يَجِدُ عَرْقًا سَمِينًا أَوْ مِرْمَاتَيْنِ حَسَنَتَيْنِ لَشَهِدَ الْعِشَاءَ». (١)

سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، وام بەخەیاڵدا هات، فەرمان بکەم دارو چیلکە کۆبکرێتەوە، پاشان فەرمان بکەم پیاوێك پێشنوێژی بۆ خەڵك بکا ئەمجار بۆخۆم هێرشم دەکردە سەر ئەوانەی کە ئامادەی نوێژی جەماعەت نەبوون خانووەکانیان بەسەردا بسوتێنم، سوێندم بەوکەسەی گیانی منی بەدەستە، ئەگەر یەکێك لەئێوە بیزانیایە کە بێ بۆ جەماعەت پارچە گۆشتێکی کەمی بەسەر ئێسقانێکەوە دەست ددەکەوێ، یان سمە قاچی مەڕێ چنگدەکەوێ ئامادەی نوێژی عیشا دەبوو بەجەماعەت ئەنجامی دەدا.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پیاوێکی کوێر هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! من کوێرمو کەس نیە چاوساغم بێو دەستم بگرێ بمهێنێ بۆ مزگەوت، داوای لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کرد کە روخصەتی بداو نوێژ لەماڵەوە بکا، ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕێگەیدا، جا کە کابرا ڕۆیی، بانگی کردەوە پێی فەرموو: «هَلْ تَسْمَعُ النِّدَاءَ بِالصَّلاَةِ»؟ ئایا تۆ گوێت لەبانگ دەبێ؟ وتی بەڵێ. فەرمووی: کەواتە دەبێ ئامادەی جەماعەت بی. (٢)

لە عەبدوڵلاوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: (کەسێك پێی خۆشە بەموسوڵمانیو ئیمانی ساغ بەخزمەت پەروەردگار بگا، با پارێزگاری لە بەجێهێنانی ئەو نوێژانە بکا، کاتێ بانگیان بۆ دەدرێ، بێگومان خودا ڕێگەی هیدایەتی بۆ

(١) متفق عليه: خ (٢/١٢٥/٦٤٤) وهذا لفظه، م (١/٤٥١/٦٥١) بنحوه، د (٢/٢٥١/٥٤٤)، جه (١/٢٥٩/٧٩١) وليس عندهما الجملة الآخيرة، ن (٢/١٠٧)، بلفظ البخاري.

(٢) صحيح: (مختصر، م/٣٢٠)، م (١/٤٥٢/٦٥٣)، ن (٢/١٠٩).

پێغەمبەرەکەی دەست نیشان کردووە، ئەو نوێژانە بەشێکن لەو ڕێگا هیدایەت ئامێزە، ئەگەر ئێوە نوێژەکانتان لە ماڵەوە بکەن وەکوو ئەم دواکەوتووە کە لەماڵــەوە نوێــژ دەکــا، ئــەوە ئێــوە واز لەپــەیڕەوی کردنــی ســوننەتی پێغەمبەرەکــەتان دەهێــنن، ئەگــەر وازبێــنن لــە پــەیڕەوکردنی ڕێبــازی پێغەمبەرەکەتان گومڕا دەبن، هەر پیاوێك خۆ پاك بکاتــەوەو دەســتنوێژی جــوان بــشوا، پاشــان روو لەیــەکێك لــە مزگەوتــەکان بکــا، ئــەوە بێگومــان پــەروەردگار بەهــەر هــەنگاوێك لــەو هەنگاوانــەی دەیانهــاوێ چــاکەیەکی بــۆ دەنووســێ‌و پلەیــەك پێــی بــەرز دەبێتــەوە، گونــاهێکی پــێ لێ هەڵــدەوەرێ، بێگومــان خۆمــان دیومانــەو زانیومانــە مونــافیق‌و دوڕوو نــەبێ لەنوێــژی جەماعــەت دواناکــەوێ، بێگومــان پیــاوی پەککەوتــەی واهــەبوو دوو کــەس دەچوونە ژێر باڵی‌یەوەو دەیانهێنا لەصەفی جەماعەت دارایان دەوەستاند.[1]

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبــەر (دروودی خــودای لەســەر بێ) فەرمووی: «مَنْ سَمِعَ النِّدَاءَ فَلَمْ يَأْتِهِ فَلاَ صَلاَةَ لَهُ إِلاَّ مِـنْ عُـذْرٍ».[2] کەسـێك گوێی لەبانگ بوو، نەهات بۆ جەماعەت، ئەوە نوێژی بۆ حساب ناکرێ مەگەر نەهاتنەکەی بەهۆی عوزرێکەوە بێ.

لــە ئــەبو دەردائــەوە ڕیوایــەتکراوە، دەڵــێ: بیــستم پێغەمبــەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەیفــەرموو: «مَا مِنْ ثَلاَثَـةٍ فِـي قَرْيَـةٍ وَلاَ بَـدْوٍ لاَ تُقَـامُ فِـيهِمُ الصَّلاَةُ إِلاَّ قَـدِ اسْـتَحْوَذَ عَلَـيْهِمُ الـشَّيْطَانُ فَعَلَيْـكَ بِالْجَمَاعَـةِ فَإِنَّمَـا يَأْكُـلُ الـذِّئْبُ الْقَاصِيَةَ». هەرسێ کەسێك لەگوندێکدا یان لەهۆبەو هەوارێکدا بــوون نوێــژیان بەجەماعــەت نــەکرد ئــیللا شــەیتان بەســەریاندا زاڵ بــووە، کــەوابێ ئاگــاداری

---

[1] صــــحيح: (ص. جـــــه/٦٣١)، م (٦٥٤ – ١/٤٥٣/٢٥٧)، ن (٢/١٠٨)، د (٢/٢٥٤/٥٤٦)، جـــه (١/٢٥٥/٧٧٧).

[2] صحيح: (ص. جه/٦٥٤)، جه (١/٢٦٠/٧٩٣)، ك (١/٢٤٥)، هق (٣/١٧٤).

نوێـژی جەماعـەت بـەو هـەوڵ بـدە ئامـادەی جەماعـەت بـی. چـونکە گـورگ فرسەت لە ئاژەڵی تەرەبوو دێنێ‌و دەیکاتە نێچیری خۆی.

زائیـدە دەڵـێ: (الـشائب) گـوتی: مەبەسـتی بـە (الجماعـة) نوێژکردنـە بەجەماعەت.[1]

فەضڵ‌و گەورەیی نوێژ بەجەماعەت

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « صَلاَةُ الْجَمَاعَةِ تَفْضُلُ صَلاَةَ الْفَذِّ بِسَبْعٍ وَعِشْرِينَ دَرَجَـةً».[2] نوێژی بەکۆمەڵ بە بیست‌و پێنج پلە لەنوێژی تەنیایی گەورەترە.

لـە ئـەبو هـورەیرەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) فـەرمووی: « صَلاَةُ الرَّجُلِ فِي الْجَمَاعَةِ تُضَعَّفُ عَلَى صَـلاَتِهِ فِـي بَيْتِـهِ وَفِي سُوقِهِ خَمْسًا وَعِشْرِينَ ضِعْفًا ، وَذَلِكَ أَنَّهُ إِذَا تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ ، ثُمَّ خَرَجَ إِلَى الْمَسْجِدِ لاَ يُخْرِجُهُ إِلاَّ الصَّلاَةُ ، لَمْ يَخْطُ خَطْوَةً إِلاَّ رُفِعَتْ لَهُ بِهَا دَرَجَةٌ ، وَحُطَّ عَنْهُ بِهَا خَطِيئَةٌ ، فَإِذَا صَلَّى لَمْ تَزَلِ الْمَلاَئِكَةُ تُصَلِّى عَلَيْهِ مَا دَامَ فِـي مُـصَلاَّهُ اللَّهُـمَّ صَلِّ عَلَيْهِ ، اللَّهُمَّ ارْحَمْهُ . وَلاَ يَزَالُ أَحَدُكُمْ فِي صَلاَةٍ مَا انْتَظَرَ الصَّلاَةَ».[3] نوێژی پیـاو بەجەماعـەت پاداشـی دووچـەندانەو چـەند چـەندانە دەبێتـەوە بەسـەر نوێژێکیدا لەماڵەوە بیکا یان لەدوکانەکەیدا بیکا بـە بیـست‌و پێـنج ئەوەنـدە، چونکە ئـەو موسـوڵمانەی دەسـتنوێژ بگـرێ‌و دەسـتنوێژەکەی ڕێك‌وپێـك بـێ، پاشان لەماڵ دەرچێ بەرەو مزگەوت، تەنها مەبەسـتی لـەو چـوونە دەرەوە بـۆ

---

[1] حسن: (ص. د/٥١١)، د (٢٥٠/٥٤٣/ و ٢/٢٥١).

[2] متفـــق عليـــه: خ (٢/١٣١/٦٤٥)، م (١/٤٥٠/٦٥٠)، ت (١/١٣٨/٢١٥)، ن (٢/١٠٣)، جـــه (١/٢٥٩/٧٨٩).

[3] متفق عليه: خ (٢/١٣١/٦٤٧)، م (١/٤٥٩/٦٤٩)، د (٢/٢٦٥/٥٥٥).

مزگـەوت ئەنجامـدانی نوێـژی بەکۆمـەڵ بـێ، ئـەوە بەهـەر هـەنگاوێکی کـە دەیهاوێ پلەیەك بەرز دەبێتەوەو تاوانێکی لێ هەڵدەوەرێ، جا ئەگەر نوێـژی کـرد ئـەوە بـەردەوام فریـشتە داوای لێخۆشـبوونی بـۆ دەکـەن هـەتا لەشـوێن نوێژیـدا بمێنێتـەوە لـە پـەروەردگار دەپاڕێنـەوەو دەڵێن: خودایـە ڕەحمـەتی خـۆت بڕژێنـە بەسـەریداو ڕەحمـی پـێ بکـە، هەمیـشە یـەکێك لـەئێوە وا دەژمێردرێ کە لەنوێژدایە لەوکاتەدا چاوەڕوانی نوێژ دەکا.

هـەر لـە ئـەبو هورەیرەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: کـە پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ غَدَا إِلَى الْمَسْجِدِ وَرَاحَ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُ نُزُلَـهُ مِـنَ الْجَنَّةِ كُلَّمَا غَدَا أَوْ رَاحَ».[١] کەسێك بەیانیو ئێوارە باری پێوە بگرێ هاموشۆی مزگەوت بکا، پەروەردگار لە بەهەشـتدا مـەنزڵو جێگای بـۆ سـاز دەکا، هـەتا ئەو بەیانیو ئێوارە ئەو کارە ئەنجام بدا

ئایا ئافرەت ئامادەی نوێژی جەماعەت دەبن؟

دروستە ئافرەتان لەماڵ دەرچن بـۆ مزگـەوت، ئامـادەی نوێـژی بەکۆمـەڵ بـن، بەمـەرجێك خۆیـان بپـارێزن لەهـەر شـتێك کەشـەهوەت بوروژێنـێ، خـۆ بپـارێزن لـە خۆڕازاندنـەوەو خـۆ بۆنخۆشـکردنو هەرشـتێك سەربکێـشێ بـۆ فیتنە.[٢]

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لاَ تَمْنَعُوا نِسَاءَكُمُ الْمَسَاجِدَ وَبُيُـوتُهُنَّ خَيْـرٌ لَهُـنَّ».[٣]

---

[١] متفق عليه: خ (٢/١٤٨/٦٦٢)، م (١/٤٦٣/٦٦٩).

[٢] فقه السنة: ١/١٩٣.

[٣] صحيح: (ص. د/٥٣٠)، د (٢/٢٧٤/٥٦٣)، حم (٥/١٩٥/١٣٣٣).

ئافرەتــەكانتان لــەوە مــەنع مەكــەن بـچنە مزگــەوت، مانــەوەيان لــە ماڵــەوەو نوێژكردنيان لەوێدا باشترە بۆيان.

لــە ئــەبو هــورەيرەوە ڕيوايــەتكراوە، گــوتی: پێغەمبــەر (درووودی خــودای لەسەر بێ) فـەرمووی: «أَيُّمَـا امْـرَأَةٍ أَصَـابَتْ بَخُـورًا فَـلاَ تَـشْهَدَنَّ مَعَنَـا الْعِـشَاءَ الآخِرَةِ».[1] هەر ئافرەتێك خـۆی بۆنخـۆش بكـاو عـەترو بخـور لـەخۆی بـدا بـا ئامادەی نوێژی خەوتنان نەبێ.

هـەر لـە ئـەوەوە دوبـارە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (درووودی خـودای لەسـەر بـێ) فەرمووی: «لاَ تَمْنَعُوا إِمَاءَ اللَّهِ مَسَاجِدَ اللَّـهِ وَلَكِـنْ لِيَخْـرُجْنَ وَهُـنَّ تَفِـلاَتٌ».[2] ئافرەتـان لەمزگەوتـەكانی خـودا مـەنع مەكـەن، بـەڵام بـا لـەماڵ دەربـچن بـۆ مزگەوت بەمەرجێك بۆنی خۆشيان لەخۆ نەدابێ.

نوێژكردنی ئافرەت لەماڵەوە باشترە تا لەمزگەوت

ئافرەت هەرچەندە بۆی ڕەوايە لەماڵـەوە دەربـچێ بـۆ نوێـژی جەماعـەت لەمزگەوت، بەڵام نوێژكردنی لەماڵی خۆيدا باشترە.

لـە ئوممـو حومـەيـدی (الـساعدی)يــەوە ڕيوايــەتكراوە: كــە هــاتووە بــۆلای پێغەمبەر (درووودی خودای لەسـەر بـێ) وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـودا! ئـەمن حەز دەكەم لەگەڵ جـەنابت نوێـژ بكـەم، پێغەمبـەر (درووودی خـودای لەسـەر بێ) فەرمووی: « قَدْ عَلِمْتُ أَنَّكِ تُحِبِّينَ الصَّلاَةَ مَعِي وَصَلاَتُكِ فِي بَيْتِكِ خَيْـرٌ لَـكِ مِنْ صَلاَتِكِ فِـي حُجْرَتِـكِ وَصَـلاَتُكِ فِـي حُجْرَتِـكِ خَيْـرٌ مِـنْ صَـلاَتِكِ فِـي دَارِكِ

---

[1] صحيح: (ص. ج/٢٧٠٢)، م (١/٣٢٨/٤٤٤)، د (٤١٥٧)/١١/٢٣١، ن (٨/١٥٤).

[2] حسن صحيح: (ص. د/٥٢٩)، د (٢/٢٧٣/٥٦١)، حم (٥/١٩٣/١٣٢٨).

وَصَلاَتُكِ فِي دَارِكِ خَيْرٌ لَكِ مِنْ صَلاَتِكِ فِي مَسْجِدِ قَوْمِكِ وَصَلاَتُكِ فِي مَسْجِدِ قَوْمِكِ خَيْرٌ لَكِ مِنْ صَلاَتِكِ فِي مَسْجِدِي ».[١]

بێگومان دەزانم کە تۆ حەزدەکەی نوێژ بەجەماعەت لەگەڵ مندا بکەی. وەڵێ نوێژکردنت لەماڵەوە باشترە بۆ تۆ لەوەی نوێژ لەحوجرەی خۆتدا بکەی، نوێژکردنت لەحوجرەی خۆتدا باشترە لەوەی نوێژ لەحەوشەی خۆتدا بکەی، نوێژکردنت لەحەوشەی خۆت باشترە لەوەی نوێژ لەمزگەوتی قەومی خۆتدا بکەی، نوێژکردنت لە مزگەوتی قەومەکەتدا باشترە لەوەی نوێژ بەجەماعەت لەگەڵ مندا بکەی.

ڕێو شوێنی چوون بۆ مزگەوت

لە ئەبو قەتادەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: لە کاتێکدا ئێمە لەخزمەت پێغەمبەردا خەریکی نوێژی بەجەماعەت بووین، لەپڕێکا غەڵبە غەڵبو دەنگە دەنگی کۆمەڵێ پیاومان بەرگوێ کەوت، جا کە پێغەمبەر لەنوێژەکەی بۆوە، فەرمووی: « مَا شَأْنُكُمْ؟» ئەوە بۆ واتان کرد؟ ئەو هەراو هوریایەتان لەچی بوو؟ وتیان: پەلەمان کرد فریای جەماعەت بکەوین، فەرمووی: (فَلاَ تَفْعَلُوا) نا وامەکەن «إِذَا أَتَيْتُمُ الصَّلاَةَ فَعَلَيْكُمْ بِالسَّكِينَةِ ، فَمَا أَدْرَكْتُمْ فَصَلُّوا وَمَا فَاتَكُمْ فَأَتِمُّوا».[٢] هەرکاتێ هاتن بۆ نوێژ لەسەرەخۆ بن و بەهێواشی وەرن، ئەوەندەی پێڕاگەیشتن بەجەماعەت نوێژەکەتان بکەن، ئەوەیشی فریانەکەوتن تەواوی بکەن.

لە ئەبو هورەیرەوە هاتووە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِذَا سَمِعْتُمُ الإِقَامَةَ فَامْشُوا إِلَى الصَّلاَةِ ، وَعَلَيْكُمْ بِالسَّكِينَةِ وَالْوَقَارِ

---

[١] حسن: حم (٥/١٩٨/١٣٣٧)، خ (٣/٩٥/١٦٨٩).

[٢] متفق عليه: خ (٢/١١٦/٦٣٥)، م (١/٤٢١/٦٠٣).

وَلاَ تُسْرِعُوا ، فَمَا أَدْرَكْتُمْ فَصَلُّوا وَمَا فَاتَكُمْ فَأَتِمُّوا».[١] هەرکاتێك گوێتان لەقامەتکردن بوو، بڕۆن بۆ نوێژی جەماعەت، لەسەرەخۆو بەویقار بن پەلە مەکەن، ئەوەندەی پێراگەیشتن لەگەڵ پێشنوێژ نوێژ بەجەماعەت بکەن، ئەوەی فەوتابوو لێتان تەواوی بکەن.

لە کەعبی کوڕی عوجرە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِذَا تَوَضَّأَ أَحَدُكُمْ فَأَحْسَنَ وُضُوءَهُ ثُمَّ خَرَجَ عَامِدًا إِلَى الْمَسْجِدِ فَلاَ يُشَبِّكَنَّ بَيْنَ أَصَابِعِهِ فَإِنَّهُ فِي صَلاَةٍ».[٢] هەرکاتێك یەکێك لەئێوە دەستنوێژی گرت بەڕێکوپێکی، پاشان بەرەو مزگەوت بەڕێ کەوت بۆ نوێژی جەماعەت با پەنجەکانی تێك نەپەڕێنێ، چونکە ئەو وا حیساب دەکرێ ئەوماوەیە لەنوێژدایە.

ذیکرو دوعای ئەو کاتەی لەماڵ دەردەچی

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ قَالَ - يَعْنِي إِذَا خَرَجَ مِنْ بَيْتِهِ - بِسْمِ اللَّهِ تَوَكَّلْتُ عَلَى اللَّهِ لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللَّهِ. يُقَالُ لَهُ: هديت وَكُفِيتَ وَوُقِيتَ. وَتَنَحَّى عَنْهُ الشَّيْطَانُ».[٣] کەسێك کە لەماڵ دەردەچێ بۆ نوێژی جەماعەت، وتی بەناوی خوداو پشت بەخودا دەبەستم‌و هیچ هێزو توانایەك نیە کاراو کاریگەر بێ مەگەر بەهێزو توانای خودا، ئیتر پێی دەگوترێ هیدایەت دراوی، بەشی خۆت درایە، پارێزراوی، شەیتانیش لێی دەتەکێتەوە.

---

[١] متفـق عليـه: خ (٢/١١٧/٦٣٦)، وهـذا لفظـه، م (١/٤٢٠/٦٠٢)، د (٢/٢٧٨/٥٦٨)، ت (١/٢٠٥/٣٢٦)، ن (٢/١١٤)، جه (١/٢٥٥/٧٧٥).

[٢] صحيح: (ص. ت/٣١٦)، ت (١/٢٣٩/٣٨٤)، د (٢/٢٦٨/٥٥٨).

[٣] صحيح: (ص. ت/٣١٦)، ت (١/٢٣٩/٣٨٤)، د (٢/٢٦٨/٥٥٨).

له ئیبنو عەبباسەوە ریوایەتکراوە: کە شەوێك لای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نوستووە...... وەصفی شەونوێژی پێغەمبەری کرد چۆنی ئەنجام داوە، پاشان وتی: بانگدەر بانگی داو پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بۆ بەجێهێنانی نوێژی بەجەماعەت لەماڵ دەرچوو بەدەم ڕێگاوە دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ اجْعَلْ فِي قَلْبِي نُورًا وَفِي لِسَانِي نُورًا وَاجْعَلْ فِي سَمْعِي نُورًا وَاجْعَلْ فِي بَصَرِي نُورًا وَاجْعَلْ مِنْ خَلْفِي نُورًا وَمِنْ أَمَامِي نُورًا وَاجْعَلْ مِنْ فَوْقِي نُورًا وَمِنْ تَحْتِي نُورًا. اللَّهُمَّ أَعْطِنِي نُورًا»[1] خودایە دڵم نورانی بکە، زوبانم نورانی بێ، نور بخەرە گوێچکەمەوە، چاوم ڕۆشنا بکە، خودایە: دواوەم بکە بەروناکی، پێشەوم روناکی بێ، نورو روناکی بخەرە لای سەروم، لای ژێرەوەم نورانی بێ، خودایە بەنورو روناکی داپۆشەو هەموو لایەکم نورو ڕەحمەت بێو بەهەموو شێوەیەك نورو ڕەحمەتم پێ ببەخشە.

ذیکرو نزای کاتی چوونە ناو مزگەوت

له عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی (العاص)ەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کاتێك دەچووە ناو مزگەوت دەیفەرموو: «أَعُوذُ بِاللَّهِ الْعَظِيمِ وَبِوَجْهِهِ الْكَرِيمِ وَسُلْطَانِهِ الْقَدِيمِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ». پەنادەگرم بەخودای گەورەو شکۆمەند، بەزاتی بەرزو بێ هاوتای، بە دەسەڵاتی ئەزەلیو بێ کۆتایی ئەوزاتە پەنادەگرم لەشەیتانی نەفرین لێ کراوو دوورخراوە لە ڕەحمەت.

لە فاطیمەی کچی پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێ) هاتووە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەچووە ناو مزگەوتەوە، دەیفەرموو: «بِسْمِ اللَّهِ وَالسَّلَامُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذُنُوبِي وَافْتَحْ لِي

---

[1] صحيح (مختصر م/٣٧٩)، م (٧٦٣ – ١٩١/١/٥٣٠)، د (١٣٤٠/٢٣٠/٤).

أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ». (بەناوی خوداو سڵاو لە پێغەمبەری خودا، خودایە لەتاوانم خۆشبە، دەرگای ڕەحمەتی خۆتم لێ بکەرەوە) کە لەمزگەوتیش دەردەچوو دەیفەرموو: «بِسْمِ اللّٰهِ وَالسَّلَامُ عَلَى رَسُولِ اللّٰهِ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذُنُوبِي وَافْتَحْ لِي أَبْوَابَ فَضْلِكَ».[١] بەناوی خوداو سڵاو لە پێغەمبەری خودا، خودایە لێم خۆشبە، دەرگای فەضڵو بەخششی خۆتم بۆ واڵا بکە.

نوێژی (تحیة المسجد)

هەرکاتێك موسوڵمان چووە ناو مزگەوتەوە پێویستە لەسەری پێش ئەوەی دابنیشێ دوورکات نوێژبکا.

لە ئەبو قەتادەوە ڕیوایەتکراوە، گوتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمُ الْمَسْجِدَ فَلاَ يَجْلِسْ حَتَّى يُصَلِّيَ رَكْعَتَيْنِ».[٢] ئەگەر یەکێك لەئێوە چووە ناو مزگەوتەوە با دانەنیشێ تا دوورکات نوێژ دەکا.

کەوتم: پێویستە لەسەر ئەوکەسەی دەچێتە ناو مزگەوتەوە دوورکات نوێژبکاو نەمگوت سوننەتە، ئەوە بەپێی ظاهیری فەرمانەکەی پێغەمبەرە (دروودی خودای لەسەر بێ) هیچ قەرینەیەکیش نیە فەرمانەکە لە ظاهیری خۆی لادا. جگە لەو حەدیثەی طەلحەی کوڕی عوبەیدیلا ڕیوایەتی کردوە، کە عەرەبێکی دەشتەکی سەروقژ ژاکاو هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خودا! پێم بڵێ: چیم لەسەر پێویستە لەنوێژ؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی:

---

[١] صحيح: (ص. جه/٦٢٥)، جه (١/٢٥٣/٧٧١)، ت (١/١٩٧/٣١٣).

[٢] متفق عليه: لەوەپێش تەخریج کراوە.

«الصَّلَوَاتِ الْخَمْسَ ، إِلاَّ أَنْ تَطَوَّعَ شَيْئًا».[١] پێـنج نوێـژ مەگەر بە تـەطەوع نوێژی تر بکەی.

(لەوەدا ئەگەر ئەم حەدیثە بکرێتە بەڵگەی ئەوە کە نوێـژی چوونە نـاو مزگەوت واجب نیەو سوننەتە، تێبینی هەیە لەلام؛ چونکە ئەوەی لەسەرەتای فێرکردندا واقیع دەبێو ئاراستە دەکرێ، نابـێ پـشتی پـێ ببەسـترێو بکرێتـە بەڵگە بۆ لادانی دەقێکی تر - کە لەوەدوا دێ - لەمانای ظاهیری خـۆی. ئـەگینا پێویست دەبـێ تێکـڕای واجبـاتی شـەرعی کـورت هـەڵبێنین لـەو پێـنج شـتەی باسـیان کـرا، ئـەمـەش پێـچەوانەی کـۆڕای زانایـانی شـەرعە، پوچـاندنەوەی زۆرینەی شەریعەتە، حەقو راستی ئەوەیـە دەلیـلو بەڵگەی پاشین (متـأخر) وەربگیرێو کاری پـێ بکرێ ئەگـەر بـە مەوریـدێکی صـەحیح واردبـێ، چـی لێ وەردەگیرێ لە (وجوبو نەدبو شتی وا) کاری پێ بکرێ، هەڵبەتـە مەسـەلەکە خیلافیو راجیایی تێدایە ئەمەش رای پەسەندو راجیحە.[٢]

★ ئەوەی جەخت لەسەرئەوە دەکاتـەوە کـە نوێـژی چوونە نـاو مزگـەوت واجبـە، ئەوەیـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) فـەرمانی بـەکردنی فەرمووە تەنانەت لەوکاتەشدا کە ئیمام وتاری نوێژی هەینی دەدا.

لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە هـاتووە دەڵێ: پیاوێـك هـات بـۆ مزگـەوتو پێغەمبەر وتاری رۆژی جومعەی دەدا، فـەرمووی: «أَصَـلَّيْتَ يَـا فُـلاَنُ». ئـەرێ فلاّن نوێژت کرد؟ وتی: نەخەیر، فەرمووی: «قُمْ فَـارْكَعْ» هەڵسە نوێژەکـەت بکە.[٣]

---

[١] متفق عليه: (لەوەپێش لەسەرەتای باسی نوێژدا ئاماژەی پێکرا).

[٢] نيل الأوطار/١/٣٦٤.

[٣] متفـــــق عليــــــه: خ(٣٩٠/٢/٤٠٧)، م(٨٧٥/٢/٥٩٦)، د(١١٠٢/٤/٤٦٤)، ت(٥٠٨/٢/١٠)، جة(١١١٢١/٣٥٣)، ن(٣/١٠٧).

ئەگەر نوێژی چوونە مزگەوت (تحية المسجد) لەهەر بارودۆخێكدا رێگای ئەوە ببوایە وازی لێ بهێندرێ، دەبوایە لەكاتی خوێندنـەوەی خـوطبـەی رۆژی هەینیدا تەرك بكرایە. چونكە كابرا كەهاتبوو بۆ مزگـەوت دانیـشتبوو كـاتی ئەنجامدانیـشی پـێش دانیـشتنە، كـابراش حـوكمی ئـەو نوێـژەی نـەدەزانی، پێغەمبـەریش كـەدیتی كـابرا نوێژەكـەی نـەكردو دانیـشت، وتارەكـەی بـڕیو فەرمانی پێ كرد بـەوە هەڵسێ نوێـژی (تحيـة المـسجد) بـەجێ بهێنـێ. ئەگـەر پابەندبوون بە ئەنجامدانی ئەو نوێژە ئەوەندە گرنگ نەبوایەو هـەموو كاتـێ واجب نەبوایـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) ئەوەنـدە گرنگـی پـێ نەدەدا.[1]

ئەگەر قامەت بۆ نوێژی فەرزكرا نوێژی تر ناكرێ

لە ئەبو هورەیرەوە گێڕدراوەتەوە: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسـەر بێ) فەرموویـەتی: (إِذَا أُقِيمَتِ الصَّلاَةُ فَلاَ صَـلاَةَ إِلاَّ الْمَكْتُوبَـةَ). كـە قامـەت بـۆ نوێژی فەرزكرا، ئیتر جگە لەنوێژی فەرز نوێژی تـر ناكرێ.

لـە مـالیكی كوڕی بوحەینـەوە ڕیوایـەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسـەر بـێ) پیـاوێكی بینـی لـەكاتی قامـەتو نوێـژ دابەسـتنی فـەرزدا دووركات نوێژی سوننەتی دەكرد، جـا كـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێ) سڵاوی دایەوەو لەشوێنی خـۆی هەڵسا، خەڵكەكـە دەورەیانـدا، پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) بـەكابرای فـەرموو: « الـصُّبْحَ أَرْبَعًـا؟!».[2] یـان «الصُّبْحُ أَرْبَعًا؟!» ئەوە نوێژی بەیانی چوار ركاتە؟! واتە: بەكاری كابرا ناڕازی بوو.

---

[1] مسلم بشرح النووي (٥/٢٢٦).

[2] متفق عليه: خ(٦٦٣/١٤٨/٢) وهذا لفظه، م(٧١١/٤٩٣/١).

گەورەیی پێڕاگەیشتنی نوێژ دابەستنی ئیمام

لـە ئەنەسـەوە ڕیوایـەتکراوە، گوتویـەتی: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ صَلَّى لِلَّهِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا فِي جَمَاعَةٍ يُدْرِكُ التَّكْبِيرَةَ الأُولَى كُتِبَتْ لَهُ بَرَاءَتَانِ بَرَاءَةٌ مِـنَ النَّـارِ وَبَـرَاءَةٌ مِـنَ النِّفَـاقِ»[1]: کەسێك لەبـەرخاتری ڕەزامەنـدی خـودا چـل ڕۆژ نوێـژە فـەرزەکان بەجەماعـەت بکـاو لەهـەموو نوێژێکی دا فریای (الله أكبر)ی نوێـژ دابەسـتنی ئیمـام بکەوێ دوو ڕزگـاربونو بەرائەتی بۆ دەنووسرێ، ڕزگاربوون لەئاگر، ڕزگاربوون لەدووڕویی.

کەسێك هاتە مزگەوتو ئیمام لەنوێژ بوبووەوە

لە سەعیدی کوڕی (الْمُسَيِّبَ)ەوە ڕیوایـەتکراوە، گـوتی: پیـاوێکی ئەنـصاری کەوتـە حاڵـەتی نزیـك گیـان دەرچـوونەوە، لەوکاتـەدا بەوکەسـانەی گـوت کـە لەدەوروبەری بوون، ئەمن حەدیسێکتان بۆ دەگێڕمـەوە، تـەنها بۆیـەش بۆتـان دەگێڕمەوە پاداشی خودام دەستگیر بێ. لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو: «إِذَا تَوَضَّأَ أَحَدُكُمْ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ ثُمَّ خَرَجَ إِلَى الصَّلاَةِ لَمْ يَرْفَعْ قَدَمَهُ الْيُمْنَى إِلاَّ كَتَـبَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ لَهُ حَسَنَةً وَلَمْ يَضَعْ قَدَمَهُ الْيُسْرَى إِلاَّ حَطَّ اللَّهُ عَـزَّ وَجَـلَّ عَنْـهُ سَـيِّئَةً فَلْيُقَرِّبْ أَحَدُكُمْ أَوْ لِيُبَعِّدْ فَإِنْ أَتَى الْمَسْجِدَ فَـصَلَّى فِـي جَمَاعَـةٍ غُفِـرَ لَـهُ فَـإِنْ أَتَـى الْمَسْجِدَ وَقَدْ صَلَّوْا بَعْضًا وَبَقِيَ بَعْضٌ صَلَّى مَا أَدْرَكَ وَأَتَمَّ مَا بَقِيَ كَانَ كَـذَلِكَ فَـإِنْ أَتَى الْمَسْجِدَ وَقَدْ صَلَّوْا فَأَتَمَّ الصَّلاَةَ كَانَ كَذَلِكَ»[2]:

ئەگەر یەکێك لەئێوە دەسـتنوێژی گـرت بـەجوانیو ڕێـكو پێکـی، پاشـان بەرەو مزگەوت لەماڵ دەرچوو بە مەبەستی نوێـژی بەکۆمـەڵ، قاچـی ڕاسـتی بەرزناکاتـەوە ئـیللا خـودای مـەزن چاکەیەکی بـۆ دەنووسـێ، قاچـی چـەپی

---

[1] حسن: (ص.ت/٢٠٠)، ت(٢٤١/١٥٢/١).

[2] صحيح: (ص.د/٥٢٧)، د(٥٥٩/٢٧٢/٢).

هەڵناهێنێتەوە ئیللا خراپەو تاوانێکی لێ هەڵدەوەرێ، جا باشوێنەکەی لەمزگەوت نزیك بکاتەوە یان دووری بخاتەوە، جا ئەگەر هاتە مزگەوتو بەجەماعەت نوێژی کرد ئەوە لێخۆشبوونی خودای بۆ دەستەبەر دەبێ، ئەگەر هاتە مزگەوتو خەڵکەکە هەندێ لەنوێژەکەیان ئەنجام دابوو هەندێکیان مابوو، ئەوەندەی پێراگەیشت لەگەڵ ئەواندا نوێژەکە بەجەماعەت دەکاو ئەوی تری بەتەنیا تەواو دەکا، لەم حاڵەشدا لێخۆشبوونی خودای بۆ دەستەبەر دەبێ، خۆ ئەگەر گەیشتە مزگەوتو خەڵکەکە نوێژیان کردبوو، بۆ خۆی نوێژی بەتەنیا کرد، ئەویش هەر هەمان پاداشی دەدرێتێ.

لە ئەبو هورەیرەوە هاتووە، دەڵێ: پێغەمبەر فەرمووی: «مَنْ تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ وُضُوءَهُ ثُمَّ رَاحَ فَوَجَدَ النَّاسَ قَدْ صَلَّوْا أَعْطَاهُ اللَّهُ جَلَّ وَعَزَّ مِثْلَ أَجْرِ مَنْ صَلاَّهَا وَحَضَرَهَا لاَ يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ أَجْرِهِمْ شَيْئًا».[1] کەسێك بەجوانیو رێكو پێکی دەستنوێژی شت، پاشان چوو بۆ مزگەوت روانی خەڵکەکە لەنوێژ بوونەوەو ئەم فریانەکەوت، خودا خێری ئەوانەی پێ دەبەخشێ: کە ئامادەی جەماعەت بوونو نوێژیان بەکۆمەڵ کردوە، هیچیش لەخێری ئەوان کەم نابێتەوە.

چوونە ناو نوێژ لەگەڵ ئیمام بەهەرشێوەیەك بێ

لە عەلی کوڕی ئەبو طالیبو موعازی کوڕی جەبەلەوە ریوایەتکراوە، وتوویانە: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِذَا أَتَى أَحَدُكُمُ الصَّلاَةَ وَالإِمَامُ عَلَى حَالٍ فَلْيَصْنَعْ كَمَا يَصْنَعُ الإِمَامُ».[2] ئەگەر یەکێك لەئێوە

---

[1] صحيح: (ص.د/٥٢٨) ، د(٥٦٠/٢/٢٧٢)، ن(٢/١١١).

[2] صحيح: (ص.ت/٤٨٤) ، (ص.ج).

هات بۆ ئەنجامدانی نوێژی جەماعەتو ئیمام لەنوێژدابوو با یەکسەر نوێژ دابەستێو وەکوو ئیمام بکا.

کەی نوێژکەر واحیساب دەکرێ فریا رکاتێك کەوتووە؟

لە ئەبو هورەیرەوە گێڕدراوەتەوە دەڵێ: پێغەمبەر فەرمووی: «إِذَا جِئْتُمْ إِلَى الصَّلاَةِ وَنَحْنُ سُجُودٌ فَاسْجُدُوا وَلاَ تَعُدُّوهَا شَيْئًا وَمَنْ أَدْرَكَ الرَّكْعَةَ فَقَدْ أَدْرَكَ الصَّلاَةَ». [1] ئەگەر هاتن بۆ بەجێهێنانی نوێژی جەماعەتو ئێمە چووبووینە سوژدە، ئێوەش نوێژ دابەستنو بچنە سوژدە، بەلام بەرکاتی حسێب مەکەن، هەرکەسێ فریابکەوێ لەگەڵ ئیمامدا بچێتە روکوع ئەوە فریای رکات کەوتووە.

کەسێك نەچێتە ریزەوەو روکوع بەرێ

لەئەبو بەکرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: چووم بۆ جەماعەتکردن لەگەڵ پێغەمبەردا، کە گەیشتمەجێ، پێش ئەوەی بچمە ناو ریزی نوێژکەرانەوە روکوعم برد، دوایی ئەم حالەم بۆ پێغەمبەر باسکرد، فەرمووی: « زَادَكَ اللَّهُ حِرْصًا وَلاَ تَعُدْ ». [2] خودا پتر حەریصت بکا لەسەر ئەنجامدانی ئەرکەکانی ئایین. جارێکی تر ئەم کارەت دوبارە مەکەرەوە.

لە عەطائەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: گوێم لێ بوو ئیبنو زوبەیر لەسەر مینبەر وتاری دەداو دەیفەرموو: موسوڵمانینە ئەگەر یەکێك لەئێوە هاتە مزگەوتو خەڵکەکە لەنوێژدابوونو چووبوونە روکوع، با ئەویش خێرا نوێژ دابەستێو بچێتە روکوع، بۆئەوەی داخڵی جەماعەتەکە بێ، پاشان

---

[1] صحيح: (ص.ج/٤٦٨) ، د(٨٧٥/١٤٥/٣).

[2] صحيح: (ص.ج/٣٥٦٥) ، خ(٧٨٣/٢٦٧/٢)، د(٦٧٠٦٩/٣٧٨/٢)، ن(٢/١١٨).

لەنوێژەکەیدا هەنگاو هەڵنێ بۆئەوەی بچێتە ریزەوە بێگومان ئەوە سوننەتەو پەیڕەوکردنی پێغەمبەرە.[١]

لەزەیدی کوڕی وەهبەوە هاتووە، دەڵێ: لەگەڵ عەبدوڵڵا (واتە ئیبنو مەسعود)دا لەماڵەوە دەرچووین بۆ مزگەوت، کە گەیشتنە ناو مزگەوت ئیمام چووە روکوع، ئیتر عەبدوڵڵا خێرا (الله أكبر)ی کردو چووە روکوعو منیش لەگەڵیدا چوومە روکوع، پاشان کە لەروکوع سەریان بەرزکردەوە هەنگاومان هەڵێنایەوە هەتا چووینە ریزی نوێژکەرانەوە، جا کە ئیمام سلاوی دایەوەو نوێژ تەواو بوو، ئەمن هەڵسامەوە پێم وابوو نوێژەکەم تەواو نەبوو، عەبدوڵڵا دەستی گرتمو داینیشاندمەوە، پاشان فەرمووی: ئەتۆ فریا نوێژەکەت کەوتویو نوێژەکەت تەواوە.[٢]

واباشە ئیمام نوێژ درێژنەکاتەوە

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ لِلنَّاسِ فَلْيُخَفِّفْ فَإِنَّ فِيهِمُ الضَّعِيفَ وَالسَّقِيمَ وَالْكَبِيرَ وَإِذَا صَلَّى لِنَفْسِهِ فَلْيُطَوِّلْ مَا يَشَاءَ».[٣]: ئەگەر یەکێك لەئێوە پێشنوێژی بۆ موسوڵمانان کرد، با نوێژەکە درێژنەکاتەوەو گرانی نەکا، چونکە نوێژکەرەکانی لاوازو نەخۆشو پیرو کەنەفتیان تێدایە، کەسێکیش بەتەنیا بۆ خۆی نوێژی کرد، با چەندێك دەتوانێو ئارەزوی لێیە نوێژەکەی درێژبکاتەوە.

---

[١] صحيح الأسناد: (الصحيحة/٢٢٩).

[٢] صحيح (الصحيحة/٢/٥٢)، هق: (٢/٩٠).

[٣] متفق عليه: خ(٢/١٩٩/٧٠٣) وهذا لفظه م(١/٣٤١/٤٦٧)، د(٣/١١/٧٨٠)، ت(١/١٥٠/٢٣٦)، ن(٢/٩٤).

واباشه ئیمام رکاتی یەکەم درێژ بکاتەوە

لـە ئـەبو سـەعیدەوە هـاتووە، گوتویـەتی: (نوێـژی نیـوەڕۆ بەجەماعـەت دادەبەسـترا، کـابرا دەڕۆیـی بـۆ بـەقیعو سـەرئاوی خـۆی دەکـردو دەسـتنوێژی دەگـرت، پاشـان دەهـات بـۆ جەماعـەت، هێـشتا پێغەمبـەری خـودا لـەرکاتی یەکەمی نوێژەکەدا بوو، ئەمە لەو نوێژانەیدا کە درێژی دەکردنەوە.[1]

پێویستە شوێن ئیمام بکەویو لێی پێش نەکەوی

لـە ئەنەسـەوە هـاتووە: کـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) فـەرمووی: «إِنَّمَا جُعِلَ الإِمَامُ لِيُؤْتَمَّ بِهِ فَإِذَا كَبَّرَ فَكَبِّرُوا وَإِذَا سَجَدَ فَاسْجُدُوا وَإِذَا رَفَعَ فَارْفَعُوا».[2] ئیمام بۆیەیە مەئمومی چاوی لێ بکاو شوێنی بکەوێ، جا کە (الله أکبر)ی نوێژ دابەستنی کرد ئێومیش (الله أکبر) بکەن کەچووە سوژدەی ئێوەیش بچنە سوژدە، کە هەڵسایەوە، ئێومیش هەڵسنەوە.

لـە ئـەبو هـورەیرەوە هـاتووە: پێغەمبـەر (درووی خـودای لەسـەر بـێ) فەرمووی: « أَمَا يَخْشَى أَحَدُكُمْ إِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ قَبْلَ الإِمَامِ أَنْ يَجْعَلَ اللَّهُ رَأْسَهُ رَأْسَ حِمَارٍ أَوْ يَجْعَلَ اللَّهُ صُورَتَهُ صُورَةَ حِمَارٍ».[3]: ئایا یـەکێ لـەئێوە کە لـەپێش ئیمامدا سەر بەرزدەکاتەوە ناترسێ خودا سـەری بکاتـە سـەری گوێدرێـژ؟ یـان روخساری بکاتە روخساری گوێدرێژ.؟!

---

[1] صحيح: (ص.ن/٩٣٠) ، م(١/٣٣٥/٤٥٤)، ن(٢/١٦٤).

[2] متفـــق عليـــه: خ(٢/١٨٢/٦٩١)، م(١/٣٢٠/٤٢٧)، د(٢/٢٣٠/٦٠٩)، ت(٢/٤٨/٥٧٩)، ن(٢/٩٦)، جة(١/٣٠٨/٩٦١).

[3] متفق عليه: خ(٢/١٨٢/٦٩١)، م(١/٣٢٠/٤٢٧)، د(٣٣٠/٦٠٩).

کێ شیاوی ئەوەیە ببێتە پێشنوێژ!

لە ئیبنو مەسعودی ئەلئەنصارییەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « يَؤُمُّ الْقَوْمَ أَقْرَؤُهُمْ لِكِتَابِ اللَّهِ فَإِنْ كَانُوا فِي الْقِرَاءَةِ سَوَاءً فَأَعْلَمُهُمْ بِالسُّنَّةِ فَإِنْ كَانُوا فِي السُّنَّةِ سَوَاءً فَأَقْدَمُهُمْ هِجْرَةً فَإِنْ كَانُوا فِي الْهِجْرَةِ سَوَاءً فَأَقْدَمُهُمْ سِلْمًا وَلاَ يَؤُمَّنَّ الرَّجُلُ الرَّجُلَ فِي سُلْطَانِهِ وَلاَ يَقْعُدْ فِي بَيْتِهِ عَلَى تَكْرِمَتِهِ إِلاَّ بِإِذْنِهِ».[1] هەرکاتێ موسوڵمانان کۆبوونەوە بۆ نوێژی جەماعەت، کێ زیاتر قورئانی لەبەربێو باشتری بخوێنێ ئەوە دەبێتە پێشنوێژ، جا ئەگەر لە قورئان لەبەربوونو باش خوێندنیدا یەکسان بوون، کێیان لە سوننەتدا زانابوو ئەو دەبێتە پێش نوێژ، خۆ ئەگەر لەزانیاری بەسوننەت وەکوو یەك بوون، کێ زووتر کۆچی کردبێ بۆ مەدینە دەبێتە پێشنوێژ، کە لەکۆچکردنیشدا هاوشان بوون ئەوە کێیان بەتەمەنتربوو دەبێتە ئیمامیان. نابێ کەس لە قەڵەمڕەوی کەسدا ئیمامەت بکا، (واتە: نابێ بەبێ ئیزن ئیمامێك لەشوێنی ئیمامێکی تر پێشنوێژی بکا) نابێ کەس لەجێگەی خاوەن ماڵ دانیشت، مەگەر خاوەن ماڵ داوای لێ بکاو ڕێی پێ بدا.

ئەم حەدیثە ئەوە دەگەیەنێ: کە خاوەن ماڵو پێشنوێژی فەرمیو تەعین کراوو هاوشێوەیان لەکەسانی دیکە شیاوترن بۆ ئیمامەتکردن مەگەر بۆ خۆیان ڕێگە بدەنو لەمافی خۆیان تەنازول بکەن. ئەمەش فەرموودەکەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کە فەرموویەتی: «لاَ يَؤُمَّنَّ الرَّجُلُ الرَّجُلَ فِي سُلْطَانِهِ وَلاَ يَقْعُدْ فِي بَيْتِهِ عَلَى تَكْرِمَتِهِ إِلاَّ بِإِذْنِهِ».

---

[1] صحيح: (مختصر م/٣١٦) ، م(٦٧٣/٤٦٥/١)، ت(٢٣٥/١٤٩/١)، د(٥٧٨/٢٨٩/٢)، ن(٢/٧٦)، جة(٩٨٠/٣١٣/١) وعندهم (فان كانوا في الحجرة سواء فاكثرهم سنا).

پێشنوێژی کردنی منداڵ

لـه عـەمری کـوڕی سـەلەمەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: کـە فـەتحی مەککـە ئەنجام درا هەموو هۆزو خێڵەکان پێشبڕکێیان کـرد بـۆ موسـوڵمانبوون، بـاوکم هۆزەکەی خـۆی هـەڵنا بـۆ ئیمانهێنـانو موسـوڵمان بـوون، جـا کەهاتـە ناویـان وتی: سوێندم بەخودا ئێستا لەخزمەت پێغەمبەرەوە دێم بۆ لای ئێوە، ئەمجار پێی وتن: فلان نوێژ لەفلان کاتدا بەجێ بێنن، فلان نوێـژیش لـە فلان کاتـدا بکەن، هەرکاتێ وەختی نوێژهات بـا یـەکێکتان بـانگ بـدا، ئـەمجار کێتـان پـتر قورئانی لەبەرە ئەو ببێتە پێشنوێژتان، جا خەڵکەکە ڕوانییان، کەسیان لەمن قورئـانی زۆرتـر لەبەرنیـە، چـونکە مـن لـەوەپێش لەڕێگـەی کـاروانیو ڕێبوارانـەوە فێـری قورئـان ببـووم ئـیتر لەبەرئـەوە منیـان خـستە پـێش خۆیانەوە بـۆ ئیمامـەت کـردن، ئـەمن ئەوکاتـە تەمـەنم شـەش حـەوت سـاڵانە بوو.[1]

دروستە ئەوکەسەی نوێژی فەرزەکا ئیقتیدا بەکەسێکەوە بکا کەنوێژی سوننەت دەکاو بە پێچەوانەشەوە

لە جابیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە معازی کوڕی جەبـەل لەگـەڵ پێغەمبـەردا نوێژی دەکردو دوایی دەگەڕایەوە پێشنوێژی بۆ قەومەکەی دەکرد؟[2]

لە یەزیدی کوڕی (الأسود)ەوە ڕیوایـەتکراوە، کـە لەخزمـەت پێغەمبـەردا نوێـژی بـەجێهێناوە، لەوکاتـەدا ئـەو گـەنجێکی مێرمنـداڵ بـووە، جـا کـە لەنوێژەکـە بوونـەوە ڕوانییـان دوو پیـاو لـە سوچـێکی مزگەوتـدا هاوبەشـی خەڵکەکەیان نەکردبوو، پێغەمبەر بانگی لێ کردن، بە پەشۆکاویو لەرزە لەرز هاتن، فـەرمووی: بۆچـی لەگـەڵ ئێمـەدا نوێـژتان نـەکرد؟ وتیـان: ئێمـە لـەناو

---

[1] صحيح: (ص.ن/٧٦١) ، خ(٤٣٠٢/٢٢/٨)، د(٥٨١/٢٩٣/٢)، ن(٨٠/٢).

[2] صحيح: (مختصر خ/٣٨٧)، خ(٧٠٠/١٩٢/٢)، م(٤٦٥/٣٣٩/١)، د(٧٧٦/٤/٣).

هۆبەو بارگەنەو کاروانەکەی خۆماندا نوێژمان کردوە، فەرمووی: جارێکی تـر وامەکەن، ئەگەر وا رێکەوت یـەکێ لـەئێوە لـەناو هۆبـەی خۆیـدا نوێـژی کـرد، دووایی هات دیتی ئیمام نوێژی نەکردوە با لەدواوەی نوێژەکەی بە جەماعەت بکاتەوە، ئەوە بۆی بەنوێژی زێدەو سوننەت دەژمێردرێ.[1]

ئیقتیداکردنی موقیم بە سەفەریو بە پێچەوانەشەوە

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، وتی: باوکم (عومـەری کوڕی خـەتاب) پێشنوێژی بۆ دانیشتوانی مەککە کرد نوێژەکە نوێژی نیوەڕۆ بوو، دوو رکاتی کـردنو سـڵاوی دایـەوەو بـە نوێژکـەرەکانی دوا خـۆی گـوت: ئێـوە ئـەی دانیشتوانی مەککە نوێژی خۆتان بەتەواوی بکەن ئێمە سەفەرین.[2]

ئەگەر سەفەری لەپاش پێشنوێژیکەری موقیمەوە نوێژی کرد دەبێ نوێژەکەی تەواوبکا بە قەصر نەیکا

موسای کوڕی سەلەمەی هوزەلی دەڵێ: پرسیارم لـە ئیبنـو عـەبباس کـرد ئەگەر لەمەککە بوومو لەگەڵ ئیمامدا بە جەماعەت نوێژم نەکرد چۆن نوێـژ بکەم؟ لەوەڵامدا فەرمووی دوو ڕکات بکە ئەوە سوننەتی پێغەمبەرە (دروودی خودای لەسەر بێ).[3]

لـە ئـەبو میجلـەزەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: بـە ئیبنــو عومــەرم گـوت (سەفەریی وادەبێ فریای دوورکات نوێـژی جەماعـەت دەکـەوێ کـە دانیـشتوان دەیکەن، ئایا دوورکاتەکە کیفایەتە یان وەکوو ئەوان نوێژەکەی بەتەواوی بکا؟

---

[1] صحيح: (ص.د/٥٣٨) ، د(٥٧١/٢٨٣/٢)، ت(٢١٩/١٤٠/١)، ن(٢/١١٢).

[2] صحيح (الارناؤوط في تحقيق جامع الاصول ٧٠٨/٥) مصنف عبدالرزاق/٤٣٦٩.

[3] صحيح (الإرواء/٥٧١)، (٦٨٨/٤٧٩/١)، ن(٣/١١٩).

له وەڵامدا ئیبنو عومەر زەردەخەنەیەکی کردو فەرمووی: وەکوو ئەوان دەبێ نوێژ بکا، نابێ بە قەصر بیکا.[1]

ئیمام بەدانیشتنەوە نوێژبکا دەبێ مەئمومی‌یەکانیشی بەدانیشتنەوە نوێژی لەگەڵ بکەن

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، فەرمووی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەماڵەوە نوێژی کرد نەخۆش بوو، نەیتوانی بەپێوە بوەستێ بەدانیشتنەوە نوێژی کرد، کۆمەڵێك خەڵك لەدواوەی بەپێوە نوێژیان کرد، ئاماژەی بۆکردن کە ئەوانیش دانیشتن وەکوو ئەو نوێژەکەیان بکەن. جا کە سلاوی دایەوە فەرمووی: «إِنَّمَا جُعِلَ الإِمَامُ لِيُؤْتَمَّ بِهِ ، فَإِذَا رَكَعَ فَارْكَعُوا ، وَإِذَا رَفَعَ فَارْفَعُوا ، وَإِذَا صَلَّى جَالِسًا فَصَلُّوا جُلُوسًا».[2] ئیمام بۆ ئەومیە چاوی لێ بکرێو پەیڕەوی بکرێ، جا کەئەو چووە روکوع ئێوەش بچنە روکوع کە هەڵسایەوە ئێوەش هەڵسنەوە، ئەگەر ئیمام نەیتوانی بەپێوە رابوەستێو بەدانیشتنەوە نوێژی کرد ئێوەش وەکوو ئەو بەدانیشتنەوە نوێژبکەن.

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەسەر ئەسپێك کەوتە خوارەوە لای راستی روشا برێکی پێستی جەستەی داماڵدرا، چووینە خزمەتی بۆ ئەحواڵ پرسی، کاتی نوێژهات، پێشنوێژی بەدانیشتنەوە بۆ کردین ئێمەیش لەدواویەوە بەدانیشتنەوە نوێژمان کرد، جا کەنوێژ تەواو بوو فەرمووی: « إِنَّمَا جُعِلَ الإِمَامُ لِيُؤْتَمَّ بِهِ فَإِذَا كَبَّرَ فَكَبِّرُوا وَإِذَا سَجَدَ فَاسْجُدُوا وَإِذَا رَفَعَ فَارْفَعُوا وَإِذَا قَالَ سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ. فَقُولُوا رَبَّنَا

---

[1] صحيح الإسناد (الإرواء/٢٢) هق (٣/١٥٧).

[2] متفق عليه: خ(٦٨٨/٢/١٧٣)، م(٤١٢/١/٣٠٩)، د(٥٩١/٢/٣١٥).

وَلَكَ الْحَمْدُ. وَإِذَا صَلَّى قَاعِدًا فَصَلُّوا قُعُودًا أَجْمَعُونَ».[١] ئیمام بۆ ئەوەیە چاوی لێ بکرێ، کە (الله اکبر)ی کرد (الله اکبر) بکەن، کەچووە سوژدە بچنە سوژدە: کەوتی: «سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ»، ئێوە بڵێن: (رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ)، ئەگەر بەدانیشتنەوە نوێژی کرد، ئێوەیش هەمووتان بەدانیشتنەوە نوێژبکەن.

ئەگەر لەگەڵ ئیمامدا یەك مەئموم هەبوو دەبێ لەلای راستی ئیمامو لەرێکی ئەو بوەستێ

لە ئیبنو عەبباسەوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: شەو لەماڵی پورە مەیمونەم مامەوە، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نوێژی عیشای کرد، پاشان چوار رکاتی کردن، ئەمجار نووست، پاشان هەڵسا بۆ نوێژ منیش چوومە لای چەپی، خستمیە لای راستی خۆی.[٢]

ئەگەر مەئموم دوو یان زیاتر بوون ئەوە لەدوا ئیمامەوە ریز دەبەستن

لەجابیرەوە هاتووە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هەڵسا بۆ نوێژ، منیش هاتم لەلای چەپیەوە وەستام، تەشریفی دەستی گرتم خستمیە لای راستی خۆیەوە، پاشان جەباری کوڕی صەخر هات لەلای چەپی پێغەمبەرەوە وەستا، ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هەردوکمانی ریزکردو لەدوا خۆیەوە رایوەستاندین.[٣]

---

[١] کەمێك لەوەپێش تەخریج کرا.

[٢] صحیح: (الإرواء:٥٤٠)، (ص.جة/٧٩٢)، خ(٦٩٧/١٩٠/٢) وهذا لفظه م(٧٦٣/٥٢٥/١)، د(٥٩٦/٣١٨/٢)، ت(٢٣٢/١٤٧/١)، ن(١٠٤/٢)، جة(٩٧٣/٣١٢/١).

[٣] صحیح: (الإرواء/٥٤٠)، د(٥٩٥/٣١٨/٢)، جة(٩٧٥/٣١٢/١).

ئەگەر مەئموم ئافرەت بوو دەبێ لەدوا ئیمامەوە بوەستێ

لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێشنوێژی بۆ ئەوو دایکی، یان پوری کرد، دەڵێ: منی خستە لای ڕاستی خۆیو ئافرەتەکەشی خستە دواوە.[1]

پێویستە ڕیزی نوێژکەران ڕێکو پێك بکرێن

پێویستە ئیمام نوێژ دانەبەستێ هەتا بەباشی ڕیزی نوێژکەرانی دواوەی ڕێك دەخا، فەرمانیان پێ بکا بەرێك ڕاوەستنو پاڵ لێکدان. ئیمام یان بۆ خۆی ئەم ڕێکخستنە بکا، یان یەکێك ڕابسپێرێ ئەو ئەرکە ئەنجامبدا.

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «سَوُّوا صُفُوفَكُمْ فَإِنَّ تَسْوِيَةَ الصُّفُوفِ مِنْ إِقَامَةِ الصَّلاَةِ».[2] ڕیزەکانتان ڕێك بخەنو ڕاست ڕابوەستنو پاڵ لێکدەن، بێگومان ڕێکخستنی ڕیزەکانتان تەواوکەری نوێژە.

لە ئیبنو مەسعودەوە هاتووە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ): کەخۆمان ڕێك دەخست بۆ نوێژ دەستی موبارەکی بە شانەکانماندا دەهێناو دەیفەرموو: «اسْتَوُوا وَلاَ تَخْتَلِفُوا فَتَخْتَلِفَ قُلُوبُكُمْ»[3]: ڕێك ڕابوەستنو خواروخێچ مەوەستن ئەگەر وانەکەن دڵەکانتان وەگری یەکتر نابن!

لە نوعمانی کوڕی بەشیرە هاتووە، دەڵێ: پێغەمبەر ڕیزەکانی ڕێك دەخستین وەکوو چۆن لاسکە تیری بێپەڕ ڕیزبکرێ ئاوا هەتا دڵنیابوو لەوەی ئێمە ڕاهاتووین، پاشان ڕۆژێك تەشریفی بەرەو قیبلە وەستا، خەریکبوو نوێژ

---

[1] متفق علیه: خ(٧٢٧) م(٦٦٠)، د(٣/٤/٧٧٦)، ن(٢/١٠٢).

[2] متفق علیه: م(١/٣٢٤/٤٣٣) وهذا لفظه خ(٢/٢٠٩/٧٢٣)، د(٢/٣٦٧/٦٥٤)، جة(١/٣١٧/٩٩٣).

[3] صحیح: (ص.ج/٩٦١) ، م(١/٣٢٣/٤٣٢).

داببەستێ، پیاوێکی بینی لەریزی نوێژکەراندا سینگی پێش کەوتووە، فەرمووی: «عِبَادَ اللَّهِ لَتُسَوُّنَّ صُفُوفَكُمْ أَوْ لَيُخَالِفَنَّ اللَّهُ بَيْنَ وُجُوهِكُمْ».[١] ریزەکانتان ڕێك دەخەنو پاڵ لێك دەدەن، یان خودا روتان لەیەکتر وەردەگێڕێو لێکتان دڕدۆم دەکا.

له ئیبنو عومەرەوە گێڕدراوەتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «أَقِيمُوا الصُّفُوفَ وَحَاذُوا بَيْنَ الْمَنَاكِبِ وَسُدُّوا الْخَلَلَ وَلِينُوا بِأَيْدِي إِخْوَانِكُمْ وَلاَ تَذَرُوا فُرُجَاتٍ لِلشَّيْطَانِ وَمَنْ وَصَلَ صَفًّا وَصَلَهُ اللَّهُ وَمَنْ قَطَعَ صَفًّا قَطَعَهُ اللَّهُ».[٢]: ریزەکانتان ڕێك بخەن، شانتان لێك بدەن، بۆشایی ریزەکان پڕبکەنەوە، نەرمیو گوێڕادێری بنوێنن بەدەست براکانتان کەداوایان لێ کردن بچنە پێشەوە یان بێنە دواوە بۆ ڕێکخستنی ریزەکانی نوێژ، کەلێن مەهێڵنەوە بۆ شەیتان خۆتان لەگەڵ تێهەڵکیش بکا، کەسێك ریزێك بێکەوە بلکێنێ خودا پەیوەستی دەکا بە رەحمەتی خۆیەوە، کەسێك کەلێن بخاتە نێوان ریزی نوێژەوە خودا لەرەحمەتی خۆی دایدەبڕێ.

له ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « رُصُّوا صُفُوفَكُمْ وَقَارِبُوا بَيْنَهَا وَحَاذُوا بِالأَعْنَاقِ فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنِّي لأَرَى الشَّيْطَانَ يَدْخُلُ مِنْ خَلَلِ الصَّفِّ كَأَنَّهَا الْحَذَفُ».[٣] ریزەکانتان ڕێك بخەنو نێوان صەفەکان تەسك بکەنەوە سەرو ملتان ڕێك رابگرن، سوێندم بەوکەسەی گیانی منی بەدەستە، من شەیتان دەبینم خۆ دەخاتە بۆشایی نێوان ریزەکانتان هەر دەڵێ بەرخۆلەی رەشە.

---

[١] صحيح: (ص.ج/٣٩٧٢) ، م(٤٣٦-١٢٨/٣٢٤/١)، د(٦٤٩/٣٦٣/٢).

[٢] صحيح: (ص.د/٦٢٠) ، د(٦٥٢/٣٦٥/٢).

[٣] متفق عليه: م(٤٣٣/٣٢٤/١) وهذا لفظه، خ(٧٢٣/٢٠٩/٢)، د(٦٥٤/٣٦٧/٢)، جة(٩٩٣/٣١٧/١).

ریزی نوێژكەران چۆن ڕێك دەخرێ؟

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتكراوە: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «أَقِيمُوا صُفُوفَكُمْ، فَإِنِّي أَرَاكُمْ مِنْ وَرَاءِ ظَهْرِي».[1] ریزەكانتان ڕێك بخەنو ڕاست ڕاوەستنو پاڵ لێك بدەن من لەدوا خۆمەوە دەتانبینم. جا ئەنەس دەڵێ: هەریەكێ لەئێمە شانی دەلكان بەشانی هاوەڵەكەیەوەو قاچی بەقاچی هاوەڵەكەیەوە دەنووساند.

ریزی پیاوانو ریزی ئافرەتان

لە ئەبو هورەیرەوە هاتووە: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «خَيْرُ صُفُوفِ الرِّجَالِ أَوَّلُهَا وَشَرُّهَا آخِرُهَا وَخَيْرُ صُفُوفِ النِّسَاءِ آخِرُهَا وَشَرُّهَا أَوَّلُهَا». باشترین ریزی پیاوان لەنوێژدا ریزی یەكەمەو خراپترینیشیان ریزی دواوەیە، باشترین ریزی ئافرەتان لەنوێژدا ریزی كۆتاییانە، خراپترینیشیان ریزی پێشەوەیانە.

گەورەیی‌و خێری زۆری ریزی یەكەمو لای ڕاستی ئیمام

لە (البراء)ی كوڕی عازب ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو: «إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى الصُّفُوفِ الأُوَلِ».[2] بێگومان پەروەردگارو فریشتەكانی صەلاوات لەسەر ئەوانە دەدەن كە لەنوێژدا لەریزەكانی پێشەوەن.

هەر لەئەوەوە، هاتووە، دەڵێ: ئێمە كە لەدوا پێغەمبەرەوە نوێژمان دەكرد پێمان خۆش بوو لەلای ڕاستییەوە ریزببین، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەڕوی خۆی ڕومان بۆلا وەرگێڕێ. دەڵێ: گوێم لێ بوو

---

[1] صحيح: (مختصر خ/٣٩٣)، خ(٢/٢١١/٧٢٥).

[2] صحيح: (ص.د/٦١٨) ، د(٢/٣٦٤/٦٥٠)، ن(٢/٩٠).

دەیفەرموو: «رَبِّ قِنِي عَذَابَكَ يَوْمَ تَبْعَثُ». خودایە لەسزای خۆت بمپارێزە لەرۆژی زیندوبوونەوەدا.

دەبێ کێ لەپاش ئیمامەوە بێ؟

لە ئیبنو مەسعوودی ئەلئەنصارییەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو: «لِيَلِنِي مِنْكُمْ أُولُو الأَحْلاَمِ وَالنُّهَى ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ».[1]: با لەدوا منەوە پیاوە عاقڵو ڕیش سپییەکانتان ڕیزبن، پاشان ئەوانەی لەوان کەم تەمەنترن ڕیز ببەستن، پاشان ئەوانەی لەوان گەنج ترن.

ڕیزبوون بۆ نوێژ لەنێوان کۆڵەکەو پایەدا مەکروهە

لە موعاوییەی کوڕی قوررە لە باوکییەوە گێڕدراوەتەوە دەڵێ: ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهیمان لێ دەکرا، کە لەناو کۆڵەکەو پایەدا ڕیزببین بۆ نوێژ.

ئەم حاڵەتە – ڕیزبوون لەنێوان کۆڵەکەو پایەدا - نەی لێ کراوە بۆ نوێژی بە کۆمەڵ، بەڵام بەنیسبەت نوێژی بەتەنیاوە چ کەراهەتێك نیە ئەگەر لەنێوان دوو کۆڵەکەدا بکرێ بەمەرجێك کابرای نوێژکەر سوترەیەك بۆ خۆی دابنێ.

لەئیبنو عومەرەوە هاتووە دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هاتە ناو کابەوە ئوسامەی کوڕی زەیدو عوسمانو طەلحەو بیلال لەخزمەتیا بوون، تاوێ مایەوە، پاشان چووەدەر، من یەکەم کەس بووم

---

[1] صحيح: (ص.د/٦٢٦)، م(٤٣٢/٣٢٣/١)، د(٦٦٠/٣٧١/١)، جـة(٩٧٦/٣١٢/١) وعنده الصفوف المتقدمة.

کەچوومە ژورەوە دوای هاتنــە دەرەوەی پێغەمبــەر (دروودی خــودای لەســەر بێ). بەبیلال گەیشتمو لێیم پرسی پێغەمبــەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەکوێ نوێژی کرد؟! وتی لەنێوان ئەو دوو کۆڵەکانەی پێشەوە.(١)

بیانوی نەچوون بۆ نوێژی جەماعەت

١-٢: ســەرماو بــاران: لــە نافیعــەوە ڕیوایــەتکراوە، کــەوا ڕێکــەوت شــەوێك ئیبنــو عومــەر بــانگی دا بــۆ نوێــژ، شــەوەکە زۆر ســاردو ڕەشــەبا بــوو، پاشــان فەرمووی: خەڵکینە! هەرکەسەتان لەناو ماڵو هۆبــەی خــۆی نوێــژبکا مەیــەن بۆ جەماعەت، پاشان وتی: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی بە بانگدەر دەکــرد: کــە شــەو بــاران‌و ســاردو ســەرما بووایــە کــە بــە موســوڵمانان رابگەیەنێ: کە لەناو ماڵو هۆبەی خۆتان نوێژ بکەن.(٢)

٣- ئامــادەبوونی خــواردن: لــە ئیبنــو عومــەرەوە ڕیوایــەتکراوە، دەڵــێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بــێ) فــەرمووی: «إِذَا وُضِـعَ عَـشَاءُ أَحَـدِكُمْ وَأُقِيمَتِ الصَّلاَةُ فَابْـدَءُوا بِالْعَـشَاءِ ، وَلاَ يَعْجَـلْ حَتَّـى يَفْـرُغَ مِنْـهُ». ئەگــەر شــێوو خــواردن بــۆ یــەکێك لــەئێوە دانــراو قامــەت بــۆ نوێــژکرا، ئێــوە دەســت بکــەن بــەخواردنی شــیوەکەو پەلــە لــەکردنی نوێژەکــە مەکــەن تــا لەخواردنەکــە دەبنــەوە. ئیبنو عومەر (ڕەزای خودای لێ بــێ) خــواردنی بــۆ دادەنــراو قامــەتی نوێژ دەکرا، تا لەخواردنەکە نەبوایەتەوە نەدەهات بــۆ جەماعــەت، لەوەدەمــەدا کە سەرگەرمی نانخواردن بوو گوێی لەفاتیحەی ئیمام بوو.(٣)

---

(١) صحيح: (مختصر.خ.ص/١٣٩)، خ(٥٠٤/١/٥٧٨).

(٢) متفق عليه: خ(٦٦٦/٢/١٥٦)، م(٦٩٧/١/٤٨٤)، د(١٠٥٠/٣/٣٩١)، ن(٢/١٥).

(٣) متفق عليه: (٦٧٣/٢/١٥٩)، م (٥٥٩/١/٣٩٢) بدون الجملة الآخيرة. د (٣٧٣٩/٢٢٩/١٠).

٤- تەنگەتاوی پیسایی‌و میز، لەخاتو عائیشەوە ریوایەتکراوە دەفەرموێ: لە پێغەمبەرم ژنەوت دەیفەرموو: « لاَ يُصَلِّي أَحَدُكُمْ وَهُوَ بِحَضْرَةِ الطَّعَامِ وَلاَ وَهُوَ يُدَافِعُ الأَخْبَثَيْنِ ».[١] ئەگەر خواردن دانرا تا خواردنەکە نۆش نەکەن نوێژ ناگرێ، هەروەها کەسێك تەنگەتاو بوو بەپیسایی‌و میز نابێ نوێژ بکا تا خۆی لەو تەنگەتاوییە ڕزگار دەکاو دەستنوێژ دەشۆرێ.

نوێژی سەفەری

کورتکردنەوەی نوێژ لەسەر موسافیر پێویستە لەنوێژی نیوەڕۆو عەصرو خەوتناندا. قورئان دەفەرموێ: {وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَقْصُرُواْ مِنَ الصَّلاَةِ إِنْ خِفْتُمْ أَن يَفْتِنَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُواْ – النساء/١٠١}.

لە یەعلای کوڕی ئومەییە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پرسیارم لە عومەری کوڕی خەطاب کرد دەربارەی ئەم ئایەتە کە دەفەرموێ: {إِنْ خِفْتُمْ أَن يَفْتِنَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُواْ}. خۆ ئێستا موسوڵمانان ترسیان نەماوەو دونیا ئەمینە، عومەر فەرمووی: بەخوا منیش سەرم سوڕماوە لەوەی تۆ سەرت لێ سوڕماوە. بۆیە پرسیارم لە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کرد فەرمووی: «صَدَقَةٌ تَصَدَّقَ اللَّهُ بِهَا عَلَيْكُمْ فَاقْبَلُوا صَدَقَتَهُ».[٢] ئەوە صەدەقەو بەخششێکە خودا پێی داون ئەو دیاری‌و بەخششەی پەروەردگارتان قبوڵ بکەن.

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: فەرموویەتی: (خودا لەسەر زوبانی پێغەمبەرەکەتان لەکاتی حازربوونتان لەماڵ‌و حاڵی خۆتان چوار

---

[١] صحيح: (ص. ج/٣٧٦٢)، م (١/٣٩٣/٥٦٠)، د (١/١٦٠/٨٩).

[٢] صحيح: (ص. جه/٨٧٦)، م (١/٤٧٩/٦٨٧)، د (٤/١٢٤/١٢٣٤)، ن (٣/١١٨)، جه (١/١٠٦٨/٣٣٩) بدون الجملة الآخيرة.

ڕکات نوێـژی لەسـەر فـەرز کـردوون، لەسەفەریـشدا دوو ڕکـاتو لـەکاتی تـرس لەدوژمن یەك ڕکات)[1]

لە ئیمامی عومەرەوە گێڕدراوەتەوە فەرموویەتی: (نوێـژ لەسـەفەردا دوو ڕکاتە، نووێژی هەینی دوو ڕکاتە، نوێـژی جەژنی ڕەمـەزانو جـەژنی قوربـان دوو ڕکـاتن، تـەواو بـی کـورت کردنـەوەن، ئەمـەش لەسـەر زوبـانی حـەزرەتی موحەممەد (دروودی خودای لەسەر بێ)[2]

لەخاتو عائیشەوە ریوایەتکراوە فەرموویەتی: (نوێژ کە سەرەتا فەرز کرا دوو ڕکـات بـوو، لەسـەفەردا نوێـژ وەکـوو خـۆی مایـەوەو نوێـژی حـەضـەر تەواوکرا)

لـە ئیبنـو عومـەرەوە ریوایـەتکراوە دەفـەرموێ: لەخزمـەت پێغەمبـەردا بـووم لەسـەفەرێکدا، نەمـدی زیـاد لـەدوو ڕکـات بکـا هـەتا لـەدونیا دەرچـوو، لەخزمـەت ئەبوبـەکردا بـووم لەسـەفەردا، لـەدوو ڕکـات زیـاتری نـەکرد، لەخزمـەت عومـەردا بـووم لەسـەفەردا لـەدوو ڕکـات زیـاتری نـەکردووە، لەخزمـەت عوسمانـدا بـووم لەسـەفەردا نەمـدی لـەدوو ڕکـات زیـاتر بکـا، تـا لەدونیا دەرچوو. پەروەردگار فەرموویەتی: {لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ – الأحزاب/٢١}.[3]

---

[1] صحيح: (ص. جه/٨٧٦)، م (١/٤٧٩/٦٨٧)، د (٤/١٢٤/١٢٣٤)، ن (٣/١١٨)، جه (١/٣٣٩) بدون الجملة الآخيرة.

[2] صحيح: (ص. جه/٨٧١) ن (٣/١٨٣)، جه (١/٣٣٨/١٠٦٣).

[3] متفق عليه: م (١/٤٧٩/٦٨٩)، د (٤/٩٠/١٢١١)، خ (٢/٥٧٧/١١٠٢)، ن (٣/١٢٣).

مەسافەی قەصر

زانایانی شەرع کەوتوونە راجیاییەوە دەربارەی ئەو مەسافەیەی کە دەبێتە هۆکاری کورت کردنەوەی نوێژو زۆریان مشتومڕ لەسەر هەیە، تەنانەت ئیبنولونذیرو کەسانی تریش لەم مەسەلەیەدا بیست جۆر رەئیان گێڕاوەتەوە، راسترین راو صەریحترین حەدیث کە لەم بارەیەوە هاتبێ – وەکوو ئیبنو حەجەر لە فەتحولباریدا – ج/٢/٥٦٢ – دەڵێ: ئەو فەرموودەیەیە کە موسلیم‌و ئەبو داوود لەحەدیثی ئەنەسدا ریوایەتیان کردووە، کەتیایدا هاتووە دەفەرموێ: (پێغەمبەری خودا کەسەفەری بکردایە سێ میل، یان سێ فرسەخ لەماڵ دوور بکەوتایەوە نوێژی کورت دەکردەوە، لەجیاتی چوار ڕکات دوو ڕکاتی بەجێ دێنا)[1]

ئەو جێگەیەی نوێژی لێ کورت دەکرێتەوە

زۆربەی زانایانی ئیسلام پێیان وایە: کە موسافیر بەدەرچوون لەسنورو ئاوەدانی گوندو شارەکەی، بۆی هەیە نوێژ کورت بکاتەوە، ئەم تێپەڕبوونە لەسنورو ئاوەدانی قەراخ شارو گوند مەرجە، سەفەرەکەشی کۆتایی نایە تانەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی‌و نەگاتەوە بە یەکەم خانووی شوێنەکەی.

ئیبنولونزیر دەڵێ: من نەمزانیوەو نەمدیوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەهیچ سەفەرێکدا لەسەفەرەکانیدا تا لەمەدینە دەرنەچووبێ نوێژی کورت کردبێتەوە.

ئەنەس دەفەرموێ: نوێژی نیوەڕۆم لەمەدینە لەخزمەت پێغەمبەردا بەچوار ڕکاتی کرد، لە ذیلحولەیفە لە خزمەتیدا عەصر دوو ڕکاتم کردن.

---

[1] فقه السنة: (١/٢٤١/٢٤٠) وقول انس رواه خ (٢/٥٦٩/١٠٨٩)، م (١/٤٨٠/٦٩٠)، د (٤/٦٩/١١٩٠)، ت (٢/٢٩/٥٤٤)، ن (١/٢٣٥).

★ موسافیر ئەگەر لەشوێنێك مایەوەو بۆ جێبەجێ کردنی پێداویستی خۆی‌و نیازی مانەوەی نەبوو، دەتوانێ ماوەی مانەوەکەشی هەر نوێژ کورت بکاتەوە تا لەو شوێنە دەردەچێ، کە دەریش چوو هەروا تا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ.

لەجابیرەوە ڕیوایەتکراوە، فەرموویەتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەتەبوك بیست ڕۆژ مایەوەو نوێژیشی کورت کردنەوە[١]

ئیبنولقەیم: دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەیفەرمووە ئەگەر زیاد لەبیست ڕۆژ مانەوە نوێژ کورت مەکەنەوە، وەڵێ وارێکەوتووە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئەو ماوەیە لەو شوێنە ماوەتەوە، ئەم ماوە مانەوەیەی لەحاڵی سەفەردا لەحوکمی سەفەری نایباتەدەر - جا مانەوەکە درێژ بێ یان کورت بێ – بەمەرجێ ئەو شوێنە نیشتیمانی ئەو نەبێ‌و نیەتی مانەوەشی لەوشوێنە نەبێ.[٢]

ئەگەر نیازی مانەوەی هەبوو دوای نۆزدە ڕۆژ دەبێ نوێژەکانی بەتەواوی بکا، وەکوو ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نۆزدە ڕۆژ مایەوە نوێژی کورت دەکردەوە، ئێمەیش کەسەفەرمان دەکرد تا نۆزدە ڕۆژ هەر نوێژمان بەکورتکراوەی دەکرد، کە سەفەرەکەمان لەوە تێپەڕ بوایە بەتەواوی دەمانکردن[٣]

---

[١] صحيح: (ص. د/١٠٩٤)، د (٤/١٠٢/١٢٢٣).

[٢] زادالمعاد ٣/٥٦١.

[٣] (الإرواء/٥٧٥)، خ (٢/٥٦١/١٠٨٠)، ت (٢/٣١/٥٤٧)، جه (١/٣٤١/١٠٧٥)، د (١٢١٨/٩٧/٤) ألا إنه قال سبع عشرة.

کۆکردنەوەی دوو نوێژ
هۆکاری کۆکردنەوەی دوو نوێژ

١- سەفەرکردن: لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: پێغەمبەری خودا ئەگەر پێش ئەوەی خۆرلەناوەڕاستی ئاسمان لای بدایە بکەوتایە ڕێ، ئەوە نوێژی نیوەڕۆی دوادەخست بۆ کاتی نوێژی عەصرو لەگەڵ ئەو نوێژە نوێژی نیوەڕۆی دەکرد. ئەگەر دوای خۆرلادان بیویستایە بکەوێتە ڕێ ئەوە پێش ئەوەی بکەوێتە ڕێ ئەوە نوێژی نیوەڕۆی دەکردو عەصریشی دەهێنایە گەڵ نیوەڕۆو ئەمجار دەکەوتە ڕێ.[1]

لە موعاذەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەغەزای تەبوکدا ئەگەر بکەوتایە ڕێ پێش ئەوەی خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان لابدا نوێژی نیوەڕۆی دوادەخست تا لەگەڵ نوێژی عەصر بەیەکەوە کۆیان بکاتەوە بەجێیان بێنێ، ئەگەر دوای لادانی خۆر بکەوتایە ڕێ ئەوە نوێژی عەصری دەەهێنایە گەڵ نیوەڕۆو هەردووکی بەجێ دێنان ئەمجار تەشریفی دەکەوتە ڕێ. هەروا ئەگەر پێش نوێژی شێوان بکەوتایە ڕێ نوێژی شێوانی دوادەخست بۆ کاتی نوێژی خەوتنان بەیەکەوە بەجێی دێنان، ئەگەر دوای مەغریب بکەوتایە ڕێ، نوێژی خەوتنانی دێنایە گەڵ شێوانو بەیەکەوە ئەنجامی دەدان.[2]

هەروا لەموعاذەوە هاتووە دەڵێ: ئێمەی هاوەڵان لەساڵی غەزای تەبوکدا لەخزمەت پێغەمبەردا دەرچوین، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەو سەفەرەدا نوێژی نیوەڕۆو نوێژی عەصری بەیەکەوە دەکرد، نوێژی شێوانو

---

[1] متفق عليه: خ (٢/٥٨٣/١١١٢)، م (١/٤٨٩/٧٠٤)، د (٤/٥٨/١٢٠٦)، ن (١/٢٨٤).

[2] صحيح: (ص. د/١٠٦٧)، حم (٥/١٢٠/١٢٣٦)، د (٤/٧٥/١١٩٦)، ت (٢/٣٣/٥٥١).

خەوتنانی بەیەکەوە بەجی دێنا، جا موعاز دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕۆژێك نوێژی نیوەڕۆی دواخست، پاشان هاتە دەرو نوێژی نیوەڕۆو عەصری بەیەکەوە کرد، پاشان چووە ژوورەوە، ئەمجار هاتە دەرو نوێژی شێوانو خەوتنانی بەیەکەوە ئەنجامدا.[١]

٢- باران: لەنافیعەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە عەبدوڵلای کوڕی عومەر (خودایان لێ ڕازی بێ) هەرکاتێ فەرمانداو ئەمیرەکان بەهۆی بارانەوە نوێژی شێوانو خەوتنانیان کۆبکردایەوە ئەویش لەگەڵ ئەواندا کۆی دەکردنەوە.

لەهیشامی کوڕی عورومەوە هاتووە: کە عورومی باوکیو سەعیدی کوڕی (المسیب)و ئەبو بەکری کوڕی (عبدالرحمن)ی کوڕی (الحارث)ی کوڕی هیشامی (المغیرە)ی (المغزومی) لەشەوی باراناویدا نوێژی شێوانو خەوتنانیان کۆدەکردەوەو بەیەکەوە ئەنجامیان دەداو بەلایانەوە شتێکی ئاسایی بوو.

لە موسای کوڕی عوقبەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە عومەری کوڕی عبدالعزیز لەکاتی باراندا نوێژی شێوانو خەوتنانی بەیەکەوە دەکردن، هەروا لەسەعیدی کوڕی (المسیب)و عورومی کوڕی (الزبیر)و ئەبو بەکری کوڕی (عبدالرحمن)و پیرو زانای ئەو ڕۆژگارە نوێژیان لەگەڵ ئەواندا دەکرد کە بەهۆی بارانەوە نوێژی مەغریبو عیشایان کۆدەکردەوەو هیچ ڕەدێکیان نەدەدانەوە.[٢]

لە ئیبنو عەبباسەوە هاتووە دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نوێژی نیوەڕۆو عەصری بەیەکەوە دەکرد، نوێژی شێوانو

---

[١] صحيح: (ص. د/١٠٦٥)، د (٤/٧٢/١١٩٤)، ن (١/٢٨٤)، م (٦/٧٠٦/١/٤٩٠)، جه (١٠٧٠/١/٣٤٠).

[٢] صحيح: (الإرواء: ٣/٤٠)، هق (٣/١٦٩/١٦٨).

خەوتنانیشی بەیەکەوە بەجێ دەهێنا، نەهۆکاری ترس هەبوو، نەهۆکاری باران.[(١)]

هەر لەوەوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نوێژی نیوەڕۆو عەصری بەیەکەوە بەجێ هێناو نوێژی مەغریبو عیشای بەیەکەوە کرد، لەمەدینەشدا بوو، نە ترس هەبوو نەباران.[(٢)]

ئەم ڕیوایەتە ئاماژەی ئەوەی تێدایە: کە کۆکردنەوەی نوێژ بەهۆی بارانەوە لەسەردەمی پێغەمبەردا زانراوو باوبووە، ئەگەر وانەبووبێ چ فائیدەو سودێك نابیندرێ بۆ دەستەواژەی نەبوونی باران وەکوو هۆکارێکی باوو زانراو بۆ کۆکردنەوەی نوێژ.[(٣)]

٣- پەیدابوونی پێداویستی جیاجیا کەدێنە پێش.

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەری خودا لەمەدینە نوێژی نیوەڕۆو نوێژی عەصری بەیەکەوە کرد، نوێژی شێوانو خەوتنانیشی بەیەکەوە ئەنجامدا نەبیانوی ترس نەبیانوی سەفەری هەبوو. ئەبو زوبەیر دەڵێ: پرسیارم لەسەعید کرد، پێغەمبەر بۆچی ئاوای کرد، لەوەڵامدا وتی منیش وەکوو چۆن پرسیارت لەمن کرد ئاوا هەمان پرسیارم لە ئیبنو عەبباس کرد، لەوەڵامدا فەرمووی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ویستوویەتی ئوممەتەکەی نەخاتە حاڵەتی حەرەجو بەرتەسککردنەوە.[(٤)]

هەر لە ئەوەوە ریوایەتکراوە، فەرموویەتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەناو مەدینەدا بەبێ ئەوەی بیانووی باران بارین یان سەفەری

---

(١) صحيح: (ص. ج/١٠٦٨).

(٢) صحيح: (ص. ج/١٠٧٠)، م (١/٤٨٩/٧٠٥)، ن (١/٢٩٠)، د (٤/٧٧/١١٩٨).

(٣) الإرواء: ٣/٤٠.

(٤) م (٧٠٥).

هەبێ نوێژی نیوەڕۆو نوێژی عەصری بەیەکەوە کۆکردەوە، نوێژی شێوان‌و خەوتنانیشی بەیەکەوە کۆکردەوە، پرسیارم لە ئیبنو عەبباس کرد ئاخۆ پێغەمبەر بەم کارەی مەبەستی چی بوو؟ لەوەڵامدا فەرمووی: ویستوویەتی ئیحراجی ئوممەتەکەی نەکا.[1]

ئیمامی نەوەوی[2] دەفەرموێ: کۆمەڵێك لەزانایانی شەرع پێیان وایە دروستە دانیشتووی شارو گوند لەبەر پێویستی جارجار نوێژی نیوەڕۆو عەصر بەیەکەوە بکا، نوێژی شێوان‌و خەوتنان بەیەکەوە بکا بەمەرجێ نەیکاتە عادەت، ئەمە رای ئیبنو سیرین‌و ئەشهەبە کەهاوڕێی ئیمام مالیك بووە، هەروا (الخطابی) لە (القفال)و (الشاشی) گەورە: کەهاوەڵانی شافیعی بوون گێڕاویەتەوە ئەوانیش لە ئەبو ئیسحاقی (المروزی)و ئەویش لەکۆمەڵێك لەهاوەڵانی فەرمووده ناس ریوایەتی کردووە، ئیبنو (المنذر) ئەم رایەی پەسەند کردووە، ظاهیری قسەکەی ئیبنو عەبباسیش پشتگیری دەکا کە دەفەرموێ: (أَرَادَ أَنْ لاَ يُحْرِجَ أَحَدًا مِنْ أُمَّتِهِ). هیچ بیانوو پاساوی تری وەکوو نەخۆشی‌و شتی وای نەهێنایەوە. (والله أعلم)

نوێژی هەینی (الجمعة)

ئامادەبوون بۆ نوێژی هەینی فەرزی عەینە لەسەر هەموو موسوڵمانێك جگە لەپێنج کەس: کۆیلە، ئافرەت، منداڵ، نەخۆش، موسافیر.

پەروەردگار دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِي لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ – الجمعة/٩}. ئەی ئەوکەسانەی بڕواتان هەیە بەتاك‌و تەنهایی خوداو راستی

---

[1] حم (١٩٥٤).

[2] شرح مسلم ج/٢١٩/٥.

پەیامی پێغەمبەر، کەبانگ درا بۆ نوێژی هەینی پەلە بکەن بۆ ئەنجامدانیو رابن بۆ شوێنی نوێژی هەینیو واز لەمامەڵەو کڕینو فرۆشتنو کاروکاسبی بهێنن، ئەگەر بزانن ئەوە بۆ ئێوە باشو بەسودەو ئەرکی سەرشانتانە بەجێی بهێنن.

لەطاریقی کوڕی شیهابەوە لە پێغەمبەرەوە ڕیوایەتکراوە: کە فەرموویەتی: «الْجُمُعَةُ حَقٌّ وَاجِبٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ فِي جَمَاعَةٍ إِلاَّ أَرْبَعَةً عَبْدٌ مَمْلُوكٌ أَوِ امْرَأَةٌ أَوْ صَبِيٌّ أَوْ مَرِيضٌ».[1] نوێژی هەینی واجبو پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێكو دەبێ بەجەماعەت بیکا، جگە لەچوار جۆر ئادەمیزاد: کۆیلە، ئافرەت، منداڵ، نەخۆش.

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لَيْسَ عَلَى الْمُسَافِرِ جُمُعَةٌ».[2] مرۆڤی موسافیر نوێژی هەینی لەسەر واجب نیە.

هەڵنان بۆ بەجێ هێنانی نوێژی هەینی

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « مَنِ اغْتَسَلَ ثُمَّ أَتَى الْجُمُعَةَ فَصَلَّى مَا قُدِّرَ لَهُ ثُمَّ أَنْصَتَ حَتَّى يَفْرُغَ مِنْ خُطْبَتِهِ ثُمَّ يُصَلِّيَ مَعَهُ غُفِرَ لَهُ مَا بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْجُمُعَةِ الأُخْرَى وَفَضْلَ ثَلاَثَةِ أَيَّامٍ».[3] کەسێك غوسڵ بکا پاشان لەماڵ دەربچێ بۆ ئەنجامدانی نوێژی هەینی، ئەوەندەی بۆ کرا نوێژی سوننەت بکا، پاشان بەبێ دەنگی دانیشت تا وتار خوێن لەوتارەکەی دەبێتەوە، ئەمجار نوێژی لەگەڵ بکا لەتاوانی نێوان

---

[1] صحيح: (ص/٩٤٢)، (ص. ج/٢١١١)، د (١٠٥٤/٣٩٤/٣)، قط (٢/٣/٢)، هق (٣/١٧٢).

[2] قط (٢/٤/٤).

[3] صحيح: (ص. ج/٦٠٦٢)، م (٢/٥٨٧/٨٥٧).

ئەو هەینییەو هەینییەكی تر لێخۆشبوونی بۆ دەستەبەر دەبێ‌و لەتاوانی سێ ڕۆژ زیادەشی.

هەر لە ئەبو هورەیرەوە هاتووە: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: (الصَّلَوَاتُ الْخَمْسُ وَالْجُمُعَةُ إِلَى الْجُمُعَةِ وَرَمَضَانُ إِلَى رَمَضَانَ مُكَفِّرَاتٌ لِمَا بَيْنَهُنَّ مَا اجْتُنِبَتِ الْكَبَائِرُ).[1] پارێزگاری كردنی پێنج نوێژە فەرزەكان‌و ئەنجامدانی جومعە بۆ جومعەو ڕەمەزان بۆ ڕەمەزان، دەبنە كەفارەت بۆ تاوانی نێوانیان بەمەرجێ خۆپارێزی بكرێ لەتاوانی گەورە.

ترساندن‌و هەڕەشەكردن لەكەمتەرخەمی كردن لەئەنجامدانی نوێژی هەینی

لە ئیبنو عومەرو ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتكراوە كە ئەوان لە پێغەمبەریان ژنەوتووە كە لەسەر مینبەرەوە دەیفەرموو: «لَيَنْتَهِيَنَّ أَقْوَامٌ عَنْ وَدْعِهِمُ الْجُمُعَاتِ أَوْ لَيَخْتِمَنَّ اللَّهُ عَلَى قُلُوبِهِمْ ثُمَّ لَيَكُونُنَّ مِنَ الْغَافِلِينَ».[2] بەتەئكید دەبی كەسانێك واز بێنن لەنەچوون بۆ چەند جومعەیەك‌و ئەو كەمتەرخەمییەی خۆیان بەكۆتا دێنن، یان خودا دڵیان مۆر دەكاو پاشان دەچنە پێڕی ئەوانەی غافڵ‌و بێ ئاگان.

لە عەبدوڵلاوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەكەسانێكی فەرموو كە نەدەهاتن بۆ نوێژی هەینی «لَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ آمُرَ رَجُلاً يُصَلِّي بِالنَّاسِ ثُمَّ أُحَرِّقَ عَلَى رِجَالٍ يَتَخَلَّفُونَ عَنِ الْجُمُعَةِ بُيُوتَهُمْ».[3]

---

[1] صحيح: (ص. ج/٥٤٨٠)، م (٢/٥٩١/٨٦٥)، ن (٣/٨٨).

[2] صحيح: (ص. ج/٣٨٧٥)، م (٢٣٣ – ١٦ – ١/٢٠٩)، ن (١/١٣٨/٢١٤) وليس فيه رمضان إلى رمضان.

[3] صحيح: (ص. ج/٥١٤٢)، م (١/٤٥٢/٦٥٢).

بێگومان بەتەمابووم فەرمان بکەم بەپیاوێك پێشنوێژی بۆ خەڵکەکە بکا، پاشان بۆخۆم بگەڕێم {بەناو مەدینەدا} هەر کەسانێك ببینم نەهاتوون بۆ نوێژی هەینی خانووەکەیان بەسەردا بسوتێنم.

لە (أبو الجعد)ی (الضمری)یەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ تَرَكَ ثَلاثَ جُمَعٍ تَهَاوُنًا بِهَا طَبَعَ اللَّهُ عَلَى قَلْبِهِ».[1] کەسێك سێ نوێژی هەینی بەبێ عوزرو بیانوو نەکا، لەپێڕی دوو ڕواندا دەنوسرێ.

لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە هاتووە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « مَنْ تَرَكَ ثَلاَثَ الْجُمُعَاتِ مِنْ غَيْرِ عُذْرٍ كُتب من المنافقين»: کەسێك بەبێ بیانووی ڕەوا سێ جومعە نەکا، ناوی لەپێڕی دووڕووان دەنووسرێ.

کاتی بەجێهێنانی نوێژی هەینی

کاتی بەجێهێنانی نوێژی هەینی کاتی نوێژی نیوەڕۆیە، دروستە پێش ئەوکاتەش ئەنجام بدرێ، لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئەوکاتە نوێژی هەینی بەجێ دێنا: کە خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان لای دەدا.[2]

لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە گێڕدراوەتەوە: کە پرسیاری لێ کرا، (پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کەی نوێژی هەینی دەکرد؟

---

[1] حسن صحيح: (ص/٩٢٣)، د (١٠٣٩/٣/٣٧٧)، ت (٢/٥/٤٩٨)، جه (١١٢٥/١/٣٥٧).

[2] (ص.د/٩٦٠)، خ(١٠٣٩/٢/٣٧٧)، د(١٠٧١/٣/٤٢٧)، ت(٢/٧/٥٠١).

فەرمووی: تەشریفی کاتێ نوێژی هەینی دەکرد: کە خۆر لای دەداو ئێمە حوشترەکانمان پێخ دەدان‌و دەمان حەساندنەوە).[1]

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕۆژی هەینی بەپاوەستانەوە وتاری دەخوێندەوە پاشان کەمێك دادەنیشت‌و ئەمجار هەڵدەستایەوە، وتی: وەکوو چۆن ئەمڕۆ پەیڕەو دەکرێ.

نوێژی هەینی واجب‌و پێویستە، چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەردەوام بووە لەسەر ئەنجامدانی‌و هەرگیز تەرکی نەکردووە، وێڕای ئەوەش: کە فەرموویەتی: «صَلُّوا كَمَا رَأَيْتُمُونِي أُصَلِّي».[2] بڕوانن من چۆن نوێژ دەکەم ئێوەش ئاوا نوێژەکانتان بکەن.

ڕێنومایی کردنی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەبارەی وتاری هەینی‌یەوە

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو: «إِنَّ طُولَ صَلَاةِ الرَّجُلِ وَقِصَرَ خُطْبَتِهِ مَئِنَّةٌ مِنْ فِقْهِهِ فَأَطِيلُوا الصَّلَاةَ وَاقْصُرُوا الْخُطْبَةَ وَإِنَّ مِنَ الْبَيَانِ سِحْرًا». نیشانەی عاقڵ مەندی‌و تێگەیشتویی وتار بێژی هەینی ئەوەیە نوێژەکەی درێژبێ‌و وتارەکەی کورت. کەوابێ ئێوە نوێژەکە درێژ بکەنەوەو وتارەکە کورت، بێگومان وتاری وا هەیە سەرنج ڕاکێش‌و کاریگەرە هەست دەهەژێنێ‌و مرۆڤ سەرسام دەکا دەڵێی سیحرە.[3]

---

[1] الإرواء (٥٩٧)، م(٨٥٨-٢٩/٥٨٨/٢).

[2] صحيح (الإرواء/٢٦٢)، خ(٦٣١/١١١/٢).

[3] صحيح: (ص.ج/٢١٠٠) ، (الإرواء/٦١٨)، م(٨٦٩/٥٩٤/٢).

لـــەجابیری كــوڕی ســـەمورەوە ڕیوایـــەتكراوە، دەڵـــێ: مـــن لەخزمـــەت پێغەمبـــەردا نوێـــژم كـــردون، نوێـــژی ڕێـــك‌و پێـــك‌و نـــەكورت نەدرێـــژ بـــوون، وتارەكانیشی هەروابوو.[١]

له جابیری كوڕی عەبدوڵلاوە هاتووە: دەڵێ: پێغەمبـەر (درוودی خـودای لەسەر بێ): كـه وتـاری دەخوێنـدەوە چاوی لێ سور دەبوونـەوە، دەنگی بـەرز دەكردەوە ڕقی هەڵدەسـتا، دەتگوت: ترسێنەری سوپایەو دەڵێ: هابەرەبـەیان یان ئێوارە درەنگ وەخت پەلامار دەدرێن.[٢]

پێغەمبـەر (درוודی خـودای لەسـەر بـێ) عـادەتی وابـوو لـه وتـاردانـیدا لەكاتی ناوهێنـانی خـودادا، لـەكاتی دوعـا كردنیـدا بـه قامكـه شـادەی ئامـاژەی دەكرد، لەوتاردا ئەگەر بۆ باران بارین نەبوایە دەستی بەرز نەدەكردەوە.

لـه حوصـەینی كـوڕی (عبـدالرحمن)ەوە ڕیوایـەتكراوە، دەڵـێ: عومـارەی كـوڕی ڕوئـەیبـە بیـسری كـوڕی مـەڕوانی بینـی لەسـەر مینبـەر دەسـتی بـەرزكردبووەوە، عومـارە وتـی: خـودا ئـەو دوو دەسـتە بـشكێنێ كـەوا بەرزكراونـەوە! بێگومـان مـن پێغەمبـەرم دیـوە (درוודی خـودای لەسـەر بـێ) لەوەندە زیاتر: كه بەقامكه شادەی ئاماژەی دەكرد هیچی ترم لێ نەدیوە.[٣]

له ئەنەسەوە ڕیوایەتكراوە: كه پیاوێك ڕۆژی هەینی لـەدەرگای مزگـەوت كه بەرامبەر (دارالقضاء) بوو هاتە ژورەوە، پێغەمبەر (درוודی خودای لەسەر بێ) بەپێوە وتاری دەدا، ڕوی له پێغەمبەر كردو وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! (درוודی خـودای لەسـەر بـێ) مـاڵ‌و ئاژەڵمـان فـەوتا، قـات‌و قـڕی كەوتـە ناومانـەوەو بڕەسـتی لێ بڕیـوین، ڕێگـا چـارەمان نـەماوە، لـەخودا بپـاڕێوە

---

[١] صحيح: (ص.ن/٤١٨)، م(٢/٥٩١/٨٦٦)، ت(٢/٩/٥٠٥).

[٢] صحيح: (ص.ج/٤٧١١) ، (الإرواء/٦١١)، م(٢/٥٩١/٨٦٧)

[٣] م(١/٥٩٥/٨٧٤)، د(٤٥٢/١٠٩١ — ٣/٤٥٤)، ت(٢/١٤/٥١٤)، ن(٣/١٠٨).

بارانمان بۆ ببارێنێ. ئەنەس وتی: ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هەردوو دەستی بەرزکردنەوەو پاشان فەرمووی: «اللّٰهُمَّ أَغِثْنَا ، اللّٰهُمَّ أَغِثْنَا ، اللّٰهُمَّ أَغِثْنَا». [1] سێ‌جار فەرمووی: خودایە! بارانمان بۆ ببارێنە.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەکاتی وتاردانەدا نە شمشێری بەدەستەوە دەگرت و نەهیچ شتێکی تر، بەڵکوو پێش ئەوەی مینبەر دروست بکا، خۆی بەسەر قەوسێك یان عەصایەکدا دەدا، نەبیستراوەو نەزاندراوە دوای ئەوەی مینبەری دروست کرد، بەشمشێرەوە یان بەقەوسەوە یان بەهەر شتێکی ترەوە چووبێتە سەر مینبەر. [2]

خوتبەی پێویستی (خطبة الحاجة)

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وتارو وەعزو وانەکانی بەم جۆرە خوتبەیەی کە بەناوی (خطبة الحاجة) ناوزەد کراوە – دەستی پێ دەکرد. ئەمەش دەقی ئەو خوطبەیەیە [3]

«الْحَمْدُ لِلّٰهِ أَوْ إِنَّ الْحَمْدَ لِلّٰهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ ، وَنَعُوذُ بِاللّٰهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللّٰهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ ». {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللّٰهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ – آل عمران/١٠٢}. {يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا – النساء/١}

هەرکەسێك لەم وتارەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وردبێتەوە،

---

[1] متفق علیه: خ(١٠١٣/٥٠١/٢)، م(٨٩٧/٦١٢-٦١٤/٢)، د(١١٦٢/١١٦٣/٣٧-٣٩/٤).

[2] زاد المعاد/٤٢٩/١.

[3] صحیح: (ص.ن/١٣٣١) ، م(٨٦٧/٥٩٢/٢)، ن(١٨٨/٣).

هەروا سەرنج بداتە وتاری هاوەڵانی بۆی روون دەبێتەوە: کە وتاری لەم جۆرە رێنموویی موسوڵمانان بۆ رێگای هیدایەتو یەکتاپەرستیو رونکردنەوەی صیفاتەکانی خوداو بنەماکانی باوەڕ بەگشتیو بانگەوازیکردن بۆلای خوداو خوداپەرستیو باسی نیعمەتە جۆراو جۆرەکانی پەروەردگار بەسەر بەندەکانیدا لەخۆ گرتووە. ئەو نیعمەتانەی خودا لای بەندەکانی خۆشەویست دەکا، هەروا ئاماژە کردنە بەو عەزابو روداوە گرنگانەی خودا بەسەر گەلە پێشینەکانیدا هێناوەو ترساندنە لەدوبارە بوونەومیانو فەرمانکردنە بە یادکردنی خوداو سوپاسو ستایش کردنی کەدەبنە هۆکاری دەستەبەر بوونی خۆشەویستی خودا بۆیان. ئیتر بەیادی گەورەیی پەروەردگارو صیفاتو ناوە جوانەکانی، کەدەبنە هۆی خۆشەویست بونیان لای خەڵكو فەرمانبەردارییان بۆ تاعەتکردنی خوداو سوپاسکردنی، وتارەکە کۆتایی دێو بیسەرانی دەگەڕێنەوە خۆشەویستی خودایان لا دروست بووەو خوداش خۆشی دەوێن.... پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لە وتارەکانیدا زۆر ئایەتی قورئانی دەهێنایەوە بەتایبەتی لەسورەتی (ق)[1]

دایکی هیشام کچی حاریثەی کوڕی نوعمان وتوویەتی: من سورەتی (ق)م هەر لەدەمی پێغەمبەرەوە لەبەرکردووە: کە عادەتی وابوو لەسەر مینبەر لە وتارداندا بەگوێرەی پێویست چەند ئایەتێکی لێ دەخوێندنەوە.

لەکاتی وتار خوێندنەوەی خەتیبدا پێویستە بێدەنگ گوێ بگری هیچ قسەیەك نەکرێ

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « إِذَا قُلْتَ لِصَاحِبِكَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ أَنْصِتْ. وَالإِمَامُ يَخْطُبُ فَقَدْ

[1] زاد المعاد: ١/١٥٤.

لَغَوْتَ».[١] ئەگەر رۆژی هەینی بەهاوەڵەکەت گوت بێدەنگ بە لەوکاتەشدا وتار خوێن وتاری دەدا بێگومان ئەوە تۆ لەغوت کردوە، چونکە پێری ئەوانەوە کە بە لەغوەچی ناودەبرێن.

بەچی تۆ بەجومعە رادەگەی؟!

نوێژی هەینی دوو رکاتە بەجەماعەت دەکرێ، کەسێك فریای جەماعەت نەکەوت لەوانەی لەبنەڕەتدا نوێژی جومعەیان لەسەر نیە، یان بیانووی هەبوو بۆ نەکردنی، ئەوە نوێژی نیوەڕۆ بەتەواوی (چوار رکات) دەکات. کەسێك فریا رکاتێك کەوت لەگەڵ ئیمامدا ئەوە فریای جومعە کەوتووە.[٢]

نوێژی سوننەتی پێش نوێژی هەینیو دواوەی

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، لە پێغەمبەرەوە: کە فەرموویەتی: «مَنِ اغْتَسَلَ يَومَ الْجُمُعَةَ ثُمَّ أَتَى الْجُمُعَةَ فَصَلَّى مَا قُدِّرَ لَهُ ثُمَّ أَنْصَتَ حَتَّى يَفْرُغَ مِنْ خُطْبَتِهِ ثُمَّ يُصَلِّيَ مَعَهُ غُفِرَ لَهُ مَا بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْجُمُعَةِ الأُخْرَى وَفَضْلَ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ»: کەسێك رۆژی هەینی خۆبشوا، پاشان بێ بۆ ئەنجامدانی نوێژی هەینی، ئەوەندێکی بۆی بلوێ نوێژی سوننەت بکا، پاشان بێدەنگ دابنیشێ تا وتارخوێن لە وتارخوێندنەوە تەواو دەبێ، ئەمجار لەگەڵ ئیمامدا نوێژوی هەینی بەجێ بێنێ، ئەوە لەتاوانی نێوانی ئەو جومعەو جومعەیەکی تر لێخۆشبوونی بۆ دەستەبەر دەبێو سێ رۆژیش زیاد.[٣]

کەسێك پێش نوێژی هەینی هاتە مزگەوت با چەندێکی بۆ دەکرێ نوێژی سوننەت بکا، هەتا ئیمام دێ بۆ خوتبە خوێندنەوە. وەڵێ ئەو دوورکات

---

[١] متفق عليه: خ(٢/٤١٤/٩٣٤)، م(٢/٥٨٢/٨٥١)، (ص.جة/٩١١)، ن(٣/١١٢)، ج(١/١١١٠).

[٢] صحيح: (الإرواء/٦٢٢)، (ص.ج/٥٩٩٩)، ن(٣/١١٢)، جة(١/٣٥٦/١١٢١).

[٣] صحيح: (ص.ج/٦٠٦٢) ، م(٢/٥٨٧/٨٥٧).

نوێژەی ئەمڕۆ بەناوی سوننەتی پێش نوێژی هەینی ناوزەد دەکرێ. ئەوە چ بنەمایەکی نیە، چونکە ئاشکراو چەسپاوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هەر لەگەڵ بیلال لەبانگ دەبووەوە، دەستی دەکرد بەوتار خوێندنەوە لەوکاتەدا کەس هەڵنەدەستا بۆ ئەنجامدانی دوورکات. هەریەك بانگ دەدرا، دەی کەوابێ کەی نوێژی سوننەتیان کردووە؟![1] وەڵێ دوا نوێژی هەینی دەتوانێ چوار رکات یان دوورکات نوێژی سوننەت بکا.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمُ الْجُمُعَةَ فَلْيُصَلِّ بَعْدَهَا أَرْبَعًا».[2] کە یەکێك لەئێوە نوێژی هەینی ئەنجامدا، با دوای ئەوە چوار رکات نوێژی سوننەت بکا.

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عادەتی وابوو کە لەنوێژی هەینی دەبووەوە لەمزگەوت نوێژی نەدەکرد، تا دەگەڕایەوە ماڵەوە، ئیتر لە ماڵەوە دوو رکات نوێژی دەکرد.[3]

ئادابی ڕۆژی هەینی

سوننەتە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێ ئامادەی نوێژی هەینی ببن هەموو ئەو ئادابانە پەیڕەو بکەن: کە لەم فەرموودانەدا ئاماژەیان پێ کراوە: لە سەلمانی فارسیەوە هاتووە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ يَغْتَسِلُ رَجُلٌ يَوْمَ الْجُمُعَةِ ، وَيَتَطَهَّرُ مَا اسْتَطَاعَ مِنْ طُهْرٍ ، وَيَدَّهِنُ

---

[1] زادالمعاد: ١/١١٨.

[2] صحيح: (الإرواء/٦٢٥)، (ص.ج/٦٤٠)، م(٨٨١/٦٠٠/٢) وهذا لفظه د(١١١٨/٤٨١/٣)، ت(٥٢٢/١٧/٢).

[3] متفق عليه: م(٨٨٢/٧١/٦٠٠/٢)، خ(٩٣٧/٤٢٥/٢).

مِنْ دُهْنِهِ ، أَوْ يَمَسُّ مِنْ طِيبِ بَيْتِهِ ثُمَّ يَخْرُجُ ، فَلاَ يُفَرِّقُ بَيْنَ اثْنَيْنِ ، ثُمَّ يُصَلِّي مَا كُتِبَ لَهُ ، ثُمَّ يُنْصِتُ إِذَا تَكَلَّمَ الإِمَامُ ، إِلاَّ غُفِرَ لَهُ مَا بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْجُمُعَةِ الأُخْرَى ».[١]: كەسێك رۆژی هەینی غوسڵ بكاو وەندێكی بتوانێ خۆ پاكو خاوێن بكاتەوە. سەروقژی خۆی چەوربكا، ئەمجار بڕوا بۆ نوێژی جومعەو هەنگاو بەسەر كەسانی دیكەدا هەڵنەهێنێتەوە، پاشان چەندێكی بۆ بكرێ نوێژی سوننەت بكا، پاشان كە ئیمام دەستی كرد بە وتارخوێندنەوە ئەو بێدەنگ بێ‌و گوێ لە وتارەكە بگرێ ئەوە لەتاوانی نێوان ئەو هەینی‌یەو هەینی‌یەكی تر لێخۆشبوونی بۆ دەستەبەر دەبێ.

لە ئەبو سەعیدەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: (كەسێك رۆژی هەینی خۆبشوا پاكترین‌و جوانترین پۆشاك بپۆشێ، ئەگەر بۆنی خۆشی هەبوو بۆن لەخۆی بدا، ئەمجار بێ بۆ جومعەو هەنگاو بەسەر شانی خەڵكدا هەڵنەهێنێتەوە ئەمجار وەندێكی خودا بۆی نوسی‌و بۆی كرا نوێژی سوننەت بكا، ئەمجار كە ئیمام هاتەدەر بۆسەر مینبەر بێدەنگ دانیشتوو گوێی لە وتارگرت تا مەراسیمەكە تەواو دەبێ، ئەم هەڵس‌و كەوتەی دەبێتە كەفارەتی تاوانی نێوان ئەو جومعەو جومعەی پێشەوەی.[٢])

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « إِذَا كَانَ يَوْمُ الْجُمُعَةِ كَانَ عَلَى كُلِّ بَابٍ مِنْ أَبْوَابِ الْمَسْجِدِ مَلاَئِكَةٌ يَكْتُبُونَ النَّاسَ عَلَى قَدْرِ مَنَازِلِهِمْ الأَوَّلَ فَالأَوَّلَ فَإِذَا جَلَسَ الإِمَامُ طَوَوْا الصُّحُفَ وَجَاءُوا يَسْتَمِعُونَ الذِّكْرَ وَمَثَلُ الْمُهَجِّرِ كَمَثَلِ الَّذِي يُهْدِي الْبَدَنَةَ ثُمَّ

---

[١] صحيح: (ص.ج/٧٧٣٦) ، خ(٨٨٣/٣٧٠/٢).

[٢] صحيح: (ص.ج/٦٠٦٦) ، د(٣٣٩/٧/٢).

كَالَّذِي يُهْدِي بَقَرَةً ثُمَّ كَالَّذِي يُهْدِي الْكَبْشَ ثُمَّ كَالَّذِي يُهْدِي الدَّجَاجَةَ ثُمَّ كَالَّذِي يُهْدِي الْبَيْضَةَ». [1]

که ڕۆژی هەینی هات، لەبەردەرگاکانی هەموو مزگەوتێ فریشتە ئامادە دەبن‌و دەکەونە ناونووسینی ئەوانەی دێن بۆ نوێژی هەینی، تا ئەوکاتەی ئیمام‌و وتارخوێن دێ‌و دەچێتە سەر مینبەر، ئیتر ئەوانیش قەڵەم‌و کاغەزی خۆیان دەپێچنەوەو دەچن گوێ لە وتارەکە دەگرن، جا وێنەی ئەو کەسەی زوو دەچێ بۆ نوێژی هەینی وەك ئەوە وایە کە حوشترێ بکا بەخێر، پاشان کەسێك دواتر بچێ وەکوو ئەوە وایە ڕەشە وڵاخێ ببەخشێ، کەسێ دواتر بچێ وەك ئەوە وایە بەرانێ ببەخشێتەوە، پاشان وەکوو ئەوە وایە مریشکێ بکا بەخێر، کەسێ دواتر بچێ وەك ئەوە وایە هێلکەیێ بکا بەخێر.

ئەو زیکرو دوعایانەی لەڕۆژی هەینیدا سوننەتە

١- زۆر صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ)

لە ئەوسی کوڕی ئەوسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « إِنَّ مِنْ أَفْضَلِ أَيَّامِكُمْ يَوْمَ الْجُمُعَةِ فِيهِ خُلِقَ آدَمُ وَفِيهِ قُبِضَ وَفِيهِ النَّفْخَةُ وَفِيهِ الصَّعْقَةُ فَأَكْثِرُوا عَلَيَّ مِنَ الصَّلاَةِ فِيهِ فَإِنَّ صَلاَتَكُمْ مَعْرُوضَةٌ عَلَيَّ ». قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَكَيْفَ تُعْرَضُ عَلَيْكَ صَلاَتُنَا وَقَدْ أَرِمْتَ. فَقَالَ « إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ حَرَّمَ عَلَى الأَرْضِ أَجْسَادَ الأَنْبِيَاءِ». [2] لە گەورەترین ڕۆژانی ئێوە ڕۆژی هەینییە، لەو ڕۆژەدا ئادەم دروستکراوە، لەو ڕۆژەدا لەدونیا دەرچووە، لەو ڕۆژەدا جاری یەکەم فوو بەکەڕەنای صووردا دەکرێ، هەر لەوڕۆژەدا نەعرەتە گەورەکە ڕودەدا؛ کە هەرچی زیندەوەرە لەوانەی لە

---

[1] صحيح: (ص.ج/٧٧٥) ، م(٨٥٠/٥٨٧/٢)، ن(٩٨/٣)، جة(١٠٩٢/٣٤٧/١).

[2] صحيح: (ص.جة/٨٨٩) ، د(١٠٣٤/٣٧٠/٣)، جة(١٠٨٥/٣٤٥/١)، ن(٩١/٣).

ئاسمان‌و زەویدان لە سام‌و هەیبەتی زەندەقیان دەچیٚ‌و بێهۆش دەکەون‌و دەمرن، جا کەوابێ ئێوە لەم ڕۆژەدا زۆر صەڵاواتم لەسەربدەن، چونکە صەڵاوەتەکانتان دەگەنەوە پێم‌و بەسەرما رادەنوێرێن، هاوەڵانی عەرزیان کرد: ئەی پێغەمبەری خودا! تۆ کە جەستەت پۆڵکاو لەشت رزی لەگۆڕدا چۆن چۆنی صەڵەوات‌و دروودی ئێمەت پێ دەگاتەوە؟ فەرمووی: خودای باڵادەست جەستەی پێغەمبەرانی یاساغ کردووە لە زەوی‌و لەشیان لەخاك دانارزێ!!

٢- خوێندنی سورەتی (الکهف)

لە ئەبو سەعیدی (الخدری)یەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « مَنْ قَرَأَ سُورَةَ الْكَهْفِ فِي يَوْمِ الْجُمُعَةِ أَضَاءَ لَهُ مِنَ النُّورِ مَا بَيْنَ الْجُمُعَتَيْنِ»[١]: کەسێك لەرۆژی هەینیدا سورەتی (الکهف)ی خوێند، نێوان هەردوو جومعەکانی بۆ پڕدەکرێ لەنورو روناکی.

٣- زۆر پاڕانەوەو دوعاکردنی زۆر بەهیوای ئەوەی دوعاکانی ڕێکەوتی ساتی دوعا قبوڵبوون بکا.

لە جابیرەوە (رەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، لە پێغەمبەرەوە: فەرموویەتی: «يَوْمُ الْجُمُعَةِ اثْنَتَا عَشْرَةَ سَاعَةً لاَ يُوجَدُ فِيهَا عَبْدٌ مُسْلِمٌ يَسْأَلُ اللَّهَ عزَّ وَجَلَّ إِلاَّ آتَاهُ إِيَّاهُ فَالْتَمِسُوهَا آخِرَ سَاعَةٍ بَعْدَ الْعَصْرِ».[٢] رۆژی هەینی دوانزە سەعاتە، بەندەیەکی موسوڵمانت دەست ناکەوێ داوا لەخودا بکا شتێکی پێ ببەخشێ ئیللا دەیداتێ، هەوڵ بدەن داواکارییەکانتان بخەنە دواکاتی رۆژەکەوە لەدوا نوێژی عەصر پاڕانەوەکانتان لەخودا چڕبکەنەوە.

---

[١] صحيح: (الإرواء/٦٢٦)، (ص.ج/٦٤٧٠)، ك(٢/٣٦٨)، هق(٣/٢٤٩).

[٢] صحيح: رواه أبو داود والنسائي واللفظ له، والحاكم، وقال صحيح على شرط مسلم.

نوێژی هەینی لەمزگەوتدا بەجێ دەهێندرێ

لەخاتو عائیشەوە (خودای لێ رازی بێ) ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: (لەرۆژگاری پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) خەڵك لەماڵەکانی خۆیانەوەو لە بەرزاییەکانی مەدینەوە – کەچەند گوندێکی نزیکی مەدینەبوون – دەهاتن بۆ نوێژی جومعە).[1]

لە (الزهری)یەوە ڕیوایەتکراوە: کە دانیشتوانی (ذوالحلیفة) بوون لەخزمەت پێغەمبەردا نوێژی جومعەیان دەکرد زولحولەیفە شەش میل لەمەدینەوە دووربوو.[2]

لە عەطای کوڕی رەباحەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: (دانیشتوانی مینا ئامادەی نوێژی هەینی دەبوون کە لەناو مەککەدا بەڕێوە دەچوو).

حافیظ (ابن حجر) لە کتێبی (ألتلخیص) (ج/٢/٥٥)دا دەڵێ: نەبیستراوەو نەگێڕدراوەتەوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئیزنی دابێ بۆ هیچ کەس کەنوێژی هەینی بەجێ بێنن لەهیچ کامێ لەمزگەوتەکانی مەدینەو گوندو گەڕەکی دەوروبەری نزیکیدا جگە لەمزگەوتی مەدینە.

کۆبونەوەی نوێژی جەژنو نوێژی هەینی لەیەك ڕۆژدا

ئەگەر وارێکەوت نوێژی جەژنو نوێژی هەینی لەڕۆژێکدا کۆبوونەوە، ئەوە هەرکەسی نوێژی جەژنی کرد نوێژی جومعەی لەسەر لادەچێ.

لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نوێژی جەژنی بەجێ هێنا، پاشان ڕێگەیدا بۆ ئەوانەی

---

[1] متفق علیە: د(١٠٤٢/٣٨٠/٣) هكذا مختصراً وهو طرف من حديث طويل. خ(٩٠٢/٣٨٥/٢)، م(٨٤٧/٥٨١/٢).

[2] هق(٣/١٧٥).

ئامادەی نوێژی جەژن بوون، نوێژی جومعە نەکەن، فەرمووی: « مَـنْ شَـاءَ أَنْ يُصَلِّيَ فَلْيُـصَلِّ».[1] کەسێك دەیـەوێ ئامـادەی نوێـژی هـەینی بـێ بـا ئامادەبـێ نوێژی هەینی بکا.

واباشە بۆ ئیمام لەو ڕۆژە جەژنانـەدا کەڕێکـەوتی هـەینی دەبـن، وێـڕای ئەنجامدانی نوێژی جەژن دوای خۆرهەڵاتن، نوێژی جومعە پاشگوێ نـەخا بـۆ ئـەوەی ئەوانـەی ئامـادەی نوێـژی جـەژن بـوونو ئەوانـەی ئامـادەی نـەبوون نوێژی هەینی بەجێ بێنن.

لـە ئـەبو هـورەیرە ڕیوایـەتکراوە، دەڵێ: کـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «قَدِ اجْتَمَعَ فِي يَوْمِكُمْ هَذَا عِيدَانِ فَمَنْ شَاءَ أَجْـزَأَهُ مِـنَ الْجُمُعَةِ وَإِنَّا مُجَمِّعُونَ».[2] لەم ڕۆژەتاندا دوو جەژن کۆبوونەوە، کەسێك نوێژی جەژن بکا بۆلای لەبری نوێژی جومعەش دەکەوێ. ئێمە کۆیان دەکەینەوە.

نوێژی جەژنی ڕەمەزانو جەژنی قوربان
حوکمی نوێژەکانی جەژن

نوێژی دوو جـەژنی ڕەمـەزانو قوربـان پێویـستن لەسـەر پیـاوو ئـافرەت، چـونکە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) بـەردەوام بـووە لەسـەر ئەنجامدانیانو فەرمانکردنی بە موسوڵمانان بۆ چوونەدر لـەماڵ بەمەبەسـتی ئەنجامدانیان.

---

[1] صحيح: (ص. جه/١٠٨٢)، د (٣/٤٠٧/١٠٥٧)، جه (١/٤١٥/١٣١٠).

[2] صحيح: (ص. جه/١٠٨٣)، د (٣/٤١٠/١٠٦)، جه (١/٤١٦/١٣١١) من حديث ابن عباس.

لە ئوممو عەطيیەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: فەرمانمان پێ کراوە بەوە ئافرەتیماڵەوەو کەژاوەنشین بەرینە دەرەوە بۆ ئەنجامدانی نوێژی جەژن.[1]

لەحەفصەی کچی سیرین ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: ئێمە عادەتمان وابوو نەمان دەهێشت ئافرەتمان لەماڵ دەربچێ بۆ نوێژی جەژن، ئافرەتێك هات لە باڵەخانەی بەنی خەلەف نیشتەجێ بوو، چوومە لای، باسی ئەوەی کرد: کەمێردی خوشکەکەی لەخزمەت پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) دوانزە غەزای کردووە، لە شەش غەزادا خوشکەکەی لەگەڵیدا هاوبەشی غەزای کردووە، بۆیگێڕاوەتەوە کە ئەوو ئافرەتانی تری هاوبەش لەو غەزایانەدا بەسەرنەخۆش ڕاگەیشتوونو تەداوی برینو خزمەتی برینداریان کردووە، دەڵێ: عەرزی پێغەمبەرم کرد، ئاخۆ چ خراپییەکی تێدایە ئەگەر جیلبابی دەست نەکەوت نەیبوو، نەچی بۆ نوێژی جەژن؟ فەرمووی: «لِتُلْبِسْهَا صَاحِبَتُهَا مِنْ جِلْبَابِهَا فَلْيَشْهَدْنَ الْخَيْرَ وَدَعْوَةَ الْمُؤْمِنِينَ». با دەستە خوشکەکەی جیلبابو پۆشاکی بداتێو بەیەکەوە ئامادەی ئەو خێرو فەرمبنو هاوبەشی دوعاو خوداپەرستی موسوڵمانان بکەن.

کاتی ئەنجامدانی نوێژی جەژن

لە یەزیدی کوڕی خومەیری (الرّحبیّ)یەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: عەبدوڵلای کوڕی بوسر (هاوەڵی پێغەمبەر) (دروودی خودای لەسەر بێ) لەگەڵ خەڵکدا لەرۆژی جەژنی ڕەمەزان یان جەژنی قوربانندا هاتە دەرەوە، نارازی بوو بە دواکەوتنی ئیمامو وتی: ئەوە کاتی کەراهەت تێپەڕیو خۆر بەرزبۆتەوەو کاتی بەجێ هێنانی نوێژە.[2]

---

[1] متفق علیه: خ (٢/٤٦٣/٩٧٤)، م (٢/٦٠٥/٨٩٠)، د (٣/٤٨٧/١١٢٤)، ت (٢/٢٥/٥٣٧)، جه (١/٤١٤/١٣٠٧)، ن (٣/١٨٠).

[2] صحیح: (ص. د/١٠٠٥)، د (٣/٤٨٦/١١٢٣)، جه (١/٤١٨/١٣١٧).

چونە دەر بۆ ئەنجامدانی نوێژی جەژن

بەگوێرەی ئەو حەدیثانەی لەوەپێش باسکران ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کەشوێنی ئەنجامدانی نوێژی جەژن ساراو چۆڵەوانیە نەك مزگەوت، بێگومان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەژیانیدا بۆ بەجێ هێنانی نوێژی جەژن هەمیشە چووەتە دەرو لەساراو چۆڵەوانیدا ئەو نوێژەی بەجێ هێناوە، لەدوا لەدونیا دەرچوونیشی کار بەوە کراوەو ئەو سوننەتە پەیڕەوکراوە.

ئایا بانگو قامەت بۆ نوێژی جەژن پێویستە؟!

لە ئیبنو عەبباسو جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموون: نە بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزانو نە بۆ نوێژی جەژنی قوربان بانگ نەدراوە.[1]

هەروەها لەجابیرەوە ریوایەتکراوە، فەرمووی: (بانگدان بۆ نوێژی جەژن نابێ، ئەوکاتەی ئیمام دەچێ بۆ ئەنجامدانیو نە دوائەوە، هەروەها قامەتیش ناکرێو هیچ شتێکی لەوجۆرە ئەنجام نادرێ.[2]

چۆنیەتی نوێژی جەژن

نوێژی جەژن دووڕکاتە، لەو دووڕکاتەدا دوازدەجار (الله أكبر) دەکرێ، حەوتجار لەرکاتی یەکەمدا دوای (الله أكبر)ی نوێژ دابەستنو پێش خوێندنی فاتیحە، پێنج جاریش لەرکاتی دووەمدا پێش خوێندنی سورەتی فاتیحە.

لە کەثیری کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی عەوفەوە لە باوکییەوە لە باپیریەوە، ریوایەتی کردووە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەهەردوو جەژنەکەدا لەرکاتی یەکەمدا حەوتجار (الله أكبر)ی کردوە، لەرکاتی دووەمدا پێنج جار.[3]

---

[1] متفق عليه: خ (٩٦٠/٤٥١/١)، م (٨٨٦/٦٠٤/٢).

[2] بەشێکە لەو حەدیثەی پێشەوە: کە ئیمام موسلیم ریوایەتی کردوە.

[3] صحيح: (ص.جة/ ١٠٥٧) ، (المشكاة/١٤٤١)، جة(١٢٧٩/٤٠٧/١).

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەنوێژی جەژنی ڕەمەزانو جەژنی قوربان حەوتجارو پێنج جار (الله أکبر)ی کردوە جگە لە (الله أکبر)ی نوێژ دابەستنو (الله أکبر)ی چونە ڕوکوع.[1]

ئەو ئایەتو سورەتانەی لەنوێژی جەژنو جومعەدا دەخوێندرێن

لە (ألنُّعمان)ی کوڕی بەشیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عادەتی وابوو لەنوێژی جەژنەکانو نوێژی هەینی {سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى}و {هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الْغَاشِيَةِ}ی دەخوێند.[2]

لە عوبەیدیلای کوڕی عەبدوڵلاوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: ئیمامی عومەر ڕۆژی جەژن چووە دەر بۆ بەجێ هێنانی نوێژی جەژن، ناردی بۆلای ئەبو واقیدی (ألَلّیثی) ئاخۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەڕۆژی ئامادا چ سورەتێکی دەخوێند؟ لە وەڵامدا عەرزی کرد سورەتی (قاف)و (اقتربت)ی دەخوێند.[3]

وتاری جەژن دوای بەجێهێنانی نوێژەکەیەتی

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: ئامادەی بەجێهێنانی نوێژی جەژن بووم لەخزمەت پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) هەروا لەگەڵ

---

[1] صحيح: (الإرواء/٦٣٩)، (ص.جة/١٠٥٨)، جة(١٢٨٠/١/٤٠٧)، د(٣٧/١١٣٨/٦، ٧/٤).

[2] صحيح: (الإرواء/٦٤٤)، (ص.جة/١٢٨١)، م(٨٧٨/٥٩٨/٢)، (١١٠٩/٤٧٢/٣)، ت(٥٣١/٢٢/٢)، ن(٣/١٨٤)، جة(١٢٨١/٤٠٨/١).

[3] صحيح: (الإرواء/ج/٣/١١٨)، (ص.جة/١٠٦)، م(٨٩١/٦٠٧/٢)، د(١١٤٢/١٥/٤)، ت(٢٣/٢/٥٣٢)، ن(٣/١٨٣)، جة(١٢٨٢/٤٠٨/١).

ئەبوبەکرو عومەرو عوثماندا نوێژی جەژنم کردوە، هەموویان نوێژی جەژنیان پێش خوێندنەوەی وتار بەجێ دێنا.(١)

بەجێ هێنانی نوێژی سوننەت پێش نوێژی جەژنو دوای نوێژی جەژن

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نوێژی جەژنی رەمەزانی کرد، (دوورکات) نەلەپێشەوەیی و نە لەدواوەی نوێژی سوننەتی نەکرد.(٢)

ئەوکارانەی لەرۆژی جەژندا سوننەتن

١- خۆشتن: لە ئیمامی عەلییەوە هاتووە: کە پرسیاری لێ کرا دەربارەی غوسلی سوننەت، لە وەڵامدا دەفەرموێ: {يَوْمَ الْجُمُعَةِ وَيَوْمَ عَرَفَةَ وَيَوْمَ الْفِطْرِ وَيَوْمَ النَّحْرِ}(٣)؛ غوسڵی رۆژی هەینیو رۆژی عەرەفەو رۆژی جەژنی رەمەزانو جەژنی قوربان.

٢- پۆشینی باشترینو خاوێنترین پۆشاك: لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عادەتی وابوو لەرۆژی جەژندا بوردەیەکی سوری دەپۆشی.(٤)

٣- خواردنی شتێك لەجەژنی رەمەزاندا پێش چوونەدەر بۆ نوێژ: لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ)

---

(١) صحيح: خ(٢/٤٥٣/٩٦٢)، م(٢/٦٠٢/٨٨٤).

(٢) متفق عليه: خ(٢/٤٥٣/٩٦٤)، م(٢/٦٠٦/٨٨٤)، ن(٣/١٩٣).

(٣) لەوەپێش لەباسی غوسڵە سوننەتەکاندا باسکرا.

(٤) اسناده جيد (الصحيحة/١٢٧٩) هەیثەمی لە (مجمع الزوائد)دا دەڵێ: طەبەرانی لە (الأوسط)دا ڕیوایەتی کردوە.

عادەتی وابوو رۆژی جەژنی رەمەزان تا چەندەنکە خورمایەکی نەخواردایە نەدەچوو بۆ نوێژ.[1]

٤- دواخستنی قاوەڵتی لە جەژنی قورباندا هەتا لەقوربانییەکەی دەخوا: لە ئەبو بورەیدەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عادەتی وابوو لەماڵ دەرنەدەچوو بۆ نوێژی جەژنی رەمەزان تا شتێکی نەخواردایە، رۆژی جەژنی قوربانیش هیچی نەدەخوارد تا قوربانییەکەی سەرنەبڕیایە.[2]

٥- رێگەگۆڕین: لەجابیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەرۆژی جەژندا: کەدەچوو بۆ بەجێهێنانی نوێژی جەژن بە رێگەیەکدا دەڕۆیی، کە دەهاتەوە بەرێگایەکی تردا دەگەڕایەوە.[3]

٦- (الله أكبر) کردن لەدوو جەژنەکاندا:

پەروەردگار دەفەرموێ: {وَلِتُكْمِلُواْ الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُواْ اللّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ – البقرة/١٨٥} بۆئەوەی ژمارەکە تەواوبکەن، (الله أكبر) بکەن لەسەرئەوەی خودا هیدایەتی داون و بۆئەوەی سوپاسگوزاربن. ئەمە دەربارەی نوێژی جەژنی رەمەزانە.

دەربارەی نوێژی جەژنی قوربانیش پەروەردگار دەفەرموێ: {وَاذْكُرُواْ اللّهَ فِي أَيَّامٍ مَّعْدُودَاتٍ – البقرة/٢٠٣}. (الله أكبر) بکەن و یادی خودا زۆر بکەن لەچەند رۆژێکی دیاریکراودا: کە رۆژانی (أيام التشريق)ن. یان دەفەرموێ: {كَذَلِكَ سَخَّرَهَا لَكُمْ لِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ – الحج/٣٧}. ئاواو بەوشێوە

---

[1] صحيح: (ص.ت/٤٤٨) ، خ(٩٥٣/٤٤٦/٢)، ت(٥٤١/٢٧/٢).

[2] صحيح: (ص.ت/ ٤٤٧، خز(١٤٢٦/٣٤١/٢)) ، ت(٥٤٠/٢٧/٢).

[3] صحيح: (المشكاة/١٤٣٤)، خ: (٩٨٦/٤٧٢/٢).

ئەو وشترانەی بۆ ئێوە ملکەچ کردووە، بۆئەوەی خودا بەگەورەو مەزن بگرن (الله أكبر) بکەن لەسەرئەوەی: کە ڕێنمویی کردون.

ئیمامی بوخاری دەفەرموێ: ئیبنو عەبباس فەرموویەتی: مەبەست لە {وَيَذۡكُرُواْ اللّهَ فِي أَيَّامٍ مَّعۡلُومَاتٍ} دە ڕۆژی مانگی زیلحیجەیە. مەبەستیش بە {أَيَّامٍ مَّعۡدُودَاتٍ} سێ ڕۆژەی دوا ڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربانە. واتە: (ئەییامی تەشریق). ئیبنو عومەرو ئەبو هورەیرە لە دەرۆژی مانگی ذیلحیجەدا دەچوونە ناو بازاڕو (الله أكبر)یان دەکردو خەڵکیش لەگەڵیاندا (الله أكبر)ی دەکرد. موحەممەدی کوڕی عەلی لەدوا نوێژە سوننەتەکانەوە (الله أكبر)ی دەکرد. ئیمامی عومەر (خودای لێ ڕازی بێ) لەمینا لەژێر خێوەتەکەی خۆیدا (الله أكبر)ی دەکرد، هەموو ئەهلی مزگەوت گوێیان لێ دەبوو، ئەوانیش (الله أكبر)یان دەکردو ئەهلی بازاڕ تێکڕا ئەڵلاهوئەکبەریان دەکرد، بەجۆرێك مینا دەهاتە لەرزەو هەژان،، ئیبنو عومەر لەو ڕۆژانەدا لەمینا لەدوا نوێژەکانو لەسەر جێگەی خەوتنو لەژێر خێمەکەیداو لە مەجلیسو ڕێگەی هاتوچۆیدا (الله أكبر)ی دەکرد سەرگەرمی ئەو زیکرەبوو. مەیمونە (خودای لێ ڕازی بێ)لەڕۆژانی قوربانی کردندا (الله أكبر)ی دەکرد. ئافرەتەکان لەدوا ئەبانی کوڕی عوسمانو عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لەسێ ڕۆژەی قوربانی (ئەییامو تەشریق)دا لەگەڵ پیاوان لەمزگەوتدا (الله أكبر)یان دەکرد.[1]

کاتی (الله أكبر) کردن لەجەژنی ڕەمەزاندا لەوکاتەوە دەست پێ دەکا کە ئیمام دەردەچێ بۆ شوێنی نوێژو تا نوێژەکە تەواو دەبێ. ئیبنو ئەبو شەیبە[2] دەڵێ: یەزیدی کوڕی هارون لەکوڕی ئەبو زیئبەوە لە (ألزهری)یەوە ریوایەتی کردوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەڕۆژی

---

[1] فتح الباری/٤٥٧ و ٢/٤٦١.

[2] صحیح: (الصحیحة/١٧١)، (٢/١٦٤).

جەژنی رەمەزاندا لەماڵ دەردەچوو دەستی دەکرد بە (الله أكبر) کردن هەتا نوێژەکەی بەجێ دێنا. کە لەنوێژەکە دەبووەوە ئیتر (الله أكبر) کۆتایی دەهات.

شێخی ئەلبانی [1] دەڵێ ئەمە سەنەدێکی صەحیح و مورسەلە، لەرێگایەکی ترەوە لە ئیبنو عومەرەوە بە مەرفوعی ریوایەتکراوە، بەیهەقی لەرێگای عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە لە نافیعەوە لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە دەری هێناوە دەڵێ: (پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەهەردوو جەژنەکاندا کە دەردەچوو (ألفضل)ی کوڕی عەبباس و عەبدوڵلای کوڕی عومەرو عەلی و جەعفەرو (ألحسن) و (ألحسين) و ئوسامەی کوڕی زەیدو زەیدی کوڕی حاریثەو ئەیمەنی کوڕی ئوومم ئەیمەنی لەخزمەتدا بوون، بەدەنگی بەرز (الله أكبر) و تەهلیلەی دەکرد، چوونەدەرەوەکەی لە رێگەی (ألحذائين) پینەچییەکانەوە دەبوو، کە لەنوێژ دەبووەوە بەسەر پینەچییەکاندا دەگەڕایەوە تا دەهاتەوە ماڵەوە، بەیهەقی دەڵێ: ئەمە وێچوترە لەو شێوەی پێشەوە. شێخی ئەلبانی دەڵێ: پیاوانی ئەم رشتەیە بتمانەپێکراون، ریجالەکانی ریجالی موسلیمن جگە لە عەبدوڵلای کوڕی عومەر. کە بریتییە لە (العمريّ المكبَّر)ە. ئیمامی زەهەبی دەڵێ: راستگۆیە، شتێك دەربارەی (حفظ)ی ئەو هەیەو ئامازە بۆ ئەوە دەکا: کە لەریجالی موسلیمەو نمونەی ئەو ئیستیشهادی پێ دەکرێ، ئەو شایەتحاڵێکی گونجاوە بۆ مورسەلی (ألزهری)، حەدیثەکە بەلای منەوە صەحیحە، مەوقوف بێ یان مەرفوع بێ. خودا بۆ خۆی باش دەزانێ. کاتی (الله أكبر) کردن لەجەژنی قوربانـدا لەبەیانی رۆژی عەرەفەوە دەست پێ دەکا تا عەصری دوا رۆژی

---

[1] (الإرواء: ٣/١٢٣).

ئەییامی تەشریق. ئەمە بەڕاستو دروستی لە ئیمامی عەلیو ئیبنو عەبباسو ئیبنو مەسعوودەوە ڕیوایەتکراوەو چەسپاوە.

دەقی (الله أكبر) کردنو فەرمان بەکردنی زۆری راو بۆچونو ڕیوایەت تێدا هاتوون. ئەوەی چەسپاوەو جێگای دڵنیاییە (جوت ئەڵڵاهوئەکبەر) کردنە، لەئیبنو مەسعوودەوە هاتووە کە ئەو لەڕۆژانی جەژنی قورباندا بەم شێوە (الله أكبر)ی دەکرد. (ألله أكبر، الله أكبر، لا الـه الا الله، الله أكبر ألله أكبر، ولله الحمد).

ئیبنو ئەبی شەیبە (٢/١٦٧) ئەمەی دەرهێناوەو ڕشتەکەی ڕاستو صەحیحە. وەڵێ لەشوێنێکی تردا بەهەمان ڕشتەو سەنەد باسی ئەوەی کردوە کە (الله أكبر)ی جەژن سێ سێ بووە، هەروا ئیمامی بەیهەقیش (ج: ٣/٣١٥) لە یەحیای کوڕی سەعیدەوە ئەویش لە (الحَكَم)ەوە لە عیکریمەوە لە ئیبنو عەبباسەوە سێجار (الله أكبر) کردنی جەژنەکانی ڕیوایەتکردوە، زئەم ڕیوایەتەش ڕشتەو سەنەدەکانی ڕاستو صەحیحە.[1]

نوێژی ترس

پەروەردگار دەفەرموێ: {وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ الصَّلَاةَ فَلْتَقُمْ طَآئِفَةٌ مِّنْهُم مَّعَكَ وَلْيَأْخُذُواْ أَسْلِحَتَهُمْ فَإِذَا سَجَدُواْ فَلْيَكُونُواْ مِن وَرَآئِكُمْ وَلْتَأْتِ طَآئِفَةٌ أُخْرَى لَمْ يُصَلُّواْ فَلْيُصَلُّواْ مَعَكَ وَلْيَأْخُذُواْ حِذْرَهُمْ وَأَسْلِحَتَهُمْ – النساء/١٠٢}: واتە: ئەگەر لەکاتی جەنگدا دژی کافران ترس لەئارادا بوو، تۆش ئەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەناو هاوەڵانتدا بوویو ویستت نوێژیان بۆ بکەی بەکۆمەڵ، ئەوە تۆ موسوڵمانان بکە بەدوو دەستە، با دەستەیەکیان بەچەکەوە لەگەڵتا نوێژ دابەستن، کاتێك ئەوان لەگەڵتا چوونە

[1] الإرواء: ٣/١٢٥.

سوژده، یا دەستەی دووەم لەدواتانەوە پارێزگاریتان بکەن، جا کەئەم تاقمە لەگەڵ تۆدا رکاتێکیان تەواوکرد، بۆخۆیان نییەتی جیایی لە ئیمام بێنن‌و بۆخۆیان رکاتی دووەم تەواو بکەن‌و سلاو بدەنەوەو بڕۆن بۆ بەرامبەر دوژمن‌و دەستەی دووەم بێن: کەتا ئەوکاتە بەرامبەر دوژمن بوون بێن لەپشتی ئیمامەوە نوێژ دابەستن‌و ئیمام رکاتی دووەم لەگەڵ ئەماندا تەواوبکا، کاتێ ئیمام دانیشت بۆ تەحیات خوێندن ئەمان هەڵسنەوە رکاتی دووەم تەواوبکەن، ئیمام هەر لەنوێژدا بمێنێتەوە چاوەڕوانی ئەمانە بکا لەتەحیاتا، هەتا ئەوان پێی دەگەنەوە سلاوی نوێژەکەیان لەگەڵدا بداتەوە. ئەمە ئەگەر وارێکەوت دوژمن لەغەیری لای قیبلەوە بوو.

سیفەت‌و شێوەی نوێژی ترس

(ألخطابی) دەڵێ: نوێژی ترس بەچەند جۆرێك ئەنجام دەدرێ، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لە حالات‌و زوروفی جیاجیادا بەو شێوانە نوێژی تری بەجێ هێناوە. بۆ هەر حاڵەتێك بەشێوەیەکی جیاو تایبەتی ئەو نوێژە بەجێ دێندرێ‌و کام شێوە باشتر پارێزگاری موسوڵمانی تێدا بەرجەستە دەبێ‌و پتر ئیحتیاتی تێدایە بەو شێوە رەچاو دەکرێ، نوێژی ترس وێڕای ئەوەی بەشێوازی جیاجیا ئەنجام دەدرێ وەڵێ لەواقیعدا یەك مانا دەبەخشێ.[1]

١- لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) رکاتێك نوێژی ترسی بەدەستەیەك لە هاوەڵان کردو دەستەکەی تریان بەچەکەوە بەرامبەر دوژمن وەستابوون، پاشان ئەو دەستەیەی یەکەم بۆ خۆیان رکاتی دووەمیان بەجێ هێناو سلاویان دایەوەو چون بۆ بەرامبەر

[1] شرح مسلم للنووی: ٦/١٣٦.

دوژمن‌و لەشوێنی دەستەکەی تر جێگیر بوون‌و ئەو دەستەکەی تر هاتن لەدوا پێغەمبەرەوە نوێژیان دابەست، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەگەڵ ئەوانیشدا رکاتێکی کردو تەشریفی ئەو سلاوی دایەوە، ئەمانیش بۆ خۆیان رکاتی دووەمی نوێژەکەیان بەجەماعەت لەپاش پێغەمبەرەوە ئەنجامداو رکاتێکیشیان بەجیا بۆ خۆیان ئەنجامدا.[1]

٢- لە سەهلی کوڕی ئەبو حەثمەوە ریوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەکاتی ترسدا نوێژی بە هاوەڵانی کرد، تێکڕا هاوەڵانی کرد بەدوو ریز، رکاتێکی بەو ریزەی دوا خۆیەوە کرد، پاشان هەڵسایەوە بۆ رکاتی دووەم لەو رکاتەدا مایەوە هەتا ریزەکە بۆ خۆیان رکاتی دووەمیان کردو دوای تەحیات سلاویان دایەوە چوونە دوواوەو ریزی دووەم هاتنە پێشەوەو لەپشتی پێغەمبەرەوە نوێژیان دابەست‌و پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەوانیش رکاتێ نوێژی کردو ئەمجار دانیشت چاوەڕێی کردن تا رکاتی دووەمیان ئەنجامداو بەیەکەوە تەحیاتیان خوێندو سلاویان دایەوە.[2]

٣- لەجابیری کوڕی عەبدوڵلاوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەردا نوێژی ترسم بەجێ هێنا، تەشریفی ئێمەی کرد بەدوو ریز، ریزێک لەدوا پێغەمبەرەوە بووین (دروودی خودای لەسەر بێ)، دوژمن لەنێوان ئێمەو قیبلەدا بوو، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) (ألله أكبر)ی نوێژ دابەستنی کردو ئێمەیش نوێژمان دابەست، دوا خوێندنی فاتیحە تەشریفی چووە روکوع، ئێمەیش هەمووومان هەڵساینەوە، پاشان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) چووە سوژدە، ریزەکەی دوای پێغەمبەر (دروودی

---

[1] متفق عليه: م(١/٥٧٣/٨٣٩)، وهذا لفظه، خ(٢/٤٢٩/٩٤٢)، (٤/١١٨/١٢٣٠)، ت(٢/٣٩/٥٦١)، ن(٣/١٧١).

[2] متفق عليه: م(١/٥٧٥/٨٤١)، خ(٧/٤٢٢/٤١٣١) بنحوه ن(٣/١٧٠)، ت(٢/٤٠/٥٦٢).

خودای لەسەر بێ) لەتەکیا چوونە سوژدەو ریزی دواوە بەرامبەر دوژمن مانەوە، کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) سوژدەی تەواوکرد لەگەڵ ریزی دواوەی و هەڵسایەوە بۆ رکاتی دووەم، ریزی دووەم شۆڕبوونەوە بۆ سوژدەو هەڵسانەوە بۆ رکاتی دووەم ریزی دواوە هاتنە پێشەوەو ریزی پێشەوە چوونە دواوە، دوای راوەستان و خوێندنی قورئان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) چووە روکوع و هەموومان لەتەکیا چوینە روکوع، پاشان پێغەمبەر لە روکوع هەڵسایەوەو ئێمەیش هەموومان هەڵساینەوە پاشان تەشریفی شۆڕبۆوە بۆ سوژدەو ریزی دواوەی لەتەکیا چوونە سوژدە، ریزی دواوە کە ریزی دووەم بوو بە پێوە مانەوە بەرامبەر دوژمن، جا کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) سوژدەی تەواوکرد لەگەڵ ریزی دواوەی و هەڵسایەوە بۆ تەحیات خوێندن ریزی دووەم شۆڕبوونەوە بۆ سوژدە بردن و سوژدەیان تەواوکردو لەگەڵ پێغەمبەرو ریزی یەکەمدا تەحیاتیان خوێندو ئەمجار پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) سلاوی دایەوەو ئێمەیش هەمووومان سلاومان دایەوە.[1]

باسی بەڕێکردنی مردو (كتاب الجنائز)

کەسێك کەوتە گیانەلاوەوەو مردنی نزیك بۆوە، واباشە بۆ کەس وکاری کە رستەی شایەتومانی بەگوێدا بدەن، لەنزیکییەوە بەهێواشی زیکری (لا الـه الا الله) بکەن و شایەتومان بێنن.

لەئەبو سەعیدی (ألخدری)یەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « لَقِّنُوا مَوْتَاكُمْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّـهُ ». رستەی (لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّهُ) بەگوێی ئەوانەتاندا بدەن کە دەکەونە حاڵەتی گیانەلاوەو مردنیان

[1] صحيح: واللفظ لمسلم (ص.ن/١٤٥٦)، م(١/٥٧٤/٨٤٠)، ن(٣/١٧٥).

لێ نزیك دەبێتەوە[1] پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بۆیە فەرمانی بەکەس‌وکاری نەخۆش کرد کە زیکری (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ)ی لەلابکەن، بەهیوای ئەوەی دواوتەی مردوەکە رستەی (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) بێ.

لە موعازی کوڕی جەبەلەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درووددی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « مَنْ كَانَ آخِرُ كَلاَمِهِ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ دَخَلَ الْجَنَّةَ ». [2] کەسێك دوا وتەی لەژیانـدا رستەی (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) بێ دەچێتە بەهەشتەوە.

جا کەمردو گیانی سپارد پێویستە کەس‌وکاری یان ئەو موسوڵمانانەی بەدەوریيەوەن پەیڕەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن.

١ ، ٢- چاوەکانی لێك بنێن‌و دوعای لێخۆشبوونی بۆبکەن: لە ئوممو سەلەمەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: ئەبو سەلەمە گیانی سپارد، پێغەمبەر (درووددی خودای لەسەر بێ) هاتەسەری، چاوی بەملوق وەستابوون پێغەمبەر (درووددی خودای لەسەر بێ) چاوەکانی ئەبو سەلەمەی وێکنانەوە، پاشان فەرمووی: «إِنَّ الرُّوحَ إِذَا قُبِضَ تَبِعَهُ الْبَصَرُ». گیان کە لەجەستە دەرچوو چاو لەدوایەتی: ئیتر کەس‌وکارەکەی کردیانە هاوارو دادو فیغان. فەرمووی: «لاَ تَدْعُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ إِلاَّ بِخَيْرٍ فَإِنَّ الْمَلاَئِكَةَ يُؤَمِّنُونَ عَلَى مَا تَقُولُونَ». دوعای شەڕ لەخۆتان مەکەن، هەر دوعای خێرو چاکە بۆ خۆتان بکەن، چونکە بێگومان فریشتە داوای گیرابوونی دوعاکانتان دەکەن، ئێوە هەر دوعایەك لەخۆتان بکەن، فریشتە دەڵێن: (آمین). پاشان تەشریفی فەرمووی: «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لأَبِى

---

[1] صحيح: (الإرواء/٦٨٦)، م(٩١٦/٦٣١/٢)، د(٣١٠١/٣٨٦/٨)، ت(٩٨٣/٢٢٥/٢)، جە(١٤٤٥/٤٦٤/١)، ن(٤/٥).

[2] صحيح: (ص.د/٢٦٧٣)، د(٣١٠٠/٣٨٥/٨).

سَلَمَةَ وَارْفَعْ دَرَجَتَهُ فِي الْمَهْدِيِّينَ وَاخْلُفْهُ فِي عَقِبِهِ فِي الْغَابِرِينَ وَاغْفِرْ لَنَا وَلَهُ يَا رَبَّ الْعَالَمِينَ وَافْسَحْ لَهُ فِي قَبْرِهِ. وَنَوِّرْ لَهُ فِيهِ ». [١] خودایـه بەرەحمـەتی بـێ پایانـت لەئەبو سەلەمە خۆش ببە، پلەی لەناو هیدایەتدراواندا بەرزبکەرەوە، خودایە لەوانەی پاش خۆی شوێنی پڕبکەرەوە، کەسانێك بخەرە شوێنی هیدایەتـدراوو بەخۆ چاراوو صالح بن. لەئێمەش‌و لە ئەویش خۆش ببـە ئـەی پـەروەردگاری بونەوەر، گۆڕی بۆ فراوان‌و نورانی بکە.

٣- بە قوماش‌و شتێکی وا داپۆشن:

لـەخاتو عائیـشەوە (خـودای لێ رازی بـێ) ڕیوایـەتکراوە: کـە پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کاتێ گیانی دەرچوو بە چەرچـەفێکی (حەبـەرە) - جۆرە قوماشێکی یەمەنییە – داپۆشرا. [٢]

٤- پەلەبکەن لە شۆردن‌و کفن‌و دفن کردنی:

لـە ئـەبو هـورەیرەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أَسْرِعُوا بِالْجَنَازَةِ فَإِنْ تَكُ صَالِحَةً فَخَيْرٌ تُقَدِّمُونَهَا وَإِنْ تَكُنْ غَيْرَ ذَلِكَ فَشَرٌّ تَضَعُونَهُ عَنْ رِقَابِكُمْ». [٣] خێرا تەرمی مـردوو راگوێزی گۆڕسـتان بکەن ئەگەر ئەو مردووە صالح‌و پیاو چاك بـێ، ئـەوە بـەخێرو خۆشـی خـۆی دەگەیەنن، خۆ ئەگەر بە پێچەوانەوە بێ، ئـەوە شـەڕو نەگبەتیەکە لـە کـۆڵی خۆتانی دەکەنەوە. [٤]

---

[١] صحيح: (الجنائز/١٢)، م(٩٢٠/٦٣٤/٢)، د(٣١٠٢/٣٨٧/٨).

[٢] متفق عليه: م(٩٤٢/٦٥١/٢) هكذا مختصراً. خ(١٢٤١/١١٣/٣) مطولاً.

[٣] صحيح: (الجنائز/١٦)، ك(٢/٥٨) هق(٦/٧٤).

[٤] متفق عليه: خ(١٣١٥/١٨٢/٣)، م(٩٤٤/٦٥١/٢)، د(٣١٦٥/٤٦٩/٨)، ت(١٠٢٠/٢).

٥- دەبێ هەندێ لە کەس‌وکاری پەلەبکەن لەبەسەرکردنەوەی ئەو قەرزانەی لە ئەستۆیدایە لەماڵی مردووەکە بیاندەنەوە، تەنانەت ئەگەر قەرزەکانی هەموو ماڵەکەشی لەبن بێنێ.

لەجابیری کوڕی عەبدوڵلاوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پیاوێك مرد شۆردمان‌و کفنمان کردو بۆن‌و بەرامەمان پێوەکردو ئامادەمان کرد بۆئەوەی پێغەمبەر تەشریفی بێ نوێژی لەسەربکا، لەشوێنی تایبەتی جەنازە داناندا دامان نا، دوایی هەواڵمان دا بە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە جەنازەکە ئامادەیە بۆ نوێژ لەسەرکردن تەشریفی چەند هەنگاوێك لەگەڵمان هات، پاشان فەرمووی: « لَعَلَّ عَلَى صَاحِبِكُمْ دَيْنًا ». وێدەچێ هاوەڵە مردووەکەتان قەرزی لەسەربێ، بڵێی قەرزدار نەبێ؟ عەرزیان کرد: بەڵێ دوو دینار قەرزدارە، ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وەستاو قاچی گرتەوە. پیاوێك لەئێمە کەناوی ئەبو قەتادە بوو، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەو دوو دینارە لەسەر شانی من بێ، من دانەوەی قەرزەکە لەئەستۆ دەگرم. ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کەوتە قسەو فەرمووی: «هُمَا عَلَيْكَ وَفِي مَالِكَ وَالْمَيِّتُ مِنْهُمَا بَرِيءٌ». ئەو دوو دینارە لەئەستۆی تۆدایە مردووەکە لێی بێ بەرییە، ئەبو قەتادە وتی: بەڵێ، پاشان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نوێژی لەسەرکرد، لەوەدوا پێغەمبەر کە ئەبو قەتادەی دەبینی دەیفەرموو: «مَا صَنَعْتَ فِي الدِّينَارَيْنِ؟» ئەرێ دوو دینارەکە بوون بەچی؟ هەتا دواجار ئەبو قەتادە، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! دامەوە، فەرمووی: «الآنَ حِينَ بَرَدَتْ عَلَيْهِ جِلْدُهُ». ئێستاکە پێستی ساردبۆوە.[1] واتە: بەدواخستنەکەی پێ ناخۆش بوو.

---

[1] صحيح: (الجنائز/١٦)، ك(٢/٥٨)، هق(٦/٧٤).

★ ئەوەی دروستە بۆ کەسوکاری مردوو کەسانی دیکە دەربارەی مردوەکە ئەوەیە: کە بۆیان رەوایە روخساری مردو دەربخەن‌و ماچی بکەن. تاسێ رۆژیش تازیەی بۆ دابنێن‌و بەبێ دەنگ فرمێسکی بۆ برێژن.

لەخاتو عائیشەوە (رەزای خودای لێ بێ) گێراویەتیەوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) چووە سەر عوسمانی کوڕی مەظعون کە وەفاتی کردبوو، لەسەر روخساری هەڵدایەوە، خۆی بەسەرداداو ماچی کردو گریا، تەنانەت بینیم فرمێسك بەسەر دوو کوڵمیدا دەهاتنە خوار.[1]

لە عەبدوڵلای کوڕی جەعفەرەوە گێڕدراوەتەوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) مۆڵەتی کەس‌وکاری جەعفەری دا تازیەی بۆ بگرن‌و بۆی بگرین، پاش تێپەڕبوونی سێ رۆژەکە هاتە ناویان‌و پێی فەرموون: «لاَ تَبْكُوا عَلَى أَخِي بَعْدَ الْيَوْمِ ».[2] لەمڕۆ بەولاوە بۆ جەعفەری برام مەگرین.

ئەوەی پێویستە لەسەر کەس‌وکاری مردوو

پێویستە لەسەر کەس‌وکاری مردوو کاتێك هەواڵی مردنی کەسێکیان پێ دەگا دوکاری سەرەکی بەرچاو بگرن:

یەکەم: صەبرو ئارامی‌و رەزا بە قەزای پەروەردگار. چونکە پەروەردگار دەفەرموێ: {وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوفْ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الأَمَوَالِ وَالأنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ، الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُواْ إِنَّا لِلّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعونَ،أُولَئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ — البقرة/١٥٥ – ١٥٦}: بەتەئکید ئێمە ئێوە بەتاقی دەکەینەوە بەهەندێك ترس‌و بیم‌و برسیایەتی‌و فەوتانی ماڵ‌و سامان‌و لەدەستدانی کوڕو کچ‌و

---

[1] صحيح: (الإرواو/٦٩٣)، (ص.جه/١١٩١)، جه(١٤٥٦/١/٤٦٨)، د(٣١٤٧/٤٤٣/٨)، ت(٩٩٤/٢٢٩/٢).

[2] صحيح: (ص.ن/٤٨٢٣) ، (الجنائز. ص/٢١)، د(٤١٧٤/٢٤٥/١١)، ن(١٨٢/٨).

خزم‌و خۆشه‌ویست‌و به‌روبوم‌و میوه‌جات، مژده بده به‌وانه‌ی له‌به‌رامبه‌ر ئه‌م به‌ڵاو كاره‌ساتانه‌دا به‌صه‌برو ئارام‌و خۆڕاگرن، ئه‌وانه‌ی كه به‌ڵاو كاره‌ساتێكیان تووش بوو ده‌ده‌ڵێن: ئێمه هه‌موومان هی خوداین‌و بۆ به‌رقاپی ره‌حمه‌تی ئه‌و ده‌گه‌ڕێینه‌وه، ئه‌وانه له‌لایه‌ن په‌روه‌ردگاری خۆیانه‌وه ره‌حمه‌ت‌و فه‌رو به‌خشش هه‌یه بۆیان‌و هه‌رئه‌وانه هیدایه‌تدراون سه‌رفرازن.

له ئه‌نه‌سی كوڕی مالیكه‌وه گێڕدراوه‌ته‌وه فه‌رموویه‌تی: پێغه‌مبه‌ری خودا به‌لای ئافره‌تێكدا تێپه‌ڕی له‌سه‌ر گۆڕێك ده‌گریاو شینی ده‌گێڕا، پێغه‌مبه‌ر (دروودی خودای له‌سه‌ر بێ) پێی فه‌رموو: «اتَّقِي اللَّـهَ وَاصْبِرِي». له‌خودا بترسه‌و ئارام بگره، ئافره‌ته‌كه وتی: وازم لێ بێنه‌و ئه‌وه چ په‌یوه‌ندییه‌كی به‌تۆوه هه‌یه، ئه‌تۆ چوزانی من تووشی چ موصیبه‌ت‌و كاره‌ساتێك هاتووم. ئه‌تۆ به‌ڵای له‌وجۆره‌ی یه‌خه‌ی منی گرتووه به‌سه‌رت نه‌هاتووه. ئه‌نه‌س ده‌ڵێ: ئافره‌ته‌كه نه‌یزانیوه ئه‌وكه‌سه پێغه‌مبه‌ره، پێیان گوت: بابان شێواو ئه‌وه پێغه‌مبه‌ری خودا بوو، تۆبه بێ نه‌زاكه‌ت به‌رویدا چوویه‌وه، ئیتر ئافره‌ته‌كه له ته‌ریقی‌و شه‌رم هاتنه‌وه‌دا مردنی به‌چاوی خۆی بینی. هات بۆ به‌رده‌رگای ماڵی پێغه‌مبه‌ر (دروودی خودای له‌سه‌ر بێ)و به‌ئاسانی به‌خزمه‌تی گه‌یشت چونكه پێغه‌مبه‌ر (دروودی خودای له‌سه‌ر بێ) ده‌رگه‌وان‌و سكرتێرو حاجیبی نه‌بوو، عه‌رزی كرد: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خودا! (دروودی خودای له‌سه‌ر بێ) من جه‌نابتم نه‌ناسی ئه‌و قسه بێجایی‌و نه‌شیاوانه‌م ئاراسته‌كردی بمبه‌خشه. پێغه‌مبه‌ر (دروودی خودای له‌سه‌ر بێ) فه‌رمووی: « إِنَّمَا الصَّبْرُ عِنْدَ أَوَّلِ صَدْمَةٍ »[1]: صه‌برو خۆڕگری‌و ئارامگرتن كاتێ گرنگ‌و په‌سه‌نده كه له‌گه‌ڵ ڕوودانی به‌ڵایه‌كه‌دا به‌رجه‌سته بێ.

---

[1] متفق عليه: م(٩٢٦/١٥-٦٣٧/٢) وهذا لفظه خ(١٢٨٣/١٤٨/٣)، د(٣١١٨/٣٩٥/٨).

صەبرو نارامی لەسەر مردنی منداڵ پاداشی زۆر گەورەیە

لە ئەبو سەعیدی (الخدری)یەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە کۆمەڵێك ئافرەت داوایان لە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کرد کە ڕۆژێکیان بۆ دیاری بکا ئامۆژگارییان بکا. ئەویش ئامۆژگاری کردنو فەرمووی: « أَيُّمَا امْرَأَةٍ مَاتَ لَهَا ثَلاَثَةٌ مِنَ الْوَلَدِ كَانُوا حِجَابًا مِنَ النَّارِ»: هەر دایکێك (ئافرەتێك) سێ منداڵی بمرن، بۆی دەبنە پەردەو لەمپەر لەئاگری دۆزەخ. ئافرەتێك لەناویاندا وتی: ئەی دوو منداڵ؟ فەرمووی: دوو منداڵیش ئەو پاداشەی هەیە.[1]

دووەم شت کە لەسەر کەسوکاری مردو پێویستە پەیڕەوی بکەن وتنی ڕستەی «إِنَّا لِلَّهِ إِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ»: وەکوو لە قورئاندا ئاماژەی پێ کراوە ئێمە هەموومان موڵکی خوداینو هەموومان بۆلای ئەو دەگەڕێینەوە واباشە ئەم دوعایەشی لێ زیاد بکاو بڵێ: «اللَّهُمَّ أْجُرْنِي فِي مُصِيبَتِي وَأَخْلِفْ لِي خَيْرًا مِنْهَا» خودایە پاداشم بدەرەوە لەسەر ئەو بەڵاو بەتاقیکردنەوەیەو خەسارم بۆ پڕبکەیەوە بەباشتر لەوەی بردۆتەوە.

لە ئوممو سەلەمە (ڕەزای خودای لێ بێ) دەگێڕدرێتەوە دەڵێ: گوێم لێ بوو پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو: « مَا مِنْ مُسْلِمٍ تُصِيبُهُ مُصِيبَةٌ فَيَقُولُ مَا أَمَرَهُ اللَّهُ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ اللَّهُمَّ أْجُرْنِي فِي مُصِيبَتِي وَأَخْلِفْ لِي خَيْرًا مِنْهَا. إِلاَّ أَخْلَفَ اللَّهُ لَهُ خَيْرًا مِنْهَا». هەر موسوڵمانێك بەڵاو چورتمێکی تووش بوو ئەوەی خودا فەرمانی پێ کردووە ئەوە دەڵێ: کەبریتیە لە (إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ). ئێمە هەمووما هی خوداینو هەمووشمان بۆلای ئەو دەگەڕێینەوە، خودایە لەپاداشی موصیبەتەکەم پاداشم بدەرەوە بە باشترو

---

[1] متفق عليه: (٣/١١٨/١٢٤٩)، م (٤/٢٠٢٨/٢٦٣٣).

چاكتر لەوەی لێتان ستاندومەوە، بێ شك خودا بە باشتر قەرەبووی بۆ دەكاتەوە. جا ئومموسەلەمە دەڵێ: كە ئەبو سەلەمە وەفاتی كرد، وتم دەبێ چ موسوڵمانێك لە ئەبو سەلەمە باشتر بێ، یەكەم خێزانێك بوو كۆچی كرد بۆلای پێغەمبەر (درוودی خودای لەسەر بێ)؟! جا كە ئەبو سەلەمە وەفاتی كرد من ئەو دوعاو پاڕانەوەیەم گوت، ئیتر خودا لەشوێنی ئەو پێغەمبەری بەنسیب كردم.[١]

ئەوەی یاساغە لەسەر كەسوكاری مردو

١- گریانی بەدەنگو شینۆ شەپۆڕ. لە ئەبو مالیكی (الأشعری)یەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: كە پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « أَرْبَعٌ فِي أُمَّتِي مِنْ أَمْرِ الْجَاهِلِيَّةِ لاَ يَتْرُكُونَهُنَّ الْفَخْرُ فِي الأَحْسَابِ وَالطَّعْنُ فِي الأَنْسَابِ وَالاِسْتِسْقَاءُ بِالنُّجُومِ وَالنِّيَاحَةُ». چوار شت لە ئوممەتی من كارو پیشەی سەردەمی نەزانینەو وازی لێ ناهێنن: شانازی بە باوكو باپیرو نژادو ماڵو سامان. تانەو تەشەردان لەنەژادی خەڵك، داوای باران بارین لە ئەستێرە، شینو شەپۆڕو وایەشێرە. هەروا فەرمووی: «النَّائِحَةُ إِذَا لَمْ تَتُبْ قَبْلَ مَوْتِهَا تُقَامُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَعَلَيْهَا سِرْبَالٌ مِنْ قَطِرَانٍ وَدِرْعٌ مِنْ جَرَبٍ». شینو شەپۆڕگێڕ ئەگەر پێش مردن تۆبە نەكا، ڕۆژی قیامەت زیندو دەكرێتەوە، كراسێكی لەقەتران دروستكراوو زرێی گولی لەبەردایە.[٢]

٢ – ٣: لەدەموچاودانو یەخە دادڕین. لە عەبدوڵلاوە گێڕدراوەتەوە كە دەڵێ: پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَطَمَ

---

[١] صحيح: (ص. ج/٥٧٦٤)، الأحكام (ص/٢٣)، م (٩١٨/٦٣١/٢).

[٢] صحيح: (الجنائز. ص/٢٧)، (الصحيحة ٧٣٤)، م (٩٣٤/٦٤٤/٢).

الْخُدُودَ ، وَشَقَّ الْجُيُوبَ ، وَدَعَا بِدَعْوَى الْجَاهِلِيَّةِ»[1] لەپێڕی ئێمەی موسوڵمان نیە کەسێك لەڕوخساری خۆی بداو یەخە دابدڕێو بانگەشەی سەردەمی نەزانی بکەن.

٤- قژ ڕنینەوەو سەرتاشین: لە ئەبو بوردەی کوڕی ئەبو موسا (ڕەزای خودای لێ بێ) گێڕدراوەتەوە وتی: (ئەبو موسا توشی ئازارێك بوو، لەهۆش خۆی چوو سەری لەکۆشی ئافرەتێکی خزمیدا بوو، ئافرەتێك دایە شینو شەپۆڕو گریان، ئەبو موسا نەیتوانی هیچی پی بڵێ، کەدوایی هۆش خۆی هاتەوە، وتی: من بەریم لەو کەسەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) خۆی لێ بێ بەری کردووە) بێگومان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) خۆی بێ بەری کردووە لەئافرەتێك کە لەکاتی بەڵاو کارەساتدا شینو شەپۆڕ دەکا، ئافرەتێك سەری خۆی بتاشێ ئافرەتێك یەخەی خۆی دابدڕێ.[2]

٥- قژ بژکردنەوەو بڵاوکردنەوەی قژ. ئەمەش بەپێی حەدیسێك کە ئافرەتێك لەوانەی بەیعەتیان لەگەڵ پێغەمبەر کرد (دروودی خودای لەسەر بێ) دەگێڕێتەوە دەڵێ لەوشتانەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پەیمانی لێ وەرگرتین لەبواری چاکەو چاکەکاریدا سەرپێچی نەکەینو فەرمانەکانی جێبەجێ بکەین. دەموچاوی خۆمان نەڕنینەوەو نەڕوشێنین، شینو شەپۆڕ نەگێڕین، یەخە دانەدڕین، قژ بژنەکەینەوە.[3]

---

[1] متفق عليه: خ (١٢٩٤/١٦٣/٣)، م (١٠٣/٩٩/١)، ت (١٠٠٤/٢٣٤/٢م٢)، ن (٤/١٩).

[2] متفق عليه: خ (١٢٩٦/١٦٥/٣)، م (١٠٤/١٠٠/١)، ن (٤/٢٠).

[3] صحيح: (الجنائز. صحيح: ص/٣٠)، د (٣١١٥/٤٠٥/٨).

ئەوەی پێویستە لەگەڵ مردووەکە بکرێ

پێویستە بۆ مردو لەلایەن کەسوکارییەوە یان کەسانی دیکە چوار شتی بۆ بکرێ. شتن و پاککردنەوەی جەستەی. کفن کردنی. نوێژکردن لەسەری. دفنکردنی.

١- شتن: غوسڵ.

شتنی مردو پێویستە پێویستی یەکەشی لەفەرمانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) سەرچاوەی گرتووە. کە لەچەند فەرموودەیەکیدا ئاماژەی پێکراوە.

أ- فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەربارەی ئەو پیاوە ئیحرام بەستوەی حوشترەکەی بەری دابووەوەو گیانی دەرچوو بوو فەرمووی: « اغْسِلُوهُ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ ».[١] بەئاوو سیدر بیشۆن.

ب- فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەربارەی خاتو زەینەبی کچی فەرمووی: « اغْسِلْنَهَا ثَلاثًا أَوْ خَمْسًا أَوْ سَبْعًا ».[٢] فەرمووی: سێ جار غوسڵی لێ دەرکەن، یان پێنج جار یان حەوت جار.

چۆنیەتی غوسڵ: (شۆردنی مردوو)

لە ئوممو عەطییەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەو ئافرەتانەی فەرموو: کە خەریکی شۆردنی کچەکەی بوون «

---

[١] متفق علیه: خ (٣/١٣٥/١٢٦٥)، م (٢/٨٦٥/١٢٠٦)، د (٩/٦٣/٣٢٢٢)، ت (٢/٢١٤/٩٥٨)، ن (٥/١٩٥).

[٢] متفق علیه: خ (٦٢، ١٣٢/١٢٦٣، ٣/١٣٤)، م (٩٣٩- ٢/٦٤٧/٣٩).

ابْدَأْنَ بِمَيَامِنِهَا وَمَوَاضِعِ الْوُضُوءِ مِنْهَا». یەکەمجار لە ئەندامە راستەکانیەوەو لە ئەندامی دەستنوێژەوە دەست پێ بکەن[1]

هەر لە ئوممو عەطییەوە گێڕدراوەتەوە: دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هاتەلامان لەوکاتەدا ئێمە خەریکی شتنی کچەکەی بووین: فەرمووی: «اغْسِلْنَهَا ثَلاثًا أَوْ خَمْسًا أَوْ أَكْثَرَ مَنْ ذَلِكَ إِنْ رَأَيْتُنَّ ذَلِكَ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ ، وَاجْعَلْنَ فِي الآخِرَةِ كَافُورًا أَوْ شَيْئًا مِنْ كَافُورٍ ، فَإِذَا فَرَغْتُنَّ فَآذِنَّنِي». سێ جار بیشۆن یان پێنج جار یان زیاتر ئەگەر زانیتان پێویستە، دواجار بەکافور بیشۆرن یان بەکەمێك لەکافور، کە لەشۆردنی بوونەوە پێم بڵێن. جا کە لەشتنەکەی بووینەوە خەبەرمان بە پێغەمبەردا، تەشریفی هات، ئیزارەکەی بۆ هاویشتین فەرمووی: «أَشْعِرْنَهَا إِيَّاهُ». لەسەر گۆشتیەوە تێوەی پێچن.[2]

هەر لەوەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: قژەکانیمان هۆنینەوە کردمانە سێ بەش: دوو زولفو قژی پێشەسەری.[3]

هەر لەوەوە هاتووە دەڵێ: «فَضَفَرْنَا شَعَرَهَا ثَلاثَةَ قُرُونٍ وَأَلْقَيْنَاهَا خَلْفَهَا». قژەکانیمان کردنە سێ گورزەو بەسەر پاشەسەریدا هەڵمان دانەوە.

کێ سەرپەرشتی شتنی مردووەکە دەکا؟

کێ باشتر رێو شوێنی مردوو شۆرین دەزانێ ئەو ئەو ئەرکە بەجێ دێنێ بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە خزمو کەس‌وکاری مردووەکەبێ. چونکە ئەوانەی ئەرکی شۆرینی پێغەمبەریان گرتە ئەستۆ خزمو کەس‌وکارەکانی بوون.

---

[1] متفق عليه: خ(١٢٥٥/١٣٠/٣)، م(٩٣٩-٤٣-٦٤٨/٢).

[2] متفـــــق عليــــــه: خ(١٢٥٣/١٢٥/٣)، م(٩٣٩/٦٤٦/٢)، د(٣١٢٦/٤١٦/٨)، ت(٩٩٥/٢٢٩/٢)، جة(١٤٥٨/٤٦٨/١)، ن(٢٨/٤).

[3] متفق عليه: خ(١٢٦٣،٦٢/١٣٣، ٣/١٣٤)، م(٩٣٩/٦٤٦/٢)، ن(٣٠/٤).

لەئیمامی عەلییەوە گێڕدراوەتەوە: فەرموویەتی: (پێغەمبەری خودام شۆری، سەرنجمدا لەو حاڵەتانەی بەسەر مردوو دێ ئاخۆ هیچ کام لەوانە لە پێغەمبەردا بەدی دەکەم هیچی وام نەبینی جێگای سەرنج بێ، ئەو تەشریفی بەزیندوییو بەمردوویی بۆنخۆشو پاكو خاوێن بوو[١]).

پێویستە نێرینە پیاو بشواو مێینە ئافرەت بشوا. ژنو مێرد لەم حوکمە چەرت دەکرێن دروستە بۆ هەر یەکێکیان شۆردنی ئەوی تریان بگرێتە ئەستۆ.

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، فەرموویەتی: ئەگەر ئەوەی بەسەرمدا ڕابوورد توشم بهاتایەوە لەخێزانەکانی بەولاوە کەسی تر پێغەمبەری نەدەشۆری.[٢]

هەر لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، فەرموویەتی: پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) لەناشتنی جەنازەیەك لەبەقیع گەڕایەوە بۆ ماڵەوە بۆلام، من سەرم دەهێشاو هاوارم دەکرد: ئاخ سەرم. پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: بەڵکوو من سەرم دێشێو دەبێ هاوار بکەم ئای سەرم. چی دەبێ ئەتۆ پێش من بمری بۆ خۆم بتشۆرمو کفنت بکەمو نوێژت لەسەر بکەمو بتخەمە ناو گۆڕەوە.[٣]

---

[١] صحيح: (ص.جة/١١٩٨) ، (الأحكام/٥٠)، جة(١٤٦٧/١/٤٧١).

[٢] صحيح: (ص.جة/١١٩٦) ، (الجنائز/٤٩)، د(٣١٢٥/٨/٤١٣)، جة(١٤٦٤/١/٤٧٠).

[٣] صحيح: (ص.جة/١١٩٧) ، (الجنائز: ص/٥٠)، (١٤٦٥/١/٤٧٠).

ئاگاداربیەك: شەهیدی گۆڕەپانی جەنگ ناشۆردرێ

لە جابیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «ادْفِنُوهُمْ فِي دِمَائِهِمْ». شەهیدەکان بەخوێنەوە بنێژن، مەبەستی شەهیدەکانی جەنگی ئوحود بوو نەیانشۆردن هەر بەخوێنەوە ناشتیان.[1]

٢- کفنکردنی: کفنکردنی مردوو پێویستە پێویستییەکەی لە فەرمانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وەرگیراوە: کە دەربارەی ئەو پیاوەی حوشترەکەی کلاندبوی‌و مردبوو، فەرمووی: «اغْسِلُوهُ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ، وَكَفِّنُوهُ فِي ثَوْبَيْنِ»: بەئاوو بەسیدر بیشۆرن‌و لەدوو توێ قوماشدا کفنی بکەن.[2]

کفن یان نرخەکەی دەبێ لەماڵی مردوەکەبێ، تەنانەت ئەگەر ئەو ماڵەی لەدوای بەجێ مابوو هەمووی هەر بەشی کفنەکەی دەکردو هیچی لێ زیادنەدەبوو. ئەمەش بەگوێرەی حەدیثی خەبابی کوڕی (الأرث) کە دەگێڕێتەوە دەڵێ: ئێمە لەخزمەت پێغەمبەردا هیجرەتمان کرد مەبەستمان ڕەزامەندی خودابوو، پاداشمان لای خودایە، هەمانە زوو مردو هیچی لەبەروبوومی خۆی نەخوارد لەوانە موصعەبی کوڕی عومەیر بوو هەشمانبوو بەروبوومی پێگەیی‌و بەروبوومی ماندوبوونی خۆی دەچنێ. موصعەب (بەر ڕەحمەت خودا بکەوێ) ڕۆژی ئوحود شەهیدبوو هیچمان چنگ نەکەوت بیکەین بەکفن بۆی جگە لە بوردەکەی خۆی، ئەگەر لای سەریمان پێ داپۆشیبایە قاچی بەدەرەوە بوو، ئەگەر لای قاچیمان داپۆشیبایە سەری بەدەرەوە دەبوون، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی پێ کردین

---

[1] صحيح: (ص.ن/١٨٩٣) ، (الجنائز: ص/٥٤ - ٥٥)، خ(٣/٢١١/١٣٤٦)، د(٨/٤١٢/٣١٢٢).

[2] لەوەپێش ئاماژەی پێکرا.

کە بە بوردەکەی سەری داپۆشین و لای قاچی کە دەمێنێتەوە بەگیای (ئیزخیر) داپۆشین.[١]

ئەوەی پێویستە لەکفندا ئەوەیە قوماشێك بۆ هەموو جەستەی مردووەکە داپۆشێ، ئەگەر تەنها کراسێکی کورت هەبوو بەشی ئەوەی نەدەکرد هەموو جەستەی داپۆشێ، ئەوە لای سەری پێ دادەپۆشێ و لای قاچی بەگیای (ئیزخیر) دادەپۆشرێ. وەکوو لە حەدیثی خەبابدا ئاماژەی پێ کرا.

واباشە کفن چەند شتێکی تێدا رەچاوبکرێ

أ- قوماشی سپی، چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الْبَسُوا مِنْ ثِيَابِكُمُ الْبَيَاضَ فَإِنَّهَا خَيْرُ ثِيَابِكُمْ وَكَفِّنُوا فِيهَا مَوْتَاكُمْ».[٢] پۆشاکی سپی بپۆشن، چونکە پۆشاکی سپی باشترین پۆشاکی ئێوەیە، لە قوماشی سپیدا مردووەکانتان کفن بکەن.

ب- کفنەکە سێ کفن بێ، لەبەر حەدیثی خاتو عائیشە (رەزای خودای لێ بێ) کە دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەسێ توێ قوماشی سپی دەستکردی شاری سەحوی یەمەنی لەلۆکە دروستکراودا کفن کرا، نەکراس و نە مێزەری تێدا نەبوو.[٣]

ج- ئەگەر بگونجێ یەکێك لەکفنەکان قوماشی حەبەرەی خەتخەتی یەمەنی بێ. ئاماژە بەو حەدیثەی جابیر ریوایەتیکردووە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « إِذَا تُوُفِّيَ أَحَدُكُمْ فَوَجَدَ شَيْئًا فَلْيُكَفَّنْ

---

[١] متفق عليه: خ(١٢٧٦/١٤٢/٣)، م(٩٤٠/٦٤٩/٢)، د(٢٨٥٩/٧٨/٨)، ن(٣٨/٤)، ت(٣٩٤٣/٣٥٤/٥٨).

[٢] صحيح: (ص.ج/٣٢٣٦) ، (الجنائز/٦٢)، ت(٩٩٩/٢٣٢/٢)، د(٣٨٦٠/٣٦٢/١٠).

[٣] متفق عليه: (١٢٦٤/١٣٥/٣)، م(٩٤١/٦٤٩/٢)، د(٣١٣٥/٤٢٥/٨)، ت(١٠٠١/٢٣٣/٢).

فِـي ثَـوْبِ حِبَـرَةٍ ». ئەگـەر یـەکێ لـەئێوە مـرد، مـاڵو سـامانێکی هـەبوو، بـا لەقوماشی حیبەڕەدا کفن بکرێ.[١]

نوێژ لەسەر تەرم

نوێـژ لەسـەر مـردوی موسـوڵمان فـەرزی کیفایەیـە، چـونکە پێغەمبـەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەچەند فەرمودەیەکدا فەرمانی پێ کردوە.

یەکێك لەو فەرموودانە، ئەو فەرموودەیەیـە: کـە زەیـدی کـوڕی خالیـدی (اُلْجُهَنِي) ریوایەتی کـردووە، دەڵـێ: پیاوێـك لـە هـاوەڵانی پێغەمبـەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەڕۆژی خەیبەردا مرد، ئەو روداوەیان بـۆ پێغەمبـەر بـاس کرد، فـەرمووی: «صَلُّوا عَلَى صَـاحِبِكُمْ»: نوێـژی جـەنازە لەسـەر هاوەڵەکـەتان بکەن.

خەڵکەکە بەوە تێکچونو سەرسام بوون، فەرمووی: «إِنَّ صَاحِبَكُمْ غَلَّ فِـي سَـبِيلِ اللَّـهِ». ئـەم هاوەڵـەتان لـەکاتی غـەزاکردن لەڕێگـەی خـودادا خیانـەتی کـردوە. جـا زەیـد دەڵـێ: شـتومەکەکانی مردوەکـەمان پـشکنی چـەند دەنکـە میرویـەکمان دۆزییـەوە لـەمیروی جولەکـەکان بـوون نرخـی دوو دیرهـەمیان نەبوو.[٢]

دووجۆر مرۆڤ هەن لەو حوکمەی پێشوو چەرت دەکرێن:

یەکەم: منداڵی نابالغ. خاتو عائیشە (ڕەزای خودای لێ بێ) فەرموویـەتی: ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) گیانی سپارد تەمەنی

---

[١] صحيح: (ص.ج/٤٥٥) ، (الجنائز/٦٣)، د(٣١٣٤/٤٢٥/٨).

[٢] صحيح: (الجنائز/٧٩)، (٢٦٩٣/٣٧٨)، جة(٢٨٤٨/٩٥٠/٢)، ن(٦٤/٤).

هەژدەمانگ بوو، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نوێژی لەسەر نەکرد.[١]

دووەم: شەهید. لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە: کە شەهیدەکانی غەزای ئوحود نەشۆردران و بەخوێنی خۆیانەوە نێژران و نوێژیشیان لەسەر نەکرا.[٢]

وەلێ واجب نەبوونی نوێژ لەسەر ئەو دووجۆرە مردوانە مانای ئەوە ناگەیەنێ نوێژکردن لەسەریان دروست نەبێ. ئەوەتا خاتو عائیشە (ڕەزای خودای لێ بێ) دەگێڕێتەوە، دەفەرموێ: منداڵێکی مردوی ئەنصارییان هێنایە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئەویش نوێژی لەسەر کرد.[٣]

لە شەددادی کوڕی (ألهاد)ەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پیاوێکی عەرەبی دەشتەکی هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئیمانی پێ هێناو شوێنی کەوت، پاشان وتی: لەخزمەتتدا کۆچ دەکەم.... کەمێك مانەوە، پاشان کەوتنە شەڕ دژی دوژمن، هێندەی پێ نەچوو هێنرایە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەناو جوببەکەیدا هەڵگیرابوو، تیرێکی لێ درابوو... پاشان پێغەمبەر لەجبەکەیدا کفنی کرد، ئەمجار خستیە پێشەوەو نوێژی لەسەرکرد.[٤]

هەتا کۆمەڵی نوێژکەران زۆرتربن خێری بۆ مردووەکە زۆرترە، چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « مَا مِنْ مسلم تُصَلِّي عَلَيْهِ أُمَّةٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ يَبْلُغُونَ مِائَةً كُلُّهُمْ يَشْفَعُونَ لَهُ إِلاَّ شُفِّعُوا فِيهِ».[٥] هیچ

---

[١] حسن الأسناد (الجنائز.ص/٨٠)، (ص.د/٢٧٢٩)، دقفقرمووا:(٣١٧١/٤٧٦/٨).

[٢] حسن: (ص.د/٢٦٨٨)، د(٣١١٩/٤٠٨/٨) هكذا مختصراً. ت(١٠٢١/٢٤١/٢) مطولاً.

[٣] صحيح: (ص.ن/١٨٣٩) ، م(٢٢٦٢/٢٠٥٠/٤)، ن(٤/٥٧).

[٤] صحيح: (ص.ن/١٩٥٢) ، ن(٦٠، ٦١/٤)، ك(٥٩٥ و ٥٩٦/٣)، هق(١٠-١٦/٤).

[٥] صحيح: (ص.ن/١٨٨١) ، م(٩٤٧/٦٥٤/٢)، ت(١٠٣٤/٢٤٧/٢)، ن(٤/٧٥).

موسـوڵمانێك نیـه بمـرێ‌و كۆمـه‌ڵێك لـه موسـوڵمانان نوێـژی له‌سـه‌ر بكـه‌ن ژماره‌یـان بگاتــه ســه‌دو هــه‌موویان داوای لێخۆشــبوونی بــۆ بكــه‌ن ئــیللا شه‌فاعه‌ته‌كه‌یان بۆی قبوڵ ده‌بێ.

هه‌روا فه‌رمووده‌یه‌كی تر: كه‌ ده‌فه‌رموێ: «مَا مِنْ رَجُلٍ مُسْلِمٍ يَمُوتُ فَيَقُومُ عَلَى جَنَازَتِهِ أَرْبَعُونَ رَجُلاً لاَ يُشْرِكُونَ بِاللَّهِ شَيْئًا إِلاَّ شَفَّعَهُمُ اللَّهُ فِيهِ»[1]: هیـچ پیـاوێكی موسـوڵمان نیـه بمـرێ‌و چـل كـه‌س له‌سـه‌ر جه‌نازه‌كـه‌ی نوێژبكـه‌ن، هـه‌موویان یه‌كتاپه‌رسـتبن‌و كـه‌س نه‌كـه‌ن بـه هـاوه‌ڵی خـودا ئـیللا خـودا شه‌فاعه‌ت‌و دوعاكانیان گیراده‌كاو له‌مردووه‌كه خۆش ده‌بێ.

واباشه نوێژكـه‌ره‌كان هه‌رچـه‌ند كـه‌میش بـن، خۆیـان بكـه‌ن به‌سـێ ریـز. له‌مه‌رثه‌دی (ألیزنی)یه‌وه لـه مـالیكی كوڕی هوبـه‌یره‌وه ڕیوایـه‌تكراوه، ده‌ڵێ: پێغه‌مبه‌ر (دروودی خودای له‌سه‌ر بێ) فه‌رمووی: «مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَمُوتُ فَيُصَلِّي عَلَيْهِ ثَلاَثَةُ صُفُوفٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ إِلاَّ أَوْجَبَ»[2]: هیـچ موسـوڵمانێك نیـه بمـرێ‌و سـێ ریـز موسـوڵمان نوێـژی له‌سـه‌ربكه‌ن‌و داوای لێخۆشـبونی بۆبكـه‌ن ئـیللا دوعـاو پاڕانه‌وه‌كـه‌یان گیراده‌بـن. مـه‌رثـه‌د ده‌ڵـێ: مـالیكی كوڕی هوبـه‌یره كـه سه‌رپه‌رشتی نوێژكردنی جه‌نازه‌ی ده‌كرد، خه‌ڵكه‌كه‌ی ده‌كرده سێ ریز ئـه‌وجا نوێژه‌كه‌ی به‌جێ دێنا، له‌به‌ر فه‌رمووده‌كه، ئه‌گه‌ر چه‌ند جه‌نازه‌یـه‌ك لـه‌پیاوو ئـافره‌ت ئامـاده‌كران بـۆ نوێـژ له‌سـه‌ركردن، ئه‌گـه‌ر بـه‌جیا جیـا نوێـژ له‌سـه‌ر هه‌ریه‌كه‌یان بكرێ ئـه‌وه باشـه‌و ئـه‌وه بنه‌مایـه. ئه‌گـه‌ر بـه‌تێكڕا یـه‌ك نوێـژی له‌سه‌ر هـه‌موویان كـرد، ئـه‌وه‌ش دروسـته، بـه‌ڵام ده‌بـێ لـه‌دانانی جه‌نازه‌كانـدا

---

(1) صحيح: (الصحيحة/٢٢٦٧)، م(٩٤٨/٦٥٥/٢)، د(٣١٥٤/٤٥١/٨)، جة(١٤٨٩/٤٧٧/١) بنحوه.

(2) حسن: (الجنائز/٩٩ - ١٠٠)، د(٣١٥٠/٤٤٨/٨)، ت(١٠٣٣/٢٤٦/٢)، جة(١٤٩٠/٤٧٨/١).

مێینــه مردووەکـان بخەنــه پـێش مێینــه نێرینــەکان. واتــه ریــزی مێینــەکان لەپێشەوە دابندرێن ئەمجار ریزی دوا ئەوان نێرینەکان بن لەبەردەم ئیمامدا.

له نافیعەوە لەئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە: کەنوێژی کردوە لەسەر نـۆ جـەنازە بەیـەکجار، پیاوەکـانی کخـستنە ریـزی نزیـك ئیمـامو ئافرەتـەکانی خـستنە ریـزی پێـشەوە بـۆلای قیبلـە، مـردوە مێینـەکانی کردنـە یـەك ریـزو جـەنازەی ئوممـو کولثـوم کـچی عـەلیو خێزانـی عومـەری کـوڕی (الخطـاب)و کـوڕێکی ئوممـو کـولثـومـیش کـەناوی زەیـد بـوو لـەناو جەنازەکانـدا بـوون، هـەموویان دانـدرانو ریزکـران، پێـشنوێژی ئـەو نوێژکردنـە سـەعیدی کـوڕی (العـاص) بـوو لـەناو نوێژکەرەکانـدا ئیبنـو عـەبباسو ئـەبو هـورەیرەو ئـەبو سـەعیدو ئـەبو قـەتادە، ئامـادەبوون، منداڵـە مردوەکـەیان لەپـەنا دایکـی دانەنابوو بەڵکوو خستبویانە ریـزی بـەردەمی ئیمـام، پیاوێـك دەڵێ: رەخنـەم گرت لەو ریزکردنەو لەوە کە بۆچی منداڵەکەیان لەریزی دایکی دانەناوە، جا دەڵێ تەماشای ئیبنو عەبباسو ئەبو هورەیرەو ئـەبو سـەعیدو ئـەبو قـەتادەم کـردو وتم ئـەم ریزکردنـە بۆوایـە؟ وتیـان: ئـەو سـوننەتەو پـەیڕەوی کردنـی پێغەمبەره[1]

نوێژی جەنازە لەکوێ ئەنجام دەدرێ؟

دروستە نوێژی جەنازە لەمزگەوتدا بکرێ.

لـەخاتو عائیـشەوە ڕیوایـەتکراوە، فەرموویـەتی: (کاتێـك سـەعدی کـوڕی ئــەبی وەقــاص کۆچـی دوایـی کـرد، خێزانــەکانی پێغەمبــەر داوایـان کـرد جەنازەکەی بەرن بۆ مزگەوت بۆئەوەی ئەوانیش ئامادەی نوێـژ لەسـەرکردنی بن، جەنازەکـەیان بـرد لەبـەردەم دەرگـای ژوورەکـانی خێزانـەکانی پێغەمبـەر

---

[1] صحيح: (ص.ن/١٨٦٩) ، (الجنائز/١٠٣)، ن(٤/٧١).

دایاناو نوێژیان لەسەرکرد، دوایی لەدەرگای (ألجنائز)ەوە بردیانە دەرەوە کە دەکەوتە لای (ألمقاعد)ەوە.

دوایی هەواڵ بەخێزانەکانی پێغەمبەر گەیشتەوە: کە خەڵك رەخنەیان لەم کارەی خێزانەکان گرتووەو وتویانە: بۆچی جەنازەیان بردۆتە مزگەوت، ئەم هەواڵە بە خاتو عائیشە گەییشتەوە، وتی: خەڵك بۆوا بەپەلە رەخنە لەشتێك دەگرن کە زانیارییان دەربارەی نیە، رەخنەی ئەوەیان لەئێمە گرتووە: کە جەنازە بهێندرێتە مزگەوتو لەوێ نوێژی لەسەربکەین. خۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەناو مزگەوتدا نەبێ نوێژی لەسەر سوهەیلی کوڕی بەیضا نەکرد.[1]

وەڵێ واباشە نوێژ لەسەرمردوو لەدەرەوەی مزگەوت ئەنجام بدرێ، شوێنێکی تایبەتی دیاریی بکرێ بۆ نوێژکردنی جەنازە. وەکوو لەسەردەمی پێغەمبەر باوبوو بەشێوەیەکی بەرچاو.

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: جولەکەکان ژنو پیاوێکیان هێنایە خزمەت پێغەمبەر داوێن پیسییان کردبوو، ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی کرد بە بەردەبارانکردنیان لەشوێنێك نزیك لەجێگای نوێژکردن لەسەر جەنازەو شوێنی دانانی جەنازە لێی لەلای مزگەوتەوە.[2]

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هەواڵی لەدونیا دەرچوونی نەجاشی راگەیاندو هەر لەورۆژەدا کە

---

[1] صحيح: (ص.ن/١٨٥٩) ، م(٩٧٣ – ١٠٠/٦٦٨/٢) هذا لفظه ورواه مختصراً، د(٣١٧٣/٤٧٧/٨)، ن(٤/٦٨).

[2] متفق عليه: (الجنائز/١٠٦)، خ(١٣٢٩/١٩٩/٣)، م(١٦٩٩).

تێیدا وەفاتی کردبوو تەشریفی هاتەدەر بۆ شوێنی نوێژکردن لەسەر مردوو، موسوڵمانانی ریزکردو نوێژی دابەستو چوارجار (الله أكبر)ی کرد.[١]

لەنوێژکردنی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) لەسەر نەجاشی، بەڵگەی ئەوە هەیە کە نوێژکردن لەسەر مردوی غائیب: کە بزاندرێ نوێژی لەسەرنەکراوە لەو وڵاتو شارەی تێیدا مردووەو دفن کراوە، دروستو مەشروعە. وەڵێ: کە بزاندرێ نوێژی لەسەرکراوە، بە غائیبانە نوێژکردن لەسەری دروست نیە، چونکە هیچ شتێك لەوبارەوە لە پێغەمبەرەوە نەقڵ نەکراوە، نەش بیستراوە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەسەر غەیری نەجاشی نوێژی مردوی بە غائیبانە کردبێ. بۆیەش نوێژی لەسەرکرد چونکە موسوڵمان بوو لەناو موشریكو وڵاتی کوفردا. ئەمە رای پەسەندی شێخی بەرێزی موسوڵمانان ئیبنو تەیمییەیەو ئەو زانایانەی هاوڕان لەگەڵیدا. وەکوو ئیبنولقەییمی قوتابیو فەقێی باسی کردوە.[٢]

نوێژی جەنازە دروست نیە لەناو گۆڕستاندا ئەنجام بدرێ. ئەمەش بەپێی حەدیثی ئەنەس کە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی لەوەکرد کە نوێژی مردو لەناو گۆڕستاندا بکرێ.[٣]

لەکاتی نوێژکردن لەسەر مردو ئیمام لەکوێوە ڕادەوەستێ؟

لە ئەبو (غالب الخیاط)ەوە گێڕدراوەتەوە دەڵێ: بەچاوی خۆم دیم ئەنەسی کوڕی مالیك نوێژی لەسەر جەنازەی پیاوێك کردلەلای سەریەوە وەستا بوو، کە جەنازەکەیان لابرد، جەنازەی ئافرەتێکی قورەیشی یان ئەنصاری هێندرا، بە ئەنەسیان گوت ئەی ئەبو حەمزە! ئەمە جەنازەی فلان

---

[١] متفق علیه: خ(١٢٤٥/١١٦/٣)، م(٩٥١/٦٥٦/٢)، د(٣١٨٨/٥/٩)، ن(٤/٧٢).

[٢] زاد المعاد: ج١/٥١٩ – ٥٢١.

[٣] اسناده حسن: (الجنائز/١٠٨) قال الألباني: رواه: طس(١/٨٠/٢).

ئافرەتی کچی فلاَنەو نوێژی لەسەر بکە، ئەومیش نوێژی لەسەر کرد، راونیم لەئاستی ناوقەدی تەرمەکەوە ڕاوەستا بوو، لەناو نوێژکەرەکاندا (العلاء)ی کوڕی زیادی (العدوی) هەبوو، کەدیتی پێشنوێژ شوێنی ڕاوەستانی لەسەر جەنازە بەگوێرەی ڕەگەزی مردووەکە جوداوازی هەیە، وتی ئەی ئەبو حەمزە! ئەوە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئاوا لەسەر جەنازەی پیاوو ئافرەت دەوەستا وەکوو وەستانی تۆ؟ وتی بەڵێ: راوی حەدیثەکە دەڵێ: (العلاء) ئاوڕی دایەوە بۆلای ئێمەو وتی ئەمە لەبەر بکەن‌و پابەندی بن.[1]

چۆنیەتی نوێژی جەنازە

لەسەر جەنازە چوار جار، یان پێنج جار، تا نۆجار (الله أکبر) دەکرێ، پێشنوێژ سەرپشکە دەتوانێ شێوازێك پەیرەو بکا.

چوارجار (الله أکبر) کردن، ئەوە بەپێی حەدیثی ئەبو هورەیرە، کە گێڕاویەتەوە دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) هەواڵی مردنی نەجاشی ڕاگەیاند لەو ڕۆژەدا کە تێیدا مردبوو، هاتە دەرەوە بۆ شوێنی نوێژکردنی جەنازەو خەڵکەکەی ڕیز کردو چوارجار (الله أکبر)ی کرد.[2]

پێنج جاریش بەپێی ئەو حەدیثەی کە عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبو لەیلا گێڕاویەتیەوە دەڵێ: زەیدی کوڕی ئەرقەم لەسەر جەنازەی مردووی ئێمە چوارجار (الله أکبر)ی کرد، جارێکیش (الله أکبر)ی کرد، پرسیارم لێ کرد ئەوە

---

(١) صحيح: (ص. جه/١٢١٤)، د (٨/٤٨٤/٣١٧٨)، ت (٢/٢٤٩/١٠٣٩)، جه (١/٤٧٩/١٤٩٤).

(٢) إسناده صحيح: (الجنائز/١١٣)، ك (٣/٤٠٩)، هق (٤/٣٦). لەوەپێش تێپەڕی.

بۆ پێنج جار (الله أكبر)ت كرد؟ وتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئەوەندە (الله أكبر)ی كردووە.[١]

شەش جار یان حەوت جار، ئەوەش بە پێی هەندێ ئاثاری مەوقوفە كەئاماژە بەوە دەكەن، ئەم ئاثارو ریوایەتە مەوقوفانە لەحوكمی مەرفوع دان چونكە برێ لە گەورە گەورەی هاوەڵان بەو شێوازە بەئاگاداری هاوەڵانی تری پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نوێژی جەنازەی كردووەو كەس رەخنەی لێ نەگرتوون.

لە عەبدوڵڵای كوڕی مەعقەلەوە گێردراوەتەوە: كە عەلی كوڕی ئەبو طالیب نوێژی لەسەر سەهلی كوڕی حەنیف كرد، شەشجار (الله أكبر)ی لەسەر كرد، پاشان ئاوڕی دایەوە بۆلای ئێمەو فەرمووی: ئەم زاتە لەبەدرییەكانە هاوبەشی غەزای بەدری كردووە.[٢]

لە موسای كوڕی عەبدوڵڵای كوڕی یەزیدەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: ئیمامی عەلی نوێژی لەسەر ئەبو قەتادە كرد حەوتجار (الله أكبر)ی كرد، ئەویش لەهاوەڵانی بەدر بوو.[٣]

لە (عبدخیر)ەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: كە عەلی كوڕی ئەبو طالیب لەسەر بەدرییەكان شەشجار (الله أكبر)ی دەكرد، لەسەر كەسانی تر چوارجار (الله أكبر)ی دەكرد.[٤]

---

[١] صحيح: (ص. جـه/١٢٢٢)، م (٢/٦٥٩/٩٥٧)، د (٨/٤٩٤/٣١٨١)، ت (٢/٢٤٤/١٠٢٨)، جـه (١/٤٨٢/١٠٠٥)، (٤/٧٢).

[٢] إسناده صحيح: (الجنائز/١١٣)، ك (٣/٤٠٩)، هق (٤/٣٦).

[٣] إسناده صحيح: (الجنائز/١١٤)، هق (٤/٣٦).

[٤] إسناده صحيح: (الجنائز/١١٣)، قط (٢/٧٣/٧)، هق (٤/٣٧).

نۆجار (الله أكبر) كردن، له عەبدوللای كوڕی زوبەیرەوه گێڕدراوەتەوه: كه پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەسەر (حەمزه) نوێژی كرد، نۆجار (الله أكبر)ی كرد.[1]

***وا مەشروعه كه لەكاتی (الله أكبر) كردنی یەكەمدا هەردوو دەستی بەرز بكاتەوه**

له عەبدوللای كوڕی عەبباسەوه ڕیوایەتكراوه، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەنوێژی جەنازەدا له یەكەم (الله أكبر)كردندا دەستی هەڵدەبڕی ئیتر له (الله أكبر) كردنەكانی تردا دەستی هەڵنەدەبڕی.

ئەمجار دەستی ڕاستی دەخسته سەر پشته دەستی چەپی. مەچەكی، قۆڵی. بەتوندی لەسەر سنگی دایدەنان.

له سەهلی كوڕی سەعدەوه هاتووه دەڵێ: خەڵك فەرمانیان پێ دەكرا: كەپیاو لەنوێژدا دەستی ڕاستی لەسەر باسكی چەپی دابنێ.[2]

*** ئەمجار دوای (الله أكبر)ی یەكەم سورەتی فاتیحەو سەورەتێكی تری قورئانی دەخوێند.**

له طەلحەی كوڕی عەبدوللای كوڕی عەوفەوه ڕیوایەتكراوه، دەڵێ: لەپشتی ئیبنو عەبباسەوه نوێژم لەسەر جەنازەیەك كرد، سورەتی فاتیحەو سورەتێكی تری قورئانی بەدەنگی بەرز خوێند، بەجۆرێك گوێمان لێ بوو، كه لێ بۆوه، دەستیم گرتو پرسیارم لێ كرد له وەڵامدا وتی: بۆیه بەدەنگی بەرز خوێندم تابزانن ئەوه حەقو سوننەته[3] فاتیحەو قورئان به ئەسپایی

---

[1] إسناده صحيح: (الجنائز/٨٢) شرح المعاني للطوى ج١/٢٩٠.

[2] لەوه پێش لەباسی (كرداره سوننەتەكانی نوێژدا تێپەڕی).

[3] صحيح: (الجنائز/١١٩)، ن (٤/٧٥). خوێندنی فاتیحه بەتەنها. بڕوانه خ (١٣٣٥/٢٠٣/٣)، د (٣١٨٢/٤٩٥/٨)، ت (١٠٣٢/٢٤٦/٢)، جه (١٤٩٥/٤٧٩/١).

دەخوێندرێن، ئەمەیش بەگوێرەی ئەو حەدیثەی ئەبو ئومامەی کوڕی سەهل. کە دەڵێ: (سوننەت وایە لەنوێژی جەنازەدا کە لەپاش (الله أكبر) کردنی یەکەمجار بەئەسپایی سورەتی فاتیحە بخوێندرێ، پاشان سێ (الله أكبر)ی تر بکرێو لەدوا (الله أكبر) کردنی کۆتایی سڵاو بدرێتەوە)[1]

پاش خوێندنی فاتیحە (الله أكبر)ی دووەم دەکرێ صەلاوات لەسەر پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەدرێ، ئەمەش بەگوێرەی حەدیثی (ئەبو ئومامە)ی ناوبراو، گوایە یەکێك لەهاوەڵانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) هەواڵی پێداوە: کە سوننەت وایە بۆ نوێژی جەنازە، ئیمام (الله أكبر) بکا پاشان سورەتی فاتیحە بە ئەسپایی لەدوا (الله أكبر) کردنەکە بخوێنێ، ئەمجار (الله اكبر)ی دووەم بڵێو صەلاوات لەسەر پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لێ بدا، پاشان دوعا بۆ مردووەکە بکا لە دوا (الله أكبر)ی سێیەم، هیچ شتێ لەقورئان نەخوێنێ، ئەمجار (الله أكبر) بکاو بەئەسپایی سڵاو بداتەوە[2] ئەمجار (الله أكبر)ی یەکەمو فاتیحە خوێندنو (الله اكبر)ی دووەمو صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەباقی (الله أكبر)ەکانی تردا دەبێ بەئیخلاصەوە لەناویاندا دوعا بۆ مردووەکە بکا، ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کە فەرموویەتی: « إِذَا صَلَّيْتُمْ عَلَى الْمَيِّتِ فَأَخْلِصُوا لَهُ الدُّعَاءَ »: کەنوێژتان لەسەر مردو کرد بەدڵو بەئیخلاص داوای لێخۆشبوونی بۆ بکەن[3] دەبێ لەنوێژەکەدا دوعا بۆ مردووەکە بکا بەو شێوەیەی لە پێغەمبەرەوە (درودی خودای لەسەر بێ) بیستراوەو چەسپاوەو دەبێ بەو دوعایانەی ریوایەتکراون دوعا بۆ مردوەکە

---

(١) إسناده صحيح: (الجنائز/١١١)، ن (٤/٧٥).

(٢) صحيح: (الجنائز/١٢٢)، فع في الأم (١/٢٧٠)، هق (٤/٣٩).

(٣) حسن: (الإرواء/٧٣٢)، (ص. ج/٦٦٩)، د (٨/٤٩٦/٣١٨٣)، جه (١/١٤٩٧).

بكا. برێ لەو دوعایانە ئەو دوعاو نزایەیە کە لە عەوفی کوڕی مالیکەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نوێژی لەسەر جەنازەیەك کرد، لەدوعایەکەی ئەمەم لەبەر کرد: کە فەرمووی: «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ وَارْحَمْهُ وَعَافِهِ وَاعْفُ عَنْهُ وَأَكْرِمْ نُزُلَهُ وَوَسِّعْ مُدْخَلَهُ وَاغْسِلْهُ بِالْمَاءِ وَالثَّلْجِ وَالْبَرَدِ وَنَقِّهِ مِنَ الْخَطَايَا كَمَا نَقَّيْتَ الثَّوْبَ الأَبْيَضَ مِنَ الدَّنَسِ وَأَبْدِلْهُ دَارًا خَيْرًا مِنْ دَارِهِ وَأَهْلاً خَيْرًا مِنْ أَهْلِهِ وَزَوْجًا خَيْرًا مِنْ زَوْجِهِ وَأَدْخِلْهُ الْجَنَّةَ وَأَعِذْهُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ أَوْ مِنْ عَذَابِ النَّارِ». خودایە لێی خۆش ببە، بەزەییت پێدا بێتەوە، عەفوی بکە، لێی ببورە، ڕێزی بگرەو شوێنی خۆشی بدەرێ، جێگاو مەکانی فراوان بکە، بەئاوو بەفرو تەرزە بیشۆ، لەتاوان پاکی بکەرەوە، وەکوو چۆن قوماشی سپی لەچڵك پاك دەکرێتەوە. خانو جێگای حەوانەوەی پێ ببەخشە باشتر بێ لەخانوی جیهانی. خاوو خێزانێکی بدەرێ لەخاوو خێزانی دونیای چاکتر بێ، خێزانێکی وای پێ ببەخشە لەخێزانی دونیای باشتر بێ، بیخەرە ناو بەهەشتی خۆتەوە. عەوف دەڵێ: کە گوێم لەم دوعایەی پێغەمبەر بوو (دروودی خودای لەسەر بێ) بوو، ئاواتەخوازی ئەوە بووم من ئەو مردووە بومایە.[1]

دوعاکردن لەنێوان (الله أكبر) کردنی کۆتایی‌و سلاودانەوەدا مەشروعو ڕەوایە. بەگوێرەی حەدیثی ئەبو یەعفور: کە لە عەبدوڵلای کوڕی ئەبو ئەوفاوە دەیگێڕێتەوە، دەڵێ: عەبدوڵلام بینی‌و ئامادە بووم نوێژی لەسەر جەنازەیەك کردو چوارجار (الله أكبر)ی کرد، پاشان ماوەیەك وەستا خەریکی دوعاکردن بوو، پاشان وتی: ئەرێ واتان زانی من پێنج جار (الله أكبر)م کرد؟ وتیان نەخەیر، وتی: پێغەمبەر عادەتی وابوو چوارجار (الله أكبر)ی دەکرد[2]

---

[1] صحيح: (الجنائز/١٢٣)، م (٩٦٣/٦٦٢/٢)، جه (١٥٠٠/٤٨١/١)، ن (٤/٧٣).

[2] إسناده صحيح: (الجنائز/١٢٦)، هق (٤/٣٥).

پاشان دوو سڵاو دەداتەوە بەلای ڕاستی‌و بەلای چەپیدا وەکوو سڵاودانەوەی نوێژە فەرزەکان، ئەمەش بەپێی حەدیثی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود (ڕەزای خودای لێ بێ) کە دەڵێ: سێ ڕەوشت هەن سێ کردار هەن. کاتی خۆی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەیکردن، کەچی خەڵك وازیان لێ هێناوە، یەکێك لەوانە سڵاودانەوەیە لەنوێژی جەنازەدا وەکوو سڵاودانەوە لەنوێژە فەرزەکاندا.[1] دروستە هەر یەك سڵاو بدرێتەوە، بەسڵاودانەوە بەلای ڕاستدا کیفایەت بکا، بەگوێرەی حەدیثی ئەبو هورەیرە (ڕەزای خودای لێ بێ) دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نوێژی لەسەر جەنازەیەك کرد، چوارجار (الله أكبر)ی کردو یەك سڵاوی دایەوە.[2]

لەبەر ناعیلاجی نەبێ دروست نیە نوێژکردن لەسەر جەنازە لەو کاتانەدا کەنوێژ کردن تێیاندا یاساغە. ئەمەش بەپێی حەدیثی عوقبەی کوڕی عامیر (ڕەزای خودای لێ بێ) کە دەڵێ: سێ سەعات هەن سێ کات هەن، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی لێ دەکردین کەنوێژی تێدا بکەین، یان مردووەمانی تێدا بنێژین، کاتێك خۆرهەڵدێ هەتا بەرز دەبێتەوە. کاتێك خۆر لەناوەڕاستی ئاسماندا دەبێ هەتا لادەدا، کاتێك خۆر بەرەو ئاوابوون شۆڕ دەبێتەوە هەتا ئاوا دەبێ.[3]

گەورەیی‌و فەڕی نوێژکردن لەسەر جەنازەو شوێنکەوتنی بۆ گۆڕستان

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ صَلَّى عَلَى جَنَازَةٍ وَلَمْ يَتْبَعْهَا فَلَهُ قِيرَاطٌ فَإِنْ تَبِعَهَا فَلَهُ

---

[1] إسناده صحيح: (الجنائز/١٣٦)، هق (٤/٣٥).

[2] إسناده حسن (الجنائز/١٣٧)، هق (٤/٤٣).

[3] لەوە پێش لەباسی ئەو کاتانەدا کەنابێ نوێژی تێدا بکرێ ڕابورد.

قِيرَاطَانِ»: کەسێك نوێژ لەسەر جەنازەیەك بکاو لەگەڵیدا نەچێ بۆ گۆڕستان، ئەوە بەئەندازەی قیراتێك خێری دەگاتێ، ئەگەر وێڕای نوێژ لەسەر کردنی شوێنی کەوت بۆ گۆڕستان ئەوە بەئەندازەی دوو قیراط خێری دەگاتێ. گوترا (قیراط) چیە؟ فەرمووی: {أصغرهما مثل أحد} بچوکترینیان بە ئەندازەی کێوی ئوحودە. ئەم پاداشەی شوێنکەوتنی جەنازە تایبەتە بەپیاوانەوەو بۆ ئافرەت نیە. چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی کردووە کە ئافرەت شوێن مردوو بکەون بۆ گۆڕستان، وەلێ پێویستە ئەوە بزاندرێ کە نەهییەکە بۆ تەنزیهەو بۆ تەحریم نیە.

ئوممو عەطیە (رەزای خودای لێ بێ) لەم بارەوە دەڵێ: ئێمە نەهیمان لێ کراوە لەشوێنکەوتنی جەنازە بەڵام نەهی کردنەکە بەجەختکردنەوە نیەو تەحریم ناگەیەنێ.[1]

دروست نیە شوێن جەنازە بکەوی بەشتێکەوە پێچەوانەی شەرع بێ، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەدەق دوو شتی دیاری کردووە، فەرموویەتی: «لاَ تُتْبَعُ الْجَنَازَةُ بِصَوْتٍ وَلاَ نَارٍ».[2] نابێ لەکاتی بردنی جەنازە بۆ گۆڕستان گریانو دەنگە دەنگو بخور سوتاندنو شتیوا ئەنجام بدرێ، دەبێ بەبێ دەنگیو بیرکردنەوە لەدوارۆژو یادکردنەوەی پەروەردگارو تۆبەو ئیستغفار مردو بەڕێ بکرێ.

تەنانەت دەنگ بەرزکردنەوە بەذیکرو صەڵاواتیش دەکەوێتە بەر نەهییەکەو نابێ لەپێش جەنازەکەوە، بەدەنگی بەرز ذیکری خودا بکرێ، چونکە بیدعەیەو داهێندراوە، هەم لەبەر ئەو قسەیەی (قیسی کوڕی عەبباد) کە دەڵێ: (هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێیان ناخۆش

---

[1] متفق علیه: خ (٣/١٤٤/١٢٧٨)، م (٢/٦٤٦/٩٣٨)، د (٨/٤٤٩/٣١٥١)، جه (١/٥٠٢/١٥٧٧).

[2] حسن: (الجنائز/٧٠)، د (٨/٤٥٣/٣١٥٥).

بوودەنگ بەرز بکرێتەوە لەکاتی بەڕێ کردنی جەنازەدا)[1] هەروەها چونکە لاسایی کردنەوەی گاورەکانە لەکاتی بردنی مردوویاندا شتێك لەئینجیل بەدەنگی بەرز دەخوێننەوەو هەندێ ذیکرو طقوسی تایبەت بەخۆیان بەشێوەی لەحنو غەمباری بەدەنگی بەرز دەخوێنن.

لەوەش خراپتر بەڕێ کردنی مردووە بەتەپڵو دەفو مۆسیقا بەشێوەیەکی حەزینو خەمۆکی، وەکوو لەهەندی وڵاتی ئیسلامیدا بەشێوەی لاسایی کردنەوەی کافرەکان پەیڕەو دەکرێ.

پێویستە بەپەلەو خێرایی جەنازە ببرێ بۆ سەر گۆڕستان. بەبێ شانهەڵتەکاندنو گورگەلوقە، چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أَسْرِعُوا بِالْجَنَازَةِ فَإِنْ تَكُ صَالِحَةً فَخَيْرٌ عَلَيْهِ وَإِنْ تَكُنْ غَيْرَ ذَلِكَ فَشَرٌّ تَضَعُونَهُ عَنْ رِقَابِكُمْ».[2] بەخێرایی مردو بەڕێ بکەن، چونکە ئەگەر صاڵحو چاك بێ، ئەوە بەخێرایی دەیگەیەننە ئەو خێرو خۆشییەی بۆی ئامادەکراوە، خۆ ئەگەر وانەبێ، ئەوە شەڕو نەگبەتیەکە لەشانی خۆتانی دادەماڵن.

دروستە لەکاتی بەڕێ کردنی جەنازەدا لەپێشیەوەو لەدوایەوەو لەڕاستو چەپیەوە بڕۆی، بەمەرجێك لێیەوە نزیك بێ، مەگەر بەسواری، ئەگەر کەسێك سوار بوو، دەبێ لەدواوەی بڕوا، ئەمەیش بەگوێرەی حەدیثی (المغيرە)ی کوڕی شوعبە: کە دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « الرَّاكِبُ خَلْفَ الْجَنَازَةِ وَالْمَاشِي حَيْثُ شَاءَ».[3] ئەوەی سوارە لەدوای جەنازەوە بڕوا، ڕۆیندە (پیادە) بەئارەزوی خۆی.

---

[1] رجاله ثقات: (الجنائز/٧١)، هق (٤/٧٤).

[2] لەوە پێش رابورد.

[3] صحيح: (ص. ج/٣٥٣٣)، ت (٢/٢٤٨/١٠٣٦)، ن (٤/٥٥)، د (٨/٤٦٧/٣١٦٤).

وەڵێ ڕۆیشتن لەدواوەی باشترە، چونکە فەرموودەکەی پێغەمبەر کە دەفەرموێ: «وَاتَّبِعُوا الْجَنَائِزَ»: شوێن جەنازەکان بکەون، ئەوە دەخوازێ کە لەدواوەی جەنازە بڕۆی. فەرموودەکەی ئیمامی عەلی پشتگیری ئەوە دەکاو دەفەرموێ: (ڕۆیشتن لەدوا جەنازەوە گەورەترە لەڕۆیشتن لەپێشەوەی بە ئەندازەی گەورەیی نوێژی پیاو بەجەماعەت لەبەرامبەر نوێژێ بەتەنیا بیکا)[1]

دەبێ موسوڵمان کە چووە ناو گۆڕستانەوە یان بەلایدا تێپەڕی چی بڵێ؟

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: عەرزی پێغەمبەرم کرد ئەگەر ڕێم کەوتە گۆڕستان چییان پێ بڵێم؟ فەرمووی: « قُولِي السَّلاَمُ عَلَى أَهْلِ الدِّيَارِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ وَيَرْحَمُ اللَّهُ الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنَّا وَالْمُسْتَأْخِرِينَ وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ لَلاَحِقُونَ».[2]

بڵێ: سڵاو لەسەر ئەهلی ئەم دەڤەرە بێ لەبڕواداران لە موسوڵمانان، خودا ڕەحمو بەزەیی خۆی بڕژێنێ بەسەر ئەوانەماندا کە پێشمان کەوتوونو ئەوانەمان کە دواکەوتوون، ئێمە خودا یار بێ پێتان دەگەینو دێینەلاتان.

لە سولەیمانی کوڕی بورەیدەوە لەباوکییەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) هاوەڵانی فێردەکرد: کەچۆن بۆ گۆڕستان بڵێین: «السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الدِّيَارِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ لَلاَحِقُونَ أَسْأَلُ اللَّهَ لَنَا وَلَكُمُ الْعَافِيَةَ».[3] سڵاوتان لێ بێ ئەی ئەهلی

---

[1] إسناده صحيح: (الجنائز/٧٤)، هق (٤/٢٥).

[2] صحيح: (ص. ج/٤٤٢١)، (الجنائز/١٨٣)، م (٩٧٤ – ١٠٣/٦٦٩/٢)، ن (٤/٩١).

[3] صحيح: (ص. ن/١٩٢٨)، م (٩٧٥/٦٧١/٢)، ن (٤/٩٤).

ولاتـی بـڕواداران‌و موسـوڵمانان، ئێمـه خـوا یاربـێ پێتـان دەگـەین داوای سەرفرازی لەخودا دەکەین‌و بۆ خۆمان‌و بۆ ئێوە.

دفنکردن

ناشتن‌و ژێرخاك کردنی مـردو پێویستەو دەبێ ئـەنجام بـدرێ تەنانـەت ئەگـەر مردووەکـە ناموسـوڵمانیش بـێ، چـونکە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) بەعەلی کوڕی ئـەبو طـالیبی فـەرمووی: - کەهـەواڵی مردنـی ئـەبو طالیبی پێدرا – (اِذْهَبْ فَوارِهِ): بڕۆ ئەبو طالیب ژێر خاك بکەو بیشارەوە.[1]

سوننەت وایـە مـردو لەگۆڕسـتاندا بخرێتـە گـۆڕەوە، چـونکە پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسـەر بـێ) هەمیـشە مـردووی لەگۆڕسـتانی (البقیـع)دا دفـن دەکردن، وەکوو بەتەواتور هەواڵی ئەوە ریوایـەتکراوە: هـەروەکوو نەبیـستراوە کەسێك لەسەلەفی صاڵح لەغـەیری گۆڕسـتاندا دفـن کرابـێ، جگـە لـەوەی کـە بەتـەواتور بەئێمـە گەیـشتووە کـە پێغەمبـەر (درووی خـودای لەسـەر بـێ) لـەحوجرەی خـۆی دفـن کـراوە، ئەمـەش شـتێکە تایبەتمەنـدە بـەخودی پێغەمبـەرەوە، وەکـوو حـەدیثـی خـاتو عائیـشە دەیگەیـەنێ. کـە دەفـەرموێ: (کاتێك پێغەمبەر (درووی خودای لەسـەر بـێ) گیـانی پـاکی سپارد، هـاوەڵان کەوتنە کێشەی ئەوەوە لەکوێ بینێژن، حـەزرەتی ئـەبو بـەکر فـەرمووی: مـن شتێکم لە پێغەمبەر (درووی خودای لەسەر بێ) بیستووە لەبیرم نەچۆتەوە، فـەرمووی: «مَـا قَـبَضَ اللّـهُ نَبِیًّـا إلاَّ فِـی الْمَوْضِـعِ الَّـذِی یُحِـبُّ أنْ یُـدْفَنَ فِیـهِ». پـەروەردگار گیـانی هـیچ پێغەمبـەرێکی وەرنەگرتۆتـەوە، ئـیللا لـەو شـوێنەدا مراندویـەتی کـەپێی خۆشـە تێیـدا دفـن بکـرێ. ئـیتر هـاوەڵان بڕیاریـان دا

---

[1] صحیح: (ص. ن/١٨٩٥)، ن (٤/٧٩).

لەشوێنی جێگا نوستنی حاڵی ژیانی‌دا دفنی بکەن، لەجێگای خۆی گۆڕیان بۆ هەڵکەندو دفنیان کرد.[١]

شەهیدانی گۆڕەپانی جەنگ لەم حوکمە جەرت دەکرێن، ئەوان لەو شوێنەی تێدا شەهید بوون دەنێژرێن‌و ناگوێزرێنەوە بۆ گۆڕستان، ئەمەیش بەپێی حەدیثی جابیر (رەزای خودای لێ بێ) کە دەڵێ: (کە ڕۆژی ئوحود ئەو کۆمەڵە هاوەڵە شەهید کران، هەڵگیران بۆ ئەوەی بگوازرێنەوە بۆ گۆڕستانی (البقیع) جاردەری پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) جاڕی‌دا وتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانتان پێ دەکا: کە شەهیدەکان لەجێگای شەهیدبوونی خۆیان بنێژن)[٢]

* **دروست نیە مردو لەگۆڕنان لەم کاتانەدا کەباسیان دەکەین، مەگەر لەبەر ناعیلاجی.**

١- لەعوقبەی کوڕی عامیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: سێ کات هەن پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی لێ کردین کەنوێژی تێدا بکەین، یان مردووی خۆمانی تێدا لەگۆڕ بنێین. کاتێك خۆرهەڵدێ تا بەرزدەبێتەوە. کاتێك خۆر دەگاتە ناوەڕاستی ئاسمان تا لادەدا. کاتێك خۆر شۆڕ دەبێتەوە بۆ ئاوابوون تا ئاوا دەبێ.[٣]

٢- لەجابیرەوە هاتووە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) باسی پیاوێکی کرد لەهاوەڵانی کە گیانی سپاردووە، بەکفنێکی کەم‌وکوڕ کفن کراوەو بەشەو لەگۆڕ نراوە، ئیتر پێغەمبەر نارەزامەندی خۆی دەربڕی لەوەی پیاو بەشەو لەگۆڕ بندرێ، هەتا نوێژی لەسەر نەکرێ، مەگەر بارودۆخەکە

---

[١] صحيح: (ص. ن/١٨٩٣)، د (٨/٤٤٦/٣١٤٩)، ن (٤/٧٩)، ت (٣/١٣٠/١٧٧١).

[٢] صحيح: (ص. ن/١٨٩٣)، د (٨/٤٤٦/٣١٤٩)، ن (٤/٧٩)، ت (٣/١٣٠/١٧٧١).

[٣] لەوەپێش تەخریج کرا.

وابخوازێو ناچاری پاڵیان پێوه بنێ، ئەگەر ناچار بوون بەشەو مردوو بنێژن ئەوه دروستە، تەنانەت ئەگەر پێویست بوو چرا بەکاربهێنن بۆ داهێلانی جەنازەکە بۆ ناوگۆڕ، ئەمەیش بۆ کارئاسانی ناشتنەکە، هەروەها بەپێی حەدیثەکەی ئیبنو عەبباس کە دەفەرموێ: (پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پیاوێکی مردووی بەشەو خستە ناو گۆڕەوەو چرایەکی بۆ ئاسانکاری دفنکردنەکە بەکارهێنا)[1]

پێویستە گۆڕ قوڵ بێو فراوان بێو ڕێكوپێك بێ

لە هیشامی کوڕی عامیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کەڕۆژی ئوحود هاتە پێشەوە ئەوەی کوژرا کوژرا لە موسوڵمانان، کەسانێکیش بریندار بوون، وتمان: ئەی پێغەمبەری خودا! هەڵکەندنی گۆڕ لەئەستۆی ئێمەدایە، بۆ هەرکەسێ توانای هەبێ، چۆن فەرمانمان پێ دەکەی گۆڕەکان هەڵکەنین؟! فەرمووی: «احْفِرُوا وَأَوْسِعُوا وَأَعْمِقُوا وَأَحْسِنُوا وَادْفِنُوا الاِثْنَيْنِ وَالثَّلاَثَةَ فِي قَبْرٍ وَاحِدٍ وَقَدِّمُوا أَكْثَرَهُمْ قُرْآنـاً»: گۆڕەکە هەڵکەنن، فراوانی بکەن، قوڵی بکەن، ڕێكوپێك راستەو پاستەی بکەن، دوو دوو سێ سێ بیانخەنە گۆڕەکەوە، کێیان پتر قورئانی لەبەرە ئەو پێش بخەن لەناشتندا. جا هیشام دەڵێ باوکم سێیەم کەس بوو، چونکە لەهەمووان پتر قورئانی لەبەر بوو، بۆیە خرایە پێشەوە.[2]

دوو جۆر گۆڕ دروستە بەشێوەی (لحد) کەبریتیە لەوە گۆڕەکە قوڵ بکرێ ئەمجار لەقوڵاییدا لادڕ بکرێو شوێنی تەرمەکە ببیڕێرێو تەرمەکەی تێبخرێ، یان بەشێوەی (شق) گۆڕیچە: کەبریتیە لەوەی لەتەختی گۆڕەکە شوێنی تەرمەکە بەصندوقی هەڵبکەندرێو تەرمەکەی بخرێتە ناو، سەری

---

[1] حسن: (الجنائز/١٤١)، ت (١٠٦٣/٢٦٠/٢).

[2] صحيح: (الجنائز/١٤٦)، ن (٤/٨٠)، د (٣١٩٩/٣٤/٩)، ت (١٧٦٦/١٢٨/٣).

گۆڕیـچەکە بـە تەلەبـەردو شـتی وا داپۆشـرێ ئـەمجار گۆڕەکـە بـەگڵ پـڕ بکرێتەوە. ئەم دوو جۆرە پەسەندن، چونکە لەسـەردەمی پێغەمبـەر (درودی خودای لەسەر بێ) باوبوونو کاریان پێ کراوە، بەڵام یەکەمیان باشترە.

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبـەر (درودی خـودای لەسـەر بـێ) وەفـاتی کـرد، لەمەدینـەدا پیاوێـك هـەبوو وەسـتای گـۆڕ لادرکردن بوو، پیاوێکی تـریش هـەبوو گـۆڕی هەڵدەکەنـد بەشـێوەی گۆڕیـچە، هاوەڵان وتیان ئێمە ئیستیخارە دەکەین لـەخودای خۆمـانو دەنێـرین بۆلایـان، کامەیان زوو هات گۆڕەکە بەئەو هەڵدەکەنین، ناردیان بۆلایان، ئەوەیان پێشتر هات کەپیشەی گۆڕهەڵکەند بوو بەشێوەی (لەحد). ئیتر گـۆڕی لەحـدیان بـۆ پێغەمبەر هەڵکەند.[1]

داهێڵانی تەرم بۆ نـاو گـۆڕ دەبـێ پیـاو ئـەنجامی بـدەن، تەنانـەت ئەگـەر مردووەکە مێینەش بێ، نابێ ئـەو ئەرکە بخرێتـە ئەسـتۆی ئـافرەت، چـونکە لەسـەردەمی پێغەمبـەر (درودی خـودای لەسـەر بـێ) ئـەوە بـاوبووە، لـەدوای ئەویش موسوڵمانان پەیڕەوی ئەو ڕێبازەی پێغەمبەریان کردووە هەتا ئەمڕۆ.

خزمو کەسوکاری مردو لەکەسانی دی شیاوترن بـۆ داهێڵانـی مـردوو بـۆ نـاوگۆڕ، ئامـاژە بـە فـەرموودەی پـەروەردگار کـە دەفـەرموێ: {وَأُوْلُـو الْأَرْحَـامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ – الأحزاب/٦}.

هەروا ئاماژە بەحەدیثی ئیمامی عەلی کە دەفەرموێ: (پێغەمبـەرم شـۆرد (درودی خودای لەسەر بـێ) سـەرەنجم دا ئـاخۆ مـردو چـی لێ دێو جەسـتەی چۆن دەگۆڕێ، هیچم لـەو بارەیـەوە بـەدی نـەکرد، بەڕاسـتی پێغەمبـەر پـاكو بۆنخۆشو ڕوخسار شیرین بوو بەزینـدویی‌و بەمردووی، ئەوانەی سەرپەرشـتی داهێڵانـی تـەرمی پێغەمبـەریان کـرد بـۆ نـاو گـۆڕو دفنکردنـی چـوارکەس

---

[1] إسناده حسن: جه (١/٤٩٦/١٥٥٧).

لەئەستۆیان گرت (عەلی)و (العباس)و (الفضل)و (صالح)؛ کەمەولای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بوو، لادرێك بۆ پێغەمبەر لێ دراو ئەمجار تەرمی پیرۆزی خرایە ناوی‌و بەخشت زارکی لادرەکە هەڵچندرا.(١)

دروستە مێرد سەرپەرشتی لەگۆڕنانی ژنی خۆی بکا، ئەمەیش ئاماژە بەحەدیثی خاتو عائیشە کە فەرموویەتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هاتە ژووری من لەو ڕۆژەدا کە نەخۆشییەکەی لێ دیاری دابوو، وتم ئای کەسەرم دێشێ، فەرمووی: (وددت أن ذالك كان وأنا حي، فَهَيّتك ودفنتك)؛ پێم خۆش بوو من زیندوو بومایە، کەتۆ دەمردی بۆئەوەی ئامادەم بکردییایە دفنم بکردیایە.(٢)

وەلێ مەرجە ئەو پیاوەی ئەرکی لەگۆڕنانی مردوو دەخاتە ئەستۆی خۆی نابێ ئەو شەوە لەگەڵ خێزانیدا جوت بووبێ، ئەگینا نابێ ئەرکی دفن کردن بگرێتە ئەستۆی، یەکێکی تر شیاوترە بەدفنکردنی، تەنانەت ئەگەر بێگانەش بێ. ئەمەیش بەپێی حەدیثی ئەنەس: کە دەڵێ: ئێمە ئامادەی بەخاك سپاردنی کچێکی پێغەمبەر بووین، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەسەر گۆڕەکە دانیشتبوو، بینیم چاوەکانی فرمێسکیان دەباراند، پاشان فەرمووی: « هَلْ مِنْكُمْ رَجُلٌ لَمْ يُقَارِفِ اللَّيْلَةَ؟». پیاوێکتان تێدایە ئەمشەو لەگەڵ خێزانی جوت نەبووبێ؟ ئەبو طەلحە وتی: من ئەی پێغەمبەری خودا! پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: {فَأَنْزِلْ} دابەزە ناو گۆڕەکە، ئەنەس دەڵێ: ئیتر ئەبو طەلحە دابەزییە ناو گۆڕەکە.(٣)

---

(١) إسناده صحيح: ك (١/٣٦٢)، هق (٤/٥٣).

(٢) صحيح: حم (٦/١٤٤)، وهو في صحيح البخاري بنحوه (١٠/١٠١/١٠٢)، ومسلم (٧/١١٠).

(٣) صحيح: (الجنائز/١٤٩)، خ (٣/١٣٤٢).

سوننەت وایە مردو لەدوا گۆڕەکەیەوە، لەولایەوە کەدوایی قاچی دەکەنێ رادەست بکرێ بۆ ناو گۆڕ، ئەمەیش بەپێی حەدیثی ئەبو ئیسحاق: کە ریوایەت دەکا دەڵێ: (أَوْصَى الْحَارِثُ أَنْ يُصَلِّي عَلَيْهِ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ يَزِيدَ فَصَلَّى عَلَيْهِ ثُمَّ أَدْخَلَهُ الْقَبْرَ مِنْ قِبَلِ رِجْلَي الْقَبْرِ وَقَالَ هَذَا مِنَ السُّنَّةِ).[1] حاریث وەصیەتی کرد: کەمرد عەبدوڵلای کوڕی یەزید نوێژی لەسەر بکا، ئەویش نوێژی لەسەر کرد، دوایی لەلای شوێن قاچی مردووەکە، خستیە گۆڕەوە. وتی: ئەوە پەیڕەویکردنی سوننەتە.

مردوو لەناو گۆڕدا لەسەر لاتەنیشی راستی دادەنرێو روی لەقیبلە دەکرێ، سەری بۆلای راستی قیبلەو قاچی بۆلای چەپی قیبلە بێ. موسوڵمانان هەر لەسەردەمی پێغەمبەرەوە تا ئەمڕۆ بەو شێوە مردویان لەگۆڕناون.

ئەو کەسەی مردووەکە دەخاتە ناو ئەلحەدەوە، دەڵێ: «بِسْمِ اللَّهِ وَعَلَى سُنَّةِ رَسُولِ اللَّهِ أَو مِلَّةِ رَسُولِ اللَّهِ». لەئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە مردوو دەخرایە ناو گۆڕەوە، دەیفەموو: «بِسْمِ اللَّهِ وَعَلَى سُنَّةِ رَسُولِ اللَّهِ».[2]

هەروا ئاماژە بەحەدیثی (البیاضی) (رەزای خودای لێ بێ) کە لە پێغەمبەرەوە ریوایەت دەکا، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « الْمَيِّتُ إِذَا وُضِعَ فِي قبره فليقل الذين يضعونه حين يوضع في اللحد: «بِسْمِ اللَّهِ وَبِاللَّهِ وَعَلَى مِلَّةِ رَسُولِ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم-».[3] مردو کەخرایە ناو گۆڕەکەی، با ئەو کەسانەی لەناو گۆڕەکە دایدەنێن لەکاتی

[1] إسناده صحيح: (الجنائز/١٥٠)، د (٣١٩٥/٢٩/٩).

[2] صحيح: (الجنائز/١٥٢)، د (٣١٩٧/٣٢/٩)، ت (١٠٥١/٢٥٥/٢)، جه (١٥٥٠/٤٩٤/١).

[3] إسناده حسن (الجنائز).

دانانیدا لەناو ئەلحەدەکەی بڵێن: بەناوی خودا پشت بەستن بەخوداو لەسەر ئایینی پاکی ئیسلامو ئایینی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ).

وا سوننەتە بۆ ئەو کەسەی لای گۆڕەکەیە کەدوای هەڵچنینی لادرِەکە سێ چنگ گڵ هەڵبگرێ، بەسەر گۆڕەکەدا بڵاوی بکاتەوە، ئاماژە بەحەدیثی ئەبو هورەیرە کە ڕیوایەتی کردووە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نوێژی لەسەر جەنازەیەك کرد، دوایی تەشریفی هاتە سەر گۆڕەکەی سێ چنگ گڵی بەسەر لای سەری مردووەکەدا بڵاو کردەوە.[1]

لەدوای دفنکردنی مردو چەند شتێك سوننەتن

یەکەم: گۆڕەکە بەئەندازەی بستێك لەزەوی بەرز بکرێتەوە، لەگەڵ زەویدا تەخت نەکرێ، ئەمەش بۆ ئەوەی بزاندرێ کە ئەوە گۆڕەو ڕێزی لێ بگیرێو ئیهانە نەکرێ، هەروا ئاماژە بە حەدیثی جابیر (رەزای خودای لێ بێ) دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) گۆڕەکەی بەشێوەی لەحد هەڵکەندرا، خشتی لەسەر ڕیزکران بە ئەندازەی بستێك لەزەوی بەرز کرابووەوە.[2]

دووەم: گۆڕەکە تەسنیم بکرێ: واتە ئەو بستەی بەرز دەکرێتەوە لای سەروی تەسك بکرێتەوە پێچەوانەی تەسطیح بێ. ئەمەیش بەگوێرەی حەدیثی سوفیانی (التمار) کە دەڵێ: (گۆڕی پێغەمبەرم بینی بەتەسنیم کراوی)[3]

---

[1] صحيح: (الإرواء/٧٥١)، جه (١/٤٩٩/١٥٦٥).

[2] صحيح: (الجنائز/١٥٤)، خ (٣/٢٥٥/١٣٩٠).

[3] حسن: (الجنائز/١٥٥)، د (٩/٢٢/٣١٩٠).

سێیەم: بە بەردو شتی وا سنوری دیاری بکرێو نیشانە بکرێ، واتە: کێلێ لەلای سەروی‌و خواروی بچەقێندرێ، بۆ ئەوەی خاوەن مردووی مردی خۆی بناسێتەوەو لەوەدوا ئەگەر مردوی تری هەبوون بتوانێ لەنزیك ئەوەوە بییان نێژێ، ئەمەیش بەپێی حەدیثی (المطلب)ی کوڕی ئەبو وەداعە (رەزای خودای لێ بێ) دەفەرموێ: کە عوثمانی کوڕی مەظعون وەفاتی کرد، جەنازەکەیان دفنکرد، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی بەپیاوێك کرد بەردێکی بۆ بێنێ، کابرا بەردەکەی بۆ هەڵنەگیرا، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) چوو بەلای بەردەکەوە قۆڵی لێ هەڵمالین. (المطلب) دەڵێ: ئەو کەسەی ئەم حەدیثەی بۆ گێڕامەوە وتی: ئێستاش سپیایەتی قۆڵو باسکی پێغەمبەرم لەبەرچاوە، کە هەڵی کردن‌و پاشان بەردەکەی هەڵگرت‌و هێنای لەلای سەری گۆڕەکەوە داینا، ئەمجار فەرمووی: «أَتَعَلَّمُ بِهَا قَبْرَ أَخِي وَأَدْفِنُ إِلَيْهِ مَنْ مَاتَ مِنْ أَهْلِي». بەهۆی ئەم بەردەوە گۆڕی براکەم دەزانم، هەر خزم‌و کەسوکارێکم مرد لەوەدوا لەنزیك ئەمەوە دەیان نێژم.

چوارەم: دوای دفنکردنی لەسەر گۆڕەکەی ڕابوەستێ‌و دوعای باش وەڵامدانەوەو چەسپان لەسەر بیروباوەڕی ڕاست‌و صەحیح‌و نەشڵەژان لەکاتی پرسیاری فریشتەی مونکەرو نەکیری بۆبکا، هەروا داوا لێخۆشبوونی بۆ بکاو داوای لەئامادەبووانی سەر گۆڕەکەش بکا بەو دووعاو نزایانە بۆی.

ئەمەیش بەگوێرەی حەدیثی عوسمانی کوڕی عەفان کە دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) داب‌و نەریتی وابوو، کە لەدفنکردنی جەنازە دەبووەوە لەسەر گۆڕەکەی دەوەستاو دەیفەرموو: «اسْتَغْفِرُوا لأَخِيكُمْ وَسَلُوا لَهُ التَّثْبِيتَ فَإِنَّهُ الآنَ يُسْأَلُ». داوای لێخۆشبوون بۆ برا موسوڵمانەکەتان

بکەن، لەخودا بپاڕێنەوە نەشلەژێ، بێگومان ئێستا ئەو لەلایەن فریشتەی تایبەتەوە پرسیاری لێ دەکرێ.

دروستە لەکاتی دفنکردنی جەنازەدا لەلای گۆڕ دابنیشی، بە مەبەستی یاد خستنەوەی ئامادەبووان بە ڕوداوی مردنو قۆناغەکانی دوای ئەو کارەساتە، ئەمەیش بەپێی حەدیثی (البراء)ی کوڕی عازیب: کە دەفەرموێ: لەخزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەڕێو ڕەسمی بەخاکسپاردنی جەنازەی پیاوێکی ئەنصاریدا دەرچووین، گەیشتینە گۆڕەکە هێشتا لادر نەکرابوو، ئێمە لەوێ بەدەوریەوە دانیشتین، بێ دەنگو بێ چرپە گوێچکەمان کلۆر کردبوو بۆ فەرمایشتەکانی، دەتگوت باڵندە بەسەرمانەوە وەستاوە، تەشریفی چیلکەیەکی بەدەستەوە بوو زەوی بەردەمی خۆی پێ دەهاژنیەوە، سەری هەڵبڕیو فەرمووی: «اسْتَعِيذُوا بِاللَّهِ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ». پەنا بگرن بەخواد لە عەزابی گۆڕ، دووجار یان سێ جار ئەم فەرموودەیەی دووبارە کردەوە، پاشان فەرمووی:

«إِنَّ الْعَبْدَ الْمُؤْمِنَ إِذَا كَانَ فِي انْقِطَاعٍ مِنَ الدُّنْيَا وَإِقْبَالٍ مِنَ الآخِرَةِ نَزَلَ إِلَيْهِ مَلاَئِكَةٌ مِنَ السَّمَاءِ بِيضُ الْوُجُوهِ كَأَنَّ وُجُوهَهُمُ الشَّمْسُ مَعَهُمْ كَفَنٌ مِنْ أَكْفَانِ الْجَنَّةِ وَحَنُوطٌ مِنْ حَنُوطِ الْجَنَّةِ حَتَّى يَجْلِسُوا مِنْهُ مَدَّ الْبَصَرِ ثُمَّ يَجِيءُ مَلَكُ الْمَوْتِ عَلَيْهِ السَّلاَمُ حَتَّى يَجْلِسَ عِنْدَ رَأْسِهِ فَيَقُولُ أَيَّتُهَا النَّفْسُ الطَّيِّبَةُ اخْرُجِي إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانٍ قَالَ: فَتَخْرُجُ تَسِيلُ كَمَا تَسِيلُ الْقَطْرَةُ مِنْ فِي السِّقَاءِ فَيَأْخُذُهَا فَإِذَا أَخَذَهَا لَمْ يَدَعُوهَا فِي يَدِهِ طَرْفَةَ عَيْنٍ حَتَّى يَأْخُذُوهَا فَيَجْعَلُوهَا فِي ذَلِكَ الْكَفَنِ وَفِي ذَلِكَ الْحَنُوطِ وَيَخْرُجُ مِنْهَا كَأَطْيَبِ نَفْحَةِ مِسْكٍ وُجِدَتْ عَلَى وَجْهِ الأَرْضِ – قَالَ – فَيَصْعَدُونَ بِهَا فَلاَ يَمُرُّونَ – يَعْنِي بِهَا – عَلَى مَلإٍ مِنَ الْمَلاَئِكَةِ إِلاَّ قَالُوا مَا هَذَا الرُّوحُ الطَّيِّبُ فَيَقُولُونَ فُلاَنُ بْنُ فُلاَنٍ بِأَحْسَنِ أَسْمَائِهِ الَّتِي كَانُوا يُسَمُّونَهُ بِهَا فِي الدُّنْيَا حَتَّى يَنْتَهُوا بِهَا إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا فَيَسْتَفْتِحُونَ لَهُ فَيُفْتَحُ لَهُمْ فَيُشَيِّعُهُ مِنْ كُلِّ

سَمَاءٍ مُقَرَّبُوهَا إِلَى السَّمَاءِ الَّتِي تَلِيهَا حَتَّى يُنْتَهَى بِهِ إِلَى السَّمَاءِ السَّابِعَةِ فَيَقُولُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ اكْتُبُوا كِتَابَ عَبْدِى فِى عِلِّيِّينَ وَأَعِيدُوهُ إِلَى الأَرْضِ فَإِنِّى مِنْهَا خَلَقْتُهُمْ وَفِيهَا أُعِيدُهُمْ وَمِنْهَا أُخْرِجُهُمْ تَارَةً أُخْرَى – قَالَ – فَتُعَادُ رُوحُهُ فِى جَسَدِهِ فَيَأْتِيهِ مَلَكَانِ فَيُجْلِسَانِهِ فَيَقُولاَنِ لَهُ مَنْ رَبُّكَ فَيَقُولُ رَبِّىَ اللَّهُ. فَيَقُولاَنِ لَهُ مَا دِينُكَ فَيَقُولُ دِينِىَ الإِسْلاَمُ. فَيَقُولاَنِ لَهُ مَا هَذَا الرَّجُلُ الَّذِى بُعِثَ فِيكُمْ فَيَقُولُ هُوَ رَسُولُ اللَّهِ . فَيَقُولاَنِ لَهُ وَمَا عِلْمُكَ فَيَقُولُ قَرَأْتُ كِتَابَ اللَّهِ فَآمَنْتُ بِهِ وَصَدَّقْتُ . فَيُنَادِى مُنَادٍ فِى السَّمَاءِ أَنْ صَدَقَ عَبْدِى فَأَفْرِشُوهُ مِنَ الْجَنَّةِ وَأَلْبِسُوهُ مِنَ الْجَنَّةِ وَافْتَحُوا لَهُ بَاباً إِلَى الْجَنَّةِ – قَالَ – فَيَأْتِيهِ مِنْ رَوْحِهَا وَطِيبِهَا وَيُفْسَحُ لَهُ فِى قَبْرِهِ مَدَّ بَصَرِهِ – قَالَ – وَيَأْتِيهِ رَجُلٌ حَسَنُ الْوَجْهِ حَسَنُ الثِّيَابِ طَيِّبُ الرِّيحِ فَيَقُولُ أَبْشِرْ بِالَّذِى يَسُرُّكَ هَذَا يَوْمُكَ الَّذِى كُنْتَ تُوعَدُ فَيَقُولُ لَهُ مَنْ أَنْتَ فَوَجْهُكَ الْوَجْهُ يَجِىءُ بِالْخَيْرِ فَيَقُولُ أَنَا عَمَلُكَ الصَّالِحُ. فَيَقُولُ رَبِّ أَقِمِ السَّاعَةَ حَتَّى أَرْجِعَ إِلَى أَهْلِى وَمَالِى. قَالَ وَإِنَّ الْعَبْدَ الْكَافِرَ إِذَا كَانَ فِى انْقِطَاعٍ مِنَ الدُّنْيَا وَإِقْبَالٍ مِنَ الآخِرَةِ نَزَلَ إِلَيْهِ مِنَ السَّمَاءِ مَلاَئِكَةٌ سُودُ الْوُجُوهِ مَعَهُمُ الْمُسُوحُ فَيَجْلِسُونَ مِنْهُ مَدَّ الْبَصَرِ ثُمَّ يَجِىءُ مَلَكُ الْمَوْتِ حَتَّى يَجْلِسَ عِنْدَ رَأْسِهِ فَيَقُولُ أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْخَبِيثَةُ اخْرُجِى إِلَى سَخَطٍ مِنَ اللَّهِ وَغَضَبٍ – قَالَ – فَتُفَرَّقُ فِى جَسَدِهِ فَيَنْتَزِعُهَا كَمَا يُنْتَزَعُ السَّفُّودُ مِنَ الصُّوفِ الْمَبْلُولِ فَيَأْخُذُهَا فَإِذَا أَخَذَهَا لَمْ يَدَعُوهَا فِى يَدِهِ طَرْفَةَ عَيْنٍ حَتَّى يَجْعَلُوهَا فِى تِلْكَ الْمُسُوحِ وَيَخْرُجُ مِنْهَا كَأَنْتَنِ رِيحِ جِيفَةٍ وُجِدَتْ عَلَى وَجْهِ الأَرْضِ فَيَصْعَدُونَ بِهَا فَلاَ يَمُرُّونَ بِهَا عَلَى مَلأٍ مِنَ الْمَلاَئِكَةِ إِلاَّ قَالُوا مَا هَذَا الرُّوحُ الْخَبِيثُ فَيَقُولُونَ فُلاَنُ بْنُ فُلاَنٍ بِأَقْبَحِ أَسْمَائِهِ الَّتِى كَانَ يُسَمَّى بِهَا فِى الدُّنْيَا حَتَّى يُنْتَهَى بِهِ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا فَيُسْتَفْتَحُ لَهُ فَلاَ يُفْتَحُ لَهُ ». ثُمَّ قَرَأَ رَسُولُ اللَّهِ –صلى الله عليه وسلم– (لاَ تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاءِ وَلاَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الْجَمَلُ فِى سَمِّ الْخِيَاطِ) « فَيَقُولُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ اكْتُبُوا كِتَابَهُ فِى سِجِّينٍ فِى الأَرْضِ السُّفْلَى فَتُطْرَحُ رُوحُهُ طَرْحاً ». ثُمَّ قَرَأَ (وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِى بِهِ الرِّيحُ فِى

مَكَانٍ سَحِيقٍ). « فَتُعَادُ رُوحُهُ فِي جَسَدِهِ وَيَأْتِيهِ مَلَكَانِ فَيُجْلِسَانِهِ فَيَقُولاَنِ لَهُ مَنْ رَبُّكَ فَيَقُولُ هَاهْ هَاهْ لاَ أَدْرِى. فَيَقُولاَنِ لَهُ مَا دِينُكَ فَيَقُولُ هَاهْ هَاهْ لاَ أَدْرِى. فَيَقُولاَنِ لَهُ مَا هَذَا الرَّجُلُ الَّذِى بُعِثَ فِيكُمْ فَيَقُولُ هَاهْ هَاهْ لاَ أَدْرِى. فَيُنَادِى مُنَادٍ مِنَ السَّمَاءِ أَنْ كَذَبَ فَافْرِشُوا لَهُ مِنَ النَّارِ وَافْتَحُوا لَهُ بَاباً إِلَى النَّارِ فَيَأْتِيهِ مِنْ حَرِّهَا وَسَمُومِهَا وَيُضَيَّقُ عَلَيْهِ قَبْرُهُ حَتَّى تَخْتَلِفَ فِيهِ أَضْلاَعُهُ وَيَأْتِيهِ رَجُلٌ قَبِيحُ الْوَجْهِ قَبِيحُ الثِّيَابِ مُنْتِنُ الرِّيحِ فَيَقُولُ أَبْشِرْ بِالَّذِى يَسُوءُكَ هَذَا يَوْمُكَ الَّذِى كُنْتَ تُوعَدُ. فَيَقُولُ مَنْ أَنْتَ فَوَجْهُكَ الْوَجْهُ يَجِيءُ بِالشَّرِّ فَيَقُولُ أَنَا عَمَلُكَ الْخَبِيثُ فَيَقُولُ رَبِّ لاَ تُقِمِ السَّاعَةَ».

بێگومان بەندەی موسوڵمان کەپشتی لەدونیا کردو رووی کردە قیامەتو دونیای بەجێ هێشت، چەند فریشتەیەك لەئاسمانەوە دادەبەزنە لای ڕوخسار سپیو ڕوناك دەڵێی ڕوخساریان خۆری روناکە، چەند کفنێکیان پێیە لەکفنی بەهەشت. دەرمانو بۆنی خۆش بۆ کفنیان پێیە لەدەرمانو بۆنی بەهەشت. لای دادەنیشن هەتا چاو بڕبکا فریشتەیەو دانیشتون، پاشان فریشتەی گیانکێشان (سڵاوی خودای لێ بێ) دێتە لایو لای سەریەوە دادەنیشێو دەڵێ: ئەی گیانی خاوێن! وەرەدەر بۆلای ڕەزامەندیو لێخۆشبوونی خودا، دەفەرموێ: ئیتر گیانەکە بەهێواشیو لەسەرەخۆیی دێتەدەر، وەکوو چۆن دڵۆپە ئاو لەزارکی گۆزەو شتی واوە دێتەدەر، ئیتر وەری دەگرێ، کە وەری گرت لای خۆی چاو لێکنانێك نایهێڵێتەوە، هەتا فریشتەکان وەری دەگرنو دەیخەنە ناو ئەو کفنو بۆنو بەرامەی لەبەهەشتەو هێناویانە، لەناو ئەو کفنو بۆنە خۆشە دێتەدەر وەکوو بۆنخۆشترین پارچە میسکی سەرزەوی.. دەفەرموێ: ئەمجار بەرزی دەکەنەوە، بەلای هەر کۆمەڵە فریشتەیەکدا بیبەن، دەڵێن: ئەو گیانە پاکە کێیەو چییە؟ دەڵێن: فلانی کوڕی فلانە بەجوانترین ناو ناوی دێنن، لەو ناوانەی کە لەژیانی دونیایدا بانگی پێ لێ دەکرا. هەتا

دەیگەیەننە ئاسمانی دونیا، دەرگای ئاسمانی بۆ دەکەنەوە، ئەمجار لەهەموو ئاسمانێك فریشتە موقەڕەبەکان بەڕێی دەکەن بۆ ئاسمانی ژوروتر، هەتا دەگاتە ئاسمانی حەوتەم، ئەمجار پەروەردگار دەفەرموێ: نامەی کرداری بەندەی من لە (عیللیین)دا بنووسنو بیگێڕنەوە بۆسەر زەوی، چونکە من لەخاك دروستم کردوون دەشیانخەمەوە ناو زەویو جارێکی تر لەو زەوییە دەیانهێنمەوە دەرو زیندوویان دەکەمەوە، دەفەرموێ: ئیتر گیانەکەی دەگەڕێندرێتەوە بۆناو لاشەی، ئەمجار دوو فریشتە دێنە لایو دادەنیشنو پێی دەڵێن: کێ خودای تۆیە؟ دەڵێ: خودای من (ألله)یە، ئەمجار دەڵێن: ئایینت چییە؟ دەڵێ: ئایینی من ئیسلامە، دەڵێن: ئەی ئەو پیاوە کێیە نێردراوە بۆسەر ئێوە؟ دەڵێ: ئەوە پێغەمبەری خودایە، دەڵێن: چوزانی ئەو پێغەمبەرە؟ دەڵێ: قورئانم خوێندۆتەوە، بڕوام پێ کردووەو بەڕاستم زانیوە، ئیتر بانگدەرێك لەئاسمانەوە بانگ رادەدێرێ، بەڕاستی بەندەی من راست دەکا، لە بەهەشتەوە راخەرو پێخەفی بۆ بەرنو پۆشاکی بەهەشتی لەبەربکەنو دەرگایەکی لەبەهەشتەوە بۆ بکەنەوە، دەڵێ: ئیتر لە بۆنو بەرامی بەهەشت بۆنێکی بۆدێو تاچاو بڕبکا گۆڕەکەی بۆ فراوان دەکرێ، ئەمجار پیاوێکی روخسار جوان، پۆشاك خاوێنو جوان دێ بۆلایو پێی دەڵێ: مزگێنی بەشتێك کە کەیفخۆشت دەکا، ئەمە ئەو رۆژەیە: کە وادەت پێ درابوو، دەڵێ ئەتۆ کێی؟ روخسارت بەخێرو فەڕە؟ دەڵێ: من کردەوە باشەکەتم. ئەمجار دەڵێ: خودایە! وابکە قیامەت رابێ بەڵکوو بگەڕێمەوە بۆ ناو ماڵو منداڵی خۆم.

دەڵێ: بەندەی بێباوەڕ کە لەدونیا دابڕاو روی کردە قیامەتو کەوتە گیانەڵاوەوە، لە ئاسمانەوە چەند فریشتەیەکی روخسار رەشو دیمەن ناشیرین دادەبەزنە لای، چندراوێکی زبری ئاڵۆشاوییان پێیە، هەتا چاو بڕبکا ئەو

فریشتانه لەدەوری دادەنیشن، پاشان فریشتەی گیانکێشان دێتە لای، تا لای سەرییەوە دادەنیشێ دەڵێ: ئەی گیانی پیس و بۆگەن؛ وەرەدەر بۆ ڤین و ڤاری خودا، دەڵێ: ئەو نەفسە کەرت و پەرت دەبێ لەناو جەستەیدا، دەری دەهێنێ وەکوو چۆن شیشی سۆرەوەکراو بەناو خوری شێداردا بێنی، گیانەکە وەردەگرێ، جا کەوەری گرت، چاولێکنانێك مۆڵەتی نادەن هەتا دەیخەنە ناو ئەو چەندراوە زبرە خەرار ئاسایە، بۆگەنێکی زۆر ناخۆشی لێ دێتەدەر، بەجۆرێك بۆگەنی وا لەسەر زەوی بۆن نەکرابێ، بەرزی دەکەنەوە بۆ ئاسمان، بەلای هەر کۆمەڵە فریشتەیەکدا تێپەڕن پێیان دەڵێن: ئەم بۆگەنە پیسە چیە؟ دەڵێن: گیانی فلانی کوڕی فلانە، بەناشیرین ترین ناوی کە لەژیانی دونیایدا بانگی پێ لێ کراوە، ناوی دەهێنن هەتا دەیگەیەننە ئاسمانی دونیا، داوای دەرگا کردنەوەی بۆدەکەن، دەرگای بۆ ناکرێتەوە، ئەمجار پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئایەتی {لاَ تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاء وَلاَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ – الأعراف/٤٠}ی خوێندەوە پەروەردگار دەفەرموێ: نامەی کرداری لە (سجّين)دا لەنزمترین شوێنی زەویدا بنووسن، ئەمجار گیانەکەی فڕێ دەدرێ، پاشان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئایەتی {وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ – الحج/٣١} خوێندەوە. ئەمجار فەرمووی: گیانەکەی دەگەڕێندرێتەوە بۆناو جەستەی و دوو فریشتە دێنە لای دادەنیشن و پێی دەڵێن: خودای تۆ کێیە؟ دەڵێ: ها ها نازانم، دەڵێن: ئایینت چیە؟ دەڵێ: هاها نازانم. دەڵێن: ئەو پیاوە کێیە کە کراوە بە پێغەمبەرتان؟ دەڵێ: هاها، نازانم. ئەمجار بانگکەرێك لە ئاسمانەوە بانگ دەکا، ئەوە درۆدەکا، فەرشی ئاگرینی بۆ راخەن، دەرگای ئاگری بۆ بکەنەوە، ئیتر گەرمایی و بۆن و هالاوێکی بۆدێ کە تەنگی پێ هەڵدەچندرێ و گۆڕی لێ تەنگ دەبێ و گۆڕەوشار

دەدرێ بەجۆرێك پەراسوی تێك دەپەڕن، ئەمجار پیاوێكی پۆشاك ناشیرین‌و روخسار بەدو نەكلەوەت‌و بۆگەن دێتەلای، پێی دەڵێ: مـوژدەی ئـەوەت لێ بـێ كە ناڕەحەت‌و سزا لەسەر توندكراوی، ئەمـە ئـەو رۆژەیـە كـەوادەت دراوەتـێ، دەڵێ: تۆ كێی؟ روخسارت شەڕی لێ دەبارێ؟ دەڵێ: مـن كـارە ناشیرینەكەتم. دەڵێ: خودایە وابكە قیامەت رانەبێ.

لە ریوایەتێكدا: (پاشان نەكلەوەتێكی كوێرو كەڕو لاڵی بەسەر رادەگا، چەكوشێكی بەدەستەوەیە، ئەگەر بەكێو بكێشرێ دەیكاتـە تـەپو تـۆز، بـەو چەكوشـە لێـی دەداو دەبێتـە خۆڵـەمێش، پاشـان پـەروەردگار وەك خـۆی لێ دەكاتەوە، ئەمجار زەبرێكی تری ئاڕاستە دەكرێ، هاوارێك دەكا هـەموو شـتێك گوێی لێیە جگە لە ئادەمیزادو پەری.[1]

تەعزیەو سەرەخۆشی

رەوایـە سەرەخۆشـی لـە كـەس‌وكاری مـردوو بكـرێ بەشـتێك: كـە ببێتـە مایـەی سـێبوری‌و تەسـەللا هاتنیـان‌و غـەمرەوێنییان‌و هـەڵیان بنـێ بـۆ رازی بوون بە قەزاو بڕیاری پەروەردگار، خۆڕاگری‌و صەبرو ئـارام بـەو شـێوەی لـە پێغەمبەرەوە چەسپاوە: كە سەرەخۆشی لەخاوەن مردوو كردوە، ئەمە ئەگـەر ئەو فەرموودەو دەقانەی لەبەربون‌و دەیتوانی بـەكاریان بێنـێ، ئەگـەر هیـچی لـەو فەرمودانــە لەبەرنــەبوو، بـا بەقـسەی كاریگـەری خـۆی‌و بەشـێوەیەك مەبەسـتەكە بپێكـێ‌و پێـچەوانەی شـەرع نــەبێ سەرەخۆشــی‌و تەعزیەكـە ئاڕاستەی خاوەن مردو بكا.

لـە ئوسـامەی كـوڕی زەیـدەوە ڕیوایـەتكراوە، دەڵـێ: ئێمـە لەخزمـەت پێغەمبەردا بووین (دروودی خودای لەسەر بێ) یەكێ لە كچەكانی هەواڵی بۆ

[1] صحيح: (الجنائز/١٥٩) ، حم(٥٣/٧٤/٧)، د(١٣/٨٩/٤٧٣٧).

نـارد كـه منـداڵێكی یـان كـوڕێكی لـه گیانـهڵاو دایـهو خهرێكـه گیـان دهدا، پێغهمبهر (دروودی خودای لهسهر بێ) بهههواڵ هێنی فـهرمووی: «ارْجِـعْ إليهـا فَأَخْبِرْهَا أَنَّ لِلَّهِ مَا أَخَذَ ، وَلَهُ مَا أَعْطَى ، وَكُلُّ شَيْءٍ عِنْـدَهُ بِأَجَـلٍ مُـسَمًّى ، فَمُرْهَـا فَلْتَصْبِرْ وَلْتَحْتَسِبْ». بچۆرهوه بۆلای‌و پێـی بڵـێ: خـودا هەرچـی بـداو هەرچـی ببهخـشێ هـهمووی هـی خۆیـهتی، هـهموو شـتێك لای خـودا تهمـهنی دیـاری كراوی خۆی ههیه، ئـهمجار بـه فلانـی كچم بڵـێ: بـه صـهبرو ئـارام بـێ داوای پاداش لهخودا بكا.[1]

پێویسته خۆ لهدوو شت بپارێزێ، هەرچەند خەڵكی باری پێوه گرتبێ

١- كۆبوونـهوه بـۆ تهعزییـهو سهرهخۆشـی لهشـوێنێكی تایبـهتی وهكـوو هۆڵ‌و خانوو مزگهوت.

٢- دروسـتكردنی خواردهمـهنی بۆئهوانـهی دێـن بـۆ تهعزییـه لهلایـهن كـهس‌وكاری مـردووهوه، ئـهم دوو دیاردهیـه حـهرامن بـهپێی ئـهو حـهدیثـهی جهریری كوڕی عهبدوڵلای (البجلی) (رهزای خـودای لێ بـێ) دهفـهرموێ: ئێمـه كۆبوونهوهو قهرهباڵغی كردن له دهورهی خاوهن مـردوو خـواردن دروسـتكردن لهلایهن ئهوهوه بۆ تهعزییهكاران دوای دفنكردنی مردووهكه، بهنیاحـهو وایـه شێرهكردن‌و شین‌و گریانی حهرامامان حسێب دهكردن.[2]

بهڵكوو سوننهت ئهوهیه خزم‌و جیرانـی خـاوهن مـردو خـواردن سـازبكهن بۆ ماڵی مردوهكهو تێریان بكهن. ئهمهش بهپێی حهدیثی عهبـدوڵلای كـوڕی جهعفـهر (رهزای خـودای لێ بـێ) ریوایـهت دهكـا دهفـهرموێ: كـه هـهواڵی شههیدبوونی جهعفهر گهیشته مهدینه، پێغهمبـهر (دروودی خـودای لهسـهر

---

[1] صحيح: (الجنائز/١٥٩)، حم(٧/٧٤/٥٣)، د(١٣/٨٩/٤٧٢٧).

[2] صحيح: (ص.جة/١٣٠٨) ، (١/٥١٤/١٦١٢).

بێ) فەرمووی: « اصْنَعُوا لآلِ جَعْفَرٍ طَعَاماً فَقَدْ أَتَـاهُمْ أَمْـرٌ يَـشْغَلُهُمْ أَوْ أَتَـاهُمْ مَـا يَـشْغَلُهُمْ».[1] خـواردن بۆمـاڵی جەعفـەر دروسـت بکـەن، ئـەوان کارەسـاتێکیان هاتۆتەڕێ کەنایان پرژێ بۆخۆیان خواردن بۆ خۆیان ئامادەبکەن.

ئەوەی مردوو سوودی لێ دەبینێ

مردو سودمەند دەبێ لە کردارو گوفتاری کەسانی دی بەچەند شتێك:

١- دوعاو پاڕانەوەی موسوڵمان بۆی. وەکوو قورئـان دەفـەرموێ: {وَالَّـذِينَ جَاؤُوا مِن بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ – الحشر/١٠} ئـەو موسـوڵمانانەی دوا ئـەوان دێنـە گۆڕەپـانی ژیانـەوەو بـۆ بـرا موسـوڵمانەکانی پـێش خۆیـان دەپاڕێنەوە: دەڵێن: لێمان خۆشـبە هـەم لـەوبرا موسـوڵمانانەشمان خـۆش ببـە کـەپێش ئێمـە بەئیمانـەوە گەڕاونـەوە بـۆلای تـۆو دونیایـان جـێ هێـشتووە. خودایـە دڵمـان پـاك بکەیـەوە هـیچ کـینو بـوغزێکی تێـدا نەهێڵیـەوە. ئـەی پەروەردگاری ئێمە بێگومـان تـۆ خودایـەکی بـەڕەحمو بـەزەیی و لێخۆشـبونت زۆرە.

هەروەها ئاماژە بە فـەرموودەی پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) کە دەفەرموێ: «دَعْوَةُ الْمَرْءِ الْمُسْلِمِ لأَخِيهِ بِظَهْرِ الْغَيْبِ مُسْتَجَابَةٌ عِنْدَ رَأْسِهِ مَلَـكٌ مُوَكَّلٌ كُلَّمَا دَعَا لأَخِيهِ بِخَيْرٍ قَالَ الْمَلَكُ الْمُوَكَّلُ بِهِ آمِينَ وَلَـكَ بِمِثْـلٍ».[2] دوعـاو پاڕانەوەی مرۆڤی موسوڵمان بۆ بـرای موسـوڵمانی لـە پاشملـە گیرایـەو دوعـاو پاڕانەوەکەی لای خودا قبوڵە. لەلای سـەریەوە فریـشتەیەك ئـەو ئەرکـەی پـێ

---

[1] حسن: (ص.ج/١٠١٥)، د(٣١١٦/٤٠١/٨)، ت(١٠٠٣/٢٣٤/٢)، ج(١٦١٠/٥١٤/١).

[2] صحيح: (ص.ج/٣٣٨١) ، م(٢٧٣٣/٢٠٩٤/٤).

سپێراوە: کە هەرکاتێ دوعای خێری بۆ براکەی کرد، ئەو فریشتەیە دەڵێ: خودایە پاڕانەوەکەی لێ وەربگرە بۆ ئەمیش ئەوەندە خێرو فەڕ بنووسە.

٢- دانەوەی قەرز، مردو ئەگەر قەرزی لەسەربوو دەبێ بەزویی قەرزەکەی بۆ بدرێتەوە، جا هەرکەسێك بۆی بداتەوەو بەرعودەی قەرزەکانی بێ دروستە، وەکوو لەوەپێش ئاماژەی پێ کرا: کە ئەبو قەتادە بەرعودەی ئەو دوو دینارە بوو: کە لەسەر مردوەکە بوو.

٣- جێبەجێ کردنی نەزرو فۆتۆی مردوەکە، ڕۆژوبێ یان شتی تر. ئەمەش بەپێی حەدیثی سەعدی کوڕی عوبادە: کە دەگێڕێتەوە دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کرد وتم: دایکم مردوە نەزری لەسەربوو چی بکەم؟ پێغەمبەر پێی فەرموو (إقضه عنها) لەجیاتی ئەو نەزرەکە جێبەجێ بکە.[1]

٤- هەر خێرو چاکەیەك منداڵی صاڵح بیکا، باوكو دایکی لێی سودمەند دەبن قورئان دەفەرموێ: {وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَى – النجم/٣٩} ئادەمیزاد تەنها سود لە کۆششو کرداری خۆی دەبینێ.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِنَّ أَطْيَبَ مَا أَكَلَ الرَّجُلُ مِنْ كَسْبِهِ وَإِنَّ وَلَدَهُ مِنْ كَسْبِهِ». بێگومان باشترین خواردنێك مرۆڤ دەیخوا ئەوەیە بەروبومی دەستی خۆی بێ، بێگومان منداڵیش بەری کۆششو کاسبییەتی.

٥- مردوو هەرشتێك لەدواخۆی جێ بێڵێ لەکرداری باشو صەدەقەی جاری، لێی سودمەند دەبێ.

---

[1] متفق علیه: خ(٢٧٦١/٣٨٩/٥)، م(١٦٣٨/١٢٦٠/٣)، د(٣٢٨٣/١٣٤/٩)، ت(١٥٨٦/٥١/٣)، ن(٧/٢١).

له ئه‌بو هوره‌یره‌وه ڕیوایه‌تکراوه: كه پێغه‌مبه‌ر (دروودی خودای له‌سه‌ر بێ) فه‌رموویه‌تی: « إِذَا مَاتَ الإِنْسَانُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلاَّ مِنْ ثَلاَثَةٍ إِلاَّ مِنْ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ»[1]: كه مرۆڤ مرد په‌یوه‌ندی به‌دونیاوه نامێنێ‌و سود له‌كرده‌وه نابینی جگه له‌سێ جۆر كرده‌وه یه‌كێكیان صه‌ده‌قه‌ی جاری‌و به‌رده‌وام، یان زانیارییه‌ك كه‌سانی تر سودی لێ وه‌ربگرن، یان منداڵێكی صالح دوعای بۆ بكاو بۆی له‌خودا بپاڕێته‌وه‌و داوای لێخۆشبوون له‌تاوانی بۆ بكا.

دیده‌نی گۆڕستان

زیاره‌تی گۆڕستان به مه‌به‌ستی په‌ند وه‌رگرتن‌و یادكردنه‌وه‌ی ڕۆژی دوایی ڕه‌وایه، به‌مه‌رجێك له‌چوونه‌كه‌یدا شتێك نه‌ڵێ‌و نه‌كا خودا له‌خۆی بڕه‌نجێنێ، وه‌كوو ئه‌وه له‌مردوی ناو گۆڕه‌كه بپاڕێته‌وه، له‌جیاتی له‌خودا داوای پێداویستی‌و یارمه‌تیدان بكا داوا له گۆڕه‌كه بكاو كارو گوفتاری له‌م جۆره.

له ئه‌بو سه‌عیدی (الخدری)یه‌وه ڕیوایه‌تكراوه، ووتویه‌تی: پێغه‌مبه‌ر (دروودی خودای له‌سه‌ر بێ) فه‌رمووی: «إِنِّي نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ الْقُبُورِ فَزُورُوهَا فَإِنَّ فِيهَا عبرة ولا تقولوا ما يسخط الرب».[2]: بێگومان من له‌وه‌پێش نه‌یی ئه‌وه‌م لێ كردبوون كه زیاره‌تی گۆڕستان بكه‌ن، ئێستا پێتان ده‌ڵێم: دیده‌نی گۆڕستان بكه‌ن چونكه په‌ندو ئامۆژگاری لێ وه‌رده‌گرن. به‌ڵام كه ده‌چن بۆ دیده‌نی گۆڕستان شتێك مه‌كه‌ن‌و مه‌ڵێن خودا له‌خۆتان بڕه‌نجێنن.

---

[1] صحيح: (ص.ج/٧٩٣) ، م(١٦٣١/١٢٥٥/٣)، د(٢٨٦٣/٨٦/٨)، ت(١٣٦٩/٤٠٦/٢)، ن(٦/٢٥).

[2] صحيح: (الجنائز/١٧٩) ، ك(١/٣٧٤)، هق(٤/٧٧).

ئافرەت وەكوو پیاو وایە لەوەدا كە بۆی هەیە زیارەتی گۆڕستان بكا، چونكە ئەو عیللەتو بابیسەی پێغەمبەر دیاری كردوە بۆ ڕەوایی دیدەنی گۆڕستان بۆ پیاوو ئافرەت چون یەكە، هەروا ئامازە بەو حەدیثەی لەوەپێش ئامازەی پێكرا، دەربارەی ئەوەی ئاخۆ لەكاتی دیدەنی گۆڕستاندا چ بگوترێو چ دوعایەك بكرێ؟!

خاتو عائیشه دەفەرموێ: پرسیارم له پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) كرد ئاخۆ ئافرەت ئەگەر دیدەنی گۆڕستانی كرد چ بڵێ؟ ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فێری كرد چی بڵێو نەهی لێ نەكرد، ئەوەشی پێ نەفەرموو: كە ئافرەت بۆی نیه زیارەتی گۆڕستان بكا.

وەلێ دیدەنی ئافرەت بۆ گۆڕستان چەند مەرجێكی هەیە

١- دەبێ باڵا پۆش بێو بە ئەدەبو حیشمەتەوە دەربچێو خۆ بۆنخۆش نەكاو مەظاهیری زینەو جوانی خۆی دەرنەخا.

٢- نابێ لای گۆڕەكە كردارو گوفتاری حەرام ئەنجام بدا وەكوو شینو شەپۆڕو وایەشێرە.

٣- نابێ زوو زوو دیدەنی گۆڕستان بكا، ئەمەش بەپێی ئەو فەرموودەی ئەبو هورەیرە ڕیوایەتی كردووە كە: (أَنَّ رَسُولَ اللَّـهِ -صلى الله عليه وسلم- لَعَنَ زَوَّارَاتِ الْقُبُورِ).[1] پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەفرینی لەوانە كردووە كە زۆر دیدەنی گۆڕستان دەكەن.

٤- نابێ ڕۆژێكی دیاری كراو بكاتە ڕۆژی دیدەنییەكەی، وەكوو پێنج شەممەی یەكەمو دووەمی مانگ ڕۆژی چلەی مردوو ڕۆژی هەینیو جەژنەكانو ئەو جۆرە كاتانە.

---

[1] حسن: (ص. ت/١٠٥٦)، ت (٢/٢٥٩/١٠٦١)، جه (١/٥٠٢٠/١٥٧٦).

ئەو شتانەی حەرامن لای گۆڕ بکرێن

١- ئـاژەڵ سـەربڕین لـەلای گـۆڕ بەمەبەسـتی ڕەزامەنـدی خـودا، چـونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویـەتی: « لاَ عَقْرَ فِي الإِسْلاَمِ ». لەئایینی ئیـسلامدا ئاژەڵ سـەربڕین لەسـەر گـۆڕ نیـە، عەبـدوڕەزاقی کـوڕی هەممام دەڵێ: پێش هاتنی ئیسلام خەڵکی لەسەر گۆڕستان ڕەشەوڵاخو مەڕیان سەردەبڕی.[1]

٢-٦: هەر کارێك ئەم حەدیثەی دوایی لەخۆی گرتبێ.

لـەجابیرەوە (ڕەزای خـودای لێ بـێ) ڕیوایـەت دەکـا دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی لەوە کرد کە گۆڕ بەگەچ سـواغ بـدرێ، یـان لەسەری دابنیشی، یـان بینـای لەسـەر بکـرێ، یـان لەگۆڕەکـە زیـاد بکـرێ، یـان لەسەری بنوسرێ.[2]

٧- نوێـژ کـردن ڕوبـەڕوی گـۆڕ ئەمـەش بـەدەقی فـەرموودەی پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە فەرموویەتی: «لاَ تُصَلُّوا إِلَى الْقُبُـورِ».[3] نوێـژ ڕوبەڕوی گۆڕ مەکەن.

٨- نوێژکردن لەلای گۆڕ، تەنانەت با ڕویشی نەکاتە گۆڕ.

لە ئەبو سەعیدی (الخدری)یەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الأَرْضُ كُلُّهَا مَـسْجِدٌ إِلاَّ الْمَقْبُـرَةَ وَالْحَمَّـامَ ».[4]

---

[1] إسناده صحيح: (الجنائز/٢٠٣)، د (٩/٤٢/٣٢٠٦).

[2] إسـناده صـحيح: (الجنـائز/٢٠٤)، د (٩/٤٥/٣٢١٠٩)، م (٢/٦٦٧/٩٧٠)، ت (٢/٢٥٨/١٠٥٨)، ن (٤/٨٦).

[3] صحيح: (ص. ج/٧٣٤٨)، م (٢/٦٦٨/٩٧٢)، د (٩/٤٩/٣٢١٣)، ت (٢/٢٥٧/١٠٥٥).

[4] صحيح: (ص. ج/٢٧٦٧)، د (٢/١٥٨/٤٨٨)، ت (١/١٩٩/٣١٦).

زەوی هەمووی شوێنی نوێژە دەتوانـدرێ نوێـژی لێ بکرێ، جگە لەگۆڕسـتانو گەرماو.

٩- دروستکردنی مزگەوت لەسەر گۆڕ. لەخاتو عائیشەو عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە ریوایەتکراوە فەرموویانە: (کە نەخۆشی گـران تووشـی پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) دەبـوو دەسەسـرێکی دەخـستە سـەر ڕوخـساری خۆی، جا ئەگەر پێـی دڵتـەنگ دەبـوو، پارچـە قوماشـەکەی لەسـەر ڕوخـساری خۆی لادەداو دەیفـەرموو: « لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ»: نەفرینی خودا لەجولەکەو فەلەکان بـێ، کـە گـۆڕی پێغەمبـەرەکانی خۆیان کردووە بەمزگەوتو شوێنی نوێژ کردن[1] پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) بـەم فەرمایـشتەی ئوممەتەکـەی دەترسـێنێ لـەم جـۆرە کـارەو نەهییان لێ دەکا لەوەی کاری وا رەچاو بکـەن! هـەر لـەخاتو عائیـشەوە (ڕەزای خـودای لێ بـێ) فەرموویـەتی: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) لـەو نەخۆشییەیدا: کەنەخۆشی لەدونیا دەرچوونی بوو، فـەرمووی: «لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَـسَاجِدَ»: نـەفرینی خـودا لـە جولەکـەو فەلەکان بێ، کە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کردووە بەمزگەوتو شـوێنی نوێـژ لێ کردن، عائیشە ئەوەشی فەرموو: ئەگەر لەترسی ئەوە نەبوایە گۆڕەکـەی بـەرز دەکرایـەوەبیناى لەسـەر دەکـرا، وەلێ لـەوە دەترسـا کـە گۆڕەکـەی بکرێتـە مزگەوتو شوێنی نوێژکردن.[2]

١٠- کردنی گۆڕ بەشوێنی کات بەسـەربردنو جـەژن کـردن لـەکاتی دیـاری کراودا لەوەرزو مەوسیمی بەرچاودا، بەمەبەستی (تعبد)و خوداپەرسـتی، یـان

---

[1] متفق علیە: خ (٤٤٤٤/١٤٠/٨)، م (٥٣١/٣٧٧/١)، ن (٤٠/٢).

[2] متفق علیە: (١٣٣٠/٢٠٠/٣)، م (٥٢٩/٣٧٦/١)، ن (٤١/٢).

بۆ شتی تر، ئەمەش بەگوێرەی حەدیثی ئەبو هورەیرە کە ڕیوایەتی کردووە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « لاَ تَتَّخِذُوا قَبْرِی عِيداً وَلاَ تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ قُبُوراً وَحَيْثُمَا كُنْتُمْ فَصَلُّوا عَلَيَّ فَإِنَّ صَلاَتَكُمْ تَبْلُغُنِی». [1] گۆڕەکەم مەکەن بەجەژن‌و ئاهەنگی لەدەور بگێڕن، ماڵەکانیشتان مەکەن بەگۆڕستان‌و هیچ نوێژێکی تێدا نەکەن، لەهەر جێگایەك بوون صەڵاواتم لەسەر لێ بدەن، چونکە صەڵاواتەکەتان پێم دەگا. [2]

١١- سەفەر کردن بۆسەر گۆڕ، لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « لاَ تُشَدُّ الرِّحَالُ إِلاَّ إِلَى ثَلاَثَةِ مَسَاجِدَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ ، وَمَسْجِدِ الرَّسُولِ، وَمَسْجِدِ الأَقْصَى». [3] سەفەرناکرێ‌و بارو بارگەنە نابەسترێ بۆ نوێژ تێداکردن‌و خوداپەرستی بۆ هیچ شوێن‌و جێگایەك جگە لەسێ مزگەوت: مزگەوتی (الحرام)، مزگەوتی پێغەمبەر، مزگەوتی قودس. واتە: نوێژکردن‌و خوداپەرستی لەهەموو مزگەوتێکدا وەکوو یەك وایە، جگە لەو سێ مزگەوتە ئەوان نوێژکردن تێیاندا خێری چەند چەندانەیە‌و دروستە سەفەریان بۆ بکرێ.

١٢- هەڵکردنی چرا لەسەری، چونکە بیدعەیە‌و سەلەفی صالح نەیانکردووە، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «كُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّارِ». [4] هەموو بیدعەو داهێنراوێك لەئایینـدا گومڕاییە‌و هەموو گومڕاییەکیش سەرەنجامی ناو دۆزەخە، جگە لەوەش هەڵکردنی چرا لەسەر گۆڕ ماڵ بەفیڕۆدانە ئەوەش کارێکی حەرامە‌و بەدەقی

---

[1] صحیح: (ص. ج/٧٢٢٦)، د (٦/٣١/٢٠٢٦).

[2] (ص. ج/٧٢٢٦)، د (٦/٣١/٢٠٢٦).

[3] متفق علیه: خ (٣/٦٣/١١٨٩)، م (٢/١٠١٤/١٣٩٧)، د (٦/١٥/٢٠١٧)، ن (٢/٣٧).

[4] لەوەپێش لەباسی (خطبة الحاجة)دا تێپەڕی.

فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «إِنَّ اللَّـهَ كَرِهَ لَكُمْ ثَلاثًا قِيلَ وَقَالَ ، وَإِضَاعَةَ الْمَالِ ، وَكَثْرَةَ السُّؤَالِ». [1] بێگومان خودا سێ شتی بۆ ئێوە پێ ناخۆشە: گوترا گوتی. ماڵ بەفیڕۆدان. زۆر پرسیار کردن.

١٣- شکاندنی ئێسقانی مردو ئەمەش بەدەقی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «كَسْرُ عَظْمِ الْمَيِّتِ كَكَسْرِهِ حَيًّا». [2] شکاندنی ئێسقانی مردو وەکوو ئەوە وایە بەزیندووی بیشکێنی.

باسی ڕۆژو (كتاب الصيام)

حوکمی ڕۆژو

ڕۆژوی ڕەمەزان پایەیەکە لە پایەکانی ئیسلامو فەرزێکە لە فەرزەکانی ئیسلام.

پەروەردگار فەرموویەتی: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ – البقرة/١٨٣} تا دەگاتە ئایەتی {شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِيَ أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ – البقرة/١٨٥}. ئەی ئەوانەی بڕواتان بەتاکو تەنهایی خوداو پێغەمبەرایەتی موحەممەد هێناوە، ڕۆژوی مانگی ڕەمەزانتان لەسەر فەرزکراوە، وەکوو چۆن لەسەر ئەو گەلو نەتەوانەی پێش ئێوە پێویست کراوە، بەڵکوو تەقوای خودا بکەنو خۆتان لەئاگری دۆزەخ بپارێزن............

---

[1] متفق عليه: (١٤٧٧/٣٤٠/٣)، م (١٧١٥/١٣٤٠/٣).

[2] صحيح: (ص. ج/٢١٤٣)، د (٣١٩١/٢٤/٩)، جه (١٦١٦/٥١٦/١).

مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەی قورئانی تێدا دابەزێندراوە، کە هیدایەتو ڕێنموونییە بۆ گرۆهی ئادەمیزادو بەڵگەی زۆرو گەورەی لەخۆ گرتووە لەهیدایەتو جیاکردنەوەی حەقو بەتاڵ.

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « بُنِيَ الإِسْلاَمُ عَلَى خَمْسٍ شَهَادَةِ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ ، وَإِقَامِ الصَّلاَةِ ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ ، وَالْحَجِّ ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ».[1]
ئایینی ئیسلام لەسەر پێنج پایە بنیات نراوە: شایەتیدان بەوەی هیچ خودا نین جگە لە (الله) هەروەها شایەتیدان بەوەی کە حەزرەتی موحەممەد ڕەوانەکراوی خودایە، بەجێهێنانی نوێژو دەرکردنی زەکاتو حەجکردنو بەڕۆژو بوونی مانگی ڕەمەزان.

ئوممەتی ئیسلام کۆ ڕایان هەیە لەسەر ئەوەی ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان واجبەو پایەیەکە لەپایەکانی ئیسلامو بە بەشێکی گرنگی ئایین حسێب کراون، هەرکەسێ ئینکاری ئەوە بکا کافرەو بە هەڵگەڕاوە لە ئایین دەژمێردرێ.[2]

گەورەییو فەڕی ڕۆژو

لە ئەبو هورەیرە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « مَنْ صَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ»[3]: کەسێك مانگی ڕەمەزان بەڕۆژو بێ لەبەر خاتری خوداو بەئیمانی تەواوەوە

[1] لەوەپێش لەباسی نوێژدا تێپەڕی.
[2] فقه السنة ١/٣٦٦.
[3] متفق عليه: خ (٤/١١٥/١٩٠١)، ن (٤/١٥٧)، جه (١/٥٢٦/١٦٤١)، م (١/٥٢٣/٧٦٠).

بەهیوای وەرگرتنەوەی پاداش لەخودا، ئەوە لێخۆشبوون لەتاوانی لەوەپێشی بۆ دەستەبەر دەبێ.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (درووردی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « قَالَ اللَّهُ كُلُّ عَمَلِ ابْنِ آدَمَ لَهُ إِلاَّ الصِّيَامَ ، فَإِنَّهُ لِى ، وَأَنَا أَجْزِى بِهِ . وَالصِّيَامُ جُنَّةٌ ، وَإِذَا كَانَ يَوْمُ صَوْمِ أَحَدِكُمْ ، فَلاَ يَرْفُثْ وَلاَ يَصْخَبْ ، فَإِنْ سَابَّهُ أَحَدٌ ، أَوْ قَاتَلَهُ فَلْيَقُلْ إِنِّى امْرُؤٌ صَائِمٌ . وَالَّذِى نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَخُلُوفُ فَمِ الصَّائِمِ أَطْيَبُ عِنْدَ اللَّهِ يوم القيامة مِنْ رِيحِ الْمِسْكِ ، لِلصَّائِمِ فَرْحَتَانِ يَفْرَحُهُمَا إِذَا أَفْطَرَ فَرِحَ ، وَإِذَا لَقِىَ رَبَّهُ فَرِحَ بِصَوْمِهِ ».[1] پەروەردگار دەفەرموێ: هەموو کردەوەیەکی ئادەمیزاد بۆخۆیەتی جگە لە ڕۆژو، بێگومان ڕۆژو بۆ منەو من پاداشی دەدەمەوە، ڕۆژو مەتاڵە، لەمپەرە لەبەردەم ئاگر. جا ئەگەر یەکێك لەئێوە بەرۆژو بوو باقسەی نەشیاو نەڵێ، قیرەو هەرانەکا، هیچ کارێکی نەفامانە ئەنجام نەدا، ئەگەر یەکێك جنێوی پێدا یان شەڕی لەگەڵ کرد با دووجار بڵێ من بەرۆژوم، سوێندم بەو کەسەی کە گیانی موحەممەدی بەدەستە بۆنی دەمی ڕۆژووەوان لەلای خودا لەرۆژی قیامەت لەبۆنی میسك خۆشترە. ڕۆژوەوان دوو کەیفخۆشی بۆ دەستەبەر دەبێ، کە ڕۆژوی شکاند کەیفخۆش دەبێ، کە ڕۆژی قیامەتیش بەخزمەت پەروەردگار دەگاو پاداشی ڕۆژوەکانی وەردەگرێ کەیفخۆش دەبێ.

لە سەهلی کوڕی سەعدەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (درووردی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « إِنَّ فِى الْجَنَّةِ بَابًا يُقَالُ لَهُ الرَّيَّانُ ، يَدْخُلُ مِنْهُ

[1] متفق علیه: خ (٤/١١٨/١٩٠٤)، م (١١٥١- ٢/٨٠٧/١٦٣)، ن (٤/١٦٣).

الصَّائِمُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ، لاَ يَدْخُلُ مِنْهُ أَحَدٌ غَيْرُهُمْ يُقَالُ أَيْنَ الصَّائِمُونَ فَيَقُومُـونَ ، لاَ يَدْخُلُ مِنْهُ أَحَدٌ غَيْرُهُمْ ، فَإِذَا دَخَلُوا أُغْلِقَ ، فَلَمْ يَدْخُلْ مِنْهُ أَحَدٌ». [1]

بێگومـان لـه بەهەشـتدا دەرگايـەك هەيـە پێـی دەگـوترێ: (الريـان)ڕۆژی قيامەت تەنها ڕۆژوگر لێيەوە دەچنە ژوورەوە، جگە لە ڕۆژووەوان كەسی تر لەو دەرگايـەوە ناچـێتە نـاو بەهەشـتەوە، جـاڕ دەدرێ دەگـوترێ: ڕۆژوگرەكـان لـەكوێن؟ هـەموويان ڕاسـت دەبنـەوەو لێيـەوە دەچـنە نـاو بەهەشـتەوە، جگـە لەوان كەسی تـر لێيـەوە ناچێتە نـاو بەهەشـتەوە. كـە ئـەوان چوونە ژوورەوە دەرگاكە دادەخرێو كەسی لێوە ئەوديو ناكەوێ.

ڕۆژوی ڕەمەزان بە بينينی مانگی يەكشەوە واجب دەبێ

لـە ئـەبو هـورەيرەوە ڕيوايـەتكراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) فەرمووی: « صُومُوا لِرُؤْيَتِهِ وَأَفْطِرُوا لِرُؤْيَتِهِ فَإِنْ غُمِّـيَ عَلَـيْكُمُ الـشَّهْرُ فَعُـدُّوا ثَلاَثِـينَ ». [2] **كـە مـانگی يەكـشەوەی ڕەمـەزانتان بينـی بـەڕۆژو بـن، كـە مانگی يەكشەوەی شەشـەڵانتان بينـی واز لـەڕۆژو گـرتن بێـنن، ئەگـەر هـەورو هەڵابوو سی ڕۆژ بژمێرن چ بۆ بەرۆژو بوون چ بۆ ڕۆژو شكاندن.**

بەچی دەزاندرێ مانگی ڕەمەزان هاتووە؟

هـاتنی مـانگی ڕەمـەزان بـەديتنی مـانگی يەكـشەوە دەچەسپێ، تەنانـەت ئەگەر تەنها يەك كەسيش ببينێ بەمـەرجێ عـادل بـێ، يـان مـانگی شـەعبان سـی ڕۆژەی خـۆی تـەواو بكـا... لـە ئيبنـو عومـەرەوە دەگێڕدرێتـەوە كـە

---

[1] متفـق عليــه: خ (٤/١١١/١٨٩٦)، وهــذا لفظــة، م (٢/٨٠٨/١١٥٢)، ت (٢/١٣٢/٧٦٢)، جــه (١/٥٢٥/١٦٤٠)، ن (٤/١٦٨) بنحوه عند الثلاثة مع زيادة.

[2] متفق عليه: م (١٠٨١- ١٩/٢/٧٦٢) وهذا لفظة. ج(٤/١١٩/١٩٠٩)، ن (٤/١٣٣).

گوتوویەتی: خەڵك بۆ مانگ دەگەڕان و دەیانڕوانی بۆ ئاسمان، عەرزی پێغەمبەرم کرد کە من مانگم بینی، ئیتر بڕوای پی کردم و بۆخۆی بەرۆژو بوو فەرمانیشی بە خەڵکەکە کرد کە بەرۆژو بن.[1]

ئەگەر مانگ نەدەبیندرا بەهۆی هەوروهەڵاوە یان بەهۆی تەمەوە ئەوە دەبێ سی رۆژی مانگی شەعبان تەواو بکەن، ئەمەیش بەپێی ئەوە دەبێ سی رۆژەی مانگی شابان تەواو بکەن، ئەمەیش بەپێی حەدیثی ئەبو هورەیرە کە تۆزێك لەمەوپێش ئاماژەی پێ کرا. وەلێ بۆ بینینی مانگی شەشەڵان دەبێ دوو شایەت شایەتی بدەن.

لە عەبدورەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی (الخطاب)ەوە ڕیوایەتکراوە: کەوتاری داوە لەو رۆژەی کە خەڵك گومانی هەبوو ئاخۆ مانگ نوێ بۆتەوە یان نا؟ وتی: من لەگەڵ هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دانیشتنم کردووە، پرسیارم لێ کردوون، ئەوان بۆیان گێڕاومەوە، کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «صُومُوا لِرُؤْيَتِهِ وَأَفْطِرُوا لِرُؤْيَتِهِ وَانْسُكُوا لَهَا فَإِنْ غُمَّ عَلَيْكُمْ فَأَتِمُّوا ثَلاَثِينَ وَإِنْ شَهِدَ شَاهِدَانِ مُسْلِمَانِ فَصُومُوا وَأَفْطِرُوا».[2] کە مانگتان بینی بەرۆژو بن، کەمانگتان بینی رۆژو بشکێنن، ئەگەر ئاسمان هەور بوو سی رۆژ بژمێرن، ئەگەر دوو شایەتی موسوڵمان شایەتییاندا بە بینینی مانگ بەرۆژو بن و، رۆژو بشکێنن.

لە ئەمیری مەککەوە (الحارث)ی کوڕی حاطب ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی پێ کردوین، کە بەدیتنی مانگی یەکشەوەی رەمەزان دەست بکەین بە رۆژو گرتن، ئەگەر خۆمان

---

[1] صحيح (الإرواء/٩٠٨)، فقه السنة ٣٦٧/١ والحديث رواه أبوداود (٢٣٢٥/٤٦٨/٦).

[2] صحيح: (ص. ج/٣٨١١)، حم (٢٦٤/٥٠و٢٦٥/٩)، ن (١٣٢و ١٣٣/٤).

نەمانبینیو دوو شایەتی عادل شایەتییاندا دەست بکەین بە ڕۆژو گرتن بەپێی شایەتیدانەکەیان.[١]

مەفهومی ئەم دوو حەدیثە (حەدیثی عبدالرحمنو حەدیثی الحارث) ئەوە دەگەیەنن کە شایەتیدانی یەك شایەت بۆ ڕۆژو بوونو ڕۆژو شکاندن وەرناگیرێ، بەڵام بەهۆی هەبوونی بەڵگە بۆ بەڕۆژو بوون، کە حەدیثی ئیبنو عومەرە بەڕۆژو بوون لەو حوکمە چەرت دەکرێو ڕۆژو شکاندنەکە لەسەر حوکمی خۆی دەمێنێتەوەو پێویستە دوو شایەت شایەتی بدەن.[٢]

ئاگادارکردنەوەیەك: کەسێك تەنها بۆخۆی مانگی بینی، بەڕۆژو نابێ هەتا خەڵکەکە بەڕۆژو نەبن، ڕۆژوش ناشکێنێ تا خەڵکەکە ڕۆژووەکەیان نەشکێنن. لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «الصَّوْمُ يَوْمَ تَصُومُونَ وَالْفِطْرُ يَوْمَ تُفْطِرُونَ وَالأَضْحَى يَوْمَ تُضَحُّونَ».[٣] ڕۆژو کاتێ حلێبە لەگەڵ کۆمەڵ بێ، ڕۆژو شکاندن دەبێ بەکۆمەڵ بێو جەژنی قوربان کاتێ بەجەژن حسێبە کە لەگەڵ کۆمەڵدا بێ، بەکورتی بەڕۆژو بوونو ڕۆژو شکاندن دەبێ بەکۆمەڵو زۆرینە بێ.

بەڕاستی هەڵەیە کە هەندێ خەڵك خۆیان لەدانیشتوان جیا دەکەنەوەو لەگەڵ دەوڵەتێکی جیراندا بەڕۆژو دەبنو لەگەڵ ئەوانیشدا ڕۆژو دەشکێننو جەژن دەکەن. بەمەش خۆیان لە خەڵکی وڵاتی خۆیان جیادەکەنەوە، هەڵوێستەکەشیان هەڵەیە چونکە جەماعەتو یەکدەنگیو یەکریزی حەقەو صەوابە، تەفرەقەو پەرتەوازەی لادانو عەزابە، بۆیە پەروەردگار فەرمان بە

---

[١] صحيح: (ص. د/٢٠٥)، د (٦/٤٦٣/٢٣٢١).

[٢] بڕوانە تحفة الأحوذي ج٣/٣٧٣ – ٣٧٤.

[٣] صحيح: (ص. ج/٣٨٦٩)، ت (٢/١٠١/٦٩٣).

موسوڵمانان دەکاو دەفەرموێ: {وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ – آل عیمران/١٠٣}. دەست بگرن بەڕێنمایی ئاایینی خوداو ئەو پەیوەندییە مەپچڕێننو خۆتان پەرتەوازە مەکەن.

رۆژو لەسەر کێ پێویستە؟

زانایانی ئیسلام کۆڕایان هەیە لەسەر ئەوە کەرۆژوی ڕەمەزان واجبە لەسەر موسوڵمانی عاقڵو ڕەسیدەو لەشساغو دانیشتوی شوێنی نیشتەمەنی خۆی، بەنیسبەت ئافرەتیشەوە دەبێ سەرباری ئەو مەرجانە لەحاڵەتی پاکیدا بێ، لەحاڵەتی بێنوێژیدا نەبێ.[١]

بەڵگەی ئەوە کە رۆژو لەسەر ئادەمیزادی نارەسیدەو بێ عەقڵ، واجب نیە فەرموودەی پێغەمبەرە کە دەفەرموێ: « رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلاَثَةٍ: عَنِ الْمَجْنُونِ حَتَّى يُفِيقَ وَعَنِ النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ وَعَنِ الصَّبِيِّ حَتَّى يَحْتَلِمَ ».[٢] ئەرکو بەرپرسیارێتی لەسەر سێ جۆر ئادەمیزاد هەڵگیراوە: لە شێت هەتا چاك دەبێتەوە، لەنوستوو هەتا بەخەبەر دێ، لەمنداڵ هەتا ڕەسیدە دەبێ.

سوننەتو باشە بۆ سەرپەرشتیاری منداڵ: کەفەرمانی پێ بکا بە بەرۆژو بوون هەرکاتێ تێی رابینی کەدەتوانێ رۆژو بگرێ، بۆ ئەوەی رابێ لەسەر رۆژوو گرتن، هەروەها بەچاولێکەریو لاسایی کردنەوەی هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەگەڵ منداڵەکانیان.

لە روبەیعی کچی موعەویزەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەیانی رۆژی عاشوراء ناردی بۆناو گوندو هۆبەی ئەنصارو پێیانی فەرموو: «مَنْ أَصْبَحَ مُفْطِرًا فَلْيُتِمَّ بَقِيَّةَ يَوْمِهِ ، وَمَنْ أَصْبَحَ صَائِمًا فَلْيَصُمْ».

---

[١] فقه السنة: ج١/٥٠٦.

[٢] صحيح: (ص. ج/٣٥١٤)، ت (٦٩٣/١٠٢/٢).

هەركەسێ شەوی بەرۆژ کردۆتەوە بەرۆژو نیەو نیەتی نەهێناوە با تا ئێوارە هیچ نەخواو خۆبگرێتەوە لەهەر شتێك رۆژو دەشكێنێ، كەسێكیش رۆژی لێ بومتەوە بە رۆژوەوانی با بەردەوام بێ لەسەر رۆژوەكەی. جا روبەیع دەڵێ: ئێمە لەوەدوا خۆمان بەرۆژو دەبووینو رۆژومان بە منداڵەكانیشمان دەگرت، بۆ ئەوەی رایان بێنین، لە لۆكەو شتی وا لوعبەو یاریمان بۆ دروست دەكردن، كە یەكێكیان بگریایە بۆ خواردنو برسی بویایە ئەو یاریەمان دەدانێ بۆ خافلاندنو كات بەسەر بردن هەتا ئێوارەو كاتی رۆژو شكاندن.[1]

بەڵگەی ئەوەش كەرۆژو لەسەر نیشتەمەنی نەساغ واجب نیە. ئایەتی {فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ – البقرة/١٨٤}: كەسێك لەمانگی رەمەزاندا نەخۆش بوو یان لەسەفەردا بوو، ئەوە دەتوانێ بەرۆژو نەبێو دوای رۆژووەكانی بەقەزا بگێڕێتەوە. جا ئەگەر نەخۆشو موسافیر وێڕای ئەوەی كە بۆیان هەیە بەرۆژو نەبن، ئەگەر بەرۆژو بوون ئەوە رۆژووەكەیان صەحیحە، چونكە رێگەپێدانیان بەوەی بەرۆژو نەبن ئەوە روخصەتە، ئەگەر ئەوان كار بەو روخصەتو ئاسانكارییەی بۆیان كراوە نەكەن لایەنی عەزیمەت رەچاو بكەن ئەوە باشترەو كارەكەیان شەرعییە.

رۆژو شكاندن یان بەرۆژو بوون بۆ نەخۆشو مەسافیر كامیان باشترە؟

ئەگەر نەخۆشو موسافیر رۆژو گرتن نارەحەتی نەدەكردنو زیانی بەجەستە نەدەگەیاندن، ئەوە بەرۆژوبوون بۆی باشترە، ئەگەر رۆژوگرتن زیانی پێ دەگەیاندنو نارەحەتی دەكرد ئەوە بەرۆژو نەبوون بۆی باشترە.

لە ئەبو سەعیدی (الخدری)یەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: ئێمە لەخزمەت پێغەمبەردا لە ڕەمەزاندا لەغەزا بووین، هەمان بوو بەرۆژو بوو، هەمان بوو

---

[1] متفق علیە: خ (١٩٦٠/٢٠٠/٤)، م (١١٣٦/٧٩٨ و ٢/٧٩٩).

بەرۆژو نەبوو، نە ڕۆژووەوان ڕەخنەی لەئەوانە دەگرت کەبەرۆژو نەبوون، نە ڕۆژوشکێنەکان ڕەخنەیان لەرۆژوەوانەکان دەگرت، پێیان وابوو ئەوەی تواناى ڕۆژوگرتنی هەبیٚو بەرۆژو بێ ئەوە باشە، ئەوەی لەخۆی ڕانەبینیٚو بەرۆژو نەبێ ئەوەش هەر باشە[1].

پێویست نەبوونی ڕۆژو لەسەر ئافرەتی بێنوێژو زەیستان، لەکاتی ئەو نەخۆشییەیاندا، ئەوە بەپێی حەدیثی ئەبو سەعیدە کە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أَلَيْسَ إِذَا حَاضَتْ لَمْ تُصَلِّ ، وَلَمْ تَصُمْ فَذَلِكَ نُقْصَانُ دِينِهَا».[2] ئەی ئەوە نیە کەئافرەت کەوتە حاڵەتی بێنوێژییەوە نوێژ ناکاو بەرۆژو نابێ؟ ئەوە نوقصانی ئایینو خوداپەرستیەکەیەتی.

ئەگەر ئافرەتی بێنوێژ یان زەیستان بەرۆژو بوو، ئەوە ڕۆژووەکەی دروست نیە، چونکە مەرجی سەرەکی بەرۆژو بوون پاکی ڕۆژوگرەکەیە لەبێنوێژیو زەیستانی، بەڵام دوای پاکبوونەوەیان پێویستە ڕۆژەکانیان بگرنەوە.

لە خاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە دەفەرموێ: ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) دەکەوتینە بێنوێژیەوە، فەرمانمان پی دەکرا بەوەی دوای نەمانی حاڵەتی بێنوێژیمان ڕۆژو بگرینەوە، بەڵام فەرمانمان پی نەدەکرا بەگێڕانەوەی نوێژەکانمان.[3]

---

(1) صحيح: (ص. ت/٥٧٤)، م (١١١٦- ٩٦/٧٨٧/٢)، ت (٧٠٨/١٠٨/٢).

(2) صحيح: (مختصر خ/٩٥١)، خ (١٩٥١/١٩١/٤).

(3) صحيح: (ص. ت/٦٣٠)، م (٣٣٥/٢٦٥/١)، د (٢٥٩،٢٦٠/٤٤٤/١)، ت (٧٨٤/١٤١/٢)، ن (١٩١/٤).

*** ئەوەی پێویستە لەسەر پیرەمێردو پیرەژنو نەخۆشێک کە بەتەما چاکبوونەوە نەبێ.**

کەسێك نەیتوانی بەرۆژو بێ لەبەر پیری یان عوزری تر، ئەوە رۆژوەکەی دەشکێنێو لەجیاتی هەر رۆژێك ژەمێك هەژارێك تێر دەکا، ئاماژە بە فەرمایشتی پەروەردگار {وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ – البقرة/١٨٤}: ئەوانەی لەبەر پیریو نەخۆشی بێ دەرمان، ناتوانن بەرۆژو بن لەجیاتی هەر رۆژێك ژەمێك نان بدەن بەهەژار.

لە عەطائەوە ریوایەتکراوە کە لەئیبنو عەبباسی بیستووە کە ئەم ئایەتەی خوێندەوە دەڵێ: ئیبنو عەبباس فەرمووی: ئەم ئایەتە حوکمەکەی نەسڕاوەتەوە، مەبەست لێی پیاوی پیری کەنەفتەو پیرەژنی پۆڵکاوە: کەناتوانن بەرۆژو بن ئەوانە دەبی لەجیاتی هەر رۆژێك هەژارێك تێر بکەن.[1]

ئافرەتی سکپڕو ئافرەتی شیردەر

سکپڕو شیردەر ئەگەر نەیانتوانی بەرۆژو بن، یان ترسان زیان بە زارۆکەکەیان بگا، بۆیان هەیە بەرۆژو نەبنو فیدیە بدەنو گێڕانەوەی رۆژوەکانیشیان لەسەر نیە.

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: روخصەت دراوە بە پیرەمێردی زۆر پیرو پیرەژنی بەساڵاچوو – کە بەناڕەحەتی زۆر رۆژویان بۆ دەگیرێ – رێگەیان پی دراوە بەویستی خۆیان رۆژو بشکێننو لەجیاتی هەر رۆژێك هەژارێك نان بدەنو گێڕانەوەشیان لەسەر نیە، پاشان ئەو حوکمەی لەئایەتی {فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ – البقرة/١٨٥}: سڕایەوەو ئەوە چەسپا

---

[1] صحيح: (الإرواء/٩١٢)، خ (٤٥٠٥/١٧٩/٨).

کەرەوایە بۆ پیرە مێردی کەنەفتو پیرەژنی پۆلکاو ئەگەر نەیانتوانی بەرۆژو بن، هەروا ئافرەتی سکپڕو ئافرەتی شیردەر ئەگەر ترسی ئەوەیان هەبوو بەرۆژوبوونەکەیان زیان بەزارۆکەکەیان دەگەیەنێ رۆژووەکەیان دەشکێنن‌و لەجیاتی هەر رۆژێك هەژارێك نان دەدەن.[١]

هەر لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەتکراوە ئەگەر ئافرەتی سکپڕ لەتەندرووستی خۆی ترسا، ئافرەتی شیردەر ئەگەر ترسی ئەوەی هەبوو بەرۆژو بوونەکەی زیان بەزارۆکەکەی دەگا، رۆژوەکەیان دەشکێنن‌و لەجیاتی هەر رۆژێك هەژارێك نان دەداو رۆژو ناگێڕنەوە.[٢]

لە نافیعەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: ئیبنو عومەر کچێکی هەبوو ژنی پیاوێکی قورەیشی بوو، ئافرەتەکە دووگیان بوو، لە ڕەمەزاندا تووشی تینوایەتی هات، ئیبنو عومەر فەرمانی پێ کرد رۆژوەکەی بشکێنێ‌و لەجیاتی هەر رۆژێك ژەمێك خواردن بدا بەهەژارێك.[٣]

ئەندازەی ئەو خواردنەی دەیدا بەهەژار

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە ساڵێك مانگی ڕەمەزان نەیتوانیوە بەرۆژو بێ، مەنجەڵێك تێگۆشاوی ئامادەکردو بانگی سی هەژاری کرد تێری کردن.[٤]

---

[١] إسناده صحيح إبن جرير (٢/١٣٥)، هق (٤/٢٣٠).

[٢] صحيح: غزاه الألباني في الإرواء (٤/١٩)، الى الطبري (٢٧٥٨) وقال إسناده صحيح على شرط مسلم.

[٣] صحيح لإسناد (الإرواء/٢٠)، قط (٢/٢٠٧/١٥).

[٤] صحيح الإسناد: (الإرووا٤/٢١)، قط (٢/٢٠٧/١٦).

روکنەکانی رۆژو

١- نیەت‌و نیازی بەرۆژو بوون. ئاماژە بە فەرموودەی پەروەردگار {وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ – البينة/٥}: نەوەکوو فەرمانیان پێ کراوە ئیللا ئەوە عیبادەتی خودا بکەن‌و راستالآنە پەرستشی بۆ بکەن.

هەروا فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە فەرموویەتی: «إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى».[1] کردەوە بەنیەت‌و نیازت چۆن بێ ئەوە حلێبە، پاداشی هەموو مرۆڤێك بەگوێرەی نیازەکەیەتی.

پێویستە نیەتی بەرۆژوو بوون پێش فەجر بێ، بۆ هەموو رۆژوێك، ئەمەش بەپێی حەدیثی خاتو حەفصە: کە گێراویەتیەوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ لَمْ يُجْمِعِ الصِّيَامَ قَبْلَ الْفَجْرِ فَلاَ صِيَامَ لَهُ».[2] کەسێك پێش فەجر نیەتی بەرۆژوو بوونی نەبێ، رۆژوی دروست نیە.

٢- خۆگرتنەوە لەهەر شتێك رۆژوی پێ بشکێ لەکاتی هەڵاتنی فەجرەوە تا خۆرئاوابوون.

پەروەردگار دەفەرموێ: {فَالآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُواْ مَا كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّواْ الصِّيَامَ إِلَى الَّليْلِ – البقرة/١٨٧} ئێستا دەتوانن لەگەڵ هاوسەرەکانتان سەرجێیی بکەن، داخوازی ئەوەبن کە خودا بۆی داناون، بخۆن‌و بخۆنەوە هەتا روناکی بەیانی لەتاریکی شەو جیادەبێتەوە؛ هەتا فەجر دیاریی دەدا، ئەمجار خۆتان بگرنەوە لەهەر شتێك رۆژوی پێ بشکێ تاشەو دادێ.

---

[1] لەوەپێش لەباسی مەرجەکانی دروستی دەستنوێژدا تێپەڕی.

[2] صحيح: (ص.ج/٦٥٣٨)، د(٢٤٣٧/١٣٢/١١٦)، ن(٤/١٩٦) بنحوه.

ئەوەی ڕۆژوی پێ دەشکێ شەش شتە

١ -٢: خـواردنو خواردنـەوەی بەئەنقەسـت: ئەگـەر لـەیادی نـەبوو: کـە بەڕۆژووە شتی خـوارد یـان خواردیـەوە ئـەوە ڕۆژوەکـەی ناشکێو گێڕانـەوەی لەسەرنیەو کەفارەتی ناوێ.

له ئەبو هورەیره ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێ) فـەرمووی: «مَنْ نَسِيَ وَهُوَ صَائِمٌ فَأَكَلَ أَوْ شَرِبَ فَلْيُتِمَّ صَوْمَهُ فَإِنَّمَا أَطْعَمَهُ اللَّهُ وَسَـقَاهُ»[1]: کەسـێك لـەبیری چـوو کـە بـەڕۆژووە شـتی خـوارد، یـان شـتی خـواردەوە، ئـەوە بـا بـەردەوام بـێ لەسـەر ڕۆژوەکـەیو ڕۆژوەکـەی نەشـکاوە، طەعامو خواردنەوەیەکە خودا پێی نۆش کردوە.

٣- ڕشاندنەوەی بە ئەنقەست. ئەگەر بەناچاری ڕشایەوە ئەوە ڕۆژوەکـەی ناشکێو کەفارەتیشی لەسەر نیە.

له ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) فەرموویـەتی: «مَـنْ ذَرَعَـهُ الْقَـيْءُ فَلَـيْسَ عَلَيْـهِ قَـضَاءٌ وَمَـنِ اسْـتَقَاءَ عَمْـدًا فَلْـيَقْضِ»[2]: کەسـێك ڕشـانەوە تینـی بـۆ هێنـاو ڕشـایەوە ڕۆژوەکـەی ناشـکێو گێڕانـەوەی لەسـەرنیە، کەسـێك خـۆی ڕشـاندەوە بەئەنقەسـت بـا ڕۆژوەکـەی بگێڕێتەوە.

٤-٥: بێ نوێژیو زەیستانی، بـا دەمـەو ئێـوارەش توشـی ئـەو حاڵەتـە بـێ، چونکە کۆڕای زانایانی لەسەرە کە ئەم دوو حاڵەتە ڕۆژوو دەشکێنن.

٦- جوتبـوون: ئەمـە سـەرەڕای ڕۆژو شـکانەکەی دەبـێ کـەفارەتیش بـدا وەکوو لەم حەدیثەی دواییدا باس کراوە.

---

[1] صـحيح: (ص.ج/٦٥٧٣) ، م(١١٥٥/٨٠٩/٢) وهـذا لفظـه، خ(١٩٣٣/١٥٥/٤)، ج(١٦٧٣/٥٣٥/١)، ت(٧١٧/١١٢/٢).

[2] صحيح: (ص.ج/٦٢٤٣) ، ت(٧١٦/١١١/٢)، د(٢٣٦٣/٦/٧)، ج(١٦٧٦/٥٣٦/١).

له ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: لەکاتێکدا ئێمە لەخزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دانیشتبووین، لەنکاوێك پیاوێك هاتە خزمەتی‌و وتی ئەی پێغەمبەر! (دروودی خودای لەسەر بێ) بەهیلاك چوم، فەرمووی: چیت لێ رودراوە؟ عەرزی کرد: بەڕۆژوو بووم‌و چوومە لای خێزانەکەم. پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: دەتوانی کۆیلەیەك ئازاد بکەی؟ وتی: نەخەیر، فەرمووی: ئایا دەتوانی خواردنی شەصت هەژار بدەی؟ وتی: نەخەیر. دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ماوەیەك مایەوە، پوشە خورمایەکیان هێنایە خزمەتی هەندێکی خورما تێدابوون. پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: کابرای پرسیارکەر چی لێ هات؟ کابرا وتی: ئەمەتا لێرەم. فەرمووی: ئەم پوشە خورمایە بەرە بیکە بەخێرو بەسەر هەژاراندا دابەشی بکە. کابرا وتی: ئایا دابەشی بکەم بەسەر لەخۆم هەژارتردا؟ سوێندم بەخودا لەنێوان هەردوو بەردەڵانی ئەمسەرو ئەوسەری مەدینەدا خێزانێك نیە لەخێزانی من هەژارتر بێ. ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێکەنی، تەنانەت پێکەنینەکەی بەجۆرێك بوو ددانەکانی دەرکەوتن. پاشان فەرمووی: دەبیبە دەرخواردی ماڵ‌و خێزانی خۆتی بدە.[١]

هەر لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە لەرەمەزاندا رۆژوی شکاندبوو، دەڵێ: قەرتاڵە خورمایەکیان هێنایە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نزیکەی پانزە ربەی خورما تێدابوو، لە فەرموودەکە هاتووە: کە

---

[١] متفـــق علیـــه: خ(١٩٣٦/١٦٣/٤)، م(١١١١/٧٨١/٢)، د(٢٣٧٣/٢٠/٧)، ت(٧٢٠/١١٣/٢)، ج(١٦٧١/٥٣٤/١).

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەکابرای فەرموو: «كُلْهُ أَنْتَ وَأَهْلُ بَيْتِكَ وَصُمْ يَوْمًا وَاسْتَغْفِرِ اللَّهَ».[1]

ئادابی ڕۆژوو

سوننەتە بۆ ڕۆژەوان کە لەماوەی بەڕۆژووبوونیدا چەند خاڵێك بەرچاو بگرێو پەیڕەوییان بکا.

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە، کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «تَسَحَّرُوا فَإِنَّ فِي السَّحُورِ بَرَكَةً».[2] پارشێوبکەن چونکە لە پارشێوکردندا بەرەکەت هەیە. هەڵبەتە قومە ئاو خواردنەوەیەك بە پارشێو حلێبە، ئەمەش بەپێی حەدیثی عەبدوڵڵای کوڕی عەمر، کە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «تَسَحَّرُوا وَلَو بِجُرْعَةِ مَاء» پارشێو بکەن، تەنانەت ئەگەر بەقومە ئاوێکیش بێ.[3]

واباشە پارشێو دوابخرێ: لە ئەنەسەوە لە زەیدی کوڕی ثابیتەوە (ڕەزای خودایان لێ بێ) دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) پارشێومان کرد، پاشان تەشریفی هەڵسا نوێژبکا، عەرزیم کرد ماوەی نێوان پارشێوو بانگی بەیانی چەندە؟ فەرمووی: ئەندازەی خوێندنی پەنجا ئایەت.

ئەگەر یەکێك گوێی لەبانگ بوو پاروی خواردن یان پیاڵە ئاوی بەدەستەوە بوو، بۆی هەیە پاروەکە بخوا یان ئاوەکە بخواتەوە، بەپێی ئەو فەرموودەیەی ئەبو هورەیرە (ڕەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتی کردوە، دەڵێ: پێغەمبەر فەرمووی: «إِذَا سَمِعَ أَحَدُكُمُ النِّدَاءَ وَالإِنَاءُ عَلَى يَدِهِ فَلاَ يَضَعْهُ حَتَّى

---

[1] صحيح: (ص.د/٢٠٩٦) ، د(٢٣٧٦/٢٦/٧)..

[2] متفق عليه: (١٩٢٣/١٣٩/٤)، م(١٠٥٩/٧٧٠/٢)، ت(٧٠٣/١٠٦/٢)، ن(١٤١/٤)، جة(١٦٩٢/٥٤٠/١).

[3] صحيح: (ص.ج/٢٩٤٥) ، حب(٨٨٤/٢٢٣).

يَقْضِيَ حَاجَتَهُ مِنْهُ».[١] ئەگەر یەکێ لەئێوە لە بەرەبەیاندا گوێی لەبانگ بوو پارەوە خواردنێك یان پیاڵە ئاوێکی بەدەستەوە بوو بانۆشی بکاو بیخواتەوە.

٢- وازهێنان لە قسەی نابەجێو تانەو تەشەرو جوێن: کە لەگەڵ مانای رۆژودا ناگونجێن یەکدی ناگرنەوە.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِذَا كَانَ يَوْمُ صِيَامِ أَحَدِكُمْ فَلاَ يَرْفُثْ وَلاَ يَصْخَبْ وَلاَ يَجْهَلْ فَإِنْ شَاتَمَهُ أَحَدٌ أَوْ قَاتَلَهُ فَلْيَقُلْ إِنِّي صَائِمٌ».[٢] ئەگەر یەکێك لەئێوە بەڕۆژوو بوو باقسەی ناشیرینی بەدەمدا نەیە، قیڕەو هەرا بەرپا نەکا، جوێن بەکەس نەدا، ئەگەر یەکێك جوێنی پێدا یان شەڕی لەگەڵ کرد با بڵێ: من بەڕۆژوومو وڵامت نادەمەوە.

هەر لە ئەبو هورەیرەوە هاتووە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ لَمْ يَدَعْ قَوْلَ الزُّورِ وَالْعَمَلَ بِهِ فَلَيْسَ لِلَّهِ حَاجَةٌ فِي أَنْ يَدَعَ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ».[٣] کەسێك بەڕۆژوبێو قسەی ناشیرینو درۆو بوختان واز لێ نەهێنێ، خودا چ پێویستی بەوە نیە واز لەخواردنو خواردنەوە بهێنێ.

٣- ماڵبەخشینو دەورکردنەوەی قورئان

لە ئیبنو عەبباسەوە (ڕەزای خودایان لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەهەموو کەس سەخی تر بوو، ئەوکاتانەش کە لەرەمەزاندا حەزرەتی جوبرائیلی دەبینی لەهەموو کاتەکانی تری سەخی تر بوو، حەزرەتی جوبرائیلیش هەموو شەوێکی رەمەزان دەهاتە

---

[١] صحيح: (ص.ج/٦٠٧) ، د(٢٣٣٣/٤٧٥/٦)، ك(١/٤٢٦).

[٢] لەباسی گەورەیی رۆژودا تێپەڕی.

[٣] صحيح: (مختصر خ/٩٢١) ، خ(١٩٠٣/١١٦/٤)، د(٢٣٤٥/٤٨٨/٦)، ت(٢/١٠٥/٧٠٢).

خزمـەتیو پێغەمبـەر قورئـانی بەسـەردا دەخوێنـدەوە، جـا کـە پێغەمبـەر حەزرەتی جوبرائیلی بدیبایە لەشنە بای رەحمەت سەخی تربوو.[١]

٤- ئێوارە رۆژو شکاندن بەزویی.

لەسەهلی کوڕی سەعدەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لاَ يَزَالُ النَّـاسُ بِخَيْـرٍ مَـا عَجَّلُـوا الْفِطْـرَ».[٢] خەڵك تازوو رۆژوو بشکێنن نیشانەی ئەوەیە خێریان تێدایە.

پەلەکردن لەشکاندنی رۆژوو مانای ئەوە ناگەیەنێ نوێـژی شـێوان دوابخـا بەهۆی خواردنو خواردنەوەوە. بەڵکوو رۆژو شکاندن بەخواردنی شتێکی کەم یان خواردنـەوەی قومـە ئاوێـك دێتـەجێ – وەکوو لـە فـەرمووودەی داهـاتوودا باسکراوە – پاشان نوێژی شێوان بکا، ئەمجار بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە چی خـودا دابووی بیخوا.

٥- شکاندنی رۆژوو بەشتێکی کەم لەوەی لەبەردەستدایە.

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) رۆژووی دەشکاند بەچەند دەنکە خورمای تەڕو تـازە (روطـب) پـێش ئـەوەی نوێژی شێوان بکا، ئەگەر ئەوجۆرە نەبوایە بەچەند دەنکـە خورمـای وشـکەڵ، ئەگـەر ئەوەشـی دەسـت نەکەوتایـە بەچـەند لوێـچە ئاوێـك رۆژوەکـەی دەشکاند.[٣]

٦- پاڕانەوە لەکاتی رۆژو شکاندن.

لـە ئیبنـو عومـەرەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ): کە رۆژووی دەشکاند دەیفـەرموو: «ذَهَـبَ الظَّمَـأُ وَابْتَلَّـتِ الْعُـرُوقُ

---

[١] متفق عليه: خ(١/٣٠/٦)، م(٤/١٨٠٣/٢٣٠٨).

[٢] متفق عليه: خ(٤/١٩٨/١٩٥٧)، م(٢/٧٧١/١٠٩٨)، ت(٢/١٠٣/٦٩٥).

[٣] حسن صحيح: (ص.د/٢٠٦٥) ، د(٦/٤٨١/٢٣٣٩).

وَثَبَتَ الأَجْرُ إِنْ شَاءَ اللَّهُ». [١] تینوایەتیم نەماو رەگەكانی جەستەم تەڕبوونەوە، خوا یاربێ پاداشمان چەسپا.

ئەوەی بۆ رۆژووەوان رەوایە بیکا

١- خۆشتن بۆ خۆ فێنك كردنەوە

لە ئەبوبەكری كوڕی عەبدوڕەحمانەوە، ئەویش لەبڕێ لە هاوەڵانی پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێ) ریوایەت دەكا دەڵێ: بەچاوی خۆم پێغەمبەرم بینی لەگوندی (عەرج)[٢] بەرۆژو بوو لەتینوان یان لە گەرمان ئاوی بەسەر سەری خۆیدا دەكرد.[٣]

٢- ئاو لەدەم وەردان‌و ئاو لەلوت رادان بەبێ زێدەڕۆیی.

لە لەقیطی كوڕی صەبرەوە، ریوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «بَالِغْ فِي الاِسْتِنْشَاقِ إِلاَّ أَنْ تَكُونَ صَائِمًا». [٤]

٣- كەڵەشاخگرتن.

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتكراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) كەڵەشاخی لەخۆی گرت لەوكاتەشدا بەڕۆژوو بوو.[٥]

ئەگەر لەكەمخوێنی خۆی‌و لاوازی ترسا كەڵەشاخ گرتن باش نیە.. لە ثابیتی كوڕی (ألبتانی)یەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پرسیار لە ئەنەسی كوڕی

---

[١] حسن (ص.د/٢٠٦٦)، د(٢٣٤٠/٤٨٢/٦).

[٢] گوندێكە چەند رۆژە رێیەك لەمەدینە دوورە.

[٣] صحیح: (ص.د/٢٠٧٢)، د(٢٣٤٨/٤٩٢/٦)

[٤] لەوەپێش تێپەڕی.

[٥] صحیح: (ص.د/٢٠٧٩) ، خ(١٩٣٩/١٧٤/٤)، د(٢٣٥٥/٤٩٨/٦)، ت(٧٧٢/١٣٧/٢).

ماليك كرا؛ ئايا ئێوه پێتان خراپ بوو ڕۆژووەوان کەڵەشاخ بگرێ؟ فەرمووی: نەخەیر، مەگەر لەبەر لاوازی.

٤- ماچکردنو دەستبازی لەگەڵ خێزانی خۆیدا بۆ کەسێك خۆی پێ بگیرێ.

خاتو عائیشه (ڕەزای خودای لێ بێ) دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەگەڵ خێزانەکانیدا ماچۆ مۆچی دەکردو بەرۆژوش بوو، زۆر زیاتر لەئێوه خۆی پێ دەگیرا.[1]

٥- به لەشپیسی شەوی لێ بێتەوە. لەعائیشەو ئوممو سەلەمەوه (ڕەزای خودایان لێ بێ) دەگێڕنەوه دەفەرموون وادەبوو پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەشی پیس بوو ڕۆژی لێ دەبوەوه، دوایی غوسڵی دەکردو بەرۆژو دەبوو.[2]

٦- ویصال (ڕۆژو نەشکاندن تا پارشێو)

له ئەبو سەعیدی (الخدری)یەوە ڕیوایەتکراوە: کە لە پێغەمبەری بیستووە، فەرموویەتی: «لاَ تُوَاصِلُوا ، فَأَيُّكُمْ أَرَادَ أَنْ يُوَاصِلَ فَلْيُوَاصِلْ حَتَّى السَّحَرِ». بەرۆژوبوون درێژ مەکەنەوه. کەخۆر ئاوابوو ڕۆژوو بشکێنن، ئەگەر یەکێ لەئێوه ویستی ویصال بکا با تاپارشێو ویصال بکا. هاوەڵان عەرزیان کرد: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەتۆ بۆچی ویصال دەکەی؟ فەرمووی: «إِنِّي لَسْتُ كَهَيْئَتِكُمْ ، إِنِّي أَبِيتُ لِي مُطْعِمٌ يُطْعِمُنِي وَسَاقٍ يَسْقِينِ». ئەمن شەوانە خۆراك بەخشێکم هەیە خواردنم دەداتێ، ئاودەرێکم ئاوم دەداتێ.

---

[1] متفق عليه: خ(١٩٢٧/١٤٩/٤)، م(١١٠٦ — ٦٥ -/٧٧٧/٢)، د(٢٣٦٥/٩/٧)، ت(٧٢٥/١٣٩/٢).

[2] متفق عليه: خ(١٩٢٦/١٤٣/٤)، م(١١٠٩/٧٧٩/٤)، د(٢٣٧١/١٤/٧)، ت(٧٧٦/١٣٩/٢).

ڕۆژوی سوننەت

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هانی موسوڵمانانی داوە کە ئەم ڕۆژانەی لەمەدوا ئاماژەیان پێ دەکەین بەڕۆژوبن.

١- شەشەڵان:

لە ئەبو ئەییوبی ئەلئەنصارییەوە هاتووە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « مَنْ صَامَ رَمَضَانَ ثُمَّ أَتْبَعَهُ سِتًّا مِنْ شَوَّالٍ كَانَ كَصِيَامِ الدَّهْرِ».[(١)] کەسێك ڕەمەزان بگرێ‌و دوایی شەش ڕۆژیش لە مانگی شەوال بەڕۆژوبێ، وەکوو ئەوە وایە ساڵەکە سەرانسەر بەڕۆژوبێ.

٢-٣: بەڕۆژوو بوونی عەرەفە بۆ غەیری حاجی‌و ڕۆژی عاشوراو ڕۆژی پێش عاشورا.

لە ئەبو قەتادەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: دەربارەی بەڕۆژوو بوونی ڕۆژی عەرەفە پرسیار لە پێغەمبەر کرا؟ فەرمووی: دەبێتە کەفارەتی تاوانی ساڵی پێشوو ساڵی داهاتوو. هەروا پرسیاری لێ کرا دەربارەی ڕۆژی عاشوراء؟ فەرمووی: «يُكَفِّرُ السَّنَةَ الْمَاضِيَةَ». دەبێتە کەفارەتی ساڵی رابردو.[(٢)]

لە ئوممولفەزلی کچی (الحارث)ەوە ڕیوایەتکراوە: کە کەسانێك لای ئەو لەڕۆژی عەرەفەدا کەوتنە مقۆ مقۆ دەربارەی ئەوە ئاخۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەڕۆژووە یان نا، هەندێکیان وتیان: بەڕۆژووە، هەندێکیان وتیان: بەڕۆژوو نیە. منیش پیاڵەیەکم شیر بۆ نارد، لەوکاتەدا تەشریفی سواری حوشترێك بوو، پیاڵەکەیان دایە دەستی‌و نۆشی گیانی کرد.[(٣)]

---

(١) صحيح: (ص.د/٢١٢٥) ، م(١١٦٤/٨٢٢/٢)، ت(٧٥٦/١٢٩/٢)، د(٢٤١٦/٨٦/٧)، ج(١٧١٦/٥٤٧/١).

(٢) صحيح: (الإرواء/٩٥٥)، م(١١٦٢/٨١٨/٢).

(٣) متفق عليه: خ(١٩٨٨/٢٣٦/٤)، م(١١٢٣/٧٩١/٢)، د(٢٤٢٤/١٠٦/٧).

له ئەبو غەطەفانی کوڕی طەریفی (اُلْمرّیّ) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: گوێم لێ بوو عەبدوڵلای کوڕی عەبباس (ڕەزای خودایان لێ بێ) دەیفەرموو: ئەوکاتەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕۆژی عاشوراء بەڕۆژوو بوو فەرمانیشی کرد موسوڵمانەکان بەڕۆژووبن. هاوەڵان عەرزیان کرد وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێکە جولەکەو گاور بە پیرۆزی دەزانن. پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « فَإِذَا كَانَ الْعَامُ الْمُقْبِلُ إِنْ شَاءَ اللَّهُ صُمْنَا الْيَوْمَ التَّاسِعَ». ساڵی داهاتوو خودا یاربێ ڕۆژی نۆیەمیشی دەگرین. دەڵێ: ئەومبوو ساڵی داهاتوو تێوەرنە سوڕایەوە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وەفاتی کرد.[1]

٤- بەڕۆژوو بوونی زوربەی مانگی موحەڕەم.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أَفْضَلُ الصِّيَامِ بَعْدَ رَمَضَانَ شَهْرُ اللَّهِ الْمُحَرَّمُ وَأَفْضَلُ الصَّلاَةِ بَعْدَ الْفَرِيضَةِ صَلاَةُ اللَّيْلِ».[2] گەورەترین ڕۆژوو دوای ڕۆژووی ڕەمەزان ڕۆژوی مانگی موحەڕەمە، گەورەترین نوێژ دوای نوێژی فەرز شەونوێژە.

٥- بەڕۆژوو بوونی زوربەی مانگی شەعبان

لەخاتو عائیشەوە گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: نەم بینیوە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هیچ مانگێك سەرانسەر بەڕۆژوو بووبێ جگە لەمانگی ڕەمەزان نەشم بینیوە لەهیچ کام لە مانگەکانی ساڵدا بە ئەندازەی مانگی شابان بەڕۆژوو بووبێ.[3]

---

[1] صحيح: (ص.د/٢١٣٦) ، م(١١٣٤/٧٩٧/٢)، د(٢٤٢٨/١١٠/٧).

[2] صحيح: (ص.د/٢١٢٢) ، م(١١٦٣/٨٢١/٢)، د(٢٤١٢/٨٢/٧)، ن(٢٠٦/٣)، ت(٤٣٦/٢٧٤/١).

[3] متفق عليه: خ(١٩٦٩/٢١٣/٤)، م(١١٥٦/١٧٥ -/٨١٠/٢)، د(٢٤١٧/٩٩/٧).

٦- دووشەممەو پێنج شەممە

لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە هاتووە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عادەتی وابوو ڕۆژی دووشەممەو پێنج شەممە بەڕۆژوو دەبوو کاتێ لەوبارەوە پرسیاری لێ کرا فەرمووی: « إنَّ أَعْمَالَ الْعِبَادِ تُعْرَضُ يَوْمَ الاِثْنَيْنِ وَيَوْمَ الْخَمِيسِ »[1]: بێگومان کردەوەی بەندەکان لەڕۆژی دوشەممەو پێنج شەممەدا رادەنوێنرێن.

٧- بەڕۆژوبوونی سێ ڕۆژ لەهەموو مانگێکدا.

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە هاتووە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرمووم: «صُمْ مِنَ الشَّهْرِ ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ ، فَإِنَّ الْحَسَنَةَ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا، وَذَلِكَ مِثْلُ صِيَامِ الدَّهْرِ».[2] لەهەموو مانگێکدا سێ ڕۆژ بەڕۆژوبە، بێگومان چاکەیەك بەدەیە، کەوابێ کەسێك ئەم فەرمانە جێبەجێ بکا وەکوو ئەوە وایە هەمیشە بەڕۆژوبێ.

واباشە ئەو سێ ڕۆژانەی بەڕۆژو دەبێ ڕێکەوتی ڕۆژی سیانزەو چواردەو پانزەی مانگ بکا.

لە ئەبو هورەیرە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « يَا أَبَا ذَرٍّ إِذَا صُمْتَ مِنَ الشَّهْرِ ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ فَصُمْ ثَلاَثَ عَشْرَةَ وَأَرْبَعَ عَشْرَةَ وَخَمْسَ عَشْرَةَ».[3] ئەی ئەبو ذەڕ ئەگەر لەمانگدا سێ ڕۆژ بەڕۆژو بووی ئەوە با ڕۆژوەکانت بکەونە ڕۆژانی سیانزەو چواردەو پانزەی مانگەوە لەوسی ڕۆژەدا بەرۆژو ببە.

---

[1] صحيح: (ص.د/٢١٢٨) ، د(٢٤١٩/١٠٠/٧).

[2] متفق عليه: خ(١٩٧٦/٢٢٠/٤)، م(١١٥٩/٨١٢/٢)، د(٢٤١٠/٧٩/٧).

[3] صحيح: (ص. ج/٧٨١٧)، ت (٧٥٨/١٣٠/٢)، ن (٤/٢٢٢).

٨- رۆژە نارۆژێك بەرۆژو بوون.

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە ڕیوایەتکراوە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: (أَحَبُّ الصِّيَامِ إِلَى اللَّهِ صِيَامُ دَاوُدَ، كَانَ يَصُومُ يَوْمًا، وَيُفْطِرُ يَوْمًا).[1] خۆشەویسترین ڕۆژو لای خودا ڕۆژو گرتنی داوودە ڕۆژێك بەرۆژو دەبوو ڕۆژێك دەیشکاند.

٩- ڕۆژوگرتنی دەیەمی ذیلحیجە.

لە هونەیدەی کچی خالیدەوە لەخێزانی خالیدەوە ئەویش لەهەندێ لەخێزانەکانی پێغەمبەرەوە، ڕیوایەت دەکا دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عادەتی وابوو ڕۆژی نۆیەمی ذیلحیجە بەرۆژو دەبوو هەروا ڕۆژی عاشوراو سێ ڕۆژ لەهەموو مانگێكو یەکەم دووشەممەو پێنج شەممەی هەموو مانگێك بەرۆژو دەبوو.[2]

ئەو ڕۆژانەی نەهی کراوە تێیاندا بەرۆژو بێ

١- ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانو قوربان.

لە ئەبو عوبەیدەوە (مەولای کوڕی ئەزهەر) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: لەخزمەت عومەری کوڕی خەتابدا (ڕەزای خودای لێ بێ) ئامادەی جەژن بووم، فەرمووی: ئەم دوو ڕۆژە ڕۆژانێکن پێغەمبەر نەهی کردووە تێیاندا

---

[1] متفق عليه: خ (٣/١٦/١١٣١)، م (١١٥٩ – ٢/٨١٦/١٨٩)، ن (٣/٢١٤)، د (٧/١١٧/٢٤٣١)، جه (١/٥٤٦/١٧١٢).

[2] صحيح: (ص. د/٢١٢٩) ، د (٧/١٠٢/٢٤٢٠)، ن (٤/٢٢٠).

بەرۆژو بن، رۆژی جەژنی رەمەزان کە لەدوای بەرۆژو بوون دێ، رۆژەکەی تریش رۆژی جەژنی قوربانە، کە لەقوربانیەکانتان دەخۆن.[١]

٢- رۆژانی تەشریق کە دوو رۆژ یان سێ رۆژ دوای یەکەم رۆژی جەژنی قوربانن.

لە ئەبو مووڕەوە (مەولای ئوممهانی) هاتووە دەڵێ لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی عەمردا چوینە خزمەت باوکی واتە: عەمری کوڕی (العاص) عەمر خواردنی خستە بەردەممان، وتی بخۆ، عەبدوڵڵا وتی ناخۆم بەرۆژوم، عەمر وتی بخۆ ئەم رۆژانە رۆژانێکن پێغەمبەر فەرمانی پێ کردووین تێیاندا بەرۆژو نەبین، ئیمام مالیك دەفەرموێ: ئەوە رۆژانی (أيام التشريق)ن.[٢]

لەخاتو عائیشەو ئیبنو عومەر (رەزای خودایان لێ بێ) ریوایەتکراوە، دەفەرموون: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) رێگەی نەداوە لەرۆژانی تەشریقدا بەرۆژو بن مەگەر بۆ کەسێك (هەدی) دەست نەکەوێ بۆی رەوایە لەجیاتی (هدی) سێ رۆژ بەرۆژو بێ لەحەجو حەوت رۆژیش کە گەڕایەوە.[٣]

٣- بەرۆژو بوونی رۆژی جومعە بەتایبەتی.

لە ئەبو هورەیرەوە (رەزای خودای لێ بێ) دەڵێ: گوێم لێ بوو پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ يَصُومَنَّ أَحَدُكُمْ يَوْمَ الْجُمُعَةِ ، إِلاَّ يَوْمًا قَبْلَهُ أَوْ بَعْدَهُ».[٤] با کەس لەئێوە بەتایبەتی رۆژی هەینی بەرۆژو نەبێ، مەگەر رۆژێکی پێشەوەی و رۆژێکی دوایی لەگەڵیا بەرۆژو بن.

---

[١] متفـق عليـه: خ (٤/٢٣٨/١٩٩٠)، م (٢/٧٩٩/١١٣٧)، د (٧/٦١/٢٣٩٩)، ت (٢/١٣٥/٧٦٩)، جـه (٥٤٩/١٧٢٢/١).

[٢] صحيح: (ص. د/٢١١٣) ، د (٧/٦٣/٢٤٠١).

[٣] صحيح: (مختصر خ/٩٧٨) ، خ (٤/٢٤٢/١٩٩٧).

[٤] متفق عليه: خ (٤/٢٣٢/١٩٨٥)، م (٢/٨٠١/١١٤٤)، د (٧/٦٤/٢٤٠٣)، ت (٢/١٢٣/٧٤٠).

٤- بەرۆژو بوونی رۆژی شەممە بەتایبەتی.

لـە عەبـدوڵڵای كـوڕی بوسـری (السُّلَمِيّ) لەخوشـكەكەیەوە، كـەناوی (الصَّمّاء)ە ڕیوایەتكراوە: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ تَصُومُوا يَوْمَ السَّبْتِ إِلاَّ فِيمَا افْتُرِضَ عَلَيْكُمْ وَإِنْ لَمْ يَجِدْ أَحَدُكُمْ إِلاَّ لِحَاءَ عِنَبَةٍ أَوْ عُودَ شَجَرَةٍ فَلْيَمْضُغْهُ». [1] ڕۆژی شـەممان بەتایبـەتی بـەرۆژو مـەبن، مەگـەر ڕۆژوی فـەرز بـێ، ئەگـەر هیـچتان دەسـت نەكـەوت ڕۆژوی پـێ بـشكێنن جگـە لەتوێكڵە عینبە یان چیلكە دارێك با بیجوێ.

٥- بـەرۆژوبوون لـەرۆژانی نیـوەی دووەمـی مـانگی شـەعبان بـۆ كەسـێك نەیكردبێ بەعادەت.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: كـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِذَا انْتَصَفَ شَعْبَانُ فَلاَ تَصُومُوا». [2] كە مانگی شـابان بوو بەنیوە ڕۆژوی سوننەت مەگرن.

هـەر لـە ئـەوەوە هـاتووە: كـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) فەرموویـەتی: «لاَ يَتَقَدَّمَنَّ أَحَدُكُمْ رَمَـضَانَ بِـصَوْمِ يَـوْمٍ أَوْ يَـوْمَيْنِ ، إِلاَّ أَنْ يَكُـونَ رَجُلٌ كَانَ يَصُومُ صَوْمَهُ فَلْيَصُمْ ذَلِكَ الْيَوْمَ». [3] با كەس لەئێوە بەرۆژێكو بەدوو ڕۆژ پێش ڕەمەزان بەرۆژو نـەبێ، مەگـەر كابرا وا خـوی پێـوە گرتبـو هـەموو پێنج شەممەو جومعەیەك بەرۆژو بێ، جا ئەگەر بەرۆژوبوونەكەی ڕێكـەوتی ئەو ڕۆژانەی كرد ئەوە با بەرۆژو بێ.

---

[1] صحيح: (ص. د/٢١١٦) ، د (٧/٦٦/٢٤٠٤) ت(٢/١٢٣/٧٤١) جه (١/٥٥٠/١٧٢٦).

[2] صحيح: (ص. جه/١٣٣٩) ، د (٦/٤٦٠/٢٣٢٠)، ت (٢/١٢١/٧٣٥)، جه (١/٥٢٨/١٦٥١).

[3] متفـــق عليـــه: خ (٤/١٢٧/١٩١٤)، م (٢/٧٦٢/١٠٨٢)، د (٦/٤٥٩/٢٣١٨)، ت (٢/٩٧/٦٨٠)، ن (٤/١٤٩)، جه (١/٥٢٨/١٦٥٠).

٦- بەرۆژو بوونی رۆژی شك.

له عەمماری كوڕی یاسرەوە (رەزای خودای لێ بێ) دەڵێ: (مَنْ صَامَ الْيَوْمَ الَّذِي يَشُكُّ فِيهِ فَقَدْ عَصَى أَبَا الْقَاسِمِ).[1] كەسێك رۆژی شك‌و گومان بەرۆژو بێ بێگومان لەپەیرەوكردنی ئایینی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لایداوە.

٧- بەرۆژوبوونی هەموو ساڵ، با رۆژە جەژنەكان‌و ئەو رۆژانەی نەهی كراوە تێیاندا بەرۆژو بی رۆژوو بشكێنێ.

له عەبدوڵڵای كوڕی عەمرەوە (رەزای خودای لێ بێ) دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێی گوتم: ئەی عەبدوڵڵای كوڕی عەمر! «إِنَّكَ لَتَصُومُ الدَّهْرَ وَتَقُومُ اللَّيْلَ وَإِنَّكَ إِذَا فَعَلْتَ ذَلِكَ هَجَمَتْ لَهُ الْعَيْنُ وَنَهِكَتْ لاَ صَامَ مَنْ صَامَ الأَبَدَ».[2] ئەتۆ ساڵ سەرانسەر بەرۆژو دەبی‌و شەو بەخەبەر دەبی بۆ خوداپەرستی، ئەگەر وابكەی‌و بەردەوام بێ لەسەر ئەو حاڵە چاوت بەقوڵدا دەچن، بەرۆژو حلێب نیە، كەسێك هەمیشە بەرۆژو بێ.

له ئەبو قەتادەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: كەپیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! چۆن بەرۆژو دەبی؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەقسەكەی تووڕە بوو، كە ئیمامی عومەر ئەو حاڵەی بینی، فەرمووی: ڕازین بەخودایەتی خودای خۆمان‌و ڕازین بەوەی كە ئیسلام ئاینمانەو حەزرەتی موحەممەد (دروودی خودای لەسەر بێ) پێغەمبەرمانە، پەنا دەگرم بەخودا لەڕق هەڵسانی خوداو لە ڕق هەڵسانی پێغەمبەری خودا، ئیتر حەزرەتی عومەر خێرا خێرا ئەم قسانەی

---

[1] صحيح: (الإرواء/٩٦١) ، ت (٦٨١/٩٧/٢)، د (٢٣١٧/٤٥٧/٦)، ن (٤/١٥٣)، جه (١٦٤٥/٥٢٧/١).

[2] متفق عليه: م (١١٥٩ – ١٨٧/٨١٥/٢)، خ (١٩٧٩/٢٢٤/٤).

دووبارەو سێبارە دەکردنەوە، تا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕقو تووڕەیەکەی دامرکایەوە، ئەمجار وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! حوکمی ئەو کەسە چیە هەمیشە بەڕۆژو دەبێ؟ فەرمووی: {لاصام ولاأفطر} بەهیچ بۆی حیسابە نە بەڕۆژووە نە ڕۆژوشکێنە.[1]

نابێ ئافرەت ڕۆژوی سوننەت بگرێ مێردی لەماڵ بێو ئیزنی نەدابێ

لە ئەبو هورەیرەوە هاتووە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ تَصُومُ الْمَـرْأَةُ وَبَعْلُهَـا شَـاهِدٌ إِلاَّ بِإِذْنِـهِ»[2]: ئافرەت نابێ ڕۆژوی سوننەت بگرێو مێردەکەی لەماڵ بێو ئیزنی نەدا.

ئیعتیکاف: مانەوە لەمزگەوت بەنیازی خوداپەرستی

مانەوە لەمزگەوتدا بەنیازی خوداپەرستی لە دە ڕۆژی کۆتایی مانگی ڕەمەزاندا سوننەتێکی گەورەو پەسەندە، بەهیوای خێرو بەرەکەتو ڕێکەوتی ئەو طاعەتە بەشەوی {لیلةالقدر}. قورئان دەفەرموێ: {إِنَّـا أَنزَلْنَـاهُ فِـي لَيْلَـةِ الْقَدْرِ – القدر/١}: ئێمە قورئانمان لەشەوی ڕێزدارو فەڕو بەرەکەتدا ناردۆتە خوار {وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ – القدر/٢}: تۆ چوزانی شەوی ڕێزو فەڕ چیە {لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ – القدر/٣}: شەوی ڕێزو قەدر لەهەزار مانگ چاکترە کە ئەو شەوە ڕێزدارەی تێدا نەبێ {تَنَزَّلُ الْمَلَائِكَـةُ وَالـرُّوحُ فِيهَـا بِـإِذْنِ رَبِّهِم مِّـن كُـلِّ أَمْـرٍ – القـدر/٤}: لەو شەوە پیرۆزەدا فریشتەکان بەگشتیو حەزرەتی جوبرائیل بەتایبەتی، هەموو فەرمانو حوکمێکی خودای خۆیان

---

[1] صحيح: (ص. د/٢١١٩) ، م (٢/٨١٨/١١٦٢)، د (٧/٧٥/٢٤٠٨)، ن (٤/٢٠٧).

[2] متفـق عليـه: خ (٩/٢٩٣/٥١٩٢)، م (٢/٧١١/١٠٢٦)، د (٧/١٢٨/٢٤٤١)، ت (٢/١٤٠/٧٧٩)، جـه (١/٥٦٠/١٧٦١) بزيادة فيه.

دادەبەزێننە سەر زەوی {سَلَامٌ هِيَ حَتَّى مَطْلَعِ الْفَجْرِ - القدر/٥}: ئەو شەوە تابەیانی هەر سەلامو ڕەحمەتە.

لەخاتو عائیشەوە ریوایەتکراوە دەفەرموێ: پێغەمبەری خودا لە دە ڕۆژی کۆتایی مانگی رەمەزاندا لەمزگەوتدا ئیعتیکافی دەکردو دەیفەموو: «تَحَرَّوْا لَيْلَةَ الْقَدْرِ فِي الْعَشْرِ الأَوَاخِرِ مِنْ رَمَضَانَ».[1] لە دە ڕۆژی کۆتایی رەمەزاندا بۆ شەوی (ليلةالقدر) بگەڕێنو ڕێکەوتی شەوێك لەو شەوانە دەکا.

هەر لە ئەوەوە ریوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «تَحَرَّوْا لَيْلَةَ الْقَدْرِ فِي الْوِتْرِ مِنَ الْعَشْرِ الأَوَاخِرِ مِنْ رَمَضَانَ».[2] بۆ شەوی (ليلةالقدر) لەشەوە تاکەکانی دە ڕۆژی دوایی مانگی ڕەمەزاندا بگەڕێن.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هەمیشە هاوەڵانی هەڵدەنا بۆ ئەنجامدانی ئیعتیکاف

لە ئەبو هورەیرەوە هاتووە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ قَامَ لَيْلَةَ الْقَدْرِ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ».[3] کەسێك شەوی لەیلەتولقەدر بەزیندویی ڕاگرێ واتە بێداربێو لەمزگەوتدا بمێنێتەوە بەنیازی ئیعتیکاف خەریکی خوداپەرستی بێ، ئەم کارەشی لەئیمانەوە هەڵقوڵێو بەهیوای پاداشی دوارۆژ بێ لەتاوانی رابردوی لێخۆشبوونی بۆ دەستەبەر دەبێ.

ئیعتیکاف لە مزگەوتدا نەبێ نایەتە جێ، ئاماژە بەدەقی {وَلاَ تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ - البقرة/١٨٧}: لەو کاتانەدا کەئێوە

---

[1] صحيح: (مختصر خ/٩٨٧) ، خ (٢٠٢٠/٢٥٩/٤)، ت (٧٨٩/١٤٤/٢).

[2] متفق عليه: خ (٢٠١٧/٢٥٩/٤)، م (١١٦٩/٢٦٨/٢).

[3] متفق عليه: خ (٢٠١٤/٢٥٥/٤)، م (٧٦٠/٥٢٣/١)، د (١٣٥٩/١٤٦/٤)، ن (١٥٧/٤).

لەمزگەوتەکانـدا ئیعتیکـاف دەکـەن سـەرجێی لەگـەڵ خێزانـەکانتان مەکـەن. هـەروەها چـونکە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) ئیعتیکـافی هـەر لەمزگەوتـدا ئـەنجام داوە، شـوێنی ئـەو طـاعەتـەی پێغەمبـەر تـەنها مزگـەوت بووە.

واباشە بۆ ئەو کەسەی ئیعتیکاف دەکا: کە سەرگەرمی خوداپەرستی بێو خـۆ بەشـتی دونیـایییـەوە مەشـغوڵ نـەکا، خـەریکی نوێـژکردنو خوێنـدنی قورئـانو تەسـبیحاتو ذیکـری تەحمیـدو تـەهلیلو تـەکبیرو ئیـستیغفارو صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەرو (دروودی خودای لەسەر بێ) دوعـاو پاڕانـەوەو وتووێژی زانستی ئایینی شتی وا.

باش نیە بۆ ئەو کەسەی لە ئیعتیکافدایە: کەخۆی بەشتی لاوەکیو کـاری دونیاییەوە هەڵگیر بکا، کردارو گوفتاری وابکا کە پەیوەندی بە ئیعتیکافەوە نیە، هەروەها مەکروهە کەخۆی لەقسەکردن بگرێتـەوەو پێـی وابـێ بێـدەنگی لەخودای نزیك دەکاتەوە!![1] بۆی ڕەوایە لەشـوێنی ئیعتیکافی خـۆی دەربـچێ بـۆ کـاری پێویـست، هـەروەکوو بـۆی ڕەوایـە سـەر بەشـانە بکـاو سەربتاشـێو نینۆکی بکاو جەستەی خۆی پاكو خاوێن بکاتەوە.

ئیعتیکاف پوچ دەبێتەوە بەوەی بەبێ کاری پێویست لەشوێنی ئیعتیکـاف بچێتە دەر، هەروەها بەجووتبوون لەگەڵ خێزانیدا.

كتاب الزكاة (باسی زەکات)
پلەوپایەی زەکات لەئاییندا

زەکات پایەیەکە لەپایەکانی ئیسلام، فەرزێکە لە فەرزەکانی.

---

[1] فقه السنة ج١/٤٠٤.

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « بُنِيَ الإِسْلاَمُ عَلَى خَمْسٍ شَهَادَةِ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ وَإِقَامِ الصَّلاَةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ وَحَجِّ الْبَيْتِ وَصَوْمِ رَمَضَانَ». [1]

لەقورئانی پیرۆزدا لەهەشتاو دوو ئایەتدا زەکات لەگەڵ نوێژدا هێنراوە.

پەروەردگار فەرمان بە پێغەمبەر دەکاو دەفەرموێ: {خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم – التوبة/١٠٣}: لەماڵو سامانی موسوڵمانان بەشێکی دیاری کراوە وەربگرە، بۆ ئەوەی دابەشی بکەی بەسەر هەژاراندا بەو زەکات وەرگرتنە دڵو دەروونی دەوڵەمەندەکان لەچروکیو ڕژدی پاك دەکەیەوە، دڵی هەژارەکانیش لەڕقو کینەو بەخیلی پاك دەکەیەوە، ماڵو سامانەکەش گەشەو نما دەکا.

هەروا پەروەردگار دەفەرموێ: {وَمَا آتَيْتُم مِّن رِّبًا لِّيَرْبُوَ فِي أَمْوَالِ النَّاسِ فَلَا يَرْبُو عِندَ اللَّهِ وَمَا آتَيْتُم مِّن زَكَاةٍ تُرِيدُونَ وَجْهَ اللَّهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُضْعِفُونَ – الروم/٣٩}:

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « مَنْ تَصَدَّقَ بِعَدْلِ تَمْرَةٍ مِنْ كَسْبٍ طَيِّبٍ وَلاَ يَقْبَلُ اللَّهُ إِلاَّ الطَّيِّبَ وَإِنَّ اللَّهَ يَتَقَبَّلُهَا بِيَمِينِهِ ، ثُمَّ يُرَبِّيهَا لِصَاحِبِهِ كَمَا يُرَبِّى أَحَدُكُمْ فَلُوَّهُ حَتَّى تَكُونَ مِثْلَ الْجَبَلِ». [2] کەسێك بە ئەندازەی دەنکە خورمایەك لەکاسبی حەلاڵ – خودا جگە لە حەلاڵ ببەخشێ شتی تر قبوڵ ناکا – ئەوە بێگومان خودا بەدەستی ڕاستی وەری دەگرێ، پاشان بۆ خاوەنەکەی پەروەردەی دەکا وەکوو

---

[1] لەباسی نوێژدا تەخریجو مانا کراوە.

[2] متفق عليه: خ (١٤١٠/٣/٢٧٨) وهذا لفظه، م (١٠١٤/٢/٧٠٢)، ت (٦٥٦/٢/٨٥)، ن (٥/٥٧).

چۆن یەكێك لەئێوە جوانە ئەسپی تازە لەدیكبوو پەروەردە دەكا، هەتا گەورە دەبێ‌و بە ئەندازەی كێوێكی لێ دێ.

هەڕەشە لەوانەی زەكات نادەن

قورئان دەفەرموێ: {وَلاَ يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَا آتَاهُمُ اللّهُ مِن فَضْلِهِ هُوَ خَيْرًا لَّهُمْ بَلْ هُوَ شَرٌّ لَّهُمْ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُواْ بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلِلّهِ مِيرَاثُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ – آل عمران/١٨٠}: با وانەزانن ئەوانەی رژدی دەنوێنن دەربارەی ئەو ماڵ‌و سامانەی خودا پێی داون. كە ئەو ماڵ‌و سامانە خێرە بۆیان، بەڵكوو ئەوە شەڕو نەگبەتییە، رۆژی قیامەت ئەو ماڵ‌و سامانەیان بۆ دەكرێ بە پشتێن‌و تۆقی ئاگر دەوریان دەدا، مڵك‌و میراتی ئاسمان‌و زەوی بۆ خودایە هەر ئەو خاوەنیانە، خودا ئاگادارە بەوەی دەیكەن‌و هیچی لێ گوم نابێ.

لە ئەبو هورەیرەوە لە پێغەمبەرەوە ریوایەتكراوە كە فەرموویەتی: « مَنْ آتَاهُ اللَّهُ مَالاً ، فَلَمْ يُؤَدِّ زَكَاتَهُ مُثِّلَ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ شُجَاعًا أَقْرَعَ ، لَهُ زَبِيبَتَانِ ، يُطَوَّقُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ، ثُمَّ يَأْخُذُ بِلِهْزِمَتَيْهِ يَعْنِي شِدْقَيْهِ ثُمَّ يَقُولُ أَنَا كَنْزُكَ أَنَا مَالُكَ». كەسێك خودا ماڵ‌و سامانێكی پێداو زەكاتی لێ نەدا رۆژی قیامەت ئەو ماڵەی بۆ دەچێتە شێوەی مارێك كە لەبەر زۆر ژەهری سەری سپی بوو بێ. دوو لاشەویلە هەن، یان دوو خاڵی رەش بەپشتی چاوەكانیەوەن، خۆی تێدەهاڵێنێ پاشان قەپی پێدادەكاو بە لاشەویلەكانی دەیگرێ‌و دەڵێ من ماڵ‌و سامانەكەتم، پاشان پێغەمبەر ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {وَلاَ يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَا آتَاهُمُ اللّهُ مِن فَضْلِهِ هُوَ خَيْرًا لَّهُمْ بَلْ هُوَ شَرٌّ لَّهُمْ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُواْ بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلِلّهِ مِيرَاثُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ – آل عمران/١٨٠}.

هەروەها پـەروەردگار دەفـەرموێ: {وَالَّـذِينَ يَكْنِـزُونَ الـذَّهَبَ وَالْفِـضَّةَ وَلاَ يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ – التوبـة/٣٤}: ئەوانـەی زێـڕو زیـو پەزمەنـدە دەكەن لەڕێگەی ڕەزامەندی خودادا خەرجی ناكـەن، ئـەوە مزگێنـی سزای بەئێشیان پێ بدە.

{يَوْمَ يُحْمَى عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَى بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ هَـذَا مَا كَنَزْتُمْ لأَنفُسِكُمْ فَذُوقُواْ مَا كُنـتُمْ تَكْنِـزُونَ – التوبـة/٣٥}: لـەو ڕۆژەدا لـەناو ئـاگری دۆزەخـدا ئـەو زێـڕو زیـوە سـوردەكرێتەوە، ناوچـاوانو لاتەنیـشتو بەروپشتیانی پێ داخ دەكرێ، پێیان دەگـوترێ ئەمـە ئـەو مـاڵو سامانەیە كـە لەدونیادا بۆخۆتـان پەزمەنـدە كردبـوو، دەبـچێژن سـزای ئـەو مـاڵو سـامانەی كۆتان كردبووەوەو لێتان نەبەخشیبوو.

له ئەبو هورەیرەوە هاتووە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: (هیـچ خـاوەن زێـڕو زیوێـك نیـە مـافی مـاڵو سـامانەكەی نـەدا كـە بریتییە لە زەكات، ئیللا ڕۆژی قیامەت ئەو زێڕو زیوەی بـۆ دەكـرێ بەپارچە پلێتی ئاگرین، بەئاگری دۆزەخ بۆی سور دەكرێتەوە، لاتەنیشتو ناوچـەوانیو بەروپشتی پێ داخ دەكرێ. هەر كەسارد بۆوە بـۆی سوردەكرێـتەوە لەڕۆژێكدا ئەندازەی پەنجا هەزار ساڵە، هەتا حیسابو لێكۆڵینـەوەی خـەڵك كۆتـایی دێو هەركەسە سەرەنجامی خۆی دەزانێ، یان بەرەو بەهەشت بەڕێ دەكرێ یـان بـۆ دۆزەخ ڕاپێـچ دەكـرێ. گـوترا: ئـەی پێغەمبـەری خـودا! ئـەی خـاوەن حوشـتر؟ فەرمووی: خاوەنی حوشتریش ئەگەر حـەقی خۆیـان لێ نـەدا هەروایـە. بەشـێ لـەو حەقـەی تێیانـدا واجبـە: كـە ڕۆژی ئاودانیـان بیانـدۆشـێو لەشـیرەكەیان بەشی ڕێبوارو ئاتاجان بدا، جا ئەگەر حەقی خۆیان لێ دەرنەكا ڕۆژی قیامەت خاوەنەكـەیان فـڕێ دەدرێتـە گۆڕەپانێـك، حوشـترو ئاژەڵـەكانیش بەتـەواوی ژمارەیـانو هێـزو توانایـان بەسمـەكانیان دەیـشێلنو پێخوسـتی دەكـەنو

دەیسوونەوە، بەددانیان دەیگەزن، کە بەسەریا تێپەڕین سەرلەنوێ بەسەریا دەگەڕێندرێنەوەو بەهەمان شێوە سزای دەدەنەوە ئەمە لەڕۆژێکدا ماوەکەی پەنجا هەزار ساڵە، هەتا حیسابو لێکۆڵینەوەی نێوان مەخلوقات تەواو دەبێو لێك دەکرێتەوەو هەرکەسە ڕێگای خۆی نیشان دەدرێ یان بۆ بەهەشت یان بۆ دۆزەخ.[١]

حوکمی زەکات نەدەر

زەکات فەرزێکە لەو فەرزە سەرەکیانەی واجبییەکەی کۆڕای ئوممەتی لەسەرە: ئەوەندە مەشهورو باوە، بووەتە شتێکی زەروری لە ئایین، بەجۆرێك ئەگەر کەسێك ئینکاری واجبونی بکا پێی کافردەبێو لە ئیسلام دەردەچێو دەشکوژرێ، مەگەر تازە موسوڵمان بێ، ئەوە بۆی دەبێتە عوزرو بیانوی وەردەگیرێ بەهۆی نەزانی بە حوکمەکە.

وەڵێ کەسێك بڕوای وابێ زەکات واجبەو زەکات نەدا، ئەو تاوانبار دەبێ بەزەکات نەدانەکەی کافر نابێ، پێویستە حاکمو فەرمانڕەوای وەخت بەزۆر زەکاتەکەی لێ بستێنێو[٢] بەشێوەی سزاش نیوەی ماڵەکەی لێ زەوت دەکا.

لە بەهزی کوڕی حەکیمەوە ئەویش لە باوکییەوە، لەباپیریەوە هاتووە دەڵێ: ژنەوتم: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو: « فِي كُلِّ إِبِلٍ سَائِمَةٍ فِي كُلِّ أَرْبَعِينَ ابْنَةُ لَبُونٍ لاَ يُفَرَّقُ إِبِلٌ عَنْ حِسَابِهَا مَنْ أَعْطَاهَا مُؤْتَجِرًا فَلَهُ أَجْرُهَا وَمَنْ أَبَى فَإِنَّا آخِذُوهَا وَشَطْرَ إِبِلِهِ عَزْمَةٌ مِنْ عَزَمَاتِ رَبِّنَا تَبَارَكَ وَتَعَالَى لاَ يَحِلُّ لآلِ مُحَمَّدٍ مِنْهَا شَيْءٌ»[٣]:

---

[١] صحيح: (ص.ج/٥٧٢٩) ، م(٩٨٧/٦٨٠/٢)، د(١٦٤٢/٧٥/٥).

[٢] فقه السنة ج١/٢٨١.

[٣] حسن: (ص.ج/٤٢٦٥)، د(١٥٦٠/٤٥٢/٤)، ن(٥/٢٥)، حم(٢٨/٢١٧/٨).

لەهەموو گارانە حوشترێکدا بەدەمی خۆی بلەوەری زەکات هەیە، لەهەر چل سەرێکدا گۆلکە حوشتر (بنت لبـون)ێك هەیە. جەڵە بەحوشترەکە لێك جیاناکرێنـەوە، هـەموویان دەژمێـردرێن کـزو قەڵـەوو گـەنجو پـیر پێکـەوە حیـساب دەکـرێن، یـان مانـای ئەوەیـە: ئەگـەر جەڵەبەکـە هاوبەشـی بـوو لێـك جیاناکرێنەوە.

عـاميلی زەکـاتیش دەبـێ جۆری مامناوەنـد وەربگـرێ. جـا هـەر خـاوەن حوشـترێك زەکـاتی خـۆی بـەرێك‌و پێکـی داو بـەهیوای پاداشـی لای خودابـوو، ئـەوە پاداشـی خـۆی هەیـە. کەسێك زەکاتەکـە نـەدا ئـەوە ئێمـە بـەزۆر لێـی دەستێنین‌و نیوەی ماڵەکەشـی دەبـەین وەکوو سـزادانێك، ئەمـەش جدییـەت‌و بەهەند وەرگرتنێکە لەو شتانەی کـەخودا فـەرمانی پێکـردوین گرنگییـان پـێ بدەین. هیچ شتی لەم ماڵە بۆ ئالی محمد حەڵاڵ نیە، ئەگەر کۆمەڵە خـەڵکێك زەکاتیان نەداو بڕواشیان وابوو واجبە، هێزو توانای بەربەرەکانیشیان هـەبوو، ئەوە شەڕیان لەگەڵ دەکرێ ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: « أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّـاسَ حَتَّـى يَـشْهَدُوا أَنْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ ، وَيُقِيمُوا الصَّلاَةَ ، وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ ، فَـإِذَا فَعَلُـوا ذَلِـكَ عَصَمُوا مِنِّى دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلاَّ بِحَقِّ الإِسْلاَمِ ، وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللَّهِ»[1]: فـەرمانم پێ کراوە: کە شەڕ لەگـەڵ خـەڵکانی کـافر بکـەم هـەتا شـایەتی دەدەن کـەهیچ خـودانین جگـە لـە (الله) وە موحـەممـەد پێغەمبـەری خودایـە، نوێژدەکـەن‌و زەکـات دەدەن: جـا کـە ئـەو ئەرکانـەیان بـەجێ هێنـا خـوێن‌و ماڵیـان لـەمن دەپارێزن، مەگەر بەحەقی ئیسلام‌و حیسابیان لای خودایە.

لـە ئـەبو هـورەیرەوە (رەزای خـودای لێ بـێ) دەڵـێ: کاتێـك پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) لـەدونیا دەرچـوو رۆژگـار بـوو بەسـەردەمی

---

[1] متفق علیه: خ(١/٧٥/٢٥) وهذا لفظه م(١/٥٣/٢٢).

حــەزرەتی ئەبوبــەکر، هەنــدێ هــۆزو خێڵــی عــەرەب هەڵگەڕانــەوەو کافربوونـەوە. حـەزرەتی ئەبوبـەکر بڕیاریدا شـەڕیان لەگەڵ بکـا، حـەزرەتی عومـەر فـەرمووی: ئـەتۆ چـۆن شـەڕ لەگـەڵ ئـەو زەکـات نەدەرانـە دەکـەی؟ لەحاڵێکدا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویـەتی: « أُمِـرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَقُولُوا لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ . فَمَنْ قَالَهَا فَقَدْ عَصَـمَ مِنِّـى مَالَـهُ وَنَفْـسَهُ إِلاَّ بِحَقِّهِ ، وَحِسَابُهُ عَلَى اللَّهِ»؟ ئەبوبـەکر فـەرمووی: سـوێندم بـەخودا شـەڕدەکەم لەگەڵ هەرکەسێك جوداوازی بخاتە نێوان نوێژو زەکات، چونکە زەکات حـەقی مـاڵو سـامانە، وەڵلاهـی ئەگـەر بێـچوە بـزنێکم لێ مـەنع بکـەن کـە لـەوەپێش دەیانـدا بـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) ئێـستا نایـدەن، بـەخودا شەڕیان لەگـەڵ دەکـەم لەسـەر نـەدانی، حـەزرەتی عومـەر فـەرمووی: بـەخودا ئەوە بڕیارێـك بـوو خـودا دڵـی حـەزرەتی ئەبوبـەکری بـۆ رونـاك کردۆتـەوەو زانیم ئەوە حەقەو کارێکی پەسەندە[1].

زەکات لەسەر کێ واجبە؟

زەکـات واجبـە لەسـەر هـەموو موسـوڵمانێکی ئـازاد: کـە سـامانی بگاتـە ئەندازەیەك پێی بگوترێ: دەوڵەمەندو ساڵێکیش بەسـەر ئـەو خاوەنداریەتیـە تێپەڕیبێ، جگە لە کشتو کاڵ، ئەم بەدروێنە کردنی زەکاتی تێدا واجب دەبێ بەمەرجێ بگاتە ئەندازەی زەکات تێدا واجببوون. قورئان دەفەرموێ: {وَآتُـواْ حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ – الأنعام/١٤١}. دوای دروێنەو خەرمان سورکردن زەکات لـە کشتو کاڵ دەربکەن.

---

[1] متفق علیه: خ(١٣٩٩/١٤٠٠/٣/٦٣٦)، م(٢٠/١/٥١)، د(١٥٤١/٤١٤/٤)، ن(٥/١٤)، ت(٢٧٣٤/١١٧/٤).

ئەو ماڵو سامانەی زەكاتی تێدا واجب دەبێ

زەكـات واجبـە لـە مـاڵو سامانی نەخدینـەو كشتو كـاڵو بـەروبوومو ئاژەڵو كانو كانزا.

زەكاتی نەخدینە (زێڕو زیو)

ئەو ئەندازەیەی زەكاتی تێدا واجب دەبێو ئەندازەی زەكاتەكە

نیصابی زێڕ بیست دینارە، نیصابی زیو دوسەد دیرهەمـە. هـەركاتێ ئـەو دوو جۆرە گەیشتنە ئەو ئەندازەیە چواریەكی دەیەكی تێدا واجب دەبێ. لـە عـەلی كـوڕی ئـەبو طـالیبـەوە ڕیوایـەتكراوە، دەفـەرموێ: پێغەمبـەر (درووودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « فَإِذَا كَانَتْ لَكَ مِائَتَا دِرْهَمٍ وَحَالَ عَلَيْهَا الْحَوْلُ فَفِيهَا خَمْسَةُ دَرَاهِمَ وَلَيْسَ عَلَيْكَ شَيْءٌ - يَعْنِي فِي الذَّهَبِ - حَتَّى يَكُونَ لَكَ عِشْرُونَ دِينَارًا فَإِذَا كَانَ لَكَ عِشْرُونَ دِينَارًا وَحَالَ عَلَيْهَا الْحَوْلُ فَفِيهَا نِصْفُ دِينَارٍ فَمَا زَادَ فَبِحِسَابِ ذَلِكَ»[1]؛ هـەركاتێ ئـەتۆ دووسـەد دیرهـەمت هـەبوو سـاڵی بەسـەردا تێوەرسـوڕایەوە پێـنج دیرهـەم زەكـاتی لێ دەردەكـرێ، لـەبارەی زێڕیـشەوە هیـچت لەسـەر واجـب نیـە هـەتا دەبێـە خـاوەنی بیـست دینـار، هەركاتێ بیست دینارت بوو ساڵی بەسەردا ڕۆیی ئەوە نیو دیناری زەكات تێدا واجب دەبێ.

زەكاتی خشڵ

زەكاتی خشڵ واجبە بەگوێرەی مانای گشتی ئایەتی قورئانو فـەرموودە، ئەوكەسـەی خـشڵ لـە حـوكمی ئایەتـەكانو فـەرمودەكان دەردەهـاوێو دەڵـێ زەكاتی تێدانیە ئەوە هیچ بەڵگەیەكی بەدەستەوە نیە. وێـڕای ئـەوەش چـەند دەقێكـی تایبـەتی ڕیوایـەتكراون: كـە ئـەوە دەگەیـەنن كـە زەكـات لەخـشڵدا واجبە. لەوانە:

---

[1] صحيح: (ص.د/١٣٩١) ، د(٤/٤٤٧/١٥٥٨).

لە ئوممو سەلەمەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: چەند پارچە زێڕێکم کردبوە خشڵو بەخۆمدا کردبوو بۆ خۆڕازاندنەوە، عەرزی پێغەمبەرم کرد ئایا ئەمە بەکەنزو پەزمەندە کردن حیساب دەکرێ؟ فەرمووی: «مَا بَلَغَ أَنْ تُؤَدَّى زَكَاتُهُ فَزُكِّيَ فَلَيْسَ بِكَنْزٍ». هەرماڵێك گەیشتە ئەندازەیەك زەکاتی لێ بدرێو زەکاتی لێ درا ئەوە بەکەنز حیساب نیە[1].

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هاتە ماڵەکەم لەپەنجەکانمدا هەندێ ئەنگوستیلەو خرخاڵی بینین لەزیو دروستکرابون فەرمووی: «مَا هَذَا يَا عَائِشَةُ». ئەوە چیە ئەی عائیشە؟! وتم: دروستم کردون خۆیان پێ برازێنمەوە بۆ تۆ ئەی پێغەمبەری خودا! فەرمووی: «أَتُؤَدِّينَ زَكَاتَهُنَّ ». ئایا زەکاتەکەیان دەدەی؟! وتم: ناوەڵڵا، یان (ئەگەر خودا بیەوێ). فەرمووی: «هُوَ حَسْبُكِ مِنَ النَّارِ». ئەوەندەت بەسە بۆ دۆزەخ.[2] *

زەکاتی کشتو کاڵو بەروبومو میوە

پەروەردگار دەفەرموێ: {وَهُوَ الَّذِي أَنشَأَ جَنَّاتٍ مَّعْرُوشَاتٍ وَغَيْرَ مَعْرُوشَاتٍ وَالنَّخْلَ وَالزَّرْعَ مُخْتَلِفًا أُكُلُهُ وَالزَّيْتُونَ وَالرُّمَّانَ مُتَشَابِهًا وَغَيْرَ مُتَشَابِهٍ كُلُواْ مِن ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَآتُواْ حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ –

---

[1] حسن: (ص.ج/٥٥٨٢)، (الصحيحه/٥٥٩)، د(١٥٤٩/٤٦٢/٤)، قط(٢/١٠٥).

[2] صحيح: (ص.د/١٣٨٤) ، د(١٥٥٠/٤٢٧/٤)، قط(٢/١٠٥).

* ئەم باسە لەکتێبە فیقهیەکاندا زۆر لێکۆڵینەوەو چەندو چوونی لەسەرکراوە، بەم شەش حەوت دێڕەی ئێرە نابێ حوکم بدرێ، هەرکەسێ دەیەوێ بە تەفصیلی لەم باسە ئاگاداربێو نەکەوێتە هەڵەوە با بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە فیقهیەکان بەتایبەتی کتێبە ناوازەکەی د. یوسف القرضاوی (فقە الزکاة) یان (الموسوعة الفقهیة الکویتیة). (مەلا محمود).

الأنعام/١٤١}: پەروەردگار خودایەکی وەهایە بۆ ئێوەی بەدی هێناوە باخی کەپر بۆکراوو باخی بێ کەپر، درەختی خورماو کشتو کاڵی جۆراو جۆر کەتامی بەروبوومی هەریەکەیان لەوی دی جیاوازە. هەروا زەیتونو هەنار کە لەدیمەندا لێك دەچنو لەتامو خواردندا لێك جوداوازن، لەو بەروبوومو میوەجاتە بخۆن با بەتەواوی نەشگەیشتبێ، زەکاتی پێویستیش لەو کشتو کاڵو بەروبوومە دەربکەن لەکاتی خەرمان سورکردنو ترێ رنینو خورما چنینو حاصلات هەڵگرتندا. زێدەڕەوی مەکەن لە لێ خواردنو لێ بەخشیندا، بێگومان پەروەردگار ئەوانەی خۆش ناوێن کە زێدەڕۆیی دەکەن.

ئەو جۆرانەی زەکاتیان تێدایە

ئیبنولمونزیر دەڵێ: کۆڕای زانایان لەسەرئەوەیە کە زەکات واجبە لە گەنمو جۆو، خورماو مێوژدا[1].

ئەمجار دەربارەی غەیری ئەم چوار جۆرە کەوتوونە راجیاییەوە، ئەوەی بە پەسەندو راجیح دەزاندرێ ئەوەیە زەکات لە غەیری ئەو چوار شتە وەرناگیرێ، ئەمەش بەپێی حەدیثی ئەبو بەرزە: کە لەئەبو موساو معازەوە ریوایەتی کردوە وتوویانە: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ناردونی بۆ وڵاتی یەمەن بۆئەوەی خەڵك فێری ئایینی ئیسلام بکەن فەرمانی پێ کردون: کە زەکات وەرنەگرن جگە لەم چوار جۆرە کشتو کاڵو بەروبوومە: (گەنم – جۆ – خورما - مێوژ)[2].

---

[1] الإجماع/٩٢/٤٧.

[2] صحيح: (الصحيحة/٨٧٩)، ك(١/٤٠١)، هق(٤/١٢٥)..

ئەندازە (نیصاب)

بەروبوومو کشتو کاڵ تا نەگاتە نیصابو ئەندازەی زەکات تێدا واجب بوون زەکاتیان تێدانیە. بەمەرج گیراوە بۆ زەکات تێدا واجب بوونی کشتو کاڵو بەروبووم: کە چەندیەتیان بگاتە ئەو ئەندازەیەی لەم حەدیثەی ئەبو سەعیدی (ألخدری)دا دیاری کراوە دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لَيْسَ فِيمَا دُونَ خَمْسِ ذَوْدٍ صَدَقَةٌ مِنَ الإِبِلِ ، وَلَيْسَ فِيمَا دُونَ خَمْسِ أَوَاقٍ صَدَقَةٌ ، وَلَيْسَ فِيمَا دُونَ خَمْسَةِ أَوْسُقٍ صَدَقَةٌ»[1]: لەکەمتر لەپێنج سەر حوشتر زەکات نیە، لەکەمتر لەپێنج ئوقیە: کە دەکاتە دووسەد دیرهەم زەکات نیە لەکەمتر لەپێنج ویسق: کە دەکاتە سێ سەد ربە (صاع) زەکات واجب نیە.

ئەو ئەندازەی واجبە بدرێ

لەجابیرەوە ڕیوایەتکراوە، پێغەمبەر فەرموویەتی: « فِيمَا سَقَتِ الأَنْهَارُ وَالْغَيْمُ الْعُشُورُ وَفِيمَا سُقِيَ بِالسَّانِيَةِ نِصْفُ الْعُشْرِ».[2] ئەو کشتو کاڵو بەروبوومەی بە ئاوی روبارو باران ئاو دەدرێ زەکاتەکەی دەیەکە.

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «فِيمَا سَقَتِ السَّمَاءُ وَالْعُيُونُ أَوْ كَانَ عَثَرِيًّا الْعُشْرُ ، وَمَا سُقِيَ بِالنَّضْحِ نِصْفُ الْعُشْرِ»[3]: ئەو کشتو کاڵەی بە باران یان بەئاوی کارێز یان زلکاو نزیك روباربوو، ئاودانی ئەرکی زۆری گەرەك نەبوو یان زەوییەکە

---

[1] متفق عليه: خ(١٤٤٧/٣١٠/٣)، وهذا لفظه. م(٩٧٩/٦٧٣/٢)، ت(٦٢٢/٦٩/٢)، ت(١٧/٥)، جة(١٧٩٣/٥٧١/١).

[2] صحيح: (ص.ج/٤٢٧١) ، م(٩٨١/٦٧٥/٢) وهذا لفظه، د(١٥٨٢/٤٨٦/٤)، ن(٤٢/٥).

[3] صحيح: (ص.ج/٤٢٧) ، خ(١٤٨٣/٣٤٧/٣) وهذا لفظه د(١٥٨١/٤٨٥/٤)، ت(٦٣٥/٧٦/٢)، ن(٤١/٥)، جة(١٨١٧/٥٨١/١).

شێداربوو ئاوی لەسەرەوە بوو رەگی درەختو روەکەکە دەگەیشتە ئاو ئەوە دەیەکی لەسەرە ئەگەر بەهۆی مەکائینو ناعورو شتی وا ئاودەدرا نیوەی دەیەکە.

خەرساندنی خورماو ترێ

لە ئەبو حەمیدی (الساعدی)یەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەردا چووین بۆ غەزای تەبوك. کە تەشریفی هاتە (وادی القری) ئافرەتێك لەناو باخەکەیدا بوو، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: بەروبوومەکەی بۆ (خەرص) مەزندە بکەن، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بۆی مەزندەکرد بە دەویسق، پاشان پێی فەرموو ئەوەی لێی بەرهەم دەهێنی حیسابی بکەو بیژمێرە... جادوایی کە تەشریفی هاتە (وادی القری) بە ئافرەتەکەی فەرموو: «كَمْ جَاءَ حَدِيقَتُكِ»؟ باخەکەت چەندی بەروبووم هێناوە؟ وتی: دەویسق، دەق وەکوو پێغەمبەر خەرساندبووی.[1]

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، فەرموویەتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عەبدوڵڵای کوڕی رەواحەی دەنارد لەکاتی پێگەیشتنو گەییندا باخە خورماکەی دەخەرساندن پێش ئەوەی لێی بخورێ، پاشان جولەکەکانی سەرپشك دەکرد بەو مەزندەکردنو خەرساندنە باخەکە بخەنە ئەستۆی خۆیان یان لێی دەستبەرداربن بەو مەزندەکردنە، بۆئەوەی زەکاتەکە هەژمار بکا پێش ئەوەی میوەکە بخورێو لێك جیابکرێتەوە[2].

زەکاتی ئاژەڵ

ئاژەڵی زەکات تێدا واجب بوو سێ جۆرە (حوشتر، رەشەوڵاخ، مەروبزن).

---

[1] صحیح: (ص.د/٢٦٤٣) ، خ(١٤٨١/٣٤٣/٣)، د(٣٠٧٩).

[2] حسن لغیره (الإرواء/٨٠٥)، د(٩/٢٧٦/٣٣٩٦).

زەکاتی حوشتر:

لەئەبو سەعیدی (الخدری)یەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «وَلَيْسَ فِيمَا دُونَ خَمْسِ ذَوْدٍ مِنَ الإِبِلِ صَدَقَةٌ»[1]: لەکەمتر لەپێنج سەر حوشتر زەکات واجب نیە.

ئەندازەی ئەو زەکاتەی لە حوشتردا واجبە:

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە: کە حەزرەتی ئەبوبەکر ئەم نامەیەی بۆ نووسی کاتێك کە بەرەو وڵاتی بەحرەین رەوانەی کرد. «بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ هَذِهِ فَرِيضَةُ الصَّدَقَةِ الَّتِي فَرَضَ رَسُولُ اللَّهِ – صلى الله عليه وسلم – عَلَى الْمُسْلِمِينَ ، وَالَّتِي أَمَرَ اللَّهُ بِهَا رَسُولَهُ ، فَمَنْ سُئِلَهَا مِنَ الْمُسْلِمِينَ عَلَى وَجْهِهَا فَلْيُعْطِهَا ، وَمَنْ سُئِلَ فَوْقَهَا فَلاَ يُعْطِ فِي أَرْبَعٍ وَعِشْرِينَ مِنَ الإِبِلِ فَمَا دُونَهَا مِنَ الْغَنَمِ مِنْ كُلِّ خَمْسٍ شَاةٌ ، إِذَا بَلَغَتْ خَمْسًا وَعِشْرِينَ إِلَى خَمْسٍ وَثَلاَثِينَ فَفِيهَا بِنْتُ مَخَاضٍ أُنْثَى ، فَإِذَا بَلَغَتْ سِتًّا وَثَلاَثِينَ إِلَى خَمْسٍ وَأَرْبَعِينَ فَفِيهَا بِنْتُ لَبُونٍ أُنْثَى ، فَإِذَا بَلَغَتْ سِتًّا وَأَرْبَعِينَ إِلَى سِتِّينَ فَفِيهَا حِقَّةٌ طَرُوقَةُ الْجَمَلِ ، فَإِذَا بَلَغَتْ وَاحِدَةً وَسِتِّينَ إِلَى خَمْسٍ وَسَبْعِينَ فَفِيهَا جَذَعَةٌ ، فَإِذَا بَلَغَتْ – يَعْنِي – سِتًّا وَسَبْعِينَ إِلَى تِسْعِينَ فَفِيهَا بِنْتَا لَبُونٍ ، فَإِذَا بَلَغَتْ إِحْدَى وَتِسْعِينَ إِلَى عِشْرِينَ وَمِائَةٍ فَفِيهَا حِقَّتَانِ طَرُوقَتَا الْجَمَلِ ، فَإِذَا زَادَتْ عَلَى عِشْرِينَ وَمِائَةٍ فَفِي كُلِّ أَرْبَعِينَ بِنْتُ لَبُونٍ ، وَفِي كُلِّ خَمْسِينَ حِقَّةٌ ، وَمَنْ لَمْ يَكُنْ مَعَهُ إِلاَّ أَرْبَعٌ مِنَ الإِبِلِ فَلَيْسَ فِيهَا صَدَقَةٌ ، إِلاَّ أَنْ يَشَاءَ رَبُّهَا ، فَإِذَا بَلَغَتْ خَمْسًا مِنَ الإِبِلِ فَفِيهَا شَاةٌ»[2]: بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان، ئەمە فەرزی زەکاتە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای

---

[1] صحيح: لەوەپێش تەخریج کرا.

[2] صحيح: (ص.د/١٣٨٥) ، خ(١٤٥٤/٣١٧/٣)، (١٣٥٣/٣١٦/٣)، د(١٥٥٢/٤٣١/٤)، ن(١٨/٥)، جة(١٨٠٠/٥٧٥/١) الحديث الثاني فقط.

لەسەر بێ) فەرزی کردوە لەسەر موسوڵمانان و ئەوەیە: کە خودا فەرمانی کردوە بە پێغەمبەرەکەی جا هەر موسوڵمانێك دوای زەکاتی لێ کرا بەوڕێ و رەسمە، با زەکاتەکەی بێ چەندو چوون رادەستی زەکات وەرگرەکان بکا، کەسێك زیادی لێ داواکرا بانەیدا، لەبیستو چوار حوشترو کەمتردا مەڕ دەدرێ، لەهەموو پێنج سەر هەتا سیو پێنج ئەوە گۆلکە مێینە حوشترێکیان تێدا واجب دەبێ کە ساڵێکی تەواو کردبێو چوبێتە ساڵی دووەمەوە. کە ژمارەیان گەییشتە سیو شەش تا چلو پێنج سەر ئەوە نوینگینە حوشکترێکیان تێدا واجب دەبێ کە چوبێتە ساڵی سێیەمەوە. کەبوون بە چلو شەش تا شەصت سەر ئەوە حوشترە مێینەیەکیان تێدا واجب دەبێ، کەسێ ساڵی تەواوکردبێو چوبێتە ساڵی چوارەمەوەو کاتی ئەوەی هاتبێ کەڵ بگرێ. ئەگەر بوون بە شەصتو یەك تا حەفتاو پێنج سەر ئەوە حوشترێکیان تێدا واجبە کە چوبێتە ساڵی پێنجەمی تەمەنی، ئەگەر ژمارەیان گەییشتە حەفتاو شەش تا دەگاتە نەوەد سەر ئەوە دوو (بنت لبون) دوو حوشتری وا چووبنە ساڵی سێیەمی تەمەنیانەوە واجب دەبێ. ئەگەر بوون بە نەوەدو یەك سەر تا دەگەنە سەدو بیست، دوو حوشتری وا سێ ساڵیان تەواو کردبێو چوبنە ساڵی چوارەمەوە، کە ژمارەیان لەسەدو بیست تێپەڕی لەهەموو چل سەرێکدا (بنت لبون)ێك هەیەو لەهەموو پەنجا سەرێکدا حوشترێك واجب دەبێ کە سێ ساڵی تەواوکردبێو چوبێتە ساڵی چوارەمەوە کەسێك تەنها چوار سەر حوشتری هەبوون ئەوە زەکاتیان تێدانیە کەبوون بەپێنج سەر، دەبێ مەڕێك بدا بەزەکات.

کەسێک جۆرە حوشترێکی لەسەر پێویست بوو بیدا بەزەکاتو دەست نەدەکەوت دەبێ چی بکا؟

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە: کە حەزرەتی ئەبوبەکر (ڕەزای خودای لێ بێ) نووسراوێکی بۆ نووسی دەربارەی چۆنیەتی وەرگرتنی زەکاتی ئاژەڵ بەوشێوەی خوداو پێغەمبەری خودا فەرمانیان کردبوو، کەسێك حوشترەکانی گەیشتنە ئەو ئەندازەیەی کە حوشکترێکی وابدا بەزەکات کە چوار ساڵی تەاوکردبێو چوبێتە ساڵی پێنجەمەوە وەلێ ئەو جۆرە حوشترەی دەست نەدەکەوت، لەهەمان کاتدا حوشتری وای هەبوو سێ ساڵی تەواوکردبێو چوبێتە ساڵی چوارەمەوە ئەوە ئەو جۆرەی لێ وەردەگیرێزو دوو مەڕیشیان لەگەڵ دەدا، یان لەجیاتی ئەو دوو مەڕە بیست دیرهەم دەدا.

کەسێك حوشترەکانی گەیشتنە ژمارەیەك دەبوایە حوشترێکی وا بدا بەزەکات کە سێ ساڵی تەواوکردبێو چوبێتە ساڵی چوارەمەوە، بەلاّم دەستی نەدەکەوت، حوشتری گەورەتری هەبوو، ئەوە لێی قبوڵ دەکرێو بیست دیرهەم یان دوو مەڕی دەدرێتەوە.کەسێك زەکاتی گەیشتە ئەو ئەندازەیەی حوشتری (حیقة) واتە: چوبێتە ساڵی چوارەمی تەمەنیەوە – بداو جگە لە (بنت لبون) کە حوشترێکە چوبێتە ساڵی سێیەمی تەمەنیەوە نەیبوو، ئەوە لێی وەردەگیرێ وێڕای دوومەڕ یان بیست دیرهەم.

کەسێك زەکاتەکەی گەیشتە ئەو ئەندازەیەی (بنت لبون) بدا بەلاّم جگە لە (حِقّة) حوشتری تری نەبوو ئەوە لێی وەردەگیرێو بیست دیرهەم یان دوو مەڕی بۆ دەگەڕێندرێنەوە.

کەسێك زەکاتی گەیشتە ئەوەی (بنت لبون) بدا جگە لە (بنت مخاض) حوشتری تری نەبوو ئەوە لێی وەردەگیرێو بیست دیرهەم یان دوو مەڕیشی لەگەڵ دەدا.[1]

*** زەکاتی ڕەشەوڵاخ: نیصابی زەکاتیو ئەندازەی زەکاتی واجب:**

لە موعاذی کوڕی جەبەلەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ناردمی بۆ یەمەنو فەرمانی پێ کردم کە زەکاتی ڕەشەوڵاخ بەمجۆرە وەربگرم: کە لەهەموو چل سەرێك نوێنگینێکی دووساڵە وەربگرم لەهەموو سی سەرێك گۆلکێکی یەکساڵە وەربگرم.[2]

*** زەکاتی مەڕو بزنو ئەندازەی زەکاتی واجب بوو تێیاندا:**

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە: کە حەزرەتی ئەبوبەکر ئەندازەی زەکاتی مەڕو بزنی بۆ نووسی کە خوداو پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانیان پێ کردوە کە زەکاتی مەڕوبزن بەم شێوەیە وەربگرێ، ئەوەی بەدەمی خۆی دەلەوەڕێ لەچل سەرەوە تا سەدوبیست سەر یەك مەڕە، کە لەسەدو بیست زیادبوو تا دووسەد سەر دوومەڕ دەدا. کە لەدووسەد تێپەڕی تا سێصەد سەر، سێ مەڕ دەدا. کە لەسێ سەد تێپەڕی لەهەموو سەد سەرێکدا مەڕێك واجبە، ئەگەر مەڕو بزنەکان لەچل سەر کەمتر بوون ئەوە زەکاتیان لێ ناکەوێ مەگەر خاوەنەکە بۆ خۆی ئارەزۆی بێ، زەکاتیان لێ بدا.[3]

---

[1] صـــــــحيح: (ص.د/١٣٨٥) ، خ(١٤٥٤/٣١٧/٣)، (١٤٥٣/٣١٦/٣)، د(١٥٥٢/٤٣١/٤)، ن(٥/١٨)، جة(١٨٠٠/٥٧٥/١).

[2] صحيح: (ص.د/١٣٩٤) ، ت(٦١٩/٦٨/٢)، د(١٥٦١/٤٥٧/٤)، ن(٢/٢٦)، جة(١٨٠٣/٥٧٦/١) واللفظ له عنده غيره زيادة في آخره.

[3] صحيح: لەوەپێش تەخريج كرا.

مەرجی واجبوونی زەکات لە ئاژەڵدا

١- دەبێ ژمارەیان بگاتە نیصابی زەکات لێ دەرکردن.

٢- دەبێ ساڵیان بەسەردا بسوڕێتەوە، ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: « لاَ زَكَاةَ فِي مَالٍ حَتَّى يَحُولَ عَلَيْهِ الْحَـوْلُ»[1]: لە هیچ ماڵو سامانێکدا زەکات واجب نیە تا ساڵی بەسەردا تێومرنەسوڕێتەوە.

٣- دەبێ ئەو ئاژەڵانە بەدەمی خۆیان بلەوەڕێن، پێویست بە ئالفو لەوەڕ ئامادەکردن نەکا، بەدەمی خۆیان لەپاوانی موباحدا زوربەی ساڵ لەوەڕبخوا، ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «فِي صَدَقَةِ الْغَنَمِ فِي سَائِمَتِها إِذَا كَانَتْ أَرْبَعِينَ الى عشرين ومَائة شَاةٌ»[2]: لە زەکاتی مەڕو بزنی (بۆخۆ لەوەڕ)دا ئەگەر بوون بەچل هەتا سەدو بیست سەر یەك مەڕ واجب دەبێ.

هەروا ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) « فِي كُلِّ إِبِلٍ سَائِمَةٍ فِـي كُـلِّ أَرْبَعِينَ ابْنَةُ لَبُونٍ»: لە حوشتردا کە بۆ خۆی بلەوەڕێو پێویستی بە ئالف نەبێ لەهەموو چل سەرێکدا حوشترێکی تەمەن دووساڵ تەواوکردو واجب دەبێ.

ئەوەی نابێ بەزەکات وەربگیرێ

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کاتێك پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) موعازی نارد بۆ یەمەن پێی فەرموو: «وَإِيَّاكَ وَكَرَائِمَ

---

[1] صحيح: (ص.ج/٧٤٩٧) ، جة(١٧٩٢/٥٧١/١)، قط(٣/٩٠/٢). هق(٤/١٠٣).

[2] بەشێکە لەنامەکەی حەزرەتی ئەبوبەکر کە لەوەپێش ئاماژەی پێ کرا.

أَمْــوَالِهِمْ»[١]: خـۆ بپـارێزه لـەوەی شـته هـەرەباش و ماڵـه هەڵبژاردەکـەیان وەربگری لەجیاتی زەکات.

له ئەنەسەوه ڕیوایەتکراوە: کـه حـەزرەتی ئەبوبـەکر چۆنیەتی پـڕۆژەی زەکـات وەرگرتنـی بـۆ نووسـی بـەو شـێوەیەی خـوداو پێغەمبـەر فـەرمانیان کردوە، تێیدا هـاتبوو «وَلاَ يُخْرَجُ فِي الصَّدَقَةِ هَرِمَةٌ ، وَلاَ ذَاتُ عَوَارٍ ، وَلاَ تَيْسٌ ، إلاَّ مَا شَـاءَ الْمُـصَدِّقُ»[٢]: لـه حیـسابی زەکاتـدا ئـاژەڵی پـیرو کوێرو عەیبـدارو نێرینه دەرناهاوێژرێ، مەگەر زەکاتدەر بەئارەزۆی خۆی جیایان بکاتەوە.

حوکمی ئاژەڵی تێکەڵکراو

ئەگـەر دووکـەس یـان زیـاتر لەزەکاتـدەران ئاژەڵـەکانیان تێکـەڵاو کـرد بەجۆرێك کەماڵی هیچیان جیانەدەکرایەوە لەبەشی ئەوی تریان ئەوە زەکـاتی یەك کەس دەدەن ئەگەر زەکاتیان لێ بکەوێ.

له ئەنەسەوه ڕیوایەتکراوە: کە حـەزرەتی ئەبوبـەکر پـڕۆژەی وەرگرتنـی زەکاتی بۆ نووسی بەوشێوەی خوداو پێغەمبەری خودا فەرمانیان پـێ کـردوە: تێیدا هاتووه «وَلاَ يُجْمَعُ بَيْنَ مُتَفَرِّقٍ وَلاَ يُفَرَّقُ بَيْنَ مُجْتَمِعٍ خَشْيَةَ الصَّدَقَةِ وَمَا كَانَ مِنْ خَلِيطَيْنِ فَإِنَّهُمَا يَتَرَاجَعَانِ بِالسَّوِيَّةِ فَإِذَا)[٣]:

مـاڵ و سـامانی لێـك جیـا تێکـەڵ نـاکرێن و مـاڵی تێکـەڵکراویش لێـك جیاناکرێنـەوە بەمەبەسـتی خۆرزگـارکردن لـە زەکاتـدان یـان کەمکردنـەوەی. ئەگـەر دووکـەس مـاڵ و سـامانیان تێکـەڵاو بـوو ئـەوە زەکـاتی ماڵەکـەیان لێ وەردەگیرێ، ئەمجار هەریەکەیان بەپێی چەندییەتی ماڵەکەیان لەناو خۆیانـدا

---

[١] متفق عليه: خ(١٤٩٦/٣/٣٥٧)، م(١٩/٥٠/١)، ت(٦٢١/٦٩/٢)، د(١٥٦٩/٤٦٧/٤٤)، ن(٥/٥٥).

[٢] صحيح: (ص: ١٤٥٥) .

[٣] صحيح: (ص: ١٤٥٠، ١٤٥١).

زەكاتەكە بەش دەكەن بۆ نموونە ئەگەر بەهەردوكيان چل سەر مەڕيان هەبوو بۆ هەريەكەيان بيست سەر، كابراى زەكات وەرگر لە يەكێكيان مەڕێك وەردەگرێ، ئەو كەسەى مەڕەكەى داوە داوادەكا شەريكەكەى نرخى نيوەى مەڕەكەى بۆ ڕەت بكاتەوە.

زەكاتى ماڵو سامانى دفنكراوى پێشينان (زكاة الركاز)

ريكاز: ماڵو سامانى دفنكراوى پێشينانە كە بەبێ ماندوبوونى زۆر دەست دەكەوێ، وەكوو دۆزينەوەى ئەو ماڵو سامانە شێردراوەى لێرەو لەوێ دەدۆزرێتەوە. ئەم جۆرە ماڵە هەر لەگەڵ دۆزرايەوەو كەوتە دەست، دەبێ زەكاتەكەى دەربكا بەبێ ئەوەى تێوەرسوڕانەوەى ساڵو گەييشتنى بە ئەندازەى نيصاب بە مەرج بگيرێ. ئەمەش بەپێى گشتگيرى فەرموودەكەى پێغەمبەر: كە فەرموويەتى: «وَفِي الرِّكَازِ الْخُمُسُ»[1]: لەماڵو سامانى دۆزراوەى ژێر زەويدا پێنج يەك هەيە.

ئەوانەى زەكاتيان دەدرێتێ (مصارف الزكاة)

پەروەردگار دەفەرموێ: {إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاء وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ – التوبة/٦٠}: زەكات نەوەكوو دەدرێ ئيللا كە دەدرێ بۆ هەقيران و هەژاران و ئەوانەى ئەركى كۆكردنەوەى زەكاتيان لەئەستۆدايە. هەروا ئەوانەى نوێ موسوڵمانن، بۆ ئازادكردنى كۆيلە، بۆ قەرزداران، بۆ ئەوانەى لەپێناو ڕەزامەندى خودادا جيهاد دەكەن، بۆ ڕێبوارو دابڕاوان

---

[1] متفق عليه: خ(١٤٩٩/٣٦٤/٣)، م(١٧١٠/١٣٣٤/٣)، ت(٦٣٧/٧٧/٢)، ن(٥/٤٥)، جة(٢٥٠٩/٨٣٩/٢)، د(٣٠٦٩/٣٤١/٨).

لەزێدو نیشتمانی خۆیان، ئەمە فەریضەیەکە لەخوداوە بۆ ئێوە دیاریی کراوە، خودا زاناو کار دروستە، حەکیمو لێزانە، هەموو بڕیارو فەرمانەکانی لەجێی خۆیدایە.

ئیبنو کەثیر لە تەفسیرو ڕاڤەکردنی ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ: پەروەردگار (کاتێ ڕەخنەی دوڕووە نەزانەکانی باسکرد: کە ڕەخنەیان لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) گرت دەربارەی دابەشکردنی زەکات، ئەمجار ئەوە ڕون دەکاتەوە کە چۆنیەتی دابەشکردنی زەکاتو دەستنیشانکردنی ئەوانەی شیاون بەزەکات پێدانو بەیانی حوکمەکەی لەخوداوەیە، بۆ خۆی ئەوەی ڕون کردۆتەوە، کەچۆن دابەشکردنی بەسەر ئەو تاقمو پێڕانەی لە ئایەتەکەدا دیاری کراون ئەنجام بدرێ.

*** ئایا پێویستە کەسێک زەکات بدا بەسەر هەموو ئەو تاقمانەدا دابەشی بکا؟**

ئیبنو کەثیر دەفەرموێ: زانایانی ئیسلام ڕاجیاییان هەیە دەربارەی ئەو هەشت صنفانە، لەوەدا ئایا پێویستە زەکاتەکە هەموان بگرێتەوە یان ئەگەر دای بەدوو سێ کەس لەو هەشت صنفە کیفایەتە.؟ زانایان بوون بەدوو بەش.

هەندێکیان فەرموویانە پێویستە کابرا کە زەکات دەدا بیدا بەهەر هەشت صنفەکە، ئەمە ڕای ئیمامی شافیعیو کۆمەڵێکە.

کۆمەڵێکی تریان فەرموویانە پێویست ناکا بەسەر هەرهەشت صنفەکەدا دابەشی بکا، بەڵکوو دروستە زەکاتدەر زەکاتەکەی بەیەکێك لەو هەشت صنفەبدا وێڕای هەبوونی صنفەکانی تر، ئەمە ڕای ئیمام مالیكو کۆمەڵێك لە زانایانی سەلەفو خەلەفە، لەوانە ئیمامی عومەر، حوزەیفە، ئیبنو عەبباس، ئەبوالعالیە، سەعیدی کوڕی جوبەیر، مەیمونی کوڕی مەهران.

ئیبنو جەریر دەڵێ: ئەمە ڕای هەموو ئەهلی عیلمە. ئەم صنفانە کە دیاریی کراون بۆ ڕونکردنەوەی ئەوەیە: کە ئەمانەن زەکاتیان بەسەردا دابەش دەکرێ، نەك مانای ئەوەیە پێویستە زەکاتەکە هەموویان بگرێتەوە؛

ئیبنو کەثیر دەفەرموێ: با ئەو فەرموودانە باس بکەین کە دەربارەی هەریەك لەو تاقمانەی دروستە زەکاتیان بدرێتێ ڕیوایەت کراون

١- فەقیرەکان: لە ئیبنو عەمرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ تَحِلُّ الصَّدَقَةُ لِغَنِيٍّ وَلاَ لِذِي مِرَّةٍ سَوِيٍّ».[1] صەدەقەو زەکات حەڵاڵ نیە بۆ دەوڵەمەندو بۆ کەسێك لەشساغو بەهێزو توانابێ.

لە عوبەیدیللای کوڕی (الخیار) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: دوو پیاو بۆیان گێڕامەوە کە هاتوونە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) داوای زەکاتیان لێ کرد، ئەویش تەشریفی لێیان وردبۆوەو چاوی پێداگێڕان، وای هاتنە بەرچاو کە بەهێزو تواناو گورج‌و گۆڵن. فەرمووی: «إِنْ شِئْتُمَا أَعْطَيْتُكُمَا وَلاَ حَظَّ فِيهَا لِغَنِيٍّ وَلاَ لِقَوِيٍّ مُكْتَسِبٍ».[2] ئەگەر حەزتان لێ بێ لەزەکات بەشتان دەدەم، وەلێ ئەوە بزانن: کە زەکات بەشی دەوڵەمەندی تێدانیەو دەوڵەمەند بۆی ڕەوانیە زەکات وەربگرێ، هەروا بەکەسێکیش حەڵاڵ نیە هێزو توانای هەبێ‌و بتوانێ کاسبی بکا.

٢- مسکێنەکان: لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « لَيْسَ الْمِسْكِينُ بِهَذَا الطَّوَّافِ الَّذِي يَطُوفُ عَلَى النَّاسِ فَتَرُدُّهُ اللُّقْمَةُ وَاللُّقْمَتَانِ وَالتَّمْرَةُ وَالتَّمْرَتَانِ». مسکێن ئەو کەسە نیە

---

[1] صحيح: (ص.ج/٧٢٥١) ، ت(٦٤٧/٨١/٢)، د(١٦١٨/٤٢/٥)، جة(١٨٣٩/٥٨٩/١)، ن(٥/٩٩).

[2] صحيح: (ص.د/١٤٣٨)، د(١٦١٧/٤١/٥)، ن(٥/٩٩).

مالـەو مـاڵ دەکـاو بەسـەر خـەڵکدا دەسـوڕێتەوە سـواڵیان لێ دەکـا، پـاروە خواردنێـك یـان دوو پـارو، دەنکـە خورمایـەك یـان دوو دەنکـە خورمـا دەیگێڕێتەوە. هاوەڵان عـەرزیان کـرد: ئـەدی مـسکێن کێیـە ئـەی پێغەمبـەری خودا؟! فەرمووی: مسکێن ئەو کەسەیە پێداویستی ژیانی نیـە، کـەس بـەحاڵی نازانێ تاخێری پێ بکا، داوای هیچ شتێکیش لەخەڵك ناکا.[1]

٣- ئەوانەی ئەرکی زەکات کۆکردنەوەیان لەئەستۆدایە، ئەوانە کۆکەرەوەو زەکات وەرگرن، مافی خۆیانە بەشێك لەو زەکاتەیان پـێ بـدرێ، مەرجە نابێ زەکـات وەرگـرو فەرمانبـەرانی زەکـات کۆکردنـەوە لـە خـزمو کـەس‌وکاری پێغەمبەر (دروودی خودای لەسـەر بێ) بـن، ئەوانـەی زەکاتیـان لێ حەرامـەو نابـێ وەری بگـرن، چـونکە لـە صـەحیحی موسـلیمدا چەسـپاوەو لـە عەبـدولوطەلیبی کـوڕی رەبیعـەی کـوڕی (ألحـارث) ڕیوایـەتکراوە: کـە ئـەوو (ألفضل)ی کوڕی (ألعباس) چون بۆلای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) داوایان لێ کرد بیانخاتە سەر کاروباری زەکات کۆکردنەوە، پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فـەرمووی: « إِنَّ هَذِهِ الصَّدَقَةَ لاَ تَحِلُّ لِمُحَمَّدٍ وَلاَ لآلِ مُحَمَّـدٍ إِنَّمَا هِيَ أَوْسَاخُ النَّاسِ».[2] زەکاتو صـەدەقە بـۆ موحەممـەدو ئـالی موحەممـەد حەڵاڵ نیە، زەکاتو سەرفیترە چڵكو پۆخڵاوتی خەڵکە. خـەڵك بـەو زەکاتـە ماڵو سامانی خۆیان پاك دەکەنەوە، دڵو دەرونی خۆیان لە رەوشتی چروکیو رژدی پاك دەکەنەوە.

٤- مؤلفة القلوب: نـۆ موسـوڵمان: ئەمانـە چـەند جـۆرێکن: هەیـە زەکـاتی دەدرێتێ بۆئـەوەی موسـوڵمان ببـێ، وەکوو چۆن پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) لەدەسـتکەوتی حونـەین بەشـی صـەفوانی کـوڕی ئومەیـەی دا،

---

[1] متفق عليه: م(١٠٣٩/٧١٩/٢)، خ(١٤٧٩/٣٤١/٣)، ن(٥/٨٥)، د(١٦١٥/٣٩/٥).

[2] صحيح: (ص.ج/١٦٦٤) ، م(١٠٧٢/٧٥٢/٢)، د(٢٩٦٩/٢٠٥/٨)، ن(٥/١٠٥).

صەفوان موشریك بوو هاوبەشی كرد، صەفوان بۆ خۆی دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەردەوام بەشی دەدام هەتاوای لێ هات لەهەموو كەسم خۆشتر دەویست، لەكاتێكا لەوەپێش لەهەموو كەس ناخۆشترم دەویست.[١]

هەیانە بۆیە زەكاتی دەدرێتێ تا ئایین لەدڵیدا جێگیر بێ‌و دڵی دابمەزرێ. وەكوو چۆن رۆژی غەزای حونەین سەد حوشتری دا بەكۆمەڵێك لە گەورە گەورەكانی ئەسیرە بەرەڵلاكراوەكان، فەرمووی: «إِنِّـي لأُعْطِـي الرَّجُـلَ وَغَيْرُهُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْهُ ، خَشْيَةَ أَنْ يَكُبَّهُ اللَّهُ علـى وجهـه فِـي النَّـارِ جهـنم»[٢]: من بەخشش دەدەم بە پیاوێك كەسانی ترم لەو خۆشتر دەوێ. وەلێ بۆیە رێزی لێ دەگرم ماڵی دەدەمێ لەترسی ئەوە نەوەكوو خودا بەرەودەم فرێی داتە ناو دۆزەخەوە.

لە صەحیحەیندا لەئەبو سەعیدەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: حەزرەتی عەلی كەمی پارچە زێڕی پاڵفتە نەكراوی لە یەمەنەوە بۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نارد، ئەویش دابەشی كرد بەسەر چوار كەسدا (ئەقرەعی كوڕی حابیس، عویەینەی كوڕی بەدر، عەلقەمەی كوڕی عولاثە، زید الخیر) فەرمووی: بۆیە ئەمەیان دەدەمێ دڵیان وەگری ئیسلام بێ.[٣]

هەیانە بۆیە بەشیان دەدرێ بۆ ئەو هاوشانەكانیان تەماعیان بەركەوێ‌و موسوڵمان بن.

---

[١] صحيح: (مختصر م/١٥٨٨) ، د(٢٠٥/٢٩٦٩ – ٨/٢٠٨)، ن(١٠٥ و ٥/١٠٦).

[٢] متفق عليه: (١/٧٩/٢٧)، م(١/١٣٢/١٥٠)، د(١٢/٤٤٠/٤٦٥٩)، ن(٨/١٠٣).

[٣] متفق عليه: خ(٨/٦٧/٤٣٥١)، م(٢/٧٤١/١٠٦٤)، د(١٣/١٠٩/٤٧٣٨).

هەیانە بۆیە دەیانـدرێتێ هـەتا زەكـاتی سـنووری ئـەولای خۆیـان بـەلای ولاتی كوفردا كۆبكەنەوە، یان بۆئەوەی دیفـاع لـە حـەوزەی موسـولمانان بكـاو زەرەریان لەولاتی موسولمانانو فەراغ بیجاغی ولاتی ئیسلام دووربخاتەوە.

ئایا دوای وەفاتی پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) بەشی (مؤلفة القلوب) ماوە. ؟!

ئیبنو كەثیر دەڵێ: راجیایی تێدایە:-

لە ئیمامی عومـەرەوەو لـە عـامیری الشعبیّ‌و كۆمـەڵێكی تـرەوە ریوایـەت كراوە: كە دوای لەدونیا دەرچوونی پێغەمبـەر (درووودی خـودای لەسـەر بـێ) بەشـی (مؤلفـة القلـوب) نـەماوەو نایانـدرێتێ، چـونكە پـەروەردگار ئیـسلامو موسـولمانانی بـەهێزو شـكۆمەند كـردوەو لـە ولاتـدا جێگیربـونو دەسـەلاتیان پەیدا كردوە، گەلو نەتەوەكانی تری بۆ ملكەچ كردون.

كۆمەڵێكی تـر دەفەرموون: بـەڵكوو ئـەو بەشـە بەردەوامـەو دەیانـدرێتێ چـونكە پێغەمبــەر (درووودی خــودای لەســەر بــێ) دوای فــەتحی مەككــەو تێكشكاندنی هۆزی هەوازین بەشی (مؤلفة القلوب) نۆ موسـولمانی داوە، ئەمـە دیاردەیەكەو پێویستە بەردەوامی هەبێ.

٥- پرۆسەی كۆیلە ئازادكردن، ڕیوایەتكراوە، لە حەسەنی بەصرییەوەو لە موقـاتیلی كـوڕی حـەییانو عومـەری كـوڕی (عبـدالعزیز)و سـەعیدی كـوڕی جوبـەیرو (ألنخعی) و (ألزّهـری)و ئیبنـو زەیـد فەرموویانـە وشـەی (ألرّقـاب) لێرەدا بریتییە لە ئەو كۆیلانەی نووسراویان لەگەڵ مۆر دەكرێو بـە مـەرجو بـەپارە ئـازاد دەكـرێن لەماوەیـەكی دیـاریكراودا. هـەمان راوبۆچـون لەئـەبو موسای ئەشعەرییەوە ریوایەت كراوە. ئەمە رای شافیعیو ئیمام (ألليث)یشە.

ئیبنو عەبباسو (ألحسن) دەفەرموون: هیچ خراپییەكی تێدانیە بەپارەی زەكـات كۆیلــە ئــازادبكرێ. ئەمــە رێبــازی ئیمــام ئەحمــەدو ئیمــام مالیــكو

ئیسحاقیشە. واتە: ئەمان پێیان وایە دەستەواژەی (في الرقاب) لەوە گشتی ترە: کە تایبەت بکرێ بە موکاتەبەوە یان سەرلەبەر کۆیلەی پێ بکڕدرێو ئازادبکرێ. بێگومان دەربارەی پاداشی بەندە ئازادکردنو ئەستۆ رزگارکردن فەرموودەی زۆر ریوایەت کراون، ئەومیان تێدا چەسپاوە: کە پەروەردگار بە ئازادکردنی هەموو ئەندامێکی کۆیلە ئەندامێکی ئازادکەرەکە لەئاگر رزگار دەکا، تەنانەت شەرمگای لەبەرامبەر شەرمگایدا[1]. ئەمەش لەڕوانگەی ئەوەوە دێ کە پاداش لەجینسی کردارە. قورئان دەفەرموێ: {وَمَا تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ – الصافات/٣٩} پاداشتان نادرێتەوە مەگەر بە پێی کردەوەکانتان.

٦- الغارمون: چەند جۆرێکی هەیە. هەیانە خۆدەخاتە ژێر قەرزەوە لەبەر بەرژەوەندی گشتی، یان دەبێتە بەرعودەی قەرزێكو دەچێتە ئەستۆیو زیان بەماڵەکەی دەگا. یان بۆخۆی قەرزدارەو ناتوانێ قەرزەکەی بداتەوە، یان لەتاوانێکدا تووشی قەرزداری بووەو دوایی تۆبەی کردوە ئەمانە هەموویان لەزەکات بەشیان دەدرێ بۆئەوەی هەموو پێداویستی یان بەشێکی پێداویستییەکانیان جێبەجێ بێ.

ئەصڵو بنەما لەم باسەدا حەدیثەکەی (قبیصة)ی کوڕی (مُخارق الهلالی)یە: کەدەڵێ: قەرزێکم خستە ئەستۆی خۆم، هاتمە خزمەت پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) داوام لێ کرد لەو بارەوە فەرمبویەکم بکا، فەرمووی: چاوەڕوان بکە تا زەکاتمان بۆ دێ، ئەوکاتە بەشێکت بۆ دیاری دەکەین. دەڵێ: پاشان فەرمووی: ئەی (قبیصە)! سواڵ کردن حەڵاڵ نیە مەگەر بۆ یەکێك لەسێ جۆر کەس. پیاوێك بەرعودەی قەرزێك بێ بۆ

[1] صحيح: (ص.ج/٦٠٥١) رواه الترمذي من حديث ابي هريرة قال سمعت رسول الله يقول: (من اعتق رقبة مؤمنة أعتق الله منه بكل عضو منه عضواً من النار حتى يعتق فرجه بفرجه (١٥٨١/٤٩/٣).

بەرژەوەندی گشتی بەهۆیەوە توشی قەرزداری بوو، بۆی رەوایە داوابکا تا وەندەی دەست دەکەوێ خۆی پێ بگرێ ئیتر وازبێنێ. پیاوێك بەلاو کارەساتێك لەماڵو سامانەکەی دا هیچی نەما بۆی رەوایە داوابکا کۆمەکی پێ بکرێ تاخۆی دەگرێتەوەو ژیانی بەرەو باشی دەڕوا. پیاوێك هەژاریو نەبوونی یەخەی بگرێ بەجۆرێك سێ کەس لە عاقڵمەندانی قەومەکەی شایەتی بدەن بڵێن: فلانکەس توشی هەژاری بووەو نەدارایە. ئەوەش بۆی هەیە داوابکا کۆمەکی بکرێ هەتا ژیانی مسۆگەر دەبێو پشتی راست دەبێتەوە، جگە لەم سێ حاڵە ئەی قەبیصە بزانە سواڵکردنو داواکردنی ماڵ لەمو لەو سوتخواردنەو حەرامێکە خاوەنەکەی دەیخواو سوتە[1].

٧- في سبيل الله: ئەو جەنگاوەرو غەزاکارانەن، کە لەدیوانی حوکومەتدا موچەیان نیە.

بەلای ئیمامی ئەحمەدو (ألحسن)و ئیسحاقەوە حەج دەچێتە ناو بواری (في سبيل الله) لەبەر حەدیثی ئیبنو عەبباس (رەزای خودا لە خۆیو لەباوکی)، ریوایەت دەکا، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نیازی حەجی هەبوو، ئافرەتێك بەمێردەکەی گوت: دەبێ لەگەڵ پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) حەجم پێ بکەی، کابرا وتی: هیچم نیە پێداویستی حەجی تۆی پێ دابین بکەم، وتی بە حوشتری فلان حەجم پێ بکە، کابرا وتی: ئەو حوشترە تایبەت کراوە بە بواری (في سبيل الله)، دوایی کابرا هاتە خزمەتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وتی: خێزانم داوای لێ کردم لەخزمەت جەنابتدا حەجی پێ بکەم، منیش پێم گوت هیچم نیە بیکەمە ولاخی سواریت بۆ حەج، پێی گوتم: بەسواری حوشتری فلان بمنێرە، منیش پێم گوت: ئەو حوشترە تایبەت کراوە بۆ جەنگاوەرو غەزاکاران

---

[1] صحيح: (مختصر م/٥٦٨)، م(١٠٤٤/٧٢٢/٢)، د(١٦٢٤/٤٩/٥)، ن(٩٦/٥).

تایبەتە بە (فی سبیل الله). پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: دەی ئەگەر بەسواری ئەو حوشترە حەجت پێ بکردایە، ئەوە دەچوە بواری (فی سبیل الله)[1].

٨- ابن السبیل: = ڕێبوار، دابڕاو لە زێدو نیشتمان. کەسێکە سەفەری و ڕێبوار بە ولاتێکدا بڕوا هیچی پێ نەبێ بۆ تەواوکردنی سەفەرەکەی و گەییشتن بە ئامانج. ئەم جۆرە کەسانەش لەماڵی زەکات ئەوەندەیان دەدرێتێ بیانگەیەنێتەوە وڵاتی خۆیان، ئەمە ئەگەر لە وڵاتی خۆی ماڵیشی هەبێ هەر زەکاتی پێ دەشێ.

ئەم حوکمە بۆ کەسێکیشە دەست بکا بەسەفەر لە وڵاتی خۆیەوەو هیچی پێ نەبێ ئەمەش لەماڵی زەکات ئەوەندەی دەدرێتێ بتوانێ کیفایەتی بکا بۆ چوون و هاتنەوەی. بەڵگە لەسەرئەوە دەقی ئایەتەکەیەو ئەو فەرموودەیە: کە ئیمام ئەبو داودو ئیبنو ماجە لە حەدیثی موعەممەر: کە لەیەزیدی کوڕی ئەسلەم ئەویش لە عەطای کوڕی یەسارەوە لەئەبو سەعیدەوە ڕیوایەتیان کردوە، دەڵێ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لاَ تَحِلُّ الصَّدَقَةُ لِغَنِيٍّ إِلاَّ لِخَمْسَةٍ لِعَامِلٍ عَلَيْهَا أَوْ رَجُلٍ اشْتَرَاهَا بِمَالِهِ أَوْ غَارِمٍ أَوْ غَازٍ فِى سَبِيلِ اللَّهِ أَوْ مِسْكِينٍ تُصُدِّقَ عَلَيْهِ مِنْهَا فَأَهْدَى مِنْهَا لِغَنِيٍّ»[2]. واتە: زەکات وەرگرتن بۆ دەوڵەمەند حەڵاڵ نیە مەگەر بۆ پێنج کەس: ئەوکەسەی کاربەدەستی زەکات وەرگرتن و کۆکردنەوەیەتی، یان کەسێک بەشێک لەماڵی زەکات بەپارەی خۆی بکڕێ، یان کەسێک بەهۆی کاروبارێکی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنەوەی موسوڵمانان قەرزدار بووبێ، یان کەسێک جەنگاوەری غەزابێ

---

[1] حسن صحیح: (ص.د/١٧٥٣)، د(١٩٧٤/٤٦٥/٥)، ك(١٨٣/١)، هق(١٦٤/٦).

[2] صحیح: (ص.ج/٧٢٥٠)، د(١٦١٩/٤٤/٥)، جة(١٨٤١/٥٩٠/١).

لەرێگەی خودادا، یان کابرایەکی هەژار لەماڵی زەکات بەشێکی پێ درابێ ئەویش لەوبەشەی پێی دراوە هەندێکی لێ بکا بەدیاری بۆ دەوڵەمەندێك.

سەرفیترە (زكاة الفطر)

سەرفیترە لەسەر هەموو موسوڵمانێك واجبە، ئاماژە بەحەدیثی ئیبنو عومەر (ڕەزای خودا لەخۆی و لەباوکی بێ) ڕیوایەت دەکاو دەفەرموێ: پێغەمبەر زەکاتی فیترەی واجب کرد لەسەر کۆیلەو ئازاد، نێرو مێ، گەورەو بچوك لەموسوڵمانان، ئەندازەکەشی ڕبەیەك خورما یان ڕبەیەك جۆیە، فەرمانیشی کرد پێش ئەوەی دەربچن بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان، ئەو زەکاتە بدەن بە ئاتاج.[1]

حیکمەت و فەلسەفەی سەرفیترە

لەئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) زەکاتی سەرفیترەی واجب کرد بۆ پاککردنەوەی ڕۆژووەوانە کە لەقسەی لەغوو ناشیرین، بۆ دابینکردنی بژێوی هەژاران، جا کەسێك پێش نوێژ بەجێی هێنا، ئەوە زەکاتێکی پەسەندو قبوڵکراوە، کەسێکیش دوای نوێژ دابەشی کرد، ئەوە خێرێکە کردوویەتی.[2]

سەرفیترە لەسەر کێ واجبە؟

سەرفیترە واجبە لەسەر مرۆڤی ئازادی موسوڵمان، کە دارای بژێوی زیاد لەشەو ڕۆژی جەژن بۆخۆی و ماڵ و منداڵ و خێزانی و هەموو ئەوانەی بژێویان لەسەر ئەوە لەکوڕو خزمەتکار بەمەرجێ موسوڵمان بن.

---

[1] متفق عليه: خ (٣/٣٦٧/١٥٠٣)، م (٩٨٤، ٦٧٧/٩٨٦) د (٢/٦٧٩)، ت (٩٢/٦٧٠،٦٧٢ – ٢/٩٣) د (٤/٩٦،١٥٩٥، ٥/٥)، ن (٥/٤٨)، جه (١/٥٨٤/١٨٢٦).

[2] حسن (ص. جه/١٤٨٠)، جه (١/٥٨٥/١٨٢٧)، د (٥/٣/١٥٩٤).

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی کرد بەهەموو موسوڵمانێك بەدەرکردنی زەکاتی سەرفیترە لەجیاتی خۆی‌و خێزانی لە بچوك‌و گەورەو ئازادو کۆیلە لەوانەی بژێویان لەسەر ئەوە.[1]

ئەندازەی سەرفیترە

پێویستە بۆ هەر یەکێك نیو ربە گەنم یان ربەیەك جۆ یان مێوژ یان کەشك یان هەرشتێکی کە بەبژێو دەژمێردرێ وەکوو برنج‌و زوڕات‌و نۆك‌و ئەو جۆرە شتانە.

بەڵگەی ئەوە کە لە گەنم نیو ربە کیفایەتە حەدیثەکەی عوروەی کوڕی زوبەیر کە دەفەرموێ: (خاتو ئەسمائی کچی ئەبو بەکر لەرۆژگاری پێغەمبەردا (درووودی خودای لەسەر بێ) زەکاتی سەرفیترەی دەردەکرد بۆ خێزانی خۆیان بۆ ئازادو بۆ کۆیلە دوو مود (مست) لەگەنم یان ربەیەك لەخورما، بەمست یان بەو ربەی قوتیان پی دەپێوا).[2]

بەڵگەی ئەوە کە بۆ غەیری گەنم دەبێ ربەیەك بێ، حەدیثی ئەبو سەعیدی (الخدری)یە، کە دەفەرموێ: (ئێمە سەرفیترەمان دەردەکرد ربەیەك بژیو یان ربەیەك جۆ، یان ربەیەك خورما، یان ربەیەك کەشك، یان ربەیەم مێوژ).[3]

---

[1] صحيح: (الإرواء/٨٣٥) ، قط (٢/١٤١/١٢)، هق (٤٤/١٦١).

[2] الطماوى ٢/٤٣ وهذا لفظه.

[3] متفق عليه: خ (٣/٣٧١/١٥٠٦)، م (٢/٦٧٨/٩٨٥)، ت (٢/٩١/٦٦٨)، د (٥/١٣/١٦٠١)، ن (٥/٥١)، جه (١/٥٨٥/١٨٢٩).

زۆربەی فوقەهاو شەرعزانان پێیان وایە نابێ لەجیاتی سەرفیترە پارە بدرێ، ئەبو حەنیفە دەفەرموێ: دروستە، ئیمامی نەوەوی لەشەرحی موسلیمدا ج٧/٦٠ باسی ئەوەی کردووە.

د. عبدالعظیم بدوی دەڵێ: من دەڵێم: قسەی ئەبو حەنیفە رەت دەکرێتەوە، چونکە (وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا). خودای تۆ هیچی لەیاد ناچێ، ئەگەر پارە لەجیاتی سەرفیترە دروست بوایە خوداو پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئەومیان روون دەکردەوە، بۆیە واجبە بەگوێرەی ظاهیری دەقەکان کار بکەین و ئەتویل و گۆڕانکاری نەکەین.

کاتی دەرکردنی زەکاتی سەرفیترە

لە ئیبنو عومەرەوە (رەزای خودا لەخۆی و لەباوکی بێ) ریوایەتکراوە دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی کردووە بە دەرکردنی زەکاتی سەرفیترە پێش دەرچوونی خەڵك بۆ نوێژی جەژن.

دروستە پەلە بکرێ رۆژێك یان دوو رۆژ پێش جەژن بدرێ بەوانەی کۆی دەکەنەوە: کە فەرمانبەری رەسمی ئەوکارەن. لەنافیعەوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: ئیبنو عومەر (رەزای خودای لێ بێ) زەکاتی سەرفیترەی دەدا بەو کەسانەی وەریان دەگرت و کۆیان دەکردەوە، ئەوانیش پێش جەژن بەرۆژێك دوو رۆژ دەیاندا بەهەژاران.[1]

سەرفیترە دەبێ هەر بدرێ بەهەژارو کەم دەرامەت، چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وەکوو لەحەدیثی ئیبنو عەبباسدا هاتووە فەرموویەتی: (وَطُعْمَةً لِلْمَسَاكِين).[2] خۆراك و بژێوە بۆ هەژاران.

---

[1] متفق عليه: سبق تخريجه.

[2] حسن: سبق تخريجه.

خێرو صەدەقەیەکە واجب نەبێ

سوننەتە موسوڵمانانی خودا پێداو زۆرو بەردەوام لەماڵو سامانی خۆیان ببەخشنو هەوڵ بدەن رەوشتی رەزیلیو چروکی لەناو خۆیاندا قەلاچۆ بکەن، چونکە پەروەردگار موسوڵمانان هەڵدەنێ بۆ بەخشینو یارمەتیدانی ئاتاجانو دەفەرموێ: {مَّثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنبُلَةٍ مِّئَةُ حَبَّةٍ وَاللّهُ يُضَاعِفُ لِمَن يَشَاء وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ — البقرة/٢٦١}: نمونەی پاداشی ئەوانەی ماڵو سامانی خۆیان لەرێگەی خودادا دەبەخشن وەکوو دەنکە دانەوێڵەیەك وایە حەوت گوڵی لێ کەوتبنەوە لەهەموو گوڵێکیشدا سەد دەنکە دانەوێڵە هەبێ، پەروەردگاریش بەویستی خۆی پاداش دووچەندانە دەکاتەوە بۆ کەسانێك کەشیاوی ئەوە بن، پەروەردگار خەزێنەی رەحمەتی بەربلاوو گوشادەو زانایە بەهەموو شتێك.

هەروا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەبارەی هەڵنانی موسوڵمانان بۆ ماڵبەخشینو کۆمەکی کردن بە ئاتاجان، دەفەرموێ: « مَا مِنْ يَوْمٍ يُصْبِحُ الْعِبَادُ فِيهِ إِلاَّ مَلَكَانِ يَنْزِلاَنِ فَيَقُولُ أَحَدُهُمَا اللَّهُمَّ أَعْطِ مُنْفِقًا خَلَفًا ، وَيَقُولُ الآخَرُ اللَّهُمَّ أَعْطِ مُمْسِكًا تَلَفًا».[1] هەموو رۆژێ کە بەندەکان رۆژیان لێ دەبێتەوە دوو فریشتە دادەبەزن یەکیان دەڵێ خودایە! ببەخشە بەو کەسەی ماڵی خۆی لەرێی رەزامەندی تۆدا دەبەخشێو یارمەتی ئاتاجان دەدا شوێنی بۆ پربکەرەوەو چەند دەبەخشێ پتری پێ بدەوە، ئەوی تریان دەڵێ: خودایە ئەو کەسەی روژدو چروکە فەوتانی ماڵو سامانی بەسەردا نازڵ بکەو خێرو خۆشی لەماڵو دارایی خۆی نەبینێ.

شیاوترین کەس: کە موسوڵمان خێری پێ بکا، خزمو کەسوکارە، چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «الصَّدَقَةُ عَلَى الْمِسْكِينِ

---

[1] متفق علیه: خ (١٤٤٢/٣/٣٠٤)، م (١٠١٠/٢/٧٠٠).

صَدَقَةٌ وَ عَلَى ذِي الرَّحِمِ ثِنْتَانِ: صَدَقَةٌ وَصِلَةٌ».[١] خێر بەهەژارێك كەخزم نەبێ هەر صەدەقەیەو بەس، بەڵام خێر بەخزمو كەسوكار هەم صەدەقەیەو هەم صیلەی رەحمە.

باسی هەج

گەورەیی‌و خێرو فەڕی حەج‌و عەمرە

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: ((اَلْعُمْرَةُ إِلَى اَلْعُمْرَةِ كَفَّارَةٌ لِمَا بَيْنَهُمَا، وَالْحَجُّ اَلْمَبْـرُورُ لَيْسَ لَهُ جَزَاءٌ إِلَّا اَلْجَنَّةَ))[٢] عومرەكردن تا عومرەیەكی تر دەبێتە كەفارەتی گوناهی نێوانیان. حەجی پەسەندو قبوڵكراو پاداشی نیە جگە لەبەهەشت، كە بەهەشت خۆی پاداشی هەرە بەرزی خودایە دەیدا بە بەندەكانی.

لە ئیبنو مەسعوودەوە (رەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « تَابِعُوا بَيْنَ الْحَجِّ وَالْعُمْرَةِ فَإِنَّهُمَا يَنْفِيَانِ الْفَقْرَ وَالذُّنُوبَ كَمَا يَنْفِي الْكِيرُ خَبَثَ الْحَدِيدِ وَالذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَلَيْسَ لِلْحَجَّةِ الْمَبْرُورَةِ ثَوَابٌ إِلاَّ الْجَنَّةُ».[٣] بەردەوام بن لەسەر ئەنجامدانی حەج‌و عومرە، چونكە ئەوان فەلاچۆی تاوان‌و هەژاری دەكەن، وەكوو چۆن ئاگرو كورەی ئاسنگەرو زێڕینگەر چڵك‌و ژەنگی ئاسن‌و زێڕو زیو لادەبەن، حەجی قبوڵكراویش پاداشی نیە جگە لە بەهەشت.

---

[١] صحيح: (ص. ج/٣٨٥٨) ، ت (٢/٨٤/٦٥٣).

[٢] متفق عليه: (٣/٥٩٧/١٧٧٣)، م (٢/٩٨٣/١٣٤٩)، ت (٢/٢٠٦/٩٣٧)، جه (٢/٩٦٤/١٨٨٨)، ن (٥/١١٥).

[٣] صحيح: (ص. ج/٢٩٠١) ، ت (٢/١٥٣/٨٠٧)، ن (٥/١١٥).

لـه ئـەبو هـورەيرەوە ڕیوایـەتكراوە، دەڵـێ: لـە پێغەمبـەرم بیـستووە دەیفەرموو: «مَنْ حَجَّ لِلَّهِ فَلَمْ يَرْفُثْ وَلَمْ يَفْسُقْ رَجَعَ كَيَوْمِ وَلَدَتْهُ أُمُّهُ».[1] كەسێك بەمەبەستی ڕەزامەندی خودا حەج بكا قسەی ناشیرینو نەشیاو نـەكاو جوێن نەدا شەڕ نەكا، تاوانی لەسەر نامێنێ وەكوو ئەو ڕۆژەی لەدایك بـووە ئـاوای لێ دێتەوە.

لـە ئیبنـو عومـەرەوە ڕیوایـەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبـەر (درووودی خـودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الْغَازِي فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالْحَاجُّ وَالْمُعْتَمِرُ وَفْدُ اللَّـهِ دَعَـاهُمْ فَأَجَابُوهُ وَسَأَلُوهُ فَأَعْطَاهُمْ»: موسوڵمانی غەزاكەر لەڕێگەی خودادا حـاجیو ئـەو كەسەی عەمرە دەكا وەفدی پەروەردگارن شاندو نوێنەرن بـۆلای خـودا، خـودا بانگی كـردوون بـەپیر بانگەوازییـەكەیـەوە چـون، داوایـان لـەخودا كـردووە ئەویش ناهومێدی نەكردوون داواكارییەكەیانی جێبەجێ كردوون.

حوكمی حەج

حـەجو عـومرە لـەماوەی تەمەنـدا یـەكجار واجـبن لەسـەر هـەموو موسوڵمانێكی بـاڵغو عـاقڵو خـاوەن توانـا. قورئـان دەفـەرموێ: {إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِّلْعَالَمِينَ، فِيهِ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ مَّقَامُ إِبْرَاهِيمَ وَمَن دَخَلَهُ كَانَ آمِنًا وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً – آل عمـران/٩٦-٩٧ }: یەكـەم خـانوو كـەبنیات نـراوە بـۆ خوداپەرسـتی ئـەو خانوومیـە لەشـاری مەككـەدا دروسـتكراوە. ئـەو خانومیـە كـە ئیـبراهیمو ئیـسماعیل بنیاتیـان نـاوە بـۆ خوداپەرسـتی، ئـەو ئاسـتانەیە سەرچـاوەی شارەزاییكردنی خەڵكە، نوێژكەرەكان لەكاتی نوێژو پاڕانەوەدا ڕوی تێدەكەنو

[1] متفـق علیـه: خ (٣/٣٨٢/١٥٢١)، م (٢/٩٨٣/١٣٥٠)، جـه (٢/٩٦٤/٢٨٨٩)، ن (٥/١١٤)، ت (٢/١٥٣/٨٠٨).

دڵی موسوڵمانانی پێوه بەندە، لەوماڵەدا نیشانەی ئاشکرای تێدان، یەکێ لەو نیشانانە شوێنی راوەستانی ئیبراهیمە تێیدا کە بۆ نوێژکردن لێی راوەستاوەو لەخودا پاڕاوەتەوە. هەرکەسێکیش تینی بۆهاتبێ‌و خۆی خستبێتە ناوی تا لەناویدا مابووبێتەوە پارێزراو بووە، پێویستیشە هەرکەسێك لە موسوڵمانان توانای دارایی‌و جەستەیی هەبوو لەماوەی تەمەنی‌دا جارێك دیدەنی ماڵی خودا بکا بەمەبەستی حەجکردن بۆ خودا، ئەمەش رێزلێنانێکی تایبەتییە بۆ ئەو خانە پیرۆزە.

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وتاری بۆ خوێندینەوە فەرمووی: «أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ قَدْ فَرَضَ عَلَيْكُمُ الْحَجَّ فَحُجُّوا»: ئەی خەڵکینە! پەروەردگار حەجی لەسەر فەرز کردوون حەجی ماڵی خودا بکەن.

پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئایا حەج کردن هەموو ساڵێ واجبە؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بێدەنگ بوو وەڵامی نەدایەوە، تا سێ جار کابرا پرسیارەکەی دوبارە کردەوە. فەرمووی: «لَوْ قُلْتُ نَعَمْ لَوَجَبَتْ وَلَمَا اسْتَطَعْتُمْ» ئەگەر بمگوتایە بەڵێ، هەموو ساڵێ حەجتان لەسەر واجب دەبوو، نەشتان دەتوانی ئەنجامی بدەن، پاشان فەرمووی: «ذَرُونِي مَا تَرَكْتُكُمْ فَإِنَّمَا هَلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ بِكَثْرَةِ سُؤَالِهِمْ وَاخْتِلَافِهِمْ عَلَى أَنْبِيَائِهِمْ فَإِذَا أَمَرْتُكُمْ بِأَمْرٍ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ وَإِذَا نَهَيْتُكُمْ عَنْ شَيْءٍ فَدَعُوهُ».[1] ئەوەی پێتان ناڵێم‌و بێدەنگیم لێ کرد مەی وروژێنن، هەموو ئەو گەل‌و نەتەوانەی پێش ئێوە بەهیلاك بردووە زۆر پرسیار کردنیان‌و سەرپێچیکردنیان بۆ فەرمانی پێغەمبەرانیان بووە، کە فەرمانم پێ کردن بەکارێك بەگوێرەی توانا پێی

[1] صحيح: (مختصر م/٦٣٩) ، م (٢/٩٧٥/١٣٣٧)، ن (٥/١١٠).

هەڵسن، ئەگەر نەهیم لێ کردن لەشتێك سەرلەبەر وازی لێ بێنن‌و توخنی مەکەون.

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « بُنِيَ الإِسْلاَمُ عَلَى خَمْسٍ شَهَادَةِ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ ، وَإِقَامِ الصَّلاَةِ ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ ، وَالْحَجِّ ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ». (١) ئایینی ئیسلام لەسەر پێنج ڕوکن بنیات نراوە، شایەتومان بەوەی هیچ خودانین جگە لە زاتی (الله) هەروا شایەتی بەوەی حەزرەتی موحەممەد پێغەمبەرە، بەجێ هێنانی نوێژ، زەکاتدان، حەجکردن، بەرۆژوو بوونی مانگی ڕەمەزان.

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «هَذِهِ عُمْرَةٌ اسْتَمْتَعْنَا بِهَا فَمَنْ لَمْ يَكُنْ عِنْدَهُ الْهَدْىُ فَلْيَحِلَّ الْحِلَّ كُلَّهُ فَإِنَّ الْعُمْرَةَ قَدْ دَخَلَتْ فِي الْحَجِّ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ». (٢) ئەمە عومرەیەکە بەشێوەی (تمتع)و سەربەخۆ ئیحرامەمان بۆی بەستووە، جا کەسێك هەدی‌و دیاری‌و قوربانی نیە با ئیحرامەکە بشکێنێ، چونکە عومرە چووەتە گەڵ حەج هەتا دونیا دونیایە.

لە (الصبی) کوڕی مەعبەدەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: هاتمە خزمەت حەزرەتی عومەر (ڕەزای خودای لێ بێ) عەرزم کرد: ئەی ئەمیری موسوڵمانان! من موسوڵمان بووم‌و وام زانیوە حەج‌و عەمرەم لەسەر واجبن، بەنیازی ئەنجامدانیان بەیەکەوە ئیحرامم بەستووە، عومەر فەرمووی: دەق بەپێی سوننەت‌و ڕێبازی پێغەمبەرت (درودی خودای لەسەر بێ) کردووە. (٣)

---

(١) متفق عليه: سبق تخريجه.

(٢) صحيح: (الإرواء/٩٨٢) ، م (١٢٤١/٩١١/٢).

(٣) صحيح: (الإرواء/٩٨٣) ، ن (٥/١٤٦)، د (١٧٢٢/٢٣٠/٥)، جه (٢٩٧٠/٩٨٩/٢).

حەجی منداڵو کۆیلە

حـەج لەسـەر منـداڵو شـێت واجـب نیـە، چـونکە پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویـەتی: «رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلاَثَةٍ عَنِ الْمَجْنُونِ حَتَّى يُفِيقَ وَعَنِ النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ وَعَنِ الصَّبِيِّ حَتَّى يَحْتَلِمَ».[1] سێ جۆر ئادەمیزاد ئەرکیان لەسەرشان نیەو موکەلەف نین، نوستوو تا بەخەبەر دێ، شێت تا شێتیەکەی لێ دەڕەوێتەوە، منداڵ تا باڵغو ڕەسیدە دەبێ، هەروا حەج لەسەر کۆیلە واجب نیە، چونکە توانای نیە نیمەی بەدەست خۆی نیە، ناچارە خزمەتکاری خەڵك بێ.

خۆ ئەگەر منداڵ یان کۆیلە بۆیان ڕێکەوت حەجیان کرد، حەجەکەیان صەحیحە، بەڵام لەبری حەجی واجبیان ناکەوێ، هەرکاتێ کۆیلەکە ئازاد بوو، یان منداڵەکە ڕەسیدە بوو، مەرجی حەجیان تێدا هاتە دی دەبێ حەج بکەن.

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: ئافرەتێك منداڵێکی بردە حزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عەرزی کرد ئاخۆ ئەم بۆ ئەوە دەشێ حەجی پێ بکەم؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: (نعم ولك أجر) بەڵێ ئەگەر حەجی پێ بکەی خێرت دەگاتێ.[2]

هەر لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أَيُّمَا صَبِيٍّ حَجَّ فَعَلَيْهِ حَجَّةٌ أُخْرَى ، وَأَيُّمَا عَبْدٍ حَجَّ ، ثُمَّ أُعْتِقَ فَعَلَيْهِ حَجَّةٌ أُخْرَى».[3] هەر منداڵێك حەجی کرد پاشان ڕەسیدە بوو توانای حەجکردنی هەبوو حەجێکی تری لەئەستۆیە، هەر کۆیلەیەك

---

[1] لەوەپێش تێپەڕی.

[2] صحيح: (مختصر م/٦٤٨) ، م (٢/٩٧٤/١٣٣٦)، د (١٧٢٠/١٦٠/٢)، ن (٥/١٢٠).

[3] متفق عليه: خ (٤/٦٦/١٨٥٥)، م (٢/٩٧٣/١٣٣٤)، ت (٢/٢٠٣/٩٣٢)، د (٥/٢٤٧/١٧٩٢)، ن (٥/١١٧).

حەجی کرد دوایی ئازاد کرا حەجێکی تری لەسەرە، واتە حەجی پێشویان بری حەجی فەرز ناکەوێ.

توانای دارایی بۆ ئەنجامدانی حەج

هەر کەسێك توانای جەستەیی‌و ماڵ‌و دارایی چون‌و هاتنەوەو پێداویستی ژیانی خۆی‌و ماڵ‌و منداڵی هەبوو لەو ماوەیەدا ڕێگاوبانیش ئەمین بوون ئەوە حەجی لەسەر واجب بووە. (ئیستیطاعە) هاتۆتە دی. بەمەرج گرتنی لەشساغی بەپێی حەدیثی ئیبنو عەبباسە: کە دەفەرموێ: ئافرەتێکی خەثعەمی هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عەرزی کرد ئەی رەوانەکراوی خودا باوکم حەجی لەسەر واجب بووەو پیرێکی پەککەوتەو بەساڵاچووە، ناتوانێ خۆ بەسەر وڵاخەوە رابگرێ، ئایا لەجیاتی ئەو حەج بکەم؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: (حجّي عنه). بەڵێ لەباتی ئەو حەج بکە.[1]

بەمەرجگرتنی ئەوە کەدەبێ کابرا ئەوەندەی هەبێ زیاد لەبژێوی خۆی‌و ئەوانەی بژێویان لەئەستۆی ئەوە بتوانێ تا دەچێ‌و دێتەوە پەکیان نەکەوێ، چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « كَفَى بِالْمَرْءِ إِثْمًا أَنْ يُضَيِّعَ مَنْ يَقُوتُ». بەسە بۆ پیاو لەتاوانباری کە ئەوانەی بژێویان لەسەر ئەوە بیانفەوتێنێ‌و توشی برسییەتی‌و ئاتاجییان بکا.

بەمەرجگرتنی ئاسایشی ڕێگاوبان، لەبەر ئەوەیە: کە بەواجبگێڕانی حەج لەگەڵ نەبوونی ئەمن‌و ئاسایشی ڕێگەوبان زیانبەخش‌و خۆخستنە ناو هیلاکەتە. ئەمەش شەرع پەسەندی ناکا.

---

[1] متفــق عليــه: خ (٤/٦٦/١٨٥٥)، م (٢/٩٧٣/١٣٣٤)، ت (٢/٢٠٣/٩٣٢)، د (٥/٢٤٧/١٧٩٢)، ن (٥/١١٧).

حەجکردنی ئافرەت

هەرکاتێك مەرجەکانی ئیستیطاعە لە ئافرەتدا هاتنەدی، حەجی لەسەر پێویست دەبێ وەکوو پیاو، وەڵێ مەرجێکی تر هەیە دەبێ بۆ ئافرەت بێتەدی، ئەویش ئەوەیە دەبێ مێردی یان پیاوێکی مەحرەمی لەتەکدا بێ، ئەگەر ئەم مەرجەی نەیەتەدی ئەوە ئیستیطاعەی بۆ دەستەبەر نەبووە حەجی لەسەر فەرزنیە.

لە ئیبنو عەبباسەوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: بیستم پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ يَخْلُوَنَّ رَجُلٌ بِامْرَأَةٍ إِلاَّ وَمَعَهَا ذُو مَحْرَمٍ وَلاَ تُسَافِرِ الْمَرْأَةُ إِلاَّ مَعَ ذِي مَحْرَمٍ». با پیاو لەگەڵ ئافرەتی بێگانەدا خەڵوە نەکا بەبێ ئەوەی ئافرەتەکە مەحرەمی لەگەڵ بێ، با ئافرەت سەفەر نەکا مەگەر لەگەڵ مەحرەمدا بێ، لەوکاتەدا پیاوێك هەڵسایە سەرپێو وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ژنەکەم بەڕێ کەوتووە بۆ حەجو بۆ خۆشم ناونووس کراوم بۆ فلان غەزا. پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «انْطَلِقْ فَحُجَّ مَعَ امْرَأَتِكَ». بڕۆ فریابکەوە بگەرە ژنەکەتو لەگەڵ ئەودا حەج بکە.[1]

حەج نابێ دوابخرێ

پێویستە لەسەر ئەوکەسەی کە توانای حەجکردنی هەیە حەج دوانەخاو هەر ئەو ساڵە خۆ ئامادەبکاو بەڕێ بکەوێ بۆ ئەنجامدانی حەجەکەی. چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەفەرموێ: «مَنْ أَرَادَ الْحَجَّ فَلْيَتَعَجَّلْ فَإِنَّهُ قَدْ يَمْرَضُ الْمَرِيضُ وَتَضِلُّ الضَّالَّةُ وَتَعْرِضُ الْحَاجَةُ»[2]: کەسێك بەنیازی حەج بوو با پەلەبکاو دوای نەخا. چونکە لەوانەیە نەخۆش بکەوێو نەتوانێ حەج

---

[1] متفق عليه: خ(٣٠٠٦/١٤٢/٦)، م(١٣٤١/٩٧٨/٢) واللفظ له.

[2] فقه السنة ج١/٥٤٩.

بكا، وێدەچێ ماڵو سامانو راحیلەکەی لێ گوم ببێ، یان بەربەستێکی بۆ بێتە پێشەوە رێگربێ لە حەجکردنەکەی.

کاتو شوێنی حەجکردن. (ألمواقيت)

مواقیت: کۆی (میقات)ە میقاتیش دوو جۆرە (زەمانیو مەکانی)

میقاتە زەمانییەکان

پەروەردگار دەفەرموێ: {يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ – البقـرة/١٨٩} پرسـیارت لێ دەکـەن دەربـارەی مـانگ کـە ئـەو هـەموو گۆڕانکارییـەی بەسـەردادێ دەمێـك باریـكو پـچوکەو دەمێـك دەبێتـە نیـوە کەوانەیی دوایی وردە وردە دەبێتە کەوانەیی تەواوو خشت دەبێ! پێیـان بڵێ: ئەوە نیشانەیە بۆئەوەی خەڵك کاتەکانی خۆیانی پێ دیاری بکـەن بەتایبـەتی وەرزی حەج.

یان دەفەرموێ: {الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ – البقـرة/١٩٧}: کاتـەکانی حـەج چەند مانگێکی دیاریکراون، مانگی شەوالو ذیلقەعیدەو دەشەوی ذیلحیجەن.

ئیبنو عومەر (رەزای خودا لەخۆیو لەباوکی) فەرموویـەتی: مانگـەکانی حەج شەشەلانو ذیلقەعیدەو دەرۆژی ذیلحیجەن.[1]

میقاتە مەکانییەکان

لە ئیبنو عەبباسەوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسـەر بـێ) زولحولەیفـەی بەشـوێنی ئیحـرام بەسـتنی دانیـشتوانی مەدینـە دەستنیشان کـرد. بـۆ خـەڵکی وڵاتـی شـام (ألجحفـة)ی دانـا. بـۆ خـەڵکی وڵاتـی

---

[1] صحيح الأسناد: (مختصر خ/٣١١، ص/٣٧٢)، خ(٣/٣١٩) تعليقاً.

نەجد (قرن المنازل)ی دیاری کرد. بۆ خەڵکی وڵاتی یەمەن (یَلَملَم)ی کرد بەشوێنی ئیحرام بەستن. فەرمووی: ئەم شوێنانە میقاتن بۆ خەڵکی ئەو شوێنانەو بۆ ئەوانەی بەسەر ئەواندا دێن لەدانیشتوانی وڵاتی تر بۆ حەجو عەمرە، کەسێکیش لەودیو ئەو شوێنانەوە بن، ئەوە لەشوێنی خۆیەوە ئیحرام دەبەستێو دەست دەکا بەحەجکردن تەنانەت بۆ دانیشتوانی مەککە خودی مەککە میقاتەو لەوێدا ئیحرام دەبەستێ.(١)

لەخاتو عائیشەوە ریوایەتکراوە، فەرموویەتی: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بۆ خەڵکی وڵاتی عێراق (ذات عرق)ی کردوە بە میقات.(٢)

هەرکەسێك ویستی بە مەبەستی حەجو عومرە بچێ بۆ مەککە نابێ لەو میقاتو شوێنە دیاریکراوانە بەبێ بەستنی ئیحرام تێپەڕێ، مەکروهیشە پێش ئەوەی بگاتە ئەو شوێنانە ئیحرام ببەستێ هەموو ئەو حەدیثانەی ریوایەتکراون دەربارەی هەڵنانی موسوڵمانان بۆ ئیحرام بەستن پێش ئەوەی بگەنە ئەو شوێنو میقاتانە صەحیح نین. بەڵکوو فەرموودەی پێچەوانەی ئەو حەدیثانە ریوایەتکراون.(٣)

ئەو فەرموودەی ئیمام مالیك چەند جوانە، کە بەو کابرایەی فەرموو: کە دەیەویست پێش ئەوەی بگاتە (زولحولەیفە) ئیحرام ببەستێ.

ئەوەبوو پێی فەرموو: ئیحرام پێش گەیشتن بە میقات مەبەستە من ترسی ئەوەم هەیە تووشی فیتنە ببێ، کابرا وتی: چ فیتنەیەك لەمەدا هەیە؟ چەند میلێکە زیادی دەکەم، ئیمام مالیك پێی فەرموو: چ فیتنەیەك لەوە گەورەترە ئەتۆ وابزانی فەضیلەو خێرێکت دەست خۆ خستووە، پێغەمبەر

---

(١) متفق علیه: خ(١٥٢٤/٣٨٤/٣) وهذا لفظه. م(١١٨١/٨٣٨/٢)، د(١٧٢٢/١٦٢/٥)، ن(١٢٣/٥).

(٢) صحیح: (الإرواء/٩٩٨)، د(١٧٢٣/١٦٣/٥) هکذا مختصراً، ن(١٢٥/٥).

(٣) بروانە سلسیلة الأحادیث الضعیفة: ٢١٠/٢١٢.

(درودی خودای لەسەر بێ) نەیتوانیوە بیکا.؟ من ئایەتی قورئان دەبیستم کە دەفەرموێ: {فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ – النور/٦٣} با ئەوانەی سەرپێچی فەرمانەکانی پێغەمبەر دەکەن بترسن لەوەی تووشی فیتنەیەك ببن، یان سزایەکی بەئێش یەخەیان بگرێ.

تێپەڕبوون لە میقات بەبێ ئەوەی ئیحرام ببەستێ

کەسێك بەنیازی حەج و عومرە دەیەویست بچێ بۆ مەککەو بەبێ ئەوەی ئیحرامی بەستبێ لە میقات تێپەڕی، ئەمجار ئیحرامی بەست، بێگومان تاوانی ئەنجامداوە، ئەو تاوانەی لەکۆڵ ناکەوێ مەگەر بگەڕێتەوە بۆ میقات و لەوێ ئیحرام ببەستێ و ئەمجار دەست بکا بە نوسوك و کارەکانی حەج و عومرە. ئەگەر نەگەڕایەوە نوسوك و کارەکانی صەحیحن بەڵام تاوانێکی ئەنجام داوە. فیدیەو سەربڕینی ئاژەڵیشی لەسەر نیە، ئاماژە بە حەدیثی صەفوانی کوڕی یەعلا، کە تێیدا هاتووە: یەعلا بە حەزرەتی عومەری گوت ئەو شوێنەم نیشان بدە: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نیگای بۆ هات؟ حەزرەتی عومەر فەرمووی: لە کاتێکدا پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لە (الجعرانة) بوو کۆمەڵێکیشی لە هاوەڵانی لەخزمەتدا بوو، پیاوێك هاتە خزمەتی وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! تۆ چی دەفەرمووی: دەربارەی پیاوێك ئیحرامی بە عومرە بەستووەو بۆنێکی زۆری لەخۆی داوە؟ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ساعەتێك بێدەنگ بوو، پاشان نیگای بۆ هات، حەزرەتی عومەر ئاماژەی بۆ یەعلا کرد، یەعلا هات، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پارچە قوماشێکی بۆ کرابوو بەچادر سێبەری لێ کردبوو حەزرەتی عومەر سەری بردە ژێر چادرەکە بینی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) روخساری سوور هەڵگەڕاوە قوڵ بۆتەوە لەوەرگرتنی نیگادا، پاشان ئەو

حاڵەتەی ئەما، فەرمووی: کوا ئەو کەسەی پرسیاری دەربارەی عومرە کرد؟ کابرایان هێنایە خزمەتی. پێی فەرموو: «اغْسِلْهُ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ وَأَمَّا الْجُبَّةُ فَانْزِعْهَا ثُمَّ اصْنَعْ فِي عُمْرَتِكَ كَمَا تَصْنَعُ فِي حَجِّكِ».[1] ئەو بۆن و ئارایشەی لەخۆت داوە بیشۆرەوە جوببەکەت دابکەنە، پۆشاکی دوورواوت لەبەردانەبێ. کاروباری حەج چۆن دەکەی ئاوایش لە عومرەکەتدا رەفتار بکە.

بێگومان ئەم حەدیثە بەئاشکراو رون دەلالەت دەکا لەسەرئەوە کەسێك سەرپێچییەك بکا لە سەرپێچییەکانی ئیحرام هەر ئەوەندەی لەسەرە واز لە سەرپێچییەکەی بێنێ، چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی بەکابرا خۆ ئارایشتکەرو جوببە لەبەرەکە نەکرد بەهیچ فیدیەو فەرمبویەك جگەلەوەی خۆبشواو بۆنەکەی پێوە نەمێنێو جوببەکەشی دابکەنێو دەست بکا بە نوسوكو کاروباری حەجو عومرە.

خۆ ئەگەر سەربڕینی ئاژەڵ بۆ فەرمبوی ئەو سەرپێچییە واجب بوایە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی بەکابرا دەکرد بیکا، چونکە قاعیدەیەکی ئوصوڵییە {لا يجوز تأخير البيان عن وقت الحاجة والحاجة قائمة} نابێ رێنموییو رونکردنەوەی شەریعەت لەکاتی پێویستی دوابکەوێ لە حاڵێکدا پێویستی بەرێنموویی هەبێو نەکرێ.

ئیحرام بەستن لەمیقات

ئەگەر نیازی ئیحرام بەستنی بوو دەیەویست بەشێوەی قیران واتە: ئیحرام بە حەجو عومرە پێکەوە ببەستێ، (هدی) لەگەڵ بردبوو ئەوە نیەتی حەجو عومرە دێنێو دەڵێ: (لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ بِحَجَّةٍ وَعُمْرَةٍ). خۆ ئەگەر هەدیی نەبردبوو، ئەگەر (هیی) لەگەڵ خۆی نەبردبوو، - ئەمەش پەسەندە –

[1] متفق عليه: خ(١٥٣٦/٣٩٣/٣)، م(١١٨٠/٨٣٦/٢)، د(١٨٠٢-١٨٠٣-١٨٠٤/٢٦٥/٥).

ئیحرام بەعەمرە دەبەستیّ‌و بەس. پێویستە بڵێ: (لَبَّيْـكَ اللَّهُـمَّ بِعُمْـرَةٍ). جا ئەگەر لەوەپێش تەلبیەی تەنیا بەحەج کردبوو ئەوە دەبێ هەڵیوەشێنێتەوەو بیکات بە عومرە، چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی بەهەموو هاوەڵانی کرد: کە تەواف‌و سەعییەکانیان بکەن بەعومرە. مەگەر کەسێك (هدی) هێنابێ هەروەها چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ)، لە هەڵوێستی ئەوانەش نارازی بوو کە دەست لەعاست بەبیستنی فەرمانەکەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) رانەسان‌و کەمتەرخەمییان کرد. پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) جەختی ئەمەی کردوە کە فەرمووی: «دَخَلَتِ الْعُمْرَةُ فِي الْحَجِّ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ». ئەم دەقە بەڕوونی ئەوە دەگەیەنێ کە عومرە بەشێکی جیانەبوەوەی حەجەو لەو هەڵناوێردرێ.

هەروا پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « لَوْ اسْتَقْبَلْتُ مِنْ أَمْرِي مَا اسْتَدْبَرْتُ مَا سُقْتُ الْهَدْيَ». ئەگەر جارێکی تر حەج بکەمەوە، ئەوەی توشم هات‌و تێپەڕی بێتەوەڕێم، ئیتر (هەدی) لەگەڵ خۆم نابەم بەشێوەی قیران ئیحرام بە حەج‌و عومرە نابەستم، ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کەبەهۆی ئیحرام بەستنی بەشێوەی قیران رەغبەتێکی خۆی لەدەست دابێ. بەڵکوو ئاماژەیە بەوە: کە حەجکردن بەشێوەی (تمتع) پەسەندترە لەشێوەی قیران هەموو حاجییەك دەبێ لەگەڵ جێبەجێ کردنی حەج عومرەش ئەنجام بدا یان عومرەکە پێش حەج دەخا ئەگەر هەدی نەبردبێ، ئەمە پێی دەڵێن: (تمتع)، یان ئیحرام بەهەردووکیان دەبەستێ چونکە هەدی هێناوە بەمەش دەگوترێ (قیران) هەر شێوەیەك لەم دوو شێوە حەج‌و عومرە هەڵبژێرێ پەسەندەو موافیقی سوننەت‌و رێنمویی پێغەمبەرە (درودی خودای لەسەر بێ) وەکوو لەپێشەوە رونمان کردەوە.

ماوەتــەوە ئــەوە بـزانين پێويـسته لەسـەر ئـەو كەسـەی ئيحـرام بەسـتنی بەشـێوەی (موفريـد) يـان بەشـێوەی (قـيران) بـێ‌و (هـەدی) لەگـەڵ خـۆی نـەهێنابێ – دوای تـەواف‌و سـەعی نێـوان صـەفاو مـەڕوە ئيحـرام بـشكێنێ، چـونكە ئيحـرام بەسـتوو بـە حـەج‌و عـومرە كـاتی ئـەوەی بەدەسـتەوە نابـێ ئيحـرام بـشكێنێ‌و ئـەمجار ئيحـرام بەحـەج ببەسـتێ پـێش ئـەوەی كـاتی راوەسـتانی عەرەفـە تێپـەڕێ. لەسـەر ئـەم بنەمايـە، دروسـت نيـە بـۆ كەسـێك ئيحرام بە (موفريد)ی ببەستێ يان بەشێوەی (قيران) و (هەدی) نـەهێنابێ: كە ئيحرامەكەی بشكێنێ ئيللا دوای شەيتان رەجم كردن رۆژی جەژن، ئەگەر كـاتی ئـەوەی لەبەردەمـدا نـەبوو بـۆ ئيحـرام شـكاندن‌و ئيحـرام بەسـتنەوەی سەرلەنوێ.

نموونـەی ئەمـە كەسـێك شـەوی نۆيـەم گەيـشتە مەككە، ترسـی ئـەوەی هەبوو راوەستانی عەرەفەی لەكيس بچێ لەبەر ماوە كـەمی‌و نزيكبوونـەوەی بەرەبەيان‌و دەركەوتنی فەجر، ئەم كابرايە واجبە لەسەری خێرا بكەوێتـەڕێ بـۆ كێـوی عەرەفـە بۆئـەوەی راوەسـتانی عەرەفـەی لـەكيس نەچـێ‌و هـەموو حەجەكەی بفەوتێ، ئا لەم كاتەدا حەجكردن بەشێوەی (ئيفـراد) لـە حاڵەتی ئـاوادا دروسـتەو مەشـروعە بـەڵام لـە سـنورێكی زۆر تەسـكدا. جـا ئەگـەر حاجيـيەك بەبێ ناچاری بەشێوەی ئيفراد حەجی كرد بەشێوەی (تەمـەتوع‌و قـيران) نـەيكرد ئـەوە گوناحبـار دەبـێ چونكە پابەنـدی فـەرمانی پێغەمبـەر (درودی خـودای لەسـەر بـێ) نـەبوە - كـە فـەرمانی بـە هـاوەڵانی كـرد حەجەكـەيان بگـۆڕن بـە عـومرە – بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا حەجەكـەی صەحيحە.[1]

[1] ارشاد الساری للشيخ محمد ابراهيم شقره.

*** دروستە حاجی لەکاتی ئیحرام بەستندا ئەوە بەمەرج دانێ: کە کاتێ بوەهۆی نەخۆشیو شتی واوە نەیتوانی درێژە بەکارەکانی حەج بدا ئیحرامەکەی شکابێ.**

لەخاتو عائیشەوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) چووە لای (ضباعة)ی کچی زوبەیر پێی فەرموو: «أَرَدْتِ الْحَجَّ». دەتەوێ بچی حەج بکەی؟ وتی: خۆم بەنەخۆش دەزانم لەوانەیە توشی ئازارێك بم. پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «حُجِّي وَاشْتَرِطِي، قُولِي اللَّهُمَّ مَحِلِّي حَيْثُ حَبَسْتَنِي»[1] بچۆ بۆ حەجەکەتو مەرج دابنێ، بڵێ: خودایە لەهەر شوێنێك توشی نەخۆشی بووم ئیحرامم شکابێ. جا کەسێك ئەوەی بەمەرج گرتو ئاوا نیەتی هێناو ئیحرامی بەست لەهەر شوێنێكو هەرکاتێك نەخۆشیو شتی وا حەبسی کرد یان دوژمنو شتی وا رێی لێ گرت، ئەوە ئیحرامی تەواو دەبێو لەئیحرام دەردەچێو ئاژەڵ سەربڕینیشی لەسەرنیە.

ئەگەر کەسێك ئەو مەرجەی دانەناو ئاوا نیەتی نەهێنا، هەرکاتێ لەمپەڕی بۆ دروست بوو حەجی بۆ تەواو نەکرا ئەوە دەبێ ئاژەڵێك سەرببڕێ. چونکە خودا دەفەرموێ: {فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ – البقرة/١٩٦}: ئەگەر گیرۆدەبوونو لەمپەڕتان هاتە پێش، ئەوە چیتان بۆ دەستەبەربوو لە ئاژەڵ سەری ببڕن، ئەو حەیوانەی سەری دەبڕن دەبێ (حوشتر، رەشە وڵاخ، مەڕو بزن) بێ کامەتان دەست کەوت بەکەڵك دێ. ئەگەر بزنو مەڕ پەیدابوو باشە. حوشترو رەشە وڵاخ باشترە ئەگەر ئاژەڵ دەست

---

[1] متفق علیه: (٩/١٣٢/٥٠٨٩)، م(٢/٨٦٧/١٢٠٧)، ن(٥/١٦٨).

نەکەوت، دەبێ (دە) ڕۆژ بەڕۆژوبێ وەکوو ئەو حاجییەی بەشێوەی (تمتع) ئیحرام دەبەستێو ئاژەڵی دەست ناکەوێ سەری ببڕێ.

چۆنیەتی حەجی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ)

ئیمامی موسلیم بەشێوە رشتەو سەنەدی خۆی ریوایەتی کردوە لە جەعفەری کوڕی موحەممەد ئەویش لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێ: چوینە خزمەت جابیری کوڕی عەبدوڵلا یەکە یەکە لە خەڵکەکەی پرسی تا سەرە گەیشتە من، عەرزم کرد من موحەممەدی کوری عەلی کوڕی حوسەینم. ئیتر دەستی شۆڕ کردەوە بۆ سەرم قۆپچەی لای سەرو لای خواروی دەرهێنام، پاشان بەری دەستی خستە سەر نێوان دوو گۆی مەمکم، ئەو دەمە من گەنج بووم فەرمووی: بەخێرهاتی ئەی برازای خۆم، پرسیاربکە چیت گەرەکە بڵێ: پرسیارم لێ کرد، ئەوکاتە ئەو نابینابوو، کاتی نوێژ هات، هەڵسا بۆ بەجێهێنانی، پارچە قوماشێکی لەخۆوە هاڵاندبوو، هەرکاتێ هەڵی دەدایەوە بۆسەر شانی، لەبەر تەسكو تروسکی قەراخەکانی بۆلای خۆی دەگەڕانەوە. ریداکەشی بەسەر سێ پایەکەوە بوو پێشنوێژی بۆکردین، پاشان عەرزم کرد پێم بڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) چۆن حەجی کرد؟ بەدەستی ئامازەی کردو نۆ پەنجەی گرێدان؛ ژماردنی، پاشان فەرمووی: بێگومان پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نۆساڵ لەمەدینە مایەوە حەجی نەکرد، پاشان لەساڵی دەیەمدا بەناو موسوڵماناندا بڵاوی کردەوە کە نیازی حەجی هەیە، لەهەموو لایەکەوە خەڵك رژایە ناو مەدینەوە هەموویان دەیانەویست لەخزمەتیدا حەج بکەن، شوێنی بکەونو چاوی لێ بکەن لە ئەنجامدانی کاروباری حەج ئێمە لەخزمەتیدا لەمەدینە دەرچوینو کەوتینەڕێ تا گەیشتینە (ذولحلیفە).

لەوکاتە خاتو ئەسماء کچی عومەیس، موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکری بە وەلەد هێنا. ناردی بۆلای پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئاخۆ چی بکا؟ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرمووو: « اغْتَسِلِي وَاسْتَثْفِرِي بِثَوْبٍ وَأَحْرِمِي». مِثْلَ « لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ لَبَّيْكَ لاَ شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْكَ إِنَّ الْحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ لَكَ وَالْمُلْكَ لاَ شَرِيكَ لَكَ ». خۆت بشۆرە، تۆپەوانەیەك بخەرە سەر ئەوشوێنەی خوێنی لێ دێ بە پەڕۆیەکی پان لەپێشەوەو لەدواوە شەتەکی بدە، نیەت بێنەو ئیحرام ببەستە. پاش ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە موسوڵمانان بۆ حەجکردن پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لە مزگەوتدا نوێژی کرد، پاشان سواری حوشترەکەی بوو کە ناوی (قەصوا) بوو، کە تەشریفی بەسواری حوشترەکەی کەوتەڕێو لەمەدینە دەرچوو، لە بەیداء روانیم هەتا چاو بڕبکا لەپێشەوەی، موسوڵمانان بەسواریو بە پیادەیی جمەیان دەهات لەلای راستییەوە بەهەمان شێوە، لەلای چەپیەوە هەروا لەدوواوەی بەهەمان شێوە، ئەم خەڵکە زۆرو قەرەباڵغە کەوتبوەڕێ، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەناوماندا بوو، نیگای قورئانی بۆسەر دادەبەزیو دەیزانی ماناو تەئویلی چۆنەو مەبەست چیە. هەر کردارێکی بکردایە ئێمە چاومان لەئەو دەکردو وەکوو ئەو رەفتارمان دەکرد. ئەوەبوو دەستی کرد بە (لبێك) گوتن فەرمووی: «لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ لَبَّيْكَ لاَ شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْكَ إِنَّ الْحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ لَكَ وَالْمُلْكَ لاَ شَرِيكَ لَكَ». خەڵکەکەش تێکڕا ئەم تەلبییەیان دەگوتو پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) هیچ رەتدانەوەو ناڕەزامەندییەکی دەرنەبڕی بەرامبەریانو لەسەر تەلبیە کردنی خۆی بەردەوام بوو.

جابیر دەفەرموێ: ئێمە تەنها نیازی حەجمان هەبوو نیەتی حەجمان هێنابوو، نەماندەزانی عومرە چیە، هەتا لەخزمەتیدا گەیشتینە کەعبە،

دەستی هێنا بەروكنی یەمانیدا، ئەمجار سێجار بە نەرمەراكردنو شان هەڵتەكاندن بەدەوری كابەدا سوڕایەوە چوار جاریش بەشێوە ڕۆیشتن، ئەمجار چوو بۆ مەقامی ئیبراهیم (سڵاوی خودای لێ بێ)و ئایەتی (وَاتَّخِذُوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى)ی خوێندەوە ئەمجار وایكرد مەقامی ئیبراهیم بكەوێتە نێوان ئەوو كەعبە، دوركاتی نوێژكرد – باوكم دەیگوت: هەر لە پێغەمبەریشەوە ڕیوایەتی دەكرد – پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەو دوو ركاتە نوێژەدا سورەتی (قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ)و سورەتی (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ)ی دەخوێند. پاشان گەڕایەوە بۆلای روكنو ماچی كردەوە، ئەمجار بەرەو صەفا ڕۆیی، كە لەصەفا نزیك بووە ئایەتی {إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ – البقرة/١٥٨} خوێندەوەو فەرمووی: « أَبْدَأُ بِمَا بَدَأَ اللَّهُ بِهِ ». دەست دەكەم بەو شوێنەی خودا خستویەتیە پێشەوە، لەسەرەتاوە لە گردی صەفاوە دەستی كرد بە هەڕوەلەو پێیدا هەڵگەڕا هەتا چووە سەری‌و كەعبەی لێ دەركەوت، روی كردە قیبلەو تەوحیدو تەكبیری كردو فەرمووی: « لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ أَنْجَزَ وَعْدَهُ وَنَصَرَ عَبْدَهُ وَهَزَمَ الأَحْزَابَ وَحْدَهُ ». پاشان دوعاو پاڕانەوەی كردو تەوحیدو تەكبیری دوبارە كردەوە، لەنێوان هەر جارێكی تەوحیدو تەكبیرەكەیدا دەپاڕایەوەو دوعای دەكردن تا سێجار، ئەمجار لە صەفاوە دابەزی بەرەو گردی (مروە) ڕۆیی، كە قاچی لەناو شیوەكە دانا سنگی لەهەورازدا دەستی كرد بە هەروەلەكردن تا سەركەوت، ئەمجا چووە سەرگردی (مروة) لەوێش چی لەسەر گردی صەفا گوتبوو، دووبارەی كردەوە هەتا دوا تەوافی لەسەر گردی مەڕوە كۆتایی پێ هێنا. ئەمجار فەرمووی: «لَوْ أَنِّي اسْتَقْبَلْتُ مِنْ أَمْرِي مَا اسْتَدْبَرْتُ لَمْ أَسُقِ الْهَدْيَ وَجَعَلْتُهَا عُمْرَةً فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ لَيْسَ مَعَهُ هَدْيٌ فَلْيَحِلَّ وَلْيَجْعَلْهَا عُمْرَةً». تازە لەدەستم چوو، ئەگینا دیاری بەیتم لەگەڵ خۆم

نەدەهێنا، دەمکرد بەعومرە، جا هەرکەسەتان کە دیاری پێ نیە با ئیحرام بشکێنێ‌و بیکا بە عومرە.

سوراقەی کوڕی مالیك هەڵسا وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەمە هەر بۆ ئەمساڵ وایە یان بۆ هەتا هەتایەبەردەوام دەبێ؟ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پەنجەکانی خۆی تێك پەڕاندو دوجار فەرمووی: عومرە تێکەڵی حەج بوو بۆ هەتاهەتایە. ئیمامی عەلیش لەیەمەنەوە حوشتری قوربانی هێنابوو بۆ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ). عەلی کەهات ڕوانی فاطیمە (ڕەزای خودای لێ بێ) ئیحرامی شکاندووە پۆشاکی ڕەنگاو ڕەنگی پۆشیوەو چاوەکانی ڕشتون، جا گوتی: ئەمە چیە؟ فاطیمە وتی: باوکم فەرموویەتی: وا بکەن. دەڵێ کاتێ عەلی لەعێراق بوو دەیگوت: چووم بۆلای پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) تا لە فاطیمەی تورە بکەم کە بۆ وای کردووە ومبۆ چوونە بنج‌و بناوانی ئەو قسەیەش کە گوتی باوکم فەرموویەتی وا بکەن، هەر لێم پرسی‌و عەرزیشم کرد کە من ئەو کارەی ئەوم پێ خۆش نەبوو، ئیتر حەزرەت فەرمووی: « صَدَقَتْ صَدَقَتْ مَاذَا قُلْتَ حِينَ فَرَضْتَ الْحَجَّ». بەڵێ فاطیمە راست دەکا، من خۆم پێم گوتووە، ئەی تۆ، کە ئیحرامی حەجت دابەست چیت گوت؟ وتی: گوتوومە: ئەی خودایە ئەوا نیەتی حەجم هێنا لەسەر ئەو نیەتەی کە پێغەمبەری تۆ دەیهێنێ، فەرمووی: « فَإِنَّ مَعِيَ الْهَدْيَ فَلاَ تَحِلُّ ». دەی کەوابێ من (هەدی) دیاری کەعبەم لەگەڵ خۆم هێناوە. تۆیش ئیحرام مەشکێنە، ئەو کۆمەڵە (هەدی)یەی عەلی لە یەمەنەوە هێنابوونی‌و لەگەڵ ئەو (هەدی)یانەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەگەڵ خۆی هێنابوونی سەد حوشتر بوون. وتی: ئیتر خەڵکەکە هەموویان ئیحرامیان شکاندو مووی سەریان کورت کردەوە، جگە لە پێغەمبەرو ئەوانەی دیاری کەعبەیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، جا کەڕۆژی (تەرویە) هات کە

ڕێکەوتی هەشتی مانگی ذیلحیجەیە، بەرەو مینا ڕۆیشتن‌و ئیحرامی حەجیان بەست، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) سواربوو، نوێژی نیوەڕۆو عەصرو شێوان‌و خەوتنان‌و بەیانی لەوێ کرد. ئەمجار کەمێك مایەوە هەتا خۆر کەوت. فەرمانی دا کەبچن لە (نەمیرە) دەوارێکی بۆ هەڵبدەن، جا کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بەڕێ کەوت، قوڕەیش پێیان وابوو: کە پێغەمبەریش (درودی خودای لەسەر بێ) وەکوو سەردەمی نەفامی ئەمان لە مەشعەرولحەرام دەوەستێ، بەڵام پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەوێ ڕەتبوو نەوەستا تا چووە نزیکی عەرەفە، ڕەوانی لە (نەمیرە) دەوارەکەیان بۆ هەڵداوە، ئتر لەوێ دابەزی‌و مایەوە تاخۆر لایدا. ئەوجار فەرمانی کرد قەصوایان بۆ زین کردو چوو بۆ ناو پانتایی شیوەکەو وتارێکی بۆ خەڵکەکە داو فەرمووی:

«إِنَّ دِمَاءَكُمْ وَأَمْوَالَكُمْ حَرَامٌ عَلَيْكُمْ كَحُرْمَةِ يَوْمِكُمْ هَذَا فِي شَهْرِكُمْ هَذَا فِي بَلَدِكُمْ هَذَا أَلاَ كُلُّ شَيْءٍ مِنْ أَمْرِ الْجَاهِلِيَّةِ تَحْتَ قَدَمَيَّ مَوْضُوعٌ وَدِمَاءُ الْجَاهِلِيَّةِ مَوْضُوعَةٌ وَإِنَّ أَوَّلَ دَمٍ أَضَعُ مِنْ دِمَائِنَا دَمُ ابْنِ رَبِيعَةَ بْنِ الْحَارِثِ كَانَ مُسْتَرْضِعًا فِي بَنِي سَعْدٍ فَقَتَلَتْهُ هُذَيْلٌ وَرِبَا الْجَاهِلِيَّةِ مَوْضُوعٌ وَأَوَّلُ رِبًا أَضَعُ رِبَانَا رِبَا عَبَّاسِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ فَإِنَّهُ مَوْضُوعٌ كُلُّهُ فَاتَّقُوا اللَّهَ فِي النِّسَاءِ فَإِنَّكُمْ أَخَذْتُمُوهُنَّ بِأَمَانِ اللَّهِ وَاسْتَحْلَلْتُمْ فُرُوجَهُنَّ بِكَلِمَةِ اللَّهِ وَلَكُمْ عَلَيْهِنَّ أَنْ لاَ يُوطِئْنَ فُرُشَكُمْ أَحَدًا تَكْرَهُونَهُ. فَإِنْ فَعَلْنَ ذَلِكَ فَاضْرِبُوهُنَّ ضَرْبًا غَيْرَ مُبَرِّحٍ وَلَهُنَّ عَلَيْكُمْ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَقَدْ تَرَكْتُ فِيكُمْ مَا لَنْ تَضِلُّوا بَعْدَهُ إِنِ اعْتَصَمْتُمْ بِهِ كِتَابَ اللَّهِ. وَأَنْتُمْ تُسْأَلُونَ عَنِّي فَمَا أَنْتُمْ قَائِلُونَ»:

خەڵکینە خوێن‌و سەرو ماڵ‌و ناموستان لەیەکتری زۆر حەرامە، وەکوو چۆن شکاندنی ڕێزی ئەم ڕۆژە پیرۆزەتان لەم مانگە پیرۆزەتاندا لەم شارە پیرۆزەتاندا زۆر حەرامە ئاوا بزانن‌و دڵنیابن: کە هرچی کاروبارو داب‌و

نەریتی سەردەمی نەزانییە پووچەو بەتاڵەو بێ بایەخە، خوێنی سەردەمی نەزانی پوچ و بەتاڵە، یەکەم خوێن لەخوێنی کەس‌وکاری خۆم کە بایەخی پێ نادەم و بەتاڵ و پوچە، خوێنی کوڕەکەی ڕەبیعەی کوڕی حاریثە کە لەناو هۆزی بەنی سەعددا درابوو بەدایەن و هۆزی هوزەیل کوشتوویانە.

سودو ڕیبای سەردەمی نەفامی هەمووی پووچ و بەتاڵەوە بووە، یەکەم سوودیش لە سوودی کەس‌وکاری خۆم کە بەتاڵی دەکەمەوە سودو قازانجی عەبباسی کوڕی (عبدالمطلیب)ە ئەو سوودە هەمووی بەتاڵەو بایەخی نیە.

دەربارەی ئافرەتانیش لەخودا بترسن و ستەم و بیدادییان دەرحەق ئەنجام مەدەن، ناهەقییان لەگەڵ مەکەن، بە ڕەفتارو گوفتاری جوان لەگەڵیان بجوڵێنەوە، چونکە ئەوان ئەمانەتی خودان، خودا بەئێوەی سپاردوون، پیاو هەر خیانەت بکا نابێ خیانەت لە ئەمانەتی خودا بکا! ئەوان لەسەر فەرموودەی خوداو بەگوێرەی شەریعەتی ئەو بۆ ئێوە حەڵاڵ بوون دێنە باخەڵتانەوەو دەچنە لایان.

مافی ئێوە لەسەر ئەوان ئەوەیە: کە ئەوکەسەی ئێوە حەزی لێ ناکەن نەیهێننە سەر بەڕەتان و ڕێگەنەدەن بێتە ماڵتان، هەرکاتێ شتی وایان کرد: کە ئێوە بەدڵتان نەبێ، ئەوە تا بۆتان دەکرێ چاو پۆشییان لێ بکەن و بە نەرم و نیانی هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا بکەن. بەبێ هۆیەکی ڕەواو شەرعی تەلاقیان مەدەن، جا ئەگەر بەم ڕەفتارانەش چاریان نەکرا، ئەوە شەریعەت ڕێگەتان دەدا: کە بەئەسپایی لێیان بدەن. مافی ئەوانیش لەسەر ئێوە ئەوەیە کە باشی بژێوو پۆشاکیان بۆ دابین بکەن بەجۆرێك هەست بە ئەوڵاش کەمی نەکەن. بزانن من یاسایەکی وەهام بۆ جێهێشتوون ئەگەر لەدوا خۆم پەیڕەوی بکەن هەرگیزاو هەرگیز لەناو خۆتان سەرتان لێ ناشێوێ و تووشی گومڕایی

نابنەوە. ئەویش قورئانی پیرۆزە کەنامەی خودایە. ئێوە لەدوا رۆژدا لەبارەی منەوە پرسیارتان لێ دەکرێ، ئاخۆ وڵامتان چی دەبێ؟

گوتیان: شایەتی دەدەین: کەتۆ هیچ درێغیت نەکردووە، تەبلیغی خۆتت کردووەو ئەرکی سەرشانی خۆتت ئەنجامداوە، ئامۆژگاری خێری ئێمەت کردووە!

ئەمجار حەزرەت (درودی خودای لەسەر بێ) سێجار پەنجەی شایەتومانی هەڵبڕی بۆ ئاسمانو داینەواندەوە بۆ ناو خەڵکەکە، هەموو جارێکیش لەگەڵ پەنجە راداشتنەکەیدا دەیفەرموو: خودایە! تۆ بەشایەت بە. پاشان فەرمانیدا بانگ دراو قامەت کرا، نوێژی نیوەڕۆی بۆ کردین، فەرمووی: قامەت بکەنەوە، قامەت کرایەوە نوێژی عەصریشی بۆ کردین بە (جەمع)و تەقدیم. لەنێوانیاندا هیچ نوێژی سوننەتی نەکرد. دوای ئەوە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) سواربوو تا گەیشتە ویستگەی خۆی لەعەرەفات، ئەمجار رووی حوشترەکەی کردە تاوێرە بەردەکانی داوێنی (جبل الرحمة) – ئەم چیایە بۆخۆی داخڵی خاکی عەرەفاتە – کۆمەڵی حاجییە پیادەکانی خستە بەردەمی خۆیو روی کردە قیبلەو لەوێدا راوەستا تا خۆر ئاوابوو شەو داهات ئەمجار ئوسامەی خستە پاشکۆی خۆیەوە بەرەو موزدەلیفە داگەڕایە خوار، جڵەوی (قەصوای) ئەوەندە توند کردبوو بۆئەوە خێرا نەڕوا تەنانەت سەری قەصوا لە قەڵبوزی کۆپانەکەی دەدا، بە دەستی راستیشی ئاماژەی دەکردو دەیفەرموو: خەڵکینە لەسەرەخۆبن، بەهێواشی بڕۆنە خوارێ پەلەمەکەن، بەڵام کە دەگەیشتە ماسولکە لێ کەمێ جڵەوی بۆ قەصوا شل دەکرد تا سەردەکەوتە سەری. تەشریفی درێژەی بە رۆیشتنەکەیدا تا گەییشتە موزدەلیفە، لەوێ نوێژی شێوانو خەوتنانی بە جەمعە تەئخیر کرد بەیەك بانگو دووقامەت هیچ نوێژی سوننەتی لەنێوانیاندا نەکرد. ئەمجار

تەشریفی خەوت تا شەبەقی بەیانیدا، جا کەئاسۆ رون بووە فەرمانی دا بانگ درا، نوێژی بەیانی کرد ئەمجار سواری (قەصواء) بووەوە رۆیشت تا گەیشتە (مشعرالحرام) روی کردە قیبلەو ئەڵلاهوئەکبەرو تەلیلەی کرد، لەخودا پاڕایەوەو ناوی خودای بەتاكو تەنیا هێنا.

ماوەیەك لەوێ مایەوە تا دونیا روناك بۆوە، هێشتا خۆر دەرنەکەوتبوو تەشریفی بەرەو مینا کەوتەڕێ، فەضلی کوڕی عەبباسی خستە پاشکۆی خۆی، فەضل پیاوێکی شۆخو شەنگو قۆزو قژڕەشو سپی پێست بوو، لەوکاتەدا: کە حەزرەت کەوتەڕێ تاقمێ ئافرەت لەناو کەژاوەدا بەلایاندا تێپەڕین، فەضلیش چاوی تێبڕین، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەستی نا بەڕوی فەضلەوەو بەرچاوی گرت، فەضلیش رووی وەرچەرخاند بەولاداو لەولاوە سەیری دەکردن. پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەستی لەولاوە گواستەوە بۆ لایەکەی ترو بەرچاوی فەضلی گرتەوە بۆئەوەی نەهێڵێ تەماشای ئافرەتەکان بکا. ئیتر تەشریفی رۆییشت تاگەیشتە شیوی (محسّر) لەوێ کەمێ وڵاخەکەی بەخێرایی لێ خوڕی، پاشان رێگای ناوەڕاستی گرتەبەر کە دەچێ بۆسەر کۆگا گەورەکە (الجمرة الكبرى) کە لای درەختەکەیە حەوت بەردی بۆ فڕێ دا بەردەکان وابوون بە پەلەپیتکە دەهاوێژران، هەموو جارێ: کە بەردێکی تێ دەگرت (الله أكبر)ی دەکرد، لەناو شیوەکەوە بەردەکانی تێدەگرت.

پاشان رۆیی بۆ (منحر) کوشتارگە، لەوێ بەدەستی خۆی شەستو سێ سەر حوشتری سەربڕی، پاشان کێردەکەی دایە دەست عەلی ئەویش باقی ماندەی حوشتر دیارییەکانی سەربڕی، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) عەلی کردە هاوبەشی خۆی لەم حوشترە دیارییانەدا، ئەمجار فەرمانی دا لەگۆشتی هەر حوشترێك پارچەیەکیان هێناو خستیانە ناو مەنجەڵێکەوەو

کولاندیانو خۆیو عەلی لەگۆشتەکەیان خواردو گۆشتاوەکەیان خواردەوە. ئەمجار پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) سواربوو رۆیشت بۆ کەعبەو (طواف الافاضة)ی بەجێ هێنا، نوێژی نیوەڕۆی لەمەککە کرد، ئەمجار چوو بۆلای (بەنی عبدالمطلب) کە لەسەر بیری زمزم ئاویان هەڵدەگواستو دەیاندا بەحاجیان، فەرمووی: ئەی نەوەی (عبدالمطلب) ئاو هەلگۆزنو بیدەن بە حاجییانو بەخەلکی، نەبادا خەلکی وا تێبگەن: کە ئاو هەلگۆزینیش لەکردارەکانی حەجەو لەم حاڵەدا زۆرتان بۆ بێننو ڕێگەتان نەدەن بە ئاسایی‌و ئاسانی ئاوبدەن بە حاجییان، نەبادا ئەمە روبدا دەنا ئەم ئیشەی ئێوە ئەوەندە کارێکی پەسەندە منیش ئاوم هەڵدەگواست لەگەڵتاندا، ئیتر ئەوانیش سەتڵێك ئاویان بۆ برد حەزرەت لێی خواردەوە.

ئیمامی نەوەوی لەشەرحی موسلیمدا (ج٨/١٧٠) دەفەرموێ: (ئەوەی رابرد حەدیسێکی گەورەیە، کۆمەڵێك فائیدەو شتی بەنرخی لەخۆگرتووە یاسای فیقهی گرنگی تێدان. (ألقاضی) فەرموویەتی: زانایان قسەیان لێ کردووەو زۆر مەسەلەی فیقهی جۆراو جۆریان لێ ددەرهێناوە، ئەبوبەکری کوڕی (ألمنذر) جوزئێکی قەبارە گەورەی تێدا نووسیوە سەدو پەنجاو ئەوەندە مەسەلەی فیقهی تێدا دەستنیشان کردووە خۆ ئەگەر لێی بکۆڵدرێتەوە زۆر لەم ئەندازەیە مەسەلەی تێدا دیاری دەکرێن.

حەج عیباداتێکە لە عیباداتەکانی ئەرکانو واجباتو سوننەتی تێدان

یەکەم: سوننەتەکانی حەج

أ/ سوننەتەکانی ئیحرام بەستن:

١- خۆشۆردن لەپێش ئیحرام بەستندا، ئاماژە بەو فەرموودەیەی کە زەیدی کوڕی ثابت دەیگێڕێتەوە: کە دەڵێ: پێغەمبەرم بینی (درودی خودای لەسەر بێ) کە نیازی ئیحرام بەستنی کرد خۆی رووتکردەوەو خۆی شۆرد.[١]

٢- بۆنی خۆش لەخۆدان پێش ئیحرام بەستن: ئاماژە بەحەدیثی عائیشە کە دەفەرموێ: (بۆنی خۆشم لەجەستەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) هەڵدەسوو کاتێك کە دەیەویست ئیحرام ببەستێ، کاتێکیش کە دەیەویست ئیحرام بشکێنێ پێش ئەوەی تەوافی بەیت بکا).[٢]

٣- ئیحرام بەستنەکەی بە پشتەماڵێك‌و ریدائێکی سپی بێ. ئاماژە بە حەدیثی ئیبنو عەبباس کە دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەمەدینە بەڕێ کەوت دوای ئەوەی خۆی‌و هاوەڵانی (ئیزار) پەشتە ماڵێك‌و ریدائێکیان پۆشی، واچاکە سپی رەنگ بن. هەر ئاماژە بە حەدیثی ئیبنو عەبباس، (رەزای خودایان لێ بێ) دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الْبَسُوا مِنْ ثِيَابِكُمُ الْبَيَاضَ فَإِنَّهَا مِنْ خَيْرِ ثِيَابِكُمْ وَكَفِّنُوا فِيهَا مَوْتَاكُمْ».[٣] پۆشاکی سپی بپۆشن، بێگومان پۆشاکی سپی باشترین پۆشاکتانە، مردووەکانیشتان بەو پۆشاکە کفن بکەن.

٤- نوێژکردن لە (وادی العقیق) بۆ کەسێك لەوێوە بڕوا. ئاماژە بەحەدیثی عومەر (رەزای خودای لێ بێ) دەڵێ: لە (وادی العقیق)دا لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو: «أَتَانِي اللَّيْلَةَ آتٍ مِنْ رَبِّي فَقَالَ صَلِّ فِي هَذَا

---

[١] صحیح: (ص.ت/ ٦٦٤)، ت(٢/١٦٣/٨٣١).

[٢] متفق علیه: خ(٣/٣٩٦/١٥٣٩)، م(١١٨٩/ - ٣٣ -/٢/٨٤٦)، ت(٢/١٩٩/٩٢٠) بزیادة فیه، د(٥/١٦٩/١٧٢٩).

[٣] صحیح: لەباسی (الجنائز)دا تێپەڕی.

الْوَادِي الْمُبَارَكِ وَقُلْ حَجَّةٍ فِي عُمْرَةٍ». [١] ئەمشەو لەلایەن خودای خۆمەوە یەکێك هات پێی گوتم: لەم شیوە پیرۆزەدا نوێژبکەو بڵێ: (عُمْرَةً فِي حَجَّةٍ).

٥- دەنگ بەرزکردنەوە بە (لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ........) کردن، ئاماژە بە حەدیثی (السائب)ی کوڕی خەللاد. کە دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أَتَانِي جِبْرِيلُ فَأَمَرَنِي أَنْ آمُرَ أَصْحَابِي أَنْ يَرْفَعُوا أَصْوَاتَهُمْ بِالإِهْلاَلِ وَالتَّلْبِيَةِ». [٢] جوبرائیل هات بۆلام فەرمانی پێکردم: کە فەرمان بە هاوەڵانم بکەم لەکاتی (الله أکبر) کردنو (لبیك) گوتندا دەنگیان بەرزبکەنەوە.

بۆیە هاوەڵانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەگوتنی (لبّیك اللّهمّ لبیك)دا بەهەموو هێزی خۆیان دەیانئەڕاند. ئەبو حازم دەفەرموێ: هاوەڵانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ): کە ئیحرامیان دەبەست، نەدەگەییشتنە (ألرّوحاء) دەنگیان بەرزدەبوەوە. [٣]

تەلبییە بریتییە لەوە بڵێی «لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ لَبَّيْكَ لاَ شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْكَ إِنَّ الْحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ لَكَ وَالْمُلْكَ لاَ شَرِيكَ لَكَ». [٤] خودایە من هەمیشە پشتێنی بەندایەتیم بەستووە بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی تۆ، تۆ خودایەکی بێ چونو بێ هاوەڵی، سوپاسو ستایش هەر بۆ تۆیە، بەخششو نازو نیعمەتو دارایی و پادشایی و خاوەنداری هەر لەخۆت دێو هەر لەخۆت جوانە بێ چونی و بێ هاوەڵی زاتی پاکت ئاشکرایەو وەکوو رۆژی روناك دیارە.

---

[١] صحيح: (ص.جة/ ٢٤١٠)، خ(١٥٣٤/٣٩٢/٣)، د(١٧٨٣/٢٣٢/٢)، جة(٢٩٧٦/٩٩١/٢).

[٢] صحيح: (ص. ت/٦٦٣)، ت(٨٣٠/١٦٣/٢)، د(١١٩٧/٢٦٠/٥)، جة(٢٩٢٢/٩٧٥/٢.)

[٣] صحيح الأسناد رواه سعيد بن منصور كما في المحلى: ٩٤/٧.

[٤] متفـــق عليـــه: خ(١٥٤٩/٤٠٨/٣)، م(١١٨٤/٨٤١ و ٨٤٢/٢)، ت(٨٢٥/١٦٠/٢)، د(١٧٦٥/٢٥١ و ٥/٢٥٢)، ن(١٥٩ و ٥/١٦٠)، جة(٢٩١٨/٩٧٤/١).

حاجی بەردەوام دەبێ لە (تەلبیە) کردن هەتا شەیتانی گەورە رەجم دەکا. ئامـاژە بـە حـەدیثـی ئیبنـو عـەبباس (رەزای خودایـان لێ بێ): کـە دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) (ألفضل)ی کوڕی عەبباسی خستبووە پاشکۆی خۆی. جا (ألفضل) بۆ ئیبنو عەبباسی گێڕاوەتەوە: کە پێغەمبـەر (درودی خـودای لەسـەر بـێ) هـەتا شـەیتانی رەجم کـردووە هـەر تەلبییەی کردوە.[1]

چ خراپیەکی تێدا نیە: کە زیکرو تەسبیحاتی تر تێکەڵ بە تەلبییـە بکا، ئاماژە بە حەدیثی ئیبنو مەسعود (رەزای خودای لێ بێ): کە دەڵێ: لەخزمـەت پێغەمبەردا بووم (درودی خودای لەسەر بێ) وازی لـە تەلبییـە کـردن نـەهێنا تا لەشەیتان رەجمکردن بۆوە. وەڵێ ئەوەندە هەیە تەلبییە کردنەکەی تێکەڵ دەکرد بە (ألله أكبر) کردنو تەلیلە کردن.[2]

٦- تەحمیـد کـردنو تەسـبیح کـردنو (ألله أكـبر) کـردن پـێش ئیحـرام بەستنو دەستکردن بە کارەکانی حەج، ئەمـەش ئامـاژە بـە حـەدیثـی ئەنـەس (خودای لێ رازی بێ): کە دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) – ئێمـە لەخزمەتیدا بووین – لەمەدینە نوێژی نیـوەڕۆی بەچـوار رکـات کـرد، نوێـژی عەصری لە ذولحولەیفە بـە دوورکـات کـرد، ئـەمجار لـەوێ مایـەوە تـا بـەیانی، پاشان سواربوو تا تەشریفی چووە سەر (ألبیداء) دەستی بـەگوتنی (الحمـدلله)و (سبحان الله)و (ألله أكبر) کرد ئەمجار: کە ئیحرامی بەسـت بـە حـەجو عـومرەو دەستی کرد بە گوتنی (لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ).[3]

---

[1] متفق عليه: خ(١٦٨٥/٣/٥٣٣)، م(١٢٨١/٢/٩٣١)، د(١٧٩٨/٥/٢٦١)، ت(٩٢١/٢٠٠/٢).

[2] اسناده حسن: (الإرواء/٢٩٦)، طح(٢/٢٢٥)، حم(٣٩٦١/٧٢/٧).

[3] صحيح: (ص.د/١٥٥٨)، خ(١٥٥١/٤١١/٣)، د(١٧٧٩/٢٢٣/٥) نحو.

٧- نیەتهێنانی حەج و عومرە رووەو قیبلە، ئاماژە بە فەرموودەیەك: كە نافیع ریوایەتی كردووە، دەڵێ: (ئیبنو عومەر كە نوێژی بەیانی لە ذولحولەیفە كرد، فەرمانی كرد وڵاخەكەیان بۆ ئامادەكرد پاشان سواری بوو، كەچووە سەر گردی (ألبیداء)روی كردە قیبلە بەڕاوەستانەوە. ئەمجار دەستی كرد بە تەلبیە كردن، پێی وابوو پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) وای كردبوو.[1]

ب/ سوننەتەكانی چوونە مەككە:

٨، ٩، ١٠- شەومانەوە لە (ذیطوی)، خۆشۆردن بۆ چوونە ناو مەككە، چونە ناو مەككە بەڕۆژ.

لە نافیعەوە ریوایەتكراوە، دەفەرموێ: (ئیبنو عومەر عادەتی وابوو كە داخڵی مەككە دەبوو لە حەرەم نزیك دەبووەوە، وازی لە تەلبییە كردن دەهێنا، پاشان شەو لە (ذیطوی) دەمایەوە، ئەمجار نوێژی بەیانی لەوێ دەكردو خۆی دەشۆرد، وای باس دەكرد: كە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئاوهای كردووە.[2]

١١- چوونە ژورەوە بۆ ناو مەككە لە (الثنية العليا)وە، ئاماژە بە حەدیثی ئیبنو عومەر (رەزای خودای لێ بێ) دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لە (الثنية العليا)وە دەچووە ناو مەككە لە (الثنية السفلى)وە دەهاتە دەرەوە.[3]

---

[1] صحيح: خ(١٥٥٣/٤١٢/٣).

[2] متفق عليه: خ(١٥٧٣/٤٣٥/٣) وهذا لفظه ونحوه: م(١٢٥٩/٩١٩/٢)، د(١٨٤٨/٣١٨/٥).

[3] متفق عليه: خ(١٥٧٥/٤٣٦/٣) وهذا لفظه، م(١٢٥٧/٩١٨/٢)، ن(٢٠٠/٥)، جة(٢٩٤٠/٩٨١/٢).

١٢- لەکاتی چوونە ژوورەوە بۆ ناو مزگەوتی حەرام قاچی راستی پێش بخاو بڵێ: «أَعُوذُ بِاللَّـهِ الْعَظِـيمِ وَبِوَجْهِـهِ الْكَـرِيمِ وَسُـلْطَانِهِ الْقَـدِيمِ مِـنَ الـشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ، بِسْمِ اللَّهِ وَالسَّلَامُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ اللَّهُمَّ افْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ ».(١)

١٣- کە ماڵی کەعبەی بینی، دەست بەرزبکاتەوە، چونکە لەئیبنو عەبباسەوە چەسپاوە – بەدڵی خۆی دوعاو پاڕانەوە بکا، خۆ ئەگەر حەزی لێ بوو واباشە دوعاکەی حەزرەتی عومەر بخوێنێ کە ئەمە دەقەکەیەتی: «اللَّهُمَّ أَنْتَ السَّلَامُ وَمِنْكَ السَّلَامُ فَحَيِّنَا ربنا بِالسَّلَامْ»: چونکە لەو گێڕدراوەتەوەو چەسپاوە.

ج/ سوننەتەکانی تەواف:

١٤- ئیضطیباع: بەمجۆرە ئیزارەکەی لەژێر بنهەنگڵی راستیەوە بەرێ بۆسەر شانی چەپی، شانی راستی روتبێ، ئاماژە بە حەدیثی یەعلای کوڕی ئومەییە: کە ریوایەتی کردوە دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بەشێوەی (ئیضطیباع) تەوافی کەعبەی کرد(٢)

١٥- دەست پێداهێنانی (الحجر الأسود) بەردە رەشەکە. ئاماژە بە حەدیثی ئیبنو عومەر کە دەفەرموێ: پێغەمبەرم بینی (درودی خودای لەسەر بێ) کاتێك دەهاتە ناو مەککەو دەستی بە بەردە رەشەکەدا دێنا لەیەکەم تەوافدا سێ تەوافی بە نەرمە راکردنو گورگە لوقە لە حەوت تەوافەکە ئەنجام دەدا.(٣)

---

(١) صحيح: (الكلم الطيب/٦٥).

(٢) حسن: (ص.جة/٢٣٩١)، د(١٨٦٦/٣٣٦/٥)، ت(١٦١/١٧٥/٢)، جة(٢٩٥٤/٩٨٤/٢).

(٣) متفق عليه: خ(١٦٠٣/٤٧٠/٣)، م(١٢٦١ – ٢٢٣ –/٩٢٠/٢)، ن(٢٢٩/٥).

١٦- ماچكردنی بەردە ڕەشەكە. ئاماژە بە حەدیثی زەیدی كوڕی ئەسلەم: كە لەباوكییەوە گێڕاویەتیەوە فەرموویەتی: عومەری كوڕی خەتتابم بینی حەجەرولئەسوەدی ماچكردو وتی: (ئەگەر من بەچاوی خۆم نەمدیبایە كە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ماچی كردی من ماچم نەدەكردی).[1]

١٧- سوژدەبردن لەسەر حەجەرولئەسوەد، ئاماژە بە حەدیثی ئیبنو عومەر (ڕەزای خودایان لێ بێ) كە دەفەرموێ: عومەری كوڕی خەتتابم بینی بەردە ڕەشەكەی ماچكردو ناوچەوانی خستە سەرو سوژدەی لەسەر برد، پاشان گەڕایەوە ماچی كردەوەو سوژدەی لەسەر بردەوە، پاشان فەرمووی: پێغەمبەرم بینی (درودی خودای لەسەر بێ) ئاوای كرد.[2]

١٨- تەكبیركردن لەلای ڕوكن. ئاماژە بە حەدیثی ئیبنو عەبباس (ڕەزای خودایان لێ بێ) ڕیوایەتی كردوە، فەرموویەتی: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بەسواری حوشترەكەی تەوافی كرد، هەركە دەگەیشتە ڕوكن بەشتێك كە پێی بوو ئاماژەی بۆ دەكردو (الله أكبر)ی دەكرد.[3]

١٩- خێرا ڕۆیشتن – نەرمە غار – گورگە لوقەكردن لەسێ تەوافی یەكەمدا، ئاماژە بە حەدیثی ئیبنو عومەر (ڕەزای خودایان لێ بێ) كە ڕیوایەتی كردوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ): كە تەوافی یەكەمجاری بەدەوری ماڵی بەیتدا ئەنجام دەدا، سێ تەوافی یەكەمی

---

[1] متفق علیه: خ(١٥٩٧/٤٦٢/٣)، م(١٢٧٠/٩٢٥/٢)، د(١٨٥٦/٢٢٥/٥)، جـة(٢٩٤٣/٩٨١/٢)، ت(٨٦٢/١٧٥/٢)، ن(٢٢٧/٥).

[2] حسن: (الإرواء: ٣١٢)، البزار (١١٤/٢٣/٢).

[3] صحیح: (الأرواء/١١١٤)، خ(١٦١٣/٤٧٦/٣).

بـه گورگـه لوقـەو خێـرا رۆیـشتن دەكـردو لەچـوار تەوافـەكانی دیكـەدا بـە رۆیشتنی ئاسایی لە حەجەرەوە بۆ حەجەر دەڕۆیشت.[1]

٢٠- دەست پێداهێنانی روكنی یەمانی؛ ئاماژە بە حەدیثی ئیبنـو عومـەر (رەزای خودایـان لێ بـێ) دەفـەرموێ: نـەمبینیوە پێغەمبـەر (درودی خـودای لەسەر بێ) دەست لەهیچ بەشێكی كەعبە بداو دەستی پێدابێنێ جگـە لـەدوو روكنە یەمانییەكان.[2]

٢١- لەنێوان دوو روكنەكاندا ئەم دوعایە بخوێنێ: (رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ).[3]

٢٢- بەجێهێنانی دووركات نوێژ دوای تەواف لەپاش مەقامی ئیبراهیمـەوە ئامـاژە بـە حـەدیثی ئیبنـو عومـەر (رەزای خودایـان لێ بـێ) دەفـەرموێ: پێغەمبـەر (درودی خـودای لەسـەر بـێ) تەشـریفی گەیـشتە نـاو مـاڵی خـودا حەوت جار بەدەوری كەعبەدا سوڕایەوە، پاشان لەپشتی مەقامی ئیبراهیمـەوە دووركـات نوێـژی كـرد، ئـەمجار هاتوچۆی نێـوان صـەفاو مـەڕوای ئەنجامـدا. فەرمووی: {لقد كان لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ – الأحزاب/٢١}.

٢٣- دەبێ لـەلای مـەقامی ئیـبراهیم ئایـەتی {وَاتَّخِـذُواْ مِـن مَّقَـامِ إِبْـرَاهِيمَ مُصَلًّى – البقرة/١٢٥}. بخوێنێ، لەدوو ركاتە نوێژەكان سـورەتی (الكافرون) و سـورەتی (الأخـلاص) بخوێنـێ. ئامـاژە بـە حـەدیثی جـابیر: كـە دەفـەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) كە گەیـشتە مـەقامی ئیـبراهیم (درودی

---

[1] صـحيح: (ص.جـة/٢٣٨٧)، جـة(٢٩٥٠/٢/٩٨٣) وهـذا لفظـه وبنحـوه خ(١٦٠٣/٣/٤٧٠)، م(١٢٦١/٩٢٠/٢)، د(١٨٧٦/٣٤٤/٥)، ن(٢٢٩/٥).

[2] متفق عليه: خ(١٦٠٩/٣/٤٧٣)، م(١٢٦٧/٩٢٤/٢)، د(١٧٥٧/٣٢٦/٥)، ن(٢٣١/٥).

[3] حسن: (ص.د/١٦٦٦)، د(١٨٧٥/٣٤٤/٥).

خودای لەسەر بێ) ئایـەتی {وَاتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى – البقرة/١٢٥}ی خوێند، ئەمجار دووركاتی نوێژ كردن لەركاتە نوێژەكاندا سورەتی (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) و سورەتی (قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ)ی خوێند.

٢٤- خۆنوساندن بە روكنو لـەنێوان روكنو دەرگـەی كەعبـەدا. بـەمجۆرە سـنگیو روخسـاریو دوو دەسـتیو باسـكی بخاتـە سـەر. ئامـاژە بـە حـەدیثـی عەمری كوڕی شوعەیب لەباوكییەوە لە باپیرییەوە: كە ریوایەتی كردوە دەڵێ: (لەگـەڵ عەبـدوڵلای كـوڕی عـەمردا تـەوافم كـرد، كـە لەحـەوت تەوافەكـە بووینەوە، لەپشتی كەعبەوە چووینە روكوع، وتم ئەوە بۆ پەنا ناگری بـەخودا لەئاگری دۆزەخ؟ وتـی: {أعـوذ بـالله مـن النـار}. دەڵـێ: ئـەمجار هەڵسا رۆیـی دەستی بەروكنی یەمانیدا هێنا، ئـەمجار لـەنێوان حەجەرولئەسوەدو دەرگـەی كەعبە راوەستا سنگیو باسكیو رومەتی نوساند بەروكنەوە، پاشان فەرمووی: پێغەمبەرم دیوە ئاوای كرد.[1]

٢٥- خواردنەوەی ئاوی زمزمو شتنی سەر بـەو ئـاوە، ئامـاژە بـە حـەدیثـی جابیر: كە ریوایەتی كردوە دەڵێ: پێغەمبـەر (درودی خـودای لەسـەر بـێ) وای كرد.

د/ سوننەتەكانی هاتوچۆی نێوان صەفاو مەروە:

٢٦- دەست پێداهێنانی روكن بەوشێوەی پێشوو.

٢٧- خوێندنی ئایەتی: {إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ اللّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ اللّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ –

---

[1] لەوەپێش لەحەدیثی جابیردا تێپەڕی.

البقرة/١٥٨}. ئەمجار بڵێ: (لەوشوێنەوە دەست پێ دەكەم كەخودا دەستی پێ كردوە) ئەمە كاتێك دەڵێ: كەبۆ سەعی لەصەفا نزیك بۆوە.[1]

٢٨- روكردنە قیبلە كاتێك كە لەسەر صەفایە، لەگەڵ گوتنی (الله أكبر) سێجار، « لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ أَنْجَزَ وَعْدَهُ وَنَصَرَ عَبْدَهُ وَهَزَمَ الأَحْزَابَ وَحْدَهُ ». پاشان بە ئارەزۆی خۆی دوعاو پاڕانەوە بكا، سێجار ئەمە بكا.

٢٩- خێرا رۆیشتن لەنێوان دوو نیشانە سەوزەكاندا بەشێوەی راكردن.

٣٠- چی لەسەر صەفا كردوەو چی گوتووە، لەسەر مەڕوەش هەمان شێوە وەستانو زیكرو ویردەكان دووبارە بكاتەوە.

هـ/ سوننەتەكانی رۆیشتنو چوون بۆ مینا:

٣١- ئیحرام بەستن بەحەج لەڕۆژی تەروییەدا لە مەنزڵو شوێنی حەوانەوەی خۆیەوە.

٣٢- كردنی نوێژی نیوەڕۆو عەصرو مەغریبو عیشا لەمینادا رۆژی تەروییەو شەو مانەوە لەوێ تانوێژی بەیانی دەكاو خۆر هەڵدێ.

٣٣- ئەنجامدانی نوێژی نیوەڕۆو عەصر بە قەصرو جەمع لەڕۆژی عەرەفەدا لە (نمرە).

٣٤- مانەوە لە عەرەفەتا تا خۆرئاوا دەبێ واتە: پیش خۆرئاوابوون نەكەوێتەڕێ.

روكنەكانی حەج

١- نیەتهێنان: ئاماژە بە فەرموودەی خودا: كە دەفەرموێ: {وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ – البينة/٥} هەروەها چونكە پێغەمبەر (درودی

---

[1] لەوەپێش لەحەدیثی جابیردا تێپەڕی.

خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ».[1] کردەوە بەپێی نیازو نیەتە.

٢- راوەستانو مانەوە لەکێوی عەرەفە. چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: (ألحج عرفة)[2]. هەروا ئامازە بە حەدیثی (عروة الطائی): کە دەڵێ: لە مزدەلیفە هاتمە خزمەت پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کاتێ کە دەرچوو بۆ نوێژ، وتم: ئەی پێغەمبەری خودا! (درودی خودای لەسەر بێ) من لەکێوی (طیّ)ەوە هاتووم ولاخەکەم زۆر ماندوو کردووەو خۆم زۆر شپرزە. سوێندم بەخودا کێوێکم بەجێ نەهێشتووەو بەسەریا تێنەپەڕیوم ئیللا لەسەری وەستاوم، ئایا ئەمەم بۆ بەحەج حیساب ناکرێ؟ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ شَهِدَ صَلاَتَنَا هَذِهِ وَوَقَفَ مَعَنَا حَتَّى نَدْفَعَ وَقَدْ وَقَفَ بِعَرَفَةَ قَبْلَ ذَلِكَ لَيْلاً أَوْ نَهَارًا فَقَدْ أَتَمَّ حَجَّهُ وَقَضَى تَفَثَهُ»[3]: کەسێك لەگەڵ ئێمە ئامادەی ئەم نوێژەی بەیانی بێ، لەگەڵ ئێمە رابوەستێ تا دەکەوینە رێ لەوەپێشیش بەشەو یان بەرۆژ لەکێوی عەرەفە وەستابێ ئەوە حەجەکەی تەواو کردوە کاری بەجێهێناوەو کاتی ئەوەی هاتووە ئیحرام بشکێنێ.

٣- مانەوە لە موزدەلیفە هەتا فەجر دەردەکەوێو نوێژی بەیانی لەوێ دەکا. چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بە عوروەی فەرموو: (کەسێك لەگەڵ ئێمە ئامادەی ئەم نوێژەی بەیانی بێ، لەگەڵ ئێمە وەستابێ

---

[1] متفق علیه: لەباسی مەرجەکانی صیحەتی دەستنوێژدا تێپەڕی.

[2] صحیح: (ص.جة/٢٤٤١)، ت(٨٩٠/١٨٨/٢)، ن(٥/٢٦٤)، جة(٣٠١٥/١٠٠٣/٢)، د(١٩٣٣/٤٢٥/٥).

[3] صحیح: (ص.جة/٢٤٤٢)، ت(٨٩٢/١٨٨/٢)، د(١٩٣٤/٤٢٧/٥)، جة(٣٠١٦/١٠٠٤/٢)، ن(٥/٢٦٣).

تا دەکەوینە ڕێ، لەوەپێشیش بەشەو یان بەڕۆژ لەکێوی عەرەفە وەستابێ ئەوە حەجەکەی تەواوەو کاروباری ئیحرام شکاندنی بۆ دەستەبەر بووە[١].

٤- طەوافی ئیفاضە: ئاماژە بە فەرمایشتی پەروەردگار {وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ – الحج/٢٩}: لەخاتو عائیشەوە ریوایەتکراوە، فەرموویەتی: صەفییەی کچی حویەی دوای (طواف الافاضة) کەوتە حاڵەتی بێ نوێژییەوە، دەڵێ: ئەو حاڵەتەی صەفییەم بۆ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) باس کرد، فەرمووی: «أَحَابِسَتُنَا هِيَ؟». ئایا ئەو ماتڵمان دەکا.؟ خاتو عائیشە دەفەرموێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەو طەوافول ئیفاضەی کردوە، فەرمووی: کەوابێ: «فَلْتَنْفِرْ اذن».[٢] با لەمەککە دەرچێ‌و حەجەکەی تەواو بووە. فەرموودەکەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ): کە فەرمووی: «أَحَابِسَتُنَا هِيَ؟». بەڵگەیە لەسەر ئەوە: کە طەوافول ئیفاضە مەرجە بۆ تەواوکردنی حەج‌و دەبێ ئەنجام بدرێ.

٥- سەعیی نێوان صەفاو مەروە چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بۆ خۆی سەعیی کردوەو فەرمووشیەتی: « اسْعَوْا فَإِنَّ اللَّهَ كَتَبَ عَلَيْكُمُ السَّعْيَ ».[٣]

واجباتی حەج: کارە پێویستەکانی حەج

١- ئیحرام بەستن لە میقات، بەم جۆرە هەموو پۆشاکی ئاسایی خۆی دارنێ‌و پۆشاکی ئیحرام بپۆشێ. پاشان نیەت بهێنێ‌و بڵێ: (لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ بِعُمْرَةٍ).

---

[١] صحيح: (ص.جة/٢٤٤٢)، ت(٢/١٨٨/٨٩٢)، د(٥/٤٢٧/١٩٣٤)، جة(٢/١٠٠٤/٣٠١٦)، ن(٥/٢٦٣).

[٢] متفق عليه: خ(٣/٥٦٧/١٧٣٣)، م(٢/٩٦٤/١٢١١)، د(٥/٤٨٦/١٩٨٧)، ن(١/١٩٤)، ت(٢/٢١٠/٩٤٩)، جة(٢/١٠٢١/٣٠٧٢).

[٣] صحيح: (الإرواء/١٠٧٢)، حم(١٢/٧٦/٢٧٧)، ك(٤/٧٠).

یان بڵێ: (لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ بِحَجَّةٍ وَعُمْرَةٍ). ئەمەش ئاماژە بەوەی لەوەپێش لەباسی دیاریکردنی ئەو شوێنانەی ئیحرامیان لێ دەبەسترێ تێپەڕی. کە ئیبنو عەبباس ریوایەت دەکاو دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بۆ ئەهلی مەدینەو ئەوانەی بەسەر مەدینەدا دێن بۆ حەج (ذیلحولەیفە)ی دیاریی کرد....).

لە فەرموودەکەدا هاتووە دەفەرموێ: {وقت رسول الله.........} واتە: ئەم شوێنانەی دیاری کرد بۆ ئیحرام بەستن، مانای دیاری کردنی ئەم شوێنانە بۆ ئیحرام بەستن لەلایەن پێغەمبەرەوە (درودی خودای لەسەر بێ) ئەوە دەگەیەنێ دروست نیە بۆ کەسێك بەنیازی حەج یان عومرە بچێ بۆ مەککە بەبێ پۆشینی ئیحرام لەم شوێنانە تێپەڕێ. هەرچەندە وشەی (وقت) لە فەرموودەکەدا بەئاشکرا وجوب ناگەیەنێ، وەلێ لەریوایەتی تردا دەقی تر هەن وجوب دەگەیەنن، وەکوو لەغەیری ئەو ریوایەتەدا دەقێکی تر هاتووە: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: {مُهَلُّ أهل المدينة} شوێنی ئیهلال کردنو ئیحرام بەستن بۆ دانیشتوانی مەدینەو دواوەی (ذیلحولەیفە)یە ئەم دەقە بەشێوەی خەبەر هاتووەو بەمانا (ئەمر)ە هەروەکوو چۆن لە ریوایاتی تردا بەئاشکرا لەفظی (ئەمر) هاتووە.[١]

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە ریوایەتکراوە: کە پیاوێك لە مزگەوت هەڵسایە سەرپێو وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! «مِنْ أَيْنَ تَأْمُرُنَا أَنْ نُهِلَّ». لەکوێوە فەرمانمان پێ دەکەی ئیحرام ببەستینو نیەت بەحەج یان بە عومرە بهێنین.[٢]

---

[١] أحكام الأحكام: ٣/٢.

[٢] خ (١/٢٣٠/١٣٣).

ئیمامی بوخاری بە (فەرض‌و واجب) ئاماژەی بۆئەوە کردووە فەرموویەتی: (باب فرض مواقیت الحج والعمرة). پاشان بەرِشتەو سەنەدی خۆی لە زەیدی کوڕی جوبەیرەوە ریوایەتی کردوە کە زەید هاتووە بۆلای عەبدوڵلای کوڕی عومەر لە مەنزڵگەی خۆی، خێمەو ساباتێکی هەبوو – دەڵێ پرسیارم لێ کرد لەکوێوە دروستە ئیحرام بە عەمرە ببەستم‌و نیەت بێنم؟ عەبدوڵلا فەرمووی: (فَرَضَهَا رَسُولُ اللّٰهِ لأَهْلِ نَجْدٍ قَرْنًا) تا کۆتایی فەرموودەکە. پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بۆ دانیشتوانی نەجد (قرن)ی کردوە بە میقات.[1]

٢- مانەوەی شەوانی تەشریق (ليالي التشريق) لەمینادا، چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لێی ماوەتەوەو روخصەتی بەشوانە حوشترەکان داوە: کە نەمێننەوە. ئەوان رەمی جەمەرات لەرۆژی قوربانیدا ئەنجام دەدەن، پاشان رۆژی دوایی رەمی جەمەرات دەکەنەوە دوائەوە بەدوو رۆژ واتە رۆژی تەنفیر (مەککە جێهێشتن) سێیەم رەمی جەمەرات دەکەن[2].

دەی رێگەپێدانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بەشوانە حوشترەکان کەشەو لەمینا نەمێننەوە بەڵگەیە: کە لەسەر غەیر ئەوان واجبە.

٣- رەمی جیمار بەشێوەی رێك‌و پێك، بەمجۆرە رۆژی قوربانی واتە رۆژی یەکەمی جەژن رەمی (جمرة العقبة) بکا، حەوت بەردی پێدادا. ئەمجار رەمی سێ (جمرە)کانی تر لەسێ رۆژی تەشریقدا (سێ رۆژی دوای رۆژی یەکەمی جەژن) ئەنجام بدا، هەموو رۆژی دوای نیوەڕۆ شەیتان رەجمکردنەکان بەجێ

---

[1] خ (٣/٣٨٣/١٥٢٢).

[2] صحيح: (ص.جه/٢٤٦٣)، د(٥/٤٥١/١٩٥٩)، ت(٢/٢١٥/٩٦٢)، جه(٣٠٣٧/١٠١٠/٢)، ن(٥/٥٧٣).

بێنێ، بۆهەر جەمرەیەك حەوت بەرد فڕێ بدا، یەكەمجار دەست بكا بەرەجم كردنی جەمرەی یەكەم ئەمجار ناوەڕاست پاشان (جمرة العقبة).

لە جابیرەوە ریوایەتكراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەرم بینی (درودی خودای لەسەر بێ) بەسواری وڵاخەكەیەوە رەجمی شەیتانەكانی دەكردو دەیفەرموو: « لِتَأْخُذُوا مَنَاسِكَكُمْ فَإِنِّي لاَ أَدْرِي لَعَلِّي لاَ أَحُجُّ بَعْدَ حَجَّتِي هَذِهِ»[1]: لەمنەوە چۆنیەتی مەناسیكو كاروباری حەج فێرببن، ئەمن نازانم لەوانەیە لەم جارە بەولاوە مەرگ رێگەم پێ نەدا حەجی تر بكەم.

كاتی شەیتان رەجمكردن

لە جابیری كوڕی (عەبدوڵلا)وە ریوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەرم بینی (درودی خودای لەسەر بێ) چێشتەنگاوی رۆژی قوربانیكردن شەیتانی ەجم دەكرد، بەڵام دوائەوە شەیتان رەجمكردنەكانی دەخستە دوانیوەڕۆ.[2]

كاتی شەیتان رەجمكردن لەدوای زەوالەوە تا ئێوارەیە

لە عەبدوڵلای كوڕی عەبباسەوە ریوایەتكراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر بێ) رۆژی قوربانیكردن لەمینا پرسیاری لێ دەكراو دەیفەرموو: پیاوێك پرسیاری لێ كرد وتی: من پێش ئەوەی قوربانییەكەم سەربیڕم سەرم تاشیوە حوكمەكەی چیە؟ فەرمووی: (إذبح ولا

---

[1] م(١٢٩٧/٩٤٣/٢)، د(١٩٥٤/٤٤٥ و ٤٤٦/٥)، ن(٥/٢٧٤).

[2] م: (١٢٩٩/٩٤٤/٢)، ت(٨٩٥/١٩٠/٢)، د(١٩٥٥/٤٤٦ و ٤٤٧/٥)، ن(٢٧٠/٥) ورواه البخاری معلقـا (٣/٥٧٩).

حرج) بەوشێوە حەیوان سەرببڕەو چ خراپیەکی تێدانیە وتی: دوای ئێوارە شەیتانم رەجم کردوە! فەرمووی: (ولا حرج): قەیناکا.[1]

(تنبیه) وریایی کردنەوەیەیێك

پێویستە هەموو ئەو بەردانەی دەهاوێژرێن بە مەبەستی شەیتان رەجمکردن بکەونە ناو حەوزی جەمەرەکەوە، جا ئایا تێیدا بمێنێتەوە یان هەڵبەزێتەوەو لەوێدا نەمێنێ، بۆیە پێویستە حاجی هەموو ئەوبەردانەی دەیانهاوێژێ ئاراستەی حەوزو چاڵەکەیان بکا نەك عەمودە چەقێندراوە بەرزەکە، چونکە ئەو عامووده بۆیە نەچەقێندراوە بەردی شەیتان رەجمکردنی ئاراستە بکرێ. شوێنی بەرد تێدا فڕێدانیش نیە، بەڵکوو چەقێندراوە لەوێ بۆئەوەی ببێتە نیشانەی (جەمرە)کە، شوێنی بەرد بۆهاویشتنو بەرد تێگرتنەکە خودی ناو چاڵو حەوزەکەیە، جا ئەگەر بەردێك لە عامودەکەی داو هەڵبەزییەوە نەچووە ناو حەوزەکە ئەوە حسێب ناکرێو دەبێ دووبارەی بکاتەوە.

فائیدەیەك: ئەگەر حاجی چێشتەنگاوی رۆژی یەکەمی جەژن رەجمی شەیتانی گەورەی کرد، ئەوە تەحەلولی یەکەمی بۆ دەستەبەر دەبێ. هەموو شتێکی بۆ حەلاڵ دەبێتەوە جگە لەچوونە لای ئافرەت.

لە ئیبنو عەبباسەوە ریوایەتکراوە: فەرموویەتی: کە حاجی رەمیی جەمەرەی کرد، ئەوە هەموو شتێکی کەبەهۆی ئیحرامەوە لێی حەرام بوو بوو بۆی حەلاڵ دەبێ جگە لەچوونە لای ئافرەت. گوترا: بۆنی خۆشیش؟

---

[1] خ (٣/٥٦٨/١٧٣٥)، د(٥/٤٥٧/١٩٦٧)، ن(٥/٢٧٢)، جة(١٠١٣/٣٠٥٠ و ٢/١٠١٤).

فەرمووی: ئەمن بۆ خۆم پێغەمبەرم دیوە میسکی لەخۆی هەڵدەسوو، ئەری ئەوە بەبۆنی خۆش حسێب ناکرێ؟[1]

کە قوربانی سەربڕیو سەری تاشی، دوایی دابەزی بۆ ناو مەککەو تەوافی کەعبەی کردو هاتوچووی نێوان صەفاو مەروەی کرد ئەوە کاروباری حەجی بەجێهێناوە نوسوکی خۆی تەواو کردوە. بەتەواوی تەحەللولی بووەو هەموو شتێکی پێش ئیحرام بەستن کەبۆی رەوابووە بۆی حەلاڵە.

٤- تەوافی خودا حافیزی: ئاماژە بە حەدیثی ئیبنو عەبباس: کە تێیدا هاتووە: (خەڵکی فەرمانیان پێ کراوە: کە دواکاریان لە مەککە سوڕانەوەبێ بەدەوری بەیتدا، وەڵێ ئەم فەرمانە ئافرەتی بێ نوێژ ناگرێتەوە بۆئەوان بارسوکی کراوە.[2]

٥- سەرتاشین یان کورتکردنەوەی موو؛ تاشینی مووی سەر یان کورت کردنەوەی بە قورئانو حەدیثو ئیجماع چەسپاوە، قورئان دەفەرموێ: {لَقَدْ صَدَقَ اللَّهُ رَسُولَهُ الرُّؤْيَا بِالْحَقِّ لَتَدْخُلُنَّ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ إِن شَاء اللَّهُ آمِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُؤُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ لَا تَخَافُونَ فَعَلِمَ مَا لَمْ تَعْلَمُوا فَجَعَلَ مِن دُونِ ذَلِكَ فَتْحًا قَرِيبًا - الفتح/٢٧}:

لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: (أَللهمّ إرْحَم المحلقين) خودایە رەحم بەوانە بکە کەبۆ شکاندنی ئیحرام سەریان دەتاشن. عەرزیان کرد: ئەی ئەوانەی موویان کورت دەکەنەوە؟ فەرمووی: (أللهمّ ارحم المحلقين). گوتیان: ئەوانەی موویان

---

[1] صحيح: (ص.ن/ ٣٠٨٤)، ن(٥/٢٧٧)، جة(٣٠٤١/٢).

[2] متفق عليه: خ(٣/٢٨٥/١٧٥٥)، م(٢/٩٦٣/١٣٢٨).

کورت دەکەنەوە ئەی پێغەمبەری خودا!. فەرمووی: (والمقصرين) خودا ڕەحم بەوانەش بکا: کەمووی سەریان کورت دەکەنەوە.[١]

بێگومان شەرعزانان کەوتوونە ڕاجیایی دەربارەی حوکمی مووی سەر تاشین یان کورت کردنەوەی، زوربەیان پێیان وایە واجبەو ئەگەر نەکرا بەخوێن قەرەبوو دەکرێتەوە. شافیعییەکان پێیان وایە ڕوکنێکە لە ئەرکەکانی حەج.

هۆی ڕاجیاییەکەیان وەکوو شێخی ئەلبانی دەڵێ: نەبوونی بەڵگەیە لەسەر ئەوە یان ئەمە.

مەرجەکانی تەواف

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، فەرموویەتی: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الطَّوَافُ حَوْلَ الْبَيْتِ مِثْلُ الصَّلاَةِ إِلاَّ أَنَّكُمْ تَتَكَلَّمُونَ فِيهِ فَمَنْ تَكَلَّمَ فِيهِ فَلاَ يَتَكَلَّمَنَّ إِلاَّ بِخَيْرٍ»[٢]: تەواف بەدەوری کەعبەدا وەکوو نوێژ وایە، بەس ئەوە هەیە ئێوە قسەی تێدادەکەن، جا کەسێك لەکاتی تەوافدا قسەی کرد با قسەی خێربکا.

کە مادام تەواف وەکوو نوێژ وابێ ئەوە چەند مەرج هەن دەبێ تێیدا بێنەجێ:

١- پاکی لە لەشپیسی و بێ دەستنوێژی: چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « لاَ يَقْبَلُ اللَّهُ صَلاَةً بِغَيْرِ طُهُورٍ»[٣]: خودا هیچ

---

[١] متفــــق عليـــــه: خ(١٧٢٧/٥٦١/٣)، م(١٣٠١/٩٤٥/٢)، ت(٩١٦/١٩٨/٢)، د(١٩٦٣/٤٥٤/٥)، جة(٣٠٤٤/١٠١٢/٢).

[٢] صـــحيح: (الإرواء/١٢١)، ت(٩٦٧/٢١٧/٢)، خـــز(٢٧٣٩/٢٢٢/٤)، حـــب(٩٩٨/٢٤٧)، مي(١٨٥٤/٣٧٤/١)، ك(٤٥٩/١)، هق(٨٥/٥).

[٣] صحيح: لەباسی دەستنوێژ گرتن بۆ نوێژ باسکرا.

نوێژێك بەبێ دەستنوێژو پاك‌و خاوێنی قبوڵ ناكا. هەروا چونكە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بە خاتو عائیشەشی فەرموو – كە كەوتبووە بێ نوێژییەوە لەحەج – «افْعَلِي مَا يَفْعَلُ الْحَاجُّ غَيْرَ أَنْ لاَ تَطُوفِي بِالْبَيْتِ حَتَّى تَغْتَسِلِي»[1]؛ هەركردارو هەڵس‌و كەوتێك حاجی دەیكا تۆش بیكە، وەلێ تەوافی كەعبە مەكە تا غوسڵ دەكەی.

٢- داپۆشینی شەرمگا: ئاماژە بە فەرمایشتی پەروەردگار كە دەفەرموێ: {يَا بَنِي آدَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ – الأعراف/٣١} هەروەها حەدیسێك ئەبوهورەیرە ریوایەتی كردوە: كە ئەبوبەكری صەدیق (رەزای خودای لێ بێ) لەو حەجەدا: كە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) كردبویە ئەمیری حەج لەپێش حەجی ماڵئاواییدا رۆژی یەكەمی جەژن، ئەمی ناردووە لەگەڵ كۆمەڵێك موسوڵمانی تر كە جاڕبدەن‌و بەناو خەڵكدا بڵاوی بكەنەوە (أَلاَ يَحُجَّ بَعْدَ الْعَامِ مُشْرِكٌ ، وَلاَ يَطُوفَ بِالْبَيْتِ عُرْيَانٌ)[2]: لەدوا ئەمساڵ موشریك رێگای پێ نادرێ حەج بكا، نابێ كەسیش بەروتی تەوافی كەعبە بكا.

٣-دەبێ سوڕانەوە بەدەوری كەعبەدا حەوتجاربێ، چونكە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) حەوتجاری تەواو سوڕایەوە وەكوو ئیبنو عومەر (رەزای خودا لەخۆی‌و باوكی)، دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) هاتە ناو حەرەم، حەوتجار بەدەوری كەعبەدا سوڕایەوە، لەپاش مەقامی ئیبراهیم دووركات نوێژی كرد، حەوتجار لەنێوان صەفاو مەڕوەدا هاتوچۆی كرد. بێگومان بۆ ئێوەی موسوڵمانان كرداری پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) سەرمەشق‌و (أسوة)ی حەسەنەیە. ئەم كردارو شێوە هەڵس‌وكەوتانەی

---

[1] متفق عليه: م(١١١٢ – ١١٩ -/٢/٨٧٣)، خ(١٦٥٠/٥٠٤/٣).

[2] متفق عليه: (٣٦٩/٤٧٧/١)، م(١٣٤٧/٩٨٢/٢)، (١٩٣٠/٤٢١/٥)، ن(٥/٢٣٤).

پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) مەبەستو مانای وردو رونی ئایەتی {وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ – الحج/٢٩} ئاشکرا دەکاو تەفسیری دەکاتەوە.

جا ئەگەر حاجی لەو حەوتجار سوڕانەوەیە شتێکی لێ چەرت کرد – هەرچەندە کەمیش بێ – تەوافەکەی بەکەڵك نایە، ئەگەر کەوتە گومانەوە، ئاخۆ پێنج جار یان شەش جار سوڕاوەتەوە ئەوە لایەنی کەمەکە وەردەگرێو لەسەر ئەوەوە تەوافەکانی تەواو دەکا. بۆئەوەی دڵنیابێ زیادی کردووە کەمی نەکردووە.

٤ ، ٥- دەبێ لە حەجەرولئەسوەدەوە دەست بەتەوافکردن بکاو لەوێش کۆتایی پێ بێنێ، لە تەوافدا دەبێ کەعبە بخاتە لای چەپی، ئاماژە بە فەرموودەیەك جابیر ریوایەتی کردوە، دەفەرموێ: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) هاتە ناو مەککە، هاتە لای بەردە رەشەکەو دەستی پێداهێنا، پاشان لەلای راستی بەردەکەوە کەوتە سوڕانەوە سێجار بەگورگە لوقەو رۆیشتنی خێرا، چوار جاریش بەرۆیشتنی ئاسایی.

ئەگەر وا تەوافی کرد، کەعبە کەوتە لای راستییەوە، ئەوە تەوافەکەی دروست نیە.

٦- پێویستە تەوافکردنەکەی لەدەرەوەی کەعبەوە بێ. چونکە قورئان دەفەرموێ: {وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ – الحج/٢٩}: بەدەوری خانوی لەمێژینەو شیعاری خودا پەرستیدا بسوڕێنەوە، ئەمەش ئەوە دەخوازێ بەدەوری هەموو کەعبەدا تەوافەکە بکرێ. ئەگەر لەناوەوەی حیجر تەوافی کرد دروست نیە چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: (الحجر من البيت) حیجر بەشێکە لەکەعبە.

٧- ئەنجامدانی تەوافەکان بەشوێن یەکدا. چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) تەوافەکانی بەشوێن یەکدا ئەنجام دانو ناوانی تێنەخستن،

فەرمووشی: «خُذُوا عَنِّي مَنَاسِكَكُمْ». لەمنەوە فێری ئەنجامدانی کاروبارەکانی حەج ببن‌و چاو لەمن بکەن.

ئەگەر تەوافەکەی بڕی بۆئەوەی دەستنوێژ بگرێ، یان یەکێ لەنوێژە فەرزەکان ئەنجام بدا، یان بۆئەوەی ماندوی بحەسێتەوە، ئەوە: کە دەستی پێ کردەوە لەو شوێنە دەست پێ دەکاتەوە کە لێی راوەستابوو، بەڵام ئەگەر وازهێنانەکەی لە تەواف زۆری خایاند ئەوە لە ئەوەڵەوە دەست پێ دەکاتەوە.

مەرجەکانی هاتووچۆی نێوان صەفاو مەڕوە

بۆئەوەی سەعیی نێوان صەفاو مەڕوە دروست‌و ڕەوابێ چەند مەرجێک دەبێ بێنەجێ:

١- دەبێ هاتووچۆکە حەوتجار بێ.

٢- دەبێ لە صەفاوە دەست پێ بکاو لەمەڕوە کۆتایی پێ بێنێ.

٣- دەبێ هاتووچۆ لەڕێڕەوی نێوان صەفاو مەڕوە بێ چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بەوشێوە سەعیی نێوان صەفاو مەڕوەی کرد، فەرمووشی: «خُذُوا عَنِّي مَنَاسِكَكُمْ». چاو لەمن بکەن‌و بەشێوەی من کاروباری حەج ئەنجام بدەن.

کارە ناڕەواکانی ئیحرام: ئەو کارانەی یاساغە لەسەر ئیحرام بەستوو

١- لەبەرکردنی قوماشی دورواو. ئاماژە بە حەدیثی ئیبنو عومەر (رەزای خودا لەخۆی‌و لەباوکی) کە دەفەرموێ: پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئیحرام بەستوو پۆشاکی چۆن بپۆشێ؟ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ يَلْبَسُ الْقُمُصَ وَلاَ الْعَمَائِمَ وَلاَ السَّرَاوِيلاَتِ وَلاَ الْبَرَانِسَ وَلاَ الْخِفَافَ». نابێ نەکراس لەبەربکا نە مێزەر لەسەرنێ نە دەرپێ لەپێ بکا نە رۆب‌و پاڵتۆو شتی وا بپۆشێ، نە خوف‌و گۆرەوی لەپێ بکا (إِلاَّ

أَحَدٌ لاَ يَجِدُ نَعْلَيْنِ فَلْيَلْبَسْ خُفَّيْنِ) مەگەر كەسێك نەعلی چنگ نەكەوت ئەوە خوف لەپێ دەكا. (وَلْيَقْطَعْهُمَا أَسْفَلَ مِنَ الْكَعْبَيْنِ) با لەخوار قاپە رەقەوە خوفەكان ببڕێ (وَلاَ تَلْبَسُوا مِنَ الثِّيَابِ شَيْئًا مَسَّهُ الزَّعْفَرَانُ أَوْ وَرْسٌ) پۆشاكێك مەپۆشن زەعفەران یا (وەرس)ی لێ درابێ.[1]

بارسوكی دەكرێو ڕێگە دەدرێ بەكەسێك جگە لەدەرپێو خوف هیچی تری نەبێ: كە بیانپۆشێ بەبێ هەڵدڕینو بڕین، ئەمەش بەپێی حەدیثی ئیبنو عەبباس: كە دەفەرموێ: گوێم لێ بوو لەعەرەفاتدا پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) وتاری دەداو دەیفەرموو: كەسێك جوتێ نەعلی دەست نەكەوت با دەرپێ بپۆشێ.[2] ئەمە بۆ ئیحرام بەستوو.

٢- داپۆشینی روخسارو دوو دەستی ئافرەت، ئاماژە بە حەدیثی ئیبنو عومەر (رەزای خودا لەخۆیو لەباوكی) كە دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «وَلاَ تَنْتَقِبِ الْمَرْأَةُ الْمُحْرِمَةُ وَلاَ تَلْبَسِ الْقُفَّازَيْنِ»[3]: ئافرەتی ئیحرام بەستوو روبەند ناپۆشێو دەستكێش لەدەست ناكا.

دروستە بۆ ئافرەت كە هەركاتێ پیاوی بێگانە بەلایدا تێپەڕین روخساری خۆی داپۆشێ. ئاماژە بە حەدیثی هیشامی كوڕی عوروە كە لەخاتو فاتیمەی كچی (المنذر)ەوە ریوایەت دەكا، دەڵێ: ئێمە لەئیحرامدا بووین روخساری خۆمان دادەپۆشی. ئێمە لەوكاتەدا لەگەڵ خاتو ئەسمائی كچی ئەبوبەكری صدیق دا بووین.[4]

---

[1] متفق علیه: خ(١٥٤٢/٤٠١/٣)، م(١١٧٧/٨٣٤/٢)، (١٨٠٦/٢٦٩/٥)، ن(١٢٩/٥).

[2] متفق علیه: خ(١٨٤١/٥٧/٤)، ن(١٣٢/٥)، م(١١٧٨/٨٣٥/٢)، ت(٨٣٥/١٦٥/٢)، د(١٨١٢/٢٧٥/٥).

[3] صحیح: (الإرواء/١٠٢٢)، خ(١٨٣٨/٥٢/٤)، د(١٨٠٨/٢٧١/٥)، ن(١٣٣/٥)، ت(٨٣٤/١٦٤/٢).

[4] صحیح: (الإرواء/١٠٢٣)، ط(٧٢٤/٢٢٤)، ك(١/٤٥٤).

٣- داپۆشینی سەر بۆ پیاو بە مێزەرو شتی وا، ئاماژە بە فەرمایشتی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کە لە حەدیثی ئیبنو عومەردا هاتووە: کە فەرمووی: «لاَ يَلْبَسُ الْقُمُصَ وَلاَ الْعَمَائِمَ»[1]: پیاو لەئیحرامدا نەکراس لەبەردەکا، نەمێزەر لەسەر دەنێ.

بۆی دروستە بچێتە ژێر سێبەری خێمەو چەترو شتی وا. ئاماژە بەو حەدیثەی لەوەپێش تێپەڕی کە تێیدا هاتووە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی کرد لە (نەمیرە) رەشماڵێکیان بۆ هەڵداو تەشریفی چووە ژێری بۆ پشودانو حەسانەوە.

٤- بۆنی خۆش لەخۆدان، ئاماژە بە حەدیثی ئیبنو عومەر (رەزای خودا لەخۆیو لەباوکی) دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «وَلاَ تَلْبَسُوا مِنَ الثِّيَابِ شَيْئًا مَسَّهُ الزَّعْفَرَانُ أَوْ وَرْسٌ».[2] شتێك مەپۆشن زەعفەرانو (ورس)ی لێ درابێ.

هەروەها لەبەر فەرمایشتی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەربارەی ئەو پیاوە ئیحرام بەستووەی حوشترەکەی گلاندبوویو گیانی لەدەست دابوو فەرمووی: «وَلاَ تُحَنِّطُوهُ وَلاَ تُخَمِّرُوا رَأْسَهُ ، فَإِنَّهُ يُبْعَثُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مُلَبِّيًا».[3] بۆنی خۆشی پێوە مەکەنو سەریشی دامەپۆشن، بێگومان ئەو رۆژی قیامەت بەئیحرام بەستوویی زیندو دەکرێتەوە.

٥ – ٦- نینۆك کردنو موتاشین یان کورتکردنەوەی یان لابردنی بە هەرشتێکی تر. چونکە پەروەردگار دەفەرموێ: {وَلاَ تَحْلِقُواْ رُؤُوسَكُمْ حَتَّى

---

[1] صحيح: (الإرواء/١٠١٢).

[2] متفق عليه: خ(١٥٤٢/٤٠١/٣)، م(١١٧/٨٣٤/٢)، د(١٨٠٦/٢٦٩/٥)، ن(١٢٩/٥).

[3] متفق عليه: خ (١٢٦٥/١٣٥/٣)، م (١٢٠٦/٨٦٥/٢)، د (٣٢٢٢/٣٢٢٣/٦٣/٩)، ن (١٩٦/٥).

يَبْلُغَ الْهَـدْيُ مَحِلَّـهُ – البقـرة/١٩٦}: سـەرتان مەتاشـن هـەتا قوربانییەكـەتان سەردەبڕن، زانایانیش كۆڕایان هەیە لەسەر ئەوە كە ئیحرام بەسـتوو حەرامـە نینۆكی بكا.(١)

كەسـێك بەنەتاشـینی سـەریو موهێـشتنەوە بەجەسـتەیەوە تووشـی ئەزیـەتو ئـازار دەبـوو، بـۆی هەیـە سـەری بتاشـێو مـوی جەسـتەی لابـەرێو فیدیە بدا، ئاماژە بە فەرمایشتی پەروەردگار كە دەفەرموێ: {فَمَن كَانَ مِـنكُم مَّرِيضاً أَوْ بِهِ أَذًى مِّن رَّأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَـدَقَةٍ أَوْ نُـسُكٍ – البقـرة/١٩٦}: ئەگەر یەكێك لەئێوە نەیتوانی مەرجەكانی ئیحرام بەجێ بێنێ سـەری تاشـی یـان كـورتی كـردەوە بـەهۆی نەخۆشـیو برینـدار بـوونو ئەسـپێ لێدان ئـەوە فیدیە دەدا؛ بەئارەزووی خۆی یان سێ ڕۆژ بەڕۆژو دەبێ یان خواردن دەدا بـە شەش هەژار یان مەڕێك سەردەبڕێ.

لەكەعبی كوڕی (عجرة)وە ڕیوایـەتكراوە، كـە پێغەمبـەر (درودی خـودای لەسـەر بـێ) لەوكاتـەدا كـە لەحودەیبییـە بـوو هێـشتا داخڵی مەككە نـەبووە، بەلایدا تێپەڕیوە، كەعب لەئیحرامدا بووەو خەریكی ئاگر كردنەوە بوو لەژێر مەنجەڵێكدا، ئەسپێ بەسـەر ڕوخـساریدا هـاتوونو چـوون، پێغەمبـەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویـەتی: « أَيُؤْذِيكَ هَوَامُّكَ هَـذِهِ ». ئـەو ئەسـپێیانەت نارەحەتت ناكەن؟ وتـی بـەڵێ: پێیـان تەنگـەتاوم. فـەرمووی: «فَـاحْلِقْ رَأْسَـكَ وَأَطْعِمْ فَرَقًا بَيْنَ سِتَّةِ مَسَـاكِينَ – وَالْفَرَقُ ثَلاَثَةُ آصُعٍ – أَوْ صُمْ ثَلاَثَةَ أَيَّـامٍ أَوِ انْـسُكْ نَسِيكَةً»(٢) سەرت بتاشە (فَرَق)ێك سێ ڕبە خواردن بدە بـە شـەش هـەژار یـان سێ ڕۆژ بەڕۆژوبە یان حەیوانێك سەربڕە.

---

(١) الإجماع لإبن المنذر/٥٧.

(٢) متفق عليه: م (١٢٠١ – ٢/٨٦١/٨٣) وهذا لفظه، خ (٤/١٢/١٨١٤)، د (٥/٣٠٩/١٧٣٩)، ن (٥/١٩٤).

٧- جيماع كردن لەگەڵ خێزانی یان ماچكردنیو ئەو جۆرە شتانە.

٨- تاوانكردن.

٩- دەمەدەمێو كێشە نانەوە.

بەڵگە لەسەر حەرامی ئەم سێ شتە ئایەتی {الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلاَ رَفَثَ وَلاَ فُسُوقَ وَلاَ جِدَالَ فِي الْحَجِّ – البقرة/١٩٧}:

١٠ – ١١- خوازبێنیو ژن مارە كردن، ئاماژە بەو حەدیثەی حەزرەتی عوسمان ریوایەتی كردووە، كە دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « لاَ يَنْكِحُ الْمُحْرِمُ وَلاَ يُنْكَحُ وَلاَ يَخْطُبُ».[١] ئیحرام بەستوو تا لەئیحرامدا بێ، نەژن مارەدەكا، نە مارە دەكرێ نەخوازبێنی دەكا.

١٢- دەست وەشاندنو زیانگەیاندن بەنێچیری دەشتەكی؛ بیانكوژێ یان سەریان ببڕێ، یان یارمەتی كەسانی دی بدا بۆ ئەو كارە، چونكە خودا دەفەرموێ: {وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ الْبَرِّ مَا دُمْتُمْ حُرُمًا – المائدة/٩٦}: هەتا لەئیحرامدا بن حەرامە بۆتان راوكردنی نێچیری دەشتەكی.

هەروا ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) كاتێك هاوەڵان پرسیاریان لێ كردووە دەربارەی ئەو دێڵە كەرە كێویەی ئەبو قەتادە نێچیری كردبوو – ئەوكاتە خواردنی حەڵاڵ بوو – هاوەڵان لە ئیحرامدا بوون، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرموون «أَمِنْكُمْ أَحَدٌ أَمَرَهُ أَنْ يَحْمِلَ عَلَيْهَا أَوْ أَشَارَ إِلَيْهَا ». ئایا كەس لەئێوە فەرمانی بە ئەبو قەتادە كرد بێچیری بكا؟ عەرزیان كرد نەخەیر كەسمان ئەوەی نەكردووە. فەرمووی {فكلوا} كەوابێ بیخۆن بۆتان حەڵاڵە.[٢]

---

[١] صحیح: (مختصر م/٨١٤)، م (١٤٠٩/١٠٣٠/٢)، د (١٨٢٥/٢٩٥/٥)، ت (٨٤٢/١٦٧/٢)، ن (٥/١٩٢).

[٢] متفق علیه: خ(١٨٢٤/٢٨/٥)، م (١١٩٦ – ٦٠/٨٥٣/٢)، ن (٥/١٩٢).

١٣- خواردن لەهەر نێچیرێك لەبەر خاتری ئەو یان بەفەرمانو ڕێنماییو یارمەتی ئەو نێچیر کرابێ، ئاماژە بەماناو مەفهومی فەرموودەکەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کە دەربارەی نێچیرەکەی ئەبو قەتادە فەرمووی: «أَمِنْكُمْ أَحَدٌ أَمَرَهُ أَنْ يَحْمِلَ عَلَيْهَا أَوْ أَشَارَ إِلَيْهَا».(١) وتیان نەخەیر کەسمان ئەوەمان نەکردووە، فەرمووی: دەسا لێی بخۆن.

ئەو شتانەی حەج بەتاڵ دەکەنەوە

حەج بەیەکێک لەم دوو شتە بەتاڵ دەبێتەوە:

یەکەم: جیماع پێش ڕەمیی جەمەرەی عەقەبە. بەڵام ئەگەر دوای ڕەمیی جەمەرە عەقەبە بوو پێش تەوافی ئیفاضە ئەوە حەجەکە بەتاڵ نابێتەوە، گوناهبار دەبێ.

ئیبنولمنزیر دەڵێ: کۆڕای زانایان لەسەر ئەوەیە: کەسێك بەئەنقەست لەحەجدا پێش ڕاوەستانی عەرەفە جیماعی کرد حەجەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، پێویستە لەسەری لەساڵی داهاتوودا حەجەکەی بکاتەوەو ئاژەڵیش سەرببڕێو قوربانی بکا.(٢)

دووەم: بەجێ نەهێنانی روکنێك لە ئەرکەکانی حەج.

جا هەرکاتێ حەجەکەی بە یەکێك بەم دوو شتە بەتاڵ بۆوە واجبە لەسەری لەساڵی داهاتوودا ئەگەر توانای هەبوو (ئەو توانایەی کە بۆ حەجکردن پێویستە، بەو شێوەی لەوەپێش ئاماژەی پێ کرا) دەبێ حەجەکەی

---

(١) لە کتێبی (إرشاد الساری) دانراوی شێخ محمد ابراهیم شقره راگوێزراوە.

(٢) الإجماع/٥٦.

بكاتـەوە، ئـەگينا هـەركاتێ ئـەو توانايـەی بـۆ دەسـتەبەر بـوو دەبـێ فـەورەن لەكاتی حەجدا حەجەكەی بكاتەوە.[١]

ئەو شتانەی لە حەرەمين (مەككەو مەدينە)دا حەرامە بكرێن

لـە صـەحيحەينو غـەيری صەحيحەينيـشدا فەرموودەيـەك لـە عـەبادی كوڕی تەميم ئەويش لەماميەوە گێڕدراوەتەوە: كە پێغەمبەر (درودی خـودای لەسەر بێ) فەرموويەتی: « أَنَّ إِبْرَاهِيمَ حَرَّمَ مَكَّةَ ، وَدَعَا لَهَا ، وَحَرَّمْـتُ الْمَدِينَـةَ كَمَـا حَـرَّمَ إِبْـرَاهِيمُ مَكَّـةَ». حـەزرەتی ئيـبراهيم مەككـەی كـردووە بەحـەرەمو شـوێنی پـيرۆزو لـەخودا پاڕاوەتـەوە ئـاوەدانیو فـەڕو بەرەكـەتی تـێ بخـاو لەهـەموو لايەكـەوە خـەڵكی بـێن زيـارەتی كەعبـە بكـەنو خوداپەرسـتیو يەكتاپەرستی رابگەيەنن. منيش مەدينەم كـردووە بەحـەرەمو شـوێنی پـيرۆز وەكوو چۆن ئيبراهيم مەككەی كردووە بە بەستو حەرەم.

بـە حـەرەمكردنی مەككـەو مەدينـە بـەنيگای يـەزدانی بـووە، نيگـای پـەروەردگار كـە ئاراسـتەی هـەردوو پێغەمبـەرە بـەڕێزەكانی خـۆی كـردووە (درودی خودايان لەسەر بێ) هەركاتێ گوترا: (الحرمين) مەبەست مەككەو مەدينەيـە، وشـەی حـەرەم = بەسـت. هـەر بـۆ ئـەو دوو شـارە پـيرۆزە بەكاردەهێندرێو بەس، تەنانەت دروست نيە وشەی (حـەرەم) بـۆ مزگـەوتی قودسو مزگـەوتی ئيـبراهيم خـەليليش بـەكار بهێنـدرێ، چونكە بەسروشو نيگا تەنها ئەم ناوە بـۆ مەككەو مەدينـە نـاودێركراوە، كـارێكی تەشـرعيـيەو عەقڵ رۆڵی تێدا نابينێ.

---

[١] إرشاد الساري: دانراوی: محمد إبراهيم شقرة.

چەند شتێك لەخاكی حەرەمەیندا كردنیان حەرامەو نابێ بكرێن، چی بۆ ئەوانەی ژیان تێیاندا بەسەر دەبەنو دانیشتویانن، یان ئەوانەی بەنیازی حەجو عەمرەو مەبەستی تر زیارەتیان دەكەن.

ئەو كارە حەرامو نادروستانەش ئەمانەن:

١- نێچیركردنی ئاژەڵو باڵندە، یان دەركردنو راونانیان، یان یارمەتیدانی كەسانی دیكە بۆ ئەو مەبەستانە.

٢- دروونەوەو هەڵپروكاندنو هەڵكێشانی رووەك مەگەر پێویستو زەرور بێ.

٣- هەڵگرتنی چەك.

٤- هەڵگرتنەوەی شتی كەوتوو لەناو بەستی مەككەدا بەنیسبەت كەسێك دانیشتووی ئەوێ نەبێ، وەڵێ بۆ كەسێك خەڵكی ئەوێ بێ بۆی دروستە شتی كەوتوو هەڵبگرێتەوەو جاڕی بۆ بدا بەهیوای ئەوەی خاوەنی بۆ پەیدا ببێو بیداتەوە. لەمەشدا جوداوازی لەنێوان حاجیو دانیشتوانی مەككەدا ئاشكرایە دەڵێم: بەڵگە لەسەر حەرامی ئەو شتانەی ئاماژەیان پێ كرا فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) كە لە رۆژی رزگار كردنی مەككەدا فەرمووی: « إِنَّ هَذَا الْبَلَدَ حَرَّمَهُ اللَّهُ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ ، فَهُوَ حَرَامٌ بِحُرْمَةِ اللَّهِ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ ، وَإِنَّهُ لَمْ يَحِلَّ الْقِتَالُ فِيهِ لأَحَدٍ قَبْلِي ، وَلَمْ يَحِلَّ لِي إِلاَّ سَاعَةً مِنْ نَهَارٍ ، فَهُوَ حَرَامٌ بِحُرْمَةِ اللَّهِ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ ، لاَ يُعْضَدُ شَوْكُهُ ، وَلاَ يُنَفَّرُ صَيْدُهُ ، وَلاَ يَلْتَقِطُ لُقَطَتَهُ إِلاَّ مَنْ عَرَّفَهَا ، وَلاَ يُخْتَلَى خَلاَهُ » . فَقَالَ الْعَبَّاسُ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِلاَّ الإِذْخِرَ ، فَإِنَّهُ لِقَيْنِهِمْ وَلِبُيُوتِهِمْ . فَقَالَ «إِلاَّ الإِذْخِرَ».[1] ئەم شارە كەشاری مەككەیە پەروەردگار رێزو حورمەتی داوەتێو كردویەتی بە بەستو حەرەم لەو رۆژەوەی خودا ئاسمانەكانو زەوی پەدیهێناون، ئەوشارە پیرۆزە

[1] متفق علیه: خ (٤/٤٦/١٨٣٤)، م (٢/٩٨٦/١٣٥٣)، ن (٥/٢٠٣).

بەوەی خودا پیرۆزی داوەتێو ئەم پیرۆزیو حورمەتەی هەیەتی هەتا ڕۆژی پەسلان بەردەوامە، پێش من بۆ کەس حەلاڵ نەبووە شەڕی تێدا بکا. بۆ منیش تەنها یەك سەعات شەڕ حەلاڵ بوو بەس! ئەو شارو دەڤەرە حورمەتو پیرۆزی خۆی هەیە، خودا ئەو ڕێزو قەدرەی داوەتێو تا ڕۆژی قیامەت بەردەوامە، دڕكو شتی وای پاكۆ نادرێ، ڕووەكو درەختی نابڕدرێ نێچیرو ئاژەڵی ڕاوناكرێنو دەرناپەڕێندرێن، شتی كەوتووی هەڵناگیرێتەوە، مەگەر بۆ كەسێك هەڵی بگرێتەوەو جاڕی بۆ بدا بۆ ئەوەی خاوەنی پەیدا ببێو بیداتەوە، گیاوگژی تەڕی نادورێتەوە ناڕندرێتەوە. عەبباسی كوڕی عبدالمطلب كە ئامادەی ئەم فەرموودەی پێغەمبەر بوو (درودی خودای لەسەر بێ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! جگە لە ڕووەكی (إذْخِر) سورپناتك، چونكە ئەم ڕووەكە بۆ سوتەمەنی ناو ماڵو بۆ سەرگرتنی سەری گۆڕ بەكار دێنین، حەزرەتیش فەرمووی: باشە تەنیا ڕووەكی سوڕناتكی لێ دەرچێ، ئەو لەبەر زۆر پێویستی دروونەوەی دروستە.

لە جابیرەوە ریوایەتكراوە، دەفەرموێ: لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو: «لاَ يَحِلُّ لأَحَدِكُمْ أَنْ يَحْمِلَ بِمَكَّةَ السِّلاَحَ».[1] ڕوانیە بۆ هیچ كەس لەئێوە لە مەككەدا چەك هەڵبگرێ.

لە ئیمامی عەلییەوە ریوایەتكراوە، دەفەرموێ: كە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەربارەی مەدینە فەرموویەتی: « لاَ يُخْتَلَى خَلاَهَا وَلاَ يُنَفَّرُ صَيْدُهَا وَلاَ تُلْتَقَطُ لُقَطَتُهَا إِلاَّ لِمَنْ أَشَادَ بِهَا – أنشدها – وَلاَ يَصْلُحُ لِرَجُلٍ أَنْ يَحْمِلَ فِيهَا السِّلاَحَ لِقِتَالٍ وَلاَ يَصْلُحُ أَنْ يُقْطَعَ مِنْهَا شَجَرَةٌ إِلاَّ أَنْ يَعْلِفَ رَجُلٌ بَعِيرَهُ».[2]

---

[1] صحيح: (ص. ج/٧٦٤٥)، م (٢/٩٨٩/١٣٥٦).

[2] صحيح: (ص. د/١٧٩)، د (٦/٢٠/٢٠١٨).

ڕووەك و گژوگیا نادروێتەوە، نێچیرەکانی تەرە ناکرێن و ڕاو نانرێن، شتی داکەوتووی هەڵناگیرێتەوە، مەگەر بۆ کەسێك جاڕی بۆ بداو هەوڵ بدا خاوەنی بۆ بدۆزێتەوە، نابێ هیچ پیاوێك چەکی تێدا هەڵبگرێ بە مەبەستی شەڕ. نابێ درەختی ببڕدرێ مەگەر بە مەبەستی ئالفدان بەحوشتر گەڵاو پرژو پاڵی لێ هەڵپاچی.

شێخ محمد شقرە دەڵێ: کەسێك شتێکی لەم کارە یاساغانە ئەنجامدا تاوانبار دەبێ، پێویستە تۆبە بکا داوای لێخۆشبوون لەخودا بکا جگە لەڕاوکردنی نێچیر ئەوە بەتۆبە کردن تەواو نابێ، دەبێ خوێنی قەرەبوو بدا سەرباری تۆبەکردنەکەی.

قەرەبوو کردنەوەی کوشتنی نێچیر

پەروەردگار دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقْتُلُواْ الصَّيْدَ وَأَنتُمْ حُرُمٌ وَمَن قَتَلَهُ مِنكُم مُّتَعَمِّدًا فَجَزَاء مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ النَّعَمِ يَحْكُمُ بِهِ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ هَدْيًا بَالِغَ الْكَعْبَةِ أَوْ كَفَّارَةٌ طَعَامُ مَسَاكِينَ أَو عَدْلُ ذَلِكَ صِيَامًا لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمْرِهِ عَفَا اللّهُ عَمَّا سَلَف وَمَنْ عَادَ فَيَنتَقِمُ اللّهُ مِنْهُ وَاللّهُ عَزِيزٌ ذُو انْتِقَامٍ – المائدة/٩٥}. ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە، لەو کاتەیدا ئێوە لەئیحرامدان نێچیر ڕاومەکەن، کەسێك بە ئەنقەست نێچیرێکی کوشت ئەوە حەیوانێك سەربڕێ لەقەبارەی ئەو نێچیرەی ڕاوی کردووە، دوو کەسی عادڵ لەئێوە ئاژەڵی هاوتای ئاژەڵە ڕاوکراوەکە دیاری دەکەن و دەیکاتە دیاری کەعبەو لەپەنا کەعبەدا سەری ببڕێ، یان کەفارەت بدا ئەویش خواردن دانە بەهەژاران یان ئەوەندەی ئەو کەفارەتە بەڕۆژو بێ، ئەمەیش بۆ ئەوەیە تاڵاوی کردەوە یاساغەکەی بچێژێ، پەروەردگار لەوجۆرە تاوانانەی لەوەپێش ئەنجام دراون خۆش بووەو سزاتان نادا، هەرکەسێ ئەو جۆرە تاوانە دووبارە بکاتەوە، خودا تۆڵەی لێ دەستێنێ و سزای دەدا، خوای گەورە بەتواناو تۆڵەئەستێنە.

ئیبنو کەثیر دەڵێ: ئەمە یاساغکردنی پەروەردگارە بۆ نێچیر کوشتن لەکاتی ئیحرامدا، نەهی کردنیەتی لەوەی لەکاتی ئیحرامدا پەنا بۆ راوکردنو راوەدونانو تەراندنی ئاژەڵی کێوی بەری.

لەروی ماناوە ئەم نەهی کردنو یاساغکردنە ئاژەڵە کێوییەك دەگرێتەوە گۆشتی بخورێ، یان ئاژەڵێك لەم جۆرەو لەجۆری تر بەوە لەدبوو بێ، وەڵێ ئاژەڵێك کە گۆشتی نەخورێ لە ئاژەڵە کێوییەکان، ئەوە بەلای شافیعییەوە دروستە مرۆڤی ئیحرام بەستوو بیانکوژێ، بەڵام جەماوەری زانایان کۆکن لەسەر ئەوە کە ئەوانیش بۆ ئیحرام بەستوو حەرامە کوشتنیان، لەم حوکمە تەنیا ئەو چەند گیانلەبەرە چەرت دەکرێن کە لە صەحیحەیندا چەسپاون لەرێگەی (الزهری)یەوە لە عوروەوە لەخاتو عائیشەوە (رەزای خودا لەهەموویان بێ) کە دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « خَمْسٌ فَوَاسِقَ يُقْتَلْنَ فِي الْحِلِّ وَالْحَرَمِ الْغُرَابُ وَالْحِدَأَةُ وَالْعَقْرَبُ وَالْفَأْرَةُ وَالْكَلْبُ الْعَقُورُ». [1] پێنج گیانلەبەری زێنەخرۆ هەن لەدەرەوەی بەستو لەناو بەستدا دەکوژرێن، قەلەرەشە، کۆلارە، دوپشك، مشك، سەگی نهێنگر.

ئیبنو کەثیر دەفەرموێ: جەماوەری زانایان پێیان وایە ئیحرام بەستوو بە ئەنقەست راوی نێچیر بکا یان لەبیری بچێتەوەو بەنەزانی ئەو کارە بکا قەرەبوو کردنەوەی لەسەر پێویستە.

ئیمامی (الزهری) دەڵێ: قورئان قەرەبوو کردنەوەی نێچیرکوشتنی چەسپاندووە، بەپێی سوننەتیش قەرەبوو کردنەوەی ناسیو لەبیرچۆوە چەسپاوە، مانای ئەمە ئەوەیە: کە قورئان ئەوەی چەسپاندووە کە کەسێك بە

[1] متفق علیه: خ (١٨٢٩/٣٤/٤)، م (١١٩٨/٨٥٦/٢)، ت (٨٣٩/١٦٦/٢).

ئەنقەست راو بکاو نێچیر بکوژێ دەبێ خوێنەکەی بدا وێڕای ئەوەش تاوانبار دەبێ، ئاماژە بەئایەتی {لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمْرِهِ عَفَا اللّهُ عَمَّا سَلَف وَمَنْ عَادَ فَيَنتَقِمُ اللّهُ مِنْهُ – المائدة/٩٥}.

بەگوێرەی سوننەتو حوکمی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ)و حوکمی هاوەڵانی؛ کەسێك بە هەڵەو نەزانیش نێچیر راوبکا دەبێ لە فەرمبووی ئەوەدا ئاژەڵێکی هاوتا سەربڕێ، وەکوو چۆن لەڕاوکردنی بە ئەنقەستدا قورئان فەرمبووکردنەوەی لەسەر بکەرەکە چەسپاندووە، لە لایەکی ترەوە بێگومان کوشتنی نێچیر فەوتاندنو بە تەلەفدانە، فەوتاندنو بە تەلەفدان بە ئەنقەست بێ یان بەهەڵە بکەرەکەی بەرپرسیارەو ضامن دەبێ، وەڵێ ئەوەندە هەیە بکەری بەئەنقەست تاوانباریش دەبێ، بەڵام بکەری بەهەڵەو نەزانی سەرزەنشتی ناکرێ.

ئیبنو کەثیر دەڵێ: کە پەروەردگار دەفەرموێ: {فَجَزَاء مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ النَّعَمِ – المائدة/٩٥}. بەڵگەیە لەسەر ئەو بۆچوونەی ئیمام مالیكو شافیعیو ئەحمەدو جەماوەری زانایان کە فەرموویانە واجبە لەسەر نێچیرکوژی ئیحرام بەستوو کە: ئاژەڵێکی ماڵی لە هاوشێوەو هاوتای نێچیرەکە سەربڕێ ئەگەر نێچیرەکە هاوشێوەی ئاژەڵی ماڵی هەبوو، ئەگەر هاوشێوەی نەبوو، ئەوە ئیبنو عەبباس وای فتواداوە کە نرخەکەی لەمەککەدا خەرج بکا، بەیهەقی ریوایەتی کردووە.[1]

*** چەند نمونەیەك لەبڕیارو حوکمی پێغەمبەرو هاوەڵانی دەربارەی دیاری کردنی هاوتایی نێوان نێچیری کێویو ئاژەڵی ماڵی:**

---

[1] تفسير القرآن العظيم ٢/٩٩.

لە جابیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پرسیارم لە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کرد دەربارەی کەمتیار فەرمووی: ئەوە نێچیرەو ئەگەر کەسێ ڕاوی کرد دەبێ مەڕێك لەقەرەبوویدا سەربڕێ.[١]

هەر لەجابیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: کە عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خودای لێ بێ) بڕیاریدا بۆ ڕاوکردنی کەمتیار مەڕێك سەربڕدرێ، بۆ نێچیرکردنی ئاسك بزنێك‌و بۆ کەروێشك بەرخۆلەیەکی تەمەن یەکساڵ‌و کەمتر، بۆ جرج کاریلەیەکی یەکساڵ‌و کەمتر.[٢]

لە ئیبنو عەبباسەوە گێڕدراوەتەوە کەفتوای داوە بۆ کەسێك ئیحرام بەستوو بێ یان نا لە قەرەبووی نێچیرکردنی هەر کۆترێکی حەرەمدا مەڕێك سەربڕێ.[٣]

ئیبنو کەثیر[٤] دەفەرموێ: کە پەروەردگار فەرمووی: (هَدْيًا بَالِغَ الْكَعْبَةِ). مەبەست ئەوەیە کە لەحەرەمدا حەیوانەکە سەربڕدرێ‌و گۆشتەکەی بەسەر فەقیرو هەژاری ئەوێدا دابەش بکرێ. ئەمە شتێکە کۆڕای زانایانی لەسەرە.

کە دەفەرموێ: {أَوْ كَفَّارَةٌ طَعَامُ مَسَاكِينَ أَو عَدْلُ ذَلِكَ صِيَامًا - المائدة/٩٥} واتە: ئەگەر ئیحرام بەستوو ئاژەڵی ماڵی وای دەست نەکەوت هاوتای ئەو گیانلەبەرە بێ کەنێچیری کردووە، یان ئاژەڵە نێچیرکراوەکە لەو جۆرە حەیوانانە نەبوو، کەوێنەی لە ئاژەڵی ماڵیدا هەبێ، یان بڵێین: ئیحرام

---

[١] صحيح: (ص. د/٣٢٢٦)، د (١٠/٢٧٤/٣٧٨٣).

[٢] (الإرواء/١٠٥١)، ط (٢٨٥/٩٤١)، هق (٥/١٨٣).

[٣] صحيح الإسناد (١٠٥٦)، هق (٥/٢٠٥).

[٤] ج ١٠٠/٢.

بەستووەکە بەگوێرەی ظاهیری مانای (أو) موخەییەرە لەنێوان حەیوان سەربڕینو خۆراك دان بەهەژارانو بەرۆژو بوندا، ئەوە بەم شێوەیە دەبێ.

کابرای ئیحرام بەستوو ئەگەر ویستی فەرمبووی نێچیرەکە بە بەخشینی خۆراك پڕ بکاتەوە، دەچێ ئاژەڵە نێچیرکراوەکە دەنرخێنێ بەپارە ئەمجار بەپارەکە خواردن دەکڕێو بۆ هەر هەژارێك (مورد)ێك دادەنێ، ئەمجار ئەگەر پارەی نەبوو یان بڵێین کابرا موخەییەرە لەنێوان بەخشینی خواردنو بەرۆژو بووندا ئەوە لەجیاتی خواردنی هەر هەژارێك ڕۆژێك بەرۆژو دەبێ.

سزای جیماعکردن لەحەجدا

کەسێك پێش تەحەلولی یەکەم جیماعی کرد، حەجەکەی بەتاڵ دەبێتەوەو دەبێ حوشترێکیش سەرببڕێ، ئەگەر جیماعکردنەکە لەدوای تەحەلولی یەکەمو پێش تەحەلولی دووەم بوو، ئەوە مەڕێك سەرببڕێو حەجەکەشی بەتاڵ نابێتەوە.

لە ئیبنو عەبباسەوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: کە پیاوێك لەئیحرامدا بوو لەميناو پێش تەوافی ئیفاضە جیماعی لەگەڵ ژنەکەی کرد، هات پرسیاری لە ئیبنو عەبباس کرد ئەویش فەرمانی پێ کرد کە حوشترێك سەرببڕێ.[1]

لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە لەباوکیەوە گێڕدراوەتەوە، کە پیاوێك هاتە لای عەبدوڵڵای کوڕی عەمر پرسیاری لێ کرد دەربارەی کابرایەکی ئیحرام بەستوو: کە دەستی لەگەڵ خێزانەکەیدا تێکەڵاو کردبوو، ئەویش ناردی بۆلای عبدللای کوڕی عومەر (ڕەزای خودایان لێ بێ) فەرمووی: بڕۆ بۆلای ئەو پرسیاری لێ بکە، دەڵێ پیاوەکە نەشارەزا بوو عەبدوڵڵای کوڕی

---

[1] صحيح موقوف: (الإرواء/١٠٤٤)، هق (٥/١٧١).

عومەری نەدەناسی، من لەگەڵی چووم، کە پیاوەکە لەئیبنو عومەری پرسی، لە وەڵامدا وتی: حەجەکەت بەتاڵ بۆتەوە، پیاوەکە وتی دەی باشەئێستا من چی بکەم؟ فەرمووی: لەگەڵ خەڵکەکە برۆ ئەوان چییان کرد تۆش وا بکە، ئەگەر ساڵی داهاتوو لەژیاندا مای‌و توانات هەبوو حەجەکەت بکەرەوەو ئاژەڵێکیش سەربڕە، کابرا گەڕایەوە بۆلای عەبدوڵڵای کوڕی عەمرو فتواکەی عەبدوڵڵای کوڕی عومەری بۆ گێڕایەوە، فەرمووی: دەبڕۆ بۆلای ئیبنو عەبباس پرسیار لەویش بکە، شوعەیب دەڵێ لە تەکیا چووم بۆلای ئیبنو عەبباس پرسیاری لێ کرد، ئەویش هەمان وەڵامی دایەوە کە ئیبنو عومەر فەرمووی، کابرا گەڕایەوە بۆلای عەبدوڵڵای کوڕی عەمرو منیش لەگەڵی بووم، فتواکەی ئیبنو عەبباسیشی بۆ گێڕایەوە، پاشان کابرا بە عەبدوڵڵای گوت: ئەدی جەنابت لەم بارەیەوە چی دەڵێی؟ وتی: کاکە قسەی منیش قسەی ئیبنو عومەرو ئیبنو عەبباسە.[1]

لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە ریوایەتکراوە، دەفەرمویٚ: کە پیاوێك خۆی‌و ژنەکەی ئیحرامیان بەعەمرە بەست: ژنەکە هەموو ئەرکەکانی عەمرەی جێبەجێ کرد جگە لەموو کورتکردنەوە، پێش ئەوەی موو کورت بکاتەوە، مێردەکەی سواری بوو، لەم بارەوە پرسیار لەئیبنو عەبباس کرا، فەرمووی: دیارە خانم زۆر تامەزرۆ بووە رانەوەستاوە مووەکانی کورت بکاتەوە پیاوەکەی سواری خۆی کردووە، بە ئیبنو عەبباسیان گوت: قوربان ژنەکە گوێی لێیە، ئیبنو عەبباس بەخۆیدا شکایەوەو فەرمووی: بۆچی پێتان نەگوتم کە ئافرەتەکە نزیکەو گوێی لەم قسانەیە؟ ئەمجار بەژنەکەی فەرموو ئاژەڵێك سەربڕە، ئافرەتەکە وتی چی سەربڕم؟ فەرمووی: حوشترێك یان

---

[1] صحيح: (الإرواء/٢٣٤)، هق (٥/١٦٧).

ڕەشـەوڵاخێك یـان مـەڕێك، ئافرەتەكـە گـوتی: كامیـان باشـترە؟ فـەرمووی: حوشترێك باشترە.[1]

جا كەسێك حوشتر یان مەڕی چنگ نەكەوت، پێویستە لەسەری سێ ڕۆژ لەحـەج و حـەوت ڕۆژیـش كـە گەڕایـەوە بـەڕۆژو بـێ، چـونكە پـەروەردگار دەفەرموێ: {فَمَن تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَـدْيِ فَمَـن لَّـمْ يَجِـدْ فَصِيَامُ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ – البقرة/١٩٦}.

واباشە بەڕۆژو بوونەكەی پێش ڕۆژی عەرەفە بێ، خۆ ئەگەر وای نەكرد، ئەوە بۆی ڕەوایە ڕۆژانـی (أیـام التـشريق) بـەڕۆژو بـێ، ئامـاژە بەقـەولی ئیبنـو عومەرو خاتو عائیشە (ڕەزای خودایان لێ بێ) كە فەرموویانە: ڕێگـە نـەدراوە لە ڕۆژانی (تەشریق)دا بەڕۆژو بن، مەگەر بۆ كەسێك ئاژەڵی دەست نەكـەوێ بیكاتە هەدیو سەری ببڕێ.[2]

* **هۆشـدارییەك**: پێویـستە ئـەوە بزانـدرێ، كـە ئـافرەتیش لـەم بـارەوە هەمان حوكمی پیـاوی هەیـە، وەلێ ئەوەنـدە ئەگـەر ئافرەتەكـە بـەزۆر سـواری بـوونو جیماعیـان لەگـەڵ كـرد حەجەكـەی بـەتاڵ نابێتـەوەو ئـاژەڵ سەربڕینیـشی لەسـەر نیـە، بەپێچەوانەی مێردەكـەی كـە بـەزۆر ئـەو كـارەی لەگەڵ كردووە ئەوە حەجەكەشی بەتاڵەو ئاژەڵ سەربڕینیشی لەسەرە.[3]

لە سەعیدی كوڕی جوبەیرەوە ڕیوایـەتكراوە، دەفـەرموێ: پیاوێـك هاتـە لای ئیبنو عەبباسو وتی: لەگەڵ ژنەكەمدا توشی دەست تێكـەڵاو كـردن بـووم پێش ئەوەی زیارەت بكەم، لە وەڵامدا فەرمووی: ئەگەر ژنەكە هاوبەش بووبێ ئەوە لەسەر هەر یەكێك لـەئێوە حوشـترێكی ساغو بـێ عـەیب واجبـە، ئەگـەر

---

(1) صحيح: (الإرواء/٤/٢٣٣)، هق (٥/١٧٢).

(2) صحيح: (الإرواء/١٠٤٢)، خ (١٩٩٧/٤/٢٤٢).

(3) إرشاد الساري.

ژنەكەت هاوكاری نەكردبێ‌و تۆ بەزۆر سواری بووبی، ئەوە لەسەرت پێویستە حوشترێكی ساغی بێ عەیب سەرببڕی.[1]

خوێنەكانی حەج

١- یەكەم خوێن ڕشتنی تەمەتتوع‌و قیران. ئەم خوێن ڕشتن‌و ئاژەڵ سەربڕینە ئەوەیە: كە پێویست دەبێ لەسەر ئەو حاجییەی ئیحرامی بەعەمرە بەستبێ‌و دوایی ئیحرام بەحەج ببەستێ، یان ئیحرامی بەحەج‌و عەمرە بەستبێ بەیەكەوە، چونكە پەروەردگار دەفەرموێ: {فَمَن تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ – البقرة/١٩٦}.

٢- خوێنی فیدیە: ئەو خوێن ڕشتن‌و ئاژەڵ سەربڕینەیە: كە پێویستە لەسەر حاجی كە لەبەر نەخۆشی یان ناڕەحەتبوون بەهۆی ئەسپێ‌و شتی واوە سەری بتاشێ، قورئان دەفەرموێ: {فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضاً أَوْ بِهِ أَذًى مِّن رَّأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ – البقرة/١٩٦}.

٣- خوێنی جەزاو قەرەبوو كردنەوە: ئەو خوێن ڕشتن‌و ئاژەڵ سەربڕینەیە: لەسەر ئیحرام بەستوو پێویست دەبێ ئەگەر نێچیرێكی كێوی كوشت. وەڵێ نێچیری دەریا هیچ قەرەبوویەكی بۆ ناكرێتەوە.

٤- خوێنی ڕێ لێ گیران‌و پەیدابوونی بەربەست‌و ئاستەنگ كە نەتوانێ كارەكانی حەج بكا، جا بەربەستەكە نەخۆشی بێ یان دوژمن بێ یان شتی تر بێ، قورئان دەفەرموێ: {فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ – البقرة/١٩٦}.

٥- خوێنكردن‌و ئاژەڵ سەربڕین لە ئاكامی ئەوەی حاجی بەئیحرام بەستوویی سەرجێی ژنی خۆی بكا.

---

[1] صحيح: (الإرواو/١٠٤٤)، هق (٥/١٦٨).

عەمرە

عومرە یەکێکە لەعیبادەتە گەورەکانو گەورەترین هۆکارو وەسیلەیە بۆ لەخودا نزیکبوونەوە، عیبادەتێکە پەروەردگار پایەو پلەی بەندەکانی پێ بەرز دەکاتەوە، تاوانو هەڵەیان پێ لادەباو پاکیان دەکاتەوە. بێگومان پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بەگوفتارو بە کردار موسوڵمانانی هەڵناون بۆ ئەنجامدانی، فەرموویەتی: «الْعُمْرَةُ إِلَى الْعُمْرَةِ كَفَّارَةٌ لِمَا بَيْنَهُمَا»[1] عەمرە بۆ عەمرە دەبێتە کەفارەتی تاوانی نێوانیان. هەروەها فەرموویەتی: «تَابِعُوا بَيْنَ الْحَجِّ وَالْعُمْرَةِ فَإِنَّهُمَا يَنْفِيَانِ الْفَقْرَ وَالذُّنُوبَ كَمَا يَنْفِي الْكِيرُ خَبَثَ الْحَدِيدِ وَالذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ».[2] بەردەوام بن لەسەر ئەنجامدانی حەجو عەمرە، بێگومان ئەو دوو عیبادەتە هەژاریو تاوان لادەبەنو وەکوو چۆن کورەی ئاگرو موشە دەمە چڵکو ژەنگی ئاسنو زێڕو زیو لادەبەن.

پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەژیانیدا ئەو عیبادەتەی بەجێ هێناوە هاوەڵانی لەخزمەتیا عەمرەیان کردووە دوای لەدونیا دەرچوونیشی هاوەڵانی بەردەوام بوون لەسەر عەمرە کردنو بەجێ هێنانی.

ئەرکەکانی عەمرە

١- ئیحرام بەستن واتە نیەتی چوونە ناو عەمرەو دەستکردن بەکارەکانیەتی بە بەرگێکی تایبەتەوە. چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ».[3]

---

[1] متفق عليه: خ (٣/٥٩٧/١٧٧٣)، م (٢/٩٨٣/١٣٤٩)، ت (٢/٢٠٦/٩٣٧)، ن (٥/١٥)، جه (٢/٩٦٤/٢٨٨٨).

[2] صحيح: (ص. ج/٢٨٩٩)، ت (٢/١٥٣/٨٠٧)، ن (٥/١١٥).

[3] متفق عليه: خ (له باسی دەستنوێژدا رابورد).

٢-٣- تەوافكردن و هاتووچۆی نێوان صەفاو مەروە، چونكە قورئان دەفەرموێ: {وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ – الحج/٢٩} هەروەها دەفەرموێ: {إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ اللّهِ – البقرة/١٥٨}. پێغەمبەریش (درودی خودای لەسەر بێ) دەفەرموێ: «اسْعَوْا إِنَّ اللَّهَ كَتَبَ عَلَيْكُمُ السَّعْيَ».[1] هاتوچۆی نێوان گردی صەفاو گردی مەروە بكەن، بێگومان پەروەردگار ئەو كارەی لەسەر پێویست كردوون.

٤- تاشینی موو یان كورتكردنەوەیان، ئەمەش ئاماژە بەو حەدیثەی ئیبنو عومەر ریوایەتی كردووە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ لَمْ يَكُنْ مِنْكُمْ أَهْدَى فَلْيَطُفْ بِالْبَيْتِ ، وَبِالصَّفَا وَالْمَرْوَةِ ، وَلْيُقَصِّرْ ، وَلْيَحْلِلْ».[2] كەسێك ئاژەڵی قوربانی لەگەڵ خۆی نەهێناوە، با تەوافی كەعبە بكاو سەعیی نێوان صەفاو مەروە ئەنجام بداو موی سەری كورت بكاتەوەو ئیحرام بشكێنێ.

كارە پێویستەكانی عەمرە

پێویستە لەسەر كەسێك نیازی عەمرەی هەیە، كە لەمیقات ئیحرام بەعەمرە ببەستێ، ئەگەر دانیشتووی شوێنێك بێ پێش میقات بێ، ئەگەر دانیشتووی ئەودیو میقات بێ، ئەوە لە مەنزڵی خۆیەوە ئیحرام دەبەستێ، ئەمما كەسێك دانیشتووی مەككە بێ، ئەوە پێویستە لەسەری بێتە دەرەوە بۆ

---

[1] صحیح: (لەوەپێش لەباسی روكنەكانی حەجدا ئاماژەی پێ كرا).

[2] متفق علیه: خ (٣/٥٣٩/١٦٩١)، م (٢/٩٠١/١٢٢٧)، د (٥/٢٣٧/١٧٨٨)، ن (٥/١٥١).

دەرەوەی بەستو لەوێوە ئیحرام ببەستێ، چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی بە عائیشە کرد کە لە (التنعیم) ئیحرام ببەستێ.[١]

کاتی عەمرە کردن

هەموو ڕۆژانی ساڵ کاتی عەمرە کردنە، بەڵام ئەنجامدانی لەمانگی ڕەمەزاندا خێری زیاترە، چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «عُمْرَةٌ فِي رَمَضَانَ تَعْدِلُ حَجَّةً».[٢] عەمرەیەك لەڕەمەزاندا بکرێ خێری حەجێکی سوننەتی هەیە.

دروستە پێش بەجێ هێنانی فەرزی حەج عەمرە بکرێ

لە عیکریمەی کوڕی خالیدەوە ریوایەتکراوە، کەپرسیاری لەئیبنو عومەر کردووە (خودایان لێ ڕازی بێ) دەربارەی ئەنجامدانی عەمرە پێش حەج، لە وەڵامدا فەرمووی: هیچ خراپەیەکی تێدا نیە.

عیکریمە دەفەرموێ: ئیبنو عومەر فەرمووی: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پێش ئەوەی حەج بکا عەمرەی بەجێ هێناوە.

دووبارە کردنەوەی عومرە لەیەك سەفەردا

پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) چوار عەمرەی کردوون لەچوار ساڵدا، لەهیچ سەفەرێکیدا لەعەمرەیەك زیاتری نەکردووە، هەروا ئەو هاوەڵانەی لەخزمەتیشیدا بوون لەعەمرەیەك زیاتریان ئەنجام نەداوە، لەهیچ ڕێگایەکەوە بەئێمە نەگەیشتووە کە یەکێك لەهاوەڵانی پێغەمبەر (درودی

---

[١] متفق علیه: خ (٣/٦٠٦/١٧٨٤)، م (٢/٨٨٠/١٢١٢)، د (٥/٤٧٤/١٩٧٩)، ت (٢/٢٠٦/٩٣٨)، جه (٢/٩٩٧/٢٩٩٩).

[٢] صحیح: (ص. ج/٤٠٩٧)، ت (٢/٢٠٨/٩٤٣)، جه (٢/٩٩٦/٢٩٩٣).

خودای لەسەر بێ) لە سەفەرێکیدا دووجار عومرەی کردبێ. نەبیستراوە چ لەسەردەمی ژیانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) یان دوای لەدونیا دەرچوونی یەکێك لەهاوەڵان لەسەفەرێکیدا دوو عەمرەی بەجێ هێنا بێ، جگە لەخاتو عائیشە (رەزای خودای لێ بێ) لەو حەجەیدا، کە لەتەك پێغەمبەردا (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی بە (عبدالرحمن)ی کوڕی ئەبو بەکر کرد: کە لەگەڵی بچێ بۆ (التنعیم)و لەوێوە ئیحرام بە عەمرە ببەستێ، چونکە خاتو عائیشە پێی وابوو ئەو عومرەیەی لەتەك حەجەکەیدا ئەنجامی دابوو پوچ بۆتەوە، دەستی کرد بەگریان، ئیتر پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئیزنیدا عومرەیەکی تر بکا بۆ دڵنیایی ئەو.

ئەم عومرەیەی خاتو عائیشە کردی تایبەت بووە بە ئەوەوە بەس. چونکە نەبیستراوە لەهیچ کەس لەهاوەڵانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) - بەئافرەتو پیاویانەوە – کەدوای حەج چووبێ لە (التنعیم) ئیحرامی بەعەمرە بەستبێ، وەکوو ئەوەی خاتو عائیشە پەیڕەوی کرد، خۆ ئەگەر هاوەڵان بیانزانیایە ئەوەی خاتو عائیشە کردی بۆ ئەوانیش دروستە دوای حەجەکەیان بچن لە (التنعیم) ئیحرام بەعەمرە ببەستن، بە بەرفراوانی لێیانەوە نەقڵ دەکراو مەشهور دەبوو.

ئیمامی شەوکانی دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) قەت نەبووە لەناو بەستی مەککەوە بێتەدەر بۆ خاریجی حەرەمو سەرلەنوێئیحرام بەعەمرە ببەستێو دەست بکا بە ئەنجامدانی کارەکانی عومرە. وەکوو ئەوەی ئەمڕۆ هەندێ خەڵك دەیکەن، هەروا کاری لەوجۆرە لەهیچ یەکێ لەهاوەڵان ریوایەت نەکراوە، هەروا لەهاوەڵانەوە (رەزای خودایان لێ بێ) نەبیستراوەو نەچەسپاوە کە لەدوای تەواوکردنی حەج عومرەیان دووبارە کردبێتەوە، ثابیت نەبووە لەهاوەڵانەوە (رەزای خودایان لێ بێ) لەماوەی هەموو ساڵەکەدا

عومرەیان دووبارە کردبێتەوە، ئەوان تاك تاكو كۆمەڵ كۆمەڵ ساڵانە رویان لە مەککە کردووە بەنیازی ئەنجامدانی عومرە، ئەوان ئەوەیان دەزانی: کە عومرە بریتیە لە زیارەتو دیدەنی بە مەبەستی تەوافی کەعبەو هاتووچۆی نێوان صەفاو مەروە، ئەوەشیان دەزانی: کە تەوافی کەعبەو سوڕانەوە بەدەوریدا گەورەترە لەهاتووچۆی نێوان صەفاو مەروە، جا لەجیاتی ئەوەی خۆیان خەریك بکەن بە چوونە دەر بۆ (التنعیم)و خەریکبوون بە ئەنجامدانی دووبارەکردنەوەی عومرەیەکی تر، دەیانزانی کەباشتر وایە تەوافی کەعبە بکەن، ئاشکراشە ئەو کاتەی عومرەکار صەرفی دەکا بۆ دووبارە کردنەوەی عومرە: کەبریتیە لەچوونەدەر بۆ (التنعیم) بۆ ئیحرام بەستن بەنیەتی عومرەیەکی تر دەتوانێ لەو ماوەیەدا سەدان جار بەدەوری کەعبەدا بسوڕێتەوەو تەوافی بکا.

ئیمامی طاوس دەفەرموێ: ئەوانەی لە (التنعیم)ەوە ئیحرام دەبەستن نازانم ئاخۆ لەپای ئەو ماندو بوونەیان پاداش وەردەگرن یان عەزاب دەدرێن!! عەرزیانکرد قوربان! عەزاب دەدرێن؟ فەرمووی: بەڵێ چونکە ئەو کەسەی وادەکا ناچێ لەجیاتی ئەوەی چوار میل رێگا ببڕێ بۆ چوونو چوار میل بۆ هاتنەوە، خەریکی تەوافی کەعبە بێ کە دەتوانێ لەو ماوەیەدا دووسەدجار تەوافی کەعبە بکاو بەدەوریدا بسوڕێتەوە، ئاشکراشە کابرا تەواف بکا خێری زیاترە لەوەی بەبێ هودە رێگایەکی دورو درێژ ببڕێ!!

فتوادانو قەول بەوەی دووبارە کردنەوەی عومرە نامەشروعەو شەرع پەسەندی ناکا شتێکە سونەتی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بە کردار دەیگەیەنێو هەروا کردەوەی هاوەڵانی، واتە: دووبارە کردنەوەی عومرە نە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بۆخۆی کردوویەتی، نە هاوەڵانی، بێگومان پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی پێ کردووین:

کەئێمە شوێن سوننەتی خۆی‌و ڕێبازی هاوەڵانی دوای خۆی بکەوین، ئەوەتا دەفەرموێ: «عَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ من بعدى، عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ». لەسەر ڕێبازو سوننەتی من بڕۆن‌و دوای لەدونیا دەرچوونیشم پەیڕەوی ڕێبازی جێنشین‌و هاوەڵانم بکەن‌و بە ددانەکانتان ئەو ڕێبازە بگرن‌و لەو ڕێگە ڕاستە شەقامەڕێیە لامەدەن.

دیدەنیکردنی شاری مەدینەی مونەوەرە
ڕێزو قەدری مەدینە

لە جابیری کوڕی سەمورەوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: بیستم پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو: « إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى سَمَّى الْمَدِينَةَ طَابَةَ».[1] پەروەردگار مەدینەی ناوناوە (طابة) پاك‌و پیرۆز.

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنَّ الْمَدِينَةَ كَالْكِيرِ تُخْرِجُ الْخَبِيثَ. لاَ تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى تَنْفِيَ الْمَدِينَةُ شِرَارَهَا كَمَا يَنْفِي الْكِيرُ خَبَثَ الْحَدِيدِ».[2] مەدینە وەکوو کورە ئاگر وایە چڵك‌و پیسی دادەماڵێ، قیامەت ڕانابێ هەتا شاری مەدینە پیاوخراپ‌و شەڕەنگێزەکانی وەدەرنەنێ، وەکوو چۆن کورەی ئاسنگەر چڵك‌و پیسی ئاسن ڕادەماڵێ.

ڕێزو فەضلی مزگەوتی مەدینەو نوێژکردن تێیدا

لە ئەبو هورەیرەوە فەرموودەیەك ریوایەتکراوە لە پێغەمبەرەوە ڕاستەوخۆ بیستراوە کە فەرموویەتی: حَدَّثَنَا أَبُو الْوَلِيدِ حَدَّثَنَا شُعْبَةُ عَنْ عَبْدِ

[1] صحيح: (ص. ج/١٧٧٥)، م (١٣٨٥/١٠٠٧/٢).

[2] صحيح: (مختصر مسلم/٧٨٢)، م (١٣٨١/١٠٠٥/٢).

الْمَلِكِ سَمِعْتُ قَزَعَةَ مَوْلَى زِيَادٍ قَالَ سَمِعْتُ أَبَا سَعِيدٍ الْخُدْرِىَّ - رضى الله عنه - يُحَدِّثُ بِأَرْبَعٍ عَنِ النَّبِىِّ - صلى الله عليه وسلم - فَأَعْجَبْنَنِى وَآنَقْنَنِى قَالَ «لاَ تُشَدُّ الرِّحَالُ إِلاَّ إِلَى ثَلاَثَةِ مَسَاجِدَ مَسْجِدِى هذا مَسْجِدِ الْحَرَامِ وَمَسْجِدِ الأَقْصَى ».[1] باروبارگنه ناپێچرێنو سەفەرو ماندوبوونی ڕێگا ناخرێتە ئەستۆ مەگەر بۆ دیدەنی سێ مزگەوت نەبێ. مزگەوتی پێغەمبەر لە مەدینە، مزگەوتی کەعبە، مزگەوتی قودس.

هەر لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «صَلاَةٌ فِى مَسْجِدِى هَذَا خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ صَلاَةٍ فِى غَيْرِهِ مِنَ الْمَسَاجِدِ إِلاَّ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ».[2] ئەنجامدانی نوێژێك لەم مزگەوتەی مندا خێری زیاترە لەهەزار نوێژ لەمزگەوتێکی تردا بکرێ جگە لەمزگەوتی حەرام.

لە عەبدوڵڵای کوڕی زەیدەوە ریوایەتکراوە، کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَا بَيْنَ بَيْتِى وَمِنْبَرِى رَوْضَةٌ مِنْ رِيَاضِ الْجَنَّةِ».[3] نێوانیماڵەکەمو مینبەرەکەم باغێکە لەباغەکانی بەهەشت.

ئادابو ڕێو شوێنی زیارەتی مزگەوتو گۆڕی پیرۆزی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ)

بێگومان ئەو ڕێزو قەدرەی تایبەتە بەمزگەوتی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لە مەدینەو مزگەوتی حەرام لەمەککەو مزگەوتی قودس ڕێزو نرخێکە پەروەردگار داویەتی بەو سێ مزگەوتە پیرۆزە، خێرو

---

[1] متفق عليه: خ (٣/٦٣/١١٨٩)، م (٢/١٠١٤/١٣٩٧)، د (٦/١٥/٢٠١٧)، ن (٢/٣٧).

[2] متفق عليه: خ (٣/٦٣/١١٩٠)، م (٢/١٠١٢/١٣٩٤)، ت (١/٢٠٤/٣٢٤)، ن (٢/٣٥).

[3] متفق عليه: خ (٣/٦٣/١١٩٠)، م (٢/١٠١٢/١٣٩٤)، ت (١/٢٠٤/٣٢٤)، ن (٢/٣٥).

بەرەکەت‌و گەورەیی نوێژ تێداکردنیان‌و زێدە فەضلیان بەسەر مزگەوتەکانی تردا، پەروەردگار چەسپاندویەتی.

جا کەسێك زیارەتی ئەم مزگەوتانە بکا، ئەوە بەتەمای ئەو ئەواب‌و بەرەکەتە زیارەتیان دەکاو وەڵامی بانگەوازی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەداتەوە کە موسوڵمانانی هەڵناوە سەفەر بکەن‌و باروبارگەنە بپێچنەوە بۆ چون بۆ زیارەتیان.

دیدەنی کردنی ئەم مزگەوتانە هیچ ئاداب‌و ڕێ‌و ڕەسمێکی تایبەتییان نیە: کە جیایان بکاتەوە لەمزگەوتی تر، تەنها ئەوەندە هەیە، هەندێ کەس لەخۆیانەوە ئاداب‌و ڕێ‌و ڕەسمی تایبەتیان بۆ مزگەوتی مەدینە دیاری کردووە، ئەمەشیان کە کردووە بەهۆی ئەوەوەیە کە گۆڕی پیرۆزی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کەوتۆتە ناو مزگەوتەکەوە.

جا بۆ ئەوەی کە موسوڵمان بزانێ کە چووە مەدینە چۆن زیارەتی ئەو مزگەوتە پیرۆزە دەکا هەندێ ڕێنموی زیارەتکردنەکەی بۆ دیاری دەکەین.

١- کەچووە ژورەوە دەبێ قاچی ڕاستی پێش بخاو ئەمجار بڵێ: « اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَسَلِّمَ، اللَّهُمَّ افْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ». یان بڵێ: « أَعُوذُ بِاللَّهِ الْعَظِيمِ وَبِوَجْهِهِ الْكَرِيمِ وَسُلْطَانِهِ الْقَدِيمِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ».[1]

٢- ئەمجار دوو ڕکات نوێژی (تحیة المسجد) بکا پێش ئەوەی دابنیشێ.

٣- نابێ بەهیچ شێوەیەك لەکاتی نوێژکردنیدا ڕوبکاتە گۆڕی پیرۆزی، هەروا کە دوعاو پاڕانەوە دەکا نابێ ڕوبکاتە گۆڕەکە.

٤- ئەمجار بڕوا بۆلای گۆڕی پیرۆزی‌و سەلام لە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بکا، دەست بەسنگی خۆیەوە نەگرێ، سەری نزم نەکاتەوە، خۆ

---

[1] لەوەپێش لەباسی چوونە ناو مزگەوتدا تێپەڕی.

بپارێزێ لـه خـشوعو ملكەچـكردنێك كەهـەر شايـستەی خودايـەو بـەس. خۆبپارێزێ لەوەی هاوار لە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بكا، هاوارو ئیـستیغاثە هـەر ئاراسـتەی پـەروەردگار دەكـرێ، بـا موسـوڵمان كـە دەچـێ بـۆ زیـارەتی گـۆڕی پێغەمبـەر (درودی خـودای لەسـەر بـێ) سـڵاوی لێ بكـاو بـەو وشەو ڕستانەی كە كاتی خۆی پێغەمبەر (درودی خودای لەسـەر بـێ) بـەكاری دەهێنـان بـۆ سـڵاوكردن لـەو هاوەڵانـەی لەگۆڕسـتانی (البقيـع)دا نێـژ رابـوون، بێگومـان چـەند شـێوە سـڵاو دوعايـەك لـە پێغەمبـەرەوە ڕیوایـەتكراونو صەحیحن، یەكێ لەو شێوانە: «السَّلَامُ عَلَى أَهْلِ الدِّيَارِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ وَيَرْحَمُ اللَّهُ الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنَّا وَالْمُسْتَأْخِرِينَ وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ لَلَاحِقُونَ».[١] سڵاوی خودا لەسەر مردوانی موسوڵمانی ئەم دەڤەرە، خودا ڕەحم بەوانـە بكـا كەپێش ئێمە وەغریان كردووە ئەوانەی لەوەدوا پێیان دەگەنو دەچـنە ڕیـزی كاروانی ئەوانەوە، ئێمەیش هەركاتێ خودا ویستی بەتەئكیـد پێتـان دەگـەینو دەبینە ڕێڕەوی كاروانی ئێوە، ئەمجار سڵاو لـە حـەزرەتی ئەبوبـەكرو عومـەر دەكا وەكوو چۆن سڵاوی لە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) كرد.

٥- لـە ئـادابی زیـارەت نیـە كـە لەمزگـەوتی پێغەمبـەردا یـان لای گـۆڕی پیرۆزی دەنگ بەرز بكاتەوە، با دوعـاو پاڕانەوەكـە بـەدەنگی نـزم بـێ، چـونكە ئەدەب لەگەڵ پێغەمبـەر (درودی خـودای لەسـەر بـێ) لـەحاڵی ژیانیـدا چـەند پێویستە، لەحاڵی دوای مـردنیشیدا ئەوەندە پێویستە.

٦- باهەوڵ بدا لەنوێژی بەجەماعەتـدا لـەڕیزەكانی پێـشەوە بـێ، چـونكە خێرو بەرەكەتی زۆری تێدایە، پاداشی گەورەی هەیە.

---

[١] لە باسی (موسوڵمان چی دەڵێ كە بەلای گۆڕستاندا تێپەڕی) ئەم فەرموودەیە تەخریج كراوە.

٧- با سوربوونی لەسەرئەوە نوێژ لەرەوضەی پیرۆزدا بکا، هەڵی نەنیٚو وای لیٚ نەکا لەریزەکانی پیٚشەوە دوابکەویٚ، چونکە نوێژکردن لە رەوضەی پیرۆزدا چ زێدە فەضلیکی نیە بەسەر بەشەکانی تری مزگەوتەکەدا.

٨- هیچ سوننەت نیە: کە بابای موسوڵمان سوربیٚ لەسەر ئەوەی چل نوێژ لەسەریەك لەمزگەوتی مەدینەدا بکا، چونکە ئەمە پشت دەبەستیٚ بە حەدیثیکی زەعیفو ناراست کە لەسەر دەمو زوبانی خەڵکی بڵاوەو گوایە پیٚغەمبەر (درودی خودای لەسەر بیٚ) فەرموویەتی: «مَنْ صَلَّى فِي مَسْجِدِي أَرْبَعِينَ صَلاَةً لاَ يَفُوتُهُ صَلاَةٌ كُتِبَتْ لَهُ بَرَاءَةٌ مِنَ النَّارِ وَنَجَاةٌ مِنَ الْعَذَابِ وَبَرِئَ مِنَ النِّفَاقِ». [١]

٩- هەروا رەوا نیە، کە زۆرو زوزوو زیارەتی گۆڕی پیرۆزی پیٚغەمبەر (درودی خودای لەسەر بیٚ) بکا بە مەبەستی سڵاو لیٚ کردنی، چونکە سەلام کردن لە پیٚغەمبەر لەهەر جیٚگایەکەوە بیٚ – بازۆر دوریش بیٚ – پیٚی دەگا. ئەتۆ لەوپەڕی جیهانەوە سڵاوی لیٚ بکەی یان لە بەردەم گۆڕەکەیەوە لەخیٚرو ثەوابدا چونیەکن.

١٠- کە لەمزگەوت هاتە دەر، با پاشەوپاش نەکشیٚتەوە، بەڵکوو بە ئاسایی بیٚتەدەرو قاچی چەپی پیٚش بخاو ئەم دوعایە بخوێنیٚ: «اللَّهُمَّ صلى على محمد، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ». [٢]

---

[١] ئەم دەقە ئەلبانی بەزەعیفی داناوەو لەزنجیرەی حەدیثە زەعیفەکاندا تۆماری کردووەو دەڵیٚ: اخرجه أحمد٣/١٥٥ والطبرانى فى المعجم الأوسط ١/١٢٥/٢........

[٢] له باسی (مايقول عند دخول المسجد).

مزگەوتی قوبا

سوننەتە بۆ کەسێك دەچێتە مەدینە زیارەتی مزگەوتی قوبا بکاو نوێژی تێدا بکا، وەکوو پەیڕەوکردنی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بەسواریو بەپیادەیی زیارەتی ئەم مزگەوتەی کردووە، ڕۆژانی شەممە دەچوو دوو ڕکات نوێژی تێدا دەکرد.[١]

دەشی فەرموو: «مَنْ تَطَهَّرَ فِي بَيْتِهِ ثُمَّ أَتَى مَسْجِدَ قُبَاءٍ فَصَلَّى فِيهِ صَلاَةً كَانَ لَهُ كَأَجْرِ عُمْرَةٍ».[٢] کەسێك لەماڵەوە دەستنوێژ بگرێو پاشان بچێتە مزگەوتی قوبا نوێژی تێدا بکا، خێری ئەو نوێژە بە ئەندازەی عومرەیەکە.

بەقیعو ئوحود

بەقیع گۆڕستانی موسوڵمانانە لەمەدینە، ژمارەیەکی زۆر لەهاوەڵان تێیدا نێژراون، هەتا ئەمڕۆش موسوڵمانی تێدا بەخاك دەسپێردرێن. زۆر لە موسوڵمانانی جیهان دێنە مەدینە تەماعی ئەومیان هەیە لەوێ بمرنو لە گۆڕستانی بەقیعدا بنێژرێن.

«أُحُدٌ جَبَلٌ يُحِبُّنَا وَنُحِبُّهُ».[٣] ئوحود کێوێکە خۆشی دەوێین، خۆشمان دەوێ. کێوی ئوحود کێوێکە لەباوەشیدا حەفتاو ئەوەندە شەهیدی لەهاوەڵانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) تێدا نێژراوە، کەهەموویان لەشەڕی بەناوبانگی ئوحوددا شەهید بوونو هەرلەوێش نێژراون.

جا ئەگەر کەسێك ویستی بچێتە مەدینە، دیدەنی گۆڕستانی بەقیعو شەهیدانی ئوحود بکا چ خراپەیەکی تێدا نیە، چونکە پێغەمبەر (درودی

---

[١] متفق عليه: خ (١١٩٣، ١١٩٤/٣/٦٩)، م (١٣٩٩/٢/١٠١٦)، د (٢٠٢٤/٦/٢٥)، ت (٢/٣٧).

[٢] صحيح: (ص. جه/١١٦٠)، جه (١٤١٢/١/٤٥٣).

[٣] متفق عليه: خ (٤٠٨٣/٧/٣٧٧)، م (١٣٩٣/٢/١٠١١).

خودای لەسەر بێ) نەهی کرد لەدیدەنی گۆڕستان، پاشان ڕێگەیدا دیدەنی گۆڕستان بکرێ، چونکە ڕۆژی قیامەت دەخاتە بیرو هۆشی دیدەنیکارەکان، پەند وەردەگرن لەسەرەنجامی ئەوانەی لەوشارە خامۆشەدا نێژراون، وەلێ پێویستە زۆر حەزەر بکرێو دیدەنیکاران خۆ لەوە بپارێزن تەبەروك بەگۆڕەکان بکەن، یان هاوارو نزا لەو مردوانە بکەن کە تێیاندا نێژراون، بیانکەنە شەفاعەتخوازو وەسیلەو هۆکار بۆلای خوداو وابزانن ئەو مردوانە کاریگەریان هەیە لای خودا!!

ڕەوا نیە بۆ کەسێك سەردانی کێوی ئوحود دەکا: کە هەوڵ بدا خۆ بکوتێ بۆ دامێنی کێوەکە بەو نیازە لەو شوێنەی کاتی خۆی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نوێژی لێ کردووە، نوێژی لێ بکا، یان بەنیازی تەبەروك بەکێوی ئوحوددا هەڵگەڕێ، یان سەربکەوێ بۆسەر کێوی تیرهاوێژەکان بەنیازی شوێن پێ هەلگرتنی هاوەڵانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئەم جۆرە شتانە لەچوارچێوەی ئیسلامدا جێگایان نابێتەوە، دوعاکردن بۆ شەهیدانی ئوحود سوننەت نیەو کارێکی پەسەندیش نیە، بەڵکوو لەو کارانەیە کە شەرع نەهی لێ کردووە، هەر لەم بارەیەوە ئیمامی عومەر دەفەرموێ:«إِنَّمَا هَلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ بتتبعهم آثار أَنْبِيَائِهِمْ». ئەو گەلو نەتەوانەی پێش ئێوە کە بەهیلاك چوون هۆیەکەی ئەوەبوو زۆر ئاثارو جێگەو ڕێگەی پێغەمبەرانی خۆیان ڕەچاو کردووەو سەرەنجی شوێنی تێدا ژیانیانو مەنزڵو کەلو پەلیان داون زێدەڕۆییان تێدا کردووەو خۆیان بەفتارە داوە، زیاد لەپێویستو واجب تەتەببوعیان کردوون، دەی با ئەم فەرموودەی ئیمامی عومەر بۆ ئێمە ببێتە جێگای قەناعەتو بتمانەو خاڵی وەرچەرخانو لێکترازان لەگەڵ شتی بیدعەو تازە قەڵلا.

زیارەتگاکانی مەدینە

لە مەدینەی مونەوەرەدا چەند شوێنێك هەن بەزیارەتگاو مەزار ناسراون وەکوو (المساجد السبعة) کەنزیکی شوێنی غەزای خەندەقن. مزگەوتی دوو قیبلەو بڕێ بیری ئاو، مزگەوتی (الغمامة) هەروا ئەو مزگەوتانەی بەناوی ئەبوبەکرو عومەرو خاتو عائیشەوە ناونراون. هەموو ئەم شوێنانە مەزاری مەشروع نین‌و دیدەنیکار وانەزانێ بەزیارەت کردنیان خێرو ئەوابی بۆ دەنوسرێ، چونکە شوێن پێ هەڵگرتنی پێغەمبەران‌و پیاوچاکان‌و تەتەببوعی ئاثارو مەنزڵ‌و شوێنی دانیشتن‌و خەوتن‌و ئەم جۆرە شتانەیان لە رابوردودا بوونە هۆکاری فەوتان‌و تێداچوونی گەل‌و نەتەوەکان، ڕەوا نیە بۆ موسوڵمانان کەپێچەوانەی هەدی‌و ڕێبازی پێغەمبەرو هاوەڵانی بجوڵێنەوە، چونکە خێرو فەڕ لەپەیڕەوی کردنی هەدیی پێغەمبەرو هاوەڵانی‌دایە، شەڕو نەگبەتی ئەوەیە ئێمە لەهەدی‌و ڕێبازی ئەوو هاوەڵانی لابدەین.

دوو هۆشیارکردنەوەی گرنگ

یەکەم: زۆر لەحاجییەکان سورن لەسەر ئەوە کە ماوەی مانەوەیان لەمەدینە زۆرتر بێ لەو ماوەیەی لەمەککە دەمێننەوە، لەکاتێکدا نوێژێك لە (مسجدالحرام)دا خێری سەد هەزار نوێژی هەیە کە لەشوێنێکی تر بکرێ، نوێژێك لەمزگەوتی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەمەدینە بکرێ خێری هەزار نوێژی هەیە کە لەشوێنێکی تردا بکرێ، دەی جوداوازی گەورەو بەرفراوان لەنێوان نوێژکردن لە (مسجدالحرام)و مزگەوتی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەبوایە حاجییەکانی هەڵبنایە بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن مانەوەیان لەمەککەدا درێژخایەن تر بێ لەمانەوەی لەمەدینە.

دووەم: زۆرێك لەحاجییەکان وادەزانن: زیارەتی مزگەوتی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەمەدینە بەشێکە لەمەناسیکی حەج، بۆیە

ئەوەندە سورن لەسەر چون بۆ مەدینەو زیارەتکردنی مزگەوتو گۆڕی پیرۆز! تەنانەت پێیان وایە ئەگەر یەکێك حەج بکاو نەچێتە مەدینە حەجەکەی ناتەواوە!! لەم بارەیەوە چەند حەدیسێکی هەڵبەستراو ریوایەت دەکەنو پشتیان پێ دەبەستن وەکوو حەدیثی (من حج فلم یزرنی فقد جفانی) لەکاتێکدا شتەکە پێچەوانەیەو گومانیان نەی پێکاوە زیارەتی مزگەوتی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) سوننەتێکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بۆی دیاری کردووین بۆ ئەوەی بچینو نوێژی تێدا بکەین، وەڵێ هیچ پەیوەندییەك نیە لەنێوان زیارەتی مزگەوتی مەدینەو حەجدا، کەسێکیش بچێ حەج بکاو نەچێتە مەدینە حەجەکەی تەواوەو هیچ کەموکوڕی تێدا نابێ. چونکە زیارەتی مزگەوتی مەدینە بەشێك نیە لە مەناسیکی حەج، بەڵکوو زیارەتی مزگەوتی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بۆخۆی سوننەتێکی سەربەخۆیە.....

باسی هاوسەرگیری (کتاب النکاح)

هاوسەرگیریو ژنهێنان لەهەرە سوننەتە جەخت لەسەر کراوەکانی پێغەمبەرانە، پەروەردگار دەفەرموێ: {وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلاً مِّن قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجًا وَذُرِّيَّةً – الرعد/٣٨}: بێگومان ئێمە لەپێش تۆدا ئەی محمد! چەند پێغەمبەرمان رەوانە کردوون، بەخشیومانە پێیان هاوسەرو منداڵو نەوە.

ژن نەهێنانو شونەکردن بەبێ عوزر مەکروهو ناباشە، ئەمەش بەگوێرەی حەدیثی ئەنەسی کوڕی مالیك کە دەڵێ: سێ تاقم هاتن بۆ ماڵەکانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پرسیاریان لە خێزانەکانی کرد دەربارەی چۆنیەتیو چەندیەتی خوداپەرستی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کەبۆیان باس کردن – وەکوو ئەوە بەلایانەوە کەم بێ –

وتیان: جا ئێمە لەكوێو پێغەمبەری خودا لەكوێ؟ ئەو خودا لەگوناهی ڕابردوو داهاتووی خۆش بووە – لە فەرزێكدا ئەگەر هەیبێ – جا یەكێكیان وتی: بەڵام من ئیتر لەمە بەولاوە شەو تابەیانی نوێژ دەكەم، ئەویتریان وتی: منیش سەرلەبەر ڕۆژگار بەرۆژو دەبمو هەرگیز ڕۆژو ناشكێنم، سێیەمیان وتی: منیش ناچمە لای ئافرەتو خۆم لە ئافرەت گۆشەگیر دەكەمو هەرگیز ژن ناهێنم، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) هاتە لایانو فەرمووی: «أَنْتُمُ الَّذِينَ قُلْتُمْ كَذَا وَكَذَا أَمَا وَاللَّهِ إِنِّي لأَخْشَاكُمْ لِلَّهِ وَأَتْقَاكُمْ لَهُ ، لَكِنِّي أَصُومُ وَأُفْطِرُ، وَأُصَلِّي وَأَرْقُدُ وَأَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ ، فَمَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي».[(١)] ئەوە ئێوە واوواتان گوتووە؟ دەسا بەخودا من لەهەمووتان پتر لەخودا دەترسمو خۆم دەپارێزم لەبێ ئەمری ئەو، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژی وا هەیە بەرۆژومو ڕۆژی وایش هەیە بەرۆژو نیم، شەو كاتی وا هەیە خەریكی شەونوێژمو كاتی وایش هەیە دەخەوم، ژنیش مارە دەكەمو كاری شەرعیشی لەگەڵ ئەنجام دەدەم، جا كەسێك لەسوننەتو ڕێبازی من لادا ئەوە لە ئوممەتی من نیە.

ژنهێنان واجبە لەسەر كەسێك توانای ژنهێنانی هەبێو ترسی ئەوەشی هەبێ ئەگەر ژن نەهێنێ توشی داوێن پیسی بێ، چونكە زینا حەرامە، هەروا هەرشتێك سەربكێشێ بۆ ئەو كارە حەرامو نەشیاوەو ڕێخۆشكەر بێ بۆی حەرامە. جا كەسێك ترسی ئەوەی هەبوو بكەوێتە ناو ئەم تاوانە پێویستە لەسەری ئەم جۆرە تاوانە لەخۆی لابدا. ئەگەر تاقە ڕێگای خۆپاراستن لەوتاوانە ژن هێنان بوو پێویستە لەسەری ژن بهێنێ.[(٢)]

---

(١) متفق عليه: خ وهذا لفظه (٥٠٦٣/١٠٤/٩)، م (١٤٠١/١٠٢٠/٢)، ن (٦٠/٦).

(٢) السيل الجرار ج٢/٢٤٣.

کەسێك حەزی لە ژن هێنان بوو بەڵام توانای ماڵی نەبوو، یان ژنی دەست نەدەکەوت پێویستە بۆ دامرکاندنەوەی حەزو شەهوەتی بەرۆژو بێ. ئاماژە بەحەدیثی ئیبنو مەسعود دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پێمانی فەرموو: « يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ ، فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ ، وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ ، فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ ». ئەی کۆمەڵی گەنج هەرکەسێ لەئێوە توانای ژنهێنانی هەیە با ژن مارە بکا، ژن بێنێ چونکە بێگومان ژنهێنان چاو لەدەرەوەیی ناهێڵێو شەرمگا لەشەڕو پیسی دەپارێزێ، کەسێك نەیتوانی ژن بهێنێ با بەرۆژو بێ، بێگومان رۆژو ئارەزووی دادەمرکێنێو خەسێنەرە.

چ جۆرە ژنێك باشە بیخوازیو هاوسەرگیری لەگەڵدا گرێ بدەی؟

کەسێك ویستی ژن بهێنێ با چاو ورد کاتەوە بڕوانێ چ ئافرەتێك ئەم ڕەوشتە پەسەندانەی تێدان.

١- یەکەم: خاوەن ئایین بێ، چونکە ئەبو هورەیرە فەرموودەیەك لە پێغەمبەرەوە ڕیوایەت دەکا، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ لأَرْبَعٍ لِمَالِهَا وَلِحَسَبِهَا وَجَمَالِهَا وَلِدِينِهَا ، فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ تَرِبَتْ يَدَاكَ». ژن لەبەر چوار ڕەوشتو هۆکار مارە دەکرێ: لەبەر دەوڵەمەندیو سامانداریەتی، لەبەر حەسەبو بنەماڵەی، لەبەر شۆخو شەنگیو جوانی، لەبەر دینداری. ئەتۆ ئافرەتی ئاییندار هەڵبژێرە گرەوی خۆتت بردۆتەوە.

٢- ئەو ئافرەتەی دەیخوازی کچ بێ. مەگەر بەرژەوەندیەك هەبێ لەمارەکردنی بێوەژندا، ئەمەیش بەگوێرەی حەدیثی جابیری کوڕی عەبدوڵڵا، کە دەگێڕێتەوە دەڵێ: لەسەردەمی پێغەمبەردا (درودی خودای لەسەر بێ)

ئافرەتێکم مارە کرد، ڕۆژێك توشی پێغەمبەر بووم فەرمووی: « يَا جَابِرُ تَزَوَّجْتَ» قُلْتُ نَعَمْ. قَالَ « بِكْرٌ أَمْ ثَيِّبٌ»؟ ئەی جابیر ژنت هێناوە؟ وتم بەڵێ: کچ بوو یان بێوەژن بوو؟ وتم: بێوەژن بوو، فەرمووی: « فَهَلاَّ بِكْرًا تُلاَعِبُهَا »؟ ئەی بۆ کچت نەهێنا دەست بازیت لەگەڵ بکردایە؟ وتم: ئەی پێغەمبەری خودا! من کۆمەڵێك خوشکم هەبوون من بەرپرسیار بووم لێیان، ترسام ئەگەر کچ مارەبکەم وام لێ بکا لەخوشکەکانم دام ببڕێ، فەرمووی: «فَذَاكَ إِذًا. إِنَّ الْمَرْأَةَ تُنْكَحُ عَلَى دِينِهَا وَمَالِهَا وَجَمَالِهَا فَعَلَيْكَ بِذَاتِ الدِّينِ تَرِبَتْ يَدَاكَ». کەوابێ باشت کردووە، بێگومان ئافرەت مارە دەکرێ لەبەر ئایینداری یان لەبەر ماڵو سامانی یان جوانی، ئەتۆ ئافرەتی خاوەن دین هەڵبژێرە سەرکەوتوو دەبی.

٣- وا باشە ئافرەتی وا مارە بکەی، منداڵبوونی لێ چاوەڕوان بکرێ:

ئەمەش بەگوێرەی حەدیثی ئەنەس کە لە پێغەمبەرەوە ریوایەتی کردووە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «تَزَوَّجُوا الْوَدُودَ الْوَلُودَ فَإِنِّي مُكَاثِرٌ بِكُمُ الأُمَمَ».[1] ئافرەتی وا مارەبکەن خۆشەویست بن لاتانو لێیان چاوەڕوان بکرێ منداڵیان ببێ، چونکە من ڕۆژی قیامەت شانازی بەژمارە زۆری ئێوەوە دەکەم بەسەرگەلو نەتەوەکانی تردا.

ج پیاوێك باشە ئافرەت شوی پێ بکا

لەکاتێکدا پێویستە پیاو چاو ورد بکاتەوە بۆ دۆزینەوەی ئافرەتی گونجاوو خاوەن ڕەوشت بەو شێوەی باسمان لێوە کرد، ئەوە پێویستە لەسەر وەلی ئافرەت چاو وردبکاتەوەو هەوڵبدا پیاوێکی شیاو بۆ هاوسەرگیری ئافرەتەکە بدۆزێتەوە، پیاوێك بێ خاوەن ڕەوشتی بەرزو هاوشانو صاڵح.

---

[1] صحيح: (ص. ج/٢٩٤٠)، (الإرواء/١٧٨٤)، د (٢٠٣٥/٤٧/٦)، ن (٦٥/٦).

ئەمەیش بەپێی حەدیثی ئەبو حاتەمی (المزنی) کە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « إِذَا جَاءَكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فَأَنْكِحُوهُ إِلاَّ تَفْعَلُوا تَكُنْ فِتْنَةٌ فِي الأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ».[1] ئەگەر هاتە خوازبێنی ئافرەتی ئێوە پیاوێك لەئایینو رەوشتی ڕازی بوون، ئەوە بەپیر داخوازییەکەوە بچنو ئافرەتی خۆتانی لێ مارە بکەن، ئەگەر وانەکەن فیتنەو ئاشوب لەسەر زەوی بەرپا دەبێو فەسادو گەندەڵی بەناو وڵاتو ئوممەتدا بڵاو دەبێتەوە.

هیچ خراپیو نەنگی تێدا نیە کە مرۆڤ کچی خۆی یان خوشکی پێشنیار بکا بۆ کەسانێك کە ئەهلی خێرو صەلاحن بەمەبەستی دامەزراندنی کچەکەی یان خوشکەکەی، ئەمەش ئامازە بەو فەرموودەیەی ئیبنو عومەر گێڕاویەتەوە، دەڵێ: عومەری کوڕی خەتاب لەوکاتەدا کەخاتو حەفصەی کچی بێوەژن بوو، چونکە خونەیسی کوڕی حوذافەی (السهمي) کەمێردی بوو یەکێك بوو لەهاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەمەدینە وەفاتی کرد. جا عومەری کوڕی خەتاب فەرمووی: چوومە لای عوسمانی کوڕی عەفان، پێشنیاری ئەوەم بۆ کرد، حەفصە مارە بکا، وتی بیری لێ دەکەمەوە بزانم چۆنم بۆ دەگونجێ، چەند شەوێکی بەسەردا رۆیی، پاشان توشم بوو، وتی: وام بۆ دەرکەوتووە لەم رۆژگارەمدا ژن نەهێنم، حەزرەتی عومەر (رەزای خودای لێ بێ) وتی: توشی حەزرەتی ئەبو بەکر بووم پێم گوت: ئەگەر بتەوێ ژن بهێنی حەفصەت لێ مارە دەکەم، ئەبو بەکر بێ دەنگ بوو (نەبە ئا نەبە نا) وەڵامی نەدامەوە، بەمەش ڕقم زیاتر لە ئەو هەڵسا تا عوسمان، چەند شەوێك ئاوا بە چاوەڕوانی مامەوە، پاشان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) خوازبێنی کردو لێم مارە کرد، دوایی تووشی حەزرەتی ئەبوبەکر بوومەوە، فەرمووی: پێدەچێ ڕقت لێم هەڵسابێ بەهۆی ئەوەی

---

[1] صحيح: (ص. ت/٨٦٦)، ت (١٠٩١/٢٧٤/٢).

پێشنیاری ئەوەت بۆ کردم خاتو حەفصەی کچت مارە بکەم من بێدەنگیم لێ کردو هیچ وەڵام نەدایەوە، عومەر دەڵێ: وتم بەڵێ ڕقم لێت هەڵسا. حەزرەتی ئەبوبەکر فەرمووی: هیچ شتێك نەبوو بە لەمپەڕ کە وەڵامت بدەمەوە دەربارەی پێشنیارەکەت، جگە لەوەی ئەمن زانیبووم کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەو بارەیەوە قسەی کردبوو، ئیتر من نەمویست نهێنییەکی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئاشکرا بکەم، خۆ ئەگەر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەو بڕیارەی وازی بهێنایە ئەمن پێشنیارەکەتم قبوڵ دەکرد.[١]

تەماشاکردنی ئافرەتێك کە بەنیازی خوازبێنی بکەی

کەسێك نیازی بوو ئافرەتێك خوازبێنی بکا، بۆی رەوایە پێش خوازبێنی تەماشای بکاو سەرنجی بداتێ، ئەمەش بەگوێرەی حەدیثی موحەممەدی کوڕی مەسلەمە کە ڕیوایەت دەکا، دەڵێ: خوازبێنی ئافرەتێکم کرد، ئیتر خۆم لێ مەڵاس دەدا بۆئەوەی سەیری بکەم، هەتا رۆژێك بۆم هەڵکەوت لەپەنا درەختی خورماوە تەماشام کردو تێر لێم روانی پێی گوترا: ئەتۆ چۆن لای خۆت هاوەڵی پێغەمبەریو شتی وا دەکەی؟ وتی: من لە پێغەمبەرم بیستووە دەیفەرموو: « إِذَا أَلْقَى اللَّهُ فِي قَلْبِ أمرئ خِطْبَةَ امْرَأَةٍ فَلاَ بَأْسَ أَنْ يَنْظُرَ إِلَيْهَا».[٢] هەرکاتێ خودا خستیە دڵی مرۆڤێکەوە کە خوازبێنی ئافرەتێك بکا، چ خراپیەکی تێدانیە کە سەیری بکاو لێی وردبێتەوە.

لە (المغيرة)ی کوڕی شوعبە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: هاتمە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) باسی ئافرەتێکم بۆکرد کە نیازم هەیە

---

[١] صحيح: (ص. ن/٣٠٤٧)، خ (٥١٢٢/١٧٥/٩)، ن (٦/٧٧).

[٢] صحيح: (ص.جة/١٥١٠)، جة(١٨٦٤/٥٩٩/١).

بیخوازم، فەرمووی: « اذْهَبْ فَانْظُرْ إِلَيْهَا فَإِنَّهُ أَجْدَرُ أَنْ يُؤْدَمَ بَيْنَكُمَا». بڕۆ سەیری بکە، چونکە تەماشاکردنی باشترە بۆئەوەی پەیوەندی نێوانتان بەردەوامو پایەداربێ.[1]

خوازبێنی

خوازبێنی: بریتییە لەوەی داوا بکرێت لە ئافرەتێك رازی بێ بۆ هاوسەرگیری بە دابو نەریتی خۆیو وەکوو لەناو کۆمەڵگادا باوە، جا ئەگەر رەزامەندی نیشان درا ئەوە تەنها وادە دانە بە هاوسەرگیری، دروست نیە بۆ خوازبێنی کەر هیچ شتێك لەگەڵ ئەو ئافرەتە بکا، بەڵکوو بەبێگانە دەژمێردرێ بۆی هەیە گرێ بەستی مارەیی لەگەڵدا ئەنجام نەدا.

دروست نیە بۆ موسوڵمان: کە خوازبێنی لەسەر خوازبێنی برای موسوڵمانی بکا، ئاماژە بە فەرموودەی ئیبنو عومەر (رەزای خودا لە خۆیو لە باوکی) دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی لەوەکرد: کە هەندێك لەئێوە سەودا لەسەر سەودای هەندێکتان دا بکەن. نابێ پیاو خوازبێنی بەسەر خوازبێنی برای موسوڵمانیدا بکا، هەتا دڵنیا دەبێ لەوەی خوازبێنی کەری پێش خۆی وازی هێناوە، یان خوازبێنیکەر ئیزنی دەدا، دەڵێ: بچۆ خوازبێنی بکە.[2]

هەروەها دروست نیە بۆ پیاو خوازبێنی ئافرەتێك بکا لە عیددەی تەڵاقی ریجعیدا بێ، چونکە لەروانگەی شەرعەوە ئەو ئافرەتە لە حوکمی ژنی خاوەن مێرددایە، هەروەکوو بۆی رەوا نیە بە صەراحەت خوازبێنی ئافرەتێك بکا لە عیددەی تەڵاقی (بائن)دا بێ، یان لە عیددەی مێرد مردنی دابێ، بەڵام

---

[1] صحيح: (ص.ت/٨٦٨) ، ن(٦/٦٩) وهذا لفظه، ت(٢/٢٧٥/١٠٩٣) لەلای ئەم (فانه أخرى)یة.

[2] صحيح: (ص.ن/٣٠٣٧) ، خ(٩/١٩٨/٥١٤٢)، ن(٦/٧٣).

ئەگەر بە درکەو کینایە لەبەری رابهاوێ ئەو چ خراپیەکی تێدا نیە، ئەمەش بەگوێرەی فەرموودەی پەروەردگار: کە دەفەرموێ: {وَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُم بِهِ مِنْ خِطْبَةِ النِّسَاء أَوْ أَكْنَنتُمْ فِي أَنفُسِكُمْ عَلِمَ اللّهُ أَنَّكُمْ سَتَذْكُرُونَهُنَّ وَلَكِن لاَّ تُوَاعِدُوهُنَّ سِرًّا إِلاَّ أَن تَقُولُواْ قَوْلاً مَّعْرُوفًا وَلاَ تَعْزِمُواْ عُقْدَةَ النِّكَاحِ حَتَّىَ يَبْلُغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ يَعْلَمُ مَا فِي أَنفُسِكُمْ فَاحْذَرُوهُ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ – البقرة/٢٣٥}. چ خراپیەك لەسەر ئێوە نیە ئەگەر بەکینایەو ناراستەوخۆ پێشنیاری خوازبێنی ئافرەتی تەڵاقدراو بەشێوەیەك: کە رێگای ریجعەی نەمابێ، هەروا مێرد مردوو بکەن، یان لەدڵی خۆتاندا بەتەمای خوازبێنی کردنی بن دوای تەواوبوونی عیددەکەی.

گرێبەستی مارەبڕین

مارەکردن دوو روکنی سەرەکی هەن ئەوانیش ئیجابو قبوڵن مەرجە بۆئەوەی نیکاح صەحیح بێ

١- سەرپەرشتیار (ولی)ی ئافرەتەکە رزای بێو ئیزنی مارەکردنەکە بدا، قورئان دەفەرموێ: {فَانكِحُوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ – النساء/٢٥ }. ئافرەت مارەبکەن بە رەزامەندی وەلیو سەرپەرشتیارەکانیان.

لەخاتو عائیشەوە هاتووە فەرموویەتی: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « أَيُّمَا امْرَأَةٍ لَمْ يُنْكِحْهَا الْوَلِيُّ فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ فَإِنْ أَصَابَهَا فَلَهَا مَهْرُهَا بِمَا أَصَابَ مِنْهَا فَإِنِ اشْتَجَرُوا فَالسُّلْطَانُ وَلِيُّ مَنْ لاَ وَلِيَّ لَهُ».[1] هەر ئافرەتێك وەلیو سەرپەرشتیارەکەی سەرپەرشتی مارەکردنەکەی نەکا نیکاحەکەی بەتاڵە، مارەکردنەکەی پووچە، نیکاحەکەی دانامەزرێ ئەگەر لە ئاکامی ئەو مارەکردنە بەتاڵەدا پیاوەکە چووە لای

[1] صحيح: (ص.جة/١٥٢٤) ، جة(١٨٧٩/١/٦٠٥)، وهذا لفظه د(٢٠٦٩/٢/٩٨/٦)، ت(١١٠٨/٢٨٠/٢).

ئافرەتەکە ئەوە مارەیی خۆی دەکەوێ بەهۆی ئەو چوونە لایە، ئەگەر ناکۆکی کەوتە ناویانەوە، ئەوە سوڵتان وەلی و سەرپەرشتیاری هەرکەسێکە کە وەلی و سەرپەرشتیاری نەبێ.

٢- ئامادەبوونی شایەت: لەخاتو عائیشەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) فەرموویەتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « لاَ نِكَاحَ إِلاَّ بِوَلِيٍّ وَشَاهِدَيْ عَدْلٍ». نیکاح دانامەزرێ مەگەر بە ئامادەبوونی وەلی و دوو شایەتی عادڵ.[1]

پێویستە پێش مارەبڕین ئیزن لە ئافرەت وەربگیرێ

ئەگەر مارەبڕین بەبێ ئامادەبوون و ڕەزامەندی وەلی دانەمەزرێ، ئەوە پێویستە لەسەر وەلی پێش ئەنجامدانی گرێبەستەکە، ئیزن و ڕەزامەندی ئەو ئافرەتە وەربگرێ کە مارەی دەبڕێ. هەروا بۆ وەلی و سەرپەرشتیار دروست نیە بە زۆرە ملێ ئافرەتەکە ملکەچی مارەکردن بکا، بەبێ ڕازی بوونی خۆی مارەی بکا لەکەسێك کە ئەم نایەوێ ببێتە هاوسەری. ئەگەر بەبێ ڕازیبوونی ئافرەتەکە، وەلییەکە مارەی کرد ئەوە ئافرەتەکە دەتوانێ گرێبەستەکە فەسخ بکاتەوە.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « لاَ تُنْكَحُ الأَيِّمُ حَتَّى تُسْتَأْمَرَ وَلاَ تُنْكَحُ الْبِكْرُ حَتَّى تُسْتَأْذَنَ»: بێوەژن مارەنابڕدرێ تا بۆخۆی فەرمان نەکاو بڕیارنەدا، کچیش مارەناکرێ تا ئیزنی لێ وەرنەگیرێ، هاوەڵان عەرزیان کرد چۆن چۆنی ئیزن بدا؟ فەرمووی: « أَنْ تَسْكُتَ». ئیزن دانەکەی بێدەنگییەتی.

---

[1] صحيح: (ص.ج/٧٥٥٧) ، هق(٧/١٢٥)، حب(١٢٤٧/٣٠٥).

له خەنسائی کچی خوددامی (الأنصارية) گێڕدراوەتەوە: کە باوکی ئەوی بە بێوەژنی لە پیاوێك مارەکردوە، پێی ناخۆش بووە، هاتووە بۆلای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) شکایەتی کردوە، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نیکاحەکەی رەتکردەوە.[1]

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە: کچێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) شکایەتی ئەوەی کرد باوکی لە پیاوێکی مارەکردوەو پیاوەکەی بەدڵ نیە، ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) سەرپشکی کرد لەنێوان ئەوەدا رازی بێو گرێبەستەکە درێژە پێ بدا یان نیکاحەکە هەڵبوەشێنێتەوە...[2]

وتاری مارەبڕین

سوننەتە پێش مارەبڕین وتارێك بدرێ کە بە (خطبة الحاجة) ناوزەد کراوە دەقەکەشی بەم جۆرەیە: «إِنَّ الْحَمْدَ لِلَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ. {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ – آل عمران/١٠٢}. {يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا – النساء/١}. {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا، يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ

---

[1] متفق عليه: خ(٥١٣٦/١٩١/٩)، م(١٤١٩/١٠٣٦/٢)، د(٢٠٧٨/١١٥/٦)، ت(١١١٣/٢٨٦/٢)، جة(١٨٧١/٦٠١/١)، ن(٦/٨٥).

[2] صحيح: (الإرواء/١٨٣٠)، خ(٥١٣٨/١٩٤/٩)، د(٢٠٨٧/١٢٧/٦)، جة(١٨٧٣/٦٠٢/١)، ن(٦/٨٦).

فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا – الأحزاب/٧٠-٧١}. « أما بعدُ: فإنَّ أَصْدَقَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللَّهِ وَخَيْرَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّارِ».[1]

واباشه پیرۆزبایی بکرێ بەبۆنەی مارەبڕینەوە

له ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پیرۆزبایی لە هاوسەرگیران دەکرد، دەیفەرموو: « بَارَكَ اللَّهُ لَكُم وَبَارَكَ عَلَيْكُم وَجَمَعَ بَيْنَكُمَا فِي خَيْرٍ»[2]: خودا لێتان پیرۆز بکا، فەڕو خێر بڕژێنێ بەسەرتاندا لەسەر خێرو خۆشی ژیانی خۆتان بەسەر بەرن.

مارەیی

قورئان دەفەرموێ: {وَآتُواْ النَّسَاء صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً فَإِن طِبْنَ لَكُمْ عَن شَيْءٍ مِّنْهُ نَفْسًا فَكُلُوهُ هَنِيئًا مَّرِيئًا – النساء/٤}: ئەی ئەو کەسانەی ژن مارە دەکەن! بدەن بە ئافرەتان مارەییەکەیان وەکوو بەخشین و شیرینی و فەرزو پێویست. جا ئەگەر ئەو ئافرەتانە بە ویستی خۆیان بەشێك لەو مارەییە کە مافی خۆیانە بیدەن بەئێوە، ئەوە بیخۆن و نۆشی بکەن بە حەڵاڵی. مارەیی مافی ئافرەتە بەسەر پیاوەوە، ئەو مارەییە ماڵێکی حەڵاڵی شەخصی ئافرەتەکەیە. بۆ هیچ کەس ڕەوانیە باوکی بێ یان برای بێ یان هەرکەسێکی تر بێ – شتێك لەو مارەییە هەڵبگرێ بۆ خۆی، مەگەر ئافرەتەکە بە ویستی خۆی و لەناخی دڵیەوە بەوە رازی بێ.

---

[1] لەوەپێش لەباسی وتاری رۆژی هەینی دا تێپەڕی.

[2] صحيح: (ص.جة/١٥٤٦)، جة(١٩٠٥/٦١٤/١) وهذا لفظه د(٢١١٦/١٦٦/٦)، ت(١٠٩٧/٢٧٦/٢).

شـەریعەت ئەنـدازەی مـارەیی دیـاری نـەکردووەو سـنورێکی بـۆ زۆری‌و کەمی مارەیی دانەناوە. بەڵام هەمیشە بانگەوازی ئـەوەی کـردوە کـە: مـارەیی کـەم بکەنـەوەو زێـدەڕۆیی تێدانەکـەن، بۆئـەوەی پـڕۆژەی هاوسـەرگیری ئاسـانکاری تێـدا بکـرێ‌و ئـەرکی ئـەو گەنجانـە قـورس نـەکرێ کـە نیـازی ژنهێنانیان هەیەو لێی هەڵنەسڵەمنەوە.

قورئان دەفەرموێ: {وَإِنْ أَرَدتُّمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَّكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنطَارًا فَلاَ تَأْخُذُواْ مِنْهُ شَيْئًا – النساء/٢٠}. ئەگەر لەبەر هەر هۆیـەك ویـستتان دەستبەرداری ژنێك بن‌و ژنێکی تر مارەبکەن، مارەیی‌یەکی زۆرتـان دابـوو بـە یەکێکیان، ئەوە هیچی لێ مەسەننەوە ماڵی حەڵاڵی خۆیەتی.

لە ئەنەسی کوڕی مالیکـەوە ڕیوایەتکراوە: (کـە عەبدوڕەحمانی کـوڕی عەوف (ڕەزای خودای لێ بێ) هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) شوێن زەردییەکی زەعفـەرانی بەجەسـتەوە دیـاربوو، پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پرسیاری لێ کرد، ئاخۆ ئەو دیاردەیـە چیـە؟ وتـی: قوربـان ئافرەتێکی ئەنصاریم مارەکردووە، فەرمووی: چەندت مـارەیی بـۆ بـرد؟ وتـی: چەند مسقاڵە ئاڵتونێك. پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) فـەرمووی: دەعوەتێکیش بکە تەنانەت ئەگەر تەنها بەسەربڕینی مەڕێکیش بێ.[1]

لە سەهلی کوڕی سەعدەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: من لەگەڵ کۆمـەڵێك لـە هـاوەڵان لـە خزمـەت پێغەمبـەردا بـووین، ئافرەتێـك هەڵـسا وتـی: ئـەی پێغەمبەری خودا! ئەمن دەمەوێ ببم بە خێزانت‌و خۆمت پـێ ببەخـشم، ڕای خۆتم لەمبارەوە پێ بڵێ. پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هیچ وەڵامـی نەدایـەوە دوایـی دوبـارە هەڵسایەوەو وتـی: ئـەی پێغەمبـەر (دروودی خـودای

[1] متفـــق علیـــه: خ(٥١٥٣/٢٢١/٩)، م(١٤٢٧/١٠٤٢/٢)، د(٢٠٩٥/١٣٩/٦)، ت(١١٠٠/٢٧٧/٢)، جة(١٩٠٧/٦١٥/١)، ن(١١٩/٦).

لەسەر بێ) ئـەوە خـۆی بـەتۆ بەخـشیوەو دەیـەوێ ببێتـە خێزانـت رای خـۆت بدركێنە، پێغەمبەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) هـیـچ وەڵامـی نەدایـەوە بـۆ جـاری سـێیەم هەڵساوەو وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـودا! (دروودی خـودای لەسەر بـێ) ئـەوە خـۆی بـە تـۆ بەخـشیوەو دەیـەوێ خـۆی لـەتۆ مارەبكا، رای خۆت بفەرموو دەڵێی چی؟ پیاوێـك هەڵسایە سـەرپێ وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خودا! لەمنی مـارە بـبڕە. پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) فـەرمووی: هیـچت هەیـە بـۆی بكـەی بـەمارەیی؟ وتـی: نەخـەیر هیـچم نیـە. پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « اذْهَبْ فَاطْلُبْ وَلَوْ خَاتَمًا مِنْ حَدِيدٍ». برۆ شتێك پەیدابكە بیكە بەمارەیی بـۆی، تەنانـەت ئەگـەر ئەنگوستیلەیەكی ئاسنیش بێ. پیاوەكە رۆیی‌و هەوڵیدا هیـچی دەسـت نەكـەوت، پاشـان هاتـەوە وتی: هیچم بۆ هەڵنەسوڕا، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بـێ) فـەرمووی: چـەندت لـە قورئـان لەبـەرە! وتـی: فـلان سـورەت‌و فـلان سـورەت. فـەرمووی: «اذْهَبْ فَقَدْ أَنْكَحْتُكَهَا بِمَا مَعَـكَ مِـنَ الْقُـرْآنِ». دەی باشـە ئـەوا لێـتم مـارەكرد لەسەر ئەو چەند سورەتە قورئانەی لەبەرتن.[١]

دروسـتە هـەموو مـارەیی پـێش بخـرێ، هـەروەكوو دروسـتە هـەمووی دوابخـرێ، هـەروا دروستە هەنـدێكی حازربـێ‌و هەنـدێكی قـەرزبێ. دروسـتە بیگوێزێتـەوەو بـچێتە لای بـا مارەییەكـەی تەسـلیم نـەكردبێ... ئەگـەر نـاوی مارەیی‌و ئەندازەكەی ناو نەبرابوو، ئەوە مارەیی ئافرەتـە هاوشـانەكانی خـۆی دەكەوێ، ئەگەر مارەیی ناوبرابوو دەبێ ئەوەی بداتێ كە باسكراوە. دەخیلتـان بم خۆ لەوە بپارێزن: كە پابەندی ئەو شەرت‌و بەڵێنانە نەبن كـە دەیـدەن بـە ئافرەت. چونكە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویـەتی: « أَحَـقُّ

---

[١] متفـــق عليـــه: خ(٥١٤٩/٢٠٥/٩) واللفـــظ لـــه، م(١٤٢٥/١٠٤٠/٢)، د(٢٠٩٧/١٤٣/٦)، ت(١١٢١/٢٩٠/٢)، جة(١٨٨٩/٦٠٨/١) مختصراً، ن(١٢٣/٦).

مَا أَوْفَيْتُمْ مِنَ الشُّرُوطِ أَنْ تُوفُوا بِهِ مَا اسْتَحْلَلْتُمْ بِهِ الْفُرُوجَ»[1]: شیاوترین ماف: كه ئێوه پابەندی بن‌و جێبەجێیان بکەن ئەو مەرج‌و بەڵێنانەن کە بەهۆیەوە ئافرەتتان لەخۆتان حەڵاڵ کردوە.

ئەگەر مێرد مرد دوای گرێبەست‌و پێش چوونە لای، ئەوە ئافرەتەکە مارەیی تەواوی دەکەوێ.

لە عەلقەمەوە ڕیوایەتکراوە: مەسەلەیەك هێنرایە لای عەبدوڵڵا دەربارەی ئافرەتێك پیاوێك مارەی کردبوو، پاش مارەکردنەکە پیاوەکە مردبوو، نەمارەیی بۆ دیاریی کردبوو نە چوبووە لای، دەڵێ: کێشەیان تێکەوتبوو، بۆیە هاتبوونە لای عەبدوڵڵا، ئەویش فەرمووی: ئەمن پێم وایە مارەیی هاوشانانی خۆی دەکەوێ‌و میرات دەگرێ‌و پێویستە لەسەری تازیەو عیددە بگرێ، ئیتر مەعقیلی کوڕی سینانی (الأشجعی) شایەتی دا: کە پێغەمبەری خودا دەربارەی بیروەعی کچی واشیق بەم شێوەیە حوکمی کرد.[2]

کەی باشە ئافرەت بگوێزرێتەوە؟

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەری خودا لەمانگی شەشەڵاندا منی مارەکردو هەر لەمانگی شەواڵدا گواستمیەوە، چ ژنێکی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەمن بە بەخت ترە؟!

هەمیشە خاتو عائیشە پێی خۆشبوو ئافرەتەکان لەمانگی شەشەڵاندا بگوێزرێنەوە.[3]

---

[1] متفق علیه: خ(٥١٥١/٢١٧/٩)، م(١٤١٨/١٠٣٥/٢)، د(٢١٢٥/١٧٦/٦)، جة(١٩٥٤/٦٢٨/١)، ت(١١٣٧/٢٩٨/٢)، ن(٩٢/٦).

[2] صحیح: (الإرواء/١٩٣٦)، ت(١١٥٤/٣٠٦/٢)، د(٢١٠٠/١٤٧/٦)، جة(١٨٩١/٦٠٩/١)، ن(١٢٢/٦).

[3] صحیح: (ص.جة/١٦١٩) ، م(١٤٢٣/١٠٣٩/٢)، ت(١٠٩٩/٢٧٧/٢)، ن(١٣٠/٦)، جة(١٩٩٠/٦٤١/١).

چی باشه كردنی: كه زاوا چووه لای بوك؟

واباشه بۆ زاوا كەچووه ژوری بوك بەنەرمو نیانی لەگەڵیدا هەڵسو كەوت بكا، وەكوو ئەوه شتێكی پێشكەش بكا بۆ خواردنەوه، ئەمەش بەپێی حەدیثی ئەسمائی كچی یەزید كه دەگێڕێتەوه، دەڵێ من خاتو عائیشەم كرد بەبوكو رازاندمەوه بۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پاشان هاتمە خزمەتی بانگم كرد بێتە ژورەوه تارای لەسەر لابا، ئەوەبوو تەشریفی هاتە ژوورەوەو له تەنیشتیەوه دانیشت، جامە شیرێكیان بۆ هێناو لێی خواردەوه، پاشان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دای بەخاتو عائیشە ئەویش شەرمی كردو سەری خۆی داخست، ئەسماء دەفەرموێ: منیش له عائیشە توڕە بوومو پێم گوت: پیاڵەكە لەدەستی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وەربگرە؛ دەڵێ: ئیتر پیاڵەكەی وەرگرتو كەمێكی لێ خواردەوه.[1]

وا پێویستە زاوا دەستی بخاتە سەر ناوچاوانی بوكو ناوی خودا بێنێو لەخودا بپاڕێتەوه خێرو فەڕی بەنسیب بكا. وەكوو له فەرموودەی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) هاتووه: كه فەرموویەتی: « إِذَا تَزَوَّجَ أَحَدُكُمُ الْمَرْأَةَ أَوِ اشْتَرَى خادماً فَلْيَأْخُذْ بِنَاصِيَتِهَا وَلْيُسَمِّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ وَلْيَدْعُ بِالْبَرَكَةِ وَلْيَقُلِ اللَّهُمَّ إِنِّى أَسْأَلُكَ خَيْرَهَا وَخَيْرَ مَا جُبِلَتْ عَلَيْهِ وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا وَشَرِّ مَا جُبِلَتْ عَلَيْهِ »[2]: ئەگەر یەكێ لەئێوه ئافرەتێكی مارەكردو گواستیەوه، یان خزمەتكارێكی كۆیلەی كرێ. با دەست بخاتە سەر ناوچاوانی ناوی خودای بەرزو شكۆمەند بێنێو لەخودا بپاڕێتەوه پێو قەدەمی خێرو فەڕبێ. با بڵێ: خودایە من داوات لێ دەكەم: كه سروشتی ئەمت لەسەر

---

[1] الحمیدی (١/١٧٩/٣٦٧)، حم(٦/٤٣٨ و ٤٥٢و ٤٥٣و ٤٥٨).

[2] حسن (ص.جة/١٥٥٧)، د(٢١٤٦/١٩٦/٦)، جة(١٩١٨/٦١٧/١).

دامەزراندوە پەنا دەگرم لەشەڕو نەگبەتی ئەم ئافرەتەو ئەو شەڕو شومەی لە سروشتی دایە.

وا باشە بۆ بوكو زاوا بەیەكەوە دوو ركات نوێژ بكەن، چونكە ئەوە دابو نەریتی سەلەفی صالح بووەو دوو سەرگوزشتەی تێدا ڕیوایەتكراوە.

یەكەم: لە ئەبوسەعید مەولای ئەبو ئوسەیدەوە ڕیوایەتكراوە: دەڵێ: ژنم مارەبڕی لەوكاتەدا كۆیلە بووم، چەند كەسێكم لە هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەعوەت كرد، ئیبنو مەسعودو ئەبو زەڕوو حوزەیفەیان لەگەڵ بوو، دەڵێ كاتی نوێژ هاتو قامەت كرا، ئەبو زەڕ چووە پێشەوە ببێتە پێشنوێژ، هاوەڵان ئامازەیان بۆمن كرد ببمە پێشنوێژ، چونكە من ژنم گواستۆتەوەو دەبمە زاوا، ئەبو زەڕ فەرمووی: ئایا وایە! هاوەڵان وتیان: بەڵێ، دەڵێ: ئیتر من پێش كەوتمو پێشنوێژیم بۆ كردن من لەوكاتەدا كۆیلە بووم. ئەمجار هاوەڵان فێریان كردم وتیان: كە دەستگیرانەكەت گواستەوەو هاتە ماڵەوە بۆلات یەكەم شت دووركات نوێژبكە، ئەمجار لەخودا بپاڕێوە خێرو بەرەكەتی زۆرت بداتێ لەوەی هاتۆتە ماڵتو بووە بەهاوسەرت، پەنابگرە بەخودا لەشەڕو شومی، ئەمجار ئیتر خۆتو خێزانی خۆت خەریكی خێری خۆت بە.[1]

دووەم: لە شەقیقەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پیاوێك هات پێیان دەگوت: (أبو حریز)، وتی: من كچێكم مارەكردووە زۆر گەنجە ترسی ئەوەم هەیە ناخۆشی بوێم. عەبدوڵلا واتە: (ئیبنو مەسعود) فەرمووی: خۆشویستن لەخوداوەیە، ناخۆشویستن لە شەیتانەوەیە دەیەوێ ئەوەی خودا لێی حەڵاڵ كردون دزێوی بكا لەلاتان، جا: كە گواستەوە داوای لێ بكە لەدواتەوە دووركات نوێژ بكا. لە ڕیوایەتێكی تردا لە ئیبنو مەسعودەوە هاتووە ئەمەی لێ

[1] سندە صحیح: (آداب الزمان/٢٢، ئیبنو ئەبی شەیبە (٤/٣١١).

زیادکردووە (أللّهم بارك لي في أهلي، وبارك لهم فِيّ، أللّهـم اجمـع بيننـا مـا جمعـت بخير، وفرّق بيننا اذا فرّقت الى خير).[١]

پێویسته لەوکاتەدا کە دەیەوێ لەگەڵی جوتبێ، بڵێ «بِسْمِ اللّـهِ اللَّهُـمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبِ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا»: بەناوی خـودا، خودایـە شـەیتانمان لێ دوور بخـەرەوە، شـەیتان دووربخـەرەوە لـەوەی پێمـان دەبەخـشی. پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویـەتی: «فَإِنْ قَضَى اللَّهُ بَيْنَهُمَا وَلَدًا لَمْ يَضُرَّهُ الشَّيْطَانُ أَبَداً». ئەگـەر خـودا منـداڵێك لەنێوانیانـدا بخولقێنـێ قـەت شـەیتان زەفەری لێ ناهێنێ.[٢]

دروسـته لـە هەرلایەکـەوەبێ، هێنەکـەی ئاڕاسـتەی پێـشەوەی بکـا، لەپێـشەوە رابـێ یـان لـەدواوەبێ، هـەردەبێ جوتبوونەکـە لەپێـشەوە ئـەنجام بدرێ، پەروەردگار دەفـەرموێ: {نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّى شِـئْتُمْ – البقرة/٢٢٣ }. ژنەکانتان جێگای کشتو کاڵ کردنتـانن، بـچنە لای ژنـەکانتان لەو شوێنەوە کە هیوای منداڵبوونی لێ دەکرێ.

لـە جـابیرەوە (رەزای خـودای لێ بـێ) ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: جولەکـەکان دەیـانگوت: ئەگـەر پیـاو لـەدواوە بـچێتە لای خێزانـیو هێنەکـەی ئاڕاسـتەی پێشەوەی بکا، منداڵی خێلیان لێ دەکەوێتـەوە. ئـیتر ئایـەتی {نِـسَآؤُكُمْ حَـرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ – البقرة/٢٢٣ }.[٣] نازڵ بوو.

---

[١] سنده صحيح: (آداب الزفاف/٢٢٣)، ئیبنو ئەبی شەیبە (٤/٣١٢).

[٢] متفـــق عليـــه: خ(٥١٦٥/٩/٢٢٨)، م(١٤٣٤/٢/١٠٥٨)، د(٢١٤٧/٦/١٩٧)، ت(١٠٩٨/٢/٢٧٧)، جة(١٩١٩/١/٦١٨).

[٣] متفق عليه: خ(٤٥٢٨/٨/١٨٩)، م(١٤٣٥/٢/١٠٥٨)، د(٢١٤٩/٦/٢٠٣)، جة(١٩٢٥/١/٦٢٠).

له ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: (ئەم خێڵەی ئەنصاری) بتپەرست بوون، لەگەڵ ئەم خێڵە جولەکەیە بوون کە ئەهلی کیتاب بوون، ئەنصارە بتپەرستەکان ڕێزو نرخێکیان دادەنا بۆ خێڵو هۆزی جولەکە لە زانستو زانیاریدا. لەزۆر شتدا لاسایی جولەکەکانیان دەکردەوەو هەڵسو کەوتی ئەوانیان پەیڕەو دەکرد. دابو نەریتی جولەکەکان وابوو: کە هەر لەسەر لاتەنیشت لەگەڵ ژنەکانیاندا جوتبن. بەمە ئافرەتەکە کەمتر لەشو لاری دەردەکەوت. ئەم خێڵە ئەنصارەش ئەم شێوە هەڵسو کەوتەی جولەکەکانیان وەرگرتبوو.

دابو نەریتی ئەم خێڵە قوڕەیشییەش وەهابوو ئافرەتیان بەتەواوی بەڕوتی بڵاو دەکردەوەو لەزەتیان لێ دەبینی بەهەموو شێوەیەكو لەهەموو لایەکەوە لەگەڵیان جوت دەبوون، کە موهاجیرەکان هاتنە مەدینە پیاوێکیان ئافرەتێکی ئەنصاری مارەکرد، ویستی بەو شێوە باوەی لەناو قوڕەیشدا هەبوو لەگەڵی جووت بێ، ئافرەتەکە نەیهێشت وتی: هەردەبێ لەسەر لاتەنیشت بێیتە لام، ئەگینا ناهێڵم. بوو بەکێشەیانو سەرەنجام پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەوکێشەی زانی. ئیتر ئایەتی {نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ – البقرة/٢٢٣ }. نازڵ بوو، واتە: هیچ مانیعێك نیە لەوەدا لەپاشەوەڕا بچنە لای ژنەکانتان یان لەدواوە یان لەسەر لاتەنیشت یان بەهەر شێوەیەکی تر بێ بەمەرجێ هینەکە ئاڕاستەی شوێنی منداڵبوون بکرێ.[1]

حەرامە پیاو لەکونی دواوە بچێتە لای خێزانی، ئەمەش بە پێی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «مَنْ أَتَى حَائِضًا أَوِ امْرَأَةً فِي دُبُرِهَا أَوْ كَاهِنًا فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى

[1] سنده حسن (آداب الزفاف/٢٨)، د(٢١٥٠/٢٠٤/٦).

مُحَمَّدٍ»[1]: کەسێك لەکاتی بێنوێژیدا چووە لای خێزانی، یان لەکونی دواوە لەگەڵی جوتبوو، یان چووە لای کاهین و کوڵەوەنانیو بڕوای بەقسەکانی کرد، ئەوە بڕوای نیە بەو ئایینەی هاتۆتە خوار بۆسەر موحەممەد (دروودی خودای لەسەر بێ).

پێویستە لەسەر پیاوو ئافرەت نیازیان لە هاوسەرگیریو ژنو مێردایەتی داوێنپاکی خۆیان بێ، خۆ پارێزییان بێ لەوە بکەونە ناو تاوانەوەو توشی ئەوەبن کە خودا لێی حەرام کردون، ئەوکاتە هەر خۆشیو لەززەتێك لەیەکتر ببینن و سەرجێییکردنیان بەخێرو حەسەنە بۆ دەنووسرێ. ئاماژە بەو حەدیثەی ئەبو زەڕ ریوایەتی دەکا، دەڵێ: کۆمەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بە پێغەمبەریان گوت: دەوڵەمەندە خودا پێداوەکان هەموو خێرو بێرێکیان بۆ خۆیان برد، وەکوو ئێمە نوێژدەکەن، وەکوو ئێمە رۆژوو دەگرن سەرباری ئەوەش زێدەی ماڵی خۆیان دەبەخشن و پاداشی باشیان بۆ مسۆگەر دەبێ. پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « أَوَلَيْسَ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ مَا تَصَّدَّقُونَ إِنَّ بِكُلِّ تَسْبِيحَةٍ صَدَقَةٌ وَكُلِّ تَكْبِيرَةٍ صَدَقَةٌ وَكُلِّ تَحْمِيدَةٍ صَدَقَةٌ وَكُلِّ تَهْلِيلَةٍ صَدَقَةٌ وَأَمْرٌ بِالْمَعْرُوفِ صَدَقَةٌ وَنَهْيٌ عَنْ مُنْكَرٍ صَدَقَةٌ وَفِي بُضْعِ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ»: ئەی ئەوەنیە خودا چەند بوارێکی بۆ رەخساندون بۆ ئەوەی خێرتان بەنسیب بێ ئەوەتا بەهەر گوتنی (سبحان الله)یەك خێرێکتان بۆ دەنووسرێ بەهەر (الله أكبر)ێك خێرێکتان بۆ دەنووسرێ بەوتنی (لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّـهُ) خێرو بۆ دەنووسرێ، بەگوتنی (الحمدلله) خێرو پاداشتان بۆ دەنووسرێ فەرمانکردن بەچاکە خێرو پاداشی هەیە نەی کردن لەخراپە خێرو پاداشی هەیە. یەکێکتان لەگەڵ

---

[1] صحيح: (الإرواء/٢٠٠٦) ، جة(١/٢٠٩/٦٣٩)، ت(١/٩٠/١٣٥)، د(١٠/٣٩٨/٢٨٨٦).

خێزانی خۆیدا جوت دەبێ خێرو پاداشی بۆ دەنووسرێ، هاوەڵان عەرزیان کرد: ئەی پێغەمبەری خودا! بۆچی ئەگەر یەکێك لەئێمە ئارەزۆی خۆی دابمرکێنێتەوە خێرو پاداشی هەیە؟! فەرمووی: ئەی نابینن ئەگەر شەهوەتی خۆی بخاتە حەرامەوە تاوانباردەبێ؟ ئاشکرایە ئەگەر بیخاتە حەڵاڵەوە پاداشی هەیە![1]

نان ئامادەکردن بەبۆنەی ژن گواستنەوە واجبە

پێویستە دوای گواستنەوەو چوونە لای بوك. دەعوەتێك ئەنجام بدرێ. ئەمەش بەگوێرەی فەرمانەکەی پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ): کە ئاڕاستەی (عبدالرحمن)ی کوڕی عەوفی کرد، وەکوو لەوەپێش ئاماژەی پێ کرا.

هەروا حەدیثی بورەیدەی (الحصیب): کە دەگێڕێتەوە دەڵێ: کاتێك عەلی خوازبێنی فاتیمەی کرد، دەڵێ: پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنَّهُ لاَ بُدَّ لِلْعُرْسِ مِنْ وَلِيمَةٍ»: بێگومان بوك گواستنەوە دەبێ دەعوەتو نانو چێشت دروستکردنی لەگەڵدا بێ.

پێویستە چەند شتێك لەدەعوەتی بووك گواستنەوەدا بەرچاو بگیرێ

یەکەم: دەبێ دوای گواستنەوەی بوك بێو سێ ڕۆژبێ، چونکە ئەوە لە پێغەمبەرەوە نەقڵ کراوە.

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) صەفیەی مارەکرد، مارەییەکەی خستە بری ئازادکردنی، سێ ڕۆژیش وەلیمەی نانو چێشتی دەرخواردی خەڵکدا.[2]

---

[1] صحيح: (ص.ج/٢٥٨٨) ، م(١٠٠٦/٦٩٧/٢).

[2] سنده صحيح: (آداب الزفاف/٧٤) اخرجه أبو يعلى بسند حسن وهو في صحيح البخاري بمعناه: (١٥٥٩/٢٢٤/٩).

دووەم: دەبێ مرۆڤی صالح‌و خوداپەرست بانگ بکا بە دەوڵەمەندو هەژارەوە چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « لاَ تُصَاحِبْ إِلاَّ مُؤْمِنًا وَلاَ يَأْكُلْ طَعَامَكَ إِلاَّ تَقِيٌّ».[1] هەر هاوڕێیەتی موسوڵمان بکە، جگە لەخاوەن تەقواوو خوداپەرست کەسی تر مەبەرە سەر سفرەو خوانت.

سێیەم: دەبێ مەڕێك سەرببڕێ یان زیاترلەوە ئەگەر لەتوانایدا هەبوو، ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە ئاڕاستەی (عبدالرحمن)ی کوڕی عەوفی کرد فەرمووی: « أَوْلِمْ وَلَوْ بِشَاةٍ »[2]: دەعوەت بکە تەنانەت ئەگەر بەسەربڕینی مەڕێکیش بێ.

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: نەم بینیوە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەعوەت بکا بۆ هیچ خێزانێکی وەکوو ئەوەی بۆ زەینەبی کرد، ئەوەبوو مەڕێکی سەربڕی.

دەعوەتکردن بەهەر خواردنێك دێتەجێ کە لەبەردەست دابێ. تەنانەت یا گۆشت‌و شتی واشی تێدا نەبێ، ئاماژە بە حەدیثی ئەنەس: کە دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەنێوان مەدینەو خەیبەردا سێ ڕۆژ مایەوە، لەو ماوەیەدا صەفیەی کچی حویەی گواستەوە، ئەنەس دەڵێ: من موسوڵمانەکانم بانگ کرد بۆسەر دەعوەتەکەی، خواردنەکە نەنانی تێدا بوو نەگۆشت، فەرمانی کرد کەوڵێکیان ڕاخست، ئیتر خورماو کەشك ڕۆنی لەسەر دانرا، ئەوەبوو دەعوەت‌و خواردن ئامادەکردنی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ)[3] دروست نیە دەعوەت کردنەکە تایبەت بێ بە دەوڵەمەندەکانەوەو هەژار بانگێشت نەکرێن. چونکە پێغەمبەر (دروودی

---

[1] حسن (ص.ج/٧٣٤١)، د(٤٨١١/١٧٨/١٣)، ت(٢٥٠٦/٣٧/٤).

[2] سبق في الصداق.

[3] متفق عليه: خ (٥١٥٩/٢٢٤/٩)، وهذا لفظه، م (١٣٦٥/١٠٤٣/٢)، ن (٦/١٣٤).

خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «شَرُّ الطَّعَامِ طَعَامُ الْوَلِيمَةِ يُمْنَعُهَا مَنْ يَأْتِيهَا وَيُدْعَى إِلَيْهَا مَنْ يَأْبَاهَا وَمَنْ لَمْ يُجِبِ الدَّعْوَةَ فَقَدْ عَصَى اللَّهَ وَرَسُولَهُ».[1] خراپترین خواردن سفرەو خوانی ژن گواستنەوەیە: کە ئەوەی دەیەوێ ئامادەی بێ بانگ ناکرێو ئەوەی نایەوێ ئامادەی بێ بانگ دەکرێ کەسێك بانگ بکرێ بۆ داوەتی ژن گواستنەوەو نەچێ ئەوە لەخوداو پێغەمبەری خودا یاخی بووە.

هەرکەسێك بانگ کرا بۆ دەعوەتی ژن گواستنەوە واجبە لەسەری ئامادە بێ، ئاماژە بەفەرموودەی پێشوو هەروا ئەم فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: « إِذَا دُعِيَ أَحَدُكُمْ إِلَى الْوَلِيمَةِ فَلْيَأْتِهَا ».[2] ئەگەر یەکێك لەئێوە بانگ کرا بۆ دەعوەتی ژن هێنان با بچێ...

پێویستە ئەگەر بەرۆژوش بێ هەربچێ، ئاماژە بە فەرموودەکەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە فەرموویەتی: « إِذَا دُعِيَ أَحَدُكُمْ إِلَى طَعَامٍ فَلْيُجِبْ فَإِنْ كَانَ مُفْطِرًا فَلْيَطْعَمْ وَإِنْ كَانَ صَائِمًا فَلْيُصَلِّ. يَعْنِي الدُّعَاءَ».[3] ئەگەر یەکێ لەئێوە بانگ کرا بۆ خواردن بابچێ ئەگەر بەرۆژوو نەبوو خواردن بخوا، ئەگەر بەرۆژو بوو با دوعاو نزا بکا، دەشتوانێ ئەگەر رۆژوەکەی رۆژوی سوننەت بێ بیشکێنێ، بەتایبەتی ئەگەر خاوەن دەعوەتنامەکە پێکیشی لێ کرد؛ لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەفەرموێ: {اذا دعي احدكم الى طعام فَلْيُجِبْ، فان شاء طَعِمَ، وان شاء ترك}.[4]

---

(1) متفق علیه: خ (١٤٣٢/١١٠/١٠٥٥/٢)، خ (٥١٧٧/٢٤٤/٩).

(2) متفق علیه: خ (٥١٧٣/٢٤٠/٩)، م (١٤٢٩/١٠٥٢/٢)، د (٣٧١٨/٢٠٢/١٠).

(3) صحيح: (ص. ج/٥٣٩)، هق (٧/٢٦٣) وهذا لفظه م (١٤٣١/١٠٥٤/١)، د (٣٧١٩،١٨/٢٠٣/١٠).

(4) صحيح: (الإرواء/١٩٥٥)، م (١٤٣٠/١٠٥٤/٢)، د (٣٧٢٢/٢٠٤/١٠).

سوننەتە بۆ ئەو کەسەی ئامادەی دەعوەتەکەی دەبێ دووشت ڕەچاو بکا

یەکەم: دوای نانخواردن دوعاو نزا بکا بۆ خاوەن دەعوەتەکە بەوشێوەی لە پێغەمبەرەوە ڕیوایەتکراوە، ئەمەش چەند جۆرێکن:

أ- (اللَّهُمّ اغفر لهم، وأرحمهم، وبارك لهم فيما رزقتهم)[1] خودایە لەم خێزانوماڵە خۆش ببە، ڕەحمو بەزەیی خۆت برژێنە، فەڕو بەرەکەت بخەرە ناو ڕزقو رۆژییان.

ب- «اللَّهُمَّ أَطْعِمْ مَنْ أَطْعَمَنِي وَأَسْقِ مَنْ أَسْقَانِي».[2] خودایە! خواردنو خۆراك بدە بەوانەی خواردنیان بەمن دا، تێرئاو بکە کەسێك منی تێراوکرد.

ج- «أَكَلَ طَعَامَكُمُ الأَبْرَارُ وَصَلَّتْ عَلَيْكُمُ الْمَلاَئِكَةُ».[3] پیاوچاکان خواردنی ئێوەیان خوارد، فریشتە داوای ڕەحمەتو بەزەیی بۆکردن ڕۆژوەوانان لەسەر سفرەو خوانی ئێوە رۆژویان شکاند.

دووەم: دوعا کردن بۆ مێردو بۆ ژنەکەشی بەخێرو بێرو بەرەکەت.

وەکوو لەوەپێش لەباسی پیرۆزبایی بەبۆنەی ژن مارەکردنەوە تێپەڕی، دروست نیە بچێ بۆ دەعوەتو بانگێشتکردنێك کاروگوفتاری ناشەرعی تێدا بێ، مەگەر بەمەبەستی ئەوە بچێ نارەزایی بەرامبەر دەربڕێو هەوڵی نەهێشتنی بدا، جا ئەگەر بۆی لاچوو مەنعی کرد ئەوە باشە، ئەگینا دەبێ بگەڕێتەوەو نەچێ، لەم بارەوە چەند حەدیسێك هاتووە.

لە ئیمامی عەلیەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: خواردنم دروست کرد، دەعوەتی پێغەمبەرم کرد، تەشریفی هات لەناو ماڵی ئێمە هەندێ وێنەو شتی وای بینی لەسەر قوماشێکی پەردە، یەکسەر گەڕایەوەو دانەنیشت، عەرزم کرد

---

[1] صحيح: (مختصر م/١٣١٦)، م (٢٠٤٢/١٦١٥/٣)، د (٣٧١١/١٩٥/١٠).

[2] صحيح: م (٢٠٥٥/١٦٢٥/٣).

[3] صحيح: (ص. جه/٢٧٠٨)، جه (٣٣٥٩/١١١٤/٢) وابو يعلى فى مسنده (ق/٣١و ١٣٧و ٢/٣٩).

ئـەی پێغەمبـەری خـودا! بـەدایك‌و باوكمـەوە بـەقوربانت بم، چـی وای كـرد جەنابت بگەڕێیتەوە؟ فەرمووی: «إِنَّ فِي البيت سِتْرًا فِيهِ تَـصَاوِيرُ وَإِنَّ الْمَلاَئِكَـةَ لاَ تَدْخُلُ بَيْتًا فِيهِ تَـصَاوِيرُ». [١] لەماڵەكەتـدا پەردەیـەكم بینـی وێنـەو صـورەتی تێدا بوو، بێگومان فریشتە ناچنە ماڵێكەوە وێنەی تێدا بێ.

لەسـەر ئـەم بنەمایـە سـەلەفی صـاڵح هەڵس‌وكـەوتیان كـردووە، (رەزای خودایـان لێ بـێ) لـە ئـەبو مەسـعودەوە (عقبـة بـن عمـرو) ریوایـەتكراوە، كەپیاوێك خواردنی بۆ ئامادە كـردو دەعـوەتی كـرد، ئـەبو مەسـعود پرسـیاری كـرد: ئـاخۆ لـەو ماڵـەدا وێنـە هەیـە؟ كـابرا وتـی بـەڵێ، ئـیتر ئـەبو مەسـعود نەچووە ژورەوە تاكابرا وێنەكانی شكاندن، پاشان كە دڵنیابوو وێنەكان شـكاون چووە ژوورەوە.

ئیمـامی بوخـاری دەفـەرموێ: [٢] ئیبنـو عومـەر دەعـوەتی ئـەبو ئـەییوبی كرد، ئەبو ئەییوب پەردەیـەكی بـەدیواری ژوورەكـەوە بینـی وێنـەو شـتی وای لەسەر بوو، ئیبنو عومەر فەرمووی: ئافرەت زاڵن بەسـەرمانەوەو رای خۆیـان فەرز كردووە! ئەبو ئەییوب وتی: كەسانێك هەبوون ترسم لێیان هەبوو، بەڵام هەرگیز ترسم لەتۆ نەبوو ئاوا كاری بێ شەرعی قبوڵ بكەی، سوێندم بـەخودا من نانی ئێوە ناخۆم، ئەوەبوو گەڕایەوە.

دروستە رێگە بـدرێ بـە ئـافرەت لەحەفلـەو زەماوەنـدی ژن گواسـتنەوەدا دەف لێ بدەن، گۆرانی وابڵێن، كەوەصفی جوانی‌و قسەی فیـسق‌و فجوری تێـدا نەبێ. لەم بارەیەوە چەند حەدیـسێك هـاتووە. وەكوو فـەرموودەی پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) «أَعْلِنُـوا النِّكَـاحَ ». [٣] ژن مـارەبڕین رابگەیـەنن‌و

---

[١] سنده صحيح: (آداب الزفاف/٩٣)، هق (٧/٢٦٨).

[٢] (٩/٢٤٩).

[٣] حسن: (ص. جه/١٥٣٧)، حب (٣١٣/١٢٨٥).

ئاشكرای بكەن، یان ئەو فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) كە دەفەرموێ: « فَصْلُ مَا بَيْنَ الْحَلاَلِ وَالْحَرَامِ الدُّفُّ وَالصَّوْتُ فِي النِّكَاحِ».[١] نێوان پەیوەندی حەڵاڵو حەرامی لە نێوان پیاوو ئافرەتدا دەف لێدانو ئاشكراكردنی مارەبڕینو گرێبەستی هاوسەرگیرییە.

لەخالیدی كوڕی ذەكوانەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: روبەیعی كچی موعەویذی كوڕی عەفراء گێڕایەوە وتی: لەوكاتەدا منیان مارە بڕیبوو گواستبوویانمەوە، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) تەشریفی هات لەنزیكەوە دانیشت وەكوو چۆن تۆ ئێستا لەپەنام دانیشتووی، چەند كچۆڵەیەكی ئێمە دەفیان لێ دەداو ئەوانەیان دەلاواندەوە كە لەغەزای بەدردا شەهید بووبوون، هێندەی نەبرد یەكێك لەگۆرانی بێژە كچەكان وتی: (وَفِينَا نَبِيٌّ يَعْلَمُ مَا فِي غَدٍ) پێغەمبەرێكمان لەناودایە دەزانێ بەیانی چی دەبێ، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « دَعِي هَذِهِ، وَقُولِي بِالَّذِي كُنْتِ تَقُولِينَ».[٢] واز لەگوتنی ئەو بێنە، ئەوە بڵێ: كە لەوەپێش دەتگوت.

سوننەتە ئەگەر كچی بەسەر بێوەژن هێنا حەوت شەو لای بمێنێتەوە دوای ئەوە دەست بكا بەخۆ دابەشكردن بەسەریاندا، ئەگەر بێوەژنی هێنا بەسەر كچدا سێ شەو لای دەمێنێتەوە، ئەمجار دەست دەكا بەخۆ دابەشكردن بەسەریاندا. بەم شێوە ئەبو قیلابە لە ئەنەسەوە گێڕاویەتەوە، ئەبو قیلابە وتی: ئەگەر بمەوێ دەتوانم بڵێم: ئەنەس ئەم فەرموودەی بەرزكردۆتەوە بۆسەر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) واتە (حەدیثی مەرفوعە).[٣]

---

[١] حسن: (ص. جه/١٥٣٨)، ن (٦/١٢٧)، جه (١/٦١١/١٨٩٦)، ت (٢/٢٧٥/١٠٩٤).

[٢] صحيح: (الزفاف/١٠٨)، خ (٩/٢٠٢/٥١٤٧)، د (١٣/٢٦٤/٤٩٠١)، ت (٢/٢٧٦/١٠٩٦).

[٣] متفق عليه: خ (٩/٣١٤/٥٢١٤)، م (٢/١٠٨٤/١٤٦١)، د (٦/١٦٠/٢١١٠)، ت (٢/٣٠٣/١١٤٨).

واجبە لەسەر پیاو هەڵسوکەوتی جوان لەگەڵ خێزانەکەیدا بکا بەوشێوەی خودا بۆی حەڵاڵ کردووە، بەتایبەتی ئەگەر ئافرەتێکی منداڵکاری تازە پێگەیشتوو بوو، لەمبارەیەوە چەند فەرموودەیەك ڕیوایەتکراوە، لەوانە:

أ- فەرموودەی « خَيْرُكُمْ خَيْرُكُمْ لأَهْلِهِ وَأَنَا خَيْرُكُمْ لأَهْلِي».[(١)] چاکترینتان ئەو کەسەیە بۆ خێزانی باش بێ، من باشترین کەستانم بۆ خێزانم.

ب- « أَكْمَلُ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَانًا أَحْسَنُهُمْ خُلُقًا وَخِيَارُكُمْ خِيَارُكُمْ لِنِسَائِهِمْ خُلُقًا».[(٢)] تەواوترین موسوڵمانان لەروی ئیمانەوە ئەوانەیانن ڕەوشتیان جوانە، باشترینتان ئەو کەسانەن بۆ خێزانەکانیان باشن.

ج- فەرموودەی «لاَ يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً إِنْ كَرِهَ مِنْهَا خُلُقًا رَضِيَ مِنْهَا آخَرَ».[(٣)] با موسوڵمان ڕقی لەخێزانی موسوڵمانی نەبێتەوە، کاتێ ڕەوشتێکی ئەوی نابەدڵ بوو، چونکە ئەگەر ڕەوشتێکی تێدا بێ جێگای گلەیی بێ ڕەوشتێکی تری هەیە جێگای ڕەزامەندییە.

د- ئەو فەرموودەی لەحەجیماڵئاوایی‌دا ئاراستەی موسوڵمانانی کرد کە تییایدا فەرمووی: « أَلاَ وَاسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْرًا فَإِنَّمَا هُنَّ عَوَانٌ عِنْدَكُمْ لَيْسَ تَمْلِكُونَ مِنْهُنَّ شَيْئًا غَيْرَ ذَلِكَ إِلاَّ أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ فَإِنْ فَعَلْنَ فَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ ضَرْبًا غَيْرَ مُبَرِّحٍ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلاَ تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً أَلاَ إِنَّ لَكُمْ عَلَى نِسَائِكُمْ حَقًّا وَلِنِسَائِكُمْ عَلَيْكُمْ حَقًّا فَأَمَّا حَقُّكُمْ عَلَى نِسَائِكُمْ أَلاَّ يُوطِئْنَ فُرُشَكُمْ مَنْ تَكْرَهُونَ وَلاَ يَأْذَنَّ فِي بُيُوتِكُمْ لِمَنْ تَكْرَهُونَ أَلاَ وَحَقُّهُنَّ عَلَيْكُمْ أَنْ

---

(١) صحيح: (ص. ج/٣٢٦٦)، ت (٣٩٨٥/٣٦٩/٥).

(٢) صحيح: (ص. ج/٣٢٦٥)، ت (١١٧٢/٣١٥/٢).

(٣) صحيح: (ص. جه/٧٧٤١)، م (١٤٦٩/١٠٩١/٢).

تُحْسِنُوا إِلَيْهِنَّ فِي كِسْوَتِهِنَّ وَطَعَامِهِنَّ».[١] ئاگادار ببنەوە ئامۆژگاری یەکتری بەباشی بکەن دەربارەی ئافرەتان، چونکە ئەوان لەژێر دەستی ئێوەدان، کەوتوونە ئامێزی ئێوەوە، جگە لەوە ئێوە هیچ دەسەڵاتێکی ترتان بەسەر ئەوانەوە نیە، لەقسەی ناشیرین و هەڵس وکەوتی نەشیاو، مەگەر فاحیشەو تاوانێکی ئاشکرایان لێ دەربکەوێ، ئەگەر شتێکی وایان کرد جێگەی نووستنیان لێ جیابکەنەوە، لێیان بدەن بەلێدانی پەروەردە ئامێزو تەمێ کردن ئازاری جەستەیان پێ نەگا، ئەگەر فەرمانبەردارو گوێڕایەڵ بوون ئیتر زۆر زەختیان لێ مەکەن و مەیانچەوسێننەوە. ئاگاداربن ئێوە بەسەر ژنەکانتانەوە مافتان هەس، ژنەکانیشتان مافیان بەسەر ئێوەوە هەیە، مافی ئێوە بەسەر ژنەکانتانەوە ئەوەیە ڕێگە نەدەن کەسێك ئێوە ناخۆشتان دەوێ بێتە ماڵتان، ئاگاداربن مافی ئەوان بەسەر ئێوەوە ئەوەیە مامەڵەی چاکەو جوانیان لەگەڵدا بکەن، پۆشاك و مەسکەن و خۆراکی پێویستیان بۆ دابین بکەن،[٢] پێویستە لەسەر پیاو عەدالەتکار بێ لەنێوان خێزانەکانیدا لەڕوی خۆراك و مەسکەن و پۆشاك و شەومانەوە لەلایان و هەروا لەهەموو شتێکی مادیدا، ئەگەر تەرازوی عەدالەتکاری بەلای یەکێکیاندا خوار کرد، ئەوە بەرهەڕەشەی توندی پێغەمبەر دەکەوێ، کە دەفەرموێ: « مَنْ كَانَتْ لَهُ امْرَأَتَانِ يَمِيلُ مَعَ إِحْدَاهُمَا عَلَى الأُخْرَى جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَأَحَدُ شِقَّيْهِ سَاقِطٌ».[٣] هەر پیاوێك دوو ژنی هەبوو لەسەر حیسابی یەکێکیان ستەمی لەوەی تریان دەکرد ڕۆژی قیامەت دێتە مەیدانی حەشر لایەکی خوارە.

---

[١] حسن: (ص. جه/١٥٠١)، ت (٢/٣١٥/١١٧٣).

[٢] حسن: (ص. جه/١٥٠١)، ت (٢/٣١٥/١١٧٣).

[٣] صحيح: (ص. جه/١٦٠٣)، جه (١/٦٣٣/١٩٦٩)، وهذا لفظه، د (٦/١٧١/٢١١٩)، ت (٢/٣٠٤/١١٥٠)، ن (٧/٦٣).

ئەگەر بەدڵ یەکێکیانی لەوی تر خۆشترویست ئەوە تاوانی لەسەر نیە، چونکە ئەوە کاری دەرونەو دەسەڵاتی بەسەردا نیە. بۆیە قورئان دەفەرمویٚ: {وَلَن تَسْتَطِيعُواْ أَن تَعْدِلُواْ بَيْنَ النِّسَاء وَلَوْ حَرَصْتُمْ فَلاَ تَمِيلُواْ كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ – النساء/١٢٩}: چەندێك هەوڵ بدەن لەگەڵ ژنەکانتاندا بۆ جیاوازی ڕەفتار بکەن ناتوانن. مەبەست بەم عەدالەتو بۆ جیاواز ڕەفتارکردنە خۆشەویستی دڵە: کە کەس ناتوانیٚ بەسەریدا زاڵ بیٚ، هەموو مەیلی خۆتان مەدەن بە یەکێکیانو ئەوی تریان وەلا بنێنو لەخۆتانی دوور بخەنەوە بەجۆرێك بیانکەنە هەڵپەسێراوو داماو، واتە: نە تەڵاقدراو بیٚ بۆخۆی بچیٚ شوبکاتەوە، نەمێردەکەشی خۆی تێدەگەیەنیٚو مافی خۆی دەداتیٚ.

بێگومان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بیٚ) لەهەموو رویەکی مادیەوە عەدالەتی تەواوی لەنێوان خێزانەکانیدا ئەنجام دەداو هیچ جوداوازی نەدەخستە نێوانیانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خاتو عائیشە خۆشەویسترین خێزانی بوو.

لە عەمری کوڕی (العاص)ەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵیٚ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بیٚ) بە فەرماندەی سوپای (ذات السلاسل) ناردمی، هاتمە خزمەتی، عەرزم کرد چ کەسێکت لەهەموو خەڵك خۆشتر دەویٚ؟ فەرمووی: (عائیشە) وتم: لەپیاواندا کێت لەهەموو کەس خۆش دەویٚ، فەرمووی: پاش ئەبوبەکر عومەری کوڕی خەطاب، ئەمجار چەند پیاوێکی تری ناو هێنان.[1]

---

[1] صحيح: (ص. ت/٣٠٤٦)، ت (٣٩٧٢/٣٦٤/٥).

پیاوی ئازاد دەتوانێ چەند ژن بخاتە ژێر نیکاحی خۆی؟

دروست نیە پیاو لەچوار ژن زیاتری لەژێر نیکاحدا بن، ئەمەیش بەدەقی قورئان: کە دەفەرموێ: {فَانكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاء مَثْنَى وَثُلاَثَ وَرُبَاعَ – النساء/٣} واتە: بۆتان ڕەوایە مارە بکەن لەو ژنانەی پێتان دەشێت دوو دوو سێ سێ چوار چوار، واتە: هەر یەکێکتان دەتوانن تا چوار ژن مارە بکەن.

هەروا ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەربارەی غەیلانی کوڕی سەلەمە کاتێك موسوڵمان بوو، دە ژنی لەژێر نیکاحدا بوو، پێی فەرموو: « أَمْسِكْ مِنْهُنَّ أَرْبَعًا وَفَارِقْ سَائِرَهُنَّ».[1] چواریان بهێڵەوەو لەوانی تریان جیابەرەوە.

هەروا لە قەیسی کوڕی (الحارث)ەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: موسوڵمان بووم هەشت ژنم هەبوو، هاتمە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئەو مەوزوعەم بۆ باس کرد فەرمووی: چواریان هەڵبژێرە.

ئەو ئافرەتانەی مارە کردنیان حەرامە

قورئان دەفەرموێ: {وَلاَ تَنكِحُواْ مَا نَكَحَ آبَاؤُكُم مِّنَ النِّسَاء إِلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَمَقْتًا وَسَاء سَبِيلاً. حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالاَتُكُمْ وَبَنَاتُ الأَخِ وَبَنَاتُ الأُخْتِ وَأُمَّهَاتُكُمُ اللاَّتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُم مِّنَ الرَّضَاعَةِ وَأُمَّهَاتُ نِسَآئِكُمْ وَرَبَائِبُكُمُ اللاَّتِي فِي حُجُورِكُم مِّن نِّسَآئِكُمُ اللاَّتِي دَخَلْتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمْ تَكُونُواْ دَخَلْتُم بِهِنَّ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلاَئِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلاَبِكُمْ وَأَن تَجْمَعُواْ بَيْنَ الأُخْتَيْنِ إَلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّ اللّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا. وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاء إِلاَّ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ كِتَابَ اللّهِ عَلَيْكُمْ

---

[1] صحيح: (ص. جه/١٥٨٩)، ت (١١٢٨/٢٩٥/٢)، جه (١٩٥٣/٦٢٨/١).

وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَاء ذَلِكُمْ أَن تَبْتَغُواْ بِأَمْوَالِكُم مُّحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ – النساء/٢٢-٢٤}: ئەو ئافرەتانە مەخوازن كە باوكانی ئێوە مارەیان كردوون، واتە باوەژن لێتان یاساغە مارەی بكەن، هەر ئافرەتێك باوك لەخۆی مارە بكا، نەشی گوازێتەوە لەكوڕو نەوەكانی حەرام دەبێ، مەگەر ئەوەی لەسەردەمی نەزانیدا بووبێ، ئەوە گوناهتان ناگاتێ، چونكە تێپەڕیوە، لەناو عەرەبدا وابـاو بوو كەسانێك كە باوكیان دەمرد باوەژنی خۆیان مارە دەكردەوە، بێگومان مارە كردن‌و سەرجێی كردنی باوەژن كارێكی ناپەسەندو بێزراوەو ڕێبازو داب‌و نەریتێكی ناشیرین‌و خراپ‌و بێ ڕەوشتییە.

حەرامە لەسەرتان دایكی خۆتان‌و دایكی باوكتان‌و دایكی دایكتان، هەروا حەرامە لێتان كچانتان‌و خوشكانتان، خوشكی باوكتان‌و خوشكی دایكتان، برازاو خوشكەزا، ئەو ئافرەتانەی كاتی ساواییتان شیریان پێداون، خوشكی شیریتان، خەسوتان، ئەو كچانەی خۆتان بەخێوتان كردوون، واتە: (زڕكچ = كۆڵەبەسە) كەلەو ژنانە بن ئێوە مارەتان كردبن‌و چوبنەلایان، خۆ ئەگەر نەتانگواستبنەوەو سەرجێیتان نەكردبوون ئەوە گوناحتان ناگاتێ كچەكەیان بخوازن‌و مارەیان بكەن، هەروا لێتان حەرامە مارەكردنی ژنی كوڕو كوڕەزاتان ئەگەر بەڕاستی ئەو كوڕانە لەپشتی خۆتان بوون، هەروا لێتان حەرامە لە یەك كاتدا دوو خوشك بكەن بەهاوسەری خۆتان، مەگەر لەرابردودا شتی واتان كردبێ، ئەوە تێپەڕیوەو لەسەرتان ناكەوێ. بێگومان پەروەردگار سەبارەت بەوانە لێبوردەو میهرەبانە، هەروا ئەو ئافرەتانەشتان لێ حەرامە مارەیان بكەن كەمێردیان هەیەو ئازادن یان كەنیزەن، مەگەر ئەو كەنیزەكانەی لەجەنگدا دەستان كەوتوون‌و بوونەتە ملكی خۆتان، ئەمانە ئەگەر مێردیشیان هەبێ حەلاڵن بۆتان بەمەرجێ دووگیان نەبن.

ئەمە سنورو یاسای خودایە بۆی دیاری کردوونو بۆی بڕیار داون. جگە لەو ئافرەتانەی ئاماژەیان پێ کرا، بۆتان حەلاڵە، کەبەماڵو دارایی خۆتان ئافرەتی تر مارە بکەن، تا چوار، ئەمەیش بەشێوەی داوێن پاکیو شەرعیانە نەك بەداوێنپیسیو نامەردانە، واتە دەبێ لەمارە کردنیاندا ڕێو شوێنی شەرع بەرچاو بگیرێ، نیکاحێکی شەرعیو پەسەند بێ.

پەروەردگار لەم ئایەتەدا ئەو ئافرەتانەی دیاری کرد کەمارە کردنیان حەرامەو نابێ گرێبەستی هاوسەرگیرییان لەگەڵدا ببەسترێ.

حەرامی مارەکردنی ئەو ئافرەتانە دوو جۆرن

١- حەرامی هەتا هەتایی: واتە یاساغە ئەو ئافرەتە ببێتە هاوسەری پیاو لەهەموو حاڵێکدا.

٢- حەرامبوونی کاتی: ئەوەیە مەمنوع بێ مارەکردنی ئافرەتەکە مادام حاڵەتێکی تایبەتی دەرحەق بەئافرەتەکە پایەدار بێ، جا ئەگەر حاڵەکە گۆڕا حەرامییەکە نامێنێو مارەکردنی حەلاڵ دەبێ.

هۆکاری تەحریمی هەتا هەتایی سێ شتن: (نەسەب – خەسوو خەزوری - شیرخواردن).

یەکەم: ئەو ئافرەتانەی بەهۆی نەسەبو نەژادەوە حەرامن ئەمانەن: (دایكو نەنك، کچو کچەزا، کچی کوڕو خوشك، پور بەهەردوو نەوعەکەیەوە، برازا خوشکەزا).

دووەم: ئەو ئافرەتانەی بەهۆی ژنو ژنخوازییەوە حەرامن، ئەمانەن:

١- خەسو: تەنها بەمارەکردنی کچەکەی خەسو دەبێتە دایكو مارەکردنی حەرامە.

٢- كچی ژن كه لەمێردی تری بێ واته: (كۆڵەبەسه) بەمەرجێك پیاوەكه ئەو ژنەی گواستبێتەوەو چوبێتەلای، بەڵام ئەگەر وارێكەوت دایكەكەی مارەكرد بەڵام نەیگواستەوە دەستبەرداری یەكتری بوون بەهەر هۆیەك بێ، ئەوە بۆی حەڵاڵە كچی ئەو ژنە واته: (كۆڵەبەسه)كه مارە بكا، چونكه قورئان دەفەرموێ: {فَإِن لَّمْ تَكُونُواْ دَخَلْتُم بِهِنَّ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ – النساء/٢٣}. ئەگەر ژنتان مارە بڕیو نەچوونەلایو مردن یان تەڵاق لێكی دابڕین بۆتان حەڵاڵە كۆڵەبەسەكەی مارە بكەن.

٣- ژنی كوڕ: هەر بەمارەكردنی لەكوڕەكە دەبێتە كچی بابی كوڕەكەو مارەكردنی لە ئەو حەرام دەبێ.

٤- هاوسەری باوك (زڕدایك) هەر بەمارەكردنی لەباوك ئیتر دەبێتە دایكی كوڕەكەو مارەكردنی لەو حەرام دەبێ.

سێیەم: ئەو ئافرەتانەی بەهۆی شیر پێدانەوە حەرام دەبن:

پەروەردگار دەفەرموێ: {وَأُمَّهَاتُكُمُ اللاَّتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُم مِّنَ الرَّضَاعَةِ – النساء/٢٣} حەرامە لێتان ئەو ئافرەتانەی لەكاتی منداڵیتاندا شیریان پێ داون، مەمكی ئەوانتان مژیوە، هەروا خوشكی شیریتان لێ قەدەغەیە مارەیان بكەن.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «الرَّضَاعَةُ تُحَرِّمُ مَا تُحَرِّمُ الْوِلاَدَةُ».[1] شیرخواردن حەرام دەكا ئەوەی لەدایكبوون حەرامی دەكا، واته: هەر ئافرەتێك بە لەدایكبوون لێت حەرام بێ بەشیرخواردنیش حەرام دەبێ.

---

[1] متفق علیه: خ (٥٠٩٩/١٣٩/٩)، م (١٤٤٤/١٠٦٨/٢)، ت (١١٥٧/٣٠٧/٢)، د (٢٠٤١/٥٣/٦) ن (٦/٩٩).

جا لەسەر ئەم بناغەو یاسایە دایکی شیردەر حوکمی دایکی حەقیقی هەیە، کەوابوو شیردەر خۆی حەرام دەبێو هەر ئافرەتێکیش لەسەر کوڕ حەرام بێ مارەکردنی بەهۆی دایکی حەقیقی، بەهۆی دایکی شیردەریشەوە حەرام دەبێ. کەوابوو لەسەر شیرەخۆرە حەرامە مارەکردنی:

١- شیردەرەکە.

٢- دایکی شیردەرەکە.

٣- دایکی مێردی شیردەرەکە.

٤- خوشکی شیردەر.

٥- خوشکی مێردی شیردەرەکە.

٦- کچی کوڕی شیردەر کچی شیردەر.

٧- خوشکی شیری.

شیرخواردنێك کە دەبێتە هۆی حەرام بوونی مارەکردن

لە عائیشەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، فەرموویەتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « لاَ تُحَرِّمُ الْمَصَّةُ وَالْمَصَّتَانِ».[1] قومێكو دوو قوم حەرامی پەیدا ناکا.

لە ئوموولفەضیلەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « لاَ تُحَرِّمُ الرَّضْعَةُ أَوِ الرَّضْعَتَانِ أَوِ الْمَصَّةُ أَوِ الْمَصَّتَانِ».[2] جارێك شیرخواردنو دووجار یان قومێكو دوو قوم حەرامی ناهێنێتەدی.

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، فەرموویەتی: (كَانَ فِيمَا أُنْزِلَ مِنَ الْقُرْآنِ عَشْرُ رَضَعَاتٍ مَعْلُومَاتٍ يُحَرِّمْنَ. ثُمَّ نُسِخْنَ بِخَمْسٍ مَعْلُومَاتٍ فَتُوُفِّيَ رَسُولُ اللَّهِ –

---

[1] صحيح: (ص/١٥٧٧)، (الإرواء/٢١٤٨)، م (١٤٥٠/١٠٧٣/٢)، ت (١١٦٠/٣٠٨/٢)، د (٢٠٤٩/٦٩/٦).

[2] صحيح: (مختصر/٨٧٨)، م (١٤٥١ – ٢٠/١٠٧٤/٢) وهذا لفظه، ن (١٠١/٦).

صلى الله عليه وسلم- وَهُنَّ فِيمَا يُقْرَأُ مِنَ الْقُرْآنِ).[١] ئەوەی لەقورئان نازڵ بوو بوو دە ژەم شیرخواردنی تەواو دەبوونە هۆی حەرامی، پاشان دە ژەمەکە نەسخ کرانەوە بوون بەپێنج ژەمی تەواو ڕێكوپێك. پێغەمبەری خودا وەفاتی کرد، ئەو پێنج ژەمە لەقورئاندا دەخوێندران مەرجە دەبی شیرخواردنەکە لەماوەی تەمەنی پێش دوو ساڵیدا بێ، چونکە پەروەردگار دەفەرموێ: {وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلاَدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ – البقرة/٢٣٣} واتە: دایکەکان دەتوانن شیر بدەن بەمنداڵەکانیان تا دوو ساڵی تەواو. دەشتوانن پێش تەواوبوونی دوو ساڵەکە بەپێی بەرژەوەندی منداڵەکەو دایکەکە شیرپێدان بەکۆتا بێنن.

لەئوممو سەلەمەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ يُحَرِّمُ مِنَ الرَّضَاعَةِ إِلاَّ مَا فَتَقَ الأَمْعَاءَ فِي الثَّدْيِ وَكَانَ قَبْلَ الْفِطَامِ».[٢] شیرخواردنی منداڵ نابێتە هۆی حەرامی مەگەر شیرخواردنێك ڕیخۆڵە بکاتەوەو لە مەمکەوە بیمژێ و پێش ماوەی لەشیر برینەوە بێ کە دوو ساڵی تەواو نەکردبێ.

ئەو ئافرەتانەی بەشێوەی کاتی مارەکردنیان حەرامە

١- کۆکردنەوەوی دوو خوشك. قورئان دەفەرموێ: {وَأَن تَجْمَعُواْ بَيْنَ الأُخْتَيْنِ إَلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ – النساء/٢٣}. حەرامە دوو خوشك لە یەك کاتدا پێکەوە بکەیتە هاوسەری خۆت.

---

[١] صحيح: (مختصر م/٨٧٩)، م (٢/١٠٧٥/١٤٥٢)، د (٦/٦٧/٢٠٤٨)، ت (٢/٣٠٨/١١٦٠)، جه (١/١٢٥/١٩٤٢) بمعناه ن (٦/١٠٠).

[٢] صحيح: (الإرواء/٢١٥٠)، ت (٢/٣١١/١١٦٢).

٢- كۆكردنـەوەی ئـافرەت لەگـەڵ پـوریدا. جـا خوشـكی بـاوكی بێـت یـان خوشكی دایكی بێت، ئەمەیش بەپێی حەدیثی ئـەبو هورەیرە كە ڕیوایـەتی كردووە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسـەر بـێ) فـەرمووی: « لاَ يُجْمَـعُ بَيْنَ الْمَرْأَةِ وَعَمَّتِهَا ، وَلاَ بَيْنَ الْمَرْأَةِ وَخَالَتِهَا ».[1]

٣- ژنێك مێردی هەبێ. یان هێشتا عیدەی لەمێردەكەی تەواو نەبوو بـوو ئەمـەش بـەپێی ئایـەتی {وَالْمُحْـصَنَاتُ مِـنَ النِّـسَاءِ إِلاَّ مَـا مَلَكَـتْ أَيْمَـانُكُمْ – النساء/٢٤} واتە: حەرامە لەسەر ئێوە مـارەكردنی ژنـی مێـرد دار. تـا لـەژێر نیكاحی مێردەكەی دابێو تا لەعیدەی ئەودا بێ. مەگەر ئافرەتی فڕێندراو لە كافران، ئەم ئافرەتانە هەرچەندە مێردی كافریان هەس، وەلێ بۆ ئەو كەسـەی دەیفڕێنێ دوای تەواوبوونی عیدەكەی ڕەوایە بچێتەلایو لەگەڵیدا جوت ببێ، ئەمەش بەپێی حەدیثی ئـەبو سـەعید: كـە ڕیوایـەت دەكا، دەڵێ: پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) سـوپایەكی نـارد بـۆ ئـەوطـاس، توشـی شـەڕكردن بوون لەگەڵ دوژمنـداو بەسـەریاندا زاڵ بـوون، هەنـدێ ئافرەتیـان لێ فڕانـدن، هەندێ لەهاوەڵان سڵیان دەكردەوە لەچوونە لای ئەم ئافرەتانە، لەبـەر ئـەوەی پـێش فڕاندنەكـەیان مێـردی كافریـان هـەبوون. ئـیتر پـەروەردگار ئایـەتی {وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلاَّ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ – النساء/٢٤} نـازڵ كـرد واتـە: بۆتان حەڵاڵە بچنەلای ئەو ئافرەتانە دوای تێپەڕبوونی عیدەیان.[2]

٤- ئافرەتی تەڵاقدراو بە (سێ بە سێ) هەر ئافرەتێك بەو شێوە تەڵاقـدرا دروسـت نیـە بـۆ مێـردە تەڵاقدراوەكـەی مـارەی بكاتـەوە هـەتا شـونەكا

---

[1] متفـق عليـه: خ (٥١٠٩/١٦٠/٩)، م (١٤٠٨/١٠٢٨/٢)، د (٢٠٥٢/٧٢/٦)، ت (١١٣٥/٢٩٧/٢)، جـه (١٩٢٩/٦٢١/١). بمعناه، ن (٦/٩٨).

[2] صـــــحيح: (مختـــــصر م/٨٣٧)، م (١٤٥٦/١٠٧٩/٢)، ت (٥٠٠٥/٣٠١/٤)، ن (٦/١١٠)، د (٢١٤١/١٩٠/٦).

بەمێردێكی تر بەنیكاحێكی شەرعی، ئەمجار بەهەر هۆیەك بێ ئەم مێردەی تەلاقی بداو عیدەی تەواو بێ ئەوكاتە دروستە بۆ مێردی پێشووی مارەی بكاتەوە. چونكە قورئان دەفەرموێ: {فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىَ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَن يَتَرَاجَعَا إِن ظَنَّا أَن يُقِيمَا حُدُودَ اللّهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللّهِ – البقرة/٢٣٠} واتە: ئەگەر مێردەكەی سێ بەسێ تەلاقی دا ئیتر بۆی ڕەوا نیە مارەی بكاتەوە هەتا ئافرەتەكە بەشێوەی شەرعی شوو دەكا بەمێردێكی تر، جا كە ئەم مێردەش بەهۆیەك لەهۆیەكان تەلاقی دا ئەوكاتە ڕەوایە بۆ مێردی یەكەمی گرێبەستی هاوسەرگیری لەگەڵدا ئەنجام بدا، ئەگەر هەردووكیان (ژنو مێرد) پێیان وابوو دەتوانن پابەندی سنورەكان بنو لەفەرمانی خودا دەرناچن.

٥- مارەكردنی ئافرەتی داوێنپیس: حەلاڵ نیە بۆ پیاو ئافرەتی زیناكار مارە بكا، هەروا حەلاڵ نیە بۆ ئافرەت شوبكا بەپیاوی زیناكەر، مەگەر هەردووكیان تۆبە بكەنو واز لەو كارە قێزەونە بێنن، قورئان دەفەرموێ: {الزَّانِي لَا يَنكِحُ إلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ وَحُرِّمَ ذَلِكَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ – النور/٣} واتە: پیاوی داوێن پیس هەر ئافرەتی زیناكار مارە دەكا یان ئافرەتی موشریكە دەكاتە هاوسەری خۆی، ئافرەتی زیناكاریش هەر پیاوی داوێن پیس دەیكاتە هاوسەری خۆی، ئەمانە بۆ موسوڵمان حەرامن.

لە عەمری كوڕی شوعەیبەوە ئەویش لەباوكیەوە، لەباپیریەوە ریوایەتكراوە: كە مەرثەدی كوڕی ئەبو مەرثەدی غەنەوی دیلی دەگواستەوەو لەناو مەككەدا، ئاڵو وێری پێوە دەكردن، لەناو مەككەدا، ئافرەتێكی داوێنپیس هەبوو پێی دەگوترا (عناق) دۆستو هەواداری عەمر بوو دەڵێ: هاتمە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وتم: ئەی پێغەمبەری

خـودا! عـەناق مـارە بكـەم؟ دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) بێدەنگ بوو وەڵامی پرسیارەکەمی نەدایەوە، ئیتر ئایەتی {وَالزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ – النـور/٣} نـازڵ بـوو، دوایـی بـانگی کـردمو ئایەتەکەی بەسەردا خوێندمەوە، فەرمووی: مارەی مەکە.[1]

مارەبڕینە گەندەڵەکان (الأنكحة الفاسدة)

١- نیکـاحی شـیغار: (ژن بـەژن) ئەوەیـە پیـاو کـچی یـان خوشـکی یـان ئافرەتێکی تر لەوانـەی کـە دەسـەڵاتو ویلایـەتی بەسـەریاندا هەیـە مـارە بکـا لەپیاوێك بەو مەرجەی کچی یان خوشکی یـان کـچی خوشـکی یـان ئـافرەتێکی تر لەوانـەی دەسـەڵاتی بەسـەریاندا هەیـە مـارە بکـا لـەکوڕی یـان لـەبرای یـان لەخۆی.

ئەم جۆرە گرێبەسـتە بـەو شـێوە گەنـدەڵو دانەمـەزراوو نادروسـتە. جـا لەگرێبەسـتەکەدا نـاوی مـارەیی هاتبـێ یـان نـا. چـونکە پێغەمبـەر (درودی خودای لەسەر بێ) نەهی لەم جۆرە عەقدانـە کـردووەو هەڕەشـەی تونـدی لـە ئەنجامدەرانی کردووە. قورئانیش دەفـەرموێ: {وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا – الحشر/٧} واتە: ئەوەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمانتان پێ دەکا وەری بگرنو کاری پێ بکەن، ئەوەی نەهیتان لێ دەکا، خۆتانی لێ بپارێزن.

لـــە صـــەحیحی بوخـــاریو صـــەحیحی موســـلیمدا فەرموودەیـــەك ڕیوایەتکراوە، لـەئیبنو عومـەرەوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (درودی خـودای لەسـەر بێ) نەهی لە ژن بەژن کردووە[2] لەصەحیحی موسلیمدا لـە ئـەبو هـورەیرەوە

---

[1] حسن الإسناد (ص. ن/٣٠٢٧)، د (٢/٤٨/٢٠٣٧)، ن (٦/٦٦)، ت (٥/١٠/٣٢٢٧).

[2] متفق عليه: خ (٩/١٦٢/٥١١٢)، م (٢/١٠٣٤/١٤١٥)، ن (٦/١١٢).

ڕیوایەتکراوە، کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی لەشیغار کردووە، نیکاحی شیغار ئەوەیە: پیاو بەپیاو بڵێ: (زَوِّجْنِي ابْنَتَكَ وَأُزَوِّجُكَ ابْنَتِي أَوْ زَوِّجْنِي أُخْتَكَ وَأُزَوِّجُكَ أُخْتِي).[1] کچەکەتم لێ مارە بکە منیش لە بارتەقای ئەوەدا کچەکەمت لێ مارە دەکەم، یان خوشکەکەتم لێ مارە بکە، منیش لەبەرامبەر ئەوەدا خوشکەکەمت لێ مارە دەکەم.

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ شِغَارَ فِي الإِسْلاَمِ».[2] ژن بەژن لەئایینی ئیسلامدا نیە.

ئەم فەرموودە صەحیحانە هەموویان ئەوە دەچەسپێنن: کە نیکاحی شیغار (ژن بەژن) حەرامەو گرێبەستەکەی گەندەڵەو پێچەوانەی بنەماکانی شەریعەتی پەروەردگارە، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە نەهی لەم جۆرە عەقدە کردووە جوداوازی نەخستۆتە نێوان ئەوەی ناوی مارەیی تێدا هاتبێ یان ناوی هیچ نەبرابێ.

ئەو دەستەواژەیەی لەحەدیثی ئیبنو عومەردا هاتووە دەربارەی پێناسەی (الشغار) ژن بەژن. کە دەڵێ: بریتییە لەوەی پیاو کچی خۆی لەپیاوێك مارە بکا بەمەرجی ئەوەی ئەویش کچی خۆی لەو مارە بکاو مارەیی لەنێوانیاندا نەبێ. ئەهلی عیلم فەرموویانە: ئەم تەفسیرو شیکردنەوەیە قسەی (نافیعە) کەراوی حەدیثەکەیە لە ئیبنو عومەرەوە، فەرموودەی پێغەمبەر نیە (دروودی خودای لەسەر بێ) بێگومان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وەکوو لەحەدیثی ئەبو هورەیرەدا ڕیوایەتکراوە، (نیکاحی شیغاری) تەفسیر

---

[1] صحيح: (مختصر م/٨٠٨)، م (١٤١٦/١٠٣٥/٢).

[2] صحيح: (ص. ج/٧٥٠١)، م (١٤١٥ – ٦٠/١٠٣٥/٢).

کردۆتەوە بەوشێوەی لەوەپێش ئاماژەی پێ کرا، کە فەرموویی: (هُوَ أَنْ يُزَوِّجَ الرَّجُلُ ابْنَتَهُ أَوْ أُخْتَهُ عَلَى أَنْ يُزَوِّجَهُ الآخَرُ ابْنَتَهُ أَوْ أُخْتَهُ). دەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەم تەفسیرکردنەدا باسی ئەوەی نەفەرمووە مارەیی ناوی هاتبێ یان نەهاتبێ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەناوبردنی مارەیی یان ناو نەهێنانی هیچ کاریگەرییەکی ئەرێنیو نەرێنی نیە بەسەر گرێبەستەکەوە. بەڵکوو ئەوەی داخوازی گەندەڵی لێ فەهم دەکرێ هۆکارە بۆ نادروستی گرێبەستەکە، پێك گۆڕینەوەی ئافرەتەکانە، ئەمەیش فەسادو گەندەڵییەکی گەورەو زیانبەخشە، چونکە سەردەکێشێ بۆ ئەوەی ئافرەت بەنابەدڵ بەشووبدرێو لەپیاوێك مارە بکرێ: کەخۆشی ناوێ، مافی پێشێل بکرێو بەرژەوەندی سەرپەشتیارو وەلیو کەسوکارەکەی تێدا بەرچاو بگیرێ، بەرژەوەندی ئافرەتەکە وەلابخرێ، ئەمەش ستەمو ناڕەواییەکە بەرامبەر ئافرەت دەکرێو پێچەوانەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامە. هەروەها چونکە ئەوە سەردەکێشێ بۆ بێ بەشبوونی ئافرەتان لەمارەیی هاوشانانی خۆیان، وەکوو دیارەو ئاشکرایە ئەم جۆرە ستەمە پەیرەو دەکرێ لەناو ئەو کەسانەدا ئەم گرێبەستە ناشەرعیانە ئەنجام دەدەن، بەدەگمەن نەبێ ئەم جۆرە ژن هێنانو شوکردنو هاوسەرگیرییە سەرکەوتوو نابێ. زۆرێکیان سەردەکێشن بۆ کێشەو نیزاع دوای گواستنەوەو خۆشی لەیەکتر نابینن‌و ئیستیراحەت لەیەکتر ناکەن، هەڵبەتە ئەمە سزای پێشینەی هەموو ئەوانەیە کە بەگوێرەی شەرعی خودا ناجوڵێنەوە، سزای ئەو دونیاش خودا بۆخۆی دەزانێ.[1]

٢- نیکاحی مارە بەجاش: ئەوەیە ژنی تەڵاقدراو سێ بەسێ دوای تێپەڕبوونی عیدەی مارە بکاو بچێتە لای، ئەمجار تەڵاقی بداتەوە بۆ ئەوەی بۆ مێردی یەکەمی حەڵاڵ بێ مارەی بکاتەوە.

---

[1] بڕوانە: رسالة حكم السفور والحجاب ونكاح الشغار. للإبن باز.

ئـەم جـۆرە مـارەكردنو گرێبەسـتە تاوانێكـە لەتاوانـە گـەورەكانو فاحيـشەيەكی قيزەونـەو بـەهيچ جۆرێـك ڕەوا نيـە، جـا لەگرێبەسـتەكەدا مەرجی تەڵاقدانەوەكە باس بكرێ، يان لەپێش گرێبەستەكەدا لەسـەری پێك بێن، لايەكيان لـەدڵیدا ئـەو نيـازە هـەبێ چـون يەكـەو بكەرەكـەی نـەفرين لێ كراوە.

لـەئيمامی عـەلیيـەوە ڕيوايـەتكراوە، دەفـەرموێ: پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەفـەرموێ: (لَعَنَ رَسُولُ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- الْمُحَلِّلَ وَالْمُحَلَّلَ لَـهُ).[1] پێغەمبـەر (درودی خـودای لەسـەر بـێ) نـەفرينی لـەو كەسـە كردووە دەبێتە جاشو بـەونيازە ژنـی سـێ بەسـێ تەڵاقـدراو مـارە دەكـاو ئـەو كەسەش كـە ئـەو گرێبەسـتەی بـۆ ئـەنجام دەدرێ بـۆ ئـەوەی بـۆی حـەڵاڵ بـێ ژنەكەی مارە بكاتەوە.

لـە عوقبـەی كـوڕی عـاميرەوە ڕيوايـەتكراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فـەرمووی: «أَلاَ أُخْبِرُكُمْ بِـالتَّيْسِ الْمُـسْتَعَارِ»؟ پێتـان نـەڵێم: نێرييـە قـەرەی بـەكرێگيراو كـێيـە؟ هـاوەڵان عـەرزيان كـرد بـەڵێ: ئـەی پێغەمبەری خودا! فەرمووی: « هُوَ الْمُحَلِّلُ لَعَنَ اللَّهُ الْمُحَلِّـلَ وَالْمُحَلَّـلَ لَـهُ».[2] ئـەوە ئـەو جاشـەيە كەبـەنيازی ئـەوەی ژنـە تەڵاقدراوەكـە (سـێ بـە سـێ) لەمێردەكەی مارە بكرێتەوە ئەم خۆی مـارەی دەكـاو پـاش لەگـەڵ جوتبـوونی تەڵاقی دەداتەوە تا مێردی يەكەمی لەخۆی مارە بكاتەوە. دەی نەفرينـی خودا لەو كەسەی بۆی حەڵاڵ دەكاو ئەو كەسـەيش بـۆی حـەڵاڵ دەكـرێ سـەرلەنوێ ژنەكە مارە بكاتەوە.

---

[1] صحيح: (ص. ج/٥١٠١)، د (٢٠٦٢/٨٨/٦)، ت (١١٢٨/٢٩٤/٢)، جه (١٩٣٥/٦٢٢/١).

[2] حسن (ص. جه/١٥٧٢)، جه (١٩٣٦/٦٢٣/١)، ك (١٩٨/٢)، هق (٢٠٨/٧).

له عومەری کوڕی نافیعەوە لەباوکیەوە ڕیوایەتکراوە، کە دەڵێ: پیاوێك هاتەلای ئیبنو عومەر (ڕەزای خودا لەخۆیو لەباوکی بێ) پرسیاری لێ کرد دەربارەی پیاوێك ژنەکەی خۆی سێ بەسێ تەڵاق دابوو، برایەکی مارەی کردۆتەوە – بەپێی پیلانی پیاوەکە – بۆ ئەوەی حەڵاڵی بکاتەوە بۆ پیاوەکە مارەی بکاتەوە. ئا بەم شێوە مارەکردنەو دوایی تەڵاقدانەوەی بۆ مێردی یەکەمی حەڵاڵە مارەی بکاتەوە؟ فەرمووی: نەخەیر نیکاحی دووەم دانامەزرێ چونکە بە مەبەستی ڕەغبەت نیە. ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەردا (درودی خودای لەسەر بێ) ئەمەمان بەجۆرێك لەداوێنپیسی لە قەڵەم دەدا.[1]

٣- نیکاحی موتعە: ژن مارە کردن بۆ ماوەیەك، ژن مارەکردنی ناوبەناو ئەوەیە پیاوێك ئافرەتێك مارە بکا بۆ شەوێك یان بۆ حەفتەیەك یان بۆ مانگێك یان بۆ هەرکاتێکی دیاری کراو، ئەوە گرێبەستێکی حەرامەو کۆڕای زانایانی ئەهلی سوننە لەسەر ئەوەن کە ئەو گرێبەستە بەتاڵو پوچەو دانامەزرێ.

لە (سَبرَة)وە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: (أَمَرَنَا رَسُولُ اللَّهِ –صلى الله عليه وسلم– بِالْمُتْعَةِ عَامَ الْفَتْحِ حِينَ دَخَلْنَا مَكَّةَ ثُمَّ لَمْ نَخْرُجْ مِنْهَا حَتَّى نَهَانَا عَنْهَا).[2] پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ساڵی ڕزگارکردنی مەککە کە چوینە ناویەوە ڕێگەی داین نیکاحی موتعە بکەین، پاشان هێشتا لەمەککە دەرنەچووبووین نەهی لێ کردین، فەرمووی: مەیکەن.

[1] صحيح: (الإرواء٦/٣١١)، ك (٢/١٩٩)، هق (٧/٢٠٨).

[2] فقه السنة ٢/٣٥.

حوكمی مارەبڕینی ئافرەتێك كە پیاوەكە نیازی تەڵاقدانی هەبێ

شێخ سەید سابق لەكتێبی (فقه السنة)دا ج٢/٣٨. دەڵێ: شەرعزانو فەقیهەكان كۆڕایان هەیە لەسەر ئەوە ئەگەر كەسێك ئافرەتێكی مارەكرد بەبێ ئەوەی كات دیاری بكا، لەنیەتیدا هەبێ كەپاش ڕۆژگارێك تەڵاقی بدا، یان دوای جێبەجێ كردنی كارەكەی لەو وڵاتەی نیشتەجێ بووە تێیدا تەڵاقی بدا. هاوسەرگیرییەكەیان صەحیحەو دامەزراوە.

ئیمامی ئەوزاعی لەم بارەیەوە ڕای جیاوازی هەیەو پێی وایە ئەوە نیكاحی موتعەیە (ژن مارەكردنی كاتییەو نادروستە).

شێخ ڕەشید ڕەضا لەتەفسیری (المنار)دا تەعلیقی هەیە دەڵێ: توندڕەوی زانایانی سەلەفو خەلەف لە مەنعكردنی مارەبڕینی كاتی (زواج المتعة) ئەوە دەخوازێ ژن مارەكردن بەنیازی تەڵاقدانەوەی وەكوو زیواجی موتعە نادروست بێ. هەرچەندە فوقەها فەرموویانە: گرێبەستی نیكاح بەنیازی تەڵاقدانەوەی پاش ماوەیەك صەحیحەو بەمەرجێك لەگرێبەستەكەدا دەری نەبڕێ.

وەلێ شاردنەوەی ئەو نیازەو دەرنەبڕینی بەفێڵو غەش دەژمێردرێو دەبێ ئەم جۆرە عەقدە نادروستترو بەتاڵ تر بێ لەعەقدێك كە كاتی تێدا دیاری دەكرێو دەكرێتە مەرجێكی ڕاگەیەندراو لەناوەڕۆكی عەقدەكەدا بەڕەزامەندی مێردو ئافرەتەكەو وەلی ئافرەتەكە ئەنجام دەدرێ. ئەمە هیچ فەسادو فرتو فێڵێكی تێدا نیە جگە لەگاڵتەجاڕی كردن بەم پەیوەندییە گەورەو پیرۆزە كە لەڕاستیدا بە گەورەترین پەیوەندییە پیرۆزەكانی نێوان ئادەمیزادەكان دەژمێردرێ، هەروەها جگە لەوەی كە لەنیكاحی موتعەدا هەڵبژاردنی لایەنی گۆڕانكاریو گواستنەوە هەیە لەم پاوانەوە بۆ پاوانێكی تر

لەلایەن مرۆڤە هەوەس پەرستەکانەوە، هەڵبەتە ئەمەش کارێکی مونکەرەو هەرشتی نەشیاویشی لێ بەرهەم دێ.

جا عەقدێك کە لەناوەڕۆکی عەقدەکە کات نەکرێتە مەرج بەڵام لەنیازدا هەبێ وێڕای ئەوەی غەش‌و فرت‌و فێڵی تێدایە، چەند مەفسەدەیەکی لێ وەدی دێ کەبریتیە لەدوژمنایەتی‌و ڕق‌و قین‌و نەمانی بتمانە، تەنانەت بەو کەسانەش کە بەنیازی پاك‌و خاوێنەوە هەوڵی ژن هێنان دەدەن‌و دەچنە خوازبێنی بەمەبەستی داوێنپاکی‌و پێکەوە نانی خێزانی هەتا هەتایی‌و پڕ لەدڵسۆزی‌و خۆشەویستی‌و هاریکاری نێوان ژن‌و مێرد. بەمەبەستی پێکەوە ژیانی بەختەوەری‌و خستنەوەی منداڵی صاڵح‌و ڕازی کردنی پەروەردگارو دەست خستنی پاداشی دوا ڕۆژ، کە بەهەشتی بەرین‌و ڕازاوەیە.

دەڵێم: بۆ پشتگیری ئەو راوبۆچونەی شێخ ڕەضا پەنا دەبەینە بەر ئەو (أثر)ەی عومەری کوڕی نافیع کە لەباوکیەوە، ریوایەت دەکا دەڵێ: (پیاوێك هاتە لای ئیبنو عومەر (رەزای خودا لەخۆی‌و لەباوکی) پرسیاری لێ کرد دەربارەی پیاوێك ژنەکەی سێ‌بەسێ تەڵاقداوە برایەکی پیاوەکە بەبێ هاندان‌و پلان بۆدانانی ئەم ژنەکەی مارەکردووە لەخۆی بۆئەوەی دوایی تەڵاقی بداتەوەو بۆ مێردی یەکەمی حەڵاڵ بێ مارەی بکاتەوە. ئایا بەم جۆرە مارەکردن‌و تەڵاقدانەوە بۆ مێردی یەکەم حەڵاڵ دەبێ مارەی بکاتەوە؟ ئیبنو عومەر فەرمووی: نەخەیر. مەگەر نیکاحێك بێ بە مەبەستی خێزان دروست کردن‌و پێکەوە ژیانی هەتا هەتایی. ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) ئەم جۆرە مارەکردن‌و سەرجێیی کردنەمان بەداوێنپیسی‌و زینا هەژمار دەکرد.[1]

---

[1] لەوەپێش تێپەڕی.

مافی ژن‌و مێردایەتی (مافی خێزان بەرامبەر یەکتر)

خێـزان لەکۆمـەڵگادا بـەردی بناغـەی کۆمەڵـە، ئەگـەر رێـك‌و پێـك‌و تەندروسـت بـوو، هـەموو کۆمـەڵگا راسـتاڵ‌و تەندروسـت دەبـێ. خـۆ ئەگـەر خوانەخواسـتە خێـزان گەنـدەڵ‌و نـەخۆش بـوو کۆمـەڵگا هـەمووی گەنـدەڵ‌و داوەشاو دەبێ، بۆیە ئایینی ئیسلام گرنگی زۆری داوە بە خێزان‌و زۆر مـەرج‌و لایەنی بەرچاو گرتـووە بۆئـەوەی بەشێوەیەکی تەندروسـت دابمـەزرێ‌و پێـك بێ، بە سەلامەتی‌و بەختەوەری هاوسـەرگیرییەکە بـەردەوام بـێ‌و ژن‌و مێـردو باقی ئەندامەکانی لەژێر سایەی دا بحەسـێنەوەو ژیـان بەسـەربەرن. هەڵبەتـە کۆمەڵگایـەك لـەخێزانی بەختـەوەر پێـك بـێ، کۆمەڵگایـەکی نمونـەیی‌و بەختەوەر دەبێ.

بۆیـە ئـایینی ئیـسلام خێزانـی وا حیـساب کـردووە کـە دامەزراوەیـەکی هاوبەشـە لـەنێوان دووکەسـدا: کـە ژن‌و مێـردە. بەرپرسـی یەکـەمیش لـەو دامەزراوەدا پیاوە. پەروەردگار دەفەرموێ: {الرِّجَالُ قَوَّامُـونَ عَلَـى النِّـسَاء بِمَـا فَضَّلَ اللّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَـاتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللّهُ – النساء/٣٤}. پیاوان مافی بەڕێوەبـەری‌و لێپرسـراوییان بەسـەر ئافرەتانـەوە هەیـە. دەتـوانن پارێزگـاری‌و چـاودێرییان بکـەن، ئافرەتانیش دەبێ بەپێی پلان‌و نەخشە رێگای ئەوان رەفتاربکەن. ئەم قیوامە لێپرسـراویەتیە بۆیـە دراوە بـەپیاو چـونکە پـەروەردگار فـەزلی هەنـدێ ئادەمیزادی داوە بەسەر هەندێکی تریانـدا، لـەم رووەوە کـە پیـاوان جەسـتەیان تونـدو تـۆڵ تـرەو بـەهێزترن لـە ئافرەتـان. وێـرای ئـەوەش پیـاوان ئـەرکی بـەخێوکردن‌و ماڵبەخـشینیان لەئەسـتۆیە بـۆ بەڕێوەچـوونی خێـزان. جـا ئافرەتـانی راسـتاڵ‌و گوێڕادێر بـۆ مێردەکانیـان شـەرمگای خۆیـان دەپـارێزن‌و

خیانەت لە مێردەکانیان ناکەن، وەکوو خودا فەرمانی پێکردون ئاوا رەفتار دەکەن.

هەڵبەتە ئایینی ئیسلام بۆ هەریەکێك لەو دوو هاوبەشەی خێزانیان پێکەوە ناوە ئەرك‌و مافی داناوە، بە پابەندبوون بەو ئەرك‌و مافانە ئەم دامەزراوە خێزانییە جێگیرو پایەدار دەبێ. لەهەمان کاتدا ئیسلام هەردوك هاوبەش (ژن‌و مێرد)ی هەڵناون بۆئەوەی هەریەکەیان لە عاست خۆیەوە ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکاو چاوپۆشی لەهەندێ هەڵەو کەمتەرخەمی لایەنی بەرامبەری بکا کە هەندێ جار روو دەدەن.

مافی ژن بەسەر مێردەوە

قورئان دەفەرموێ: {وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً – الروم/٢١}: لەنیشانەکانی بون‌و بەدەسەڵاتی خودا ئەوەیە: کە لە رەگەزی خۆتان هاوسەری بۆ دروستکردون تا لەپاڵیاندا بحەسێنەوەو ئارام بگرن. هەروەها خۆشەویستی خستۆتە نێوانتانەوە بۆئەوەی بتوانن بەیەکەوە ئەرکی گرانی ژیان هەڵبگرن‌و بەهاوکاری یەکتر ژیان بەسەربەرن.

بەڕاستی ئەوە فەضل‌و گەورەیی خودایە بەسەر بەندەکانییەوە، رەحمەت‌و بە بەزەیی خۆیەتی رژاندویەتیە نێوان ژن‌و مێردەوە، ئەو خۆشەویستی‌و سۆزەی لەنێوان ژن‌و مێردا هەیە، لەنێوان هیچ دوو کەسێکدا نیە، پەروەردگار پێی خۆشە خۆشەویستی‌و سۆز لەنێوان ژن‌و مێردا بەردەوام بێ، بۆیە بۆ هەریەکەیان مافی دیاریی کردووە، بەجۆرێك بەرچاوگرتنی ئەو مافەو لەئەستۆ گرتنی پارێزگاری ئەو سۆزو خۆشەویستییە دەکاو ناهێڵێ بفەوتێ‌و زایع بێ.

ئەوەتا دەفەرموێ: {وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ - البقرة/٢٢٨}. هەیە بۆ خێزانەکانتان لەسەر ئێوە لەماف بە ئەندازەی مافی ئێوە بەسەر ئەوانەوە. ئەم رستەو کەلامە کورتو پوختەی قورئان وێڕای کورتبڕییەکەی ئەوەندە مانای کۆمەڵایەتیو عەدالەتی لەخۆ گرتووە: کە شیکردنەوەو تەفصیل پێدانی جڵدێکی گەورەی گەرەکەو هێشتا ماناکەی تەواو نەبووە، ئەم رستە کورتە کورتبڕە یاسایەکی گشتییەو ئەوە رادەگەیەنێ: کە ئافرەت لەهەموو مافو حقوقێکدا هاوشانی پیاوەو لەگەڵ ئەودا یەکسانە، جگە لەیەك شتێك کە قورئان چەرتی کردووەو لەو قاعیدە کوللیە ئیخراجی فەرمووە، ئەویش ئەوەیە کە دەفەرموێ: {وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ - البقرة/٢٢٨}: پیاوان یەك پلەیان بەسەر ئافرەتانەوە هەیە، ئەو پلەیەش ئەوەیە: کە پیاو دەتوانێ دوای تەڵاقدان ژنەکەی ریجعە بکاتەوە، بەڵام ئافرەت ئەو دەسەڵاتەی نیە یان پلە زیادەکە بریتییە لەو (قەووامە)ی کە لە سورەتی (النساء)دا ئاماژەی پێ کراوە.

بێگومان قورئان، زانینی ئەو مافەی ئافرەتان هەیانەو ئەو مافەی لەسەر ئافرەتانە بەرامبەر مێردەکانیان حەواڵە کردوە بۆ عورفو عادەتی باو لەناو خەڵکداو چۆنیەتی هەڵسو کەوت کردنیان لەگەڵ خاوو خێزانیان لەژێر چەتری یاساو بیرو باوەڕو ئادابو رەوشتیان.

ئەم رستە کورتە پڕمانایەی قورئان تەرازوویەکە مامەڵەو هەڵسو کەوتی خۆی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بۆ هەموو بارو دۆخێك پێ کێشانە دەکا. ئەگەر داوای ئەنجامدانی کارێکی لێ کرد دەبێ ئەوە بخاتە مێشکی خۆیەوە: کە ئەویش لەبەرامبەردا بۆ ژنەکەی ئەرکێکی لەسەرە بۆیە ئیبنو عەبباس

(ڕەزای خودا لەخۆی و لەباوکی بێ) فەرموویەتی: من خۆم بۆ ڕەزامەندی خێزانم قۆزدەکەم وەکوو چۆن ئەویش خۆی بۆ من دەڕازێنێتەوە.(١)

موسوڵمانی ڕاست و ڕاستاڵ دان بەوەدا دەنێ کە: خێزانی مافی زۆرو جۆراو جۆری هەن بەسەریەوە، وەکوو پەروەردگار دەفەرموێ: {وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ – البقرة/٢٢٨} هەروەها وەکوو پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەفەرموێ: «إِلاَّ إِنَّ لَكُمْ مِنْ نِسَائِكُمْ حَقًّا وَلِنِسَائِكُمْ عَلَيْكُمْ حَقًّا»(٢): بزانن ماف هەیە بۆ ئێوە بەسەر خێزانەکانتانەوە، خێزانەکانیشتان مافیان بەسەر ئێوەوە هەیە.

موسوڵمانی واعی و هۆشمەند، هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدا: کە مافی خێزانەکەی ئەنجام بدا بەبێ ئەوەی ئەوە لەبەرچاو بگرێ ئاخۆ خێزانی هەمان هەڵوێستی هەیە یان نا. چونکە ئەو سورە لەسەر پتەوکردنی پەیوەندی نێوانیان و زیادکردنی خۆشەویستی نێوانیان و دڵسۆزی بۆ یەکتری. لەهەمان کاتدا سورە لەسەر دەرگا داخستن بەڕوی شەیتاندا؛ ئەو شەیتانەی هەمیشە دەنە دەنەی ژن و مێرد دەدا بۆئەوەی کێشە و ناخۆشی بخاتە نێوانیانەوە لێك جیاببنەوە.

هەر لەڕوانگەی دەستەواژەی (ألدين النصيحة) لێرەدا باسی مافی ئافرەت بەسەر پیاوەوە دەکەین، پاشان مافی پیاو بەسەر ئافرەتەوە. بەهیوای ئەوەی پیاوانی خاوەن خێزان پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرن و وصیەتی حەق و حەقخوازی بۆ یەکتر بکەن و صەبرو ئارامی بخەنە دڵی یەکترەوە.

«إِنَّ لِنِسَائِكُمْ عَلَيْكُمْ حَقًّا». بێگومان خێزانەکانتان مافی زۆریان بەسەرتانەوە هەیە. سەرەتایی ترین و دەستەگوڵی ئەو مافانە ئەوەیە هەڵس و

---

(١) ابن جرير ج(٢/٤٥٣).

(٢) حسن (ص.جة/١٥٠١)، ت(٢/٣١٥/١١٧٣)، جة(١/٥٩٤/١٨٥١).

کەوتی پیاو لەگەڵ خێزانەکەی بەمەعروف بێ چونکە قورئان دەفەرموێ: {وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ – النساء/١٩}. مامەڵەو هەڵس‌و کەوتتان لەگەڵ ئافرەتاندا بە نەرم‌و نیانی‌و چاکە خوازی بێ، بژیوو پۆشاك‌و شوێنی حەوانەوەیان بەگوێرەی بۆ گونجان‌و دەسەڵات بۆ دابین بکرێ. نەصیحەت‌و ئامۆژگاری بکا، هەرکاتێ ترسی ئەوەی لێ کرد ناشیزەبێ، ئەدەبی دادا بەو شێوەیەی خودا فەرمانی پێ کردوە دەربارەی ئەدەبدادانی ئافرەتان بەم جۆرە مەوعیزەی جوانی بکا جوێن‌و قسەی ناشیرینی لەگەڵدا بەکارنەهێنێ، جا ئەگەر بەوە تەمبێ خواردو بوو باشە ئەگینا جێی لێ جیابکاتەوە، ئەگەر بەوە هاتە سەر ڕێ‌و چاکبوو باشە، ئەگینا بەمەبەستی شکاندنی ناز بەهێواشی لێی بداو دەست بپارێزێ لە دەم‌و چاوی. چونکە پەروەردگار دەفەرموێ: {وَاللاَّتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلاَ تَبْغُواْ عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيّاً كَبِيرًا – النساء/٣٤}. هەروەها لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کاتێ پرسیاری لێ کرا ئاخۆ مافی ئافرەتی هەریەکێ لەئێمە چیە بەسەر مێردەکەیەوە؟ لە وەڵامدا فەرمووی: «أَنْ تُطْعِمَهَا إِذَا طَعِمْتَ وَتَكْسُوَهَا إِذَا اكْتَسَيْتَ – أَوِ اكْتَسَبْتَ – وَلاَ تَضْرِبِ الْوَجْهَ وَلاَ تُقَبِّحْ وَلاَ تَهْجُرْ إِلاَّ فِي الْبَيْتِ».[1] ئەوەیە بژیوی پێویست‌و پۆشاکی هاوشانی خۆی بۆ دابین بکەی، لە دەم‌و چاوی نەدەی، جوێن‌و قسەی ناشیرینی پێ نەڵێی دەنگی لێ دانەبڕی مەگەر لەماڵدا جێگای نوستنی لێ جیابکەیەوە.

بێگومان نیشانەو دیاردەی ئیمانی تەواو ئەوەیە پیاو لەگەڵ ئەهل‌و خاوو خێزانیدا نەرم‌و نیان بێ. وەکوو پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر

[1] (ص.جة/١٥٠٠)، د(٢١٢٨/١٨٠/٦)، جة(١٨٥٠/٥٩٣/١).

بێ) دەفەرموێ: «أَكْمَلُ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَانًا أَحْسَنُهُمْ خُلُقًا وَخِيَارُكُمْ خِيَارُكُمْ لِنِسَائِهِمْ خُلُقًا»[١]: تەواوترین موسوڵمان لەڕوی ئیمانەوە کەسانێکن رەوشتیان جوانە، باشترینی ئێوە کەسێکە بۆ خێزانەکەی باش بێ.

رێزگرتنی ئافرەت لەلایەن پیاوەوە کیشانەی کەسایەتی تەواوو کامڵە، سوکایەتی پێکردنی نیشانەی خوێڕییەتیو نەفس نزمیەتی. هەڵسوکەوتی نەرمو نیان لەگەڵ ئافرەتدا، گاڵتەو سوعبەت لەگەڵ کردنی لاسایی کردنەوەی پێغەمبەرەو شوێنکەوتنی رێبازی پیرۆزیەتی، ئەوەبوو بە مەبەستی مولاطەفەو سوحبەت پێشبڕکێی لەگەڵ خاتو عائیشەدا دەکرد، بەجۆرێك کە خاتو عائیشە خۆی دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێشبڕکێی لەگەڵدا کردمو پێشی کەوتم. دوا ماوەیەك من قەڵەو گۆشتن بوو بووم پێشبڕکێی لەگەڵدا کردمەوە پێشم کەوت، فەرمووی: ئەمە لەبەرامبەر ئەوە.[٢]

بێگومان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەهوو لەعبی بە پوچو بەتاڵ داناوە مەگەر گاڵتەو سوحبەت کردن لەگەڵ خێزاندا. فەرموویەتی: «كُلُّ شَيْءٍ يَلْهُو بِهِ ابْنُ آدَمَ فَهُوَ بَاطِلٌ إِلاَّ ثَلاَثاً رَمْيَهُ عَنْ قَوْسِهِ وَتَأْدِيبَهُ فَرَسَهُ وَمُلاَعَبَتَهُ أَهْلَهُ فَإِنَّهُنَّ مِنَ الْحَقِّ»[٣]: هەرشتێك ئادەمیزاد کاتی پێ بەسەربەرێ بەتاڵو بێ خێرە جگە لەسێ شت، تیر ئەندازیو مەشقکردنی تفەنگچیەتی، راهێنانی ئەسپ بۆ سواری، گاڵتەکردن لەگەڵ خێزانیدا، ئەوانە حەقن جێگای بایەخن.

---

[١] حسن صحيح: (ص.ت/٩٢٨) ، ت(١١٧٢/٣١٥/٢).

[٢] صحيح: (الزفاف/٢٠٠)، د(٢٥٦١/٢٤٣/٧)..

[٣] صحيح: (ص.ج/٤٥٣٤) ، النسائي في العشرة (ق/٧٤).

٢- مـافی ئافرەتـە بەسـەر پیـاوەوە کـە لەبەرامبـەر ئەزیـەتو دەمـشڕیو چەنەبازیا بەئارام بێ، لەهەڵەی بـچوكو زەللاتـەکانی چاوپۆشـی بکـا چـونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویـەتی: «لاَ يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً إِنْ كَـرِهَ مِنْهَـا خُلُقًـا رَضِـيَ مِنْهَـا آخَـرَ».[1]: بـا پیـاوی ئیمانـدار رقـی لـە ئـافرەتی موسوڵمان هەڵنەسـێ، چـونکە ئەگـەر رەوشـتێکی تێـدابوو بـەدڵی ئـەو نـەبوو، رەوشتی تری تێدایە کە جێگای رەزامەندی ئەوبێ.

هەروەها فەرمووپـەتی: «وَاسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْرًا ، فَإِنَّهُنَّ خُلِقْنَ مِنْ ضِـلَعٍ ، وَإِنَّ أَعْوَجَ مَافِي الضِّلَعِ أَعْلاَهُ ، فَإِنْ ذَهَبْـتَ تُقِيمُـهُ كَـسَرْتَهُ ، وَإِنْ تَرَكْتَـهُ لَـمْ يَـزَلْ أَعْـوَجَ فَاسْتَوْصُـوا بِالنِّـسَاءِ خَيْـرًا».[2] راسپاردەی یـەکتر بـەخێرو چاکە بکـەن دەربـارەی ئـافرەت، ئـافرەت لـە پەراسـوو دروسـتکراوە، خـوارترین پەراسـوو پەراسـووی لای سـەرەوەیە، ئەگـەر بتـەوێ راسـتی بکەیـەوە دەشـکێ، ئەگـەر وازیشی لێ بهێنی وەك خۆی دەمێنێتەوە.

هەندێ لە عولـەمای سـەلەف فەرموویانـە: پێویـستە ئـەوە بزانـدرێ: کـە رەوشت جوانی پیاو لەگەڵ ئافرەتـدا ئەوەنیـە ئەزیـەتی نـەداو بـەس! بـەڵکوو رەوشت جوانی ئەوەیە، تەحەمولی خراپەکاریەکانی بکاو بەرامبـەر رەوشـتە خراپـەکانی بەصـەبر بـێو بـارقوڵی بـەکاربێنێ، لەعاسـت تـوڕەییو هێرشـی ناڕەوای خۆگربێ، شوێن پێغەمبەر بکەوێو چاو لەئەو بکا.

بێگومان خێزانەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پەڵپیان پێ دەگـرتو ئەزیـەتیان دەدا، ئـەویش وادەبـوو لـە بەیانییـەوە تـا شـەو دەنگـی دادەبڕی لەوەیان کە: ئەوە هەڵوێستی بووە.[3]

---

[1] صحيح (الزفاف/١٩٩)، م(١٠٩١/٤٦٩/٢).

[2] متفق عليه: خ(٥١٨٦/٢٥٣/٩)، م(١٤٦٨ — ١٠٩١/٦٠/٢).

[3] مختصر منهاج القاصرين (ص: ٧٨ - ٧٩).

٣- هـەروەها مـافی ژنـه بەسـەر پیـاوەوە: کـه بیپـارێزیٚو چـاودێری بکـا لەهەرشـتێك کـه کەسـایەتی ناموسـی دەڕوشـێنیٚ، کەرامـەتو نرخـی لەکـەدار دەکا. نەهێڵیٚ تێکەڵ بە نامەحرەمو هاوەڵی خراپ بیٚ.....

هەروا پێویسته لەسەری حەصانەی تـەواوو چاودێری تـەواوی بـۆ دابـین بکا نەهێڵیٚ رەوشتو ئایینی لەدەست بدا، رێگەی نـەدا لـە چوارچێوەی ئـایین دەربـچیٚو فـەرمانو نەهیـەکانی پـەروەردگارو پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـیٚ) پێـشێل بکـاو دەسـت بکـا بـە فیـسقو فجـور. چـونکه پیـاو سەرپەرشتیارو پارێزەری ئافرەتی لەئەستۆیەو بەرپرسه لە پاراستنی، ئامـاژە بـە فـەرموودەی پـەروەردگار {الرِّجَـالُ قَوَّامُـونَ عَلَـى النِّـسَاءِ – النـساء/٣٤}.

هەروەها فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بیٚ) کە فەرموویەتی: (الرجل راع في أهله وهو مـسؤول عـن رعيتـه).[١] پیـاو شوانو پـارێزەرە لـەناو ماڵو خێزانیداو ئەو بەرپرسیارە لە رەعیەتو خێزانی.

٤- هەر لەمافی ئافرەته بەسەر پیاوەوە: کـه پێویـستیاتی ئـایینی فێربکـا، یـان ئیزنـی بـدا ئامـادەی کـۆڕو کۆمـەڵی فێربـونو خوێنـدن ببـیٚ، چـونکه پێداویستیو ئاتاجی بۆ ئیصلاحی ئایینیو پاڵفتەکردنی گیـانی کەمترنیـە لـە پێداویستی بۆ خۆراكو خواردنەوە؛ کە ئەم دووانە ئەرکی سەرشانی پیاوە بـۆ خێزانی فەراهەم بێنیٚو بۆی دابین بکا. چونکه پـەروەردگار دەفـەرمویٚ: {يَـا أَيُّهَـا الَّـذِينَ آمَنُـوا قُـوا أَنفُـسَكُمْ وَأَهْلِـيكُمْ نَـارًا وَقُودُهَـا النَّـاسُ وَالْحِجَـارَةُ – التحـريم/٦}: ئـەی ئـەو کەسـانەی ئیمانتـان هێنـاوە خۆتـانو مـاڵو منـداڵتان بپارێزن لە ئاگرێـك سـوتەمەنییەکەی ئـادەمیزادو بتـە داتاشـراوەکانتان: کـە لەبەرد دایاندەتاشنو دەیانکەنە خودای خۆتانو پەرستشیان بۆدەکەن.

---

[١] متفق عليه: خ(٨٩٣/٣٨٠/١)، م(١٨٢٩/١٤٥٩/٣).

ئاشكرایه وشەی (أهل) لە ئایەتەکەدا ژنیش دەگرێتەوە، پاراستنی لەئاگر بـە چـاندنو گەشـەپێدانی ئیمـانو رەوشـتی جـوانو کـرداری چـاك لـەدڵو دەرونـیدا دەسـتەبەر دەبـێ، بۆیـە دەبـێ فێـری عـیلمو زانـست ببـێ تابتوانـێ بەگوێرەی شەرعو ئایین بڕوای خۆی بەهێز بکاو کردەوەکانی بـەجێ بێنـێو ببێتە بەندەیەکی صاڵحو راستاڵ.

٥- هەر لەمافی ئافرەتە بەسەر پیاوەوە: کە پیاو فـەرمان بـە ئـافرەت بکـا بە رێكو پێکی ئـایینی خـودا پـەیرەوبکاو پارێزگـاری نوێـژەکانی بکـا چـونکە خودا دەفەرموێ: {وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِالصَّلَاةِ وَاصْطَبِرْ عَلَيْهَا – طه/١٣٢}.

٦- هەروا مافی ئافرەتە بەسەر پیاوەوە: کـە رێگـەی بـدا لـە مـاڵ دەربـچێ لـەکاتی پێویـست، وەکـوو ئـەوە بـچێ سـەردانی کۆمـەڵێك ناسـیاوی بکـا، یـان دیـدەنی ماڵـە بـاوانی بکـا، یـان بـچێ بـۆ مـاڵی جـیرانو هاوسـێیانی، بـەڵام بەمەرجێ فـەرمانی پـێ بکـا بـەوە خـۆی بـاڵا پـۆش بکـاو جەسـتەی خـۆی بـۆ بێگانە دەرنەخا، هەروا نەهی لێ بکا لەوەی عـەترو بـۆنی خـۆش لـەخۆی بـدا، نەهی لێ بکا لـەوەی تێکـەڵی پیـاوی بێگانـە ببـێو تۆقـەیان لەگـەڵ بکـا، دەبـێ بیترسێنێ لـە تەماشـاکردنی فلیمو شـتی نەشـیاوی تەلـەفیزیونو گـوێڕاگرتن لەگۆرانیحەرام!

٧- هەروا مافی ئافرەتە بەسـەر پیـاوەوە: کـە نهێنییـەکانی بڵاونەکاتـەوە، عەیبو عارەکانی باس نەکا، چونکە پیاو ئەمێنداره بەسەر ئافرەتەوە، ئەرکی سەرشـانیەتی پابەنـدبێ بـە ریعایـەتکردنیو پارێزگـاری کردنـی. ترسـناکترین نهێنی نهێنی نێوان ژنو مێردە، بۆیە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسـەر بـێ) هەڕەشـەی لـە موسـوڵمانان کـردوە: کـە بـەهیچ جـۆرێ ئـەو جـۆرە نهێنیانـە بڵاونەکەنـەوە، ئامـاژە بـە حـەدیثـی ئـەسمائی کـچی یەزیـد: کـە دەڵـێ لای پێغەمبـەر بـووم (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) ئـافرەتو پیـاو لـە خزمـەتیـدا

دانیشتبوون، فـەرمووی: وێدەچێ، پیـاو هـەبێ چـی لەگـەڵ خێزانـی دەکا بـۆ خـەڵکی بـاس بکـا، لەوانەشـە ئـافرەتی وابـێ چـی لەگـەڵ مێردەکـەی دەکا بیگێڕێتەوە، خەڵکەکە بێـدەنگ بـوونو هیـچیان نـەگوت، ئـەسماء دەفـەرموێ: وتم: ئەرێ وەڵلا، ئەی پێغەمبـەری خـودا! ئافرەتـان ئـەوە دەکـەنو پیـاوانیش ئەوە دەکەن. پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فـەرمووی: « فَـلاَ تَفْعَلُـوا فَإِنَّمَا مِثْلُ ذَلِكَ مِثْلُ الشَّيْطَانِ لَقِيَ شَيْطَانَةً فِي طَرِيـقٍ فَغَـشِيَهَا وَالنَّـاسُ يَنْظُـرُونَ».[1] شتی وامەکەن، بێگومان ڕەوشتی ناواو کاری ناوا وەکوو ئـەوە وایـە شـەیتانێك لـە ناوەڕاسـتی ڕێگایەکـدا تووشـی شـەیتانێکی مێینـە ببـێو لـەپێش چـاوی خەڵکدا سواری ببێ.

٨- مـافی ژنــە بەسـەر مێردەکەیـەوە: کـە لـەکاروباردا ڕاوێـژی پـێ بکـا، بەتایبـەتی ئـەو کارانـەی تایبـەتن بـە هەردووکیانـەوەو بـە منداڵەکانیانـەوە. ئەمەش بە چاولێکەری لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) چونکە ئـەو تەشـریفی ڕاوێـژی بەخێزانــەکانی دەکـردو ڕاو بۆچونەکانیـشیانی بەهەنـد وەردەگرت. بۆ نمونە ئەوەتا ڕۆژی (الحديبيـة) کاتێـك صـوڵحەکەی ئەنجامـداو پەیماننامەکەی مۆرکرد، بە هاوەڵانی فـەرموو: « قُومُوا فَـانْحَرُوا ثُـمَّ احْلِقُـوا». هەسـتن قوربانییـەکانتان سـەربڕنو ئیحـرام بـشکێنن مـوی سـەرتان بتاشـن، سوێندم بـەخودا کـەس لەشـوێنی خـۆی نـەجوڵا، سێجار پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) ئـەوەی گوتـەوە، جـا کەکـەس فەرمانەکـەی پێغەمبـەری تەنفیز نەکرد، تەشریفی چووە لای ئوممو سەلەمە (خودای لێ ڕازی بـێ) ئـەو حاڵەی بۆ گێڕایـەوە، ئوممـو سـەلەمە وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـودا! دەتـەوێ بەگوێت بکەن؟ تەشـریفت بـچۆرە نـاو خەڵکەکـە قـسە لەگـەڵ کەسـیان مەکـە حوشترە قوربانیەکەی خۆت سەربڕە، بانگی سەرتاش بکە سەرت بتاشێ.

---

[1] صحيح: (آداب الزفاف/٧٢).

تەشریفی هاتە دەرەوە لەگەڵ هیچ کەسیان قسەی نەکرد تا ئەوکارانەی ئەنجام دا، کە هاوەڵان دیتیان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) قوربانییەکەی سەربڕی‌و سەری خۆی تاشی‌و ئیحرامی شکاند، هاوەڵان کەوتنە پەلە پەل‌و قوربانی خۆیان سەربڕی‌و ئەم سەری ئەوی دەتاشی‌و ئەو سەری ئەمی دەتاشی، هەتا ئەوەندە پەلە پەلیان پێکەوت‌و خەفەتیان خوارد بەوەی زوو بەگوێی پێغەمبەریان نەکردووە خەریکبوو یەکتر برینداربکەن[1]. بەم جۆرە پەروەردگار لە بەگوێکردنی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بۆ ئوممو سەلەمەی خێزانی خێرو فەرێکی زۆری بەدی هێنا.

بە پێچەوانەی ئەو نمونە ستەمکارانەی کە نەی لەوە دەکەن راوێژ بە ئافرەت بکرێ‌و بەقسەی بکرێ، وەکوو ئەوەی بەزمانی عامی‌و ناشارەستانیانە دەڵێن: (راوێژکردن بە ئافرەت ئەگەر بەسوود بوو ساڵێکی تەمەنت بەفیڕۆ داوە، ئەگەر بێ سوود بوو هەموو تەمەنت لەکیس چووە).

٩- مافی ئافرەتە بەسەر پیاوەوە: کە لەدوا نوێژی خەوتنان راستەوخۆ پیاوەکە خۆ ماتڵ نەکاو بگەڕێتەوە بۆلای، نابێ لەدەرەوەی ماڵ خەریکی رابواردن‌و گفت‌و گۆبێ لەگەڵ برادەرو ناسیاودا تا درەنگانی شەوو خێزانیشی لەماڵەوە چاوەڕوانی بێ بێگومان هەڵس‌و کەوتی لەوجۆرە ئافرەتەکە ئیزعاج دەکاو توشی دڵەڕاوکێ‌و ئەزیەت دەبێ. جگە لەوە لەوانەیە ئەگەر مانەوەی لە دەرەوەی ماڵ دوبارەو سێبارە بۆوە، ئافرەتەکە شکو گومان پەیدابکاو دڵی لە مێردەکەی کرمێ بێ. بەڵکوو لەمافی ئافرەتە بەسەر پیاوەوە کە تەنانەت بۆ نوێژکردنیش بێ شەو لەخێزانی دوورنەکەوێتەوە، لەدەرەوەی ماڵ نەمێنێتەوە، ئەمەش بۆئەوەی ئافرەتەکە مافی نەفەوتێ هەر لەم رووەوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ناڕەزامەندی خۆی بەرامبەر

[1] صحیح: خ(٢٧٣١ و ٥/٣٢٩/٢٧٣٢).

عەبـدوڵڵای کـوڕی عومــەر دەربــڕیو کاتێـك زانــی عەبـدوڵڵا شــەوانە زۆر بەخەبەرەو خەریکی عیبادەتەو لە ژنەکەی گۆشەگیر دەبێ پێی فـەرموو: «إِنَّ لِزَوْجِكَ عَلَيْكَ حَقًّا»[1]: بێگومان ژنەکەشت مـافی بەسـەرتەوە هەیـەو شـەوانە ئەوەندە لێی دامەبڕێ.

١٠- هـەروەها مـافی ئافرەتـە بەسـەر پیـاوەوە: کـە عەداڵـەتکاربێ لـەنێوان ئـــەوو هەوێکەیـــدا، ئەگـــەر هـــەوێی هـــەبوو، پێویـــستە لەســـەر پیاوەکـــە عەداڵـەتکاربێ لەنێوانیانـدا لـە خـواردنو خواردنـەوەو پۆشـاكو نیـشتەجێ بـوونو مانـەوە لایـانو نووسـتن لەگـەڵیان، دروسـت نیـە بـەهیچ شـێوەیەكو بەهیچ بیانوێك لەم بوارانەدا پاساوی ژنێکیان بەسەر ئەوی تردا بداتـەوە، بـۆ رازی کردنی ئەمیان مافی ئەویتریان پێشێل بکا، زوڵمو ستەم لە یەکیان بکـاو مافی خـۆی نـەداتێ، چونکە پـەروەردگار ئـەو هـەڵسو کەوتـە ناعەداڵەتیـەی حەرام کردووە بە زوڵمو سـتەمی دانـاوە. پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێ) فەرمووییـەتی: «مَنْ كَانَتْ لَهُ امْرَأَتَانِ فَمَالَ إِلَى إِحْدَاهُمَا دون الأخـرى، جَـاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَشِقُّهُ مَائِلٌ»[2]: کەسـێك دووژنـی هـەبێ مـەیلی بـەلای یەکێکیانـەوە بێ ئەوی تر پاشگوێ بخاو وەکوو یەك هەڵسو کەوتیان لەگەڵ نـەکاو بەیـەك چاو سەیریان نەکا، رۆژی قیامەت بەلا خـواری دێتـە گۆڕەپـانی مەحـشەرەوە. ئەمانــە مــافی ئــافرەتن بەســەر پیــاوەوە، جــا کەســێك دەیــەوێ ژیــانی بەختــەوەربێ، دەبــێ هــەوڵ بــداو ســووربێ لەســەر دەســتەبەرکردنی مــافی خێزانیو حەقی خـۆی بـداتێ، هـەروا پێویـستە ئـافرەتیش چاوپۆشـی بکـا لـە مێردەکـەی ئەگـەر هەنـدێ جـار کەمتەرخـەمی نوانـد بەرامبـەری، نەچـێ

---

[1] متفق عليه: خ(١٩٧٥/٢١٧، ٤/٢١٨)، م(١١٥٩ – ١٨٢ – ٢/٨١٣)، ن(٤/٢١١).

[2] صـــحيح: (الإرواء/٢٠١٧)، (ص.جــــة/١٦٠٣)، د(٢١١٩/٦/١٧١)، ت(١١٥٠/٣٠٤/٢)، ن(٦٣/٧)، جة(١/٦٣٣/٦٩١٩) بألفاظ متقاربة.

ئەویش لەبەرامبەر کەمتەرخەمی مێردەکەی کەمتەرخەمی بنوێنێو تۆڵەی لێ بکاتەوە، بەڵکوو پێویستە لەسەری هەوڵ بدا ئەرکی سەرشانی جێبەجێ بکاو مافی خۆی بداتێ. هەرکاتێ ژنو مێرد بەم گیانە ئیسلامییە هەڵسو کەوتیان کرد، خێزانەکان ئاسوودە دەبنو لە ئاژاوەو پشێوی ناو ماڵ دوورو پارێزراو دەبن.

مافی پیاو بەسەر خێزانیەوە

بێگومان مافی پیاو بەسەر هاوسەرەکەیەوە گەورەیە، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لە فەرموودەیەکی دا گەورەیی ئەو مافەی دیاریی کردوە، فەرموودەکە (الحاکم)و هی تریش لەئەبو سەعیدەوە ریوایەتیان کردوە دەفەرموێ: «حَقُّ الزَّوْجِ عَلَى زَوْجَتِهِ أَنْ لَوْ كَانَتْ لَهُ قُرْحَةٌ فَلَحِسَتْهَا مَا أَدَّتْ حَقَّهُ»[1]: مافی مێرد لەسەر ژنی ئەوەندە زۆرو گەورەیە تەنانەت ئەگەر پیاوەکە برینێکی پێوەبوو ئافرەتەکە لستیەوە هێشتا بەتەواوی مافی خۆی نەداوەتێ.[2]

ئافرەتی عاقڵو زیرەكو وەجاخزادە ئەوەیە رێز دابنێ بۆ شتێك کە خوداو پێغەمبەر فەرمانیان پێ کردوە رێزی لێ بگرێ، ئەو ژنە سالارو خانەدانە: کە رێزی مێردەکەی بگرێو هەوڵ بدا رازی بکاو فەرمانبەرداری بێ چونکە گوێڕایەڵی ئافرەت بۆ مێردەکەی هۆکارێکە بۆ چوونە ناو بەهەشت. پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « إِذَا صَلَّتِ الْمَرْأَةُ خَمْسَهَا وَصَامَتْ شَهْرَهَا وَحَفِظَتْ فَرْجَهَا وَأَطَاعَتْ زَوْجَهَا قِيلَ لَهَا ادْخُلِي

---

[1] صحيح: (ص.جة/٦٦٠)، حم(٢٥٠/٢٢٨/١٦).

[2] صحيح: (ص.ج/٣١٤٨) ، حم(٢٤٧/٢٢٧/١٦).

الْجَنَّةَ مِنْ أَيِّ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ شِئْتِ».[١] ئەگەر ئافرەت پێنج فەرزە نوێژەکانی ئەنجامدان، رەمەزان بەڕۆژو بوو، نامووسی خۆی پاراست، گوێڕایەڵی مێردەکەی بوو، رۆژی پەسڵان پێی ددەگوترێ: بچووره ناو بەهەشتەوە لەهەر دەرگایەکەوە ئارەزۆ دەکەی.

دەی خوشکی موسوڵمان تێبفکرە چۆن پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) گوێڕایەڵی بۆ مێرد کردوە بە هۆکاری چوونە بەهەشت، وەکوو چۆن نوێژو رۆژو هۆکارن بۆ ئەو بەمراز گەییشتنە. کەوابوو ئەی خوشکی خاوەن باوەڕ! گوێڕایەڵی مێردەکەت بەو، خۆ بپارێزە لەسەرپێچیکردنی، چونکە بەگوێ نەکردنی دەبێتە هۆی تورەیی خودا لێت، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ مَا مِنْ رَجُلٍ يَدْعُو امْرَأَتَهُ إِلَى فِرَاشِهَا فَتَأْبَى عَلَيْهِ إِلاَّ كَانَ الَّذِي فِي السَّمَاءِ سَاخِطًا عَلَيْهَا حَتَّى يَرْضَى عَنْهَا».[٢]

سوێندم بەوکەسەی گیانی منی بەدەستە، هەر پیاوێك بانگی ژنەکەی بکا بۆ سەر جێیی، ژنەکە بەگوێی نەکا، ئیللا ئەو خودایەی لە ئاسمانە (واتە: پەروەردگار) لێی تورەیەو رقی لێیەتی تا وادەکا مێردەکەی لێی رازی بێ.

ئەوەی پێویستە لەسەرت ئەی خوشکی موسوڵمان ئەوەیە گوێڕایەڵی هاوسەرت بی لەهەرشتێك داوات لێ دەکا بەمەرجێ پێچەوانەی شەریعەت نەبێ، ئاگاداربە نەچێ زێدەڕۆیی بکەی لەهەموو شتێکدا بەقسەی مێردەکەت بکەی، تەنانەت ئەگەر سەرپێچی فەرمانی شەریعەتیش بێ، ئەگەر وابکەی ئەوە تاوانبار دەبی. بۆ نمونە گوێڕایەڵی بکەی لەهەڵگرتنی مووی دەمو چاو بە مەبەستی خۆڕازاندنەوە بۆی، چونکە ئەوە پێغەمبەر (دروودی خودای

---

[١] صحيح: (ص.ج/٦٦٠) ، حم(١٦/٢٢٨/٢٥٠).

[٢] صحيح: (ص.ج/٧٠٨٠) ، م(١٤٣٦ — ١٢ -/٢/١٠٦٠).

لەسەر بێ) نەفرینی کردوە لەو ئافرەتانەی مووی روخساریان هەڵدەکێشن یان بۆیان هەڵدەگرن.[١]

یان گوێڕایەڵی بکەی بۆ خۆ سفورکردن و سەرپۆش فرێدان لەکاتی چوونە دەرەوە لەماڵ، بەم نیازو مەبەستە شانازی بەجوانی تۆوە بکا لەبەردەم خەڵکدا، بێگومان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «صِنْفَانِ مِنْ أُمَّتِي مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا، قَوْمٌ مَعَهُمْ سِيَاطٌ كَأَذْنَابِ الْبَقَرِ يَضْرِبُونَ بِهَا النَّاسَ وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ مُمِيلاَتٌ مَائِلاَتٌ رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ لاَ يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ وَلاَ يَجِدْنَ رِيحَهَا وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذَا وَكَذَا».[٢] دوو تاقم لە ئوممەتی من لە ئەهلی دۆزەخن، من نەمدیون، تاقمێکیان ئەوانەن دەبنە یاساوڵی کاربەدەستی ستەمکارو قەمچییان بەدەستەوەیە وەکوو کلکی مانگا، بەو قەمچییانە لە خەڵکی دەدەن. تاقمی دووەمیان ئەو ئافرەتانەن بەرواڵەت پۆشاکیان پۆشیوە بەڵام لەواقیعدا روتن، نیوەی جەستەیان پۆشتەیەو ئەوی تریان روتە! خەڵکی هەڵدەخەڵەتێنن و بۆ خۆشیان هەڵخەڵەتاون و لەخشتە چوون. قژی سەریان بە بارۆکەو کۆکردنەوەی لە تەوقی سەریاندا وەکوو دوگی لاری حوشتر زل دەکەن، ئەم جۆرە ئافرەتانە رێگەی چوونە بەهەشتیان نابێ و بۆن و بەرامی بەهەشت ناکەن. هەرچەندە بۆن و بەرامی خۆشی بەهەشت ئەوەندەو ئەوەندە ساڵەرێ دەڕوا.

پێویستە ئافرەت فەرمانبەرداری مێردەکەی نەبێ بۆ سەرجێیی کردن لەکاتی بێنوێژیدا، یان چوونە لای لەدواوە، چونکە پێغەمبەر (دروودی

---

[١] متفـــــق عليـــــه: خ(٤٨٨٦/٦٣٠/٨)، م(٢١٢٥/١٦٧٨/٣)، د(٥١٤١/٦٢٥/١١)، ن(١٤٦/٨)، ت(٢٩٣٢/٦٩٣/٤)، جة(١٩٨٩/٦٤٠/١).

[٢] صحيح: (ص.ج/٣٧٩٩) ، مختصر م(١٣٨٨)، م(٢١٢٨/١٦٨٠/٣).

خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَنْ أَتَى حَائِضًا أَوِ امْرَأَةً فِي دُبُرِهَا أَوْ كَاهِنًا فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ»[1]: کەسێك سەرجێیی ئافرەتی بێنوێژ بکا، یان لەدواوە بچێتە لای خێزانی، یان بچێتە لای کاهین و فالگرەوەو کوڵەوەنانی و بڕوای پێ بکا، ئەوە بێگومان بڕوای بەو پەیامە نیە: کە بۆ موحەممەد (دروودی خودای لەسەر بێ) نێردراوە.

هەروا پێویستە تۆی ئافرەتی موسوڵمان گوێڕایەڵی مێردت نەکەی لەوەدا: کە داوات لێ بکا خۆت نیشانی پیاوی بێگانە بدەی و لەگەڵیان هەڵسی و دانیشی و تۆقەو دەست گوشینیان لەگەڵ بکەی. قورئان دەفەرموێ: {وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِن وَرَاءِ حِجَابٍ – الأحزاب/٥٣}.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « إِيَّاكُمْ وَالدُّخُولَ عَلَى النِّسَاءِ». خۆتان بپارێزن لەچونە خەڵوەت لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەمدا عەرزی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کرا: ئایا بۆ برای مێردو برازای و مامو ئامۆزاشی حەرامە خەڵوەت لەگەڵ خێزانی دا بکەن؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِيَّاكُمْ وَالدُّخُولَ عَلَى النِّسَاءِ»[2]: خزمی ژن لەلایەن مێردەکەیەوە وەکوو برای مێردو برازایی و مامو ئامۆزای هەر زۆر خەتەرەو نابێ بەهیچ جۆرێ ئافرەتەکە خەڵوەتیان لەگەڵ بکا.

دەی ئەمجار خوشکی بەڕێز بۆ خۆت بەراوردی هەموو ئەو کارانە بکە: کە پێچەوانەی شەریعەتی خودان، بەوە لەخۆت بایی مەبەو هەڵمەخەڵەتێ بڵێی ئەوە گوێڕایەڵی کردنی مێردەکەمەو پێویستە لەسەرم، نەخەیر، بە

---

[1] صحيح: (آداب الزفاف/٣١)، جة(٦٣٩/٢٠٩/١)، ت(١٣٥/٩٠/١).

[2] متفق عليه: خ(٥٢٣٢/٣٣٠/٩)، م(٢١٧٢/١٧١١/٤)، ت(١١٨١/٣١٨/٢).

گوێکردنی مێرد کاتێ واجبە کە پێچەوانەی شەریعەت نەبێ، نا فەرمانی خودای تێدا نەبێ. (لاَ طَاعَةَ لِمَخْلُوقٍ فِي مَعْصِيَةِ الْخَالِقِ).

٢- هەروا مافی مێردە لەسەر خێزانی: کە ناموسو شەرەفی بپارێزێ، بە دڵسۆزی چاودێری منداڵوماڵو سامانو ناوماڵی بکا، کاروباری ناوماڵ بە لێزانیو دڵسۆزی بەڕێوەبەرێ، بەجوانی پەروەردەی منالی بکا. چونکە پەروەردگار دەفەرموێ: {فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللّهُ – النساء/٣٤}. پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «وَالْمَرْأَةُ رَاعِيَةٌ فِي بَيْتِ زَوْجِهَا وَمَسْئُولَةٌ عَنْ رَعِيَّتِهَا»[1]: ئافرەت چاودێرو بەرپرسە لەماڵی مێردەکەی داو پرسیاری لێ دەکرێ.

٣- هەروەها مافی مێردە لەسەر ژنەکەی: کە خۆی برازێنێتەوەو ئارایش بکا بۆ مێردەکەی. بەدەمیەوە پێ بکەنێو زەردەخەنەو بزەی لەسەر لێو بێو هیچ کاتێ لەبەرامبەر هاوسەریدا روگرژو مۆن نەبێ. واخۆی دەرنەخا مێردەکەی بەرچاوی بکەوێ، تا بۆی بکرێ خۆی بەجوانیو رازاوەیی نیشان هاوسەری بدا. بێگومان طەبەرانی حەدیسێکی لە عەبدوڵڵای کوڕی سەلام ریوایەتکردوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: (خير النساء من تسرّك اذا أبصرت، وتطيعك اذا أمرت، وتحفظ غيبتك في نفسك ومالك).[2] چاکترین ئافرەتی هاوسەر ئەوەیە: کە سەیری بکەی کەیفخۆشت بکا، ئەگەر فەرمانت پێ کرد بەگوێت بکا: کە لەماڵ نەبووی پارێزگاری ناموسی خۆیو ماڵو سامانت بکا.

---

[1] بەشێکە لە حەدیثی (كلكم راع.......) لەوەپێش تێپەڕی.

[2] صحيح: (ص.ج/٣٢٩٩) .

بەڕاستی جێگای سەرسوڕمانو سەرنجە ئافرەتی واهەیە لەناو ماڵداو لەبەرامبەر مێردەکەیدا پیسو پەڵۆخو پۆشاك شڕو روگرژە، کەچی کە لەماڵ دەردەچێ خۆی دەڕازێنێتەوەو ئارایشو میکیاجی جۆراو جۆر ئەنجام دەدا، بەجۆرێك ئەو پەندەی بەسەردا پراکتیزە دەکرێ: کە دەگوترێ مەیمونی ناو ماڵو ئاسکی سەرجادەو کۆڵانە. ئەی خوشکی موسوڵمان! لەخودا بترسەو بزانە لەپێشترین کەس کەخۆتی لەبەرامبەردا بڕازێنیەوە مێردەکەتە. وریابەو خۆت بپارێزە لە بەدەرخستنی زینەتو جوانی خۆت بۆ کەسانێکی بێگانە کە رەوانیە جوانی تۆ ببینن. بێگومان ئەم خۆرازاندنەوەو خۆ دەرخستنە جۆرێکە لە سفورو حەرامە.

٤- هەروا مافی مێردە لەسەر خێزانی: کە لەماڵی خۆیدا دابنیشێو بەبێ رەزامەندی مێردی تەنانەت بۆ مزگەوتیش نەچێ. چونکە خودا دەفەرموێ: {وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ – الأحزاب/٣٣}.

٥- هەروا مافی مێردە لەسەر هاوسەری: کە بەبێ ئیزنی مێردەکەی رێگای کەس نەدا بێتە ماڵەوە، چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «فَحَقُّكُمْ عَلَى نِسَائِكُمْ أَلاَّ يُوطِئْنَ فُرُشَكُمْ مَنْ تَكْرَهُونَ وَلاَ يَأْذَنَّ فِي بُيُوتِكُمْ لِمَنْ تَكْرَهُونَ».[1] مافی ئێوەی مێرد بەسەر ژنەکانتانەوە ئەوەیە نەهێڵنو رێگە نەدەن کەسانێك بێنە سەر بەڕەتان: کە رقتان لێیانە، ئیزن نەدەن بە کەسانێك بێنە ناو ماڵتان: کە خۆشتان ناوێن.

٦- مافی مێردە بەسەر ژنەکەیەوە: کە پارێزگاری ماڵو سامانی بکاو بەبێ رەزامەندی ئەو لێی نەبەخشێ. چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لاَ تُنْفِقُ امْرَأَةٌ شَيْئًا مِنْ بَيْتِ زَوْجِهَا إِلاَّ بِإِذْنِ زَوْجِهَا ».

[1] ئەم دەقە بەشێکە لە حەدیسێك لەوەپێش تێپەڕی (الا ان لكم على نسائكم حقا).

قِيلَ يَا رَسُولَ اللَّهِ وَلاَ الطَّعَامُ قَالَ « ذَاكَ أَفْضَلُ أَمْوَالِنَا».[١] نابێ ئافرەت بەبێ ئیزنی مێردەکەی هیچ شتێك لەماڵو سامانی ئەو ببەخشێ. گوترا: خواردنیش هەرنابێ؟ فەرمووی: خۆراك بەنرخترین ماڵو سامانمانە.

بەڵکوو مافی مێردە بەسەر هاوسەریەوە کە لەماڵی خۆیشیدا — ئەگەر ماڵی هەبوو — بەبێ ئیزنی مێردی لێی نەبەخشێ. چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەفەرموێت: (لیس للمرأة أن تنتهك شیئاً من مالها الا بأذن زوجها)[٢] بۆ ئافرەت ڕەوانیە کە بەبێ ئیزنی مێردەکەی لەماڵی خۆیشی ببەخشێ.

٧- هەروا مافی مێردە بەسەر ژنەکەیەوە: کە بەبێ ئیزنی مێردەکەی ڕۆژووی سوننەت نەگرێ، ئەمە کاتێك وایە ئەگەر مێردەکەی لەماڵ بێ. پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لاَ يَحِلُّ لِلْمَرْأَةِ أَنْ تَصُومَ وَزَوْجُهَا شَاهِدٌ إِلاَّ بِإِذْنِهِ ، وَلاَ تَأْذَنَ فِي بَيْتِهِ إِلاَّ بِإِذْنِهِ»[٣]: ڕەوانیە بۆ ئافرەت ڕۆژو بگرێ وەلحاڵ مێردەکەی لەماڵ بێ مەگەر ئیزنی بدا.

٨- هەروا مافی پیاوە بەسەر ژنەکەیەوە: کە منەتو نازونوز بەسەر مێردەکەیەوە نەکا ئەگەر شتێکی لەماڵی خۆی خەرج کرد بۆ مەسرەفی ماڵو خێزان، چونکە منەتکردن پاداشو ئەجر پوچ دەکاتەوە. قورئان دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تُبْطِلُواْ صَدَقَاتِكُم بِالْمَنِّ وَالأذَى – البقرة/٢٦٤} ئەی ئەو کەسانەی بڕوادارو خاوەنی ئیمانی ڕاستین نەچن خێرو پیاوەتی خۆتان بەمنەتکردن پوچ بکەنەوە.

---

[١] حسن (ص.جة/١٨٥٩)، ت(٢٢٠٣/٢٩٣/٣)، د(٣٥٤٨/٤٧٨/٩)، جة(٢٢٩٥/٧٧٠/٢).

[٢] أخرجه الألباني في الصحيحة (٧٧٥).

[٣] أخرجه الألباني في الصحيحة (٧٧٥).

٩- مافی پیاو بەسەر خێزانیەوە: کە بەکەم ڕازی بێ‌و بەوەی هەیە قەناعەت بکاو مێردەکەی هەڵنەپێچێ بۆ زێدەڕەوی‌و داوای بژێوی زۆر نەکا، شتێك داوا لەمێردەکەی نەکا کە لەوزمیدا نەبێ‌و بۆی هەڵنەسوڕێ. قورئان دەفەرموێ: {لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِّن سَعَتِهِ وَمَن قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ فَلْيُنفِقْ مِمَّا آتَاهُ اللَّهُ لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا مَا آتَاهَا سَيَجْعَلُ اللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا – الطلاق/٧}. با مێردی خاوەن سامان‌و دارایی بەگوێرەی دەوڵەمەندییەکەی بژێو بۆ خێزانی دیاری بکا، کەسێکیش رزق‌و ڕۆژی تەنگ بوو، کەمدەرامەت بوو، با بەگوێرەی ئەوەی خودا پێی داوە بژێوی ژن‌و منداڵی دابین بکا، خودا ئەرك ناخاتە سەر هیچ کەسێك مەگەر بەگوێرەی ئەوە نەبێ کەداویەتێ، کەوابوو پێویستە ئافرەت بەگوێرەی دارایی مێردەکەی داوای بژێوی لێ بکاو بەوەی هەیەتی ڕازی بێ، بەڵکوو خودا لەداهاتوودا دوای کەمدەرامەتی‌و دەستکورتی مێردەکە دەوڵەمەند بکا ئەوکاتە داوای بژێوی باشی لێ بکا.

١٠- مافی پیاوە بەسەر خێزانیەوە: کە بەجوانی‌و ڕێك‌و پێکی منداڵەکانی پەروەردە بکاو چاودێرێکی دڵسۆزو دایکێکی سالارو بەخێوکەرێکی بە بەزەیی‌و خەندان بێ، لێیان تووڕە نەبێ لەبەر چاوی مێردەکەی، دوعایان لێ نەکا، جنێویان پێ نەداو نەیانگریەنێ، ئاژاوەو شەڕو هەرایان لەگەڵ بەرپا نەکا، چونکە ئەم کارانە دەبنە هۆی ئەزیەتدانی مێردەکەی، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەفەرموێ: «لاَ تُؤْذِي امْرَأَةٌ زَوْجَهَا فِي الدُّنْيَا إِلاَّ قَالَتْ زَوْجَتُهُ مِنَ الْحُورِ الْعِينِ لاَ تُؤْذِيهِ قَاتَلَكِ اللَّهُ فَإِنَّمَا هُوَ دَخِيلٌ عِنْدَكِ يُوشِكُ أَنْ يُفَارِقَكِ إِلَيْنَا».[1]

١١- هەروا مافی مێردە بەسەر خێزانیەوە: کەمامەڵەی جوان بکا لەگەڵ باوك‌و دایك‌و کەسوکاری مێردەکەیدا، چونکە ئەگەر ژنێك مامەڵەو

---

[1] ت (١١٨٤/٣٢٠/٢).

هەڵسوكەوت لەگەڵ باوكو دايكو خزمی مێردەكەی جوان نەبێ مانای وايە لەگەڵ مێردەكەی خراپو ناچيزەيە.

١٢- هەروەها مافی مێردە بەسەر ژنەكەيەوە هەركاتێ داوای لێ كرد مانيع نەبێو خۆی لێ ياساغ نەكا. چونكە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموويەتی: «إِذَا دَعَا الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ إِلَى فِرَاشِهِ فَلَمْ تَأْتِهِ فَبَاتَ غَضْبَانَ عَلَيْهَا لَعَنَتْهَا الْمَلاَئِكَةُ حَتَّى تُصْبِحَ».[1] ئەگەر مێرد داوای لەژنەكەی كرد بچێتە سەرجێیو نەچوو، مێردەكەشی بەم سەرپێچی كردنەی رقی لێی هەڵسا، ئەو شەوە هەتا بەيانی فريشتە نەفرينی لێ دەكەن، هەروا فەرموويەتی: «إِذَا الرَّجُلُ دَعَا زَوْجَتَهُ لِحَاجَتِهِ فَلْتَأْتِهِ وَإِنْ كَانَتْ عَلَى التَّنُّورِ».[2] ئەگەر پياو بانگی خێزانەكەی كرد بۆكاری پێويست با ئافرەتەكە بەدەنگيەوە بچێ تەنانەت ئەگەر لەسەر تەنور بێو خەريكی نانكردن بێ.

١٣- هەروا مافی مێردە بەسەر خێزانيەوە: كەنهێنی ژنو مێردايەتی خۆيان بپارێزێ، نهێنی ناو ماڵو خێزان بڵاو نەكاتەوە، بێگومان خەتەرترين نهێنی كە بەداخەوە هەندێ لەئافرەتان بێ موبالات بڵاوی دەكەنەوە نهێنی پێكەوە نوستنی ژنو مێردە، نهێنی ئەو هەڵسو كەوتانەی لەنێوان ژنو مێردda روو دەدا، بێگومان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی لەوە كردووەو بەكاری نەشياوو حەرامی داناوە.

لە ئەسمائی كچی يەزيدەوە ريوايەتكراوە، دەفەرموێ: لەخزمەت پێغەمبەردا بووم، زۆرێك لەپياوو ئافرەت دانيشتبوون، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرموون: «لَعَلَّ رَجُلاً يَقُولُ مَا يَفْعَلُ بِأَهْلِهِ وَلَعَلَّ امْرَأَةً تُخْبِرُ بِمَا فَعَلَتْ مَعَ زَوْجِهَا ». فَأَرَمَّ الْقَوْمُ فَقُلْتُ إِى وَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّهُنَّ لَيَقُلْنَ

---

[1] متفق عليه: خ (٥١٩٤/٢٩٤/٩)، م (١٤٣٦/١٠٦٠/٢١٢٧/١٧٩/٦).

[2] صحيح: (ص. ج/٥٣٤)، ت (١١٦٠/٣١٤/٢).

وَإِنَّهُمْ لَيَفْعَلُونَ. فَقَالَ « فَلاَ تَفْعَلُوا فَإِنَّمَا مِثْلُ ذَلِكَ مِثْلُ الشَّيْطَانِ لَقِيَ شَيْطَانَةً فِي طَرِيقٍ فَغَشِيَهَا وَالنَّاسُ يَنْظُرُونَ». لەوانەیە پیاوی وا هەبێ شەو چی لەگەڵ خێزانی دەکا بەیانی بیگێڕێتەوە، هەروەها وێدەچێ ئافرەت هەبێ چی لەگەڵ مێردەکەی دەکا بڵاوی بکاتەوە، ئەسماء وتی: بەڵێ وایە ئەی پێغەمبەری خودا! ئافرەتان ئەوە دەکەن، پیاویش بەهەمان شێوە ئەوە بڵاو دەکەنەوە، پێغەمبەر فەرمووی: وامەکەن، بەهیچ شێوەیەك ئەو جۆرە نهێنیانە بڵاو مەکەنەوە، بێگومان نمونەی ئەو ژنو مێردانەی ئەو نهێنیانە بڵاودەکەنەوە وەکوو ئەوە وایە شەیتانێکی نێر لەچەقی ڕێگایەکدا تووشی شەیتانێکی مێینە ببێو سواری بێو خەڵکی سەیری بکەن.

١٤- هەروا مافی مێردە بەسەر ژنەکەیەوە: کەسور بێ لەسەر ژیان بردنە سەر لەگەڵیداو بەهیچ شێوەیەك داوای تەڵاقدانو جیابوونەوەی لێ نەکا، مەگەر هۆکارێکی واهەبێ نەتوانێ لەگەڵیدا هەڵبکا. لە ئەوبانەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « أَيُّمَا امْرَأَةٍ سَأَلَتْ زَوْجَهَا طَلاَقًا فِي غَيْرِ مَا بَأْسٍ فَحَرَامٌ عَلَيْهَا رَائِحَةُ الْجَنَّةِ».[1] هەر ژنێك داوای تەڵاقدان لەمێردەکەی بکا بەبێ هۆکارو سەبەبی مەعقول، ئەوە بۆنی بەهەشتی لێ حەرامە. هەروا فەرمووی: «الْمُخْتَلِعَاتُ هُنَّ الْمُنَافِقَاتُ». ئەو ژنانەی ماڵی خۆیان دەدەن بۆ ئەوەی مێردەکانیان تەڵاقیان بدەن ئەوانە لەپێڕی دوو ڕووەکانن.

ئەمانەی گوتراو ئامازەیان پێ کرا مافی پیاوانە بەسەر ئافرەتانەوە، پێویستە لەسەر ئەو ئافرەتانەی دەیانەوێ ژیانی هاوسەری بەخۆشیو بەختەوەری بەسەربەرنو پاشان ژیانی جاویدانیو هەتا هەتاییان بەختەوەر

---

[1] صحيح: (الإرواء/٢٠٣٥)، ت (٢/٣٢٩/١١٩٩)، د (٦/٣٠٨/٢٢٠٩)، جه (١/٦٦٢/٢٠٥٥).

بێ. کە هەریەکەیان هەوڵ بدا ئەرکی سەرشانی بەرامبەر مێردەکەی جێبەجێ بکا، چاوپۆشی بکا لەو کەم و کورییانەی لەمێردەکەیەوە بەرامبەری دەکرێن، بێگومان بەم شێوە هەڵس‌وکەوتانە خۆشەویستی‌و ڕەحمی نێوانیان بەردەوام دەبێ، خێزانەکان ئاسودەو کۆمەڵگا بەختەوەر دەبێ.

پێویستە دایکەکان کچەکانیان فێربکەن کەشویان کرد چاودێری مافی مێردەکانیان بکەن‌و هەوڵ بدەن ڕەزامەندی ئەوان دەستەبەر بکەن، پێویستە هەموو دایکێك پێش شووکردن‌و گواستنەوەی کچەکەی سوننەت‌و ڕێبازی ژنانی سەلەف‌و ئافرەتانی صالح‌و راستاڵ بەگوێچکەیدا بداو ئامۆژگاری دڵسۆزانەی بکا.

دەگێڕنەوە عەمری کوڕی حەجەر مەلیکی کیندە خوازبێنی ئوم ئیاس کچی عەوفی شەیبانی کرد، جا کە کاتی گواستنەوەی هات، دایکی کچەکە دوو بەدوو لەگەڵ کچەکەی کۆبوەوە بەم شێوەی خوارەوە ئامۆژگاری کچەکەی کرد؛ لەم ئامۆژگاری کردنەیدا بناغەی ژیانی کامەرانی بۆ دەستنیشان کرد، ئەرکی سەرشانی بەرامبەر مێردەکەی بۆ روونکردەوەو پێی وت:

ئەی کچی خۆشەویستم! نەصیحەت‌و ئامۆژگاری ئەگەر بەهۆی عاقڵمەندی‌و ئەدەب‌و رەوشتی جوان پاشگوێ بخرایە، بێگومان ئەتۆ پێویستت بەئامۆژگاری نەدەبوو، بەڵام ئامۆژگاری‌و نەصیحەت یادخەرەوەی غافڵ‌و یارمەتیدەری عاقڵە. خۆ ئەگەر ئافرەتێك پێویستی بەشوکردن نەبوایە بەهۆی دەوڵەمەندی باوك‌و دایکی‌و پێویستیان بەکچەکەیان، ئەوە بێگومان ئەتۆ لەهەموو کەس زیاتر بێ ئاتاج دەبووی لەشوکردن، بەڵام یاسای بوونەوەر وایە ئافرەتان دەبێ شوبکەن‌و پیاوان ژن بێنن، ئافرەت بۆ پیاو دروست کراوەو پیاو بۆ ئافرەت دروست کراوە.

ئەی کچی خۆم ئەتۆ ئەو کەش‌وهەوایەی تا ئێستا تێیدا ژیاوی بەجێی دێڵی، ئەو لانەو ماڵو خێزانەی تێیدا پەروەردە بووی لێی جیادەبیەوە، دەچیە لانەو ماڵو حاڵێك لەوەپێش پێی ئاشنانەبووی، دەبیە هاوسەری کەسێك نەتناسیوەو هۆگری نەبووی، بەگوێرەی دابو نەریتو شەریعەتو یاسا ئەو کەسە چاودێرو خاوەنی تۆیە ئەتۆ ببە بە کارەکەرو ئەمەتە، ئەو بۆت دەبێتە رەنجبەرو کۆیلە. لەبەرامبەریدا دە رەوشت رەچاوبکە بۆت دەبنە مایەی هێزو تێشوو هۆکاری بەختەوەری لە ژیانتدا.

یەکەمو دووەم: بەدڵو بەگیان پێی رازی بەو بە قەناعەتەوە رێزی لێ بگرە، گوێڕایەڵی بەو فەرمانبەرداریی بۆ بنوێنە.

سێیەمو چوارەم: هەوڵ بدە چاوی شتی ناشیرینت لێ نەبینێ، لوتی بۆنی ناخۆشت لێ نەکا.

پێنجەمو شەشەم: بزانە کەی کاتی خەویەتیو کەی وەختی خواردنیەتی، چونکە هێرشی برسیەتی رق هەڵسێنەو خەو زڕاندن هۆکاری توڕە بونو هەڵچوونە.

حەوتەمو هەشتەم: چاودێری ماڵو سامانی بە، پارێزگاری خێزانو حەشەمو عەیالی بە. جەمسەرو مەلاکی کار لە ماڵو ساماندا جوان مەزندە کردنو رێز گرتنیەتی، لەناو خاوو خێزاندا جوان بەڕێوەبردنو تەدبیرە.

نۆیەمو دەیەم: سەرپێچی فەرمانی مەکە، نهێنی بڵاو مەکەرەوە چونکە تۆ ئەگەر بێ فەرمانیت کرد دڵت کرمێ کردوە، ئەگەر نهێنی ئەوت بڵاوکردەوە ئەمین نابی لە غەدرو تۆڵەی. پاشان خۆ بپارێزە لەوەی خۆشحاڵی خۆت دەربڕی لەکاتێکا ئەو خەفەتی هەبێ، یان خۆت غەمبار نیشان بدەی لەکاتێکا ئەو کەیفخۆش بێ.

(الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وأجعلنا للمتقين اماماً). خودایه ببەخشه پێمان لە خێزانو وەچەو نەوە کەسانێك کە ببنە هۆی فێنکایی چاومان، بمانکە بە پێشەواو ئیمام بۆ تەقواکاران.

کێشەو چورتمی نێوان ژنو مێرد

هەموو خێزانێك کێشەو نیزاعی تێدەکەوێ، بەدەگمەن رێ دەکەوێ خێزانێك کەم تا زۆر کێشەیان تێنەکەوێ. وەلێ خێزانەکان کێشەکانیان جیاجیانو هەر خێزانە جۆرە خیلافاتێکی لەنێواندا رودەدا، بێگومان ئایینی ئیسلام ژنو مێردی هەڵناوە هەوڵ بدەن چارەسەری کێشەکانیان بکەنو ناکۆکیو چورتمی نێوانیان نەهێڵن، رێنمویی هەریەك لە ژنو مێردی کردوە: کە رێگە چارەی کێشەکە بدۆزێتەوەو بەکاری بێنێ لەبەرامبەر هاوسەرەکەیدا، هەروەکوو چۆن هەڵیناون: کەزوو بەپیر چارەسەری کێشەکەیانەوە بچنو نەهێڵن ناکۆکییەکەیان تەشەنە بکاو ئەستەم ببێ.

قورئان دەفەرموێ: {وَاللاَّتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ – النساء/٣٤} ئەو ئافرەتانەی ترسی ئەوەتان لێیان هەیە ناچیزەبنو سەرپێچی ئێوەی مێردیان بکەن، ئامۆژگارییان بکەن، ئەگەر بە ئامۆژگاری نەهاتنەوە سەر رێی راست ئەوە لەگەڵیان مەخەون، ئەگەر بەوەش عاریان نەنا بە ئەسپاییو بۆ تەمێ کردن لێیان بدەن.

یان دەفەرموێ: {وَإِنِ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِن بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلاَ جُنَاْحَ عَلَيْهِمَا أَن يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا وَالصُّلْحُ خَيْرٌ – النساء/١٢٨} ئەگەر ئافرەتێك ترسا لەوەی مێردەکەی لێی هەڵگەڕێتەوە، یان پشتی تێ بکاو روی لێ وەرگێڕێ، ئەوە واباشە روبکەنە صوڵحو ئاشتەواییو بواری صوڵح رەچاو

بکەن‌و بە گفت‌و گۆ کێشەی نێوانیان چارەسەر بکەن. بێگومان ڕەچاو کردنی بواری صوڵح‌و ئاشتەوایی خێرو فەڕەو هیچ خەراپیەکی تێدانیە.

بەڵێ: پەیڕەوو پرۆگرامی ئیسلامی چاوەڕوانی ئەوە ناکا تا کێشەکە گەورە دەبێ‌و بە بنبەست دەگا. ناچێزەبووون‌و سەرپێچیکردنەکە ڕودەداو زەق دەبێتەوەو ئالاَی سەرپێچی‌و دەست لێك بەردان بەرزدەگرێتەوە، قەوامەو شکۆمەندی پیاو بەسەر خێزانیەوە کرمۆڵ دەبێ‌و لاساریی‌و سەرپێچیکردنەکە ئاشکرا دەبێ‌و ناشاردرێتەوە خێزان دوولەت دەبێ‌و دەبێتە دوو کەمپی دژبەیەك. ئیتر ئەودەمە کەکار گەییشتە ئەو ئاستە عیلاج‌و چارەسەر گران دەبن‌و هەوڵی یەکخستنەوەو ئاشتبوونەوە بێهودە دەبێ. کەوابێ پێویستە دەست پێشخەری بکرێ بۆ چارەسەریکردنی هۆکارە سەرەتاییەکانی ناچیزەبون پێش ئەوەی جڵەو لەدەست دەرچێ‌و شتەکە گەورەبێ. چونکە سەرەنجامی گوێ پێنەدان‌و نەدۆزینەوەی چارەسەر لێك هەڵوەشانی خێزانەو ڕوخانی کۆمەڵ‌و پچڕانی حەبلی پتەوی نێوان ژن‌و مێردو هەردوو بنەماڵەی ئافرەت‌و پیاوەکەیە. خۆ ئەگەر جودابونەوەکەش زوو بەزو نەیەتە دی، کێشەو دڵەڕاوکێ‌و خەم‌و ڕق‌و قین باڵی بەسەر ئەو خێزانەدا دەکێشێ‌و ئاسودەیی‌و ئارامی نامێنێ، تەربیەو بەخێوکردنی منداڵ‌و وەچەی تێدا گونجاو نابێ‌و ئەو ماڵە دەبێتە کانی ئاشوب‌و ململانێ‌و شەڕو هەرا، تا سەرەنجام لێك پچڕان دێتە دی‌و خێزان پەرتەوازەو منداڵ بێ سەرپەرشتیارو نازی باوك‌و دایك دەمێننەوە، بەخێوکردن‌و پەروەردەکردنیان لەناو کەش‌و هەوایەکی ناسروشتی‌و نەگونجاودا دەستەبەر دەبێ: کە زۆربەی کات سەردەکێشێ بۆ گیرۆدەبوونیان بە نەخۆشی دەرونی‌و دەمارگیری‌و جەستەیی‌و لەدەستدانی ڕەوشت‌و ئەخلاق‌و تێکڕوخانی کەسایەتی‌و ئالودەبوونیان بەچەند شێوە (شذوذ)و لاڕێ بوون.

کەوابێ کارەکە خەتەرناکەو پێویستە هەر لەگەڵ نیشانە سەرەتاییەکانی ناچیزەبوون سەریان هەڵداو هەستیان پێ کرا زوو بەرەو رویان ببینەوەو چارەسەریان بکەین‌و نەهێڵین پەرەبسێنن‌و لەکۆنترۆڵ دەربچن.

چارەسەری ناچیزەبوونی ئافرەت

پەروەردگار دەفەرموێ: {وَاللاَّتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلاَ تَبْغُواْ عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا - النساء/٣٤} یەکەم چارەسەرو هەنگاو نان بۆ زاڵبون بەسەر دیاردەی ناچیزەبوونی ئافرەت ئامۆژگاریکردن‌و گفت‌و گۆی حەکیمانەیە هەڵبەتە نەصیحەت‌و ئامۆژگاری یەکەم ئەرکی سەرشانی سەرۆکی خێزانە، دەبێ حەکیمانە ئەنجامی بدا، ئامۆژگاریکردن‌و رێنمویی کارێکی پیرۆزو چاکسازییە هەموو کاتێك پێویستە لێپرسراوی خێزان بەرچاوی بگرێ‌و ئەنجامی بدا. {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ - التحريم/٦}: ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە خۆتان‌و ماڵ‌و منداڵتان بپارێزن لەئاگرێك: کە سوتەمەنییەکەی ئادەمیزادی بتپەرست‌و بتەکانیانن، ئامۆژگارییان بکەن لەرێی راستەقینەی ئایین لانەدەن‌و پابەندی ئەخلاق‌و رەوشتی ئیسلامی‌و شەریعەتی پیرۆزی بن.

وەلێ لەم حاڵەدا نەصیحەت‌و ئامۆژگاریی رێڕەوێکی تایبەتی‌و ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە: کە بریتییە لە چارەسەرکردنی ناچیزەبوونی ئافرەت پێش ئەوەی کێشەی لەگەڵ مێردەکەیدا بگاتە بنبەست‌و دەرو جیران‌و خزم‌و کەس پێی بزانن.

بەڵام پەندو ئامۆژگاری جاری واهەیە لەم بارودۆخانەدا بێ سودەو کاریگەریی خۆی نابێ، کاتێك ئافرەتەکە هەواو لوتبەرزییەکی تێدا هەبێ، یان

هەڵچوونو خۆبەزلزانیو باڵا دەستییەك لەخۆیدا بەدی بكاو خۆی پێ لەمێردەكەی بەرزتر بێ بەهۆی جوانی یان دەوڵەمەندی یان پلەو پایەی خێزانی یان هەر ئیعتیبارێكی تر: كە ئافرەتەكە وا لێ بكا ئەوەی لەبیر بچێتەوە، كە هاوبەشو هاوسەرە لە خێزاندا نەك دژو دوژمنو ركابەرو خۆ بەزلزانو لوتبەرز!

ئالێرەدا چارەسەری دووەم دێتەكایەوە بۆئەوەی خۆبەزلزانی ئافرەتەكەو شانازیكردنی بەسەر مێردەكەیدا بەرپەرچ بدرێتەوە تێی بگەیەندرێ: كە ئەوشتانەی ئەو پێیان دەنازێ لە جوانیو دەوڵەمەندیو خانەدانی چ نرخێكیان نیەو نابێ بیانكاتە چەكی دەستی بۆ بەربەرەكانی مێردەكەی. ئەمەش بەچی دەستەبەر دەبێ بە پشت تێكردنیو لەگەڵ نەنووستنی، بۆیە قورئان دەفەرموێ: {وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ - النساء/٣٤}: لەژووری نووستندا روویان لێ وەرگێڕنو دەستیان لەگەڵ تێكەڵاو مەكەن. وشەی (ألمضاجع) كۆی (مَضْجَعَ) كە بەمانا شوێنی ئیغراو كێشكردنە: كە ئافرەت بەهۆیەوە پیاو كەمەند كێش دەكاو دەسەڵاتی خۆی بەسەردا دەسەپێنێ. جا هەركاتێ پیاو توانی خۆڕاگرێو ئەم دەسەڵاتەی ژنەكە نازی پێوەدەكا تێك بشكێنێ، ئەوە بێگومان كاریگەرترین چەكی دەستی ژنەكەی داگیر كردوەو دەسەڵاتی لێ ستاندوە.

هەڵبەتە بۆ ئەم حاڵەتەش رێو شوێنێكی تایبەتی هەیە، پێویستە بگیرێتەبەر، ئەم پشت تێكردنو روو لێ وەرگێڕانو لەگەڵ نەنووستنە نابێ لە دەرەوەی ژووری نووستن بێ، نابێ وابكا منداڵو خاوو خێزان پێی بزانن، نەوەكوو كاریگەری دەروونی بكاتە سەر منداڵەكان، نابێ بەئاگاداری دەروجیرانو خزمو بێگانەبێ، نەوەكوو كەسایەتی ئافرەتەكەی پێ بشكێو وای لێ بكا هەوڵی تۆڵەكردنەوە بداو ناچیزە بوونەكەی زیادبكا. چونكە مەبەست

لەهەجرو پشت تێکردن چارەسەری ناچیزەبوونەکەیە نەك زەلیل کردنی ئافرەتەکەو روشاندنی کەسایەتیەکەی. یان توشکردنی منداڵەکانیان بە نەخۆشی دەروونی.

وەلێ رێدەکەوێ ئەم چارەسەرەش سەرکەوتن بەدەست نەهێنێ، ئایا دەبێ دەسەوەسان دانیشن‌و بیر لەچارەسەری تر نەکرێتەوەو لێ بگەرێین ئەم موئەسسەسە پیرۆزە تێك بروخێ؟! بێگومان لێرەدا ئیجرائاتێکی تر هەیە، هەرچەندە عونفێکی تێدایە بەڵام لەبەرامبەر روخانی موئەسسەسەی خێزان ناچار پەیرەوی دەکرێ. چونکە عیلاجەو دەرمانە، دەرمان تاڵیش بێ ناچاری بیچێژی. ئەم عیلاجەش لێدانە بۆ تەمبێ کردن‌و بەرەنگاربوونەوەی ناچیزەبوون، پەروەردگار لەم بارەوە دەفەرموێ: {وَاضْرِبُوهُنَّ – النساء/٣٤}

هەڵبەتە ئەم لێدانە بە مەبەستی ئەشکەنجەو تەعزیب‌و تۆڵە ساندنەوە نیە، سوکایەتی پێکردن‌و مل پێ شۆرکردن نیە، هەروەها نابێ لێدانەکە بۆ مل پێ شۆرکردن‌و ناچارکردن بێ بە ژیانێك کە پێی نارازییەو بیەوێ بەزۆر وای لێ بکا بە ژیانەکە رازی بێ... بەکورتی دەبێ لێدانەکە بەمەبەستی ئەدەب دادان‌و راهێنان بێ، دەبێ دافیع‌و پاڵنەرەکەی رق‌و قین نەبێ، دەبێ سۆزو رەحمی لەگەڵ بێ، دەق دەبێ لە ئەدەب دادانی باوك بۆ منداڵی یان مامۆستا بۆ قوتابی بچێ. بێگومان ئەم ئیجرائات‌و کارانە دروستن بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی ناچیزەیی‌و تۆران‌و سەرپێچیکردن پێش ئەوەی کارەکە لەدەست دەرچێ‌و گەورە ببێ‌و چارەسەرکردنی زەحمەت بێ، بەڵام لەهەمان کاتدا ئایینی ئیسلام هۆشداری داوە بەوەی کە پراکتیزە کردنی ئەو چارەسەرانە توندڕەوی تێدا نەبێ‌و خراپ بەکارنەهێندرێ‌و نەبێتە هۆکارو رێخۆشکردن بۆ زیان گەیاندن بە ئافرەتەکەو چەوساندنەوەی. بێگومان پێغەمبەری مەزن بەشێوەی کردەیی‌و عەمەلی، بە رێنمویی‌و گوفتار پراکتیزەی ئەو چارەسەری

کـردوەو دەرحـەق بـە خێزانـەکانیو هـەوڵی داوە زووو بـەپیر چارەسـەری ناچیزەبوونەوە بچێو نەهێڵێ کارەکە تەشەنە بکاو لەدەست دەرچێ، لەزۆر بۆنەو رووداویشدا ئەوەی دووپات کردۆتەوە: کە نابێ لەبەکارهێنانی چارەسەری ناچیزەبووندا زیادەڕەوی بکرێ.

لە معاویەی کوڕی حەیدەرەوە (رەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: وتم: ئـەی پێغەمبـەری خـودا! مـافی ئـافرەتی هەریـەکێکمان بەسـەر مێردەکەیەوە چیە؟ پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) فـەرمووی: «أَنْ تُطْعِمَهَا إِذَا طَعِمْتَ وَتَكْسُوَهَا إِذَا اكْتَسَيْتَ – أَوِ اكْتَسَبْتَ – وَلاَ تَضْرِبِ الْوَجْهَ وَلاَ تُقَبِّحْ وَلاَ تَهْجُرْ إِلاَّ فِي الْبَيْتِ»[1]: مـافی ئـافرەت بەسـەر پیـاوەوە ئەوەیـە بـژیوو پۆشاکی بۆ دابین بکا، بەهیچ شێوەیەك لـە دەمو چاوی نـەدا، جنیـوو تـوانجو تەشەری ئاڕاستە نەکا لەژووری نووستندا نەبێ خۆی لێ گۆشەگیر نەکا.

لـە ئییاسـی کـوڕی عەبـدوڵڵای کـوڕی ئـەبو زوبـاب ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) فـەرمووی: «لاَ تَضْرِبُوا إِمَاءَ اللَّهِ». لەبەنـدە مێینـەکانی خـودا مـەدەن. عومـەری کـوڕی خـەتاب هاتـە خزمـەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: ئافرەتـان وایـان لێ هـاتووەو شوێیان لێ هەڵگێشاوە بەسەر مێردەکانیاندا هەڵدەشاخێن، پێغەمبەر ڕێگای دا لـەژن بـدرێ، ئافرەتگـەلێك دەورەی مـاڵی پێغەمبـەریاندا، شـکایەتیان لـە مێردەکانیان دەکردو نارەزایی خۆیان دەربڕی بەرامبەر ئەو ڕێگە پێدانـە بـە مێردەکانیان، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « لَقَدْ أَطَافَ بِآلِ بَيْتِ مُحَمَّدٍ نِسَاءٌ كَثِيرٌ يَشْكُونَ أَزْوَاجَهُنَّ لَيْسَ أُولَئِكَ بِخِيَارِكُمْ ».[2] ئافرەتگـەلێکی زۆر دەورەی ماڵـە محمـدیان داوە نـاڕەزایی خۆیـان دەردەبـڕن

[1] لەوەپێش لەباسی (مافی ئافرەت بەسەر پیاوەوە) باسکرا.

[2] حسن صحيح: (ص.جة/١٦١٥) ، د(٢١٣٢/١٨٣/٦)، جة(١٩٨٥/٦٣٨/١).

بەرامبەر هەڵس‌و کەوتی مێردەکانیان کە لێیان داون، هەڵبەتە ئەو مێردانە باش نین‌و باشینەکانی ئێوەنین.

لە عەبدوڵڵای کوڕی زەمعەوە ڕیوایەتکراوە: کە گوێی لێ بوو پێغەمبەری خودا دەیفەرموو: «يَعْمِدُ أَحَدُكُمْ يَجْلِدُ امْرَأَتَهُ جَلْدَ الْعَبْدِ ، فَلَعَلَّهُ يُضَاجِعُهَا مِنْ آخِرِ يَوْمِهِ».[1] وادەبێ یەکێك لەئێوە پەلاماری ژنەکەی دەداو دایدەپڵۆسێ دارکاری دەکاو وەکوو چۆن کۆیلەکەی دارکاری دەکا، لەوانەشە کۆتایی ڕۆژەکە سەرجێی لەگەڵدا بکا.

هەرچۆنێك بێ ئەو ئیجرائات‌و چارەسەریانەی دانراون بۆ ناچیزەبوون ئەندازەیەکیان هەیە، هەرکاتێ گەییشتە ئەو ئەندازەیە دەبێ ڕابگیرێن‌و کاریان پێ نەکرێ، چونکە ئەوانە هۆکارو وەسیلەن مەبەست‌و غایەنین، هەرکاتێ مەبەست هاتەدی، هۆکارەکان پێویست نامێنن، قورئان دەفەرموێ: {فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلاَ تَبْغُواْ عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً – النساء/٣٤} ئافرەتە ناچیزەبووەکان کە هاتنەوە ژێر ئیطاعەو بەگوێکردن‌و فەرمانبەرداری، ئیتر واز لەکاراکردنی چارەسەریەکان بێنن، چونکە ئەو هۆکارانە بۆیە دەگیرێنەبەر بۆ قەلاچۆکردنی ناچیزەبوونەکەو دەستەبەربوونی فەرمانبەرداریی‌و ئیطاعەکردنە. کە ئەمانە هاتنەدی، ئیتر جیدی هۆکارەکان ناگیرێنەبەر، بەلام مەرجە دەبێ بەگوێ کردن‌و طاعەتەکە بە تۆپزی نەبێ، بەڵکوو بە ویست‌و ئیختیار بێ، بۆئەوەی بتواندرێ بکرێتە بناغەی دامەزراندنی خێزان‌و کۆمەڵ، چونکە ملکەچکردنی بەتۆپزی‌و زەخت بەرهەمی باشی نابێ‌و ئەو ژن‌و مێردە لێك ناحەسێنەوە.

دەقی قورئان ئاماژە بەوەدەکا: کە پەیڕەوکردنی چارەسەریەکان دوای دەستەبەربوونی ئاکام‌و مەبەستەکان زێدەڕۆیی‌و ستەمکردنە، سەرپێچی

---

[1] متفق عليه: خ(٤٩٤٢/٧٠٥/٨)، م(٢٨٥٥/٢٠٩١/٤)، ت(٣٤٠١/١١١/٥).

کردنی فەرمانی خودایە {فَلاَ تَبْغُواْ عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً – النساء/٣٤} دوای ئەوەی ئافرەتە ناچیزەبووەکان هاتنەوە سەر خەتو فەرمانبەرداری مێردەکانیان بوون، ئیتر واز لە رێگای چارەسەرییەکان بێنن‌و وەلایان بنێن.

ئەمجار دوا بەدوای ئەو نەهیە صەریحە، ئەوە بەگوێچکەی مێردەکاندا دەدا: کە خودا بالاّ دەستو گەورەو بەتوانایەو هەرچی بیەوێ دەیکاو هیچی لێ عاصی نابێ. بۆئەوەی دڵەکان ئارام بگرن سەر رەقی قەڵاچۆ بکرێ، دیاردەی بەغییو سەرپێچی بپوکێتەوە، ئەمەش ئوسلوبێکی قورئانە دەیەوێ بەشێوەی تەرغیبو تەرهیب ئەگەر بڕی دڵو دەروون دیاردەی بەغییو خۆبەزلزانی تێدابێ لەبێخی دەربێنێ.

چارەسەری یاخی بوونی مێرد

قورئان دەفەرموێ: {وَإِنِ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِن بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَن يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا وَالصُّلْحُ خَيْرٌ وَأُحْضِرَتِ الأَنفُسُ الشُّحَّ وَإِن تُحْسِنُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ اللّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا – النساء/١٢٨}، ئەگەر ئافرەتێك ترسا لەوەی مێردەکەی لێی یاخی بێ، بەگوێرەی پێویست هەڵس‌و کەوتی مێردانەی لەگەڵ نەکا، روی نەدەدایە، بژیوی پێویستی بۆدابین نەدەکرد، بە سۆزو رەحمەوە لەگەڵی نەدەدوا، لەبەر هەر هۆیەك لە هۆیەکانی (ناشیرینی، پیری، نەخۆشی ... هتد) ئەوە لەو حاڵەندا چ خراپیەك نیە: کە پەنا ببرێتە بەر صوڵح‌و ئاشتەوایی‌و رێکەوتن، بەمجۆرە ئافرەتەکە واز لەهەندێ مافی خۆی بێنێ بۆئەوەی لەژێر نیکاحی مێردەکەیدا بمێنێتەوەو رێگابدا مێردەکەی ژنێکی تر بێنێ، یان برێ لە ماڵی خۆی بدا بە مێردەکەی بۆئەوەی تەڵاقی بداو لەدەستی رزگاری بێ، هەڵبەتە هەموو کاتێ صوڵح‌و رێککەوتن باشترە لە لێك جیابونەوەو تەڵاقدان، یان لەناچیزەبون‌و روو لێ وەرگێران، یان لەشەڕو ئاژاوەو پشێوی ناو خێزان. ئەمەش بۆ پارێزگاریکردن

لەسەر مانەوەی چەتری خێزانو تێك نەڕوخانیو بەرقەراربوونی گرێبەستی ژنو مێردایەتی. خۆ ئەگەر ئەو مێردانەی گلەییان لەژنەكانیان هەیە لەڕوی ناشیرینی، پیری، نەخۆشی....هتد. ئارام بگرنو چاوپۆشی بكەن لە كەمو كوڕی خێزانەكانیانو پەنا نەبەنە بەر ناچیزەبوونو توندو تیژی لەگەڵ ژنەكانیانو ئاژاوەو پشێوی نەنێنەوە، ئەوە خودا ئاگاداری ئەو چاكەیەو پاداشی ئەو مێردە خۆگرانە دەداتەوە.

بێگومان لەوەپێش مەنهەجی ئیسلامی حاڵەتی ناچیزەبوونی ئافرەتی رونكردەوە، باسی ئەو ئیجرائاتانەی كرد كە بەرچاو دەگیرێن بۆ پارێزگاریكردنی كیانی خێزانو پەیوەندی نێوان ژنو مێرد.

ئێستا باسی رێكخستنو چارەسەركردنی حاڵەتی ناچیزەبوونی مێرد دەكا، كاتێ هەست دەكرێ دیاردەی ناچیزەبوون لەلایەن پیاوەوە سەر هەڵدەداو ئەمنو كەرامەتی ئافرەت دەخاتە خەتەرەوە، كەرامەتو ئاسایشی خێزان بەرەو هەڵدێرو روخان دەبا.

بێگومان دڵەكان گۆڕانكارییان بەسەردا دێو هەستو شعورەكان دەگۆڕێن، ئایینی ئیسلامیش مەنهەجی ژیانە، هەموو كێشەو گیرو گرفتەكانی ژیان چارەسەر دەكاو رێگا چارەیان بۆ دەدۆزێتەوە، بۆ هەموو چورتمو گیرو گرفتێكی ژیان چارەسەرو دەرمانی داناوە، نەخشەو پلانی دامەزرانی كۆمەڵو بەڕێوەچوونی داناوە. داوادەكا كۆمەڵگاو خێزانو تاك بەپێی ئەو بەرنامەو نەخشەو پلانە بەڕێوە بچنو رەفتاربكەن.

هەركاتێك ئافرەت هەستی كرد كە لەلایەن مێردەكەیەوە پاشگوێ خراوەو ئەم پاشگوێ خستنەش سەردەكێشێ بۆ تەڵاقو دەست لێك بەردان - كەلای خودا دزێوترین حەڵاڵە - یان سەردەكێشێ بۆئەوە مێردەكەی بە تەواوی پشتی تێ بكاو بە موعەللەقی بیهێڵێتەوە، نە ژنی مێرداربێ نە ژنی

تەڵاقدراوبێ بتوانێ بۆ خۆی داهاتووی خۆی دەست نیشان بکا، ئەوە لەم حاڵەدا هیچ خراپیەکی تێدانیە بۆ خۆیو بۆ مێردەکەی؛ کە پەنابەرنە بەر صوڵحو ئاشتەواییو لەنێو خۆیان رێك بکەون؛ بەم جۆرە ئافرەتەکە چاوپۆشی لەهەندێ بەرژەوەندی خۆی بکا، لەبەشێك لە مارەییو بژێوی خۆی گەردنی مێردەکەی ئازادبکا، یان ئەگەر مێردەکەی ژنی تری هەبوو رێگای بدا زیاتری کات لای ژنەکەی تری بمێنێتەوەو واز لە بەرژەوەندی خۆی بێنێ بۆ هەوێیەکەی بەتایبەتی ئەگەر ئەم خۆی پیربوبوو تەڕو تازەیی نەمابوو جازیبییەتی ژنانەی لەدەست دابوو.

هەموو ئەم چاوپۆشیو وازهێنان لە بەرژەوەندیو ئیثارو شتانە بە ویستو ئیرادەی خۆی بێو زۆرە ملێو زەختی لەسەر نەبێ، بۆ خۆی بارودۆخو بەرژەوەندیی خۆی مەزندەبکاو بڕیاری لەسەربداو بگاتە قەناعەت کە ئەمەی باشترە لەوەی تەڵاق بدرێ، ئەمەیە کە قورئان ئامازەی پێ کردووەو فەرموویەتی: {وَإِنِ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِن بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلاَ جُنَاْحَ عَلَيْهِمَا أَن يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا – النساء/١٢٨}.

ئەمجار بەشوێن ئەم ئامۆژگاریو حوکمەدا، ئاماژە بەوەدەکا کە بەشێوەیەکی گشتی صوڵح کردن باشترە لە تەڵاقدانو ناچیزەبونو روێ وەرگێڕانو پشت تێکردن، دەفەرموێ: {وَالصُّلْحُ خَيْرٌ – النساء/١٢٨}.

ئەمجار پیاو هەڵدەنێ بۆئەوەی چاکەکاربێ لەگەڵ ژنێك کە لایەنی ئاشتەوایی بگرێتەبەرو واز لەهەندێ بەرژەوەندیی خۆی دەهێنێ بۆ رازی کردنی مێردەکەیو رونەدانی تەڵاقو نانەوەی ئاشوبو کێشە. ئەوەش رادەگەیەنێ: کە پەروەردگار ئاگادارو زانایە بە چاکەو رەفتار باشی پیاوەکە لەگەڵ ئافرەتەکەداو پاداشی باشی دەداتەوە. دەفەرموێ: {وَأُحْضِرَتِ الأَنفُسُ الشُّحَّ وَإِن تُحْسِنُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ اللّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا – النساء/١٢٨}.

دەربارەی هۆکاری نازڵبوونی ئەم ئایەتە ئەبو داود ڕیوایەتێك لە هیشامی کوڕی عوروە دەگێڕێتەوە دەڵێ: خاتو عائیشە (ڕەزای خودای لێ بێ) پێی وتم: ئەی خوشکەزای خۆشەویستم! پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەیەکچاو سەیری خێزانەکانی دەکرد هیچ کامەمانی لەوی تر بەلاوە لەپێشتر نەبوو وەکوو یەك لەلامان دەمایەوەو چ فەرقو جوداوازی لەنێوانماندا نەدەکرد، کەم وارێ کەوتووە شەوێك هەمووەمانی بەسەر نەکردبێتەوە، بەسەرماندا دەگەڕاو ئەحواڵپرسی دەکردین، تا دەگەیشتە ماڵی ئەوەمان کە نۆرەی بوو شەو لای بمێنێتەوە، ئیتر لای دەمایەوە. سەودەی کچی زەمعە کاتێ کەوتە ساڵەوەو ترسا لەوەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لێی جیابێتەوە، عەرزی پێغەمبەری کرد: کە نۆرە مانەوەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەلای، دەبەخشێ بە خاتو عائیشە، پێغەمبەریش ئەوەی لێ قبوڵ کرد، عائیشە دەفەرموێ: ئایەتی {وَإِنِ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِن بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلاَ جُنَاْحَ عَلَيْهِمَا أَن يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا وَالصُّلْحُ خَيْرٌ وَأُحْضِرَتِ الأَنفُسُ الشُّحَّ وَإِن تُحْسِنُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ اللّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا – النساء/١٢٨} دەربارەی سەودەو ئافرەتی تری لەوجۆرە نازڵ بووە.

کاتێك کێشەی نێوان ژنو مێرد پەرەی سەند چی بکرێ باشە؟

قورئان دەفەرموێ: {وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُواْ حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَا إِن يُرِيدَا إِصْلاَحًا يُوَفِّقِ اللّهُ بَيْنَهُمَا إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا – النساء/٣٥}: ئەگەر کێشەی نێوان ژنو مێرد پەرەی سەندو ترسی ئەوەتان هەبوو کێشەکەیان سەربکێشێ بۆ تەلاقو لێك جودابوونەوەو شەڕو ئاژاوەی بەردەوام، ئەوە هەوڵی ئاشتبوونەوەو ئاشتەواییان بدەن حەکەمێك لە خزمی ئافرەتەکەو حەکەمێك لەخزمی پیاوە کە دەست نیشان بکەنو بیاننێرن

بۆئەوەی لەنزیکەوە گوێ لەڕازو گلەیی هەردوو ژنو مێردەکە بگرن؛ بزانن خەتای کامیانە، ئەوجا هەوڵی ڕێکخستنەوەو کوژانەوەی ئاژاوە بدەن، ئەگەر ئەو دوو حەکەمەو ژنو مێردەکە مەبەستیان بی ڕێك بکەونەوە خودا سەرکەوتوویان دەکا بۆ پێکهاتنەوەو ئاشتبوونەوە، بێگومان خودا زاناو خەبەرداره بەنیازو مەبەستی هەموو لایەکیان.

ئەوەی لەوەپێش باسکرا بۆ چارەسەری ناچیزەبوونی ژنو مێرد بۆ کاتێکە کەناچیزەبوونەکە رووی نەدابێ‌و رانەگەیەندرا بێ، هەوڵی ئەوە بدرێ نەهێڵدرێ دیارده سەرەتاییەکانی سەرهەڵبدەن، بەڵام کاتێ ناچیزەبوونەکە روویدا، ئیتر ئەو ئیجرائاتو چارەسەریانە پەیرەو ناکرێن، چونکە پەیرەوکردنیان بێ هودەیە، بەرهەمی نابێ، ئێستا ناچیزەبوون روویداوەو بەربەرەکانی‌و شەڕوکێشە ئیعلان کراوە، هەریەکەیان دەیەوێ سەری ئەویتریان پان بکاتەوە، کەواتە ئەم حاڵەتە چارەسەری تری گەرەکە، دەردەکە دەرمانی تری دەوێ.

هەروەها کەبیندرا بەکارهێنانی ئەم ئیجرائاتانە بێ سوده پتر ئاژاوەکەی نێوان ژنو مێردەکە بەهێز دەکەن‌و ناچیزه بوونەکە بەدی دێنن‌و هێڵەکانی نێوانیان کەهێشتا نەپچڕاون دەپچڕێنن، یان کەزانی پەیرەوکردنی ئەو ئیجرائاتو هۆکارانە بێ ئاکامن‌و نەتیجەیان نابێ، لەم حاڵەتانەدا بەگشتی مەنهەجی ئیسلامی ئاماژه بە چارەسەرییەکی تر دەکاو دەرمانێکی تر بۆ نەخۆشییەکە دەستنیشان دەکا، بۆ ئەوەی ئەو خێزانە نەڕوخێ‌و ئەو گرێبەستو دامەزراوەیە هەڵنەوەشێتەوە، ئەو پەیوەندییە گیانی‌و ماددییە نەپچڕێ‌و ئەو هێلانە تێك نەچێ، نەهێڵدرێ هەروا بەهەوانتە ئەو خێزانە تێك بچن‌و ئەو گرێبەستە پیرۆزه هەڵبوەشێتەوە. بۆیە دەفەرموێ: {وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُواْ حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَا إِن يُرِيدَا إِصْلاَحًا يُوَفِّقِ

اللّهُ بَيْنَهُمَا إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا – النساء/٣٥}: بەڵێ ئەوە مەنهەجی ئیسلامییە، بانگەوازی ناکا بۆ دەستەوەستانبوونو ملکەچکردن بۆ دیاردەی ناچیزەبوونو بەرپابوونی ئاژاوەی ناو خێزان، هەروا ڕێگە نادا خێرا گرێبەستی نێوان ژنو مێردەکە لەڕێگەی تەلاقەوە بپچڕانی بەسەردا بێو خێزان تێك بچێو لانە لەمنالو زارۆك تێك بچێو خەسوو خەزورو کەسانی تر خەفەتبار بکرێن، خزمایەتی بگۆڕدرێ بە دوژمنایەتیو خۆشەویستی بەرقو کینە، کە لەڕوخانی خێزاندا جگە لەژنو مێرد کە دەستیان هەیە لە ڕوخانەکەدا کۆمەڵێك خەڵکی تر بەمنداڵو گەورەوە دەبنە قوربانیو ستەم لێ کراو هیچ دەسەڵاتێکیشیان نیە.

جا لەڕوانگەی ئەوەوە کە دامەزراوەی خێزان دامەزراوەیەکی پیرۆزو بەنرخە لەدیدی ئیسلامدا، ڕۆڵی هەیە لەپێکهاتەی کۆمەڵگادا لە گەشەکردنو بەرەو پێشەوە چوونیو تەزویدکردنی بەچینی تازەو پێشکەوتنی لە ڕەورەوەی مێژوودا، بۆیە ئیسلام پەنا دەباتە بەر ئەم دوا چارەسەرییە، ئەویش ئەوەیە: هەرکاتێ ترسی شیقاقو دەست لێك بەردان هاتە کایەوە ئیسلام فەرمان دەکا بە بنەماڵەو خانەوادەی هەردوولا: کە هەرلایەکیان حەکەمێك دەست نیشان بکەن، حەکەمێك لەخانەوادەی ئافرەتەکەو حەکەمێك لەخانەوادەی پیاوەکە بەهێدیو لەسەرەخۆ کۆببنەوە بە ئەعصابێکی ساردو دوور لەهەڵچوون و ئینفیعالو هەڵدانەوەی لاپەڕەی کۆنو ئەو هۆکارانەی جەوی ژنو مێردایەتی لێ لێڵ کردوونو کێشەکەیانی بە بنبەست گەیاندووە، شتی بچوکی لێ گەورە کردوون، پەیوەندییە ئەرێنیو هۆکارە جوانەکانی ژنو مێردایەتی لێ پەردەپۆش کردوون، هەروا دەبی ئەو حەکەمە حەریص بن لەسەر پارێزگاری سومعەی هەردوو بنەماڵەو بەسۆزو ڕەحم بن بۆ منداڵی ژنو مێردەکەو پاشەڕۆژیان، گیانی تۆڵە ساندنەوەو

سەرخستنی لایەکیان بەسەر لاکەی تریاندا تێدا نەبێ، بەیەك چاو سەیری هەردوو لابکەن، بەرژەوەندیو خێری هەردوولایان مەبەست بێ، بیانەوێ ئەو خێزانە لە لێك هەڵوەشانو دەست لێك بەردان بپارێزنو نەهێڵن ئەو لانە پیرۆزە تێك بچێ.

لەهەمان کاتدا هەردوو لە حەکەمەکان ئەمینو باوەڕ پێکراون لەسەر پاراستنی نهێنی ژنو مێردەکان چونکە خزمو ئەهلی خۆیانن، ئەگەر نهێنییەکیش هەبێ ئەوان دەیپارێزنو بڵاوی ناکەنەوە، چونکە هیچ بەرژەوەندییان لە ئاشکراکردنی ئەو نهێنییەدا نیە بەڵکوو بەرژەوەندییان لەوەدایە سوڕگومی بکەنو موداراتی لەگەڵدا بکەن.

هەردوو حەکەمەکە کۆدەبنەوە بە مەبەستی ڕێکخستنەوەو چاککردنەوەی نێوان ژنو مێردەکە، ئەگەر لەناخی ژنو مێردەکەدا ڕەغبەتی ڕێککەوتنەوە هەبێو بیانەوێ دەست لێك بەرنەدەن، ئەوەی کەوتۆتە نێوانیانەوە ڕق هەڵسانێك بووە ئەو ڕەغبەتەی داپۆشیوە، ئەوە بێگومان بەیارمەتی ئەو ڕەغبەتەی ئەوانو دڵسۆزی خۆیان خودا بەرەکەت دەخاتە هەوڵەکانیانەوەو سەرکەوتوو دەبن لەصوڵحو ڕێکخستنەوەکەیاندا {إِن يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا – النساء/٣٥} ئەوان بەدڵسۆزی هەوڵی صوڵح دەدەن خوداش یارمەتیدەریان دەبێو سەرکەوتوویان دەکا لەئیشەکەیاندا.

شتێك حەڵاڵ بێ بۆ لەخۆمانی حەرام بکەین؟
بۆ شتێك حەڵاڵە بۆت لەخۆتی حەرام دەکەی؟

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئەمەتەیەکی هەبوو دەچووەلای، خاتو عائیشەو خاتو حەفصەی خێزانی هەمیشە دژی بوونو باسیان دەکرد تا وایان لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کردلەخۆی حەرام بکا! ئیتر پەروەردگار ئایەتی {يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ

تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ – التحريم/١} نازلکرد: ئەی پێغەمبەری خودا! بۆچی شتێك لەخۆت حەرام دەکەی کە خودا بۆی حەلاڵ کردووی؟ دەتەوێ بەوکارەت خێزانەکانت ڕازی بکەی.

له ئیبنو عەبباسەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، فەرموویەتی: ئەگەر پیاو خێزانی خۆی لەخۆی حەرام کرد ئەوە بەسوێند دادەنرێ‌و پێویستە کەفارەتی بدا، ئەمجار ئایەتی {لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ – الأحزاب/٣١} خوێندەوە: بێگومان لە ڕەفتارو هەڵس‌وکەوتی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) بۆ ئێوە قودوەت‌و چاولێکەری هەیەو شوێنی بکەون.[1]

کەسێك بەژنەکەی بڵێ ئەتۆ لەمن حەرام بی کەفارەتی سوێندی دەکەوێتە سەر، هەر ئەوەشە لەقورئاندا ئاماژەی پێ کراوە دەفەرموێ: {لاَ يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاَثَةِ أَيَّامٍ ذَلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ وَاحْفَظُواْ أَيْمَانَكُمْ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ – المائدة/٨٩}.

سوێندخواردنی مێرد لەخێزانی (الایلاء)

ئەگەر پیاو سوێندی خوارد لەژنەکەی کە سەرجێی نەکا بۆ ماوەیەك کەمتر لەچوار مانگ، ئەوە واباشە کەفارەتی سوێندەکەی بداو بچێتە لای ژنەکەی. چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَنْ حَلَفَ عَلَى يَمِينٍ فَرَأَى غَيْرَهَا خَيْرًا مِنْهَا فَلْيَأْتِهَا وَلْيُكَفِّرْ عَنْ يَمِينِهِ».[2] کەسێك

---

[1] متفق علیه: م (١٤٧٣/١١٠٠/٢) وهذا لفظه، خ (٥٢٦٦/٣٧٤/٩).

[2] صحیح: (ص/٦٢٠٨)، م (١٦٥٠/١٢٧١/٣)، ن (١١/٧)، جه (٢١٠٨/٦٨١/١).

سوێندی خوارد کە کارێك نەکا یان بیکا دوایی بۆی دەرکەوت پێچەوانەکەی باشترە باسوێندەکەی لەخۆی بخاو کەفارەتی بدا.

ئەگەر کەفارەت نەدا دەبێ خۆبگرێ تا ماوەکە بەسەر دەچێ. پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) سوێندی لەخێزانەکانی خوارد کە بۆ ماوەی مانگێك نەچێتە لای خێزانەکانی «آلَى رَسُولُ اللَّهِ – صلى الله عليه وسلم – مِنْ نِسَائِهِ ، «وَكَانَتِ انْفَكَّتْ رِجْلُهُ ، فَأَقَامَ فِي مَشْرُبَةٍ تِسْعًا وَعِشْرِينَ لَيْلَةً».

وتیان ئەی پێغەمبەری خودا! (دروودی خودای لەسەر بێ) جەنابت سوێندەکەت بۆ مانگێك خواردبوو؟ فەرمووی: «إِنَّ الشَّهْرَ يَكُونُ تِسْعًا وَعِشْرِينَ» مانگ‌و بیست‌و نۆ رۆژ دەبێ.

وەڵێ ئەگەر مێرد سوێندی خوارد کە هەرگیز نەچێتە لای خێزانی، یان ماوەی دیاری کرد زیاد لەچوار مانگ بوو، ئەوە ئەگەر کەفارەتی سوێندەکەی داو چووە لای خێزانی ئەوە باشە، ئەگینا چاوەڕێ دەکرێ تاماوەی چوار مانگ تێپەڕ دەبێ، پاشان ئافرەتەکە داوای لێ دەکا یان هەڵس‌وکەوتی ژن‌و مێردایەتی لەگەڵ بکا، یان تەلاقی بدا، چونکە خودا دەفەرموێ: {لِّلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ فَإِنْ فَآءُو فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ. وَإِنْ عَزَمُواْ الطَّلَاقَ فَإِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ – البقرة/٢٢٦-٢٢٧}: ئەوانەی سوێند لەژنەکانیان دەخۆن بۆ ماوەی چوار مانگ مۆڵەتیان دەدرێتێ، جا ئەگەر لەو ماوەدا مێرد کەفارەتی سوێندەکەی داو هەڵس‌وکەوتی خۆی لەگەڵ خێزانیدا ئاسایی کردەوە، ئەوە خودا لێخۆشبووەو بە بەزەییە، خۆ ئەگەر مێردەکان لەو هەڵس‌وکەوتەی خۆیان پەشیمان نەبوونەوەو بڕیاری دەست لێك بەردان‌و تەلاقیان گرتە بەر ئەوە خودا شنەواو بینایە.

لەئیمامی نافیع ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە ئیبنو عومەر (ڕەزای خودای لێ بێ) دەربارەی ئەو (ئیلا)یەی خودا لە قورئاندا ناوی هێناوە، دەیفەرموو:

حـەڵاڵو ڕەوا نیـە بـۆ مێردەکـەی دوای تـەواوبوونی مـاوەی سـوێندەکە بـە موعەلـلـەقی ژنەکـە بهێڵێتــەوە بـەڵکوو دەبـێ یــان بەشـێوەیەکی ئاسـاییو مەعروف ژنەکە لای خۆی بهێڵێتەوەو ژیانی ژنو مێردایەتی لەگەڵدا دەست پـێ بکاتـەوە یـان پەنابەرنـە بـەر ڕێگاچـارەی تـەڵاق، وەکـوو خـودا فـەرمانی کردووە.

ظیهار کردنی مێرد لەژنی خۆی

کەسـێك بـەخێزانی خـۆی بڵـێ: تـۆ وەکـوو دایکـم وای بـۆمن، ئـەوە بەظیهارکەر حیساب دەکرێو یەکسەر ژنەکەی لێ حـەرام دەبـێ. نابـێ بـەهیچ شێوەیەك توخنی بکەوێ، هـەتا ئـەو کەفارەتـەی کـە لـەم ئایەتانـەی دوایـیدا دیاری کراوە دەفعی دەکا کـە دەفـەرموێ: {وَالَّـذِينَ يُظَـاهِرُونَ مِـن نِّسَائِهِمْ ثُـمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْـلِ أَن يَتَمَاسَّـا ذَلِكُـمْ تُوعَظُـونَ بِـهِ وَاللَّـهُ بِمَـا تَعْمَلُـونَ خَـبِيرٌ. فَمَـن لَّـمْ يَجِـدْ فَـصِيَامُ شَـهْرَيْنِ مُتَتَـابِعَيْنِ مِـن قَبْـلِ أَن يَتَمَاسَّـا – المجادلة/٣}: ئەوانەی ظیهار لەژنـەکانیان دەکـەن بـەم جـۆرە مێـرد بـەخێزانی بڵێ: تۆ وەکوو پشتی دایکم وای، وەکوو دایکـم سـەیرت دەکـەم، ئـەوە یـەکسەر ژنەکەی لێ حەرام دەبێ، دەبـی پـێش ئـەوەی بـچنە لایـانو سـەرجێیان بکـەن، کـەفارەتی سـوێندەکەیان بـدەن: کەبریتیـە لـەئازادکردنی کۆیلەیـەك {ذَلِكُـمْ تُوعَظُونَ بِهِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ. فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا فَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِـسْكِينًا ذَلِـكَ لِتُؤْمِنُـوا بِاللَّـهِ وَرَسُـولِهِ وَتِلْـكَ حُدُودُ اللَّهِ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ – المجادلة/٤}: کەسێك کۆیلەی دەست نەکەوت یان بـۆی هەڵنەسوڕا دەبـێ دوو مـانگ لەسـەریەك بـەرۆژو بـێ، پـێش ئـەوەی سـەرجێی لەگـەڵ ژنەکـەی بکـا، ئەگـەر نـەیتوانی بـەرۆژو بـێ دەبـێ خـۆراکی شەسـت هـەژار بـدا؛ شەسـت کەسـی هـەژار ژەمێـك تێـر بکـا لـەخواردنێکی

مامناوەندی کەخۆی دەیخوا {ذَلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ – المجادلة/٤}.........

لەخوومیلەی کچی مالیکی کوڕی ثەعلەبەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: مێردەکەم کەناوی ئەوسی کوڕی صامیت بوو ظیهاری لێ کردم، منیش هاتمە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) شکاتم لە ئەوس کرد، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەربارەی ئەوس بەرپەرچی دەدامەوە، دەیفەرموو: لەخودا بترسە ئەو کوڕی مامی خۆتە، زۆری پێ نەچوو، نیگا هاتە خوارەوە {قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ – المجادلة/١}. بێگومان خودا وتەو سکاڵای ئەو ئافرەتەی بیست کە دەربارەی مێردەکەی لەگەڵ تۆ دەدوا ئەی پێغەمبەری خودا!

کە ئەم نیگایە دابەزی، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: دەبێ کەفارەت بداو کەفارەتەکەشی ئازادکردنی کۆیلەیەکە، خوومیلە وتی: ناتوانێ کۆیلە بکڕێو ئازادی بکا، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: دەبێ دوو مانگ لەسەر یەك بەرۆژو بێ، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەو پیرەمێردێکی کەنەفتە ناتوانێ بەرۆژو بێ، فەرمووی: دەی با خۆراکی شەست مرۆڤی هەژار بدا، وتی: ئەوس هیچی نیە خۆراکی شەست کەس بدا، جا خوومیلە دەڵێ: لەوکاتەدا عەربەخورمایەکیان هێنایە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وتم: ئەی پێغەمبەری خودا! (دروودی خودای لەسەر بێ) منیش دەتوانم عەربەخورمایەکی بدەمێ، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « قَدْ أَحْسَنْتِ اذْهَبِي فَأَطْعِمِي بِهَا عَنْهُ سِتِّينَ مِسْكِينًا وَارْجِعِي إِلَى ابْنِ عَمِّكِ». هەڵوێستێکی باش دەنوێنی برۆ

ئەو خورمایە بەسەر شەست هەژاردا دابەش بکە. دەڵێ: (العَرَق) شەست ربە خورما دەگا.[1]

لە عورەوەی کوڕی زوبەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: خاتو عائیشە فەرمووی: پاك‌و مونەزەهە ئەو خودایەی گەشنەوای هەموو شتێکە، وەڵڵاهی من قسەکانی (خولە) لەگوێچکەمدا دەزرنگێتەوەو هەندێ لەقسەکانیم لەبیر چۆتەوە، ئێستا لەیادمە کە خەولە چۆن سکاڵای خۆی لەخزمەت پێغەمبەردا دەکردو دەیگوت: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەوس گەنجی منی فەوتاندووە تا گەنج بووم‌و بە بەرمەوە بوو لەگەڵی رابواردم منداڵم لێی بوون، ئێستا کەپیر بووم‌و لەسك‌وزا وەستاومەوە ظیهاری لێ کردووم‌و وەلای ناوم، خودایە من سکاڵای خۆم لای تۆ دەکەم لەسەر ئەو ستەمەی لێی کردووم، ئیتر ئەوەندەی نەبرد حەزرەتی جوبرائیل ئەم ئایەتە قورئانیانەی هێنان. دەفەرموێ: {قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ – المجادلة/١}.[2]

کەسێك ظیهاری لەژنەکەی بکا بۆماوەی ڕۆژێك یان مانگێك یان ماوەیەکی لەو جۆرەو پێی گوت: ئەتۆ بۆ ماوەی مانگێك وەکوو دایکم وابێ، ئەوە بە ظیهارچی دەژمێردرێ، جا ئەگەر لەو ماوە دیاریکراوەدا پابەندی ظیهارەکە بوو، ئەوە هیچی ناکەوێتە سەر، بەڵام ئەگەر پێش تەواوبوونی ماوەی ظیهارەکە چووە لای ژنەکە ئەوە دەبێ کەفارەتی ظیهاربدا، کۆیلەیەك ئازاد بکا، ئەگەر بۆی هەڵنەسوڕا دوومانگ لەسەریەك بەڕۆژوو بێ، ئەگەر نەیتوانی خۆراکی شەصت هەژاربدا.

---

[1] حسن (ص/١٩٣٢)، دون قوله (والعرق)، د (٦/٣٠١/٢١٩٩).

[2] صحيح: (ص.جة/١٦٧٨)، جة(١/٦٦٦/٢٠٦٣).

له سەلەمەی کوڕی صەخری (ألبیاضی)یەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: من زۆرم ئارەزۆ لەسەر جێیی کردنی ئافرەت بوو، بڕواناکەم کەس بە ئەندازەی من کاری سێکسی لەگەڵ خێزانی خۆی کردبێ، ساڵێك کە مانگی ڕەمەزان داهات ظیهارم لە خێزانم کرد: وتم: هەتا ڕەمەزان تەواو دەبێ ئەتۆ وەکوو دایکم وابی، ماوەیەکی پێچوو شەوێك ژنەکەم قسەی بۆ دەکردم شوێنێکی جەستەییم بەرچاوکەوت، خۆم پێ نەگیراو عەمبازی بومێو سواری بووم، بۆ بەیانی کە چوومە ناو دۆستو برادەرەکانم ئەم ڕوداوەم درکاندو پێم گوتن پرسیارم بۆ لە پێغەمبەر بکەن ئاخۆ حوکمی ئەم کارەی من چۆنەو چییە؟ وتیان بەخودا ئێمە شتی واناکەین ئەگەر پرسیاری لەوجۆرە لە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بکەین نیگای خودایی دەربارەمان نازڵ دەبێ، یان پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەوبارەوە فتوایەك دەفەرموێ: ئەوکاتە عەیبەمان توش دێ، لەبەرئەوە ڕومان نایە ئێمە پرسیاری لەو جۆرەت بۆ بکەین. ئێمە بەو تاوانە دەتدەینە دەست پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ). بڕۆ بۆخۆت ئەوکارەی خۆت بۆ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) باسبکە. سەلەمە دەڵێ: ئیتر بۆخۆم چووومە خزمەت پێغەمبەرو ڕوداوەکەم بۆ باسکرد، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أَنتَ بِذَاكَ»؟ ئەتۆ شتی وات لێ ڕودراوە؟ عەرزم کرد بەڵێ من ئەوەم لێ قەوماوە. ئەوەتا ئێستا ملکەچی فەرمانی خودامو چی پێویست بێ لەسەرم ئەنجامی دەدەم. پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: کۆیلەیەك ئازادبکە، دەڵێ وتم: سوێندم بەوکەسەی تۆی کردووە بە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) هیچم نیەو دارای هیچ کۆیلەیەك نیم، تەنها خۆم شك دەبەم. فەرمووی: دەی کەوایە دوومانگ لەسەر یەك بەڕۆژوبە. دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خودا! من بەهۆی ڕۆژوەوە تووشی ئەم بەڵایە بوم،

بەهیچ جۆرێك ناتوانم بەڕۆژووبم. فەرمووی: دەی کەوایە ژەمێك خواردنی شەصت هەژاربدە، دەڵێ: وتم: سوێند بەوکەسەی تۆی کردووە بە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئەمشەو بەبێ شێو سەرمان ناوەتەوەو هیچمان نەبوو بیخۆین، فەرمووی: دەبڕۆ بۆلای بەرپرسی زەکات کۆکەرەوەی هۆزی (زریق) پێی بڵێ: با باربۆت بکاو یارمەتیت بدا لەو باربووکردنە خۆراکی شەصت هەژاری لێ بدەو ئەوی مایەوە بۆ خۆت کەڵکی لێ وەربگرە.[1]

شایەت لەم فەرموودەدا ئەوەیە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئینکاری ظیهارکردنەکەی نەکرد بەڵکوو ئەوەی پێ ناخۆش بوو کەپێش تێپەڕبوونی ماوەکە سەرجێیی خێزانەکەی کردوە.

حوکمی ظیهار

ظیهارکردن حەرامەو کارێکی باش نیە، خودا بەوە وەصفی کردوە کە وتەیەکی مونکەرو بوختان ئامێزە. ئەوەتا قورئان دەفەرموێ: {الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَائِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَاتِهِمْ إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ إِلَّا اللَّائِي وَلَدْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَرًا مِّنَ الْقَوْلِ وَزُورًا وَإِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ – المجادلة/٢}. ئەوانەی لەئێوە – ئەی کۆمەڵی موسوڵمانان – ظیهار لەگەڵ ژنەکانیان دەکەن، ژنەکانیان دەشوبهێنن بە دایکیانو بەمجۆرە یەکێك بەژنەکە دەڵێ: تۆ وەك پشتی دایکم وای بۆ من، واتە: لێم حەرامی وەکوو چۆن دایکم لێم حەرامە، ئەوانە بەهەڵە چوون، درۆیەکە دەیکەن بەو قسە پڕوپوچە ژنەکانیان نابن بەدایکیان. دایکیان ئەوانەن بەوەلەدیان هێناون بێگومان ئەوانەی ظیهار دەکەن بەمجۆرە مێرد بەژنەکەی دەڵێ: تۆ وەکوو پشتی دایکم وای بۆ من، قسەیەکی ناشیرینو قێز لێکراو دەڵێن، قسەیەك دەڵێن شەرع بەڕەوای

---

[1] صحيح: (ص.جة/١٦٧٧) ، جة(٢٠٦٢/٦٦٥/١)، د(٢١٩٨/٢٩٨/٦)، ت(١٢١٥/٣٣٥/٢) مختصراً.

نازانـیو عـەقڵ وەری نـاگری. بێگومـان خـودا لێبـوردنی زۆرەو لێخۆشـبوە کەفارەتی دیاری کردووە بۆئەوەی لەو تاوانە رزگارتان بێ.

الطلاق (تەڵاق)

لـەوەپێش زانیمـان ئیـسلام چـەند سـوورە لەسـەر پێکهێنـانی خێـزانو پارێزگـاریکردنیو ژیـان تێـدا بەسـەربردن بەشـێوەی ئاشـتیو خۆشەویـستیو بەختەوەری بۆ هەموو تاکەکانی، هەروا زانیمـان چۆن رێگاچارەی دانـاون بـۆ هەر تەنگژەو ناکۆکییەك کە دەکەوێتە ناو خێزانەوە، جا هۆکارەکـەی یـەکێك لەژنو مێرد بێ یان هەردوکیان بن.

وەلێ جـاری واهەیـە ئـەم چارەسـەریانە سـوودیان نابـیو کێـشەکە لـەوە گــەورەترە چارەســـەری بکــرێو نەهێڵـــدرێ لانـــەو چـــەتری خێـــزان هەڵنەوەشێتەوە. لەم حاڵەدا ناچار پەنا بۆ چارەسەری تەڵاق دەبردرێ.

هەرکەسـێك لـە حوکمـەکانی تـەڵاقو قۆناغـەکانی وردبێتــەوە بـۆی دەردەکـەوێ ئـایینی ئیـسلام چـەند حەریـصە لەسـەر دامـەزراوەی خێـزانو بــەردەوامبوونی تــەبایی نێـوان ژنو مێـردو پـەروەردەکردنی منـداڵ تێیـدا بەشێوەیەکی رێكو پێك.

ئەوەتا ئایینو شەریعەتی ئیسلام لە کاتێکدا کە رێگای داوە رێگای تەڵاق بگیرێتەبەر، نەهاتووە بەیـەکجار کۆتـایی بـە تەڵاقدانەکـە بهێنـیو پەیوەنـدی نێـوان ژنو مێردەکـە بپـچرێنێو رێگـای سـەرلەنوێ دەسـتپێکردنەوەی ژیـانی ژنو مێردایەتی ببەستێ، بەڵکوو کە رێگای داوە پەنابردن بـۆ تـەڵاق فـەرمانی کردوە بەسێ قۆناغ ئەنجام بدرێ. ئەوەتا قورئان دەفـەرموێ: {الطَّلاَقُ مَرَّتَـانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ – البقرة/٢٢٩}.

تەڵاق دووجارەو دەبێ هەرجارەی تەڵاقێك بداو تەڵاقدانەکـەش لـەکاتی وادابێ کاریگەری لەسەر ماوەی عیددە نەبێ. ماوەی نێوان تەڵاقدانـەکان وابـێ

ژن‌و مێردەکە بیر لە قازانج‌و زەرەری خۆیان بکەنەوە بتوانن ئەگەر بیانەوێ ڕێك بکەونەوەو لانەی خێزان تێك نەدەن. جا ئەگەر مێرد جاری یەکەم تەلاقێکی ژنەکەیدا نابێ شوێن‌و مەکان لەژنەکە تێك بدا لە ماڵ‌و شوێنی خۆی دەری بکا هەتا عیددەی تێپەڕدەبێ، بەڵکوو ژنەکەش نابێ لەو شوێن ماڵە دەربچێ، عیلەت‌و بابیسیش بۆئەوە هیوای نەمان‌و قەلاچۆ بوونی ئەو رق‌و عەزەبەیە کە بۆتە هۆکاری تەلاقەکە. وێڕای ئەوەش ئیسلام دوای ڕودانی تەلاق ژن‌و مێرد هەڵدەنێ بۆ ئاشتبوونەوەو ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی نێوانیان. ئەوەتا پەروەردگار دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاء فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِن بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّا أَن يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ لَا تَدْرِي لَعَلَّ اللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَلِكَ أَمْرًا – الطلاق/١}:

ئایەتەکە بەڕوونی ئاماژە بۆ ئەوەدەکا: کە لەوانەیەو وا هیوا دەکرێ لەدوای تەلاقی یەکەم‌و دووەم پیاوەکە پەشیمان بێتەوە، خودا ئەوە بخاتە دڵیەوە ژنەکەی ڕیجعە بکاتەوەو سەرلەنوێ لانەی خێزان دروست بکەنەوە... هەڵبەتە ئەگەر لەماوەی عیدەکەدا ئافرەتەکە لەسەر ماڵ‌و حاڵی خۆی بێ‌و دەرنەکرێ ڕیجعە کردنەوەکە ئاسانتر‌و بەیدەست تر دەبێ.

جۆرەکانی تەلاق

* یەکەم لەڕوی وشەوە:

تەلاق دەبێتە دووجۆر: تەلاقی صەریح، تەلاقی کینایە (درکە):

١- تەلاقی صەریح ئەوەیە: لەکاتی گوتنیدا مەعنای تەلاقی لێ وەربگیرێ مانای تر لەوشەکە دەرك نەکرێ وەکوو (انت طالق) پیاو بەژنەکەی بڵێ: تۆ

تەڵاقت کەوتووە، تەڵاقت بکەوێ. (أنت مطلقة)... هەر وشەیەك لەچاوگی (طلاق) وەربگیرێ.

هەرکاتی ئەم وشەی (طلاق)ە یان موشتەقەکانی بەڕاست یان بە قەشمەری بەنیازو بێ نیاز بگوترێ لەلایەن ئەوکەسەی تەڵاقی بەدەستە، تەڵاق دەکەوێ. ئەمەش بەپێی ئەو حەدیثەی ئەبو هورەیرە لە پێغەمبەرەوە ریوایەتی کردوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «ثَلَاثٌ جِدُّهُنَّ جِدٌّ وَهَزْلُهُنَّ جِدٌّ النِّكَاحُ وَالطَّلَاقُ وَالرَّجْعَةُ».[1] سێ شت بەڕاست یان بە گاڵتە بگوترێ: بەڕاست دەژمێردرێ حوکمی پێ جێگیر دەبێ. ئەو سێ شتە مارەکردنو تەڵاقو ریجعە کردنەوەیە.

٢- تەڵاقی کینایە ئەوەیە: ئیحتیمالی تەڵاقو غەیری تەڵاقی هەبێ. وەکوو ئەوە مێرد بە ژنەکەی بڵێ: «الْحَقِي بِأَهْلِكِ » بڕۆرەوەماڵی باوانت یان هەر رستەو قسەیەکی لەم جۆرە.

تەڵاقی کینایە پێویستی بەنیازو نیەت هەیە. ئەگەر بەوتەکەی نیازی تەڵاقی بوو تەڵاقەکە دەکەوێ... ئەگەر نیازی بە وتەکە تەڵاق نەبوو، تەڵاقی ناکەوێ.

لەخاتو عائیشەوە (رەزای خودای لێ بێ) ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئافرەتێکی مارەکرد ناوی (عمرة بنت الجون) بوو، کە گواستیەوەو پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لێی نزیك بووە ئافرەتەکە وتی: (أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْكَ).! پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرموو: «لَقَدْ عُذْتِ بِعَظِيمٍ ، الْحَقِي بِأَهْلِكِ».[2] لەڕاستیدا ئەتۆ

---

[1] حسن: (الإرواء/١٨٢٦)، جة(٢٠٣٩/١/٦٥٨)، د(٢١٨٠/٦/٢٦٢)، ت(١١٩٥/٢/٣٢٦).

[2] صحیح: (ص.ن/٣١٩٩) ، خ(٥٢٥٤/٩/٣٥٦)، ن(٦/١٥٠) ئەم دەڵێ: ئافرەتەکە ناوی (الكلابية) بووە.

پەنات بەزاتێکی گەورە گرت، کەسێکی گەورەت بەگژدا کردم بڕۆرەوە ماڵە باوانی خۆت.

لە حەدیثی کەعبی کوڕی مالیك ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: ئەوکاتەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەنگی لێ دابڕیبون لەسەر ئەوەی لە غەزای تەبوك کەعبو دوو هاوەڵەکەی خۆیان پاشدابوو، کەعب دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ناردی بۆ لامو فەرمووی: (اعْتَـزِلِ امْرَأَتَكَ). خۆت لەژنەکەت دابڕە. لە وەڵامدا کەعب عەرزی پێغەمبەری کرد تەڵاقی دەم؟ چی بکەم؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: (بَلِ اعْتَزِلْهَا فَلاَ تَقْرَبَنَّهَا). بەڵکوو لێی گۆشەگیربەو لەگەڵی مەخەوە، کەعبیش بە ژنەکەی خۆی گوت (الْحَقِي بِأَهْلِكِ).[1] بڕۆرەوە بۆ ماڵی باوانت.

***دووەم: تەڵاقدان بەشێوەی تەعلیق (هەڵواسین). یان بەشێوەی صیغەی تەڵاق یان بەشێوەی تەنجیز دەبێ یان پەیوەستی دەکا بەشتێکەوە:**

تەڵاقی مونجەزە ئەو تەڵاقەیە ئەوکەسەی تەلەفوظی پێ دەکا مەبەستی کەوتنی تەڵاق بێ دەست بەجێ. وەکوو ئەوە مێرد بەژنی بڵێ: (أنت طالق): ئەتۆ تەڵاقت کەوتبێ، یان ئەتۆ تەڵاقت کەوتووە.

حوکمی ئەم جۆرە تەڵاقدانە ئەوەیە دەست بەجێ تەڵاقەکە دەکەوێ بەمەرجێ ئەوکەسەی تەڵاقەکەی لێ صادر دەبێ ئەهل بێو تەڵاقەکەش ئاراستەی شوێنی خۆی بکرێ.

وەلێ تەڵاقی هەڵواسراو کە بریتییە لەوەی مێرد ژنەکەی تەڵاق بدا بەڵام تەڵاقدانەکە پەیوەست بکا بە مەرجێکەوە، بەم جۆرە بە ژنەکەی بڵێ ئەگەر بچی بۆ فلان شوێن تەڵاقت بکەوێ.

---

[1] متفق علیه: خ(٤٤١٨/١١٣/١٣)، م(٢٧٦٩/٢١٢٠/٤)، د(٢١٨٧/٢٨٥/٦)، ت(١٥٢/٦).

حوكمی ئەو جۆرە تەڵاقدانە ئەوەیە: ئەگەر مەبەستی ئەوەبوو لەکاتی وەدی هاتنی مەرجەکە تەڵاقەکە بکەوێ، بەدەستەبەر بوونی مەرجەکە تەڵاقەکە دەکەوێ.

بەڵام ئەگەر مەبەستی بە پەیوەستکردنی تەڵاقەکە هەڵنان بوو بۆ کردنی کارێك یان نەکردنیو شتی لەوجۆرە، ئەوە بەسوێند دادەنرێو تەڵاق نیە، جا ئەگەر ئەو شتەی سوێندەکەی لەسەر خواردبوو نەهاتە دی، ئەوە هیچی ناکەوێتە سەر، خۆ ئەگەر شتەکە هاتەدی، ئەوە پێویستە کەفارەتی سوێندەکە بدا (ئەمە ڕێبازی شێخی ئیبنو تەیمییەیە وەکوو لە (مجموع الفتاوى دا ج٣٣/٤٤ - ٤٨ - ٥٨ - ٦٠- ٦٤- ٦٦) ئاماژەی پێ کردووە.

* **سێیەم: تەڵاقدان لەڕوی سوننیو بیدعییەوە:**

تەڵاق لەڕوی سوننیو بیدعییەوە دابەش دەبێ بۆ تەڵاقی سوننیو تەڵاقی بیدعی.

تەڵاقی سوننی: ئەوەیە پیاو ژنەکەی خۆی تەڵاق بدا تەڵاقدانەکەی لەکاتی پاکی ژنەکەیدا بێو دوای پاکبوونەوەی نەچووبێتە لایو یەك تەڵاقیشی بدا، یان ئافرەتەکە دووگیان بێو دوگیانییەکەی دیاربێ.

قورئان دەفەرموێ: {الطَّلاَقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ — البقرة/٢٢٩}.

یان دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاء فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ — الطلاق/١}. ئەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئەگەر خۆتو موسوڵمانان گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە تەڵاق چارەسەرەو ویستتان ژنەکانتان تەڵاق بدەن ئەوە لەکاتی پاکبوونەوەیان لەبێنوێژی تەڵاقیان بدەن.

پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: کاتێك ئیبنو عومەر خێزانەکەی لە بێنوێژی دا تەڵاق داو ئیمامی عومەر پرسیاری بۆ لە

پێغەمبەر کرد پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) تەفسیری ئایەتەکەی شیکردۆتەوەو فەرمووی: «مُرْهُ فَلْيُرَاجِعْهَا ، ثُمَّ لِيُمْسِكْهَا حَتَّى تَطْهُرَ ثُمَّ تَحِيضَ ، ثُمَّ تَطْهُرَ ، ثُمَّ إِنْ شَاءَ أَمْسَكَ بَعْدُ وَإِنْ شَاءَ طَلَّقَ قَبْلَ أَنْ يَمَسَّ ، فَتِلْكَ الْعِدَّةُ الَّتِي أَمَرَ اللَّهُ أَنْ تُطَلَّقَ لَهَا النِّسَاءُ».[1] بە عەبدوللای کوڕت بڵێ خێزانەکەی ڕیجعە بکاتەوەو لەلای خۆی بیهێڵێتەوە تا پاك دەبێتەوە، پاشان دەکەوێتەوە بێنوێژییەوە پاشان پاك دەبێتەوە، ئەمجار ئەگەر حەزی لێ بوو دوای ئەوە پرۆژەی تەڵاق وەلانێ‌و ژیانی ئاسایی خۆیان پەرە پێبدەن، خۆ ئەگەر حەزی لێ بوو لەدوای پاکبوونەوە بێ ئەوەی بچێتە لای، تەڵاقی بدا، ئەوە ئەو عیددەیەیە کە پەروەردگار فەرمانی کردوە ئافرەتی تێدا تەڵاق بدرێ.

لە (سالم)ەوە لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە: کە خێزانەکەی خۆی لەکاتی بێنوێژیدا تەڵاق دا، ئیمامی عومەر ئەو ڕوداوەی عەبدوللای کوڕی‌و خێزانەکەی بۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) باسکرد، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مُرْهُ فَلْيُرَاجِعْهَا ثُمَّ لْيُطَلِّقْهَا طَاهِرًا أَوْ حَامِلاً».[2] بە عەبدوللای کوڕت بڵێ: خێزانەکەی ڕیجعە بکاتەوە، پاشان با لەکاتی پاکی‌دا یان لەکاتی سکپڕیدا تەڵاقی بدا.

تەڵاقی بیدعی: ئەو تەڵاقدانەیە بە پێچەوانەی ڕێنومایيە شەرعییەکان ڕوی دابێ. وەکوو ئەوە ژنەکە لە عادەی مانگانەی دابێ تەڵاقدرابێ، یان پاکبووبێتەوە بەڵام مێردەکەی لەو پاکییەدا چووبێتە لای، یان سێ تەڵاقەکەی بەیەك وشە دەربڕێ وەکوو ئەوە بڵێ: بەژنەکەی ئەتۆ تەڵاقت کەوتبێ، ئەتۆ تەڵاقت کەوتبێ، ئەتۆ تەڵاقت کەوتبێ. ئەم شێوە تەڵاقدانە حەرام‌و ناشەرعییە ئەوەی ئاوا ژن تەڵاق بدا گوناهبارە، جا ئەگەر مێرد ژنەکەی

---

[1] متفق علیه: خ(٥٣٣٢/٤٨٢/٩)، م(١٤٧١/١٠٩٣/٢)، د(٢١٦٥/٢٢٧/٦).

[2] م(١٤٧١ — ٥ -/٢٠٩٥/٢).

لەحاڵی بێنوێژیدا تەڵاق دا، ئەوە تەڵاقێکی دەکەوێ، ئەگەر مەجالی ڕیجعە کردنەوە هەبوو داوای لێ دەکرێ ڕیجعەی بکاتەوەو لای خۆی بیهێڵێتەوە تا پاك دەبێتەوەو پاشان دەکەوێتەوە عادەی مانگانەیەوە، ئەمجار پاك دەبێتەوە، ئەوکاتە ئەگەر بیەوێ لەگەڵیا بمێنێتەوەو پرۆسەی تەڵاقدان وەلابنێ، یان ئەگەر بیەوێ تەڵاقی بدا پێش ئەوەی بچێتە لای تەڵاقی بدا، وەکوو چۆن پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی بە ئیبنو عومەر کرد.

بەڵگەی ئەوە کە تەڵاقێکی پێ دەکەوێ ئەو فەرموودەیە بوخاری لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتی کردوە کە دەفەرموێ: (حُسِبَتْ عَلَيَّ بِتَطْلِيقَةٍ).[1] ئەو تەڵاقە بیدعییەم لەسەر حیساب کرا بەیەك تەڵاق، ئیبنو حەجەری عەسقەلانی لە (فتح الباری)دا دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی بە ڕیجعەکردنەوەی خێزانی ئیبنو عومەر کرد، ڕێگای چۆنیەتی تەڵاقدانی نیشان دا، ئەگەر لەوەدوا ویستی ژنەکەی تەڵاق بدا. جا ئەگەر ئیبنو عومەر هەواڵی ئەوەی داوە گوایە ئەو تەڵاقە بیدعییەی بەیەك تەڵاق لەسەر حیساب کراوە ئیحتیمالی ئەوە: کە ئەوکەسەی ئەوەی لەسەر حیساب کردووە غەیری پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بووبێ زۆر دوورە، وێڕای هەبوونی قەرینەی جۆراوجۆر لەسەر ئەم ڕوداوە، چونکە ناگونجێ ئیبنو عومەر لەم ڕوداوەدا کارێکی کردبێ پشتی بەرای خۆی بەستبێ لەکاتێك زانیویەتیو بۆخۆی بۆمان دەگێڕێتەوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕقی هەڵساوە لەشێوە تەڵاقدانەکە، پێناچێ ئیبنو عوومەر لەم کارەیدا پرسی بە پێغەمبەر نەکردبێ؟!

هەروا ئیبنو حەجەر دەفەرموێ: ئیبنو وەهەب لە موسنەدەکەیدا لە ئیبنو ئەبی زیئبەوە ڕیوایەت دەکا: کە ئیمامی نافع هەواڵی ئەوەی بۆ

---

[1] صحيح: (الإرواء/١٢٨)، خ(٥٢٥٣/٣٥١/٩).

گێڕاوەتەوە کە ئیبنو عومەر ژنەکەی خۆی لەکاتی بێنوێژیدا تەڵاقدا، ئیمامی عومەر لەم بارەوە پرسیاری لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کرد لەوبارەوە. پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مُرْهُ فَلْيُرَاجِعْهَا، ثُمَّ لِيُمْسِكْهَا حَتَّى تَطْهُرَ». جا ئیبنو ئەبی زیئب لەم حەدیثەدا لە پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە: کە ئەو تەڵاقە بەیەك تەڵاق حسێبە. ئیبنو ئەبی زیئب دەڵێ: حەنظەلەی کوڕی ئەبو سەفیان بۆیگێڕامەوە کە لە سالمی بیستووە ئەویش لەباوکییەوە لە پێغەمبەرەوە هەمان حوکمی ریوایەت کردوە. کە ئەو تەڵاقە بیدعییە بەیەك تەڵاق حلێب بووە.

هەر ئیبنو حەجەر دەفەرموێ: دارە قوطنی لەڕێگای یەزیدی کوڕی هارونەوە لە ئیبنو ئەبی زیئبەوەو لە ئیبنو ئیسحاقەوە، هەموویان لە نافیعەوە لەئیبنو عومەرەوە لە پێغەمبەرەوە ریوایەتی کردوە فەرموویەتی: (هي واحدة) ئەو تەڵاقە بیدعییە بەیەك تەڵاق حسێبە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەقێکە لەشوێنی خیلافو راجیاییدا پێویستە پەنای بۆ ببرێ بۆ یەکالاکردنەوە.

تەڵاقی سێ بەسێ

ئەگەر مێرد ژنی خۆی سێبەسێ تەڵاقدا، واتە: بەیەکجارو بەیەك رستەو لەیەك مەجلیسدا سێ تەڵاقەی ژنەکەی دا یەك تەڵاقی دەکەوێ، ئاماژە بەو حەدیثەی ئیمامی موسلیم لەئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتی کردوە فەرموویەتی: (كَانَ الطَّلاَقُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- وَأَبِى بَكْرٍ وَسَنَتَيْنِ مِنْ خِلاَفَةِ عُمَرَ طَلاَقُ الثَّلاَثِ وَاحِدَةً فَقَالَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ إِنَّ النَّاسَ قَدِ اسْتَعْجَلُوا فِى أَمْرٍ قَدْ كَانَتْ لَهُمْ فِيهِ أَنَاةٌ فَلَوْ أَمْضَيْنَاهُ عَلَيْهِمْ. فَأَمْضَاهُ عَلَيْهِمْ)[1]: تەڵاق لەسەردەمی پێغەمبەرداو لەڕۆژگاری خەلافەتی ئەبوبەکرو دوو ساڵیش

[1] م (٢/١٠٩٩/١٤٧٢).

له خەلافەتی حەزرەتی عومەردا سێ تەلاقە بەیەك تەلاق حسێب دەكرا.. ئەگەر كەسێك بەیەك جار ژنەكەی سێ تەلاقە بدایە بەیەك تەلاق لەسەری حسێب دەكرا، ئیمامی عومەر فەرمووی: ئەم خەڵكە پەلە پەل دەكەن لەشتێكدا كە حەق وایە بەهێدیو لەسەرەخۆییو بە قۆناغ ئەنجامی بیكەن، ئەگەر لەسەریان بڕۆینو لەسەریان بسەپێنین ڕەنگە كارێكی باش بكەین! ئیتر حوكمی كەوتنی سێ تەلاقەی بەسەردا سەپاندن. بێگومان ئەم رایەی ئیمامی عومەر ئیجتیهادی خۆی بووە، مەبەستو غایەكەی دەگونجێ لەبەر بەرژەوەندییەك بووبێ، وای بەباش زانیبێ، دەی خۆ دروست نیە فتوای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وەلابندرێ فەرموودەو عەمەلی پێغەمبەر لەماوەی ژیانیدا پابەندبوونی حەزرەتی ئەبوبەكر لەماوەی خەلافەتیدا هەروا دووساڵیش لە خەلافەتی ئیمامی عومەر خۆیو پابەندبوونی هاوەڵان بەو حوكمەی كە تەلاقی سێبەسێ بەیەك تەلاق حسێبە هەموو ئەمانە پاشگوێ بخرێو كار بەئیجتیهادو رای ئیمام عومەر بكرێ.

***چوارەم: تەڵاق لەڕووی ریجعیو نا ریجعییەوە**

تەلاق دوو جۆرە یان ریجعییە یان (بائینە) بائینەش یان بەینونەی پچوكە یان گەورەیەو كۆتاییە.

تەلاقی ریجعی: ئەو تەلاقەیە كە ئافرەتەكە گواسترابێتەوەو دخولی پیكرابێو تەلاقدانەكەشی لەبەرامبەر ماڵو سامان نەبێ یەكەمجار بێ یان دووەم جاربێ تەلاقی ئاڕاستە بكرێ.

قورئان دەفەرموێ: {الطَّلاَقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ وَلاَ يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَأْخُذُواْ مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا إِلاَّ أَن يَخَافَا أَلاَّ يُقِيمَا حُدُودَ اللّهِ فَإِنْ

خِفْتُمْ أَلاَّ يُقِيمَا حُدُودَ اللّهِ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ تِلْكَ حُدُودُ اللّهِ فَلاَ تَعْتَدُوهَا وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ اللّهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ - البقرة/٢٢٩}.

ئافرەتی تەڵاقدراو بەشێوە تەڵاقی ڕیجعی تا لەعیددەدابێ بەژنی مێردار حسێب دەكرێو مێردەكەی دەتوانێ هەركاتێ بیەوێ، ڕیجعەی بكاتەوە، بەمەرجێ عیددەی تەواو نەبووبێ، پێویست بەڕازیبوونی ئافرەتەكەش ناكا، هەروا ئیزنی (وەلی)یەكەشی پێویست نیە. قورئان دەفەرموێ: {وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلاَثَةَ قُرُوَءٍ وَلاَ يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَلِكَ إِنْ أَرَادُواْ إِصْلاَحًا - البقرة/٢٢٨}. ئافرەتانی تەڵاق دەدرێن دەبێ بكەونە عیددەوەو چاوەڕوانی سێجار پاكبوونەوە بكەن، نابێ ئەو ئافرەتانە ئەوە بشارنەوە كە دووگیانن‌و لە منداڵدانیاندا خودا زارۆكی خولقاندوە ئەگەر ئەوان بڕوایان بەخوداو ڕۆژی دوایی هەیە دەبێ پابەندی ئەحكامەكانی خودابن. مێردەكانیان مافی خۆیانە ڕیجعەیان بكەنەوە بەمەرجێ مەبەستیان ئاشتەوایی‌و ڕێككەوتنەوە بێ.

خولعكردن (دەست لێك بەردانی ژن‌و مێرد لەسەر ماڵ)

الخلع: لە زمانەوانیدا واتە: داكەندن‌و داڕنین. دەگوترێ (خلع الثوب) كراسەكەی داكەند. چونكە ژن‌و مێرد بۆ یەكتری پۆشاكن، قورئان دەفەرموێ: {هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ - البقرة/١٨٧}. شەرعزانان (خلع)یان واپێناسە كردوە كە بریتییە لە جیابوونەوەی پیاو لەژنەكەی لەسەر بڕێك ماڵ كە لەژنەكەی وەری دەگرێ‌و پێشی دەگوترێ: (فیدیە) و (افتداء). (فقه السنة: ج٢/٢٥٣).

خولعكردن ڕەوایە

هـەرکاتێ خـیلافو کێـشەی نێـوان ژنو مێـرد پـەرەی سـەندو ڕێکخستنەوەی نێوانیان نـەدەگونجا، ئافرەتەکە دەیەویست جیابێتـەوە، بۆی هەیە بە ماڵ خۆی ڕزگاربکا، بڕێ لە ماڵی خۆی بداتە مێردەکەی بۆ قـەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانەی بەهۆی جودابوونـەوەی ژنەکەی توشی بـووە. قورئـان دەفەرموێ: {وَلاَ يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَأْخُذُواْ مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا إِلاَّ أَن يَخَافَا أَلاَّ يُقِيمَا حُدُودَ اللّهِ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ يُقِيمَا حُدُودَ اللّهِ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ – البقرة/٢٢٩}.

لە ئیبنو عەبباسەوە (ڕەزای خودایان لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: ژنی ثابیتی کوڕی قەیسی کوڕی شەمماس هاتە خزمەت پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) عەرزی کرد وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەمن لەڕوی ئایینو ڕەوشتەوە چ ڕەخنەیەکم لە (ثابت) نیە، بەڵام نەکڵەوەتو ناشیرینەو هەرچەندە لێی ورد دەبمەوە ناچێتە دڵمەوە، دەترسم تووشی کاری کوفر ئامێزبمو خودا لەخۆم بڕەنجێنم، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «فَتَرُدِّينَ عَلَيْهِ حَدِيقَتَهُ؟». ئەگەر دەستبەردارت بێ باخەکەی بۆ دەگێڕیەوە؟ وتی: بەڵێ، باخەکەی بۆ گەڕاندەوە، پێغەمبەریش (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی بە (ثابت) کرد تەڵاقی بدا ئەویش دەستبەرداری بۆوەو ژنەکەی خولع کرد.

خولعکردن بەبێ بایسو عیلەتی مەعقول ناپەسەندە

لە ثەوبانـەوە (ڕەزای خـودای لێ بـێ) ڕیوایـەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أَيُّمَا امْرَأَةٍ سَأَلَتْ زَوْجَهَا طَلاَقًا فِي غَيْرِ

مَا بَأْسٍ فَحَرَامٌ عَلَيْهَا رَائِحَةُ الْجَنَّةِ».[1] هەر ئافرەتێك بەبێ هۆیەكی ڕەوا داوا لە مێردەكەی بكا تەڵاقی بدا، ئەوە بۆنی بەهەشت لەو حەرامەو بۆنی بەهەشت ناكا.

هەر لە ئەوبانەوە ڕیوایەتكراوە: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «الْمُخْتَلِعَاتُ هُنَّ الْمُنَافِقَاتُ». ئەو ئافرەتانەی بەبێ هەبوونی عوزر داوای تەڵاق دەكەن ئەوانە لەپێڕی دووڕوو مونافیقانن.

هەڕەشە لەو پیاوانەی ژنەكانیان ناچاردەكەن داوای تەڵاق بكەن

ئەگەر پیاو لەبەر هەر هۆیەك ژنەكەی بەدڵ نەبوو، نیازی ئەوەی كرد لێی جیابێتەوەو دەست بەرداری بێ، پێویستە بەشێوەیەكی باش‌و عادڵانە دەست بەرداری بێ، دیقە دیقەی پێ نەكا بۆئەوەی ناچاری بكا بە ماڵ‌و سامان خۆ لەدەستی رزگاربكا. قورئان دەفەرموێ: {وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاء فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَلاَ تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لِّتَعْتَدُواْ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ وَلاَ تَتَّخِذُوَاْ آيَاتِ اللّهِ هُزُوًا وَاذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ عَلَيْكُمْ وَمَا أَنزَلَ عَلَيْكُمْ مِّنَ الْكِتَابِ وَالْحِكْمَةِ يَعِظُكُم بِهِ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ – البقرة/٢٣١}: ئەگەر ئافرەتتان تەڵاقدان‌و نزیك بەتەواوبوونی عیددە بوونەوە، ئەوە بە یەكێك لەم دوو شێوەیە ڕەفتاریان لەگەڵ بكەن؛ یان ڕیجعەیان بكەنەوەو بەتەبایی‌و ئاشتی ژیانیان لەگەڵدا بەسەر بەرن، یان مەرەخەسیان بكەن‌و لێیان بگەڕێن با تەڵاقەكەیان بكەوێ‌و بۆخۆیان ژیانی داهاتووی خۆیان دیاری بكەن. {وَلاَ تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لِّتَعْتَدُواْ} ڕیجعەیان مەكەنەوە بۆ ئەوەی بیانخەنەوە ژێر دەستی خۆتان‌و زیانیان پێ بگەیەنن‌و تەنگیان پێ هەڵچنن‌و عیددەكەیان پێ درێژ بكەنەوە تا ناچاریان

---

[1] صحيح: (ص.جة/١٦٧٢) ، د(٢٢٠٩/٦/٣٠٨)، ت(١١٩٩/٣٢٩/١)، جة(٢٠٥٥/٦٦٢/١).

بکەن بە پارە تەلاقەکەیان بکڕنـەوە {وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ} کەسێك ئاوا بـەو جۆرە ژنەکـەی ڕیجعـە بکاتـەوەو ئـازاری بـداو سـتەمی لێ بکا، ئـەوە بێگومان ستەمی لەخۆی کردووە لەژیانـدا بـەوە کـەرێگای شـەڕو شـەڕەنگێزی گرتـووە. ویـژدانی خـۆی ئـازار دەداو کـەس‌و کـاری ژنەکـەی لـەخۆی کـردووە بـەدوژمن، لەقیامەتیـشدا سـزا دەدرێ چـونکە سەرپێـچی فرمـانی خـودای کردووە. {وَلاَ تَتَّخِذُوَاْ آيَاتِ اللّهِ هُزُوًا} فـەرمانی خوداو حـوکم‌و سـنوورەکانی بەگاڵتە مەگرن‌و شوێن داب‌و نـەریتی سـەردەمی نـەزانی مەکـەون، وریـان بـن سنوور بەزێنی مەکەن {وَاذْكُـرُواْ نِعْمَـتَ اللّـهِ عَلَـيْكُمْ} یـادی نیعمـەتی خـودا بکەنەوە، کەبرێ لـەو نیعمەتـە خۆشەویـستی نێـوان ژن‌و مێـردە بـۆ یـەکتری. {وَمَا أَنزَلَ عَلَيْكُمْ مِّنَ الْكِتَابِ وَالْحِكْمَةِ} هەروەها یادی نیعمەتی ئەوە بکەنەوە کە چەند ئایەتی پیرۆزی دەربارەی یاسای ژن‌و مێردایەتی بۆ ناردونە خوارێ؛ کە خۆشبەختی ژیانی دونیاو قیامـەتی تێدایـە. بەشێکیش لەنیعمـەتی خودا ئەوەیـە لەگـەڵ دانـانی تەشـریعدا مەبەسـتە سـەرەکی‌یـەکەشی بـۆ روون کردوونەوە.

هەروا دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَرِثُواْ النِّسَاء كَرْهًا} ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێنـاوە ڕەوانیـە بـۆ ئێـوە؛ کـە ئـافرەت بەکەلـەپور داگیر بکـەن، ڕەوانیـە: کـە چـاو لەسـەردەمی نـەزانی بکـەن، ئـافرەت بـەکاڵاو شتومەك حسێب بکەن، بەناوی میراتـەوە داگیریـان بکـەن‌و بـەئارەزوی خۆتـان تەصەروفیان تێدا بکەن‌و بۆ خۆشیان ناڕازی بن ویستتان مارەیـان بکـەن، یـان لەخەڵکی تریـان مـارە بکەن‌و شـیربایییان بخۆن، یـان شـوکردنیان لێ قەدەغـە بکەن‌و ناچاریان بکەن خۆیان بکڕنـەوە، یـان بەنارەحـەتی ژیـانی کولەمـەرگی بەسەر بەرن {وَلاَ تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُواْ بِبَعْضِ مَا آتَيْتُمُوهُنَّ} نەچـن شـوکردنیان لێ مەنع بکەن‌و تەنگیان پـێ هەڵبـچنن بـۆ ئـەوەی ناچاریان بکـەن ئـەو مـیرات‌و

مارەییەی وەریان گرتووە بتاندەنەوەو خۆیان ڕزگار بکەن {إِلاَّ أَن يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ} مەگەر ئەو ئافرەتانە تاوانێکی حەیابەرە ئەنجام بدەن، بە ئاشکرا تاوانێکی وەکوو زینا، دزی، هەڵگەڕانەوە لەمێردو ئەو جۆرە شتانەی؛ کە شەرع بەناپەسەندیان دادەنێ بکەن، ئالەم حاڵەتانەدا سزادان و تەنگ پێ هەڵچنینیان ڕەوایە بەمەبەستی ئەوەی پێتان داون لێیان بستێننەوە. جا مارەیی بێ یان ماڵی تر بێ. {وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ} بەچاکەو دڵسۆزی و ویژدانەوە هەڵس وکەوتیان لەگەڵ بکەن، تەمانەت {فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا – النساء/١٩} ئەگەر شتێکتان لەوان پێناخۆش بوو بەم جۆرە لە ڕەوشتیاندا شتێکتان بەدڵ نەبوو، یان شێوەو ڕوخساریانتان لەلا پەسەند نەبوو، یان گلەییتان لەهەڵسوڕان و کاروباری ناو ماڵیان هەبوو، یان حەزتان لە ئافرەتێکی تر بوو، ئەوە صەبر بگرن و پەلە مەکەن لەجودا بوونەوە لێیان، یان لە تەنگ پێ هەڵچنینیان، چونکە لەوانەیە خودا مانەوەیان لەژێر نیکاحی ئێوەدا بکاتە خێروبێر بۆتان، وایان لێ بکا ببنە جێگای ڕەزامەندی ئێوە، ڕەوشتی خۆیان چاك بکەن، یان منداڵی ڕێك وپێك و صاڵح و خێرئاوەرتان لێیان ببێ و بۆتان پەروەردە بکەن، بەوە نەقصی خۆیان پڕ بکەنەوە.

خولع فەسخ کردنەوەی نیکاحە تەڵاق نیە

ئەگەر ئافرەت ماڵی خۆی دا بەمێردەکەی بۆئەوەی دەستبەرداری ببێ، خۆی دەبێتە مالیکی نەفسی خۆی، مێردەکەی ناتوانێ بەبێ ئیزنی خۆی، ریجعەی بکاتەوە، چونکە ئەم دەست لێك بەردانە بە تەڵاق حسێب ناکرێ، هەرچەندە بە وشەی تەڵاق ئەنجام دەدرێ، بەڵکوو ئەم جودابوونەوەی ژن و

مێرد هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی نیکاحەکەیە بۆ بەرژەوەندی ئافرەتەکەیە لەبەرامبەر ئەندازەیەك ماڵ کە داویەتی بە مێردەکەی.

ئیبنولقەیم (ڕەحمەتی خودای لێ بێ) دەڵێ: ئەوەی دەبێتە بەڵگە لەسەرئەوەی کە خولع بە تەڵاق حسێب ناکرێ ئەوەیە پەروەردگار بۆ تەڵاقی یەك و دوو – واتە: جگە لە تەڵاقێك ژمارەی تەواوبووبێ – کەدوای دخول روبدا سێ حوکمی داناوە. هیچ کام لەو حوکمانە لە خولعدا نین.

١- لە تەڵاقدا مێرد دەتوانێ بەبێ رەزامەندی ئافرەتەکە ڕیجعەی بکاتەوەو بیهێنێتەوە ژێر نیکاحی خۆی.

٢- ئەو تەڵاقە ڕیجعەیە لەسێ تەڵاقەکە چەرت دەکرێ، دوای تەواوبوونی سێ تەڵاقەکە مێردەکە ناتوانێ مارەی بکاتەوەو بۆی حەڵاڵ نیە، مەگەر ئافرەتەکە شوبکاتەوە بە پیاوێکی ترو دخولی حەقیقی روبدا ئەمجار لەبەر هەرهۆیەك بێ ئەو پیاوەی دووەم تەڵاقی بداو عیدەی تەڵاقی بەسەربچێ ئەودەمە مێردی یەکەمی دەتوانێ بە نیکاحێکی تازە مارەی بکاتەوە.

٣- عیددەی تەڵاق سێجار پاکبوونەوەیەتی لە بێنوێژی. بە نەص و بە کۆڕای زانایان لەدوای خولع ڕیجعە کردنەوەی نابێ.

بەگوێرەی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وتەی هاوەڵانی، ئافرەتی خولع کراو دوای پاکبوونەوەی لەیەك بێنوێژی عیدەی تەواو دەبێ.

بە (دەق)یش ئەوە چەسپاوە کە دروستە دوای دوو تەڵاق خولع ئەنجام بدرێ، هەروەکوو چۆن دوای خولع دروستە تەڵاقی سێیەم بدرێ.

ئەمە ئاشکرایە کە خولع تەڵاق نیە، چونکە پەروەردگار دەفەرموێ: {الطَّلاَقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ وَلاَ يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَأْخُذُواْ مِمَّا

آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا إِلاَّ أَن يَخَافَا أَلاَّ يُقِيمَا حُدُودَ اللّهِ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ يُقِيمَا حُدُودَ اللّهِ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ – البقرة/٢٢٩}: تەڵاق دووجارە هەرجارەی تەڵاقێکی بدا لێك دووربکەونەوە، پێش ئەوەی عیددەی بڕوا مێردەکەی دەتوانێ ریجعەی بکاتەوە، بەڵام ئەگەر سێیەم جار تەڵاقی دا ئیتر مەجالی ریجعەکردنەوە نامێنێ، دەبێ وازی لێ بێنێ ئافرەتەکە بۆ خۆی موستەقبەلی خۆی دیاریی دەکا، حەڵاڵو رەوانیە بۆ ئێوەی مێرد: کە ئەو مارەییو دیاریو شتەی پێتان داون لێیان وەربگرنەوە.

هەرکاتێك ژنو مێردەکە ترسی ئەوەیان هەبوو کە: بەیەکەوە ژیانیان ناگونجێو وێدەچێ سنوری خودا ببەزێنن نەتوانن ئەرکو مافی ژنو مێردایەتی بەجێ بێنن توشی تاوان ببن، ئافرەتەکە ویستی بەماڵی خۆی خۆی لەدەست مێردەکەی رزگاربکا، داوای لە مێردەکەی کرد لەسەر بڕێ ماڵ تەڵاقی بدا، ئەوە دروستە بۆ پیاوەکە ئەو ماڵە وەربگرێ چونکە ئەوە ماڵێکە ئافرەتەکە بە ئیزنو رەزای خۆی دەیداتە کابراو دەیەوێ خۆی لەدەست رزگاربکا. بەم شێوە دەست لێك بەردانە دەگوترێ: (خولع)، دوای (خولع)کردنەکە دەبێ ئافرەتەکە عیددەی بڕوا ئەمجار دەتوانێ شوبکاتەوە، بە رەزامەندیو داخوازی ئافرەتەکەش نەبێ ریجعەکردنەوەی دروست نیە.

هەڵبەتە ئەم حوکمە ئەگەر تایبەت نەبێ بە ئافرەتێك دوو تەڵاقی درابێ، ئەوە بەبێ شك دەیگرێتەوە، شموولی ئەوو هی دیکەش دەکا، نابێ راناو بگەڕێتەوە بۆ مەرجیعێکی باس نەکراوو مەرجیعی باسکراو وەلا بنێی. بەڵکوو یان دەبێ تایبەت بێ بە مەرجیعی پێشوو یان دەبێ ئەویشو هی دیکەش بگرێتەوە..... پاشان فەرمووی: {فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ – البقرة/٢٣٠}. ئەم دەقەش ئافرەتێك دەگرێتەوە کە بە فیدیە تەڵاق درابێ، هەروا ئافرەتێکیش کە دوجار تەڵاق درابێ، ئیبنو عەبباس کە بە تەرجومانی

قورئان ناسراوەو پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) دوعای ئەوەی بۆ کردوە: کە باش فێری شیکردنەوەی قورئان بێ، وا لەمانای ئەو ئایەتانە حاڵی بووە.

جا ئەگەر ئەحکامی فیدیە (خولع) جودابێ لە ئەحکامی تەڵاق، دیارە خودی (خولع)لە جینسی تەڵاق نیەو دووشتی لێك جوداوازن، بێگومان ئەمە داخوازی نەص‌و قیاس‌و بیروڕای هاوەڵانی پێغەمبەرە.

عیدە

پێناسەی عیددە: ئەم وشە لە عەدەدو (إحصاء) وەرگیراوە واتە: ئەو ماوەیەی ئافرەت هەژماری دەکا لەڕۆژانی بێنوێژی‌و پاکبوونەوەی.

عیدە: ناوە بۆ ئەو ماوەیەی ئافرەتی مێرد مردو یان ئافرەتی جودابووە لەمێرد، شوناکاتەوەو چاوەڕوانی دەکا بەسەریدا تێپەڕێ یان بە منداڵبون یان بەسەردا هاتنی بێنوێژی‌و پاکبونەوەی یان بە تێپەڕبوونی چەند مانگێك.

جۆرەکانی عیدە

ئافرەتی مێرد مردوو عیدەی چوار مانگ‌و دەڕۆژن چوبێتە لای مێردەکەی یان نا چونکە قورئان دەفەرموێ: {وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا – البقرة/٢٣٤ }. ئەو پیاوانەی لەئێوە دەمرن‌و ژنیان لەپاش بەجێ دەمێنێ، پێویستە ئەو ژنانە چوار مانگ‌و دەڕۆژ چاوەڕوانی بکەن شونەکەنەوە، بۆئەوەی عیدەیان بەسەربچێ‌و دڵنیابن منداڵدانیان خاڵییە لە ئاساری مێردە مردوەکانیان.

مەگەر ئافرەتە مێرد مردووەکە دوگیان بێ ئەوە عیدەکەی بەدانانی سکەکەیەتی، هەرکاتێ منداڵەکەی بوو عیدەی تەواو دەبێ. قورئان دەفەرموێ:

{وَأُوْلَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ – الطلاق/٤}. ئەو ئافرەتانەی دوگیانن ماوەی عیدەکەیان بەوە تەواو دەبێ کە سکەکەیان دابنێن.

لە (الزبیر)ی کوڕی (ألعوام)ەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: ئوممو کلثومی کچی عوقبەم لابوو، دوگیان بوو، وتی: پێم خۆشە تەڵاقم بدەی بەیەك تەڵاق، ئەویش تەڵاقێکی دا، پاشان زوبەیر چوو بۆ نوێژ کە هاتەوە ئوممو کولثوم منداڵەکەی بوو. زوبەیر وتی: ئەم فێڵەی بۆ لێکردم خودا تۆڵەی لێ بستێنێ؟! پاشان هاتە لای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پرسیاری لەم بارەوە لێ کرد، فەرمووی: «سَبَقَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ اخْطُبْهَا إِلَى نَفْسِهَا».[1]

ئەگەر ئافرەتی تەڵاقدراو لەو ئافرەتانەبوو دەکەوتە عادەی مانگانەوە، ئەوە تەواوبوونی عیدەکەی سێجار کەوتنە ناو عادەو پاکبوونەوەیەتی. قورئان دەفەرموێ: {وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوَءٍ – البقرة/٢٢٨}. ئافرەتی تەڵاقدراو چاوەڕوان دەکەن بۆ بەسەرچوونی عیدەکەیان سێجار کەوتنە ناو بێنوێژییەوەیە.

(قرء) بەمانا چوونە ناو بێنوێژییەوەیە ئاماژە بە حەدیثی خاتو عائیشە، دەفەرموێ: ئوممو حەبیبە دەکەوتە عادەی مانگانەوە، پرسیاری لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کرد فەرمانی پێ کرد کە ڕۆژانی (قورء) بێنوێژی واز لە نوێژکردن بێنێ.[2]

ئەگەر ئافرەتی تەڵاقدراو منداڵکاربوو نەکەوتبوە عادەی مانگانەوە یان پیرە ژن بوو لە عادەی مانگانە وەستابۆوە، ئەوە عیدەکانیان سێ مانگە. قورئان دەفەرموێ: {وَاللَّائِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِن نِّسَائِكُمْ إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ

---

[1] صحيح: (ص.جة/١٦٤٦) ، جة(٢٠٢٦/١/٦٥٣).

[2] صحيح لغيره: (ص.د/٢٥٢)، د(٢٧٨/١/٤٦٣).

ثَلَاثَةُ أَشْهُرٍ وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ وَأُوْلَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ – الطلاق/٤}.
ئەو ئافرەتانەی لە حەیز وەستاونەوە عیدەکەیان سێ مانگە هەروا ئەو ئافرەتانەش کە هێشتا نەکەوتوونە عادەی مانگانەیانەوە.

ئەوەی پێویستە ئافرەتی مێرد مردو ئەنجامی بدا

پێویستە لەسەر ئافرەتی مێردمردو کە تازیە بگرێ هەتا عیدەکەی بەسەردەچێ.

تازیە بریتییە لەوە ئافرەتەکە خۆ رەشپۆش بکاو بۆنی خۆش لەخۆی نەدا خشڵو شتی وا بەخۆدا نەکا، سەر لەخەنەو وسمە نەگرێ، دەست لەخەنە نەگرێ چاو نەرێژێ سوراو سپیاو نەکا، خۆ لە ئارایشت کردن بپارێزێ.

لە ئوممو عەطییەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: ئێمە نەهیمان لێ دەکرا: کە تازیە بۆ مردو بگرین زیاد لەسێ رۆژ مەگەر بۆ مێرد، دەبوایە ژن چوار مانگو دەشەو تازیە بۆ مێردی مردوی بگرێ، نەهیمان لێ کراوە چاو برێژین، بۆنی خۆش لەخۆ بدەین، جلی رەنگاو رەنگ بپۆشین، جگە لە پۆشاکی (عَصْب) کە بوردەیەکی یەمەنییە دەچندرێ پاشان رەنگ دەکرێ. رێگەمان پێ دەدرا لەکاتی پاکبوونەوەمانو غوسڵ کردنمان لە بێنوێژی: کەمێك بخورد بۆنبرە لەخۆبدەین بۆ نەهێشتنی بۆنی ناخۆشی جەستەمان نەهیشمان لێ دەکرا لەوەی شوێن جەنازە بکەوین.[1]

لە ئوممو سەلەمە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: (الْمُتَوَفَّى عَنْهَا زَوْجُهَا لاَ تَلْبَسُ الْمُعَصْفَرَ مِنَ الثِّيَابِ وَلاَ الْمُمَشَّقَةَ

---

[1] متفق عليه: خ(٥٣٤١/٤٩١/٩)، م(٩٣٨/٦٧/١١٢٨/١) و بنحوه د(٢٢٨٥/٤١١/٦)، ن(٢٠٣/٤١٤/١)، جة(٢٠٨٧/٦٧٤/١).

وَلاَ الْحُلِيَّ وَلاَ تَخْتَضِبُ وَلاَ تَكْتَحِلُ).[١] ئـافرەتی مێردمـردو پۆشـاکی ڕەنگکـراو بە زەعفەران ناپۆشـێ، هەروا پۆشاکی بـە قـوڕە سـور ڕەنگکـراو، هـەروا نابـێ خشڵ بەخۆیدا کاو خەنەو وسمە لەدەستو قژی بگرێ، نابێ چاویشی بڕێژێ.

ئەوەی پێویستە لەسەر ئافرەتی خاوەن عیدە بەهۆی تەڵاقی ڕیجعییەوە!

پێویـستە ئـافرەتی عیـدە گرتـوو بـەهۆی تـەڵاقی ڕیجعییـەوە لـەماڵ دەرنەچێ تا عیدەکەی تەواو دەبێ، نابێ لـەماڵ دەربچێ، هـەروا دروسـت نیـە مێردەکەی دەری بکا، چونکە قورئان دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاء فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ لَـا تُخْرِجُـوهُنَّ مِـن بُيُـوتِهِنَّ وَلَـا يَخْـرُجْنَ إِلَّـا أَن يَـأْتِينَ بِفَاحِـشَةٍ مُّبَيِّنَـةٍ – الطـلاق/١}: ئـەی پێغەمبـەری خـودا! (دروودی خودای لەسەر بێ) هەرکاتێك ویستتان ژن تـەڵاق بـدەن، لـە کاتێکـدا تـەڵاقیان بـدەن کـە ئافرەتەکـە لەبێنوێـژی پـاك بوبێتـەوەوەو مێردەکەشـی نەچـوبێتە لای، مـاوەی عیدەکـە هـەژمار بکـەن، لـەخودا بترسـن، لەشـوێنی حەوانـەوەی خۆیـان دەریـان مەکـەن، بـاوانیش بـە ویـستی خۆیـان لەشـوێنی حەوانەوەو ماڵو حاڵی خۆیان دەرنەچن، مەگەر تاوانێکی ئاشکرا بکەن.

ئافرەتی تەڵاقدراوی (بائینە) تەڵاق کەوتوو

ئــافرەتی تەڵاقــدراوی سێبەســێ: کــە تــەڵاقی کــەوتبێو مــەجالی ڕیجعەکردنەوەی نـەمابێ، نەفەقـەو شـوێنی حەوانـەوەی لەسـەر مێـردی نیـە، ئاماژە بە حـەدیثی فاتیمـەی کـچی قـەیس: کـە دەگێڕێتـەوە دەڵێ: پێغەمبـەر

---

[١] صحيح: (ص.د/٢٠٢٠) ، د(٢٢٨٧/٤١٣/٦)، ن(٦/٢٠٣).

(دروودی خودای لەسەر بێ) دەربارەی تەڵاقدراوی سێبەسێ فەرمووی: «لَيْسَ لَهَا سُكْنَى وَلاَ نَفَقَةٌ».[١] نەشوێنی حەوانەوە، نە بژێوی لەسەر مێردی نیە.

پێویستە لەسەر ئافرەتی لەوجۆرە کە لەماڵی باوانیدا عیدە بگرێ بۆکاری پێویستیش نەبێ نابێ لەماڵ دەربچێ.

لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پورم تەڵاق درا، ویستی بچێ خورماکانی بچنێو مشتاغە خورما بنێتەوە. پیاوێك ناڕازی بوو بەوکارەیو وتی: نابێ لەماڵ دەربچی، ئەویش هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «بَلَى فَجُدِّي نَخْلَكِ فَإِنَّكِ عَسَى أَنْ تَصَدَّقِي أَوْ تَفْعَلِي مَعْرُوفًا».[٢] بەڵێ، بڕۆرە دەر خورماکەت بچنە ئەوە کاری پێویستە، تۆ لەوانەیە خورماکانت بکەی بەخێرو صەدەقە یان بۆ کارێکی باشی خۆت بەکاریان بێنی.

(الاستبراء): چاوەڕوانکردنی پاکبوونەوەی منداڵدان

ئەگەر پیاوێك چەتیوە کۆیلەیەك بوو بەملکیو بەکەڵکی کاری جنسی دەهات، نابێ توخنی بکەوێ هەتا چەتیوەکە منداڵدانی پاك دەبێتەوە، جا ئەگەر دووگیان بوو ئەوە بەدانانی منداڵەکە ڕەحمی پاك دەبێتەوە، ئەگەر لەوانەبوو کە عادەی مانگانەی هەبێ ئەوە بەیەکجار کەوتنە عادەوە ڕەحمی پاك دەبێەوە.

---

[١] صحيح: (مختصر م/٨٨٨)، م(١٤٨٠ – ٤٤ -/١١١٨/٢).

[٢] صحيح: (الإرواء/٢١٣٤)، م(١٤٨٣/١١٢١/٢)، ن(٢٠٩/٢)، د(٢٢٨٠/٣٩٨/٦)، جة(٢٠٣٤/٦٥٦/١).

لــه (رومیفیعــی کــوڕی ثابیــت)ەوە ڕیوایــەتکراوە، دەڵــێ: پێغەمبــەر (درووودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَـوْمِ الآخِـرِ فَـلاَ يَسْقِ مَاءَهُ وَلَدَ غَيْرِهِ».[1]

لە ئەبو سەعیدەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بـێ) دەربـارەی ئافرەتـە ڕفێنـدراوەکانی ئـەوطـاس (سـبي أوطـاس) فـەرمووی: ئافرەتە دووگیانەکان سەرجێیی ناکرێن هەتا سکەکەیان دادەنێن. ئەوانەشـیان کە حامیلەنین دەبێ بکەونـە بێنوێژییـەوەو پـاك ببنـەوە ئـەمجار ئێـوە بـچنە لایان.[2]

لـە ئیبنـو عومـەرەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: ئەگـەر چـەتیوە کۆیلەیـەك بەخـشراو بەکـەڵکی (چـووونە لا) دەهـات، یـان فرۆشـرا، یـان ئـازادکرا بـا بـە یـەکجار کەوتنـە نـاو عـادەی مانگانـەوە ڕەحمـی خـۆی پـاك بکاتـەوە. ئەگـەر کۆیلەکە دەست لێ نەدراوبوو ئەوە پێویست ناکا ڕەحمی پاك بکاتەوە.

حەضانە (منداڵ لەخۆگرتنو بەخێوکردنی)

حـضانة: بریتییـە لـە پارێزگـاریکردنی منـداڵ لەهەرشـتێك زیـانی پـێ بگەیەنێ، هەوڵ بدرێ بەرژەوەندییەکانی بپارێزرێ.

هـەرکاتێك پیـاو لەژنەکـەی جیـابووەو منـداڵی لێـی هـەبوو، ژنەکـە شیاوترین ئافرەتە بۆ بەخێوکردنی منداڵەکە تا تەمەنی دەبێتە حـەوت سـاڵ، بەمـەرجێك شـوو نەکاتـەوە. جـا کـە منداڵەکـە تەمـەنی بـوو بەحـەوت سـاڵ سەرپـشك دەکـرێ لـەنێوان بـاوکیو دایکـی دا، لای کامیـانی هەڵبـژارد دەتوانـێ لەخۆی بگرێو بەخێوی بکا.

---

[1] حسن: (ص.د/١٨٩٠)، ت(١١٤٠/٢٢٩/٢)، د(٢١٤٤/١٩٥/٦).

[2] صحيح: (ص.د/١٨٨٩) ، د(٢١٤٣/١٩٤/٦).

لە عەمری كوڕی شوعەیب لە باوكییەوە لە باپیریەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: ئافرەتێك عەرزی پێغەمبەری كرد (دروودی خودای لەسەر بێ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەم كوڕەم بە پێستی سك هەڵگرتووە بە مەمكم شیرم داوەتێ، باوەشم شوێنی حەوانەوەی بوو، ئێستا باوكەكەی تەڵاقی داوم، دەیەوێ كوڕەكەم لێ بستێنێ... پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « أَنْتِ أَحَقُّ بِهِ مَا لَمْ تَنْكِحِي ».. ئەتۆ شیاوترین ئافرەتی بە بەخێوكردنی بەمەرجێك شوونەكەیەوە.[1]

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتكراوە، دەفەرموێ: (ئافرەتێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! مێردەكەم دەیەوێ كوڕەكەم لێ بستێنێ، منیش پێویستیم پێیەتی لەبیری (ئەبو عینەبە) ئاوم بۆ دێنێو سودم لەزۆر كاری تری پێ دەگا، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بە منداڵەكەی فەرموو: ئەمە باوكتەو ئەوەش دایكتە دەستی كامیان دەگریو پێت خۆشە لەلای كامیان بی ئارەزۆی خۆتە كوڕەكە دەستی دایكی گرتو وتی: پێم خۆشە لای ئەم بم ئیتر دایكەكە كوڕەكەی بردەوە.[2]

كتاب النفقات
نامەی بژێوی بەهەموو جۆرەكانیەوە

پەروەردگار بە فەضلو گەورەیی خۆی رزقو رۆزیی بەندەكانی فەراهەم هێناوە، فەرمانی پێ كردون كە لەو رزقو رۆزییەی پێی داون ببەخشن، وادەی داونێ: كە هەرچەندێك ببەخشن قەرەبویان بۆ بكاتەوە لەدونیاداو لەقیامەتشدا پاداشیان بداتەوە، دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ

[1] حسن: (الإرواء/٢١٨٧)، د(٢٢٥٩/٣٧١/٦).

[2] صحيح: (ص.د/١٩٩٢) ، ن(٦/١٨٥)، د(٢٢٦٠/٣٧١/٦).

أَنفِقُواْ مِمَّـا رَزَقْنَـاكُم مِّـن قَبْـلِ أَن يَـأْتِيَ يَـوْمٌ لاَّ بَيْـعٌ فِيـهِ وَلاَ خُلَّـةٌ وَلاَ شَـفَاعَةٌ – البقرة/٢٥٤}: ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە لەو ماڵو سامانەی پێمان داون ببەخشن، پێش ئەوەی رۆژێك بێ کە کڕینو فرۆشتنی تێدا نیە، دۆستایەتیو شەفاعەتکردن نیە. هەروا دەفەرموێ: {قُل لِّعِبَادِيَ الَّذِينَ آمَنُواْ يُقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَيُنفِقُواْ مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلانِيَةً مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ يَوْمٌ لاَّ بَيْعٌ فِيهِ وَلاَ خِلاَلٌ – إبراهيم/٣١}: ئەی پێغەمبەر! بەو بەندانەی من بڵێ کە ئیمانیان هەیە، نوێژەکانیان بەجێ بێننو لەو رزقو رۆزییەی پێمان بەخشیون بەنهێنیو بەئاشکرا ببەخشن، پێش ئەوەی رۆژێك بێ کڕینو فرۆشتنی تێدا نیە، دۆستایەتیو خزمایەتی هیچ رۆڵێکیان نامێنێ، یان دەفەرموێ: {قُلْ إِنَّ رَبِّي يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاء مِنْ عِبَادِهِ وَيَقْدِرُ لَهُ وَمَا أَنفَقْتُم مِّن شَيْءٍ فَهُوَ يُخْلِفُهُ وَهُوَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ – سبأ/٣٩}: هەر شتێك ببەخشن خودا بۆتان قەرەبوو دەکاتەوە، ئەو پەروەردگارە باشترین رزقو رۆزیدەرە، یان دەفەرموێ: {إِنَّ الَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَنفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً يَرْجُونَ تِجَارَةً لَّن تَبُورَ. لِيُوَفِّيَهُمْ أُجُورَهُمْ وَيَزِيدَهُم مِّن فَضْلِهِ إِنَّهُ غَفُورٌ شَكُورٌ – فاطر/٢٩-٣٠}: ئەوانەی نامەی خودا دەخوێننەوەو کاری پێ دەکەن، نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن، لەو ماڵو سامانەی پێمان بەخشیون بەنهێنیو بەئاشکرا لێی دەبەخشن، بەتەمای ئەوەی پاداشیان بدرێتەوەو مامەڵەکەیان سودبەخش بێو زەرەر نەکەن، ئەو ماڵو سامانەیان دەبەخشن بۆ ئەوەی لەقیامەتدا خودا پاداشی باشیان بداتەوەو بەفەضلو گەورەیی خۆی زێدەیان بداتێ، بێگومان خودا غەفورو شەکورە.

هەروا پەروەردگار ماڵبەخشینی بەڕەوشتی تەقواکاران حسێب کردووە، دەفەرموێ: {الم . ذَلِكَ الْكِتَابُ لاَ رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ. الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ – البقرة/١-٣}: ئیبنو عەبباس

دەفەرموێ: مانای {وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ} واتە: زەکاتی شەرعی لەماڵی خۆیان دەردەکەن.

وەڵێ لەفظی نەفەقە گشتگیرەو شمولی زەکاتو غەیری زەکاتیش دەکا لە نەفەقە واجبەکان، بۆیە ئیبنو جەریر دەڵێ: باشترین تەئویلو مانا لێدانەوە بۆ ئایەتەکە ئەوەیە بڵێین: هەرچی پێویست بێ لەسەریان دەربارەی ماڵو سامانیان بەرێكو پێکی ئەنجامی دەدەن، زەکات بێ یان غەیری زەکات بێ، وەکوو بژێوی ئەوانەی نەفەقەیان لەسەر کەسانی ترەو پێویستە بەخێویان بکەن، کەواتە: پەروەردگار وەصفی ئیماندارانی کردووەبە صیفەتێکی گشتی بەخشین، زەکات بێ یان نەفەقەو کۆمەکی کردن بێ بە ئاتاجان، نەفەقە کێشانی ماڵو منداڵو زەکات دەرکردن کاری پەسەندو هەڵوێستی مەردانەو موسوڵمانانەیە.[1]

ئیبنو کەثیر دەفەرموێ: زۆرجار پەروەردگار لە قورئاندا باسی نوێژو ماڵبەخشین بە پەنا یەکەوە دێنێ، چونکە نوێژ مافێکی خودایە لەسەر بەندەکانیو عیبادەتە، تاكو تەنهایی خوداو حەمدو ثەناو تەمجیدی زاتی بێچونیو پارانەوە لێیو پشت بەستن بەزاتی پاکی لە خۆگرتووە، ماڵ بەخشینیش بریتییە لە چاکەکردن لەگەڵ مەخلوقاتدا بەوە سودیان پێ بگەیەنێ، پێشترین کەس کەپێویست بێ چاکەیان لەگەڵ بکرێو مرۆڤ سودیان پێ بگەیەنێ ماڵو خێزانو خزمو کەسوکارو کۆیلەو ژێردەستەکانن، پاشان دۆستو ئەحبابە، هەموو ماڵ بەخشینێك کەواجب بێ، هەروا زەکاتی شەرعی دەچنە چوارچێوەی دەقی {وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ}.[2]

---

[1] جامع البيان فى تفسير القرآن للقرطبى ج١/١٠٥.

[2] تەفسیری ئیبنو کەثیر ج١/٤٢.

نەفەقەی پیاو بۆ خێزانی

قورئان دەفەرموێ: {وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلاَدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ وَعلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ – البقرة/٢٣٣}.

دایکەکان دەبێ شیر بدەن بە منداڵەکانیان بۆ ماوەی دوو ساڵی تەواو، لەسەر باوکی منداڵەکە (یان ئەو کەسەی دەبێتە جێگری) پێویستە بژێوو پۆشاکی شیاو بەگوێرەی تواناو عورفو عادەت بۆ دایکەکان دابین بکەن.

لە حەکیمی کوڕی معاویەوە ڕیوایەتکراوە، ئەویش لەباوکیەوە دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عەرزی کرد: مافی ژن لەسەر مێردەکەی چیە؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أَنْ يُطْعِمَهَا إِذَا طَعِمَ وَأَنْ يَكْسُوَهَا إِذَا اكْتَسَى».[1] خواردنی پێویستی بۆ دابین بکا، پۆشاکی پێویست بەگوێرەی عورفو عادەت بۆی فەراهەم بێنێ.

لە سولەیمانی کوڕی عەمری کوڕی (الأحوص)ەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أَلاَ وَاسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْرًا فَإِنَّمَا هُنَّ عَوَانٌ عِنْدَكُمْ لَيْسَ تَمْلِكُونَ مِنْهُنَّ شَيْئًا غَيْرَ ذَلِكَ إِلاَّ أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ فَإِنْ فَعَلْنَ فَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ ضَرْبًا غَيْرَ مُبَرِّحٍ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلاَ تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً أَلاَ إِنَّ لَكُمْ عَلَى نِسَائِكُمْ حَقًّا وَلِنِسَائِكُمْ عَلَيْكُمْ حَقًّا فَأَمَّا حَقُّكُمْ عَلَى نِسَائِكُمْ أَلاَّ يُوطِئْنَ فُرُشَكُمْ مَنْ تَكْرَهُونَ وَلاَ يَأْذَنَّ فِي بُيُوتِكُمْ لِمَنْ تَكْرَهُونَ أَلاَ وَحَقُّهُنَّ عَلَيْكُمْ أَنْ تُحْسِنُوا إِلَيْهِنَّ فِي كِسْوَتِهِنَّ وَطَعَامِهِنَّ».[2] ئاگادار ببنەوەو ئامۆژگاری یەکتری بکەن دەربارەی ئافرەتان، بێگومان ئەوان سپاردەو ئەمانەتن لاتان. ئێوە دەسەڵاتی موڵکیەتتان بەسەر ئەواندا نیە، نابێ بیان چەوسێننەوە، مەگەر کارێکی خراپ ئەنجام بدەن، ئەگەر شتێکی وایان لێ

---

[1] صحیح: (ص. ج/١٥٠٠)، جه (١٨٥٠/٥٩٣/١/٥٩٤)، د (٢١٢٨/١٨٠/٦).

[2] حسن (ص. ت/٣٠٨٧)، ت (٥٠٨٢/٣٣٧ و ٤/٣٣٨)، جه (١٨٥١/٥٩٤/١).

رودرا، ئێوه بەمەبەستی تەمبێ کردن، لەگەڵیان مەخەون، بەشێوەیەك لێیان بدەن کە ئازاری جەستەیان پێ نەگا. جا ئەگەر تەمبێ خواردو بوونو هاتنە ژێر فەرمانتانەوە، ئەوە ئیتر دژیان مەجوڵێنەوەو زەختیان لێ مەکەن، ئاگاداربن ئێوه مافتان بەسەر ژنەکانتانەوە هەیەو ژنەکانیشتان مافیان لەسەر ئێوه هەیە، مافی ئێوه بەسەر خێزانەکانتانەوە ئەوەیە: ڕێگە نەدەن کەسانێك کەئێوه ناخۆشتان دەوێن بێنە ماڵتانو پێ بخەنە سەر بەڕەو راخەرتان، ڕێگە نەدەن کەسانێك بێتە ماڵتان کە ئێوه ڕقتان لێیەتی، هەقی ئەوانیش بەسەر ئێوەوە ئەوەیە چاکەیان لەگەڵ بکەنو بەگوێرەی عورفو عادەت بژێوو پۆشاکیان بۆ دابین بکەن.

بژێوی ژن لەسەر مێردەکەی واجبەو پیاوەکە لەسەر دابینکردنی ئەو بژێوە ئەجرو ئەوابی لای خودا بۆ دانراوە.

لە ئەبو مەسعودی (البدری)ەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِذَا أَنْفَقَ الْمُسْلِمُ نَفَقَةً عَلَى أَهْلِهِ وَهُوَ يَحْتَسِبُهَا ، كَانَتْ لَهُ صَدَقَةً». بێگومان موسوڵمان کە بژێوو پێداویستی بۆ ماڵو منداڵی دابین دەکاو بڕوای وایە فەرمانی خودا جێبەجێ دەکاو بەهیوای پاداشە، ئەوە بەصەدەقەو خێر بۆی دەنوسرێ.[1]

لە سەعدەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێی گوتم: «إِنَّكَ لَنْ تُنْفِقَ نَفَقَةً تَبْتَغِي بِهَا وَجْهَ اللَّهِ إِلاَّ أُجِرْتَ عَلَيْهَا ، حَتَّى مَا تَجْعَلُ فِي فِي امْرَأَتِكَ».[2] ئەتۆ هەر نەفەقەو بژێوێك ببەخشیو مەبەستت

---

[1] متفق عليه: خ (١/١٣٦/٥٥)، م (٢/٦٩٥/١٠٠٢)، ن (٥/٥٩٤).

[2] متفـــــق عليـــــه: خ (١/١٣٦/٥٦)، م (١٦٢٨/١٢٥٠ و ٣/١٢٥١)، د (٦٤/٢٨٤٧ — ٨/٦٦)، ن (٦/٢٤٢/٢٤١).

بەو بەخشینە ڕەزامەندیی خودا بێ، دڵنیابە پاداشی خۆت وەردەگریەوە، تەنانەت تەنانەت پاروە خواردنێکیش کە دەیخەیە دەمی ژنەکەتەوە.

بەڵکوو پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەفەقەکێشانی خێزانی بە گەورەترین نەفەقە حیساب کردووەو فەرموویەتی: «دِينَارٌ أَنْفَقْتَهُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَدِينَارٌ أَنْفَقْتَهُ فِي رَقَبَةٍ وَدِينَارٌ تَصَدَّقْتَ بِهِ عَلَى مِسْكِينٍ وَدِينَارٌ أَنْفَقْتَهُ عَلَى أَهْلِكَ أَعْظَمُهَا أَجْرًا الَّذِي أَنْفَقْتَهُ عَلَى أَهْلِكَ».[1] دینارێك دەبەخشی لەڕێگەی خودادا، دینارێك خەرج دەکەی بۆ ڕزگارکردنی کۆیلەیەك، دینارێك دەبەخشی بەهەژارێك، دینارێك دەدەی بەخێزانت، لەناو ئەم بەخشینو خێراتەدا ئەو دینارەی دەیدەی بەخێزانت لەهەموویان پاداشی گەورەترە.

نەفەقەکێشانی پیاو بۆماڵو منداڵی

هەرکاتێ خودا منداڵی بەپیاو بەخشی، پێویستە لەسەری بەشێوەی ڕێكوپێك پەروەردەیان بکاو نەفەقەیان بکێشێ، قورئان دەفەرموێ: {وَلاَ تُؤْتُواْ السُّفَهَاء أَمْوَالَكُمُ الَّتِي جَعَلَ اللّهُ لَكُمْ قِيَاماً وَارْزُقُوهُمْ فِيهَا وَاكْسُوهُمْ وَقُولُواْ لَهُمْ قَوْلاً مَّعْرُوفًا – النساء/٥} ماڵو سامانی خۆتان مەخەنە ژێردەستی کەودەنو گێلو نەفامەکانەوە، ئەو ماڵو سامانەی خودا ئێوەی کردووە بە بەرپرسیو دەسەڵاتدار تێیدا. لەو ماڵو سامانەتان خواردنیان بدەنێ، پۆشاکیان بۆ دابین بکەن، ئامۆژگارییان بکەنو هەوڵ بدەن فێری هەڵسوکەوتی باشیان بکەن.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: نەکەی ئەو ماڵو سامانەی خودا پێی داویو کردوویەتی بەبژێو بۆ خۆتو خێزانت ڕادەستی ژنو منداڵەکانتی بکەیو بۆ خۆت تێیان ڕامێنی، بەڵکوو پێویستە بۆخۆت سەروکاری ماڵو سامان بکەیو

---

[1] م (٩٩٥/٦٩٢/٢).

بەرێك‌و پێكی وەگەڕی بخەی‌و نەهێڵی لەژێر دەسەڵاتی خۆت دەربچێ، لەهەمان کاتدا بژێوو پۆشاك‌و پێداویستی خێزان منداڵەکانتی بەجوانی لێ دابین بکەی.[1]

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) موسوڵمانان هەڵدەنێ بۆ نەفەقەکێشانی ژن‌و منداڵ‌و هەموو ئەوانەی نەفەقەیان لەسەر پیاوە. دەفەرموێ: «أَفْضَلُ الصَّدَقَةِ مَا تَرَكَ غِنًى ، وَالْيَدُ الْعُلْيَا خَيْرٌ مِنَ الْيَدِ السُّفْلَى ، وَابْدَأْ بِمَنْ تَعُولُ. تَقُولُ الْمَرْأَةُ إِمَّا أَنْ تُطْعِمَنِي وَإِمَّا أَنْ تُطَلِّقَنِي . وَيَقُولُ الْعَبْدُ أَطْعِمْنِي وَاسْتَعْمِلْنِي . وَيَقُولُ الابْنُ أَطْعِمْنِي ، إِلَى مَنْ تَدَعُنِي».[2] باشترین صەدەقەو خێر ئەوەیە دەوڵەمەندی بۆ خاوەنەکەی بەجێ بێڵێ، دەستی بەرزو بەخشندە باشترە لەو دەستەی وەردەگرێ‌و پان دەکرێتەوە، کە تۆ ماڵ دەبەخشی‌و نەفەقە دەکێشی سەرەتا لەوانەوە دەست پێ بکە کەواجبە نەفەقەیان بکێشی، کوردی گوتەنی (تا ماڵ پێویستی بێ بەمزگەوت حەرامە) ژن دەبێژێ یان بژێوم بۆ دابین بکە یان تەڵاقم بدەو با بۆخۆم ڕێگایەك بۆ خۆم ڕەچاو بکەم، کۆیلە دەڵێ: بژێوم بۆ دابین بکەو کارم پێ بکە، کوڕ دەڵێ: من منداڵم پێویستە بەخێوم بکەی، ئەی کە وانەکەی دەمدەیە دەست کێ؟!

لە ئەوبانەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « أَفْضَلُ دِينَارٍ يُنْفِقُهُ الرَّجُلُ دِينَارٌ يُنْفِقُهُ عَلَى عِيَالِهِ».[3] باشترین دینارو پارە کەپیاو دەیبەخشێ پارەیەکە بەسەر خێزانەکەیدا دەیبەخشێ.

لەهەمان کاتدا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هۆشداری دەدا بە خەتەرناکی بوخل‌و دەست قوچاوی‌و دەفەرموێ: «كَفَى بِالْمَرْءِ إِثْمًا أَنْ يُضَيِّعَ

---

[1] تەفسیری ئیبنو کەثیر ج٤/٤٥٢.

[2] خ (٥٣٥٥/٥٠٠/٩).

[3] م (٩٩٤/٦٩٢/٢)، ت (٢٠٣٢/٢٣٢/٣).

مَــنْ يَقُــوتُ».[١] بەســە بــۆ پيــاو تاوانبــاری‌و خراپــی کــە: گــوێ بەوانــە نــەدا کەبژێویان لەسەریەتی.

جا ئەگەر پیاو بەرێك‌و پێكی بـژێوی ژن‌و منـداڵی خـۆی دابـین کـردو پێی وابوو ئەوە ئەرکێکە لەسەر شانیەتی‌و بەهیوای پاداش بوو، ئەوە پاداشـی خۆی وەردەگرێ، خۆ ئەگەر وەکوو پێویست بەو ئەرکە هەڵنەسا، بـۆ ژنەکـەی ڕەوایە بەئەندازەی پێویستی خۆی‌و منداڵەکانی لەماڵی مێردەکەی هەڵبگرێ‌و بەدزی‌و دەست پیسی بۆی حیساب ناکرێ.

لـە خـاتو عائیـشەوە ڕیوایـەتکراوە، دەفـەرموێ: هینـدی کـچی (عتبـە) کەژنی ئەبو سوفیان بـوو، هاتـە خزمـەت پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێ) عەرزی کرد ئەی پێغەمبەری خودا! ئەبو سوفیانی مێردم پیاوێکی دەست قوچاوی چـروکە، ئەوەنـدەم نەفەقـە ناداتـێ بەشـی خـۆم‌و منداڵـەکانم بکـا، مەگەر هەوڵ بـدەم بـدزم‌و نـەهێڵم پێـی بزانـێ، ئایـا مـن بـەم کـارەم تاوانبـار دەبم؟ پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) فـەرمووی: «خُـذِي مِـنْ مَالِـهِ بِالْمَعْرُوفِ مَا يَكْفِيكِ وَيَكْفِي بَنِيكِ».[٢] بەبێ ئەوەی پێی بزانێ لە مـاڵ‌و دارایـی ئەو ئەوەندە وەلا بنێ کە بەشی خۆت‌و منداڵەکانت بکاو زێدەڕەوی مەکە.

نەفەقەکێشانی باوك‌و دایك

لەو نەفەقە پێویستانەی لەسەر شانی مرۆڤە دابینکردنی بژێوی باوك‌و دایکە ئەگەر نەدارابوون، هەرکاتێ باوك هەژار بوو کوڕەکەی دەوڵەمەند بـوو، پێویـستە لەسـەر کوڕەکـە بـژێوی بـاوکی دابـین بکـا، بـۆ باوکەکـەش دروسـتە

[١] حسن (ص/١٦٩٢)، د (٥/١١١/١٦٧٦).

[٢] متفق عليه: خ (٩/٥٠٧/٥٣٦٤)، م (٣/١٣٣٨/١٧١٤)، د (٩/٤٤٧/٢٥١٥).

لەماڵی کوڕەکەی بەبێ ئەوەی ئیزنی بدا بەگوێرەی پێداویشستی خۆی بڕێو وەلا بنێ.

لە عوممارەی کوڕی عوصەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پرسیارم لەخاتو عائیشە کرد (ڕەزای خودای لێ بێ) وتم منداڵێکم لایە ماڵو سامانی تایبەتی خۆی هەیە ئایا من دەتوانم لێی بخۆم؟ وتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِنَّ مِنْ أَطْيَبِ مَا أَكَلَ الرَّجُلُ مِنْ كَسْبِهِ وَوَلَدُهُ مِنْ كَسْبِهِ».[1] بێگومان پاکترین خواردنێك کەپیاو دەیخوا ئەوەیە لەبەروبومی دەستی خۆیو ڕەنجی شانی بخوا، منداڵیش بەشێکە لەڕەنجی شانی ئەو.

لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە لەباوکیەوە لەباپیریەوە دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وتی: باوکم ماڵەکەمی برد تالانی کردم، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أَنْتَ وَمَالُكَ لأَبِيكَ». ئەتۆ خۆتو ماڵەکەت هی باوکتن. ئەمجار پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنَّ أَوْلاَدَكُمْ مِنْ أَطْيَبِ كَسْبِكُمْ فَكُلُوا مِنْ كَسْبِ أَوْلاَدِكُمْ».[2] بێگومان منداڵەکانتان بەشێکن لەکردو کۆو کارو کاسبیتان لەماڵو سامانیان بخۆن حەڵاڵە.

نەفەقەی خزمو کەسوکاری ناتاج

قورئان دەفەرموێ: {وَآتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ – الإسراء/٣٦}: ببەخشن بەخزمو کەسوکارتان مافو حەقی خۆیان، هەروا بە هەژارانو ڕێبوار بەشی خۆیان بدەنێ.

---

[1] صحيح: (ص. د/٣٠١٥)، د (٩/٤٤٤/٣٥١١)، ت (٢/٤٠٦/١٣٦٩)، جه (٢/٧٢٣/٢١٣٧).

[2] حسن صحيح: (ص. د/٣٠١٥)، د (٩/٤٤٥/٣٥١٣)، جه (٢/٧٦٩/٢٢٩٢).

هەروەها دەفەرموێ: {فَآتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ ذَلِكَ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يُرِيدُونَ وَجْهَ اللَّهِ وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ – الروم/٣٨}. خزمو کەسوکار مافی خۆیان بدەرێ هەروەها بەهەژارانو ڕێبوارانیش، ئەو ئاکارو ڕەفتارە باشە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ خودا لێیان ڕازی بێو هەر ئەوانەش سەرفرازو ڕزگاربوو بەختەوەرن.

لە طاریقی (المحاری)یەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: هاتینە ناوشاری مەدینە لەوکاتەدا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەسەر مینبەر وتاری دەدا بۆ خەڵکەکەو دەیفەرموو: «يَدُ الْمُعْطِي الْعُلْيَا وَابْدَأْ بِمَنْ تَعُولُ أُمَّكَ وَأَبَاكَ وَأُخْتَكَ وَأَخَاكَ ثُمَّ أَدْنَاكَ أَدْنَاكَ».[1] دەستی بەخشندە بەرزو ڕێزدارە، ئەتۆ لەو کەسانەوە دەست پێ بکە بۆ نەفەقەکێشان کە نەفەقەیان لەسەرتە، دایکتو باوکتو خوشكو برات ئەمجار کێ نزیکە بەتۆ ئەوە پێش بخە بەسەر کەسانی تردا.

قورئان دەفەرموێ: {يَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلْ مَا أَنفَقْتُم مِّنْ خَيْرٍ فَلِلْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللّهَ بِهِ عَلِيمٌ – البقرة/٢١٥}: پرسیارت لێ دەکەن چی ببەخشن؟ پێیان بڵێ: هەر ماڵو سامانێك دەبەخشن بیدەنە باوكو دایکتانو خزمو کەسوکارتانو هەتیوانو هەژارانو ڕێبوار، هەر خێرو چاکەیەك بکەن خودا ئاگای لێیە. واتە خێرو صەدەقەتان بەسەر ئەو جۆرە کەسانەدا دابەش بکەن، وەکوو لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) هاتووە: «أُمَّكَ وَأَبَاكَ وَأُخْتَكَ وَأَخَاكَ ثُمَّ أَدْنَاكَ أَدْنَاكَ».

[1] صحيح: (ص. ن/٢٥٣١)، ن (٥/٦١).

مەیمونەی کوڕی میهران ئەو ئایەتەی خوێندەوە، پاشان وتی: ئەمانە ئەوانەن کە نەفەقەیان بەسەردا دابەش دەکرێ {هیچ باسی تەبڵ و زوڕناو پەیکەرو پەردەی دیواری تێدا نەکراوە}.[1]

لە سەلمانی کوڕی عامیری (الضبی) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الصَّدَقَةُ عَلَى الْمِسْكِينِ صَدَقَةٌ وَهِيَ عَلَى ذِي الْقَرَابَةِ اثْنَتَانِ صَدَقَةٌ وَصِلَةٌ».[2] بەخشینی ماڵ و سامان بەهەژار خێرە بەخزمی هەژار لەدوولاوە خێرە صەدەقەو صیلەی ڕەحمە.

لە مەیمونەی کچی (الحارث) ڕیوایەتکراوە، کە مەیمونە لەسەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) کۆیلەیەکی ئازاد کرد دوای ئەم کارەی خۆی بۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) باس کرد پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لَوْ أَعْطَيْتِهَا أَخْوَالَكِ كَانَ أَعْظَمَ لأَجْرِكِ».[3] ئەگەر بتبەخشیایە بەخاڵوانت خێرت زیاتر دەست دەکەوت.

لە ئەنەسی مالیکەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: ئەبو طەلحە دەوڵەمەندترین کەس بوو لەناو مەدینەدا، ماڵ و سامانێکی زۆری هەبوو، خۆشەویسترین ملکی بەلایەوە باخی (بەیرەحا) بوو، ئەم باخەی ئەبو طەلحە لەڕووی قیبلەی مزگەوتەوە بوو، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەچووە ناو ئەم باخەو لەئاوی سازگاری باخەکەی دەخواردەوە ئەنەس دەفەرموێ: کە ئایەتی {لَن تَنَالُواْ الْبِرَّ حَتَّى تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَ – آل عمران/٩٢}. نازڵ بوو، ئەبو طەلحە چووە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عەرزی کرد پەروەردگار لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: {لَن تَنَالُواْ الْبِرَّ حَتَّى تُنفِقُواْ مِمَّا

---

[1] تەفسیری ئیبنو کەثیر ج٢٥١/٤.

[2] صحيح: (ص. ن/٢٥٨١)، ن (٥/٩٢)، ت (٦٥٣/٨٤/٢)، جه (١٨٤٤/٥٩١/١).

[3] متفق عليه: خ (٢٥٩٢، ٢١٧/ ٢١٨/٢)، م (٦٩٤/٩٩٩/٢)، د (٦٧٤/١٠٩،١١٠/٥).

تُحِبُّــونَ – آل عمــران/٩٢}. منــيش خۆشەويــسترین ملّـك‌و سـامانم بـاخی (بەیرەحا)یە، ئەوا کردم بەخێر لەڕێگەی خوداو بۆ ڕەزامەندی ئەو، هیوادارم خودا بۆم بکا بەتێشووی قیامەت‌و لای خۆی بۆم هـەڵبگرێ، ئـەی پێغەمبـەری خودا! بۆخـۆت چـۆنت دەوێ ئـاوا تەصـەروفی تێـدا بکـە، پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «بَخْ ذَلِكَ مَالٌ رَابِحٌ ذَلِكَ مَالٌ رَابِحٌ قَدْ سَمِعْتُ مَـا قُلْتَ فِيهَـا وَإِنِّـي أَرَى أَنْ تَجْعَلَهَـا فِـي الأَقْـرَبِينَ». بەهـبـەه، ئـەوە ماڵێکە سـوود بەخش‌و قـازانجی بـاش دەکـا، ئـەوە ماڵێکـە قـازانج دەکـا دەزانم چـیت گـوت‌و گوێم لێ بوو، من وام پێ باشە بیکەیە خێرو بیدەیە خزمە هەژارەکانت، ئـیتر ئەبو طەلحە باخەکەی بەسەر خزمەکانی‌دا دابەش کرد.

نەفەقەی خزمەتکار

لـە ئـەبو هـورەیرەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) فەرمانی بەهاوەڵانی کرد خێرو صەدەقە بکەن، پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! من دینارێکم هەیە بەکێی ببەخشم، فەرمووی: « تَصَدَّقْ بِهِ عَلَى نَفْسِكَ». بۆخۆتی خەرج بکە، وتـی: دینـارێکی تریـشم هەیـە، فـەرمووی: «تَصَدَّقْ بِهِ عَلَى وَلَدِكَ». بیـدە بەمنداڵەکەت. وتـی: قوربـان دینـارێکی تریـشم هەس. فەرمووی: «تَصَدَّقْ بِهِ عَلَى زَوْجَتِـكَ». بـۆ ژنەکـەتی خـەرج بکـە. وتـی: قوربان دینارێکی تریشم لایە بیدەم بەکێ؟ فەرمووی: « أَنْتَ أَبْصَرُ » تۆ خۆت باشتر دەزانی، بزانە کێ ئاتاجە بیدە بە ئەو.[1]

له ئەبو زەڕەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خـودای لەسـەر بێ) فـەرمووی: «إِخْوَانُكُمْ خَوَلُكُمْ ، جَعَلَهُمُ اللَّهُ تَحْتَ أَيْدِيكُمْ، فَمَـنْ كَـانَ أَخُـوهُ تَحْتَ يَدِهِ فَلْيُطْعِمْهُ مِمَّا يَأْكُلُ ، وَلْيُلْبِسْهُ مِمَّا يَلْبَسُ، وَلاَ تُكَلِّفُوهُمْ مَا يَغْلِـبُهُمْ ، فَـإِنْ

[1] حسن: (ص.د/١٤٨٣)، د(١٦٧٥/١١٠/٥)، ن(٦٢/٥).

كَلَّفْتُمُوهُمْ فَأَعِينُوهُمْ».[١] براكانتان لەژێر چاودێری ئێوەدانو خودا خستونیە ژێر دەستی ئێوەوە، جا کەسێك براکەی کەوتە ژێر چاودێری ئەوەوە با بۆخۆی چی دەخوا لەو خواردنە بەشی ئەویش دابین بکا.

بۆخۆی چی دەپۆشێ لەو پۆشاکە بۆ ئەویش پۆشاك بکا، کارێك نەخاتە ئەستۆیان بۆیان ئەنجام نەدرێ، ئەگەر ئەرکیان پێ سپاردن با یارمەتییان بدەن.

لە ئەبو هورەیرەوە لە پێغەمبەرەوە ڕیوایەتکراوە، فەرموویەتی: « إِذَا أَتَى أَحَدَكُمْ خَادِمُهُ بِطَعَامِهِ ، فَإِنْ لَمْ يُجْلِسْهُ مَعَهُ فَلْيُنَاوِلْهُ أُكْلَةً أَوْ أُكْلَتَيْنِ ، أَوْ لُقْمَةً أَوْ لُقْمَتَيْنِ ، فَإِنَّهُ وَلِيَ حَرَّهُ وَعِلاَجَهُ».[٢] ئەگەر یەکێ لەئێوە خزمەتکارەکەی خواردنی بۆ هێنا ئەگەر لەگەڵ خۆی لەسەر سفرەکە داینەنیشێنێ با پارچەیەك یان دوو پارچە، یان پارویەك یان دوو پاروی لە خواردنەکەی بداتێ چونکە پێوەی ماندوو بووە هاڵاوو بۆنو بەرامی بەسەردا هاتووە...

خەیثەمە دەفەرموێ: ئێمە لەخزمەت عەبدوڵڵای کوڕی عەمر دانیشتبووین لەنکاوێك سەرکارو میرزاکەی هاتە ژورەوە، عەبدوڵڵا پێی گوت: بژیوو تفاقت دایە کۆیلەکان؟ وتی: نەخەیر، فەرمووی: رامەوەستە بڕۆ بژیویان بدەرێ ئەمجار فەرمووی: پێغەمبەر فەرموویەتی: «كَفَى بِالْمَرْءِ إِثْمًا أَنْ يَحْبِسَ عَمَّنْ يَمْلِكُ قُوتَهُ».[٣] بەسە بۆ پیاو تاوانباریو گوناه: کە بژیو لەوانە بگرێتەوە کە لەژێر دەستی دانو خاوەنیانە.

---

[١] متفق عليه: خ(٣٠/٨٤/١)، م(١٦٦١/١٢٨٢/٣)، د(٥١٣٥/٦٥/١٤).

[٢] خ (٥٤٦٠/٥٨١/٩).

[٣] م(٩٩٦/٦٩٢/٢).

بژێوی گیانلەبەران

کەسێك بوو بەخاوەنی برێك لە گیانلەبەران پێویستە لەسەری لەوەڕو ئاویان بۆ دابین بکا، کە کاری پێکردن زۆریان ماندونەکا... جا کەسێك بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵ کردن ئەوە بەهەشتییە، کەسێکیش ئاوا مامەڵەی لەگەڵ نەکردن دەچێتە دۆزەخەوە.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «بَيْنَمَا رَجُلٌ يَمْشِي بِطَرِيقٍ اشْتَدَّ عَلَيْهِ الْعَطَشُ ، فَوَجَدَ بِئْرًا فَنَزَلَ فِيهَا فَشَرِبَ ثُمَّ خَرَجَ ، فَإِذَا كَلْبٌ يَلْهَثُ يَأْكُلُ الثَّرَى مِنَ الْعَطَشِ فَقَالَ الرَّجُلُ لَقَدْ بَلَغَ هَذَا الْكَلْبَ مِنَ الْعَطَشِ مِثْلُ الَّذِى كَانَ بَلَغَ بِى ، فَنَزَلَ الْبِئْرَ فَمَلأَ خُفَّهُ ، ثُمَّ أَمْسَكَهُ بِفِيهِ ، فَسَقَى الْكَلْبَ ، فَشَكَرَ اللَّهُ لَهُ فَغَفَرَ لَهُ » . قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَإِنَّ لَنَا فِى الْبَهَائِمِ أَجْرًا . فَقَالَ « فِى كُلِّ ذَاتِ كَبِدٍ رَطْبَةٍ أَجْرٌ».[1] لەکاتێکدا پیاوێك بەڕێگایەکدا دەڕۆیشت تینوایەتی تینی بۆهێنا، بیرە ئاوێکی دۆزیەوە بەناویا ڕۆیشتە خوار تێر ئاوی لێ خواردەوە، پاشان هاتەوەدەر، سەگێکی بینی هانکە هانکی پێ کەوتبوو لەتینواندا گڵی دەخواردو هاروشێت بوبوو. پیاوەکە کە ئەوەی بینی وتی: ئەم سەگە دیارە تینوایەتی تینی بۆ هێناوە وەکوو چۆن تینی بۆمن هێنابوو، ئیتر چووەوە ناو بیرەکەو خوفەکەی پڕکرد لەئاو، ئەمجار بەدەم خوففەکەی گرتو هاتەدەرو سەگەکەی ئاودا، ئیتر خودا هەڵوێستەکەی پێ خۆش بوو لەتاوانەکانی خۆشبوو. هاوەڵان وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! بۆ ئێمە ئەگەر چاکە لەگەڵ ئەو گیانلەبەرانەش بکەین خێرمان دەگاتێ؟ فەرمووی: «فِي كُلِّ كَبِدٍ رَطْبَةٍ أَجْرٌ». لەچاکەکردن لەگەڵ هەموو خاوەن جگەرێکی تەڕدا پاداشو ئەواب هەیە.

---

[1] متفق علیه: خ(٢٣٦٣/٤٠ و ٥/٤١)، م(٢٢٤٢/١٧٦/٤)، د(٢٥٣٣/٢/٢٢٢/٧).

لە نافیعەوە لە عەبدوڵلاوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «عُذِّبَتِ امْرَأَةٌ فِي هِرَّةٍ سَجَنَتْهَا حَتَّى مَاتَتْ فَدَخَلَتْ فِيهَا النَّارَ لاَ هِيَ أَطْعَمَتْهَا وَسَقَتْهَا إِذْ حَبَسَتْهَا وَلاَ هِيَ تَرَكَتْهَا تَأْكُلُ مِنْ خَشَاشِ الأَرْضِ».[1] ئافرەتێك دەربارەی پشیلەیەك سزا دەدرێ، بەندی کرد هەتا مردار بۆوە، نەخواردنی دایەو نە ئاوی دایە بە بەندکراوی، نە بەرەڵلاشی کرد مڵو موشی خۆی لەزەوی بکاو شتێکی بەلوتەوە بچێ.

لە عەبدوڵلای کوڕی جەعفەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: ڕۆژێك پێغەمبەر لەپاشکۆی خۆیەوە سواری کردم، بەسرتەوە قسەیەکی پێ گوتم بەکەسی نالێم، باشترین شتێك کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەیکردە پەنا پاسارو نەدیو بۆ قەضای حاجەتی «هَدَفًا أَوْ حَائِشَ نَخْلٍ»، پەنادیوارو پەنا بەردێك یان کۆمەڵە دارخورمایەکی تێکچرژاو. عەبدوڵلا دەڵێ: ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) چووە ئەو دیو دیواری پیاوێکی ئەنصاری، حوشترێکی لێ بوو کە پێغەمبەری بینی کورکاندیو ئاو بەچاویدا هاتەخوار، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) چووە لایو فرمێسکەکانی سڕینەوە: حوشترەکە لە کورکاندن کەوت، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: خاوەنی ئەم حوشترە کێیە؟ ئەم حوشترە هی کێیە؟ گەنجێکی ئەنصاری هاتە خزمەت پێغەمبەرو وتی: هی منە ئەی پێغەمبەری خودا! پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أَفَلاَ تَتَّقِي اللَّهَ فِي هَذِهِ الْبَهِيمَةِ الَّتِي مَلَّكَكَ اللَّهُ إِيَّاهَا فَإِنَّهُ شَكَى إِلَيَّ أَنَّكَ تُجِيعُهُ وَتُدْئِبُهُ».[2] ئەتۆ بۆ لەئاستی ئەم ئاژەڵە بەستەزمانەی خودا کردویەتی بە ملکی تۆ ناترسیو

---

[1] متفق علیه: خ(٣٤٨٢/٥١٥/٦)، م(٢٢٤٢/١٧٦٠/٤).

[2] صحیح: (ص.د: ٢٢٢٢) ، د(٢٥٣٢/٢٢١ — ٧/٢٢٣).

بەزەییت پێیدا نایەتەوە؟! ئەوەتا لای من شکاتی لێ کردی بەوەی برسی دەکەی‌و زۆریش ماندوی دەکەی.

باسی کڕین‌و فرۆشتن (كتاب البيوع)

وشەی (ألبيوع) کۆی (بيع) بۆیەش جەمع کراوەتەوە چونکە جۆراو جۆرە.

(بَيع): کە بەمانا فرۆشتنە، گواستنەوەی ملك‌و سامانە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر لەبەرامبەر پارەو بەهادا. (شراء) قبوڵکردنی ئەو گواستنەوەیە... هەریەك لە وشەی (بيع) و (شراء) لەشوێنی یەکتر بەکاردەهێندرێن.

مامەڵەو کڕین‌و فرۆشتن ڕەوایە، ئاماژە بە ئایەتی {وَأَحَلَّ اللّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا - البقرة/٢٧٥}: خودا بەیع‌و مامەڵەی حەلاڵ کردوەو ڕیبای حەرام کردوە.

هەروەها پەروەردگار دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ - النساء/٢٩} ئەی خاوەن باوەڕان، ئەی خودا ناسان؛ ماڵ‌و سامانی یەکتری بە ناڕەواو بێ جێ مەخۆن، مەگەر لەڕێگەی مامەڵەو کڕین‌و فرۆشتنەوەو بە ڕەزامەندی خۆتان کڕین‌و فرۆشتن بکەن.

لە حەکیمی کوڕی حیزامەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الْبَيِّعَانِ بِالْخِيَارِ مَا لَمْ يَتَفَرَّقَا».[1] فرۆشیارو کڕیار خیاریان بۆ هەیە دەتوانن ژێوان ببنەوە لەدوای سەوداو مامەڵەکەیان‌و هەڵیبوەشێننەوە بەمەرجێ هێشتا لێك جیانەبوبنەوەو هەر لە مەجلیسی

[1] متفـــق عليـــه: خ(٢١١٠/٣٢٨/٩)، م(١٥٣٢/١١٦٤/٣)، د(٣٤٤٢/٣٣٠/٩)، ت(١٢٦٤/٣٥٩/٢)، ن(٧/٢٤٤).

بەيعەكەدا مابنەوە. بەمە دەگوترێ (خيار المجلس) موسوڵمانانيش كۆڕايان هەيە لەسەر ڕەوايىو حەڵاڵى كڕينو فرۆشتن... حيكمەتو تێفكرينى عاقڵمەندانيش واى دەبينن كە سەوداو مامەڵە دياردەيەكى كۆمەڵايەتى پێويستەو كۆمەڵگا بەبێ هەبوونى ئەم دياردەيە ژيانى بۆ بەڕێوە ناچێو مرۆڤ ناتوانێ پێداويستى ژيانى خۆىو خێزانى وەكوو پێويست دابين بكا.

چونكە زۆرجار ئاتاجى مرۆڤ دەكەوێتە شتێك كە لەدەستى كەسانى تردايە، ئەو كەسانەش لەوانەيە بەخۆڕايى ئەو پێداويستييەى ڕادەست نەكەنو پێى نەبەخشن، كەوابوو ڕێگا چارە بۆ گەيشتن بەو شتەى مرۆڤ پێويستييەتى كڕينو فرۆشتنە، تەشريعكردنى سەوداو مامەڵە هۆكارێكى سروشتييە بۆئەوەى مرۆڤ پێداويستى خۆى دابين بكا بەبێ لەڕودامانو حەرەج.

لە (المقدام)ەوە (ڕەزاى خوداى لێ بێ) ڕيوايەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودى خوداى لەسەر بێ) فەرمووى: «مَا أَكَلَ أَحَدٌ طَعَامًا قَطُّ خَيْرًا مِنْ أَنْ يَأْكُلَ مِنْ عَمَلِ يَدِهِ ، وَإِنَّ نَبِيَّ اللَّهِ دَاوُدَ – عَلَيْهِ السَّلَامُ – كَانَ يَأْكُلُ مِنْ عَمَلِ يَدِهِ».[1] كەس خواردەمەنييەكى پاكو خاوێنى نەخواردووە لەوەى: كە بەدەستى خۆى بەرهەمى دێنێ، بێگومان داود پێغەمبەريش لە كاسبىو داهاتى دەستى خۆى بژيوى خۆى دابين دەكرد.

لە ئەبو هورەيرەوە ڕيوايەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودى خوداى لەسەر بێ) فەرمووى: «لأَنْ يَحْتَطِبَ أَحَدُكُمْ حُزْمَةً عَلَى ظَهْرِهِ خَيْرٌ مِنْ أَنْ يَسْأَلَ أَحَدًا ، فَيُعْطِيَهُ أَوْ يَمْنَعَهُ»[2]: ئەگەر يەكێك لە ئێوە بەكۆڵ داربێنێ لە كەژو بيفرۆشێ باشترە لەوە دەست لە خەڵكى پان بكاتەوە جا بيدەنێ يان نەيدەنێ.

---

[1] صحيح: (ص.ج/٥٥٤٦) ، خ(٢٠٧٢/٣٠٣/٤).

[2] صحيح: (ص.ج/٧٠٦٩) ، خ(٢٠٧٤/٣٠٣/٤)، ت(٦٧٥/٩٤/٢)، ن(٥/٩٦).

دەوڵەمەندی چ خراپیەکی تێدانیە بۆ کەسێك لەخودا ترس بێ

لە موعازی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی خوبەیبەوە لەباوکییەوە لە مامیەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ بَأْسَ بِالْغِنَى لِمَنِ اتَّقَى وَالصِّحَّةُ لِمَنِ اتَّقَى خَيْرٌ مِنَ الْغِنَى وَطِيبُ النَّفْسِ مِنَ النِّعَمِ».[1] دەوڵەمەندیو سامانداری چ خراپیەکی تێدانیە بۆ کەسێك تەقواکاربێ لەشساغیش بۆ تەقواکار لە دەوڵەمەندی باشترە دەروون پاکی جۆرێکە لە نیعمەتەکانی خودا.

هەڵنان بۆ بەرهەمهێنانو کاسبی کردن بۆ دابینکردنی بژیو

لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا اللَّهَ وَأَجْمِلُوا فِي الطَّلَبِ فَإِنَّ نَفْسًا لَنْ تَمُوتَ حَتَّى تَسْتَوْفِيَ رِزْقَهَا وَإِنْ أَبْطَأَ عَنْهَا فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَجْمِلُوا فِي الطَّلَبِ خُذُوا مَا حَلَّ وَدَعُوا مَا حَرُمَ»[2]: ئەی خەڵکینە! لەخودا بترسن، تەقوای خودا بکەن، بەشێوەی ڕێكو پێك هەوڵی دابینکردنی ژیان بدەن، هەر داواکاریەکتان بوو بەجوانی دەری بڕن، دڵنیابن هیچ کەسێك نامرێ هەتا رزقو ڕۆژی خۆی تەواونەکا، هەرچەندە هەندێ جار بەسستیو کەمو کوڕی دەستی بکەوێ، تەقوای خودا بکەنو بەجوانی داوای شت بکەن، لەرێگەی رەواو شەرعییەوە هەوڵی دابینکردنی بژیوبدەن، حەڵاڵ وەربگرنو واز لە حەرام بێنن.

---

[1] صحيح: (ص.جة/١٧٤١) ، جة(٢١٤١/٧٢٤/٢).

[2] صحيح: (ص.جة/١٧٤٣) ، جة(٢١٤٤/٧٢٥/٢).

هەڵنان بۆ راستگۆیی‌و هەڕەشەکردن لە درۆزنی

لە حەکیمی کوڕی حیزامەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « الْبَيِّعَانِ بِالْخِيَارِ مَا لَمْ يَتَفَرَّقَا – أَوْ قَالَ حَتَّى يَتَفَرَّقَا – فَإِنْ صَدَقَا وَبَيَّنَا بُورِكَ لَهُمَا فِي بَيْعِهِمَا ، وَإِنْ كَتَمَا وَكَذَبَا مُحِقَتْ بَرَكَةُ بَيْعِهِمَا».[1] فرۆشیارو کڕیار مافی ژێوان بوونەوەیان هەیە، بەمەرجێ دوای مامەڵەکردنەکە لەیەکتر جیانەبووبنەوە، جا ئەگەر لە مامەڵە کردنەکەیاندا راستگۆ بوون‌و عەیب‌و خەوشی کاڵاکەیان نەشاردەوە بەرەکەت دەکەوێتە مامەڵەکەیانەوە، ئەگەر وانەبوون‌و عەیب‌و خەوشی کاڵاکەیان شاردەوە درۆو دەلەسەیان تێداکرد بەرەکەت‌و گەشەی مامەڵەکەیان پوچ دەبێتەوەو خێرو خۆشی لێ نابینن.

لە عوقبەی کوڕی عامیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: گوێم لێ بوو پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو: «الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ وَلاَ يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ بَاعَ مِنْ أَخِيهِ بَيْعًا فِيهِ عَيْبٌ إِلاَّ بَيَّنَهُ لَهُ».[2]: موسوڵمان برای موسوڵمانە، حەڵاڵ نیە بۆ موسوڵمان کاڵایەك بەبرای موسوڵمانی بفرۆشێ‌و عەیبێکی تێدابێ پێی نەڵێ‌و وەکوو پێویست بۆی رون نەکاتەوە.

هەڵنان بۆ ئاسانکاری‌و لێبوردەیی لە مامەڵەو کڕین‌و فرۆشتندا

لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «رَحِمَ اللَّهُ رَجُلاً سَمْحًا إِذَا بَاعَ، وَإِذَا اشْتَرَى،

---

[1] لەوەپێش تێپەڕی.

[2] صحيح: (ص.ج/٦٧٠٥) ، جة(٢٢٤٦/٧٥٥/٢).

وَإِذَا اقْتَضَى»[1]: ڕەحمەتی خودا لەپیاوێك لێبوردەبێ لەكاتی فرۆشتندا، لەكاتی كڕیندا، لەكاتی داواكردنو بڕیارداندا.

مۆڵەتدانی نەبوو تا سەرخۆی دەكەویتەوەو تەنگژەی نامێنێ

له ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتكراوە: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «كَانَ تَاجِرٌ يُدَايِنُ النَّاسَ، فَإِذَا رَأَى مُعْسِرًا قَالَ لِفِتْيَانِهِ تَجَاوَزُوا عَنْهُ، لَعَلَّ اللَّهَ أَنْ يَتَجَاوَزَ عَنَّا، فَتَجَاوَزَ اللَّهُ عَنْهُ».[2] بازرگانێك هەبوو قەرزی دەدا بە خەڵك، جا ئەگەر بیزانیایە یەكێك لە قەرزدارەكانی نەبووە بە پیاوەكانی خۆی دەگوت: لە قەرزەكەی خۆشبنو بیكوژێننەوە، بەڵكوو خودا لێمان خۆشبێ، لەپاداشی ئەوەدا خودا لە تاوانەكانی خۆش بوو.

نەهیكردن لەغەش

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەلای پیاوێكدا تێپەڕی خواردەمەنی دەفرۆشت (دانەوێڵەیەك بوو) پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەستی بردە ناو كۆمەڵە دانەوێڵەكەیەوە، بینی غەشی تێدابوو، شێدار بوو. فەرمووی: «لَيْسَ مِنَّا مَنْ غَشَّ»[3]: كەسێك غەش بكا لەپێڕی ئێمە نیە.

---

[1] صحيح: (ص.ج/٤٤٥٤) ، خ(٢٠٧٦/٢٠٦/٤).

[2] صحيح: (ص.ج/٣٤٩٥) ، خ(٢٠٧٨/٣٠٨/٤).

[3] صحيح: (الإرواء/١٣١٩) ، (ص.جـة/١٨٠٩)، جـة(٢٢٢٤/٧٤٩/٢)، د(٣٤٣٥/٣٣١/٩)، ت(١٣٢٩/٣٨٩/٢)، م(١٠٢/٩٩/١).

هەڵنان بۆ زوو دەست بەكاربوون لەپێناو بەدەستهێنانی رزق

لە صەخری (الغامدی)یەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «اللَّهُمَّ بَارِكْ لأُمَّتِي فِي بُكُورِهَا»[1] خودایە بەرەكەت بخەرە كاروباری ئومەتەكەم ئەوانەی بەیانیان زوو دەچنە سەر ئیشەكانیان‌و زوو دەست بەكاردەبن.

لە سالمی كوڕی عەبدوڵڵای كوڕی عومەرەوە لە باوكییەوە لە باپیریەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ قَالَ حِينَ يَدْخُلُ السُّوقَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَهُوَ حَيٌّ لاَ يَمُوتُ بِيَدِهِ الْخَيْرُ كُلُّهُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ - كَتَبَ اللَّهُ لَهُ أَلْفَ أَلْفِ حَسَنَةٍ وَمَحَا عَنْهُ أَلْفَ أَلْفِ سَيِّئَةٍ وَبَنَى لَهُ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ»[2]: كەسێك لەوكاتەدا دەچێتە ناو بازاڕەوە بڵێ {لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَهُوَ حَيٌّ لاَ يَمُوتُ بِيَدِهِ الْخَيْرُ كُلُّهُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ} پەروەردگار هەزار هەزار چاكەی بۆ دەنووسێ‌و هەزار هەزار تاوانی لێ دەكاتەوەو خانوێكی لەبەهەشتدا بۆ بنیات دەنێ.

ئەو شوێنانەی نابێ مامەڵەو كڕین‌و فرشتنیان تێدابكرێ

لە ئەبو هورەیرە ڕیوایەتكراوە: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِذَا رَأَيْتُمْ مَنْ يَبِيعُ أَوْ يَبْتَاعُ فِي الْمَسْجِدِ فَقُولُوا لاَ أَرْبَحَ اللَّهُ تِجَارَتَكَ».[3] ئەگەر بینیتان كەسێك لەمزگەوتدا كاڵا دەفرۆشێ یان دەیكڕێ، بڵێن: یاخودا سەوداو مامەڵەكەت بەرەكەت ئامێز نەبێ.

---

[1] صحيح: (ص.جة/١٨١٨) ، جة(٢/٧٥٢/٢٢٣٦)، ت(٢/٣٤٣/١٢٣٠)، د(٧/٢٦٥/٢٥٨٩).

[2] حسن: (ص.جة/١٨١٧)، جة(٢/٧٥٢/٢٢٣٥).

[3] صحيح: (ص.ت/١٣٢١)، ت(٢/٣٩١/١٣٣٦).

ئەو كاتانەی سەوداو مامەڵەیان تێدا دروست نیە

قورئان دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ. فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِن فَضْلِ اللَّهِ وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ – الجمعة/٩ – ١٠}: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هەیە؛ ئەگەر لەڕۆژی هەینیدا بانگدراو بانگکران بۆ نوێژ بەپەلە بڕۆن بۆ بەجێهێنانی نوێژو واز لەسەوداو مامەڵە بێنن، ئەو باش‌و پەسەندە بۆ ئێوە ئەگەر ئێوە بزانن. جا کە نوێژ ئەنجام درا ئەوە بە ناو زەویدا بڵاو ببنەوەو خەریکی کارو کاسبی خۆتان بن‌و هەوڵ بدەن فەضل‌و نیعمەتی خودا بەدەست بێنن، یادی خودا زۆر بکەن بەڵکوو بەختەوەری هەردوو جیهان بەدەست بێنن.

ئیبنولعەرەبی دەڵێ: ئەوەی ئایەتەکە ئاماژەی پێ کرد کۆڕای زانایانی ئیسلامی لەسەرەو خیلاف لەوەدانیە کە لەکاتی نوێژی جومعەدا مامەڵە حەرامە. ئەگەر سەودایەك لەوکاتەدا کرا فەسخ دەبێتەوە. هەر سەوداو کاروبارێك مرۆڤ لە نوێژی جومعە مەشغوڵ بکا ئەوە حەرام‌و یاساغەو دانامەزرێ‌و بە هەڵوەشاو حیساب دەکرێ... ئەم حوکمەش بە مەبەستی ڕەدع‌و وازهێنانە لە ئەنجامدانی مامەڵە کردن لەکاتی نوێژی هەینیدا.[1]

خودا کڕین‌و فرۆشتنی حەڵاڵ کردووە

لە ئەصڵ‌و بناغەدا هەموو کڕین‌و فرۆشتنێك دروستە بەهەر شێوەیەك بێ، مادام ڕەزامەندی کڕیارو فرۆشیاری تێدا بێتەجێ‌و شاریع نەی لێ نەکردبێ.

---

[1] احكام القرآن/١٨٠٥ – ٤/١٨٠٦.

ئەو کڕینو فرۆشتنانەی شەرع نەی لێ کردون

١- بیع الغرر: سەودای زیانئامێز:

بریتییە لە هەر کڕینو فرۆشتنێك نەزانی لەخۆ گرتبێ، یان موجازەفەو خەتەریاتو قوماری تێدابێ.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی کرد لە کڕینو فرۆشتنی کاڵایەك نادیاریی تێدابێو کاڵاو سیعر نادیاربێ یان نادیاریی تێدابێ. هەروا نەهی کرد لە (بیع الحصاة) ئەم جۆرە مامەڵەیە بریتییە لەوە فرۆشیار بڵێ ئەم بەردوچکە دەهاوێژم کەوتەسەر کام کاڵا ئەوەم پێ فرۆشتی. یان ئەم بەردە هەڵدەدەم تاکوێ گەیی ئەو مەسافەیەت لە زەوییەکە پێ دەفرشم. یان ئەم سەودایەت لەگەڵ دەکەمو ئەتۆ خیارت هەبێ هەتا ئەم بەردە دەهاوێژم. یان خودی بەرد هاویشتنەکە بکەنە عەقدی فرۆشتنەکە. بڵێ هەرکاتێ بەردم گرتە ئەو قوماشە ئەو کاڵایەماڵت بێو پێم فرۆشتی.

ئیمامی نەوەوی لە شەرحی موسلیمدا (ج١٠/١٥٦) دەفەرموێ: نەهی کردن لە (بیع الغرر) مامەڵەی فرتو فێڵاوی، بنەمایەکی گەورەیە لە بنەماکانی باسی سەوداو مامەڵە، بۆیە ئیمامی موسلیم ئەم باسەی لە کتێبەکەیدا پێش خستووە، چەند نموونەی سەوداو مامەڵەی ناشەرعی تێدانو هەموویان دەچنە بواری بەیعی غەرەرەوە. وەکوو فرۆشتنی کۆیلەی ڕاکردو، فرۆشتنی شتی نەبوو، شتی نەزانراوو نامەعلووم، هەر کاڵایەك نەتوانی تەسلیمی بکەی، کاڵایەك بەتەواوی ملکی فرۆشیار نەبێ، فرۆشتنی ماسی لە ئاوی زۆردا، شیر لە گواندا، فرۆشتنی بێچوو لەسکی دایکەکەیدا. فرۆشتنی کۆمەڵێکی نادیار لەچەند کۆمەڵە گەنمێك، فرۆشتنی کراسێك لەچەند کراسێك، مەڕێك یان بزنێك لە ڕانە مەڕێکداو شتی لەوجۆرە هەموو

ئەو سەوداو مامەڵانە نادروستو ناشەرعین. چونکە زیانی بۆ کڕیار تێدایەو هیچ پێویستیاتێکیش نیەحەڵاڵی بکا.

هەر نەوەوی دەفەرموێ: ئەگەر پێویستیاتێك هەبوو داخوازی ئەوەبوو مل بدەین بۆ مامەڵەیەك کە (بیع الغرر) بێو بە ناڕەحەتیو موشەققەت نەبایە نەدەتواندرا خۆی لێ بپارێزی، زیانەکەش زۆر نەبوو، مامەڵەکە لەبەر ناچاریی دروستە، بۆیە موسوڵمانان کۆڕایان هەیە لەسەر ئەوەی جبەو کەوای ناوهاخنـدراو – هەرچەندە ناوهاخنەکە نابینـدرێ – دروستە، خۆئەگەر بەتەنیا ناوهاخنەکەی پێ بفرۆشی دروست نیە.

هەروا فەرموویەتی: پێویستە بزانرێ کە (بیع الملامسة) خاوەن کاڵا بڵێ ئەگەر دەستت ڕێی کەوت ئەوە ماڵت بێ (بیع المنابذة) هەر لەگەڵ کاڵاکەم بۆ هاویشتی ئەوە ماڵت بێو دەبێ قبوڵت بێ، هەروا (بیـع حَبَـل الحبلـة) بڵێ: ئەگەر حوشترەکەم زا بێچوی بوو پاشان ئەم بێچوە گەورەبوو ئاوس بوو بێچوی ئەوم پێ فرۆشتی هەروەها (بیـع الحـصاة) بڵێ: ئەم بەردە هەڵدەدەم لەکامیان کەوت لەو کاڵایانە ماڵتەو دەبێ بەهاکەیم بدەیتێ. هەروا تۆوی ئەسپو ئاژەڵی تری نێرو شتی لەو جۆرەی باسکران فرۆشتنیان حەرامە، دەچنە بواری (بیع الغرر)ەوە. بەڵام بەتایبەتی ئەم چەند شتە ناویان هێنراوە چونکە ئەو جۆرە مامەڵانە لەسەردەمی نەزانیدا باوبوون.

نەی کردن لە بەیعی مولامەسەو مونابەزە

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: نەی کراوە لەدوو جۆرە سەوداو مامەڵە: کە سەودای مولامەسەو مونابەزەن. مولامەسە ئەوەیە هەریەك لە کڕیارو فرۆشیار بەبێ تێفکرین دەست بدەن لە پۆشاکی یەکتریو دەست لێدانەکەیان بریتی بێ لە عەقدەکە. یان مولامەسە بریتییە لەوە پیاو

بە پیاو بڵێ: ئەم قوماشەت پێ دەفرۆشم بەو قوماشەو هیچیان سەیری قوماشەکان نەکەن بەڵکوو دەستیان لێ بدەن.

منابذە = مونابەذە: ئەوەیە کابرا بڵێ ئەوەی لامە بۆتی هەڵدەدەم ئەوەی لاتە بۆم هەڵبدە، ئیتر هەریەکەیان ئەوەی لایەتی هەڵی بدا بۆ ئەوی تریانو هیچیان نەڕوانێ بۆ قوماشو کاڵای ئەویتریان[1].

لە ئەبو سەعیدی (الخدری)یەوە ڕیوایەتکراوە: (نَهَانَا رَسُولُ اللَّهِ –صلى الله عليه وسلم– عَنْ بَيْعَتَيْنِ وَلِبْسَتَيْنِ نَهَى عَنِ الْمُلاَمَسَةِ وَالْمُنَابَذَةِ فِى الْبَيْعِ).[2] دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەدووجۆر مامەڵەو دوو شێوە پۆشاك نەیی لێ کردین.

الملامسة: بریتییە لەوەی پیاو دەست لە قوماشی یەکێکی تر بدا، جا بەشەو بێ یان بەڕۆژ بێ.

المنابذة: ئەوەیە پیاو پۆشاك یان بڵێ کاڵاکەی هەڵبدا بۆ پیاوێکی ترو ئەویش قوماشەکەی یان بڵێ کاڵاکەی بۆئەم هەڵبدا ئەمە شێوەی سەوداکەیان بێ بەبێ تێفکرینو ڕەزامەندی نواندن.

فرۆشتنی بێچووی بێچوویێك کە هێشتا لەدایك نەبوە (بیع حبل الحبلة)

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: خەڵکی سەردەمی نەفامی گۆشتی نوێنگینە حوشتریان دەفرۆشت، کە هێشتا حوشترەکەیان نەبوو تەنانەت گۆشتی بێچوی بێچوە حوشترێك کە هێشتا لەدایك نەبووبوو. هۆی دروست نەبوونی ئەم جۆرە مامەڵەیە نەزانینی ماوەکەیە.

---

[1] صحيح: (مختصر م/٩٣٨) ، م(١٥١١-٢-/١١٥٢/٣).

[2] متفق عليه: م(١٥١٢/١١٥٢/٣) وهذا لفظه، خ(٤٤، ٢١٤٧/٣٥٨/٤)، د(٣٣٦٢/٢٣١/٩)، ن(٧/٢٦٠).

حَبَل الحبلة: ئەوەیە حوشتر لەدایك بێ، پاشان ئەم حوشترە لەدایك بووە گەورەببێ سكو زا بكا. كابرا بێ پێش ئەوەی حوشترە دایكەكە لەدایك بێ بێچوەكانی بفرۆشێ. ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی لێ كردن لەوەی ئەو جۆرە سەودایە بكرێ.

بيع الحصاة: فرۆشتن بە بەردوچكە بۆهاویشتن

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەی كرد لە فرۆشتنی كاڵا بەشێوەی بەردوچكە بۆ هەڵدان، هەروا هەر مامەڵەیەك فێڵو هەڵخەڵەتاندنی تێدابێ. (لەوەپێش ئەم باسە تێپەڕی).

ئیمامی نەوەوی لە شەرحی موسلیمدا (ج١٠/١٥٦) دەفەرموێ: (بيع الحصاة) سێ تەئویلی بۆ دەكرێ:

١- بەم جۆرە فرۆشیار بڵێ: ئەم بەردە دەهاوم، كەوتە سەر كام جۆر لەم كراسانە؛ لەم تۆپە قوماشانە ئەوە ماڵت بێ. یان لێرەوە ئەم بەردە هەڵدەدەم تا كوێ گەیشت لێرەوە تا ئەوێت پێ دەفرۆشم.

٢- بڵێ من ئەم كاڵایەم پێ فرۆشتی، ڕێگەی خیارو هەڵوەشاندنەوەت هەبێ تا ئەم بەردە دەهاوم لەگەڵ بەردەكەم فڕێ دا ئیتر ماڵت بێو مافی هەڵوەشانەوەت نەبێ.

٣- ئەوەیە خودی هەڵدانی بەردەكە بریتی بێ لە مامەڵەكە بەم جۆرە بڵێ: هەركاتێ ئەم بەردەم هەڵدا بۆسەر ئەو كراسە ئەوە لێم كڕیویو ماڵمە.

فرۆشتنی تۆماوی نێر

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی کرد لە فرۆشتنی تۆماوی فەحل، واتە: تۆماوی ئەسپو کەڵەگاو نێرەکەرو نێریو بەران.[1]

فرۆشتنی کاڵایەك کەنەتبێ

لە حەکیمی کوڕی حیزامەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: عەرزی پێغەمبەرم کرد؛ وتم: ئەی پێغەمبەری خودا! پیاو هەیە داوام لێ دەکا شتێکی پێ بفرۆشم منیش شتەکەم نیە، ئایا پێی بفرۆشم؟ فەرمووی: « لاَ تَبِعْ مَا لَيْسَ عِنْدَكَ».[2] شتێك مەفرۆشە کەنیتە.

فرۆشتنی کاڵا پێش ئەوەی بکەوێتە ژێر دەستت

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنِ ابْتَاعَ طَعَامًا فَلاَ يَبِعْهُ حَتَّى يَقْبِضَهُ». کەسێك تەعامێکی کڕی با نەیفرۆشێتەوە تا دەکەوێتە ژێردەستی، کە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی ئەوجا دەتوانێ بیفرۆشێتەوە، ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: پێم وایە هەموو کاڵایەك وەکوو خۆراك وایە.[3]

ئەم بۆچوونەی ئیبنو عەبباس لە حەدیسێکی مەرفوعدا چەسپاوە، وادیارە ئیبنو عەبباس فەرموودەکەی پێ نەگەیشتووە.

لە حەکیمی کوڕی حیزامەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: بە پێغەمبەرم گوت: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەمن معامەلە چیم، دەکڕمو دەفرۆشم چیم بۆ

---

[1] صحيح: (مختصر م/٩٣٩) ، خ(٢٢٨٤/٤٦١/٤)، د(٣٤١٢/٢٩٦/٩).

[2] صحيح: (الإرواء/١٢٩٢) ، جة(٢١٨٧/٧٣٧/٢)، ت(١٢٥٠/٣٥٠/٢)، د(٨٦٣٤/٤٠١/٩).

[3] متفق عليه: م(١٥٢٥ -٣٠-/١١٦٠/٣) واللفظ له خ(٢١٣٥/٣٤٩/٤)، د(٣٤٨٠/٣٩٣/٩).

حەلاڵەو چیم لێ قەدەغەیە؟ فەرمووی: « فَإِذَا اشْتَرَيْتَ بَيْعاً فَلاَ تَبِعْهُ حَتَّى تَقْبِضَهُ»[1]: ئەگەر کاڵایەکت کڕی تا وەری نەگری و نەیخەیە ژێر دەستی خۆت مەیفرۆشەوە.

لە طاوسەوە لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنِ ابْتَاعَ طَعَامًا فَلاَ يَبِعْهُ حَتَّى يَكْتَالَهُ».[2] کەسێك طەعامێکی کڕی با نەیفرۆشێتەوە تا دەیخاتە ژێر دەستی خۆی. بە ئیبنو عەبباسم وت: بۆ؟ فەرمووی: ئەی ئەوەنیە ئەو فرۆشیارو کڕیارە مامەڵە بەپارەکە دەکەن و هێشتا کاڵاکە وەرنەگیراوە.

سەودا لەسەر سەودا

لە ئیبنو عومەرەوە هاتووە: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لاَ يَبِعْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَيْعِ بَعْضٍ».[3] هیچ کام لەئێوە نابێ سەودا لەسەر سەودا بکا.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ يَسُمِ الْمُسْلِمُ عَلَى سَوْمِ أَخِيهِ».[4] با موسوڵمان سەودا لەسەر سەودای برای موسوڵمانی نەکا.

هیچ خراپیەك نابیندرێ ئەگەر یەکێك لە مەزادکردندا سەودا لەسەر سەودای برای موسوڵمانی بکا بە مەرجێ نیازی کڕین بێ.

---

[1] صحيح لغيره: حم(١٥٣١٦/٣٢/٢٤).

[2] متفق عليه: م(١٥٢٥-٣١/١١٦٠/٣) وهذا لفظه خ(٢١٣٢/٣٤٧/٤)، د(٣٤٧/٣٩٢/٩).

[3] متفق عليه: خ(٢١٦٥/٣٧٣/٤)، م(١٤١٢/١١٥٤/٣)، جة(٢١٧١/٧٣٣/٢).

[4] صحيح: (الإرواء/١٢٨٩)، م(١٥١٥/١١٥٤/٣).

عـەطاء دەفەرموێ: مـن زۆرم لـەم باسـە کۆڵیوەتـەوەو گەیـشتومە ئـەو قەناعەتە: کە هیچ خراپیەك نابینـدرێ لـەوەدا زەمکـردن‌و زیـادکردن بەسـەر موشتەریدا بکرێ، وەڵێ ئەگەر زیادکردنەکە بەنیازی کـڕین نـەبوو، بـەڵکوو بۆئەوە بوو کاڵاکە بەرزبکەیەوە ئەوە ناشەرعییەو دروست نیە. چونکە ئـەوە ئەو پێدا هەڵگوتن‌و چاووڕاو کردنەیە کە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێ) نەهی لێ کردوە.[1]

ئیبنو ئەبو ئەوفا دەڵێ: (ألنـاجش) واتـە: چاووراوکەر ریبـا خـۆرەو بـە خائین حلێبە.

پێش فرۆشی مودەکاری (بیع العینة)

ئەم جۆرە مامەڵەیە ئەومیە کاڵایەك بفرۆشی بەنرخێك بەقەرز پاشـان پێش ئەوەی کڕیار ماڵەکە وەربگرێ بەحازر لێی بکڕێتەوە بەنرخێکی کـەمتر لەو نرخەی پێی فرۆشتووە.

لـە ئیبنـو عومـەرەوە ڕیوایـەتکراوە: کـە پێغەمبـەر (درووودی خـودای لەسەر بێ) فەرموویـەتی: «إِذَا تَبَـايَعْتُمْ بِالْعِينَـةِ وَأَخَـذْتُمْ أَذْنَـابَ الْبَقَـرِ وَرَضِـيتُمْ بِالزَّرْعِ وَتَرَكْتُمُ الْجِهَادَ سَلَّطَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ ذُلاًّ لاَ يَنْزِعُهُ حَتَّى تَرْجِعُوا إِلَى دِينِكُمْ».[2]

ئەگەر بەشێوەی (عینة) سەوداو مامەڵەتان کرد هەرکاتێك خـەڵکی چروکیان نواند رژدو چاو چنۆك بوون لە دینارو درەمدا، مامەڵەی عینـەیان کـرد: واتـە بازرگانـەکان کـاڵای خۆیـان فرۆشـت بـە قـەرزو لەپاشـان هـەمان کاڵایـان لـە کڕیارەکان کڕیەوە بە حازرو بەکەمتر لەو نرخەی پێیان فرۆشـتووە، لـەکاتێکا غـەزاو جیهـاد پێویـست بـوو ئـەوان خـەریکی جوتکردن‌و کـشت‌و کـاڵ کـردن بووون‌و وازیان لە جیهاد هێناو خۆشیان بۆ حازرنـەکرد، ئـەوە خـودا تـەنگ‌و

---

[1] متفق علیه: (٢١٤٢/٣٥٥/٤)، م(١٥١٦/١١٥٦/٢).

[2] صحیح: (ص.ج/٤٣٢) ، د(٣٤٤٥/٣٣٥/٩).

چەڵەمەو گرفتاربوونتان بەسەردا دەداو پێوەی دەتلێنەوەو لەسەرتان لانابا هەتا نەگەڕێنەوە بۆ پەیڕەویکردنی ئایینەکەتان.

فرۆشتنی بەقەرز بە نرخی زیاد (فرۆشتنی بەقیسط)

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « مَنْ بَاعَ بَيْعَتَيْنِ فِي بَيْعَةٍ فَلَهُ أَوْكَسُهُمَا أَوِ الرِّبَا »[1]: کەسێك دوو سەودا بەیەك سەودا ئەنجام بدا، وەکوو ئەوە بڵێ ئەم کراسەم پێ فرۆشتی بەحازر بە دەدینارو بە قەرز بە دوانزە دینارو بەلایەکدا ساغی نەکردەوە دەبێ بەبەها کەمەکە رازی بێ‌و خۆی‌و بەرامبەرەکەی تووشی سودخۆریی نەکا، خۆ ئەگەر لەسەر شێوەیەك ڕێك کەوتن ئەوە سەوداکەیان دروستە.

لە سیماکەوە لە (عبدالرحمن)ی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی مەسعودەوە لە باوکییەوە ریوایەت دەکا، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی کرد لەوەی دوو سەودا لەیەك سەودادا بکرێ.

سیماك دەفەرموێ: شێوەی ئەنجامدانی دوو سەودا لەیەك سەودادا بەم جۆرەیە پیاوێك سەودابکا بڵێ: ئەم کالآیە بەقەرز بە ئەوەندە پارە بە حازریش بە ئەوەندە، بەلایەکدا نەی بڕێنێتەوە.[2]

(بیع المعاومة) فرۆشتنی بەروبوومی درەخت دوو ساڵو زیاتر

لە ئیبنو زوبەیرو سەعیدی کوڕی (میناء)وە، لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی

---

[1] حسن (ص.ج/٦١١٦)، د(٣٤٤٤) ولمزيد من التفصيل راجع السلسلة الصحيحة للألباني/٢٣٢٦).

[2] صحيح لغيره حم: (٣٢٤/٣٧٨٣ و ٦/٣٢٥)، ت الأرناؤوط.

کردووه له مامەڵه بەشێوەی (معاومـة) راوییـەکیان دەڵێ: پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەجیاتی (ألمعاومة) وشەی (بیع السنین) فەرمووە.[١]

ئیبنولمونذیر دەڵێ: فوقـەها کۆڕایـان هەیـه لەسـەر ئـەوە: کـه فرۆشـتنی میوەی درەخت بۆ چەند ساڵێك دروست نیه.[٢]

خەطابی دەڵێ: وشەی (ألمعاومة) لەسەر کێشی (ألمفاعلـة)یـەو لـه (ألعـام) وەرگیراوە بریتییه له فرۆشتنی میوەی درەخـت بۆمـاوەی چـەند سـاڵێك. بـەم جـۆرە پیـاو بـەری درەختـه خورمایـەك یـان چـەند درەختێـك بفرۆشـێ بـه یەکێکی تر بۆماوەی چەند ساڵێك، ئەم جۆرە مامەڵەیه زیانی تێدایه. چـونکه ئەو شتێك دەفرۆشێ: که بـوونی نیـه لـەکاتی مامەڵەکەدا، شـته فرۆشـراوەکه هەر نەهاتۆتـەدی، ناشـزاندرێ ئـاخۆ دێتـه دی یـان نـا؟ نازانـێ ئـاخۆ درەختـه خورماکه بەر دەگرێ یان نا.[٣]

قەرزو کڕینو فرۆشتن بەیەك سەودا (سلف وبیع)

له عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « لاَ يَحِلُّ سَلَفٌ وَبَيْعٌ».[٤]

خەطابی دەڵێ: مانای (سلف) قەرزە. ئەم مامەڵەیه بـەم جۆرەیـه کـابرا بڵێ: ئەو کاڵایەت پێ دەفرۆشم بەئەو نرخه بەمەرجێ هەزار دینـارم بەقـەرز بدەیتێ، ئەم مامەڵەیه فاسیدەو دانابەسترێ چونکه ئەو بۆیه قەرزی پێ دەدا: کـه لـەکڕینی کاڵاکـەدا خـاتری بگـرێ، کـەوابوو نـرخـی کاڵاکـه نادیـار دەبـێ.

---

[١] م(١٩٣٦ -٨٥-/١١٧٥/٣)، د(٣٣٥٩/٢٢٩/٩)، جة(٢٢١٨/٧٤٧/٢).

[٢] الإجماع: (١١٥/٤٧٩).

[٣] معالم السنن ج٥/٤٤.

[٤] حسن صحيح: (ص.د/٢٩٩٢) ، د(٣٤٨٧/٤٠٢/٩)، ت(١٢٥٢/٣٥١/٢)، ن(٢٨٨/٢٩٥/٧).

هەروەها چونکە هەر قەرزێك سود بۆ خاوەن قەرزەکە رابکێشێ دەچێتە چوارچێوەی ریباوە.[١]

نەیکردن لە فرۆشتنی (طەعام) هەتا دوجار نەپێورێ

لە جابیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەی کرد لەفرۆشتنی (طەعام) هەتا ربەی فرۆشیارو ربەی کڕیار تێیدا بەکار نەبێ.[٢]

لە ئیمامی عوسمانەوە دەگێڕدرێتەوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرمووە: «إِذَا بِعْتَ فَكِلْ ، وَإِذَا ابْتَعْتَ فَاكْتَلْ»: کە خۆراکت فرۆشت پێوانەی بکە بۆ کڕیار کە کڕیشت شتەکردراوەکە بپێوە.[٣]

فرۆشتنی حەیوان بە حەیوان بەقەرز (بيع الحيوان بالحيوان نسيئة)

لە سەمورەی کوڕی جوندوبەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەیکردوە لە فرۆشتنی حەیوان بەحەیوان بەقەرز.[٤]

ئەگەر حەیوان بەحەیوان فرۆشرا دروستە زیدەی تێدابێ بەمەرجێ حازر بەحازر بێ.

لە جابیرەوە ریوایوەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لاَ بَأْسَ الْحَيَوَانُ بِالْحَيَوَانِ وَاحِدًا بِاثْنَيْنِ يَدًا بِيَدٍ وَكَرِهَهُ نَسِيئَةً».[٥]

---

[١] معالم السنن (٥/١٤٤).

[٢] حسن: (ص.جة/١٨١٢)، جة(٢/٧٥٠/٢٢٢٨).

[٣] خ: (٣٤٣ و ٤/٣٤٤).

[٤] صحيح: (ص.د/٢٨٦٩) ، د(٩/٢٠٥/٣٣٤٠)، جة(٢/٧٦٣/٢٢٧٠)، ن(٧/٢٩٢).

[٥] صحيح: (ص.جة/١٨٤٢) ، جة(٢/٧٦٣/٢٢٧١).

فرۆشتنی گیانلەبەر بە گیانلەبەر دروستە حەیوانێك بەدوو حەیوان حازر بەدەستو دەست بەدەست. بەڵام بەشێوەی قەرز بەلایەوە پەسەند نەبوو.

فرۆشتنی خورمای تەڕ بە خورمای وشك (بیع الرطب بالتمر)

لە سەعدی کوڕی ئەبو وەقاصەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: گوێم لێ بوو پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پرسیاری لێ کرا دەربارەی فرۆشتنی خورمای تەڕ بە خورمای وشکەوە بوو. فەرمووی: «أَيَنْقُصُ الرُّطَبُ إِذَا يَبِسَ».؟ ئایا خورما تەڕەکە کەوشکبۆوە کەم دەکا؟ وتیان: بەڵێ، ئیتر پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نەهی لێ کردن کە ئەو جۆرە مامەڵەیە بکەن.[1]

فرۆشتنی میوە بە خواردەمەنی بە پێوانە

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نەهی کرد لە مامەڵەکردن بەشێوەی موزابەنە، بەمجۆرە بەروبوومی پەرژینی باخەکەی ئەگەر خورمابوو بفرۆشێ بە خورمای وشکەوەکراو ئەگەر دارمێو بوو بەرەکەی بفرۆشێ بەمێوژ بەپێوانە، ئەگەر کشتو کاڵی تر بوو بیفرۆشێ بە خواردەمەنی بە پێوانە. پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نەهی لەهەموو ئەم جۆرە سەودایانە کرد.[2]

ئیبنو بەطال دەڵێ: زانایان کۆڕایان هەیە لەسەر ئەوە کە دروست نیە فرۆشتنی بەروبووم پێش لێکردنەوەو چنینی بە خواردەمەنی چونکە فرۆشتنی کاڵای نادیارو نەزانراوە بەکاڵای دیاریکراو.

---

[1] صحيح: (ص.ت/١٢٢٥) ، ت(١٢٤٣/٣٤٨/٢)، د(٣٣٤٣/٢١١ – ٩/٢١٣)، ن(٧/٢٦٩)، جة(٢٢٦٤/٧٦١/٢).

[2] متفق عليه: خ(٢٢٠٥/٤٠٣/٤)، م(١٥٤٢ -٧٦/١١٧٢/٣)، د(٣٣٤٥/٢١٤/٩).

بەرەوپیر چوونی کاروانو قەتار کەشت دێنن بۆشار

ئەم جۆرە مامەڵەیە ئەوەیە بازرگانی شار بەرەوپیری کاروانو قەتار بڕوا بۆئەوەی پێش ئەوەی کاروانەکە بگاتە شارو نرخی کاڵاکەیان بزانن کاکی بازرگان لێیان بکڕێ [1] بەمەش قەتارچیو کاڵا هێنەکان چونکە ئاگاداری نرخ نین دەکەونە زەرەرەوە.

لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لاَ تَلَقَّوُا السِّلَعَ حَتَّى يُهْبَطَ بِهَا إِلَى السُّوقِ». [2] بەپیر کاڵای قافڵەو کاروانەوە مەچن بۆ دەری شارو لێیان بگەڕێن با بەشێوەی ئاسایی کاڵاکەیان بخەنە بازاڕەوە.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لاَ تَلَقَّوُا الْجَلَبَ. فَمَنْ تَلَقَّاهُ فَاشْتَرَى مِنْهُ فَإِذَا أَتَى سَيِّدُهُ السُّوقَ فَهُوَ بِالْخِيَارِ». [3] بەپیر کاڵا هێنەرانەوە مەچن کەسێك بەپیریانەوە چوو شتێکی لەیەکێك کڕی دوایی خاوەن کاڵاکە هاتە بازاڕو هەستی کرد خەڵەتاوەو نرخی کەمی دراوەتێ بۆی هەیە پەشیمان بێتەوە.

فرۆشتنی کاڵای لادێیی لەلایەن بازرگانی شارەوە (بيع الحاضر للبادي)

ئەم جۆرە مامەڵەیە ئەوەیە لادێیی کاڵاکەی بەرێ بۆشار بۆ فرۆشتن بە نرخی ڕۆژو بگەڕێتەوە بۆ گوند، کابرای دوکانداری شارنشین بچێتە بن

[1] أحكام الأحكام ج٣/١١١).

[2] متفق عليه: خ(٢١٦٥/٣٧٣/٤)، واللفظ له، م(١٥١٧/١١٥٦/٣)، د(٧٤٧٣/٣٨٠/٩).

[3] م(١٥١٩/١١٥٧/٣)، ت(١٢٣٩/٣٤٦/٢)، د(٣٤٢٠/٣٠٣/٩)، ن(٧/٢٥٧)، ج(٢١٧٨/٧٣٥).

کڵێشەیەوەو پێی بڵێ: لای من دای بنێ من بەکاڵەخۆ بەنرخی زیاد بۆت دەفرۆشم، ئەمەش زیان دەگەیەنێ بە دانیشتوانی شار.[١]

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی لەوەکرد؛ کە دوکاندارو بازرگانی شار شتومەك بۆ گوندنشینەکان بفرۆشن با باوکیشی بێ یان برای بێ.[٢] واتە: تەنانەت ئەگەر خاوەن کاڵای لادێییو دوکانداری شار باوكو کوڕ یان برای یەکتریش بن هەرنابێ کابرای دوکانداری شار کاڵا بۆ لادێیی بفرۆشێ.

لە جابیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ يَبِعْ حَاضِرٌ لِبَادٍ دَعُوا النَّاسَ يَرْزُقِ اللَّهُ بَعْضَهُمْ مِنْ بَعْضٍ».[٣] نابێ دوکانـدارو بازرگـانی شارنـشین کـاڵا بـۆ گوندنـشینەکان بفرۆشـێ، واز لەخـەڵك بێـنن بـا بۆخۆیـان کـاڵای خۆیـان بفرۆشـنو خـودا رزقو رۆژی هەندێکیان لە هەندێکیان بەدەست بێنن.

ئەو کاڵایانەی فرۆشتنیان دروست نیە

١- شەراب: لەخاتو عائیشەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) دەفەرموێ: کاتێك ئایەتەکانی سورەتی (البقرة) بەتەواوی نازڵ بوو، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) تەشریفی لەماڵ دەرچوو فەرمووی: (حُرِّمَتْ التِّجَارَةِ فِي الْخَمْرِ).[٤] بازرگانیکردن بە مەیو شەراب یاساغ کرا.

---

[١] أحكام الأحكام (ج٣/١١٤).

[٢] م(١٥٢٣/١١٥٨/٣)، د(٣٤٢٣/٣٠٦/٩)، ن(٢٥٦/٧).

[٣] م(١٥٢٢/١١٥٧/٣)، ت(١٢٤١/٣٤٧/٢)، د(٣٤٢٥/٣٠٩/٩)، ن(٢٥٦/٧)، جة(٢١٧٦/٧٣٤/٢).

[٤] متفق عليه: خ(٢٢٢٦/٤١٧/٤)، م(١٥٨٠/١٢٠٦/٣)، د(٣٤٧٣/٣٨٠/٩)، ن(٣٠٨/٧).

٢- فرۆشتنی ترێ بەكەسێك بیكا بەمەی: قورئان دەفەرموێ: {وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ – المائدة/٢}. هاوكاری یەكتربكەن لەسەر كاری چاكو خۆپارێزی لەسزای خودا، یارمەتی یەكتر مەدەن لەسەر خراپەو كاری سنوور بەزێنیو شكاندنی فەرمانەكانی خودا.

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « لُعِنَتِ الْخَمْرُ عَلَى عَشَرَةِ أَوْجُهٍ بِعَيْنِهَا وَعَاصِرِهَا وَمُعْتَصِرِهَا وَبَائِعِهَا وَمُبْتَاعِهَا وَحَامِلِهَا وَالْمَحْمُولَةِ إِلَيْهِ وَآكِلِ ثَمَنِهَا وَشَارِبِهَا وَسَاقِيهَا ».[1] لە دەلاوە لەعنەتو نەفرین كراوە لە عەرەقو مەی. خودی عەرەق خۆی، ئەوكەسەی دەیگوشی ئەوەی بۆی دەگوشن، ئەوەی دەیفرۆشێ ئەوەی پێی دەفرۆشن ئەو كەسەی هەڵی دەگرێ ئەوەی بۆی هەڵدەگرنو بۆی دەبەن، ئەوەی نرخەكەی دەخوا، ئەوەی دەیخواتەوە ئەوەی دەیگێڕێ.

٣- فرۆشتنی ئامێری شاییو زەماوەندو دەهۆڵو زوڕناو شتی وا: لە ئەبو ئومامەوە لە پێغەمبەرەوە ڕیوایەتكراوە: فەرموویەتی:(لاَ تَبِيعُوا الْقَيْنَاتِ وَلاَ تَشْتَرُوهُنَّ وَلاَ تُعَلِّمُوهُنَّ وَلاَ خَيْرَ فِي تِجَارَةٍ فِيهِنَّ وَثَمَنُهُنَّ حَرَامٌ). چەتیوی كۆیلەی گۆرانی بێژ مەفرۆشن، مەشیان كڕن، گۆرانیشیان فێرمەكەن، خێرو بێرو بەرەكەت لە مامەڵەكردن بەم جۆرە كۆیلانەوە نیە، بەهاكەشیان حەرامە. دەربارەی ئەم شتە خراپو نەشیاوانە ئەم ئایەتە نازڵ بووە: كە دەفەرموێ: {وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًا أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ – لقمان/٦}.

٤- گۆشتی مردارەوەبوو، گۆشتی بەراز، بتو صەنەم:

---

[1] صحيح: (ص.جة/٢٧٢٥) ، جة(٣٣٨٠/١١٢١/٢) واللفظ له، د(٣٦٥٧/١١٢/١٠).

لەجابیری کوڕی عەبدوڵلاوە ڕیوایەتکراوە: کە بەگوێچکەی خۆی ساڵی ڕزگارکردنی مەککە لە مەککەدا لەدەمی پێغەمبەری بیست فەرمووی: «إِنَّ اللَّـهَ وَرَسُـولَهُ حَـرَّمَ بَيْـعَ الْخَمْـرِ وَالْمَيْتَـةِ وَالْخِنْزِيـرِ وَالأَصْـنَامِ». پەروەردگارو پێغەمبەرەکەی فرۆشتنی عەرەقیان حەرام کردووە، هەروەها فرۆشتنی گۆشتی مردارەوەبوو گۆشتی بەراز هەروا بتو صەنەم.

گوترا: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەی پیوی ئاژەڵی مردارەوەبوو حوکمەکەی چییە؟ ئەوەتا کەشتی پێ ڕوکەش دەکرێ، پێستی پێ چەوردەکرێ، دەشکرێ بە ڕۆنی فتیلەو چرا بۆ ڕوناکی، فەرمووی: « لاَ ، هُـوَ حَرَامٌ » نابێ، بەکارهێنانی پیوی لەو جۆرە حەرامەو فرۆشتنو کڕینیشی حەرامە. پاشان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «قَاتَـلَ اللَّـهُ الْيَهُودَ ، إِنَّ اللَّهَ لَمَّـا حَـرَّمَ شُـحُومَهَا جَمَلُـوهُ ثُـمَّ بَـاعُوهُ فَـأَكَلُوا ثَمَنَـهُ».[1] خودا جولەکە لەناوبەرێ: کە پەروەردگار پیوی مردارەوەبووی حەرام کرد هاتن پیوەکەیان تواندەوەو فرۆشتیان پاشان بەهاکەیان خوارد.

٥- فرۆشتنی خوێن: لە عەونی کوڕی ئەبو جوحەیفەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: باوکی خۆم بینی بەندەیەکی کەڵەشاخگری کڕی (فَـأَمَرَ بِالْمَحَـاجِمِ فَكُسِرَتْ، فَسَأَلْتُهُ عَنْ ذَلِكَ)؟ فەرمانی پێدا کەڵەشاخەکەی بشکێنێ، پرسیارم کرد بۆ؟ لە وەڵامدا وتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی کردوە لەبەهای خوێن.[2]

---

[1] متفـــق عليـــه: خ(٢٢٣٦٥/٤٢٤/٤)، م(١٥٨١/١٢٠٧/٣)، ت(١٣١٥/٢٨١/٢)، د(٣٤٦٩/٣٧٧/٩)، جة(٢١٦٧/٧٣٧/٢)، ن(٣٠٩/٧).

[2] خ(٢٢٣٨/٤٢٦/٤).

ئیبنولونزیر دەڵێ: زانایانی ئیسلام کۆڕایان هەیە لەسەر حەرامی ئەو شتانەی خودا حەرامی کردون: لە مردارەوەبوو لەخوێنو لەبەراز.[(١)]

٦- سەگ: لەئەبو مەسعودی ئەنصارییەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی کرد لەبەهای سەگو لەکرێی زیناو لە شیرینیو بەخشیشی کاهینو کوڵەوەنانی.[(٢)]

سەگی راو واتە سەگی تەربیە دادراو راهێنراو لەم حوکمە چەرت دەکرێ، ئەم جۆرە سەگە کڕینو فرۆشتنیان دروستە.

لە ئەبو هورەیرە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: نەهی کراوە لەبەهاو نرخی سەگ جگە لەسەگی راو.[(٣)]

٧- پشیلە: لە ئەبو زوبەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پرسیارم لە جابیر کرد دەربارەی بەهای سەگو پشیلە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) زۆر بەتوندیو توڕەییەوە نەهی لەو جۆرە مامەڵەیە کرد.[(٤)]

٨- وێنەی ئەو شتانەی گیانیان لەبەرە، لە سەعیدی کوڕی ئەبولحەسەنەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: لای ئیبنو عەبباس بووم، پیاوێك هات بۆلام وتی: ئەی ئیبنو عەبباس! من مرۆڤێکم ژیانم لەسەر بەرهەمی دەستی خۆمە، من وینەکێشم ئەم وێنانەم بەدەستی خۆم دروست کردووە، ئیبنو عەبباس فەرمووی: ئەمن ئەوەی لە پێغەمبەرم نەبیستبێ بۆت ناگێڕمەوە، بەگوێی خۆم لە پێغەمبەرم بیست، فەرمووی: «مَنْ صَوَّرَ صُورَةً فَإِنَّ اللَّهَ مُعَذِّبُهُ

---

(١) الإجماع: (١١٤/٤٧٤).

(٢) متفق عليه: خ(٤/٤٢٦/٢٢٣٧)، م(٣/١١٩٨/١٥٦٧)، د(٩/٣٧٤/٣٤٦٤)، ت(٢/٣٧٢/١٢٩٣)، جة(٢/٧٣٠/٢١٥٩)، ن(٧/٣٠٩).

(٣) حسن (ص.ت/١٢٨١)، ت(٢/٣٧٥/١٢٩٩).

(٤) م (٣/١١٩٩/١٥٦٩)، د (٩/٣٧٢/٣٤٦٢)، ت (٢/٣٧٤/١٢٩٧).

، حَتَّى يَنْفُخَ فِيهَا الرُّوحَ ، وَلَيْسَ بِنَافِخٍ فِيهَا أَبَدًا». کەسێك وێنەی گیانلەبەرێك بکێشێ، ڕۆژی قیامەت پەروەردگار سزای دەدا تاگیانی بە بەردا دەکا، هەرگیز توانای ئەوەی نیە گیانی بە بەردا بکا، کابرا هەڵسڵەمیەوەو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، ئیبنو عەبباس پێی گوت: ماڵوێران، کە هەر ناچار بی وێنە بکێشی، وێنەی درەختێك بکێشە، یان هەرشتێك کە گیانی لەبەردا نەبێ.[1]

٩- میوە پێش ئەوەی کامڵ بێ، لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی کرد لەفرۆشتنی بەروبووم تا نیشانەی کامڵ بوونی دەردەکەوێ، هەروا نەهی کرد لەفرۆشتنی بەری درەختی خورما هەتا وای لێ دێ ئاڵو بۆڵی تێدەکەوێ، واتە: تا خورماکانی سور دەبن یان زەرد دەبن.[2]

هەر لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی کردووە لە فرۆشتنی میوەو بەروبوم هەتا کامڵ دەبن. گوترا کامڵ بوون چۆنە؟ فەرمووی: هەتا سور دەبێ، ئەمجار فەرمووی: ئەی ئەگەر خودا بەروبومەکەی واڵێ نەکرد هەڵی پێچێو پوچ بوو، لەبەرامبەر چیدا یەکێك لەئێوە ماڵی براکەی وەرگرێ؟[3]

١٠- فرۆشتنی بەروبومی کشتوکاڵی پێش ڕەقبوونی دەنکەکانی.

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی کردووە لەفرۆشتنی خورما تا کامڵ دەبێ، فرۆشتنی

---

[1] متفق علیه: خ (٢٢٢٥/٤١٦/٤)، وللفظ له م (٢١١٠/١٦٧٠/٣)، ن (٨/٢١٥) مختصراً.

[2] متفق علیه: خ (٢١٩٨/٣٩٨/٤)، وللفظ له م (١٥٥٥/١١٩٠/٣)، ن (٧/٢٦٤).

[3] کامڵبوون بۆ دانەوێڵە سپی هەڵگەڕانیەتیو ڕەقبوونی دەنکەکانیەتی.

دانەوێڵە تا ڕەق دەبێ، دڵنیا دەبن لەوەی کە پێگەیشتووەو لە ئافات ڕزگاری بووە، نەهیەکە ئاڕاستەی فرۆشیارو کڕیار کراوە.[١]

١١- هەر کاڵایەك حەرام بێ لەخۆراكو خواردنەوەو پۆشاكو ئەو جۆرە شتانە.

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنَّ اللَّهَ حَرَّمَ، إِذَا حَرَّمَ عَلَى قَوْمٍ أَكْلَ شَيْءٍ حَرَّمَ عَلَيْهِمْ ثَمَنَهُ».[٢] پەروەردگار ئەگەر لەسەر گەلو نەتەوەیەك خواردنی شتێکی حەرام کرد بەهاکەشی حەرام دەکا لەسەریان.

١٢- پۆشاکی ئافرەت کە مەرجەکانی پۆشاکی شەرعی تێدا نەیەتەجێ. چونکە فرۆشتنی کاڵای لەو جۆرە فاحیشەو فەساد لەناو موسوڵماناندا بڵاو دەکاتەوە، قورئان دەفەرموێ: {وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ – المائدة/٢}. یان دەفەرموێ: {إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ – النور/١٩} بێگومان ئەوانەی هەوڵ دەدەنو دەیانەوێ فاحیشەو فەساد لەناو خاوەن باوەڕاندا بڵاوبێتەوە سزای بەئێشیان بۆ دانراوە چ لە دونیادا چ لەقیامەتدا. خودا دەزانێ بڵاوکردنەوەی فاحیشە چەند زیانبەخشو دژە مرۆڤە، ئێوە نازانن.

(الخيار: مافی ژیوانبوونەوە

پێناسەی خیبار: داواکردنی باشترین دوو ئەمر لە ڕویاندنی سەودا یان هەڵوەشاندنەوەی.

---

[١] صحيح: (مختصر م/٩١٧)، م (١٥٣٥/١١٦٥/٣)، د (٣٣٥٢/٢٢٢/٩)، ت (١٢٤٥/٣٤٨/٢)، ن (٧/٣٧٠).

[٢] صحيح: (مختصر م/٩١٧)، م (١٥٣٥/١١٦٥/٣)، د (٣٣٥٢/٢٢٢/٩)، ت (١٢٤٥/٣٤٨/٢).

جۆرەكانی خییار

١- خییاری مەجلیسی مامەڵەكە، ئەم مافە بۆ فرۆشیارو كڕیار چەسپاوە لەكاتێ سەودا دەكەن تا لێك جیادەبنەوە بەمەرجێ لەناوەڕۆكی سەوداكەیاندا ئەومیان دیاری نەكردبێ كە خییاری نەبێ، یان دوای بڕاندنەوەی سەوداكەیان نەیان وتبێ خییارمان نەبێ، یان یەكێكیان خییاری خۆی ساقط نەكردبێ، ئەگەر یەكێكیان خییاری خۆی پوچاندەوە، ئەوە خۆی خییاری نابێ بەڵام بەرامبەركەی خییاری دەمێنێ.

لە ئیبنو عومەرەوە لە پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێ) كە فەرموویەتی: «إِذَا تَبَايَعَ الرَّجُلاَنِ فَكُلُّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا بِالْخِيَارِ، مَا لَمْ يَتفرَّقَا، وَكَانَا جَمِيعًا، أَوْ يُخَيِّرُ أَحَدُهُمَا الآخَرَ فَتَبَايَعَا عَلَى ذَلِكَ، فَقَدْ وَجَبَ الْبَيْعُ، وَإِنْ تَفرَّقَا بَعْدَ أَنْ يَتَبَايَعَا، وَلَمْ يَتْرُكْ وَاحِدٌ مِنْهُمَا الْبَيْعَ، فَقَدْ وَجَبَ الْبَيْعُ».[1] ئەگەر دوو پیاو سەودایان كرد هەریەكەیان بۆی هەیە سەوداكە راگرێ یان بیڕۆیەنێ مادامێ لێك جیا نەبنەوە، ئەگەر یەكێكیان ئەویتری موخەیەر كردو سەوداكەیان كرد ئەوە مامەڵەكەیان دادەمەزرێ، ئەگەر دوای سەوداكە لێك جیابوونەوەو هیچ كامیان خییاری پەیڕەو نەكرد ئەوە بەیعەكەیان چەسپاوە.

حەرامە یەكێك لەكڕیارو فرۆشیار لە مەجلیسی عەقدەكە خۆ بدزێتەوە لەترسی ئەوەی بەرامبەرەكەی سەوداكە پوچ بكاتەوە.

لە عەمری كوڕی شوعەیبەوە لەباوكیەوە لە باپیریەوە ڕیوایەتكراوە، كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «الْبَيِّعَانِ بِالْخِيَارِ مَا لَمْ يَتفرَّقَا إِلاَّ أَنْ تَكُونَ صَفْقَةَ خِيَارٍ وَلاَ يَحِلُّ لَهُ أَنْ يُفَارِقَ صَاحِبَهُ خَشْيَةَ أَنْ يَسْتَقِيلَهُ».[2] فرۆشیارو كڕیار خاوەنی خییارن، بۆیان هەیە لە مەجلیسی

---

[1] متفق عليه: خ (٢١١٢/٣٣٢/٤)، م (١٥٣١- ٤٤- ١١٦٣/٣)، ن (٧/٢٤٩).

[2] صحيح: (ص. ج/٢٨٩٥)، د (٩/٣٢٤/٣٤٣٩)، ت (١٢٦٥/٣٦٠/٣)، ن (٧/٢٥١).

عەقدەكـەدا مامەڵەكـە رابگـرن‌و ژێـوان ببنـەوە. مەگـەر خییـار دابنـێن، بـەم جۆرە يەكێكيان بەوی تريان بڵێ: بەويستی خۆت بڕيار بدە مامەڵەكە بڕوا يـا ڕای بگرین، جا ئەگەر يەكێكيان بڕيـاری ڕۆيانـدنی دا ئـەوی تـريش ڕازی بـوو مامەڵەكـە دادەبەسـترێ، دروسـتيش نيـە هـيچ كـام لـە فرۆشـيارو كڕيـار خـۆ بدزێتەوە لـە بەرامبەرەكەی لەترسـی ئـەوەی هاوەڵەكـەی سـەوداكە رابگـرێ‌و هەڵی بوەشێنێتەوە.

٢-خيياری مەرج: بەم جۆرە هەردووكيان يان يەكێكيان خييـار بـە مـەرج بگرن بۆ ماوەيەكی دياری كراو، ئەگەر ماوەكە درێژيش بێ هەر دروستە.

لە ئيبنو عومەرەوە ڕيوايەتكراوە، دەڵێ: كـە پێغەمبـەر (درוودی خـودای لەسەر بێ) فـەرمووی: «إِنَّ الْمُتَبَايِعَيْنِ بِالْخِيَارِ فِي بَيْعِهِمَا ، مَا لَمْ يَتَفَرَّقَا ، أَوْ يَكُونُ الْبَيْـعُ خِيَـارًا».[1] فرۆشـيارو كڕيـار خيياريـان بـۆ هەيـە لـە سـەوداكەياندا بـە مـەرجێ لێك جيانەبوبنـەوە، يان لە مامەڵەكەيان خيياريان بەمەرج گرتبێ بۆ ماوەيەكی دياری كراو.

٣- خيياری عەيب بەم جۆرە كاڵاكە يان بەهاكە عەيبدار بێ.

لەوەپێش باسی ئەوە كرا: كەنابێ عەيب‌و خەوشی كاڵا بشاردرێتەوە، جـا ئەگەر پياوێك كاڵايەكی كڕی‌و دەركـەوت عەيبـدارەو پێـی نـەزانيبوو تـا لێـك جيابوونەوە، دەتوانێ كاڵا عەيبدارەكە بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەكەی.

لـە ئـەبو هـورەيرەوە ڕيوايـەتكراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (درוودی خـودای لەسەر بـێ) فەرموويـەتی: «مَـنِ اشْـتَرَى غَنَمًـا مُـصَرَّاةً فَاحْتَلَبَهَـا ، فَـإِنْ رَضِـيَهَا أَمْسَكَهَا ، وَإِنْ سَـخِطَهَا فَفِـي حَلْبَتِهَـا صَـاعٌ مِـنْ تَمْـرٍ».[2] كەسـێك بزنێـك يـان مەڕێكی كڕی، ماوەيەك بـوو فرۆشـيار نەيدۆشـيبوو بـۆ ئـەوەی گـوانی گـەورە

[1] متفق عليه: خ (٢١٠٧/٣٢٦/٤)، م (١٥٣١/١١٦٣/٣)، ن (٢٤٨/٧).

[2] متفق عليه: خ (٢١١٥/٣٦٨/٤)، وهذا لفظه، م (١٥٢٤/٣١٠/٩)، بزيادة فی أول.

بـبن‌و شـیرەکەیان تێـدا کۆببێتـەوەو فرۆشـیار وابزانـێ ئـەم شـیر زۆرییـەی سروشتی‌یە، دوایی کە دۆشی بۆی دەرکەوت وانیـە، ئەگـەر بـەو حاڵـەیش پێـی ڕازی بـوو، ئـەوە گلـی دەداتـەوە، ئەگـەر نەیویـست دەتوانـێ بیگێڕێتـەوە بـۆ خاوەنی‌و لەجیاتی ئەو شیرەی لێی دۆشیوە ربە خورمایەکی دەداتێ.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ تُصَرُّوا الإِبِلَ وَالْغَنَمَ ، فَمَنِ ابْتَاعَهَا بَعْدُ فَإِنَّهُ بِخَيْرِ النَّظَرَيْنِ بَعْدَ أَنْ يَحْتَلِبَهَا إِنْ شَاءَ أَمْسَكَ ، وَإِنْ شَاءَ رَدَّهَا وَصَاعَ تَمْرٍ».[1] شیر لـەگوانی حوشـترو بـزن‌و مـەڕدا حـەبس مەکـەن وابزانـدرێ ئاژەڵەکـە شـیری زۆرەو گوان زلە، جا کەسێك ئاژەڵێکی لـەو جـۆرەی کـڕی ئـەوە پـاش دۆشـینی خییاری بۆ هەیە، دەتوانێ ئاژەڵەکە لای خۆی بهێڵێتەوە یان بیگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنی پێشووی‌و ربە خورمایەکیشی لەگەڵدا بداتێ.

ریباو سود

پێناسەی ریباء (ربا) وشـەیەکی موعتەلـە بـە ئـەلفی (مقصورة) کۆتـایی هاتووە، لە (ربایربو) وەرگیراوە.

بنـەمای (ربـا) یـانی زیـادەو گەشـەکردن، وەکـوو قورئـان دەفـەرموێ: {اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ – الحج/٥} یان بە مانا کەم بەزۆرو یەك بەدوو.

حوکمی ریبا

ریبـا بـە نەصـصی قورئـانو سـوننەتو کـۆڕای ئوممـەتی موسـوڵمان حەرامەو نادروستو ناڕەوایە.

[1] صحیح: (ص. ج/٧٣٤٧)، خ (٤/٣٦١/٢١٤٨)، د (٩/٣١٠/٣٤٢٦).

قورئان دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ. فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُؤُوسُ أَمْوَالِكُمْ لاَ تَظْلِمُونَ وَلاَ تُظْلَمُونَ – البقرة/٢٧٨ - ٢٧٩}.: ئەی خاوەن باوەڕان! تەقوای خودا بکەن ئەو پارە زیادەی کەلای قەرزداران هەتانە بەهۆی سەودای ریبا ئامێزەوە وازی لێ بێنن‌و وەری مەگرنەوە ئەگەر راست دەکەن خاوەن باوەڕن، ئەگەر واز لە ریبا خۆری نەهێنن، ئەوە خۆتان ئامادە بکەن بۆ جەنگ لەگەڵ خوداو پێغەمبەرەکەی، ئەگەر تۆبە بکەن‌و واز لەریباو سود بێنن ئەوە بەحەڵاڵی دەسمایەکەتان وەربگرنەوەو زیادەکە چەرت بکەن، نە ستەم بکەن نەبێڵن ستەمتان لێ بکرێ.

یان دەفەرموێ: {الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لاَ يَقُومُونَ إِلاَّ كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ – البقرة/٢٧٥}: ئەوانەی ریبا دەخۆن ڕۆژی قیامەت لەگۆڕەکانیان ڕاست نابنەوە مەگەر بەشێوەی کەسێك شەیتان دەستی لێ وەشاندبێ‌و وەکوو شەپلە لێ دراوی لێ هاتبێ‌و هەر گۆدە گۆدی بێ.

هەروا دەفەرموێ: {يَمْحَقُ اللّهُ الْرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ – البقرة/٢٧٦}. خودا ماڵی ریبائامێز پوچ دەکاتەوەو دەیفەوتێنێ یان بەرەکەتی تێدا ناهێڵێ‌و سودی لێ نابیندرێ.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، کە پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ». خۆتان بپارێزن لە حەوت شتی بەهیلاکبەرو فەوتێنەر، هاوەڵان عەرزیان کرد ئەو حەوت ڕەفتارە بەدە چین؟ فەرمووی: «الشِّرْكُ بِاللَّهِ ، وَالسِّحْرُ ، وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِى حَرَّمَ اللَّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ ، وَأَكْلُ الرِّبَا ، وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ ، وَالتَّوَلِّى يَوْمَ الزَّحْفِ ، وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ

الْمُؤْمِنَاتِ الْغَافِلاَتِ»[(١)] هاوەڵدانان بۆ خودا، سيحرو جادوكردن، كوشتنی مرۆڤ كە خودا ياساغی كردووە مەگەر لەشێوەی حەدو قيصاصدا، خواردنی ريباو سود، خواردنی ماڵی هەتيو، هەڵاتن‌و پشت هەڵكردن لەرۆژی هەڵمەت بردن‌و غەزادا، بوختانكردن بە ئافرەتی داوێن پاك‌و موسوڵمان.

لە جابيرەوە ڕيوايەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نەفرينی كردووە لە ريباخۆرو بريكارەكەی، لەو كەسەی حيسابەكە دەنوسێ‌و لەو دوو شاهيدانەی دەبنە شايەت بەسەر مامەڵەو ريباكەوە، فەرمووی: (هُمْ سَوَاءُ)[(٢)] ئەوانە هەموويان هاوبەشی ئەو تاوانەن.

لە ئيبنو مەسعودەوە ڕيوايەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الرِّبَا ثَلاَثَةٌ وَسَبْعُونَ بَابًا أيسرها مثل أن ينكح الرجل أمه». [(٣)] ريبا حەفتاو سێ جۆرە لايەنە كەمەكەيان وەكوو ئەوە وايە پياو دايكی خۆی مارە بكا.

لە عەبدوڵڵای كوڕی حەنظەلەوە لە پێغەمبەر ڕيوايەت دەكا، دەڵێ: فەرمووی: «دِرْهَمُ رِباً يَأْكُلُهُ الرَّجُلُ وَهُوَ يَعْلَمُ أَشَدُّ مِنْ سِتَّةٍ وَثَلاَثِينَ زَنْيَةً».[(٤)] ديرهەمێك لەريبا پياو دەيخواو دەشزانێ ئەوە ريبايە تاوانەكەی لە سی‌و شەش زينا گەورەترە.

لە ئيبنو مەسعودەوە ڕيوايەتكراوە، دەڵێ: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموويەتی: «مَا أَحَدٌ أَكْثَرَ مِنَ الرِّبَا إلاَّ كَانَ عَاقِبَةُ أَمْرِهِ إِلَى قِلَّةٍ».[(٥)]

[(١)] متفق عليه: خ (٥/٣٩٣/٢٧٦٦)، م (١/٩٢/٨٩)، د (٨/٧٧/٢٨٥٧)، ن (٢/٢٥٧).

[(٢)] صحيح: (مختصر م/٩٥٥) (ص. ج/٥٠٩٠)، م (٣/١٢١٩/١٥٩٨).

[(٣)] صحيح: (ص. ج/٣٥٣٩)، ك (٢/٣٧).

[(٤)] صحيح: (ص. ج/٣٣٧٥)، حم (١٥م٦٩/٢٣٠).

[(٥)] صحيح: (ص. ج/٥٥١٨)، جه (٢/٧٦٥/٢٢٧٩).

هەر کەسێك بیەوێ ماڵو سامانی خۆی لەڕێگەی ڕیباوە زۆر بکا حەتمەن سەرەنجامی بەرەو نشوستیو کەمبوونەوە دەچێ.

جۆرەکانی ڕیبا

ڕیبا دوو جۆرە: ڕیبای نەسیئە (ڕیبای قەرزدواخستن) ڕیبای فەضل (ڕیبای زیاد دان).

ڕیبای نەسیئە ئەو زیدە بەمەرج گیراوەیە: کە خاوەن قەرز وەری دەگرێ لە قەرزدار لەجیاتی دواخستنی قەرزەکە، ئەم جۆرە ڕیبایە حەرامو یاساغە بە دەقی قورئانو سوننەتو کۆڕای ئوممەتی ئیسلام.

ڕیبای فەضل: ئەوەیە پارە بە پارە بفرۆشرێ، یان خۆراك بە خۆراك لایەکیان زیادەی هەبێ، ئەم جۆرەشیان بەگوێرەی سوننەتی پێغەمبەرو کۆڕای ئوممەتی ئیسلام حەرامە، چونکە زەریعەو ڕێخۆشکەرەیە بۆ ڕیبای نەسیئەو سەردەکێشێ بۆ ئەو.

ئەو شتانەی ڕیبایان تێدایە

ڕیبا نایەتەدی ئیللا لە شەش جۆردا کە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دیاری کردوونو لەم حەدیثەی دواییدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

لە عوبادەی کوڕی صامیتەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ وَالْفِضَّةُ بِالْفِضَّةِ وَالْبُرُّ بِالْبُرِّ وَالشَّعِيرُ بِالشَّعِيرِ وَالتَّمْرُ بِالتَّمْرِ وَالْمِلْحُ بِالْمِلْحِ مِثْلاً بِمِثْلٍ سَوَاءً بِسَوَاءٍ يَدًا بِيَدٍ فَإِذَا اخْتَلَفَتْ هَذِهِ الأَصْنَافُ فَبِيعُوا كَيْفَ شِئْتُمْ إِذَا كَانَ يَدًا بِيَدٍ». [1] کە مامەڵەتان

---

[1] صحيح: (مختصر/٩٤٩)، م (١٥٨٧ – ٣/١٢١١/٨١).

كرد ئاوا بيكەن زێڕ بەزێڕ، زيو بەزيو، گەنم بەگەنم، جۆ بەجۆ، خورما بەخورما، خوی بەخوێ، جۆر بەجۆرو چەشن بە چەشن‌و يەك بەيەك‌و دەست بەدەست‌و حازر بەحازر، جا ئەگەر كاڵاكان جۆرو ڕەگەزيان لە يەك جيا بوو، وەكوو زێڕو زيو گەنم‌و جۆ، ئەو دروستە چۆنێكی بفرۆشن بەو مەرجەی قەرزی تێدا نەبێ، ئەگەر كاڵاكان لەيەك ڕەگەز بوون‌و عيللەتی ڕيباكەشيان يەك بوو دەبێ چونيەكی هەبێ لەڕوی كێشان‌و پێوانەوە، بەبێ ئەوەی چاكی‌و خراپی خودی كاڵاكان ڕۆڵيان هەبێ.

لە ئەبو سەعيدی خودرييەوە ڕيوايەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ تَبِيعُوا الذَّهَبَ بِالذَّهَبِ إِلاَّ مِثْلاً بِمِثْلٍ ، وَلاَ تُشِفُّوا بَعْضَهَا عَلَى بَعْضٍ ، وَلاَ تَبِيعُوا الْوَرِقَ بِالْوَرِقِ إِلاَّ مِثْلاً بِمِثْلٍ ، وَلاَ تُشِفُّوا بَعْضَهَا عَلَى بَعْضٍ ، وَلاَ تَبِيعُوا مِنْهَا غَائِبًا بِنَاجِزٍ».[1] زێڕ بەزێڕ حازر بەحازر نەبێ مەيفرۆشن پاساوی بڕێكی مەدەن بەسەر بڕێكی‌دا لايەكيان زێدە مەكەن‌و لايەكيان كەمتر، زيو بەزيو مەفرۆشن مەگەر حازر بەحازرو بێ زيادو كەم هيچ لايەكيان لەوی تر زياتر نەبێ. كاڵای نەبوو بەكاڵای حازر مەفرۆشن.

لە عومەری كوڕی خەتتابەوە ڕيوايەتكراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ رِبًا إِلاَّ هَاءَ وَهَاءَ ، وَالْبُرُّ بِالْبُرِّ رِبًا إِلاَّ هَاءَ وَهَاءَ ، وَالشَّعِيرُ بِالشَّعِيرِ رِبًا إِلاَّ هَاءَ وَهَاءَ، وَالتَّمْرُ بِالتَّمْرِ رِبًا إِلاَّ هَاءَ وَهَاءَ».[2] فرۆشتنی زێڕ بەزێڕ مامەڵەيەكی ڕيبائاميزە ئەگەر بە

---

[1] متفـق عليـه: خ (٤/٣٧٩/٢١٧٧)، م (٣/١٢٠٨/١٥٨٤)، ت (٢/٣٥٧/١٢٦١)، ن (٧/٢٧٣)، د (٩/١٩٧/٣٣٣٢).

[2] متفـق عليـه: خ (٤/٣٤٧/٢١٣٤)، وهـذا لفظـه م (٣/١٢٠٩/١٥٨٦)، ت (٢/٣٥٧/١٢٦١)، ن (٢/٢٥٧)، ن (٧/٢٧٣)، د (٩/١٩٧/٣٣٣٢).

ئەندازەی یەکترو حازر بەحازر نەبێ. فرۆشتنی گەنم بەگەنم ریبای تێدایە ئەگەر ئاواو ئاوا نەبێ. فرۆشتنی جۆ بەجۆ ریبایە ئەگەر ئاواو ئاوا نەبێ. فرۆشتنی خورما بەخورما سەودای ریبا ئامێزە ئەگەر ئاواو ئاوا نەبێ. واتە: بە ئەندازەی یەکترو دەست بەدەست بێو لە یەك مەجلیسدا بێ.

لە ئەبو سەعیدەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) خورمای تێکەڵەمان دەست دەکەوت، ئەگەر بمانویستایە خورمای باشمان دەست بکەوێ، دەهاتین دوو ربەمان لەو خورما تێکەڵەیە دەفرۆشت بە ربەیەك خورمای باش، ئەم سەوداو مامەڵەیەی ئێمە بە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) گەیشتەوە فەرمووی: «لاَ صَاعَيْ تَمْرٍ بِصَاعٍ وَلاَ صَاعَيْ حِنْطَةٍ بِصَاعٍ وَلاَ دِرْهَمَ بِدِرْهَمَيْنِ».[1] نا نا ئیشی وا مەکەن دوو ربە خورما بفرۆشن بە یەك ربە، هەروا دوو ربە گەنم مەدەن بە ربەیەك گەنم، دیرهەمێکیش مەفرۆشن بە دوو دیرهەم.

ئەگەر جۆرێك لەو شەش شتانەی باسکران بەغەیری جۆری خۆیان فرۆشران وەکوو زێڕ بەزیو یان گەنم بەجۆ دروستە زێدەیان تێ بکەوێ، بەمەرجێ حازر بەحازرو لە مەجلیسەکەدا هەردوو لایان (فرۆشیارو کڕیار) حەقی خۆیان وەربگرن، ئاماژە بە فەرموودەکەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە لەوەپێش لە حەدیثی (عوبادە)دا ئاماژەی پێ کرا، کە دەفەرموێ: «فَإِذَا اخْتَلَفَتْ هَذِهِ الأَصْنَافُ فَبِيعُوا كَيْفَ شِئْتُمْ إِذَا كَانَ يَدًا بِيَدٍ». هەرکاتێ ئەم کاڵایانە جۆرەکەیان جیابوو چۆن دەفرۆشن بیفرۆشن.

هەروەها ئاماژە بە فەرموودەیەکی تری پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە ئەبو داودو هی تریش ڕیوایەتیان کردووە دەفەرموێ: «لاَ بَأْسَ

---

[1] متفق عليه: م (٣/١٢١٦/٥١٩٥)، خ (٤/٣١١/٢٠٨٠)، ن (٧/٢٧٣).

بَيْعِ الذَّهَبِ بِالْفِضَّةِ – وَالْفِضَّةُ أَكْثَرُهُمَا – يَدًا بِيَدٍ وَأَمَّا نَسِيئَةً فَلاَ وَلاَ بَأْسَ بِبَيْعِ الْبُرِّ بِالشَّعِيرِ وَالشَّعِيرُ أَكْثَرُهُمَا يَدًا بِيَدٍ وَأَمَّا نَسِيئَةً فَلاَ».[١] هیچ خراپەیەك لەوەدا نیە زێـڕ بـەزیو بفرۆشـرێ‌و زیوەکـە زیـاتر بـێ لـە زێڕەکـە. بەمـەرجێ دەسـت بەدەست بێ. بەڵام بە قەرز نـەبێ. هـەروەها ج خراپەیـەك لـەوەدا نیـە گـەنم بـەجۆ بفرۆشـرێ‌و جۆیەکـە زۆرتـر بـێ، بەمـەرجێ حـازر بـەحازر بـێ، بـەڵام قەرزی تێدا نەبێ.

ئەگـەر جۆرێـك لـەم شـەش جۆرانـە فرۆشـران بەغـەیری جـۆری خۆیـان عیللـەتی ریباکەشـیان جـودا بـوو، وەکـوو فرۆشـتنی زێـڕ بەگـەنم، یـان زیـو بەخوێ، زیادەو قەرزی تێکەوێ قەیناکا.

لە عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێ) خواردەمەنی لە کابرایەکی جولەکە بە قەرز کڕی، زریەکەی خۆی کردە بارمتە.[٢]

خاوەنی کتێبی (سبل السلام) شـەرحی (بلوغ المرام) دەڵـێ: کـۆڕای زانایـان لەسەر ئەوە چەسپاوە کە: دروستە فرۆشتنی کاڵای ریبائامێز بەکاڵایەکی تـری ریبائامێز کە ڕەگەزیان یەك نەبێ بەزێدەترو بەقەرزیش واتە: دەتوانی گەنم بفرۆشـی بـەزێڕو جـۆ بـەزیو هـەروا شـتی تـریش لەوشـتانەی بەپێوانـە مامەڵەیان تێدا دەکرێ.

دروست نیە فرۆشتنی خورمای تازە پێگەیشتوو تەڕ بە خورمای وشکەوە بوو، مەگەر بـۆ ئـەهلی (العرایا): کـەبریتین لـەو فـەقیرو هەژارانـەی خـاوەنی درەختی خورما نین، بۆ ئەوان دروستە خورمای (رطب) لـە خـاوەن باخـەکان

---

[١] صحیح: (الإرواء ٥/١٩٥)، د (٣٣٣٢/١٩٨/٩).

[٢] صحیح: (الإرواء/١٣٩٣)، خ (٢٢٠٠/٣٩٩/٤).

بکرن بۆ خواردنی خۆیان بەمەرجێ لە پێنج ویسق کەمتر بێ، ئەوانە دەتوانن خورمای (روطاب) بکڕن بەخورمای وشك بەشێوەی خرصاندن.

لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی کردووە لە سەودا کردن بەشێوەی (المزابنة) موزابەنە: بریتییە لەفرۆشتنی میوە بەخورما بەشێوەی پێوانە، فرۆشتنی ترێ بەمێوژ بەشێوەی پێوانە.[1]

لە زەیدی کوڕی ثابیتەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) روخصەتی داوە بۆ پێڕی (عەرایا)، هەژارانی بێ باخە خورما: کە خورمای (رطب) بکڕن بەشێوەی خەرصاندن، بەخورمای وشکە.[2]

لە ئەبو سوفیانەوە ئەویش لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەت دەکا، کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕێگەی داوە مامەڵەی (العرایا) ئەنجام بدرێ، بەمەرجێك پێنج ویسق یان کەمتر لە پێنج ویسق بێ.[3]

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەبەر ئەوە نەهی کردووە لەفرۆشتنی خورمای تەڕ بەخورمای وشك، چونکە خورمای تەڕ کە وشك بکرێتەوە کەم دەکا.

لە سەعدی کوڕی ئەبو قاصەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا (دروودی خودای لەسەر بێ) دەربارەی فرۆشتنی خورمای تەڕ بە خورمای (رطب) تەڕ، فەرمووی: ئایا خورمای (روطاب) کە وشك بووەوە کەم دەکا؟ وتیان بەڵێ: ئیتر نەهی لێ کرد.[4]

---

[1] متفق علیه: خ (٢١٨٥/٣٨٤/٤)، م (١٥٤٢/١١٧١/٣)، (٧/٢٦٦).

[2] متفق علیه: م (١٥٣٩ – ٦٠/١١٦٩/٣)، خ (٢١٩٢/٣٩٠/٤)، د (٣٣٤٦/٢١٦/٩).

[3] متفق علیه: خ (٢١٩٠/٣٨٧/٤)، م (١٥٤١/١١٧١/٣)، د (٤٨٣٣/٢١٨/٩)، ت (١٣١٩/٣٨٣/٢).

[4] صحیح: (الإرواء/١٣٥٢)، د (٣٣٤٣/٢١١/٩)، جه (٢٢٦٤/٧٦١/٢)، ن (٧/٢٦٩).

دروست نیە فرۆشتنی ئەو شتانەی ریبائامێز بەرەگەزی خۆیان لەتەك یەكێكیان یان لەتەك هەردووكیاندا كالآیەكی تر هەبێ لەجینسی خۆیان نەبێ.

لە فەضالەی كوڕی عوبەیدەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: لە رۆژی غەزای خەیبەردا ملوانكەیەكم كڕی بەدوانزە دینار ملوانكەكە پێكهاتبوو لەزێڕو میرو، لێكم جیاكردنەوە بۆم دەركەوت زێڕەكە لەدوانزە دینار زیاترە، ئەمەم بۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) باسكرد، فەرمووی: (لاَ تبَاع حتى تفصَلَ)[1] كالآی لەو جۆرە نافرۆشرێ تا لێك هەڵنەهاوێردرێ. دەبێ ئاڵتونو میروەكان لێك جیابكرێنەوە بەجیا بفرۆشرێن.

موزارەعە: زەوی دان بەسەپان بۆ رەدام هێنانی

موزارەعە لەزمانی عەرەبیدا بریتییە لە مامەڵەكردن لەسەر زەوی بەبرێك لەو بەروبومەی لێی وەبەردێ.

مەبەست بە موزارەعە لێرەدا رەخساندنی زەوییە بۆ كەسێك كشتوكاڵی تێدا بكا: كە بەروبومەكەی بە نیوەیی یان ئەندازەیەكی تر بێ.

موزارەعە مامەڵەیەكی ڕەوایە

لە نافیعەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: كە عەبدوڵڵای كوڕی عومەر هەواڵی پێداوە كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) موزارەعە لەگەڵ دانیشتوانی خەیبەردا كرد كە باخەكانی خەیبەر بەخێوبكەنو بەكاریان بێنن، نیوەی بەروبومەكەیان بدرێتێ.[2]

---

[1] صحيح: (الإرواء/١٣٥٦)، م (١٥٩١ – ٣/١٢١٣/٩٠)، ت (٢/٣٦٣/١٢٧٣)، (٩/٢٠٠٢/٣٣٣٦).

[2] متفق عليه: خ (٥/١٣/٣٣٢٩)، م (٩٣/١١٨٦/١٥٥١)، د (٩/٢٧٢/٣٣٩١)، جه (٢/٨٢٤/٢٤٦٧).

ئیمامی بوخاری دەڵێ: قەیسی کوڕی موسلیم لە ئەبو جەعفەرەوە ڕیوایەت دەکا کە دەڵێ: لەناو مەدینەدا ماڵە موهاجیرێك نەبووە کە سەپانی بۆ خاوەن زەویەکانی مەدینەییەکان نەکردبێ. جا هەیانبوو بەسێیەك، هەیانبوو بەچواریەك، هەریەك لەعەلیو سەعدی کوڕی مالیكو عەبدوڵلای کوڕی مەسعودو عومەری کوڕی عبدالعزیزو ئەلقاسمو عورووەو خێڵی ئەبو بەکرو خێڵی عومەرو خێڵی عەلیو ئیبنو سیرین سەپانیان کردووە.[1]

کرێو مەسرەفی ڕەدامهێنانی زەوی دەکەوێتە سەر کێ؟

دروستە بەگوێرەی ڕێککەوتنی سەپانو خاوەن زەوی کرێو مەسرەفی وەبەرهێنانی زەوی لەسەر خاوەن زەوی بێ یان لەسەر سەپان بێ یان لەسەر هەردوو لایان بێ.

ئیمامی بوخاری دەڵێ: ئیمامی عومەر (خودای لێ ڕازی بێ) وا لەگەڵ سەپانەکان ڕێککەوتن ئەگەر بنەتۆو لەسەر عومەر بێ نیوەی داهاتەکەی بۆ خاوەن موڵك بێ، ئەگەر بنەتۆو لە سەپانەکانەوە بێ ئەوە ڕێژەی ئەوەندە لە بەروبومەکە هەڵبگرن.

هەر بوخاری دەڵێ: ئەلحەسەن فەرموویەتی: چ خراپییەکی تێدا نیە کە زەوی هی خاوەن زەوی بیو سەپانی بۆ بگرێو هەردوو لایان مەسرەفی تێدا بکەنو بەروبومەکە بکەن بەنێوەو وەك یەك دابەشی بکەن، ئیمامی (الزهر)یش هەمان رای هەیە.

---

[1] صحیح بوخاری ج٥/١٠.

ئەوەی لە موزارەعەدا دروست نیە

دروست نیە لە مامەڵەی موزارەعەدا بگوترێ: ئەوەندەی ئەم زەوییە کە دەکرێ بەکشتوکاڵ بۆ خاوەن زەوی بێ، ئەوەندەی زەوییەکەش بۆ سەپانەکە بێ. هەروا دروست نیە خاوەن زەوی بڵێ من ئەوەندە ویسقەم بەروبوم دەوێ.

لە حەنظەلەی کوڕی قەیسەوە، ئەویش لەرافیعی کوڕی خەدیجەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: هەردوو مامەکانم بۆیان گێڕامەوە کە: ئەوان لەسەردەمی پێغەمبەردا (درووودی خودای لەسەر بێ) زەویان بەکرێ دەگرت بۆ کشتوکاڵ بەروبومی ئەو کشتوکاڵەی لەدەم جۆگاو شوێنی ئاوا دەڕوا، یان بە بڕێك بەروبوم: کەخاوەن زەوی بۆخۆی چەرتی دەکرد، پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) نەهی ئەوەی لێ کردن، حەنظەلە دەڵێ: بەرافیعم گوت: ئەی ئەگەر بەدینارو دیرهەم بێ؟ رافیع لە وەڵامدا وتی ئەگەر بەکرێ گرتنەکە بەدینارو دیرهەم بێ قەیناکا.

ئیمامی (الليث) دەڵێ: هەرشتێك ئەگەر لێزانو شارەزا لەبواری حەڵاڵو حەرامدا بە باشی نەزانن دەچێتە بواری ئەو سەوداو مامەڵانەی نەهی لێ کراوە، چونکە موخاطەرەی تێدایە.[1]

دوبارە لە حەنظەلەوە دەڵێ: پرسیارم لەرافیعی کوڕی خەدیج کرد: دەربارەی بەکرێ گرتنی زەوی بۆ کشتوکاڵ بەزێڕو زیو؟ لە وەڵامدا وتی: چ خراپیەکی تێدانیە، خەڵك لەسەردەمی پێغەمبەردا (درووودی خودای لەسەر بێ) زەوییان بەکرێ دەگرت لەسەر ئەو بەروبومانەی لەدەم جۆگاو شتی ئاوا دەڕوێن یان بەشێك لە کشتو کاڵ، جا وارێدەکەوێ کشتو کاڵی دەم جۆگاو چۆمەکان دەفەوتێ، یان وادەبێ ئەوەی دەم جۆگاو چومەکان دەفەوتێو ئەوەی دووورە لێیان پێ دەگا. جا ئەگەر خاوەن زەوی بە سەپانەکە بڵێ

---

[1] صحيح: (الإرواء: ٥/٢٩٩)، خ (٥/٢٥/٢٣٤٧/٢٣٤٦)، ن (٧/٤٣).

بەروبوومی ئەو مەسافە زەوییە بۆ تۆبێ و ئەمەیان بۆ من بێ، لایەکیان زەرەرمەند دەبێ: بۆیە نەهێیان لێ کرا، وەڵێ ئەگەر لەسەر شتێکی دیاری کراوو مەضمون بوو، ئەوە چ خراپیەکی تێدانیە، جا شتەکە زێڕبێ زیوبێ خۆراك بێ پۆشاك بێ یان شتی تربێ. لە رەگەزی بەروبوومەکە بێ یان لە رەگەزی تر بێ. وەکوو ئیمامی نەوەوی لە شەرحی صەحیحی موسلیمدا ئاماژەی پێ کردوە.[1]

ئاودێری باخو درەخت بەکرێ (المساقات)

موساقات: بریتییە لە تەسلیم کردنی چەند درەختێکی دیاریکراو بەکەسێك بۆئەوەی بەخێویان بکاو ئاویان بدا لەبەرامبەر ئەم ئەرکەیدا بەشێکی دیاریکراو لە بەروبوومی درەختەکانی بدرێتێ جا نیوەبێ سێیەك بێ چواریەك بێ.

ئەم جۆرە گرێبەستە رەوایە، ئاماژە بەو ریوایەتەی لە ئیمامی عومەرەوە ریوایەتکراوە: کە دەفەرموێ: پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) لەگەڵ دانیشتوانی خەیبەر رێك کەوت کە باخو درەختەکانی خەیبەر بەخێوبکەن لەبارتەقای کارەکەیاندا بەشێك لە میوەو بەروبوومەکەیان بدرێتێ.[2]

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: یاریدەدەران (الأنصار) عەرزی پێغەمبەریان کرد کە: باخە خورماکانمان دابەش بکە لەنێوان خۆمانو برا کۆچکارەکانمان، فەرمووی: (نەخەیر)، ئەمجار وتیان: دەی با ئەوان ئەرکی

---

[1] صەحیحی موسلیم لە شەرحی نەوەوی ج١٠/١٩٨.

[2] متفق علیه: لەوەپێش رابورد.

بەخێوکردنی بگرنە ئەستۆ، ئێمە دەیانکەینە شەریکمان لە بەروبوومەکەدا کۆچکارەکان وتیان: زۆر باشەو ئامادەبن.[١]

زیندوکردنەوەی زەوی بەیارو بێکەس (زەوی مردوو)

پێناسەی زەوی مردوو (أرض الموات):

بریتییە لە زەوییەکی وێرانی ئاوەدان نەکراوە. ئاوەدان کردنەوەی زەوی شوبهێندراوە بە ژیانەوەی‌و نەکێڵان‌و ئاوەدان نەکردنەوەی بە مردوو.

(احیاء الموات): زیندوکردنەوەی زەوی مردو: ئەوەیە: یەکێك زەوییەك ئاوەدان بکاتەوە کە نەزاندرێ لەوەپێش ملکی کەسێکی تر بووبێ، ئەم دەست بکا بە کێڵان‌و بەخێوکردن‌و درەخت تێدا ناشتن‌و کشت‌و کاڵ تێداکردن یان بینای تێدابکا، بیری تێدا هەڵبکەنێ. ئاودێری تێدابکا. بەمە ئەو زەوییە دەبێتە ملکی ئەو.[٢]

ئایینی ئیسلام بانگەوازی کردووە بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی وێران‌و بێ خاوەن.

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ أَعْمَرَ أَرْضًا لَيْسَتْ لأَحَدٍ فَهْوَ أَحَقُّ»[٣]: کەسێك زەوییەکی وێرانەی بێ خاوەنی ئاوەدان کردەوە ئەوە دەبێتە ملکی خۆی‌و ئەو لەهەموو کەس لەپێشترە بە خاوەنداریەتی ئەو زەوییە.

عوروە دەفەرموێ: ئیمامی عومەر لەسەردەمی خەلافەتی خۆیدا ئەم یاساو حوکمەی پەیڕەوکرد.

---

[١] صحيح: (الإرواء/١٤٧١) ، خ(٥/٨/٢٣٢٥).

[٢] فتح الباري ١٨/٥.

[٣] صحيح: (ص.ج/٦٠٥٧) ، خ(٥/١٨/٢٣٣٥).

له جابیرەوه ڕیوایەتکراوه: که پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَنْ أَحْيَا أَرْضًا مَيِّتَةً فَهِيَ لَهُ».[١] کەسێك زەوییەکی وێرانەی مردو ئاوەدان بکاتەوە ئەوە دەبێتە ملکی خۆی.

هەر لەجابیرەوه ڕیوایەتکراوه: که پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَنْ أَحَاطَ حَائِطًا عَلَى أَرْضٍ فَهِيَ لَهُ»[٢]: کەسێك شورەی بۆ زەوییەکی بێ خاوەنی وێرانه کرد ئەوە دەبێتە ملکی ئەو.

بەکرێ گرتن (الإجارة)

ئیجارە بریتییه له تەسلیم کردنی سودی شتێك له بارتەقای کرێیەکدا.

بەکرێ گرتن و کرێکاری کردن ڕەواو مەشروعه قورئان دەفەرموێ: {فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ – الطلاق/٦} ئەگەر ئافرەت منداڵی بۆ بەخێوکردن و شیرییان پێدان ئێوە کرێیان بدەنێ.

یان لەسەر زوبانی یەکێك لەکچەکانی حەزرەتی شوعەیب دەفەرموێ: {قَالَتْ إِحْدَاهُمَا يَا أَبَتِ اسْتَأْجِرْهُ إِنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الْأَمِينُ – القصص/٢٦}. یەکێك لەکچەکانی حەزرەتی شوعەیب - که هاتنەوه بەدو حەزرەتی موسا (سەلامی خودای لێ بێ) بۆئەوەی بیبەن بۆلای باوکیان – بەباوکی گوت: ئەی باوکی خۆشەویستم ئەم پیاوه بەکرێ بگرە با شوانیمان بۆ بکاو کاری ترمان بۆ هەڵسوڕێنێ. بێگومان باشترین کەسێك کەتۆ بەکرێی بگری کەسێکە که بەهێزو توانا بێ لەهەمان کاتدا دەست پاكو ئەمین بێ.

یان دەربارەی گەشتەکەی حەزرەتی موساو حەزرەتی خضر دەفەرموێ: {فَوَجَدَا فِيهَا جِدَارًا يُرِيدُ أَنْ يَنقَضَّ فَأَقَامَهُ قَالَ لَوْ شِئْتَ لَاتَّخَذْتَ عَلَيْهِ أَجْرًا –

---

[١] صحيح: (ص.ج/٥٩٧٥) ، ت(٢/٤١٩/١٣٩٥).

[٢] صحيح: (ص.ج/٥٩٥٢) ، د(٣٠٦١/٣٣٠/٨).

الكهف/٧٧}. لەكاتی گەڕانیاندا بەناو شارەكەدا بۆئەوەی یەكێك لەخۆیان بگرێو ببێتە خانە خوێیانو كەس میوانداری نەكردن، تووشی دیواری ماڵێك هاتن لاربوبوەوە خەریك بوو بڕوخێ، حەزرەتی خضر دیوارەكەی راست كردەوە، حەزرەتی موسا پێی گوت: ئەتۆ بۆ بەخۆڕایی ئەم دیوارەت راست كردەوە خۆ دەتوانی كرێیان لێ وەرگری.

له خاتو عائیشەوە ریوایەتكراوە، دەڵێ: كە پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ)و ئەبوبەكر پیاوێكی خێڵی (ألدیل)یان بەكرێ گرت، پاشان پیاوێكی شارەزا بە رێگەو بانیان لە خێڵی (عەبدی كوڕی عەدی) بەكرێ گرت[1].

هەرشتێك مومكین بێ سوودی لێ ببیندرێو مادەكەی بمێنێتەوە دروستە بدرێ بەكرێ بەمەرجێ بەربەستی شەرعی نەبێ

مەرجە دەبێ شتە بەكرێ دراوەكە ئاشكراو نومایان بێو كرێیەكەش دیاریكراو بێ.

بەكرێگرتنو جۆری كارەكە

قورئان لەمیانەی چیرۆكی حەزرەتی موسا (علیە السلام)و باوكی ئەو دووكچەی كە موسا حەیوانەكانی بۆ ئاودان! كە راستتر وایە حەزرەتی شوعەیب بووبێ. لەسەر زمانی باوكی دوو كچەكە دەفەرموێ: {قَالَ إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أُنكِحَكَ إِحْدَى ابْنَتَيَّ هَاتَيْنِ عَلَى أَن تَأْجُرَنِي ثَمَانِيَ حِجَجٍ فَإِنْ أَتْمَمْتَ عَشْرًا فَمِنْ عِندِكَ – القصص/٢٧}. من دەمەوێ یەكێك لە ئەم دوو كچەم مارەبكەم لەتۆ

---

[1] صحیح: (الإرواء/١٤٨٩)، خ(٢٢٦٣/٤٤٢/٤).

له بارتەقای ئەوەدا هەشت ساڵ شوانیم بۆبکەی، خۆئەگەر بیکەی بە دەساڵ ئەوە پیاوەتی خۆتە.

له حەنظەلەی کوڕی قەیسەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پرسیارم لە رافیعی کوڕی خەدیج کرد دەربارەی بەکرێ گرتنی زەوی بە زێڕو زیو، لە وەڵامدا وتی: چ خراپیەکی تێدانیەو رەوایە. خەڵك لەسەردەمی پیغەمبەردا (درودی خودای لەسەر بێ) زەوی‌و شتی وایان دەدا بەکرێ لەسەر بەروبوومی کە لەدەم جۆگاو ئەمبەرەو بەری روبارو چۆمەکان دەڕوان، وادەبوو کشت‌و کاڵی دەم جۆگاو روبارەکان پێ دەگەیشتن‌و ئەو کشت‌و کاڵەی لەدەم جۆگاو دەم چۆمەکان دووربوو پێ نەدەگەیی، یان وادەبوو بە پێچەوانەوە دەبوو، بۆیە خەڵکەکە لەم جۆرە مامەڵانە مەنع کرا. وەڵێ ئەگەر بەکرێ دانەکە لەسەر شتێکی ئاشکراو مەضمون بوو ئەوە چ خراپیەکی تیدا نیە[1].

کرێی کرێکاران

لە ئیبنو عومەرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « أَعْطُوا الأَجِيرَ أَجْرَهُ قَبْلَ أَنْ يَجِفَّ عَرَقُهُ».[2] کرێی کرێکار بدەن پێش ئەوەی ئارەقی ئیشکردنەکەی وشك ببێتەوە.

تاوانی ئەوانەی کرێی کرێکار نادەن

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: پەروەردگار دەفەرموێ: « قَالَ اللَّهُ ثَلاَثَةٌ أَنَا خَصْمُهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ، رَجُلٌ أَعْطَى بِى ثُمَّ غَدَرَ ، وَرَجُلٌ بَاعَ حُرًّا فَأَكَلَ ثَمَنَهُ ، وَرَجُلٌ اسْتَأْجَرَ

[1] صحيح: (الإرواء/١٤٩٨) لەوەپێش تێپەڕی.

[2] صحيح: (ص.جة/١٩٨٠)، جة(٢٤٤٣/٨١٧/٢).

أَجِيرًا فَاسْتَوْفَى مِنْهُ ، وَلَمْ يُعْطِ أَجْرَهُ».[١] سێ کەس ئەمن ڕۆژی قیامەت دژیانم‌و بەرەوڕویان دەبمەوە.

یەکەمیان: پیاوێکە عەهدو پەیمانی لەگەڵ مندا بەستبێ‌و بەڵێنی بەمن دابێ کە بەرامبەر بەئایین دڵسۆز دەبێ‌و بەسوێند جەختی لەسەر ئەم عەهدو پەیمانە کردبێتەوە، کەچی خیانەت بکاو عەهدو پەیمانەکەی هەڵبوەشێنێتەوە.

دووەمیان: پیاوێك مرۆڤێکی ئازاد بکاتە کۆیلەو بیفرۆشێ‌و پارەکەی بخوا.

سێیەمیان: پیاوێك کرێکارێك بەکرێ بگرێ‌و ئیشەکەی پێ بکاو کرێکەی نەداتێ.

ئەوشتانەی دروست نیە کرێیان لەسەر وەربگیرێ

پەروەردگار دەفەرموێ: {وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِّتَبْتَغُوا عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَن يُكْرِههُّنَّ فَإِنَّ اللَّهَ مِن بَعْدِ إِكْرَاهِهِنَّ غَفُورٌ رَّحِيمٌ – النور/٣٣} کچەکانتان ناچارمەکەن بۆ داوێن پیسی بەهیچ شێوەیەك ئەو ڕێگەیان بۆ مەکەنەوەو فێری ئەوکارە فەسادەیان مەکەن بۆئەوەی لەبارتەقای ئەو داوێنپیسییەیاندا کرێیەك وەربگرن. زۆرەملێ لەچەتیوەکانتان مەکەن بۆ لەشفرۆشی، ئەوە حەرامەو کارێکی پیسە، بەڕەوای مەزانن ڕێگای بۆخۆش بکەن‌و بتانەوێ کالآیەکی دونیاییتان – لەئەنجامدان‌و ڕێپێدان بۆ ئەو تاوانە – دەست بکەوێ: بێگومان ڕستەی {إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا} مەرجی زۆر لێ کردنەو بەیانی ئەو واقیعەیە: کە ئایەتەکە بەهۆیەوە نازڵ بوو. مانای ئەوە ناگەیەنێ ئەگەر چەتیوو کەنیزەکەکان زۆریان لێ نەکرێ‌و بەئارەزوی خۆیان بێ قەیناکا! واتە: قەیدی ئیرادەی {تحصن}و مەبەستی ماڵ پەیداکردن بەوکارە

---

[١] حسن: (الإرواء/١٤٨٩)، خ(٤/٤١٧/٢٢٢٧).

مەفهومی موخالەفەیان نیەو قەیدی بەیانی واقیعن، جا کەسێك زۆرە ملێ لەچەتیوەکان بکا، بەجەخت زینایان پێ بکا، ناچاریان بکا لەشفرۆشی بکەن، ئەوە پەروەردگار بۆ ئەوان – پاش ئەم زۆر لێ کردنە – لێبوردەیەو لێیان خۆش دەبێ، لەسەر ئەو تاوانە سزایان نادا.

لە جابیرەوە ریوایەتکراوە: کە عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی کوڕی ئەبو سەلول (جاریة)یەکی هەبوو ناوی (مُسَیْكَة) بوو، یەکێکی تریشی هەبوو ناوی (أمیمة) بوو، عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی ناوبراو ناچاری دەکردن زینابکەن، ئەوانیش چوونە خزمەت پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) شکایەتیان کردو وەزعو حاڵی خۆیانیان بۆ رونکردەوە. ئیتر پەروەردگار ئایەتی {وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاء إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِّتَبْتَغُوا عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَن يُكْرِههُّنَّ فَإِنَّ اللَّهَ مِن بَعْدِ إِكْرَاهِهِنَّ غَفُورٌ رَّحِيمٌ – النور/٣٣}.[١]

لە ئەبو مەسعوودی ئەلئەنصارییەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر بێ) نەهی کرد لە فرۆشتنو وەرگرتنی بەهای سەگو کرێی زیناو شیرینی فالگرەوەو کوڵەوەنانی.[٢]

لە ئیبنو عومەرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نەهی کرد لە وەرگرتنی پارەی پەڕاندنو تۆماوی ئەسپ.[٣]

کرێی خوێندنی قورئان

لە عەبدورەحمانی کوڕی شیبلی ئەلئەنصارییەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: بەگوێی خۆم ژنەوتم پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو:

---

[١] صحيح: (مختصر م/٢١٥٥)، م(٣٠٢٩-٢٧/٢٣٢٠/٤).

[٢] لەوەپێش لەباسی (ئەو شتانەی فرۆشتنیان دروست نیە) تێپەڕی.

[٣] لەوەپێش لەباسی (ئەو شتانەی فرۆشتنیان دروست نیە) تێپەڕی.

«اقْرَءُوا الْقُرْآنَ وَلاَ تَأْكُلُوا بِهِ وَلاَ تَسْتَكْثِرُوا بِهِ وَلاَ تَجْفُوا عَنْهُ وَلاَ تَغْلُوا فِيهِ».[١] قورئان بخوێنن، نانی پێوه مەخۆن، خۆتانی پێ دەوڵەمەند مەکەن، وازی لێ مەهێننو پاشگوێی مەخەنو لێی دوور مەکەونەوە، زێدەڕەویشی تێدامەکەن.

لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) هاتە ناومان لەوکاتەدا ئێمە سەرگەرمی قورئان خوێندن بووین تێماندابوو عەرەبی زمانو تێماندابوو ناعەرەب، فەرمووی: «اقْرَءُوا الْقُرْآنَ فَكُلٌّ حَسَنٌ وَسَيَجِيءُ أَقْوَامٌ يُقِيمُونَهُ كَمَا يُقَامُ الْقِدْحُ يَتَعَجَّلُونَهُ وَلاَ يَتَأَجَّلُونَهُ».[٢] قورئان بخوێننو سەرگەرمی خوێندنی بن هەموو قورئان خوێندنەکەتان باش بوو، لەوە بەولاوە کەسانێك پەیدادەبن قورئان بەوپەڕی رێكو پێکی دەخوێننو زۆرجوان موراعاتی یاسای تەجویدو تەرتیلی تێدادەکەنو زۆر زێدەڕەوی دەکەن لەچاك خوێندنیدا، دەیکەنە وەسیلەو هۆکار بۆ دابینکردنی بژیوو پاداشی دونیا، هیچ مەبەستیان ئەوەنیە پاداشی قیامەتی پێ وەربگرن. کالای دونیای پێ بەقا بەسەر پاداشی قیامەتدا تەفضیل دەدەن.

لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە ریوایەتکراوە: کە بەگوێی خۆی لە پیغەمبەری بیستووە فەرموویەتی: (تعلّموا القرآن، وسلوا الله به الجنة قبل ان يتعلّمه قوم يسألون به الدنيا، فان القرآن يتعلمه ثلاثة رجل يباهي به، ورجل يستأكل به ورجل يقرأه لله)[٣]: فێری قورئان ببن، داوا لەخودا بکەن بەهۆی قورئانەوە بتانخاتە بەهەشتەوە، پێش ئەوە کەسانێك پەیدابن بەهۆی قورئانەوە دونیا خۆری بکەن، چونکە قورئان سێ جۆر خەڵك فێری دەبێ.

---

[١] صحيح: (ص.ج/١١٦٨)، حم(١٥/١٢٥/٣٩٨).

[٢] صحيح: (الصحيحة/٢٥٩)، د(٣/٥٨/٨١٥).

[٣] صحيح: (الصحيحة/٤٦٣)، رواه ابن نصر في قيام الليل ص٧٤.

پیاوێك بۆ شانازی پێكردنو خۆهەڵنانەوە فێری بێو بیخوێنێ، پیاوێك دونیا خۆری پێ بكاو بیكاتە هۆی نان پەیداكردن، پیاوێك ساغ لەبەر رەزای خودا فێری بێو بیخوێنێ.

كاسبی كردنو پارە بەگەڕخستن بە هاوبەشی (ألشركة)

ئەم جۆرە گرێ بەستو عەقدە ئەومیە دووكەس یان زیاتر بە ویستی خۆیان رێك بكەون ماڵو پارەی خۆیان تێكەڵاو بكەنو بەگەڕی بخەن بە مەبەستی بەدەستهێنانی قازانج ((جاری واهەیە قازانج دەستەبەر دەبێ بەبێ مەبەست، وەكوو میرات گرتن)) ئەم ماڵ تێكەڵاوكردنە مەشروعو رەوایە، قورئان دەفەرموێ: {وَإِنَّ كَثِيراً مِنْ الْخُلَطَاءِ لَيَبْغِي بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَقَلِيلٌ مَا هُمْ – ص/٢٤}

یان دەفەرموێ: {وَإِن كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلاَلَةً أَو امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ فَإِن كَانُوَاْ أَكْثَرَ مِن ذَلِكَ فَهُمْ شُرَكَاء فِي الثُّلُثِ – النساء/١٢}.

لە (ألسائب)ەوە ریوایەتكراوە: كە بەپێغەمبەری گوت: ئەتۆ لەسەردەمی نەزانیدا هاوبەشم بووی، باشترین هاوبەش بووی، {كنت لا تداريني ولا تماريني}[1].

شەراكەتی شەرعیو پەسەند

ئیمامی شەوكانی لە (ألسيل الجرار)دا ج٣/٢٤٦-٢٤٨ دەفەرموێ: شەراكەتی شەرعی بە دەستەبەربوونی رەزامەندی لەنێوان دوو كەسدا یان زیاتر، بەمەرجێ هەریەكێ لە هاوبەشەكان ئەندازەیێ لەماڵی خۆی تەرخان بكاو لەگەڵ ماڵی شەریكەكەیدا تێكەڵاوی بكا، پاشان لەم رێگەیەدا هەوڵی

---

[1] صحيح: (ص.جة/١٨٥٣)، جة(٢/٧٦٨/٢٢٨٧).

بەگەڕخستنیو قازانج لێ کردن بدەن، کە لەئاکامدا هەرکەسەیان بەگوێرەی (رأس المال)ەکەی قازانجو زەرەری بۆ دیاری بکرێ. هەر بەگوێرەی دەستمایەکەیان خەرجو باجی مەشروعەکەیان دەربکرێ. ئەگەر لەناو خۆیاندا شەریکەکان رێك کەوتن کە قازانجیان بە یەکسانی بێ هەرچەند سەرمایەکەیان جوداوازی تێدابێ ئەوە دروستە، تەنانەت ئەگەر دەستمایەی یەکێکیان زۆر لەوی تریان زیاتریش بێ. چونکە ئەوە بازرگانیکردنێکە بە ڕەزامەندی هەردووکیانو چاوپۆشی کردنو موسامەحەیە بەدڵ.

بازرگانیکردن بەپارەی یەکێکی ترەوە (المضاربة)

دەگوترێ (ضرب في الأرض): واتە: بەمەبەستی بازرگانی بەناو زەویدا گەڕا. قورئان دەفەرموێ: {وَآخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِي الْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِن فَضْلِ اللَّـهِ – المزمل/٢٠} واتە: کۆمەڵێکی تر کە بەناو زەویدا دەگەڕێن بە مەبەستی بازرگانیکردن هەوڵو تەقەلایانە بۆ بەدەستهێنانی فەزلو بەخششی خودا. ئەم جۆرە کاسبیکردنە پێشی دەگوترێ: (قیراض) لەم ڕووەوە: کە خاوەن پارە بەشێك لە ماڵو سامانەکەی دادەبڕێ بۆئەوەی بیخاتە گەڕ بەدەستی یەکێکی تر بەمەبەستی دەستکەوتنی قازانجو سود.

مەبەست بە موضارەبە لێرەدا بریتییە لە گرێبەستێك لەنێوان دووکەسدا، یەکێکیان بڕێك پارە دەدا بە ئەویتر بۆئەوەی بازرگانی پێوەبکاو قازانجەکەش لەنێوانیاندا بەو ئەندازەیەی لەسەری پێك دێن.

مامەڵەکردن بەشێوەی موضارەبە ڕەوایەو شەرع پەسەندی دەکا... ئیبنولمونذیر لە کتێبەکەیدا کە ناوی (الإجماع)ە لاپەڕە/١٢٤ دەڵێ: کۆڕای زانایانی ئیسلام لەسەرئەوە بەستراوە: کە قیراضو موضارەبە بە دینارو دەرهەم ڕەوایەو هیچ خراپیەکی تێدانیە.

هەروا كۆڕایان هەیە لەسەرئەوە: كە دروستە بۆ كابرای بازرگان بیكاتە مەرج بەسەر خاوەن پارەكەوە سێیەكی قازانجی بداتێ یان نیوەی قازانج یان هەر ئەندازەیەك كە لەسەری پێكدێن، بەمەرجێ ئەندازەكە دیاریكراو بێ‌و بەشێك بێ لەماڵە وەگەڕخراوەكە، بێگومان هاوەڵانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئەم جۆرە مامەڵەیان ئەنجام داوە.

له زەیدی كوڕی ئەسلەمەوە ئەویش لە باوكییەوە ریوایەتكراوە، دەڵێ: عەبدوڵڵاو عوبەیدللا هەردوو كوڕی عومەری خەطاب لەگەڵ سوپایەكدا دەردەچن بۆ وڵاتی عێراق، جا كەدەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ مەدینە دەچنە لای ئەبو موسای ئەشعەری: كە ئەوكاتە ئەمیری شاری بەصرە بووە. ئەویش زۆر بەرو خۆشییەوە پێشوازییان لێ دەكا. دوای قسەو گفتوگۆ ئەبو مووسا پێیان دەڵێ: ئەگەر بمتوانیایە كارێكم بۆ بكردنایە لێیەوە سودمەند بوونایە بۆم دەكردن. پاشان كەمێ بیر دەكاتەوە دەڵێ ئێستا من بڕێكم پارەی بەیتولمال لایە دەمەوێ بینێرم بۆلای خەلیفەی موسوڵمانان، ئەگەر من لێرە بتاندەمێ كاڵای پێ بكڕن لەمەدینە بیفرۆشنەوە، ئەوجا دەستمایەكە رادەستی خەلیفە بكەن‌و قازانجەكە لەناو خۆتاندا دابەش بكەن!؟

وتیان: زۆرمان پێ خۆشە، ئەویش پارەكەی رادەست كردن‌و نامەیەكی بۆ خەلیفە عومەر نووسی، كە سەرمایەكەیان لێ وەربگرێ، جا كە گەیشتنەوە مەدینە ماڵەكەیان فرۆشت‌و قازانجی باشیان لێ كرد، ئەمجا: كە سەرمایەكەیان برد تەسلیمی خەلیفە عومەری بكەن، حەزرەتی عومەر فەرمووی: ئایا ئەم پارە سلفەیە دراوە بەهەموو سوپاكە؟ ئەوانیش وەكوو ئێوە پارەی بەیتولمالیان دراوەتێ كاڵای پێ بكڕن‌و لێرە بیفرۆشنەوە قازانجی لێ بكەن؟ وتیان: نەخەیر بەس ئەو مامەڵە لەگەڵ ئێمە كراوە، حەزرەتی عومەر فەرمووی: كوڕانی ئەمیری موسوڵمانانن‌و سلفەتان دراوەتێ، ئێستا دەتانەوێ سەرمایەكە تەسلیم

بکەن‌و بۆی دەربچن!! نەخەیر شتی وا نابێ، دەبێ سەرمایەو قازانجەکەش تەسلیم بە بەیتولمال بکەنەوە. عەبدوڵڵا بێدەنگ بوو (عوبەیدللا) وتی: ئەی فەرمانڕەوای موسوڵمانان شتی وا نابێ ئەتۆ مافی ئەوەت نیە ئەم غەدرە لەئێمە بکەی! خۆ دیارە ئەگەر ماڵەکە بفەوتایە یان کەمی بکردایە ئێمە دەبوایە بەرعودەی بین، حەزرەتی عومەر فەرمووی: نەخەیر، ئیللا دەبێ دەستمایەو قازانج رادەستی بەیتولمال بکەن، عەبدوڵڵا بێدەنگ دەبێ، بەڵام عوبەیدللا هەر سوور بوو لەسەر هەڵوێستی خۆیی‌و داوای لە خەلیفە کرد کە رایەکەی پەسەند بکا، هەتا یەکێك لە دانیشتوانی مەجلیسەکە وتی: ئەی ئەمیری موسوڵمانان! بۆچی بۆیان ناکەی بە (قیراض) نیوەی قازانج‌و هەموو سەرمایەکەیان لێ وەربگرە، عومەر فەرمووی: ئەوا کردم بە (قیراض) ئیتر خەلیفە عومەر سەرمایەو نیوەی قازانجەکەی لێ وەرگرتن‌و عەبدوڵڵاو عوبەیدیللا دوو کوڕەکەی خەلیفە، نیوەی قازانجەکەیان لەناو خۆیان دابەش کرد[1].

ئەوکەسەی بازرگانی دەکاو پارەی سەرمایەدارەکە وەگەڕ دەخا ئەمینە

موضارەبە بەرەهایی‌و بە سنورداریی رەوایە، پارە وەگەڕخەرەکە ئەمین‌و باوەڕپێکراوە، کەمتەرخەم‌و دەستدرێژکار نەبێ نابێتە زامن‌و زیانی پێ ناژمێردرێ.

ئیبنولمونذیر دەڵێ: کۆڕای زانایان لەسەرئەوە چەسپاوە: کە خاوەن پارە هەرکاتێك نەهی لە پارەگێڕەکە کرد شت بەقەرز نەفرۆشێ‌و بەقەرز فرۆشتی زامن دەبێ.[2]

---

[1] صحيح: (الإرواء/٥/٢٩١)، ط(٤٧٩/١٣٨٥)، هق(٦/١١٠).

[2] الإجماع ص١٢٥.

لـه حـەزیمی کـوڕی حیزامـەوە: کـە هـاوەڵی پیغەمبـەر (درودی خـودای لەسەر بێ) بوو وا گێڕدراوەتـەوە: کـە هـەرکاتێك پـارەی بدایـە بـە ئـاڵو ویـڵ کەرێك بۆ وەگەڕخستن‌و کاسبی پێوەکردن مەرجی ئەوەی لەسەر کابرای پـارە وەگەڕخـەر دادەنـا، کـە نابـێ پارەکـەم بـدەی بـە گیانلەبـەر، نەچـی ئـاژەڵو پەلەوەری پێ بکڕی، نابێ ماڵەکەی بخاتە ناو دەریاو بە دەریادا بیگوێزێتـەوە، نەیخاتە شوێنی وا لافاو بیگێڕێتەوە. لەدەم روبارو نزیك ئـاو دای نـەنێ. پێـی دەگوت: ئەم مەرجانە جێبەجێ نەکەی ئەتو زامنی ماڵەکـەی‌و هەرشـتێکی لێ هات دەبێ قەرەبووم بکەیەوە.(١)

(ألسلم)

سەلەم کە (سـەلەف)یـشی پـێ دەگـوترێ. بریتییـە لەفرۆشـتنی کاڵایـەکی دیاریکراوی وەصفدارکراو لە زیممەی فرۆشیاردا بە پارەیەکی حازر.

ئەم جۆرە مامەڵەیە مەشروع‌و رەوایە ئامازە بە ئایـەتی {يَـا أَيُّهَـا الَّـذِينَ آمَنُواْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ إِلَى أَجَـلٍ مُّـسَمًّى فَـاكْتُبُوهُ – البقـرة/٢٨٢} ئـەی خـاوەن بڕوایـان ئەگـەر پارەیـەکتان دا بەیـەکێك بەقـەرز بـۆ ماوەیـەکی دیـاریکراو بینووسن.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: من شایەتی دەدەم کـە سـەلەمی مـەضـمون تـا کاتێکی دیاریکراو خودا لە قورئاندا حەڵاڵی کردووەو ئیزنی پـێ داوە. ئـەمجار ئایەتی: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا تَدَايَنتُم......}ی خوێندەوە(٢).

هەر لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبـەر (درودی خـودای لەسەر بێ) کە تەشریفی کۆچیکرد بۆ مەدینە لەو رۆژگـارەدا دانیـشتوانەکەی

(١) صحيح الإسناد (الإرواء/٥/٢٩٣)، قط(٢/٦٣/٢٤٢)، هق(٦/١١١).

(٢) فقه السنة ج٣/١٧١.

مامەڵەی سەلەمی خورمایان دەکرد بۆ ماوەی دوو ساڵو سێ ساڵ، ئەویش دەربارەی ئەم جۆرە مامەڵەیە فەرمووی: «مَنْ أَسْلَفَ فِي شَيْءٍ فَفِي كَيْلٍ مَعْلُومٍ وَوَزْنٍ مَعْلُومٍ، إِلَى أَجَلٍ مَعْلُومٍ» [1] کەسێك سەلەمی لە شتێکدا کرد با پێوانەکەی دیاریکراوبێو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێ.

سەلەم کردن لەگەڵ کەسێك کە خاوەنی کاڵا سەلەم پێکراوە کەنەبێ مەرج نیە لە سەلەمدا کابرای پارەوەرگر خاوەنداری کاڵاکە بێ

لە موحەممەدی کوڕی ئەبولموجالیدەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: عەبدوڵلای کوڕی شەدادو ئەبو بوردە منیان نارد بۆلای عەبدوڵلای کوڕی ئەبی ئەوفا (ڕەزای خودا لەهەموویان بێ) پێیان گوتم بڕۆ پرسیاری لێ بکە ئاخۆ هاوەڵانی پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەسەردەمی پیغەمبەردا سەلەمیان لە گەنمدا دەکرد؟ دەڵێ: عەبدوڵلا وتی: ئێمە ئەو رۆژگارە لەگەڵ نەبەطییەکانی ولاتی شام سەلەممان دەکرد لە گەنمو جۆدا لە زەیتدا بە پێوانەیەکی دیاریکراو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، وتم: ئێوە پارەکانتان دەدا بەکەسانێك کە مالیکی ئەو کاڵا سەلەم تێداکراوە بوو؟ وتی: ئێمە پرسیاری ئەوەمان لێ نەدەکردنو ئەوەندە لێمان نەدەکۆڵییەوە، ئەمجار ناردیانم بۆ لای (عبدالرحمن)ی کوڕی (أبزى) پرسیارم لێ کرد، فەرمووی: هاوەڵانی پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەسەردەمی ژیانی پیرۆزیدا سەلەمیان دەکرد بەشێوەیەکی بەرفراوان کەسیشمان پرسیاری لە کابرای پارەوەرگرو سەلەم لەگەڵ کراو نەدەکرد ئاخۆ ئەوانە زەویو زاری کشتو کاڵیان هەیە یان نا؟[2]

---

[1] صحيح (الإرواو/١٣٦٩)، ك (٢/٢٨٦)، هق (٦/١٨).

[2] صحيح: (الإرواء/١٣٧٠)، خ(٢٢٤٤/٤٣٠/٤) وهـذا لفظـه د(٣٤٤٧/٣٤٩/٩)، ن(٧/٢٩٠)، ج(٢٢٨٢/٧٦٦/٢).

(ألقرض) قەرز

قەرز ماڵێکە خاوەن قەرز دەیدا بە قەرزکەر بۆئەوەی لەدواییدا: کە توانای دانەوەی قەرزەکەی بوو بەبێ زیادو کەمو لەهەمان ماڵو کاڵاو پارە قەرزەکەی بداتەوە.

لە زمانی عەرەبیدا (قرض) بەمانا دابڕینو جیاکردنەوەیە لەم رووەوە خاوەن قەرز بەشێك لەماڵی خۆی جیادەکاتەوەو دەیدا بەو کابرایەی داوای قەرزی لێ کردوە[1].

لە ئەبو هورەیرە ریوایەتکراوە: کە پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ الدُّنْيَا نَفَّسَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَمَنْ يَسَّرَ عَلَى مُعْسِرٍ يَسَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ».[2] هەر موسوڵمانێك دەروویەك لە موسوڵمانێك بکاتەوەو لە تەنگژەیەکی جیهان دەربازی بکا، پەروەردگار لەڕۆژی قیامەتدا دەرووی رەحمەتی لێ دەکاتەوە، کەسێك یارمەتی دەستکورتێك بدا لەدونیاداو رێگای ژیانی بۆ ئاسان بکا، خودا لەدونیاو قیامەتدا رێگای بۆ ئاسان دەکا، پەروەردگار لە هاریکاری بەندەی خۆیدایە هەتا بەندەکە هاریکاری برای موسوڵمانی بکا.

لە ئیبنو مەسعوودەوە ریوایەتکراوە: کە پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَا مِنْ مُسْلِمٍ يُقْرِضُ مُسْلِمًا قَرْضًا مَرَّتَيْنِ إِلاَّ كَانَ كَصَدَقَتِهَا مَرَّةً».[3] واتە: هەر موسوڵمانێك دووجار قەرز بدا بە موسوڵمانێك وەکوو ئەوە وایە جارێك ئەو برە پارەیەی بەخێر بداتێ.

---

[1] فقه السنة ج٣/١٨٢.

[2] صحيح: (مختصر مسلم/١٨٨٨)، م(٢٦٩٩/٢٠٧٤/٤)، ت(٤٠١٥/٢٦٥/٤)، د(٤٩٢٥/٢٨٩/١٣).

[3] حسن: (الإرواء/١٣٨٩)، جة(٢٤١٢/٨٠٦/٢)، ت(١٦٢١/٦٨/٣).

قەرزداریو زیدەڕۆیی تێیدا

لە ئەوبانەوە کە مەولای پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بوو ریوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَنْ فَارَقَ الرُّوحُ الْجَسَدَ وَهُوَ بَرِيءٌ مِنْ ثَلاَثٍ دَخَلَ الْجَنَّةَ مِنَ الْكِبْرِ وَالْغُلُولِ وَالدَّيْنِ».[1]: کەسێك گیانی لەجەستەی جیابێتەوەو لەسێ شت بەری بێ، دەچێتە بەهەشتەوە، لە کیبرو خۆ بەزلزانی، لە غەشو خیانەت، لە قەرزداری.

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «نَفْسُ الْمُؤْمِنِ مُعَلَّقَةٌ بِدَيْنِهِ حَتَّى يُقْضَى عَنْهُ»[2]: گیانی موسوڵمان پەیوەستە بە قەرزەکەیەوە هەتا قەرزەکەی بۆ دەدرێتەوە.

لە ئیبنو عومەرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ مَاتَ وَعَلَيْهِ دِينَارٌ أَوْ دِرْهَمٌ قُضِيَ مِنْ حَسَنَاتِهِ لَيْسَ ثَمَّ دِينَارٌ وَلاَ دِرْهَمٌ»[3]: کەسێك بمرێ دینارو دیرهەمی لەسەربێ لە چاکەکانی قەرزەکانی دەدرێتەوە لە رۆژێكدا، لەشوێنێکدا دینارو دیرهەم نیە.

لە ئەبو قەتادەوە گێڕدراوەتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) هەڵسایە سەرپێ وتارێکی بۆ داین تێیدا فەرمووی: جیهاد لەڕێگەی خوداداو ئیمان بەخودا گەورەترین کردەوەی باشی مرۆڤە. پیاوێك هەڵسایە سەرپێو وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئایا ئەگەر من لەڕێگەی خودادا گیانم لەدەست دا ئایا تاوانەکانم دەشۆرێنەوە؟ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرمووی: بەڵێ ئەگەر تۆ لەڕێگەی خودادا بکوژرێیو

---

[1] صحيح: (ص.جة/١٩٥٦)، جة(٢٤١٢/٨٠٦/٢)، ت(١٦٢١/٦٨/٣).

[2] صحيح: (ص.ج/٦٧٧٩)، (المشكاة/٢٩١٥)، ت(١٠٨٤/٢٧٠/٢).

[3] صحيح: (ص.جة/١٩٥٨)، جة(٢٤١٤/٨٠٧/٢).

خۆگربیو بەتەمای پاداشی باشی خودا بی، هەڵمەت بەریو پشت هەڵنەگەی بەرەو ڕووی دوژمن بڕۆیە پێشەوەو هەڵنەیەی، پاشان پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرموو: ئەری تۆ پرسیارەکەت چۆن کردو وتت چی؟ وتی ئایا ئەگەر من لەڕێگەی خودادا کوژرام ئایا ئەو کوژرانەم دەبێتە کەفارەتی تاوانەکانم؟ پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «نَعَمْ إِنْ قُتِلْتَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَأَنْتَ صَابِرٌ مُحْتَسِبٌ مُقْبِلٌ غَيْرُ مُدْبِرٍ إِلاَّ الدَّيْنَ فَإِنَّ جِبْرِيلَ عَلَيْهِ السَّلاَمُ قَالَ لِي ذَلِكَ».[1] بەڵێ ئەگەر بەڕاستی لەڕێگەی خودادا گیان بەخت بکەیو خۆراگر بیو بەهیوای پاداشی دوارۆژ بی، لەکاتی شەڕدا هێرش بەریو پشت هەڵکردو نەبی، هەموو گوناهێکت لەکۆڵ دەکەوێ جگە لەقەرز، جوبرائیل سەلامی خودای لێ بێ ئەو حوکمەی پێ ڕاگەیاندم.

کەسێك ماڵی خەڵك وەربگرێ بیەوێ بیداتەوە یان بیفەوتێنێ

ئەبو هورەیرە (ڕەزای خودای لێ بێ) لە پیغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «مَنْ أَخَذَ أَمْوَالَ النَّاسِ يُرِيدُ أَدَاءَهَا أَدَّى اللَّهُ عَنْهُ، وَمَنْ أَخَذَ يُرِيدُ إِتْلاَفَهَا أَتْلَفَهُ اللَّهُ».[2] کەسێك پارەی یەکێك وەربگرێ بە قەرزو نیازی دانەوەی بێ خودا یارمەتی دەداو دیداتەوە، کەسێکیش ماڵێك وەربگرێ بەقەرزو بەهیوای نەدانەوەی، خودا ماڵەکەی دەفەوتێنێو ناتوانێ بیداتەوە.

لە شوعەیبی کوڕی عەمرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: صوهەیبول خەیر لە پیغەمبەرەوە (درودی خودای لەسەر بێ) بۆی گێڕاینەوە، کە فەرموویەتی: «أَيُّمَا رَجُلٍ يَدَيَّنُ دَيْنًا وَهُوَ مُجْمِعٌ أَنْ لاَ يُوَفِّيَهُ إِيَّاهُ لَقِيَ اللَّهَ سَارِقًا».[3] هەر

---

[1] صحيح: (الإرواء/١١٩٧)، م(١٨٨٥/١٥٠١/٣)، ت(١٧٦٥/١٢٧/٣)، ن(٣٤/٦).

[2] صحيح: (ص.ج/٥٩٨)، خ(٢٣٨٧/٥٣/٥).

[3] حسن صحيح: (ص.جة/١٩٥٤)، جة(٢٤١٠/٨٠٥/٢).

مرۆڤێك قەرزێك وەرگرێو نیازی وابێ نەیداتەوە رۆژی قیامەت بەخزمەت پەروەردگاری دەگاتەوە بە دز حیساب دەگرێ.

فەرمانکردن بەدانەوەی قەرز

قورئان دەفەرموێ: {إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ إِنَّ اللّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِ إِنَّ اللّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا – النساء/٥٨}: پەروەردگار فەرمانتان پێ دەکا کەسپاردەو ئەمانەتەکان بدەنەوە بەخاوەنەکانیان، هەرکاتێکیش کێشەو نیزاعی خەڵکتان یەکالاکردەوەو لەناو مەردوومدا بوون بەفەرمانڕەواو دادوەر بەدادپەروەری حوکمی نێوانیان بکەنو عەدالەت بخەنە گەڕ، بێگومان پەروەردگار پەندو ئامۆژگاری باشتان دەکاو ڕێگای ڕاستتان نیشان دەدا... بێگومان پەروەردگار شنەواو بینایە بەکردارو گوفتاری هەموو کەس.

هەروەها پەروەردگار دەفەرموێ: {فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ الَّذِي اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ وَلْيَتَّقِ اللّهَ رَبَّهُ – البقرة/٢٨٣}. ئەگەر بڕێکتان هەبوو دڵنیابوو: کە ماڵەکەی ناخورێو لەکاتی خۆیدا بابای قەرزدار قەرزەکەی دەداتەوە، ئەوە بارمتەوەرگرتن پێویست نیە. بەلام پێویستە قەرزدار بتمانەی خۆی بپارێزێ، ئەو بتمانەیەی کەخاوەن قەرز پێی هەبوو بەبێ بارمتە قەرزی داوەتێ، نەهێڵێ ئەو بتمانەیە بفەوتێ، لەخودا بترسێ خیانەتی لێ نەکا.

قەرزدانەوەی پەسەندو باش (حسن القضاء)

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیاوێك حوشترێکی بەقەرز لای پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بوو، داوای قەرزەکەی لێ کردەوە، پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: {أَعْطُوهُ} قەرزەکەی بدەنەوە، هەوڵدرا ئەوکاتە حوشترێکی لەو جۆرە پەیدا بکەنو بیدەنەوە،

حوشترێکیان دەست نەکەوت لەو جۆرە، ئەوەی دەستیان کەوت حوشترێك بوو ساڵێك تەمەنی سەروتر بوو فەرمووی: ئەوەی بدەنەوە کابرا وتی: باشتر لەهی خۆمت دامەوە، خودا باشترت بۆ پڕ بکاتەوە، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنَّ خِيَارَكُمْ أَحْسَنُكُمْ قَضَاءً»[1] باشترین کەسانی ئێوە ئەوانەن: کە بەباشی قەرزەکانیان دەدەنەوە.

لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە (ڕەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: هاتمە خزمەت پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) تەشریفی لە مزگەوت بوو، (میسعەر) دەفەرموێ: پێم وابوو وتی: کاتەکە چێشتنگاو بوو، فەرمووی: دوو ڕکات نوێژ بکە، من قەرزێکم لای پێغەمبەرە (درودی خودای لەسەر بێ) قەرزەکەی دامەوەو زیادەشی دامێ[2].

لە ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو ڕەبیعە ئەلمەخزومییەوە ئەویش لەباوکیەوە ئەویش لەباپیریەوە ڕیوایەتکراوە، کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەسەروبەندی غەزای حونەیندا سی هەزار یان چل هەزاری لێ قەرز کردووە، کە لەغەزاکە هاتەوە قەرزەکەی داوەتەوە، پاشان پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرموو: «بَارَكَ اللَّهُ لَكَ فِي أَهْلِكَ وَمَالِكَ إِنَّمَا جَزَاءُ السَّلَفِ الْوَفَاءُ الْحَمْدُ»[3] خودا بەرەکەت بخاتە ماڵو منداڵتەوە، پاداشی قەرز، دانەوەیەتیو سووپاسگوزارییە.

---

[1] صحيح: (الإرواء/٥/٢٢٥)، خ(٤/٥٨/٢٣٩٣)، م(٣/١٢٢٥/١٦٠١)، ن(٧/٢٩١)، ت(١/٣٨٩/١٣٣٠).

[2] صحيح: خ(٥/٥٩/٢٣٩٤)، د(٩/١٩٧/٣٣٣١).

[3] حسن: (ص.جة/١٩٦٨)، جة(٢/٨٠٩/٢٤٢٤)، ن(٧/٣١٤).

جوان داواكردنەوەی قەرز

لە ئیبنو عومەرو خاتو عائیشەوە ریوایەتکراوە، کە پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ طَالبَ حَقًّا فَلْيَطْلُبْهُ فِي عَفَافٍ وَافٍ أَوْ غَيْرِ وَافٍ».[1] کەسێك داوای قەرزێکی خۆی کردەوە کە لەسەر قەرزدارێك بوو با بەجوانی داوای بکاتەوەو لەگەڵ بابای قەرزدار نەرم‌و نیان بێ، جا بابای قەرزدار بیداتەوە یان نەیداتەوە.

مۆڵەتدانی قەرزداری نەبوو

پەروەردگار دەفەرموێ: {وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَى مَيْسَرَةٍ وَأَن تَصَدَّقُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ – البقرة/٢٨٠} ئەگەر قەرزدارەکە هەژارو نەدارا بوو، ئەوە با مۆڵەت بدرێ تا دەستی بەرخۆی دەکەوێتەوەو لەتەنگانەی نەبوویی ڕزگاری دەبێ، خۆ ئەگەر لە قەرزەکەش خۆش ببن ئەوە زۆر باشە بۆ ئێوە ئەگەر ئێوە بزانن.

لە حوزەیفەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: ژنەوتم لە پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو: «مَاتَ رَجُلٌ ، فَقِيلَ لَهُ: ماكنت تقول؟ قَالَ كُنْتُ أُبَايِعُ النَّاسَ ، فَأَتَجَوَّزُ عَنِ الْمُوسِرِ ، وَأُخَفِّفُ عَنِ الْمُعْسِرِ ، فَغُفِرَ لَهُ»[2]: پیاوێك مرد پرسیاری لێ کرا لەو دونیادا هەڵس‌وکەوتت چۆن بوو لەگەڵ مەردووم،؟ وتی: بازرگان بووم شتم بەخەڵك دەفرۆشت، عادەتم وابوو مۆڵەتی قەرزداری دەوڵەمەندم دەداو بۆ قەرزداری نەبوو هەژاریش بارسوکیم بۆ دەکردن‌و لەبڕێکی یان لە هەمووی خۆش دەبووم، بەهۆی ئەم هەڵوێستە مەردانەیەوە لێخۆشبوونی پەروەردگاری بەدەست هێنا.

---

[1] صحيح: (ص.جة/١٩٦٥)، جه(٢٤٢١/٨٠٩/٢).

[2] صحيح: (ص.جة/١٩٦٣)، خ(٢٣٩١/٥٨/٥).

لــە ئەبوليوســرا: كــەهاوەڵی پيغەمبــەر بــوو، ريوايــەتكراوە، دەڵــێ: پيغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ أَحَـبَّ أَنْ يُظِلَّـهُ اللَّـهُ فِـي ظِلِّهِ – فَلْيُنْظِرْ مُعْسِرًا أَوْ لِيَضَعْ لَهُ».[1] كەسێك پێی خۆشبێ خودا رۆژی قيامـەت بيخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆيەوە، با لەدونيادا مۆڵەتی قـەرزداری هـەژارو نەبوو بدا يان هەر قەرزەكەی لەسەر بكوژێنێتەوە.

دواخستنی قەرزدانەوە لەكاتی خۆی بۆ كەسێك دەوڵەمەند بێ ستەمە

لـە ئـەبو هـورەيرەوە ريوايـەتكراوە، دەڵـێ: پيغەمبـەر (درودی خـودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَطْلُ الْغَنِيِّ ظُلْـمٌ».[2] پاشـگوێ خـستنی دانـەوەی قـەرز لەكاتی خۆی بۆ كەسێك دەوڵەمەند بێ زوڵم و ستەمە.

دروستە دەوڵەمەندی قەرزدار بخرێتە بەندەوە ئەگەر بە ئەنقەست قەرزی نەدايەوە

لەعــەمری كــوڕی (الــشريد)ەوە لــە باوكييــەوە ريوايــەتكراوە، دەڵــێ: پيغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموويەتی: «لَيُّ الْوَاجِـدِ يُحِـلُّ عِرْضَـهُ وَعُقُوبَتَهُ».[3] دواخستنی دانەوەی قەرز لە لايەن دەوڵەمەندو هەبووەوە كارێك دەخوڵقێنـێ ڕەوايـە بـۆ خـاوەن قـەرز سـكاڵای لێ بكـاو داوا بكـا بەنـدی بكـەن، تەمبێ خواردوی بكەن.

---

[1] صحيح: (ص.جة/١٩٦٣)، جة(٢٤١٩/٨٠٨/٢).

[2] متفق عليه: خ(٢٤٠٠/٦١/٥)، م(١٥٦٤/١١٩٧/٣)، د(٣٣٢٩/١٩٥/٩)، ت(١٣٢٣/٣٨٦/٢)، ن(٣١٧/٧)، جة(٢٤٠٣/٨٠٣/٢).

[3] حسن: (ص.ن/٤٣٧٣)، ن(٣١٧/٧)، جة(٢٤٢٧/٨١١/٢)، د(٣٦١١/٥٦/١٠).

هەر قەرزێك سودو قازانج بێنێ دەبێتە ریبا

لە ئەبو بوردەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: هاتمە مەدینە توشی عەبدوڵڵای کوڕی سەلام بووم، وتی با بڕۆینەوە بۆ ماڵ میوانم بەو، بە ئەو جامەی پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئاوی تێدا خواردۆتەوە ئاوت دەدەمێ، لەو شوێنەش پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نوێژی لێ کردووە نوێژ بکە. منیش لەگەڵی رۆشتمەوە، شەربەتی شیرنی دامێ خواردمەوە، خورمای دەرخوارد دام، لەو شوێنەی پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نوێژی کردبوو نوێژم کرد، ئەمجار پێی گوتم: براله! ئەتۆ لەناوچەیەك دەژی سودو ریبای تێدا باوو بڵاوە، یەکێکیش لەجۆرەکانی ریبا ئەوەیە یەکێك لەئێوە ماڵێك لەیەکێك قەرز دەکا بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، کە کاتی قەرزدانەوەکەی هات قەرزەکەی بۆ دەباتەوە بەچەنەیەکیش دیاری بۆ دەبا دەخیلتم خۆبپارێزە لە وەرگرتنی ئەو بەچەنە دیاریەو ئەوەی تێیدایە[1].

رەهن کردن (بارمتەدان)

رەهن لە زمانی عەرەبیدا بەمانا حەپسکردنە.

لە زاراوەی شەرعدا رەهن بریتیە لەوەی ماڵێك بکەی بە بارمتەی قەرز، بۆ ئەوەی ئەگەر قەرزدارەکە نەیتوانی قەرزەکە بداتەوە، خاوەن قەرز لەماڵە رەهنکراوەکە قەرزەکەی خۆی هەڵبگرێتەوە[2].

رەهن کارێکی رەوایە قورئان دەفەرموێ: {وَإِن كُنتُمْ عَلَى سَفَرٍ وَلَمْ تَجِدُواْ كَاتِبًا فَرِهَانٌ مَّقْبُوضَةٌ – البقرة/٢٨٣}.

---

(١) صحيح: (الإرواء/٢٣٥)، خ(٣٨١٤/٣٤٢)، هق(٣٤٩/٥).

(٢) بڕوانە فتح الباری ج٥/١٤٠ ومنار السبیل ج١/٣٥١.

قەید دارکردن بە دەستەواژەی سەفەرەوە لە ئایەتەکەدا لەبەر شێوەی زۆرینەو غالیبە، ئەگینا مەفهومی نیە، چونکە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئەوە دەچەسپێنن: کە ڕەهنکردن لەغەیری سەفەریشدا هەر ڕەوایە، ئەگەر کابرا لەماڵەوەش بوو دەتوانێ ڕەهن بکا.

لە عائیشەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) ریوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) خواردنێکی لەکابرایەکی جولەکە کڕی بەقەرز بۆ ماوەیەکی دیاری کراو زرێیەکەی لادانا بە بارمتە[1].

سود وەرگرتن لەبارمتە لەلایەن خاوەن قەرزەوە

دروست نیە بۆ خاوەن قەرزی بارمتە لادانراو، سود لەبارمتە وەربگرێ، ئاماژە بەو دەق و نەصصانەی لەوەپێش رابوردن: کە پوختەکەیان ئەوەبوو: هەر قەرززێك سود راکێشێ بۆ خاوەن قەرز دەچێتە چوارچێوەی ریباوە، بەم جۆرە کابرایەك زەوییەك بکا بە بارمتە لای خاوەن قەرز ئەویش زەوییەکە بەکاربێنێ بۆ کشتوکاڵ، یان خانوێك بکا بەبارمتەو خاوەن قەرز تا قەرزەکەی وەردەگرێتەوە تێیدا نیشتەجێ بێ یان بیدا بەکرێ و کرێیەکە وەربگرێ، مەگەر بارمتەکە وڵاخی سواری بێ یان ئاژەڵی شیردەر بێ، ئەوە دروستە خاوەن قەرز سواری بێ، شیری بدۆشێ، باری پێ بکێشێ....... هتد. بەمەرجێك ئاڵف و خۆراکی بۆ دابین بکا.

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الظَّهْرُ يُرْكَبُ بِنَفَقَتِهِ إِذَا كَانَ مَرْهُوناً وَيُشْرَبُ لَبَنُ الدَّرِّ إِذَا كَانَ مَرْهُوناً وَعَلَى الَّذِي يَرْكَبُ وَيَشْرَبُ نَفَقَتُهُ».[2] وڵاخی سواری ئەگەر بارمتە

---

[1] متفق علیه: لەوەپێش تێپەڕی.

[2] صحیح: (ص.ج/٣٩٦٢)، خ(٢٥١٢/١٤٣/٥)، د(٣٥٠٩/٤٣٩/٩)، ت(١٣٧٢/٣٦٢/٢).

بوو لەجیاتی قەرز، خاوەن قەرز بۆی هەیە بەکاری بێنێ لەجیاتی بەخێوکردنەکەی، شیری ئاژەڵ دەخورێتەوە ئەگەر ئاژەڵەکە بارمتە بوو بەمەرجێ خاوەن قەرزی بارمتە لادانراو نەفەقەی ئاژەڵەکە بخاتە ئەستۆی خۆی.

حەواڵە (الحوالة)

حەواڵە لەزمانی عەرەبیدا بە مانا لادانە، گواستنەویە، لەزاراوەی شەرعزانەکاندا بریتییە لەگواستنەوەی قەرزێك لە ئیمەی کەسێکەوە بۆ ئیمەی کەسێکی تر، ئەگەر کەسێك قەرزێکی لابوو، ئەم قەرزدارەش بۆخۆی قەرزی لەسەر کابرایەکی تر هەبوو، دەتوانێ خاوەن قەرز حەواڵەی قەرزدارەکەی خۆی بکا، ئەگەر وای کرد پێویستە خاوەن قەرزی حەواڵەکراو رازی بێ و ئەو حەواڵە کردنە قبوڵ بکا، بەمەرجێك کابرای حەواڵە بۆسەر کراو دەوڵەمەند بێ، چونکە پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: (مطل الغنيّ ظلم، فاذا أُتبع أحدكم على مليّ فليتبع).[1] پاشگوێ خستنی قەرزدانەوە لەلایەن دەوڵەمەندەوە ستەمە، ئەگەر خاوەن قەرزێك لەئێوە حەواڵەکرا بۆ سەر دەوڵەمەندێکی قەرزداری قەرزدار، باڕازی بێ و داوای قەرزەکەی لەو بکا.

سپاردەو ماڵی ئەمانەت (الوديعة)

وەدیعە ماڵێکە بە ئەمانەت لەلای یەکێك دادەنرێ.

حوکمی وەدیعە: ئەگەر پیاوێك کاڵایەکی لەلای یەکێك دانا سوننەتە کابرا ئەو ماڵە وەدیعەیە لای خۆی گل بداتەوە، ئەگەر لەخۆی رادەدی: کە پارێزگاری ماڵەکەی بۆ دەکرێ، چونکە ئەمە دەچێتە بواری هاریکاری کردن

---

[1] متفق عليه: خ(٢٢٨٧/٤٦٤/٤)، م(١٥٦٤/١١٩٧/٣)، د(٣٣٢٩/١٩٥/٩).

لەسەر چاکەو چاکسازیو بەهانا هاتنی یەکتریەوە. هەرکاتێکیش کابرای خاوەن ماڵ داوای ماڵەکەی کردەوە پێویستە بابای ماڵ لەلا دانراو بەبێ چەندو چوون ماڵەکە رادەستی خاوەن ماڵ بکاتەوە. چونکە خودا دەفەرموێ: {إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا – النساء/٥٨} پەروەردگار فەرمانتان پێ دەکا کەسپاردەکان بدەنەوە بەخاوەنەکانیان. یان دەفەرموێ: {فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ الَّذِي اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ وَلْيَتَّقِ اللّهَ رَبَّهُ – البقرة/٢٨٣}.

پێغەمبەریش (درودی خودای لەسەر بێ) دەفەرموێ: «أَدِّ الأَمَانَةَ إِلَى مَنِ ائْتَمَنَكَ».[(١)] سپاردەکە بگێرەوە بۆلای ئەو کەسەی بە ئەمینو دەستپاکی داناوی. ئەو کەسەی سپاردەی لا دادەنرێ، زامنو بەرعودەی نەفەوتانی ماڵەکە نابێ، مەگەر کەمتەرخەمی بنوێنێو زێدەڕەوی بکا لە بێ موبالاتیدا.

لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە لە باوکییەوە لە باپیریەوە ریوایەتی کردووە دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ أُودِعَ وَدِيعَةً فَلاَ ضَمَانَ عَلَيْهِ».[(٢)] کەسێك سپاردەیەکی لادانرا زامنو بەرعودەیی لەسەر نابێ.

هەر لەوەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ ضَمَانَ عَلَى مُؤْتَمَنٍ».[(٣)] بەرعۆدە بوونو زەمان لەسەر ئەو کەسە نیە کە بەئەمین زانراوەو سپاردەی لەلا دانراوە.

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ریوایەتکراوە، کە عومەری کوڕی خەتتاب بڕیاری بەسەردا داوە بە بژاردنی سپاردەیەکی دزراو کە لەلای دانرابوو.

---

(١) صحيح: (ص.ج/٢٤٠)، ت(١٢٨٢/٣٦٨/٢)، د(٣٥١٨/٤٥٠/٩).

(٢) حسن: (ص.جة/١٩٤٥)، (الإرواء/١٥٤٧)، جة(٢٤٠١/٨٠٢/٢).

(٣) حسن (ص.ج/٧٥١٨)، قط(١٦٧/٤١/٣)، هق(٢٨٩/٦).

بەیهەقی دەڵێ: لەوانەیە ئەنەس کەمتەرخەمی کردبێ لە پارێزگاری کردنیدا، بەهۆی کەمتەرخەمیەکەیەوە ماڵە وەدیعە دزراوەکەی پێ بژاردووە.

ماڵی خوازراو (العارية)

شەرعزانەکان پێناسەی (عاریە)یان بەوە کردووە، کە بریتییە لەپێدانی ماڵێك، ئامێرێك لەلایەن خاوەنەکەیەوە بدرێ بە یەکێکی تر بۆ ئەوەی سودی لێ وەربگرێ بەبێ بەرامبەر.

ئەم جۆرە دەستگیرۆدەییە سوننەتەو شەرع پەسەندی دەکا، چونکە پەروەردگار دەفەرموێ: {وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى – المائدة/٢}. هاریکاری یەکتری بکەن لەچاکەو تەقواو خوداپەرستیدا.

هەروا پیغەمبەر دەفەرموێ: «وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ».[1] پەروەردگار یارمەتی بەندەی خۆی دەدا هەتا ئەو بەندە هاریکاری برای موسوڵمانی بێ.

لەلایەکی ترەوە پەروەردگار سەرزەنشتی ئەوانەی کردووە، کە ئامێرو کەرەسەی خۆیان رادەستی ئەوانە ناکەن کە داخوازییان لێ دەکەنو بەدەم داخوازی ئاتاجانەوە ناچن. دەفەرموێ: {الَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ. الَّذِينَ هُمْ يُرَاؤُونَ. وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ – الماعون/٥ – ٦ – ٧}

لە عەبدوڵلاوە ریوایەتکراوە، فەرموویەتی: ئێمە لەسەردەمی پیغەمبەری خودادا دۆڵچەی ئاوهەڵکێشانو مەنجەڵو دیزەی کێشت لێنانمان بەماعون دادەناو لە یەکترمان مەنع نەدەکرد.

پێویستە ئەو ئامێرو حاجەتە خوازراوە کە کارەکەی پێ جێبەجێ کرا بگەرێندرێتەوە بۆ خاوەنەکەی، چونکە حوکمی ئەمانەتو سپاردەیی هەیەو

---

[1] صحيح: (ص.ج/٦٥٧٧)، خ(٤/٣٨/٢٠٧٤)، حم(٢/٤٠٧)، ت(٥/٢٨/٢٦٤٦)، جة(١/٨٢/٢٢٥).

ئەمانەتیش دەبێ بدرێتەوە بەخاوەنی خۆی... قورئان دەفەرموێ: {إِنَّ اللّـهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا – النساء/٥٨}. پەروەردگار فەرمانتان پێ دەکا کە سپاردەکان بگێڕنەوە بۆ خاوەنەکانیان.

بابای حاجەتخوازو ئامێر پێ دراو، زەمان‌و بەرعۆدە بوونی لەئەستۆ نیە، مەگەر کەمتەرخەم‌و بێ موبالات بێ، یان خاوەن ئامێر بیکاتە مەرج بەسەریەوە کە دەبێ ئەرکی پاراستنی ماعونەکە هەڵبگرێ‌و ئەویش قبوڵی بکا.

لە صەفوانی کوڕی یەعلاوە ئەویش لەباوکییەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرمووم هەرکاتێ نوێنەرو نێردراوی من هاتەلات سی زرێ‌و سی حوشتری بدەرێ. دەڵێ: منیش وتم: ئەی پیغەمبەری خودا! ئەم شتانەم لێ دەخوازی بەشێوەی عاریەی زەمان‌و بەرعۆدەبوونەو بەبێ کەم‌وکوڕی بۆم دەگێڕیەوە یان خوازراوی بێ زەمانەتە؟ فەرمووی: نا ئەرکی زەمانەتی ئەو ئامێرانە ناخەمە ئەستۆی خۆم[1].

ماڵی دۆزراوە (اللقطة)

لوقطە: ماڵی هەڵگیراوەو دۆزراوە: بریتییە لەماڵێك نرخدار بێ موعەرەض بێ بۆ تێداچوون‌و فەوتان‌و خاوەنی نەزاندرێ، بەزۆری بە ماڵ‌و سامانێك دەگوترێ: کە گیانلەبەر نەبێ ئەگەر ماڵە دزراوەکە حەیوان بوو پێی دەگوترێ (ضالة) گومبوو.

پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە ماڵێك دەدۆزێتەوە بزانێ جنسی ئەو ماڵە چیە، ژمارەی چەندە، ئەمجار پیاوێکی عادڵ بکا بەشایەت، ئەمجار هەڵی بگرێتەوەو پارێزگاری بکاو تا ساڵێك جاڕی بۆ بدا کەوا ماڵێکی دۆزیوەتەوە،

---

[1] صحيح: (ص.د/٣٠٤٥)، (الصحيحة/٦٣٠)، د(٣٥٤٩/٤٧٩/٩).

جا ئەگەر خاوەنی پەیدا بوو نیشانەکانی روونکردەوە دەبێ ڕادەستی بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر دوای ساڵێکیش بێ، خۆ ئەگەر خاوەنی پەیدا نەبوو دەتوانێ سودی لێ وەربگرێ.

لە سوومیدەی کوڕی غەفەلەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: توشی ئوبەی کوڕی کەعب بووم پێی گوتم کیسەیەکم دۆزییەوە سەد دیناری تێدا بوو، چوومە خزمەت پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: تا یەك ساڵ تەواو دەبێ جاڕی بۆ بدە، ساڵێکی ڕەبەق من جاڕم بۆدا، کەس نەی گوت هی منەو خۆی نەکرد بەخاوەنی، ئەمجار کیسە پارەکەم هێنایەوە بۆ خزمەت پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: تا ساڵێکی تر تێوە دەسوڕێتەوە جاڕی بۆ بدە، دیسانەوە جاڕم بۆ دایەوە کەسم دەست نەکەوت خۆی بکا بەخاوەنی، دیسانەوە هێنامەوە بۆ خزمەت پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئاخۆ چی لێ بکەم، فەرمووی: جۆرو شێوەی کیسەکەو ژمارەی ماڵەکەو ئەو بەنەی کەپێی بەستراوە، ئەمانە بپارێزە، ئەگەر خاوەنی پەیدا بوو، بیدەرەوە ئەگینا بۆخۆت سودی لێ ببینە، منیش جاڕم بۆ دا خاوەنی بۆ پەیدا نەبوو، ئیتر بەکارم هێنا، سوومید دەڵێ: پاشان لەمەککە توشی ئوبەی بووم لەم بارەوە لێم پرسییەوە، وتی: نازانم سێ ساڵ بوو یان یەك ساڵ بوو.[1]

لە عییاضی کوڕی حیمارەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ وَجَدَ لُقَطَةً فَلْيُشْهِدْ ذَا عَدْلٍ – أَوْ ذَوَيْ عَدْلٍ – وَلاَ يَكْتُمْ وَلاَ يُغَيِّبْ فَإِنْ وَجَدَ صَاحِبَهَا فَلْيَرُدَّهَا عَلَيْهِ وَإِلاَّ فَهُوَ مَالُ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ

---

[1] متفق عليه: خ(٢٤٢٦/٧٨/٥)، م(١٧٢٣/١٣٥٠/٣)، ت(١٣٨٦/٤١٤/٢)، جه(٢٥٠٦/٨٣٣/٢)، د(١٦٨٥/١١٨/٥).

يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ».[1] کەسێك ماڵێکی کەوتووی دۆزیەوە با پیاوێکی عادڵ یان دوو کەسی عادڵ بکا بەشایەت هیچ دەستکاری نەکاو نەیشارێتەوە، جا ئەگەر خاوەنی پەیدا بوو ئەوە بیداتەوە، چونکە ئەوە ماڵی خۆیەتی‌و حەقی خۆیەتی وەری بگرێتەوە، ئەگەر خاوەنی پەیدا نەبوو ئەوە ڕزقێکە خودا بۆی ڕەخساندووە.

دۆزینەوەی مەڕو بزن‌و حوشتری گومبوو

کەسێك مەڕو بزنی دۆزیەوە دەیانگێڕێتەوە لای خۆی‌و جاڕیان بۆ دەدا ئەگەر خاوەنی پەیدا بوو باشە، ئەگینا دەیکاتە موڵکی خۆی، تەصەروفی تێدا دەکا، ئەگەر حوشتری دۆزیەوە نابێ بیگێڕێتەوە چونکە حوشتر بۆخۆی خۆی دەژێنێ‌و ترسی تێداچوونی لێ ناکرێ.

لە زەیدی کوڕی خالیدی (الجهنی)یەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: عەرەبێکی دەشتەکی هاتە خزمەت پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پرسیاری شتی دۆزراوەی لێ کرد، فەرمووی: «عَرِّفْهَا سَنَةً ، ثُمَّ احْفَظْ عِفَاصَهَا وَوِكَاءَهَا ، فَإِنْ جَاءَ أَحَدٌ يُخْبِرُكَ بِهَا ، وَإِلاَّ فَاسْتَنْفِقْهَا». بۆ ماوەی ساڵێکی تەواو جاڕی بۆ بدە، پاشان کیسەکەی‌و بەنی بەستنی کیسەکە بزانە چۆنەو چیە ئەگەر خاوەنی بۆ پەیدا بوو، وتی: من خاوەنی ئەو ماڵە دۆزراوەم ئەوە بیدەرەوە، ئەگینا بۆخۆت بەکاری بێنەو خەرجی بکە، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەی مەڕو بزنی دۆزراوە حوکمەکەیان چۆنە؟ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لَكَ أَوْ لأَخِيكَ أَوْ لِلذِّئْبِ». ئەوە یان ماڵی تۆیە یان هی براکەتە، یان خۆراکی گورگە. کابرا گوتی: ئەدی حوشتری گومبوو؟ ئیدی ڕوخساری پێغەمبەر گۆڕاو فەرمووی: تۆ حەقی حوشترت چیە؟ ئەو بۆخۆی بێ ئاتاجە

---

[1] صحيح: (ص.جة/٢٠٣٢)، جة(٢/٨٣٧/٢٥٠٥)، د(٥/١٣١/١٦٩٣).

لەبەخێوکردن، سمو خوفی خۆیو ئاوی ئیحتیاتی خۆی پێیە، بۆخۆی دەلەوەڕێو دەچێتە سەرئاو ئاودەخواتەوە، ملی درێژە دەتوانێ گەڵای بەرزی درەختو شتی وا داپاچێ.[1]

حوکمی خواردەمەنی دۆزراوە یان شتی کەمنرخی دۆزراوە

کەسێك لەڕێگەدا خواردنێکی دۆزییەوە دەتوانێ بیخوا، ئەگەر شتێکی کەمنرخی دۆزییەوە دەتوانێ هەڵی بگرێو بیکاتە موڵکی خۆی.

لە ئەنەسەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەکاتی ڕۆیشتنی بەڕێگادا دەنکە خورمایەکی کەوتووی چاو پێکەوت فەرمووی: ئەگەر لەترسی ئەوە نەبوایە کە ئەم خورمایە لەماڵی زەکات بێ، دەمخوارد «لَوْلاَ أَنِّي أَخَافُ أَنْ تَكُونَ مِنَ الصَّدَقَةِ لأَكَلْتُهَا».[2]

دۆزراوەی ناوبەستی مەککە (لقطه الحرم)

دروست نیە ماڵی کەوتوو لەداخلی ئەرزی حەرەمدا هەڵبگیرێتەوە، مەگەر بەمەبەستی جاڕدانو بانگ بۆ هەڵدان، دوای ساڵێکیش جاڕدان بۆی دروست نییە تەملیك بکرێ.

لە ئیبنو عەبباسەوە (رەزای خودا لەخۆیو لەباوکی بێ) ریوایەتکراوە، کە پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِنَّ اللَّـهَ حَـرَّمَ مَكَّـةَ ، فَلَمْ تَحِلَّ لأَحَدٍ قَبْلِي ، وَلاَ تَحِلُّ لأَحَدٍ بَعْدِي ، وَإِنَّمَا أُحِلَّتْ لِي سَاعَةً مِنْ نَهَـارٍ ، لاَ يُخْتَلَى خَلاَهَـا ، وَلاَ يُعْـضَدُ شَـجَرُهَا ، وَلاَ يُنَفَّـرُ صَـيْدُهَا ، وَلاَ تُلْـتَقَطُ لُقَطَتُهَـا إِلاَّ

---

[1] متفق عليه: خ(٢٤٢٧/٥/٨٠)، م(١٧٢٢/٢/١٣٤٨/٣)، ت(١٣٧٨/٢/٤١٥)، جـة(٢٥٠٤/٢/٨٣٦)، د(١٦٨٨/٥/١٢٣).

[2] متفق عليه: خ(٢٤٣١/٥/٨٦)، م(١٠٧١/٢/٧٥٢)، د(١٦٣٦/٥/٧٠).

لِمُعَـــرِّفٍ».[1] بێگومــان پــەروەردگار ڕێزێکــی تایبــەتی داوە بــە مەککــەو دەوروبــەری زەوییەکـەی کـردووە بـە بەسـتو حـەرەم، نـە لـەپێش منـداو نـە لەدوای من بۆ کەس حەڵاڵ نەبووەو حەڵاڵ نابێ شەڕو جەنگ لەمەککەدا بکا، تـەنیا سـەعاتێك لـە ڕۆژدا ڕێگـە بـەمن دراوە شـەڕی تێـدا بکـەم، کـە لـەڕۆژی رزگـاررکردنی مەککـەدا بـوو، گیاوگـژی تـەڕی نادورێتـەوە درەختـی نـابڕدرێ، ئاژەڵی کێوی‌و باڵندەی تەرە ناکرێ‌و نارەتێنـدرێ مـاڵی گومبـووی کـە یـەکێك دۆزییـەوە هـەڵی ناگرێتـەوە مەگـەر بەمەبەسـتی جـاڕدان بـۆی، بـۆ ئـەوەی خاوەنی پەیدا ببێ‌و بیداتەوە.

زارۆکی فڕێدراو (منداڵی هەڵگیراوە)

زارۆکـی فڕێـدراو: ئـەو منداڵـە نەباڵغەیـە کـە لـەکۆڵان‌و سـەرجادەدا دەدۆزرێتەوەو هەڵدەگیرێتەوە، یان منداڵێکە ڕێگەی لێ گومبووە خاوەنی خۆی نادۆزێتەوەو کەس خۆی ناکا بەخاوەنی، نازاندرێ باوك‌و دایکی کێن؟

هەڵگرتنەوەی ئەم جۆرە منداڵانە فـەرزی کیفایەیـە ئەگـەر یـەکێك پێـی هەڵسا ئەوە ئەرکەکە لەسەر ئەوانی تر لەدانیشتوانی شارو دەڤەرەکە لادەچێ، چونکە پەروەردگار دەفەرموێ: {وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى – المائدة/٢}.

منداڵی دۆزراوەی لەو جـۆرە ئەگـەر لـەوڵاتی ئیـسلامدا بـوو ئـەوە حـوکم دەکـرێ بەموسـوڵمانی‌و بـە ئـازادیی ئـەو زارۆکـە، چـونکە ئەصـڵ‌و بنـەما لـە ئادەمیزاددا ئازادییـە نـەك کۆیلـەیی. ئەگـەر لەتـەك ئـەو منداڵـە هـەڵگیراوەدا ماڵ‌و سامانێك هەبوو، ئەوە لـەو مـاڵ‌و سامانە نەفەقـەو بـژێوی ئـەو منداڵـە دابین دەکرێ، ئەگینا بژێوی لەسەر بەیتولمالە.

---

[1] صحيح: (ص.ج/١٧٥١)، (الإرواء/١٠٥٧)، خ(١٨٣٣/٤٦/٤).

سونەینی ئەبو جەمیلە – پیاوێکە لەهۆزی بەنو سەلەیم – دەگێڕێتـەوە دەڵـێ: منداڵـە فڕێـدراوێکم دۆزییـەوە، هێنامـە لای خەلیفـە عومـەر (رەزای خودای لێ بێ) عورەیفێ وتی: ئەی فـەرمانڕەوای موسـوڵمانان! بێگومـان ئـەوە پیـاوێکی صـاڵحە، حـەززرەتی عومــەر فــەرمووی: ئایـا وایــە؟ وتــی: بــەڵێ. فەرمووی: دەبیبە بۆخۆت، ئەوە حوڕو ئازادە وەلائەکەی بـۆ تۆیـەو بژێویـشی لەسەر ئێمەیە.

میراتی مرۆڤی دۆزراوەو هەڵگیراوە

ئەگەر ئەو منداڵە فڕێدراوە هەڵگیراوە مـردو کەلـەپوری لـەدوا بـەجێماو میراتگری لەدوای خۆی بەجێ نەهێـشت، کەلەپورەکـەی بـۆ بەیتولمالـە، هـەروا ئەگــەر کــوژراو بکوژەکــەی خــوێنی کەوتــە ســەر، بــەیتولمال خوێنەکــەی وەردەگرێ.

ئەگەر یەکێك – نێر یان مێینە - ئیـدیعای ئـەوەی کـرد کـە ئـەو منداڵـە فڕێدراوە هەڵگیراوە لە ڕەچەڵەکی ئەوەو ئەوە وەچەو نـەوەی ئـەوە قـسەکەی وەردەگیرێ بەمەرجێك بوونی ئەو منداڵە لە ئەو گونجاو بێ، ئەگەر دووکـەس یـان زیـاتر ئیـدیعای خاوەنیـەتی خۆیـان بـۆ ئـەو منداڵـە کـرد، کێیـان تـوانی بەڵگەو شایەت لەسەر داواکەی ڕاست بکاتەوە دەدرێ بـە ئـەو، ئەگـەر هیـچیان شایەتیان نەبوو، ئـەوە منداڵەکـە نیـشانی (قـائف) سـەرناس دەدرێ، پـەنا بـۆ ئـەوە دەبـرێ کـە منداڵەکـە نیـشانی ئـەو قائیفانـە بـدرێ کـە: بـەتێفکرین‌و وردبوونــەوە لەشــێوەو شــکڵی منداڵەکــەو دەعواچــیەکە، دیــاری کردنــی ڕەچەڵەکی دەکرێ حوکمی قائیفەکە جێبەجێ دەکرێ‌و دەکرێتە منداڵی ئەو.

لـە خـاتو عائیـشەوە (رەزای خـودای لێ بـێ) ریوایـەتکراوە، دەفـەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) هاتە ژورەکەی من‌و روی گوشادو کەیف خۆش بوو روخساری گەشابووەوە، فەرمووی: «أَلَمْ تَرَىْ أَنَّ مُجَزِّزًا الْمُدْلِجِيَّ دَخَلَ

فَرَأَى أُسَامَةَ وَزَيْدًا وَعَلَيْهِمَا قَطِيفَةٌ ، قَدْ غَطَّيَا رُءُوسَهُمَا وَبَدَتْ أَقْدَامُهُمَا ، فَقَالَ إِنَّ هَذِهِ الأَقْدَامَ بَعْضُهَا مِنْ بَعْضٍ».[1] ئەوە نازانی کە موجەززەی ئەملود لەجێ ماومیەك بەر لەئێستا سەیری قاچی زەیدو ئوسامەی کرد، سەرو جەستەی خۆیان داپۆشیبوو تەنها قاچیان بەدەرەوە بوون، وتی: ئەم قاچانە هەندێکیان لەهەندێکیانن‌و نژادو ڕەچەڵەکیان یەکە.

ئەگەر قائیفەکە (سەرناسەکە) وای ڕاگەیاند کە ئەو منداڵە هی دوو کەسە منداڵەکە دەبێتە منداڵی هەردووکیان.

لە سولەیمانی کوڕی یەسارەوە لە عومەری کوڕی خەتتابەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: ئافرەتێك لەکاتی (پاکی)دا دوو پیاو چوو بوونە لای، دوایی منداڵێکی بوو، نیشانی سەرناسیان دا، وتی: لەهەردوکیانە. هەردوو پیاوەکە تێیدا هاوبەشن. ئیتر خەلیفە عومەر کردی بەمنداڵی هەردووکیان.

بەخشین‌و دیاری (الهبة)

بەخشین: کە بەعەرەبی پێی دەگوترێ (هِبَة) بریتییە لەوە مرۆڤ لەژیانیدا ماڵی خۆی بدا بەیەکێکی تر بەبێ بەرامبەر.

هەڵبەتە بەخشین کاریکی باشەو ئایینی ئیسلام پەسەندی کردووەو موسوڵمانانی هەڵناوە بۆ ئەنجامدانی.

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە: کە پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «يَا نِسَاءَ الْمُسْلِمَاتِ لاَ تَحْقِرَنَّ جَارَةٌ لِجَارَتِهَا ، وَلَوْ فِرْسِنَ شَاةٍ».[2] ئەی ئافرەتانی خاوەن باوەڕ، با هیچ دراوسێیەك دیاریو بەخشندەی

---

[1] متفق عليه: خ(٦٧٧١/٥٦/٢)، م(١٤٥٩/١٠٨١/٢)، د(٢٢٥٠/٣٥٧/٦)، ت(٢٢١٢/٢٩٨/٣).

[2] متفق عليه: خ(٢٥٦٦/١٩٧/٥)، م(١٠٣٠/٧١٤/٢).

جیرانەکەی بە کەم‌و بێ نرخ سەیر نەکا تەنانەت ئەگەر شتە بەخشراوەکە پێچکەی مەڕێکیش بێ.

هەر لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە: کە پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «تَهَادَوْا تَحَابُّوا».[1] دیاری بۆ یەکتری بنێرن خۆشەویستی دەکەوێتە ناوتانەوە.

دیاری ئەگەر کەمیش بێ واچاکە وەربگیری‌و قبوڵ بێ

ئەبو هورەیرە ریوایەت دەکا: کە پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لَوْ دُعِيتُ إِلَى ذِرَاعٍ أَوْ كُرَاعٍ لأَجَبْتُ ، وَلَوْ أُهْدِيَ إِلَيَّ ذِرَاعٌ أَوْ كُرَاعٌ لَقَبِلْتُ».[2] ئەگەر بانگ بکرێم بۆسەر دەعوەتی پێچکەی ئاژەڵێك یان قاچە ئاژەڵێك وەڵامی بانگکردنەکە دەدەمەوەو دەچم بۆ دەعوەتەکە. خۆ ئەگەر دیارییەکەم بۆ بێنن پێچکە ئاژەڵێك یان قاچە ئاژەڵێك بێ: کەهیچ گۆشتی پێوە نیە قبووڵی دەکەم.

ئەو دیاری‌و بەخششانەی نابێ وەرنەگیرێن

عەزرەی کوڕی ثابیتی ئەلئەنصاری دەگێڕێتەوە دەڵێ: ثومامەی کوڕی عەبدوڵلا بۆیگێڕامەوە دەڵێ: چوومە لای ئەنەس ئەویش شتێکی بۆنخۆشی پێدام، وتی: ئەنەس عادەتی وابوو: ئەگەر بۆنێکی خۆشیان بەدیاریی بۆ هێنابا رەتی نەدەکردەوە، وتیشی ئەنەس پێی وابوو: کە پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) هیچ کاتێك دیاری بۆنخۆشی رەت نەدەکردەوە.[3]

---

[1] حسن (ص. ج/٣٠٠٢)، الإرواء (١٦٠١)، هق (٦/١٦٩).

[2] صحيح: (صحيح: (ص) ج/٥٢٦٨)، خ (٥/١٩٩/٢٥٦٨).

[3] صحيح: (صحيح: (ص. ت/٢٢٤٠)، خ (٥/٢٠٩/٢٥٨٢)، ت (٤/١٩٥/٢٩٤١).

لـه ئيبنـو عومـەرەوە ريوايـەتكراوە، دەڵـێ: پيغەمبـەر (درودی خـودای لەسـەر بـێ) فـەرمووی: «ثَـلاَثٌ لاَ تُـرَدُّ الْوَسَـائِدُ وَالـدُّهْنُ وَاللَّـبَنُ»[١]: سـێجۆر دياريی رەت ناكرێنەوە، سەرين و باليف رۆنی خۆ بۆنخۆشكردن و شيرو ماست و دۆ. ديـاری قبـوڵ دەكـرێ و پاداشيـشی دەدرێتـەوە، لـە خـاتو عائيـشەوە ريوايەتكراوە، دەفەرموێ: پيغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ديـاری قبـوڵ دەكردو لەبەرامبەردا پاداشيشی بۆ خاوەن دياريی دەناردەوە[٢].

كێ شياوی دياريی بۆ ناردنە؟

لە خاتو عائيشەوە گێڕدراوەتەوە دەفەرموێ: بە پيغەمبـەرم گـوت: ئـەمن دوو هاوسێم هەن يەك دياريم هەيە بـۆ كاميـانی بنێـرم؟ فـەرمووی: كامـەيان دەرگای لەدەرگای تۆوە نزيكترە[٣].

(كورەيب) كە مەولای ئيبنو عەبباسە ريوايەتی كردوە: كە مەيموونـەی كچی الحارث (خودای لێ رازی بێ) بۆيگێڕاوەتەوە: كە بـەبێ ئـەوەی پـرس و را بە پيغەمبەر بكا كۆيلەيەكی بچوكی هەبوو ئازادی كرد، جا كە نـۆرەی ئـەوەی هات پيغەمبەر (درودی خودای لەسـەر بـێ) شـەو لای بـێ، عـەرزی كـرد: ئـەی پيغەمبـەری خـودا! ئايـا زانيوتـە مـن كۆيلـە پـچكۆلەكەی خـۆمم ئـازادكرد؟ فەرمووی: بەڕاست شتی وات كرد؟ وتی: بەڵێ كردومە، فەرمووی: «لَوْ أَعْطَيْتِهَا أَخْوَالَـكِ كَـانَ أَعْظَـمَ لأَجْـرِكِ».[٤] لەراسـتيدا ئـەتۆ ئەگـەر بتبەخـشيايە بـە خاڵەكانت ئەوە خێرو پاداشتت زياتر دەست دەكەوت.

---

[١] حسن (ص. ن/٢٢٤١)، ت (٤/١٩٩/٢٩٤٢).

[٢] صحيح: خ (٥/٢١٠/٢٥٨٥)، د (٩/٤٥١/٣٥١٩)، ت (٣/٢٢٧/٢٠١٩).

[٣] صحيح: خ (٥/٢١٩/٢٥٩٥)، ت (١٤/٦٣/٥١٣٣).

[٤] متفق عليه: خ(٥/٢١٧/٢٥٩٢)، م (٢/٦٩٤/٩٩٩)، د (٥/١٠٩/١٦٧٤).

حەرامە باوك لە بەخشیندا تەفضیلی هەندێ منداڵی بدا بەسەر ئەوانی تردا

لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: باوکم هەندێ لەماڵی خۆی پێ بەخشیم، دایکم کەناوی (عەمرەی کچی ڕەواحە بوو) وتی: ڕازی نابم تا پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەمە ئاگادار نەکەیەوە، ئیتر باوکم چوو بۆ خزمەت پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بۆئەوەی ئاگاداری ئەم بەخشینەی باوکم بێ، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بە باوکمی فەرموو ئایا ئەم هەڵوێستەت لەگەڵ هەموو منداڵەکانت کردوە؟ وتی: نەخەیر. فەرمووی: «اتَّقُوا اللَّهَ وَاعْدِلُوا فِي أَوْلَادِكُمْ». لەخودا بترسن‌و لەگەڵ منداڵەکانتاندا دادپەروەرانە هەڵس‌و کەوت بکەن... ئیتر باوکم هاتەوە ئەو ماڵەی پێی بەخشیبووم لێی وەرگرتمەوە.

لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرموو: کەوابێ من مەکە بە شایەت، من نابمە شایەت بەسەر شتێکدا کە ستەم بێ.

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرموو: «أَيَسُرُّكَ أَنْ يَكُونُوا إِلَيْكَ فِي الْبِرِّ سَوَاءً». ئایا پێت خۆشە کوڕەکانت هەموویان وەکوو یەك بۆت باشبن! دەڵێ: بەڵێ. دەفەرموێ: «فَلاَ إِذًا». کەوابێ نابێ بەجیا هەندێ لە ماڵەکەت ببەخشی بە یەکێکیان‌و بەوانی ترنەبەخشی[1].

---

[1] متفـــــق علیــــــه: خ(١٤٩٠/٣/٢٥٣)، م (١٦٢٠/٣/١٢٣٩)، ن (٥/١٠٨)، ت (٢/٨٩/٦٦٣)، د (٤/٤٨٣/١٥٧٨).

بۆ کەس ڕەوانیە کە لەبەخشینی خۆی ژێوان بێتەوە یان بیکڕێتەوە

لە ئیبنو عەبباسەوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لَيْسَ لَنَا مَثَلُ السَّوْءِ ، الَّذِي يَعُودُ فِي هِبَتِهِ كَالْكَلْبِ يَرْجِعُ فِي قَيْئِهِ»[1]: بۆ ئێمەی موسوڵمان ڕەوانیەو ناگونجێ کە ڕەوشتی ناشیرینی وامان هەبێ: کە لەخراپترینو بێ نرخترین گیانلەبەردایە لە پەسەندترین ڕەوشتو حاڵەتیدا: کە سەگە. ئەو کەسەی لەبەخشراوی خۆی ژێوان دەبێتەوە، شتێك دەبەخشێ دوایی لێی پەشیمان دەبێتەوە، وەکوو سەگ وایە: کەڕشوی خۆی دەخواتەوە...

لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە لە باوکییەوە (ڕەزای خودایان لێ بێ) دەڵێ: بەگوێی خۆم ژنەوتم عومەری کوڕی خەتتاب دەیفەرموو: ئەسپێکم بەخشی بە کابرایەك کە لەڕێگەی خودا غەزای پێ بکا، کابرا ئەسپەکەی بێ خزمەت کردبوو، لەشوێنێك دیم دەیفرۆشت ویستم بیکڕمەوە، پێم وابوو بەنرخی هەرزان دەیفرۆشێ، لەوبارەوە پرسیارم لە پیغەمبەر کرد (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ تَشْتَرِهِ ، وَإِنْ أَعْطَاكَهُ بِدِرْهَمٍ وَاحِدٍ ، فَإِنَّ الْعَائِدَ فِي صَدَقَتِهِ كَالْكَلْبِ يَعُودُ فِي قَيْئِهِ». ئەگەر بەدیرهەمێکیش بتداتەوە لێی مەکڕە، چونکە کەسێك بەخشراوی خۆی بێنێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی هەڵیبگرێتەوە وەکوو سەگێك وایە کە ڕشوی خۆی دەخواتەوە[2].

بەڵام باوك دەتوانێ ئەگەر شتێکی بەخشی بە منداڵی خۆی لێی بستێنێتەوە. لە ئیبنو عومەرو ئیبنو عەبباسەوە (ڕەزای خودایان لێ بێ) فەرموودەیەك لە پیغەمبەرەوە دەگێڕنەوە، کە فەرموویەتی: «لاَ يَحِلُّ لِرَجُلٍ

---

[1] متفق علیه: خ(٢٦٢٢/٢٣٤/٥)، م (١٦٢٢/١٢٤٠/٣)، د (٣٥٢١/٤٥٤/٩)، ت (١٣١٦/٣٨٣/٢)، ن (٦/٢٦٥).

[2] متفق علیه: خ(١٤٩٠/٣٥٣/٣)، م (١٦٢٠/١٢٣٩/٣)، ن (٥/١٠٨).

أَنْ يُعْطِيَ عَطِيَّةً أَوْ يَهَبَ هِبَةً فَيَرْجِعَ فِيهَا إِلاَّ الْوَالِدَ فِيمَا يُعْطِي وَلَدَهُ». [١] ڕەوانیە بۆ مرۆڤ کەشتێك ببەخشێ پاشان لێی پەشیمان ببێتەوە جگە لەباوك کەشتێك ببەخشێ بەمندالی خۆی دەتوانێ لێی پەشیمان بێتەوە.

ئەگەر کابرای دیاری پێ بەخشراو دیارییەکەی گێڕایەوە بۆ خاوەنی ئەوە هیچ خراپیەکی تێدانیە کە وەری بگرێتەوە.

لە خاتو عائیشەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نوێژی بە پارچە قوماشێکەوە کرد کە گولگولاوی بوو پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دوایی کە سەیری گوڵی قوماشەکەی کرد فەرمووی: «اذْهَبُوا بِخَمِيصَتِي هَذِهِ إِلَى أَبِي جَهْمٍ وَائْتُونِي بِأَنْبِجَانِيَّةِ أَبِي جَهْمٍ ، فَإِنَّهَا أَلْهَتْنِي آنِفًا عَنْ صَلاَتِي». ئەم قوماشە گوڵدارە بەرنەوە بۆ ئەبو جەهەمو ئینبیجانییەکەی ئەبو جەهەم (قوماشێکە سادەیەو گوڵی تێدانیە) ئەوەم بۆ بێنن، چونکە ئەم قوماشە گولگولاوییە لەنوێژەکەم غافڵی کردم.

(ألصّعب)ی کوڕی جەثامەی (ألّيثی) کە یەکێکە لە هاوەڵانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەڵێ: لەکاتێکدا پێغەمبەر لە (الأبواء)یان لە (ودان) بوو لە ئیحرامدا بوو، کەرە کێوییەکم بەدیاری دا بە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئەویش ڕەتی کردەوەو لێی قبوڵ نەکردم، زۆرم پێ ناخۆش بوو، جا کە لەدەمو چاوی من پێناخۆشبوونی زۆری هەست پێکرد لەسەر ڕەتکردنەوەی دیاریەکەم فەرمووی: ئێمە دیاری ڕەتناکەینەوەمبەڵام ئێمە لە ئیحرامداین[٢].

---

[١] صحيح: (ص. ج/٧٦٥٥)، د (٩/٤٥٥/٣٥٢٢)، ت (٢/٣٨٣/١٣١٦)، ن (٦/٢٦٥).

[٢] متفق عليه: خ(٤/٣١/١٨٢٥)، م (٢/٨٥٠/١١٩٣)، ت (٢/١٧٠/٨٥١)، جه (٢/١٠٣٢/٣٠٩٠).

کەسێك شتێکی بەخشی بەخزمێکیو دوایی لەڕێگەی میراتەوە بووەوە بەهی خۆی

لە عەبدوڵڵای کوڕی بورەیدەوە لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: ئافرەتێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! من کەنیزەکێکم بەخشی بەدایکم، ئێستا دایکم کۆچی کردووە، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرموو: خودا پاداشتت بداتەوەو ئێستاش بە کەلەپورو میرات بومتەوە بە ملکی خۆت[1].

دیاری وەرگرتن لەلایەن والیو فەرمانڕەواوە ستەمو نارەوایە

لە ئەبو حومەیدی (الساعدی)یەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پیاوێکی هۆزی ئەزدی کرد بە لێپرسراوی زەکات کۆکردنەوە ناوی (ابن اللتبية) بوو. کە لەزەکات کۆکردنەوە گەڕایەوە، وتی: ئەوە بۆ ئێوەو ئەمەش دیارییە، داویانە بەخۆم بەدیاری، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) هەڵسا چووە سەر دوانگەو حەمدو سەنای خودای کرد، پاشان فەرمووی: «مَا بَالُ الْعَامِلِ نَبْعَثُهُ ، فَيَقُولُ هَذَا لَكَ وَهَذَا لِي . فَهَلاَّ جَلَسَ فِي بَيْتِ أَبِيهِ وَأُمِّهِ فَيَنْظُرُ أَيُهْدَى لَهُ أَمْ لاَ ، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لاَ يَأْتِي بِشَيْءٍ إِلاَّ جَاءَ بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَحْمِلُهُ عَلَى رَقَبَتِهِ ، إِنْ كَانَ بَعِيرًا لَهُ رُغَاءٌ ، أَوْ بَقَرَةً لَهَا خُوَارٌ ، أَوْ شَاةً تَيْعَرُ». چیە حاڵو وەزعی هەندێ کەس دەینێرین بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکێکی ڕەسمیو دەسەڵاتێکی دەدرێتە دەست، دوایی کەدێتەوە دەڵێ: ئەمە بۆ بەیتولمالو ئەمەش دراوە بەخۆمو بەدیاری بۆیان هێناوم، ئەوە بۆ لەماڵی باوكو دایکی خۆی دانەنیشت بزانێ ئاخۆ هیچیان بۆ

---

[1] صحيح: (ص/٥٣٥)، م (٢/٨٠٥/١١٤٩)، ت (٢/٨٩/٦٦٢)، د (٨/٧٩/٢٨٦٠).

دەهێنا؟ سوێندم بەوکەسەی گیانی منی وا لەدەستدایە هەریەکێ لەئێوە شتێکی ئاوای دەست بکەوێ، ڕۆژی قیامەت دێ بۆ سارای مەحشەر ئەوشتەی کەئاوا بەناحەق هەڵی گرتووە بەسەر نەڕی شانیەوەیەتی، جا ئەگەر ئەوشتە حوشتربوو بەسەر شانیەوە دەبۆڕێنێ، ئەگەر ڕەشە ولاخ بوو دەهۆڕێنێ، ئەگەر مەڕو بزن بوو دەباڕێنێ. پاشان پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) هەردوو دەستی هەڵبڕی، هەتا بەباشی قوڵکەی بنهەنگڵیمان بینی، فەرمووی: ئایا من پەیامی خۆم گەیاند؟ سێ‌جار ئەم فەرموودەیەی دووبارە کردەوە[1].

بەخشینی شت بەکەسێك تا لەژیاندا بێ (ألعمری والرقبی)

ئەمەش جۆرێکە لەبەخشین سنووردار دەکرێ بەکاتێکی دیاریکراو ئەم جۆرە بەخشینە لەسەردەمی نەزانیدا پەیڕەو دەکرا، ئەوەبوو یەکێك بە یەکێکی تری دەگوت ئەو خانوەم پێ بەخشی بۆخۆت بێ تا لەژیاندابێ دوای لەدونیا دەرچوونت بگەڕێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆم یان میراتگرەکانم. ئەگەر منیش پێش تۆ مردم ئەوە بۆخۆت بێ. بەم جۆرە بەخشینە گوتراوە: (عُمْری). هەروا پێشی گوتراوە (رقبی) چونکە هەریەك لە بەخششکارو پێ بەخشراو چاوەڕوانی ئەوەدەکەن ئاخۆ کەی هاوەڵەکەی دەمرێو مڵکەکە بگەڕێتەوە بۆ خاوەنی یەکەمی بەخشندە.

پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئەم تەوقیتکردنەی ئیلغا کردۆتەوە هەرکەسێك بەوجۆرە شتی پێ ببەخشرێ تا لەژیاندابێ هی خۆیەتی کەمردیش بۆ میراتگرەکانیەتیو ناگەڕێتەوە بۆ بەخشندەکە.

لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الْعُمْرَى جَائِزَةٌ لِمَنْ أُعْمِرَهَا وَالرُّقْبَى جَائِزَةٌ لِمَنْ

---

[1] متفق علیه: خ(٧١٧٤/١٦٤/١٣)، م (١٨٣٢/١٤٦٣/٣)، د (٢٩٣٠/١٦٢/٨).

أَرْقَبَهَا». بەخشین بەشێوەی عەمرا دروستە بۆ کەسێك پابەندی دیاریکردنی ماوەکە نەبێ بەڵکوو بە یەکجاری بۆ خۆی بێ‌و دوای خۆشی بۆ میراتگرەکانی بێ.

هەر لەجابیرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: بیستم پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو: «مَنْ أَعْمَرَ رَجُلاً عُمْرَى لَهُ وَلِعَقِبِهِ فَقَدْ قَطَعَ قَوْلُهُ حَقَّهُ فِيهَا وَهِيَ لِمَنْ أُعْمِرَ وَلِعَقِبِهِ».(1) کەسێك بەشێوەی عەمرا شتێکی بەخشی بە پیاوێك ئەوشتە دەبێتە ملکی پیاوەکەو دوا مردنیشی بۆ وەچەو نەوەکانیەتی. هەر لەگەڵ وتی ئەوە بۆتۆ بێ تا لەژیاندا بێ ملکیەتی ئەو شتەی نامێنێ‌و دەبێتە ملکی کابرای پێ بەخشراوو وەچەو نەوەکانی.

هەر لەجابیرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «أَمْسِكُوا عَلَيْكُمْ أَمْوَالَكُمْ وَلاَ تُفْسِدُوهَا فَإِنَّهُ مَنْ أَعْمَرَ عُمْرَى فَهِيَ لِلَّذِي أُعْمِرَهَا حَيًّا وَمَيِّتًا وَلِعَقِبِهِ».(2) ملك‌و سامانی خۆتان پارێزگاری بکەن‌و بەزایەی مەدەن، بێگومان کەسێك بەشێوەی عومرا ماڵێك بدا بە یەکێکی تر ئەوە ئەو ماڵە دەبێتە ملکی ئەو بە مردوویی‌و بە زیندوویی پاش خۆشی بۆ وەچەکانیەتی.

وەقف

وەقف: لەزمانی عەرەبیدا بەمانا بەندکردن‌و راگرتن دێ، لە زاراوەی شەرعدا حەبسکردن‌و هێشتنەوەی ئەصڵی ماڵەکەیەو دابەشکردنی بەروبوومەکەیەتی لە رێگەی خودادا.

پرۆژەی وەقف پرۆژەیەکی چاکەکاری‌و مرۆڤ دۆستییە، ئیسلام دایهێناوەو بانگەوازی بۆ کردووە، لەسەردەمی پێش ئیسلامدا نەزانراوەو

(1) صحيح: (ص. ج/١٩٢٧)، م (١٦٢٥ – ٣/١٢٤٥/٢١)، جه (٢/٧٩٦/٢٣٨٠).

(2) صحيح: (ص. ج/١٣٨٨)، م (١٦٢٥ – ٣/١٢٤٦/٢٦).

كاری پێ نەکراوە، پێغەمبەری ئیسلام (درودی خودای لەسەر بێ) دایهێناو بانگەوازی بۆکرد بەمەبەستی بەرژەوەندی موسوڵمانان، چونکە ئەم بەرژەوەندییانەی لە وەقفدا هەن لەکاری خێرخوازی تردا نین، چونکە وێدەچێ مرۆڤ ماڵێکی زۆر لەرێگەی خێرو خێرخوازییدا سەرف بکا، پاشان بفەوتێ‌و نەمێنێ‌و هەژارەکان جارێکی تر پێویستییان بەو ماڵە هەبێ، یان چینێکی تر هەژار پەیداببن‌و ماڵەکە نەمابێ‌و ئەوان لێی مەحروم بن، کەوابوو رێگا چارەی باشترو گرنتی بۆ هەژار بەگشتی‌و بۆ هەموو سەردەمەکان ئەوەیە موسوڵمانان بەشێك لەماڵی خۆیان وەقف بکەن بۆ هەژارو ئاتاجان بەروبوومی ئەو ملکە بەسەریاندا بەش بکرێ‌و ئەصڵی ماڵەکەش بمێنێتەوەو نەفەوتێ بەدرێژایی رۆژگار موسوڵمانان سوودی لێ وەربگرن[1].

وەقف کردن کارێکی مەشروع‌و پەسەندە، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) موسوڵمانانی هەڵناوە بۆ ئەو کارە خێرەو تەرغیبی کردون

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِذَا مَاتَ الإِنْسَانُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلاَّ مِنْ ثَلاَثَةٍ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ»[2]، کە مرۆڤ مرد کردەوەکانی لێ دادەبڕێن جگە لەسێ شت: صەدەقەیەکی بەردەوام، یان زانیارییەکی بڵاو کردبێتەوە سوودی لێ ببێندرێ، یان منداڵێکی صاڵحی لەدوا جێمابێ دوعای بۆ بکاو داوای لێخۆشبوونی بۆ لەخودا بکا.

ئاشکراشە کە پڕۆژەی وەقف دەچێتە چوارچێوەی صەدەقەی جارییەوە.

---

[1] حجة الله البالغة (٢/١١٦).

[2] م (٣/١٢٥٥/١٦٣١)، د (٨/٨٦/٢٨٦٣)، ت (٢/٤١٨/١٣٩٠)، ن (٦/٢٥١).

له ئیبنو عومەرەوە (رەزای خودای لێ بێ) ریوایەتکراوە، دەڵێ: عومەری کوڕی خەتتاب لە خەیبەر زەوییەکی کەوتە دەست، هاتە لای پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) داوای لێ کرد رێو شوێنی نیشاندا چی لێ بکا، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! زەویەکم لە دەڤەری خەیبەر دەست کەوتووە تا ئێستا مڵکی وا بەنرخم دەست نەکەوتووە، دەفەرمووی چی لێ بکەم باشە؟! پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنْ شِئْتَ حَبَسْتَ أَصْلَهَا ، وَتَصَدَّقْتَ بِهَا». ئەگەر حەزدەکەی خودی مڵکەکە وەقف بکەو با موسوڵمانان خێر لە بەروبوومەکەی ببینن. جا ئیبنو عومەر دەفەرموێ: ئیتر عومەر (رەزای خودای لێ بێ) مڵکەکەی وەقف کرد، خودی مڵکەکە نافرۆشرێو نابەخشرێو نابێتە میراتو کەلەپور، واتە: عومەر (رەزای خودای لێ بێ) مڵکەکەی کردە خێرو صەدەقە بۆ هەژارو خزمو کەسوکارو ئازادکردنی کۆیلەو یارمەتیدانی رێبوارو میوان، واتە بەروبوومی مڵکەکە بەسەر ئەو چینو توێژانەدا دابەش بکرێ، ئەوکەسەش کە سەرپەرشتی دەکا دەتوانێ بە ئەندازەی پێویستی خۆی لێی بخواو بەشی دۆستو برادەرانی بدا.

ئەوشتانەی وەقف دەکرێنو ئەوانەی وەقفیان لەسەر دەکرێ

ئیبنو حەزم دەڵێ: وەقف دروستە لەو شتانەدا: کە بۆخۆی دەمێنێتەوە سودیشی لێ دەبیندرێ وەکوو خانوبەرەو زەویو زار لەگەڵ ئەو درەختو خانووبەرەی تێیاندایە، هەروا ئاشو قورئانو کتێبو دەفتەر.

هەروا وەقف دروستە لە کۆیلەو چەكو ئەسپو ئامێری غەزاکردنو شتی وا. دروستە مرۆڤ ماڵ وەقف بکا لەسەر کەسێك خۆشی بوێ، یان وەقفی بکا لەسەر خۆی پاشان لەسەر کەسێك بە پەسەندی بزانێ.

هەرکاتێ واقیفماڵێکی خۆی لەسەر لایەنێکی دیاریکراو بە درکاندنی وەقفکردنەکە یەکسەر ماڵەکە لەواقیفەوە دەگواسترێتەوە بۆ ئەستۆی وەقف لەسەر کراو، دەق وەقف وەکوو بەخشین‌و فرۆشتن وایە[1].

داگیرکردنی مڵك‌و ماڵ (الغصب)

داگیرکردن: بریتییە لەدەست بەسەراگرتنی مافی غەیر بەناڕەوا. دیارە ئەمەش زوڵم‌و ستەمەو زوڵم‌و ستەمیش چەند تاریکی‌و ناخۆشی‌یەکە لەرۆژی قیامەتدا. پەروەردگار دەفەرموێ: {وَلاَ تَحْسَبَنَّ اللّهَ غَافِلاً عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الأَبْصَارُ. مُهْطِعِينَ مُقْنِعِي رُءُوسِهِمْ لاَ يَرْتَدُّ إِلَيْهِمْ طَرْفُهُمْ وَأَفْئِدَتُهُمْ هَوَاء – إبراهيم/٤٢ – ٤٣} ئەی موحەمەد؛ ئەی بیسەر! وامەزانە خودا بێ ئاگایە لەو کردارانەی ستەمکاران ئەنجامی دەدەن، وامەزانە: کە خودا مۆڵەتی ئادەمیزادی ستەمکار دەداو عەزابیان لێ دوادەخا، لێیان بێ ئاگایە، دڵنیابە خودا یەکەیەکە تاوانەکانیان دەژمێرێ‌و لەسەریان دەنووسێ‌و لەرۆژی خۆی تۆڵەیان لێ دەستێنێ، نەوەکوو سزادانەکەیان دوادەخەین مەگەر بۆ رۆژێك دوای دەخەین بەڵاو ناخۆشییەکانی سامناکن هەر لەبەر دیمەنی بەسامی ئەو رۆژە چاوی ئادەمیزادان بەمۆلەق دەوەستێ‌و چاوقونچاندنیان بۆ ناکرێ، لەگۆڕەکانیان رادەبن بەپەلەو سەرشۆڕی دێن بۆ دەشتی مەحشەر، سەریان بەرز کردۆتەوە بەترس‌و لەرزەوە دەڕوانن {لاَ يَرْتَدُّ إِلَيْهِمْ طَرْفُهُمْ} چاویان بەمۆلەق وەستاوەو پێڵوی چاویان وێك ناکەوێتەوە {وَأَفْئِدَتُهُمْ هَوَاء} دڵ‌و دەروونیان خاڵی‌و بۆشە، هیچ وەرناگرێ‌و هیچیان لەبیر نەماوە، لەترسان پەشۆکاوو شڵەژاون، سەرسام‌و وڕو حەیرانن، هەرچی هومێدو هیوا هەیە لەدڵیاندا نیە.

---

[1] منار السبیل ج٢/٩.

هەروا دەفەرموێ: {وَلاَ تَأْكُلُواْ أَمْـوَالَكُم بَيْـنَكُم بِالْبَاطِـلِ - البقـرة/١٨٨}.

پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەوتاری ماڵئاواییدا فەرمووی: «فَإِنَّ دِمَاءَكُمْ وَأَمْوَالَكُمْ وَأَعْرَاضَكُمْ عَلَيْكُمْ حَرَامٌ كَحُرْمَةِ يَوْمِكُمْ هَذَا فِي شَهْرِكُمْ هَذَا فِي بَلَدِكُمْ هَذَا».[1] بێگومان خوێنتان، ماڵو سامانتان ناموسو حەیاتان حەرامە لەسەرتان پێویستە پاریزگاری لێ بکەنو ڕێزی لێ بگرن وەکوو ڕێزگرتنتان بۆ ئەم ڕۆژەو لەم مانگە ڕێزدارەدا لەم شارو دەڤەرە پیرۆزەدا.

سود وەرگرتن لەماڵی دەست بەسەراگیراو

حەرامە لەسەر داگیرکار سود لەکاڵای داگیرکراو وەربگرێ، پێویستە کەسێك ماڵێکی داگیرکراوی لەلابوو چی زووە بیگێڕێتەوە بۆ خاوەنی.

لە عەبدوڵڵای کوڕی سائیبی کوڕی زەید لە باوکییەوە لەباپیریەوە ریوایەتکراوە، کە بیستویەتی لە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لاَ يَأْخُذَنَّ أَحَدُكُمْ مَتَاعَ أَخِيهِ لاَعِبًا وَلاَ جَادًّا وَمَنْ أَخَذَ عَصَا أَخِيهِ فَلْيَرُدَّهَا».[2] با هیچ کەس لەئێوە کاڵای برای موسوڵمانی هەڵنەگرێو داگیری نەکا نە بەگاڵتە نە بەڕاستی. کەسێك گۆچانو شتی وای برای موسوڵمانی هەڵگرت با زوو بیگەڕێنێتەوە.

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَنْ كَانَتْ لَهُ مَظْلَمَةٌ لأَحَدٍ مِنْ عِرْضِهِ أَوْ شَيْءٍ فَلْيَتَحَلَّلْهُ مِنْهُ الْيَوْمَ ، قَبْلَ أَنْ لاَ يَكُونَ دِينَارٌ وَلاَ دِرْهَمٌ ، إِنْ كَانَ لَهُ عَمَلٌ صَالِحٌ أُخِذَ مِنْهُ بِقَدْرِ

---

[1] صحيح: (ص. ج/٢٠٦٨).

[2] حسن (ص. ج/٧٥٧٨)، د (١٣/٣٤٦/٤٩٨٢)، ت (٣/٣١٣/٢٢٤٩) واللفظ (لا يأخذ أحدكم عصا أخيه).

مَظْلَمَتِهِ ، وَإِنْ لَمْ تَكُنْ لَهُ حَسَنَاتٌ أُخِذَ مِنْ سَيِّئَاتِ صَاحِبِهِ فَحُمِلَ عَلَيْهِ».[1] کەسێك مافی یەکێکی لا بێ، ستەمێکی لێ کردبێ، دەستدرێژییەکی کردبێتە سەری، با زوو خۆی لێ ڕزگار بکاو ڤەرەبووی بۆ بکاتەوەو نەیخاتە درەنگ، پێش ئەوەی ڕۆژێك بێ دینارو دیرهەم ڕۆڵیان نەمێنێ، جا ئەوکاتە ئەگەر کردەوەی چاکی هەبوو ئەوە بە ئەندازەی ستەمەکەی لەکردەوە باشەکانی هەڵدەگیرێ بۆ کابرای ستەم لێکراو، خۆ ئەگەر کردەوەی باشی نەبوو لەخراپەو تاوانی کابرای ستەم لێکراو هەڵدەگیرێ دەخرێتە سەر تاوانی ستەمکارو ئەوەندەی تر کۆڵی گران دەبێ.

کەسێك لەپێناو پارێزگاری کردن لەماڵو سامانی خۆی بکوژرێ شەهیدە

ڕەوایە بۆ مرۆڤ بەرگری لەنەفسی خۆیو ماڵو سامانی بکا، ئەگەر یەکێك ویستی بیکوژێ یان ماڵی لێ بستێنێ دەبێ بەرگری لەخۆی بکا ئەگەر لەم پێناوەدا کوژرا شەهیدە.

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! هەڵوێستم چی بێ ئەگەر یەکێك ویستی ماڵم لێ داگیر بکا؟ فەرمووی: «فَلاَ تُعْطِهِ مَالَكَ». ماڵەکەی مەدەرێ، وتی: ئەی ئەگەر شەڕی لەگەڵ کردم چی بکەم؟ فەرمووی: «قَاتِلْهُ». تۆش شەڕی لەگەڵ بکە، وتی: ئەی ئەگەر ئەو کوشتمی؟ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «فَأَنْتَ شَهِيدٌ». ئەتۆ شەهیدی، وتی: ئەی ئەگەر من ئەوم کوشت؟ فەرمووی: «هُوَ فِي النَّارِ». ئەو دۆزەخییە.

---

[1] صحيح: (ص. ج/٦٥١١)، خ (٢٤٤٩/١٠١/٥)، ت (٢٥٣٤/٣٦/٤) بمعناه.

داگیرکردنی زەوی‌و زار

لە سەعیدی کوڕی زەیدەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) دەڵێ لە پێغەمبەرم ژنەوت (درودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو: «مَنْ ظَلَمَ مِنَ الأَرْضِ شَيْئًا طُوِّقَهُ مِنْ سَبْعِ أَرَضِينَ».[1] کەسێك ستەم بکاو کەمێك لەزەوی یەکێك داگیر بکا خودا بە ئەندازەی ئەو زەوییە داگیرکراوەی بۆ دەکاتە تۆق‌و لەملی دەکا.

لە سالمەوە لەباوکییەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەت دەکا، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ أَخَذَ مِنَ الأَرْضِ شَيْئًا بِغَيْرِ حَقِّهِ خُسِفَ بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِلَى سَبْعِ أَرَضِينَ».[2] کەسێك شتێکی لە زەوی داگیرکرد بەبێ ئەوەی هیچ مافێکی بەسەر ئەو زەوییەوە هەبێ دەستی بەسەردا گرت‌و بەناحەق کردی بەهی خۆی، ڕۆژی قیامەت بەقوڵایی حەوت تەبەقەی زەویدا دەیبەنە خوارێ.

کەسێك زەوییەکی داگیرکرد دارودرەختی تێدا ڕواند یان بیناو باڵەخانەی تێدا دروست کردن، پێویستە زەوییەکە بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنی‌و ئەو نەمام‌و درەختانەی تێیدا چەقاندووە دەریان بێنێ، بیناو باڵەخانەی تێیدا کردوون بیانڕوخێنێ. ئەمەش ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «لَيْسَ لِعِرْقٍ ظَالِمٍ حَقٌّ»..[3] کەسێك بچێتە سەر زەوییەك ملکی خۆی نەبێ درەختی تێدا بڕوێنێ بۆئەوەی بیکاتە ملکی خۆی لەپێش ئەویشدا یەکێکی تر ئەو زەوییەی ئاوەدان کردبێتەوەو بووبێتە ملکی، ئەوە ئەم کابرایە ستەمکارەو بەو درەخت ڕواندنە بۆتە داگیرکار، دەبێ

---

[1] متفق علیه: خ(٢٤٥٢/١٠٣/٥)، م (١٦١٠/١٢٣٠/٣).

[2] صحیح: (ص. ج/٦٣٨٥)، خ (٢٤٥٤/١٠٣/٥).

[3] صحیح: (ص. ج/٦٢٧٢)، ت (١٣٧٨/٤١٠/٢)، جه (٢٤٦٦/٨٢٤/٢).

وازی لێ بێنێ‌و زەوییەکە بداتەوە خاوەنی، چونکە هیچ مافێك نیە بۆ کابرای درەخت روێنی ستەمکارو زەوی داگیرکەر.

ئەگەر کشت‌وکاڵی تێدا کرد دەبێ بڕی تێچووی کشتوکاڵکردنەکە وەربگرێتەوەو وازی لێ بێنێ‌و کشت‌و کاڵەکە بۆ خاوەن زەوییەکە دەبێ.

لە رافیعی کوڕی خەدیجەوە ریوایەتکراوە: کە پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَنْ زَرَعَ فِي أَرْضِ قَوْمٍ بِغَيْرِ إِذْنِهِمْ فَلَيْسَ لَهُ مِنَ الزَّرْعِ شَيْءٌ وَتُرَدُّ عَلَيْهِ قِيمَةُ نَفَقَتِهِ».[1] کەسێك لەزەوی کەسانی تردا کشت‌وکاڵی کرد بەبێ رەزامەندی‌و ئیزن وەرگرتن لێیان، ئەوە جگە لە نەفەقەو تێچوی کشت‌و کاڵەکە هیچی تری ناکەوێ.

شوفعە

شوفعە بریتییە لە گواستنەوەی بەشی هاوبەشێك بۆلای هاوبەشەکەی؛ کە لەوەپێش ئەو بەشە گواسترابۆوە بۆ کابرایەکی بێگانەو ناشەریك. بەونرخەی دیاریکرابوو بۆ کڕیارە بێگانەکە.

شوفعە لەچی‌دا ئەنجام دەدرێ؟

لەجابیری کوڕی عەبدوڵلاوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بڕیاریدا بەڕەوایی شوفعەو بەرقەراربوونی لەهەر موڵك‌و ماڵێك دا بەناسایی بەش نەکرێ. بەڵام ئەگەر مڵك سنورو ڕێبازی جیاکرایەوە شوفعەی تێدانیە.

لەسەر ئەم بنەمایە کەسێك هاوبەشی هەبوو لە زەوی‌و زارێکدا یان لەدیوارو خانوبەرەدا نابێ بیفرۆشی بە بێگانە هەتا پرس بەهاو بەشەکەی

---

[1] صحيح: (ص. ج/٦٢٧٢)، ت (١٣٧٨/٤١٠/٢)، جه (٢٤٦٦/٨٢٤/٢).

دەکاو پێشنیاری ئەوەی بۆدەکا کە لێی بکڕێ، ئەگەر لەپێشدا پرسی بە هاوبەشەکەی نەکردو پێشنیاری ئەوەی نەکرد کە دەیفرۆشێو پێی خۆشە ئەو لێی بکڕێ، فرۆشتی بە یەکێکی بێگانەو نا هاوبەش، ئەوە هاوبەشەکەی دەتوانێ بە ڕێگای شوفعە ئەو ملکە هەڵبگرێتەوە. چونکە ئەو شیاوترین کەسە بە کڕینو هەڵگرتنەوەی ملکی هاوبەشەکەی.

لە جابیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ كَانَتْ لَهُ نَخْلٌ أَوْ أَرْضٌ فَلاَ يَبِيعُهَا حَتَّى يَعْرِضَهَا عَلَى شَرِيكِهِ».[1] کەسێك باخی خورما یان زەویو زاری هەبوو با نەیفرۆشێ هەتا پرس بە هاوبەشەکەی دەکاو بۆ ئەوی ڕادەنوێنێ کە لێی بکڕێ.

لەئەبو ڕافیعەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الشَّرِيكُ أَحَقُّ بِسَقَبِهِ مَا كَانَ».[2] شەریك شیاوترە بەو زەوییەی لە پەناوەیەتیو ئاوبارەو جۆگای دەیگرێتەوەو لێی نزیکە.

شوفعە بەهۆی هاوسێیەتییەوە ئەگەر لەنێوانیاندا حەقێکی هاوبەش هەبوو بەم جۆرە ڕێگایان یەکبوو یان بەیەك کارێز ئاو دەدران ئەوە شوفعە دەچەسپێ بۆ یەکێ لە هاوبەشەکان هەرکامیان بەشی خۆی بفرۆشێ بە یەکێکی بێگانە بۆ هاوبەشەکەی تریان هەیە بەشێوەی شوفعە هەڵی بگرێتەوە، بەمەرجێ پێش فرۆشتنەکەی پرسی پێ نەکردبێو بۆی عەرز نەکردبێ.

لە جابیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الْجَارُ أَحَقُّ بِشُفْعَةِ جَارِهِ يُنْتَظَرُ بِهَا وَإِنْ كَانَ غَائِبًا إِذَا كَانَ

---

[1] صحيح: (ص. ج/٢٠٢١)، جه (٢/٨٣٣/٢٤٩٢)، ن (٧/٣١٩).

[2] صحيح: (ص. جه/٢٠٢٧)، جه (٢/٨٣٤/٢٤٩٨).

طَرِيقُهُمَا وَاحِدًا». [1] جیران خاوەن مافە بۆ کڕینەوەی ملکی جیرانی، تەنانەت ئەگەر هاوسێیەکەی لەماڵ نەبوو دەبێ چاوەڕێی بکا تا دەگەڕێتەوەو پرسی پێ دەکا ئاخۆ ئەو دەیەوێ بیکڕێ یان نا، ئەمە کاتێك وایە کە ڕێگایان یەك بێ، واتە ملکی هەردوو هاوسێکان یەك ڕێگایان هەبوو.

هەروا لە ئەبو رافیعەوە ریوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « الْجَارُ أَحَقُّ بِسَقَبِهِ مَا كَانَ».هاوسێ شیاوترەو خاوەن مافە بۆ کڕینەوەی ملکی نزیکی ملکی خۆی.

بریکاریی (الوكالة)

بریکاریی بریتییە لەوەی: یەکێك یەکێکی تر دەکاتە بریکاری خۆیو دەسەلاتی دەداتێ بەشێوەی رەهایی یان سنوردار. وەکالەت رەوایە بە پێی قورئانو سونەتو کۆڕای ئوممەت... پەروەردگار دەفەرموێ: {وَكَذَلِكَ بَعَثْنَاهُمْ لِيَتَسَاءلُوا بَيْنَهُمْ قَالَ قَائِلٌ مِّنْهُمْ كَمْ لَبِثْتُمْ قَالُوا لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ قَالُوا رَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثْتُمْ فَابْعَثُوا أَحَدَكُم بِوَرِقِكُمْ هَذِهِ إِلَى الْمَدِينَةِ فَلْيَنظُرْ أَيُّهَا أَزْكَى طَعَامًا فَلْيَأْتِكُم بِرِزْقٍ مِّنْهُ وَلْيَتَلَطَّفْ وَلَا يُشْعِرَنَّ بِكُمْ أَحَدًا – الكهف/١٩}. ئاوا بەوشێوە کۆمەڵی ئەصحابولکەهف زیندومان کردنەوە بۆئەوەی بکەونە پرسیارو لێکۆڵینەوە لەناوخۆیاندا، یەکێکیان وتی: چەند زەمان لەم شوێنە ماونەوە؟ وتیان: رۆژێك یان بڕی رۆژێك ماوینەوە. هەندێکیان وتیان: خودا دەزانێ ماوەی مانەوەکەمان چەندە، ئێستا ئێمە برسیمانە با جارێ خەمی ئەوە بخۆینو ئەو کێشەیەمان حەل بکەین. یەکێك بنێرن بۆ بازارو ئەم پارەیەی لامان جنگ دەکەوێ هەندێکی بدەنێ با بچێ خواردنمان بۆ بکڕێ لە

---

[1] صحیح: (ص. جه/٢٠٢٤)، خ (٤/٤٣٧/٢٢٥٨)، د (٩/٤٣٨/٣٤٩٩)، ن (٧/٣٢٠)، جه (٢/٨٣٣/٢٤٩٥).

بازاڕو بۆمان بهێنێ. یا بەکاراماییو لێزانانە بچێ بۆناو شارو نەهێڵێ یاساوڵو ناحەزانمان پێمان بزانن، دەبێ زۆر بەنهێنیو وریاییەوە بچێ، وابکا کەس پێمان نەزانێ.

لە ئەبو رافیعەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) مەیموونەی مارەکرد، دوایی گواستییەوە من لەو ماوەیەدا سازێنەری ئەو خوازبێنیو مارەکردنو ژنگواستنەوە بووم[1].

پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بۆخۆی بریکاری دیاریکردووە بۆ وەرگرتنەوەی قەرزو بۆ جێبەجێ کردنی حەدە شەرعییەکانو شتی تریش[2].

موسوڵمانان کۆڕایان هەیە لەسەر ئەوە دروستە بریکار بگیرێ، بەڵکوو سوننەتو کارێکی پەسەندو جەخت لەسەر کراوە. چونکە پرۆسەی بریکارگرتن جۆرێکە لە هاریکاریکردن لەسەر چاکەو تەقوا. چونکە هەموو کەسێك ناتوانێ بۆ خۆی ئیشەکانی جێبەجێ بکاو کارەکانی راپەڕێنێ، کەوابێ پێویستە مرۆڤ هەندێ کاری خۆی بە خەڵکانی تر بسپێرێ، بۆئەوە لەجیاتی ئەو کارەکانی بۆ راپەڕێنن. هەرشتێکیش دروست بێ مرۆڤ بۆ خۆی ئەنجامی بدا دروستە بریکاری بۆ دیاری بکا.

وەکیل ئەمینو بڕوا پێکراوە لەوەی وەری دەگرێو خەرجی دەکا هەتا سنوور بەزێنیش نەکا نابێتە زامنو بەرعۆدەبوو. چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لاَ ضَمَانَ عَلَى مُؤْتَمَنٍ».[3]

---

[1] صحيح إسناد (الإرواء/٦/٢٥٢)، أخرجه الدارمي (٣٨/٢)، وأحمد (٦/٣٩٢ - ٣٩٣).

[2] نمونەی ئەوە فەرمایشتی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: {أغدُ يا أنيس الى إمرأة هذا فان أعترفت فارجمها}.

[3] حسن (ص. ج/٧٥١٨).

كتاب الإيمان والنذور
نامەی سوێندو نادەکانو نەزرەکان

سوێند کە بەزمانی عەرەبی بە (یمین) ناوزەد دەکرێو لە بنەماشدا (یمین) بەمانا دەستی ڕاستە، بۆیە ئەو وشەی یەمینەیان بۆ سوێند بەکارهێناوە چونکە عەرەبەکان کە سوێندیان بۆ یەکتری دەخوارد دەستیان دەنایە ناو دەستی یەکتریو جەختی پەیمانەکەیان دەکردەوە.

لە شەرعیشدا سوێند بریتییە لە جەختکردنەوەی شت بەناوهێنانی ناوێکی خودا یان صیفەتێك لە صیفەتەکانی.

سوێند تەنها بەناوێك لە ناوەکانی خودا یان صیفەتێك لە صیفەتەکانی دادەمەزرێ

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئاگای لێ بوو عومەری کوڕی خەتتاب لەگەڵ کۆمەڵێکدا دەڕۆیشت لەناوەندی قسەو باسدا سوێندی بەباوکی دەخوارد، پێغەمبەر پێی فەرموو: «أَلاَ إِنَّ اللَّهَ يَنْهَاكُمْ أَنْ تَحْلِفُوا بِآبَـائِكُمْ ، مَنْ كَانَ حَالِفًا فَلْيَحْلِفْ بِاللَّهِ ، أَوْ لِيَصْمُتْ».[(١)] ئاگادارببنەوە: کە خودا نەهێتان لێ دەکا لەوە کە سوێند بە باوكو باپیرانتان بخۆن، ئەگەر کەسێك ویستی سوێند بخوا با سوێند بەخودا بخوا یان با بێدەنگ بێو سوێند نەخوا.

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ تَزَالُ جَهَنَّمُ تَقُولُ هَلْ مِنْ مَزِيدٍ حَتَّى يَضَعَ رَبُّ الْعِزَّةِ فِيهَا قَدَمَهُ فَتَقُولُ قَطْ قَطْ وَعِزَّتِكَ . وَيُزْوَى بَعْضُهَا إِلَى بَعْضٍ».[(٢)] دۆزەخ پەیتا پەیتا دەڵێ کوا تاوانبار ماون بخرێنە ناومەوە بابێنو هێشتا پڕنەبووم!!

[(١)] متفق عليه: خ(٦٦٤٦/٥٣٠/١١)، م (١٦٤٦ – ٣/١٢٦٧/٣)، د (٩/٧٧/٣٢٣٣)، ت (٣/٤٥/١٥٧٣).

[(٢)] متفق عليه: خ(٦٦٦١/٥٤٥/١١)، م (٢٨٤٨/٢١٧٨/٤)، ت (٥/٦٥/٣٣٢٦).

ئـيتر هـەر قـۆڕەی خـاڵی بـوونی دێو هەڵپـەی هەڵلوشـینی زیاتریـەتی هـەتا پـەروەردگار قاچـی دەخاتــە نــاو، ئـیتر دەڵـێ بەسمــە بەسمــە قەســەم بــە شکۆمەندیت پڕبوم. ئەمجار دۆزەخ وێکدێتەوە.

سوێند بەغەیری خودا شیرك‌و كوفرە

لـە ئیبنـو عومــەرەوە ریوایـەتکراوە، دەفـەرموێ: ژنــەوتم لـە پیغەمبـەر (درودی خودای لەسـەر بـێ) دەیفـەرموو: «مَـنْ حَلَـفَ بِغَيْـرِ اللَّـهِ فَقَـدْ كَفَـرَ أَوْ أَشْرَكَ».[1] کەسێك سوێند بەغەیری خودا بخوا، ئـەوە بێگومـان کافردەبـێ یـان هاوبەشی بۆ خودا داناوە.

له ئەبو هورەیرە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبـەر (درودی خـودای لەسـەر بێ) فەرمووی: «مَنْ حَلَفَ مِنْكُمْ فَقَالَ فِي حَلِفِهِ بِاللاَّتِ وَالْعُزَّى . فَلْيَقُلْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّهُ . وَمَنْ قَالَ لِصَاحِبِهِ تَعَالَ أُقَـامِرْكَ ، فَلْيَتَـصَدَّقْ».[2] کەسێك سـوێندی خـوارد لەمیانەی سوێندەکەیدا وتی سوێندم بە (لات) بێ ئەوشتە وایە، یان وانیە، با دوابـەدوای ئـەوە بڵـێ: (لا الـه الا الله). کەسـێك بـە هاوەڵەکـەی گـوت وەرە بـا قومار بکەم لەگەڵتا، با خێرو صەدەقە بکا.

رەخنەیەك‌و وڵامەكەی:

هەندێ کەس پاساو دێننەوە بۆ سوێندخواردنیان بە غـەیری خـودا بـەوە کەترسی ئـەوەیان هەیـە سـوێندەکەیان درۆبـێ‌و نایانـەوێ نـاوی خـودا لەگـەڵ درۆو دەلەسـە تێکـەڵ بکـەن خـوداش بـۆ خـۆی دەفـەرموێ: {وَلاَ تَجْعَلُـواْ اللّـهَ عُرْضَةً لِّأَيْمَانِكُمْ – البقرة/٢٢٤}. وەڵامی ئەو پاساوەی کە پشتی پێ دەبەسترێ ئەو ریوایەتەیە: کـە میـسعەری کـوڕی کیـدام دەیگێڕێتـەوە لـە وەبـرەی کـوڕی

---

[1] صحيح: (ص. ج/٦٢٠٤)، ت (٣/٤٥/١٥٧٤).

[2] متفق عليه: م (١٦٤٧/١٢٦٧/٣)، ن (٧/٧)، د (٣٢٣١/٧٤/٩)، خ (٦٦٥٠/٥٣٦/١١).

عەبدوڕڕەحمان، دەڵێ: عەبدوڵڵا فەرموویەتی: {لأن أحلف بالله كاذباً أحبّ الي من أن أحلف بغيره صادقاً}(١) ئەگەر من بەدرۆ سوێند بەخودا بخۆم لەلام باشترە لەوەی بەڕاست سوێند بەغەیری خودا بخۆم.

مانای ئایەتەکەش {وَلاَ تَجْعَلُواْ اللّهَ عُرْضَةً لِّأَيْمَانِكُمْ} وەکوو ئیبنو کەثیر دەفەرموێ‌و لە ئیبنو عەبباسەوە نەقڵ دەکا بەم جۆرەیە: (خودا مەکەنە پەردەو دێو جامە بۆ سوێندەکانتان بڕیارمەدەن، بڵێن: سوێندم خواردوە ئەو کارە خێرە ناکەم، بەڵکوو کەفارەتی سوێندەکەت بدەو کارە خێرەکە ئەنجام بدە).

ئیبنو کەثیر دەفەرموێ: ئیمامی (مەسروق)و شەعبی‌و ئیبراهیمی نەخەعی‌و موجاهیدو طاوس‌و، سەعیدی کوڕی جوبەیرو عطاءو عیکریمەو مەکحول‌و زوهری‌و حەسەن‌و قەتادەو موقاتیلی کوڕی حیبان‌و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس‌و ضەحاك‌و عەطای خوراسانی‌و (السدی) ئەو ئایەتەیان بەوشێوە تەفسیرەی منیان تەفسیر کرد.

کەسێك سوێند بخوا بە ئاینێك غەیری ئایینی ئیسلام بەم جۆرە بڵێ جولەکەبم ئەوشتە وایە یان وانیە

لە ثابیتی کوڕی ضەحاکەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ حَلَفَ بِمِلَّةٍ سِوَى الإِسْلاَمِ كَاذِبًا مُتَعَمِّدًا فَهُوَ كَمَا قَالَ».(٢) کەسێك سوێندبخوا بە ئایینێکی جیا لە ئایینی ئیسلام بەم جۆرە بڵێ بچمە سەر دینی جولەکە یان گاور، ئەوشتە وایە یان وانیە

---

(١) صحيح: (الإرواء/٢٥٦٢)، الطبراني في الكبير/٨٩٠٢/٢٠٥/٩.

(٢) متفق عليه: م (١١٠ – ١/١٠٥/١٧٧)، خ (٦٦٥٢/٥٣٧/١)، د (٣٢٤٠/٨٣/٩).

سوێندەکەشی درۆبێ، ئەوە یەکسەر لە ئیسلام وەردەگەڕێو دەچێتە سەر ئەو ئایینە.

لە عەبدوڵڵای کوڕی بورەیدەوە ئەویش لە باوکییەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ قَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِنَ الإِسْلَامِ فَإِنْ كَانَ كَاذِبًا فَهُوَ كَمَا قَالَ وَإِنْ كَانَ صَادِقًا لَمْ يَعُدْ إِلَى الإِسْلَامِ سَالِمًا».[1] کەسێك بڵێ: من لەئایین بێ بەری بم، ئایینم نەمێنێ، ئەوشتە وایە یان وانیە، ئەوکەسە ئەگەر درۆبکا ئەوە چۆنی گوتووە ئاوایە، لە ئیسلام دەردەچێ، خۆ ئەگەر راست بکا وا بەئاسانیو ساغو سەلامەتی ئایینی بۆ ناگەڕێتەوە.

کەسێك سوێندی بەخودا بۆ خورا دەبێ بڕوای پێ بکاو رازی بێ

لە ئیبنو عومەرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) گوێی لێ بوو پیاوێك سوێندی بەباوکی دەخوارد. فەرمووی: «لَا تَحْلِفُوا بِآبَائِكُمْ مَنْ حَلَفَ بِاللَّهِ فَلْيَصْدُقْ وَمَنْ حُلِفَ لَهُ بِاللَّهِ فَلْيَرْضَ وَمَنْ لَمْ يَرْضَ بِاللَّهِ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ».[2] بە باوكو باپیرانتان سوێند مەخۆن، کەسێکیش سوێندی بەخودا خوارد با راست بکاو بەدرۆ سوێند بەخودا مەخۆن، کەسێکیش سوێندی بەخودا بۆ خورا با رازی بێو نەڵێ بڕوات پێ ناکەم، کەسێك سوێندی بەخودا بۆ بخورێو رازی نەبێ ئەوە لەپیاو چاکانی خودانیە.

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە: کە پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «رَأَى عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ رَجُلاً يَسْرِقُ فَقَالَ لَهُ أَسَرَقْتَ

---

[1] صحيح: (الإرواء/٢٥٧٦)، د (٩/٨٥/٣٢٤١)، ن (٧/٦)، جه (١/٦٧٩/٢١٠٠).

[2] صحيح: (ص. جه/١٧٠٨)، جه (١/٦٧٩/٢١٠١).

قَالَ لاَ وَاللّٰهِ الَّذِى لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ. قَالَ عِيسَى عَلَيْهِ السَّلاَمُ آمَنْتُ بِاللّٰهِ وَكَذَّبْتُ بَصَرِى». [1] حەزرەتی عیسای کوڕی مەریەم پیاوێکی بینی دزی دەکرد، پێی فەرموو ئەوە دزیت کرد؟ وتی: نە بەوخودایەی هیچ خودای ترنین جگە لەو، دزیم نەکردوە. حەزرەتی عیسا فەرمووی: ئیمانم هەیە بەخوداو چاوم ڕەشکەو پێشکەی کردوەو درۆی کردوە.

سوێند دەبێتە سێ جۆر

١- سوێندی لەغوو دانەبەستراو.

٢- سوێندی غەمموس و بەدرۆخوراو.

٣- سوێندی دابەستراوو جەخت لەسەر کراو.

سوێندی لەغوو دانەبەستراو: ئەو سوێندەیە کە کابرا بەسەر دەمیدا دێ و مەبەستی نیە وەکوو ئەوە یەکێك بە یەکێك بڵێ بەخوا دەبێ نان بخۆی ئاو بخۆیەوە، مەبەستیشی بەم وشەو ڕشتەیە سوێندخواردن نیە، ئەم جۆرە سوێندە دانابەسترێ و بەسوێند حیساب ناکرێ.

قورئان دەفەرموێ: {لاَّ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِيَ أَيْمَانِكُمْ وَلَكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ – البقرة/٢٢٥}. پەروەردگار ئێوە ناخاتە بەر لێپرسینەوەو تۆڵە لێ ستاندن بەهۆی سوێندی سەرزارەکی و دانەبەستراو. بەڵکوو ئێوە موحاسەبە دەکا لەسەر ئەو سوێندانەتان کە لەناخی دڵتانەوە دێتە دەرو بە جەخت دەیڵێن: یان دەفەرموێ: { لاَ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الأَيْمَانَ – المائده/٨٩}.

---

[1] متفق عليه: خ(٦/٤٧٨/٣٤٤٤)، م (٤/١٨٣٨/٢٣٦٨)، ن (٨/٢٤٩)، جه (١/٦٧٩/٢١٠٢).

لە خاتو عائیشەوە (رەزای خودای لێ بێ) ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: ئایەتی {لاَ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ} دەربارەی قسەی کەسێك نازڵ بووە لەمیانی قسەکردنیدا دەڵێ بەڵێ (والله)، ناوەڵڵا.[1]

سوێندی بەفتارەدەرو ماڵوێرانکەر (یەمینی غەمموس)

ئەو سوێندە بەدرۆیەیە کە بەهۆیەوە ماف پێشێل دەکرێ. یان ئەو سوێندەیە مەبەست تێیدا فیسقو خیانەتە، سوێندی ناڕەواو ناحەقەو یەکێکە لەتاوانە گەورەکان، بۆیەش ناونراوە (غەمموس) ماڵوێرانکەرو بەفتاردەر چونکە سوێندخۆرەکە بە قوڕدا دەباتە خوارو ماڵوێرانی دەکاو دوایی دەیخاتە ناو دۆزەخەوە.

سوێندی غەمموسو بەناحەق لە هەرە تاوانە گەورەکانەو کەفارەتی بۆ نادرێ، چونکە پەروەردگار دەفەرموێ: {وَلَكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الأَيْمَانَ – المائدة/٨٩}. ئاشکراشە سوێندی غەمموسو ناحەقو ناڕەوا دانابەسترێ چونکە سوێندی دابەستراو ئەوەیە بتوانرێ هەڵبوەشێتەوە، دەی ئەم حاڵەتە بۆ سوێندی غەمموس دەستەبەر نابێ.

پەروەردگار دەفەرموێ: {وَلاَ تَتَّخِذُواْ أَيْمَانَكُمْ دَخَلاً بَيْنَكُمْ فَتَزِلَّ قَدَمٌ بَعْدَ ثُبُوتِهَا وَتَذُوقُواْ الْسُّوءَ بِمَا صَدَدتُّمْ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَلَكُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ – النحل/٩٤}. ئەی خاوەن باوەڕان! سوێندەکانتان مەکەنە فێڵو تەڵەکەو هۆکاری هەڵخەڵەتاندنی خەڵك، بۆ ئەوەی هەڵنەخلیسکێنو لەڕێگای ڕاستو ئیمانداری لانەدەن، دوای ئەوەی دڵتان لەسەر ئایین دامەزراوە. بۆ ئەوەی توشی سزای سەختی خودایی نەبنەوە بەهۆی لەخشتەبردنی خەڵکی. چونکە ئیمانهێنانو ژێوانبوونەوە لێی، خەڵکی هەڵدەنێ بۆ دوورکەوتنەوە لە ئیسلام

[1] صحيح: (ص. د/٢٧٨٩)، خ (١١/٥٤٧/٦٦٦٣).

{وَلَكُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ} بۆ ئێوه سزای كوشندەو گەورە هەیە ئەگەر عەهدو پەیمانی خۆتان هەڵبوەشێننەوە.

خاوەنی تەفسیری طەبەری لە تەفسیرەكەیدا دەڵێ مانای ئایەتەكە ئاوایە: نەكەن ئەو سوێندانەتان كە دەیانخۆن وایان لێ بكەن كە وەفا بەعەهدو پەیمانی خۆتان نەكەن بەرامبەر بەو كەسانەی پەیمانتان لەگەڵ بەستوونو بتانەوێ فێڵو غەدر بكەنو سوێندەكەتان بۆیە دەخۆن تا بەرامبەرتان دڵنیا بێ كە ئێوە بۆیان باشنو دڵتان صافە بەرامبەریان وەلحال ئێوە خەیاڵی ئەوەتان هەیە غەدریان لێ بكەن[1].

لە عەبدوڵڵای كوڕی عەمرەوە لە پێغەمبەرەوە ریوایەتكراوە، كە فەرموویەتی: «الكبائر: الإِشْرَاكُ بِاللّٰهِ ، وَعُقُوقُ الْوَالِدَيْنِ ، وَقَتْلُ النَّفْسِ ، وَالْيَمِينُ الْغَمُوسُ». [2] تاوانە گەورەكان هاوەڵ دانانە بۆ خودا، ئەزیەتدانی دایكو باوكە. كوشتنی ئادەمیزادە بەناحەق. سوێندی غەمموسو نارەوایە.

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «خَمْسٌ لَيْسَ لَهُنَّ كَفَّارَةٌ الشِّرْكُ بِاللّٰهِ عَزَّ وَجَلَّ وَقَتْلُ النَّفْسِ بِغَيْرِ حَقٍّ أَوْ نَهْبُ مُؤْمِنٍ أَوِ الْفِرَارُ يَوْمَ الزَّحْفِ أَوْ يَمِينٌ صَابِرَةٌ يَقْتَطِعُ بِهَا مَالاً بِغَيْرِ حَقٍّ». [3] پێنج تاوان كەفارەتیان نییە، هاوەڵ دانان بۆ خودا، كوشتنی ئادەمیزاد بەناحەق، یان تاڵانكردنیماڵی موسوڵمان، یان هەڵاتن لەصەفی غەزا لەكاتی هێرش بردندا، یان سوێندی غەمموسو بەدرۆ، كە بەناحەق ماڵی غەیر بۆ خۆیان دابڕن.

---

[1] تەفسیری طەبەری ج١٤/١٦٦.

[2] صحیح: (ص. ج/٤٦٠١)، خ (١١/٥٥٥/٦٦٧٥)، ن (٧/٨٩)، ت (٥٠١٠/٣٠٣/٤).

[3] حسن (ص. ج/٣٢٤٧)، حم (١٤/٦٨/٢٢٠).

سوێندی دابەستراوو حوکمەکەی

سوێندی دابەستراو ئەو سوێندەیە سوێندخۆر بە مەبەستەوە دەیخوا سوورە لەسەری و بە جەختەوە ئەدای دەکاو جەخت لەکردنی شتێك یان نەکردنی دەکاتەوە، جا ئەگەر سوێندەکەی بەدرۆ نەبوو وەبەگوێرەی سوێندەکەشی هەڵس وکەوتی کرد ئەوە هیچ کەفارەتی لەسەر نیە، خۆ ئەگەر سوێندەکەی لەخۆ خست، دەبێ کەفارەتی سوێندەکەی بدا، چونکە قورئان دەفەرموێ: {وَلَكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ – البقرة/٢٢٥} وەڵێ تاوانبارتان دەکاو سزاتان دەدا ئەگەر بەدڵ سوێندەکە بخۆن و مەبەستتان لە سوێندخواردنەکە هەبێ - یان دەفەرموێ: {وَلَكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الأَيْمَانَ – المائدة/٨٩} بەڵکوو سزاتان دەدا لەسەر سوێندێك کە بە سووربوونەوە جەختی لەسەر بکەنەوەو بڵێن: سوێندم وابێ فلان شت دەکەم یان نایکەم. ئەمە ئەگەر سوێندەکەی لەخۆ خست لێپرسینەوەی لەسەرە.

دامەزران و چۆنیەتی نوێژ بەگوێرەی نیازو نیەتە

لە عومەری کوڕی خەتتابەوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: لە پیغەمبەرم ژنەوت دەیفەرموو: «إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّةِ».[1] کردەوەکان بەگوێرەی نیازە، کەسێك سوێند بخوا لەسەر شتێك و شتێکی تر لەنیازیدا بێ، ئەوە عیبرەت بەنیازەکەیەتی نەك بە لەفظەکەی.

لە سووەیدی کوڕی حەنظەلەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: ڕۆیشتینە دەر نیازمان بوو بچینە خزمەت پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) وائیلی کوڕی حوجرمان لەگەڵدا بوو، لە ڕێگا دوژمنەکەی گرتی، خەڵکەکە توشی ئیحراج بوون، کە سوێند بخۆن: کە ئەمە فلان نیەو فلانە، من سوێندم

---

[1] لەباسی دەستنوێژدا تێپەڕی.

خـوارد، كـه ئهمـه برامـه، ئـيتر كـابرا وازى لىٚ هيٚنـا، دوايـى هاتينـه خزمـهت پيغهمبـهر (درودى خـوداى لهسـهر بـىٚ) عـهرزم كـرد: كـه خهڵكهكـه ئامـاده نهبوون سوويٚندهكه بخوّن، مـن سـويٚندم خـوارد، كـه ئهمـه برامـه، پيغهمبـهر (درودى خـوداى لهسـهر بـىٚ) فـهرمووى: «صَـدقتَ الْمُـسْلِمُ أَخُـو الْمُـسْلِمِ».[1] راستت كردووه موسوڵمان براى موسوڵمانه.

كاتيٚك ئيعتيبار بـهنيازى سـويٚندخوّرهكهيه ئهگـهر سـويٚند نـهدرىٚ، داواى سـويٚندخواردنى لىٚ نـهكرىٚ، ئهگـهر سـويٚند دراو داواى سـويٚندى لىٚ كـرا، ئـهوه سويٚندهكهى لهسهر نيازى ئهو كهسهيه كه سويٚندى دهدا.

له ئهبو هورهيرهوه ڕيوايهتكراوه، دهفهرمویٚ: پيٚغهمبهر (دروودى خوداى لهسهر بىٚ) فهرمووى: «انما الْـيَمِينُ عَلَـى نِيَّـةِ الْمُـسْتَحْلِفِ».[2] سـويٚند كـهوتن‌و نهكهوتنى بهگويٚرهى نيازى ئهو كهسهيه داواى سويٚندخواردن دهكا.

ههر له ئهبو هورهيرهوه ڕيوايهتكراوه، دهڵىٚ: پيٚغهمبهر (دروودى خـوداى لهسهر بىٚ) فهرمووى: «يَمِينُكَ عَلَى مَا يُـصَدِّقُكَ بِـهِ صَـاحِبُكَ».[3] سـويٚندهكهت بهو شيٚوه دهبىٚ كه هاوهڵهكهت لهنيازىدايه.

كهسيٚك سويٚندى خوارد كه فلاّنه شت نـهكا، لـهبيرى چوّوه يـان بهههڵـه ئهو كارهى كرد، ئهوه سويٚندى لىٚ ناكهوىٚ، چونكه قورئان دهفهرمویٚ: {رَبَّنَـا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا – البقرة/٢٨٦}. ئهى خـوداى ئيٚمـه! سـزامان مـهده لهسـهر شـتيٚك لـهبيرمان نـهبوو يـان بهههڵـه ليٚمـانى رودا. لـه فـهرموودهى

---

[1] صحيح: (ص. جه/١٧٢٢)، جه (١/٦٨٥/٢١١٩)، د (٩/٨٢/٣٢٣٩).

[2] صحيح: (ص. جه/١٧٢٣)، جه (١/٦٨٥/٢١٢٠)، م (١٦٥٣- ٢١/٢٩٧٤/٧٣).

[3] صحيح: (ص. جه/١٧٢٤)، م (٣/١٢٧٤)، جه (١/٦٨٦/٢١٢١)، د (٩/٨٠/٣٢٣٨).

پێغەمبەردا هاتووە دەفەرموێ: کە بەندەکان ئەو پاڕانەوەیە ئەنجام دەدەن پەروەردگار دەفەرموێ: {نعم}[1] بەڵێ باشەو دوعاکەتان گیرایە.

کەسێك سوێندی خواردو وتی: ئینشائەڵلا، ئەوە چەرت کردنەو سوێندەکەی ناکەوێ.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، لە پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕیوایەت دەکا، کە دەفەرموێ: سولەیمانی کوڕی داود (علیهما السلام) وتی: «لأَطُوفَنَّ اللَّيْلَةَ عَلَى سَبْعِينَ امْرَأَةً كُلُّهُنَّ تَأْتِي بِغُلاَمٍ يُقَاتِلُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ. فَقَالَ لَهُ صَاحِبُهُ أَوِ الْمَلَكُ قُلْ إِنْ شَاءَ اللَّهُ. فَلَمْ يَقُلْ وَنَسِيَ. فَلَمْ تَأْتِ وَاحِدَةٌ مِنْ نِسَائِهِ إِلاَّ وَاحِدَةٌ جَاءَتْ بِشِقِّ غُلاَمٍ». دەبێ من ئەمشەو بچمە لای حەفتا ئافرەت لەخێزانەکانم هەموویان سکیان بێو هەریەکەیان کوڕێکی بێو گەورە ببنو ببنە غەزاکەر لە ڕێگای خودادا، هاوەڵەکەی یان فریشتە پێی گوت: بڵێ ئینشائەڵلا، وای نەگوتو لەبیری چۆوە، هیچ کام لەژنەکانی منداڵیان لەسکی نەکەوتو کەسیان منداڵی نەبوو، جگە لە یەکێکیان منداڵێکی نیوە ناچڵی بوو، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لَوْ قَالَ إِنْ شَاءَ اللَّهُ، لَمْ يَحْنَثْ وَكَانَ دَرَكًا فِي حَاجَتِهِ».[2] ئەگەر بیگوتایە ئینشائەڵلا سوێندەکەی نەدەکەوت هەموو ژنەکانی کوڕیان دەبوونو ئەو کوڕانە بۆی دەبوونە یارمەتیدەرو هاوکار بۆ غەزا.

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ حَلَفَ وَاسْتَثْنَى إِنْ شَاءَ رَجَعَ وَإِنْ شَاءَ تَرَكَ غَيْرُ

---

[1] صحيح: (ص. ن/٣٥٨٨)، م (١/١١٥/١٢٥).

[2] متفق عليه: م (١٦٥٤/٢٣/١٢٧٥/٣)، خ (٦٦٣٩/٥٣٤/١١)، ن (٢٥٧).

حَانِثٍ». [(١)] کەسێك سوێندی خواردو لە سوێندەکەیدا ئیستیثنائی بەکار هێنا، وتی: ئینشائەللا. (ئەگەر خودا حەزبکا) ئەوکاتە بەویستی خۆی حەزی لێ بوو ئیشەکە بکا یان نەیکا سوێندی لێ ناکەوێ.

کەسێك سوێندی لەسەر شتێك خواردو دوایی بینی پێچەوانەکەی باشترە، با کارە باشەکەیان بکاو کەفارەتی سوێندەکەشی بدا. [(٢)]

کەسێك سوێندی خوارد پێچەوانەکەی خێرتر بوو نابێ کابرای سوێندخۆر سور بێ لەسەر سوێندەکەی، پەروەردگار دەفەرموێ: {وَلاَ تَجْعَلُواْ اللّهَ عُرْضَةً لِّأَيْمَانِكُمْ أَن تَبَرُّواْ وَتَتَّقُواْ وَتُصْلِحُواْ بَيْنَ النَّاسِ وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ – البقرة/٢٢٤}.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: واتە: خودا مەکەن بە لەمپەڕو سوێندەکەتان بکەن بەهۆکاری نەکردنی خەیر، بەڵکوو کەفارەتی سوێندەکەتان بدەن‌و کارەخێرەکە بکەن. [(٣)]

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «وَاللّٰهِ لأَنْ يَلَجَّ أَحَدُكُمْ بِيَمِينِهِ فِي أَهْلِهِ آثَمُ لَهُ عِنْدَ اللّٰهِ مِنْ أَنْ يُعْطِيَ كَفَّارَتَهُ الَّتِي فَرَضَ اللّٰهُ». [(٤)] ئەگەر یەکێك لەئێوە سوێندێکی خوارد پەیوەندی بەماڵ‌و منداڵەکەیەوە هەبوو بەجۆرێك ئەگەر سوێندەکەی لەخۆی نەخاو ماڵ‌و منداڵی زیانیان لێ بکەوێ، پێویستە سوێندەکە لەخۆی بخاو کەفارەتەکەی بدا، خۆ ئەگەر وتی سوێندەکە لەخۆم ناخەم تاوانی سوێند لەخۆ خستن ناخەمە ئەستۆی خۆم، ئەوە هەڵەیەو ئەم هەڵوێستەی پەسەند

[(١)] صحيح: (ص. جه/١٧١١)، جه (٢١٥٠/٦٨٠/١)، د (٣٢٤٥/٨٨/٩)، ن (٧/١٢).

[(٢)] صحيح: (الإرواء/٢٠٨٤)، م (١٦٥٠ – ١٣/١٢٧٣/٣)، ت (١٥٦٩/٤٣/٣).

[(٣)] لەوەپێش تێپەڕی.

[(٤)] متفق عليه: خ (٦٦٢٥/٥١٧/١١)، م (١٦٥٥/١٢٧٦/٣).

نیـە، چـونکە بـەردەوام بـوون لەسـەر پـەیڕەویکردنی سـوێندەکەیو زیـان گەیاندن بەماڵو منداڵی تاوانی گەورەترە لەوەی سوێندەکەی بخاو کەفارەتی بـدا، بـەڵام بەمـەرجێ سـوێند لـەخۆ خـستنەکەی سەرنەکێـشێ بـۆ تـاوانو گوناحباری.

کەفارەتی سوێند

کەسێك سوێندی خواردو سوێندەکەی کەوت، کەفارەتەکەی بە یەکێ لـەم سێ شێوە دەبێ.

١- (إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ). پێدانی ژەمێك خواردن بە دە هەژار لە خواردەمەنییەکی مام ناوەندی.

٢- (أَوْ كِسْوَتُهُمْ) یان پۆشاك پێدانیان.

٣- (أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ) یان ئازاد کردنی بەندەیەکی موسوڵمان.

ئەمجار ئەگەر کەسێك لەم سێ جۆرە کەفارەتـە هیـچیانی بـۆ دەسـتەبەر نـەبوو ئـەوە کەفارەتەکـەی بـەڕۆژووبوونی سـێ ڕۆژە، بـەڵام ئەگـەر دەسـەڵاتی بەسەر یەکێ لەو سێ جۆرەی پێشوودا بشکێ نابێ پەنا بۆ ڕۆژوگـرتن بـەرێ. قورئان دەفەرموێ: {لاَ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاَثَةِ أَيَّامٍ ذَلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ – المائدة/٨٩}: پەروەردگار ناتانگرێ بـەو سـوێندانەی بـەبێ مەبەست، بەسـەر دەمو زوبانتانـدا دێ، بـەڵکوو حیـسابو لێکۆڵینـەوەتان لەگـەڵ دەکـا لەسـەر ئـەو سـوێندانەی بـە مەبەسـتەوە دەیـانخۆنو سـورن لەسـەریان، جـا کەفارەتی سوێند خواردەمەنی دانـە بـە دە هـەژارو بـۆ هـەر یەکـەیان ژەمێـك لەخواردنێکی مام ناوەندی لەوەی دەیدەن بـەخاوخێزانی خۆتـان، یـان پۆشـاك پێـدانیان یـان ئـازادکردنی بەندەیـەکی موسـوڵمان، ئەگـەر ئەمانـە هیـچیان

دەستەبەر نەبوون ئەوە دەبێ سێ ڕۆژ بەڕۆژو بێ، ئەوەیە کەفارەتی سوێندەکانتان.

وا باشە ئەگەر پەنای بۆ ڕۆژوگرتن برد سێ ڕۆژەکان بەسەریەکەوە بگرێ. چونکە بەریوایەتی ڕاستو دروست لە ئوبەیو ئیبنو مەسعودەوە ریوایەتکراوە، کە ئەوان ئەم ئایەتەیان بە {فصیام ثلاثة أیام متتابعات}[1] خوێندۆتەوە ئیبنو کەثیر دەفەرموێ: ئەم قیرائەتە ئەگەر نەشچەسپێو بە موتەواتەر نەژمێردرێ، ئەوە بەبێ شك لەپلەی خەبەری واحید نایەتە خوارێ، یان کە هیچکە نەبێ تەفسیرو شیکردنەوەی صەحابییەئاشکرایە تەفسیرو ڕوونکردنەوەی صەحابی حوکمی حەدیثی مەرفوعیان هەیە.[2]

ئیمامی طەبەری دوای ئەوەی بەڵگەهێنانەوەی بەشێوە خوێندنەوەی ئوبەیو ئیبنو مەسعوود ڕەتکردەوە لەسەر واجیبوونی بەڕۆژوبوون یەك لەدوایەك، دەڵێ: وەڵێ من وا بەباشی دەزانم کە بەڕۆژوبوونی کابرای سوێند لێ کەوتوو بەشوێن یەکدا بێو نێوانیان نەخا، چونکە هیچ خیلافو ڕاجیایی لەوەدا نیە لەلای زانایانی شەریعەت ئەگەر یەکێك ئەو سێ ڕۆژە بەسەریەکەوە بەڕۆژوبوو کەفارەتەکەی تەواوەو کارەکەی بەجێیە بەڵام ڕاجیایی هەیە لەوەدا ئەگەر بەسەر یەکەوە بەڕۆژو نەبوو، ئاشکراشە کارێك کە ئیجماعی لەسەر بێ بەلامەوە خۆشەویستترە لەکارەکەی تر کە کۆڕای لەسەر نیە هەرچەندە دروستیش بێ.[3]

---

[1] صحيح: (الإرواء/٢٥٧٨)، جامع البيان/٧/٣٠.

[2] تەفسیری ئیبنو کەثیر ج٢/٩١.

[3] ئیبنو کەثیر ج٢/٩١.

سوێند خواردن لەسەر شتی حەرام

ئەگەر یەکێك گوتی: لەسەرم حەرام بی خواردن بخۆم، یان لێم حەرام بێ کە بچمە ناو خانووەکەم، ئەوە ئەو شتانەی لێ حەرام نابێ وەلێ ئەگەر خواردنەکەی خوارد یان چووە ناو خانووەکەیەوە دەبێ کەفارەتی سوێند بدا.
قورئان دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ – التحريم/١} ئەی پێغەمبەر! بۆچی شتێك کەخودا بۆی حەلاڵ کردوی لەخۆتی یاساغ دەکەی؟ دەتەوێ ڕەزامەندی خێزانەکانت بەدەست بێنی. پەروەردگار لێخۆشبووە لەتاوان‌و خاوەنی ڕەحم‌و سۆزە بۆ بەندەکانی.

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەلای خاتو زەینەبی خێزانی کە: کچی (جەحش) بوو هەنگوینی دەخواردەوەو لای دەمایەوە، ئێمەیش پێمان ناخۆش بوو، لەگەڵ خاتو حەفصەی هەوێسارمدا ڕێککەوتین کە لەوە دوا هاتەلای کامەمان پێی بڵێین: ئەوە (مەغافیرت) خواردووە؟ ئەمن بۆنی مەغافیر لەتۆ دەکەم. پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ وَلَكِنِّي كُنْتُ أَشْرَبُ عَسَلاً عِنْدَ زَيْنَبَ ابْنَةِ جَحْشٍ فَلَنْ أَعُودَ لَهُ وَقَدْ حَلَفْتُ لاَ تُخْبِرِي بِذَلِكِ أَحَدًا».[1] نەخەیر مەغافیرم نەخواردووە، وەلێ من هەنگوینم خواردۆتەوە لەلای زەینەبی کچی جەحش، ئیتر جارێکی تر نایخۆمەوە، ئەوە سوێندەو خواردوومە وەلێ ئەمە بەکەس مەڵێ.

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، فەرموویەتی: دەربارەی سوێندی حەرام، دەبێ سوێندخۆر سوێندەکەی لەخۆی بخاو کەفارەت بدا (لقد كان لكم في رسول الله أسوة حسنة).

---

[1] صحيح: (ص. ن/٣٥٥٣)، خ (٤٩١٢/٦٥٦/٨).

فۆتوو (نەذر)

نەذر: بریتییە لەوەی شتێك بەواجب بگیرێ لەبەر هۆیەك كە لەوەپێش واجب نەبووبێ.

نەذركردن شتێكی ڕەوایە، قورئان دەفەرموێ: {وَمَا أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُهُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ – البقرة/٢٧٠}: ئەوەی دەیبەخشن یان نەذرێك دەكەن لە نەذرەكان، ئەوە خودا ئاگای لێیەتی، یان دەفەرموێ: {ثُمَّ لْيَقْضُوا تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ – الحج/٢٩}. با حاجیەكان دوای ڕاوەستان لەكێوی عەرەفەو ئەنجامدانی هەندێ كاری تری حەج، چڵك و دژوێنی خۆیان لابەرن، نەذرەكانیان جێبەجێ بكەن، تەوافی بەیتی پیرۆزو كۆن بكەن.

لە لایەكی ترەوە پەروەردگار مەدحی ئەوانەی كردووە كە وەفا بەنەذری خۆیان دەكەن دەفەرموێ: {يُوفُونَ بِالنَّذْرِ وَيَخَافُونَ يَوْمًا كَانَ شَرُّهُ مُسْتَطِيرًا – الإنسان/٧}: ئەو موسوڵمانە ڕاستاڵانە ئەوانەن كە وەفا بە نەذرەكانیان دەكەن و ترسی ڕۆژێكیان هەیە كەشەڕو ناخۆشییەكانی پەرش بڵاوو سامناك و گورچكبڕن.

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتكراوە، كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَنْ نَذَرَ أَنْ يُطِيعَ اللَّهَ فَلْيُطِعْهُ ، وَمَنْ نَذَرَ أَنْ يَعْصِيَهُ فَلاَ يَعْصِهِ».[1] كەسێك لەسەر خۆی پێویست كرد، كە تاعەتی خودا بكا با پابەندی نەذرەكەی بێ و تاعەتی خودا بكا. كەسێك لەسەر خۆی پێویست كرد كە لەخودا یاخی بێ با نەذرەكەی جێبەجێ نەكاو لەخودا یاخی نەبێ.

---

[1] صحيح: (ص. ج/٦٥٦٥)، خ (٦٦٩٦/١١/٥٨١)، د (٣٢٦٥/٩/١١٣)، ت (١٥٦٤/٤١/٣).

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (رەزای خودایان لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەربارەی نەذر فەرمووی: «إِنَّهُ لاَ يَرُدُّ شَيْئًا ، وَلَكِنَّهُ يُسْتَخْرَجُ بِهِ مِنَ الْبَخِيلِ».[1] نەذر بریتی هیچ ناگەوێ، وەلێ ئەوەندە هەیە بەهۆیەوە لە ڕژدو چروك ماڵو سامان دەردەهێندرێ.

لە سەعیدی کوڕی (الحارث)ەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: لە ئیبنو عومەرم بیست دەیفەرموو: ئەوە نەهیتان لێ نەکراوە لە نەذر کردن؟ بۆ واز ناهێنن، بێگومان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنَّ النَّذْرَ لاَ يُقَدِّمُ شَيْئًا ، وَلاَ يُؤَخِّرُ ، وَإِنَّمَا يُسْتَخْرَجُ بِالنَّذْرِ مِنَ الْبَخِيلِ».[2] نەذر هیچی لە بارانیە نەشتێك پێش دەخا نەدوای دەخا، ئەوەندە هەیە بەهۆی نەذرکردنەوە ماڵو سامان لە دەستی ڕژدو چروك دەردەهێندرێ.

نەذرو فۆتۆکەی رەوایەو کەی نادروستە؟

نەذر صەحیحو ڕەوایەو دادەبەسترێ بەمەرجێ خێر بێ، مەبەست پێی نزیکبوونەوە لە خودا بێ، هەر نەذرێك لەو جۆرە بێ دەبێ پێوەی پابەند بێو هەوڵی جێبەجێ کردنی بدرێ، ئاماژە بەو فەرموودەیەی خاتو عائیشە ڕیوایەتی کردووە دەفەرموێ: «مَنْ نَذَرَ أَنْ يُطِيعَ اللَّهَ فَلْيُطِعْهُ» کەسێك لەسەر خۆی نەذر کرد کە طاعەتی خودا بکا پێویستە وەفا بەنەذرەکەی بکا.

---

[1] متفق علیه: خ (٦٦٩٣/٥٧٦/١١)، م (١٦٣٩/٢١٠/٣)، د (٣٣٦٣/١٠٩/٩)، ن (٧/١٦).

[2] صـــحیح: (ص. ج/٦٥٦٥)، خ (٦٦٩٦/٥٨١/١١)، د (٣٣٦٥/١١٣/٩)، ت (١٥٦٤/٤١/٣)، ن (٧/١٧)، جه (٢١٢٦/٦٨٧/١).

بەڵام نەذرکردن لەتاوانو سەرپێچی کردنی فەرمانی خودادا ڕەوانیەو نەذرەکەی دانابەستڕێ، وەڵێ دەبێ کەفارەتی بدا کەفارەتەکەشی کەفارەتی سوێندە.

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لاَ نَـذْرَ فِـي مَعْـصِيَةٍ وَكَفَّارَتُـهُ كَفَّـارَةُ يَمِـينٍ».[1] فۆتۆکردن بۆ تاوان دروست نیە، کەسێك لەسەرخۆی نەذرکرد: کە کارێك بکا کارەکە پێچەوانەی یاسای ئیسلام بوو ئەوە نەذرەکەی دروست نیەو دەبێ کەفارەتیشی بداو کەفارەتەکەشی وەکوو کەفارەتی سوێند وایە.

نەذری موباح وەکوو ئەوە لەسەرخۆی نەذر بکا کە بەپێ حەج بکا سواری هیچ نەبێ، یان لەسەرخۆی نەذر کرد کە هەر لەبەر خۆر ڕاوەستێو نەچێتە بەر سێبەر، ئەوە نەذرەکەی دانابەستڕێو کەفارەتیشی لەسەر نیە.

ئەبو هورەیرە ڕیوایەت دەکاو دەفەرموێ: پێغەمبەری خودا کابرایەکی پیری بینی دەڕۆی، دوو کوڕی چوبوونە ژێر باڵییەوە، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: ئەم پیرە مێردە بۆ وا دەڕواو کاری چیە؟ کوڕەکانی عەرزیان کرد قوربان ئەوە لەسەر خۆی نەذر کردووە بەپیادە بچێ بۆ حەج، پێی فەرموو: «ارْكَبْ أَيُّهَا الشَّيْخُ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنْكَ وَعَنْ نَذْرِكَ».[2] ئەی پیرەمێرد سواری وڵاخ بە بەسواری بڕۆ بۆ حەج، بێگومان خودا هیچ پێویستی بەوە نیە تۆ ئاوا حەجیماڵی بکەیو داوای لێ نەکردووی بەو جۆرە حەج بکەی.

---

[1] صحيح: (الإرواء/٢٥٩٠)، د (٩/١١٥/٣٢٦٧)، ت (١٥٦٢/٤٠/٣)، ن (٧/٢٦).

[2] صحيح: (مختصر م/١٠٠٥)، م (٣/١٢٦٤/١٦٤٣).

له ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەناو مەککەدا بەلای پیاوێکدا تێپەڕی لەبەر خۆر ڕاوەستا بوو، فەرمووی: {ما هذا؟} ئەوە چیە بۆ ڕاوەستاوی؟ عەرزیان کرد ئەم کابرایە لەسەر خۆی نەذر کردووە کە بەرۆژو بێو لەبەر خۆر ڕابوەستێو نەچێتە ژێر سێبەرو لەگەڵ کەسیش قسە نەکا، ئیتر ئاوا بەو شێوە لە بەیانییەوە تا ئێوارە لەبەر خۆر رادەوەستێ، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «فَلْيَتَكَلَّمْ وَلْيَسْتَظِلَّ وَلْيَقْعُدْ وَلْيُتِمَّ صَوْمَهُ».[1] با قسە بکاو بیشچێتە بەر سێبەرو دابنیشێو ڕۆژووەکەشی تەواو بکا.

کەسێك طاعەتو فەرمانبەردارییەکی لەسەر خۆی نەذرکردو دوایی نەیتوانی ئەو نەذرە جێبەجێ بکا، ئەوە دەبی کەفارەتی سوێندێك بدا.

لە عوقبەی کوڕی عامیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «كَفَّارَةُ النَّذْرِ كَفَّارَةُ الْيَمِينِ».[2] کەفارەتی نەذر وەکوو کەفارەتی سوێند وایە.

کەسێك نەذرێکی لەسەرخۆی فەرز کرد، دوایی پێش جێبەجێ کردنی نەذرەکەی مرد، ئەوە دەبێ وەلیو میراتگرەکانی بۆی جێبەجێ بکەن.

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: سەعدی کوڕی عوبادە پرسیاری لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کرد دەربارەی نەذرێك کە لەئەستۆی دایکیدا بووەو پێش ئەوەی نەذرەکەی جێبەجێ بکا لەدونیا

---

[1] صحيح: (الإرواء/٢٥٩١)، خ (٤/٢٧٦)، د (٣٣٠٠).

[2] صحيح: (ص. ج/٤٤٨٨)، م (١٦٤٥/١٦٤٥/٣)، ن (٧/٢٦).

دەرچووە؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «فَاقْضِهِ عَنْهَا».[1] ئەتۆ لەجیاتی دایکت نەذرەکەی جێبەجێ بکە.

باسی خۆراکەکان (كتاب الأطعمة)

خۆراك: ئەوەیە ئادەمیزاد دەیخواو دەبێتە بژێوی‌و ژیانی پێی بەردەوام دەبێ. لەبنەڕەتدا هەموو خواردنێك حەلاڵ‌و ڕەوایە مەگەر دەقێك هەبێ چەرتی بکا.

قورئان دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا النَّاسُ كُلُواْ مِمَّا فِي الأَرْضِ حَلاَلاً طَيِّباً وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ – البقرة/١٦٨} ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە؛ بخۆن‌و بخۆنەوە لەوەی لەزەویدا بۆ ئێوە فەراهەم هێنراوە، حەلاڵ‌و پاك‌و خاوێنە.

یان دەفەرموێ: {يَا بَنِي آدَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ. قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللّهِ الَّتِيَ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالْطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ – الأعراف/٣١-٣٢}. ئەی ئادەمیزادینە! بەرگ‌و پۆشاکی جوان‌و ڕازاوە بپۆشن بەتایبەتی کە دەچن بۆ مزگەوت هەر مزگەوتێك بێ، بخۆن‌و بخۆنەوە، وەڵێ زێدەڕەوی مەکەن. ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! بەو خەڵکە بڵێ کێ ئەو شتە جوان‌و ڕازاوانەی یاساغ کردووە، کە پەروەردگار بەڕەحم‌و فەضلی خۆی بۆ بەندەکانی خۆی فەراهەمی هێناون، هەروا ئەو ڕزق‌و ڕۆزییە پاك‌و خاوێنەی خودا بۆ بەندەکانی هێناوەتە دی.

هیچ خواردەمەنی‌و خۆراکێك حەرام نیە جگە لەو خواردنانەی خودا لە قورئانی پیرۆزدا یان لەسەر زوبانی پێغەمبەرەکەی ڕونی کردۆتەوە

---

[1] متفق عليه: م (١٦٣٨/١٢٦٠/٣)، وهذا اللفظه خ (١٦٩٨/٥٨٣/١١)، د (٣٢٨٣/١٣٤/٩).

کەحەرامن، حەرامکردنی ئەو خواردنانەی خودا حەرامی نەکردوون درۆ هەڵبەستنە بەدەم خوداوە.

قورئان دەفەرموێ: {قُلْ أَرَأَيْتُم مَّا أَنزَلَ اللّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلاَلاً قُلْ آللّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى اللّهِ تَفْتَرُونَ. وَمَا ظَنُّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لاَ يَشْكُرُونَ – يونس/٥٩-٦٠}. ئەی پێغەمبەر بەو بێ بڕوایانە بڵێ: ئێوە بیروڕاتان دەربارەی ئەو رزق‌و رۆزییەی خودا بۆی ناردونە خوارێ، کەچی بەئیزن‌و شەرعی خودا هەندێکتان حەرام کردووە هەندێکتان بە حەڵاڵ داناوە. ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ: ئایا خودا ئیزنی داون: کە هەندێك لەو رزق‌و رۆزییە بە حەڵاڵ بزانن‌و هەندێکی حەرام بکەن؟ یان ئێوە درۆی بەدەم خوداوە هەڵدەبەستن. ئەوانە: کەدرۆ بەدەم خوداوە هەڵدەبەستن دەبێ گومانیان چۆن بێ؟ دەبێ بەخەیاڵی خۆیان رۆژی قیامەت بەچ شێوەیەك هەڵس‌و کەوتیان لەگەڵ بکرێ؟ بێگومان خودا خاوەنی فەضل‌و بەخششی زۆرو زەبەندەیە بەسەر ئادەمیزاداندا، ولێ زوربەی زۆری ئەو خەڵکە سوپاسی ئەم هەموو نیعمەتانەی خودا ناکەن.

یان دەفەرموێ: {وَلاَ تَقُولُواْ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَذَا حَلاَلٌ وَهَذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُواْ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ لاَ يُفْلِحُونَ. مَتَاعٌ قَلِيلٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ – النحل/١١٦-١١٧} هەروا بەهەوانتەو قسەی بێ بنەماو نەزانی شت حەڵاڵ‌و حەرام مەکەن، نەچن شەریعەتی خودا پاشگوێ بخەن‌و لەخۆتانەوە بڵێن: ئەوە حەڵاڵەو ئەوە حەرامەو لە ئاکاما ئەو حەرامکردن‌و حەڵاڵکردنە پاڵ خودا بدەن‌و ئیفتیرا بەدەم خوداوە بکەن، بێگومان ئەوانەی درۆ بەدەم خوداوە هەڵدەبەستن سەرکەوتوو نابن، زیانێکی

کـورتو بـڕە کاڵایـەکی دونیاییـان چـنگ دەکـەوێ، بـەڵام لەقیامەتـدا سـزای بەئێشیان بۆ دانراوە.

ئەو خواردنانەی حەرامن

قورئان دەفەرموێ: {وَمَا لَكُمْ أَلاَّ تَأْكُلُواْ مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللّهِ عَلَيْهِ وَقَـدْ فَـصَّلَ لَكُـم مَّـا حَـرَّمَ عَلَـيْكُمْ إِلاَّ مَـا اضْـطُرِرْتُمْ إِلَيْـهِ – الأنعـام/١١٩} چیە بۆ ئێوە لەگۆشتی ئەو کوشـتیانە نـاخۆن کەناوی خـودای لەسـەر هێنـراوە، خـودا ئـەو شتانەی لەسـەرتان حـەرام کـراوە بـۆی شـیکردونەوەو نابێ توخنیـان بکـەون، مەگـەر ناچـاربن‌و شـتی حـەڵاڵتان دەسـت نەکـەوێ، ئەوکاتـە بـە ئەنـدازەی پێویست دەتوانن لەو خواردنە حەرام کراوانە بخۆن.

بێگومان پەروەردگار ئەو خواردنانەی لێمان یاساغە بەتـەواوی بـۆ روون کردینـەوەو هـیچ تـەم‌و مـژی تێـدا نەهێـشتۆتەوە. پـەروەردگار دەفـەرموێ: {حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالْدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيـرِ وَمَـا أُهِـلَّ لِغَيْـرِ اللّـهِ بِـهِ وَالْمُنْخَنِقَـةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلاَّ مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّـصُبِ وَأَن تَسْتَقْسِمُواْ بِالأَزْلاَمِ ذَلِكُمْ فِسْقٌ – المائدة/٣}. حەرامە لەسەر ئێوە مرداروەبوو خوێن‌و گۆشـتی بـەرازو هـەر کوشـتیـەك نـاوی غـەیری خـودای لەسـەر گوترابێ، ئاژەڵی خنکاو بەهەر جۆرێك خنکا بێ، ئەو ئاژەڵەی بەشتی کوشندە زەبری لێ درابێ‌و بـەو هۆیـە گیـانی دەرچـوو بـێ، هـەر ئاژەڵێـك هەڵـدێرابێ‌و گیـانی دەرچـوو بـێ، هـەر ئاژەڵێـك بەشـەڕە قـۆچ گیـانی دەرچـوو بـێ، هـەروا ئاژەڵێـك دڕنـدە برینـداری بکـا یـان هەنـدێکی لێ بخـواو بـەو هۆیـەوە گیـانی دەرچوو بێ مەگەر ئەو جۆرە ئاژەڵانەی باسکران بەزیندویی فریایان بکەون‌و سـەریان بـبڕن، هـەروا حەرامـە گۆشـتی ئـەو کوشـتیانەی لەسـەر (نـصب) سەردەبڕێن. (نـصب: ئـەو بـەردە تایبەتیانـە بـوون بـەدەوری کەعبـەوە بـوون عەرەبەکان لەسەردەمی نەزانیدا قوربانیان بۆ بتەکانیان لەسەر سـەردەبڕین)

هەروا حەرامە لێتان بەختگرتنەوەو ڕەمڵ هاویشتن بەهۆی تیرە دارینەوە. هەموو ئەو شتانەی باسکران پێویستە خۆیان لێ بپارێزن چونکە دەرچوونە لەسنوری خوداو سەرپێچیکردنی فەرمانەکانیەتی.

هەروەها دەفەرموێ: {وَلاَ تَأْكُلُواْ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ – الأنعام/١٢١}. ئەی کۆمەڵی موسوڵمانان! گۆشتی ئاژەڵێك مەخۆن: کە مردار بووبێتەوەو سەرنەبڕدرا بێ، یان سەربڕدرا بێو ناوی خودای لەسەر نەهێندرابێ یان بۆ غەیری خودا سەبڕدرا بێ.. بێگومان حەیوان سەربڕین بۆ غەیری خوداو خواردنی گۆشتی مردارەوە بوو لەخودا یاخی بوونەو تاوانە.

هەروەها دەفەرموێ: {قُل لاَّ أَجِدُ فِي مَا أُوْحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلاَّ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللّهِ بِهِ – الأنعام/١٤٥}. ئەی موحەممەد! بەو مەردومگەلە بڵێ: من لەو سروشەی بۆم نێردراوە کە قورئانی پیرۆزە، شتێکی تێدا نابینم: کە بۆ بخۆر حەرام بێ مەگەر مردارەوەبوو بێ، یان خوێنێکی شلی ڕەوان، نەك خوێنی توندی تۆپەڵ بەستوو؛ وەکوو جەرگو سپڵ. یان گۆشتی بەراز، بێگومان ئەوە پیسە، یان سەربڕاوێك بێ ناوی غەیری خودای لەسەر برابێ.

هەروەها دەفەرموێ: {وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ الْبَرِّ مَا دُمْتُمْ حُرُمًا – المائدة/٩٦}. یاساغە لەسەر ئێوە نێچیری کێوی هەتا لە ئیحرامدا بن، هەتا لەپۆشاکی ئیحرامدا بن نابێ نێچیر بگرێو گۆشتی بخوا.

هەر پارچە گۆشتێك لە ئاژەڵی زیندو ببڕدرێ خواردنو بەکارهێنانی وەکوو مرداراوەبوو حەرامەو حوکمی ئەوی هەیە، ئاماژە بە حەدیثی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە ئەبو واحید ڕیوایەتی کردووە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَا قُطِعَ مِنَ الْبَهِيمَةِ

وَهِيَ حَيَّةٌ فَهِيَ مَيْتَةٌ».[١] ئەوەی ببڕدرێ لە ئاژەڵو گیانلەبەری گۆشت خوراو لەو کاتەدا ئاژەڵەکە زیندو بێ ئەو پارچەیەی لێی براوە حەرامە.

ئەو گیانلەبەرانەی بەبێ سەربڕین حەڵاڵن یان ئەو خوێنەی خواردنی حەڵاڵە؟ ئەمانەن کە لەم حەدیثەی دوایی‌دا ئاماژەیان پێ دەکرێ.

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أُحِلَّتْ لَنَا مَيْتَتَانِ وَدَمَانِ فَأَمَّا الْمَيْتَتَانِ فَالْحُوتُ وَالْجَرَادُ وَأَمَّا الدَّمَانِ فَالْكَبِدُ وَالطِّحَالُ».[٢] دوو مردارەوە بووەکان ماسیو کولەیە دوو خوێنە حەڵاڵەکانیش جەرگو سپڵە.

حەرامکردنی گۆشتی کەرەکێوی

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەری خودا یەکێك هاتە خزمەتی وتی هەموو کەرە کێوییەکان سەر براونو خوران، پاشان یەکێکی تر هاتە خزمەتی وتی: کەرە کێوییەکان هەموو خوران، پاشان یەکێکی تر هاتە خزمەتی وتی کەرە کێوی قەلاچۆکرانو هیچیان نەهێشتن هەموو سەربڕانو خوران. ئیتر پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی کرد بانگدەرێك بانگی هەڵدا بەناو خەڵکدا (إِنَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يَنْهَيَانِكُمْ عَنْ لُحُومِ الْحُمُرِ الأَهْلِيَّةِ ، فَإِنَّهَا رِجْسٌ). بێگومان خوداو پێغەمبەرەکەی نەهیتان لێ دەکەن لە خواردنی گۆشتی کەرەکێوی، توخنی مەکەون چونکە پیسن، ئیتر ئەو دیزەو مەنجەڵانەی گۆشتی کەرەکێوییان تێدا دەکوڵێندرا

---

[١] صحيح: (ص. جه/٢٦٠٦)، جه (٢/١٠٧٢/٣٢١٦).

[٢] صحيح: (ص. ج/٢١٠)، (الصحيحة/١١١٨).

سەرونقون کرانەوە لەوکاتەدا مەنجەڵو دیزەکان لێوان لێوبوون لە گۆشتو لرفەیان دەهات.[١]

خواردنی گۆشتی هەر دڕندەیەکی کەڵبەدارو هەر باڵندەیەکی چنگو نینۆك تیژ حەرامە

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی کرد لەخواردنی گۆشتی هەر دڕندەیەك کەڵبەداربێ هەروا لەخواردنی گۆشتی هەر باڵندەیەکی چنگو نینۆك تیژ بێ.[٢]

گۆشتی مانگاو مریشكو قەڵو قازی پیسی خۆر حەرامە. ئەم پیسخۆرانە بە عەرەبی پێیان دەگوترێ (جلالە)، ئەمەش بەو گیانلەبەرەماڵیانە دەگوترێ کە زوربەی عەلەفیان شتی پیس بێ. ئەم جۆرە گیانلەبەرە پیسخۆرانە گۆشتیان حەرامە شیریان حەرامە، سواربونیان حەرامە.

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی کرد لە حوشتری پیسخۆر کە سواری ببن یان شیرەکەی بخورێتەوە.[٣]

کەی ئاژەڵی پیسخۆر گۆشتو شیری حەلاڵ دەبێ[٤]

هەرکاتێ ئاژەڵو گیانلەبەری پیس خۆر مەنع کرا لەخواردنی پیس بۆماوەی سێ رۆژ دروستە سەر ببڕێو گۆشتی بخورێ.

---

[١] متفق علیه: خ(٥٥٢٨/٦٥٣/٩)، م(١٩٤٠-٣٥-/١٥٤٠/٣).

[٢] صحیح: (مختصر م/١٣٣٢)، م(١٩٣٤/١٥٣٤/٣)، د(٣٧٨٥/٢٧٧/١٠)، ن(٢٠٩/٧).

[٣] صحیح: (ص.جة/٢٥٨٢)، جة(٣١٨٩/١٠٦٤/٢)، د(٣٧٦٧/٢٥٨/١٠).

[٤] حسن صحیح: (ص.د/٣٢١٧)، د(٣٧٦٩/٢٦٠/١٠).

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە: کە سێ ڕۆژ مریشکی پیسخۆری بەنددەکرد.[1]

هەر خواردنێك حەرام بێ لەکاتی ناچاریدا حەڵاڵ دەبێ

قورئان دەفەرموێ: {فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ – البقرة/١٧٣}. واتە کەسێك نەبوونیو برسیایەتی تەنگی پێ هەڵچنیو خواردنی حەڵاڵی دەست نەکەوت، بۆی حەڵاڵە بەبێ زێدەڕۆیی پەنا بۆ خواردنی حەرام بەرێ بێگومان خودا لێبخۆشبوو بە بەزەییە.

ئیبنو کەثیر لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ: کەسێك ناچاربوو بۆ خواردنی شتێك لەم خواردنە حەرامە، پێویستیو ناچاری پاڵی پێوەنا کەشتێك لەم خواردنانە بەکاربێنێ ئەوە بۆی ڕەوایەو پێی تاوانبار نابێت، خودا لێخۆشبوو بە بەزەییە، پەروەردگار دەزانێ بەندەی ئاتاجی چی پێویستەو چەند ناچارە بۆ پەنا بردن بۆ ئەو خواردنانە بۆیە چاوپۆشی لێ دەکاو لێی خۆش دەبێ.

لە (المسند)و (صەحیحی ئیبنو حیبان)دا فەرموودەیەك بە مەرفووعی لە ئیمامی عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنَّ اللَّـهَ يُحِبُّ أَنْ تُؤْتَى رُخَصُهُ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ تُؤْتَى مَعْصِيَتُهُ».[2] دڵنیابن خودا پێی خۆشە کە روخصەتەکانی وەربگیرێنو پەیڕەوییان بکرێ وەکوو چۆن پێی ناخۆشە ئەو شتانەی یاساغی کردوون پڕکێشییان بکرێ.

---

[1] صحيح: (الإرواء/٢٥٠٤) ابن ابي شيبة (٨/١٤٧/٤٦٦٠).

[2] صحيح: (ص. ج/١٨٨٦)، حم (١٠٨/٢)، الإرواء (٣/٩/٥٦٤).

بۆیە شەرعزانەکان فەرموویانە: وادەبێ خواردنو بەکارهێنانی گۆشتی مردارەوە بوو واجبەو دەبێ بیخوا، ئەمە ئەگەر ترسی ئەوەی هەبوو لەبرسا بمرێو هیچیشی دەست نەکەوت جگە لە مردارەوە بوو. وادەبێ خواردنی گۆشتی مردارەوە بوو سوننەتە، وایش دەبێ موباحە واتە بەگوێرەی حاڵو وەزعی مرۆڤەکەو ئەندازەی پێویستیو ئاتاجی، حوکمەکە دەگۆڕێ، ئەمجار زاناکانی شەرع کەوتوونەتە راجیاییەوە، لەوەدا ئاخۆ مرۆڤە ناچارەکە ئەوەندە لەشتە حەرامەکە بخوا نەمرێو سەددی رەمەقی بکا، یان بۆی هەیە خۆی لێ تێرو مڕ بکاو لێیشی پەزمەندە بکا؟ هەریەکەیان رایەکی پەسەند کردووە، لەکۆتاییدا ئیبنو کەثیر دەفەرموێ: مەرج نیە بۆ ئەوەی خواردنو بەکارهێنانی گۆشتی مردارەوە بوو حەڵاڵ بێ سێ رۆژ هیچی دەست نەکەوێ بیخوا، وەکوو هەندێ لەعەوامو ناشارەزا لەشەریعەت ئەوەیان بەمەرج داناوە، بەڵکوو راستی ئەوەیە هەرکاتێك برسیایەتیو ئاتاجی ناچاری کرد بۆی رەوایە پەنا بۆ خواردنی حەرام بەرێ.

سەربڕینی شەرعی (الذكاة الشرعية)

(الذكاة) کە وشەیەکی عەرەبییە لەبنەمادا بەمانا پاك کردنەوەیە، سەربڕینی ئاژەڵ ناونراوە بە (ذكاة) چونکە شەرع کردویەتی بەمەرجو هۆکاری حەڵاڵبوونی گۆشتی سەربڕاوەکە. مەبەستیش بە وشەی (ذكاة) سەربڕینی ئاژەڵ یان لەملدانیەتی، چونکە ئەو ئاژەڵەی گۆشتی حەڵاڵە بەبێ سەربڕین دروست نیە هیچی لێ بخورێ جگە لەماسیو کوللە ئەمانە سەربڕینیان ناوێ.

هەر ئاژەڵێك موسوڵمان یان ئەهلی كیتاب (جولەكەو مەسیحی) سەری ببڕن خواردنی حەڵاڵە

قورئان دەفەرموێ: {وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حِلٌّ لَكُمْ – المائدة/٥} خواردنی ئەوانەی خاوەن نامەی ئاسمانین بۆ ئێوە حەڵاڵە.

بوخاری لە ئیبنو عەبباسەوە ریوایەت دەكا: كە دەفەرموێ: مەبەست بە (طعام) لە ئایەتەكەدا كوشتی یە كانیانە.[1]

لە كەعبی كوڕی مالیكەوە ریوایەت كراوە دەڵێ: ئافرەتێك مەڕێكی بە بەردی تیژ سەربڕی بوو، پرسیار كرا لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئاخۆ گۆشتی ئەو مەڕە حەڵاڵە خواردنی؟ فەرمانی كرد بەحەڵاڵیو فەرمووی ئا حەڵاڵەو بیخۆن.[2]

دروستە سەربڕینی ئاژەڵ بەهەموو ئامێرێكی بڕینەوەو تیژ جگە لەنینۆكو ددان

لە عەبابەی كوڕی ریفاعەوە ئەویش لەباپیریەوە ریوایەتكراوە: كە وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئێمە كێردو چەقۆمان نیە ئاژەڵی پێ سەربڕین چی بكەین؟ فەرمووی: « مَا أَنْهَرَ الدَّمَ وَذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ فَكُلْ ، لَيْسَ الظُّفُرَ وَالسِّنَّ ، أَمَّا الظُّفُرُ فَمُدَى الْحَبَشَةِ ، وَأَمَّا السِّنُّ فَعَظْمٌ».[3] هەرچی خوێن بڕژێنیو ناوی خودای لەسەر بهێندرێ، بەسەربڕینی شەرعی دەژمێردرێ، بەمەرجێ ئەو خوێن ڕژێنەرە نینۆكو ددان نەبن، چونكە نینۆك كێردی حەبەشەییەكانەو دانیش ئێسقانە.

---

[1] صحيح: (الإرواء/٢٥٢٨)، خ (٩/٦٣٦).

[2] صحيح: (الإرواء/٢٥٢٧)، خ (٥٥٠٤/٦٣٢/٩).

[3] متفق عليه: خ (٥٥٠٣/٦٣١/٩)، م (١٩٨٦/١٥٥٨/٣)، د (٢٨٠٤/١٧/٨)، ت (١٥٢٢/٢٥/٣)، ن (٧/٢٢٦)، جه (٣١٧٨/١٠٦١/٢).

له شەدادی کوڕی ئەوسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: دووشتم لە پێغەمبەر بیستووەو لەبەرم کردووە، فەرمووی: «إِنَّ اللَّهَ كَتَبَ الإِحْسَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ فَإِذَا قَتَلْتُمْ فَأَحْسِنُوا الْقِتْلَةَ وَإِذَا ذَبَحْتُمْ فَأَحْسِنُوا الذَّبْحَ وَلْيُحِدَّ أَحَدُكُمْ شَفْرَتَهُ فَلْيُرِحْ ذَبِيحَتَهُ».[1] پەروەردگار لەسەر هەموو شتێ چاکەکاری نوسیوەو پەسەندی کردووە، گەرەکیەتی هەموو شتێك بە باشی ئەنجام بدرێ، جا ئەگەر ئاژەڵتان کوشت بەشێوەیەکی جوان بیکوژن، ئەگەر سەریشتان بڕین بەجوانی سەربڕینەکە ئەنجام بدەن، با ئەوکەسەی حەیوانەکە سەردەبڕێ کێردەکەی تیژ بکاو کوشتییەکەی بەتیغی کول ئازار نەدا.

چۆنیەتی سەربڕین

ئەو گیانلەبەرانەی گۆشتیان حەڵاڵە بخورێ دوو جۆرن:

١- هەیانە ئادەمیزاد دەتوانێ سەری ببڕێ.

٢- هەیشە ئادەمی ناتوانێ سەری ببڕێ.

ئەوەی دەتواندرێ سەرببڕدرێ، ئەوە سەربڕینەکەی بریتیە لە بڕینی قۆرتەمەی ملیو دووڕەگی ئەملاو ئەولای قۆرتەمەی، ئەو حەیوانەی سەربڕینی ناتواندرێ ئەوە سەربڕینی بریتیە لەکوشتنی بەهەر شێوەیەك بێ.

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، کە فەرموویەتی: (الذَّكَاةُ فِي الْحَلْقِ وَاللَّبَّةِ). سەربڕین لە بڕینی قۆرتەمەو شاڕەگی ئەملاو ئەولای قۆرتەمەیدا خۆی دەبینێتەوە.

---

[1] صحيح: (الإرواء/٢٥٤٠)، م (١٩٥٥/١٥٤٨/٣)، ت (١٤٣٠/٤٣١/٢)، د (٢٧٩٧/١٠/٨)، ن (٢٢٧/٧)، جه (٣١٧٠/١٠٥٨/٢).

ئیبنو عەبباس‌و ئیبنو عومەرو ئەنەس فەرموویانە ئەگەر حەیوان سەری لەلاشەی جیاکرایەوە، ئیتر بە سەربڕاوی شەرعی دەژمێردرێ.

ئیمامی بوخاری سەرەباسێکی داناوە بەناوی باسێك: دەربارەی ئەو ئاژەڵانەی یاخی دەبن ئەوە وەکوو ئاژەڵی وەحشی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ. ئیبنو مەسعود بەو شێوە فتوای داوە، ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: (مَا أَعْجَزَكَ مِنَ الْبَهَائِمِ مِمَّا فِي يَدَيْكَ فَهُوَ كَالصَّيْدِ). ئەو ئاژەڵە ماڵییەی یاخی ببێ لەژێر کۆنترۆڵی تۆ دەربچێ ئەوە وەکوو نێچیری کێوی وایە.

دەربارەی حوشترێك بکەوێتە بیرێکەوە فتوادراوە چۆنێك بۆت کرا سەری ببڕەو سەربڕینەکەی شەرعیە. ئیمامی عەلی‌و ئیبنو عومەرو خاتو عائیشە ئەم رایەیان دەرکاندووە.

لە رافیعی کوڕی خەدیجەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: عەرزی پێغەمبەرم کرد: ئێمە سبەینێ بەرەنگاری دوژمن دەبینەوە، کێردو چەقۆمان لانیە، ئایا دەتوانین بە قەفەزاژو شتی وا ئاژەڵ سەربڕین؟ فەرمووی: «أعجل -أو أرنْ مَا أَنْهَرَ الدَّمَ وَذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ ، فَكُلُوهُ ، لَيْسَ السِّنَّ وَالظُّفُرَ ، وَسَأُحَدِّثُكَ عَنْ ذَلِكَ ، أَمَّا السِّنُّ فَعَظْمٌ وَأَمَّا الظُّفُرُ فَمُدَى الْحَبَشَةِ». بەسەربڕین گیانی کۆتا پێ بهێنە یان هەناسەی ببڕە، بەهەرشتێك تیژ بێ‌و خوێن بڕژێنێ‌و ناوی خودای لەسەر هاتبێ حەڵاڵە بخورێ‌و بیخۆ، بەمەرجێ ئەو شتە تیژە خوێنڕژێنەرە نینۆك نەبێ، ددان نەبێ چونکە ئێسقانە، نینۆکیش کێردی حەبەشییەکانە.

جا رافیع - گەراوی حەدیثەکەیە - دەڵێ هەندێ حوشترو مەڕی تاڵانیمان دەست کەوت، حوشترێکیان لێمان یاخی بوو، پیاوێك تیرێکی پێوەناو خستی، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: ئەم جۆرە حوشترانە چەموشی‌و یاخی بوونیان هەیە وەکوو یاخی بوونی ئاژەڵی کێوی،

جا ئەگەر ئاژەڵێکی ماڵی ئاوا یاخی بوو دەسەڵاتی سەربڕینی ئاساییتان نەبوو ئاوای لێ بکەن بەتیر بریندارى بکەنو لە پەلو پۆی بخەن بۆ ئەوەی بتوانن سەری ببڕن.[1]

سەربڕینی بێچوی ئاژەڵ

ئەگەر بێچو لەسکی دایکی هاتەدەرو گیانی تێدا مابوو دەبێ سەرببڕدرێ ئەگەر بەمردویی هاتەدەر ئەوە سەربڕینی دایکەکەی بری سەربڕینی ئەو دەکەوێ.

بیسمیللا کردن لەسەر کوشتی مەرجە بۆ حەڵاڵ بوونی خواردنی، ئەگەر بکوژەکە بە ئەنقەست ناوی خودای لەسەر کوشتیەکە نەهێنا گۆشتی کوشتیەکە حەڵاڵ نابێ.

قورئان دەفەرموێ: {فَكُلُوا مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ إِنْ كُنتُمْ بِآيَاتِهِ مُؤْمِنِينَ – الأنعام/١١٨} لەگۆشتی ئەو کوشتیانە بخۆن کەناوی خودایان لەسەر هێندراوە لەکاتی سەربڕینیاندا، یان دەفەرموێ: {وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرْ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَى أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ – الأنعام/١٢١} گۆشتی کوشتیەك مەخۆن کە مردار بوبێتەوە، یان لەکاتی سەربڕینیدا ناوی خودای لەسەر نەهاتبێ. یان بۆ غەیری خودا سەربڕا بێ، وەکوو ئەو حەیوانانەی موشریکەکان بۆ بتەکانیان سەریان دەبڕین، ئاژەڵ سەربڕین بۆ غەیری خوداو خواردنی گۆشتی ئەو جۆرە کوشتیانە لەخودا یاخی بوونو تاوانە. بێگومان شەیاتینی ئادەمیزادو جندۆکە ختوکەی دڵی هاوەڵانو دۆستانی خۆیان لەموشریکەکان دەدەن بۆ ئەوەی دەمەدەمێ لەگەڵ پێغەمبەرو هاوەڵانی بکەن دەربارەی خواردنی گۆشتی مردارەوە بوو کوشتیەك ناوی خودای لەسەر نەهاتبێ یان بۆ غەیری

---

[1] متفق عليه: خ (٥٥٠٣/٢٤٨٨)، م (١٩٨٦).

خودا سەربڕابێ، ئەگەر ئێوە بەگوێی ئەو موشریکانە بکەنو بیروبۆچوونی ئەوانتان بەلاوە پەسەند بێ پێتان وابێ مرداروەوە بوو حەلاڵە، ئەوە ئێوەش وەکوو ئەوان موشریكو تاوانبارن.

لە رافیعی کوڕی خەدیجەوە کە پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرمووی: (مَا أَنْهَرَ الدَّمَ وَذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ، فَكُلُوهُ)[1] هەرچی خوێن بڕێژێو ناوی خودای لەسەر بهێندرێ لەگۆشتەکەی بخۆن.

ڕاوکردنی ئاژەڵی کێوی (الصيد)

پەروەردگار دەفەرموێ: {وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَاصْطَادُوا – المائدة/٢} هەرکاتێ ئیحرامتان شکاند بۆتان ڕەوایە ڕاوی ئاژەڵ بکەن.

یان دەفەرموێ: {يَسْأَلُونَكَ مَاذَا أُحِلَّ لَهُمْ قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ وَمَا عَلَّمْتُمْ مِنَ الْجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ اللَّهُ فَكُلُوا مِمَّا أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ – المائدة/٤}. ئەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) موسوڵمانان پرسیارت لێ دەکەن چییان بۆ حەلاڵە بیخۆن؟ پێیان بڵێ هەر خواردنێك پاكو خاوێن بێ حەلاڵە بۆتان هەروەها حەلاڵە بۆتان نێچیری سەگو تاژیو بازو هەڵۆی تەربییە دادراو، واتە: هەر نێچیرێك ئەو جۆرە دڕندە فێرکراوانە بیگرن خواردنی حەلاڵە بەمەرجێك ئەو سەگو تاژیانە لەلایەن ئادەمیزادەوە فێری ڕاو کرابنو مەشق دادرابن، کەوابێ لەگۆشتی ئەو نێچیرانە بخۆن کە ئەو دڕندە فێرکراوانە بۆ ئێوەی دەگرن، تا کابرای خاوەنی دەگاتە سەری پاسی دەکاو هیچی لێ ناخوا لەکاتی تێبەردانی دڕندە فێرکراوەکەدا ناوی خودا بێننو (بسم الله) بکەن. تەقوای خودا بکەن خۆتان بپارێزن لەو شتانەی کە دەبنە هۆی سزای خودا، دڵنیابن

---

[1] لەوەپێش ڕابورد.

خودا رۆژی پەسلان خێرا حیسابو لێکۆڵینەوەتان لەگەڵ دەکاو هیچی لێ گوم نابێ.

راوکردنی نێچیری دەریا هەموو کاتێك حەڵاڵە، هەروا نێچیری وشکانی مەگەر لەحاڵەتیکدا راوکەر یان راوبۆکراو لەئیحرامدا بێ. قورئان دەفەرموێ: {أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ الْبَحْرِ وَطَعَامُهُ مَتَاعاً لَكُمْ وَلِلسَّيَّارَةِ وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ الْبَرِّ مَا دُمْتُمْ حُرُماً – المائدة/٩٦} هەرکەسێك کوشتیو سەربڕاوی حەلاڵ بێ ئاژەڵی راوکراویشی حەلاڵە.

ڕاوکردن بەچەند جۆرێك ئەنجام دەدرێ، وادەبێ بەشمشێرو کێردو چەقۆو گوللەو سەرەتیرو شتی وا ئەنجام دەدرێ، وادەبێ بەهۆی تاژی رامکراو بازو هەڵۆی راهێندراو شتی وا ئەنجام دەدرێ، قورئان دەفەرموێ: { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَيَبْلُوَنَّكُمْ اللَّهُ بِشَيْءٍ مِنْ الصَّيْدِ تَنَالُهُ أَيْدِيكُمْ وَرِمَاحُكُمْ – المائدة/٩٤}: ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوەو موسوڵمانن، دڵنیابن خودا ئێوە بەتاقی دەکاتەوە بەئاسانبوونی راوکردن بۆتان بەجۆرێك لەوکاتەدا کەئێوە لەئیحرامدا بوون، نێچیرەکان ئەوەندە بۆتان بەیدەست بوونو لێتان نزیکبوونەوە کە دەتانتوانی بەدەست بیانگرن یان بە ڕم لێیان بدەن.

یان دەفەرموێ: {وَمَا عَلَّمْتُمْ مِنْ الْجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمْ اللَّهُ فَكُلُوا مِمَّا أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ – المائدة/٤} ئەو گیانلەبەرانەی فێری ڕاویان دەکەنو لەسەر گرتنی نێچیر رایان دەهێنن، بەو شێوەی خودا ئێوەی فێر کردووە بۆ راوکردنی نێچیر ئێوەش رامیان دەکەنو بەوشێوەی دەتانەوێ ئاوا رادەستی ئێوەی دەکەن، جا کەوابوو بخۆن لەگۆشتی ئەو نێچیرانەی ئەو گیانلەبەرە راوکەرانە بۆ ئێوەی دەگرنو رادەستی ئێوەی دەکەن.

مەرجە دەبێ ئەو چەکەی راوی پێ دەکرێ نێچیری پێ دەکوژرێ دەکرێ دەبێ گوللەکەی یان تیژییەکەی بچێتە ناو جەستەی نێچیرەکەو کونی بکا.

هەروا مەرجە بۆ گیانلەبەری دڕندە: کەراوی پێ دەکرێ دەبێ رامکراوو راهێندراو بێ، نابێ بەهیچ جۆرێ لەنێچیرەکەی بخوا، نابێ راوکەرەکە لەگەڵ نێچیرکراوەکەدا هۆکارێکی تر ببینێ کەبۆتە هۆی گرتنی نێچیرەکە؟

ناوهێنـانی خـودا مەرجـە، دەبـێ لەوکاتـەدا کـە چـەکەکەی ئاڕاسـتەی نێـچیرەکە دەکـا یـان گیانلەبـەرە دڕندەکـەی تـێ بـەردەدا، نـاوی خـودا بێنـێ (بیسمیللا)ی لەسەر بکا.

لە عەدی کوڕی حاتەمـەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵێ: پرسـیارم لـە پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کرد دەربـارەی سـاتورە کولەیـەك یـان عەصـایەك کە سەرێکی ئاسنی تێخرابێو نێچیری پێ راوبکرێ ئایا گۆشتەکەی حەڵاڵە یان نا؟ فەرمووی: «إِذَا أَصَبْتَ بِحَدِّهِ فَكُلْ ، فَإِذَا أَصَابَ بِعَرْضِهِ فَقَتَلَ فَإِنَّهُ وَقِيـذٌ ، فَـلاَ تَأْكُلْ». ئەگەر بەتیژای ساتورەکە یان بەلاتیژیەکەی عەصاکە نێچیرەکە گیانی لەدەستدا ئەوە گۆشتەکەی حەڵاڵەو بیخۆ، ئەگەر پانـەوپان پێـی کێـشرا ئـەوە گۆشتەکەی حەرامەو نێچیرەکە مردارەوە بووەو لێی مەخۆ.

عـەدی دەڵـێ: عـەرزیم کـرد ئەگـەر سـەگی راهێنـدراوی تـێ بـەردەم؟ فـەرمووی: « إِذَا أَرْسَلْتَ كَلْبَكَ وَسَمَّيْتَ ، فَكُـلْ » ئەگـەر سـەگە راوکەرەکـەت ئاڕاستەی نێچیرەکە کردو ناوی خودات هێناو ئەویش نێچیرەکەی گـرت، ئـەوە لێـی بخـۆ، دەڵێ: عـەرزیم کـرد ئـەی ئەگـەر سـەگە راوکەرەکـە لەنێـچیرەکەی خوارد حوکمی نێچیرەکە چۆنە؟ فەرمووی: « فَلاَ تَأْكُلْ ، فَإِنَّهُ لَمْ يُمْسِكْ عَلَيْـكَ ، إِنَّمَا أَمْسَكَ عَلَى نَفْسِهِ » ئەگەر حاڵەکە بەوجۆرە بـوو لەگۆشـتەکەی مـەخۆو بەمردارەوە بوو دادەنرێ، چونکە ئەوکاتە سەگە راوکەرەکە نێچیرەکەی بۆ تـۆ نەگرتووە بـەڵکوو بۆخـۆی گرتـووە، دەڵێ باشـە وا ڕێدەکـەوێ مـن سـەگەکەی خـۆم ئاراسـتەی نێـچیرەکە دەکـەم کـە دەبیـنم سـەگێکی تـری لەگەڵدایـە،

فەرمووی: «لاَ تَأْكُلْ ، فَإِنَّكَ إِنَّمَا سَمَّيْتَ عَلَى كَلْبِكَ ، وَلَـمْ تُـسَمِّ عَلَـى آخَـرَ»[١] لەگۆشتی نێچیری ئاوها مەخۆ، چونکە تۆ تەنها بیسمیللات لەسەر ناردنی سەگەراوکەرەکەی خۆت کردووە.

راوکردن بەسەگی رانەهێندراو

ئەو نێچیرەی سەگو تاژی رانەهێندراوبیگرێ حەلاڵ نیە مەگەر بەزیندویی فریای بکەویو سەری ببڕێ.

لە ئەبو ئەعلەبەی (الخشنی)یەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ وتم: ئەی پێغەمبەری خودا! ئێمە لەناو گەلو نەتەوەیەکی مەسیحیدا دەژین ئایا لەقاپو قاچاغی ئەواندا شت بخۆین؟ هەروەها ئێمە لەناوچەیەکدا دەژین دیاردەی راوو راوشکاری زۆر پێوە دیارە، من بەکەوانەکەم راو دەکەم، جاری وایش دەبێ بەسەگی رامنەکراو راودەکەم، جاری وایش هەیە بەسەگی راهێنراو راودەکەم، دەی پێم بفەرموو گۆشتی ئەم نێچیرانە کامەیان حەلاڵە؟ فەرمووی: «أَمَّا مَا ذَكَرْتَ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ فَإِنْ وَجَدْتُمْ غَيْرَهَا فَلاَ تَأْكُلُوا فِيهَا ، وَإِنْ لَمْ تَجِدُوا فَاغْسِلُوهَا وَكُلُوا فِيهَا ، وَمَا صِدْتَ بِقَوْسِكَ فَذَكَرْتَ اسْمَ اللَّهِ فَكُلْ ، وَمَا صِدْتَ بِكَلْبِكَ الْمُعَلَّمِ فَذَكَرْتَ اسْمَ اللَّهِ فَكُلْ ، وَمَا صِدْتَ بِكَلْبِكَ غَيْرَ مُعَلَّمٍ فَأَدْرَكْتَ ذَكَاتَهُ فَكُلْ».[٢] دەربارەی ئەوەی باست کرد بەنیسبەت ئەهلی کیتاب، ئەگەر قاپو قاچاغی ترتان دەست کەوت ئەوە لەهی ئەواندا شت مەخۆن، ئەگەر جگە لەقاپو قاچاغی ئەهلی کیتاب هیچی ترتان دەست نەکەوت ئەوە بیانشۆنو شتیان تێدا بخۆن، ئەو نێچیرەی بەتیروکەوانت دەیکوژیو ناوی خودات لەسەر هێناوە، ئەوە گۆشتەکەی حەلاڵەو بیخۆ، ئەو نێچیرەی بەسەگی

---

[١] متفق علیه: خ (٩/٦٠٣/٥٤٧٦)، م (١٩٢٩ – ٣/١٥٢٩/٣)، ن (٧/١٨٣).

[٢] متفق علیه: خ (٩/٦٠٤/٥٤٧٨)، م (٣/١٥٣٢/١٩٣٠)، جه (٢/١٠٦٩/٣٢٠٧)، ن (٧/٨١).

راهێندراو راوی دەکەی‌و ناوی خودای لەسەر دەهێنی ئەوە حەڵاڵەو لێی بخۆ، ئەوەی بەسەگی ڕانەهێندراو راوی دەکەی‌و فریای دەکەوی بەزیندویی سەری دەبڕی بیخۆ.

نێچیری پێکراو کە بکەوێتە ناو ئاوەوە

ئەگەر نێچیرە راوکراوەکە کەوتە ناو ئاوەوە گیانی لەدەستدا، خواردنی حەڵاڵ نیە، چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بە عەدی کوڕی حاتەمی فەرموو: «إِذَا رَمَيْتَ سَهْمَكَ فَاذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ فَإِنْ وَجَدْتَهُ قَدْ قَتَلَ فَكُلْ إِلاَّ أَنْ تَجِدَهُ قَدْ وَقَعَ فِي مَاءٍ فَإِنَّكَ لاَ تَدْرِي الْمَاءُ قَتَلَهُ أَوْ سَهْمُكَ».[1] ئەگەر تیرت ئاڕاستەی نێچیر کرد ناوی خودا بێنە، جا ئەگەر نێچیرەکەت کوشت ئەوە حەڵاڵەو لێی بخۆ، مەگەر نێچیرەکە دوای پێکرانی بکەوێتە ناو ئاوەوەو گیانی دەربچێ، چونکە تۆ نازانی ئاخۆ ئەو نێچیرە بەتیری تۆ کوژراوە یان بەکەوتنە ناو ئاوەکە خنکاوە.

نێچیری پێکراو ئەگەر دوو ڕۆژ یان سێ ڕۆژ نەدۆزرایەوە پاشان دۆزرایەوە

ئەگەر کەسێك تیرێکی ئاڕاستەی نێچیرکردو پێکای‌و نێچیرەکە گومبوو دووڕۆژ یان سێ ڕۆژ دوایی دۆزرایەوە، ئەگەر گۆشتەکەی بۆنی نەکردبوو خواردنی حەڵاڵە.

لە عەدی کوڕی حاتەمەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرموو: «إِذَا رَمَيْتَ الصَّيْدَ فَوَجَدْتَهُ بَعْدَ يَوْمٍ أَوْ يَوْمَيْنِ ، لَيْسَ بِهِ إِلاَّ أَثَرُ سَهْمِكَ ، فَكُلْ».[2] ئەگەر تیرت بەنێچیرەوە ناو دوای ڕۆژێك یان

---

[1] صحيح: (الإرواء/٢٥٥٦)، م (١٩٢٩/٧/١٥٣١/٣).

[2] صحيح: (مختصر م/١٢٣٩) خ (٥٤٨٤/٦١٠/٩).

دوو ڕۆژ دۆزیتەوە بێجگە لەشوێن تیری تۆ هیچی تری پێوە نەبوو، ئەوە گۆشتەکەی حەڵاڵەو بیخۆ.

لە ئەبو ئەعلەبەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِذَا رَمَيْتَ بِسَهْمِكَ فَغَابَ عَنْكَ فَأَدْرَكْتَهُ فَكُلْهُ مَا لَمْ يُنْتِنْ».[1] ئەگەر بەتیرەکەت نێچیرێکت پێکاو نێچیرەکە بە برینداری لێت گوم بوو دوایی دۆزیتەوە گۆشتەکەی حەڵاڵە دەتوانی بیخۆی بەمەرجێ بۆگەن نەبووبێ.

قوربانی (الأضحية)

قوربانی ئەو ئاژەڵەیە لەڕۆژانی جەژنی قورباندا بەنیازی لەخودا نزیکبوونەوەو بەندایەتی کردن بۆ خودا سەر دەبڕدرێ.

قوربانی لەسەر خاوەن تواناو دارا واجبە، چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَنْ كَانَ لَهُ سَعَةٌ وَلَمْ يُضَحِّ فَلاَ يَقْرَبَنَّ مُصَلاَّنَا».[2] کەسێك هەیەتیو بەتوانایەو دەتوانێ قوربانی بکاو نایکا با نزیك شوێن نوێژی ئێمە نەبێتەوەو نەیە بۆ نوێژی جەژن.

چۆنیەتی بەڵگەی ئەم فەرموودەیە لەسەر واجب بوونی قوربانی ئەوەیە کاتێك پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نەهی دەکا لەوکەسانەی هەیانەو قوربانی ناکەن، لەنزیکبوونەوە لەشوێنی نوێژ، نیشانەی ئەوەیە ئەرك‌و واجبێکی بەجێ نەهێناوە، کەوابوو سودو فائیدە لەهاتنی بۆ نوێژی جەژن نیە، لەگەڵ نەکردنی ئەو واجبە نوێژی جەژن دروست نیە.

لە میخنەفی کوڕی سولەیمەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: ئێمە لەخزمەت پێغەمبەردا لە عەرەفە وەستابووین، فەرمووی: «يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ عَلَى كُلِّ أَهْلِ

---

[1] صحيح: (مختصر م/١٢٤٢)، م (١٩٣١ – ١٥٣٢/١٠/٣).

[2] حسن (ص. جه/٢٥٣٢)، جه (٣١٢٣/١٠٤٤/٢).

بَيْتٍ فِي كُلِّ عَامٍ أُضْحِيَةً وَعَتِيرَةً أَتَدْرُونَ مَا الْعَتِيرَةُ».[١] ئەی خەڵكینە! لەسەر هەموو خاوەن ماڵو خێزانێك پێویستە ساڵانە قوربانییەكو كوشتییەكی رەجەبانە بكا.

عەتیرە: ئەو كوشتییەیە كە لەناو خەڵكدا بە (رەجەبییە) بەناوبانگە، كوشتی (عەتیرە) دوایی حوكمەكەی سڕاوەوتەوە، ئەمەش ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) كە دەفەرموێ: «لاَ فَرَعَ وَلاَ عَتِيرَةَ».[٢]

(فَرَع) بریتیە لەوەی لەسەردەمی نەزانیدا لای عەرەبەكان واباو بوو كەبێچوی یەكەمجاری حوشتر سەربڕن بۆ بتەكانیان، هەندێكیش دەڵێن لەناو عەرەبدا واباو بوو كە هەركاتێ كابرا حوشترەكانی ببونایە بە سەد حوشتر نوێنگینە حوشترێكی سەردەبڕی بۆ بتەكەی.

ئاشكراشە كە سڕینەوەی حوكمی (عەتیرە) حوكمی قوربانی ناسڕێتەوە.

لە جوندوبی كوڕی سوفیانی (البجلی) ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: ڕۆژی جەژنی قوربان لەخزمەت پێغەمبەردا بووم، فەرمووی: «مَنْ ذَبَحَ قَبْلَ أَنْ يُصَلِّيَ فَلْيُعِدْ مَكَانَهَا أُخْرَى ، وَمَنْ لَمْ يَذْبَحْ فَلْيَذْبَحْ».[٣] كەسێك پێش ئەنجاندانی نوێژی جەژن قوربانی ئەنجام دابێ، بۆی بەقوربانی حلێب ناكرێ، با لەجیاتی ئەو سەربڕینە ئاژەڵێكی تر سەربڕێ، كەسێكیش قوربانی سەرنەبڕیوە با سەریبڕێ. ئەم فەرموودەیە بەئاشكرا ئەوە دەگەیەنێ كە قوربانی واجبە،

---

[١] حسن (ص. جه/٢٥٣٣)، ت (٣/٣٧/١٥٥٥)، د (٧/٤٨١/٢٧٧١)، جه (٣١٢٥/٢/١٠٤٥).

[٢] متفق عليه: خ (٥٤٧٣/٩/٥٩٦)، م (١٩٧٦/٣/١٥٦٤)، د (٨/٣٢/٢٨١٤)، ت (٣/٣٤/١٥٤٨)، ن (٧/١٦٧).

[٣] متفق عليه: خ (٥٥٦٢/١٠/٢٠)، م (١٩٦٠/٣/١/١٥٥١)، جه (٣١٥٢/٢/١٠٥٣)، ن (٧/٢٢٤).

بەتایبەتی کەفەرمان دەکا بە ئیعادەکردنەوەی قوربانی بۆ کەسێك کەپێش نوێژ، قوربانی کردبێ.

چی بەکەڵکی قوربانی کردن دێ؟

ئەو ئاژەڵەی بەکەڵکی ئەوە دێ بکرێ بەقوربانی ڕەشەوڵاخو مەڕو بزنو حوشترە، قورئان دەفەرموێ: { وَلِكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنسَكًا لِّيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّن بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ – الحج/٣٤} بۆ هەموو گەلو نەتەوەیەك نوسوكی قوربانیو نزیکبوونەوە لەخودا بەهۆی سەربڕینی ئاژەڵەوەمان داناوە بۆ ئەوەی ناوی خودا بێننو سوپاسی بکەن لەسەر ئەوەی ئەو ئاژەڵانەی بۆ ژێربار کردوون دەتوانن سودیان لێ وەربگرن. ئەگەر ئاژەڵی قوربانییەکە مەڕ بوو دەبێ ساڵێکی تەمەنی تەواوکردبێ ئەمە بەلای جەماوەری زانایانەوە، وەلێ هەندی فەرموویانە بەرخی شەش مانگە بەکەڵکی قوربانی دێ، ئەگەر ئاژەڵەکە بزن بوو دەبێ تەمەنی لەساڵێك تێپەڕ بووبێو چوبێتە ساڵی دووەمی تەمەنیەوە، ئەگەر ڕەشەوڵاخ بوو دەبی تەمەنی لەدوو ساڵ تێپەڕ بووبێو چوبێتە ساڵی سێیەمی تەمەنییەوە، ئەگەر حوشتر بوو دەبێ پێنج ساڵ تەواو بکاو بچێتە ساڵی شەشەمەوە.

حوشترو ڕەشەوڵاخ بەکەڵکی حەوت کەس دێن

لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: لەخزمەت پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) چووین بۆ حەج، ئیحراممان بەحەج بەستبوو پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی پێ کردین: کە هەر حەوت کەس لەئێمە هاوبەش بین بۆ فیدیە لەحوشتردا یان لە ڕەشەوڵاخدا.[1]

---

[1] م (١٣١٨ – ٢/٩٥٥/٣٥١).

ئەگەر خەڵکەکە هەژارو کەم دەرامەت بوون، یان حوشتر گران بوون‌و بزن‌و مەڕ هەرزان، دەگری بە دە کەس حوشترێك (جزور)ێك بکەن بە فیدیە یان قوربانی.

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: لەخزمەت پێغەمبەردا بووین (دروودی خودای لەسەر بێ) لەسەفەرێکدا جەژنی قوربانمان لێ هات، بە دە کەس حوشترێکمان کردە قوربانی بەحەوت کەسیشمان ڕەشەوڵاخێکمان کردە قوربانی.[1]

مەڕو بزن بۆ قوربانی خۆی دەبێ‌و بۆ خاوو خێزانیشی

لە عەطای کوڕی یەسارەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پرسیارم لە ئەبو ئەییوبی ئەلئەنصاری کرد ئاخۆ لەسەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) قوربانی کردن چۆن بووە؟ لە وەڵامدا وتی: پیاو لەسەردەمی پێغەمبەردا بۆ خۆی‌و خێزانی مەڕێکی دەکردە قوربانی بۆ خۆیان لێیان دەخوارد بەشی خەڵکی تریشیان دەدا، پاشان خەڵك خۆیان پێ هەڵدەنایەوەو لافو گەزافیان لێ دەدا تا حاڵ بەم حاڵە گەیشت.[2]

ئەو ئاژەڵانەی بەکەڵکی قوربانی کردن نایەن

لە عوبەیدی کوڕی فەیرۆزەوە گێڕدراوەتەوە دەڵێ: بە (البراء)ی کوڕی (عازب)م گوت دەربارەی قوربانی پێم بڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی لە چ کردو چی بەلاوە پەسەند نەبوو، لە وەڵامدا وتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئاوا دەستی گرتم، دەستم لەدەستی کورتتر بوو

---

[1] صحيح: (ص. جه/٢٥٣٦)، جه (٢/١٠٤٧/٣١٣١)، ت (٢/١٩٤/٩٠٧)، ن (٧/٢٢٢).

[2] صحيح: (ص. جه/٢٥٤٦)، جه (٢/١٠٥١/٣١٤٧)، ت (٣/٣١/١٥٤١).

فەرمووی: «أَرْبَعٌ لاَ تُجْزِئُ فِي الأَضَاحِيِّ الْعَوْرَاءُ الْبَيِّنُ عَوَرُهَا وَالْمَرِيضَةُ الْبَيِّنُ مَرَضُهَا وَالْعَرْجَاءُ الْبَيِّنُ ظَلْعُهَا وَالْكَسِيرَةُ الَّتِي لاَ تُنْقِي»: چوار جۆر ئاژەڵ هەن بەکەڵکی قوربانی نایەن، ئاژەڵێك کوێر بێ بەتەواوی، نەخۆشێك نەخۆشییەکەی کاریگەری لەسەر ئاژەڵەکە پەیدا کردبێ، شەلێك بەئاشکرا شەلییەکەی پێوە دیار بێ، ئاژەڵێکی لاوازی وەها مۆخی نەبێ. وتی: من ئەو ئاژەڵەی بڕێ لەگوێی بڕدرابێ بەلامەوە پەسەند نیە بکرێتە قوربانی، فەرمووی: ئەوەی بەلاتەوە پەسەند نیە مەیکە بە قوربانی بەڵام لەخەڵکی حەرام مەکە.[1]

ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ: زانایانی شەرع کۆڕایان هەیە لەسەر ئەوە: کە ئەو چوار عەیبەی لە حەدیثی (البراء)دا باس کراون دەبنە هۆکاری ئەوە کە هەر ئاژەڵێك یەکێك یان زیاتر لەو عەیبانەی تێدا بێ بەکەڵکی قوربانی نایە، هەروەها هەر عەیبێك کە لەو عەیبە باسکراوانە خراپتر بێ.[2] ئەگەر عەیبێك لەخوار ئەو عەیبانەوە بێ ئەوە نابێتە مانیع، بەڵام ناپەسەندە.

بزنی دانشکاو بەکەڵکی قوربانی نایە، ئاماژە بەو حەدیثەی (البراء)ی کوڕی عازیب ریوایەتی کردووە دەڵێ: خاڵێکم کەپێی دەڵێن: ئەبو بوردە پێش نوێژی جەژن کوشتی سەربڕی، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرموو: «شَاتُكَ شَاةُ لَحْمٍ». مەڕەکەی سەرت بڕیوە بڕی قوربانی ناکەوێ، گۆشتێکە بۆ ماڵو منداڵت فەراهەم هێناوە. وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! مەڕێکی ترم هەیە دابەستەیە ئەوە دەکەم بەقوربانی، فەرمووی: «اذْبَحْهَا وَلاَ تَصْلُحُ لِغَيْرِكَ». برۆ سەری ببڕە هەر بەکەڵکی ئەوە دێ بیکەیە قوربانی بۆخۆتو بەس. پاشان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ

---

[1] صحيح: (ص. جه/٢٥٣٦)، جه (٢/١٠٤٧/٣١٣١)، ت (٢/١٩٤/٩٠٧)، ن (٧/٢٢٢).

[2] صحيح مسلم بشرح النووي ج١٣/١٢٠.

ذَبَحَ قَبْلَ الصَّلاَةِ فَإِنَّمَا يَذْبَحُ لِنَفْسِهِ ، وَمَنْ ذَبَحَ بَعْدَ الصَّلاَةِ فَقَدْ تَمَّ نُسُكُهُ ، وَأَصَابَ سُنَّةَ الْمُسْلِمِينَ».[1] كەسێك پێش نوێژ حەیوانی سەربڕی ئەوە قوربانی نیەو گۆشتێکە بۆ ماڵو منداڵی خۆی فەراهەمی هێناوە، کەسێکیش دوای نوێژ گوشتی سەربڕی ئەوە قوربانی کردووە ڕێو ڕەسمی موسوڵمانانی گرتۆتەبەر. لە فەرموودەکەدا کاتی قوربانی دیاری کراوە کە بریتییە لەدوای بەجێهێنانی نوێژی جەژن، کەسێك پێش ئەوکاتە حەیوان سەربڕێ بە قوربانی حسێب ناکرێ.

لە جوبەیری کوڕی موطعیمەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «كُلُّ أَيَّامِ التَّشْرِيقِ ذَبْحٌ».[2] هەموو ڕۆژانی تەشریق: کەسێ ڕۆژی دوای جەژنە بەکەڵکی قوربانی تێدا کردن دێن.

کەسێك ویستی قوربانی بکا نابێ لەسەرەتای مانگی ذیلحیجەوە هیچ شتێ لەمووی خۆی لاببا، نابێ نینۆکی بکا تا دوای ئەنجامدانی قوربانییەکە.

لە ئوممو سەلەمەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِذَا رَأَيْتُمْ هِلاَلَ ذِى الْحِجَّةِ وَأَرَادَ أَحَدُكُمْ أَنْ يُضَحِّيَ فَلْيُمْسِكْ عَنْ شَعْرِهِ وَأَظْفَارِهِ».[3] هەرکاتێ مانگی ذیلحیجەتان بینیو یەکێك لەئێوە ویستی قوربانی بکا با واز لەسەرتاشینو موڵێکردنەوەی جەستەیی و نینۆك کردن بێنێ.

---

[1] متفق عليه: خ (١٠/١٢/٥٥٥٦)، م (٣/١٥٥٢/١٩٦١)، ت (٣/٣٢/١٥٤٤)، د (٧/٥٠٤/٢٧٨٣)، ن (٧/٢٢٢).

[2] صحيح لغيره: حم (٢٧/٣١٦/١٥٦٥١).

[3] م (٣/١٥٦٥/٤١/١٩٧٧)، د (٧/٤٨٩،٤٩٠/٢٧٧٤)، ت (٣/٣٩/١٥٦١) ن (٧/٢١٢/٢١١)، جـه (٢/١٠٥٢/٣١٤٩).

وا باشە ئەو کەسەی قوربانی دەکا بۆخۆی قوربانییەکە سەربېڕێ ئەگەر لەسەربڕیندا کارامەو لێزان بوو.

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دوو بەرانی چاو بەکلی کردە قوربانی، بەچاوی خۆم بینیم تەشریفی قاچی خستبووە سەرلاملی بەرانەکانو بیسمیللای کردو ئەڵلاهوئەکبەری کردو سەری بڕین.[1]

ئەگەر قوربانیکەرەکە نەیدەزانی قوربانی باش سەربېڕێ دەبێ یەکێك بەکرێ بگرێ لەماڵی حەڵاڵی خۆی پارەی بداتێ نەچێ لەجیاتی سەربڕینەکە گۆشت یان پێستەکەی بداتێ.

لە حەزرەتی عەلییەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی پێکردم، کە سەرەوکاری حوشترە قوربانییەکانی بکەمو گۆشتەکە یان پێستو سەروپێکانیان دابەش بکەم، هیچ لەو گۆشتو پێستە نەدەم بە ئاژەڵ سەربڕەکە، پێشی فەرمووم: کرێی سەربڕینەکانیان لەماڵی تایبەتی خۆم دەدەم.

پەسەندە کە قوربانیکەر لەگۆشتی قوربانییەکەی بخوا، دیاری لێبدا بەخزمو جیرانو دۆستو ناسیاو، بەشی هەژارو نەدارای لێ بدا، ئاماژە بە فەرموودەی پەروەردگار کە دەفەرموێ: {فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ – الحج/٢٨} لەگۆشتی قوربانییەکانتان بخۆنو بەشی هەژارو کەم دەرامەتەکان بدەن. هەروا ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «فَكُلُوا وَادَّخِرُوا وَتَصَدَّقُوا». لەگۆشتی قوربانییەکانتان بخۆنو بەشێکی لێ پەزمەندە بکەنو هەندێکیشی لێ بدەن بەهەژاران.

---

[1] متفق علیه: خ (١٠/١٨/٥٥٥٨)، م (٣/١٥٥٦/١٩٦٦).

مەبەستی قوربانیکردن دێتە جێ بەڵێ بەخشینی ئەندازەیەك لەگۆشتەکە، هەرچەندە ئەوەی دەیبەخشێ زۆر باشترە لەوەی کە بۆخۆی بیخوا.

حەوتم (االعقیقە)

حەوتم ئەو ئاژەڵە ماڵییەیە کە سەردەبڕدرێ بۆ منداڵ، حەوتم پێویستە لەسەر باوك بۆ منداڵی بکا، بۆ کوڕ دوو مەڕی هاوتەمەن بۆ کچ مەڕێك.

لە سەلمانی کوڕی عامیری (الضبی)یەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: لەدەمی موبارەکی پێغەمبەرم ژنەوت فەرمووی: «مَعَ الْغُلاَمِ عَقِيقَةٌ ، فَأَهْرِيقُوا عَنْهُ دَمًا وَأَمِيطُوا عَنْهُ الأَذَى».[1] بۆ کوڕ حەوتم بکەن بەنیازی سەلامەتی، خوێنی بۆ بکەن، مووی سەری بتاشن.

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی پێ کردین کە بۆ کوڕ دوو مەڕ بکەین بەحەوتم بۆ کچ یەك مەڕ بکەین بە حەوتم.[2]

کاتی حەوتم کردن ڕۆژی حەوتەمی لەدایکبوونی منداڵەکەیە

لە (الحسن)ەوە لە سەمورەوە لە پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕیوایەتکراوە، فەرموویەتی: «كُلُّ غُلاَمٍ مُرْتَهَنٌ بِعَقِيقَتِهِ تُذْبَحُ عَنْهُ يَوْمَ السَّابِعِ وَيُحْلَقُ رَأْسُهُ وَيُسَمَّى».[3] هەموو کوڕێکی تازە لەدایکبوو پەیوەستو مورتەهەنە بەو حەوتمەی بۆی سەردەبڕدرێ ڕۆژی حەوتەمی لەدایکبوونی بۆی سەردەبڕدرێو سەری دەتاشرێ، واباشە مرۆڤ: کە لێی مەعلوم بوو کاتی

---

[1] صحيح: (ص. جه/٢٥٦٢١)، خ (٩/٥٩٠/٥٤٧٢)، د (٨/٤١/٢٨٢٢)، ت (٣/٣٥/١٥٥١).

[2] صحيح: (ص. جه/٢٥٦١)، جه (٢/١٠٥٦/٣١٦٣)، ت (٣/٣٥/١٥٤٩).

[3] صحيح: (ص. ج/٢٥٦٣)، جه (٢/١٠٥٦/٣١٦٥)، د (٨/٣٨/٢٨٢١)، ت (٣/٣٨/١٥٥٩).

خۆی باوکی حەوتمی بۆ نەکردووە، خۆی بۆخۆی حەوتم بکا، چونکە ئەوە چەسپاوە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دوای ئەوەی کرا بە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بۆخۆی حەوتمی بۆخۆی کردووە.(١)

ئەوەی پەسەندە بۆ منداڵ بکرێ دوای لەدایکبوونی ئەمانەن

١- مەلاشوی هەڵبدرێتەوە: لە ئەبو موساوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: خودا کوڕێکی پێدایین، بردم بۆلای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ناوی نا ئیبراهیمو بەخورما مەلاشوی هەڵدایەوەو دوعای بەختەوەریو بەرەکەتی بۆ کردو ئەمجار ڕادەستی خۆمی کردەوە، ئەم کوڕە گەورەترین کوڕی ئەبو موسا بوو.(٢)

٢- تاشینی سەری منداڵەکە لەرۆژی حەوتەمی لەدایکبوونیدا ئەمجار کێشانی سەنگی زیوو بەخشینی زیوەکە بە هەژارەکان.

لە ئەلحەسەنی کوڕی سەمورەوە لە پێغەمبەرەوە ڕیوایەتکراوە، کە فەرموویەتی: «كُلُّ غُلَامٍ مُرْتَهَنٌ بِعَقِيقَتِهِ تُذْبَحُ عَنْهُ يَوْمَ السَّابِعِ وَيُحْلَقُ رَأْسُهُ وَيُسَمَّى».(٣)

لە ئەبو رافیعەوە ڕیوایەتکراوە، کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەفاطیمەی فەرموو (کاتێك فاطیمە حەسەنی بوو) پێی فەرموو: «احْلِقِي رَأْسَهُ ثُمَّ تَصَدَّقِي بِوَزْنِ شَعْرِهِ مِنْ فِضَّةٍ عَلَى الْمَسَاكِينِ».(٤) سەری بتاشە بەکێشی مووەکانی زیو بکە بەخێرو دابەشی بکە.

---

(١) حسن: (س.ص/٢٧٢٦).

(٢) متفق عليه: خ (٥٤٦٧/٥٨٧/٩)، وهذا لفظه م (٢١٤٥/١٦٩٠/٣).

(٣) لەوەپێش تێپەڕی.

(٤) حسن: (الإرواء/١١٧٢)، حم (٦/٣٩٠)، هق (٩/٣٠٤).

٣- رۆژی حەوتەمی لەدایکبوونی سوننەت بکرێ، ئامـاژە بـەو فەرموودەیەی طەبەرانی لە (المعجم الصغیر)دا لەجابیرەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێ: پێغەمبەر بۆ حەسەن‌و بۆ حوسەینیش رۆژی حەوتەمی لەدایکبوونیان حەوتمی بۆ کردوون‌و سوننەتیشی کردوون.(١)

هەروا ئاماژە بەو فەرموودەیەی طەبەرانی لە (الأوسط)دا ریوایەتی کردووە لە ئیبنو عەبباسەوە: کە فەرموویەتی: حەوت شت دەربارەی منداڵی تازە لەدایکبوو سوننەتن لەرۆژی حەوتەمی لەدایکبوونیدا بۆی بکرێ، ناوی بنرێ، سوننەت بکرێ.................

دابو نەریتی نان خواردن‌و ئاو خواردنەوە

ئادابی خواردن‌و خواردنەوە زۆرن، هەندێکیان ئادابی پێش نانخواردنن، هەندێکیان لەکاتی خواردندان، هەندێکیان دوای نانخواردنن.(٢)

ئاداب‌و ڕێ‌و شوێنی پێش نانخواردن ئەمانەن

١- خواردن‌و خواردنەوەکەی پاك‌و خاوێن بێ لەشتی حەڵاڵ‌و پاك بەدەستیان بێنێ، خۆی بپارێزێ لەخۆراکی حەرام‌و شوبهاوی، ئاماژە بە فەرموودەی پەروەردگار کە دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ – البقرة/١٧٢}: ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوەو خاوەن بڕوای تۆکمەن، بخۆن‌و بخۆنەوە لەو رزق‌و رۆزییەی بۆمان فەراهەم هێناون... لە ئایەتەکەدا وشەی (طیبات) هاتووە، واتە خۆراکێکی حەڵاڵی وەها کەقێزی لێ نەکرێ‌و بەپیس دانەنرێ.

---

(١) طص (٢/١٢٢/٨٩١)، هق (٨/٣٢٤).

(٢) احیاء علوم الدین ج٢/٣ – ٨.

٢- دەبێ مەبەستو نیازی لە خواردنو خواردنەوەی بەهێزبوون بێ لەسەر بەتوانایی بۆ خواپەرستی، بۆ ئەوەی لەسەر خواردنو خواردنەوەشی پاداش وەربگرێو خودا لەخۆی ڕازی بکا، خواردنو خواردنەوەی موباح بەهۆی نیازو مەبەستەوە دەبێتە طاعەتو خواپەرستیو پاداشی لەسەر وەردەگرێ. کەوابوو مرۆڤی موسوڵمان وا دەڕوانێتە خواردنو خواردنەوە کە وەسیلەو هۆکارن بۆ شتی ترو بۆخۆیان مەبەستو ئامانجو ئاکام نین، مرۆڤی موسوڵمان کە دەخواو دەخواتەوە مەبەستی ئەوەیە جەستەو لاشەی رابگرێو بەهێز بێ بتوانێ عیبادەتی خودا بکا ئەو کە شت دەخواو دەخواتەوە مەبەستی خودی خواردنو خواردنەوەکە نیە، بۆیە مرۆڤی موسوڵمان تا برسی نەبێ ناخوا تا تینوی نەبێ ناخواتەوە.

٣- پێش نانخواردن ئەگەر دەستی پاك نەبوون یان دڵنیانەبوو لە خاوێنیان دەبێ بیانشواو پاکیان بکاتەوە.

٤- خواردنەکەی بخاتە سەر سفرەیەك لەسەر زەوی لەپێش دەمی خۆی دابنێ، نەك بیخاتە سەرمێزو تەپڵەك، چونکە ئەو شێوەی پێشوویان خاکی ترەو دورترە لەفیزو تەکەببور، هەم ئاماژە بەو قسەیەی ئەنەس کە دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) قەت لەسەر مێزو قاپی بچکۆلەدا شتی نەخواردووە.[1]

ئیمامی غەزالی دەفەرموێ: بزانن کەئێمە دەڵێین خواردن لەسەر سفرەو سینی باشترە، ناڵێین خواردن لەسەر مێزو تەپڵەك نەهی لێ کراوە مەکروهە یان حەرامە، چونکە شتێك لەم بارەوە نەچەسپاوە.

٥- بەتەواضوعو هێدیو هێمنی دابنیشێ، وادابنیشێ کە بۆ تەحیات خوێندن دادەنیشێ، یان وادابنیشێ قاچی ڕاستی بەرز بکاتەوەو لەسەر قاچی

---

(١) خ (٥٣٨٦/٥٣٠/٩)، ت (١٨٤٨/١٦٠/٣)، جه (٣٢٩٢/١٠٩٥/٢).

چەپی دابنیشێ وەکوو پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەیکرد، هەروا ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «إنما أَنَا عَبْدٌ آكُلُ كَمَا يَأْكُلُ الْعَبْدُ، وأجلس كما يجلس العبد».[١] ئەمن تەنها بەندەیەکم لە بەندەکانی خودا، وەکوو بەندەیەکی ئاسایی خواردن دەخۆم هەروەکوو چۆن وەکوو بەندەیەکی ئاسایی بێ کەش و فش دادەنیشم.

٦- دەبێ چی بۆ دانرا بیخواو بەوە ڕازی بێ: کەحازرو مەوجودە، نابێ ڕەخنە لەخواردن بگرێ، بەڵکوو ئەگەر لەدەمی خۆش بوو بیخوا، ئەگەر لەدەمی ناخۆش بوو وەلای بنێ، ئاماژە بە فەرموودەی ئەبو هورەیرە کە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) قەت ڕەخنەی لەخواردن نەگرتووە، ئەگەر حەزی لێ بوایە دەیخوارد، ئەگینا وازی لێ دێناو عەیبی لەخواردنەکە نەدەگرت.[٢]

٧- وا باشە خێزان هەموویان لەسەر سفرەکە کۆببنەوەو هەموویان بەیەکەوە نان بخۆن، ئاماژە بەو فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «فَاجْتَمِعُوا عَلَى طَعَامِكُمْ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهِ يُبَارَكْ لَكُمْ فِيهِ».[٣] لەدەوری سفرەی نان خواردن کۆببنەوەو ناوی خودای لەسەر بهێنن فەڕو بەرەکەت دەکەوێتە ناو خواردنەکەتانەوە.

---

[١] صحيح: (س. ص/٥٤٤)، ورواه البغوی فی شرح السنة (٢٨٣٩ – ١١/٢٨٧).

[٢] متفق علیه: خ (٥٤٠٩/٥٤٧/٩)، م (٢٠٦٤/١٦٣٢/٣)، د (٤٥٣٧/٢٣٧/١٠)، ت (٢١٠٠/٢٥٤/٣)، جه (٣٢٥٩/١٠٨٥/٢).

[٣] لەوەپێش ئاماژەی بۆ کراو تەخریج کراوە.

دابو نەریتی کاتی نانخواردنیش ئەمانەن

١- نابێ دەسپێشخەری بکا بۆ نان خواردن پەلەبکا لە دەستپێکردنی خواردن، لەکاتێکدا لە مەجلیسەکەداو لەسەر سفرەکەدا کەسانێك هەبن لەخۆی گەورەتر بن بەتەمەنتربن یان لەروی کۆمەڵایەتییەوە لەژور خۆیەوە بن، چونکە هەڵپەکردنو دەست پێشخەری کردن بۆ نانخواردن لەسومعەی کەم دەکاتەوە، دەبێتە رێ خۆشکەرە بۆ ئەوەی ئەو کەسە بەچڵێس وەصف بکرێو ئەمەیش جێی رەخنەیە.

شاعیرێك دەڵێ:

إذا مدت الأيدي إلى الزاد لم أكن بأعجلهم إذ أجشع القوم أعجل

ئەگەر دەست کرا بەنانخواردنو دەست برا بۆ بژێو من نابمە سەردەستەو یەکەم کەسو خێرا دەست بۆ خواردنەکە نابەم، چونکە چڵێس ترین کەس ئەو کەسانەیە کە لەکاتی نانخواردندا هەڵپەبکاو خێرا دەست بەرێ بۆ خواردنەکە.

٢- دەبێ چی بۆ دانرا پێی رازی بێو داوای خواردنی تر نەکا.

٣- دەبێ سەرەتا ناوی خودای لەسەر بێنێو بیسمیللا بکا، چونکە ناوهێنانی خودا لەسەر خواردن فەرووبەرەکەتی تێدەخاو شەیتانی لێ دوور دەخاتەوە.

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، فەرموویەتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِذَا أَكَلَ أَحَدُكُمْ طَعَامًا فَلْيَقُلْ بِسْمِ اللَّهِ فَإِنْ نَسِيَ فِي أَوَّلِهِ فَلْيَقُلْ بِسْمِ اللَّهِ فِي أَوَّلِهِ وَآخِرِهِ».[1] هەرکاتێك یەکێ لەئێوە خواردنی خوارد با سەرەتا بڵێ: (بِسْمِ اللَّهِ - بەناوی خودا) ئەگەر لەبیری چوو با بڵێ بەناوی خودا لەسەرتاو لەکۆتاییدا.

---

[1] صحيح: (ص. د/٣٢٠٢)، د (١/٢٤١/٣٧٤٩)، ت (٣/١٩٠/١٩٢٠)، جه (١٠٨٢/٣٢٦٤ و ٢/١٠٨٧).

هەر لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، فەرمووی: پێغەمبەری خودا لەگەڵ شەش کەس لەهاوەڵانی خواردنێکیان دەخوارد، عارەبێکی دەشتەکی بەدوو پارو لرفی دا، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: ئەگەر ئەو کابرا دەشتەکییە (بیسمیللای) بکردایە خواردنەکە بەشی دەکردن.[1]

لە حوزەیفەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: هەرکاتێ ئێمە لەخزمەت پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) ئامادەی خواردنێك دەبووین، کەسمان دەستی بۆ نەدەبرد هەتا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەستی بۆ نەبردایەو دەستی بەخواردنی نەکردایە، وارێکەوت جارێ ئێمە لەخزمەتیدا ئامادەی خواردنێك بووین بینیمان کچۆڵەیەك دەتگوت پاڵی پێوە دەنێن پەلاماری خواردنەکەی داو ویستی دەستی تێ بخا، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەستی گرت نەیهێشت، پاشان عەرەبێکی دەشتەکی هات دەتگوت پاڵی پێوە دەنێن ویستی دەستی بۆ بەرێ، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەستی گرت، ئەمجار فەرمووی: «إِنَّ الشَّيْطَانَ يَسْتَحِلُّ الطَّعَامَ أَنْ لاَ يُذْكَرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ جَاءَ بِهَذِهِ الْجَارِيَةِ لِيَسْتَحِلَّ بِهَا فَأَخَذْتُ بِيَدِهَا فَجَاءَ بِهَذَا الأَعْرَابِىِّ لِيَسْتَحِلَّ بِهِ فَأَخَذْتُ بِيَدِهِ وَالَّذِى نَفْسِى بِيَدِهِ إِنَّ يَدَهُ فِى يَدِى مَعَ يَدِهَا».[2] لەڕاستیدا شەیتان تەعامی واپێ حەڵاڵو خۆشە کەناوی خودای لەسەر نەهێندرێ، ئەو نەگریسە ئەو کچۆڵەی پاڵ پێوەنا بۆسەر خواردنەکە بۆ ئەوەی بەبێ بیسمیللا لەسەرکردن دەست بەخواردنی بکرێو بۆی حەڵاڵ بێ، منیش دەستی کچۆڵەکەم گرتو نەم هێشت، ئەمجار ئەو کابرا عەرەبەی پاڵنا بۆ ئەوەی بەبێ ناوهێنانی خودا لەسەر نانخواردنەکە دەستی پێ بکرێ، منیش دەستم گرت نەم هێشت، سوێندم

---

[1] صحیح: (ص. ت/١٨٥٨)، ت (١٩٢٠/١٩٠/٣).

[2] م (٢٠١٧/١٥٩٧/٣)، د (٣٧٤٨/٢٢٣٩/٢٤٠/١٠).

بەوكەسەی گیانی منی بەدەستە دەستی شەیتان لەگەڵ دەستمدا لەدەستی کچۆڵەکەدا بوو.

لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرمووو: «إِذَا دَخَلَ الرَّجُلُ بَيْتَهُ فَذَكَرَ اللَّهَ عِنْدَ دُخُولِهِ وَعِنْدَ طَعَامِهِ قَالَ الشَّيْطَانُ لاَ مَبِيتَ لَكُمْ وَلاَ عَشَاءَ. وَإِذَا دَخَلَ فَلَمْ يَذْكُرِ اللَّهَ عِنْدَ دُخُولِهِ قَالَ الشَّيْطَانُ أَدْرَكْتُمُ الْمَبِيتَ. وَإِذَا لَمْ يَذْكُرِ اللَّهَ عِنْدَ طَعَامِهِ قَالَ أَدْرَكْتُمُ الْمَبِيتَ وَالْعَشَاءَ».[1] ئەگەر مرۆڤ چووە ناو ماڵی خۆی، لەکاتی چوونە ژوورەوەو کاتی نانخواردن ناوی خودای هێنا، شەیتان هاواری لێ هەڵدەستێو دەڵێ شوێنی حەوانەوەو مانەوەو شێوتان لێرە نیە، بەڵام ئەگەر چووە ماڵەوەو ناوی خودای نەهێنا، شەیتان دەڵێ شوێنی مانەوەتان دۆزییەوە ئەمە جێگای خۆتانە، هەروا ئەگەر لەکاتی نانخواردندا ناوی خودای نەهێنا شەیتان بەتاقمەکەی دەڵێ: شوێنی مانەوەو شێوی شەوتان چنگ کەوتو شانی لێ دادەن، ئەمە جێگای خۆتانە.

٤- دەبێ بەسێ پەنجەی دەستی ڕاستی نان بخواو پاروی بچوک بکاو باش پاروەکانی بجوێ، لەلای خۆیەوەو لە تەنیشتی دەوریو لەگەنی خواردنەکە خواردن هەڵبگرێو دەست نەبا بۆ ناوەڕاستی دەوریو قاپەکە.

لە کەعبی کوڕی مالیکەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: من بۆخۆم بەچاوی خۆم پێغەمبەرم دیوە بەسێ پەنجە نانی دەخوارد، کە لێ دەبوەوە پەنجەکانی دەلێستنەوە.[2]

لە عومەری ئەبو سەلەمەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) دەڵێ: من منداڵ بووم لەباوەشی پێغەمبەردا بووم، دەستم بەناو لەگەنی کێشتەکەدا دەهێناو دەبرد،

---

[1] م (٢٠١٨/١٥٩٨/٣)، د (٣٧٤٧/٢٣٩/١٠)، جە (٣٨٨٧/١٢٧٩/٢).

[2] م (٢٠٣٢ – ١٣٢/١٦٠٥/٣)، د (٣٨٣٠/٢٢٧/١٠).

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرمووم: «يَا غُلاَمُ سَمِّ اللَّهَ ، وَكُلْ بِيَمِينِكَ وَكُلْ مِمَّا يَلِيكَ».[١] ئەی لاوی خۆشەویست ناوی خودا بێنەو بەدەستی ڕاستت نان بخۆو لەبەردەمتەوە بخۆو دەست بەملاو بەولادا درێژ مەکە، عومەر دەڵێ: لەوەدوا ئیتر من بەوشێوە خواردنم خواردووەو لەو ئامۆژگارییە لام نەداوە.

لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لاَ يَأْكُلَنَّ أَحَدٌ مِنْكُمْ بِشِمَالِهِ وَلاَ يَشْرَبَنَّ بِهَا فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَأْكُلُ بِشِمَالِهِ وَيَشْرَبُ بِهَا».[٢] کەس لەئێوە بەدەستی چەپی نان نەخواو شلەمەنی پێ نەخواتەوە، چونکە شەیتان بەدەستی چەپی خواردن دەخواو بەویش دەخواتەوە.

لە سەلەمەی کوڕی ئەکوەعەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پیاوێک لەلای پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بەدەستی چەپی نانی دەخوارد، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرموو: «كُلْ بِيَمِينِكَ». بەدەستی ڕاستت خواردنەکە بخۆ، پیاوەکە وتی ناتوانم، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ اسْتَطَعْتَ مَا مَنَعَهُ إِلاَّ الْكِبْرُ». یاخوا هەر نەتوانی، لوتبەرزیو تەکەببور وای لێ کردی ئاوا هەڵوێست بنوێنی، سەلەمە کەراوی فەرموودەکەیە، دەڵێ: کابرا لەوەدوا نەیتوانی دەستی ڕاستی بەرز بکاتەوە بۆ دەمی.

---

[١] متفق علیه: خ (٩/٥٢١/٥٣٧٦)، م (٣/١٥٩٩/٢٠٢٢)، د (١٠/٢٥١/٣٧٥٩)، ت (١٨٨/١٩١٨ و ٣/١٨٩).

[٢] م (٣/١٥٩٨/٢٠٢٠)، د (١٠/٢٥٠/٣٧٥٨)، ت (٣/١٦٦/١٨٦٠).

له ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، کە پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِنَّ الْبَرَكَةَ تَنْزِلُ وَسَطَ الطَّعَامِ فَكُلُوا مِنْ حَافَتَيْهِ وَلاَ تَأْكُلُوا مِنْ وَسَطِهِ».[1] خێرو فەڕو بەرەکەت دادەبەزێتە ناوەڕاستی دەوری‌و بەلەم‌و لەگەنەکانەوە ئێوە لەقەراخی قاپەکانەوە خواردن هەڵبگرن‌و بیخۆن، دەست مەبەن بۆ ناوەڕاستی قاپەکەی خواردنەکەی تێدایە.

٥- نابێ فو لەخواردنی گەرم بکاو بیەوێ بەفوی دەمی ساردی بکاتەوە، با چاوەڕوان بکا تا خواردنەکە سارد دەبێتەوە.

٦- ئەگەر شتێك لەخواردنەکە کەوتە خوار با وازی لێ نەهێنێ، بەڵکوو هەڵیبگرێتەوەو پاکی بکاتەوەو بیخوا.

له جابیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: لە پێغەمبەرم زنەوت دەیفەرموو: «إِنَّ الشَّيْطَانَ يَحْضُرُ أَحَدَكُمْ عِنْدَ كُلِّ شَيْءٍ مِنْ شَأْنِهِ حَتَّى يَحْضُرَهُ عِنْدَ طَعَامِهِ فَإِذَا سَقَطَتْ مِنْ أَحَدِكُمُ اللُّقْمَةُ فَلْيُمِطْ مَا كَانَ بِهَا مِنْ أَذًى ثُمَّ لْيَأْكُلْهَا وَلاَ يَدَعْهَا لِلشَّيْطَانِ».[2] شەیتان لەهەموو شتێکی ئێوەدا خۆتێهەڵدەقورتێنێ، تەنانەت بۆ نانخواردنی هەریەکێ لەئێوە ئامادە دەبێ، جا کەیەکێك لەئێوە پاروەخواردنێکی لێ کەوتە خوار باتۆزو خۆڵەکەی لێ دوور بخاتەوەو بیخواو وازی لێ نەهێنێ شەیتان بیخوا.

٧- با هاوەڵو هاوسینییەکەی یا میوانەکەی وای بکا بیخاتە حاڵەتی ئیحراجەوەو پێی بڵێ: بخۆو ئیلحاحی لێ بکا، بەڵکوو پێویستە لەسەری بە لەسەرەخۆیی‌و ئەدەبەوە بەشی خۆی بخوا بەبێ شەرمکردن یان شەرم بەسەر خۆدا هێنان، چونکە ئەمە دەبێتە هۆکاری ئیحراج بوون بۆ هاوەڵەکەی یان بۆ

---

[1] م (٢٠٢١/١٥٩٩/٣).

[2] صحيح: (ص. ت/٢٣٨٠)، ت (٢٤٨٦/١٨/٤)، جه (٣٣٤٩/١١١١/٢).

میوانەکەی. هەروەکوو چۆن جۆرە ڕیباو خۆدەرخستنێکی تێدایە ڕیبابازیش حەرامو ناپەسەندە.

٨- بەهێندی بۆ لەگەڵ هاوەڵی سەرسینیداو هەوڵ نەدا زۆرینەی خواردنەکە بخوا یان لەهاوەڵەکەی زۆرتر بخوا، بەتایبەتی ئەگەر خواردنەکە کەم بێ. چونکە ئەگەر وا بکا مافی غەیر پێشێل دەکاو حەقی کەسانی دیکە دەخوا.

لە جەبەلەی کوڕی سوحەیمەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: ساڵێکی گرانیو قاتو قڕی یەخەی گرتبووین لەگەڵ ئیبنو زوبەیردا هەندێ خورمامان دەست کەوتبوو لەکاتی خورما خواردنماندا ئیبنو عومەر بەلاماندا تێپەڕی، پێی فەرمووین: دوو دوو خورماکان مەخەنە دەمتانەوە، چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی لەوە کرد کە مرۆڤ لەکاتی خواردنی خورماو شتی وادا دوو دوو خواردن بخاتە ناودەمی، مەگەر هاوەڵەکەی ئیزنی بدا.[1]

٩- لەکاتی نانخواردندا با سەیری هاوەڵانی نەکاو موراقەبەشیان نەکا، نەوەکوو شەرم بکەن، بەڵکوو پێویستە چاو داخاو سەیری بەردەمی خۆی بکاو نەڕوانێتە ئەملاو ئەولا، سەرە تاسکەیان لێ نەکاو نەبێتە چاودێر بەسەریانەوە چونکە ئەوە دەبێتەوە هۆی ئەوەی ڕقیان لێی ببێتەوە.

١٠- نابێ لەسەر سفرەو سینی نانخواردن کارێکی وابکا هاوەڵانی جاڕز بکا، نەچێ دەستی خۆی بتەکێنێتە ناو قاپی چێشتەکەو زۆر سەری خۆی شۆڕ نەکاتەوە بۆسەر خواردنەکە نەبادا لەدەمیەوە خواردن بکەوێتە ناو خواردنەکەوە، هاوەڵان قێزی لێ بکەنەوە، هەروەها نابێ وشەو ڕستەی وا بڵێ: کەهاوەڵان پێیان ناخۆش بێو بەو هۆیەوە واز لەخواردنەکە بهێنن.

---

[1] خ (٥٤٤٦/٥٦٩/٩).

١١- پێویستە نانخواردنی لەگەڵ هەژاران لەسەر بنەمای خۆنەویستی ئەنجام بدا، لەگەڵ هاوشانی خۆی بەشێوەی کراوەیی و شێوە موداعەبەو زەردەخەنە بێ، لەگەڵ خۆی گەورەترو خاوەن پلەو پایە بەئەدەب و حیشمەتەوە بێ.

١٢- واز لەخواردن بێنێ هێشتا حەزی لەخواردنەکە بێ، خۆبپارێزێ لەتێربوون و مڕبوون. پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَا مَلأَ آدَمِيٌّ وِعَاءً شَرًّا مِنْ بَطْنٍ بِحَسْبِ ابْنِ آدَمَ أُكُلاَتٌ يُقِمْنَ صُلْبَهُ فَإِنْ كَانَ لاَ مَحَالَةَ فَثُلُثٌ لِطَعَامِهِ وَثُلُثٌ لِشَرَابِهِ وَثُلُثٌ لِنَفَسِهِ».[1] مرۆڤ هیچ کیسەیەکی پڕ نەکردووە خراپتر بێ لەپڕکردنی گەدەی، بەسە بۆ ئادەمیزاد چەند پارویەك پشتی رابگرن، ئەگەر هەر هیچ نەبێ با گەدەی بکا بەسێ بەش بەشێکی بۆ خۆراك و بەشێکی بۆ شلەمەنی و شەرابەکەی بەشێکیشی بۆ هەناسەدانی.

داب و نەریتی دوای خواردنیش ئەمانەن

١- قاپی خواردنەکە باش بماڵێ و هیچی تێدا نەهێڵێ، پەنجەکانیشی بلێسێتەوە.

لە ئەنەسەوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کەخواردنێکی دەخوارد سێ پەنجەکانی خۆی دەلێستنەوەو دەیفەرموو: «إِذَا سَقَطَتْ لُقْمَةُ أَحَدِكُمْ فَلْيُمِطْ عَنْهَا الأَذَى وَلْيَأْكُلْهَا وَلاَ يَدَعْهَا لِلشَّيْطَانِ». ئەگەر یەکێکتان پاروی لێ کەوتە خوارەوە با پاکی بکاتەوەو بیخواو وازی لێ نەهێنێ ببێتە خۆراکی شەیتان، ئەنەس دەڵێ: فەرمانیشی پێ کردین کە قاپ و لەگەنی خواردنەکە باش بماڵین. فەرمووشی: «فَإِنَّكُمْ لاَ

---

[1] صحيح: (ص. ت/٣٢٨٠)، ت (٤/١٨/٢٤٨٦)، جه (٢/١١١١/٣٣٤٩)، ص (٣٢٨/١٣٤٨)، ك (٤/١٢١).

تَدْرُونَ فِي أَيِّ طَعَامِكُمُ الْبَرَكَةُ».[1] چونكە ئێوە نازانن بەرەكەتو فەڕ لەكوێی خواردنەكەتاندایە.

لە جابیرەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی كرد بە لستنەوەی پەنجەكانو ڕامالینی خۆراكی ناو قاپو دەوریەكان، فەرمووشی: «فَإِنَّكُمْ لاَ تَدْرُونَ فِي أَيِّ طَعَامِكُمُ الْبَرَكَةُ».[2] ئێوە نازانن بەرەكەتو فەڕ لەكوێی خواردنەكەدایە.

٢- سوپاسی خودا بكا لەسەر خواردنەكە.

لە ئەبو ئومامەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) كەسفرەی خواردنەكەی هەڵدەگرتەوە دەیفەرموو: «الْحَمْدُ لِلَّهِ كَثِيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فِيهِ ، غَيْرَ مَكْفِيٍّ، وَلاَ مُوَدَّعٍ وَلاَ مُسْتَغْنًى عَنْهُ، رَبَّنَا».[3] حەمدو سوپاس بۆ خودا، سوپاسی زۆرو هەڵقوڵاو لەناخەوە لەسەر ئەو هەموو نیعمەتە جۆراو جۆرو پاكوخاوێنو بەرەكەت ئامێزە، سوپاسی نیعمەتەكانی دەكەینو سپڵەو پێنەزان نین، خودا نیعمەتی خۆیمانی لێ نەبڕێ، ئێمە هەرگیز لەنیعمەتی خودا بێ ئاتاج نین.

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ أَكَلَ طَعَامًا ثُمَّ قَالَ الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَطْعَمَنِي هَذَا الطَّعَامَ وَرَزَقَنِيهِ مِنْ غَيْرِ حَوْلٍ مِنِّي وَلاَ قُوَّةٍ غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ وَمَا تَأَخَّرَ».[4] كەسێك خواردنێكی نۆش كرد، پاشان بڵێ: سوپاس بۆ ئەو خودایەی ڕزقو ڕۆژی

---

[1] م (٣/١٦٠٧/٢٠٣٤)، ت (٣/١٦٧/١٨٦٣)، د (١٠/٢٢٥/٣٨٢٧).

[2] م (٣/١٦٠٦/٢٠٣٣).

[3] خ (٩/٥٨٠/٥٤٥٨)، ت (٥/١٧٠/٣٥٢١)، د (١٠/٣٢٨/٣٨٣١)، جه (١٠٩٢/٣٢٨٤ و ٢/١٠٩٣).

[4] حسن: (ص. ت/٢٤٥٨)، ت (٥/١٧١/٣٥٢٣)، د (٤٠٠٤/٦٤، ١١/٦٥).

پێدام بەبێ ئەوەی هێزو توانای خۆمی تێدا خەرج کرابێ، ئەوە ئەو کەسە تاوانی رابردوو داهاتووی بەرلێخۆشبوونی خودا دەکەوێ.

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ أَطْعَمَهُ اللَّهُ طَعَاماً فَلْيَقُلِ اللَّهُمَّ بَارِكْ لَنَا فِيهِ وَأَطْعِمْنَا خَيْراً مِنْهُ وَمَنْ سَقَاهُ اللَّهُ لَبَناً فَلْيَقُلِ اللَّهُمَّ بَارِكْ لَنَا فِيهِ وَزِدْنَا مِنْهُ».[1] کەسێك خودا خواردنێکی بۆ فەراهەم هێنا بڵێ: خودایە فەڕو بەرەکەت بخەرە خواردنو بژێومانەوە، خواردنی چاکترو زۆرترمان بۆ دەستەبەر بکە. کەسێك خودا شیرو شلەمەنیەکی بۆ فەراهەم هێناو نۆشی کرد با بڵێ: خودایە بەرەکەتو فەڕ بخەرە ناو شیرەمەنیو خواردنەکانمانو بۆمان زیاد بکە.

٣- ئەگەر وارێکەوت لەسەرەتای خواردنو خواردنەوەیدا لەیادی نەبوو ناوی خودا بێنێو (بِسْمِ اللَّهِ) بکا با لەکۆتاییدا ناوی خودا بهێنێو بڵێ: بەناوی خودا لەسەرتاو کۆتاییدا.

لەخاتو عائیشەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِذَا أَكَلَ أَحَدُكُمْ طَعَامًا فَلْيَقُلْ بِسْمِ اللَّهِ فَإِنْ نَسِيَ فِي أَوَّلِهِ فَلْيَقُلْ بِسْمِ اللَّهِ فِي أَوَّلِهِ وَآخِرِهِ».[2] ئەگەر یەکێك لەئێوە ویستی دەست بکا بەخواردنی خواردنێك با بڵێ: (بِسْمِ اللَّهِ) ئەگەر لەسەرتاوە لەیادی چوو ناوی خودای نەهێنا با بڵێ (بِسْمِ اللَّهِ) لەسەرەتاو کۆتایی خواردنەکەدا.

---

[1] حسن: (ص. ت/٣٤٥٥)، ت (١٦٩/٣٥٢٠ و ٥/١٧٠)، د (١٩٦/٣٧١٢ و ١٠/١٩٧)، جه (١٠٨٦/٣٣٦٤ و ٢/١٠٨٧).

[2] صحيح: (ص. د/٣٢٠٢)، د (٢٤٠/٣٧٤٩ و ١٠/٢٤١)، ت (١٩٢٠/١٩٠/٣).

٤- ئەگەر كەسێك لەسەر سفرەو خوانی كەسانێكی تر نانی خوارد (خواردنێكی نۆش كرد) با دوعایان بۆ بكا خودا بەرەكەت بخاتە رزق‌و رۆژییانەوە.

له ئەنەسەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هات بۆلای سەعدی كوڕی عوبادە، ئەویش نان‌و زەیتی خستە بەردەمی‌و پێشكەشی كرد، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لێی خوارد، پاشان فەرمووی: «أَفْطَرَ عِنْدَكُمُ الصَّائِمُونَ وَأَكَلَ طَعَامَكُمُ الأَبْرَارُ وَصَلَّتْ عَلَيْكُمُ الْمَلاَئِكَةُ». ڕۆژووەوانەكان لەسەر خوانی ئێوە ڕۆژوویان شكاند، پیاوچاكان تەعامی ئێومیان خوارد فریشتە داوای لێخۆشبوون لەتاوانیان بۆ ئێوە كرد.

٥- وا باشە دوای نان خواردن كابرا بەدەستەسرێك دەستی بسڕێتەوە، یان بیانشوا، هەڵبەتە شۆشتن باشترە لەسڕینەوە.

نامەی شلەمەنییەكانی دەخورێنەوە (كتاب الأشربة)

ئەو شلەمەنییانەی ئادەمیزاد دەیانخواتەوە لە ئاوو شیرو هەنگوین‌و ئەو جۆرە شتانە، هەموویان لەنازو نیعمەتی خودان كە بەبەندەكانی خۆی بەخشیون، بۆیە خودا منەتیان بەسەردا دەكاو فەرمانیان پێدەكا: كە سوپاسگوزاری بن‌و هەمیشە نیعمەتەكانی پەروەردگاریان لەبەرچاو بێ.

خودا لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: {وَهُوَ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ بُشْراً بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ وَأَنزَلْنَا مِنْ السَّمَاءِ مَاءً طَهُوراً. لِنُحْيِيَ بِهِ بَلْدَةً مَيْتاً وَنُسْقِيَهُ مِمَّا خَلَقْنَا أَنْعَاماً وَأَنَاسِيَّ كَثِيراً}.

ئێمە لەئاسمانەوە ئاوێكی پاك‌و پاكەوەكەرمان باراندوە بۆئەوەی زەوی وشك‌و سوتەمەڕۆی پێ زیندوبكەینەوە درەخت‌و ڕوەك‌و بەروبوومی كشت‌و كاڵی تێدا فەراهەم بێنین، دروستكراوانی خۆمان لە گیانلەبەران بەگشتی‌و ئادەمیزادەكان بەتایبەتی تێراو بكەین.

هەروا دەفەرموێ: {هُوَ الَّذِي أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً لَّكُم مِّنْهُ شَرَابٌ وَمِنْهُ شَجَرٌ فِيهِ تُسِيمُونَ - النحل/١٠}.

پەروەردگار خودایەكی وەهایە لەبەرزاییەوە ئاوی بۆ باراندون لەهەندێكی دەخۆنەوەو بۆ پێداویستی ژیانی خۆتان بەكاری دێنن، هەر بە ئەو ئاوە روەك‌و درەختمان رواندوە بۆئەوەی ئێوە سودی لێ وەرگرن‌و بیكەنە لەوەرگای ئاژەڵەكانتان‌و ئاڵف‌و ئالیكی لێ دەستەبەر بكەن بۆیان‌و هەروا ئەو روەك‌و درەختانە زەوی ئارایش بدەن‌و دیمەنی جوان‌و رەنگاو رەنگتان بۆ پێك بێنن.

هەروەها دەفەرموێ: {فَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَسْقَيْنَاكُمُوهُ وَمَا أَنتُمْ لَهُ بِخَازِنِينَ - الحجر/٢٢}. ئێمە لە ئاسمانەوە ئاومان بۆ باراندون‌و ئێوەمان پێ تێراو كردوە خۆتان‌و ئاژەڵەكانتان‌و كشت‌و كاڵ‌و باغ‌و بێستان‌و دارستان بەو ئاوە تێراو دەبن، هەندێكیش لە ئاوی ئەو بارانە لەناخی زەویدا پەزمەندە دەكەین‌و بەگوێرەی پێویست دەیكەین بە كانیاوو روبار بۆئەوەی هەمیشە سودی لێ وەربگرن، ئەوە دەسەڵات‌و توانای ئێمەیە ئەو ئاوە لەناو زەویدا خەزن دەكەین، ئێوە توانای ئەوەتان نیەو ئەو كارەتان لەدەست نایە.

لە ئایەتێكی تردا دەفەرموێ: {وَإِنَّ لَكُمْ فِي الْأَنْعَامِ لَعِبْرَةً نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهِ مِن بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ لَّبَنًا خَالِصًا سَائِغًا لِّلشَّارِبِينَ - النحل/٦٦}. بۆ ئێوە هەیە لە ئاژەڵەكانتاندا عیبرەت‌و ئامۆژگاری، ئەگەر وردببنەوە دەزانن ئێمە چ نیعمەتێكمان بۆ ئێوە فەراهەم هێناوە ئەوەتا لەنێو ئەو شیاكەو خوێنەی ناوگەدەی ئاژەڵەكانتان ئێمە شیرێكی پاڵفتە كراوی گوارای تام‌و بۆنخۆشتان بۆ دەستەبەر دەكەین‌و دەیخۆنەوە بەجۆرەها شێوە سودی لێ وەردەگرن.

یان دەفەرموێ: {يَخْرُجُ مِن بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاءٌ لِّلنَّاسِ - النحل/٦٩}. دێتەدەر لەگەدەی ئەو حەشەرە پچكۆلە كاسبكارە

سەرسوڕهێنەرە شەرابێکی ڕەنگ جیاجیا، کە دەرمانی چەند نەخۆشی تێدایە بۆ ئادەمیزاد، یان دەفەرموێ: {أَفَرَأَيْتُمُ الْمَاءَ الَّذِي تَشْرَبُونَ. أَأَنْتُمْ أَنزَلْتُمُوهُ مِنَ الْمُزْنِ أَمْ نَحْنُ الْمُنزِلُونَ. لَوْ نَشَاءُ جَعَلْنَاهُ أُجَاجاً فَلَوْلا تَشْكُرُونَ – الواقعة/٦٨-٧٠}.

ئەوە نابینن ئەو ئاوەی دەیخۆنەوەو نۆشی دەکەن ئایا ئێوە لە هەورەوە باراندوتانە یان ئێمەین دەیبارێنین، خۆ ئەگەر بمانەوێ ئەو ئاوە شیرینو گوارایە دەکەینە ئاوێکی تفتو تاڵو بە کەڵکی هیچ نەیە، ئەوە بۆ سوپاسی خودا ناکەن؟.

ئەصڵو بنەما لە شلەمەنییە خوراوەکاندا ئەوەیە کە حەڵاڵو زوڵاڵن هیچ کامێکیان حەرام ناکرێن مەگەر بەڵگەیەك هەبێ لەسەر حەرامبوونی، لەوەپێش لەنامەی (الحدود)دا باسی شەرابو ئەو شلەمەنییانەی دەشوبهێن بە خەمرەوەو حوکمی ئەویان هەیە، باسکرانو ئاماژەیان بۆ کرا ئەوەش بزاندرێ کە: مەکروهو نەشیاوە تێکەڵکردنی زیاد لەجۆرێك لەئەو شلەمەنییانەی لە ئاکامی گوشینی میوەی وەکوو خورماو مێوژو شتی لەوجۆرەی کە خەڵك دەیگوشێ، مەبادا گورینو تەخەممووریان تێدا پەیدابێو بیخواتەوەو نەزانێ کە گوراوەو بۆتە شەراب.

لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی کردوە لەوەی خورماو مێوژ تێکەڵ بکرێن یان خورمای نەگەییوو خورمای گەییو تێکەڵ بەیەك بکرێنو بگوشرێنو شلەمەنییان لێ دروست بکرێ.[1]

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بۆیە نەهی لەو تێکەڵکردنە کردوە نەوەکوو زوو ئەو گوشراوە تێکەڵە بگورێو ببێتە سەرخۆشکەر،

---

[1] متفق عليه: خ(٥٦٠١/٦٧/١٠)، م(١٩٨٦/١٥٧٤/٣)، د(٣٦٨٥/١٦٥ و ١٦٦/١٠).

خۆئەگەر نەگوراو نەبوە خەمرە، خواردنەوەی حەلاڵە. هەروەکوو چۆن پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی لەسرکە دروستکردن کردوە لە قاپو قاچاغی دیاریکراودا لەبەر هەمان هۆ، وەڵێ پاشان فەرمانی پێکردن بە خواردنەوەی نەبیذەکە بەمەرجێ نەبوبێتە سەرخۆشکەر.[1]

ئادابو ڕێورەسمی شت خواردنەوە

١- هەرکاتێك مرۆڤ ویستی شتێك بخواتەوە ناوی خودا بێنێ بڵێ: (بسم الله)

لە عومەری کوڕی ئەبو سەلەمەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: گەنجێك بووم تازە پێدەگەیشتم لەماڵی پێغەمبەردا بووم، لەکاتی نانخواردندا دەستم بەناو لەگەنەکەدا دەگێڕا، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرمووم: «يَا غُلاَمُ سَمِّ اللَّهَ ، وَكُلْ بِيَمِينِكَ وَكُلْ مِمَّا يَلِيكَ»[2]؛ ڕۆڵە، ناوی خودا بێنەو بەدەستی ڕاستت بخۆو دەست بۆ ئەملاو ئەولای لەگەنی خواردنەکە مەبەو لەلای خۆتەوە بخۆو دەست بەرە بۆ ئەولایەی کە لێتەوە نزیکە.

ئیمامی نەوەوی فەرموویەتی: (بسم الله) کردن لەکاتی ئاو خواردنەوە یان شیرخواردنەوەدا هەروا بۆ باقی شلەمەنییەکانی تر وەکوو (بسم الله)کردن وایە لەسەر نانخواردن، هەرئەوەندە بڵێ: (بسم الله) کیفایەتە.[3]

٢- وا باشو پەسەندە بەدەستی ڕاستی شلەمەنییەکە بخواتەوە:

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لاَ يَأْكُلَنَّ أَحَدٌ مِنْكُمْ بِشِمَالِهِ وَلاَ يَشْرَبَنَّ بِهَا

---

[1] المغنى لأبن قدامة ج٨/٣١٩.

[2] متفق عليه: خ(٩/٥٢١/٥٣٧٦)، م(٣/١٥٩٩/٢٠٢٢)، د(١٠/٢٥١/٣٧٥٩).

[3] صەحیحی موسلیم بە شەرحی نەوەوی ج١٣/١٨٩.

فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَأْكُلُ بِشِمَالِهِ وَيَشْرَبُ بِهَا».[(١)] باهیچ یەکێ لەئێوە بەدەستی چەپی خواردن نەخواو شلەمەنی نەخواتەوە، چونکە شەیتان بەدەستی چەپی دەخواو دەخواتەوە.

٣- واباشە بەدانیشتنەوە ئاوو شلەمەنی بخواتەوە:

لەئەبو سەعیدی خودرییەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) نەهی کردوە لەوەی بەڕاوەستانەوە ئاو بخورێتەوە.[(٢)]

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ يَشْرَبَنَّ أَحَدٌ مِنْكُمْ قَائِمًا فَمَنْ نَسِيَ فَلْيَسْتَقِئْ»[(٣)]: با هیچ کەس لەئێوە بەڕاوەستانەوە ئاوو شتی وا نەخواتەوە کەسێ لەبیری چوو ئاوی بەڕاوەستانەوە خواردەوە با خۆ بڕشێنێتەوە.

٤- بە قاپێك ئاو بخواتەوە ئاوەکە ببیندرێو بزاندرێ چۆنەو چی تێدایە. بەقاپێکی وا نەخواتەوە ئاوەکەی تێدا نەبیندرێ وەکوو سواڵەتو شتی وا.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) نەهی کرد لەوەی لەدەمی کوندەو شەربەو شتی وا ئاو بخورێتەوە واتە دەبێ ئاوەکە بکرێتە ناو قاپێکەوە ببیندرێ ئەمجار بخورێتەوە.[(٤)]

٥- لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) نەهی کردوە لەوەی لەدرزو کونی قاپو شتی وا ئاو بخورێتەوە.[(٥)]

[(١)] م (٢٠٢٠/١٥٩٨/٣)، د(٣٧٥٨/٢٥٠/١٠)، ت(١٨٦٠/١٦٦/٣).

[(٢)] م(٢٠٢٤/١٦٠٠/٣).

[(٣)] م(٢٠٢٦/١٦٠١/٣).

[(٤)] خ(٥٦٢٧/٩٠/١٠).

[(٥)] صحيح: (ص.د/٣١٥٦)، د(٣٧٠٤/ ١٨٨ و ١٨٩/ ١٠).

الخطابی دەفەرموێ: بۆیـە نـەهی کـراوە لـەئاو خواردنـەوە لـەدرزو کـونی ئەو دەفرو حاجەتانەی ئاویان تێدایە چونکە ئەگەر کابرا لەو درزو کونانـەوە ئاو بخواتەوە ئاوەکە بەسەر دەمو چاویو جلەکانیـدا دەپـرژێ. چـونکە کـونو درزی دەمی تێناکەوێ، ئـاو خۆرەوەکـە ناتوانـێ بـەدەمو لێـوی کـونو درزەکـان کۆنـترۆڵ بکا.

گوتراوە ئەو کونو درزانـە (مقعـد الـشیطان) کورسـیو شـوێنی شـەیتانن، وێدەچێ مانـای ئـەم دەسـتەواژە ئـەوەبێ کەشـوێنی کـونو درزی ئـەو شـتانەی ئاویان تێدا هەڵدەگیرێ بەشتنو شتی وا پاك ناکرێنەوەو دەسـتیان تێناکـەوێ، کەوابێ ئاو خواردنەوە لەو شوێنانە بە پاكو خاوێنی دەستەبەر نابێ.

ئەمەش کردەوەی شەیتانەو تەسویلو ڕێخۆشـکردنی ئـەوە، هـەروەها کـە هەوڵیدا لە کونو درزی قاپی ئاو تێداهەڵگیراودا ئاو بخواتەوەو دەمی پێوە ناو ئاوەکە بەدەمو چاویدا پرژاو سینگـو بەرۆکی تەڕبوون ئەوە بەکاری شـەیتان دەژمێردرێ ئەزیەتدانەکە لە ئەوەوەیە.[1]

٦- نابێ ئاوو شلەمەنی تر لە پیاڵەو جامی زێڕو زیودا بخواتەوە

لە عەبدوررەحمانی کوڕی ئەبو لەیلاوە ڕیوایەتکراوە، گوتوویـەتی: ئێمـە لای حوزەیفە بووین لە مەدائین، داوای ئاوی کرد کابرایەکی ئـاگر پەرسـت لـە پیاڵەیەکی زیودا ئاوی بۆ هێنا، پیاڵەکەی لەدەست وەرگـرت پێیـا مـاڵی، وتـی: من فەرمانم پێکردوە کە لەپیاڵـەی زیـودا ئـاوم بـۆ نـەهێنێ، مـن بـۆ خـۆم بـە گوێچکەی خۆم لە پێغەمبەرم ژنەوت (دروودی خودای لەسەر بـێ) فـەرمووی: «لاَ تَلْبَسُوا الْحَرِيرَ وَلاَ الدِّيبَاجَ وَلاَ تَشْرَبُوا فِي آنِيَةِ الـذَّهَبِ وَالْفِـضَّةِ ، وَلاَ تَـأْكُلُوا فِي صِحَافِهَا ، فَإِنَّهَا لَهُمْ فِي الدُّنْيَا وَلَكُمْ فِي الآخِرَةِ».[2] ئاوریشمو دیباج مەکەنـە

---

[1] معالم السنن ج٥/٢٨٤.

[2] متفق عليه: خ(٥٤٢٦/٥٥٤/٩)، م(٢٠٦٧/١٦٣٧ و ١٦٣٨/٣).

پۆشـاكی پیاوانتـان، لـه قـاپو پیاڵـەی زێـڕو زیویـشدا خـواردن مـەخۆنو مەخۆنەوە، قاپو پیاڵەی زێڕو زیو شت تێدا خواردنیان لەژیانی دونیادا بـۆ ئەوانە (واتە بۆ كافرەكانە) لە قیامەتیش بۆ ئێوەی موسوڵمانە.

لـە ئوممـو سـەلەمەوە ڕیوایـەتكراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الَّذِي يَشْرَبُ فِي إِنَاءِ الْفِضَّةِ إِنَّمَا يُجَرْجِرُ فِي بَطْنِهِ نَارَ جَهَنَّمَ».[1] ئـەوەی لـە پیاڵـەی زیـودا ئـاوو شـلەمەنی دەخواتـەوە ئـەوە بابزانـێ ئاگری دۆزەخ دەخاتە ورگی خۆیەوە.

٧- نابێ لەكاتی ئاو خواردنەوەدا هەناسە بداتە ناو ئاوەكە.

لە ئەبو قەتادەوە ڕیوایەتكراوە: كە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێ) فەرموویەتی: «إِذَا شَرِبَ أَحَدُكُمْ فَلاَ يَتَنَفَّسْ فِي الإِنَاءِ».[2] ئەگـەر یـەكێك لەئێوە ئاوو شلەمەنی خواردەوە با هەناسە نەداتە ناو پیاڵە ئاوەكە.

٨- واباشە بەسێ وەجبە پیاڵە ئاوەكە بخواتەوە.

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتكراوە: كـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) لـەكاتی ئـاو خواردنـەوەدا سـێجار هەناسـەی دەدا، واتـە: بەسـێجار ئاوەكـەی نۆش دەكرد. موسـلیمو تیرمیـزی لـە ڕیوایەتەكـە ئەمەشیان زیـادكردووە: كە فەرموویەتی (دروودی خـودای لەسـەر بـێ): «إِنَّـهُ أَرْوَى وَأَبْـرَأُ وَأَمْـرَأُ».[3] ئـەم جۆرە ئاو خواردنەوە باشتر تینوایەتی دەشـكێنێو دەرد دەرمـان دەكـاو گواراو خۆشتر قوت دەچێ.

٩- دەبێ دوای خواردنەوەی ئاوو شلەمەنییەكە سوپاسی خودا بكا:

---

[1] متفق عليه: خ(٥٤٢٦/٥٥٤/٩)، م(٢٠٦٧/١٦٣٤/٣)، جة(٣٤١٣/١١٣٠/٢).

[2] متفق عليه: خ(٥٦٣٠/٩٢/١٠)، م(٢٦٧-٥٦/٢٢٧/١)، ت(١٩٥١/٢٠٢/٣).

[3] متفق عليه: خ(٥٦٣١/٩٢/١٠)، م(٢٠٢٨/١٦٠٢ و ١٦٠٣/٣)، ت(١٩٤٥/٢٠١/٣).

له ئه‌بو ئه‌ییوبی ئه‌نصارییه‌وه ڕیوایه‌تكراوه، ده‌ڵێ: پێغه‌مبه‌ر (دروودی خودای له‌سه‌ر بێ) كه‌ خواردنی ده‌خوارد یان ئاوو شله‌مه‌نی ده‌خوارده‌وه ده‌یفه‌رمووو: «الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَطْعَمَ وَسَقَى وَسَوَّغَهُ وَجَعَلَ لَهُ مَخْرَجًا». حه‌مدو سوپاس بۆ خودایه‌ك خواردنی داو ئاوی فه‌راهه‌م هێناو تێرو تێراوی كردین وای لێ كردن به‌ ئاسانی به‌ قوڕگدا بچێته‌ خوارو دوای سود لێ وه‌رگرتن له‌و خواردن‌و خواردنه‌وه‌یه‌ ڕێگای ده‌رچوونی بۆ فه‌راهه‌م هێناوه‌و به‌شێوه‌ی سروشتی ده‌ری ده‌ده‌ینه‌وه‌.

له‌ ئه‌نه‌سی كوڕی مالیكه‌وه‌ ڕیوایه‌تكراوه: كه‌ پێغه‌مبه‌ر (دروودی خودای له‌سه‌ر بێ) فه‌رموویه‌تی: «إِنَّ اللَّهَ لَيَرْضَى عَنِ الْعَبْدِ أَنْ يَأْكُلَ الأَكْلَةَ فَيَحْمَدَهُ عَلَيْهَا أَوْ يَشْرَبَ الشَّرْبَةَ فَيَحْمَدَهُ عَلَيْهَا». بێگومان په‌روه‌ردگار له‌ عه‌بدی خۆی ڕازی ده‌بێ كه‌ خواردنێكی خوارد سوپاسی له‌سه‌ربكا، كه‌ شله‌مه‌نییه‌كی خوارده‌وه‌ سوپاسی خودای له‌سه‌ربكا.

له‌ ئیبنو عه‌بباسه‌وه‌ ڕیوایه‌تكراوه، ده‌فه‌رموێ: پێغه‌مبه‌ر (دروودی خودای له‌سه‌ر بێ) فه‌رمووی: «إِذَا سُقِيَ أَحَدُكُمْ لَبَنًا فَلْيَقُلِ اللَّهُمَّ بَارِكْ لَنَا فِيهِ وَزِدْنَا مِنْهُ. فَإِنَّهُ لَيْسَ شَيْءٌ يُجْزِئُ مِنَ الطَّعَامِ وَالشَّرَابِ إِلاَّ اللَّبَنُ».[1] ئه‌گه‌ر یه‌كێ له‌ئێوه‌ پیاڵه‌ شیرێكی ده‌رخواردرا، با بڵێ: خودایه! فه‌ڕو به‌ره‌كه‌تمان بۆ تێبخه‌و بۆمان زۆربكه‌، بێگومان هیچ شله‌مه‌نییه‌ك نیه‌ وه‌كوو شیر بری خواردن‌و خواردنه‌وه‌ بكه‌وێ.

سوننه‌ته‌ بۆ كه‌سێك كه‌ شیره‌مه‌نی ده‌خواته‌وه‌ یان شتێكی چه‌ور ده‌خوا پاش خواردنه‌وه‌و خواردنه‌كه‌ ئاو له‌ده‌م ڕادا.

---

[1] حسن (ص.ت/٣٤٥٥)، ت(٣٥٢٠/١٦٩-١٧٠/٥)، د(٢/٣٧/١٩٦ و ١٩٧/١٠).

لـه ئیبنـو عەبباسـەوە ڕیوایـەتكراوە، دەفـەرموێ: پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕۆژێـك شیری خواردەوە، دوایـی داوای ئاوی كـرد لـەدەمی ڕاداو فەرمووی: (ان لە دسماً)[1] بێگومان شیر چەوری پێوەیە.

لـە ئەنەسـەوە ڕیوایـەتكراوە، دەفـەرموێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) جارێـك پیاڵـە شـیرێكی خـواردەوە، ئـاوی لـەدەم ڕانـەداو دەستنوێژیشی نەگرتەوەو نوێژی كرد.[2]

١٠- ئەگـەر مـێش كەوتـە نـاو پیاڵە شـلەمەنی یـەكێ ئێـوە بـا بەتـەواوی مێشەكە لە شلەمەنییەكەدا نقوم بكاو ئـەمجار فڕێـی بداتـە دەرەوە. بێگومـان لە باڵێكیانی دا دەرد هەیە لە باڵەكەی تریدا دەرمان هەیە.[3]

١١- ئەگــەر یـەكێك شـتێكی خـواردەوە ئـەمجار بابیـدا بـەوەی لـەلای ڕاستییەوەیەتی.

لـە ئەنەسـەوە ڕیوایـەتكراوە: كـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) ماسـتاویان بۆهێنـا، لـەلای ڕاسـتییەوە عـەرەبێكی دەشـتەكی لێ بـوو، لـەلای چەپیشی حەزرەتی ئەبوبەكر دانیشتبوو، پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) لەماسـتاوەكەی خـواردەوە، ئـەمجار دای بـەكابرای عـەرەبو فـەرمووی: «الأَيْمَنَ فَالأَيْمَنَ». لای ڕاست پـێش بخـەن، هـەموو كاتـێ گرنگـی بـەلای ڕاست بدەن.

١٢- ئەگەر یەكێك ئاوی گێڕا بەسەر هاوەڵانیدا با بۆخۆی دوا هەموان ئـاو بخواتەوە.

---

[1] متفق عليه: خ(٢١١/٣١٣/١)، م(٣٥٨/٢٧٤/١).

[2] حسن (ص.د:١٨١)، د(١٩٤/٣٣١/١).

[3] خ(٥٧٨٢/٢٥٠/١٠)، جة(٣٥٠٥/١٩٥٩/٢)، د(٣٨٢٦/٣٢٤/١٠).

له ئەبو قەتادەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «سَاقِيَ الْقَوْمِ آخِرُهُمْ شُرْبًا». ئاوگێڕی قەوم بۆ خۆی دوا هەموان ئاو دەخواتەوە.

فائیدەیەکی پزیشکی لە فەرمودەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ):

پێویستە موسوڵمانان قاپو قاچاغی خواردنو خواردنەوە تێدا هەڵگیراو بەسەر بڵاویو سەر نەگیراویو مەکشوفی نەهێڵنەوە، پابەندی فەرمانی خوداو پێغەمبەری خودابنو خۆ بپارێزن لە گوێڕایەڵی بۆ شەیتانو توشبووون بە نەخۆشیو میکروب.

له جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «غَطُّوا الإِنَاءَ وَأَوْكُوا السِّقَاءَ».[1] قاپو مەنجەڵی خواردن داپۆشن، دەمی کوندەو مەشکەو شتی وا ببەستن. ئیمامی موسلیم ئەم دەستەواژەشی بۆ فەرمودەکەی پێشەوە زیادکردوە فەرموویەتی: «فَإِنَّ فِي السَّنَةِ لَيْلَةً يَنْزِلُ فِيهَا وَبَاءٌ لاَ يَمُرُّ بِإِنَاءٍ لَيْسَ عَلَيْهِ غِطَاءٌ أَوْ سِقَاءٍ لَيْسَ عَلَيْهِ وِكَاءٌ إِلاَّ نَزَلَ فِيهِ مِنْ ذَلِكَ الْوَبَاءِ». بێگومان لەماوەی ساڵدا شەوێکی تێدایە تاعونو نەخۆشی دەبارێ، بەلای هەر قاپێکی سەر بەتاڵدا یان کوندەو مەشکەی دەم نەبەستراودا تێپەڕێ ئیللا لەو نەخۆشییەی تێدەکەوێ.

هەر لەجابیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «غَطُّوا الإِنَاءَ وَأَوْكُوا السِّقَاءَ وَأَغْلِقُوا الْبَابَ وَأَطْفِئُوا السِّرَاجَ فَإِنَّ الشَّيْطَانَ لاَ يَحُلُّ سِقَاءً وَلاَ يَفْتَحُ بَابًا وَلاَ يَكْشِفُ إِنَاءً فَإِنْ لَمْ يَجِدْ أَحَدُكُمْ إِلاَّ أَنْ

[1] متفق عليه: خ(٦/٣٥٥/٣٣١٦)، م(٣/١٥٩٦/٢٠١٤)

يَعْرُضَ عَلَى إِنَائِهِ عُودًا وَيَذْكُرَ اسْمَ اللَّهِ فَلْيَفْعَلْ فَإِنَّ الْفُوَيْسِقَةَ تُضْرِمُ عَلَى أَهْلِ الْبَيْتِ بَيْتَهُمْ». [1]

قاپو حاجەتی خواردەمەنی داپۆشن، دەمی کوندەو مەشکە ببەستن، دەرگای خانوبەرەی خۆتان دابخەن، چرا بکوژێننەوە بێگومان شەیتان دەمی کوندەو مەشکەی بەستراو ناکاتەوە، دەرگای داخراوو پێوەدراو ناکاتەوە، پەردە لەسەر قاپی خواردەمەنی تێدا هەڵگێراو لانابا، ئەگەر کەسێ هیچی لەمانە بۆ نەکرا با دارێك چیلکەیەك بەسەر قاپەکەدا رابنگێوێو ناوی خودا بێنێ، بۆیە چراو ئاگرو شتی وا بکوژێننەوە لەشەودا، چونکە جرو جانەوەرو پشیلەو شتی وا لەوانەیە بەهۆیەك لە هۆیەکان ببنە هۆکاری ئاگرکەوتنەوە.

باسی وەسیەتکردن

وشەی (وصيّة) لەزمانی عەرەبیدا چاوگەو لە (وصيّت الشيء أوصيه) وەرگیراوە کە بەمانا لێکدانو پێکەوە گرێدانی شت دێ، کەوابێ وەسیەتکەر ئەوەی لەژیانی هەیە بەدوا مردنییەوە گرێ دەدا.

وەسیەت لە شەرعدا بریتییە لەوە ئادەمیزاد مڵکێك کتێبێك قەرزێك سودێك ببەخشێ بە یەکێکی تر، بەمجۆرە وەسیەت بۆکراو دوای مردنی وەسیەتکەر ببێتە خاوەنی شتە بەخشراوەکە.

حوکمی وەسیەت

وەسیەت واجبە لەسەر کەسێك ماڵێکی هەبێ وەسیەتی تێدابکا.

قورئان دەفەرموێ: {كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْراً الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ حَقّاً عَلَى الْمُتَّقِينَ – البقرة/١٨٠}

---

[1] م(٢٠١٢/١٥٩٤/٣).

پەروەردگار لەسەر ئێوەی نووسیوەو پێویستی کردوە: کە هەرکاتێك مردن لەیەکێك لەئێوە نزیك بۆوە بەمجۆرە توشی نەخۆشییەکی ترسناك بوبوو، یان کەوتبوە ساڵەوەو ماڵو سامانی بەجێ دەهێشت بۆ میراتگرەکانی، با وەسیەت بۆ باوكو دایكو هەندێ لە خزمانی بکا بە بەشێك لەو ماڵو سامانە، بەشێوەیەکی عادلانەو میانەڕەوانە.

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَا حَقُّ امْرِئٍ مُسْلِمٍ لَهُ شَيْءٌ ، يُوصِي فِيهِ يَبِيتُ لَيْلَتَيْنِ ، إِلاَّ وَوَصِيَّتُهُ مَكْتُوبَةٌ عِنْدَهُ».[1] ڕەوانیە بۆ مرۆڤی موسوڵمان شتێکی هەبێ وەسیەتی تێدابکاو دوو شەوی بەسەردا تێپەڕێ وەسیەتەکەی نەنووسیبێو لای خۆی داینەنابێ.

ئەندازەی ئەو ماڵو سامانەی سوننەتە وەسیەتی تێدا بکرێ

لە سەعدی کوڕی وەقاصەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) سەردانی نەخۆشی کردم، ئەوکاتە من لە مەککە بووم ئەو پێی ناخۆش بوو لەو وڵاتە بمرێ کە کۆچی لێوە کردوە پێی خۆش بوو لە غەریبی بمرێ. فەرمووی: «يَرْحَمُ اللَّهُ ابْنَ عَفْرَاءَ». خودا ڕەحم بەکوڕی (عەفراء) بکا. عەفرا ناوی دایکی سەعدە – وتم: ئەی پێغەمبەری خودا! هەموو ماڵەکەم بکەم بە وەصییەت؟ فەرمووی: نەخەیر. وتم: نیوەی بکەم؟ فەرمووی: نەخەیر نیوەیش زۆرە، وتم: قوربان سێیەکی بکەم؟ فەرمووی: سێیەك باشە هەرچەندە ئەویش زۆرە، ئەمجار فەرمووی: «إِنَّكَ أَنْ تَدَعَ وَرَثَتَكَ أَغْنِيَاءَ خَيْرٌ مِنْ أَنْ تَدَعَهُمْ عَالَةً يَتَكَفَّفُونَ النَّاسَ فِي أَيْدِيهِمْ ، وَإِنَّكَ مَهْمَا

---

[1] متفق عليه: خ(٢٧٣٨/٣٥٥/٥)، م(١٦٢٧/١٢٤٩/٣)، د(٢٨٤٥/٦٣/٨)، ت(٩٨١/٢٢٤/٢)، جة(٢٦٩٩/٩٠١/٢)، ن(٦/٢٣٨).

أَنْفَقْتَ مِنْ نَفَقَةٍ فَإِنَّهَا صَدَقَةٌ ، حَتَّى اللُّقْمَةُ الَّتِي تَرْفَعُهَا إِلَى فِي امْرَأَتِكَ ، وَعَسَى اللَّهُ أَنْ يَرْفَعَكَ فَيَنْتَفِعَ بِكَ نَاسٌ وَيُضَرَّ بِكَ آخَرُونَ» ئەتۆ ئەگەر میراتگرەکانت بەدەوڵەمەندی بەجێ بێڵی باشترە لەوەی بەهەژاری بەجێیان بێڵی‌و ببنە ئەرك بەسەر خەڵکەوەو دەست لەخەڵك پان بکەنەوەو چاویان لەدەستی خەڵك بێ، ئەتۆ چەندێك نەفەقەو بژیو بۆ خێزانت دابین بکەی دەبێتە مایەی صەدەقەو خێر، تەنانەت پاروە نانێك کە بەرزی دەکەیەوە بۆ سوحبەت‌و خۆشی بۆ دەمی هاوسەرەکەت. هەڵبەتە پرسیارەکەی سەعد ئاماژە بەوەبوو کە گوایە حەزی لەوەیە خێرەکەی زۆربێ، جا کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لێی مەنع کرد، بۆ تەسەللادانەوەی سەعد پێی فەرموو: هەرچی بکەی لە ماڵ‌و سامانتدا صەدەقەی واجب بێ یان سوننەت بێ ئەگەر مەبەستت ڕەزامەندی خودابێ پاداشی باشی لەسەر وەردەگریەوە.

ئەمجار پێی فەرموو: ڕەجاوایە خودا تەمەنت درێژبکا هاوکاری چەند غەزاو فتوحات بکەی موسوڵمانان لێت سودمەندبن بەهۆی غەنیمەت‌و دەستکەوتەکانی فتوحات کافرەکانیش لەسەر دەستی تۆ توشی هیلاکەت‌و زیان ببن، ئەم دوعاو ڕەجایەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بۆ سەعد هاتەدی‌و دوای ئەو نەخۆشییە چل پەنجا ساڵ ژیا، وەکوو مەشهوورە سەعد لەدوای حەجی ماڵئاوایی چل‌و پێنج ساڵ ژیاوە.

ئەوکاتەی سەعد ئەو پرسیارەی لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کرد تەنها یەك کچی میراتگری هەبوو.

میراتگر وەصیەتی بۆ ناکرێ

لە ئەبو ئومامەی باهلی‌یەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: ژنەوتم پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لە وتاری حەجی ماڵئاوایی‌دا، دەیفەرموو: «إِنَّ

اللَّهَ قَدْ أَعْطَى كُلَّ ذِي حَقٍّ حَقَّهُ فَلاَ وَصِيَّةَ لِوَارِثٍ».[1] بێگومان خودای مەزن بۆ هەموو خاوەن مافێك مافی خۆی داوەتێ، وەصیەتکردن بۆ میراتگر نابێ.

ئەوەی لەپێشەکی وەصیەتنامەدا دەنووسرێ

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: هاوەڵان لە پێشەکی وەصیەتنامەکانیاندا دەیاننوسی: بسم الله الرحمن الرحیم: ئەمە وەسیەتنامەی فلانی کوڕی فلانە شایەتی دەدا: کە جگە لەخودا هیچ خودای تر نین تاكو تەنهاو بێ شەریکە، موحەممەد بەندەو پێغەمبەری خودایە، قیامەت رادەبێو شكو گومانی تێدانیە، خودا هەموو مردوان لە گۆڕەکانیان ڕاست دەکاتەوە، کێشی سارای مەحشەریان دەکا بۆ حیسابو لێکۆڵینەوە. ئەمجار وەسیەتو ئامۆژگاری ماڵو منداڵی خۆی دەکا کە تەقوای خودا بکەنو چاکسازی ناوخۆیان بکەن فەرمانبەرداری فەرمانی خودابن، شوێن پەیامی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بکەون ئەگەر بەڕاستی موسوڵمانن. هەمان ئەو وەسییەتو ئامۆژگاریانەیان بۆدەکا کە حەزرەتی ئیبراهیم بۆ کوڕو نەوەکانی کرد، هەروەها حەزرەتی یەعقوبیش هەمان وەسییەتو ئامۆژگاری کوڕەکانی کرد. { يَا بَنِيَّ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى لَكُمُ الدِّينَ فَلا تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ – البقرة/١٣٢} ئەی ڕۆڵەکانم! خودا ئایینی پاكو بێ خەوشی بۆ هەڵبژاردوون: کە ئایینی پاکی ئیسلامە، بەهیچ شێوەیێ لێی لامەدەن، بەموسوڵمانی نەبێ لەدونیا دەرمەچن هەمووتان لەسەر ئایینی ئیسلام بەردەوام بن.

---

[1] صحيح: (ص.جة/٢١٩٤) ، جة(٢٧١٣/٢/٩٠٥)، د(٢٨٥٣/٨/٧٢)، ن(٦/٢٤٢).

کەی وەسییەت دەبێتە مافو جێگیر دەبێ

وەسـیـیەت نابێتـە مـافی وەسـیـیەت بـۆکراو مەگـەر دوای مردنـی وەسییەتکەرو دوای دانەوەی قەرزەکانی جا ئەگەر قەرزەکان هەموو ماڵو سامانی مردوەکەی گرتەوە، ئەوە کابرای وەسییەت بۆکراو هیچی نادرێتێ.

لـە ئیمـامی عەلییـەوە ڕیوایـەتکراوە، دەفـەرموێ: پێغەمبـەری خـودا (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی کردوەو بڕیاری داوە قەرز بخرێتە پێش وەسییەتەوە. دەی خۆ ئێوە خۆتان لە قورئاندا دەخوێننەوە (مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ).[1]

ئاگاداركردنەوەيەك:

چونکە لەم ڕۆژگارەدا زوربەی خەڵك بیدعەتیان لە ئایینی خۆیاندا داهێناوە، بەتایبەتی لەمەوزوعێکدا کە پەیوەندی بەدابو نەرێتی کفنو دفنی جەنازەوە هەیە. بۆیە پێویستە موسوڵمان وەسییەت بکا، کە لەسەر شێوەی ئایینی ئیسلامو سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کفنو دفن بکرێ. ئاماژە بە ئایەتی: { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَاراً وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلائِكَةٌ غِلاظٌ شِدَادٌ لا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ – التحريم/٦} ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە! بڕواتان بەتاكو تەنهایی خوداو پێغەمبەرایەتی موحەممەد هەیە، خۆتان ڕێكو پێك بکەن بەتاعەتو خوداپەرستیو بەندایەتی کردنی دڵسۆزانە خۆتانو خێزانو منداڵتان بپارێزن لەئاگرێك سوتەمەنیەکەی ئادەمیزادو بەردە؛ بتپەرستەکانو بتەکانیانن. بەسەر ئاگری دۆزەخەوە چەند فریشتەیەك هەن دڵڕەقو بێ بەزەیی، سەرپەرشتی دۆزەخ دەکەن، تاوانباران

---

[1] حسن (ص.جة/٢١٩٥)، (الإرواء/١٦٦٧)، جة(٢٧١٥/٩٠٦/٢)، ت(٢٢٠٥/٢٩٤/٣).

سزا دەدەن دیمەنیان سامناكو پێكهاتەیان سەرسوڕهێنەرە خودا خوڵقاندونی بۆ سزادانی تاوانباران.

بۆیە هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هەمیشە لە وەسییەتنامەكانیاندا ئەوەیان دوپات دەكردەوە كە بەگوێرەی سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) كفنو دفن بكرێن. ئاسارو ریوایەت لەم بارەوە زۆرو زەبەندەن.

لە عامیری كوڕی سەعدی ئەبی وەقاصەوە ڕیوایەتكراوە: كە باوكی لە نەخۆشی مردنیدا وەسییەتی كرد؛ وتی: (گۆڕێكی لادرم بۆ هەڵبكەنن ئەمجار دەمی لادرەكە بەخشت هەڵ بچنن وەكوو چۆن پێغەمبەر بەوشێوە دفن كرا.[1]

ئاگاداركردنەوەیەكی تر:

ئەگەر مرۆڤ منداڵو نەوەی هەبوون، یەكێك لە منداڵەكانی لەژیانی خۆیدا مردو ئەویش منداڵی بەجێ هێشتن، پێویستە ئەو كابرایە وەسییەت بكا بۆ ئەوەی دواخۆی بەشە میراتی منداڵی مردوەكەی بدرێ بە منداڵەكانی، یان بەشێك دیاریی بكا لە سێیەكی ماڵەكەی بۆئەو نەوانەی.

خۆئەگەر كابرا مردوو وەسییەتی نەكرد بەوەی شتێك بدرێ بەنەوەكانی، ئەوە ئەندازەیەكیان ماڵ دەدرێتێ بگاتە حەدی ئەوەی ئەگەر وەسییەتی بۆ بكردنایە، چونكە ئەمە قەرزە لەسەری ئەگەر مردوو وەسییەتی بۆ نەنووسین لەسەری لاناچێ. ئەمڕۆ زوربەی دادگاكانی وڵاتە ئیسلامییەكان بەم شێوە كاردەكەن.

---

[1] حسن (ص.جة/٢١٩٥)، (الإرواء/١٦٦٧)، جة(٢٧١٥/٢/٩٠٦)، ت(٢٢٠٥/٣/٢٩٤).

باسی میرات (كتاب الفرائض)

پێناسەی میرات (فرائض): كۆی وشەی (فریضة) كە بەمانا ئەندازەو دیاریكردنە، قورئان دەفەرموێ: {فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ – البقرة/٢٣٧} واتە: نیوەی ئەوەی دیاریتان كردوە. وشەی (فرض) لە زاراوەی شەرعدا ئەو بەشەیە كە بۆ میراتگر دیاریی كراوە.

پێویستە موسوڵمانان وریابن لە میرات بەشكردن‌داو سنوورەكانی نەبەزێنن

بێگومان عەرەبەكان پێش ئیسلام میراتیان دەدا بە پیاوەكان‌و ئافرەتیان بێبەش دەكرد، بەشی گەورەو باڵغەكانیان دەداو منداڵیان بێبەش دەكرد. كە ئایینی ئیسلام هات مافی دا بەهەموو خاوەن مافێك، ئەم مافدانەی بەهەموو خاوەن مافێك بەگوێرەی خۆی ناوی ناوە {وَصِيَّةً مِنَ اللَّهِ – النساء/١٢}. {فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ – النساء/١١} ئەمجار بەشوێن ئەوەدا موسوڵمانان دەترسێنێ لە زێدەڕەویو سنوورشكێنی لەبواری میرات بەشكردنداو دەفەرموێ: {تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَنْ يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ. وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَاراً خَالِداً فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُهِينٌ – النساء/١٣-١٤}.

ئەوەی بەمیرات لەماڵی مردوو دەدرێ بەمیراتگران

كە ئینسان مرد یەكەم شت مەسرەفی كفن‌و دفنی مردوەكە لەماڵەكەی خەرج دەكرێ. پاشان ئەگەر قەرزدار بوو، قەرزەكەی لێ دەدرێتەوە، ئەمجار وەسییەتەكەی جێبەجێ دەكرێ، جا ئەگەر شتێك مایەوە لە ماڵ‌و سامانی بەسەر میراتگرەكانی‌دا دابەش دەكرێ. ئاماژە بە ئایەتی قورئانی پیرۆز: {مِنْ

بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَى بِهَا أَوْ دَيْنٍ – النساء/١٢}.[1] هەروەها ئاماژە بە فەرموودەی ئیمامی عەلی کە دەفەرموێ: (قَضَى رَسُولَ اللَّهِ –صلى الله عليه وسلم– بِالدَّيْنِ قَبْلَ الْوَصِيَّةِ). پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەماڵی بەجێماوی مردودا قەرزدانەوەی پێش جێبەجێ کردنی وەصییەت خستووە. دوای قەرزدانەوەکە وەسییەتەکەی جێبەجێ کردوە.

هۆکاری میراتگرتن سێ شتن

١- نەسەبو خزمایەتی ئاماژە بەئایەتی {وَأُوْلُو الأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ – الأحزاب/٦}.

٢- وەلاء (واتە: بەندەی ئازادکراوو سەییدەکەی پەیوەندی وەلائیان لەنێودایە).

٣- ژنو مێردایەتی ئاماژە بەئایەتی {وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ – النساء/١٢}.

ئەو شتانەی دەبنە هۆی میرات نەگرتن

١- کوشتن: بکوژ میرات لەکوژراو ناگرێ. ئەگەر یەکێك باوکی خۆی بکوژێ کوشتنەکەی دەبێتە مانیعو میراتی لێ ناگرێ.

لەئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الْقَاتِلُ لاَ يَرِثُ».[2] بکوژ میرات لەکوژراو ناگرێ.

٢- جوداوازی ئایین: لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: (لاَ يَرِثُ الْمُسْلِمُ الْكَافِرَ

---

[1] لەوەپێش تێپەڕی.

[2] صحيح: (ص.ج/٤٤٣٦) ، (الإرواء/١٦٧٢)، ت(٢١٩٢/٢٨٨/٣)، ج(٢٦٤٥/٨٨٣/٣).

وَلاَ الْكَافِرُ الْمُسْلِمَ).[(١)] موسوڵمان میرات لەکافر ناگرێو کافریش میرات لە موسوڵمان ناگرێ.

٣- کۆیلایەتی: کەسێك کۆیلەبوو خزمو کەسوکاری میراتی لێ نابەن، بەڵکوو میراتەکەی بۆ سەییدەکەیەتی.

ئەو پیاوانەی میرات دەگرن دە جۆرن

١-٢: کورو کوڕی کوڕ با زۆریش داکەوێ. ئاماژە بە ئایەتی {يُوصِيكُمْ اللَّهُ فِي أَوْلادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنثَيَيْنِ فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ – النساء/١١} خودا ئامۆژگاریتان دەکاو پێتان رادەگەیەنێ کەمندالّی نێرینەتان دوو هێندەی مێینەتان میرات دەگرێ.

٣-٤: باوكو باپیر بازۆریش بەرەوژوور بڕوا، ئاماژە بە فەرمایشتی پەروەردگار {وَلأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ – النساء/١١} دایكو باوكی مردوو بۆ هەریەکەیان شەش یەك هەیە.

٥-٦: براو برازا بازۆریش دوورکەوتبنەوە، ئاماژە بە فەرمایشتی پەروەردگار کە دەفەرموێ: {وَهُوَ يَرِثُهَا إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهَا وَلَدٌ – النساء/١٧٦}.

٧-٨: مامو کوڕی مام: با زۆریش لێك دوورکەوتبنەوە. ئاماژە بە فەرمووودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «أَلْحِقُوا الْفَرَائِضَ بِأَهْلِهَا ، فَمَا بَقِيَ فَهْوَ لأَوْلَى رَجُلٍ ذَكَرٍ».[(٢)] بەشە میراتیەکان بدەنە خاوەنەکانیان، ئەوی لەوان زیادبوو ئەوە دابەش دەکرێ بەسەر ئەو خزمە پیاوانەی لە مردوەکە نزیکن کێیان لەپێشتر بێ ئەوان میراتەکە دەبەن.

٩- مێرد: ئاماژە بە ئایەتی {وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ – النساء/١٢}.

---

(١) متفق عليه: خ(٦٧٦٤/٥٠/١٢)، م(١٦١٤/١٣٣٣/٣)، ت(٢١٨٩/٢٨٦/٣).

(٢) متفق عليه: خ(٦٧٣٧)، م(١٦١٥).

١٠- گەورەو ئاغای کۆیلە: ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ): «اَلْوَلاَءُ لِمَنْ أَعْتَقَ».[1] وەلاو سەرپەرشتی بۆ ئەو کەسەیە کە کۆیلەکەی ئازاد کردوە.

ئەو ئافرەتانەی بەشە میراتیان هەیە حەوت جۆرن

١-٢: کچ‌و کچی کوڕ: بازۆر بڕوا بەرەوخوار، ئاماژە بە فەرمایشتی خودا کە دەفەرموێ: {يُوصِيكُمْ اللَّهُ فِي أَوْلادِكُمْ – النساء/١١}.

٣-٤: دایك‌و نەنك: ئاماژە بە فەرمایشتی خودا: کە دەفەرموێ: {وَلأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ – النساء/١١}.

٥- خوشك: ئاماژە بە ئایەتی {إِنْ امْرُؤٌ هَلَكَ لَيْسَ لَهُ وَلَدٌ وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ – النساء/١٧٦}.

٦- خێزان (هاوسەر): ئاماژە بە فەرمایشتی پەروەردگار {وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ – النساء/١٢}.

٧- ئاغا ژن‌و خاوەن کۆیلە کە کۆیلەکەی ئازادکردبێ: ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ): «اَلْوَلاَءَ لِمَنْ أَعْتَقَ».[2]

ئەوانەی مافی ئەوەیان هەیە میرات بگرن سێ جۆرن

هەیە خاوەن بەشی دیاریکراوە (ذوفرض). هەیە عەصەبەیە جاری واهەیە هیچی بەرناکەوێ، جاری وایش هەیە هەموو ماڵەکە دەگرێ. هەیە ذەویلئەرحامە.

---

(١) خ(٢٥٦١)، م(١٥٠٤).

(٢) متفق عليه: خ(٤٥٦/٥٥٠/١)، م(١٥٠٤/١١٤١/٢)، د(٢٩١٠/٤٣٨/١٠).

ئەو بەشە دیاریکراوانە لە قورئاندا ئاماژەیان پێ کراوە شەشن: نیوە، چواریەك، هەشتیەك، دووبەش لەسێبەش، سێیەك، شەشیەك.

نیوە: بەشەمیراتی پێنج جۆر میراتگرە:

١- مێرد: ئەگەر خێزانە مردووەکەی منداڵی نەبوو. ئاماژە بە ئایەتی {وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُنَّ وَلَدٌ – النساء/١٢}.

٢- کچ: ئاماژە بە ئایەتی {وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ – النساء/١١}.

٣- کچی کوڕ: چونکە کچی کوڕ بە کۆڕای زانایان حوکمی کچی هەیە.

ئیبنولمونذیر دەفەرموێ: زانایانی شەرع کۆڕایان هەیە لەسەرئەوە کە کوڕی کوڕو کچی کوڕ شوێنی کوڕو کچ دەگرن نێرینەیان شوێنی نێرینەو مێینە شوێنی مێینەیان دەگرن بەمەرجێ مردووەکە کوڕو کچی خۆی نەمابن.

٤-٥: خوشکی باوك‌و دایکی: خوشکی باوکی. ئاماژە بە فەرمایشتی پەروەردگار کە دەفەرموێ: {إِنِ امْرُؤٌ هَلَكَ لَيْسَ لَهُ وَلَدٌ وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ – النساء/١٧٦}.

چواریەك بەشە میراتی دوو کەسە

١- بەشی مێردە ئەگەر ژنە مردووەکەی منداڵی هەبن. ئاماژە بە ئایەتی {فَإِنْ كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ – النساء/١٢}.

٢- بەشە میراتی ژنە ئەگەر مێردە مردوەکەی منداڵی نەبن، ئاماژە بە ئایەتی {وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَكُمْ وَلَدٌ – النساء/١٢}.

هەشتیەك: بەشە میراتی ژنە ئەگەر مێردە مردووەکەی منداڵی لەدوا بەجێمابن. ئاماژە بە ئایەتی {فَإِنْ كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُمْ – النساء/١٢}.

ثلثان: دووبەش لەسێ بەش بەشە میراتی چوارکەسە

١-٢: دوو کچ یان دوو کچی کوڕ ئاماژە بە ئایەتی {فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ – النساء/١١}.

٣-٤: دوو خوشکی باوکو دایکی: دوو خوشکی باوکی، ئاماژە بە ئایەتی {فَإِنْ كَانَتَا اثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا الثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ – النساء/١٧٦}.

سێیەك بەشە میراتی دوو کەسە

١- دایك: ئەگەر حەجب نەدەبوو ئاماژە بە ئایەتی {فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُثُ – النساء/١١}.

٢- بەشە میراتی دووکەس یان زیاتر، لە خوشكو برای دایکی ئاماژە بە ئایەتی {وَإِنْ كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلالَةً أَوْ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ فَإِنْ كَانُوا أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ فَهُمْ شُرَكَاءُ فِي الثُّلُثِ – النساء/١٢}.

شەشیەك بەشە میراتی حەوت کەسە

١- دایك لەگەڵ منداڵدا یان لەگەڵ خوشكو برا، واتە: ئەگەر مردوەکە منداڵ یان خوشكو برای لەپاش بەجێ مابوو لەگەڵ دایکیدا لەم حاڵەدا دایك بەشە میراتی شەشیەکە. ئاماژە بە ئایەتی {وَلأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَدٌ فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُثُ فَإِنْ كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ السُّدُسُ – النساء/١١}.

٢- نەنك: کاتێك مردوەکە دایکی نەمابێ. ئیبنولمونذیر دەفەرموێ: شەرعزانان کۆڕایان هەیە لەسەرئەوە: کە نەنك بەشە میراتی شەشیەکە ئەگەر مردووەکە دایکی نەمابێ.[١]

---

[١] الإجماع/٨٤.

٣- تاقه میراتگرێك له منداڵی دایك نێربن یان مێینه بن: ئاماژه به ئایەتی {وَإِنْ كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلالَةً أَوْ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ – النساء/١٢}.

٤- کچی کوڕ ئەگەر مردوەکه کچی خۆی هەبێ: ئاماژه به فەرموودەی ئەبو قەیس ریوایەت دەکا دەڵێ: له هوزەیلی کوڕی شورەحبیلم ژنەوت، وتی: پرسیار لەئەبو موسا کرا دەربارەی مردووێك که کچێکی خۆیو کچێکی کوڕیو خوشکێکی لەدوا بەجێ مابوو، له وەڵامدا وتی: کچەکەی خۆی نیوە دەبا، خوشکەکەشی نیوە. ئەمجار وتی: بچۆرە خزمەت ئیبنو مەسعود ئەویش هەروا دەڵێ، که پرسیار له ئیبنو مەسعود کراو قسەکەی ئەبو موسایان بۆگێڕایەوە فەرمووی: نەخەیر من ئەگەر فتوای ئاوابدەم له رێبازی حەق لام داوە. من ئێستا بڕیار دەدەم بەوشێوەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بڕیاری لێ داوە: کچەکه نیوەی میراتەکه دەبا کچی کوڕەکه شەشیەك بۆئەوەی به کچەکەو کچی کوڕەکه بەشەکەیان ببێتە دووبەش لەسێ بەش، چی مایەوە دەدرێ به خوشکەکه.

هاتین بۆلای ئەبو موسا فەرمایشتەکەی ئیبنو مەسعودمان بۆگێڕایەوە. ئەبو موسا فەرمووی: ئیتر مادامێکی ئەم زانا گەورەتان لەناودایه پرسیار لەمن مەکەن.[1]

٥- خوشکی باوکی لەگەڵ خوشکی باوکو دایکیدا بۆئەوەی بەهەردووکیان دوو بەش لەسێ بەش تەواوبکەن، وەکوو چۆن کچی کوڕ که لەگەڵ کچی مردوەکه کوبونەوە کچی کوڕەکه شەشیەك دەبا بۆئەوەی بەهەردوکیان دووبەش لەسێ بەش بەرن.

---

[1] صحیح: (الإرواء/١٦٨٣) ، خ(٦٧٣٦/١٧/١٢)، د(٢٨٧٣/٩٧/٨)، ت(٢١٧٣/٢٢٨٥/٣).

٦- باوك لەگەڵ منداڵی مردوەکە. ئاماژە بە فەرمایشتی پەروەردگار کە دەفەرموێ: {وَلأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَدٌ – النساء/١١}.

٧- باپیر ئەگەر باوك نەبوو: ئیبنولونذیر دەڵێ: شەرعزانان کۆڕایان هەیە لەسەرئەوە: کە باپیر حوکمی باوکی هەیە.

العصبة (میراتگری بەش دیاری نەکراو)

عەصەبە: کوڕو خزمی پیاون: مەبەست بەو وشەیە لێرەدا ئەو کەسانەیە کە دوای وەرگرتنی میراتگرە بەش دیاریکراوەکان ئەگەر شتێك مایەوە وەری دەگرن ئەگەر نەشمایەوە هیچ، مەگەر ئەو عەصەبە کوڕی مردوەکە بێ، ئەوە ئەو بەهیچ حاڵێ بێ بەش نابێ.

عەصەبە ئەگەر خاوەن بەشی دیاریکراو (ذوی الفروض)یان لەگەڵ نەبوو هەموو ماڵەکە دەبەن.

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «أَلْحِقُوا الْفَرَائِضَ بِأَهْلِهَا ، فَمَا بَقِيَ فَهُوَ لأَوْلَى رَجُلٍ ذَكَرٍ».[1] بەشە میراتە دیاریکراوەکان بدەن بە خاوەنەکانیان چی لەوان مایەوە بیدەن بەنزیکترین نێرینە لەمردوەکە.

پەروەردگار دەفەرموێ: {وَهُوَ يَرِثُهَا إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهَا وَلَدٌ – النساء/١٧٦} برا هەموو میراتەکە دەبا ئەگەر ئافرەتە مردوەکە منداڵی نەبوون، ئەوەتا برا عەصەبەیە کاتێ بەتەنها بێ هەموو میراتەکە دەبا، ئیتر باقی عەصەبەکان قیاس دەکرێن بۆسەر ئەو.

---

[1] فقه السنة ج٣/٤٣٧.

عەصەبە دوو جۆرن: عەصەبەی نەسەبی، عەصەبەی سەبەبی.

عەصەبەی سەبەبی ئەوەیە: هۆکارەکە ئازادکردن بێ. ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ): «الْوَلاَءَ لِمَنْ أَعْتَقَ». وەلاو سەرپەرشتیاری بۆ کەسێکە ئازادی کردبێ، هەروا فەرمودەی (الْوَلاَءُ لُحْمَةٌ كَلُحْمَةِ النَّسَبِ). ئازادکردنی کۆیلە ئازادکراوو ئازادکەر پێکەوە دەبەستێتەوە ئاغاو گەورەی کۆیلەی ئازادکراو میرات ناگرێ مەگەر لەکاتێکدا عەصەبەی نەسەب وجودیان نەبێ.

جوداوازی نیە لەوەدا ئاخۆ ئازادکەرەکە پیاوبێ یان ئافرەت بێ. لە عەبدوڵلای کوڕی شەدادەوە لەکچی حەمزەوە ریوایەتی کردوە دەڵێ: ئاغاکەم بەڕەحمەت چوو تەنها کچێکی لەپاش بەجێ ما، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) میراتەکەی لەنێوان منو کچەکەیدا دابەشکرد نیوەی بۆ منو نیوەی بۆ کچەکەی.[1]

عەصەبەی نەسەبی سێ جۆرن

١- هەیە بۆخۆی عەصەبەیە، ئەوانیش پیاوانی میراتگرن جگە لەمێردو منداڵی خوشك.

٢- هەیە بەهۆی غەیرەوە دەبێتە عەصەبە. ئەمانەش بریتین لە کچو کچی کوڕ، خوشکی باوكو دایکیو خوشکی باوکی. هەر یەکێك لەم کچو خوشکانە لەگەڵ براکەیاندا دەبنە عەصەبەو نیوەی براکەیان میرات دەگرن، ئاماژە بە فەرمایشتی پەروەردگار کە دەفەرموێ: {وَإِنْ كَانُوا إِخْوَةً رِجَالاً وَنِسَاءً فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنثَيَيْنِ – النساء/١٧٦}.

---

[1] حسن (ص.جة/٢٢١٠)، جة(٢٧٣٤/٩١٣/٢)، ك(٤/٦٦).

٣- عەصەبە لەگەڵ غەیری خۆیدا. ئەمانەش خوشك لەگەڵ كچ دان، ئاماژە حەدیثەكەی ئیبنو مەسعود: كە ریوایەتی كردوە، دەفەرموێ: (وَمَا بَقِيَ فَلِلأُخْتِ).[1] ئەگەر كابرایەك مرد كچی لەپاش بەجێ مان لەگەڵ خوشكدا كچەكان دوو بەش لەسێ بەش دەبەن چی مایەوە لە میراتەكە بۆ خوشكەكانە.

حەجبو بێبەشكردن

حەجب: لەزمانەوانیدا مەنع كردنە، مەبەست لێی مەنع كردنی كەسێكی دیاریكراوە لە میراتگرتن لەهەمووی یان لە بڕێكی، لەبەر هەبوونی كەسێك لەمیراتگرەكان.

بێبەشكردن (حرمان) مەبەست لێی مەنعكردنی شەخصێكی دیاریكراوە لە میراتەكەی بەهۆی پەیدابوونی لەمپەڕو مانیعێك لە مانیعەكانی میراتگرتن وەكوو قەتلو كوفرو كۆیلایەتی.

جۆرەكانی حەجب

حەجب دوو جۆرە حەجبی حیرمان، حەجبی نوقصان:

حەجبی نوقصان: بریتییە لە كەمكردنەوە بەشە میراتی یەكێك لە میراتگرەكان لەبەر هەبوونی یەكێكی تر لە میراتگر، ئەمەش بۆ پێنج كەس دێتەكایەوە:

١- مێرد لەنیوە میرات حەجب دەبێ بۆ چواریەك ئەگەر ئافرەتە مردووەكە منداڵی هەبوو.

---

(١) لەوەپێش تێپەڕی.

٢- ژن لەچواریەکە میرات حەجب دەبێ بۆ هەشتیەکە میرات ئەگەر مێردە مردوەکە منداڵی هەبوو.

٣- دایك لە سێیەکە میرات حەجب دەبێ بۆ شەشیەکە میرات کاتێك مردوەکە منداڵو نەوەی میراتگری هەبێ.

٤- کچی کوڕ.

٥- خوشکی باوکی.

حەجبی حیرمان: بریتییە لە بێبەشکردنی شەخصێك لەهەموو بەشە میراتەکەی بەهۆی هەبوونی یەکێکی تر لە میراتگرەکان. بۆ نموونە وەکوو بێ بەشکردنی برا لەمیرات لەکاتی هەبوونی کوڕ. ئەم جۆرە حەجبە میراتی شەش لەمیراتگر ناگرێتەوە، هەرچەند حەجبی نوقصان دەیانگرێتەوە ئەم شەش میراتگرانەش ئەمانەن.

١-٢: باوكو دایك.

٣-٤: کوڕو کچ.

٥-٦: ژنو مێرد. ئیتر حەجبی حیرمان باقی میراتگرەکانی تر دەگرێتەوە.

حەجبی حیرمان لەسەر دووبنەما دادەمەزرێ

یەکەم: هەرکەسێك بگاتە مردو بەهۆی کەسێك ئەوە لەگەڵ وجوودی ئەو کەسەدا ئەو میرات ناگرێ. وەکوو کوڕی کوڕ هەتا کوڕی مردوەکە وجودی هەبێ کوڕی کوڕەکە میرات نابا، جگە لە منداڵی دایك، ئەوان بەهۆی دایکەکەیانەوە میرات دەگرن کەچی لەگەڵ هەبوونیشیدا میرات دەگرن.

دووەم: هەموو کاتێك نزیك پێش دوور دەکەوێو تا نزیك بە مردوەکە وجودی هەبێ خزمە دوورەکە میرات نابا.

کوڕ کوڕی کوڕ مەنع دەکا لە میراتگرتن واتە کوڕ برازای حەجب دەکا.
ئەگەر میراتگرەکان لەپلەی خزمایەتیدا یەکسان بوون. ئەوە سەیری ڕێژەی هێزی خزمایەتیەکە دەکرێ. وەکوو برای باوكو دایکی لەگەڵ برای باوکیدا. هەڵبەتە برای باوكو دایکی پلەی خزمایەتی بەهێزترە لەپلەی برای باوکی بۆیە برای باوكو دایکی حەجبی برای باوکی دەکا.

کیتابی حودود (نامەی سنوورەکان)

الحدود: کۆی وشەی (أَلحـدّ) ئەمیش لەبنەمادا بەمانا لەمپەڕو پەردەو سنووری نێوان دووشت. لەزمانەوانیدا بەمانا (مەنع) دێ.

لە زاراوەی شەرعدا ئەو سزاو تۆڵە لێ ستاندنانەن کە شەرع دیاری کردوون بۆ تاوانەکان بۆئەوەی ئادەمیزاد بگەڕێتەوە لە تاوانو توخنیان نەکەوێ.

جەرائیمی حودود: قورئانو سوننەت سزاو تۆڵەی داناون بۆ هەندێ جەریمە وەکوو زیناو بوختانو دزیو سەرخۆشیو شەڕکردن لەگەڵ موسوڵمانانو یاخی بوون لێیان پاشگەزبوونەوە لە ئیسلام، هەڵگەڕانەوە لە فەرمانڕەوای موسوڵمانان.[1]

سزاو تۆڵەی تاوانەکان دەبێ جێبەجێ بکرێن

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « حَدٌّ يُعْمَلُ بِهِ فِي الأَرْضِ خَيْرٌ لأَهْلِ الأَرْضِ مِنْ أَنْ يُمْطَرُوا أَرْبَعِينَ

[1] فقه السنة ج٢/٣٠٢.

صَبَاحًا».[1] سزاو تۆڵە لەسەر تاوانێك جێبەجێ بكرێ باشترە بۆ دانیشتوانی سەر زەوی لەوەی چل ساڵ بارانی پێویستیان بۆ ببارێ.

سزاو تۆڵەی تاوان پێویستە بەتێكڕا لەسەر هەموو كەس جێبەجێ بكرێ، ئەوە بەرچاو نەگیرێ ئاخۆ تاوانبار خزمە بێگانەیە بنەماڵەو وەجاخزادەیە یان لاكەوتەو هەتیومچەیە.

لە عوبادەی كوڕی صامیتەوە ڕیوایەتكراوە، گوتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «أَقِيمُوا حُدُودَ اللَّهِ فِي الْقَرِيبِ وَالْبَعِيدِ وَلاَ تَأْخُذْكُمْ فِي اللَّهِ لَوْمَةُ لاَئِمٍ».[2] تۆڵەو سزاكان جێبەجێ بكەن لەسەر خزمو بێگانە، با لۆمەو سەرزەنشتی لۆمەكاران ئێوە پشت سارد نەكاتەوە لە جێبەجێ كردنی ئەو حەدو سزایانەی خودا دیاریكردون.

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتكراوە: كە ئوسامە بۆ ڕاگرتنی تۆڵە لەسەر ئافرەتێك چووە خزمەت پێغەمبەرو قسەی لەگەڵ كرد، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنَّمَا هَلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ أَنَّهُمْ كَانُوا يُقِيمُونَ الْحَدَّ عَلَى الْوَضِيعِ ، وَيَتْرُكُونَ الشَّرِيفَ ، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ أَنَّ فَاطِمَةُ فَعَلَتْ ذَلِكَ لَقَطَعْتُ يَدَهَا».[3] ئەوەی گەلو نەتەوەكانی پێش ئێوەی بەهیلاك بردوە ئەوەبووە كە تۆڵەی تاوانیان لەسەر هەژارو بێ دەسەڵات جێبەجێ كردوە بەڵام لەسەر خاوەن دەسەڵاتو وەجاخزادەیان جێبەجێ نەكردوە، سوێندم بەوكەسەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر فاتیمەی كچم دزی بكا دەستی دەبڕم.

---

[1] حسن (ص.جة/٢٠٥٧)، جة(٢/٨٤٨/٢٥٣٨)، ن(٨/٧٦).

[2] حسن (ص.جة/٢٠٥٨)، جة(٢/٨٤٩/٢٥٤٠).

[3] صحيح (الإرواء/٢٣١٩)، خ(١٢/٨٦/٦٧٨٧).

تکاکردن بۆ تاوانبار ناپەسەندە کاتێك فەرمانڕەوای لێ ئاگادار کرا

لەخاتو عائیشەوە گێڕدراوەتەوە: کە قوڕەیش زۆر گرنگییان بەئەو ئافرەتە مەخزومییە دا: کە دزی کردبوو هەوڵی ئەومیان دا: کەتۆڵە لێ ستاندنی لەسەر لابەرن، لەناوخۆیاندا کەوتنە مقۆ مقۆ وتیان: کێ باشە دەربارەی، قسە لەگەڵ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بکا؟ کێ دەتوانێو جورئەتی ئەوەی هەیە لەوڕووەوە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بدوێنێ جگە لە ئوسامە: کە خۆشەویستی پێغەمبەرەو زۆری لەدڵدا شیرینە؟ رایان سپارد بچێتە خزمەت پێغەمبەرو شەفاعەتی بۆبکا، ئوسامە چوو بۆ خزمەتی پێغەمبەرو لەوبارەوە قسەی لەگەڵ پێغەمبەر کرد، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أَتَشْفَعُ فِي حَدٍّ مِنْ حُدُودِ اللَّهِ» . ثُمَّ قَامَ فَخَطَبَ قَالَ: « يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّمَا ضَلَّ مَنْ قَبْلَكُمْ أَنَّهُمْ كَانُوا إِذَا سَرَقَ الشَّرِيفُ تَرَكُوهُ ، وَإِذَا سَرَقَ الضَّعِيفُ فِيهِمْ أَقَامُوا عَلَيْهِ الْحَدَّ ، وَايْمُ اللَّهِ لَوْ أَنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ مُحَمَّدٍ سَرَقَتْ لَقَطَعَ مُحَمَّدٌ يَدَهَا».[1] ئەوە دەربارەی ئەنجامنەدانی تۆڵەو حەدێك لە حودودەکانی خودا شەفاعەت دەکەی؟ دەتەوێ سزاو تۆڵەیەك کە خودا دیناوە جێبەجێ نەکرێ؟ پاشان هەڵسایە سەرپێو خەڵکەکەی کۆکردەوە وتارێکی بۆ دانو فەرمووی: ئەی خەڵکینە! بزانن ئەوەی گەلو نەتەوەکانی پێش ئێوەی گومڕا کرد ئەوەبوو ئەگەر یەکێکی خاوەن دەسەڵاتو پیاو ماقوڵیان دزی بکردایە گوێی خۆیان لێ دەخەواندو وازیان لێ دەهێناو تۆڵەیان لێ نەدەستاند، ئەگەر بۆرە پیاوو لاوازو بێ دەسەڵاتیان دزی بکردایە دەستیان دەبڕیو تۆڵەی تاوانەکەی لێ دەسەندرا، سوێندم بەخودا ئەگەر فاتیمەی کچی موحەممەد دزی بکا ئەم نەفسی موحەممەدە بەدەستی خۆی دەستی دەبڕێ.

---

[1] متفق عليه: خ(٦٧٨٨/٨٧/٢)، م(١٦٨٨/١٣١٥/٣)، د(٤٣٥١/٣١/١٢).

واباشە ئەگەر موسوڵمانێك تاوانێکی کرد پەردەپۆش بکرێو نەبرێتە لای فەرمانڕەوا

لـە صـەفوانی کـوڕی ئومەیـەوە ڕیوایـەتکراوە، وتـی: مـن لەمزگـەوت نوسـتبووم جـاجمێکم بـەخۆدا دابـوو، هـی خـۆم بـوو سـی دیرهـەمی دەهێنـا، پیاوێـك هـات لێـی دزیـم، دوایـی کـابرای دز دۆزرایـەوە هێنرایـە خزمـەت پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێ) فەرمانی کرد بەبڕینی دەستی. صەفوان دەڵێ: هاتمە خزمەت پێغەمبەرو عەرزیم کرد: ئەوە لەسەر دزینی شتێك کە بەهاکەی سی دیرهەمـە دەسـتی ئەم کابرایە دەبڕی؟

ئەمن جاجمەکەی پێ دەفرۆشـمو پارەکەشـی لەسـەردەکەم بەقـەرز کـەی بووی بمداتێ. پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بـێ) فـەرمووی: «فَهَـلاَّ كَـانَ هَذَا قَبْلَ أَنْ تَأْتِيَنِي بِهِ».[1] دەی بـۆ ئـەمـەت ئـەنجام نـەدا پـێش ئـەوەی دەعواکـە بگاتـە لای مـن. بـۆ پـێش ئـەوەی ئـەم کـارە بڵاوبێتـەوە ئاشـکرابێ بەوشـێوە پەردەپۆشت نەکرد؟

لـە ئـەبو هـورەیرەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللَّهُ فِـي الـدُّنْيَا وَالآخِـرَةِ».[2] هـەر موسوڵمانێك تاوانی موسوڵمانێك پەردەپۆش بکا، پەروەردگار لەپاداشی ئەوەدا لەدونیاو قیامەتدا تاوانەکانی دەپۆشێ.

واپەسەندو باشە، بەندە بۆ خۆشی ئەگەر تاوانێکی کرد بـڵاوی نەکاتـەوە پەردەپۆشی بکا. چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «كُلُّ أُمَّتِي مُعَافًى إِلاَّ الْمُجَاهِرِينَ ، وَإِنَّ مِنَ الْمَجَانَةِ أَنْ يَعْمَلَ الرَّجُلُ بِاللَّيْـلِ عَمَـلاً ،

---

[1] صحيح: (ص.د/٣٦٩٣) ، د(٤٣٧١/٦٢/١٢)، ن(٦٨/٨)، جة(٢٥٩٥/٨٦٥/٢).

[2] صحيح: (مختصر م/١٨٨٨)، م(٢٦٩٩/٢٠٧٤/٤)، ت(١٤٤٩/٥٣٩/٢).

ثُمَّ يُصْبِحَ وَقَدْ سَتَرَهُ اللَّهُ ، فَيَقُولَ يَا فُلَانُ عَمِلْتُ الْبَارِحَةَ كَذَا وَكَذَا ، وَقَدْ بَاتَ يَسْتُرُهُ رَبُّهُ وَيُصْبِحُ يَكْشِفُ سِتْرَ اللَّهِ عَنْهُ»[١]

هەموو ئوممەتم تاوانیان پەردەپۆش دەكرێ جگە لەوانەی بۆخۆیان لە تاوانەكانیان لە هەڵلادەدەن، تاوان دەكەن‌و بۆ خەڵكیشی باس دەكەن. بێگومان بەشێكە لەموجاهەڕەو لە هەڵلادان كە كابرا بەشەو تاوانێك دەكا، كە ڕۆژی لێ دەبێتەوە وێڕای ئەوەی خودا تاوانەكەی پەردەپۆش كردوە، كەچی بۆ خۆی لەخۆی ئاشكرا دەكاو دەڵێ: فلانكەس! من ئەمشەو ئەوەم كردو ئەوەم كرد!! خودا تاوانەكەی سرپۆش كردوەو كەس پێی نەزانیوە كەچی بۆ خۆی پەردە لەسەر خۆی هەڵدەداتەوە.

جێبەجێكردنی حدود لەسەر تاوانبار دەبێتە كەفارەتی تاوانەكەی

لە عوبادەی كوڕی صامیتەوە ڕیوایەتكراوە، دەفەرموێ: ئێمە لەخزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دانیشتبووین، فەرمووی: بەیعەتم لەگەڵدا بكەن‌و پەیمانم بدەنێ كە هاوبەش بۆ خودا دانەنێن‌و هیچ شتێك مەكەنە هاوەڵی خودا، دزی مەكەن زینامەكەن، ئایەتەكەی قورئانی لەوبارەوە هەموو خوێندەوە. ئەمجار فەرمووی: جا كەسێك پابەندی وادەو پەیمانی خۆی بێ، ئەوە پاداش‌و جەزای لەسەر خودایەو ئەو پاداشی دەداتەوە. كەسێكیش تاوانێكی لێ رودراو سزای شەرعی لەسەر جێبەجێ كرا ئەوە بۆی دەبێتە كەفارەت‌و ئەوەی (حق الله) بێ لەسەری لادەچێ. كەسێكیش تاوانێكی ئەنجام داو خودا بۆی سرپۆش كرد ئەوە عائید بەخودایە مەیلی لێ بوو لێی خۆش دەبێ مەیلی لێ بوو سزای دەدا[٢]

---

[١] متفق علیه: خ(١٨/٦٤/١)، م(١٧٠٩/١٣٣٣/٣)، ن(٧/١٤٨).

[٢] متفق علیه: خ(٦٠٦٩/٤٨٦/١٠)، م(٢٩٩٠/٢٢٩١/٤).

کێ سزاو تۆڵەی تاوانەکان جێبەجێ دەکا

ئەنجامدانی تۆڵەو سزاکان لەسەر تاوانبار دەبێ یان ئیمام یان جێگرەکەی ئەنجامی بدا. چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) تا لەژیان دابوو بۆ خۆی سەرپەرشتی جێبەجێکردنی دەکرد، دوا خۆیشی جێنشینەکانی بەوکارە هەڵدەسان. جاری وایش بووە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بریکاری بۆ خۆی داناوە تا ئەو ئەرکە جێبەجێ بکا، ئەوەتا جارێك فەرمووی: «وَاغْدُ يَا أُنَيْسُ إِلَى امْرَأَةِ هَذَا ، فَإِنِ اعْتَرَفَتْ فَارْجُمْهَا».[1]

واتە: ئەی ئونەیس هەڵسە بڕۆ بۆلای ژنی ئەم کابرایە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکە، ئەگەر دانی بەتاوانی زیناکردندا نا بەردەبارانی بکە.

دروستە بۆ (سید)ی خاوەن کۆیلە، ئیقامەی حەد لەسەر کۆیلەی خۆی ئەنجام بدا ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «إِذَا زَنَتِ الأَمَةُ فَتَبَيَّنَ زِنَاهَا فَلْيَجْلِدْهَا ، وَلاَ يُثَرِّبْ ، ثُمَّ إِنْ زَنَتْ فَلْيَجْلِدْهَا ، وَلاَ يُثَرِّبْ ، ثُمَّ إِنْ زَنَتِ الثَّالِثَةَ فَلْيَبِعْهَا ، وَلَوْ بِحَبْلٍ مِنْ شَعَرٍ».[2]

حەدی زینا

زینا حەرامەو یەکێکە لە تاوانە گەورەکان، قورئان دەفەرموێ: {وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلاً – الإسراء/٣٢}.

لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کرد ئاخۆ کام گوناه لەهەموو گوناهێك گەورەترە؟ فەرمووی: «أَنْ تَجْعَلَ لِلَّهِ نِدًّا وَهُوَ خَلَقَكَ». ئەوە هاوەڵ بۆ خودا دابنێی وەلحال ئەو تۆی بەدی هێناوە. وتم: پاشان کام تاوان؟ فەرمووی:

---

[1] لەوە بەولاوە تەخریجەکەی دەهێنین.

[2] متفق عليه: خ(٦٨٣٩/١٦٥/١٢)، م(١٧٠٣/١٣٢٨/٣).

«وَأَنْ تَقْتُـلَ وَلَـدَكَ تَخَـافُ أَنْ يَطْعَـمَ مَعَـكَ» منـدالى خۆت بفـەوتێنى بيكوژى لەترسى ئـەوەى خواردنـت لەگـەڵ بخـوا، واتـه وابزانـى ئـەو رزقـى تـۆ دەخـواو ئەگـەر لەگـەڵت دابـێ هـەژارت دەخـا. وتم: پـاش ئـەوە چـى تاوانێـك زۆر گەورەيە؟ فەرمووى: «أَنْ تُزَانِيَ حَلِيلَةَ جَارِكَ».[1] ئەوەيە زينا لەگـەڵ هاوسـەرى جيرانەكەتدا بكەى.

قورئان دەفەرموێ: {وَالَّذِينَ لا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهاً آخَرَ وَلا يَقْتُلُـونَ الـنَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ وَلا يَزْنُونَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَاماً. يُضَاعَفْ لَـهُ الْعَـذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَاناً. إِلاَّ مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلاً صَالِحاً فَأُوْلَئِـكَ يُبَـدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُوراً رَحِيماً – الفرقـان/٦٨-٧٠} موسـوڵمانى راستاڵ ئەوانەن كە بەندايەتى هەر بۆ خودا دەكەن‌و لەگەڵ خـودا خـوداى تـر ناپەرستن، بەناحەق نەفـسێك كـەخودا كوشـتنى حـەرام كـردوە نـاكوژن، زينـا ناكەن، كەسێك كارێكى ئاوا ناپەسەند ئـەنجام بـدا تووشـى سـزاى دۆزەخ دەبـێ رۆژى قيامەت سزاى دۆزەخى بـۆ دوو چـەندانە دەكرێتـەوە بەريـسوايى تێيـدا دەمێنێتەوە بۆ هەتا هـەتايێ. مەگـەر كەسـێك بـێ تۆبـە بكـاو ئيمانى پتـەوى هەبێ كردەوەى باش ئـەنجام بـدا، ئـەو جـۆرە كەسـانە خـودا خراپـەكانيان بـۆ دەگۆڕێ بەچاكە.

لـە حـەديثى سـەمورەى كـوڕى (جنـدب الطويـل) دەربـارەى خـەوبينينى پێغەمبـەر (درووودى خـوداى لەسـەر بێ)دا هـاتووە دەڵێ: پێغەمبـەر (درووودى خوداى لەسەر بێ) فـەرمووى: «فَانْطَلَقْنَا فَأَتَيْنَا عَلَى مِثْلِ التَّنُّورِ – قَالَ فَأَحْسِبُ أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ – فَإِذَا فِيهِ لَغَطٌ وَأَصْوَاتٌ – قَالَ – فَاطَّلَعْنَا فِيهِ ، فَإِذَا فِيهِ رِجَالٌ وَنِـسَاءٌ عُرَاةٌ ، وَإِذَا هُمْ يَأْتِيهِمْ لَهَبٌ مِنْ أَسْفَلَ مِنْهُمْ ، فَإِذَا أَتَاهُمْ ذَلِـكَ اللَّهَـبُ ضَوْضَـوْا –

[1] متفق عليه: خ(٦٨١١/١١٤/١٢)، م(٨٦/٩٠/١)، د(٢٢٩٣/٤٢٢/٦).

قَالَ – قُلْتُ لَهُمَا مَا هَـؤُلاَءِ قَـالَ: قَـالاَ فَـإِنَّهُمُ الزُّنَـاةُ وَالزَّوَانِـي».[١] رۆیشتین تـا گەییشتینە سەر چاڵێکی قوڵ وەکوو تەندور – راوی دەڵێ: وابـزانم پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی – کـە گوێمـان راگـرتو سـەیرمان کـرد هەراو هۆریایەکی لێ دەهات، کە لێی وردبوینـەوەو روانیمـان پیـاوو ئـافرەتی روتو قوتی تێدابوون، لەژێر خۆیانەوە بڵێسەیان بۆ دەهات جا کە گـەرمایی‌و بڵێسەیان بۆدەهات دەستیان دەکرد بە هاوارو نوزانەوەو کڕوزانەوە، فـەرمووی بـەدوو هاوەڵەکـەم گـوت: ئەوانـە کـێن‌و چـێیان کـردووە ئـاوا سـزایان دەدرێ؟ وتیان: ئەوانە پیاوی زیناکەرو ئافرەتی زیناکەرن.

لـە ئیبنـو عەبباسـەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) فەرمووی: « لاَ يَزْنِي الْعَبْدُ حِينَ يَزْنِي وَهْـوَ مُـؤْمِنٌ ، وَلاَ يَـسْرِقُ حِـينَ يَسْرِقُ وَهْوَ مُؤْمِنٌ ، وَلاَ يَشْرَبُ حِينَ يَشْرَبُ وَهْوَ مُؤْمِنٌ ، وَلاَ يَقْتُـلُ وَهْـوَ مُـؤْمِنٌ». مـرۆڤ کـە زینـا دەکـا لەوکاتـەدا موسـوڵمان نامێنـێ، کـە دزی دەکـا لەوکاتـەدا ئیمـانی نامێنـێ، عـەرەقخۆر لـەکاتی عەرەقخواردنەوەکەیـدا ئیمـانی نامێنـێ، بکوژ کە موسوڵمانێك دەکوژێ لەوکاتە ئیمانی لێ دادەڕندرێ.

عیکریمـە دەڵـێ: بـە ئیبنـو عەبباسـم گـوت: ئیمـان‌و بـاوەڕ چـۆن لـەو تاوانبارە دادەڕندرێ؟ دەڵێ: ئیتر ئیبنو عەبباس پەنجەی دەستەکانی تێکنـان‌و پاشان پەنجەکانی لێك دەرهێنـان – جائەگـەر تۆبـەی کـرد بیروباوەڕەکـەی بـۆ دەگەڕێتەوە ئەمجار پەنجەکانی تێکنانەوە - .[٢]

زیناکەر ئەگەر موحصەن بوو واتە: پیاو ژنی هێنابوو یـان ئـافرەت شـوی کردبوو بە نیکاحی صەحیح جوتبوونیان بۆ دەستەبەر بوبـوو دوای ئـەوە بـە

---

[١] صحيح: (ص.ج/٣٤٦٢)، خ(٧٠٤٧/٤٣٨/١٢).

[٢] صحيح: (ص.ج/٧٧٠٨)، خ(٦٨٠٩/١١٤/١٢)، ن(٨٦٣).

ئیختیاری خۆیان ئەو تاوانەیان ئەنجامدا ئەوە حەدەکەیان رەجم کردنە تادەمرن.

لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵای ئەلئەنصارییەوە ڕیوایەتکراوە: کە پیاوێك لەهۆزی ئەسلەم هاتە خزمەت پێغەمبەرو عەرزی کرد: کە تاوانی زینای ئەنجامداوە، چوارجار شایەتی لەخۆیدا، ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی کرد بە بەردەبارانکردنی، ئەم پیاوە لەوەپێش ژنی هێنابوو.[1]

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە: کە عومەری کوڕی خەتاب ڕۆژێك وتاری بۆ موسوڵمانان دا؛ فەرمووی: پەروەردگار حەزرەتی موحەممەدی بەحەق‌و راستی رەوانەکرد، قورئانی بۆسەر نازڵ کردوە، لەو ئایەتانەی تێیدا نازڵ کراون ئایەتی رەجم بوون، خوێندومانەتەوەو لێیان حاڵی بووین‌و لەماناکەیان گەییشتین، بەگوێرەی ئایەتەکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) زیناکەری موحصەنی بەردەباران کرد، ئێمە هەروا دوای لەدونیا دەرچوونی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەوشێوە زیناکەری موحصەنمان بەردەبارانکردوە، دەترسم ڕۆژگارێکی زۆر تێپەڕێ‌و خەڵکی بڵێ: ئێمە لە قورئاندا ئایەتی رەجمکردن نابینین، ئیتر بەم هۆیەوە خەڵکی واز لە ئەنجامدانی فەریضەیەکی وا بێنن کەخودا لە قورئاندا نازڵی کردوەو گومڕابن، رەجمکردن لە قورئاندا حەق‌و چەسپاوەو پێویستە ئەنجام بدرێ لەسەر کەسێك موحصەن بێ‌و زینابکا چ پیاو بێ چ ژن بێ، بەمەرجێ شایەت هەبێ یان ئافرەتەکە سکی هەبێ یان لەرێی دان پیانانەوە بچەسپێ.[2]

---

[1] صحيح: (ص.د/٣٧٢٥) ، ت(١٤٥٤/٤٤١/٢)، د(٤٤٠٧/١١٢/١٢).

[2] متفق عليه: خ(٦٨٣٠/١٤٤/١٢)، م(١٦٩١/١٣١٧/٣)، د(٤٣٩٥/٩٧/١٢).

حەددو تۆڵەستاندن لەكۆیلە

ئەگەر غەیری مرۆڤی ئازاد – چ كەنیزەك بێ یان بەندە – زینای كرد رەجمی لەسەرنیە، وەڵێ پەنجا داری حەدی لێ دەدرێ، ئاماژە بە فەرمایشتی پەروەردگار {فَإِذَا أُحْصِنَّ فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَاحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ – النساء/٢٥} ئەگەر كۆیلە بوو نە موحصەنو زینایان لێ رودرا ئەوە نیوەی سزای مرۆڤی ئازادیان لەسەرە.

لە عەبدوڵڵای كوڕی عەیاشی (المخزومی)یەوە ڕیوایەتكراوە، دەفەرموێ: عومەری كوڕی خەتاب فەرمانی پێ كردم لەگەڵ كۆمەڵە گەنجێكی قوڕەیشی، ئەركی جەڵدە لێدانی كۆیلەو كەنیزەك بخەینە ئەستۆمان، ئیتر پەنجا پەنجا جەڵدەمان لێ دەدا.

كەسێك بەزۆر زینایان پێ كرد حەدی لەسەر نیە

لە ئەبو عەبدوڕەحمانی (السلمي)یەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: ئافرەتێكیان هێنایە لای عومەری كوڕی خەتاب كە ئەم ئافرەتە تینوایەتی تینی بۆ دێنێ بەلای شوانێكدا تێدەپەڕێو داوای ئاوی لێ دەكا، ئەویش پێی دەڵێ تاخۆتم تەسلیم نەكەی ئاوت نادەمێ، ئافرەتەكەش بەناچاری خۆی تەسلیم دەكاو زینای لەگەڵ دەكرێ. ئیتر حەزرەتی عومەر دەستی كرد بە راوێژكردن لەگەڵ خەڵكدا دەربارەی رەجمكردنی ئافرەتەكە، حەزرەتی عەلی فەرمووی: ئەم ئافرەتە ناچاربووە، من وای بۆ دەچم ئەم ئافرەتە مەرەخەس بكرێو تۆڵەی زینای لێ نەسەندرێ.[1]

---

[1] صحيح: (الإرواء/٢٣١٣)، هق(٨/٢٣٦).

تۆڵەی زیناکەر کە موحصەن نەبێ

قورئان دەفەرموێ: {الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ وَلا تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِنْ كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ}. ئافرەتی زیناکەرو پیاوی زیناکەر ئەگەر زینایان کردو موحصەن نەبوون، ئەوە هەریەکەیان سەد جەڵدەیان لێ بدەن، هیچ بەزەییتان پیانەیەتەوە بەباشی یاسای خودا جێبەجێ بکەن، ئەگەر ئێوە ئیمانتان بەخوداو بەرۆژی دوایی هەیە، با کۆمەڵێك لە موسوڵمانان ئامادەی تۆڵە لێ ستاندن‌و سزادانی ئەو دوو زیناکەرانەبن.

لە زەیدی کوڕی خالیدی جوهەنی‌یەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: بەگوێی خۆم لە پێغەمبەرم بیست: کەفەرمانی کرد دەربارەی کەسێك کە زینای کردبێ‌و موحصەن نەبێ سەد جەڵدەی لێ بدرێ‌و ساڵێکیش لە وڵاتی خۆی دوور بخرێتەوەو ئازاری غەریبی بچێژێ.[1]

لە عوبادەی کوڕی صامیتەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « خُذُوا عَنِّي خُذُوا عَنِّي قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلاً الْبِكْرُ بِالْبِكْرِ جَلْدُ مِائَةٍ وَنَفْيُ سَنَةٍ وَالثَّيِّبُ بِالثَّيِّبِ جَلْدُ مِائَةٍ وَالرَّجْمُ».[2] لەمنەوە فێربن‌و بڕیار وەربگرن، لەمنەوە فێربن‌و بڕیار وەربگرن، بێگومان پەروەردگار یاساو ڕێسای تۆڵە ستاندن لە ئافرەتانی زیناکەری ڕون کردۆتەوە. کچ‌و کوڕ ئەگەر زینایان لێ ڕودرا هەریەکەیان سەد جەڵدەی لێ دەدرێ، پیاوو ژن ئەگەر بەشێوەی شەرعی لەوەپێش پرۆسەی هاوسەرگیرییان ئەنجام دابێ‌و ئەمجار زینایان لێ ڕودرا، ئەوە هەریەکەیان سەد داری حەدی لێ دەدرێ‌و ئەمجار بەردەباران دەکرێن.

---

[1] صحيح: (الإرواء/٢٣٤٧) ، خ(٦٨٣١/١٥٦/١٢).

[2] صحيح: (مختصر م/١٠٣٦)، م(١٦٩٠/١٣١٦/٣)، د(٤٣٩٢/٩٣/١٢).

به چ بەڵگەیەك سزاو حەدی زینا دەچەسپێ؟

حەد بە یەکێك لەدوو شت دەچەسپێ، دان پیانان، شایەت. هەرکەسێك بۆ خۆی دان بەوەدا بنێ کە زینای کردوە ئەوە جێبەجێ کردنی حەدی لەسەر دەچەسپێ، ئاماژە بەوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ماعیزو (ألغامدیة)ی بەردەباران کردن لە ئاکامی دان پیانانی خۆیان لەسەر خۆیان کەوا زینایان کردوە.

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، فەرموویەتی: کاتێك ماعیزی کوڕی مالیك هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دانی بەوەدانا کە زینای کردووە، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرموو: « لَعَلَّكَ قَبَّلْتَ أَوْ غَمَزْتَ أَوْ نَظَرْتَ». لەوانەیە ماچت کردبێ، لەباوەشت گرتبێ، سەیرت کردبێ ؟! ماعیز وتی: نەخەیر ئەی پێغەمبەری خودا! هیچ کامێ لەوانە نەبوون، فەرمووی: «أَنِكْتَهَا» سواری بووی‌و لەگەڵیدا جوتبووی؟ وتی بەڵێ لەگەڵی جوتبوم. جا ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانیدا بە بەردەبارانکردنی.[1]

لە سولەیمانی کوڕی بوڕەیدەوە ئەویش لەباوکیەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: ئافرەتێکی خێڵی غامید لەهۆزی (الأزد) هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! پاکم بکەرەوە، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «وَيْحَكِ ارْجِعِي فَاسْتَغْفِرِي اللَّهَ وَتُوبِي إِلَيْهِ». هاوار بۆ تۆ، سەربەقوڕ، پاشگەزبەرەوەو داوای لێخۆشبوون لەخودا بکە، ئافرەتەکە وتی: ئایا دەتەوێ لەدان پیانانەکەم ژیوانم بکەیەوە وەکوو چۆن ویستت ماعیز ژیوان بکەیەوە، کار لەکار ترازاوە، فەرمووی: «وَمَا ذَاكِ»؟

---

[1] صحیح: (ص. د/٣٧٢٤)، خ (٦٨٢٤/١٣٥/١٢)، د (٤٤٠٤/١٠٩/١٢).

چی ڕویداوە؟ وتی: من دووگیانم لە ئاکامی زیناوە، فەرمووی: «آنْتِ»؟ تۆ دووگیانی لەئاکامی زیناوە؟ وتی بەڵێ: ئەمجار پێی فەرموو: «حَتَّى تَضَعِي مَا فِي بَطْنِكِ». بڕۆرەوە چاوەڕوان بە تا منداڵەکەت دەبێ، راوی دەڵێ: پیاوێکی ئەنصاری حەواندنەوەی ئافرەتەکەی لەئەستۆ گرت هەتا منداڵەکەی بوو، کابرای ئەنصاری هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عەرزی کرد ئافرەتە غامیدییەکە منداڵەکەی لێ بۆوە، فەرمووی: «إِذًا لاَ نَرْجُمَهَا وَنَدَعَ وَلَدَهَا صَغِيرًا لَيْسَ لَهُ مَنْ يُرْضِعُهُ». کەوابێ ئێمە نایەین بەردەبارانی بکەینو منداڵەکەی بەزاروکی بمێنێتەوە کەس نەبێ شیری بداتێ، کابرایەکی ئەنصاری دەستی هەڵبڕیو عەرزی کرد ئەی پێغەمبەری خودا! من ئەرکی شیرپێدانی لە ئەستۆ دەگرم، راوی حەدیثەکە دەڵێ: ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانیدا ئافرەتەکە بەردەباران کرا.[1]

ئەگەر هاتوو کابرا لەدانپێدانەکەی پاشگەزبوەوە وازی لێ دەهێندرێ، ئاماژە بەو حەدیثەی نوعەیمی کوڕی هەززال ریوایەتی کردووە دەڵێ: ماعیزی کوڕی مالیك هەتیو بوو لەژێر چاودێری باوکمو لەژێر سایەی ئەودا پێگەیی. لەگەڵ کەنیزەکێك تووشی تاوانی زینابوو...... تاکۆتایی حەدیثەکە، کە دەفەرموێ: «فَأَمَرَ بِهِ أَنْ يُرْجَمَ - قَالَ - فَأُخْرِجَ بِهِ إِلَى الْحَرَّةِ فَلَمَّا رُجِمَ فَوَجَدَ مَسَّ الْحِجَارَةِ جَزَعَ». پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی کرد بە بەدەربارانکردنی، ئیتر ئەوەبوو براردا بۆ (الحرة) کە کەوتۆتە قەراخی مەدینە، جا کەبەردەباران کرا ئازاری بەردەکانی پێ گەیی لە دانپێدانەکەی پاشگەز بۆوەو ویستی خۆی قوتار بکاو هەڵات عەبدوڵڵای کوڕی ئونەیس ڕوبەڕوی بویەوە، هاوەڵەکانی تری دەستەوەستاند بوونو بۆیان نەگێرایەوە،

---

[1] صحيح: (مختصر م/١٠٣٩)، م (١٦٩٥/١٣٢١/٣).

ئیتر عەبدوڵڵا لولاکە حوشترێکی پیا مالّیو کوشتی، پاشان هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕوداوەکەی بۆ گێڕایەوە، فەرمووی: «هَلاَّ تَرَكْتُمُوهُ لَعَلَّهُ أَنْ يَتُوبَ فَيَتُوبَ اللَّهُ عَلَيْهِ».[1] دەی بۆچی وازتان لێ نەهێنا، بەڵکوو تۆبەی بکردایەو خودا تۆبەی لێ قبوڵ بکردایە.

لە ڕیوایەتێکی تردا کە لەجابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە گەڕاینەوە بۆ خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «فَهَلاَّ تَرَكْتُمُوهُ وَجِئْتُمُونِي بِهِ»؟ دەی بۆ وازتان لێ نەهێناو بیهێنن بۆلای من؟ بۆ ئەوەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکا. نەك بۆ ئەوەی حەدەکەی لەسەرلابا واتە: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئەو فەرموودەی فەرموو مەبەستی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە بوو بۆ ئەوەی ئەگەر شوبهەیەکی تێدا بەدی کرد بەهۆی ئەو شوبهەوە حەدەکەی لەسەر هەڵگرێ، خۆ ئەگەر شوبهەی تێدا نەبینی حەدەکەی لەسەر تەنفیز بکا، کەواتە مەبەست ئەوە نیە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی بەهاوەڵان کردبێ وازی لێ بێنن، هەروا ئەوە ناگەیەنێ کە هەڵاتنی تاوانبار لەحەدو هەوڵدانی بۆ خۆ قوتار کردن دەچێتە خانەی ئەو شتانەی دەبنە لەمپەڕ لە ئەنجامدانی حەد بۆیە فەرمووی: «فَهَلاَّ تَرَكْتُمُوهُ وَجِئْتُمُونِي بِهِ».

حوکمی کەسێك دان بەوەدا بنێ کە زینای لەگەڵ فلان ئافرەت کردووە

ئەگەر پیاوێك دانی بەوەدانا کە خۆی زینای لەگەڵ فلان ئافرەت کردووە، ئەوە حەددی شەرعی لەسەر ئەنجام دەدرێ. ئەمجار ئافرەتەکە

[1] صحيح دون قوله (لعلة أن.......) (ص. د/٣٧١٦)، د (٤٣٩٦/٩٩/١٢).

ئەگەر ئەویش ئیعترافی لەسەر خۆی کرد حەددی شەرعی لەسەر جێبەجێ دەکرێ، ئەگەر نکوڵیشی لێکرد ئەوە حەددی لێ نادرێ.

لە ئەبو هورەیرەو زەیدی کوڕی خالیدەوە ڕیوایەتکراوە: کە دوو پیاو کێشەیان لەنێواندا پەیدا بوو، چوونە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) یەکێکیان وتی: بەگوێرەی نامەی خودا دادگاییمان بکەو بڕیارمان لەنێواندا بدە. ئەویتریان تێگەیشتوتر بوو وتی بەڵێ: ئەی پێغەمبەری خودا! بەگوێرەی قورئان حوکم بکە لەنێوانماندا ئیزنیشم بدە با قسە بکەم، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: {تَكَلَّمْ} دەی قسەی خۆت بکە. کابرا وتی کوڕەکەم لای ئەم کابرایە بەکرێ گیراو بوو ڕەنجبەری بوو، زینای لەگەڵ ژنی ئاغاکەی کردووە، پرسیارم کردووە پێیان ڕاگەیاندوم کە ئەوەی لەسەر کوڕەکەمە ئەوەیە: بەردەباران بکرێ، منیش سەد سەر مەڕم بۆ کردووە بەفیدیەو کەنیزەکێکیشم داوە. دوایی پرسیارم لە زانایان کردووە وتیان: ئەوەی لەسەر کوڕەکەت پێویستە ئەوەیە سەد داری حەددی لێ بدرێو ساڵێکیش لەزێدی خۆی دوور بخرێتەوە. بەردەبارانکردن بۆ ژنی کابرایە.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أَمَا وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لأَقْضِيَنَّ بَيْنَكُمَا بِكِتَابِ اللَّهِ ، أَمَّا غَنَمُكَ وَجَارِيَتُكَ فَرَدٌّ عَلَيْكَ». سوێندم بەوکەسەی کە گیانی منی بەدەستە ئەمن بەگوێرەی قورئان حوکم دەکەم لەنێوتاندا، مەڕەکان و کەنیزەکەکەت دەگەڕێندرێتەوە بۆت، ئەمجار فەرمانی کرد سەد داری حەددیان لەکوڕی کابرا دا، ساڵێکیش لەزێدی خۆی دوور خرایەوە، فەرمانیشی بە ئونەیسی (الأسلمی) کرد کەبچێ بۆلای ژنی کابرا

ئەگەر دانی نا بە تاوانەکەیدا بەردەبارانی بکا، ئافرەتەکە دانی نا بەوەی کەڕاستە زینای کردووە، ئیتر ئونەیس ڕەجمی کرد[(١)]

چەسپاندنی زینا بەهۆی شایەت

پەروەردگار دەفەرموێ: {وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَداً وَأُوْلَئِكَ هُمْ الْفَاسِقُونَ – النور/٤}: ئەوانەی بوختان بۆ ئافرەتی داوێنپاك هەڵدەبەستن‌و پاشان بۆ چەسپاندنی داواکەیان ناتوانن چوار شایەت ئامادە بکەن، یەکی هەشتا داری حەددیان لێ بدەن لەتۆڵەی بوختان هەڵبەستنەکەیاندا، ئەوانە بەم بوختان هەڵبەستنەیان فاسق بوون شایەتی‌دانیان لێ قبوڵ ناکرێ.

جا ئەگەر چوار پیاوی موسوڵمانی عاقڵ شایەتییاندا بەوەی؛ کە بەچاوی خۆیان دیتویانە هێنی فلان کەس لەوانێکی فلاندا وەکوو کلچیوك لەناو کلداندا یان دۆڵچە لەناو بیردا دەهاتوو دەچوو، ئەوە پیاوەکەو ئافرەتەکەش هەردووکیان داری حەددیان لێ دەدرێ.

ئەگەر سێیان شایەتی‌داو چوارەمینیان شایەتی نەدا، ئەوە زیناکە ناچەسپێ‌و سێ شایەتەکە بە بوختانکەر لە قەڵەم دەدرێن‌و داری حەددی بوختانیان لێ دەدرێ. ئاماژە بە بەمانای ئایەتەکە... هەروا ئاماژە بەو ریوایەتەی لە قەسامەی کوڕی زوهەیرەوە هاتووە: کە دەڵێ: کاتێك ئەوەی ئەبو بەکرەو (المغيرة) رویدا، - ئەمجار حەدیثەکەی گێڕایەوە – دەڵێ: بانگی شایەتەکانیان کرد بۆ شایەتی‌دان، ئەوەبوو ئەبو بەکرەو شیبلی کوڕی میعبەدو ئەبو عەبدوڵلا (نافیع) شایەتییاندا، ئیمامی عومەر (رەزای خودای

---

(١) متفـــــق عليـــــــه: خ (٢٧، ٦٨٢٨/١٣٦/١٢)، م (١٦٩٨/٩٧/١٣٢٤/٣)، د (٤٤٢١/١٢٨/١٢)، ت (١٤٥٨/٤٤٣/٢)، جه (٢٥٤٩/٨٥٢/٢)، ن (٢٤٠/٨).

لێ بێ) کاتێك ئەم سێیە شایەتیاندا وتی: بەڕاستی ئیشی ئەبو بەکرە قورس بوو، جا کە زیاد هات بۆ ئەوەی شایەتی بداو شایەتەکان ببنە چوار عومەر پێی فەرموو: خوا یاربێ بەحەقو ڕاستی شایەتی دەدەی، زیاد وتی: من ناتوانم شایەتی زینا بدەم بەو شێوە بڵێم بەچاوی خۆم دیومە هینی کابرا لەوانێکی فلاندا بوو، وەلێ من شتێکی نەشیاو خراپم بینی، ئیمامی عومەر وتی: (الله أكبر) زیناکە نەچەسپا. داری حەددی بووختانیان لەسێ شایەتەکە بدەن، ئەوەبوو داری حەددیان لێ دان، قەسامە: کەڕاوی حەدیثەکەیە دەڵێ: ئەبو بەکرە دوای جەڵدە لێدانەکەش وتی: شایەتی دەدەم ئەو کابرایە زینای کرد، ئیمامی عومەر ویستی دووبارە داری حەدی بوختانی لێ بداتەوە، ئیمامی عەلی نەهی لێ کرد فەرمووی: ئەگەر جەڵدەی بوختانی لێ بدەی، دەبێ (المغيرة)ی هاوڕێشت بەردەباران بکەی، ئیتر عومەر وازی لێ هێناو سەرلەنوێ داری حەدی بوختانی لێ نەدایەوە.[1]

حوکمی کەسێك زینا لەگەڵ مەحرەمی خۆی بکا

کەسێك زینا لەگەڵ مەحرەمی خۆی بکا سزاکەی کوشتنە موحصەن بێ یان غەیرە موحصەن بێ. ئەگەر مەحرەمی خۆی مارە بکا، دەشکوژرێو ماڵەکەشی داگیر دەکرێ.

لە (البراء) گێڕدراوەتەوە دەڵێ: توشی مامم بووم، ئالایەکی پێ بوو پێم وت: بۆ کوێ دەچی؟ وتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ناردومی بچم بۆسەر پیاوێك باوەژنی خۆی مارە کردۆتەوە دوای مردنی باوکی، فەرمانی پێ کردووم لەملی بدەم ماڵو سامانیشی وەربگرم.[2]

[1] إسناد صحيح (الإرواء ٨/٢٩)، هق (٨/٣٣٤).

[2] صحيح: (الإرواء/٢٣٥١)، صحيح: (ص.) (ص. جه/٢١١١)، (١٢/١٤٧/٤٤٣٣).

حوكمی كەسێك بچێتەلای ئاژەڵو شتی وا

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ وَقَعَ عَلَى بَهِيمَةٍ فَاقْتُلُوهُ وَاقْتُلُوا الْبَهِيمَةَ».[1] كەسێك كاری جوتبوونی لەگەڵ وڵاخو ئاژەڵو شتی وادا كرد بیكوژنو حەیوانەكەش بكوژن.

سزای نێربازی

ئەگەر كەسێك نێربازی لەگەڵ ئادەمیزادی نێرینەدا كردو هێنەكەی خۆی ئاودیوی كۆمی كرد، سزای هەردووكیان كوشتنە موحصەن بێ یان غەیرە موحصەن.

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: كە پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَنْ وَجَدْتُمُوهُ يَعْمَلُ عَمَلَ قَوْمِ لُوطٍ فَاقْتُلُوا الْفَاعِلَ وَالْمَفْعُولَ بِهِ».[2] هەركاتێك كەسانێكتان بینی پەیڕەوی قەومی لوطیان دەكرد نێر سواری نێر دەبوو ئەوە بكەرو ئیش لەگەڵ كراو (فاعلو مفعول) بكوژن.

سزای بوختان

لێرەدا بوختان: بریتییە لەوە تۆمەتی زینا پاڵ داوێنپاكێك بدرێ، بەم جۆرە بە یەكێك بڵێ: شرواڵ پیس، زیناكەر، یان هەر دەستەواژەو كەلیمەیەك كە مانای زیناو شرواڵ پیسی بگەیەنێ.

بوختان یەكێكە لەتاوانە گەورە بەهیلاكبەرەكان، قورئان دەفەرموێ: {إِنَّ الَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلاتِ الْمُؤْمِنَاتِ لُعِنُوا فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ – النور/٢٣} بێگومان ئەوانەی بوختان بەئافرەتی داوێنپاكی بێ

---

[1] حسن صحيح (ص. ت/١١٧٦)، ت (٢/٨/١٤٧٩)، د (١٢/١٥٧/٤٤٤٠).

[2] صحيح: (ص. جه/٢٠٧٥)، ت (٢/٨/١٤٨١)، د (١٢/١٥٣/٤٤٣٨).

ئاگاو خەبەرو موسوڵمان دەکەن، نەفرینیان لێ کراوە لەدونیاو لەقیامەتداو سزای بەئێش‌و سامناکیان بۆ بڕیار دراوە.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ». خۆتان بپارێزن لە حەوت تاوانە بەهیلاکبەرەکە، هاوەڵان عەرزیان کرد ئەو تاوانانە چی‌و چین ئەی پێغەمبەری خودا!؟ فەرمووی: «الشِّرْكُ بِاللَّهِ ، وَالسِّحْرُ ، وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ ، وَأَكْلُ الرِّبَا ، وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ ، وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ ، وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ الْغَافِلاَتِ»[1] هاوەڵ دانان بۆ خودا، سیحرو جادوبازی، کوشتنی نەفسی موسوڵمان کە خودا حەرامی کردووە مەگەر بەحەق، خواردنی ڕیباو سود، خواردنی ماڵی هەتیو، پشت هەڵکردن لەبەرەی جەنگ‌و هەڵاتن لەغەزا، بوختانکردن بە ئافرەتی داوێنپاکی بێ ئاگاو خەبەرو موسوڵمان.

کەسێك بوختان بە موسوڵمانێك بکا هەشتا داری حەدی لێ دەدرێ وەکوو پەروەردگار دەفەرموێ: {وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَداً وَأُوْلَئِكَ هُمْ الْفَاسِقُونَ — النور/٤} ئەوانەی بوختان بە ئافرەتی داوێنپاك دەکەن، پاشان چوار شایەت ناهێنن بۆ ڕاستی داواکەیان هەشتا داری حەدیان لێ بدەن‌و هەرگیز شایەتیان لێ وەرمەگرنەوە، ئەوانە فاسق‌و تاوانبارن.

نەفرین کردنی ژن‌و مێرد لەیەکتری (اللعان)

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە هیلالی کوڕی ئومەییە بوختانی بۆ ژنەکەی هەڵبەست، لەخزمەت پێغەمبەردا ئەوەی ڕاگەیاند کە

---

[1] متفق علیه: (ص. ج/١٤٤).

خێزانەکەی لەگەڵ (شەریکی کوڕی سەحماء)دا زینای کردووە، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرموو بەڵگەو شایەت بێنە ئەگینا داری حەدی بوختانکردن لەپشتت دەدەم، هیلال وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! چۆن دەبێ کە یەکێك لەئێمە پیاوێکی بینی بەسەر ژنەکەیەوە بچێ بگەڕێ بەدوای شایەتدا؟ بەڵام پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هەر دەیفەرموو: «الْبَيِّنَةَ وَإِلاَّ حَدٌّ فِي ظَهْرِكَ». شایەت بێنە ئەگینا داری حەد لە پشتت دەدرێ، هیلال وتی: سوێندم بەو کەسەی تۆی بەحەق رەوانە کردووە، من راست دەکەمو بوختان ناکەم، دڵنیام پەروەردگار سروش نازڵ دەکاو پشتی من لەداری حەد دەپارێزێ، ئیتر حەزرەتی جوبرائیل هاتە خوارو ئایەتی {وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُمْ شُهَدَاءُ إِلاَّ أَنفُسُهُمْ فَشَهَادَةُ أَحَدِهِمْ أَرْبَعُ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنْ الصَّادِقِينَ – النور/٦} بۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هێنا ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەدووی ژنەکەی هیلالیدا نارد، هیلالیش هات شایەتی دا. پێغەمبەریش دەیفەرموو: «إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ أَنَّ أَحَدَكُمَا كَاذِبٌ فَهَلْ مِنْكُمَا تَائِبٌ»؟ خودا ئاگادارەو دەزانێ کە یەکێکتان درۆ دەکا. ئەمجار ئافرەتەکە هەڵسا شایەتی خۆی دا چوار جار شایەتیەکەی دا، کە گەیشتە جاری پێنجەم رایانگرت پێیان گوت ئەمەیان (موجبە)و چەسپێنەرە ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: ئافرەتەکە هەڵوێستەیەکی کردو تۆزێك بێ دەنگ بوو، بەجۆرێك گومانی ئەوەمان برد، کە لەشایەتیەکەی ژیوان دەبێتەوە، پاشان وتی: حەیای قەومەکەم نابەم ئەو ئابڕو بردنە ناخەمە سەرشانی خۆم، ئیتر پێومرۆیی وتەکانی لیعانی تەواو کردن، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أَبْصِرُوهَا فَإِنْ جَاءَتْ بِهِ أَكْحَلَ الْعَيْنَيْنِ سَابِغَ الأَلْيَتَيْنِ خَدَلَّجَ السَّاقَيْنِ ، فَهُوَ لِشَرِيكِ بْنِ سَحْمَاءَ» بزانن ئەگەر ئەم ئافرەتە منداڵێکی بە وەلەد هێنا چاوڕەشو چاوگەورە سمتو کەفەڵ زلو قولو قاچ ئەستور

ئـەوە مانـای وایـە منداڵەکـە لـە شـەریکی کـوڕی سـەحماء پەیـدا بـووە. کـە ئافرەتەکە منداڵی بوو دەق سەروشکڵی بەوشێوە بـوو کـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) دەسـت نیـشانی کـرد، ئـیتر پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) فـەرمووی: «لَوْلاَ مَا مَضَى مِنْ كِتَـابِ اللّـهِ لَكَـانَ لِـى وَلَهَـا شَـأْنٌ»[1] ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە قورئان ئـەوەی بڕیوەتـەوە حوکمەکەی وا ئاڕاستە کردووە، ئەگینا من دەربارەی ئەو ئافرەتە جۆرێکی تر هەڵس‌وکەوتم دەکرد.

ئەو حوکمو ئاکامانەی بەهۆی لیعان دێنەدی

ئەگەر ژنو مێرد لیعانیان کـرد بـەم نـەفرین لێکردنـەیان ئـەم حوکمانـە دێنە دی.

١- لێـك جیابوونـەوەی ژنو مێـردو نـەمانی گرێبەسـتی نێوانیـان ئامـاژە بەحەدیثی ئیبنو عومەر کە دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەری خودا ڕێو ڕەسمی لیعانی لەنێوان پیاو ژنێکی ئەنصاریدا ئەنجامداو لێکی جیاکردنەوە.[2]

٢- لێك حەرامبوونیان لەیەکتری بۆ هەتا هەتایە، ئاماژە بە قەولی سەهلی کوڕی سەعد کە دەڵێ: (فَمَضَتِ السُّنَّةُ بَعْـدُ فِـى الْمُتَلاَعِنَـيْنِ يُفَـرَّقُ بَيْنَهُمَـا ثُـمَّ لاَ يَجْتَمِعَانِ أَبَدًا).[3] سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسـەر بـێ) وا بـەڕێوە چـووەو چەسـپاوە کـە هـەر ژنو مێردێـك لیعـان لەگـەڵ یـەکتر بکـەن لێـك جیابکرێنەوەو بەهیچ جۆرێك دروست نەبێ ببنەوە بە ژنو مێردی یەکتری.

٣- مارەیی ئافرەتە لیعان لەگەڵ کراوەکە دەچەسپێو مافی خۆیەتی دەبێ وەری بگرێ. ئاماژە بـەو حـەدیثـەی ئـەییوب لـە سـەعیدی کوڕی جوبـەیرەوە

---

[1] صحيح: (الإرواء/٢٠٩٨)، خ (٨/٤٤٩/٤٧٤٧)، د (٦/٣٤١/٢٢٣٧)، ت (٥/١٢/٣٢٤٩).

[2] متفق عليه: خ (٩/٤٥٨/٥٣١٤)، م (١٤٩٤ – ٢/١١٣٣/٩).

[3] صحيح: (الإرواء/٢١٠٤)، د(٦/٣٣٧/٢٢٣٣)، هق(٧/٤١٠).

ریوایەتی کردوە دەڵێ: بە ئیبنو عومەرم گوت: پیاوێك بوختانی بۆ ژنەکە هەڵبەست پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) چ بڕیارێکی دا؟ وتی: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ژنو مێردەکەی خێڵی (بەنی عەجلانی) لێك جیا کردنەوەو فەرمووی: «إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ أَنَّ أَحَدَكُمَا كَاذِبٌ فَهَلْ مِنْكُمَا تَائِبٌ». خودا ئاگادارەو دەزانێ یەکێکتان درۆدەکا، ئایا کامتان لە هەڵوێستی خۆی پاشگەز دەبێتەوەو تۆبە دەکا؟

هیچ کامیان لە هەڵوێستی خۆیان پەشیمان نەبوونەوە، دوبارە فەرمووی: «إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ أَنَّ أَحَدَكُمَا كَاذِبٌ فَهَلْ مِنْكُمَا تَائِبٌ». هیچ کامیان پاشگەز نەبوونەوە. بۆجاری سێیەم فەرموویەوە: «إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ أَنَّ أَحَدَكُمَا كَاذِبٌ فَهَلْ مِنْكُمَا تَائِبٌ». ئیتر هەردوکیان سووربوون لەسەر هەڵوێستی خۆیان، ئیتر پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بڕیاری لێك جیابوونەوەیانی داو لێکی جیاکردنەوە.

ئەمجار ئەیوب دەڵێ: عەمری کوڕی دینار پێی وتم: لە فەرموودەکەدا شتێك هەیە نابینم بیگێڕیەوە، ئەویش ئەوەیە دوای لێك کردنەوەیان پیاوەکە وتی: ئەو ماڵو سامانەی کردومە بە مارەیی بۆی چۆنو کەی لێی وەربگرمەوە؟ ئایا ئەو ماڵەم بەفیڕۆ دەڕوا؟ وتی: بەکابرا گوترا: «لاَ مَالَ لَكَ، إِنْ كُنْتَ صَادِقًا فَقَدْ دَخَلْتَ بِهَا، وَإِنْ كُنْتَ كَاذِبًا فَهُوَ أَبْعَدُ مِنْكَ».[1] حەقی ئەوەت نیە داوای مارەییەکە بکەی هیچ ماڵێکت لای ئافرەتەکە نیە، چونکە ئەگەر راست بکەی ئەوە (دخولت پێ کردوە) بەوە مارەییەکە بۆتە ماڵی خۆیو چەسپاوە. خۆ ئەگەر درۆبکەی لە لیعانەکەتدا ئەوە زۆر ناڕەواو دوورە لە حەق ئەتۆ داوای مارەییەکەی لێ بکەی، بۆئەوەی دوو ستەمی لێ نەکرێ

---

[1] متفق عليه: خ(٥٣١١/٤٥٦/٩)، م(١٤٩٣/١١٣٠/٢)، د(٢٢٤١،٤٠/٣٤٧/٦).

ستەمێكیان حەیاچوونو ناو زڕاندنی بەو تۆمەتەی پاڵت داوە. دووەمیان داواكردنەوەی ماڵێك كە بەشێوەی شەرعی پێت داوە بوومتە ماڵی حەڵاڵی خۆی.

٤- منداڵەكە دەخرێتە پاڵ ژنە لیعان لەگەڵ كراوەكە، ئاماژە بە حەدیثی ئیبنو عومەر كە دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕێو ڕەسمی لیعانی لەنێوان پیاوێكو ژنەكەیدا ئەنجام دا، پیاوەكە خۆی بێ بەری كرد لەو منداڵەی ژنەكە بەوەلەدی هێنابوو، ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لێكی جیاكردنەوەو منداڵەكەشی پاڵ ئافرەتەكە دا.[1]

٥- چەسپانو هەبوونی میرات لێك گرتن لەنێوان ئافرەتە لیعان كەرەكەو منداڵەكەی. ئاماژە بە قسەكەی ئیبنو شیهاب: كە لە حەدیثەكەی سەهلی كوڕی سەعددا هاتووە دەفەرموێ: «فَكَانَتِ السُّنَّةُ بَعْدَهُمَا أَنْ يُفَرَّقَ بَيْنَ الْمُتَلاَعِنَيْنِ ، وَكَانَتْ حَامِلاً ، وَكَانَ ابْنُهَا يُدْعَى لأُمِّهِ ، قَالَ ثُمَّ جَرَتِ السُّنَّةُ فِي مِيرَاثِهَا أَنَّهَا تَرِثُهُ وَيَرِثُ مِنْهَا مَا فَرَضَ اللَّهُ لَهُ».[2]

تۆڵەو حەددی دزیكردن

ئایینی ئیسلام پارێزگاریكردنی ماڵو سامانی بەكارێكی پێویستو زەروری داناوەو جەختی لەسەر كردۆتەوە. ئەصڵو واقیع لەهەموو شتێك دا ئیباحەیە مەگەر بەڵگەی پێچەوانە بێتەكایەوە. هەروا نەهی كردوە لە پەیداكردنی ماڵو سامان لەڕێگەی حەرامەوە، هۆكارو ڕێبازە یاساغەكانی

---

[1] متفق عليه: خ(٥٣١٥/٤٦٠/٩)، م(١٤٩٤/١١٣٢/٢)، د(٢٢٤٢/٣٤٨/٦)، ت(١٢١٨/٣٣٨/٢)، ن(٦/١٧٨)، جة(٢٠٦٩/٦٦٩/١).

[2] متفق عليه: خ(٥٣٠٩/٤٥٢/٩)، م(١٤٩٢/١١٢٩/٢)، د(٢٢٣٥/٣٣٩/٦).

پەیداکردنی ماڵیشی رونکردۆتەوە {وَقَدْ فَصَّلَ لَكُم مَا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ – الأنعام/١١٩} بێگومان ئەوەی حەرامکراوە لەئێوە بۆتان رون کراوەتەوە.

هەڵبەتە جۆرێکیش لە کاسبی حەرام دزیکردنە، واتە هەڵگرتنو دزینی ماڵی غەیر بەشێوەیەك پەنامەکیو شاردنەوەی تێدابێو کابرای دز هەوڵ بدا کارەکەی بشارێتەوەو پێی نەزاندرێ.

ئاشکراشە دزیکردن لەتاوانە گەورەکانەو حەدو سزای بۆ دیاریکراوە لە قورئانو فەرموودەی پێغەمبەردا شیکراوەتەوەو کۆڕای ئوممەتی ئیسلامی لەسەر دامەزراوە.

قورئان دەفەرموێ: {وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالاً مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ – المائدة/٣٨} پیاوو ئافرەت ئەگەر دزییان کردو تاوانەکەیان لەسەر چەسپا دەستیان ببڕن لە تۆڵەی ئەوەی ئەنجامیان داوە... ئەم دەسبڕینە ئیهانەو سوکایەتی پێکردنێکە لەخوداوە بۆیان، خودا باڵادەستە بەسەر هەموو شتێکداو هەموو بڕیارو حوکمێکی حیکمەتەو بێ هودەیی تێدانیە.

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەستی دزێکی بڕی لەسەر دزینی مەتاڵێك نرخەکەی سێ درهەم بوو[1].

ئیبنولونذیر دەڵێ: زانایان کۆڕایان هەیە لەسەرئەوە پێویستە دەستی دز ببڕدرێ بەمەرجێك دوشایەتی موسوڵمانی ئازادی عادڵ شایەتی لەسەر بدەن.[2]

---

[1] متفق علیه: خ(٦٧٩٥/٩٧/١٢)، م(١٦٨٦/١٣١٣/٣)، ت(١٤٧٠/٣/٣).

[2] الإجماع: ٦٢١/١٤٠.

ئەگەر بابایەکی عاقڵو باڵغ بە ئیختیاری خۆی دزی کرد بۆ خۆی دانی بەدزیەکەیدا نا یان دوو شایەت شایەتییان لەسەردا، ئەو ماڵەی دزی بووی گەیشتبووە حەدی نیصابو لەشوێنی پارێزراوی شیاودا دزی بووی، ئەوە پێویستە دەستی ببڕدرێ.

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لاَ تُقْطَعُ يَدُ السَّارِقِ إِلاَّ فِي رُبْعِ دِينَارٍ فَصَاعِدًا».[1] دەستی دز نابڕدرێ هەتا بڕی ئەوەی دزیویەتی نەگاتە روبعێكو زیاتر.

ئیبنولمونذیر دەڵێ: زانایانی موسوڵمان کۆڕایان هەیە لەسەرئەوە بڕینی دەستی دز پێویست نابێ هەتا کابرا ماڵەکە لەشوێنی شیاوی خۆی دەرنەهێنێ.[2]

شوێنی شیاو (حرزالمثل) ئەو شوێنەیە بەعادەت ئەو جۆرە ماڵەی تێدا هەڵدەگیرێ، وەکوو خانوو، وەکوو گەنجینە، وەکوو دوکانی داخراو.

خاوەنی (الروضة الندية) دەڵێ: (حرزالمثل) شوێنی شیاو بۆ ماڵ تێدا هەڵگرتن، خەڵکی بەعادەت ئەو جۆرەماڵەی تێدا هەڵدەگرن، بۆنموونە کادێن شوێنی (کا) تێدا هەڵگرتنە، تەویلەو ئاغەڵ شوێنی تێدا حەوانەوەی ئاژەڵە، گەوو پەچە شوێنی تێدا حەوانەوەی مەڕو بزنە، کەندوو عەمبارو سایلۆ شوێنی شیاوی دانەوێڵە تێدا هەڵگرتنە.

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پرسیاری لێ کرا دەربارەی دزینی خورما بەسەر درەختەکەیەوە، فەرمووی: «مَنْ أَصَابَ بِفِيهِ مِنْ ذِي حَاجَةٍ غَيْرَ مُتَّخِذٍ خُبْنَةً فَلاَ شَيْءَ عَلَيْهِ وَمَنْ خَرَجَ بِشَيْءٍ مِنْهُ فَعَلَيْهِ غَرَامَةُ مِثْلَيْهِ وَالْعُقُوبَةُ وَمَنْ سَرَقَ مِنْهُ شَيْئًا بَعْدَ

---

[1] متفق عليه: خ(٦٧٨٩/٩٦/١٢)، م(١٦٨٤-٢-/١٣١٢/٣).

[2] الإجماع: ٦١٥/١٣٩.

أَنْ يُئْوِيَـهُ الْجَـرِينُ فَبَلَـغَ ثَمَـنَ الْمِجَـنِّ فَعَلَيْـهِ الْقَطْـعُ»[1]؛ کەسێك لەخورمای لێ نەکراوەو نەچندراو کە هێشتا هێشوەکەی بەدرەختەکەوەیە، کەمێکی لێ کردوەوە بۆ خواردنی خۆیو پێداویستی راگوزەرانەی خۆی، ئەوە بۆی رەوایە سزای لەسەرنیە بەمەرجێك ئەوەندە لێ نەکاتەوە بیخاتە بەرکۆشو بەر هەڵبێنەوە، کەسێك ئەوەندەی لێ رنی بیکاتە بەرکۆشو بەر هەڵبێنەوە، ئەوە دوو چەندانە غەرامە دەگرێو عقوبەتی تەعزیریشی لەسەرە، کەسێك خورمای دزی دوای ئەوەی خرایە گەنجینەو شوێنی هەڵگرتنەوە، ئەگەر بەهاکەی دەگەییشتە نرخی مەتاڵێك ئەوە دەستی دەبڕدرێ. بابای ماڵ لێ دزراو بۆی هەیە کابرای دز عەفوبکا بەمەرجێ داواکە نەگەیشتبێتە لای فەرمانڕەواو نەخرابێتە قاڵبی رەسمییاتەوە.

لە صەفوانی کوڕی ئومەیەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: لەمزگەوت نوستبووم پارچە قوماشێکی (چندراو لە خوریو کەمێکی لە ئیبریسم)م بەخۆدا دابوو بەهای سی دیرهەمێك بوو، پیاوێك هات لێیٚ دزیم، کابرا دزییەکەی لێ ئاشکرابوو دەستگیرکراو هێندرایە لای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئەویش فەرمانی کرد بەدەست بڕینی، صەفوان دەڵێ: کە بەوەم زانی هاتمە خزمەت پێغەمبەرو عەرزم کرد: ئەوە لەسەر سی درەم دەستی ئەو کابرایە دەبڕی. ئەمن پارچە قوماشەکەی پێ دەفرۆشمو نرخەکەشی بۆ دەکەم بە قەرزی درێژخایەن. پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «فَهَلاَّ كَانَ هَذَا قَبْلَ أَنْ تَأْتِيَنِي بِهِ».[2] دەی بۆچی پێش ئەوەی داوایەکە بگاتە لای من ئەم چارەسەرەت بۆ نەدۆزییەوە!؟

---

[1] حسن: (ص.د/٣٦٨٩)، د(١٢/٥٦/٤٣٦٨)، جة(٢/٢٥٩٦،٨٦٦)، ن(٨٥/٨).

[2] صحيح: (ص.د/٣٦٩٥) ، د(٤٣٧١/٦٢ و ٦٣/١٢)، جة(٢/٨٦٥/٢٥٩٥).

زانیارییەکی بەسود

زانایـان کۆڕایـان هەیـە لەسـەرئەوە دز ئەگـەر بڕیـاری دەست بڕینـی بـۆ دەرچوو یەکەمجار دەستی ڕاستی دەبڕدرێ. ئەگـەر عـاری نـەناو دووبـارە دزی کردەوە، قاچی چەپی دەبڕدرێ، ئەگـەر سێیەمجار دزی کـرد راجیاییـان هەیـە لەوەدا ئاخۆ دەستی چەپی یان قاچی ڕاستی دەبڕدرێ. زوربـەی زۆری زانایـان فەرموویانـە دەسـتی چـەپی دەبـڕدرێ شـێخی پایەبـەرز خـاوەنی (ألتعلیقـات الرضــیة: ج٣/٢٩٨) دەفــەرموێ: بڕینــی دەســتی چــەپی لــە ســێیەمجاری دزیکردنەکەی چەسپاوەو کاری پێکراوە لەلایەن خەلیفەی یەکەم ئەبوبـەکری صدیقو عومەری کوڕی خەتاب وەکوو بەیهەقی ئاماژەی پـێ کـردوە ج٣/٢٨٤. ئەمجار ئەگەر هەر عاری نەنا دزی کرد قاچی ڕاستیـشی دەبـڕدرێ پاشـان کـە هەر وازی نەهێناو سووربوو لەسەر دزیکردن تەعزیر دەکرێو بەند دەکرێ.

حەددی خۆ سەرخۆشکردن

قورئان دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُـوا إِنَّمَـا الْخَمْـرُ وَالْمَيْـسِرُ وَالأَنـصَابُ وَالأَزْلامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ، إِنَّمَا يُرِيدُ الـشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمْ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَـصُدَّكُمْ عَـنْ ذِكْـرِ اللَّـهِ وَعَـنْ الصَّلاةِ فَهَلْ أَنْتُمْ مُنتَهُونَ – المائدة/ ٩٠-٩١} ئەی کۆمەڵی بڕواداران بزانن: کـە شەرابو قومارو سەربڕینی ئاژەڵ لەسـەر بـەردە تایبەتـەکانو بـۆ بتـەکانتانو تـیرو پـشك هـەموویان کـاری خـراپو پـیسو کـردەوەی شـەیتانینو خۆیـان لێ بپارێزن، بەڵکوو سەرفرازی دونیاو قیامەت بنو لەسـزای خـودا رزگارتـان بـێ، شــەیتان کــە ئــەو کارانــەتان لــەپێش چـاو جـوان دەکـا دەیــەوێ بــەهۆی ئالودەبووونتــان بــە شــەرابو قومــارەوە بــوغزو کینــەو دوژمنایــەتی بخاتــە

نێوانتانەوە، بەیادی خودا بێ ئاگاتان بکاو نوێژتان لەبیر بەرێتەوە، دەی ئایا ئێوە بەم ئامۆژگاریو پەیامە دڵسۆزانەیە واز لەو کردەوە خراپانەتان دێنن؟

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لاَ يَزْنِي الزَّانِي حِينَ يَزْنِي وَهُوَ مُؤْمِنٌ ، وَلاَ يَشْرَبُ الْخَمْرَ حِينَ يَشْرَبُهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ»[1]

زیناکەر لەوکاتەدا کە زینا دەکا ئیمانی نامێنێو کافرە، شەراب خۆر لەوکاتەدا کە شەراب دەخواتەوە ئیمانی نامێنێو کافرە.

لە عەبدوڵلای کوڕی عەمرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الْخَمْرُ أُمُّ الْخَبَائِثِ وَمَنْ شَرِبَهَا لَمْ يَقْبَلِ اللَّهُ مِنْهُ صَلاَةً أَرْبَعِينَ يَوْمًا فَإِنْ مَاتَ وَهِيَ فِي بَطْنِهِ مَاتَ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً».[2] شەراب کانو سەرچاوەی هەموو تاوانەکانە، کەسێك خواردیەوە تا چل ڕۆژ نوێژی قبوڵ نیە، خۆ ئەگەر بمرێو شەرابەکە لە گەدەیدا مابێ ئەوە بەکافری دەمرێ.

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «الْخَمْرُ أُمُّ الْفَوَاحِشِ وَأَكْبَرُ الْكَبَائِرِ مَنْ شَرِبَهَا وَقَعَ عَلَى أُمِّهِ وَعَمَّتِهِ وَخَالَتِهِ».[3] شەراب کانو سەرچاوەی تاوانەکانەو گەورەترین تاوانە دوای هاوەڵدانان بۆ خودا، کەسێك خواردیەوە عەقڵو هۆشی خۆی لەدەست دەدا لەوانەیە سواری دایکی خۆی ببێ، وێدەچێ سواری پوری (خوشکی باوکی) ببێ، سواری پوری (خوشکی دایکی) ببێ.

---

[1] صحيح: (ص.ج/٧٧٠٧).

[2] حسن (ص.ج/٣٣٤٤)، طس(٣٨١٠).

[3] حسن (ص.ج/٣٣٤٥)، طب(١١٣٧٢/١١٢٠/٢).

له ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، وتوویەتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مُـدْمِنُ الْخَمْـرِ كَعَابِـدِ وَثَـنٍ».[1] شەرابخۆری بەردەوام وەکوو بتپەرست وایەو حوکمی ئەوی هەیە.

له ئەبو (ألدرداء)ەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لاَ يَـدْخُلُ الْجَنَّـةَ مُـدْمِنُ الْخَمْـرِ».[2] شەرابخۆری بەردەوام ناچێتە بەهەشتەوە.

له ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، وتوویەتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لُعِنَـتِ الْخَمْـرُ عَلَـى عَـشَرَةِ أَوْجُـهٍ بِعَيْنِهَـا وَعَاصِـرِهَا وَمُعْتَـصِرِهَا وَبَائِعِهَـا وَمُبْتَاعِهَـا وَحَامِلِهَـا وَالْمَحْمُولَـةِ إِلَيْـهِ وَآكِـلِ ثَمَنِهَـا وَشَـارِبِهَا وَسَاقِيهَا».[3] شەراب لەدەڕووەوە نەفرینی لێکراوە؛ خودی خۆی نەفرینی لێ کراوە چونکە کانی هەموو تاوانێکە، هەروا نەفرین لەو کەسەش کراوە بۆ خۆی دەیگوشێ، ئەو کەسەیش هەوڵ دەدا بیگوشێ بۆ خۆی یان بۆ کەسانی دیکە، فرۆشیارو کڕیارەکەی ئەو کەسەیش کە هەڵی دەگرێ بیبا بۆ کەسانی دی، یان داوا دەکا بۆی بەرن، ئەومیش کە نرخەکەی دەخوا، ئەو کەسەیش کە دەیخواتەوە ئەومیش کە مەیەکە دەگێڕێ.

چ شتێك پێی دەگوترێ خەمر؟

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: (كُـلُّ مُـسْكِرٍ خَمْـرٌ وَ كُـلُّ خَمْـرٍ حَـرَامٌ).[4] هەرشتێك

[1] حسن (ص.جة/٢٧٢٠)، (الصحيحة: ٦٧٧)، جة(٣٣٧٥/١١٢٠/٢).

[2] صحيح: (ص.جة/٢٧٢١) ، (الصحيحة: ٦٧٨)، جة(٣٣٧٦/١١٢١/٢).

[3] صحيح: (ص.جة/٢٧٢٥) ، جة(٣٣٨٠/١١٢١/٢)، د(٣٦٥٧/١١٢/١٠).

[4] صحيح: (ص.جة/٢٧٣٤) ، م(٢٠٠٣-٧٥/١٥٨٨/٣)، جة(٣٣٩٠/١١٢٤/٢).

سەرخۆشت بکاو عەقڵ بەرێ، بەخەمر لە قەڵەم دەدرێ‌و حوکمی ئەوی هەیە هەرشتێکیش بەخەمر حیساب بکرێ حەرامە.

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پرسیار لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کرا دەربارەی (ألبِتْع): کە سرکەی هەنگوینەو ئەهلی یەمەن دەیان خواردەوە، پێغەمبەر لە وەڵامدا فەرمووی: «كُلُّ شَرَابٍ أَسْكَرَ فَهُوَ حَرَامٌ».[1] هەر شەرابێك سەرخۆش بکا خواردنەوەی حەرامەو لەهەموو ڕویەکەوە حوکمی خەمری هەیە.

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، فەرمووی: ئیمامی عومەر چووە سەر مینبەرو ڕاوەستاو دەستی کرد بە وتاردان‌و فەرمووی: بزانن خەمر حەرامەو قورئان نازڵ بووە بە حەرامبوونی، ئەو شەرابە لە پێنج شت دروست دەکرێ لە ترێ، لە خورما، لە هەنگوین، لە گەنم، لەجۆ. خەمر ئەوەیە سەرخۆش بکا هەر خواردن‌و خواردنەوەیەك مرۆڤی سەرخۆش کردو عەقڵی داپۆشی‌و لەکاری خست ئەوە خەمرەو حەرامە بیخۆی‌و بیخۆیەوە.[2]

لە (ألنعمان)ی کوڕی بەشیرەوە ڕیوایەتکراوە، فەرموویەتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنَّ مِنَ الْحِنْطَةِ خَمْرًا وَمِنَ الشَّعِيرِ خَمْرًا وَمِنَ التَّمْرِ خَمْرًا وَمِنَ الزَّبِيبِ خَمْرًا وَمِنَ الْعَسَلِ خَمْرًا».[3] بزانن خەمر لەگەنم دروست دەکرێ، لەجۆ دروست دەکرێ لە مێوژ بەرهەم دێندرێ لەخورما دروست دەکرێ لە هەنگوین دروست دەکرێ.

---

[1] متفق عليه: خ(٥٥٨٦/٤١/١٠)، م(٢٠٣٢/٢٣٢٢/٤)، د(٣٦٦٥/١٢٢/١٠).

[2] متفق عليه: خ(٥٥٨١/٣٥/١٠)، م(٣٠٣٢/٢٣٢٢/٤)، د(٣٦٥٢/١٠٤/١٠).

[3] صحيح: (ص.جة/٢٧٢٤) ، جة(٣٣٧٩/١١٢١/٢)، د(٣٦٥٩/١١٤/١٠).

جوداوازی نیه لەنێوان کەمیو زۆری خەمر

له عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوه ڕیوایەتکراوه فەرموویەتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «كُلُّ مُسْكِرٍ حَرَامٌ وَمَا أَسْكَرَ كَثِيرُهُ فَقَلِيلُهُ حَرَامٌ».[1] هەرچی سەرخۆشکەربێ خواردنەوەو خواردنی حەرامە، هەرشتێك زۆرەکەی سەرخۆش بکا کەمەکەشی حەرامە.

لەخاتو عائیشەوه ڕیوایەتکراوه، فەرموویەتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «كُلُّ مُسْكِرٍ حَرَامٌ وَمَا أَسْكَرَ مِنْهُ الْفَرْقُ فَمِلْءُ الْكَفِّ مِنْهُ حَرَامٌ».[2] هەموو شتێکی سەرخۆشکەر حەرامە. هەرچی زۆرەکەی سەرخۆش بکا خواردنەوەی پڕ بە لوێچێکیشی حەرامە.

هەددو سزای شەرابخۆر

ئەگەر ئادەمیزادێکی موکەللەف بەویستی خۆی شەرابی خواردەوه دەشی زانی ئەوەی دەیخواتەوه شەرابەو حەرامە ئەوه چل داری حەددی لێ دەدرێ، ئەگەر فەرمانڕەوا وای بەباش زانی زیاد لەچل داری لێ بدا بۆی هەیە لێی زیاد بکا تا دەگاتە هەشتا دار، ئاماژه بەو ڕیوایەتەی (ألحصینی کوڕی المنذر) گێڕاویەتیەوه کە دەڵێ: ئیمامی عەلی لەحەددی شەرابخواردنەوەدا چل داری لە (الولید)ی کوڕی عوقبەدا، پاشان وتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) چل داری لە شەرابخۆر داوه، ئەبوبەکر چل داری لێ داوه، عومەر هەشتا داری لێ دا، هەمووشیان لەچوارچێوەی سوننەتی پێغەمبەردان، من بۆخۆم پێم باشترە هەشتا داری لێ بدرێ.[3]

---

[1] صحيح: (ص.جة/٣٣٣٦) ، جة(٣٣٩٢/١١٢٤/٢).

[2] صحيح: (ص.جة/٤٥٥٢) ، ت(١٩٢٨/١٩٤/٣)، د(٣٦٧٠/١٥١/١٠).

[3] صحيح: (مختصر م/١٠٤٧) ، م(١٧٠٧/١٣٣١/٣).

حەدد بەدوو شت دەچەسپێ

١- دان پیانانو ئیقرار ٢- شایەتیدانی دوو عادڵ.

دروست نیە دوعای شەڕ لە شەرابخۆر بکرێ

لە عومەری کوڕی خەتتابەوە ڕیوایەتکراوە: کە پیاوێك لەسەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) هەبوو ناوی عەبدوڵلا بوو نازناوی (حیمار) بوو، قسە خۆش بوو زۆرجار پێغەمبەری دێنایە پێکەنین، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەسەر شەرابخواردنەوە داری حەددی لێ دابوو، ڕۆژێکی تر لەسەر هەمان تاوان هێنایانە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئەویش فەرمانی کرد بەجێبەجێ کردنی حەدد لەسەریو داری حەددی لێ درا، پیاوێك لە ئامادەبوان وتی: خودایە نەفرینی لێ بکە، ئەمە چەندجار هێنایانو داری حەددیان لێ داو عارنانێ.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ تَلْعَنُوهُ ، فَوَاللَّـهِ مَا عَلِمْتُ أَنَّهُ يُحِبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ».[1] (دەڵێن وشەی (ما) زێدەیە. هەمزەی (إنّه) بە مەفتوحیو بە مەکسوری دروستە).

نەفرینی لێ مەکەن سوێندم بەخودا ئەو پیاوە من دەزانم خوداو پێغەمبەری خودای خۆش دەوێن.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: سەرخۆشێکیان هێنایە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئەویش فەرمانی کرد بەلێدانی، ئیتر هەمان بوو بە شەپلاغەو مستەکۆڵە لێی دەدا، هەمانبوو بە نەعلەکەی لێی دەدا، هەشمان بوو بە پۆشاکەکەی لێی دەدا، کە کابرا ڕۆییو تێهەڵدانی باشی خوارد، پیاوێك وتی: ئەوە چیەتی بۆ وادەکا؟ خودا ڕیسوای کا! پێغەمبەر

---

[1] صحيح: (المشكاة/٢٦٢١)، خ(٦٧٨٠/٧٥/١٢).

(دروودی خودای لەسـەر بێ) فـەرمووی: «لاَ تَكُونُـوا عَـوْنَ الـشَّيْطَانِ عَلَـى أَخِيكُمْ».[(١)] مەبنە يارمەتيدەر بۆ شەيتان لەسەر براكەتان، چونكە شەيتان كە تـاوانكردنی بـۆ جـوان دەكـاو هـەڵی دەنـێ بـۆ كـردەوەی خـراپ مەبەسـتی ريسواكردنی براكەتانە جا كەئێوەش دوعای ريسوابوونی بۆبكەن ئـەوە دەبنـە يارمەتيدەری شەيتان.

سزای یاخی بوونو چەتەیی‌و رێگری (حد الحرابة وقطع الطريق)

الحرابة: بريتييە لە ياخی بوونی كرۆپێكی چەكدار لـە وڵاتـی ئيـسلامدا بـۆ بـەرپاكردنی پـشێوی‌و ئـاژاوەو خـوێن رێـژی‌و روتكردنـی رێبـوارو چەپاوكردنی ماڵو سامانی خـەڵكو هـەتكی نـاموس‌و لـەناوبردنی بـەروبوم‌و ماڵو سـامان‌و منـداڵو بەرەنگاربوونـەوەی ئـايينی ئيـسلام‌و ئـەخلاق‌و ياسـاو پەيڕەوو پرۆگرام.

هەڵبەتە ياخی بوون‌و چەك هەڵگرتن دژی فەرمانڕەوای موسـوڵمانان لـە تاوانە گەورەكانە، بۆيە سزاكەشی سەخت‌و دژوارە.

قورئان دەفـەرموێ: {إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّـهَ وَرَسُـولَهُ وَيَـسْعَوْنَ فِـي الأَرْضِ فَسَاداً أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِـنْ خِـلافٍ أَوْ يُنفَـوْا مِـنْ الأَرْضِ ذَلِـكَ لَهُـمْ خِـزْيٌ فِـي الـدُّنيَا وَلَهُـمْ فِـي الآخِـرَةِ عَـذَابٌ عَظِـيمٌ – المائـدة/٣٣}. سـزاو تۆڵـە لەوانـەی دژی خـوداو پێغەمبـەری خـودا دەجـەنگن هـەوڵی بـەرپاكردنی فيتنـەو ئاشـوب دەدەن لەسـەر زەوی‌و لـە فـەرمانڕەوای موسوڵمانان ياخی دەبن‌و چـەتەیی‌و رێگـری دەكـەن‌و خـەڵك دەكوژن‌و مـاڵ‌و سـامانی موسـوڵمانان چـەپاو دەكـەن، سـزاكەيان ئەوەيـە دەكـوژرێن هەڵدەواسـرێن، دەسـت‌و قاچيان راسـت‌و چـەپ دەبـڕدرێ. يـان لـە وڵات

[(١)] صحيح: (ص.ج/٧٤٤٢) ، خ(١٢/٧٥/٦٧٨١)، د(١٢/١٧٦/٤٤٥٣).

راودەنـرێن‌و دەردەكـرێن، ئـەو سـزایانە بـۆ ئەوانـە پـڕاو پـڕی تاوانەكانیانـە، ئەوانە لەدونیادا ریسواییان بۆ بڕیار دراوەو لـە قیامـەتیش عـەزابی بـەئێش‌و سامناكیان بۆ ئامادەكراوە.

لـە ئەنەسـەوە (رەزای خـودای لێ بـێ) گێڕدراوەتـەوە دەڵـێ: كۆمـەڵێك لـەخێڵی عـوكڵ هاتنـە خزمـەت پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) موسوڵمانبوون، ئاوو هەوای مەدینەیان پێ نەكەوت‌و توشـی نەخۆشـی بـوون، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی پێ كردن: كە بڕۆن بـۆ دەری مەدینە بۆ شوێنێك كە گا ڕانە حوشتری زەكاتی لێ بـەخێودەكرا لـەوێ شیرو میزی حوشترەكان بخۆنەوە، ئەوانیش فەرمانەكەی پێغەمبەریان بەجێ هێناو ماوەیەك لـەو شـوێنە شیرو میزی حوشـتریان خواردەوە، بـاری تەندروسـتیان بـاش بـوو نەخۆشـییان نـەما، لـە ئـایین هەڵگەڕانـەوەو شـوانە حوشـترەكانیان كوشتن‌و حوشترەكانیشیان بردن، پێغەمبەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) كـە بـەم روداوەی زانـی هێـزی نـارد بەدوایانـداو دەسـگیریان كـردن‌و هێنایـانن بـۆ خزمەتی، ئـەویش فـەرمانی كـرد دەسـت‌و قاچیان بـڕین‌و چاویان هـەڵكۆڵین رەگەكانی خوێن لێ بەربوونیان داخ نەكردن، خوێنیان لەبەر ڕۆیی تا مردن.[1]

ڕاڤەكـەرانی قورئـان ڕاجیاییـان تێكـەوتووە دەربـارەی ئـەو سـزایانەی ئایەتەكـەی پێـشەوە ئاماژەیـان بـۆ دەكـا، ئایـا ئـەو سـزایانە بـە تـەرتیب‌و ریزبەندی دەبێ یان بەشێوەی هەڵبژاردنەو فەرمانڕەوا سەرپشكە كام سـزایە هەڵدەبـژێرێ. لـە ریوایەتێكـدا كـە لـە ئیبنـو عەبباسـەوە گێڕدراوەتـەوە دەفەرموێ: كەسێك چەكی دژی كۆمـەڵی ئیسلام‌و موسـوڵمانان ئاڕاسـتەكردو ڕێگری‌و چەتەیی‌و ترس‌و خۆفیان بەرپا دەكردو لە فەرمانڕەوای موسوڵمانان یاخی بوون، دوایی دەسگیركران‌و كەوتنە ژێر دەسەڵاتی دادوەری موسوڵمانان،

---

(1) متفق علیه: خ(٢٣٣)، م(١٦٧١).

فەرمانڕەوای موسوڵمانان سەرپشکە لەوەدا بیانکوژێ یان هەڵیان واسێ، یان دەستو قاچیان ببڕێ، ئەمە رای کۆمەڵێك لە عولەمای سەلەفە.

جەماوەری زانایان دەفەرموون: ئەم ئایەتە حوکمەکانی بەگوێرەی حاڵو چۆنیەتی یاخی بووەکان ئاڕاستە دەکرێن. ئەوەتا ئیبنو عەبباس دەربارەی رێگرو چەتەو یاخی بوو فەرموویەتی: رێگرو چەتە ئەگەر خەڵکیان دەکوشتو ماڵو سامانیشیان دەستاند ئەوە دەشکوژرێنو بە کوژراوی هەڵدەواسرێن، ئەگەر هەر خەڵکیان دەکوشتو ماڵو سامانییان نەدەستاند ئەوە هەر دەکوژرێنو هەڵناواسرێن، ئەگەر هەر ماڵیان دەستاندو خەڵکیان نەدەکوشت ئەوە دەستو قاچیان راستو چەپ دەبڕدرێن، ئەگەر هەر خەڵکیان دەترساندو ماڵو سامانیان نەدەستاند ئەوە لە وڵاتو زێدو نیشتمانیان دەردەکرێن.[1]

تۆبەکردنو پەشیمانبوونەوەی یاخی بووان پێش ئەوەی بکەونە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوای موسوڵمانانەوە

قورئان دەفەرموێ: {إِلاَّ الَّذِينَ تَابُوا مِنْ قَبْلِ أَنْ تَقْدِرُوا عَلَيْهِمْ فَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ – المائدة/٣٤} واتە: ئەو سزایانەی لە ئایەتی پێشودا بەسەر یاخی بوواندا دەسەپێندرێ جگە لەوانەی پێش ئەوەی دەسەڵاتتان بەسەریاندا بشکێ تۆبە دەکەنو واز لەیاخی بوونو کردەوە ناپەسەندەکانیان دێنن، باش بزانن خودا خاوەنی لێخۆشبوونو بەزەییە.

ئەمجار جەماوەری زانایانی ئیسلام پێیان وایە تۆبەکردنی ئەو یاخی بووانە (حق الله)یان لەسەر لادەبا، وەلێ مافی ئەو ئادەمیزادانەی بەدەستی ئەوان زیانیان پێ گەییوە لاناچێ، دەبێ بیدەنەوە. ئیمامی طەبەری دەڵێ:

---

[1] تەفسیری ئیبنو کەثیر ج٢/٥١ – ٥٢.

تۆبـەکردنیان مـافی خـوداو ئادەمیزادانیـشیان لەسـەر لادەبـا مەگـەر مـاڵو شـتێکیان سـتاندبێو بەدەسـتیانەوە مابـێ، ئـەوەدەبێ ئـەو ماڵـە رادەسـتی خاوەنەکەی بکەنەوە، لە هاوەڵانیشەوە وا ڕیوایەتکراوە پاڵپشتی بۆچونەکەی طەبەری دەکا.[1]

حەددی پاشگەزبوونەوە لەئیسلام

قورئان دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ – آل عمـران/١٠٢} ئـەی ئەوانـەی ئیمانتـان هێنـاوە تـەقوای خـودا بکـەن بـە ئەوپـەڕی لێ بـوردوی‌و دڵـسۆزی، سـووربن لەسـەر بەردەوامبوونتان لەسەر بیرو باوەڕتان‌و هەر بە موسوڵمانی لەدونیا دەرچن.

هەڕەشە لەوەی لە ئیمان‌و باوەڕ پاشگەز ببنەوە

قورئان دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ – المائدة/٥٤} ئەی ئەوانـەی ئیمانتـان هێنـاوە بـەردەوام بـن لەسـەر بیروباوەڕی ئیسلامی‌و پاشگەزمەبنەوە، هەرکەسێك لە ئایینی خۆی پاشـگەزبێتەوە، ئـەوە خودا بە تواناو دەسەڵاتە لە داهاتودا قەوم‌و گەل‌و هۆزێك دێنێتە ئاراوە خودا بۆخۆی خۆشی دەوێن‌و ئەوانیش خودایان خۆش دەوێ، لەئاستی موسوڵماناندا ملکەچ‌و دڵنەرم‌و بەبەزەیین، لەبەرامبەر کافرو بێ باوەڕاندا بە زەبرو زەنگ‌و باڵادەست دەبن، لەپێناو شکۆمەندیی ئایینی خودادا جیهاد دەکەن‌و لە لۆمـەی لۆمەکاران ناترسن، ئەو بیروباوەڕو هەڵوێستە جوانمێرانـە فـەضل‌و نیعمـەتی

---

[1] جامع البيان في تفسير القرآن ج٦/٢٢١ – ٢٢٥الجامع لإحكام القرآن ج٦/١٥٥.

خودایــە دەیــدا بەکەســانێك مــەیلی لێ بــێ، خــودا خەزینــەی رەحمــەتی بەرفراوانەو زاناو ئاگادارە بەهەموو شتێك.

هەروا پەروەردگار دەفەرموێ: {وَلَا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّى يَرُدُّوكُمْ عَنْ دِينِكُمْ إِنْ اسْتَطَاعُوا وَمَنْ يَرْتَدِدْ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ – البقرة/١١٧} بەردەوام کافرو بێ دینەکان شەڕتان لەگەڵ دەکەنو دژایەتیتان دەکەن بۆئەوەی ئەگەر بتواننو بۆیان بکرێ لە ئایینی خۆی پاشگەز بێتەوەو بەکافریو هەڵگەڕاوە لە ئایین بمرێ ئەوانە کردەوەکانیان لەدونیاو قیامەتدا پوچ کراونەوەو پێڕی دۆزەخنو بۆ هەتا هەتایە تێیدا دەمێننەوە.

ردە: پاشگەزبوونەوە

ردە (پاشگەزبوونەوە): بریتییە لە کردن یا گوتنی شتێك کە بەهۆیەوە مــرۆڤ لەچوارچــێوەی ئیــسلام دەچــێتە دەرەوە، کــەوابوو پاشــگەزبۆوە ئــەو کەســەیە دوا موسوڵمانبوونی کــافر ببێتــەوە، جــا یــان بــەوتن یــان بــە بــاوەڕو ئیعتیقاد، یان بە شكو گومان یان بەکردەوە تەنانەت ئەگەر بەشێوەی گاڵتــەو قەشمەریش بێ.

هەڵبەتــە موســوڵمان بــە دەرچــوو لــە ئیسلامو پاشــگەزبۆوە نــازمێردرێو بەکافر داناندرێ مەگەر کوفر لە دڵیدا جێگیر ببــێو دڵــی پێــی دابمرکــێو بــە فیعلی دڵی ببێتە کانو جێگای کوفر. وەکــوو قورئــان دەفــەرموێ: {وَلَكِنْ مَنْ شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا – النحــل/١٠٦}: وەلێ کەســێك دڵــی بــە کــوفر ئــاوەدان بووبێتەوەو کوفر تێیدا جێگیربووبێ. هەم ئامــاژە بــە فــەرمووودەی پێغەمبــەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ

امْرِئٍ مَا نَوَى».[1] هەرچی کردەوە هەیە بەگوێرەی نیازو مەبەستە هەموو ئادەمیزادێك پاداش‌و سزای بەگوێرەی نیازو مەبەستەکەیەتی.

جا چونکە ئەوەی لەدڵدایە نهێنی‌و غەیبەو خودا نەبێ کەس نایزانێ، پێویستە شتێکی لێ دەربکەوێ کە نیشانەی کوفرەکەی بێ، بەتەاوی کوفرەکەی بچەسپێنێ‌و تەئویل‌و بێنەوبەرە هەڵنەگرێ، تەنانەت دەگوترێ ئیمامی مالیك گوتویەتی: کەسێك شتێکی وای لێ دەرکەوت کە لەسەدا نەوەدو نۆ بەکوفر دەژمێردرا، لەیەك لایەنەوە ئیحتیمالی ئیمانی لێ دەکرا بەکافر دانەندرێ‌و حیسابی موسوڵمانی بۆ دەکرێ.

هەندێك نموونەی وا کە بەکوفر حسێب بکرێن

١- ئینکاریکردنی شتێکی وا کە لەئایین دا ئاشکرایەو رونکراوەتەوە وەکوو ئینکاریکردنی تاك‌و تەنهایی خودا، دان نەنان بەوەدا: کە خودا بەدیهێنەری بونەوەرە. هەروا ئینکاریکردنی هەبوونی فریشتە، رەتکردنەوەی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد (دروودی خودای لەسەر بێ) ئینکاریکردنی زیندوبوونەوەو پاداش‌و سزا، بڕوانەبوون بەوەی نوێژ پێویستە زەکات واجبە ڕۆژووی رەمەزان‌و حەجی ماڵی خودا فەرزن.

٢- بە حەڵاڵ زانین‌و ئیباحەی شتێك کە کۆڕای موسوڵمانان لەسەر حەرامبوونیەتی، وەکوو بە حەڵاڵ زانینی شەراب‌و زیناو سودو خواردنی گۆشتی بەراز، بەحەڵاڵ دانانی ڕشتنی خوێنی بەناحەق، خواردنی ماڵی ئەم‌و ئەو، کەسێك بڵێ: خەمر حەڵاڵە یەکسەر پێی کافردەبێ، با بۆخۆی نەشی خواتەوە. کەسێك بڵێ سودو ڕیبا حەڵاڵە پێی کافردەبێ بابۆخۆیشی نەیخوا.

---

[1] متفق عليه: خ(١/١٣٥/٥٤)، م(١٩٠٧/١٥١٥/٣)، د(٦/٢٤٨/٢١٨٦).

٣- بەحەرام دانانی شتێك كۆڕای موسوڵمانان لەسەر ئەوەبێ كە حەڵاڵە. وەكوو بەحەرامكردنی نازو نیعمەتی خودا كەبۆ مرۆڤی بەدیهێناوە شەرع بە پاكو خاوێنو (طیبات) ناوی بردون، جا كەسێك بڵێ: خواردنی ترێ، خورما، هەنگوین.......هتد حەرامە، پێی كافر دەبێ، چونكە كۆڕای موسوڵمانان لەسەر ئەوەیە ئەوانە حەڵاڵو زوڵاڵو پاكنو نازو نیعمەتی خودان فەراهەمی هێناون بۆ بەندەكانی قورئان دەفەرموێ: {وَلا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمْ الْكَذِبَ هَذَا حَلالٌ وَهَذَا حَرَامٌ لِتَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لا يُفْلِحُونَ. مَتَاعٌ قَلِيلٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ – النحل/١١٦-١١٧}. هەر بەهەوانتەو بەڕاو بۆچوونی خۆتان شت حەرامو حەڵاڵ مەكەن، بەبێ گەڕانەوە بۆ شەرعی خوداو بێ بەڵگە مەڵێن: ئەوە حەرامەو ئەمە حەڵاڵە، هەر تەنها لەبەرئەوەی زمانتان بەدرۆو قسەی بێ بنەما ڕاهاتووە لەدرۆ بوختان ناپرینگێنەوە، بەبێ بەڵگە شت حەرام دەكەن، تا لە ئاكاما وای لێ بێ بەدرۆو بەبوختان حەرامكردنو حەڵاڵكردنە كەپاڵ خودا بدەن بەبێ ئەوەی شتێك لەخوداوە دەربارەی نازڵ بووبێ. بێگومان ئەوانەی درۆو بوختان لەسەر خودا هەڵدەبەستن سەركەوتوو نابنو سەرفرازی دونیاو قیامەتیان بۆ دەستەبەر نابێ. لەدونیادا ئەوەی دەستیان دەكەوێ كاڵایەكی كەمو كەمخایەنەو زوو بەسەر دەچێ، لە قیامەتیش دا سزای بەئێشو نەبڕاوەیان بۆ ئامادەكراوە.

٤- جنێودان بە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) یان سوكایەتی پێكردنی، هەروا جنێودانو سوكایەتی كردن بەهەركامێك لە پێغەمبەران.

٥- جنێودان بە ئایین: بەداخەوە جنێودان بە ئایین زۆر بە ئاسانیو بەربڵاوی بەسەر زمانی گەورەو پچوك دا دێ.

٦- تانەدان لە قورئانو سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وەلا خستنو حوكم پێ نەكردنیانو پاساو دانەوەی یاسا دەستكردەكان بەسەریاندا.

٧- هەركەسێك لافی ئەوە لێ بدا كە نیگای بۆدێ لەخوداوە.

٨- فڕێدانی موصحەف بۆ ناو پیسایی، هەروا كتێبی حەدیث بەمەبەستی سوكایەتی پێكردنیان، كەمبایەخی ناوەڕۆكیان. بەداخەوە ئەم بەلایە زۆر پەخەی عالەمی ئیسلامی گرتووە، بەرێگادا دەڕۆی دەبینی ئایەتێكی قورئان رستەی (بسم الله الرحمن الرحيم) لەسەر جادە كەوتووە فڕێ دراوەتە ناو قوڕو پیساییەوە، لە فەرمانگەو قوتابخانەكاندا ئایەتەكانی قورئانو فەرموودەكانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) كە لەناو كتێبە مەدرسییەكاندا بەشێوەیەكی نەشیاو لەناو پیسو پۆخەڵیدا فڕێ دراون. یان لە راڕەوو حەوشەو كۆڵانەكاندا پەرتو بڵاوبوونەوەو ژێر پێیان كەوتوون.

٩- سوكایەتیكردن بەناوێك لەناوەكانی خودا، یان سوكایەتیكردن بە فەرمانو نەهیەكانی خودا.

١٠- پەرستنی بتو صەنەم، تەوافو سوڕانەوە بەدەوری گۆڕو نزرگەداو پاڕانەوە لێیانو بانگكردنیانو داوای یارمەتی لێیان، نەزرو قوتوكردن بۆ مردوی ناو گۆڕو سەربڕینی ئاژەڵ بۆیان یان بۆ مەخلوقاتی تر.[1]

١١- گاڵتەكردن بە قاعیدەو یاساو بڕیارێكی شەریعەت، وەكوو سوكایەتیكردن بە نوێژكەرو گاڵتەكردن بە ریشو سەرپۆشو پۆشاكی بالاّ پۆشی، سوكایەتیكردن بە بانگ. وەكوو قورئان ئاماژە بەوە دەكاو دەفەرموێ: {وَإِذَا نَادَيْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ اتَّخَذُوهَا هُزُواً وَلَعِباً ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لا يَعْقِلُونَ – المائِدة/٥٨}. هەركاتێ بانگ رادەدێرن بۆ ئامادەبونو ئەنجامدانی نوێژ، كافرو

[1] فقه السنة: ٣٨٤/٢ – ٣٨٥.

گومڕاكان پڕۆسەی بانگەكە دەكەنە مایەی پێكەنین‌و گاڵتەپێكردن. ئەوەش بەهۆی ئەوەوەیە ئەوانە گەل‌و نەتەوەیەكی بێ عەقڵ‌و كاڵفامن.

یان دەفەرموێ: {يَحْذَرُ الْمُنَافِقُونَ أَنْ تُنَزَّلَ عَلَيْهِمْ سُورَةٌ تُنَبِّئُهُمْ بِمَا فِي قُلُوبِهِمْ قُلِ اسْتَهْزِئُوا إِنَّ اللَّهَ مُخْرِجٌ مَا تَحْذَرُونَ. وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ. لا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ – التوبة/٦٤-٦٦}. دووڕووەكان ترسی ئەوەیان هەیە كە سورەتێكی قورئان نازڵ بێتە سەریان، هەواڵیان بداتێ بەوەی لە دڵیاندایە. ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ: گاڵتە بەئایینی ئیسلام بكەن! بێگومان ئەوەی كە لێی دەترسێن كە ئاشكرابوونی ناو دڵتانە خودا دەری دەخاو ئاشكرا دەبێ. خۆ ئەگەر لێیان بپرسی ئەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەربارەی ئاخاوتن‌و گاڵتەكردنیان، دەڵێن: ئێمە ئەو قسەو باسانەمان بە جیدی‌و راستی نیە، ئێمە ئەو قسانە دەكەین بۆ گاڵتەو گەپو كات بەسەربردن‌و خەم بەبادانە!!. پێیان بڵێ: كەی ئەوە شایانی ئەوەیە ئێوە بیكەنە كەرەسەی پێكەنین‌و گاڵتەو گەپ؟ بۆ هیچ شتێكی تر نیە جگە لە پەروەردگارو صیفەتەكانی‌و شەریعەت‌و یاسای‌و پێغەمبەرو پەیامەكەی ئێوە بیكەنە كەرەسەی پێكەنین؟ خۆ گاڵتەكردن بەخوداو بە قورئان‌و باقی حوكمەكانی ئایین‌و سوكایەتی كردن بە پێغەمبەرو پەیامەكەی كوفرێكی رون‌و ئاشكرایە قەت عوزری وا مەهێننەوە، بەتەما ئەوە مەبن بەو عوزرە بێ جێ‌و نا مەعقولەتان لەو تاوانە گەورە رزگارتان ببێ. دڵنیابن ئێوە بەو كردارو گوفتارەتان دوای ئیمان هێنانتان كافر بوونەوە.

١٢- وەصفكردنی خودا بەشتێك كە شیاوی ئەو نەبێ، وەكوو وەصفكردنی بەوە كە هاوەڵی هەیە، یان منداڵی هەیە، یان خێزانی هەیە، هەروا وەصفكردنی بەرزِی‌و چروكی وەكوو جولەكەی نەفرین لێكراو دەیڵێن‌و

قورئان لێیانەوە حیکایەت دەکاو دەفەرموێ: {وَقَالَتْ الْيَهُودُ يَدُ اللَّهِ مَغْلُولَةٌ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُوا بِمَا قَالُوا بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيْفَ يَشَاءُ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيراً مِنْهُمْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ طُغْيَاناً وَكُفْراً وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمْ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ كُلَّمَا أَوْقَدُوا نَاراً لِلْحَرْبِ أَطْفَأَهَا اللَّهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَاداً وَاللَّهُ لا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ – المائدة/٦٤}. جولەکە – نەفرینی خودایان لێ بێ – وتیانو دەڵێن: خودا رژدو چروکە، دەستی بەخشندەیی نیە، دەك رویان رەشبێو دەستیان رژدو چروك بێو دووربن لەرەحمەتی خوداو نەفرینیان لێ بێ، بەهۆی ئەو بوختانە گەورەی دەیکەنو وەصفکردنی خودا بەشتێك کەشیاوی نیە. بەڵکوو خودا بەخشندەو میهرەبانە، دەستی رەحمەتو رزقو رۆژی هەمیشە کراوەو بەخشندەیە. هەرچی نازو نیعمەتێك لەبونەوەردا هەیە لەخوداوەیەو ئەو دەیڕەخسێنێو بۆ ئادەمیزادی فەراهەم دێنێ. چۆنی بوێو چەندی بوێ بەویستی خۆی نازو نیعمەت رزقو رۆژی دەبەخشێ.

سوێندبێ ئەو ئایاتو موعجیزانەی نازڵیان دەکەین بۆسەر تۆ ئەی پێغەمبەر، ئەو هەموو بەهرەو نیعمەتانەی لەلای خوداوە بۆ تۆ دێ کافرو جولەکەکان پتر گومڕا دەکاو زیاد لەحەق دووریان دەخاتەوەو ئیمانو باوەڕی موسوڵمانانی پێ زیاد دەبێ. ئەوانە حەسوودیو دڵ پیسییان هەڵینان بۆئەوەی پەیامی ئیسلام رەت بکەنەوەو ئیمان بە پێغەمبەری ئاخر زەمان (محمد) نەهێنن، لە تۆڵەی ئەو حەسوودیو سەر سەختییەیاندا خودا رقو کینەی خستۆتە نێوان جولەکەو گاورەکانەوە، هەر تاقمو کۆمەڵێکیان دژی ئەویتریانەو بەخوێنی سەری یەکتری تینونو مێژوو شایەتە لە کۆنو نوێدا چییان بەرامبەر یەکتر کردوەو تا رۆژی قیامەت ئەم دژایەتیو دوژمنایەتیەی نێوانیان کۆتایی نایەو هەمیشە لەبرەودادەبێ، هەرکاتێ جولەکە هەوڵی پیلان دارشتنو جەنگ بەرپاکردن بدەن دژی پێغەمبەرو موسوڵمانانی

دڵسۆزو راستاڵ، ئاگری شەڕو فیتنەیی هەڵگیرسێنن لەنێوان گەل‌و نەتەوەکاندا، خودا ریسوایان دەکاو پیلانەکەیان پوچەڵ دەکاتەوە، ئەوانە سروشتیان وایە هەمیشە هەوڵی فەسادو گەندەڵی‌و ئاشوب نانەوە بدەن هەرگیز هەوڵی چاکسازی‌و ئاشتەوایی نادەن، کەسێکیش ئەوە رەوشت‌و کرداری بێ موفسیدەو خودا فەسادکارو فەساد رەوشتی خۆش ناوێن.

حوکمی هەڵگەڕاوە لە ئایین

هەرکەسێك شتێکی لەم کردارو گوفتارە کوفر ئامێزانە ئەنجامدا دەیزانی کارو گوفتارەکەی پێچەوانەی ئایینن‌و بە ئیختیاری خۆی‌و بە ئەنقەست کردنی‌و دوو شایەتی عادڵ شایەتییان لەسەردا، ئەوە حاکم بانگی دەکاو داوای لێ دەکا تۆبەو پەشیمانی خۆی لەو کوفرە رابگەیەنێ جائەگەر تۆبەی کرد ئەوەباشە ئەگینا دەکوژرێ‌و بەکافری لەدونیا دەردەچێ ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «مَنْ بَدَّلَ دِينَهُ فَاقْتُلُوهُ».[1] کەسێك لە ئایینی ئیسلام پاشگەزبۆوەو چووە سەر ئایینێکی تر بیکوژن.

لە عەبدوڵلاوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ يَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلاَّ بِإِحْدَى ثَلاَثٍ الثَّيِّبُ الزَّانِي وَالنَّفْسُ بِالنَّفْسِ وَالتَّارِكُ لِدِينِهِ الْمُفَارِقُ لِلْجَمَاعَةِ».[2] خوێنی هیچ موسوڵمانێك شایەتی بدا کە هیچ خودا نین جگە لە (الله)و شایەتیش بدا کەمن پێغەمبەری خودام حەلاڵ نیە، مەگەر لەسێ

---

[1] خ (٦٩٢٢/٢٦٧/١٢)، ت(١٤٨٣/٩/٣)، د(٤٣٢٩/٣/١٢)، ن(١٠٤ ، ٧/١٠٥).

[2] متفق عليه: خ(٦٨٧٨/٢٠٦/١٢)، م(١٦٧٦/١٣٠٢/٣)، د(٤٣٣٠/٥/١٢)، ت(١٤٢٣/٤٢٩/٢).

حاڵدا بێوەبێ‌و زینابکا، یان بەناڕەوا ئادەمیزادێکی کوشتبێ یان لە ئایینی خۆی هەڵگەڕابێتەوەو لە کۆمەڵی موسوڵمانان جیابوبێتەوە.

کەسێك لەسەر پاشگەزبوونەوە لەئایین بکوژرێ مامەڵەی کافری ئەصڵی لەگەڵ دەکرێ ناشۆردرێ‌و کفنی بەبەردا ناکرێ‌نوێژی لەسەر ناکرێ‌و لە گۆڕستانی موسوڵمانانیشدا نانێژرێ‌و خزمە موسوڵمانەکانی میراتی لێ نابەن.

تۆبەکردنی پاشگەزبووە لە ئیسلام

کەسێك تۆبەی کردو لەدەستی حاکم هەڵات ژنی موسوڵمانی هەبوو گرێبەستی نێوانیان هەڵدەوەشێتەوە، جا ئەگەر لەوەدوا تۆبەی کردو گەڕایەوە بۆسەر ئایینی ئیسلام ئەوە ژنەکەی دەدرێتەوە، قورئان دەفەرموێ: {كَيْفَ يَهْدِي اللَّهُ قَوْماً كَفَرُوا بَعْدَ إِيمَانِهِمْ وَشَهِدُوا أَنَّ الرَّسُولَ حَقٌّ وَجَاءَهُمْ الْبَيِّنَاتُ وَاللَّهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ. أُوْلَئِكَ جَزَاؤُهُمْ أَنَّ عَلَيْهِمْ لَعْنَةَ اللَّهِ وَالْمَلائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ. خَالِدِينَ فِيهَا لا يُخَفَّفُ عَنْهُمْ الْعَذَابُ وَلا هُمْ يُنْظَرُونَ. إِلاَّ الَّذِينَ تَابُوا مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْلَحُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ – آل عمران/٨٦-٨٩}. خودا چۆن هیدایەتی گەل‌و نەتەوەیەکی وەکوو جولەکەو فەلەکان دەدا ئەوانەی دوا ئیمانهێنانیان‌و شایەتیدانیان لەسەر راستی پەیامی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کافربوونەوەو شوێن پەیامەکەی نەکەوتن، لەکاتێکدا نیشانەی ئاشکراو رون لە قورئان‌و نامە ئاسمانییەکانی پێشوودا زۆرو زەبەندەن لەسەر راستی پێغەمبەرێتی حەزرەتی موحەممەد. خودا هەرگیز قەومی ستەمکار هیدایەت نادا، چونکە ئەوان حەقیان ناسی‌و پێی ئاشنابوون، کەچی لێیان لادا، وازیان لە بەڵگە جۆراوجۆرەکانی راستی پێغەمبەرێتی موحەممەد هێناو هیدایەتی عەقڵیان فەرامۆش کرد.

ئەوانە جەزاو تۆڵەیان غەزەبی خودایە، دوورخستنەوەیانە لە رەحمەتی خودا، ناڕازیبوونی فریشتەو ئادەمیزادە لێیان‌و دوعاکردنە لێیان بەوە بەر

نەفرینی خودا بکەون لەدونیاو قیامەتدا ئەوانە بە ئەبەدیو بۆ هەتا هەتایە لە نەفرینو غەزەبی خودادان. یان لەناو ئاگری دۆزەخدا دەبنو لێی رزگارنابن. چونکە کەسێك شیاوی لەعنەتو نەفرین بێ، سزای ئاگری دۆزەخەو مۆڵەت نادرێنو عوزریش بێننەوە عوزریان نابیسترێ. مەگەر ئەوانەی تۆبە دەکەن لە کوفرو پاشگەزبوونەومیان، واز لە کوفر دێننو دەگەڕێنەوە بۆلای خوداو مل لەکاری چاكو بەسود دەنێنو سەرگەرمی خوداپەرستی دەبن. ئەوانە خودا لێیان خۆش دەبێ، بێگومان خودا خاوەنی رەحمو سۆزی بەرفراوانە بۆ بەندەکانی.

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پیاوێکی ئەنصاری موسوڵمان بوو، پاشان پاشگەزبۆوە، هەواڵی نارد بۆ خزمەکانی داوای لێ کردن بۆی لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بپرسن، ئاخۆ ڕێگای تۆبەی هەیە؟ خزمەکانی هاتنە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عەرزیان کرد: فلانکەس لە هەڵوێستی خۆی پەشیمان بۆتەوەو داوای لێ کردوین پرسیار لەجەنابت بکەین، ئاخۆ دەتوانێ تۆبە بکاو بگەڕێتەوە بۆ سەر ئایینی ئیسلام؟ ئیتر ئایەتی ﴿كَيْفَ يَهْدِي اللَّهُ قَوْماً كَفَرُوا بَعْدَ إِيمَانِهِمْ وَشَهِدُوا أَنَّ الرَّسُولَ حَقٌّ وَجَاءَهُمْ الْبَيِّنَاتُ وَاللَّهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ. أُوْلَئِكَ جَزَاؤُهُمْ أَنَّ عَلَيْهِمْ لَعْنَةَ اللَّهِ وَالْمَلائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ. خَالِدِينَ فِيهَا لا يُخَفَّفُ عَنْهُمْ الْعَذَابُ وَلا هُمْ يُنْظَرُونَ. إِلاَّ الَّذِينَ تَابُوا مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْلَحُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ – آل عمران/٨٦-٨٩﴾. نازل بوو ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وەڵامی بۆنارد بەوە کە ڕێگەی تۆبەی هەیە ئیتر موسوڵمان بووە.[١]

---

[١] صحيح الإسناد (ص.ن/٤٠٧٩)، ن(٧/١٠٧).

ناڕاستەکردنی تۆمەتی کوفر بەسەر کەسێکی دیاریکراودا

لێرەدا شتێك هەیە پێویستە ئاگاداری بینو وریابین نەکەوینە هەڵەوە، شتەکەش ئەوەیە: هەموو ئەو نموونەو میثالانەی هێناومانەوە بۆ کارو گوفتارە کوفر ئامێزەکان، شتێکی چەسپاوو حەقو دەقی حەدیثو ئایەت ئاماژەیان پێ دەکەنو کوفری ئاشکرانو دەگوترێ کەسێك ئاوا بڵێ یان ئاوابکا ئەوە پێی کافر دەبێ.

وەلێ بەنیسبەت شەخصێکی دیاریکراوەوە کە کردەوەو گوفتاری کوفر ئامێزبوون ئەگەر پێمان بگوترێ ئایا ئێوە شایەتی دەدەن کە ئەم شەخصە هەڕەشەکان دەیگرنەوەو کافرەو بۆ هەتا هەتایی لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە؟ لە وەڵامدا دەڵێین: نەخەیر ئێمە ناتوانین شایەتی بدەین لەسەر کەسێکی دیاریکراو کە ئەوە کافرەو ئەهلی دۆزەخە بۆ هەتا هەتایە مەگەر بەڵگەیەکی وامان بەدەستەوەبێ لەسەر کافربوونەکەی هەڵمان بنێ بۆ شایەتیدان لەسەری. چونکە گەورەترین سەرپێچیو لەحەق لادانە کە شایەتی بدرێ لەسەر کەسێکی دیاریکراو بەوە کە کافرەو خودا لێی خۆش نابێو ڕەحمی خودا نایگرێتەوەو بۆ هەتا هەتایە لە دۆزەخدا دەبێ، ئەمە حوکمی کافرە دوا مردنی، حوکمی کەسێکە دڵنیابی کە بەکافری مردوە!! بۆیە ئەبو داود (ڕەحمەتی خودای لێ بێ) لە سونەنەکەیدا لە کیتابی (الأدب)دا بابێکی هێناوە ناوی ناوە (باب النهي عن البغي) باسێك دەربارەی نەهی کردن لە بەغیو زێدەڕەوی کردنو پەلەکردن لە حوکمدان بەکوفر بەسەر کەسی دیاریکراودا.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: بیستم پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو دوو پیاو لەنەتەوەی ئیسرائیل برادەری یەکتری بوون، یەکێکیان هەر خەریکی تاوان کردن بوو، ئەویتریان بە پێچەوانەوە هەر خەریکی خودا پەرستی بوو، ئەم پیاوچاکە هەمیشە

ئامۆژگاری برادەرە تاوانکارەکەی دەکرد کەواز لەتاوان بێنێ‌و روبکاتە خودا پەرستی، رۆژێك بینی برادەرەکەی خەریکی تاوانێکە ئەویش وەکوو عادەتی خۆی نەهی لێ کردو پێی گوت: وازبێنەو بەسە چیتر لەخودا یاخی مەبە. ئەویش پێی گوت: وازم لێ بێنە خۆتۆ چاودێرو رەقیب نی بەسەر منەوە، پیاو چاکەکە پێی گوت: سوێندم بەخودا، خودا لێت خۆش نابێ یان ناتخاتە ناو بەهەشتەوە، دوایی هەردوکیان مردن‌و گەڕانەوە بۆلای پەروەردگار، خودا دادگایی کردن، بەپیاو چاکەکەی گوت: ئایا تۆ دەتزانی من کێم یان دەتزانی دەسەڵاتی من چۆنەو چەندە؟ ئیتر بە بابای تاوانباری فەرمووو بڕۆ بۆ ناو بەهەشت‌و من بەرەحمی خۆم لێت خۆش بووم، بەوی تریشیان فەرمووی: بیبەن بیخەنە ناو دۆزەخەوە.

ئەبو هورەیرە کە راوی فەرموودەکەیە وتی: سوێندم بەوکەسەی کە گیانی منی بەدەستە، ئەو کابرایە کە هەمیشە خەریکی خوداپەرستی بوو قسەیەکی کرد، بوو بەهۆکاری نەگبەتی بۆی لەدونیاو لە قیامەتدا، ماڵوێرانی دونیاو قیامەت بوو. ئەمە لە رویەکەوە لەرویەکی ترەوە ئەو شەخصە دیاریکراوە لەوانەیە ئیجتیهادی کردبێ‌و خودا کردارو گوفتارەکەی بەتاوان بۆ نەنووسیبێ. لەوانەیە ئەو ئایەت‌و حەدیثانەی پێ نەگەییشتبن‌و نەی زانیبێ ئەو کردارە یان ئەو گوفتارە کوفرە. وێدەچێ کابرا ئیمانێکی پتەوی وای لەدڵدابێ‌و چاکەی زۆری بێ، خودا رەحمی پێبکا. وەکوو چۆن لەوکابرایە خۆش بوو: کە وەصیەتی بۆ کوڕەکەی کرد وتی: کە مردم لاشەکەم بسوتێنە دوایی خۆڵەمێشی جەستەم بکە بە دووبەش نیوەی بە وشکانیدا بڵاوبکەرەوە نیوەکەی تری بەناو دەریادا. سوێندم بەخودا ئەگەر خودا دەسەڵاتی بەسەرمدا بشکێ سزایەکم دەدا کەس سزای وا نەدرابێ. کەکابرا مرد کوڕەکانی وەصییەتەکەی باوکیان بەجێ هێنا. ئەمجار پەروەردگار

فەرمانی بە وشكانی كرد خۆڵەمێشی جەستەی كابرای كۆكردەوە، فەرمانی بە دەریا كرد خۆڵەمێشی ناو خۆی گردكردەوە، هەموو جەستەی وەكوو خۆی لێ هاتەوە، ئەمجار خودا فەرمووی: بۆچی وەصییەتی وات كرد؟ وتی: خودایە لەترسی تۆ وام كردو تۆ بۆخۆشت لەمن باشتر دەزانی، ئیتر خودا لێی خۆش بوو.[1]

ئەم پیاوە پێی وابوو ئەگەر جەستەی ئاوا بسوتێندرێ‌و ئاوا بە وشكانی‌و دەریادا بڵاو بكرێتەوە ئیتر خودا ناتوانێ گردی بكاتەوە، یان گومانی لەوەدا هەبوو، وەلێ بڕوای بەهەبوونی خودا هەبوو، لەخودا دەترسا ئیتر خودا لێی خۆش بوو.[2]

ئیمامی شەوكانی دەفەرموێ: با هەموو موسوڵمانێك ئەوە بزانێ: كە حوكمدان بەسەر موسوڵماندا بەچوونە دەرەوەی لە بازنەی ئیسلام‌و داخڵبوونی بۆ نێو بازنەی كوفر كارێكی نەشیاوەو نابێ هەروا بەئاسانی ملی لێ بندرێ، نابێ موسوڵمانێك بڕوای بەخوداو ڕۆژی دوایی هەبێ پڕكێشی كارێكی ئاوابكا مەگەر دەلیل‌و بورهانی زۆر ئاشكرای لەلابن بەڵگەی وای لابێ لەسەر كوفری كابرا لەخۆر ئاشكراتر بێ.

لەزۆر فەرموودەی ڕیوایەتكراو لەڕێگەی كۆمەڵێك لە هاوەڵانەوە ئەوە چەسپاوە: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَنْ قَالَ لأَخِيهِ يَا كَافِرُ. فَقَدْ بَاءَ بِهَا أَحَدُهُمَا».[3] كەسێك بەبرایەكی موسوڵمانی بڵێ: كافر، یەكێكیان ئەو حوكمەی لەسەر دەسەپێ، واتە: ئەگەر ئەوكەسەی

---

[1] متفق عليه: خ(٧٥٠٦/٤٦٦/١٣)، م(٢٧٥٦/٢١٠٩، ٢١١٠/٤)، ن(١١٣/٤).

[2] شرح الطحاوية (٣٥٧ - ٣٥٨) هەروا بڕوانە بۆ مجموع الفتاوى ج١١/٤٠٨ - ٤١٣، (في الذى قال لبنية: اذا مت فاحرقونى).

[3] متفق عليه: خ(٦١٠٤/٥١٤/١٠)، م(٦٠/٧٩/١)، ت(٢٧٧٤/١٣٢/٤)، د(٤٦٦٢/٤٤٣/١٢).

حوكمی كوفری بەسەردا دەدا لەواقیعدا وانەبێ ئەوكابرا بۆ خۆی بەو حوكمە كافر دەبێ. لەم حەدیثانەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) كە لەو بارەوە ڕیوایەتكراون ئەو مەوریدو بارودۆخەی فەرمودەكەی تێدا گوتراوە ئامـاژەی زۆر رونو هەڕەشـەی گـەورە هـەن موسـوڵمانان دەترسـێنێ لـەوەی پەلەبكەن لە بەكافردانانی ئەمو ئەوو حوكمدان بەسەر بابایەكی دیاریكراودا بـەكوفرو دەرچـوون لـە ئـایین. چـونكە حوكمـدان بـە كـوفری یـەكێك لـە موسوڵمانان كارێكی وا ئاسان نیە، دەبێ بزاندرێ: كە كابرا كوفرەكەی لەناخی دا چەسپاوەو هیچ پاساوێكی بۆ نادۆزرێتەوە. قورئان دەفەرموێ: {وَلَكِنْ مَنْ شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْراً – النحل/١٠٦}. واتە كابرا بگاتە حاڵەتێك كوفر لەدڵیدا جێگیر بووبێو ئیمانی تێدا نەمابێ.

كەوابوو ئیعتیبار بەو عەقیدە شەڕو نادروستانە نیە كەڕوو دەكاتە ناو دڵی موسوڵمانو كابرا وەری دەگرێو نازانێ كە دژایەتی لەگەڵ ئایینی ئیسلام دا هەیە. هـەروا ئیعتیبـار بـە گوفتـارو كردارێكـی كـوفر ئـامێز نیـە كـە لەموسـوڵمانێك دەردەكـەوێو ئـەنجامی دەدا مەبەسـتی دەرچـوون لـە ئـایینو چونە ناو كوفر نیە.

هەروا ئیعتیبـار بـە وشـەو رسـتەیەك نیـە بەسـەر زوبـانی موسـوڵمانێكدا دێو ئاگای لەماناكەی نیە.[1]

ئەگەر پرسیاربكرێ حوكمی موسوڵمانێك چیە كە زینا دەكا یان شـەراب دەخواتەوە یان سودو ڕیبا دەخوا؟

لـە وەڵامـدا دەڵـێین: ئـەم تاوانانــە تـاوانی گـەورەو بـە هیلاكبـەرن، بكەرەكەیان شیاوی ئەوەیە بە بڕواداری رەها حسێب نـەكرێ، بـەو تاوانانـە فاسق بـووە لـەخودا یـاخی بـووە، دەتوانـدرێ بـە بكـەری یـەكێك لـەو تاوانـە

---

[1] السیل الجرار ج٤/٥٧٨.

گەورانـە بگـوترێ (فاسـق)، لـەدونیادا حـەددی دیـاریکراوی بـۆ دانـدراوە، لـە قیامەتیش سزای دۆزەخ بەمەرجێ داری حەددی لێ نەدرێو تۆبە نەکا ئەگەر ئەمانە هاتنەدی فیسقەکەشی لادەچێ.

بـەڵام بـەهیچ شێوەیەك بکەری ئـەو جۆرە تاوانانـە بـە کافر دانانـدرێ مادام کابرا دان بـەوەدا بنـێ تـاوانی کـردوەو ئیعـتیراف بـە هەڵـەی خـۆی بکا، کاتێك بەکافر حسێب دەکرێ کە ئەو جۆرە تاوانانـە بـە حـەڵاڵ بزانـێو هـیچ پاسـاوێکی نـەبێ. ئەمـەی گـوترا رای ئـەهلی سـوننەتو جەماعەتـە. بـە پێـچەوانەی رای خـەواریجو موعتەزیلـەو ئەوانـەی شـوێن راوبۆچـونی بـێ بناغەی ئەوان کەوتوون، ئەوەتا خەواریجەکان پێیان وایە ئەوەی تاوانی گەورە ئەنجام دەدا دەبێتە کافرو لە ئیسلام دەردەچێ، موعتەزیلە دەڵێن: ئـەو جۆرە کەسانە لەدونیادا بەکافری تەواو یان بە موسوڵمانی کامل حـسێب نـاکرێن نـە موسوڵمانن نـەکافر! وەکوو دەڵێن: (في منزلـة بـين المنـزلتين) بـەڵام لەقیامەتـدا موعتـەزیلەکانیش وەکوو خەواریجەکان پێیان وایـە کافرنو بـۆ هـەتا هەتایـە لـە دۆزەخـدا دەمێننـەوە. هەڵبەتـە بـەگوێرەی قورئـانو سـوننەتو کـۆڕای سەلەف رای هەردوو لایان (موعتـەزیلەو خەواریج) بەتاڵەو بێ بنەمایە.

شەڕکردن لەگەڵ یاخیبوان

پـێش هـەموو شـتێك پێویـستە موسـوڵمانان بـۆ خۆیـان فەرمانڕەوایـەك دابنێن.

قورئان دەفـەرموێ: {وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً – البقرة/٣٠} بیر لەوکاتە بکەرەوە: کە پەروەردگاری تۆ بەفریشتەکانی فەرموو من لەسەر زەوی خەلیفەیەك دادەنێم، ئادەمیزاد دروست دەکـەم لەسـەر زەوی

دەیانکەمە جێنشین‌و کاربەدەست بۆ ئەوەی پەرستشم بۆ بکەن‌و زەوی بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار بێنن‌و ئاوەدانی بکەنەوە.

ئیمامی قورطوبی دەفەرموێ: ئەم ئایەتە ئەصڵ‌و بنەمایە بۆ دانانی خەلیفە (فەرمانڕەوا)یەك هەڵبژاردەی موسوڵمانان بێ‌و گوێی لێ بگیرێ‌و بەقسەی بکرێ، بۆ ئەوەی گوتاری موسوڵمانان یەك بێ‌و داردەست‌و ئامێر بێ بۆ تەنفیز کردنی ئەحکامی شەرع. ئەمە کۆڕای موسوڵمانانەو هیچ خیلاف‌و دژایەتییەك نیە لەنێوان زانایانی شەرعدا لەم بارەوە، جگە لە ئەبوبەکری (الأصم) کە یەکێکە لە گەورە پیاوانی موعتەزیلە ئەو پێی وایە دانانی خەلیفە پێویست نیەو بە ئەرکێکی شەرعی ناژمێردێ.

بەڵگەی ئێمە کە دەڵێین دانانی خەلیفە پێویستە ئایەتی { إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً – البقرة/٣٠} هەروا ئایەتی {يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الأَرْضِ – ص/٢٦} ئایەتی {وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الأَرْضِ – النور/٥٥}: خودا وادەی داوە بەموسوڵمانان، وادەی داوە بەوانەی لەئێوە بڕوادارن‌و کردەوەی باش دەکەن، کە دەیانکاتە جێنشین‌و کاربەدەست لەسەر زەوی ئەرکی ڕاپەڕاندن‌و جێبەجێ کردنی ئەحکامی شەرعی دەخاتە ئەستۆیان‌و فەرمانی پێ کردون بەڕێك‌وپێکی خوداپەرستی سەر زەوی بەڕێوە بەرن.

لەدوای وەفاتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هاوەڵان کۆڕایان دامەزراند لەسەر ئەوە حەزرەتی ئەبو بەکر بکرێتە جێنشین، ئەمەیش دوای کێشەو خیلافێك کە کەوتە نێوان موهاجیرین‌و ئەنصارەکانەوە لەژێر ساباتی بەنی ساعیدە دەربارەی ئەوە کێ ببێتە جێنشین، تەنانەت ئەنصارەکان وتیان: دەبێت ئەمیرێك لەئێمە بێ‌و ئەمیرێك لەئێوەی موهاجیر بێت، ئیتر ئەبو بەکرو عومەرو موهاجیرین داکۆکیان لەوە کرد کە دەبێ فەرمانڕەوا هەر

لەهۆزی قورەیش بێ، عەرەب تێکڕا بە فەرمانڕەوایی غەیری قورەیش رازی نابنو لەم بارەوە چەند بەڵگەو دەلیلێکیان خستەڕو، سەرەنجام یاریدەدەران لەهەڵوێستی خۆیان پەشیمان بوونەوەو فەرمانبەرداریيان بۆ قورەیش دەربڕی، ئەگەر دانانی خەلیفە پێویست نەبوایە نە لەقورەیشو نە لەغەیری ئەوان ئەم دانو سانو بێنەو بەرەو کۆبونەوەو موناظەرە ئەنجام نەدەدرا، ئەم هەموو حیوارو گفتوگۆیە نەدەبوو بکرێ، دەبوایە یەکێك لەهاوەڵان پەنجەی ناڕازیبوونی هەڵبڕیایەو بیگوتایە دانانی خەلیفە پێویست نیەو ئەرکێکی شەرعی نیە نە لەقورەیش نە لەغەیری قورەیش، ئەم نیزاعو حیوارەی ئێوە بێهودەیەو سودێکی تێدا نیە!

لە لایەکی ترەوە ئەبو بەکری صەدیق کە مردنی لێ نزیك بۆوە، حەزرەتی عومەری کردە جێنشینی خۆیو دیاری کرد بۆ ئیمامەت، کەس لەهاوەڵان نەیگوت ئەمە کارێکی بێهودەیەو ناشەرعییە، نە لەسەر تۆ پێویستە ئەوە بکەی نە لەسەر ئێمە، کەوابوو دەرکەوت دانانی جێنشینو فەرمانبەرداری بۆی، ئەرکێکی شەرعیو پایەیەکە لەپایەکانی ئایینو بنەمایەکی سەرەکی کۆمەڵگای ئیسلامییەو هێزو توانای موسوڵمانانی پێوە بەندەو پێویستە لەسەریان پاشگوێی نەخەن.

واجبە موسوڵمانان ملکەچی فەرمانڕەوای خۆیان بنو بەگوێرەی شەریعەتی خودا هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن

خودا دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الأَمْرِ مِنْكُمْ – النساء/٥٩} ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوەو پابەندی ئایینی ئیسلامن! فەرمانبەرداری فەرمانی خوداو پێغەمبەری خودا بن، گوێڕایەڵی فەرمانڕەوای خۆتان بن، هەتا ئەو بەگوێرەی شەریعەتی خودا هەڵسوکەوت بکا ئێوە گوێڕایەڵی بنو لە فەرمانو نەهییەکانی دەرمەچن.

له ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، وتوویەتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ أَطَاعَنِي فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ ، وَمَنْ عَصَانِي فَقَدْ عَصَى اللَّهَ ، وَمَنْ يُطِعِ الأَمِيرَ فَقَدْ أَطَاعَنِي ، وَمَنْ يَعْصِ الأَمِيرَ فَقَدْ عَصَانِي».[1] کەسێك گوێڕایەڵی من بێ ئەوە گوێڕایەڵی فەرمانی خودایە، کەسێك سەرپێچی فەرمانی من بکا، ئەوە لەخودا یاخی بووە، کەسێك ئیطاعەتی فەرمانڕەوای موسوڵمان بکا، ئەوە فەرمانبەرداری فەرمانی من بووە، کەسێك لەخەلیفەو فەرمانڕەوا یاخی بێ ئەوە لەمن یاخی بووەو سەرپێچی فەرمانی منی کردووە.

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «عَلَى الْمَرْءِ الْمُسْلِمِ السَّمْعُ وَالطَّاعَةُ فِيمَا أَحَبَّ وَكَرِهَ إِلاَّ أَنْ يُؤْمَرَ بِمَعْصِيَةٍ فَإِنْ أُمِرَ بِمَعْصِيَةٍ فَلاَ سَمْعَ وَلاَ طَاعَةَ».[2] پێویستە مرۆڤی موسوڵمان گوێ بیسو گوێڕایەڵی فەرمانڕەوای موسوڵمان بێ لەهەموو شتێکدا، لەوشتانەدا پێی خۆشە یان پێی ناخۆشە، مەگەر فەرمانی پێ بکرێ بەیاخی بوون لەخوداو سەرپێچی فەرمانو نەهیەکانی، کە فەرمانی پێ کرا بەوەی سەرپێچی فەرمانی خودا بکا ئەوە با گوێ بیسی فەرمانڕەواکەی نەبێ فەرمانبەرداری فەرمانی نەبێ.

له ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «عَلَيْكَ السَّمْعَ وَالطَّاعَةَ فِي عُسْرِكَ وَيُسْرِكَ وَمَنْشَطِكَ وَمَكْرَهِكَ وَأَثَرَةٍ عَلَيْكَ».[3] لەسەر تۆی موسوڵمان پێویستە گوێڕادێری

---

[1] متفق علیه: خ (١٣/١١١/٧١٣٧)، م (٣/١٤٦٦/١٨٣٥)، جه (٢/٩٥٤/٢٨٥٩).

[2] متفق علیه: خ (١٣١/١١١/٧١٤٤ و ١٣/١٢٢)، م (٣/١٤٦٩/١٨٣٩)، ت (٣/١٢٥/١٧٥٩)، د (٧/٢٩٠/٢٦٨)، ن (٧/١٤٠).

[3] م (٣/١٤٦٧/١٨٣٦)، ن (٧/١٤٠).

فـەرمانڕەوا بـی لەتەنگانـەو فـەرەحیدا، لەخۆشیو ناخۆشیدا، لەکاتێکیشدا کەوا دەزانن (أثرة)و بەرژەوەندیتان پاشگوێ خراوە.

لە وائیلی کوڕی جوحرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: سەلەمەی کوڕی یەزیدی (الجحفی) پرسیاری لە پێغەمبەر کرد (دروودی خودای لەسەر بێ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! چی بکەینو هەڵوێستمان چی بێ ئەگەر فەرمانڕەوای وەهامان بۆ پەیدا بوون داوای ئەوەیان لێ دەکردین کە ئەومافەی هی ئەوانە لەسەر ئێمە بیاندەینێ بەڵام ئەوان مافی ئێمە کە لەسەر ئەوانە نەیاندەداینێ؟! پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وەڵامی نەدایەوەو روی لێ وەرگێڕا پاشان هەمان پرسیاری ئاڕاستە کردەوەو هەر روی لێ وەرگێڕاو وەڵامی نەدایەوە دووبارە پرسیاری لێ کردەوە لەجاری دووەمدا یان سێیەمدا ئەشعەثی کوڕی قەیس پەلی کێشایە دواوە، وەکوو بڵێ: چیدی لەوبارەوە پرسیار لە پێغەمبەر مەکە، جا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «اسْمَعُوا وَأَطِيعُوا فَإِنَّمَا عَلَيْهِمْ مَا حُمِّلُوا وَعَلَيْكُمْ مَا حُمِّلْتُمْ».[1] ئەگەر وایش بوون ئێوە هەر گوێڕادێرو فەرمانبەردار بن، ئەوان ئەرکی خۆیان لەسەرەو ئێوە ئەرکی خۆتان لەسەر. ئەگەر فەرمانڕەواکانتان ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێ نەهێنا ئێوە هی خۆتان بەجێ بێنن.

لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعودەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنَّهَا سَتَكُونُ بَعْدِي أَثَرَةٌ وَأُمُورٌ تُنْكِرُونَهَا». لەوە بەولاوە خۆ ویستیو بەرژەوەند پەرستی پەیدا دەبێ، هەرکەسەو دەیەوێ بەرژەوەندی خۆی بێتە جێ، ئیثارو خۆنەویستی نامێنێ، زۆر هەڵوێستو کردار دەبینن لەکەسانی بەرامبەرتان پێتان ناخۆشەو

---

[1] م (١٨٤٦/١٤٧٤/٣)، ت (٢٢٩٥/٣٣١/٣).

بەناحەقی دەزانن‌و پێتان وایە مافتان پێشێل کراوە، هاوەڵان عەرزیان کرد وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! فەرمانت بەچیەو چی بکەین؟ ئەگەر کەسێك لەئێوە ئەو دیاردانەی بینی‌و کەوتە ڕۆژگارێکی ئاوهاوە؟ فەرمووی: «تُؤَدُّونَ الْحَقَّ الَّذِى عَلَيْكُمْ وَتَسْأَلُونَ اللَّهَ الَّذِى لَكُمْ».[(١)] ئێوە ئەو ئەرکەی لەسەر شانتانە جێبەجێی بکەن، داواش لەخودا بکەن ئەو مافەی هەتانە بتاندرێتێ، خۆ ئەگەر نەتاندرایە ئەوە بۆتان دەبێتە خێرو فەڕی ڕۆژی قیامەت‌و چاکەتان پێی زۆر دەبێ، داوا بکەن خودا دڵیان نەرم بکاو وایان لێ بکا ئەوانیش ئەرکی سەرشانیان بەرامبەر بەئێوە جێبەجێ بکەن، یان داوا لەخودا بکەن ئەو فەرمانڕەوایانەتان بۆ بگۆڕێ بە باشتر لەوان.

لە عەوفی کوڕی مالیکەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو: «خِيَارُ أَئِمَّتِكُمُ الَّذِينَ تُحِبُّونَهُمْ وَيُحِبُّونَكُمْ وَيُصَلُّونَ عَلَيْكُمْ وَتُصَلُّونَ عَلَيْهِمْ وَشِرَارُ أَئِمَّتِكُمُ الَّذِينَ تُبْغِضُونَهُمْ وَيُبْغِضُونَكُمْ وَتَلْعَنُونَهُمْ وَيَلْعَنُونَكُمْ». قِيلَ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَفَلاَ نُنَابِذُهُمْ بِالسَّيْفِ فَقَالَ « لاَ مَا أَقَامُوا فِيكُمُ الصَّلاَةَ وَإِذَا رَأَيْتُمْ مِنْ وُلاَتِكُمْ شَيْئًا تَكْرَهُونَهُ فَاكْرَهُوا عَمَلَهُ وَلاَ تَنْزِعُوا يَدًا مِنْ طَاعَةٍ».[(٢)] باشترین فەرمانڕەوای ئێوە ئەوانەن ئێوە خۆشتان دەوێن‌و ئەوانیش ئێوەیان خۆش دەوێ، داوای ڕەحمەت‌و لێخۆشبونیان بۆ دەکەن ئەوانیش داوای ڕەحمەت بۆ ئێوە دەکەن، خراپترین فەرمانڕەوای ئێوە ئەوانەن ئێوە ڕقتان لێیانەو ئەوانیش ڕقیان لەئێوەیە، نەفرینیان لێ دەکەن‌و ئەوانیش نەفرینتان لێ دەکەن.

ڕاوی دەڵێ: وتمان: ئەی پێغەمبەری خودا! ئایا بەربەرەکانیان نەکەین؟ بەگژیاندا نەچین؟ فەرمووی: نەخەیر تا ئەوان نوێژ بکەن‌و ڕێ‌و ڕەسمی

---

(١) متفق عليه: خ (١٣/٥/٧٠٥٢)، م (٣/١٤٧٢/١٨٤٣)، ت (٣/٣٢٧/٢٢٨٥).

(٢) م (٣/١٤٨١/١٨٥٥).

نوێژ بەجێ بێنن‌و شەعائیری ئایین ئەنجام بدەن، ئاگادار ببنـەوە هەرکەسـێك والیەکی بۆ دانرا، بینی ئەو والیە هەڵس‌وکەوتێك دەکا پێچەوانەی ئایینـە، با کارەکەی ببوغزێنێ، بەڵام با لێی یاخی نەبێ.

کام فەرمانڕەواو ئیمامە پێویستە گوێڕایەڵی بکرێ؟

لە کتێبی (منـار السـبیل)دا هـاتووە دەڵێ: هەرکەسـێك بـەگوێرەی یاسـای ئیسلامی بووە فەرمانڕەوا حەرامە سەرپێچی فەرمانەکانی بکرێ‌و لێی یـاخی ببـێ‌و شـەڕی لەگـەڵ بکـرێ، جـا فـەرمانڕەواییـەکـە بـەکۆڕای موسـوڵمانان دابمەزرێ وەکوو حـەزرەتی ئـەبو بـەکر (ڕەزای خـودای لێ بـێ) یـان بەعەهـدو بتمانــەدان لــە خەلیفــەی پــێش خۆیــەوە بکرێتــە ئیمــام وەکــوو حــەزرەتی عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خودای لێ بێ) یـان لەڕێگەی ئیجتیهـادی پیـاو مـاقوڵ‌و ئـەهلی حیلـل‌و عەقـدەوە ببێتـە خەلیفـە، وەکـوو ئیمـامی عوثمـان. چـونکە حـەزرەتی عومـەر (ڕەزای خـودای لێ بـێ) دیـاری کردنـی خەلیفـەی خستە پڕۆژەی ڕاوێژەوە لەنێوان شەش لەهاوەڵاندا، سەرەنجام ڕایان هاتە سەر ئەوە کە حـەزرەتی عوسمـان ببێتـە جێنـشین، یـان ئـەوە فـەرمانڕەوا بۆخـۆی خـۆی بـسەپێنێ وەکـوو عەبدولـەلیکی کـوڕی مـەروان کـە لـەئیبنو زوبـەیر هەڵگەڕایـەوەو سـەرەنجام لـەناوی بـردو دەسـتی بەسـەر وڵات‌و موسـوڵماناندا گـرت. بـەجۆرێك موسـوڵمانان بەناچـاری‌و بـەئیختیار بەیعـەتیان پـی کـردو کردیانە خەلیفەو فەرمانڕەوای خۆیان.

ئیمـام ئەحمـەد – وەکوو لەڕیوایـەتی العطاردا هـاتووە - دەڵێ: کەسـێك بەزەبری شمشێر زاڵ بوو بەسەر موسوڵماناندا‌و بـوو بـە خەلیفـەو ڕابـەریان‌و نـاوی (ئـەمیرالمؤمنین)ی لێ نـرا، پێویـستە موسـوڵمانان فەرمانبـەرداری بـن، تەنانەت حەڵاڵ نیە بۆ کەسێك ئیمـانی بـەخودا هـەبێ تاقـە شـەوێکیش لێـی

یاخی بێو بەئیمامی نەزانێ، جا ئەو ئیمامە پیاوی چاك بێ یان پیاوی خراپ بێ.

لە کتێبی (الغایە)دا دەڵێ: ئەگەر لەعالەمی ئیسلامیدا هەر دەسەڵاتدارێك بەسەر ناوچەیەکدا خۆی سەپاندو زاڵ بوو وەکوو ئەم رۆژگارەی ئێمە، ئەوە حوکمی هەر یەکێك لەو فەرمانڕەوایانە حوکمی خەلیفەی ئیسلامی هەیە.[1]

پابەندبوون بە بەیعەتی فەرمانڕەوایانی موسوڵمان واجبەو دەبێ وەفای پێ بکرێ، تا فەرمانڕەوای پێشوو هەبێ دروست نیە بەیعەت بکرێ بەیەکێکی تر

ئەبو هورەیرە ریوایەتی کردووە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «كَانَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ تَسُوسُهُمُ الأَنْبِيَاءُ ، كُلَّمَا هَلَكَ نَبِيٌّ خَلَفَهُ نَبِيٌّ ، وَإِنَّهُ لاَ نَبِيَّ بَعْدِي ، وَسَيَكُونُ خُلَفَاءُ فَيَكْثُرُونَ . قَالُوا فَمَا تَأْمُرُنَا؟ قَالَ فُوا بِبَيْعَةِ الأَوَّلِ فَالأَوَّلِ ، أَعْطُوهُمْ حَقَّهُمْ ، فَإِنَّ اللَّهَ سَائِلُهُمْ عَمَّا اسْتَرْعَاهُمْ».[2] نەتەوەی بەنو ئیسرائیل پێغەمبەرەکانیان فەرمانڕەواییان دەکردن، هەرکە پێغەمبەرێك لەدونیا دەردەچوو پێغەمبەرێکی تر شوێنی ئەوی دەگرتەوە. دڵنیابن لەدوای من پێغەمبەر نایەن، کاری موسوڵمانان دەکەوێتە دەست خەلیفەو فەرمانڕەوایان، زۆریش دەبن، هاوەڵان عەرزیان کرد چیمان فەرمان پێ دەکەی هەڵسوکەوتمان بەرامبەریان چۆن بێ؟ فەرمووی: وەفابکەن بە بەیعەتی خۆتان گوێڕایەڵی فەرمانڕەوای موسوڵمانان، تا فەرمانڕەوای یەکەم هەبێ بەیعەت بە یەکێکی تر مەکەن، مافی خۆیان بدەنێ لەگوێڕایەڵیو

---

[1] منار السبیل ج٢/٣٩٨.

[2] متفق علیە: خ (٣٤٥٥/٤٩٥/٦)، م (١٨٤٢/١٤٧١/٣).

فەرمانبەرداری. بێگومان خودا ڕۆژی قیامەت لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکا دەربارەی ئەوانەی فەرمانڕەواییان کردووە.

لە عەرفەجەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: گوێم لێ بوو پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو: «إِنَّهُ سَتَكُونُ هَنَاتٌ وَهَنَاتٌ فَمَنْ أَرَادَ أَنْ يُفَرِّقَ أَمْرَ هَذِهِ الأُمَّةِ وَهِيَ جَمِيعٌ فَاضْرِبُوهُ بِالسَّيْفِ كَائِنًا مَنْ كَانَ». لەمە بەدواوە کێشەو نیزاع بەرپا دەبن کەسانێك پەیدا دەبن هەوڵی فەرمانڕەوای و دەسەڵات گرتنە دەست دەدەن، جا هەرکەسێك هەوڵی تەفرەقەو لێکترازانی کۆمەڵی ئیسلامی‌دا ویستی یەکیەتی‌و تەباییان لەناو بەرێ، لەهەر بنەماڵەو چین‌و توێژێك بێ بەشمشێر لێی بدەن، شەڕی لەگەڵ بکەن‌و ڕێگە مەدەن کۆمەڵی موسوڵمانان پارچە پارچەو گرۆ گرۆ ببن.

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە دەفەرموێ: «مَنْ أَتَاكُمْ وَأَمْرُكُمْ جَمِيعٌ عَلَى رَجُلٍ وَاحِدٍ يُرِيدُ أَنْ يَشُقَّ عَصَاكُمْ أَوْ يُفَرِّقَ جَمَاعَتَكُمْ فَاقْتُلُوهُ».[1] هەرکەسێك هات‌و هەوڵی ئەوەی‌دا کۆمەڵی ئێوە لەژێر فەرمانڕەوای خەلیفەیەکدا بەڕێوە دەچوو ڕیزەکانتان تۆکمەی‌و پتەو بوون‌و هەوڵی‌دا کۆمەڵتان پەرتەوازە بکاو دووبەرەکی‌و کوتلەکاری پەیدا بکا لەنێوتاندا، بیکوژن مەهێڵن ویستەکەی بێتەجێ.

لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِذَا بُويِعَ لِخَلِيفَتَيْنِ فَاقْتُلُوا الآخَرَ مِنْهُمَا».[2] ئەگەر بەیعەت درا بەدوو فەرمانڕەوا بزانن کامەیان لەپێشدا بەیعەتی دراوەتێ ئەوەیان بەخەلیفە دابنێن‌و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن ئەوی

---

[1] م (١٤٧٩/١٨٥٢ و ٣/١٤٥٠).

[2] م (٣/١٤٨٠/١٨٥٣).

دووهـەميان بكـوژن، بـا نەبێتـە هـۆی تەفرەقـەو دووبـەرەكی كۆمـەڵی موسوڵمانان.

حەرامە لەژێر ركێفی فەرمانڕەوا بچیەدەرو شەڕكردنو كوشتنی خەواریجو یاخی بووان واجبە

بێگومان دەقەكانی قورئانو سوننەت كە لەوەپێش ئاماژەمان پێ كـردنو هـی تـریش جـەخت لەسـەر ئـەوە دەكەنـەوە كـە گوێڕایـەڵی بـۆ فـەرمانڕەوای موسوڵمانان واجبەو نابێ سەرپێچی بكرێو بەربـەرەكانی بكرێ. جا ئەگـەر كۆمەڵێك یەكیان گرتو خاوەنی هێزو دەسەڵات بوون لە ئیمامو فـەرمانڕەوای عادڵ هەڵگەڕانـەوە پاساوێكیان بـۆ ئـەو هەڵگەڕانـەوەی خۆیـان هـەبوو، لـەناو خۆیانـدا ئیمامێكیـان بـۆ خۆیـان دانـا، حـوكمی شـەرعیو كـاری پێویـست دەربارەیـان ئەوەیـە خەلیفـەو فـەرمانڕەوا بنێـری بـۆ لایـانو داوایـان لێ بكـا بێنەوە ژێـر ركێفیو لـە هەڵوێستی خۆیـان پەشیمان ببنـەوە، ئەگـەر ئـەوان نـاڕەزاییو مـاف خـوراوی خۆیـان خـستەڕو پێویـستە فـەرمانڕەوا گلـەییو گازەندەكانیان ببڕێو زوڵمو ستەمێكی كە لێیان كـراوە لایبـەرێو مـافی رەوای خۆیان بداتێ. خۆ ئەگەر هـیچ بیانوویـان نـەبوونو سووربوون لەسـەر یـاخی بوونی خۆیان دەبێ ئیمام شەڕیان لەگەڵ بكاو تەنگیان پێ هەڵچنێ تاوایـان لێ دەكا دێنەوە ژێر ركێفیو فەرمانبەرداری دەبن.

پێویستە موسوڵمانان هەموویان پشتگیری ئیمـام بكـەنو یارمـەتی بـدەن، بەهـەموو جۆرێـك دژی یـاخی بووەكـان بوەسـتنو تەنانـەت ئەگـەر بگاتـە شـەڕكردنیش لەگـەڵیان، هـەتا یاخیبووەكـان دەگەڕێنـەوە بـۆ ژێـر فـەرمانی ئیمامو واز لە هەڵوێستی یـاخی بوونیـان دەهێننو دەكەونـەوە گـەڵ كۆمـەڵی ئیسلامی. قورئان دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ –

الحجرات/٩} ئەگەر دوو تاقمو پێڕی موسوڵمان شەڕیان بوو شەڕیان پێ رابگرن‌و ئاشتیان بکەنەوە، صوڵحی نێوانیان بکەن، ئەگەر لایەنێکیان ملی نەدا بۆ ئاشتی‌و شەڕی رانەگرت، ئێوە بەهەمووتان شەڕ لەگەڵ پێڕی یاخی بوو بکەن تا ناچاریان دەکەن دەگەڕێنەوە بۆ ژێر فەرمانڕەوای ئیسلام.

قازی ئەبوبەکر (ابن العربی) دەڵێ: ئەم ئایەتە ئەصڵ‌و بنەمایە لە شەڕکردنی موسوڵمانان‌و عومدەو کۆڵەکەیەکی پتەوە بۆ شەڕکردن دژی ئەوانەی بەهەندێ بیانوو پاساوی جیا جیا رێگە بەخۆیان دەدەن لە فەرمانڕەوا یاخی دەبن.

هاوەڵانیش لەسەردەمی خۆیان پشتیان بە ماناو مەفهومی ئەم ئایەتە بەستووە بۆشەڕکردن دژی ئەوانەی لەژێر رکێفی خەلیفەی ئیسلام چوونە دەرەوە. پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «تَقْتُلُ عَمَّارًا الْفِئَةُ الْبَاغِيَةُ». کۆمەڵێکی یاخی بوو عەممار شەهید دەکەن. مەبەستی بە پێڕی یاخی بوو ئەوانەن کە لەژێر فەرمانی خەلیفەی موسوڵمانان نەماون‌و ئالای یاخی بوون‌و دژایەتی فەرمانڕەوای موسوڵمانیان بەرزکردۆتەوە.

بێگومان لەلای زانایانی ئیسلام ئەوە چەسپاوەو بە بەڵگە سەلمێندراوە: کە حەزرەتی عەلی (رەزای خودای لێ بێ) خەلیفەو ئیمامی شەرعی موسوڵمانان بووەو هەموو ئەوانەی لەژێر فەرمانی چوونەدەر بەیاخی بوو دەژمێردرێن‌و شەڕکردن لەگەڵیان واجب بووە بۆئەوە بگەڕێنەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی ئیمامی عەلی‌و ملکەچی صوڵح‌و ئاشتەوایی بن.[1]

هەرکاتێکیش شەڕ لەگەڵ یاخی بووان کرا نابێ دیلیان بکوژرێ، ئەگەر هەڵاتن شوێنیان ناکەون، برینداریان دەبێ دەرمان بکرێ‌و نەهێڵدرێ خوێنیان

---

[1] الجامع لأحكام القرآن: ج١٦/٣١٨.

لەبەربڕوا تا دەمرن. منداڵیان ناگیرێ بە (سەبایا)و ناڕفێندرێ، ماڵیان ناگیرێ بە تالانیو غەنیمەت. ئەوەی فەوتاندویانە لە ماڵو سامان ئەو خوێنەی ڕشتوویانە ئەگەر تۆبەیان کرد لەسەر ئەوشتانە سزا نادرێنو عەفوون.[1]

کوژراویان مامەڵەی کوژراوی موسوڵمانیان لەگەڵ دەکرێ، دەشۆردرێنو کفنو دفن دەکرێنو نوێژی مردوویان لەسەر دەکرێ لە گۆڕستانی موسوڵماناندا دەنێژرێن، چونکە پەروەردگار وێڕای یاخیبوونیان فەرموویەتی: {وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ - الحجرات/٩}. پاشان دەفەرموێ: {إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ - الحجرات/١٠}.

كتاب الجنايات (باسی تاوانەکان)

جنايات: کۆی (جنایە)یە. چاوگەو لە (جنى الذنب يجنيه جناية) وەرگیراوە لەزاراوەی شەرعدا بریتییە لەدەست درێژی بۆسەر جەستە بەجۆرێك تۆڵەو قیصاصی لەسەربێ.

موسوڵمان ڕێزی هەیەو نابێ دەستدرێژی بکرێتە سەر

قورئان دەفەرموێ: {وَلا تَقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيماً. وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ عُدْوَاناً وَظُلْماً فَسَوْفَ نُصْلِيهِ نَاراً وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيراً - النساء/٢٩-٣٠}. ئەی ئیمانداران ئێوە دەست درێژی مەکەنە سەر یەکترو خۆتان مەکوژن، بێگومان خودا خاوەنی ڕەحمو بەزەییە بۆ ئێوەو ئەوەی نەهێتان لێ

---

[1] الجامع لأحكام القرآن: ج٧/٣٣٠.

دەكا لەبەرژەوەندی ئێوەدایە، كەسێك خۆی بكوژێ یان بەناحەق یەكێكی تر بكوژێ ئەوە تاوانی گەورەی ئەنجام داوەو لەوە بەولاوە توڕی دەدەینە ناو ئاگری دۆزەخەوە، ئەمەش بۆ خودا كارێكی ئاسانەو هیچ ماندوبوونی تێدا نیە.

یان دەفەرموێ: {وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِناً مُتَعَمِّداً فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِداً فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَاباً عَظِيماً - النساء/٩٣} كەسێك بەناحەقو بە ئەنقەست موسوڵمانێك بكوژێ ئەوە سزای ئەو تاوانبارە ئاگری دۆزەخە بۆ هەتا هەتایە تێیدا دەمێنێتەوە، رقو قاری خودای لەسەرەو نەفرینی لێ كردوە، سزای گەورەو سامناكی بۆ ئامادە كردوە.

هەروا دەفەرموێ: {مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ كَتَبْنَا عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ نَفْساً بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعاً وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعاً - المائدة/٣٢} لەبەرئەوە: لەسەر نەتەوەی ئیسرائیلمان پێویست كردو كردمانە یاسایەكی نەگۆڕ: كە هەركەسێك بەناحەقو ناڕەوا كەسێك بكوژێ كوشتنەكەی لە تۆڵەی كوشتندا نەبێ، یان بەمەبەستی قەڵاچۆكردنی فەسادو ئاشوب لەسەر زەوی نەبێ، ئەوە تاوانەكەی ئەوەندە گەورەیە وەكوو ئەوە وایە هەموو ئادەمیزادی كوشتبێ، كەسێكیش كەسێك لەتێداچونو فەوتان رزگاربكا ئەوەندە كارێكی باشە وەكوو ئەوە وایە هەموو ئادەمیزادی لە فەوتانو تێداچون رزگاركردبێ.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتكراوە: كە پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ». قِيلَ يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا هُنَّ؟ قَالَ « الشِّرْكُ بِاللَّهِ وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِى حَرَّمَ اللَّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ وَأَكْلُ الرِّبَا

وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلاَتِ الْمُؤْمِنَاتِ».[١] خۆتان بپارێزن لە حەوت جۆر تاوانی بە هیلاکبەر، هاوەڵان عەرزیان کرد: ئەو تاوانانە چین ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: هاوەڵدانان بۆ خودا. کوشتنی نەفسێك کە خودا حەرامی کردوە، مەگەر بە حەقو قیصاص. هەروا خواردنی ماڵی هەتیو، خواردنی سودو ریبا، پشت هەڵکردن لە ڕۆژی هێرش بردن بۆسەر دوژمن، بوختان هەڵبەستن بۆ ئافرەتی داوێنپاکی بێئاگا لەو تاوانەی پاڵی دراوە.

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەری خەتابەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لَزَوَالُ الدُّنْيَا أَهْوَنُ عَلَى اللَّهِ مِنْ قَتْلِ رَجُلٍ مُسْلِمٍ».[٢] وێرانبونو نەمانی دونیا لەلای خودا سوکترە لە کوشتنی پیاوێکی موسوڵمان.

لە ئەبو سەعیدی (الخدری)و ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لَوْ أَنَّ أَهْلَ السَّمَاءِ وَأَهْلَ الأَرْضِ اشْتَرَكُوا فِي دَمِ مُؤْمِنٍ لأَكَبَّهُمُ اللَّهُ فِي النَّارِ».[٣] ئەگەر ئەهلی ئاسمانو ئەهلی سەر زەوی هاوبەشی بکەن لە کوشتنی ئیماندارێك دا، خودا هەموویان بەرەو دەم دەخاتە ناو دۆزەخەوە.

لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أَوَّلُ مَا يُقْضَى بَيْنَ النَّاسِ فِي الدِّمَاءِ».[٤]

---

[١] متفق عليه: خ(٢٧٦٦/٥/٣٩٣)، م(٨٩/١/٩٢)، د(٢٨٥٧/٨/٧٧)، ن(٦/٢٥٧).

[٢] صحيح: (ص.ج/٥٠٧٧) ، ت(١٤١٤/٢/٤٢٦)، ن(٧/٨٢).

[٣] صحيح: (ص.ج/٥٢٤٧) ، ت(١٤١٩/٢/٤٢٧).

[٤] متفق عليه: خ(٨٦٦٤/١٢/١٨٧)، م(١٧٨/٣/١٣٠٤)، ت(١٤١٨/٢/٤٢٧)، ن(٧/٨٣).

یەکەم دادگاو یەکالا کردنەوەیەك کە لەنێوان ئادەمیزادەکاندا دەگیرێ دەربارەی خوێنە.

هەر لە عەبدوڵلاوە (رەزای خودای لێ بێ) دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «يَجِيءُ الرَّجُلُ آخِذًا بِيَدِ الرَّجُلِ فَيَقُولُ يَا رَبِّ هَذَا قَتَلَنِي. فَيَقُولُ اللَّهُ لَهُ لِمَ قَتَلْتَهُ فَيَقُولُ قَتَلْتُهُ لِتَكُونَ الْعِزَّةُ لَكَ. فَيَقُولُ فَإِنَّهَا لِي. وَيَجِيءُ الرَّجُلُ آخِذًا بِيَدِ الرَّجُلِ فَيَقُولُ إِنَّ هَذَا قَتَلَنِي. فَيَقُولُ اللَّهُ لَهُ لِمَ قَتَلْتَهُ فَيَقُولُ لِتَكُونَ الْعِزَّةُ لِفُلَانٍ فَيَقُولُ إِنَّهَا لَيْسَتْ لِفُلَانٍ فَيَبُوءُ بِإِثْمِهِ».[1] رۆژی قیامەت وادەبێ پیاو دێ بۆ سارای مەحشەر دەستی پیاوێکی گرتووە: دەڵێ خودایە، ئەم پیاوە لەدونیادا کوشتمی، پەروەردگار بەکابرای بکوژ دەڵێ: بۆچی کوشتت؟ دەڵێ: بۆیە کوشتم تا ئایینی تۆ سەرکەوێ‌و شکۆمەندی بۆ زاتی پاکت بچەسپێنم، خودا دەفەرموێ: ئەمەت لەبەر خاتری ئایینی من کردووەو شکۆمەندی هەر بۆمنە، پیاوی واهەیە دێتە سارای مەحشەر دەستی پیاوێکی گرتووە دەڵێ ئەم پیاوە منی کوشتوە، خودا پێی دەفەرموێ: بۆچی کوشتت؟ دەڵێ بۆیە کوشتم تا فلانکەس فەرمانڕەوای بچەسپێنێ‌و ئاغایەتی بۆ دابمەزرێ، خودا دەفەرموێ: فلانکەس شکۆمەندیی نیە، ئیتر بە تاوانباریی دەگەڕێتەوە.

هەرامە مرۆڤ خۆی بکوژێ

لە ئەبو هورەیرە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ تَرَدَّى مِنْ جَبَلٍ فَقَتَلَ نَفْسَهُ ، فَهْوَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ ، يَتَرَدَّى فِيهِ خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا ، وَمَنْ تَحَسَّى سَمًّا فَقَتَلَ نَفْسَهُ ، فَسَمُّهُ فِي يَدِهِ ، يَتَحَسَّاهُ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا ، وَمَنْ قَتَلَ نَفْسَهُ بِحَدِيدَةٍ ، فَحَدِيدَتُهُ فِي يَدِهِ ، يَجَأُ

[1] صحيح: (ص.ن/٣٧٣٢) ، ن(٧/٨٨٤).

بِهَا فِي بَطْنِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدًا مُخَلَّـدًا فِيهَـا أَبَـدًا».[١] كەسێك خۆی لەشاخێك هەڵدێریۆ خۆی بكوژێ، ئەوە بۆ هەتا هەتایە لەناو ئاگری دۆزەخدا هەر خۆی هەڵدەدێرێ بەناو ئاگردا رۆدەچێ، كەسێك ژەهر بخواتەوەو خۆی ژەهر خواردو بكا، ئەوە لەناو ئاگری دۆزەخدا هەمیشە بۆ هەتا هەتایە ژەهرەكەی بەدەستەوەیەو دەیخواتـەوە، كەسێك بە پارچە ئاسنێك خۆی بكوژێ ئەوە رۆژی قیامەت لەناو دۆزەخدا ئاسنەكەی بەدەستەوەیەو ورگی خۆی پێ قەمە هەنجن دەكا بۆ هەتاهەتایە.

لە جوندوبی كوڕی عەبدوڵلاوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «كَانَ فِيمَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ رَجُلٌ بِـهِ جُـرْحٌ ، فَجَـزِعَ فَأَخَذَ سِكِّينًا فَحَزَّ بِهَا يَدَهُ ، فَمَا رَقَأَ الدَّمُ حَتَّى مَاتَ ، قَالَ اللَّهُ تَعَالَى بَـادَرَنِي عَبْـدِي بِنَفْسِهِ ، حَرَّمْتُ عَلَيْـهِ الْجَنَّـةَ».[٢] لە رۆژگارو سەردەمی پێش ئێوەدا پیاوێك برینێكی پێوە بوو، چاك نەدەبووەوە، صەبری نەگرتۆ هات بە چەقۆیەك دەستی خۆی بڕیەوە، ئیتر خوێنی بەربوو خوێنی نەوەستایەوە تامرد، پەروەردگار فەرمووی: بەندەكەم پەلەی كرد لەگیان دەرچوونی خۆیداو تەمەنی خۆی كۆتایی پێ هێنا، منیش بەهەشتم لێ حەرام كرد.

لە جابیرەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: طوفەیلی كوڕی عەمری (ألدَوسی) هاتە خزمەت پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) عەرزی كرد: ئەی رەوانەكراوی خودا ئەگەر دەتەوێ كۆچ بكە بۆ وڵاتی ئێمە پارێزگاریت لێ دەكەین بۆت دەبین بە قەڵای قایمۆ پتەو، قەڵاكە هی هۆزی دەوس بوو هی سەردەمی پێش هاتنی ئیسلام بوو.

---

[١] متفق عليه: خ(٥٧٧٨/٢٤٧/١٠)، م(١٠٩/١٠٣/١)، ت(٢١١٦/٢٦٠/٣)، د(٣٨٥٥/٣٥٤/١٠).

[٢] متفق عليه: خ(٣٤٦٣/٤٩٦/٦)، م(١١٣/١٠٧/١).

وەڵێ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) قبووڵی نەکرد، ئەم سەروەرییەیان بە نصیب نەبوو چونکە پەروەردگار ئەو سەربەرزیو بەهرەیەی هەڵگرتبوو بۆ یاریدەدەران لە هۆزی ئەوسو خەزرەجو کردی بە خەڵاتی ئەوان. جا کاتێ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، طوفەیلو پیاوێك لە هۆزەکەی کۆچیان کرد بۆ مەدینە بۆ خزمەتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) قەدەر وابوو ئاوو هەوای مەدینەیان پێ نەکەوت، پیاوەکە تووشی نەخۆشی بوو نەخۆشییەکەی هەراسانی لێ هەڵگرت، بەدەمە تیرێکی پانکۆڵە جومگەی پەنجەکانی خۆی بڕیەوە، هەردوو دەستی زامداربوونو خوێنیان نەگیرسایەوە تا پێی مرد. لە دواییدا طوفەیل بەخەو پیاوەکەی بەشێوەیەکی جوان بینی وەڵێ هەردوو دەستی داپۆشرابوون. پێی دەڵێ: خودا لوطفی چۆن بوو لەگەڵت؟ دەڵێ بەهۆی کۆچکردنم بۆ خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بۆ مەدینە خودا لە تاوانەکانم خۆش بوو بەتایبەتی لەتاوانی خۆکوشتنم، بەڵام طوفەیل کە دەبینێ دوو دەستی داپۆشراون لێی دەپرسێ ئەدی هۆی چیە دەستەکانت داپۆشراون؟ دەڵێ: پێم گوترا: ئەوەی بۆ خۆت خراپت کردووە لە جەستەی خۆت ئێمە بۆت چاك ناکەینەوە! پاشان طوفەیل خەونەکەی بۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) گێڕایەوە فەرمووی: «اللّٰهُمَّ وَلِيَدَيْهِ فَاغْفِرْ» ئەی خودای گەورەمان لەدەستەکانیشی خۆشبە.[1]

---

[1] صحيح: (مختصر م/٩٧)، م(١/١٠٨/١١٦).

ئەوەی ڕێگەی کوشتن دەداو وای لێ دەکا ڕەوابێ

قورئـان دەفـەرموێ: {وَلاَ تَقْتُلُـوا الـنَّفْسَ الَّتِـي حَـرَّمَ اللَّـهُ إِلاَّ بِـالْحَقِّ – الإسراء/٣٣} نەچن ئەو نەفسەی خودا کوشتنی حەرام کردوە ئێوە بیکوژن، مەگەر لە تۆڵەو قیصاص دابێ‌و کوشتنەوەی حەق‌و ڕەوابێ.

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّـاسَ حَتَّـى يَـشْهَدُوا أَنْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّـهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ ، وَيُقِيمُوا الصَّلاَةَ ، وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ ، فَإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ عَصَمُوا مِنِّى دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلاَّ بِحَقِّ الإِسْلاَمِ ، وَحِسَابُهُمْ عَلَـى اللَّـهِ».[1] فـەرمانم پێکـراوە لەلایەن خوداوە بجەنگم‌و شەڕ لەگەڵ ئـەو خەڵکە بکـەم کە هـاوەڵ بـۆ خـودا دادەنێن، تا شایەتومان دەهێنن‌و دەڵێن: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) هیچ خودا نین شیاوی پەرستش بن جگە لە (الله)، هـەروا شـایەتی بـدا: کـە موحەممـەد پێغەمبـەری خودایە، ئیـتر هەرکەسـێ ئەمـە بڵـێ: سـەرو سـامانی خـۆی‌و نـاموس‌و خـوێنی پارێزراوەو لەمن حەرام دەبێ. مەگەر لەسەر مافێکی ڕەوا کە لەسەری بێ.

ئـەو حەقـەی کـە لەئایەتەکـەدا ئامـاژەی پێکـراوەو ڕێگـای کوشـتنی ئـادەمیزاد دەدا، بـە فەرموودەیـەکی تـری پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێ) تەفسیرکراوەتەوە، کە دەفەرموێ: «لاَ يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ يَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنِّى رَسُولُ اللَّهِ إِلاَّ بِإِحْدَى ثَلاَثٍ الثَّيِّبُ الزَّانِـى وَالـنَّفْسُ بِـالنَّفْسِ وَالتَّـارِكُ لِدِينِهِ الْمُفَارِقُ لِلْجَمَاعَةِ».[2] خوێنی مرۆڤی موسوڵمان ڕەوانیـە بـڕژێ، کوشـتنی موسـوڵمان حـەڵاڵ نیـە مەگـەر بـە یـەکێ لـەم سـێ حاڵەتـە: کەسـێك کەسـێك بکـوژێ دەکوژرێتـەوە، بێوەبـێ‌و زینابکـا، موسـوڵمان لـە ئـایینی خـۆی پاشگەزبێتەوە.

---

[1] متفق عليه: خ(١/٧٥/٢٥)، م(١/٥٣/٢٢).

[2] متفق عليه: خ(١٢/٢٠١/٦٨٧٨)، م(٣/١٣٠٢/١٦٧٦)، د(١٢/٥/٤٣٣٠).

جۆرەکانی کوشتن

کوشتن سێ جۆرە: بە ئەنقەست، شێوە عەمد، هەڵە.

١- کوشتنی بەئەنقەست ئەوەیە کابرایەکی موکەلەف قەصدی کوشتنی مرۆڤێکی بێ تاوان بکا، بە ئامێرو هۆکارێك کە عادەتەن ئەو چەكو ئامێرە مرۆڤی پێ دەکوژرێ.

٢- شێوە عەمد ئەوەیە کابرا بیەوێ بە ئامێرێك لە یەکێکی تربدا؛ کە عادەتەن ئەو جۆرە لێدانە بەو ئامێرە مرۆڤ ناکوژێ کەچی گیانی دەرچێنێ، بیکوژێ.

٣- کوشتنی هەڵە ئەوەیە، کابرای موکەلەف کارێکی رەوا ئەنجام بدا کەچی ببێتە هۆکاری کوشتنی مرۆڤێك، بۆ نموونە کابرا چەك ئاراستەی نێچیرێك بکا کەچی بەر مرۆڤێك بکەوێو بیکوژێ، لەجۆری دووەمو سێیەم دا کەفارەت لەسەر بکوژەکەیەو خوێنیش لەسەر خزمەکانیەتی، ئاماژە بە ئایەتی قورئان کە دەفەرموێ: {وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يَقْتُلَ مُؤْمِناً إِلاَّ خَطَأً وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِناً خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلاَّ أَنْ يَصَّدَّقُوا فَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ عَدُوٍّ لَكُمْ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِنْ اللَّهِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيماً حَكِيماً – النساء/٩٢}. رەوانیە بۆ موسوڵمان کە موسوڵمان بکوژێ، هەرکەسێ ئەو تاوانە بکا سزای سەختی دۆزەخی هەیە. مەگەر کەسێك بەهەڵە ئەو تاوانەی لەدەست بقەومێ. جا ئەگەر موسوڵمانێك بەهەڵە موسوڵمانێکی لەدەست کوژرا، ئەوە دەبێ لە قەرەبووکردنەوەی ئەو تاوانەدا کۆیلەیەك ئازادبکاو خوێنیش بدا بە کەس‌وکاری کوژراو مەگەر کەس‌وکاری کوژراو لێی خۆشبنو خوێنەکەی لێ نەستێنن. ئەگەر کوژراوەکە بۆ خۆی موسوڵمان بوو بەڵام کەسوکاری کافرو دوژمن بوون بەئێوە، ئەوە

کەفارەتەکەی ئازادکردنی کۆیلەیەکی موسوڵمانەو خوێن نادرێ. ئەگەر کوژراو لەگەڵو هۆزێك بوو لەگەڵ ئێوەدا عەهدو پەیمان هەبوو، ئەوە دەبێ خوێن، بدرێ بە کەس‌وکاری کوژراوو کۆیلەیەکی موسوڵمانیش ئازادبکا، جا ئەگەر کۆیلە دەستەبەر نەبوو دەبێ دوو مانگ لەسەریەك بەرۆژوو بێ، ئەمە تەوبەو قەرەبوو کردنەوەیە لەو تاوانەو لەخوداوە دانراوە، پەروەردگار زاناو کاربەجێیە. وەڵێ کوشتنی بەئەنقەست، خزمو کەسوکارو خوێنگرەکانی سەرپشکن لەوەدا بکوژ بکوژنەوە، یان نەیکوژنەوەو خوێن وەربگرن، ئاماژە بە ئایەتی قورئان: کە دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ وَالأُنثَى بِالأُنثَى فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ ذَلِكَ تَخْفِيفٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ فَمَنْ اعْتَدَى بَعْدَ ذَلِكَ فَلَهُ عَذَابٌ أَلِيمٌ – البقرة/١٧٨}.

ئەی خاوەن باوەڕان تۆڵە لەبکوژ بکەنەوە دەبێ مرۆڤی ئازاد لەجیاتی مرۆڤی ئازاد بکوژرێتەوە، کۆیلە لەشوێنی کۆیلەو مێینە لەشوێنی مێینە. جا ئەگەر بکوژ لەلایەن خزمو کەسوکاری کوژراوەوە عەفووکراو نەیانکوشتەوە پێویستە بەرێو جێو چاکەکاریو پیاوانە خوێنەکە وەربگرن، هەروا پێویستە خوێندەرەکان بە پیاوانەو رێكو پێك خوێنەکە بدەن، ئەوە کە دروستە لەجیاتی کوشتنەوە خوێن وەربگیرێ ئاسانکردنو بارسوکییە لەسەر بکوژ لەخوداوە بڕیاری لەسەر دراوەو رەحمەتو بەزەیی خودایە بۆتان، جا کەسێ تەجاوەزکاری بکاو زێدەڕەوی بکا لەخوێن وەرگرتندا یان لەخوێن داندا ئەوە سزای سەختی دۆزەخی بۆ ئامادەکراوە.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَنْ قُتِلَ لَهُ قَتِيلٌ فَهُوَ بِخَيْرِ النَّظَرَيْنِ إِمَّا أَنْ يُودَى أَوْ يُقَادَ».[1]

---

[1] متفق عليه: خ(٦٨٨٠/٢٠٥/١٢)، م(١٣٥٥/٩٨٨/٢).

کەسێك موسوڵمانێکی لەدەست کوژرا یان لەجیاتی خوێن دەدا یان دەکوژرێتەوە.

ئەم ماڵو سامانەی لەجیاتی خوێن دەدرێ، بە کوشتنەکە واجب نەبووە بەڵکوو بەدەلی قیصاصەکەیە، بۆیە بۆ خوێن وەرگرەکان ڕەوایە صوڵح بکەن لەسەر غەیری خوێنەکە، تەنانەت ئەگەر زیادیش وەربگرنو داوای زیادە بکەن، ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «مَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا دُفِعَ إِلَى أَوْلِيَاءِ الْمَقْتُولِ فَإِنْ شَاءُوا قَتَلُوا وَإِنْ شَاءُوا أَخَذُوا الدِّيَةَ وَهِيَ ثَلاثُونَ حِقَّةً وَثَلاثُونَ جَذَعَةً وَأَرْبَعُونَ خَلِفَةً وَمَا صَالَحُوا عَلَيْهِ فَهُوَ لَهُمْ». وَذَلِكَ لِتَشْدِيدِ الْعَقْلِ.[1] کەسێك بە ئەنقەست موسوڵمانێکی کوشت، بکوژ دەدرێتە دەست خزمو کەسی کوژراو، ئەگەر ئارەزۆیان بوو بیکوژنەوە، ئەگەر حەزیان لێ بوو خوێنی لێ وەردەگرن، خوێنی کوژراو سەد حوشترە، سییان سێساڵیان تەواوکردبێو چوبنە ساڵی چوارەمەوە، سییان چوار ساڵیان تەواوکردبێو چوبنە ساڵی پێنجەم، چلیشیان ئاوس بن، ئەوەی خزمو کەس‌وکاری کوژراو پێی رازی دەبنو صوڵحی لەسەردەکەن ئەوە مافی خۆیانە وەری بگرن، ئەمەش بەمەبەستی گرانکردنی خوێنەکە لەسەر بکوژ.

خۆ ئەگەر خزمی کوژراو بکوژ عەفو بکەن ئەوە باشترە، ئاماژە بە ئایەتی {وَأَنْ تَعْفُوا أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى – البقرة/٢٣٧} ئەگەر ئێوەی کەسوکاری کوژراو بکوژ عەفوو بکەن لە کوشتنەوەو لەخوێن، وەرگرتن ئەوە باشترەو نزیکترە لە تەقوا.

---

[1] حسن (ص.ت/١١٢١)، ت(١٤٠٦/٤٢٣/٢)، جة(٢٦٢٦/٨٧٧/٢).

هەروا ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «وَمَا زَادَ اللَّهُ عَبْدًا بِعَفْوٍ إِلاَّ عِزًّا»[1]: ئادەمیزادی لێ بوردەو عەفوکار، خودا شکۆمەندی پێ دەدا.

مەرجەکانی تۆڵەستاندنەوەو کوشتنەوەی بکوژ

کوشتنەوەی بکوژ واجب نابێ هەتا ئەم مەرجانە نەیەنە دی:

١- دەبێ بکوژ باڵغو عاقڵو بەئاگا بێ، واتە (موکەللەف) بێ. کەوابوو تۆڵەستاندنەوە (قیصاص) لەسەر منداڵو شێتو نوستوونیە، ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلاَثَةٍ: عَنِ الصَّبِيِّ حَتَّى يَحْتَلِمَ وَعَنِ الْمَجنون حَتَّى يُفِيقَ وَعَنِ النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ».[2]: قەڵەمی موحاسەبەو تۆڵە لەسەر سێکەس هەڵگیراوە: لەسەر منداڵ هەتا باڵغ دەبێ، لەسەر شێت هەتا ئیفاقەی دێو چاك دەبێتەوە، لەسەر نوستوو هەتا بەئاگا دێتەوە.

٢- نابێ کوژراوەکە لەوکەسانە بێ کە کوشتنیان ڕەوایە بەهۆیەك لەو هۆیانەی حەدیثی «لاَ يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ إِلاَّ بِإِحْدَى ثَلاَثٍ رَجُلٌ كَفَرَ بَعْدَ إِسْلاَمِهِ أَوْ زَنَى بَعْدَ إِحْصَانِهِ أَوْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ».[3] دیاری کردووە.

٣- نابێ کوژراوەکە کوڕو کچو نەوەی بکوژبێ ئاماژە بە حەدیثی (لا يُقْتَلُ الْوَالِدُ بِوَلَدِهِ).[4] باوك کە بکوژی منداڵی خۆی بێ ناکوژرێتەوە.

---

[1] صحيح: (ص.ت/١٨٩٤) ، م(٢٥٨٨/٢٠٠١/٤)، ت(٢٠٩٨/٢٥٤/٣).

[2] صحيح: (ص.ج/٣٥١٢) .

[3] صحيح: (ج/٧٦٤١) .

[4] صحيح (الإرواء/٢٢١٤)، ت(١٤٢٢/٤٢٨/٢)، جة(٢٦٦١/٨٨٨/٢).

٤- نابێ کوژراو کافربێو بکوژ موسوڵمان بێ چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەفەرموێ: (لاَ يُقْتَلُ مُسْلِمٌ بِكَافِرٍ).[١] موسوڵمان بەهۆی ئەوەی کە کوژراوەکەی کافرە ناکوژرێتەوە.

٥- نابێ کوژراو کۆیلە بێو بکوژ ئازاد، ئەگەر بکوژ مرۆڤی ئازادبوو کوژراوەکەش کۆیلەبوو ئەوە بکوژ ناکوژرێتەوە.

کۆمەڵێك بکوژ لە تۆڵەی یەك کوژراودا دەکوژرێنەوە

ئەگەر کۆمەڵێك یەکیان گرتو بەهەموانیان یەکێکیان کوشت، ئەوە هەموویان دەکوژرێنەوە لە تۆڵەی کوشتنی ئەو کوژراوەدا. ئاماژە بەو ریوایەتەی ئیمام مالیك لە سەعیدی کوڕی (المسیب)ەوە ریوایەتی کردوە: کە عومەری کوڕی خەتتاب پێنج یان حەوت کەسی کوشتنەوە لە قیصاصی یەك کەسدا، کە هاوکاری یەکتریان کردبوو بۆ کوشتنی پیاوێك بە فێڵ بردبوویانە شوێنێك کوشتبوویان.[٢]

ئەمجار فەرمووی: (لَوْ تَمَالأَ عَلَيْهِ أَهْلُ صَنْعَاءَ لَقَتَلْتُهُمْ جَمِيعًا).[٣] ئەگەر هەموو ئەهلی صەنعاء گەلەکۆمەکێیان بکردایە لەسەر کوشتنی ئەم مرۆڤە هەموویانم دەکوشتنەوە.

قیصاصو تۆڵە ستاندنەوە لەبکوژ بەیەکێك لەدووشت دەچەسپێ

یەکەم: بکوژ دان بەتاوانەکەیدا بنێ:

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە: کە جولەکەیەك سەری جارییەکی لەنێوان دوو بەردا جەڕەبابە دابوو شکاندبووی. پێیان گوت کێ وای لێ کردی؟ فلان؟

---

[١] حسن صحيح: (ص.ت/١١٤١) ، خ(٦٩١٥/٢٦٠/١٢)، ت(١٤٣٣/٤٣٣/٢).

[٢] صحيح: (الإرواء/٢٢٠١) ، ط:(١٥٨٤/٦٢٨).

[٣] (الإرواء/٢٢٠١)، ط:(١٥٨٤/٦٢٨)، فع(٦/٢٢)، هق(٤١/٨).

یان فلان؟ هەتا سەرە گەیشتە سەر کابرای جولەکەو ناوی هێندرا، کە ناوی هێنرا ئافرەتەکە بەسەر ئاماژەی بۆکرد، کابرای جولەکەیان هێناو ئیعتیرافی کرد، ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی دا سەری کابرای جولەکەیان بەبەرد شکاندەوە.[1]

دووەم: شایەتدانی دووشاهید لەسەری:

لە رافیعی کوڕی خەدیجەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: شەوێك لە خەیبەر پیاوێك کوژرا، کە رۆژبۆوە خوێنگرەکانی چوونە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ)و روداوەکەیان عەرزکرد، فەرمووی: (أَلَكُمْ شَاهِدَانِ يَشْهَدَانِ عَلَى قَتْلِ صَاحِبِكُمْ؟). دوو شایەتتان هەیە شایەتی بدەن کێ خزمەکەتانی کوشتووە؟ وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! لەوشوێنەی خزمەکەمانی لێ کوژراوە کەسی موسوڵمانی لێ نەبووە تا بیکەین بە شایەتو ئەو دەفەرو هۆبە هەموویان جولەکەن، جولەکە پێکیشی تاوانی لەوەش گەورەتر دەکەن. پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: پەنجا کەسیان لێ هەڵبژێرن سوێندیان بدەن، سوێندیان نەخوارد، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەلایەن خۆیەوە خوێنەکەی دا.

مەرجی جێبەجێکردنی قیصاصو تۆڵە لەبکوژ

مەرجە بۆ ئەنجامدانی قیصاصو تۆڵە لە بکوژ هەبوونی سێ مەرج:

١- ئەوەی داوای تۆڵەستاندن دەکا دەبێ موکەللەف بێ. ئەگەر داواکاری تۆڵەستاندن منداڵ بوو یان شێت بوو، بکوژ بەنددەکرێ تا داواکار دەبێتە موکەللەف.

---

[1] متفق عليه: (٦٨٧٦/١٩٨/١٢)، م(١٦٧٢/١٢٩٩/٣)، د(٤٥١٢/٢٦٧/١٢).

٢- ئەگەر خوێنگرەكان چەند كەسێك بوون دەبێ هەموویان رایان یەك بێ لەسەر ئەنجامدانی تۆڵە لەسەر بكوژ، ئەگەر هەندێكیان عەفویان كرد، ئەوە كوشتنەوەی لەسەر لادەچێ.

لە زەیدی كوڕی وەهبەوە ڕیوایەتكراوە: كە ئیمامی عومەر (رەزای خودای لێ بێ) پیاوێكی بكوژیان بردە لای كە پیاوێكی كوشتبوو. خزمو كەسی ویستیان بكوژ بكوژنەوە. خوشكی كوژراوەكە خێزانی بكوژ بوو وتی: من بكوژ لەبەشی خۆم عەفوو دەكەم، ئیتر عومەر (رەزای خودای لێ بێ) فەرمووی: كابرای بكوژ كوشتنەوەی لەسەرلاچوو.[1]

هەر لەوەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پیاوێك لەلای ژنەكەی پیاوێكی بینی، ئیتر مێردەكە ژنەكەی كوشت، روداوەكە بەرزكرایەوە بۆلای ئیمامی عومەر هەندێ لەبراكانی ژنە كوژراوەكە گلەییان لە ژنە كوژراوەكە هەبوو، لەبەشی خۆیان بكوژیان عەفوو كرد، ئیتر ئیمامی عومەر فەرمانی كرد كە باقی خوێنگرەكانی ژنە كوژاروەكە خوێن وەربگرن.[2]

٣- نابێ جێبەجێكردنی تۆڵە لە تاوانبار هەمان زیان بەغەیری تاوانبار بگەیەنێ بۆ نموونە ئەگەر كوشتنەوە لەسەر ئافرەتێكی سكپڕ چەسپا، ئافرەتەكە ناكوژرێتەوە تا منداڵەكەی دەبێو شیری پێ دەداو لەشیر دەبڕێتەوە.

لە عەبدوڵڵای كوڕی بورەیدەوە لە باوكییەوە ڕیوایەتكراوە: كە ئافرەتێكی غامیدی پرسیاری لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) كرد وتی: من تووشی زینابووم، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرموو: (إرجعي) جارێ بڕۆرەوە، ئافرەتەكە گەڕایەوە، بۆ سبەینێ هاتەوە

---

[1] صحيح: (الإرواء/٢٢٢٢)، عب(١٨١٨٨/١٣/١٠).

[2] صحيح (الإرواء/٢٢٢٥)، هق(٨/٥٩).

خزمـــەتی وتـــی: قوربـــان وادیـــارە دەتـــەوێ وەکـــوو مـــاعیزی کـــوڕی مالیـــك بمگەڕێنیتـــەوە، ســـوێندم بـــەخودا مـــن لـــەئاکامی زیناکردنـــەوە ســـکم پڕبـــووە، پێغەمبەر (دروودی خـودای لەسـەر بێ) پێـی فـەرموو: (دەی کـە هـەر سـوری لەسەر دان پیانانەکەتو ناتەوێ نهێنی خۆت بپۆشی بـڕۆرەوە تـا منداڵەکـەت دەبێ). جا کـە ژنەکـە منداڵەکەی بـوو، لەپارچە پەڕۆیـەکا منالەکەی هێنایـە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وتی: ئەوە منالەکەمە بوومە، پێی فەرموو: دە ئێستە بـڕۆ شیری بـدەرێ منالەکەت بەخێوبکە تـا لەشـیری دەبڕیەوە، جا کاتێ ژنەکە منداڵەکەی گەورەکردو لەشـیری بڕیـەوە منالەکـەی هێنایـــەوە خزمـــەت پێغەمبـــەر (درووودی خـــودای لەســـەر بـــێ) لـــەتێك نـــانی بەدەستەوەبوو دەیخوارد، عەرزی کرد: ئەوە منالەکەم گـەورەکردووەو لەشـیرم بڕیوەتەوە ئەوەتا خواردن دەخوا. ئیتر پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) منداڵەکەی دایە دەست پیاوێك لە موسوڵمانان کە بـەخێوی بکا سەرپەرشـتی بکـا، فەرمانیـشی کـرد چـاڵێکیان بـۆ ئافرەتەکـە هەڵکەنـد قوڵییەکـەی تـا سەرسنگی بوو، ئەمجار خستیانە ناوی فەرمانی بە خەڵکەکە کرد بەردەبارانی بکەن، خالیدی کوڕی وەلید یەکێك بوو لەوانەی بەردەبارانی دەکـرد بـەردێکی کێشا بەسـەریداو خـوێن فیـچقەی کـرد چـەند دڵۆپـە خوێنـێ چـوو بـە دەمو چاویدا، لەسەرئەوە خالید جوێنێکی پێدا، پێغەمبەر (درووودی خـودای لەسـەر بێ) فـەرمووی: «مَهْلاً يَا خَالِدُ فَوَالَّذِى نَفْسِي بِيَدِهِ لَقَدْ تَابَتْ تَوْبَةً لَوْ تَابَهَا صَـاحِبُ مَكْسٍ لَغُفِرَ لَهُ». هێواش ئەی خالید! سابەو کەسەی گیـانی منـی بەدەسـتە ئـەم ژنە تەوبەیەکی کردووە ئەگـەر بـاجگرو گـومرگ سـتێن تەوبـەی وا خـالیصو دڵـسۆزانە بکـەن خـودا لێیـان خـۆش دەبـێ، ئـەمجار فـەرمانی کـرد تـەرمی ژنەکەیان شۆردو کفنیان کرد، تەشریفی بـۆ خـۆی نوێـژی لەسـەرکرد، ئـەوجا لەگۆڕستانی موسوڵمانان ناشتیان.

بكوژ چۆنو بەچی دەكوژرێتەوە؟

ئەصڵو واقیع ئەوەیە بكوژ بەو ئامێرەی تاوانی كوشتنەكەی پێ ئەنجام داوە بكوژرێتەوەو بەو شێوەش بكوژرێتەوە كە ئەو تاوانەكەی پێ كردوە. چونكە ئەوە مانای عەدالەتو یەكسانی دەگەیەنێ، هەروا چونكە قورئان دەفەرموێ: {فَمَنْ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ – البقرة/١٩٤} كەسێك دەستدرێژی كردە سەر ئێوە، ئێوەش بەهەمان شێوە دەستدرێژی بكەنەوە سەر.

یان دەفەرموێ: {وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُوا بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُمْ بِهِ وَلَئِنْ صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِلصَّابِرِينَ – النحل/١٢٦}. ئەگەر تۆڵەتان ستاندەوەو ئازاری تاوانبارتاندا بەوشێوە ئازاری بدەنەوە كە ئێوە ئازاردراون. هەروا ئاماژە بەوە: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) سەری كابرای جولەكەی واشكاندەوە بەبەرد كە ئەوسەری ئافرەتەكەی شكاندبوو.

تۆڵەستاندنەوە مافی دادوەرو حاكمە

ئیمامی قورطوبی فەرموویەتی: هیچ راجیاییەك نیە لەوەدا: كە تۆڵەستاندنەوە لە بكوژ مافی خزمو كەسوكاری كوژراوەكەیە ئەوان دەبێ داوای تۆڵەبكەنو واجبە جێبەجێی بكەن، چونكە پەروەردگار فەرمانی بەهەموو موسوڵمانان كردوە بەتۆڵەستاندنەوەو قیصاص، ئاشكراشە ناگونجێ هەموو موسوڵمانان كۆببنەوەو تۆڵە لە بكوژێك وەربگرنەوە، كەوابوو فەرمانڕەواو سوڵتانیان كردوە بەوەكیلو بریكاری خۆیان بۆ جێبەجێ كردنی قیصاصی كوشتنو باقی تۆڵەو حەددە شەرعیەكان.[1]

---

[1] الجامع لأحكام القرآن: (٢٤٥ فەرمانڕەوای ٢/٢٤٦).

عیللەتو باییسی ئەوەش ئەوەیە: کە خاوەنی تەفسیری الصاوی کە حاشیەیە بەسەر تەفسیری (جلالین)ەوە، رونی کردۆتەوە دەڵێ: (هەرکاتێ چەسپا کە بکوژ بە ئەنقەستو دەستدرێژی موسوڵمانێکی بێ تاوانی کوشتووە، پێویستە لەسەر فەرمانڕەواو حاکمی شەرعی موسوڵمانان کۆمەکی بە خزمو کەسوکاری کوژراو بکەن بۆئەوەی بتوانن دەسەڵاتی خۆیانی بەسەردا فەرزبکەنو چییان بوێ لەگەڵی بکەن، ئەمجار دەبێ حاکمو دەسەڵاتی بەویستی خزمو کەسوکاری کوژراو بکوژ بکوژێتەوە، یان عەفووی بکا، یان خوێن وەربگرێ، دروست نیە بۆ وەلیو خوێنگرەکانی کوژراو بەبێ ئیزنی حاکم دەسەڵاتی خۆیان بەسەر بکوژدا جێبەجێ بکەن، چونکە ئەوە ئاژاوەو فیتنەیی لێ دەکەوێتەوە، خۆ ئەگەر وەلیو خزمی کوژراو بەبێ ئیزنی حاکم بکوژی کوشتەوە بەتاوان دادەنرێو تەعزیر دەکرێ.[1]

تۆڵەو قیصاص لەشتێك کە نەگاتە کوشتنو گیان دەرچوون

جا وەکوو چۆن تۆڵەو قیصاص لە بکوژ چەسپاوەو فەرمانی پێکراوە کە ئەنجام بدرێ. هەروایش تۆڵەو قیصاص چەسپاوە لەو بریندارکردنو شکاندنانەی کە سەر ناکێشێ بۆ گیان دەرچوون... قورئان دەفەرموێ: {وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالْعَيْنِ وَالأَنفَ بِالأَنفِ وَالأُذُنَ بِالأُذُنِ وَالسِّنَّ بِالسِّنِّ وَالْجُرُوحَ قِصَاصٌ – المائدة/٤٥}. نووسیومانە فەرزمان کردووە لەسەر نەتەوەی ئیسرائیل لە تەوراتدا، لەجیاتی نەفس نەفس دەکوژرێتەوە، لە تۆڵەی چاوکوێرکردن چاو کوێردەکرێتەوە لەجیاتی لوت لوت دەبڕدرێتەوە، لەجیاتی گوێچکە گوێچکە ئاوای لێ دەکرێتەوە، لەجیاتی ددان ددان دەشکێندرێ، برینیش هەروا تۆڵەی لەسەرە. ئەم حوکمانە هەرچەند شەرعو

---

[1] فقه السنة: ج٣/٤٥٣.

یاسای نەتەوەی پێش ئیسلامن وەلێ بوون بە شەرعو یاسای ئێمەیش، چونکە پێغەمبەر چەسپاندونی.

ئەوەتا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وەکوو بوخاریو موسلیم لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە بۆمانی ریوایەت دەکەن: کە روبەیعی کچی (النضر) ددانی جارییەکی شکاند، بنەماڵەی روبەیع پێشنیاری ئەوەیان کرد فەرمبووی عەیبدارییەکەی بدەن، خزمو کەسی جارییەکە وتیان: دەبێ قیصاصی لێ بسەندرێ، ئەنەسی کوڕی (النضر) کە برای روبەییع بوو، هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عەرزی کرد: ئەوە وابڕیارە ددانی روبەییع لەتۆڵەی ددانە شکاوەکەی جارییەکەدا بشکێتەوە؟ سوێندم بەو کەسەی تۆی بەحەق کردوە بە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) من وادەزانم ئەوان خودا دڵیان نەرم دەکاو ددانەکەی ناشکێتەوە! پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «يَا أَنَسُ كِتَابُ اللّٰهِ الْقِصَاصُ». ئەی ئەنەس قورئان قیصاصی دەست نیشان کردوەو مافی ئەوەی داوە بە ئەوان: کە داوای شکاندنەوەی ددانی روبەییع بکەن، ئەوەبوو لە دوواییدا رازی بوون قیصاصی لێ نەستێننەوە عەفوویان کرد، ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنَّ مِنْ عِبَادِ اللّٰهِ مَنْ لَوْ أَقْسَمَ عَلَى اللّٰهِ لأَبَرَّهُ» هەندێ بەندەی خودا هەن ئەوەندە لای خودا بەرێزن ئەگەر داوا لەخودا بکاو جەختی لەسەربکا خودا داواکەی جێبەجێ دەکا.[1]

---

[1] صحيح: (ص.ج/٢٢٢٨) ، خ(٢٧٠٣/٣٠٦/٥)

دەبێ بۆ تۆڵەستاندنەوەی جگە لەکوشتن ئەم مەرجانە بێنەدی

١- دەبێ تاوانکار موکەللەف بێ. (باڵغو عاقڵو ئازاد بێ).

٢- دەبێ بە ئەنقەست تاوانەکە بکا ئەگەر بەهەڵەبوو تۆڵەی لەسەرنیە چونکە کوشتن ئەگەر بەهەڵەبوو قیصاصی لەسەرنیە کەوابوو لەشتێکدا کە لەخوار کوشتنەوەیە دەبێ بەهیچ جۆرێ قیصاصی لەسەر نەبێ.

٣- دەبێ خوێنی تاوانکارو تاوان لێ کراو یەکسان بن، کەوابوو ئەگەر موسوڵمانێك ذیممی‌یەکی بریندار کرد قیصاصی لێ ناسەندرێ.

قیصاص لە ئەندامەکانی جەستەدا

مەرجە بۆ تۆڵەستاندنەوە ئەنجامدانی قیصاص لە ئەندامەکانی دا سێ شت:

١- دەبێ بەبێ ستەمکردن بگونجێ تۆڵەستاندنەوەکە ئەنجام بدرێ. بەم جۆرە برینەوەکە لە جومگەوە بێ، وەکوو جومگەی دەستو ئانیشك. یان بتواندرێ لە ئەندازەیەك رابگیرێ وەکوو نەرمایی لوت تا دەگاتە ئێسقانەکەی. کەوابوو تۆڵەستاندنەوە ناکرێ لە ئەندامێکدا بۆش بێ، هەروا لەبرینی برێ لە قۆل یان شکاندنی ئێسقانێك جگە لە ددان.

٢- لێکچوونی ئەندامەکان لەناوو لە شوێندا، کەوابوو لەجیاتی ئەندامی لای چەپ لای راست نابردرێ لەجیاتی ئەندامی لای راستیش لای چەپ نابردرێ هەروا لەجیاتی قامکە چکۆلە قامکە گەورە نابردرێو بە پێچەوانەشەوە، چونکە یەکسانیان لەنێواندا نیە ناویان جودایە، هەروا لەجیاتی ئەندامی زێدە ئەندامی ئەصڵی نابردرێ چونکە یەکسانییان لەناودانیە چ لەڕوی سودو قازانجەوە چ لەڕوی شوێنەوە.

٣- یەکسانی ئەندامی تاوانکارو تاوان لێکراو لەڕوی ساغیو ناساغییەوە، کەوابوو دەستی ساغ نابردرێ لەجیاتی دەستی شەلەپەتە، دەستی تەواوو بێ

عـەیب نـابڕدرێ لـەجیاتی دەسـتێك پەنجـەكانی تـەواو نـەبن، بـەڵام بـە پێچەوانەوە دروستە.

تۆڵەستاندنەوە لەجیاتی بریندارکردنی بە ئەنقەست

بریندارکردنی بە ئەنقەست قیصاصی تێدا دروست نیە مەگەر بتواندرێ وەکوو برینی بریندارکراو، تاوانبار بریندار بکرێتەوە بەبێ زیادوکەم. ئەگەر چونیەکیو موماثـەلـە نەدەهاتـەدی مەگـەر بـە تـەجاوزکردن لـە ئەنـدازەی دیاریکراو، یان بـە پـەنابردن بـە موخـاطـەرەو زیـان گەیانـدنی پـتر بـە بابـای تاوانبار، ئەوە ئەوکاتە قیصاص واجب نیە، بەڵکوو دەبێ خوێن بدا.

خوێن

خـوێن: بریتییـە لـەو مـاڵو سـامانەی پێویـستە بـدرێ بـە کـابرای دەستدرێژی بۆسەر کراو یان بە سەرپەرشتیارو (وەلی)یەکەی.

خوێن دەدرێ بۆ ئەو تاوانەی قیصاصی تێدایە ئەوەی قیصاصی تێدانیە. بۆ هەردوو جۆریـان دەبـێ. لـەزمانی عەرەبیـدا وەکـوو پێـی دەگـوترێ: (دیـة) پێـشی دەگـوترێ (عـەقڵ) کـە بـەمانا بەسـتنەوەی ئـاژەڵ دێ. بنـەمای ئـەم تەسمییـە ئەوەیـە بکـوژ کـە مرۆڤێکـی لەدەسـت دەکـوژرێ، ئـەو حوشـترانەی دەیانـدا بـۆ خوێنەکـە بـە ڕێشمەو گوریس لەبـەردەم مـاڵی خزمـی کـوژراودا دەیانبەستێتەوەو ئامادەیان دەکا بـۆ تەسلیمکردن بـەخوێنگرەکانی کـوژراو... دەگوترێ (عقلت عن فلان) خوێنـی فلان بکوژم خستە ئەستۆی خـۆم بنـەماو بەڵگەی خـوێن دانو خـوێن وەرگـرتن ئـەم ئایەتـەی قورئانـە کـە دەفـەرموێ: {وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يَقْتُلَ مُؤْمِناً إِلاَّ خَطَأً وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِناً خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلاَّ أَنْ يَصَّدَّقُوا فَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ عَدُوٍّ لَكُمْ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ وَتَحْرِيرُ

رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِنَ اللَّهِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيماً حَكِيماً – النساء/٩٢}.

دروست نيەو نابێ هيچ موسوڵمانێك بە ئەنقەست موسوڵمان بكوژێ. مەگەر بەهەڵە موسوڵمانێكی لەدەست بكوژرێ، جا ئەگەر كەسێك بەهەڵە موسوڵمانێكی كوشت، دەبێ لەكەفارەتی ئەو تاوانەدا كۆيلەيەك ئازاد بكاو خوێنيشی بدا بەكەس‌وكاری كوژراوەكە. مەگەر ئەوان لەخوێنەكە خۆش بن‌و لێی وەرنەگرن، جا ئەگەر كوژراوەكە بۆخۆی موسوڵمان بوو بەڵام خزم‌و كەس‌وكاری دوژمنی ئێوە بوون‌و كافر بوون ئەوە بكوژەكە تەنها كۆيلەيەكی موسوڵمان ئازاد دەكا، ئەگەر كوژراو لەگەڵ‌و هۆزێك بوو لەنێوان ئێوەو ئەواندا پەيمان‌و ميثاق هەبوو ئەوە بكوژ دەبێ كۆيلەيەكی موسوڵمانيش ئازاد بكاو خوێنيش بدا بەكەس‌وكاری كوژراوەكە، كەسێك كۆيلەی دەست نەكەوت دەبێ دوو مانگ لەسەر يەك بەرۆژو بێ، پەروەردگار ئەم ياسايەی داناوە بۆ ئەوەی تاوانكار لەتاوان پاك بێتەوەو دەروونی ئارام بگرێ، پەروەردگار زاناو دانايە لەهەموو شتێكداو هەموو ئەحكام‌و ياسايەكی لەعيلم‌و حيكمەتەوە سەرچاوەی گرتووە.

لە عەمری كوڕی شوعەيبەوە لەباوكيەوە لەباپيرەوە ڕيوايەتی كردووە كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بڕياری فەرموو: هەركەسێك بەهەڵە كوژرا خوێنەكەی سەد حوشترە، سييانساڵێكی تەواو كردبێ‌و چوبێتە ساڵی دووەمەوە، سييان (بنت لبون) بن دوو ساڵەيان تەواو كردبێ‌و چووبنە ساڵی سێيەمەوە، سييان سێ ساڵيان تەواو كردبێ‌و چوبنە ساڵی چوارەمەوە، دە حوشتريشيان (ابن لبون) بن واتە حوشترە نێرە بن دوو ساڵەيان تەواو كردبێ‌و چوبنە ساڵی سێيەمەوە.[1]

---

[1] حسن (ص. جه/٢١٢٨)، د (١٢/٢٨٣/٤٥١٨)، جه (٢/٨٧٨/٢٦٣٠)، ن (٨/٤٣).

هەر لەعەمری کوڕی شوعەیبەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: بەهای خوێن لەسەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) هەشت سەد دیناری زێڕ بوو یان هەشت هەزار دیرهەمی زیو بوو، ئەم یاسایە بەوجۆرە بەردەوام بوو موسوڵمانان پابەندی بوون هەتا ئەو ڕۆژگارەی عومەری کوڕی خەتتاب بەجێنشین. ڕۆژێك وتارێکی بۆ موسوڵمانان داو فەرمووی: ئەی خەڵکینە بەهای حوشتر بەرزبۆتەوە، ئیتر ئەوەبوو حەزرەتی عومەر (ڕەزای خودای لێ بێ) بۆئەوانەی خاوەنی زێڕن و بیانەوێ زێڕبدەن لەبەهای خوێندا هەزار دیناری زێڕی دانا ئەوانەی بەزیو بیاندایە دوازدە هەزار دیرهەمی زیوی دانا ئەوانەی بیانەوێ ڕەشە وڵاخ بدەن دووسەد ڕەشەوڵاخ ئەوانەی مەڕیان هەیە دووهەزار مەڕ، ئەوانەی کوتاڵیان بدایە دووسەد پۆشاکی بوردی یەمەنی.

عەمری کوڕی شوعەیب کە ڕاوی حەدیثەکەیە دەڵێ: عومەر دەربارەی ئەهلی ذیممە بێدەنگ بوو بەهای خوێنی ئەوانی بەرزنەکردەوە.

ئەوکوشتنەی خوێندانی تێدا واجبە

زانایانی ئیسلام کۆڕایان هەیە لەسەرئەوە: کە خوێن واجبە لەکوشتنی بەهەڵەو شێوە هەڵەدا، هەروا لەکوشتنێك دا بە ئەنقەست بێ بەلام لەکەسێکەوە ڕوی دابێ مەرجێك لە مەرجەکانی تەکلیفی تێدانەبێ وەکوو ئەوە بکوژەکە منداڵ بێ یان شێت بێ. هەروا لەکوشتنی بە ئەنقەستدا: کە نرخ و ڕێزی بکوژ لەنرخی کوژراو زیاتربێ. وەکوو بکوژ ئازادبێ و کوژراو کۆیلە بێ. هەروا خوێن واجبە لەسەر بکوژێك کە لەخەودا وەرگەڕێ بەسەر یەکێکی ترداو بیکوژێ. یان کەسێك بەربێتەوە بەسەر یەکێکی ترداو بیکوژێ.

جۆرەکانی خوێن

خوێن هەیە قورس‌و (مغلظ)ە هەیە سوك‌و کەم ئەرکە. خوێنی سوك‌و هاسان واجب دەبێ لە کوشتنی بەهەڵەدا، خوێنی قورس‌و (مغلظ) لەکوشتنی شێوە ئەنقەستدا واجبە. خوێنی کوشتنی بە ئەنقەست ئەگەر خوێنگرەکان لە کوشتنەوەی بکوژ هاتنەخوار، ئەوە ئەندازەکەی بەوجۆرە دەبێ کە لەسەری رێك دەکەون، ئاماژە بە حەدیثەکەی عەمری کوڕی شوعەیب کە لەباوکیەوە، لە باپیریەوە بە مەرفوعی ریوایەتی کردوە: کە فەرمووی: «مَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا دُفِعَ إِلَى أَوْلِيَاءِ الْمَقْتُولِ فَإِنْ شَاءُوا قَتَلُوا وَإِنْ شَاءُوا أَخَذُوا الدِّيَةَ وَهِيَ ثَلاثُونَ حِقَّةً وَثَلاثُونَ جَذَعَةً وَأَرْبَعُونَ خَلِفَةً وَمَا صَالَحُوا عَلَيْهِ فَهُوَ لَهُمْ». وَذَلِكَ لِتَشْدِيدِ الْعَقْلِ.[١] کەسێك بەئەنقەست موسوڵمانێك بکوژێ دەدرێتە دەست خزم‌و کەسی کوژراو، ئەگەر ویستیان دەیکوژنەوە، حەزیان لێ بوو، خوێنی لێ وەردەگرن، خوێنەکەش بریتییە لە سەد حوشتر سییان سێ ساڵیان تەواوکردبێ‌و چوبنە ساڵی چوارەمەوە، سییان (جذعة)بن، چلیان (خلفە) بن واتە بێچوویان بەدواوەبێ، چۆنیان سوڵح کردو رێککەوتن ئەوە مافی خۆیانە، ئەمەش بەمەبەستی قورس کردنی خوێنەکە.

خوێنی قورس (مغلظ) سەد حوشترە چلیان دەبێ ئاوس بن ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «أَلاَ إِنَّ دِيَةَ الْخَطَإِ شِبْهِ الْعَمْدِ مَا كَانَ بِالسَّوْطِ وَالْعَصَا مِائَةٌ مِنَ الإِبِلِ مِنْهَا أَرْبَعُونَ فِى بُطُونِهَا أَوْلاَدُهَا».[٢] بزانن خوێنی کوشتنی بەهەڵەو شێوە ئەنقەست کە بەقەمچی‌و گۆچان لێی بداو گیانی دەرچێ خوێنەکە سەد حوشترە چلیان دەبێ ئاوس بن.

---

[١] (الإرواء/٢٢٤٧)، د(٤٥١٩/٢٨٤/١٢).

[٢] صحيح: (ص.جة/٢١٢٦)، د(٤٥٢٤/٢٩١/١٢)، جة(٢٦٢٧/٨٧٧/٢).

خوێنی کوشتنی بە ئەنقەست لەماڵی بکوژ دەدرێ

خوێنی بەهەڵەو شێوە ئەنقەست لەسەر کەس‌وکاری بکوژە، واتە: خزمە نێرینەکانی کە باڵغ بووبن لە باوکییەوە خزمی بن‌و دەوڵەمەندو عاقل بن. کوێرو پیرو کەمئەندام ئەگەر دەوڵەمەندبن بەردەکەون. بەڵام ناکەوێتە سەر خزمی مێینەو هەژارو منداڵ‌و شێت‌و ئەوەیش کە ئایینی لە ئایینی بکوژ جوداواز بێ. چونکە مەبەستەکە یارمەتیدان‌و کۆمەکییە ئەوانەش ئەهلی ئەوە نین.

بنەماو بەڵگەی ئەوە کە ئەو جۆرە خوێنە دەکەوێتە سەر کەس‌و کاری نێرینەو دەوڵەمەندی بکوژ حەدیثەکەی ئەبو هورەیرەیە کە دەگێڕێتەوە دەڵێ: دوو ئافرەتی هۆزی هوزەیل شەڕیان بوو، یەکێکیان بەردێکی بەوی تریاندا دا ئافرەتەکەو بێچووی ناو منداڵدانیشی کوشت، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بڕیاریدا خوێنی زارۆکەکە کۆیلەیە بێ یان (وەلیدە)یەك بێ، بڕیاریشیدا خوێنی ئافرەتەکە لەسەر خزمی ئافرەتە بکوژەکەبێ.[1]

خوێنی ئەندامەکانی جەستە

لەجەستەدا بڕێ ئەندام هەن تاکن وەکوو لووت‌و زوبان‌و وانێکی نێرینە، هەندێ ئەندامیش جوتن وەکوو چاوو گوێچکەو دەست، هەیشە زیاترە وەکوو پەنجەو ددان جا ئەگەر مرۆڤێك ئەندامێکی لەو ئەندامە تاکانە فەوتاند یان دوو لەوانەی کە جوتن ئەوە خوێنی تەواو دەکەوێتە سەر تاوانکار. ئەگەر ئەندامێکی لەجوتەکان فەوتاند ئەوە نیوەی خوێنی دەکەوێتە سەر.

کەوابوو خوێنی تەواو واجب دەبێ لەبارتەقای فەوتاندنی لوت‌و دووچاو، لە فەوتانی یەك چاودا نیوەی خوێن واجب دەبێ. لە فەوتاندنی پێلوی

---

[1] متفق علیه: خ(٦٧٤٠/٢٤/١٢)، م(١٦٨١/١٣٠٩/٣)، ن(٤٧، ٨/٤٨).

چاوێکدا چواریەکی خوێن واجب دەبێ، لەبری فەوتاندنی پەنجەی دەستو قاچ خوێنی تەواو واجب دەبێ، لەجیاتی فەوتاندنی هەر پەنجەیەکدا دە حوشتر واجب دەبێ، لە فەوتاندنی هەموو دانەکاندا خوێنی تەواو واجب دەبێ، لەبری هەر ددانێك پێنج حوشتر واجب دەبن.

لە ئەبوبەکری کوڕی عوبەیدوڵڵای کوڕی عومەرەوە لە عومەر خۆیەوە کە لە پێغەمبەری گێڕاوەتەوە فەرموویەتی: «فِي الأَنْفِ الدِّيَةُ إِذَا اسْتُوعِيَ جَدْعُهُ مِائَةٌ مِنَ الإِبِلِ وَفِي الْيَدِ خَمْسُونَ وَفِي الرِّجْلِ خَمْسُونَ وَفِي الْعَيْنِ خَمْسُونَ وَفِي الآمَّةِ ثُلُثُ النَّفْسِ وَفِي الْجَائِفَةِ ثُلُثُ النَّفْسِ وَفِي الْمُنَقِّلَةِ خَمْسَ عَشْرَةَ وَفِي الْمُوضِحَةِ خَمْسٌ وَفِي السِّنِّ خَمْسٌ وَفِي كُلِّ إِصْبَعٍ مِمَّا هُنَالِكَ عَشْرٌ».[1] لووت کە هەمووی بڕاو فەوتا سەد حوشتر خوێنەکەیەتی، خوێنی یەك دەست پەنجا حوشترە، خوێنی قاچ پەنجا حوشترە خوێنی یەك چاو پەنجا حوشترە. لەبری برینێك بگاتە سەر دەماخو پێستە تەنکەکەی سەر دەماخ کون نەکا سێیەکی خوێن هەیە، برینێك بگاتە بۆشایی ناو جەستە سێیەکی خوێن هەیە، برینێك پێویستی بەگواستنەوەی ئێسقان بێ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر پانزە حوشتر خوێنەکەیەتی، برینێك گۆشت بپڕدرێو بگاتە سەر ئێسقان پێنج حوشتر خوێنیەتی. خوێنی ددان پێنج حوشترە بڕینی هەر پەنجەیەك لەجێگای خۆی دە حوشتر خوێنیەتی.[2]

لە ئەبوبەکری کوڕی موحەممەدی کوڕی عەمری کوڕی حەزم لە باوکییەوە لە باپیریەوە ریوایەتی کردوە لە پێغەمبەرەوە (درودی خودای لەسەر بێ) کە تەشریفی نامەیەکی بۆ ئەهلی یەمەن نارد فەرزو سوننەتەکانو ئەندازەی بەهای خوێنەکانی تێدابوو تێیدا فەرمووبووی: «وَإِنَّ

---

(١) صحيح بشواهده (ص.ن/٤٥١٣)، بز(١٥٣١/٢٠٧/٢)، هق(٨/٨٦).

(٢) صحيح بشواهده (ص.ن/٤٥١٣)، بز(١٥٣١/٢٠٧/٢)، هق(٨/٨٦).

فِي النَّفْسِ الدِّيَةَ مِائَةً مِنَ الإِبِلِ ، وَفِي الأَنْفِ إِذَا أُوعِبَ جَدْعُهُ الدِّيَةُ ، وَفِي اللِّسَانِ الدِّيَةُ ، وَفِي الشَّفَتَيْنِ الدِّيَةُ ، وَفِي الْبَيْضَتَيْنِ الدِّيَةُ ، وَفِي الذَّكَرِ الدِّيَةُ ، وَفِي الصُّلْبِ الدِّيَةُ ، وَفِي الْعَيْنَيْنِ الدِّيَةُ ، وَفِي الرِّجْلِ الْوَاحِدَةِ نِصْفُ الدِّيَةِ ، وَفِي الْمَأْمُومَةِ ثُلُثُ الدِّيَةِ ، وَفِي الْجَائِفَةِ ثُلُثُ الدِّيَةِ ، وَفِي الْمُنَقِّلَةِ خَمْسَ عَشْرَةَ مِنَ الإِبِلِ ، وَفِي كُلِّ أُصْبُعٍ مِنَ الأَصَابِعِ مِنَ الْيَدِ وَالرِّجْلِ عَشْرٌ مِنَ الإِبِلِ ، وَفِي السِّنِّ خَمْسٌ مِنَ الإِبِلِ ، وَفِي الْمُوضِحَةِ خَمْسٌ مِنَ الإِبِلِ». [1]

خوێنی نەفسێك سەد حوشترە، لوت كە بەتەواوی ببڕدرێ خوێنی تەواوی لەسەرە، زوبان خوێنی تەواوی دەوێ، بڕینی دوو لێو خوێنی تەواوی لەسەرە، دوو هێلكە گون خوێنی تەواویان دەوێ، بڕینی وانێكی نێرینە خوێنی تەواوی لەسەرە، شكاندنی پشت خوێنی تەواوی دەوێ، كوێركردنی هەردوو چاو خوێنی تەواویان دەكەوێ، بڕینی قاچێك نیوەی خوێنی تێدا واجب دەبێ، برینێك بگاتە سەر پێستە تەنكەكەی دەماغ سێیەكی خوێنی تێدایە، هەر برینێك بگاتە كلۆرایی جەستە سێیەكی خوێنی تێدایە، هەر برینێك پێویست بكا ئێسقی تێدا ئاڵوگۆڕ بكرێ پانزە حوشتر خوێنیەتی، لەجیاتی هەر پەنجەیەك لە پەنجەی دەستو قاچ دەحوشترە، بۆ هەر ددانێك پێنج حوشترە بۆ هەر برینێك بگاتە سەر ئێسقان پێنج حوشترە.

خوێنی لەدەستدانی چالاكییەكانی ئەندامانی جەستە

ئەگەر مرۆڤێك زەبرێكی لە مرۆڤێك داو بەهۆیەوە عەقڵی لەدەستدا یان هەستێك لە هەستەكانی فەوتا، وەكوو: بیستن، دیتن، بۆنكردن، چەشتن، قسەكردنی نەماو زمانی گیرا ئەمانە هەموو خوێنی تەواویان لەسەرە.

---

[1] صحيح بشواهده (الإرواء/٢٢٧٥)، (ص.ن/٤٥١٣) ط(٦١١/١٥٤٥)، ن(٥٧-٥٨-٥٩).

لە عەوفەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێش ئەوەی فیتنەی (ابن الأشعث) بەرپا ببێ گوێم لێ بوو وەکوو ئەو دەیگێڕمەوە وتیان: ئەوە ئەبو (المهلب)ە مامی ئەبو قولابەیە، وتی پیاوێك بەردێکی ئاراستەکراو بەرسەری کەوت پێی کەڕبوو زمانی گیرا، شێت بوو، لەپیاوەتیش کەوت، حەزرەتی عومەر چوار خوێنی بۆ بڕیاردا.[1]

ئەگەر کابرایەکی یەکچاو چاوە ساغەکەی دەرهێندرا خوێنی تەواوی دەکەوێ، حەزرەتی عومەر بەوشێوە بڕیاری داو عەبدوڵلای کوڕی‌و عەلی کوڕی ئەبو طالبیش هەرهەمان بڕیاریان داوە.

لە قەتادەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: گوێم لێ بوو ئەبو میجلەز دەیگوت: پرسیارم لە عەبدوڵلای کوڕی عومەر کرد دەربارەی کوێری یەك چاو کە چاوەکەی دەربهێندرێ ئاخۆ حوکمەکەی چۆنە؟ عەبدوڵلای کوڕی صەفوان هەڵیدایە وتی: ئیمامی عومەر (خوای لێ رازی بێ) خوێنی تەواوی بۆ بڕیارداوە، دەڵێ منیش وتم: برا من پرسیار لە عەبدوڵلای کوڕی عومەر دەکەم، وتی: ئەی ئەوەنیە ئەویش لە حەزرەتی عومەرەوە ریوایەتت بۆدەکا.[2]

لە قەتادەوە لە (خلاص)ەوە لە ئیمامی عەلییەوە کە دەیفەرموو کوێر ئەگەر چاوی دەرهێندرا، سەرپشك دەکرێ لەنێوان ئەوەدا خوێنی تەواو وەربگرێ، یان نیوە خوێن وەربگرێ لەجیاتی چاوێکی‌و لەبری ئەویتریانی چاوی کابرای جانی دەربهێنێ.[3]

---

[1] حسن: (الإرواء/٢٢٧٩)، ش(٦٩٤٣/١٦٣/٩)، هق(٨/٨٦).

[2] صحيح الإسناد: (الإواء/٢٢٧٠)، هق(٨/٩٤)، ش(٧٠٦٠/١٩٦/٩).

[3] ش(٧٠٦٢/١٩٧/٩)، هق(٨/٩٤).

خوێنی برینی سەرشکان و روخسار بریندار بوون

ئەمیش دە جۆرن:

١- الخارصة: برینێك پێست بقەڵێشێ و خوێنی لێ نەیە.

٢- الدامية: برینێك پێست بقەڵێشێ و خوێنیشی لێ بێ.

٣- الباضعة: برینێك قەوارەی گەورە لەگۆشت بكا.

٤- المتلاحمة: برینێك قوڵ بێ لەگۆشتدا.

٥- السّمحاق: برینێك بگاتە سەر ئێسقان و پێستە تەنكەی سەر ئێسقان نەبڕێ. ئەمانە پێنج جۆرن قیصاصیان تێدا جێبەجێ ناكرێ، خوێنی دیاریكراویشیان تێدانیە بەڵكوو وا فەرز دەكرێ ئەو بریندارکراوە ئەگەر كۆیلە بێ و پێش برینداربوونەكەی نرخی چەندبێ و دوای برینداربوونەكەی چەند نرخی پێ پشكێ ئەو مەبلەغە مەزندە دەكرێ و وەردەگیرێ.

٦- الموضحة: برینێك گۆشت ببڕێ و بگاتە سەر ئێسقان و پێستە تەنكەی نێوان گۆشت و ئێسقانیش لابەرێ، ئەوە خوێنەكەی پێنج حوشترە.

٧- الهاشمة: برینێك ئێسقانیشی تێدا شكابێ ئەوە خوێنەكەی دە حوشترە.

٨- المنقلة: برینێك كەوەندە زەختی هەبێ ئێسقان لەشوێنێكەوە بگوێزێتەوە بۆ شوێنێكی تر، ئەوە خوێنەكەی پانزە حوشترە.

٩- المأمومة: یان (الآمّة) برینێكە لەسەر بكرێ و بگاتە سەر دەماغ و تەنها پێستە تەنكەی سەر دەماغ كون نەبووبێ ئەمە ئەندازەی خوێنەكەی سێیەكی خوێنە.

١٠- الدامغة: برینێكە بگاتە سەر دەماغ ئەمەش سێیەكی خوێنی هەیە.

خوێنی (الجائضة)

(ألجائضة) برینێکە بگاتە بۆشایی وەکوو ئەوە برینەکە بگاتە بۆشایی گەدە یان پشت یان سینگ یان قورگ یان میزەڵدان ئەم جۆرە برینە خوێنەکەی سێیەکە خوێنە، ئاماژە بەنامەی عەمری کوڕی حەزم کە تێیدا هاتووە (وفي الجائضة ثلث الدية) برینێك بگاتە بۆشایی جەستە سێیەکە خوێنە.

خوێنی ئافرەت

ئەگەر ئافرەتێك بەهەڵە کوژرا نیوەی خوێنی پیاوە، هەروا خوێنی ئەندامەکانی ئافرەتو برینەکانی نیوەی خوێنی هی پیاوە.

لە شورەیحەوە ریوایەتکراوە، گوتی: عورووەی (البارقی) لەلایەن ئیمامی عومەرەوە هاتە لام وتی: خەلیفە عومەر بڕیاری داوە برینی پیاوو ئافرەت لەجۆری دان شکانو برینی (ألموضحة)دا چوون یەکن لەوە بەولاوە خوێنی ئافرەت نیوەی خوێنی پیاوە.[1]

خوێنی جولەکەو فەلە (خاوەن نامەکان)

خوێنی خاوەن نامەکان ئەگەر بەهەڵە کوژران نیوەی خوێنی موسوڵمانە خوێنی نێرینەیان نیوەی خوێنی پیاوی موسوڵمانە. خوێنی ئافرەتیان نیوەی خوێنی ئافرەتی موسوڵمانە.

لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە لە باوکییەوە لە باپیریەوە ریوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: (قَضَى أَنَّ عَقْلَ أَهْلِ

---

[1] اسناده صحيح: (الإرواء/٣٠٧)، ش(٧٥٤٦/٣٠٠/٩).

الْكِتَابَيْنِ نِصْفُ عَقْلِ الْمُسْلِمِينَ وَهُمُ الْيَهُودُ وَالنَّصَارَى).[١] بڕیاری داوە کەخوێنی خاوەن نامەکان (جولەکەو نەصاری) نیوەی خوێنی موسوڵمانانە.

خوێنی زارۆك لە منداڵدانی دایكدا

ئەگەر کۆرپەلە لەسکی دایکیدا بەهۆی زەبر لێدان لەدایکی، مرد دایکەکە نەمرد، جا زەبرەکە بە ئەنقەست بێ یان بەهەڵە بێ، کۆرپەلەکە بەمردوویی لەدایکی بوبێتەوە یان لەسکی دایکیدا مردبێ نێرینەبێ یان مێینە بێ، ئەوە خوێنەکەی عەبدێکە یان ئەمەتەیەکە سپی پێست بن واتە: خوێنەکەی (غرّة)یە. ئەگەر دایکەکەش مرد ئەوە ئەویش خوێنی خۆی هەیە.

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: دووژن لەخێڵی هوزەیل شەڕیان بوو، یەکێکیان بەردێکی ماڵی بە ئەوی تریاندا ئافرەتەکەو کۆرپەلەی ناوسکی هەردوکیان بە زەبرەکە مردن، کێشەکەیان بردە لای پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئەویش بڕیاریدا خوێنی کۆرپەلەکە عەبدێك یان ئەمەتەیەك بێ، بڕیاریشی دا کە خوێنی ئافرەتەکەو سکەکەی بخرێتە سەر شانی خزمو کەس‌وکاری ئافرەتە بکوژەکە. میراتی ژنە کوژراوەکەشی دا بەمناڵەکانی‌و بەخزمەکانی تری.[٢]

وەڵێ ئەگەر کۆرپەلەکە بەزیندویی لەدایکی بووەو دوایی مرد ئەوە خوێنی تەواوی دەکەوێ. ئەگەر نێرینەبوو خوێنبەهاکەی سەد حوشترە، ئەگەر مێینەبوو خوێنبەهاکەی پەنجا حوشترە؛ چونکە مەعلومو ئاشکرایەو دڵنیاین کە کۆرپەلەکە بەهۆی زەبرەکە مردووە، کەوابێ دەشوبهێتە غەیری جەنین‌و حوکمی ئەوی نادرێتێ.

---

[١] حسن: (الإرواء/٢٢٥١)، جة(٢٦٤٤/٢/٨٨٣)، ت(١٤٣٤/٢/٤٣٣).

[٢] متفق عليه: مختصر صحيح مسلم ج٢/٥٤٢.

باسی قەزاوەتو دادوەریی

دادوەری بـەگوێرەی قورئـانو فـەرموودەی پێغەمبـەرو کـۆڕای زانایـانی ئیسلام مەشروعو پێویستە، قورئان دەفەرموێ: {وَأَنْ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ – المائـدة/٤٩} بـەپێی قورئـان دادوەری لـەنێوان موسـوڵماناندا بکـە. یـان دەفەرموێ: {يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الأَرْضِ فَاحْكُمْ بَـيْنَ النَّـاسِ بِـالْحَقِّ – ص/٢٦} ئـەی داوود ئێمـە تۆمـان کـردووە بـە جێنـشینو فـەرمانڕەوا لەسـەر زەوی، کەوابێ بەحەقو عەداڵەت دادوەریی لەنێوان خەڵکدا بکە.

لە عەمری کوڕی عاصـەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵێ: گـوێم لێ بـوو پێغەمبـەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو: «إِذَا حَكَمَ الْحَاكِمُ فَاجْتَهَـدَ ثُـمَّ أَصَـابَ فَلَهُ أَجْرَانِ ، وَإِذَا حَكَمَ فَاجْتَهَـدَ ثُـمَّ أَخْطَـأَ فَلَـهُ أَجْـرٌ».[١] ئەگـەر دادوەر (قـازی) بڕیـاری دا، بڕیارەکەشـی لەسـەر بنـەمای لێکۆڵینـەوەو هـەوڵو تەقـەلا بـوو، ڕاستیو حەقیقەتی پێکا، ئەوە دوو پاداشی بۆ دەنووسرێ، خۆئەگـەر بڕیـاری داو بڕیارەکەی لە ئاکامی ئیجتیهادو لێکۆڵینـەوە بـوو، بـەڵام ڕاسـتی نـەپێکاو بەهەڵەچوو ئەوە پاداشێکی بۆ دەنووسرێ.

موسـوڵمانان کۆڕایـان هەیـە لەسـەرئەوەی دادوەریـی مەشـروعەو کـارێکی پێویـستەو فـەرزی کیفایەیـەو واجبـە لەسـەر ئیمـامو فـەرمانڕەوای وڵات بـۆ هـەموو دەڤـەرو ویلایـەتی وڵاتـی ئیـسلام بـەگوێرەی پێویـست قـازیو دادوەر دابمەزرێنێ بۆئـەوەی بـەپێی شـەریعەتی خـودا دادوەریـی موسـوڵمانان بکـەن، چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بۆخۆی کێشەو نـاکۆکی لـەنێوان موسوڵماناندا یەکالا کردۆتـەوەو دادپـەروەریی چەسپاندوە. ئیمـامی عەلیـشی نـارد بـۆ وڵاتـی یەمـەن بۆئـەوەی ببێتـە دادوەر لەنێوانیانـدا، خەلیفـە

---

[١] متفـق عليـه: خ(٧٣٥٢/١٣/٣١٨)، م(١٧١٦/١٣٤٢/٣)، د(٣٥٥٧/٤٨٨/٩)، جـة(٢٣١٤/٧٧٦/٢) منـار السبيل (ج٣/٤٥٣).

راشیدینەکانیش بۆ خۆیان ئەرکی دادوەری نێوان موسوڵمانانیان بەجێ هێناوە، کەسانی دیکەشیان کردۆتە دادوەرو قازی شارە ئیسلامییەکان.[١]

دادوەرییو قازییەتی هێندە کارێکی پیرۆزە تەنانەت حەسودیشی تێدا ڕەوایە. لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ حَسَدَ إِلاَّ فِي اثْنَتَيْنِ رَجُلٌ آتَاهُ اللَّهُ مَالاً فَسُلِّطَ عَلَى هَلَكَتِهِ فِي الْحَقِّ ، وَرَجُلٌ آتَاهُ اللَّهُ الْحِكْمَةَ ، فَهْوَ يَقْضِي بِهَا وَيُعَلِّمُهَا».[٢] حەسوودی بردن ڕەوانیە مەگەر لەدوو شتدا: پیاوێك خودا ماڵو سامانی بداتێو بتوانێ لەڕێگەی حەقو شیاودا خەرجی بکا، پیاوێکیش خودا زانیاریو حیکمەتی پێ ببەخشێ ئەویش کار بەو زانیاریو حیکمەتەی خۆی بکاو کێشەو نێزاعی نێوان موسوڵمانان یەکالا بکاتەوە.

لەڕاستیدا کاری دادوەریی کارێکی زۆر هەستیارو خەتەرە، دادوەر زۆر ئاگادار نەبێ تووشی هەڵخلیسکان دەبێ. لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَنْ جُعِلَ قَاضِيًا بَيْنَ النَّاسِ فَقَدْ ذُبِحَ بِغَيْرِ سِكِّينٍ».[٣] هەرکەسێك ئەرکی داددوەریی خرایە ئەستۆی ئەوە بەبێ چەقوو سەربڕاوە، دەبێ زۆر خۆ بپارێزێ لەستەمو لادان لە ڕێڕەوی عەدالەت، کارەکەی هەستیارە ئاگای لەخۆی نەبێ تێداچووە.

لە ئەبو بورەیدەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «الْقُضَاةُ ثَلاَثَةٌ اثْنَانِ فِي النَّارِ وَوَاحِدٌ فِي الْجَنَّةِ رَجُلٌ عَلِمَ الْحَقَّ فَقَضَى بِهِ فَهُوَ فِي الْجَنَّةِ وَرَجُلٌ قَضَى لِلنَّاسِ عَلَى جَهْلٍ فَهُوَ فِي النَّارِ وَرَجُلٌ جَارَ فِي

---

[١] منار السبيل ج٢/٤٥٣.

[٢] متفق عليه: خ(٧٣١٦/٢٩٨/١٣)، م(٨١٦/٥٥٩/١)، جة(٤٢٠٨/١٤٠٧/٢).

[٣] صحيح: (ص.ج/٦١٩)، د(٣٥٥٥/٤٨٦/٩)، ت(١٣٤٠/٣٩٣/٢)، جة(٢٣٠٨/٧٧٤/٢).

الْحُكْمِ فَهُوَ فِي النَّارِ».[١] دادوەرو قازی سێ جۆرن، دوو جۆریان دەچنە دۆزەخو جۆرێکیان دەچنە بەهەشت: ئەو قازییەی حەق بناسێو بەپێی حەقو عەدالەت حوکم بکا ئەوە بەهەشتییە. قازییەك بەنەزانی حوکم بکا ئەوە دەچێتە ناو ئاگرەوە قازییەکیش لە حوکمو بڕیاریدا ستەم بکاو عەدالەت ڕەچاو نەکا دۆزەخییە.

نابێ کەس بۆ خۆی داوای ئەوە بکا بیکەنە دادوەرو فەرمانڕەوا

لە عەبدوڕڕەحمانی کوڕی سەمورەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرمووم: «يَا عَبْدَ الرَّحْمَنِ لاَ تَسْأَلِ الإِمَارَةَ ، فَإِنَّكَ إِنْ أُعْطِيتَهَا عَنْ مَسْأَلَةٍ وُكِلْتَ إِلَيْهَا ، وَإِنْ أُعْطِيتَهَا عَنْ غَيْرِ مَسْأَلَةٍ أُعِنْتَ عَلَيْهَا».[٢] ئەی عەبدوڕڕەحمان بۆ خۆت داوامەکە بتکەنە فەرمانڕەواو قازی، چونکە ئەگەر تۆ ئەو پلەیەت پێ درا لەسەر خواستو داواکاریی خۆت کەس یارمەتیت ناداو بۆ خۆت بە تاكو تەنیایی دەکەویە سارا، ئەگەر بەبێ داواکاری خۆت ئەو ئەرکەیان خستە ئەستۆت یارمەتیت دەدرێ.

کەی پێویست دەبێ پیاو ئەرکی دادوەری بخاتە ئەستۆی خۆی؟

ئیبنو حەجەر لە فەتحولباریدا (ج١٣/١٤٦)دا دەفەرموێ: ئەبو عەلی (الکرابیسی) کە هاوەڵی شافیعییە لە کتێبی (آداب القضاء)دا دەڵێ: نەمزانیوە لەنێوان زانایانی پێشین (سلف)دا ڕاجیایی هەبێ لەوەدا کەشیاوترین کەس بۆئەوەی بکرێتە دادوەریی موسوڵمانان کەسێکە خاوەنی فەضلو زانستو ڕاستگۆییو وەرعو خۆپارێزی بێ، قورئان بخوێنێو تێیدا شارەزا بێ، زوربەی

---

[١] صحيح: (ص.ج/٤٤٤٦)، د(٣٥٥٦/٤٨٧/٩)، جة(٢٣١٥/٧٧٦/٢).

[٢] صحيح: (ص.ج/٤٤٤٦)، د(٣٥٥٦/٤٨٧/٩)، جة(٢٣١٥/٧٧٦/٢).

ئەحکامــەکانی بزانــێ، زانابــێ بــە فــەرموودەکانی پێغەمبــەرو زوربــەیانی لەبـەربێ، هـەروا ئاگـاداری باشـی هـەبێ بەسـەر قـسەو راوبۆچـوونی هـاوەڵان، زانابێبەوشـتانەی تێیـدا هـاوڕان و ئـەو شـتانەی راجیاییـان تێیانـدا هەیـە. ئاگـاداری راو بـیرو بۆچـوونی شـەرعزانانی چـینی دوا هـاوەڵان بـێ واتــە (فوقـەهای تـابیعین). بزانـی کـام راوبۆچـوون صـەحیحەو کامیـان نادروسـتە، هەوڵ بدا ئەحکامی روداوەکان لە قورئان دەربێنـێ، ئەگـەر لەوێـدا حوکمەکـە نەبوو لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا بدۆزێتەوە، ئەگەر لەوەشدا هیچی دەست نەکەوت پەنابەرێ بۆ کۆڕای هاوەڵانی پێغەمبـەر (درودی خـودای لەسـەر بـێ) جا ئەگەر هاوەڵانیش لـەو مەسـەلەیەدا راجیاییـان هـەبوو ئـەوە رای کامـەیان لەقورئان یـان لـە فـەرموودەی پێغەمبـەر (درودی خـودای لەسـەر بـێ) نزیکـە بـەوە رەفتاربکـا، ئـەمجار بـەفتوای گـەورە هـاوەڵان کاربکـا، لەهـەموو حـوکم و بڕیاێکیـدا پێویـستە ئـەم فلتەرانــە رەچـاوبکا. پێویـستە زۆر موزاکـەرەو راگۆڕینـەوە لەگـەڵ ئـەهلی زانـست و زانیـاری بکـا، راوێـژیان پـێ بکـا، وێـڕای فەضڵ و وەرعـی زۆرو پابەنـدبوون بـە رەوشـتە بەرزەکانـەوە، زمـان و گـەدەو عەورەتی خۆی بپارێزێ لەشتی حەرام و ناپەسەند.

پێویستە باش لە قسەو گفتی کێشەکاران بگا، ئەمجار وێـڕای هـەموو ئـەو رەوشتانەی باسکران عاقڵ و ژیـر بـێ، شـوێن هـەواو ئـارەزۆی خـۆی نەکـەوێ. ئەمجار ئیبنو حەجەر دەفەرموێ: هەرچەندە ئێمە ئەو راستییە دەزانـین کـە لەسەر روی زەویـدا کەسـێك نیـە بەتـەواوی هـەموو ئـەو رەوشـتانەی تێـدابێ، وەلێ پێویـستە هـەوڵ بـدرێ کـە لـەناو خـەڵکانی هـەموو چـەرخ و رۆژگارێکـدا کێیان خـاوەنی فـەضڵ و رەوشـتی بـەرزو پەسـەندترە ئـەو بکـرێ بـە دادوەرو قازی.

نابێ ئافرەت بکرێ بەدادوەرو قازی

لە ئەبوبەکرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: مـن لـەڕۆژگاری شـەڕی (جەمـەل)دا خودا بەهۆی فەرموودەیەکی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کە هاتەوە یـادم لـە بەشـداری کردنـی ئـەو شـەڕە پاراسـتمی. ئـەوەبوو کاتـێ پێغەمبـەر (درودی خـودای لەسـەر بـێ) هـەواڵی ئـەوەی پێگـەیی: کـە فارسـەکان کـچی کیسرایان کردوە بە فەرمانڕەوای خۆیان. فەرمووی: «لَنْ يُفْلِحَ قَوْمٌ وَلَّوْا أَمْـرَهُمُ امْــرَأَةً».[1] هـەر گـەلو نەتەوەیـەك ئـافرەت بکەنـە فـەرمانڕەوای خۆیـان سەرکەوتوو نابن.

ئادابو رێورەسمی قازی

پێویستە قازی عەداڵەتکار بێ لەنێوان کێشەکاندا بەیەکچاو سەیریان بکـا لـە تەماشـاکردنو گفـتو گـۆو شـێوەی دانیـشتنو چـوونە ژورەوەیـان بـۆلای بەیەکسانی بێو فەرقو جیاوازی مامەڵەیان لەگەڵدا بکا.

لـە (ئەبولـەلیحی ئـەلهوزەلی)یـەوە ریوایـەتکراوە، دەڵێ: عومـەری کـوڕی خەتتاب نامەیەکی نووسی بۆ ئەبو موسای ئەشعەریو تێیدا دەفەرموێ: بزانـە قـەزاوەت ئـەرکێکی دامـەزراوو تۆکمەیـەو سـونەتێکی پـەیڕەوکراوە، ئەگـەر روداوێکیان خستە بەردەستت جوان لێـی وردبـەرەوەو بـاش تێـی بگـە ئـەمجار قـسەی لەسـەربکە. چـونکە گـوتنی قـسەی حـەق ئەگـەر جێبـەجێ کردنـی بەدواوە نەبێ بێ سودە. یەکسانی بخەرە نێوان خەڵکەوە لـە تەماشـاکردنیانو شـوێنی دانیـشتنو عەداڵەتکاریتـدا، بۆئـەوەی زەعیـفو بـێ دەسـەڵات لـە

[1] صحيح: (ص.ج/٥٢٢٥)، خ(٧٠٩٩/٥٣/١٢)، ت(٢٣٦٥/٣٦٠/٣)، ن(٨/٢٢٧).

عەداڵەتکاریت ناهومێد نەبن، خانەدانو دەسەڵاتدار تەماعی ئەوەیان لێت نەبێ ستەمیان بۆ لە خەڵك بكەی.[1]

نابێ دادوەرو قازی بەرتیلو دیاریی وەربگرن

لە عەبدوڵڵای كوڕی عەمرەوە ریوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لَعْنَةُ اللّٰهِ عَلَى الرَّاشِي وَالْمُرْتَشِي».[2] نەفرینی خودا لەسەر بەرتیلدەرو بەرتیل وەرگربێ.

لە ئەبو حومەیدی (الساعدی)یەوە ریوایەتكراوە: كە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «هَدَايَا الْعُمَّالِ غُلُولٌ».[3] دیاری بۆ بردنو دیاریی وەرگرتنی كاربەدەستان زوڵمو ستەمە.

حەرامە قازی لەكاتی رق هەڵسانیدا بڕیار دەربكا

لە عەبدولەلیكی كوڕی عومەیرەوە ریوایەتكراوە، دەڵێ: گوێم لێ بوو عەبدوررەحمانی كوڕی ئەبوبەكرە وتی: ئەبوبەكرە نامەیەكی بۆ كوڕەكەی نووسی: ئەوكاتە كوڕەكەی قازی سەجستان بوو، تێیدا نووسیبوی: هەرگیز لەكاتی رق هەڵسانتدا دادوەریی و بڕیاردان ئەنجام مەدە، چونكە من بۆخۆم لە پێغەمبەرم ژنەوت فەرمووی: «لاَ يَقْضِيَنَّ حَكَمٌ بَيْنَ اثْنَيْنِ وَهُوَ غَضْبَانُ». با دادوەرو قازی حوكم لەنێوان دوو كەسدا نەكا بە رق هەڵساوی.

---

[1] صحيح (الإرواء/٢٦١٩)، قط(١٥/٢٠٦/٤).

[2] صحيح: (ص.ج/١٨٧١). جة(٢/٧٧٥/٢٣١٣)، ت(٢/٣٩٧/١٣٥٢).

[3] صحيح (الإرواء/٢٦٢٢)، حم(٥/٤٢٤)، هق(١٠/١٣٨).

بڕیاردانی دادوەرو قازی حەق ناگۆڕێو شت حەڵاڵو حەرام ناکا

کەسێك بەناڕەوا مافێکی بۆ بڕیاردرا مافی خۆی نەبوو با ڕەتی بکاتەوە چونکە بڕیاری حاکم نە حەرام حەڵاڵ دەکا نە حەڵاڵ حەرام دەکا.

لە ئوممو سەلەمەوە کە خێزانی پێغەمبەرە (درودی خودای لەسەر بێ) ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) گوێی لە دەمەدەمێو کێشەو بێنەو بەرەیەك بوو لەبەردەم ژوورەکەی بەرپابوبوو، ئەویش تەشریفی چووە دەرەوە بۆ ناویانو پێی فەرموون: «إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ وَإِنَّهُ يَأْتِينِي الْخَصْمُ ، فَلَعَلَّ بَعْضَكُمْ أَنْ يَكُونَ أَبْلَغَ مِنْ بَعْضٍ ، فَأَحْسِبُ أَنَّهُ صَدَقَ ، فَأَقْضِيَ لَهُ بِذَلِكَ ، فَمَنْ قَضَيْتُ لَهُ بِحَقِّ مُسْلِمٍ فَإِنَّمَا هِيَ قِطْعَةٌ مِنَ النَّارِ ، فَلْيَأْخُذْهَا أَوْ فَلْيَتْرُكْهَا».[1] من ئادەمیزادێکمو بەس. ڕێ دەکەوێ کێشەو نیزاع دێنن بۆلام، لەوانەیە هەندێکتان لە هەندێکتان زمان ڕەوانو قسە زانتربنو باشتر بزانێ داکۆکی لە دەعواکەی خۆی بکا، منیش وادەزانم ڕاست دەکاو بڕیار لە بەرژەوەندی ئەو دەردەکەم. جا هەرکەسێك من بەڕواڵەتو ظاهیر حوکمی بۆ دەربکەمو مافی موسوڵمانێکی بدەمێ با باش بزانێ ئەو پارچە ئاگرێکی دەخەمە دەستییەوە جا با هەڵی بگرێ یان وازی لێ بێنێ.

داواو شایەت

داوا: لەزماندا بەمانا داواکردنی شتێکە. قورئان دەفەرموێ: {وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ – الشورى/٣١} ئەوەی داوای بکەن بۆ ئێوە هەیەو لەجێیە.

لەزاراوەی شەرعدا داوا (دعوى) ئەوەیە مرۆڤ ئیدیعای شتێك بکا کە لەژێر دەستی یەکێکی تردایە یان لە ئەستۆی دایە لافی ئەوە لێ بدا کە ئەوشتە هی ئەوە.

---

[1] متفق عليه: خ(٢٤٥٨/٥/١٠٧) ، م(١٧١٣-٥-١٣٣٧)، د(٣٥٦٦/٥٠٠/٩).

((مودەعی)) داواکار: ئەو کەسەیە داوای مافێکی خۆی دەکا، هەرکاتێ لێی بێدەنگ بوو وازی لێ دەهێندرێ.

(مودەعا علیه) داوا لەسەرکراو: ئەومیە داوای مافێکی لێ دەکرێ، ئەگەر بێدەنگیش بێ وازی لێ ناهێندرێ.[1]

(بینات) کۆی (بیّنة) واتە: نیشانەو بەڵگە وەکوو شایەتو شتی تر . سەر بەڵگەو بنەمای ئەم بابەتە ئەو فەرموودەیە: کە ئیبنو عەبباس دەیگێڕێتەوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لَوْ يُعْطَى النَّاسُ بِدَعْوَاهُمْ لادَّعَى نَاسٌ دِمَاءَ رِجَالٍ وَأَمْوَالَهُمْ وَلَكِنَّ الْيَمِينَ عَلَى الْمُدَّعَى عَلَيْهِ».[2] ئەگەر بەگوێرەی داواکاری ماف بدرایە بەخەڵك کەسانێك دەبوون داوای خوێنو ماڵی کەسانی دیکەیان دەکردو بەناحەق مافیان لێ زەوت دەکردن، وەلێ داوا لەسەر کراو دەتوانێ بەسوێند داواکەیان رەتبکاتەوە.

هەروا لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە لە باوکییەوە لە باپیریەوە ریوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: (الْبَيِّنَةُ عَلَى الْمُدَّعِي وَالْيَمِينُ عَلَى الْمُدَّعَى عَلَيْهِ).[3] بەڵگەو شایەت لەسەر داواکارەو سوێند لەسەر داوا لەسەرکراوە.

تاوانی ئەوەی داوای شتێك بكەی كەهی تۆ نیە

لە ئەبو زەڕەوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: گوێم لێ بوو پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو: «مَنِ ادَّعَى مَا لَيْسَ لَهُ فَلَيْسَ مِنَّا وَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ

---

(1) فقه السنة ج٣/٣٢٧.

(2) متفق علیه: م(١٧١١/١٣٣٦/٢/٣٩٩)، خ(٤٥٥١/٢١٣/٨)، جة(٢٣٢١/٢/٧٧٨).

(3) صحیح: (ص.ج/٢٨٩٦)، ت(١٣٥٦/٣٩٩/٢).

النَّارِ».[١] کەسێك داوای شتێك بکا کەهی ئەونەبێ ئەوە لە ئوممەتی ئێمە نیەو بە موسوڵمان حلێب ناکرێ، با جێگای خۆی لەناو ئاگردا رێك بخا.

تاوانی ئەو کەسەی سوێندی بەناحەق دەخوا بۆئەوەی مافی یەکێکی تر بۆخۆی ببچڕێ

لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ حَلَفَ عَلَى يَمِينٍ وَهُوَ فِيهَا فَاجِرٌ لِيَقْتَطِعَ بِهَا مَالَ امْرِئٍ مُسْلِمٍ لَقِيَ اللَّهَ وَهُوَ عَلَيْهِ غَضْبَانُ»[٢]: کەسێك سوێندبخواو سوێندەکەی بەدرۆ بێ بۆئەوەی ماڵی یەکێکی تر بۆخۆی ببچڕێ، رۆژی قیامەت توشی خودا دەبێ، خودا لێی ناڕازییە.

لە ئەبو ئومامەی (ألحارثیێ)یەوە ریوایەتکراوە: کە لە پێغەمبەری بیستووە فەرموویەتی: «لاَ يَقْتَطِعُ رَجُلٌ حَقَّ امْرِئٍ مُسْلِمٍ بِيَمِينِهِ إِلاَّ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَأَوْجَبَ لَهُ النَّارَ». هەر مرۆڤێك مافی موسوڵمانێکی تر بە سوێندی درۆ بۆخۆی ببچڕێ خودا بەهەشتی لێ یاساغ دەکاو دۆزەخی بۆ بڕیاردەدا. پیاوێك لە هاوەڵان عەرزی کرد وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەگەر ئەوشتەی بۆ خۆی دەپچڕێ شتێکی کەمیش بێ وایە؟ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «وَإِنْ كَانَ سِوَاكًا مِنْ أَرَاكٍ».[٣] تەنانەت ئەگەر پارچە سیواکێکیش بی لە درەختی ئەراك.

---

[١] صحيح: (ص.جة/١٨٧٧)، م(٦١/٧٩/١)، جة(٢٣١٩/٧٧٧/٢).

[٢] متفق عليه: خ(٧٦، ٦٦٧٧/٥٥٨/١) ، م(١٣٨/١٢٢/١)، د(٣٢٢٧/٦٧/٨).

[٣] صحيح: (ص.جة/١٨٨٢)، جة(٢٣٢٤/٧٧٩/٢)، م(١٣٧/١٢٢/١).

ڕێبازەكانی چەسپاندنی داوا

ڕێبازەكانی چەسپاندنی داوا، دانپیانانە، شایەتە، سوێندە.

١- دانپیانان ئەوەیە: كابرا بە دەم‌و زوبانی خۆی ڕاستییەكە بدركێنێ، هەركاتێ ئەوە هاتەدی حوكم پێی واجب دەبێ، بەمەرجێ دانپیانەرەكە موكەلەف‌و موختار بێ، بەویستی خۆی ئیعتیراف بكا. بێگومان پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) هەریەك لە (ماعز) و (ألغامدیة) و (ألجهینة)ی بە دانپیانانی خۆیان بەردەباران كرد.

هەروا فەرمووی (درودی خودای لەسەر بێ): «وَاغْدُ يَا أُنَيْسُ إِلَى امْرَأَةِ هَذَا ، فَإِنِ اعْتَرَفَتْ فَارْجُمْهَا».[1] ئەی ئونەیس بچۆ بۆلای خێزانی ئەم پیاوە ئەگەر دانی بەزیناكردنی‌دا نا بەردەبارانی بكە.

٢- شایەتیدان: شایەتیدان دەربارەی ئادەمیزادەكان فەرزی كیفایەیە ئاماژە بە ئایەتی {وَلا يَأْبَ الشُّهَدَاءُ إِذَا مَا دُعُوا – البقرة/٢٨٢} بوون بە شایەت‌و هەلگرتنی ئەركی شایەتیدان دەربارەی مافی ئادەمیزاد فەرزی كیفایەیەو بەجێهێنانی فەرزی (عین)ە چونكە خودا دەفەرموێ: {وَلا تَكْتُمُوا الشَّهَادَةَ وَمَنْ يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ – البقرة/٢٨٣} شایەتی مەشێرنەوە، ئەگەر شایەتیەكتان لابوو بەجێی بێنن، كەسێك شایەتی لابێ‌و بیشارێتەوە، ئەوە تاوانبارەو ئیمانی ساغ نیە.

پێویستە شایەت حەق بێژبێ، تەنانەت ئەگەر زیانی بەخودی خۆیشی دەگەیاند. چونكە پەروەردگار دەفەرموێ: { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنفُسِكُمْ أَوْ الْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيّاً أَوْ فَقِيراً فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلا تَتَّبِعُوا الْهَوَى أَنْ تَعْدِلُوا وَإِنْ تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا

[1] لەباسی حەددی زینادا تێپەڕی.

تَعْمَلُونَ خَبِيراً – النساء/١٣٥} ئەی ئەو كەسانەی بڕواتان هێناوە زیادەڕەویو موبالەغە بكەن لەچەسپاندنی عەدالەتدا، بەلێبڕاوی پابەندی بن، شایەتی حەقو ڕاستی بن بۆ خودا واتە: هەوڵی چەسپاندنی حەق بدەنو مەبەستی خودا لەخۆ ڕازیكردنتان هەبێ، شایەتی بەڕاستی بدەن، خۆتان لەشایەتیدانی بەدرۆ بپارێزن، با شایەتی دانەكەشتان لەدژی خۆتان بێ، یان زیانی بۆ دایكو باوكتان هەبێ یان زیانی بۆ خزمو كەسوكارو دۆستو ئاشنا هەبێ، حەق چۆنەو ڕوداوەكە چۆنتان ئاگا لێ بووە ئاوا بیگێڕنەوە، لەشایەتیداندا جگە لەلایەنی خوداو حەق، هیچ شتێكی تر لەبەرچاو مەگرن، لەشایەتیداندا لایەنگیری دەوڵەمەند لەبەر دەوڵەمەندییەكەی مەكەن، بەزەیتان بەهەژاردا لەبەر هەژاری نەیەتەوە، شوێن هەواو هەوەس مەكەون نەوەكوو لەحەق لابدەن بۆلای بەتاڵ، یان با هەواو هەوەسو دەمارگیریو خۆشەویستی بۆ هەندێ كەسو ڕقو كینەتان لەهەندێكی تر واتان لێ نەكا عەدالەت پاشگوێ بخەن {وَإِنْ تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا} ئەگەر بئەنقەست خوار بڕۆنو شایەتی بگۆڕنو درۆی تێدا بكەنو لەڕاستی لابدەن {فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيراً} دڵنیابن خودا ئاگای لە هەڵوێستو كردارو ڕەفتارتانەو سزاتان دەداتەوە.

شایەتیدان بەبێ ئەوەی ئاگاداری ڕوداوەكە بێ جەرامە چونكە قورئان دەفەرموێ: {إِلاَّ مَنْ شَهِدَ بِالْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ – الزخرف/١٨٦}.

شایەتیدانی بەدرۆ یەكێكە لەتاوانە گەورەكان؛ ئاماژە بەو فەرموودەیەی ئەبوبەكرە ریوایەتی كردوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أَلاَ أُنَبِّئُكُمْ بِأَكْبَرِ الْكَبَائِرِ». ثَلاَثًا. قَالُوا بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ . قَالَ « الإِشْرَاكُ بِاللَّهِ ، وَعُقُوقُ الْوَالِدَيْنِ. وَجَلَسَ وَكَانَ مُتَّكِئًا فَقَالَ: أَلاَ وَقَوْلُ الزُّورِ. قَالَ

فَمَـا زَالَ يُكَرِّرُهَـا حَتَّـى قُلْنَـا لَيْتَـهُ سَـكَتَ».[1] ئـەرێ پێتـان نـەڵێم: کامەیـە گـەورەترین تـاوان؟ وتمـان: بـەڵێ ئـەی پێغەمبـەری خـودا! پێمـان بێـژە، فەرمووی: گەورەترین تاوان هاوەڵدانانە بۆ خودا، ئەزیەتدانی باوكو دایكە، لەوكاتـەدا كـە ئەمـەی دەفـەرموو: شـانی دادابـوو، ئـیتر ئـەمجار دانیـشتو فەرمووی: ئاگاداربنو بزانن بوختان هەڵبەستنو شایەتیدانی بەدرۆیە، ئیتر هـەر ئـەم وتەیـەی دووبـارە دەكـردەوە هـەتا لـەدڵی خۆمانـدا وتمان: خۆزگـە بێدەنگ بووایەو چیدی ئەم رستەیەی دوبارە نەكردایەوە.

كێ شایەتی وەردەگیرێ؟

شایەتی وەرناگیرێ مەگەر لەكەسێك موسوڵمانو باڵغو عاقڵو عادڵ بێ.

كـەوابێ شـایەتیدانی كـافر وەرنـاگیرێ، تەنانـەت ئەگـەر شـایەتیدانەكەی لەسەر هاووێنەی خۆیشی بێ. چونكە پەروەردگار دەفەرموێ: {وَأَشْهِدُوا ذَوَي عَدْلٍ مِنْكُمْ – الطلاق/٢} دووكەسی عادڵ لە موسوڵمانی وەكوو خۆتـان بكـەن بەشایەت. هەروا دەفەرموێ: {مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الـشُّهَدَاءِ – آل عمـران/٢٨٢} لەو شایەتانەبن كەلێیان رازیـن. دەی خـۆ كافر عـادڵ نیـەو لێشی رازی نـینو لەپێری ئێمەیش نیە.

هــەروا شــایەتیدانی منــداڵیش وەرنــاگیرێ چــونكە خــودا دەفــەرموێ: {وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ – آل عمران/٢٨٢} دوو لـەپیاوانتان بكـەن بەشایەت. منداڵ بەپیاو حسێب ناكرێ.

هەروا شـایەتی لـە گێـلو شـێتو ئـەو جـۆرە كەسـانە وەرنـاگیرێ چـونكە ئەوان قسەیان لەسـەر خۆیـان وەرنـاگیرێو بتمانـەیان پـێ نـاكرێ بـۆ غـەیری خۆیان هەرنا.

---

[1] متفق علیه: خ(٢٦٥٤/٢٦١/٥)، م(٨٧/٩١/١).

شـايەتى فاسـق‌و گوناهبـاريش وەرنـاگيرىٚ چـونكە خـودا دەفـەرموىٚ: {وَأَشْـهِدُوا ذَوَى عَـدْلٍ مِـنْكُمْ – الطـلاق/٢} دووكەسـى عـادڵ‌و راسـتاڵ بكـەن بەشايەت.

هـەروا شـايەتى پيـاوو ئـافرەتى خيانـەتكارو داويـٚن پـيس‌و دوژمنكـاريش قبوڵ نيە.[1]

نيصاب‌و ژمارە شايەت

مافەكان دوو جۆرن: مافى خودا، مافى ئادەميزاد.

١- جۆريٚكيـان شـايەتەكان دەبـىٚ دووپيـاو بـن ئەگـەر دوو پيـاو نـەبن وەرنـاگيريٚن بەشـايەت. ئەمـە لەوشـتانەدا كـە كيٚشەكە كيٚشەى مـاڵ‌و سـامان نـەبىٚ‌و لـەو بوارانەشـدا بـىٚ كـە پيـاو بەسـەريدا رادەگـەن وەكـوو مـارەكردن‌و تەلاقدان: چونكە قورئان دەفەرموىٚ: {فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَأَشْهِدُوا ذَوَى عَدْلٍ مِنْكُمْ – الطـلاق/٢}. ئەگـەر گەييـشتنە ماوەى خۆيان‌و عيدەيان تەواوبوو يان بەريٚك‌و پيٚكـى بيانخەنـە ژيٚـر نيكـاحى خۆتان‌و بەشيٚوەى چاكەكارى ژيانيـان لەگەڵدا بەرنەسـەر، يـان بەشـيٚوەيەكى باش‌و بىٚ زيانگەياندن پيٚيان، دەستيان لىٚ بەربدەن، دوو پياوى عادڵ لەخۆتان بكەن بەشايەت لەسەر دەست ليٚك بەردانەكە.

پيٚغەمبـەر (درودى خـوداى لەسـەر بـىٚ) دەفـەرموىٚ: «لاَ نِكَـاحَ إِلاَّ بِـوَلِيّ وَشَاهِدَيْ عَدْلٍ».[2] مـارەكردن دروسـت نيـە؛ گريٚبەسـتەكە دانامـەزرىٚ مەگـەر وەلى ئافرەتەكـەو دوو شـايەتى عـادڵ ئامـادەى گريٚبەسـتەكە بـن. دەى لـە

---

[1] حسن: (ص.جة/١٩١٦)، د(٣٥٨٤/١٠/١٠)، جة(٢٣٦٦/٧٩٢/٢).

[2] لەباسى نيكاحدا تيٚپەرِى.

ئایەتەکەو لە حەدیثەکەیشدا باسی شایەتی نێرینە کراوە کەوابێ لەو بوارانەدا شایەتی پیاو نەبێ وەرناگیرێ.

٢- جۆرێکیان دوو پیاو یان پیاوێك‌و دوو ئافرەت یان شایەتێك‌و سوێندی داواکار وەردەگیرێن. ئەمەش لەو بوارانەدا دەبێ کە پەیوەندی بە ماڵ‌و سامانەوە هەبێ. وەکوو مامەڵەی کڕین‌و فرۆشتن‌و بەکرێدان‌و رەهن‌و ئەو جۆرە شتانە. قورئان دەفەرموێ: {وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنْ الشُّهَدَاءِ أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الأُخْرَى – البقرة/٢٨٢} دوو شایەت لەپیاوانی موسوڵمانتان بکەن بەشایەت، ئەگەر دووپیاو ئامادە نەبوون پیاوێك‌و دوو ئافرەت بکەن بەشایەت لەو شایەتانەی لێیان رازین بۆیەش دەبێ لەجیاتی شایەتێکی پیاو دوو ئافرەت بن ئەگەر ئافرەتێکیان رووداوەکەی لەیاد چۆوەوە ئەویتریان بیری بێنێتەوە.

لە ئیبنو عەبباسیشەوە ریوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) حوکمی داوەو بڕیاری دەرکردووە لەسەر بنەمای سوێندی داواکارو یەك شایەت.

٣- جۆرێك رووداو هەیە دوو پیاو یان پیاوێك‌و دوو ئافرەت، یان چوار ئافرەت شایەتییان لێ وەردەگیرێ ئەمەش لەو بوارانەدا کەزۆرجار پیاو بەسەریاندا ئاگادارنابن وەکوو رووداوی شیرخواردن‌و منداڵ بوون‌و عەیبی ناوەکی ئافرەت.

وەڵێ ئەو رووداوانەی کە هەر مافی خودایان تێدایە ئەوە شایەتیدانی ئافرەتی تێدا وەرناگیرێ. ئاماژە بە فەرموودەکەی ئیمامی زوهری کە دەفەرموێ: (لا يجلد في شيء الاّ بشهادة رجلين) هیچ حەددێك ناچەسپێ‌و

جیبەجێ ناكرێ مەگەر دوو پیاو شایەتی تێدابدەن. ئەم جۆرەش كە مافی خودا (حق الله) ناسراوە سێ بەشە:

یەكەم: بەشێكیان كەمتر لەچوار شایەت وەرناگیرێو حوكمی پێ ناچەسپێ. ئەویش بریتییە لەزینا. خودا دەفەرموێ: {وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً – النور/٤}ئەوانەی رەوشتی داوێن پیسی پاڵ ئافرەتانی موحصەن دەدەنو پاشان ناتوانن لەسەر داواكەیان چوار شایەتی پیاو ئامادە بكەن هەشتا داری حەددیان لێ بدەن.

دووەم: بەشێكیان دوو پیاو شایەت بن شایەتیەكەیان وەردەگیرێ، ئەمەش لە بواری ئەو حەدانەدایە كە جگە لەزینا. وەكوو لەوەپێش ئاماژەمان پێكردو قسەكەی ئیمامی (زوهری)مان هێنا.

سێیەم: بەشێكیان بەشایەتییەك دەچەسپێ. وەكوو مەسەلەی بینینی هیلال لەسەرەتاو كۆتایی رەمەزاندا.

چەسپاندنی روداو بەرێگەی سوێند

هەركاتێ داواكار نەیتوانی بەڵگەو شایەت لەسەر داواكارییەكەی بخاتە روو، داوالەسەركراویش داوای داواكاری رەتكردەوە ئەوە داواكار هیچ مافێكی نیە جگە لەوە داوابكا داوا لەسەركراو سوێند بخوا، ئاماژە بەفەرمودەكەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) كە فەرموویەتی: «الْبَيِّنَةَ عَلَى الْمُدَّعِي وَالْيَمِينَ عَلَى مَنْ أَنْكَرَ».[1] شایەت لەسەر داواكارەو سوێند لەسەر ئەو كەسەیە داواكە رەت دەكاتەوە.

لە (الأشعث)ی كوڕی قەیسی (ألكندی)یەو گێڕدراوەتەوە دەڵێ: لەنێوان منو پیاوێك كێشەیەك هەبوو لەسەر بیرێك. كێشەكەمان بردە لای پێغەمبەر

---

[1] لەوەپێش لەباسی دەعواو بەییناتدا تێپەڕی.

(درودی خودای لەسەر بێ) پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «شَاهِدُكَ أَوْ يَمِينُهُ». ئەی ئەشعەث! یان تۆ دوو شایەت بێنە یان کابرای بەرامبەرت سوێند بخوا. وتم: قوربان کەوابێ کابرای بەرامبەرم سوێند دەخواو هیچ گوێ ناداتێ، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ حَلَفَ عَلَى يَمِينٍ يَسْتَحِقُّ بِهَا مَالاً هُوَ فِيهَا فَاجِرٌ ، لَقِيَ اللَّهَ وَهُوَ عَلَيْهِ غَضْبَانُ». هەرکەسێك سوێندی بەناحەق بخواو بەهۆی سوێندەکەیەوەماڵێك بۆخۆی بپچڕێو سوێندەکەی بەدرۆبێ، ئەوە رۆژی قیامەت روبەڕوی خودا دەبێتەوە خودا ناخۆشی دەوێ. ئەشعەث دەڵێ: ئیتر خودای مەزن بۆ چەسپاندنی فەرموودەکەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئایەتی {إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَناً قَلِيلاً أُوْلَئِكَ لا خَلاقَ لَهُمْ فِي الآخِرَةِ وَلا يُكَلِّمُهُمْ اللَّهُ وَلا يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ – آل عمران/٧٧}ی نازڵ کرد.

كتاب الجهاد (باسی جیهاد)

جیهاد چاوگە بۆ فیعلی (جاهد) کە دەچێتەوە سەر (جُهْد)، کە بەمانا بەکارهێنانو بەخشینی هێزو خۆماندوکردنە، دەگوترێ: (جاهد يجاهد جهادا) یان (مجاهدة) کاتێك کە هێزو توانای خۆی ببەخشێ ئەرکو ماندوبوون لە ئەنجامدانی شەڕکردن لەگەڵ دوژمن بخاتە ئەستۆی خۆیو بەرەنگاری دوژمن بێتەوە.

هەڵبەتە جیهاد بەجیهادی حەقیقی ناژمێردرێ هەتا مەبەستی بەو ئەرك لەئەستۆ گرتنە رەزامەندی خودا نەبێ. کاتێك جیهاد بەجیهادی راستی دەژمێردرێ: کە مەبەست پێی بەرزکردنەوەی وشە (لا الە الا الله) بێو بەرزبوونەوەی دروشمی حەقو راستی بێو بەرەنگاربوونەوەی بەتاڵو

خۆبەختکردن لەپێناو ڕەزامەندی خودادا بێ. ئەگەر مەبەستی بە جیهادەکەی غەیری ئەوشتانە بوو لە کاڵاو مەبەستی دونیایی، ئەوە لەڕاستیدا پێی ناگوترێ جیهادو بەجیهاد نازمێردرێ.

کەسێك شەڕبکا بۆئەوەی پلەو پایەیەکی دونیایی بەدەست بێنێ یان کاڵایەکی دونیایی دەست بکەوێ، یان ئازایەتی خۆی رابنوێنێ، یان ناوو ناوبانگی ئازایەتی دەربکا، ئەوە هیچ ئەجرو پاداشێکی لەسەر جیهادەکەی دەستگیر نابێ و لە ئەوابی قیامەت بێبەش دەبێ.

لە ئەبو موسای ئەشعەرییەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) عەرزی کرد: وادەبێ پیاو شەڕدەکا بۆ غەنیمەت و کاڵا دەستکەوتن، وادەبێ پیاو شەڕدەکا بۆ ناوو شۆرەت، وادەبێ پیاو شەڕدەکا بۆ پلەو پایەو خەڵکی شوێن دەستی ببینن. ئەمانە کامەیان بەجیهاد لەپێناو ڕەزامەندی خودادا دەژمێردرێ. پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ قَاتَلَ لِتَكُونَ كَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا فَهُوَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ».[1] کەسێك بۆیە شەڕبکا تا وشەی (لا اله الا الله محمد رسول الله) بەرزبێ ئەوە بەجیهاد دەژمێردرێ.

تەرغیب و هەڵنان بۆ جیهاد

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَبِرَسُولِهِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَصَامَ رَمَضَانَ ، كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ جَاهَدَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ، أَوْ جَلَسَ فِي أَرْضِهِ الَّتِي وُلِدَ فِيهَا». کەسێك بڕوای بەتاك و تەنهایی خودا هەبێ، بڕوای بە پێغەمبەرێتی

[1] متفق علیه: خ(٢٨١٠/٢٧/٦)، م(١٩٠٤/١٥١٢/٣)، د(٢٥٠٠/١٩٣/٧)، ت(١٦٩٧/١٠٠/٣)، جة(٢٧٨٣/٩٣١/٢).

حەزرەتی موحەممەد هەبێ، نوێژبکا، رەمەزان بەڕۆژوو بێ، خودا لەسەرخۆی پێویست کردوە بیخاتە بەهەشتەوە، جا وێڕای ئەم بیرو باوەڕو کردەوانەی لە ڕێگای خودادا جیهاد بکا، یان لەوخاکەی تێیدا لەدایك بووە نیشتەجێ بێو دەرنەچێ. هاوەڵان وتیان: ئەرێ ئەم موژدەیە بە خەڵکی ڕانەگەیەنین؟ فەرمووی: «إِنَّ فِي الْجَنَّةِ مِائَةَ دَرَجَةٍ أَعَدَّهَا اللَّهُ لِلْمُجَاهِدِينَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ، مَا بَيْنَ الدَّرَجَتَيْنِ كَمَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ ، فَإِذَا سَأَلْتُمُ اللَّهَ فَاسْأَلُوهُ الْفِرْدَوْسَ، فَإِنَّهُ أَوْسَطُ الْجَنَّةِ وَأَعْلَى الْجَنَّةِ ، أُرَاهُ فَوْقَهُ عَرْشُ الرَّحْمَنِ ، وَمِنْهُ تَفَجَّرُ أَنْهَارُ الْجَنَّةِ»[1]؛ بێگومان لەبەهەشتدا پاداشەکان جیاوازییان تێدایەو بەرزو نزمییان هەیە لە پلەیەکەوە تا سەد پلە بەرزدەبێتەوە، خودا ئەم پلەو پایە جوداوازییانەی بۆ تێکۆشەران لەڕێگەی خودادا ئامادەکردوە، نێوان هەردوو پلەیەك وەکوو نێوان ئەرزو ئاسمان وایە لە فراوانیدا، جا ئەگەر داوای پلەو پایەی بەهەشتتان کرد لەخودا، داوای فیردەوس بکەن بێگومان فیردەوس ناوەڕاستی بەهەشتەو لای ژوروی بەهەشتە. لەژوور ئەوەوە عەرشی کردگارە، هەموو جۆگەو جۆبارەکانی بەهەشت لەوێوە هەڵدەقوڵێ.

هەر لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَثَلُ الْمُجَاهِدِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَثَلِ الصَّائِمِ الْقَائِمِ الْقَانِتِ بِآيَاتِ اللَّهِ لاَ يَفْتُرُ مِنْ صَلاَةٍ وَلاَ صِيَامٍ حَتَّى يَرْجِعَ الْمُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ».[2] نمونەی موجاهیدو تێکۆشەر لەپێناو ئاینی خودادا وەکوو موسوڵمانێك وایە ڕۆژ بەڕۆژوبێو شەو سەرگەرمی شەونوێژو خوداپەرستی بێ، لە نیشانەکانی تاكو تەنهایی خودا وردبێتەوە لەنوێژو ڕۆژوی بەردەوامی خۆی دانەبڕێ تا

---

[1] صحيح: (ص.ج/٢١٢٦)، (الصحيحة/٩٢١)، خ(٢٧٩٠/١١/٦).

[2] صحيح: (ص.ج/٥٨٥١)، م(١٨٧٨/١٤٩٨/٣)، ت(١٦٦٩/٨٨/٣).

موجاهیدەکــە لــە غــەزاو تێکۆشــانیو دوورکەوتنــەوە لــەماڵو منــداڵی دەگەڕێتەوە.

هەر لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، وتوویەتی: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «انْتَدَبَ اللَّهُ لِمَنْ خَرَجَ فِي سَبِيلِهِ لاَ يُخْرِجُهُ إِلاَّ إِيمَانٌ بِي وَتَصْدِيقٌ بِرُسُلِي أَنْ أُرْجِعَهُ بِمَا نَالَ مِنْ أَجْرٍ أَوْ غَنِيمَةٍ ، أَوْ أُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ».[1] پەروەردگار بڕیاری داوە بەرعۆدە بووە بۆ کەسێك لە ڕێگەی خوادا دەربچێ بۆ غەزا، پاڵنەرو هاندەری بۆ چوونە دەرەوە بۆ غەزاو تێکۆشان، بڕوا بەخوداو بەڕاست زانینی پێغەمبەرێتی پێغەمبەران بێ، بڕیاری داوەو دەفەرموێ: دەبێ بە کۆڵێ پاداشو دەستکەوتەوە بیگێڕمەوە، یان پلەی شەهادەت بەدەست بێنێو بیخەمە بەهەشتەوە.

گەورەیی شەهادەت

لە ئیمامی مەسروقەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پرسیارمان لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود کرد دەربارەی ئایەتی {وَلا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتاً بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ – آل عمران/١٦٩} فەرمووی: ئێمەیش کاتی خۆی لەم بارەوە پرسیارمان لە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کرد فەرمووی: «أَرْوَاحُهُمْ فِي جَوْفِ طَيْرٍ خُضْرٍ لَهَا قَنَادِيلُ مُعَلَّقَةٌ بِالْعَرْشِ تَسْرَحُ مِنَ الْجَنَّةِ حَيْثُ شَاءَتْ ثُمَّ تَأْوِي إِلَى تِلْكَ الْقَنَادِيلِ فَاطَّلَعَ إِلَيْهِمْ رَبُّهُمُ اطِّلاَعَةً فَقَالَ هَلْ تَشْتَهُونَ شَيْئًا قَالُوا أَيَّ شَيْءٍ نَشْتَهِي وَنَحْنُ نَسْرَحُ مِنَ الْجَنَّةِ حَيْثُ شِئْنَا فَفَعَلَ ذَلِكَ بِهِمْ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ فَلَمَّا رَأَوْا أَنَّهُمْ لَنْ يُتْرَكُوا مِنْ أَنْ يُسْأَلُوا قَالُوا يَا

[1] متفق عليه: خ(٢٦/٩٢/١)، م(١٨٧٦/١٤٩٥/٣).

رَبِّ نُرِيدُ أَنْ تَرُدَّ أَرْوَاحَنَا فِي أَجْسَادِنَا حَتَّى نُقْتَلَ فِي سَبِيلِكَ مَرَّةً أُخْرَى. فَلَمَّا رَأَى أَنْ لَيْسَ لَهُمْ حَاجَةٌ تُرِكُوا».[1]

مانای ئایەتەکە واتە: وامەزانن کە ئەوانەی لەپێناو ئایینی خودادا کوژراون مردون، بە مردویان حیساب مەکەن، بەڵکوو ئەوانە نەمردونو زیندون وان لەخزمەت خودای خۆیاندا بە قەدرو رێزەوە کات بەسەردەبەنو لەلایەن خوداوە رزقو رۆزیی جۆراو جۆریان پێ دەدرێ لە ژیانێکی حەقیقیو گوزەرانێکی خۆشو لە جەستەیەکی بەرزەخی ناسکو لەتیفدان تا رۆژی قیامەت ئاوا دەژین، ئەوسا دەچنەوە ناو بەرگو پۆشاکی دونیاییانو حەشرو نەشر دەکرێن، شادمانو کەیفخۆشن بەو بەهرەیەی خودا بەهۆی شەهیدبوونیانەوە بۆی فەراهەم هێناون.

جا عەبدوڵلا فەرمووی: ئێمەیش کاتی خۆی سەبارەت بە ئەمە پرسیارمان لە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لە وڵامدا فەرمووی: (گیانی شەهیدان وان لەناو سکی چەند مەلێکی سەوزدا، ئەو مەلانە لە بەهەشتدا بە ویستی خۆیان گەشتو گوزار دەکەن حەزیان لەکوێ بێ دەچنو چییان بوێ دەیخۆن، هەموو جارێ دوا سوڕانەوەو گەشتو گوزاریان، بۆ حەسانەوەو پشودان دەگەڕێنەوە بۆ ناو چراخانێ کە هەڵواسراون بەژێر تەختو بارەگای عەرشدا، جارێ پەروەردگار پێیان دەفەرموێ: ئارەزۆی چی تر دەکەن بتاندەمێ؟ شەهیدەکان دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان! جا لەمەزیاتر چیمان بوێ چیتر داوابکەین؟ ئەوەتا لەبەهەشتدا بۆ خۆمان بە حەزو ئارەزۆی خۆمان دەسوڕێینەوەو چیمان بوێ دەیخۆینو دەیخۆینەوە. تا سێجار ئەم گفتوگۆیە لەنێوان شەهیدانو پەروەردگاردا تابیلا دەبێتەوە، جا کاتێ شەهیدەکان دەزانن کە خودا وازیان لێ ناهێنێو هەر دەبێ داوای شتی تر

[1] صحيح: (مختصر م/١٠٦٨)، م(١٨٨٧/١٥٠٢/٣)، ت(٤٠٩٨/٢٩٨/٤).

بکەن، عەرزی دەکەن ئەی پەروەردگارمان! دەمانەوێ گیانمان بەبەردا بکەیتەوەو بمانبەیتەوە بۆ ژیانی دونیامان بۆئەوەی جارێکی تر لەپێناو ئایینی پیرۆزی تۆدا شەهید بکرێینەوە!

کاتێ پەروەردگار دەبینێ شەهیدەکان هیچ پێویستی تریان نیە لەبەهەشتا ئیتر وازیان لێ دێنێ.

لە ئەنەسەوە ریوایەتکراوە: کە (أم الربيع)ی کچی (ألبراء): کە دایکی حاریثەی کوڕی سوراقەیە هاتە خزمەت پێغەمبەرو عەرزی کرد وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! باسی حاریثەم بۆناکەی؟ - حاریثە رۆژی غەزای بەدر تیرێکی وێڵی بەرکەوتبوو شەهید بوو بوو – ئەگەر لەبەهەشتا بێ صەبر دەگرم، ئەگەر وانەبێ زۆری بۆ دەگریم، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «يَا أُمَّ حَارِثَةَ ، إِنَّهَا جِنَانٌ فِي الْجَنَّةِ ، وَإِنَّ ابْنَكِ أَصَابَ الْفِرْدَوْسَ الأَعْلَى». [1] ئەی دایکی حاریثە بەهەشت چەند باغو باخاتێکە، کوڕەکەی تۆ باخی فیردەوسی ژوروی بەرکەوتووە.

لە (المقدم)ی کوڕی مەعدیکەریبەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «وَلِلشَّهِيدِ عِنْدَ اللَّهِ سِتُّ خِصَالٍ يُغْفَرُ لَهُ فِي أَوَّلِ دَفْعَةٍ وَيَرَى مَقْعَدَهُ مِنَ الْجَنَّةِ وَيُجَارُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ وَيَأْمَنُ مِنَ الْفَزَعِ الأَكْبَرِ وَيُوضَعُ عَلَى رَأْسِهِ تَاجُ الْوَقَارِ الْيَاقُوتَةُ مِنْهَا خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا وَيُزَوَّجُ اثْنَتَيْنِ وَسَبْعِينَ زَوْجَةً مِنَ الْحُورِ الْعِينِ وَيُشَفَّعُ فِي سَبْعِينَ مِنْ أَقَارِبِهِ». [2] شەهید لای خودا شەش بەهرەی هەن، لەگەڵ یەکەم دڵۆپە خوێنی لێی دەرژێ خودا لێی خۆش دەبێ، شوێنی خۆی لەبەهەشتدا نیشان دەدرێ، تووشی سزای ناو گۆڕ

---

[1] صحيح: (ص.ج/٧٨٥٢)، خ(٢٨٠٩/٢٥/٦)، ت(٣٢٢٤/٩/٥).

[2] صحيح: (ص.جه/٢٢٥٧)، ت(١٧١٢/١٠٦/٣)، جه(٢٧٩٩/٩٣٥/٢).

نابیٚ، لەترس‌و فەزەعی گەورەی رۆژی قیامەت ئەمین‌و پارێزراو دەبیٚ. تاجی ویقارو ریٚزی دەخرێتە سەر سەری دەنکە یاقوتێکی ئەو تاجە لەهەموو کالاو خشڵی جیهان بەنرخترە. حەفتاو دوو حۆری بەهەشتی لیٚ مارە دەکریٚ، تکاو شەفاعەتی بۆ حەفتا لە خزم‌و کەسوکاری لیٚ وەردەگیریٚ

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە، وتوویەتی: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بیٚ) فەرمووی: «الشَّهِيدُ لاَ يَجِدُ أَلَمَ الْقَتْلِ إِلاَّ كَمَا يَجِدُ أَحَدُكُمْ أَلَمَ الْقَرْصَةِ».[1] شەهید کە دەکوژریٚ ئازاری کوشتنەکەی بە ئەندازەی ئەوەیە یەکێك لەئێوە ئێشی نقورچکی پیٚ بگا.

هەڕەشە لەوانەی واز لەجیهاد دێنن

قورئان دەفەرمویٚ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَا لَكُمْ إِذَا قِيلَ لَكُمْ انفِرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ اثَّاقَلْتُمْ إِلَى الأَرْضِ أَرَضِيتُمْ بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا مِنْ الآخِرَةِ فَمَا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فِي الآخِرَةِ إِلاَّ قَلِيلٌ. إِلاَّ تَنفِرُوا يُعَذِّبْكُمْ عَذَاباً أَلِيماً وَيَسْتَبْدِلْ قَوْماً غَيْرَكُمْ وَلا تَضُرُّوهُ شَيْئاً وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ - التوبة/٣٨-٣٩}:

ئەی ئەوانەی بڕواتان بە تاك‌و تەنهایی خوداو راستی پێغەمبەرێتی پێغەمبەر هەیە، ئەوە چیتانە کە پێتان دەگوتریٚ: رابن‌و بڕۆن بۆ جیهادو غەزا لە رێگەی خودادا تەمبەڵی دەنوێنن‌و رانابن‌و لەشوێنی خۆتان ناجوڵێن‌و خۆتان بەزەوییەوە دەنووسێنن. ئەوە بەژیانی دونیاو کالاو لەزەتی دونیاتان رازی بوون ژیانی بەختەوەری دوا رۆژتان پاشگویٚ خستووەو بەژیانی کورتخایەنی کەم بایەخی دونیا رازی بوون لەجیاتی ژیانی نەبڕاوەی پڕ خۆشی‌و شادی قیامەت. خۆ ژیان‌و لەزەت‌و کالای دونیا بە بەراورد لەگەڵ ژیانی قیامەت‌و خۆشییەکانی شتێکی زۆر کەم‌و کەمبایەخە. ئەگەر ئێوە

---

[1] حسن صحيح: (ص.جة/٢٢٦٠)، ت(١٧١٩/١٠٩/٣)، جة(٢٨٠٢/٩٣٧/٢)، ن(٣٦/٦).

بەپیر بانگەوازی جیهادەوە نەچن‌و بە گورج‌و گۆڵی رانەبن‌و نەچن بۆ غـەزاو شـەڕ لەگـەڵ کـافران، خـودا سـزای بەئێـشتان دەداو ئێـوە لـەناو دەبـاو گـەل‌و نەتەوەیەکی تر دێنێتە کایە. ئێوە بە هەڵوێستی تەمبەڵانەو نەچونتان بەپیر بانگـەوازی جیهـادەوە زیـان بـەخودا ناگەیـەنن خـودا بەسـەر هـەموو شـتێکدا دەسەڵاتی رەهای هەیە.

هەروەها پەروەردگار دەفەرموێ: {وَأَنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ وَأَحْسِنُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ – البقـرة/١٩٥}. مـاڵ‌و سـامانی خۆتان لەڕێگای خودادا ببەخشن واز لەجیهاد کردن مەهێنن، بەدەستی خۆتان خۆتان مەخەنە ناو تەهلوکەو فەوتانەوە.

لە یەزیـدی کـوڕی ئـەبو حەبیبـەوە لـە ئەسـلەمەوە: کـە بـاوکی عیمرانـە دەگێڕێتەوە دەڵێ: پیاوێکی موهاجیری لە قوسطنطەنیە هەڵمـەتی بـردە سـەر ریـزی دوژمـن‌و دڕی دا، ئەوکاتـە ئـەبو ئـەیوبی ئەنـصاریمان لەگـەڵ بـوو – کەسانێك وتیان: ئەو کابرایـە بەدەسـتی خـۆی خـۆی خـستە نـاو تەهلوکـەوەو خۆی فەوتاند، ئەبو ئـەیوب فـەرمووی: ئێمـە باشـتر مانـای ئـەم ئایەتـە {وَلا تُلْقُـوا بِأَيْـدِيكُمْ إِلَـى التَّهْلُكَـةِ – البقـرة/١٩٥} دەزانـین. ئـەم ئایەتـە دەرحـەق بەئێمە نازڵ بـوو، ئێمـە لەخزمـەت پێغەمبـەردا بـووین، لەخزمـەتیا ئامـادەی شەڕو جیهاد بووین، بـە مـاڵ‌و بـەگیان داکۆکیمـان لـە پێغەمبـەرو ئایینەکـەی کردو یارمەتیمان دا، جا کە ئایینی ئیسلام بڵاوبۆوەو کەوتینـە قسەو بـاس‌و سـرتە سـرت، وتمـان: خـودا رێـزی لێنـاین بـەوەی کردینـی بـە هـاوەڵی پێغەمبەرەکەی یارمەتی دا تا ئیسلام سـەرکەوتوو رێرەوانـی زۆربـوون، ئێمـە لەوکاتـەوە چووینە نـاو ئـەم ئایینـەوە هـەموو شـتێکی ترمـان وەلانـاو خـزم‌و کەسوکارو ماڵ‌و منداڵمان خستە لاوەو خۆمان بۆ ئایین فیداکرد، ئێستا واشەڕ کۆتایی هات‌و قورسایی خۆی دانا، کـەوابوو کـاتی ئـەوە هـاتووە لەمـە بـەولاوە

بگەڕێینەوە بۆ ناو ماڵو خێزانمانو ئیستیراحەت بکەین، ئیتر دەربارەی ئێمە ئایەتی {وَلا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ – البقرة/١٩٥} نازڵ بوو، کەوابوو بەهیلاکچوونو فەوتان لەوەدایە کە پیاو لەناو ماڵو منداڵی خۆیدا بمێنێتەوەو پاڵی لێ بداتەوەو واز لەجیهاد بێنێ.[1]

حوکمی جیهاد

قورئان دەفەرموێ: {كُتِبَ عَلَيْكُمْ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَكُمْ وَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئاً وَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وَعَسَى أَنْ تُحِبُّوا شَيْئاً وَهُوَ شَرٌّ لَكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لا تَعْلَمُونَ – البقرة/٢١٦}. شەڕکردنو جیهاد لەدژی کافران لەسەر ئێوە پێویست کراوەو ئەرکی سەرشانتانە ئەنجامی بدەن هەرچەندە پێشتان ناخۆشە ئەو ئەرکە خراوەتە سەر شانتان. وێدەچێ شتێك ئێوە بەلاتانەوە ناخۆش بێ بەڵام لەراستیدا شەڕو نەگبەتی بۆ ئێوە لێ بکەوێتەوە، خودا زاناو ئاگادارە دەزانێ چ باشەو چ خراپە ئێوە نازانن جیهادو تێکۆشان لەڕێی خودادا فەرزی کیفایەیە دەبێ موسوڵمانان ئەنجامی بدەن، ئەگەر ئەنجام نەدرێ هەموو موسوڵمانان تاوانبارن ئەگەر کۆمەڵێك ئەنجامیان دا لەسەر هەموو موسوڵمانان لادەچێ.

قورئان دەفەرموێ: {لا يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً وَكُلاًّ وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى – النساء/٩٥}. یەکسانو چونیەك نین ئەو موسوڵمانانەی لە ماڵەوە پاڵیان لێ داوەتەوەو نەچوون بۆ غەزاو جیهادکردن دژی کافرانو هیچ عوزرو بیانووی نەچونیشیان نیە یەکسان نین لەگەڵ ئەوانەی لە ڕێگەی خودادا دەبەخشن، هەڵبەتە خودای باڵا

[1] صحيح: (ص.د/٢١٨٧)، د(٢٤٩٥/١٨٨/٧)، ت(٤٠٥٣/٢٨٠/٣).

دەست فەضلو ڕێزو نرخی داناوە بۆ ئەوانەی بەماڵو گیانی خۆیان لە ڕێگەی خودادا جیهاد دەکەن، بە پلەو پایەیەکی گەورە ئەوانی بەسەر ئەوانەدا بەرزکردۆتەوە کە لەماڵەوە پاڵیان لێ داوەتەوە، خودا بۆ هەردوو لایان وادەی بەخششو چاکەی داوەو بەبەهەشتی ڕازاوەیان شاد دەکا.

لە ئایەتەکەدا پەروەردگار هەواڵی ئەوەی داوە کە فەضلو ڕێزی خۆی دەبەخشێ بە موجاهیدو تێکۆشەران، بۆ ئەوانیشو بۆ ئەوانەی لە ماڵەوە پاڵیان لێ داوەتەوە پاداشی باش هەیە، جا ئەگەر پاڵدەرەوەکان ئەرکێکی پێویستی سەرشانیان بفەوتاندایە دەبێ شیاوی سزابن نەك پاداش، کەوابێ کە: کۆمەڵێك ئەرکی جیهادیان خستە ئەستۆی خۆیانو ئەنجامیان دا فەڕزەکە لەسەر هەموو موسوڵمانان لادەچێ.

پێویستە ئەوە بزانی: کە زۆرچوون بۆ غەزاو تێکۆشان لە ڕێگای خودادا سوننەتەو لای خودا کارێکی پەسەندو خۆشەویستە. بەگوێرەی ئەو ئایاتو حەدیثانەی لەم بارەوە هاتوون غەزاکردنی زۆرو جیهادکردنی بەردەوام سوننەتە، کەمترین ئەندازەی غەزای واجب ئەوەیە لە ساڵێکدا یەکجار بچێ بۆ غەزا، چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەوکاتەوەی فەرمانی پێ کرا بە جیهاد هیچ ساڵێك نەبوە نەچوبێ بۆ غەزا، دەی شوێنکەوتنی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) واجبەو پەیڕەوکردنی پێویستە، هەروەها چونکە غەزا فەرزو پێویستەو جار دواجار دووبارە دەبێتەوە. کەمترین دووبارەبوونەوەی ئەوەیە ساڵانە جارێك دوبارە بکرێتەوە وەکوو ڕۆژوو زەکات، خۆ ئەگەر پێویست بوو ساڵی زیاد لەجارێك ئەنجام بدرێ ئەوە پێویستە ئەنجام بدرێ، چونکە فەرزی کیفایەیەو بە گوێرەی پێویست مەزندە دەکرێ.

وەلێ پێویستە ئێمەو خەڵکیش بزانێ: کە شەڕکردن لە ئیسلامدا گۆزو گوممەت پەنای بۆ نابرێ، بەڵکوو دەبێ پێش وەخت ئاگادارکردنەوەو ئیعلانی بۆ بکرێ، دەبێ ئەوانەی جیهادیان لەدژ دەکرێ سەرپشك بکرێن لەنێوان موسوڵمانبوو سەرانەدان‌و شەڕ لەگەڵدا کردن، خۆ ئەگەر لەنێوان موسوڵمانان‌و کافراندا پەیمان‌و بەڵێن هەبوو، موسوڵمانان ترسی ئەوەیان هەبوو خیانەتیان لێ بکەن، دەبێ بەئاشکرا پێیان رابگەیەنن کە پەیمانەکەیان هەڵوەشاندۆتەوەو پابەندی نابن ئەمجار ئیعلانی شەڕیان لەگەڵ بکەن.

ئەحکامە کۆتاییەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئەهلی نیمەوە، لەوەدا ئاخۆ ئاشتەوایی قبوڵ دەکەن‌و سەرانە دەدەن یان لایەنی شەڕ هەڵدەبژێرن یان موسوڵمان دەبن.

هەڵبەتە لەو حاڵەدا کە ئاشتەوایی هەڵدەبژێرن‌و سەرانە دەدەن‌و لەگەڵ موسوڵمانان عەهدو بەڵێن مۆردەکەن، نابێ موسوڵمانان گۆزو گوممەت پەلاماریان بدەن‌و غافڵ گیریان بکەن بەڵکوو دەبێ لەپێشدا پەیمانەکەیان بەسەردابدەنەوە عەهدەکە هەڵبوەشێننەوە ئەمجار شەڕکردن لە دژیان رابگەیەنن مەگەر موسوڵمانان لە حاڵەتی لاوازیدا بن ئەوە بەشێوەیەکی مەرحەلی‌و گونجاو تایبەت بەو حاڵەتە هەڵس‌و کەوت دەکەن.

یاساو رێسای شەڕ لەدژی کافران

لە بورەیدەوە ریوایەتکراوە، وتوویەتی: داب‌و نەریتی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) وابوو کە هاوەڵێکی دەکردە سەر لەشکرو سەر پەل‌و سەر لق، بەتایبەتی ئامۆژگاری دەکرد بەوەی تەقوای خودابکاو لەگەڵ جەنگاوەرانی ژێر فەرماندەیدا رەفتار باش بێ. پاشان پێی دەفەرموون: «اغْزُوا بِاسْمِ اللَّهِ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ قَاتِلُوا مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ اغْزُوا وَلاَ تَغُلُّوا وَلاَ تَغْدِرُوا وَلاَ تُمَثِّلُوا وَلاَ تَقْتُلُوا وَلِيدًا وَإِذَا لَقِيتَ عَدُوَّكَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ فَادْعُهُمْ إِلَى إِحْدَى

ثلاثِ خِصَالٍ أَوْ خِلاَلٍ فَأَيَّتُهُمْ مَا أَجَابُوكَ فَاقْبَلْ مِنْهُمْ وَكُفَّ عَنْهُمْ ادْعُهُمْ إِلَى الإِسْلاَمِ فَإِنْ أَجَابُوكَ فَاقْبَلْ مِنْهُمْ وَكُفَّ عَنْهُمْ ثُمَّ ادْعُهُمْ مِنَ التَّحَوُّلِ مِنْ دَارِهِمْ إِلَى دَارِ الْمُهَاجِرِينَ وَأَخْبِرْهُمْ إِنْ هُمْ فَعَلُوا ذَلِكَ فَلَهُمْ مَا لِلْمُهَاجِرِينَ وَعَلَيْهِمْ مَا عَلَى الْمُهَاجِرِينَ فَإِنْ هُمْ أَبَوْا أَنْ يَتَحَوَّلُوا مِنْ دَارِهِمْ إِلَى دَارِ الْمُهَاجِرِينَ فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّهُمْ يَكُونُونَ كَأَعْرَابِ الْمُسْلِمِينَ يَجْرِى عَلَيْهِمْ حُكْمُ اللَّهِ الَّذِى يَجْرِى عَلَى الْعَرَبِ وَلاَ يَكُونُ لَهُمْ مِنَ الْفَيْءِ وَلاَ مِنَ الْغَنِيمَةِ شَيْءٌ إِلاَّ أَنْ يُجَاهِدُوا مَعَ الْمُسْلِمِينَ فَإِنْ أَبَوْا فَسَلْهُمْ إِعْطَاءَ الْجِزْيَةِ فَإِنْ فَعَلُوا فَكُفَّ عَنْهُمْ فَإِنْ هُمْ أَبَوْا فَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ وَقَاتِلْهُمْ».[1]

بەناوی خودا دەست بکەن بە غەزاو لەڕێگەی خودادا شەڕبکەنو دژی بێباوەڕان بجەنگن. غەزابکەن دزیو فڕتو فێڵ لە غەنیمەتو دەستکەوتەکانی جەنگدا مەکەن، بێ وادەو بەڵێن مەبن، نامەردیو کاری نەشیاو مەکەن، جەستەی کوژراوانی دوژمن مەشێوێنن ئەتکیان مەکەن سوکایەتیان پێ مەکەن. منداڵ مەکوژن. ئەی فەرماندەو لێپرسراوی موسوڵمانان لەجەنگدا! کاتێك خۆتو هاوەڵانت ڕوبەڕوی دوژمن بوونەوە لە کافرو هاوبەش پەیداکەران، داوایان لێ بکەو سەرپشکیان بکە لەنێوان یەکێ لەم سێ ڕەوشتە قبوڵ بکەن، هەرکامێك لەم سێ شتەیان قبوڵ کرد تۆیش قبوڵت بێو شەڕیان لەگەڵ مەکە.

یەکەم شت داوایان لێ بکە ئیمان بێننو ئایینی پیرۆزی ئیسلام قبوڵ بکەن، کە ئەمەیان قبوڵ کرد تۆیش لێیان قبوڵ بکەو وازبێنە لەشەڕکردن دژیان. کە موسوڵمان بوون ئەمجار داوایان لێ بکە کۆچ بکەن، لە وڵاتی خۆیانەوە بگوێزنەوە بۆ مەدینە: کە پایتەختو شوێنی فەرمانڕەوایی موسوڵمانانەو بە (دار الهجرة) ناسراوە پێیان ڕابگەیەنە ئەگەر ئەمە جێبەجێ بکەنو کۆچ بکەن بۆ مەدینە ئەوە چ مافو ئەرکێك بۆ کۆچکاران

---

[1] صحيح: (مختصر م/١١١١)، م(١٧٣١/١٣٥٦/٣)، ت(١٤٢٩/٤٣١/٢) مختصراً.

(مهاجرين) هەیە بۆ ئەوانیش دەستەبەر دەبێ‌و بێ کەم‌و زیاد حاڵیان حاڵی کۆچکاران دەبێ.

خۆئەگەر نەیانەویست کۆچ بکەن‌و بڕیاندا لەزێدی خۆیان بمێننەوە، ئەوە وەکوو موسوڵمانە سارانشینەکان حیساب دەکرێن‌و حاڵیان وەکوو حاڵی ئەوان دەبێ. هەر بڕیارو شەریعەتێکی خودا موسوڵمانان بگرێتەوە ئەوانیش دەگرێتەوەو دەبێ ملکەچی فەرمان‌و یاسای ئیسلام بن، وەلێ لە دەستکەوت‌و غەنیمەتی جەنگ‌و دەستکەوتی مفت (فەیئ) بەشیان نادرێتێ‌و پشکیان بۆ داناندرێ، مەگەر ئەوانیش لەتەك موسوڵماناندا بچن بۆ غەزاو هاوبەشی جەنگان دژی بێباوەڕان بکەن.

دووەم شت: کە رازی نەبوون موسوڵمان ببن داوای سەرانەیان لێ بکە، کە رازی بوون سەرانە بدەن ئەوە سەرانەیان لێ وەربگرەو شەڕیان لەگەڵ مەکە.

سێیەم شت: ئەگەر موسوڵمان نەبوون‌و سەرانەشیان نەدا هەردوو پێشنیارەکەیان رەتکردەوە، ئەوە پشت بەخودا ببەستەو داوای یارمەتی لێ بکەو شەڕیان لەگەڵ بکە.

لە ئیبنو عومەرەوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: لە غەزایەکدا ئافرەتێك بیندرا کوژرابوو، ئیتر پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نەهی کرد لە کوشتنی ئافرەت‌و منداڵ.[1]

پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) موعازی کوڕی جەبەلی نارد بۆسەر ئەهلی یەمەن ببێتە مامۆستایان‌و فێری ئایینیان بکا، بەم شێوە ئامۆژگاری کردو پێی فەرموو: «إِنَّكَ سَتَأْتِي قَوْمًا أَهْلَ كِتَابٍ ، فَادْعُهُمْ إِلَى أَنْ يَشْهَدُوا أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لَكَ بِذَلِكَ ، فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّ اللَّهَ

---

[1] متفق عليه: خ(٣٠١٥/١٤٨/٦)، م(١٧٤٤/١٣٦٤/٣)، د(٢٦٥١/٣٢٩/٧)، ت(١٦١٧/٦٦/٣)، جة(٢٨٤١/٩٤٧/٢).

قَدْ فَرَضَ عَلَيْهِمْ خَمْسَ صَلَوَاتٍ فِي كُلِّ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لَكَ بِذَلِكَ فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّ اللَّهَ قَدْ فَرَضَ عَلَيْهِمْ صَدَقَةً تُؤْخَذُ مِنْ أَغْنِيَائِهِمْ فَتُرَدُّ عَلَى فُقَرَائِهِمْ ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لَكَ بِذَلِكَ فَإِيَّاكَ وَكَرَائِمَ أَمْوَالِهِمْ ، وَاتَّقِ دَعْوَةَ الْمَظْلُومِ ، فَإِنَّهُ لَيْسَ بَيْنَهُ وَبَيْنَ اللَّهِ حِجَابٌ».[1] ئەی موعاز تۆ دەچییە سەر گەل‌و نەتەوەیەك خاوەن نامەی ئاسمانین، بانگیان بكە بۆئەوەی شایەتومان بێنن‌و بڵێن: (أَنْ يَشْهَدُوا أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ) شایەتی دەدەین جگە لەخودای تاك‌و تەنها هیچ خودای تر نین شیاوی پەرستن بن، موحەممەدی كوڕی عەبدوڵلاش پێغەمبەرو فروستادەی خودایە، جا ئەگەر بەقسەیان كردی‌و شایەتومانیان هێنا، پێیان رابگەیەنە كە خودا زەكاتی لەسەر پێویست كردون بڕێ ماڵ وەردەگیرێ لە دەوڵەمەندەكانیان‌و بەسەر هەژارەكانیاندا دابەش دەكرێتەوە. ئەگەر ئەمەشیان قبوڵ بوو رازی بوون، ئەمجار لەكاتی زەكات لێ وەرگرتنیاندا خۆت بپارێزە لەوەی كام ماڵ‌و سامانیان زۆر باش‌و خۆشەویستە لایان لێیان وەربگریێ، خۆت بپارێزە لە نزاو ناڵەی ستەم لێكراو، نەچی زوڵم‌و ستەم لەخەڵك بكەی، چونكە گومانت نەبێ لەنێوان نزاو پاڕانەوەی ستەم لێكراوو پەروەردگاردا پەردەنیە.

غەزاكردن‌و جیهاد لەسەر كێ پێویستە؟

جیهاد واجب‌و پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێكی باڵغ‌و عاقڵ‌و ئازادو نێرینەو خاوەن توانا لەسەر شەڕو دارایی ئەوەی هەبێ تا لەغەزاكەی دەگەڕێتەوە بەشی خۆی‌و ماڵ‌و خێزانی بكا، واجببونی جیهاد لەسەر موسوڵمان‌و واجب نەبوونی لەسەر كافر ئاشكرایە، چونكە جیهاد بریتییە لە شەڕو جەنگان دژی كافر.

---

[1] متفق عليه: خ(١٤٥٨)، م(١٩).

واجببونیـشی لەسـەر بـاڵغو واجـب نـەبوونی لەسـەر نابـاڵغ ئامـاژە بـەو فـەرموودەی ئیبنـو عومـەر دەیگێڕێتـەوە دەفـەرموێ: ڕۆژی غـەزای ئوحـود تەمەنم چواردەساڵ بـوو نیـشانی پێغەمبـەر (درودی خودای لەسـەر بـێ) درام بۆئەوەی ڕێگەم پـێ بـدا هاوبەشـی غەزاکە بکەم ڕێگەی نـەدام، پاشـان ڕۆژی غـەزای خەنـدەق تەمـەنم پـانزە سـاڵ بـوو نیـشانی پێغەمبـەر درام بۆئـەوەی ڕێگام بدا هاوبەشی غەزاکە بکەم ڕێگای دام.[١]

ئەوەش کەجیهاد لەسەر پیاوی عاقڵ واجبەو لەسەر بێ عەقڵ واجب نیە ئەوە بەپێی ئەو فەرموودەی دەفەرموێ: «رُفِـعَ الْقَلَـمُ عَـنْ ثَلاَثَـةٍ».[٢] بەڵگـەی ئەوەش: کە جیهاد لەسەر پیاوان واجبـەو لەسـەر ئـافرەت پێویـست نیـە. ئـەو فەرمودەیەیە: کە عائیشە ریوایەتی دەکا دەفەرموێ: عەرزی پێغەمبەرم کردو وتم: ئەی پێغەمبەری خودا! ئایا ئافرەتان جیهادیان لەسەرە؟ فەرمووی: بەڵێ (جیهاد لا قتال فیە: الْحَجِّ وَالْعُمْرَةِ). جیهادێکیان لەسەرە شەڕی تێدانیە: حەجو عومرە بکەن ئەوە جیهادی ئەوانە.

واجب نەبوونی جیهاد لەسەر نەخۆشو نـەداراش بـەپێی ئـەو ئایەتـەیـە: کە دەفەرموێ: { لَيْسَ عَلَى الضُّعَفَاءِ وَلا عَلَى الْمَرْضَى وَلا عَلَى الَّذِينَ لا يَجِـدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ إِذَا نَـصَحُوا لِلَّـهِ وَرَسُولِهِ – التوبـة/ ٩١} جیهـاد پێویـست نیـە لەسەر لاوازو نەخۆشو نەدارا...............

هۆی ئەوەش کە جیهاد لەسەر غـەیری پیـاوی ئـازاد واجـب نیـە ئەوەیـە: کۆیلە مڵکی ئاغاکەیەتیو بەبێ ئیزنو ڕەزامەندیی ئەو ناتوانێ جیهاد بکا.

---

[١] متفق علیە: خ(٢٦٦٤/٢٧٦/٥)، م(١٨٦٨/١٤٩٠/٣)، ت(١٧٦٣/١٢٧/٣).

[٢] لەوەپێش چەند جارێك تێپەڕیوە.

ج كاتێ جیهاد دەبێتە فەرزی عەین و لەسەر هەموو کەس پێویست دەبێ

جیهاد نابێتە فەرزی عەین مەگەر لەم حاڵەتانەدا بێ:

١- ئەوکەسەی جیهادی لەسەرە بچێتە ڕیزی شەڕکەرانەوە، ئیتر ئەوکاتە بە نیسبەت ئەو، فەرزی کیفایەنیەو فەرزی عەینە. قورئان دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَاثْبُتُوا – الأنفال/٤٥} ئەی خاوەن باوەڕان هەرکاتێ ڕووبەڕووی بێباوەڕان بوونەوە پشت هەڵمەکەن و لە بەرامبەریاندا خۆتان ڕابگرن.

یان دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا زَحْفاً فَلا تُوَلُّوهُمُ الأَدْبَارَ – التوبة/١٥} ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوەو خاوەن باوەڕن هەرکاتێ بەرەنگاری پێڕی بێباوەڕان بوونەوەو هێرشیان بۆ هێنان، پشت هەڵمەکەن و لەبەریان هەڵمەیەن.

٢- هەرکاتێك سوپای بێباوەڕان وڵاتێکی لە وڵاتی موسوڵمانان داگیرکرد، ئەوە پێویستە موسوڵمانان تێکڕا پەلاماری دوژمن بدەن.

٣- هەرکاتێك فەرمانڕەوا فەرمانی بەیەکێك کرد بچێ بۆ جیهاد بەنیسبەت ئەوکەسەوە جیهاد دەبێتە فەرزی عەین. ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: (لاَ هِجْرَةَ بَعْدَ الْفَتْحِ وَلَكِنْ جِهَادٌ وَنِيَّةٌ ، وَإِذَا اسْتُنْفِرْتُمْ فَانْفِرُوا)[1]

---

[1] متفق علیه: خ(٦/٣/٢٧٨٣)، م(٢/٩٨٦/١٣٥٣)، ت(٣/٧٤/١٦٣٨)، د(٧/١٥٧/٢٤٦٣).

دیلی جەنگ

ئەوانەی لە کۆمەڵی کافران دەرفێندرێن دوو جۆرن:

جۆرێکیان بەخودی فڕاندنەکەیان دەبنە کۆیلە، ئەوانە ئافرەتو منداڵن.چونکە پێغەمبەر نەهی کرد لە کوشتنی ئافرەتو منداڵی بێباوەڕان، دابو نەریتی وابوو وەکووماڵو سامان دابەشی دەکردن بەسەر موسوڵماناندا.

جۆرێکیان بەخودی فڕاندنو گرتنیان نابنە کۆیلە. ئەمەش پیاوە باڵغەکانیانن، فەرمانڕەوای موسوڵمانان تێیاندا سەرپشکە بیانکوژێ، یان بیانکاتە کۆیلە، یان بە پیاوەتیو ماڵ یان لەبەرامبەر ئازادکردنی دیلی موسوڵمان بەرەڵایان بکا.

ئیمام سەرپشکە لەم سێ حاڵەتە کامەی بە مەصڵەحەت زانی ئەوەیان لەگەڵ بکا،، قورئان دەفەرموێ: {مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الأَرْضِ – التوبة/٦٧}.

بێگومان پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پیاوە دیلەکانی بەنو قوڕەیظەی کوشتن، پیاوە دیلەکانی بەنو موصطەلەقی کردنە کۆیلە.

بە پیاوەتیو منەت لەسەرنان ئەبولعاصی کوڕی رەبیعو ثومامەی کوڕی ئاثالی بەرەڵڵاکردنو ئازادی کردن، دیلەکانی غەزای بەدریشی بەپارە بەرەڵڵا کردن، پیاوێکی دیلی کافریشی بەدوو پیاوی دیلی موسوڵمان گۆڕینەوە. دیلە کافرەکەی مەرەخەس کرد لەبەرامبەر مەرەخەسکردنی دوو دیلە موسوڵمانەکە. قورئان دەفەرموێ: {فَإِذا لَقِيتُمْ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّى إِذَا أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنّاً بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً حَتَّى تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا ذَلِكَ وَلَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لانتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَكِنْ لِيَبْلُوَ بَعْضَكُمْ بِبَعْضٍ وَالَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَلَنْ يُضِلَّ أَعْمَالَهُمْ – محمد/٤} ئەی کۆمەڵی موسوڵمانان: هەرکاتێ بەرەو ڕووی کافرەکان بوونەوەو شەڕ لەنێوان ئێوەو ئەواندا بەرپا بوو دەستیان لێ

مەپارێزن، هێزو توانای خۆتان بخەنە گەڕ بۆ تێکشکاندنیان، جا کەشەڕ تەواو بوو زۆرتان لێ کوشتن‌و خوێنیان ڕژا، لێشیان بەدیل گیرا ئەوکاتە دیلەکانیان بەتوندی کۆت‌و بەند بکەن، مەهێڵن ڕزگاریان بێ، ئەمجار ئێوە سەرپشکن لەنێوان ئەوەدا بەمنەت‌و پیاوەتی بەرەڵلایان بکەن یان بەفیدیەو ماڵ لێ وەرگرتن یان بەگۆڕینەوەی دیل بەدیل مەرەخەسیان بکەن، ئەوە بڕیاری خودایە دەربارەی جیهاد دژی کافران، پەروەردگار بۆخۆی دەتوانێ کۆمەڵی کوفر لەناو بەرێ، تۆڵەی سەرپێچی‌و ستەمکارییان لێ بستێنێ، وەلێ خودا فەرمانی بەئێوەی موسوڵمان کردووە؛ کە بجەنگن دژیان بۆ ئەوەی دەربکەوێ کێ فەرمانبەرداری فەرمانی خودایە، ئەوانەی لەپێناو ئایینی خودادا شەهید دەکرێن، پەروەردگار ئەرك‌و ماندوبوون‌و خۆبەختکردنیان بەفیڕۆ نادا، کردەوەکانیان پوچ ناکاتەوە.

چەك‌و تفاقی شەڕکەری بێ باوەڕ ئەگەر کوژرا دەبێتە مڵکی بکوژە موسوڵمانەکەی. پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەفەرموێ: (وَمَنْ قَتَلَ قَتِيلاً فَلَهُ سَلَبُهُ).[1] کەسێك کافرێك بکوژێ چەك‌و تفاقی شەڕکردنی دەبێتە مڵکی بکوژە موسوڵمانەکەی. مەبەست بە (سلب) پۆشاك‌و سیلاح‌و خشڵ‌و ئەو ئەسپەی بەسەر پشتیەوە کوژراوە.

غەنیمەت‌و دەسکەوتەکانی جەنگ

دوای تەواوبوونی شەڕو سەرژمێری دەستکەوت‌و غەنیمەت ئەمجار بەم شێوەیە دەستکەوتەکان دابەش دەکرێن، هەموو دەستکەوتەکە دەکرێتە پێنج بەش چوار بەشیان بەسەر جەنگاوەرانی ئامادەبووی غەزاکەدا دابەش دەکرێ.

---

[1] متفق عليه: خ(٣١٤٢/٢٤٧/٦)، م(١٧٥١/١٣٧٠/٣)، ت(١٦٠٨/٦١/٣).

بۆ پیادە بەشێكو بۆ سوار سێ بەش. بەشێكی پێنج بەشەكە دەدرێتە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بە ئارەزۆی خۆی تەوزیعی دەكا.

قورئان دەفەرموێ: {وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ – الأنفال/٤١}. بزانن ئەوەی دەستتان دەكەوێ لە ماڵو سامانی كافران پێنج یەكی بۆ خوداو پێغەمبەرە. پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بە ئارەزۆی خۆی دابەشی دەكا.

لە ئیبنو عومەرەوە ریوایەتكراوە، دەفەرموێ: بەچاوی خۆم بینیم غەنیمەتو دەسكەوتی جەنگ دەكرا بە پێنج بەشو ئەمجار دابەش دەكرا. ئەو بەشەی بۆ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دادەنرا ئەوە ئەو تەشریفی تێیدا سەرپشك دەبوو بەئارەزوی خۆی تەوزیعی دەكرد.

هەر لەئەوەوە ریوایەتكراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) رۆژی خەیبەر بۆ جەنگاوەری ئەسپ سوار سێ بەشی دادەناو بۆ پیادە یەك بەش.[1]

لە ئیبنو عەبباسەوە ریوایەتكراوە: كە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) جەنگاوەری ئەسپ سوار سێ بەشی دەدایە، پیادەش یەك بەشی دەدایە.[2]
جەنگاوەری بەشداربووی غەزا بەشی بۆ دانادرێ هەتا پێنج مەرجی تێدا كۆنەبنەوە (موسوڵمانیەتی، باڵغی، عاقڵی، ئازادی، نێرینەیی) ئەگەر مەرجێكی لەمانە تێدانەبوو، دیارییەكی كەمی پێ دەدرێو بەشی سەرەكی بۆ دانادرێ، چونكە ئەو بۆخۆی جیهادی لەسەر واجب نیە.

---

[1] صحیح: (ص.جة/٢٣٠٣)، جة(٢/٩٥٢/٢٨٥٤)، خ(٦/٦٧/٢٨٦٣)، م(٣/١٣٨٣/١٧٦٢)، د(٧/٤٠٤/٢٧١٦).

[2] صحیح: (الإرواء/١٢٢٧)، هق(٦/٢٩٣).

لە عومەیرەوە: کە مەولای (ئەبو اللحم)ە دەگێڕێتەوە دەڵێ: ڕۆژی غەزای خەیبەر لەگەڵ ئاغامدا ئامادەی غەزا بووم من ئەوکاتە کۆیلە بووم، لە دەستکەوتی غەزا هیچیان بۆ دانەنام لە کەلو پەلی خراپو کەم نرخی غەنیمەتەکە شمشێرە کولارتەیەکیان دامێ کە لەشانم دەکرد لەزەوی دەخشاو ڕام دەکێشا.[1]

لە ئیبنو عەبباسەوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەری خودا ئافرەتی دەبردن بۆ غەزا، برینداریان دەرمان دەکردن، لە تالآنیو دەستکەوتی جەنگ دیاریو بەخششیان پێ دەدرا، بەڵام قەت بەشی تەواوی پێ نەداون وەکوو بە پیاوەکانی دەدا.[2]

چۆنیەتی دابەشکردنی پێنج یەکی دەستکەوت

ئەو پێنج یەکەی دەدرا بە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دابەشی بکا، دەکرا بە پێنج بەش، بەشێکی بۆ خودی پێغەمبەر بوو (درودی خودای لەسەر بێ) دوای لەدونیا دەرچوونیشی لەبەرژەوەندی موسوڵمانانندا خەرج دەکرێ. بەشێکیشی دەدرێ بە خزمو کەسوکاری پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لە خێڵی بەنو هاشمو بەنو موطەلیب. بەشێکیش دەدرێ بە هەتیوان، بەشێکیش بۆ هەژارو کەم دەرامەتان. بەشێکیش بۆ ڕێبوارو لێ قەوماوان. قورئان دەفەرموێ: { وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ – الأنفال/٤١ }.

---

[1] حسن: (ص.جة/٢٣٠٤)، ت(١٦٠٠/٥٨/٣)، د(٢٧١٢/٤٠٢/٧)، جة(٢٨٥٥/٩٥٢/٢).

[2] صحيح: (مختصر م/١١٥١)، م(١٨١٢/١٤٤٤/٣)، د(٢٧١١/٣٩٩/٧)، ت(١٩٥٨/٥٧/٣).

مفته ماڵ (ألفيئ)

مفته ماڵ بریتییه لەو ماڵو سامانەی لەكافران دەگیرێ بەبێ شەڕ وەكوو ئەوە لەترسی موسوڵمانان هەڵێنو ماڵو سامانیان لێ بەجێ بمێنێو بكەوێتە دەست موسوڵمانەكان، هەروا ماڵو سامانێ كە لەسەرانەو خەراج پەزمەندە دەبێ، یان كابرایەكی زەمیمی بمرێو میراتگری نەبێو ماڵو سامانی لەدوا بەجێ بمێنێ.

گرێبەستو عەقدی ذیمة

(ذمة) وشەیەكی عەرەبییە بە مانا عەهدو ئەمانە.

عەقدی (ذمة) ئەوەیە فەرمانڕەوا یان جێگرەكەی رازی ببێ كە لەناو وڵاتی ئیسلامدا برێ خاوەن نامە یان بێ بڕواو كافر لەسەر ئاینی خۆیان بمێننەوە بەدوو مەرج:

١- سەرانە بدەن

٢- پابەندی ئەحكامی ئیسلام بن بەشێوەیەكی گشتی.

ئەصڵو بنەمای ئەم حوكمە ئایەتی قورئانە كە پەروەردگار دەفەرموێ: {قَاتِلُوا الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلا بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنْ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ – التوبة/٢٩}: شەڕ بكەن دژی ئەوانەی ئیمانیان بەخوداو بەهاتنی رۆژی قیامەت نیە، ئەو شتەی خوداو پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) یاساغیان كردووە ئەوان بەحەرامی نازانن، هەروا دژی ئەوانەی پەیڕەوی ئایینی حەق ناكەن لەو گەلو نەتەوانەی خاوەن نامەنو ئایینەكەیان نەسخ بۆتەوە بجەنگن هەتا ناچار دەبن بە ملكەچی سەرانە دەدەن.

ئەوەی لە ئاکامی عەقدی ذیممە دێتە کایەوە

هەرکاتێك عەقدی ذیممە مۆرکراو تەواو چەسپا، ئیتر شەڕکردن دژی ئەو ذیممیانە حەرامە، دەبێ ماڵو ناموسیان پارێزراو بێ، دەبێ ئازادییان بۆ بەرجەستە بکرێ، بەهیچ شێوەیەك توشی ئەزیەتو ناڕەحەتی نەکرێن[1] ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «اغْزُوا بِسْمِ اللَّهِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ قَاتِلُوا مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ فَإِذَا لَقِيتَ عَدُوَّكَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ فَادْعُهُمْ إِلَى إِحْدَى ثَلاَثِ خِصَالٍ - أَوْ خِلاَلٍ - فَأَيَّتُهُنَّ مَا أَجَابُوكَ إِلَيْهَا فَاقْبَلْ مِنْهُمْ وَكُفَّ عَنْهُمْ ادْعُهُمْ إِلَى الإِسْلاَمِ فَإِنْ أَجَابُوكَ فَاقْبَلْ مِنْهُمْ وَكُفَّ عَنْهُمْ فَإِنْ هم أبوا فسلهم الجزية فان هم اجابوك فاقبل وكفّ عنهم».[2]

ئەو یاساو ڕێسایانەی بەسەر ئەهلی ذیممەدا جێبەجێ دەکرێ

ئەهلی ذیممە لەبواری مافی ئادەمیزادانەوە (حقوق الآدميين) ئەحکامەکانی ئیسلامیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێ، لەبواری گرێبەستو مامەڵەی کڕینو فرۆشتنو ڕەهنو بەکرێدانو ئەو شتانە، هەروا لەبواری بژاردنو خوێندانو نرخی شتی فەوتاوو ئەو جۆرە شتانە، وەکوو موسوڵمانان ئەحکامی ئیسلامیان لەسەر جێبەجێ دەکرێ، حەدو تۆڵەی شەرعییان لەسەر جێبەجێ دەکرێ.

لە ئەنەسەوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: کە جولەکەیەك سەری جارییەکی لەنێوان دوو بەردا جەڕمبابە دابوو سەری شکاندبوو تا زۆر ئێشی پێ گەیشتبوو، پێی گوترا کێ وای لێ کردی؟ فلان بوو؟ فلان بوو؟ ناویان زۆر بۆ هەڵدان تا سەرە هاتە سەر کابرای جولەکەو ناوی ئەویان لەلای هێنا، ئیتر

[1] فقه السنة ج٣/٦٥.

[2] لەوەپێش تێپەڕی، بەهەندێ جیاوازی لە دەقەکەدا.

جارییەکە بەسەری ئاماژەی کرد کە ئەو وای لێ کردووە، کابرای جولەکە گیراو دانی بەتاوانەکەیدا نا، ئیتر پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی دا بەهەمان شێوە سەری کابرای جولەکەیان خستە نێوان دوو بەردەوەو جەرەبابەیان داو بەدوو بەردەکە سەریان کوتایەوە.[1]

لە ئیبنو عومەرەوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دوو جولەکەیان هێنانە خزمەتی کە دوای ئەوە پیاوەکە ژنی هێنابوو ئافرەتەکە شووی کردبوو کەچی داوێن پیسییان کردبوو ئیتر پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی کرد بە بەردەباران کردنیان.

کەی گرێ بەستی ذیممی هەڵدەوەشێتەوە؟

هەرکاتێ باباى ذیممی سەرانەی نەدا، یان ئامادە نەبوو پابەندی ئەحکامی ئیسلامی بێ دەربارەی مافی ئادەمیزادەکان، ئەوە گرێ بەستەکەی بە هەڵوەشاوە دادەنرێ، چونکە ئەو پابەندی مەرجەکانی گرێ بەستی ذیممە نەبووە.

هەروا عەقدەکە هەڵدەوەشێتەوە بەوە کابرا دەست درێژی بکاتە سەر موسوڵمانان یان جنێو بەخوداو پێغەمبەر بدا.

لە ئیمامی عومەرەوە ریوایەتکراوە: کە کێشەی پیاوێکی هێنرایە لا کە ویستبووی بەزۆر زینا لەگەڵ ئافرەتێك بکا، حەزرەتی عومەر فەرمووی: ئێمە لەگەڵ ئێوەدا لەسەر ئەمە صولحمان نەکردووە، ئیتر فەرمانی دا لە بەیتولەقدیس لەسێدارەیاندا.[2]

---

[1] متفق علیه: خ(٦٨٧١/١٩٨/١٢)، م (١٦٧٢/١٢٩٩/٣)، د (٤٥١٢/٢٦٧/١٢).

[2] حسن (الإرواء/١٣٧٨)، ابن أبی شیبة (١١/٨٥/٢)، هق (٢٠١/٩).

له ئیمامی عەلییەوە ریوایەتکراوە، کە ئافرەتێکی جولەکە جنێوی بە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەداو تانەو تەشەری ئاراستە دەکرد، پیاوێك لەتۆڵەی ئەوەدا خنکاندی، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) خوێنەکەی بەفیڕۆ دانا.[1]

هەرکاتێك عەهدو پەیمانی ذیمی هەڵوەشایەوە، حوکمەکەی حوکمی دیلە ئەگەر موسوڵمان بوو کوشتنی حەرامە، ئەگەر موسوڵمان نەبوو ئەوە ئیمامو فەرمانڕەوا سەرپشکە لەنێوان ئەوەدا بیکوژێ، یان بەمنەتو پیاوەتی بەرەڵلای بکا، یان بەماڵو سامان یان بە دیل بیگۆڕێتەوە. وەکوو لەوەپێش لەباسی ئەحکامی دیلەکانی شەڕدا تێپەڕی.

سەرانە لەکێ وەردەگیرێ؟

له ئیمامی نافیعەوە لە ئەسلەمەوە ریوایەتکراوە: کە ئیمامی عومەر (ڕەزای خودای لێ بێ) نامەی نوسین بۆ فەرمانداکانی سوپای ئیسلام، فەرمانی پێ کردن کە سەرانە لەسەر ئافرەتو منداڵ دانەنێن. هەروا سەرانە نەخاتە سەر کەسانێك: کەتووشی کارەسات بوون کۆستیان کەوتووە.[2]

له موعازەوە ریوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کاتێك ڕەوانەی یەمەنی کرد، فەرمانی پێ کرد: کە لەهەر نێرینەیەکی بالغ دینارێك سەرانە وەربگرێ، یان بە بەهای دینارێك پۆشاکی مەعافیری وەربگرێت.[3]

دروستە ڕێژەی سەرانە زیاد بکرێ. ئاماژە بە حەدیثی ئەسلەم کە ریوایەتی کردووە، دەڵێ: عومەری کوڕی خەتتاب لەسەر خاوەن زێڕەکان چوار

---

[1] صحيح الإسناد (الإرواء: ٩١/٥)، د (٢/١٧/٤٣٤٠)، هق (٩/٢٠٠).

[2] صحيح: (الإرواء/١٢٥٥)، هق (٩/١٩٥).

[3] (الإرواء/١٢٥٤)، د (٨/٢٨٧/٣٠٢٢).

ديناری دانا، لەسەر خاوەن زیو چل دیرهەمی دانا، وێڕای ئەوەش بژێوی موسوڵمانەکانو میوانداری کردنیشیان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ.[1]

پێویستە ئیمام دەوڵەمەندیو هەژاریی سەرانە لەسەر دانراوەکان بەرچاو بگرێو بەپێی ئاستی داراییان سەرانەیان لەسەر دابنێ، ئاماژە بەوتەی ئەبو نەجیح: کە دەگێڕێتەوە دەڵێ: بەئیمامی موجاهیدم گوت: ئەوە هۆی چییە دانیشتوانی شام یەکی چوار دیناریان سەرانە لەسەر دانراوە، کەچی دانیشتوانی یەمەن یەکی دینارێکیان لەسەر دانراوە؟ لە وەڵامدا وتی: ئەوە بەپێی دەوڵەمەندیو هەژاری سەرانە لەسەر دانراوەکانە.

بەیارمەتی خودا رۆژی (٢٠١٠/٧/٢٢) لە وەرگێڕانو نووسینی ئەم کتێبە بوومەوە. خودا بیکاتە مایەی خێرو فەڕ پێویستە ئەوەش بڵێم: بە ئەنقەست کیتابی (عتق)م وەرنەگێڕاوە. بە هومێدی ئەوەی جارێکی تر ئادەمیزاد کۆیلایەتی بەخۆیەوە نەبینێ...

ملا محمودی گەلاڵەیی

---

[1] صحيح (الإرواء/١٢٦١)، هق (٩/١٩٥).

پێڕستی سەرەباسەکان

لاپەڕە	بابەت
٣	الرموز المستخدمة في التخريج
٤	پێشەکی
٧	كتاب الطهارة (نامەی پاك‌و خاوێنی)
٧	١- باسی ئاوو حوکمەکانی
٨	٢- باسی پیسی‌یەکان (باب النجاسات)
٩	هەندێ لەو شتانەی بەڵگە هەیە دەربارەی پیسیيان
١٣	چۆنیەتی پاککردنەوەی شتی پیس بوو
١٩	سونەنی فیترەت
١٩	خەتەنەکردن
٢١	ریش هێشتنەوە
٢١	سیواك
٢٣	هەڵکێشانی مووی سپی مەکرووهە
٢٤	گۆڕینی نیشانەی پیری‌و سپی بوونی مووی سەرو ریش بەخەنەو وسمەو شتی وا، نادروستی گۆڕینیشی بەرەنگی ڕەش
٢٥	داب‌و نەریتی چوونە سەرئاو
٣٢	باسی قاپ‌و قاچاغی ناو ماڵ (باب الآنية)
٣٣	خۆپاککردنەوەو دەستنوێژگرتن بۆ نوێژ (الطهارة للصلاة)
٣٣	دەستنوێژو چۆنیەتی بەئەنجامدانی
٣٤	مەرجەکانی صیحەتی دەستنوێژ
٣٦	فەرزەکانی دەستنوێژ
٤١	چۆن پەنجەی قاچەکانی دەهاژێنێتەوە؟
٤١	سوننەتەکانی دەستنوێژ
٤٥	پێویستە ئیقتصاد بکرێ لە بەکارهێنانی ئاو بۆ دەستنوێژ زێدەڕەوی کردن تێیدا حەرامە

بابەت	لاپەڕە
ئەو شتانەی دەستنوێژ بەتاڵ دەکەنەوە	٤٦
ئەوشتانەی بێ دەستنوێژ نابێ ئەنجام بدرێن (ئەو شتانەی حەرامن لەسەر بێدەستنوێژ)	٤٩
ئەو شتانەی دەستنوێژ گرتنیان بۆ سوننەتە	٥٠
مەسحکردن لەسەر خوفف	٥٤
مەرجەکانی مەسحکردن لەسەر خوفف	٥٦
ماوەی مەسح لەسەر خوف	٥٦
شوێنی مەسحو چۆنیەتیەکەی	٥٦
مەسحکردن لەسەر گۆرەوی‌و نەعل	٥٧
ئەوەی مەسح بەتاڵ دەکاتەوە	٥٧
غوسڵ کردن ئەوشتانەی غوسڵ پێویست دەکەن	٥٩
ئەرکان‌و پلەکانی غوسڵ دوو شتن	٦١
شێوەی پەسەند بۆ چۆنیەتی غوسڵ کردن	٦٢
غوسڵە سوننەتەکان	٦٦
لابردنی بێ دەستنوێژی‌و لەشگرانی بە گڵ‌و خۆڵی پاك مەشروعیەتی تەیەموم	٦٩
ئەو هۆکارانەی دەبنە مایەی ڕەوابوونی تەیەموم	٧٠
چۆنیەتی تەیەموم	٧٢
ئەو شتانەی تەیەموم پوچ دەکەنەوە	٧٢
دروستە تەیەمموم بەدیوار بکرێ	٧٤
حوکمەکانی خوێنی عادەی مانگانەو خوێنی پاش منداڵبوون	٧٤
ئەوەی لەسەر ئافرەتی حائیض‌و زەیستان حەرامە	٧٥
حوکمی کەسێك چووەلای ئافرەتی بێنوێژو تێکەوتوو لەعادەی مانگانە	٧٦
حاڵەتی هەمیشە خوێنی (الإستحاضة)	٧٧

بابەت	لاپەڕە
ئەو حوكمانەی تایبەتن بە ئافرەتی هەمیشە بێنوێژ (مستحاضة)	٧٩
كتاب الصلاة (باسی نوێژ)	٨٠
پلەو پایەی نوێژ لە ئاییندا	٨١
حوكمی نوێژ نەكەر	٨٢
نوێژ نەكردن	٨٢
نوێژ لەسەر كێ واجبە؟	٨٥
كاتەكانی نوێژ	٨٥
مەبەست بە (صلاة الوسطى) چیە؟	٨٧
واباشە نوێژی نیوەڕۆ جگە لەكاتی گەرمای زۆر لەسەرەتای كاتدا بكرێ	٨٨
واباشە لەكاتی گەرمادا نوێژی نیوەڕۆ دوابخرێ	٨٨
تاوانی فەوتاندنی نوێژی عەصر	٨٩
تاوانی كەسێك نوێژی عەصر دوابخا تاكاتی زەردەپەڕ	٨٩
واباشە نوێژی شێوان زوو ئەنجام بدرێو دوانەخرێ	٩٠
واباشە نوێژی عیشا دوابخرێ تا ئەگاتە ئاستی مەشەقەت	٩٠
نووستن پێش نوێژی خەوتنانو قسەكردنی بێ سوود دوا ئەنجامدانی مەكروهن	٩١
واباشە نوێژی بەیانی زووبكرێ (لە تاریكو رونی بەیانیدا)	٩١
كەی نوێژكەر واحیساب دەكرێ نوێژی لەكاتدا كردوە؟	٩٢
گێڕانەوەی نوێژی فەوتاو	٩٣
ئایا كەسێك بەئەنقەست نوێژی نەكرد تا كاتەكەی تێپەڕی بۆی هەیە بیگێڕێتەوە؟	٩٣
ئەوكاتانەی نەی كراوە نوێژیان تێدا بكرێ	٩٤
چەند كاتو شوێنێك لەم نەیكردنە جەرت دەكرێ	٩٥
نەهی لەكردنی نوێژی سوننەت دوای هەڵاتنی فەجرو پێش ئەنجامدانی نوێژی بەیانی	٩٨

بابەت	لاپەڕە
نەهی کردن لەئەنجامدانی نوێژی سوننەت: کە نوێژی فەرز دابەسترا	٩٨
ئەو شوێنانەی نەهی لێ کراوە نوێژیان تێدا بکرێ	٩٨
زەوی هەمووی مزگەوتەو دروستە نوێژی تێدابکرێ جگە لەو چەند شوێنانەی لەم چەند حەدیثەی دواییدا چەرت کراون	٩٩
بانگ	١٠٠
گەورەیی بانگ	١٠١
شێوەی بانگو چۆنیەتی	١٠١
واباشە بانگدەر هەردوو «الله أكبر» بخاتە ناو یەك هەناسەوە	١٠٣
تەثویب کردن لەبانگی بەیانیدا	١٠٤
واباشە بانگ لەسەرەتای کاتی نوێژەوە بدرێ، بۆ نوێژی بەیانیش پێش هاتنی کاتەکەی	١٠٤
ئەو ذیکرو دوعایانەی لەکاتی بیستنی بانگو قامەتدا دەگوترێن	١٠٥
ئەوەی بۆ بانگبێژ سوننەتە	١٠٨
ماوەی نێوان بانگو قامەت	١١٠
نەهی کردن لەوەی دوای بانگدان لەمزگەوت دەربچی	١١٠
بانگو قامەت بۆ نوێژی فەوتاو	١١١
مەرجەکانی صیحەتی نوێژ	١١٢
شێوەی چۆنیەتی کردنی نوێژ	١١٨
پایەو کۆڵەکەکانی نوێژ (أركان الصلاة)	١٢٢
واجبەکانی نوێژ	١٣٠
نزیکی نوێژکەر لە لەمپەرو (سُترة)	١٣٣
حەرامە بەبەردەم نوێژکەردا تێپەڕی	١٣٥
سوترەو کۆڵەکەی پێش نوێژ (ئیمام) بۆ مەئمومیش حلێبە	١٣٦
سوننەتەکانی نوێژ	١٣٦
ئەو ذیکرو دوعایانەی لەدوا نوێژ مەشروعن	١٤٩

بابەت	لاپەڕە
ئەو كردەوانەی لەناو نوێژدا مەكروهو ناباشە	١٥٢
ئەوەی كردنی ڕەوایە لەناو نوێژدا	١٥٨
ئەو شتانەی نوێژ بەتاڵ دەكەنەوە	١٦٢
نوێژی سوننەت، گەورەیی‌و فەڕی ئەم جۆرە نوێژە	١٦٤
واباشە نوێژی سوننەت لەماڵەوە بكرێ	١٦٥
جۆرەكانی نوێژی سوننەت	١٦٥
سوننەتی جەخت لەسەر نەكراو (غیر مؤكد)	١٦٧
سوننەت‌و باشە كە هەمیشە پێش نوێژی عەصر چوار ركات نوێژی سوننەت بكەی	١٦٧
واباشە لەنێوان نوێژی شێوان‌و خەوتناندا نوێژی سوننەت بكرێ	١٦٨
ئەو سورەتانەی پێغەمبەری خودا لەبرێ لەم نوێژانەدا دەیخوێند	١٦٨
نوێژی ویتر (نوێژی یەك ركات) حوكمی نوێژی ویترو فەضل‌و گەورەیی	١٦٩
كاتی نوێژی ویتر	١٧٠
ژمارەی ركاتی نوێژی ویترو شێوازو صیفەتی	١٧١
خوێندنی قنوت لەنوێژی ویتردا	١٧٣
شەونوێژ (قیام اللیل)	١٧٥
شەونوێژ لە ڕەمەزاندا زیاتر جەختی لەسەر كراوتەوە	١٧٦
ژمارەی ڕكاتەكانی شەونوێژ	١٧٦
ڕەوایی ئەنجامدانی شەونوێژی ڕەمەزان بەجەماعەت	١٧٦
واباشە لەغەیری ڕەمەزانیشا پیاو ماڵ‌و منداڵی بەشەو بەخەبەر بێنێ بۆ شەونوێژ	١٧٧
گێڕانەوەی نوێژی شەونوێژ (ئەگەر فەوتابوو)	١٧٨
كەسێك بەوە ڕاهات شەونوێژ بكاو دوایی وازی لێ بهێنێ كارێكی خراپە	١٧٩
نوێژی چێشتەنگاو (نوێژی تۆبەكاران) ، ڕەوایی نوێژی چێشتەنگاو	١٧٩

لاپەڕە	بابەت
١٧٩	گەورەیی نوێژی چێشتەنگاو
١٨٠	ژمارەی رکاتی سوننەتی چێشتەنگاو
١٨٠	باشترین کات بۆ بەجێهێنانی نوێژی سوننەتی چێشتەنگاو
١٨١	سوننەتی دوا دەستنوێژ شتن (سنة الوضوء)
١٨١	نوێژی ئیستیخارە
١٨٢	نوێژی خۆرگیران
١٨٣	وتارخوێندنەوە دوای نوێژی خۆرگیران
١٨٥	نوێژ بارانە
١٨٦	سوجدەی قورئان خوێندن
١٨٧	حوکمی سوژدە
١٨٨	گەورەیی سوژدەی تیلاوەت
١٨٨	چی لە سوژدەی تیلاوەتدا دەگوترێ
١٨٩	سوژدەی شوکر
١٩٠	سوژدەی سەهو
١٩٤	حوکمی سوژدەی سەهو
١٩٤	کەیو بۆچی سوژدەی سەهو دەبردرێ؟
١٩٦	سوژدەی سەهو بەقەرەبوو کردنەوەی نەکردنی سونەتێك
١٩٦	نوێژی بەکۆمەڵ (الصلاة الجماعة) ، حوکمی نوێژی بەکۆمەڵ
١٩٩	فەضلو گەورەیی نوێژ بەجەماعەت
٢٠٠	ئایا ئافرەت ئامادەی نوێژی جەماعەت دەبن؟
٢٠١	نوێژکردنی ئافرەت لەماڵەوە باشترە تا لەمزگەوت
٢٠٢	رێو شوێنی چوون بۆ مزگەوت
٢٠٣	ذیکرو دوعای ئەو کاتەی لەماڵ دەردەچی
٢٠٤	ذیکرو نزای کاتی چوونە ناو مزگەوت
٢٠٥	نوێژی (تحیةالمسجد)

بابەت	لاپەڕە
ئەگەر قامەت بۆ نوێژی فەرزكرا نوێژی تر ناكرێ	٢٠٧
گەورەیی پێڕاگەیشتنی نوێژ دابەستنی ئیمام	٢٠٨
كەسێك هاتە مزگەوتو ئیمام لەنوێژ بوبوەوە	٢٠٨
چوونە ناو نوێژ لەگەڵ ئیمام بەهەرشێوەیەك بێ	٢٠٩
كەی نوێژكەر واحیساب دەكرێ فریا ركاتێك كەوتووە؟	٢١٠
كەسێك نەچێتە ریزەوەو روكوع بەرێ	٢١٠
واباشە ئیمام نوێژ درێژنەكاتەوە	٢١١
واباشە ئیمام ركاتی یەكەم درێژ بكاتەوە	٢١٢
پێویستە شوێن ئیمام بكەویو لێی پێش نەكەوی	٢١٢
كێ شیاوی ئەوەیە ببێتە پێشنوێژ!	٢١٣
پێشنوێژی كردنی منداڵ	٢١٤
دروستە ئەوكەسەی نوێژی فەرزدەكا ئیقتیدا بەكەسێكەوە بكا كەنوێژی سونەت دەكاو بە پێچەوانەشەوە	٢١٤
ئیقتیداكردنی موقیم بە سەفەریو بە پێچەوانەشەوە	٢١٥
ئەگەر سەفەری لەپاش پێشنوێژیكەری موقیمەوە نوێژی كرد دەبێ نوێژەكەی تەواوبكا بە قەصر نەیكا	٢١٥
ئیمام بەدانیشتنەوە نوێژبكا دەبێ مەئمومییەكانیشی بەدانیشتنەوە نوێژی لەگەڵ بكەن	٢١٦
ئەگەر لەگەڵ ئیمامدا یەك مەئموم هەبوو دەبێ لەلای راستی ئیمامو لەرێكی ئەو بوەستێ	٢١٧
ئەگەر مەئموم دوو یان زیاتر بوون ئەوە لەدوا ئیمامەوە ریز دەبەستن	٢١٧
ئەگەر مەئموم ئافرەت بوو دەبێ لەدوا ئیمامەوە بوەستێ	٢١٨
پێویستە ریزی نوێژكەران رێكو پێك بكرێن	٢١٨
ریزی نوێژكەران چۆن رێك دەخرێ؟	٢٢٠
ریزی پیاوانو ریزی ئافرەتان	٢٢٠

بابەت	لاپەڕە
گەورەیی‌و خێری زۆری ریزی یەکەم‌و لای راستی ئیمام	٢٢٠
دەبێ کێ لەپاش ئیمامەوە بێ؟	٢٢١
ریزبوون بۆ نوێژ لەنێوان کۆڵەکەو پایەدا مەکروهە	٢٢١
بیانوی نەچوون بۆ نوێژی جەماعەت	٢٢٢
نوێژی سەفەری	٢٢٣
مەسافەی قەصر	٢٢٥
ئەو جێگەیەی نوێژی لێ کورت دەکرێتەوە	٢٢٥
کۆکردنەوەی دوو نوێژ ، هۆکاری کۆکردنەوەی دوو نوێژ	٢٢٧
نوێژی هەینی (الجمعة)	٢٣٠
هەڵنان بۆ بەجێ هێنانی نوێژی هەینی	٢٣١
ترساندن‌و هەڕەشەکردن لەکەمتەرخەمی کردن لەئەنجامدانی نوێژی هەینی	٢٣٢
کاتی بەجێهێنانی نوێژی هەینی	٢٣٣
رێنومایی کردنی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەبارەی وتاری هەینییەوە	٢٣٤
خوتبەی پێویستی (خطبة الحاجة)	٢٣٦
لەکاتی وتار خوێندنەوەی خەتیبدا پێویستە بێدەنگ گوێ بگری هیچ قسەیەك نەکرێ	٢٣٧
بەچی تۆ بەجومعە رادەگەی؟!	٢٣٨
نوێژی سوننەتی پێش نوێژی هەینی‌و دواوەی	٢٣٨
ئادابی رۆژی هەینی	٢٣٩
ئەو زیکرو دوعایانەی لەرۆژی هەینی‌دا سوننەتە	٢٤١
نوێژی هەینی لەمزگەوتدا بەجێ دەهێندرێ	٢٤٣
کۆبونەوەی نوێژی جەژن‌و نوێژی هەینی لەیەك رۆژدا	٢٤٣
نوێژی جەژنی رەمەزان‌و جەژنی قوربان ، حوکمی نوێژەکانی جەژن	٢٤٤

بابەت	لاپەڕە
کاتی ئەنجامدانی نوێژی جەژن	٢٤٥
چونە دەر بۆ ئەنجامدانی نوێژی جەژن	٢٤٦
ئایا بانگو قامەت بۆ نوێژی جەژن پێویستە؟!	٢٤٦
چۆنیەتی نوێژی جەژن	٢٤٦
ئەو ئایەتو سورەتانەی لەنوێژی جەژنو جومعەدا دەخوێندرێن	٢٤٧
وتاری جەژن دوای بەجێهێنانی نوێژەکەیەتی	٢٤٧
بەجێ هێنانی نوێژی سوننەت پێش نوێژی جەژنو دوای نوێژی جەژن	٢٤٨
ئەوکارانەی لەرۆژی جەژندا سوننەتن	٢٤٨
نوێژی ترس	٢٥٢
سیفەتو شێوەی نوێژی ترس	٢٥٣
باسی بەڕێکردنی مردو (کتاب الجنائز)	٢٥٥
ئەوەی پێویستە لەسەر کەسوکاری مردوو	٢٥٩
صەبرو ئارامی لەسەر مردنی منداڵ پاداشی زۆر گەورەیە	٢٦١
ئەوەی یاساغە لەسەر کەسوکاری مردو	٢٦٢
ئەوەی پێویستە لەگەڵ مردووەکە بکرێ	٢٦٤
چۆنیەتی غوسڵ: (شۆردنی مردوو)	٢٦٤
کێ سەرپەرشتی شتنی مردووەکە دەکا؟	٢٦٥
ئاگادارییەك: شەهیدی گۆڕەپانی جەنگ ناشۆردرێ	٢٦٧
واباشە کفن چەند شتێکی تێدا رەچاوبکرێ	٢٦٨
نوێژ لەسەر تەرم	٢٦٩
نوێژی جەنازە لەکوێ ئەنجام دەدرێ؟	٢٧٢
لەکاتی نوێژکردن لەسەر مردو ئیمام لەکوێوە ڕادەوەستێ؟	٢٧٤
چۆنیەتی نوێژی جەنازە	٢٧٥
گەورەییو فەری نوێژکردن لەسەر جەنازەو شوێنکەوتنی بۆ گۆڕستان	٢٨٠
دەبێ موسوڵمان کە چووە ناو گۆڕستانەوە یان بەلایدا تێپەڕی چی بڵێ؟	٢٨٣

بابەت	لاپەڕە
دفنكردن	٢٨٤
پێویستە گۆڕ قوڵ بێو فراوان بێو ڕێكوپێك بێ	٢٨٦
لەدوای دفنكردنی مردو چەند شتێك سوننەتن	٢٩٠
تەعزیەو سەرەخۆشی	٢٩٧
پێویستە خۆ لەدوو شت بپارێزێ، هەرچەند خەڵكی باری پێوە گرتبێ	٢٩٨
ئەوەی مردوو سوودی لێ دەبینێ	٢٩٩
دێدەنی گۆڕستان	٣٠١
وەڵێ دیدەنی ئافرەت بۆ گۆڕستان چەند مەرجێكی هەیە	٣٠٢
ئەو شتانەی حەرامن لای گۆڕ بكرێن	٣٠٣
باسی ڕۆژو (كتاب الصیام)، حوكمی ڕۆژو	٣٠٦
گەورەیی‌و فەڕی ڕۆژو	٣٠٧
ڕۆژوی ڕەمەزان بە بینینی مانگی یەكشەوە واجب دەبێ	٣٠٩
بەچی دەزاندرێ مانگی ڕەمەزان هاتووە؟	٣٠٩
ڕۆژو لەسەر كێ پێویستە؟	٣١٢
ڕۆژو شكاندن یان بەڕۆژو بوون بۆ نەخۆش‌و مەسافیر كامیان باشترە؟	٣١٣
ئافرەتی سكپڕو ئافرەتی شیردەر	٣١٥
ئەندازەی ئەو خواردنەی دەیدا بەهەژار	٣١٦
ڕوكنەكانی ڕۆژو	٣١٧
ئەوەی ڕۆژوی پێ دەشكێ شەش شتە	٣١٨
ئادابی ڕۆژوو	٣٢٠
ئەوەی بۆ ڕۆژوەوان ڕەوایە بیكا	٣٢٣
ڕۆژوی سوننەت	٣٢٥
ئەو ڕۆژانەی نەهی كراوە تێیاندا بەڕۆژو بێ	٣٢٨
نابێ ئافرەت ڕۆژوی سوننەت بگرێ مێردی لەماڵ بێو ئیزنی نەدابێ	٣٣٢
ئیعتیكاف: مانەوە لەمزگەوت بەنیازی خوداپەرستی	٣٣٢

بابەت	لاپەڕە
پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هەمیشە هاوەڵانی هەڵدەنا بۆ ئەنجامدانی ئیعتیکاف	٣٣٣
كتاب الزكاة (باسی زەكات) ، پلەوپایەی زەكات لەئاییندا	٣٣٤
هەڕەشە لەوانەی زەكات نادەن	٣٣٦
حوكمی زەكات نەدەر	٣٣٨
زەكات لەسەر كێ واجبە؟	٣٤٠
ئەو ماڵو سامانەی زەكاتی تێدا واجب دەبێ	٣٤١
زەكاتی نەخدینە (زێڕو زیو)، ئەو ئەندازەیەی زەكاتی تێدا واجب دەبێو ئەندازەی زەكاتەكە	٣٤١
زەكاتی خشڵ	٣٤١
زەكاتی كشتو كاڵو بەروبومو میوە	٣٤٢
ئەو جۆرانەی زەكاتیان تێدایە	٣٤٣
ئەندازە (نیصاب)	٣٤٤
ئەو ئەندازەی واجبە بدرێ	٣٤٤
خەرساندنی خورماو ترێ	٣٤٥
زەكاتی ئاژەڵ	٣٤٥
مەرجی واجبوونی زەكات لە ئاژەڵدا	٣٥٠
ئەوەی نابێ بەزەكات وەربگیرێ	٣٥٠
حوكمی ئاژەڵی تێكەڵكراو	٣٥١
زەكاتی ماڵو سامانی دەفنكراوی پێشینان (زكاة الركاز)	٣٥٢
ئەوانەی زەكاتیان دەدرێتێ (مصارف الزكاة)	٣٥٢
سەرفیترە (زكاة الفطر)	٣٦١
حیكمەتو فەلسەفەی سەرفیترە	٣٦١
سەرفیترە لەسەر كێ واجبە؟	٣٦١
ئەندازەی سەرفیترە	٣٦٢

بابەت	لاپەڕە
کاتی دەرکردنی زەکاتی سەرفیترە	٣٦٣
خێرو صەدەقەیەکە واجب نەبێ	٣٦٤
باسی حەج ، گەورەیی‌و خێرو فەڕی حەج‌و عەمرە	٣٦٥
حوکمی حەج	٣٦٦
حەجی منداڵ‌و کۆیلە	٣٦٩
توانای دارایی بۆ ئەنجامدانی حەج	٣٧٠
حەجکردنی ئافرەت	٣٧١
حەج نابێ دوابخرێ	٣٧١
کات‌و شوێنی حەجکردن. (المواقیت)	٣٧٢
میقاتە زەمانییەکان	٣٧٢
میقاتە مەکانییەکان	٣٧٢
تێپەڕبوون لە میقات بەبێ ئەوەی ئیحرام ببەستێ	٣٧٤
ئیحرام بەستن لەمیقات	٣٧٥
چۆنیەتی حەجی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ)	٣٧٩
حەج عیباداتێکە لە عیباداتەکانی ئەرکان‌و واجبات‌و سوننەتی تێدان یەکەم: سوننەتەکانی حەج	٣٨٧
روکنەکانی حەج	٣٩٦
واجباتی حەج: کارە پێویستەکانی حەج	٣٩٨
کاتی شەیتان رەجمکردن	٤٠١
کاتی شەیتان رەجمکردن لەدوای زەوالەوە تا ئێوارەیە	٤٠١
(تنبیە) وریایی کردنەوەیەیێك	٤٠٢
مەرجەکانی تەواف	٤٠٤
مەرجەکانی هاتووچۆی نێوان صەفاو مەڕوە	٤٠٧
کارە نارەواکانی ئیحرام: ئەو کارانەی یاساغە لەسەر ئیحرام بەستوو	٤٠٧
ئەو شتانەی حەج بەتاڵ دەکەنەوە	٤١٢

بابەت	لاپەڕە
ئەو شتانەی لە حەرەمین (مەککەو مەدینە)دا حەرامە بکرێن	٤١٣
قەرەبوو کردنەوەی کوشتنی نێچیر	٤١٦
سزای جیاعکردن لەحەجدا	٤٢٠
خوێنەکانی حەج	٤٢٣
عەمرە	٤٢٤
ئەرکەکانی عەمرە	٤٢٤
کارە پێویستەکانی عەمرە	٤٢٥
کاتی عەمرە کردن	٤٢٦
دروستە پێش بەجێ هێنانی فەرزی حەج عەمرە بکرێ	٤٢٦
دووبارە کردنەوەی عومرە لەیەك سەفەردا	٤٢٦
دیدەنیکردنی شاری مەدینەی مونەوەرە ، ڕێزو قەدری مەدینە	٤٢٩
ڕێزو فەضلی مزگەوتی مەدینەو نوێژکردن تێیدا	٤٢٩
ئادابو ڕێو شوێنی زیارەتی مزگەوتو گۆڕی پیرۆزی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ)	٤٣٠
مزگەوتی قوبا	٤٣٤
بەقیعو ئوحود	٤٣٤
زیارەتگاکانی مەدینە	٤٣٦
دوو هۆشیارکردنەوەی گرنگ	٤٣٦
باسی هاوسەرگیری (کتاب النكاح)	٤٣٧
چ جۆرە ژنێك باشە بیخوازیو هاوسەرگیری لەگەڵدا گرێ بدەی؟	٤٣٩
چ پیاوێك باشە ئافرەت شوی پێ بکا	٤٤٠
تەماشاکردنی ئافرەتێك کە بەنیازی خوازبێنی بکەی	٤٤٢
خوازبێنی	٤٤٣
گرێبەستی مارەبڕین	٤٤٤
پێویستە پێش مارەبڕین ئیزن لە ئافرەت وەربگیرێ	٤٤٥

لاپەڕە	بابەت
٤٤٦	وتاری مارەبڕین
٤٤٧	واباشە پیرۆزبایی بکرێ بەبۆنەی مارەبڕینەوە
٤٤٧	مارەیی
٤٥٠	کەی باشە ئافرەت بگوێزرێتەوە؟
٤٥٦	نان ئامادەکردن بەبۆنەی ژن گواستنەوە واجبە
٤٦٥	پیاوی ئازاد دەتوانێ چەند ژن بخاتە ژێر نیکاحی خۆی؟
٤٦٥	ئەو ئافرەتانەی مارە کردنیان حەرامە
٤٦٧	حەرامی مارەکردنی ئەو ئافرەتانە دوو جۆرن
٤٦٩	شیرخواردنێك کە دەبێتە هۆی حەرام بوونی مارەکردن
٤٧٠	ئەو ئافرەتانەی بەشێوەی کاتی مارەکردنیان حەرامە
٤٧٣	مارەبڕینە گەندەڵەکان (الأنكحة الفاسدة)
٤٧٨	حوکمی مارەبڕینی ئافرەتێك کە پیاوەکە نیازی تەلاقدانی هەبێ
٤٨٠	مافی ژنو مێردایەتی (مافی خێزان بەرامبەر یەکتر)
٤٨١	مافی ژن بەسەر مێردەوە
٤٩٢	مافی پیاو بەسەر خێزانیەوە
٥٠٤	کێشەو چورتمی نێوان ژنو مێرد
٥٠٦	چارەسەری ناچیزەبوونی ئافرەت
٥١١	چارەسەری یاخی بوونی مێرد
٥١٤	کاتێك کێشەی نێوان ژنو مێرد پەرەی سەند چی بکرێ باشە؟
٥١٧	شتێك حەڵاڵ بێ بۆ لەخۆمانی حەرام بکەین؟ بۆ شتێك حەڵاڵە بۆت لەخۆتی حەرام دەکەی؟
٥١٨	سوێندخواردنی مێرد لەخێزانی (الایلاء)
٥٢٠	ظیهار کردنی مێرد لەژنی خۆی
٥٢٤	حوکمی ظیهار
٥٢٥	الطلاق (تەلاق)

بابەت	لاپەڕە
جۆرەكانی تەڵاق	٥٢٦
تەڵاقی سێ بەسێ	٥٣٢
خولعكردن (دەست لێك بەردانی ژنو مێرد لەسەر ماڵ)	٥٣٤
خولعكردن ڕەوایە	٥٣٥
خولعكردن بەبێ بایسو عیلەتی مەعقول ناپەسەندە	٥٣٥
هەڕەشە لەو پیاوانەی ژنەكانیان ناچاردەكەن داوای تەڵاق بكەن	٥٣٦
خولع فەسخ كردنەوەی نیكاحە تەڵاق نیە	٥٣٨
عیدە	٥٤١
جۆرەكانی عیدە	٥٤١
ئەوەی پێویستە ئافرەتی مێرد مردو ئەنجامی بدا	٥٤٣
ئەوەی پێویستە لەسەر ئافرەتی خاوەن عیدە بەهۆی تەڵاقی ڕیجعییەوە	٥٤٤
ئافرەتی تەڵاقدراوی (بائینة) تەڵاق كەوتوو	٥٤٤
(الاستبراء): چاوەڕوانكردنی پاكبوونەوەی منداڵدان	٥٤٥
حەضانە (منداڵ لەخۆگرتنو بەخێوكردنی)	٥٤٦
كتاب النفقات (نامەی بژیوی بەهەموو جۆرەكانیەوە)	٥٤٧
نەفەقەی پیاو بۆ خێزانی	٥٥٠
نەفەقەكێشانی پیاو بۆ ماڵو منداڵی	٥٥٢
نەفەقەكێشانی باوكو دایك	٥٥٤
نەفەقەی خزمو كەسوكاری ئاتاج	٥٥٥
نەفەقەی خزمەتكار	٥٥٨
بژێوی گیانلەبەران	٥٦٠
باسی كڕینو فرۆشتن (كتاب البیوع)	٥٦٢
دەوڵەمەندی چ خراپیەكی تێدانیە بۆ كەسێك لەخودا ترس بێ	٥٦٤
هەڵنان بۆ بەرهەمهێنانو كاسبی كردن بۆ دابینكردنی بژیو	٥٦٤
هەڵنان بۆ ڕاستگۆیی‌و هەڕەشەكردن لە درۆزنی	٥٦٥

بابەت	لاپەڕە
هەڵنان بۆ ئاسانكاریو لێبوردەیی لە مامەڵەو كڕینو فرۆشتندا	٥٦٥
مۆڵەتدانی نەبوو تا سەرخۆی دەكەوێتەوەو تەنگژەی نامێنێ	٥٦٦
نەهیكردن لەغەش	٥٦٦
هەڵنان بۆ زوو دەست بەكاربوون لەپێناو بەدەستهێنانی رزق	٥٦٧
ئەو شوێنانەی نابێ مامەڵەو كڕینو فرشتنیان تێدابكرێ	٥٦٧
ئەو كاتانەی سەوداو مامەڵەیان تێدا دروست نیە	٥٦٨
خودا كڕینو فرۆشتنی حەلاڵ كردووە	٥٦٨
ئەو كڕینو فرۆشتنانەی شەرع نەی ملێ كردون	٥٦٩
نەی كردن لە بەیعی مولامەسەو مونابەزە	٥٧٠
فرۆشتنی بێچووی بێچوێك كە هێشتا لەدایك نەبوە (بیع حبل الحبلة)	٥٧١
بیع الحصاة: فرۆشتن بە بەردوچكە بۆهاویشتن	٥٧٢
فرۆشتنی تۆماوی نێر	٥٧٣
فرۆشتنی كالایەك كەنەتبێ	٥٧٣
فرۆشتنی كالا پێش ئەوەی بكەوێتە ژێر دەستت	٥٧٣
سەودا لەسەر سەودا	٥٧٤
پێش فرۆشی مودەكاری (بیع العینة)	٥٧٥
فرۆشتنی بەقەرز بە نرخی زیاد (فرۆشتنی بەقیسط)	٥٧٦
(بیع المعاومة) فرۆشتنی بەروبوومی درەخت دوو ساڵو زیاتر	٥٧٦
قەرزو كڕینو فرۆشتن بەیەك سەودا (سلف وبیع)	٥٧٧
نەیكردن لە فرۆشتنی (طەعام) هەتا دوجار نەپێورێ	٥٧٨
فرۆشتنی حەیوان بە حەیوان بەقەرز (بیع الحیوان بالحیوان نسیئة)	٥٧٨
فرۆشتنی خورمای تەڕ بە خورمای وشك (بیع الرطب بالتمر)	٥٧٩
فرۆشتنی میوە بە خواردەمەنی بە پێوانە	٥٧٩
بەرەوپیر چوونی كاروانو قەتار كەشت دێنن بۆشار	٥٨٠
فرۆشتنی كالای لادێیی لەلایەن بازرگانی شارەوە (بیع الحاضر للباری)	٥٨٠

لاپەڕە	بابەت
٥٨١	ئەو کاڵایانەی فرۆشتنیان دروست نیە
٥٨٦	(الخیار)؛ مافی ژیوانبوونەوە
٥٨٧	جۆرەکانی خییار
٥٨٩	ریباو سود
٥٨٩	حوکمی ریبا
٥٩٢	جۆرەکانی ریبا
٥٩٢	ئەو شتانەی ریبایان تێدایە
٥٩٧	موزارەعە: زەوی دان بەسەپان بۆ رەدام هێنانی
٥٩٧	موزارەعە مامەڵەیەکی ڕەوایە
٥٩٨	کرێو مەسرەفی رەدامهێنانی زەوی دەکەوێتە سەر کێ؟
٥٩٩	ئەوەی لە موزارەعەدا دروست نیە
٦٠٠	ئاودێری باخو درەخت بەکرێ (المساقات)
٦٠١	زیندوکردنەوەی زەوی بەیارو بێکەس (زەوی مردوو)
٦٠٢	بەکرێ گرتن (الإجارة)
٦٠٣	هەرشتێك مومکین بێ سوودی لێ ببیندرێو مادەکەی بمێنێتەوە دروستە بدرێ بەکرێ بەمەرجێ بەربەستی شەرعی نەبێ
٦٠٣	بەکرێگرتنو جۆری کارەکە
٦٠٤	کرێی کرێکاران
٦٠٤	تاوانی ئەوانەی کرێی کرێکار نادەن
٦٠٥	ئەوشتانەی دروست نیە کرێیان لەسەر وەربگیرێ
٦٠٦	کرێی خوێندنی قورئان
٦٠٨	کاسبی کردنو پارە بەگەڕخستن بە هاوبەشی (ألشركة)
٦٠٨	شەراکەتی شەرعیو پەسەند
٦٠٩	بازرگانیکردن بەپارەی یەکێکی ترەوە (ألمضاربة)
٦١١	ئەوکەسەی بازرگانی دەکاو پارەی سەرمایەدارەکە وەگەڕ دەخا ئەمینە

لاپەڕە	بابەت
٦١٢	(السلم)
٦١٣	سەلەم کردن لەگەڵ کەسێك کە خاوەنی کاڵا سەلەم پێکراوە کەنەبێ مەرج نیە لە سەلەمدا کابرای پارەوەرگر خاوەنداری کاڵاکە بێ
٦١٤	(ألقرض) قەرز
٦١٥	قەرزداریو زێدەڕۆیی تێیدا
٦١٦	کەسێك ماڵی خەڵك وەربگرێ بیەوێ بیداتەوە یان بیفەوتێنێ
٦١٧	فەرمانکردن بەدانەوەی قەرز
٦١٧	قەرزدانەوەی پەسەندو باش (حسن القضاء)
٦١٩	جوان داواکردنەوەی قەرز
٦١٩	مۆڵەتدانی قەرزداری نەبوو
٦٢٠	دواخستنی قەرزدانەوە لەکاتی خۆی بۆ کەسێك دەوڵەمەند بێ ستەمە
٦٢٠	دروستە دەوڵەمەندی قەرزدار بخرێتە بەندەوە ئەگەر بە ئەنقەست قەرزی نەدایەوە
٦٢١	هەر قەرزێك سودو قازانج بێنێ دەبێتە ریبا
٦٢١	رەهن کردن (بارمتەدان)
٦٢٢	سود وەرگرتن لەبارمتە لەلایەن خاوەن قەرزەوە
٦٢٣	حەواڵە (الحوالة)
٦٢٣	سپاردەو ماڵی ئەمانەت (الوديعة)
٦٢٥	ماڵی خوازراو (العارية)
٦٢٦	ماڵی دۆزراوە (اللقطة)
٦٢٨	دۆزینەوەی مەڕو بزنو حوشتری گومبوو
٦٢٩	حوکمی خواردنەمەنی دۆزراوە یان شتی کەمنرخی دۆزراوە
٦٢٩	دۆزراوەی ناوبەستی مەککە (لقطه الحرم)
٦٣٠	زارۆکی فڕێدراو (منداڵی هەڵگیراوە)
٦٣١	میراتی مرۆڤی دۆزراوەو هەڵگیراوە

بابەت	لاپەڕە
بەخشینو دیاری (الهبة)	٦٣٢
دیاری ئەگەر کەمیش بێ واچاکە وەربگیرێو قبوڵ بێ	٦٣٣
ئەو دیاریو بەخششانەی نابێ وەرنەگیرێن	٦٣٣
حەرامە باوك لە بەخششیندا تەفضیلی هەندێ منداڵی بدا بەسەر ئەوانی تردا	٦٣٥
بۆ کەس رەوانیە کە لەبەخشینی خۆی ژێوان بێتەوە یان بیکڕێتەوە	٦٣٦
بەخشینی شت بەکەسێك تا لەژیاندا بێ (العمری والرقبی)	٦٣٩
وەقف	٦٤٠
ئەوشتانەی وەقف دەکرێنو ئەوانەی وەقفیان لەسەر دەکرێ	٦٤٢
داگیرکردنی مڵكو ماڵ (الغصب)	٦٤٣
سود وەرگرتن لەماڵی دەست بەسەراگیراو	٦٤٤
کەسێك لەپێناو پارێزگاری کردن لەماڵو سامانی خۆی بکوژرێ شەهیدە	٦٤٥
داگیرکردنی زەویو زار	٦٤٦
شوفعە	٦٤٧
شوفعە لەچیدا ئەنجام دەدرێ؟	٦٤٧
بریکاریی (الوکالة)	٦٤٩
کتاب الإیمان والنذور نامەی سوێندو نادەکانو فۆتۆکان	٦٥١
سوێند بەغەیری خودا شیركو کوفرە	٦٥٢
کەسێك سوێند بخوا بە ئاینێك غەیری ئاینی ئیسلام بەم جۆرە بڵێ جولەکەبم ئەوشتە وایە یان وانیە	٦٥٣
کەسێك سوێندی بەخودا بۆ خورا دەبێ بڕوای پێ بکاو رازی بێ	٦٥٤
سوێند دەبێتە سێ جۆر	٦٥٥
سوێندی بەفتارەدەرو ماڵوێرانکەر (یەمینی غەمموس)	٦٥٦
سوێندی دابەستراوو حوکمەکەی	٦٥٨

لاپەڕە	بابەت
٦٥٨	دامەزران‌و چۆنیەتی نوێژ بەگوێرەی نیازو نیەتە
٦٦٢	کەفارەتی سوێند
٦٦٤	سوێند خواردن لەسەر شتی حەرام
٦٦٥	فۆتوو (نەذر)
٦٦٦	نەزرو فۆتۆکەی رەوایەو کەی نادروستە؟
٦٦٩	باسی خۆراکەکان (کتاب الأطعمة)
٦٧١	ئەو خواردنانەی حەرامن
٦٧٣	حەرامکردنی گۆشتی کەرەکێوی
٦٧٤	خواردنی گۆشتی هەر دڕندەیەکی کەڵبەدارو هەر باڵندەیەکی چنگ‌و نینۆك تیژ حەرامە
٦٧٤	کەی ئاژەڵی پیسخۆر گۆشت‌و شیری حەڵاڵ دەبێ
٦٧٥	هەر خواردنێك حەرام بێ لەکاتی ناچاریدا حەڵاڵ دەبێ
٦٧٦	سەربڕینی شەرعی (الذکاة الشرعیة)
٦٧٧	هەر ئاژەڵێك موسوڵمان یان ئەهلی کیتاب (جولەکەو مەسیحی) سەری بڕن خواردنی حەڵاڵە
٦٧٧	دروستە سەربڕینی ئاژەڵ بەهەموو ئامێرێکی بڕینەوەو تیژ جگە لەنینۆك‌و ددان
٦٧٨	چۆنیەتی سەربڕین
٦٨٠	سەربڕینی بێچوی ئاژەڵ
٦٨١	ڕاوکردنی ئاژەڵی کێوی (الصید)
٦٨٤	راوکردن بەسەگی رانەهێندراو
٦٨٥	نێچیری پێکراو کە بکەوێتە ناو ئاوەوە
٦٨٥	نێچیری پێکراو ئەگەر دوو ڕۆژ یان سێ ڕۆژ نەدۆزرایەوە پاشان دۆزرایەوە
٦٨٦	قوربانی (الأضحیة)
٦٨٨	چی بەکەڵکی قوربانی کردن دێ؟

بابەت	لاپەڕە
حوشترو ڕەشەوڵاخ بەکەڵکی حەوت کەس دێن	٦٨٨
مەڕو بزن بۆ قوربانی خۆی دەبیو بۆ خاوو خێزانیشی	٦٨٩
ئەو ئاژەڵانەی بەکەڵکی قوربانی کردن نایەن	٦٨٩
حەوتم (االعقيقة)	٦٩٣
دابو نەریتی نان خواردنو ئاو خواردنەوە	٦٩٥
ئادابو ڕێو شوێنی پێش نانخواردن ئەمانەن	٦٩٥
دابو نەریتی کاتی نانخواردنیش ئەمانەن	٦٩٨
دابو نەریتی دوای خواردنیش ئەمانەن	٧٠٤
نامەی شلەمەنییەکانی دەخورێنەوە (كتاب الأشربة)	٧٠٧
ئادابو ڕێوڕەسمی شت خواردنەوە	٧١٠
باسی وەسیەتکردن	٧١٧
حوکمی وەسیەت	٧١٧
ئەندازەی ئەوماڵو سامانەی سوننەتە وەسیەتی تێدا بکرێ	٧١٨
میراتگر وەصییەتی بۆ ناکرێ	٧١٩
ئەوەی لەپێشەکی وەصیەتنامەدا دەنووسرێ	٧٢٠
کەی وەسییەت دەبێتە مافو جێگیر دەبێ	٧٢١
باسی میرات (كتاب الفرائض)	٧٢٣
پێویستە موسوڵمانان وریابن لە میرات بەشکردنداو سنوورەکانی نەبەزێنن	٧٢٣
ئەوەی بەمیرات لەماڵی مردوو دەدرێ بەمیراتگران	٧٢٣
هۆکاری میراتگرتن سێ شتن	٧٢٤
ئەو شتانەی دەبنە هۆی میرات نەگرتن	٧٢٤
ئەو پیاوانەی میرات دەگرن دە جۆرن	٧٢٥
ئەو ئافرەتانەی بەشە میراتیان هەیە حەوت جۆرن	٧٢٦
ئەوانەی مافی ئەوەیان هەیە میرات بگرن سێ جۆرن	٧٢٦

بابەت	لاپەڕە
چواریەك بەشە میراتی دوو كەسە	٧٢٧
پلیان: دووبەش لەسێ بەش بەشە میراتی چواركەسە	٧٢٨
سێیەك بەشە میراتی دوو كەسە	٧٢٨
شەشیەك بەشە میراتی حەوت كەسە	٧٢٨
العصبة (میراتگری بەش دیاری نەكراو)	٧٣٠
عەصەبەی نەسەبی سێ جۆرن	٧٣١
حەجبو بێبەشكردن	٧٣٢
جۆرەكانی حەجب	٧٣٢
حەجبی حیرمان لەسەر دووبنەما دادەمەزرێ	٧٣٣
كیتابی حودود (نامەی سنوورەكان)	٧٣٤
سزاو تۆڵەی تاوانەكان دەبێ جێبەجێ بكرێن	٧٣٤
تكاكردن بۆ تاوانبار ناپەسەندە كاتێك فەرمانڕەوای لێ ئاگادار كرا	٧٣٦
واباشە ئەگەر موسوڵمانێك تاوانێكی كرد پەردەپۆش بكرێو نەبرێتە لای فەرمانڕەوا	٧٣٧
جێبەجێكردنی حدود لەسەر تاوانبار دەبێتە كەفارەتی تاوانەكەی	٧٣٨
كێ سزاو تۆڵەی تاوانەكان جێبەجێ دەكا	٧٣٩
حەدی زینا	٧٣٩
حەددو تۆڵەی كۆیلە	٧٤٣
كەسێك بەزۆر زینایان پێ كرد حەدی لەسەر نیە	٧٤٣
تۆڵەی زیناكەر كە موحصەن نەبێ	٧٤٤
بە چ بەڵگەیەك سزاو حەدی زینا دەچەسپێ؟	٧٤٥
حوكمی كەسێك دان بەوەدا بنێ كە زینای لەگەڵ فلان ئافرەت كردووە	٧٤٧
چەسپاندنی زینا بەهۆی شایەت	٧٤٩
حوكمی كەسێك زینا لەگەڵ مەحرەمی خۆی بكا	٧٥٠
حوكمی كەسێك بچێتەلای ئاژەڵو شتی وا	٧٥١

بابەت	لاپەڕە
سزای نێربازی	٧٥١
سزای بوختان	٧٥١
نەفرین کردنی ژنو مێرد لەیەکتری (اللعان)	٧٥٢
ئەو حوکمو ئاکامانەی بەهۆی لیعان دێنەدی	٧٥٤
تۆڵەو حەددی دزیکردن	٧٥٦
زانیارییەکی بەسود	٧٦٠
حەددی خۆ سەرخۆشکردن	٧٦٠
چ شتێك پێی دەگوترێ خەمر؟	٧٦٢
جوداوازی نیە لەنێوان کەمیو زۆری خەمر	٧٦٤
حەددو سزای شەرابخۆر	٧٦٤
حەدد بەدوو شت دەچەسپێ	٧٦٥
دروست نیە دوعای شەڕ لە شەرابخۆر بکرێ	٧٦٥
سزای یاخی بوونو چەتەییو ڕێگری (حد الحرابة وقطع الطريق)	٧٦٦
تۆبەکردنو پەشیمانبوونەوەی یاخی بووان پێش ئەوەی بکەونە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوای موسوڵمانانەوە	٧٦٨
حەددی پاشگەزبوونەوە لەئیسلام	٧٦٩
هەڕەشە لەوەی لە ئیمانو باوەڕ پاشگەز ببنەوە	٧٦٩
ردة: پاشگەزبوونەوە	٧٧٠
هەندێك نموونەی وا کە بەکوفر حسێب بکرێن	٧٧١
حوکمی هەڵگەڕاوە لە ئایین	٧٧٦
تۆبەکردنی پاشگەزبووە لە ئیسلام	٧٧٧
ئاڕاستەکردنی تۆمەتی کوفر بەسەر کەسێکی دیاریکراودا	٧٧٩
شەڕکردن لەگەڵ یاخیبوان	٧٨٣
واجبە موسوڵمانان ملکەچی فەرمانڕەوای خۆیان بنو بەگوێرەی شەریعەتی خودا هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن	٧٨٥

لاپەڕە	بابەت
٧٨٩	کام فەرمانڕەواو ئیمامە پێویستە گوێڕایەڵی بکرێ؟
٧٩٠	پابەندبوون بە بەیعەتی فەرمانڕەوایانی موسوڵمان واجبەو دەبێ وەفای پێ بکرێ، تا فەرمانڕەوای پێشوو هەبێ دروست نیە بەیعەت بکرێ بەیەکێکی تر
٧٩٢	حەرامە لەژێر رکێفی فەرمانڕەوا بچیەدەرو شەڕکردن و کوشتنی خەواریج و یاخی بووان واجبە
٧٩٤	كتاب الجنايات (باسی تاوانەکان)
٧٩٤	موسوڵمان رێزی هەیەو نابێ دەستدرێژی بکرێتە سەر
٧٩٧	حەرامە مرۆڤ خۆی بکوژێ
٨٠٠	ئەوەی رێگەی کوشتن دەداو وای لێ دەکا رەوابێ
٨٠١	جۆرەکانی کوشتن
٨٠٤	مەرجەکانی تۆڵەستاندنەوەو کوشتنەوەی بکوژ
٨٠٥	کۆمەڵێك بکوژ لە تۆڵەی یەك کوژراودا دەکوژرێنەوە
٨٠٥	قیصاص و تۆڵە ستاندنەوە لەبکوژ بەیەکێك لەدووشت دەچەسپێ
٨٠٦	مەرجی جێبەجێکردنی قیصاص و تۆڵە لەبکوژ
٨٠٩	بکوژ چۆن و بەچی دەکوژرێتەوە؟
٨٠٩	تۆڵەستاندنەوە مافی دادوەرو حاکمە
٨١٠	تۆڵەو قیصاص لەشتێك کە نەگاتە کوشتن و گیان دەرچوون
٨١٢	دەبێ بۆ تۆڵەستاندنەوەی جگە لەکوشتن ئەم مەرجانە بێنەدی
٨١٢	قیصاص لە ئەندامەکانی جەستەدا
٨١٣	تۆڵەستاندنەوە لەجیاتی بریندارکردنی بە ئەنقەست
٨١٣	خوێن
٨١٥	ئەوکوشتنەی خوێندانی تێدا واجبە
٨١٦	جۆرەکانی خوێن
٨١٧	خوێنی کوشتنی بە ئەنقەست لەماڵی بکوژ دەدرێ

بابەت	لاپەڕە
خوێنی ئەندامەکانی جەستە	٨١٧
خوێنی لەدەستدانی چالاکییەکانی ئەندامانی جەستە	٨١٩
خوێنی برینی سەرشکان‌و روخسار بریندار بوون	٨٢١
خوێنی (الجائضة)	٨٢٢
خوێنی ئافرەت	٨٢٢
خوێنی جولەکەو فەلە (خاوەن نامەکان)	٨٢٢
خوێنی زارۆك لە مندالّدانی دایکدا	٨٢٣
باسی قەزاوەت‌و دادوەریی	٨٢٤
نابێ کەس بۆ خۆی داوای ئەوە بکا بیکەنە دادوەرو فەرمانڕەوا	٨٢٦
کەی پێویست دەبێ پیاو ئەرکی دادوەری بخاتە ئەستۆی خۆی؟	٨٢٦
نابێ ئافرەت بکرێ بەدادوەرو قازی	٨٢٨
ئاداب‌و رێوڕەسمی قازی	٨٢٨
نابێ دادوەرو قازی بەرتیل‌و دیاریی وەربگرن	٨٢٩
حەرامە قازی لەکاتی رق هەڵسانیدا بڕیار دەربکا	٨٢٩
بڕیاردانی دادوەرو قازی حەق ناگۆڕێ‌و شت حەڵاڵ‌و حەرام ناکا	٨٣٠
داواو شایەت	٨٣٠
تاوانی ئەوەی داوای شتێك بکەی کەهی تۆ نیە	٨٣١
تاوانی ئەو کەسەی سوێندی بەناحەق دەخوا بۆئەوەی مافی یەکێکی تر بۆخۆی بپچڕێ	٨٣٢
رێبازەکانی چەسپاندنی داوا	٨٣٣
کێ شایەتی وەردەگرێ؟	٨٣٥
نیصاب‌و ژمارە شایەت	٨٣٦
چەسپاندنی روداو بەرێگەی سوێند	٨٣٨
کتاب الجهاد (باسی جیهاد)	٨٣٩
تەرغیب‌و هەڵنان بۆ جیهاد	٨٤٠

لاپەڕە	بابەت
٨٤٢	گەورەیی شەهادەت
٨٤٥	هەڕەشە لەوانەی واز لەجیهاد دێنن
٨٤٧	حوکمی جیهاد
٨٤٩	یاساو ڕێسای شەڕ لەدژی کافران
٨٥٢	غەزاکردن‌و جیهاد لەسەر کێ پێویستە؟
٨٥٤	چ کاتێ جیهاد دەبێتە فەرزی عەین‌و لەسەر هەموو کەس پێویست دەبێ
٨٥٥	دیلی جەنگ
٨٥٦	غەنیمەت‌و دەسکەوتەکانی جەنگ
٨٥٨	چۆنیەتی دابەشکردنی پێنج یەکی دەستکەوت
٨٥٩	مفتە ماڵ (ألفیئ)
٨٥٩	گرێبەست‌و عەقدی نیمە
٨٦٠	ئەوەی لە ئاکامی عەقدی نیمە دێتە کایەوە
٨٦٠	ئەو یاساو ڕێسایانەی بەسەر ئەهلی نیمەدا جێبەجێ دەکرێ
٨٦١	کەی گرێ بەستی نیمی هەڵدەوەشێتەوە؟
٨٦٢	سەرانە لەکێ وەردەگیرێ؟